# پەرستگای بێدەنگی

## فەلسەفەی بوزایی ـ بوزا و بوزیزم ـ پێشگۆییەکان

برد- تی- ئیسپالهرینگ

# پەرستگای بێدەنگی

## فەلسەفەی بوزایی- بوزا و بوزیزم- پێشگۆییەکان

نووسینی

برد. تی. ئیسپالدینگ

و. لە فارسییەوە

بیلال باسام

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠٠٨

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **پەرستگای بێدەنگی**

- نووسین: برد. تی. ئیسپالدینگ
- وەرگێڕانی: بیلال باسام
- نەخشەسازی ناوەوە: طــه حسین
- پیتچنین: کاوە حسین
- بەرگ: مراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (٢٦٧٢)
- نرخ: (٦٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٣٦)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


له بری پێشەکی ........................................ ١
پێشەکیی وەرگێڕی فەڕەنسی ........................................ ٣
**پاری یەکەم**
بەشی یەکەم ........................................ ١٣
بەشی دووەم ........................................ ٢١
بەشی سێیەم ........................................ ٢٧
بەشی چوارەم ........................................ ٣٥
بەشی پێنجەم ........................................ ٤١
بەشی شەشەم ........................................ ٤٧
بەشی حەوتەم ........................................ ٥٧
بەشی هەشتەم ........................................ ٦٩
بەشی نۆهەم ........................................ ٧٥
بەشی دەیەم ........................................ ٧٩
بەشی یانزدەهەم ........................................ ٩١
بەشی دوازدەهەم ........................................ ٩٥
بەشی سیانزەهەم ........................................ ١٠١
بەشی چواردەهەم ........................................ ١٠٧
بەشی پانزەهەم ........................................ ١١١

بەشی شانزەهەم ........................................ ١١٧
بەشی حەڤدەهەم ........................................ ١٢١
بەشی هەژدەهەم ........................................ ١٢٩
بەشی نۆزدەهەم ........................................ ١٣٣
بەشی بیستەم ........................................ ١٣٧
بەشی بیست و یەکەم ........................................ ١٤٣
بەشی بیست و دووەم ........................................ ١٦٣
بەشی بیست و سێهەم ........................................ ١٧٥
بەشی بیست و چوارەم ........................................ ١٧٩

## پاری دووەم

بەشی یەکەم ........................................ ١٩١
بەشی دووەم ........................................ ٢٠٩
بەشی سێیەم ........................................ ٢٢٣
بەشی چوارەم ........................................ ٢٣١
بەشی پێنجەم ........................................ ٢٤٣
بەشی شەشەم ........................................ ٢٤٩
بەشی حەوتەم ........................................ ٢٥٩
بەشی هەشتەم ........................................ ٢٦٥
بەشی نۆهەم ........................................ ٢٨١
بەشی دەیەم ........................................ ٢٩٣
بەشی یانزدەهەم ........................................ ٣٠٥
بەشی دوازدەهەم ........................................ ٣١٣
بەشی سیانزەهەم ........................................ ٣٣٣

بەشی چواردەهەم ........................................ ٣٣٧
بەشی پانزەهەم ........................................ ٣٤٩
## پاری سێیەم
بەشی یەکەم ........................................ ٣٦٥
بەشی دووەم ........................................ ٣٧٧
بەشی سێیەم ........................................ ٣٨٧
بەشی چوارەم ........................................ ٣٩٥
بەشی پێنجەم ........................................ ٤٠٣
بەشی شەشەم ........................................ ٤١١
بەشی حەوتەم ........................................ ٤٢١
بەشی هەشتەم ........................................ ٤٣٧
بەشی نۆهەم ........................................ ٤٤٧
بەشی دەیەم ........................................ ٤٥٧
بەشی یانزدەهەم ........................................ ٤٦٩
بەشی دوازدەهەم ........................................ ٤٨١
بەشی سیانزەهەم ........................................ ٤٩١
بەشی چواردەهەم ........................................ ٤٩٩
بەشی پانزەهەم ........................................ ٥٠٩
بەشی شانزەهەم ........................................ ٥٢١
بەشی حەڤدەهەم ........................................ ٥٣١
بەشی هەژدەهەم ........................................ ٥٤٧

# لە بری پێشەکی

**بە ناوی مەعشوقی ئەزەلی**

ئەم کتێبە دەرژێتە خانەی پلۆرالیزمی ئایینییەوە و هەوڵێکە بۆ ناساندنی بیر و باوەڕ و ئایدیای نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی دوور و ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە کۆمەڵێك ئەندێشەی سەیر و سەرنج ڕاکێش و قسەکردن لەمەڕ کەراماتی مامۆستا مەزنەکانی خۆرهەڵاتی دوور بەدەر لە هەر بانگەشەیەك بۆ بیر و باوەڕێکی تایبەت.

مرۆڤەکانی سەرتاسەری جیهان، هەرکەسەو بەجۆرێك خواوەندی جیهان دەپەرستێت، گرووپێك بە نەوای ئۆرگ لە کلێسا بەرزو سەرکەشەکاندا و گرووپێك لە پەرستگا ڕازاوەکاندا کە بەبۆنی بخورد و عود و عەبیر و جۆرەها جوانکاری ڕازێنراونەتەوە، گرووپێك لە خەڵوەتگە و گرووپێکیش لە مزگەوتە شکۆدار و دڵڕفێنەکاندا کە گوزارشت لە کۆتا و کامڵترین ئایین دەکەن، گرووپێك بە گۆشەگیری، گرووپێك بە تەبلیغ و بانگەشەکردنی ئایین و سەفەر بۆ وڵاتە دوورەکان، گرووپێکیش بە هەڵبژاردنی ڕێکاری سەخت و دەربردن لەژێر باری دژواری و ناڕەحەتییەکاندا، دواجار گرووپێك بە چڕینی جۆرەها ئاواز و گۆرانی، مژوڵی سەنا و ستایشی خودان.

دەکرێت خودا لە فۆرم و ماهیەت و ئاوەڵناوەکاندا بۆ هەر گەل و نەتەوەیەك، بەجۆرێك لە جۆرەکان جیاوازبێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت ئێمەی مرۆڤەکان، ئومێدەوارین بتوانین هێندە خەسڵەت و ئەدگارە باش و پەسەندەکان لە خۆماندا پەرەپێبدەین تاوەکو بتوانین هاودەم و هاونشینی خواوەندی جیهان بین و زووتر بگەینە ئیشراق و نوری ئیلاهی، مەبەست لەم وەرگێڕانە قسەکردنە لەمەڕ حزور و ئامادەگی کۆمەڵێك مرۆڤی ((میتافیزیکی)) لەناو جەرگەی خاکی هیندستان و تبت و بۆتان و تەنانەت دەروازەکانی چین و لەڕێی کەرامەتەکانی خۆیانەوە ژیان و گوزەرانی زۆرێك لە خەڵکی ئەو ناوچانەیان سانا و هەموار کردووە و هیچ

هەوڵ و تەقەلایەکیشیان بۆ خۆناساندن و خۆدەرخستن نەداوە، ئیدی چ پەند و وانەیەکی خاکی بوون لەمە باشتر؟

لەم کتێبەدا لەبارەی کۆمەڵێك مامۆستاوە قسە دەکرێت کە پەیامەکەیان لە دوو شتدا کورتکراوەتەوە ((خۆت بناسە، ئەو دەمە هاونشینی خودا بە)).

زۆرێك لە بەشەکانی ئەم کتێبە بەجۆرێك نووسراوە کە بە ئەستەم بۆ ئەو کەسانە دەرك دەکرێت کە تا هەنووکە ئاشنایەتییان نەبووە لەگەڵ عیرفان و رۆحانیەتدا ئیدی چ عیرفانی ئیسلامی یا ئەوروپی بێت، شیمانەی ئەوە هەیە کە خوێنەر لە هەندێك لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا، چەندین لاپەڕە بخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی لە مەبەستی سەرەکی نووسەر بگات، لەڕاستیدا نابێت ئەم مەسەلەیە جێگای نیگەرانی بێت، چونکە بە بۆچوونی من لە هەر شوێنێکدا دڵ و گیانی ئێوە لەم نووسینانە چێژی وەرگرت، هەر ئەم رێژەیە بەسە کە هەست بە خۆشنودی بکەن. خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەمەیە کە کتێبخانەی کوردی تا ئەندازەیەك نامۆیە بەم جۆرە کتێبانە و کەمتر ئاوڕ لەبیروباوەڕ و ئایینەکانی تر دراوەتەوە هەر بۆیە دەکرێت بە گومان و دڕدۆنگییەوە بڕواننە سەرگوزەشتەی ئەم سەفەر نامەیە و بەزادەی خەیاڵی نووسەری بزانن بەڵام بە دڵنیاییەوە لە میانەی موتالاکردنی ئەم کتێبەدا بە دەیان جار رۆحی مرۆڤ تەژی دەبێت لە فەیض و ئیلهام وەرگرتن لە چاوانەی رۆح و نوری ئیلاهی و ئەوینی خودا و بەرەو کەماڵی رۆحی خودایی عروج دەکات. لە کۆتایی دا گوتەی مرۆڤێکی مەزنی خاکی هیندستان دەهێنینەوە "گاندی" نەمر کە دەڵێت ((ئایینەکانی جیهان وەك رێگاوبانە جیاوازەکانن کە هەموویان بە یەك شوێنی مەبەست کۆتاییان دێت، چ ئیشکالێکی هەیە گەر هەر کام لە ئێمە، لە رێگایەکی جیاوازەوە بڕوات؟ گرنگ ئەمەیە بگەینە شوێنی مەبەست و هاوبەش، ژیان بەبێ ئایین، ژیانێکی بێ پایە و بناغەیە، ژیانی بێ بنچینە و بناغەش، وەك بەلەمێکی بێ سەوڵ وایە)).

# پێشەکیی وەرگێڕی فەڕەنسی

**بۆ هەشتەمین چاپی ئەم کتێبە لە فەڕەنسا**

لە ساڵی ١٩٢٨، کاتێك بەڕێز پۆل دوپویی[1] بەڕێوەبەری رۆژنامەی (لوپیتی پاریسیەن)[2] بوو، نوسخەیەکی لە زمانی ئەسڵی کتێبی (ژیانی مامۆستاکان)ی بەدیاری پێدام، ئەم کتێبە بە جۆرێك منی شەیدای خۆی کرد کە بە درێژایی سێ رۆژ کە خوێندنەوەی بەرایی ئەم کتێبە کۆتایی پێهات من ئارام و ئۆقرەم لێ بڕابوو، خەو و خۆراسم نەبوو، پاش ئەوە بڕیارم دا نامەیەك بۆ نووسەری کتێبەکە بنووسم، نامەکەم بە ئادرەسی بڵاوکەرەوەی کتێبەکە رەوانە کرد بەڵام هەرگیز هیچ وەڵامێکم پێنەگەیشت و وێڕای هەوڵ و تەقەڵای دۆستە ئەمەریکاییەکانم لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژدا، هەرگیز نەمتوانی پەیوەندییەکی لەگەڵدا بەرقەرار بکەم.

من لە ساڵی ١٩٣٧دا ئەم کتێبەم وەرگێڕا و نزیکەی دوانزدە نوسخەی تایپ کراوم لە نێوان دۆست و هاورێکانمدا بڵاوکردەوە، مـن بـەم کـارە، بەباشـی دەمزانـی کـە سـەرنجی خوێنـەرە فەڕەنسییەکان رادەکێشم و ئەوانیش پێشـوازییەکی گـەرمی لێدەکـەن، لـەوێوە کـە دەمزانـی فەڕەنسییەکان زۆر پێویستیان بە خوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبە هەیە، بڕیارمـدا لـە ١٩٤٦ دا ئەم کتێبە بەشێوەیەکی فەرمی لە چاپ بدەم و بڵاویکەمەوە، هەرچەند ئەم کارەم بەبێ مۆڵەتی نووسەری کتێبەکە ((ئیسپالدینگ)) ئەنجامدا، بەخۆم دەگوت کە تەنها مەترسییەك لە ئـارادا بێت ئەمەیە کە ناچاردەبم مافی نووسینەکەی بۆ بگێڕمەوە کارێك کە ئامادەبووم بەدڵ و گیـان ئەنجامی بدەم.

دوای ساڵێك، لە ساڵی ١٩٤٧ پاش نۆزدە ساڵ دان بـەخۆداگرتن و حەوسـەڵە، رۆژێـك لـە ژووری کارکردنەکەمدا لە شاری پاریس بەتەنها دانیشتبووم کە لەناکاو دەنگێـك لـە عالـەمی

---

(١) Paul Oupuy.

(٢) Lepetit Parisien.

غەیبەوە پێی ڕاگەیاندم ئەگەر بەبێ کات بە فیڕۆدان بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەومەڕێ، دەتوانم چاوم بە ئیسپالدینگ بکەوێت و ئەگەر ئەم سەفەرەم نەکردایە، ئەگەری چاوپێکەوتنی ئەم پیاوە گەورەم بۆ هەمیشە لەدەست دەدا و تا کۆتایی ژیانم، چیتر دەرفەتێکی لەم چەشنەم بۆ هەڵنەدەکەوت ئەم دەنگە، سێ ڕۆژی پەیاپەی، لە سەعاتێکی دیاریکراودا ئەم پەیامەی دووبارە دەکردەوە ئەم کارەشی بە متمانە و ئیرادەیەکی بەهێزەوە ئەنجامدا کە سەرەنجام قایل بووم بەوەی ئەم دەنگە بەڕاستی لە عالەمی غەیب و هێزێکی بان مرۆییەوە دێت، لەو کاتەدا بوو کە گەورەترین دەستپێشخەریم لە ژیانمدا ئەنجامدا بە بڕوایەکی قوڵەوە، بە یەکەم فڕۆکە کە لەبەردەست دابوو، بەڕێکەوتم.

بڕیارنەبوو بە نائومێدی لەم سەفەرە بگەڕێمەوە، کۆمەڵێك پێشهات و رووداوی ((سەیر)) و بە فەڕ هاتنەڕێم و بوونە مایەی ئەوەی کە من لە شاری نیۆیۆرك چاوم بە ئیسپالدینگ بکەوێت و بە دۆستە بێ باوەڕەکانمی بناسێنم و یەك هەفتەی زۆر خۆش و دڵگیر لەگەڵ ئەودا بگوزەرێنم، ئەو وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی کتێبەکەی کە من ئەنجامم دابوو، پەسەند کرد و تەنها یەك مەرجی تەوزیمی بۆ مۆڵەتی چاپکردنی دانا، ئەو تکای کرد بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەربارەی ئەم کتێبە نامەیان نوسیووە یا دەنووسن، بە نووسراو وەڵامیان بدەمەوە و لەگەڵ هەر کەسێکدا کە بەڕاستی ئارەزوومەندی بابەتەکانی ئەم کتێبەیە دیدار بکەم و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان و وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکانیان بدەمەوە.

لەو ساتە بەدواوە، ئەم کتێبە چوارجار چاپ کراوەتەوە نامەگەلێکی زۆرم بۆ هاتووە، یەکێك لەو پرسیارانەی کە زۆرجار لەلایەن هۆگرانی ئەم کتێبەوە دەکرا، ئەمە بوو ((ئایا ئەم کتێبە خەیاڵییە یاخود گێڕانەوەی سەفەر نامەیەکی راستەقینە و واقیعییە؟)) ئیسپالدینگ هەمیشە راشکاوانە بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی دەدایەوە: ((دەبێت هەر کەسێك کە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە، ئەو بڕە شتەی لێوەربگرێت کە بۆ ئەو پێویست و بە کەڵکە و تا ئەو جێیە بڕوای پێبهێنێت کە لەگەڵ ئاستی کامڵ بوون و ئاگایی ناخی خۆیدا تەبا و گونجاوە)).

لەو ڕووەوە کە پیشەی من ئەندازیارییە و خوم گرتووە بە پشکنینی (واقیعیەتی) رووداو ئەو دراوانەی خراونەتەڕوو (بەتایبەت سەبارەت بە بیروبۆچوونە نوێیەکان) بڕیارمدا ئەم بابەتە بە قوڵی بخەمە ژێر لێکۆڵینەوە، ئەم کارە لە سێ ڕێگاوە دەکرا و لە توانادا بوو، بەدەست هێنانی بەڵگەیەکی ماددی و واقیعی، بەدەست هێنانی بەڵگەیەك لەلایەن شایەد حاڵەکانەوە و دواجار بەدەست هێنانی بەڵگەیەك لەلایەن زەین و ئەندێشەوە.

من لە پێشەکی چوارەمین نویٚ کردنەوەی چاپی ئەم کتێبەدا، دەربارەی بایەخی سەرەکی بەڵگەیەك لە زەین و جیهانی ئەندێشەوە دواوم، تا ئەو جێیەی بە منەوە پەیوەستە، دەبێت بڵێم وەلاّمێك کە لەم لێکۆڵینەوانە بە دەستم هێنا ئەم واقیعیەتە دەسەڵمێنێت کە هەرسیٚ ڕێگا مومکینەکە بۆ سەلماندنی واقیعیەتی قسەکانی ئەم کتێبە، بە قازانجی ڕاستی و ڕاستگۆیی حەکایەتخوانی ئەم چیرۆکە گەواهی دەدەن.

وێڕای ئەمە، وردە وردە، گومان و دڕدۆنگی رووی لە زەینی منیش کرد، بە تێکڕا هیچ جۆرە بەڵگەیەکی بەرجەستەم لەبەر دەستدا نەبوو، هیچ شتێك جگە لە بوونی تۆڕێك لەو کەسانەی کە یەکێکیان منی بەرەو ئیسپالدینگی چنگ نەکەوتوو ئاڕاستە و ڕێنوێنی کردبوو، بەلاّم دەربارەی بەڵگەیەك کە لەلایەن شایەت حاڵەکانەوە بێت، چاوم بە هیچ کەسێك نەکەوتبوو چونکە ئیسپالدینگ جەختی دەکردەوە ڕێبگرێت لە بەڕەسمی پەسەندکردنی ڕاستی و دروستی قسەکانی لەم کتێبەدا.

ئەو بەمنی گوتبوو کە ئەگەر بەرەو هیندستان بەڕیٚ بکەوم، شوێن پێی پەڕینەوەی ئەو بۆ لای ((مامۆستا))یەك کە لە شاخەکانی نزیك بەندەری کوکانادا[1] لە کەنداوی بەنگاڵ نیشتەجێیە دەدۆزمەوە.

((ژیانی مامۆستایان)) بایەخێکی وای لە زەینی مندا پەیداکردبوو کە بڕیارمدا بڕۆم بۆ شوێنی ڕووداوی بەسەرهاتەکانی ناو کتێبەکە، لە نزیکەوە قسەکانی ئیسپالدینگ لە مەحەك بدەم و مۆری قبووڵ کردنیان لێبدەم، هەمدیس دە ساڵی خایاند تاوەکو دەرفەتێکی لەم چەشنەم بۆ ڕەخسا تاوەکو ئەم نەخشەیە بخەمە واری جێبەجیٚ کردنەوە، واتە ڕێك بیست و نۆ ساڵ دوای بەرواری یەکەمین خوێندنەوەی من و ئاشنا بوونم بەم کتێبە سەیر و ئەفسوناوییە، ڕۆژێك لە پاریس، لەگەڵ پیاوێکی فەڕەنسی لە هاونیشتمانییەکانم کە تاڕادەیەك بەساڵاچوو بوو خەریکی نان خواردنی نیوەڕۆ بووم، ئەو گوتی کە لە هیندستان نیشتەجیٚ بووە و ناوچەی کوکانادا بەباشی شارەزایە و لەو شوێنەدا لەگەڵ چەندین ((مامۆستا))ی گەورەدا کۆبۆتەوە، ئەگەر منیش بۆ ئەوی بچوومایە، پیاوێکی سیپاڵ سپی پێشوازیم لێدەکات و چاوساغی من دەبێت،

---

(١) Cocanada.

ئەو گوتی ئەو پیاوە ناوی ((ژست))[١] دەبێت، واتە رێك یەكێك لەو مامۆستایانەی كە لەم كتێبەدا ناویان هاتووە.

دوای چەند مانگێك، لە كۆتایی ساڵی ١٩٥٧دا، بڕیارمدا پڕ كێشی بكەم و بۆ ماوەی دوو مانگ دەست لە كاروبارە رۆتینییەكانی ژیانم هەڵبگرم و بچم بۆ سەفەر، من رێك وەك گەشتیارێكی نەناسراو، چووم بۆ ئاژانسی گەشت و گوزاری ((كوك)) و بلیتێكم كڕی و گەشتەكەم بە جۆرێك رێكخست كە یەكەمین شوێنی مەبەستم ((بۆمبای)) بێت و دوای گەشت و گەڕانێكی تەواو لە خاكی هیندستان، دووبارە دەبێت لە بۆمبایەوە بگەڕێمەوە بۆ فەرەنسا بە درێژایی ئەم سەفەرە، بڕیاربوو سەردانی چیاكانی هیمالایا و ناوچەی كوكاناداشم بكردایە، نزیكەی دە رۆژ دوای چوونم بۆ ئەم نیمچە كیشوەرە، لە شوێنێكدا كە بە هیچ شێوەیەك كەسم نەدەناسی، ئەم چانس و ئیقباڵە رووی تێكردم كە بە یارمەتی كۆمەڵە پێشهاتێكی بە (رێكەوت) و روونكردنەوە هەڵنەگرتوو، لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایانی ((یۆگی))[٢] زۆر گەورە و بەناوبانگ كۆببمەوە، من تازە بۆم دەردەكەوت كە تۆڕێك لە ماهیەتە نەبینراوەكان خەریكی رێنمایی و ئاراستەكردنی من بوون بەرەو شوێنی مەبەست، منیش هیچ ئیرادەیەكم لەخۆم نیشان نەدەدا و رێگەم دەدا بكەومە سەر رێچكەی رووداوەكان و تەنها بەمە بەسەندەم دەكرد بە گوێرەی توانا سەرجەم هێما و نیشانە غەیبییەكان دەرك بكەم و شوێنیان بكەوم. بۆ نموونە، من هێندە چانسێكی باشم هەبوو كە مۆڵەتم پێدرا سەردانی هاوكار و یاریدەدەری سەرەكی دالای لاما بكەم، لە پەرستگایەكدا كە مۆڵەتی چوون بۆ ئەو جێگایە لە پەساپۆرتەكەمدا نەبوو، من هەروەها مۆڵەتم وەرگرت بە خزمەتی یەكێك لە چوار پاپاكەی نیشتەجێی هیندستان شەرەفمەندبم، كەسێك كە بەناوی ((سانكاراچاریا))[٣] لە ویلایەتی ((كانچی))[٤] بەناوبانگ بوو، كەسایەتییەك كە بەر لە جێهێشتنی خاكی نیشتمانەكەم، لە وجودی ئەو تەواو بێ ئاگابووم، بەڵام سەبارەت بە كونادا دەبێت دان بەوە دابنێم كە رێك یەك كاتژمێر دوای گەیشتنم بەو شوێنە، پیاوێكی سپیاڵ چەرمو هاتە پێشوازیم بەدرێژایی

---

(١) Jast.

(١) Yogis واتە راهێنەر- مامۆستا.

(٣) Sankara Charia.

(٤) Kanchi.

هەفتەیەك كە لەوێ ئامادەبووم، كاتەكانی خۆی بە تەواوەتی خستە خزمەتی من و خەریكی من بوو، هەر جارێك كە لێم دەپرسی چ كەسێك ئەوی بۆ لای من ناردووە، ئەو تەنها لە وەڵامدا دەیووت ((بێ گومان خودا)) و من هەرگیز نەمتوانی وەڵامێكی تر لەم كەسە نازدارە وەربگرم، كەسێك كە لە پاریس ئەویان بەناوی ((ژست))ەوە بەمن ناساندبوو باشترین مرۆڤ بوو كە تا هەنوكە دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسابوو چاوم پێی بكەوێت و لە تایبەتمەندییە رەوشتییە دڵگیر و شیرین و جوانەكانی ئەو بەهرەمەند بم، مرۆڤێك كە لەسەر ئەم تۆپە خاكییەمان هاوتای نەبووە و نییە.

ئەو كە خۆی بەناوی ((كروپاڕائۆ))[1] ناساند، منی بەرەو ناوچەیەكی شاخاوی كە لەو نزیكانەدا بوو رێنمایی كرد و هەروەها بردمی بۆ لای مامۆستایەكی پایە بەرز كە سەرۆكی یەك ((ئەشرەم))[2] یا پەرستگای گەورەبوو.

ئەم مامۆستا مەزنە بە هەڵسوكەوتێكی زۆر دۆستانە پێشوازیی لەمن كرد و پرسیاری لێكردم كە ئایا ئامادەم دە رۆژ یا دە ساڵ لای ئەو بمێنمەوە تاوەكو وانە و مەشقی گەشەپێدانی زەین و ئەندێشەی مرۆییم فێربم و بچمە ناو دنیای شیرینی ((سامادی))[3] بەڵام مەخابن ناچاربووم لە وەڵامدا پێی بڵێم كە تاكسییەك لە پاڵ پەرستگاكەدا چاوەڕوانیم دەكات تاوەكو بمبات بۆ چەند شوێنێكی دیكەی ئەوێ و ئەمەی كە هیچ كەرەستە یا جانتایەكم پێنەبوو دواجار

---

(١) Krupa Rao.

(٢) Ashram یا Ashrama:- بەمانای شوێنێك كە مامۆستایەك لەگەڵ موریدەكەی یا موریدەكانی تێیدا نیشتەجێ بن، شوێنێك وەك سەومەعە یا دێر، وشەی ئەشرام بە مانای چوار قۆناغی سەرەكی ژیان لەسەر زەوی پۆلین كراوە، ئەم قۆناغانە بریتین لە: ١- خوێندكاری سەڵت ٢- كەسێكی خێزاندار كە نابێت خوێندكار بێت ٣- گۆشەگیری و پەرستش و بیركردنەوە ٤- ژیانی سەومەعەنیشی و پڕ لە پەرستیش و خواناسی و تێڕامان- و. ف.

(٣) Samadhi: حاڵەتێكی زەینی كە زۆر تایبەتە، كەسێكی لە رادەبەردەر سروشتی، لە ((واقیعیەت)) ئاگادارە و لە هەندێ قۆناغدا، كاتێك كەسێك لەم كارەدا پێش كەوتبێت، دەگاتە جۆرێك لە حاڵەتی ((بان ئاگایی)) و دەتوانێت دەرك بە زۆرێك لە واقیعیەتە ئیلاهییەكان بكات، ئەو واقیعیەتانەی سەلماندنیان مەحاڵە بەڵام خودی كەسەكە بە باشی دەزانێت كە حەقیقەتیان هەیە، لەڕاستیدا ئەم حاڵەتە جۆرێك لە دەست پێڕاگەیشتنە بەرێنوێنی و نوری ئیلاهی. و. ف.

ئەمەی کە ئەرکی خێزانیم و پیشەییم ناچاریان دەکردم بە زوویی بگەڕێمەوە بۆ فەڕەنسا سەرباری ئەمەش بانگهێشت و میوانداری ئەم مامۆستا مەزنەم قبووڵ کرد و تاوەکو بەیانی رۆژی دوایی لەوێ مامەوە، واتە تاوەکو رۆژی یەکی شوباتی ١٩٥٨ من لەژێر سەقفی ماڵەکەی ئەودا شەو و رۆژێکی یەکجار شیرینم بەسەر برد، ئەو ئیسپالدینگی دەناسی و چەند بەڵگەنامەیەکی پیشان دام کە بەڵگە بوون لەسەر تێپەڕبوونی ئەو بەو ناوچەیەدا لە ساڵی ١٩٣٥دا.

ئەم پێشەکییە، تەنها بۆ ئەمە نووسراوە بۆ ئەوەی کۆمەکیەك بێت بە خوێنەری هێژای ئەم کتێبە بۆ ئەوەی بگاتە گۆشە نیگایەکی پۆزەتیڤانە لەمەڕ راستی قسەکانی نووسەری ئەم کتێبە، من بە هیچ شێوەیەك وردەکارییەکانی ئەم سەفەرە بۆ خوێنەر باس بکەم، هەروەها پێم خۆشە لێرەدا رایبگەیەنم کە من خۆم هەرگیز نەمتوانی کەسانێك ببینم کە لە پێش چاومدا دەردەکەوتن یا بزر دەبوون، لەگەڵ ئەمەشدا، من لە ناخی دڵ و دەروونەوە دڵنیام کە ئەم جۆرە دیاردانە مومکینە و شیاوی جێبەجێ کردنن لە کلتوری رابردووی ئێمەشدا، ئەم جۆرە دیاردانە زۆر باسیان لێوەکراوە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەدەرکەوتنی فریشتەی نزیکی بارەگای ئیلاهی، حەزرەتی جوبرەئیل بکەین، لە بەرامبەر حەزرەتی مەریەمی موقەدەس، دایکی حەزرەتی عیسی مەسیح کە بینراو هەواڵی لە دایك بوونی پەیامبەرێکی نوێی بەو خاتوونە مەزنەدا، هەروەها دەرکەوتنی هەمان فریشتە لەبەرچاوی ئێلیزابێس، دایکی یۆحەننای وسڵ دەرکەر، دەتوانین باس لەو فریشتانە بکەین کە بەرداشی چوونە ژوورەوەی ئەو ئەشکەوتەی کە پەیکەری پاکی حەزرەتی مەسیحی تێدا بوو داخست و دیسان بەشێوەیەکی میتافیزیکی، کردیانەوە، دەتوانین باس لەو فریشتانە بکەین کە بە شێوەیەکی ئەفسوناوی دەرگاکانی گرتوخانەی حەوارییەکانی حەزرەتی مەسیح (بطرس و پۆلس)[1] یان کردەوە و دواجار دەتوانین باس لەو دەنگە غەیبییانە بکەین کە گەیشتنە گوێی حەزرەتی عیسی مەسیح یا (ژان دارك)[2] رزگارکەری وڵاتی فەڕەنسا.

---

(١) Stpierrst Paul.

(٢) Jeanne Darc: کچی شوانێك کە لە سەدەی پانزەهەمی زاینیدا، بەدرێژایی جەنگی چەند ساڵەی فەڕەنسا و ئینگلیز توانی ئینگلیزەکان لە خاکی فەڕەنسا دەرپەڕێنێت مەخابن خۆی بوو بە دیلی جەنگی ئەوان و بەزیندوویی سوتێنرا. و. ف.

ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەم جۆرە دیمەنانە لەپێش چاوی ئیسپالدینگ رووی دابێت ئەویش لەلایەن بوونەوەرانێکەوە کە دەیانتوانی بۆچوونی ناوەکی ئەو تا ئەو جێیە قوڵ و ئازاد بکەن کە بگاتە رەهەندێکی باڵا و هاوئاستی چینە ئاسمانییەکان یاخود توانیویانە ئیسپالدینگ بهێننە ناو جیهانێکی ئەفسوناوی یاخود توانیویانە خەون و وەهم و خەیاڵێك لە زەینی ئەودا وەدیبێنن و یاخود بەو پەڕی سادەیی بەهێندە بەسەندەیان کردووە کە سەرگوزەشتە گەلێك بگێڕنەوە کە ئەو تەنها ئەوانەی نوسیووەتەوە و قسەکانی ئەوانی یادداشت دەکرد.

یا رەنگە بەهۆی شێوازی دیکە و نەناسراو لە پێناو ئاگادارکردنەوەی ئەودا، چەند کارێکیان ئەنجام داوە، گەشتەکەی من بۆ هیندستان، سەبارەت بە دەسخستنی بەڵگەیەك لەلایەن شایەت حاڵەکانەوە، بوویە مایەی ئەوەی بەدەستی خاڵی و دوور لە هەر بەڵگەیەکی مەلموس بۆ وەتەن بگەڕێمەوە، تەنها ئەم دڵنیاییەی بەمن بەخشی کە لەم جیهانەدا، زنجیرە پلەیەکی بنەڕەتی و گرنگ لە کەسایەتی و ماهیەتە نەبینراوەکان هەیە کە هەر هەموویان بە یەك سەنتەر و چەقی سەرەکییەوە وابەستە و پەیوەستن، ئەو ماهیەتانەی کە دەتوانن مرۆڤێکی فانی و بێ کەڵکی وەك من، لەناو چەندین کێشە و گرفتی جیاوازدا دەربازبکات و رێنوێنی بکەن، کێشەگەلێکی سەخت و دژوار کە شیمانەی لەناوچوونی من یا لانی کەم لەدەست دانی تەندروستی منیان هەڵگرتبوو، لە زۆر ناوچە و ئاواییدا، پێش وەخت هەواڵی چوونی من راگەیەنرابوو.

لە دوو شوێنی جیاواز کە مەودای نێوانیان زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد کیلۆمەتر بوو، خانە خۆی کانی من، منیان بە یەك ناو ((نارایانا)) دیسان ناوزەدکرد بەبێ ئەوەی کەمترین پەیوەندی ماددی و بەرجەستە لەنێوان ئەو دوانەدا هەبێت. لانی کەم تا ئەو جێیەی من ئاگادارم.

ئەم ناوە واتاکەی ئەمەیە: ((کەسێك کە هەوڵدەدات بگاتە بەرزترین ترۆپك)) و ئەمەش رێك هەمان ئەو کارەیە کە من هەوڵمدا لەرێی پێشکەش کردنی ئەم کتێبەوە بە خوێنەرە خۆشەویستە فەرەنسییەکانم ئەنجامی بدەم، لە لاپەڕەکانی دوایی ئەوپەڕی چێژ وەربگرن.

**لویی کولومبیل**
**وەرگێڕی فەرەنسیی ئەم کتێبە**

# پاری یەکەم

# بەشی یەکەم

ئەم ڕۆژانــە ئــەدەبیاتی میتافیزکــا و عیرفــانی بــەجۆرێکی وا ڕەونــەقی پەیــدا کــردووە و ((بێداریەکی)) هەمــە لایەنــە هاتۆتــە ئــارا و هێنــدە گــەڕان و لێکۆڵینــەوە بــۆ گەیشــتن بــە ((حەقیقەت)) ئەنجام دراوە تاوەکو زانیــاری ورد و دروســت لەمــەڕ فێرکــاران و مامۆســتایانی گەورەی جیهان پێشکەش بە خەڵك بکرێت کە منیش بڕیارمدا ئەزموونە کەسییەکانم کــە لــە مامۆستایانی خۆرهەڵاتی دوور بەدەستم هێناوە، بۆ ئێوە بگێڕمەوە. لە بەشەکانی دوایــی ئــەم کتێبەدا، من بە هیچ جۆرێك هەوڵ نادەم دەربارەی ئایینزا یا گروپێك یا ئایینێکی نوێ بــدوێم، من تەنها بە نیازم ســەربوردەیەکی کــورت کــراوەی ئەزموونــەکانم لەگــەڵ ((مامۆســتایان))ی خۆرهەلاتی دوور بۆ ئێوە بخەمەڕوو تاوەکو حەقیقەتە بنچینەیی و سەرەکییەکانی فێرکردنەکانی ئەوانم بە ئێوە ناساندبێت و لە بارەیانەوە بدوێم.

بۆ تۆمارکردنی ئەم یادداشتە کەسییانە، هێندە کات پێویستە کە بۆ سازدانی ئەم گەشــتی دۆزینەوەیە بۆ خۆرهەڵاتی دوور پێویست بوو، لەڕاســتیدا، ئــەو مامۆســتا بەڕێزانــەی باســیان لێوەدەکــەین، لــە ناوچــەیەکی زۆر فراوانــدا ((پــرش و بــلاو)) بوونەتــەوە و تویژینــەوە میتافیزیکییەکانی ئێمە بەجۆرێك بوو کە ناچار بووین بەشێکی بەرفراوان لە خاکی هیندستان، تبت، چین و ئێران ببڕین و چاومان پێیــان بکــەوێت، لــەم گەشــتەدا، یــانزە زانــای پایەبــەرز و هۆشیار ئامادەگیان هەبوو کە بەشی هــەرە زۆری تەمــەنیان لــە کــاری لێکۆڵینــەوەدا بەســەر بردبوو، ئێمە ڕاهاتبووین کە هیچ کارێــك بــەبێ تــاوتوێ کردنــی ورد قبــووڵ نەکــەین و هــیچ واقیعیەتێکمان وەك ((حەقیقەتێکی ئەبستراکت)) هەرگیز قبووڵ نەدەکرد، ئێمە ئەم گەشتەمان بەزەینێکی تەواو گومان خواز و دڕدۆنگ و داماڵڕاو لە ئیمان و بڕوا بە ئەنجام گەیانــد، لەگــەڵ ئەمەشدا، لەکاتی گەڕانەوە بۆ نیشتمان، بەتەواوی هزرمان گۆڕا و بە تەواوی قاڵ بوو بووین کە بەڕاستی زۆر شتی سەیر و سەمەرە هەیە. بەجۆرێك ((بڕوادار)) و ((خاوەن ئیمان)) بوو بــووین

کە ٣ کەس لە هاوڕێکانمان دیسان گەڕانەوە بۆ ئەوێ و بڕیاریاندا هێندە لەوێ بمێننەوە تـاوەکو بتوانن لە ژیانی مرۆڤەکانی ئەو دەوروبەرە، حەقیقەتە بنەڕەتییەکان فێر بن و دواجـار بتـوانن هەمان ئەو کارانە بە ئەنجام بگەیەنن و وەك ئەوانیان لێبێت.

ئەو کۆمەڵە کەسەی کە هەمیشە لە ئیش و کارەکانماندا هاتنە کۆمەکیمان، هەمیشە تکایان لێدەکردین کە ئەوان بەناوی خوازراو بناسێنین بەتایبـەت کاتێـك یـەکێك لـە ئێمـە بڕیـاری دەدا بیرەوەرییەکانی ئەم گەشتە سەیرە بنووسـێتەوە منـیش بـە حـەز و تاسـەیەکی زۆرەوە ڕێـزم لـە خواستەکەی ئەوان گرتووە و هەمان شێواز پەیڕەو دەکەم، من لەم کتێبەدا بەنیازم تەنها باس لـەو ڕووداوانە بکەم کە بە بەرچاوی خۆمەوە ڕوویاندا و تا ئەو جێیـەی دەتـوانم ئـەو وشـە و زمـان و زاراوانە بەکاربهێنم کە لەلایەن کەسانێکەوە بەکار دەبران کە لە درێژایی ئـەم گەشـتەدا چـاومان پێیان کەوت و بەدرێژایی ئەو قۆناغە، ژیانێکی هاوبەش و ڕۆژانەمان لەگەڵیاندا بەسەر برد.

لەنێوان ئەو مەرجە بەراییانەی کە بەر لە هاریکاری لەگەڵ ئەواندا، خرایە بەردەستی ئێمە، ئەم داخوازیەشیان لە ئێمە کرد کە:- دەبوایە هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە دەمـانبینین بەبێ کەمترین ڕاڕایی و بەدبینی، قبووڵ بکردایە، ئێمە مۆڵەتمان نەبوو هیچ پرسیارێك بکـەین مەگەر ئەو کاتەی بەتەواوی دەچووینە هەناوی بابەتەکەوە و یا پێشتر، مەشق و ڕاهێنانمان لـەم بوارەدا وەرگرتبوو، ئێمە دەبوایە لە پاڵ ئەواندا، لە ژیانێکی هاوبەش و ڕۆژانە بەهرەمەندبین و لەڕاستیدا دوای ئامادەگی هەمیشەیی لە پاڵ ئەواندا، ڕێگەمان بەخۆمان دەدا و پرسیارێکمان دەکرد، ئێمە پێویست بوو لەپاڵ ((مامۆستاکان))دا ژیانمان بەسەر ببردایە، بـۆ هـەر شـوێنێك دەڕۆشتن، ئێمەش دەچووین و خۆمان بە کۆمەکی چـاو و ئـەقڵ و بینـایی، ڕووداوەکانمـان وەك خۆی بینیوە و لە نزیکەوە بەرخوردمان لەگەڵدا کردوون، ئێمە مۆڵەتمان هەبوو تا ئـەو جێیـەی پێمان خۆش بوو وە بۆمان دەلـوا، لـەپاڵ ئەوانـدا بمێنینـەوە، هـەر جـۆرە پرسـیارێك کـە بـە مێشکماندا دەهات لەوان بپرسین و تا ئەو جێیەی ئارەزوومان دەکـرد هـەر چـییەکمان بەچـاو دەبینی بەوردی توێژینەوەی لەبارەوە بکەین و بگەینـە بـنج و بنـەوانی، تـاوەکو دەگەیشـتینە وەڵامێکی گونجاو لەگەڵ ئەنجامەکان، ڕێگە چارەیەکی دڵخوازی خۆمـان، پاشـان ئـازاد بـووین هەموو ئەوەی بینیومانە و بیستوومانە، وەك واقیعیەتێکی حاشا هەڵنـەگر و یـاخود خـەیاڵی لەبەر چاو بگرین.

هەرگیز بەدرێژایی ئەم گەشتە، هەوڵێك لەلایەن ئەوانەوە بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵات و یـاخود کاریگەری خستنە سەر ئێمە ئەنجام نەدرا، لە هیچ بوارێکدا، فیکـری سـەرەکی ئـەوان هەمیشـە ئەمە بوو کە ئەگەر بەرێژەی پێویست نەمان بینیبوو تاوەکو قایل بـبین لـەم حاڵەتـەدا ئـەوانیش لەلایەن خۆیانەوە حەزیان نەدەکرد ئێمە بەو پێشهات و رووداوانەی روویـان دابـوو ئیمـان و بـڕوا بهێنین، هەر بۆیە منیش هەمان شێواز بۆ خوێنەری هێژا پێشنیار دەکەم و تکای لێدەکەم هەموو ئەوەی لە درێژایی لاپەڕەکانی دواییدا دەیخوێنێتەوە، بەپێی نیاز و مەیلی دڵی باوەڕی پێبکـات و ئیمانیان پێ بهێنێت، خۆ ئەگەر بابەت گەلێك بوونی هەیە کە باوەڕ پێکردنیان ئەسـتەم و قبـووڵ نەکراوە، هیچ ناچارکردنێك نییە کە ((بەزۆر)) قبووڵیان بکات و وەریان بگرێت، هـەر چـییەکتان پێ باشە باوەڕی پێبکەن و ئەویتر کە بەلاتانەوە جێیی باوەڕ نییە، باوەڕی پێ نەکەن.

ئێمە نزیکەی دوو ساڵ دەبوو کە لە هیندستان بووین کاری توێژینەوەکانمان بە رێك و پێکی و بە وردی، وەك هەمیشە بەڕێ دەکرد تاوەکو ئەوەی سەرەنجام من چاوم بە مامۆستایەك کەوت کە ناوی خوازراوی ((ئەمیل))م بۆ هەڵبژارد، رۆژێك سەرگەرمی گەڕان بووم لـە شـەقامەکانی شارێکدا کە لەپڕێکدا گرووپێك سەرنجیان راکێشام، ئامادەبووان چاویان بڕیبـووە مورتـاض یـا ئەفسوون گەرێکی گەڕۆك، لەم جۆرە سیحربازانە، لە هیندستان زۆر چنگ دەکەون منـیش لـە تەماشاچییەکان نزیك بوومەوە و سەیرم کرد پیـاوێکی تاڕادەیـەك بەساڵاچـوو لـە پـاڵ منـدا وەستاوە کە وادیارە نابێت پەیوەست بێت بە هیچ چینێکی کۆمەلایەتی تەماشاچییەکانەوە.

ئەو سەیرێکی منی کرد و لێی پرسیم ئایـا ماوەیـەکی زۆرە هاتوومەتـە هیندسـتان، وەڵامم دایەوە ((نزیکەی دوو ساڵە...)) لێی پرسیم ((ئایا ئینگلیزیت؟)) لە وەڵامدا وتم: ((نەخێر، ئەمەریکیم)).

من، خۆشحاڵ و سەرسام بووم کە رووبەڕووی کەسێك دەبوومەوە کە زمـانی زگمـاکی مـن شارەزایە و لێم پرسی رات چۆنە بەرامبەر ئەم نمایشەی لەم سەر شەقامەدا ئەنجام دەدرێت؟ ئەو وتی: ((ئاه! لەم جۆرە کەسانە، لە هیندستاندا زۆرن، ئێمە بەم جۆرە کەسانە دەڵـێین مورتـاض واتە سیحرباز یا هیپنۆتیست ئەمە ناوێکی ورد و کاکڵەدارە، لەگەڵ ئەمەشدا شایانی باسە کە لە پشت تەواوی کارە نمایشییەکانی ئەوانەوە، مانایـەکی مەعنـەوی و زۆر قـوڵ بـوونی هەیـە شتێك کە تەنها ژمارەیەکی کەم لە خەڵك ئاگایان لێیەتی یاخود زانیارییان لە بارەوە هەیە بـێ

گومان رۆژێك، خێرێکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو شتەی کە ئێوە دەیبینن، شتێك نییە مەگەر تۆزقاڵە زەڕەیەك لە حەقیقەتی بەرایی و بنەڕەتی.

ئەم بابەتە، دەربڕینی بیروبڕوای زۆر لەلایەن خەڵکەوە دەوروژێنێت، بەڵام وادێتە بەرچاو ئەوانەی راوبۆچوونی خۆیان دەردەبڕن هەرگیز پەییان بە حەقیقەتی شاراوەی ئەم بابەتە نەبردووە، لەگەڵ ئەمەدا، لە پشت سەرجەم ئەم کارانەوە، حەقیقەتێك، بوونی هەیە.))

دوای ئەم قسانە، ئێمە لێك جیا بووینەوە و بەدرێژایی چوار مانگی دوایی، ناو بە ناو یەکترمان لە کۆڵان یا شەقامەکاندا دەبینی، دواتر کێشەیەکی زۆر جدیمان بۆ هاتە پێشەوە کە بووە مایەی نیگەرانی قوڵی ئێمە، دوای چەند رۆژێك من جارێکی تر چاوم کەوت بە ئەمیل، ئەو لەمەڕ نیگەرانیەکەی من پرسیاری کرد دەربارەی گرفتێك لەگەڵ مندا قسەی کرد کە دەبوایە رووبەڕووی بوینایەتەوە، من لەم بابەتە زۆر سەرسام بووم چونکە دڵنیا بووم کە هیچ کەسێك جگە لە گرووپە بچووکەکەی خۆمان، شتێکی دەربارەی ئەم مەسەلەیە نەدەزانی و بۆ کەسێکیشی نەگێڕاوەتەوە. ئەمیل بەجۆرێك لە بارودۆخی ئێمە ئاگاداربوو کەوا هات بە مێشکمدا کە ئەو بێ گومان ئاگای لە هەموو رووداوەکانی ئێمەیە، ئەو گرفتە، لەو ساتەوەی هەستم کرد ئەو ئاگای لێیەتی، سەر ئێشەی کێشەکە رووی لە کەم بوونەوەکرد و هەستم کرد قسەکردن لەو بارەوە بەوپەڕی رەزامەندی و ئازادییەوە گرفتێکی لێ ناکەوێتەوە ئەمە کت و مت ئەو شتە بوو کە من کردم و ئەو بە منی وت کە تاڕادەیەك ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بووە و هەوڵ دەدات یارمەتی ئێمە بدات.

یەك دوو رۆژێك دواتر، کێشەکە بە تەواوی چارەسەر بوو و چیتر بچووکترین گرفت بۆ ئێمە نەمابوو، ئێمە زۆر بە توندی سەرسام بووین بەڵام ئەم مەسەلەیەش بەزوویی لە یادەوەریماندا سڕایەوە و فەرامۆشمان کرد، پاشان چەندین گرفتی تر سەریان هەڵدا، من وردە وردە راهاتم کێشەکانمان بۆ ئەمیل باس بکەم، وا هەستم دەکرد هەر بە باسکردنیان بۆ ئەمیل، ئەو گرفتانە نامێنن.

من هاوڕێکانم بە ئەمیل ناساند، بەڵام هەرگیز سەبارەت بە بوونی ئەمیل شتێکم بە دۆستەکانم نەگوتبوو وە ئەوانیش هیچ زانیارییەکیان لەمەڕ بوونی ئەمیل نەبوو لەو دەمەدا، من ژمارەیەکی بەرچاو کتێب کە زۆرتر لەلایەن خودی ئەمیلەوە هەڵبژێردرابوون و رایسپاردبوو بیان خوێنمەوە، خوێندبوومنەوە، ئەم کتێبانە زۆرتر لە بارەی داب و نەریتی هیندۆسەوە بوون و

تەواو دڵنیابووم کە ئەو بیروبڕوای تەواوی بەم فەلسەفەیە هەبووە و ئاگاداری نهێنیەکانی ئەم ئایینەیە حەز و ئارەزوومەندیم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەسەند، دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی یەك شەممە، من و ئەمیل پێکەوە لە کێڵگەیەکدا سەرقاڵی پیاسە بووین، ئەو لەپڕێکدا سەرنجی منی بۆ لای کۆترێك ڕاکێشا کە بەرا سەری ئێمەوە خەریکی فڕین بوو ئەو وتی ئەو کۆترە بە شوێنی ئەودا دەگەڕێت، ئەمیل بە تەواوی وەستا و دوای چەند ساتێك، کۆترەکە بە قۆڵی ئەمیلەوە نیشتەوە، ئەمیل وتی، کۆترەکە پەیامێکی لەلای براکەیەوە هێناوە کە لە ناوچەکانی باکوور نیشتەجێیە. ئەو برایە، کە هەروەك ئەمیل، لایەنگر و بڕوای بە هەمان فەلسەفەی عیرفانی هەبوو هێشتا نەگەیشتبووە ئەو پلەیەی ئاگایی کە بتوانێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی زەینی دروست بکات، هەربۆیە سوودی لەم شێوازە وەردەگرت. ئێمە پاشتر بۆمان دەرکەوت ((مامۆستاکان)) توانای بەرقەرارکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و دەم و دەستیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، ئەوان بە ناردنی پەیامی زەینی یاخود بە گوتەی خۆیان بە گوری هێزێکی زۆر وردتر و هەستیارتر لە ئەلیکترۆن یا تەلگراف توانای ئەنجامدانی کارێکی لەو چەشنەیان هەیە. من دەستم کرد بە پرسیارکردن ئەمیل بە منی نیشاندا کە توانای بانگکردنی باڵندەکانی بۆ لای خۆی هەیە، ئاڕاستە و ڕێچکەی فڕینی ئەوان دیاری بکات و ئەمەش کە گوڵ و درەختەکان بەرەو ڕووی ئەو دەچەمینەوە و دواجار ئاژەڵانی دڕندەی کێوی بەبێ هیچ ترس و بیمێك لە ئەو، لێی نزیك دەبوونەوە.

ئەو تەنانەت دوو چەقەڵ کە لەسەر لاشەی مردارەوە بووی گیاندارێکی بچووك مشت و مڕیان بوو، لێك جیاکردەوە.

لەگەڵ نزیك بوونەوەی ئەمیل، ئەو دوو گیان لەبەرە دەستیان لە ململانێ هەڵگرت و بەوپەڕی متمانە و دڵنیاییەوە سەریان خستە سەر دەستە ڕاخراوەکانی ئەو، پاشان بەوپەڕی ئاشتی و دۆستایەتییەوە دەستیان کرد بە خواردنی گۆشتی گیاندارەکە، ئەو تەنانەت یەکێك لەوانی خستە ئامێزی من تا ڕایگرم.

پاشان بەمنی وت: نەفسی فانی و شیاوی دیتن، هەرگیز توانای بە ئەنجام گەیاندنی ئم جۆرە کارانەی نییە، ئەو ((خودە)) زۆر واقیعی و زۆر قوڵە، هەر ئەوە کە بە خودا ناوزەدیان کردووە، ئەم هەمان ئەو خودایە کە لە خودی مندا بوونی هەیە، خودایەکی بەدەسەڵات و باڵا کە لەڕێی منەوە کە ئەمە کارانە ئەنجام دەدەم، قسە دەکات، من لەڕێی نەفسی خۆمەوە، لەڕێی خودی فانیمەوە توانای هیچ کارێکم نییە، پێویستە کە من خۆم لەم بەرگە دەرەکییەم بە تەواوی

دابماڵم و رەها بکەم تاوەکو رێگە بدەم کە خودی راستەقینەی من هەمان ((من))ی ئەسڵی، توانای قسەکردن و ئەنجامدانی کارەکان بەدەست بێنێت، بە بواردان بۆ گەشەکردنی تەواوی عەشق و ئەوینی گەورە بەخودا، من توانای ئەوەم دەبێت ئەو کارەی هەنوکە بینیت ئەنجام بدەم، لەرێی زەمینە خۆش کردن بۆ نەش و نماکردنی ئەم عەشقە و گەشەپێدانی لەڕێی خۆمەوە بۆ سەرجەم بوونەوەرەکانی تر، چیتر هیچ بونەوەرێك لەمن ناترسێت و هیچ خراپە و ئازارێکیش بە من ناگات.

❊ ❊ ❊

لەو قۆناغەدا، من رۆژانە، چەند وانەیەك لە ئەمیل فێردەبووم، هەندێ جار وارێك دەکەوت لە ژووری نووستنەکەی مندا دەردەکەوت، تەنانەت کاتێك من بە وردی دەرگاکەم بە کلیل قفلْ کردبوو، سەرەتا ئەم شێوازە تایبەتە بۆ دەرکەوتن لە بەرامبەر مندا، بویە مایەی پەرێشان حاڵیم، بەڵام بەخێرایی بۆم دەرکەوت کە ئەو چاوەڕێ بوو ئەو دەرکەوتنانە وەك کارێکی سادە وەربگرم، دەرك کردنێکی روونم لە بارەیانەوە لە مێشکی خۆمدا هەبێت من کەم کەم راهاتم لەگەڵ رەفتار و هەڵسوکەوتەکانیدا دەرگای ژوورەکەم بە کراوەیی دەهێشتەوە تاوەکو دەرفەتی بدەمێ هەر کاتێك ئارەزووی بوو بێتە ژوورەکەم و یاخود لێی بچێتە دەرەوە، ئەم متمانە پێ کردنەی کە من هەوڵم دەدا پێشانی بدەم، وادیارە بوویە مایەی رەزامەندی ئەو، من توانای دەرك کردنی تەواوی وانەکانی ئەوم نەبوو وە لە هەمان کاتدا، زۆرێك لە شتەکان نەمدەتوانی بە تەواوی قبوولێیان بکەم، لەڕاستیدا لەگەڵ بوونی هەموو ئەو شتانەی لە خۆرهەڵاتدا چاوم پێیان کەوتبوو، من هەرگیز نەمتوانی سەرجەم پێشهات و رووداوەکان لە هەمان چرکەساتی روودانیاندا باوەڕ پێبکەم و وەربگرم، چەندین ساڵ پەرستش و رامان و بیرکردنەوەی قوڵ درێژەی کێشا تاوەکو من لەمانای مەعنەوی و عیرفانی و رۆحانی زۆر قوڵی ژیانی مامۆستاکان گەیشتم ئەم کەسانە، کارەکانیان بەبێ کەمترین روپامایی و خۆپەسەندی و بە سادەیی زارۆڵانە کە دوورە لە کەم و کورتی و هەڵە ئەنجام دەدەن، ئەوان بەباشی دەزانن کە توانای عەشق پشتگیری پێویستیان لێدەکات ئەوان ئەم توانایە بە چەشنێك لە خۆیاندا پەروەردە دەکەن کە سروشتیان ئەویندارى خۆیان کردووە و کارێك دەکەن مارە ژەهراوی و ترسناکەکان، ئاژەڵانی دڕندە کە ساڵانە، هەزاران کەس لە دانیشتووانی ئەم سەرزەویە لەناو دەبەن رەفتارێکی دۆستانە

لەگەڵ ئەواندا پەیڕەو بکەن، ئەم مامۆستا بەڕێزانە، بەهێزێکی لەو چەشنەوە، توانای دەروونی عەشق لە خۆیاندا دەدرەوشێتەوە کە مار و شێر و پڵنگ و هەر جۆرە ئاژەڵێکی دڕندە، هیچ ئازارێکیان پێ ناگەیەنێت.

ئەوان هەندێ کات لە مەترسیدارترین دارستاندا ژیان دەگوزەرێنن تەنانەت هەندێ سات جەستەی خۆیان لە بەرامبەر گوندێکدا دەخەنە سەر زەوی و لێی رادەکشێن تاوەکو دانیشتووانی گوندە چکۆلانەکە لە مەترسییەکانی هەڵمەتی دوژمن کارانە و وەحشیانەی ئاژەڵە دڕندەکان بپارێزن ئەوان هەمیشە لەم ململانێیەدا سەرکەوتوو دەبن و دانیشتووانی گوندیش بە سەلامەتی دەمێننەوە، لە هەلومەرجی ناچاریدا، ئەوان دەتوانن بەسەر رووی ئاودا بڕۆن و دەتوانن چەندەها کاری موعجیزە ئاسا و سەراسیمە ئەنجام بدەن کە تەنها لەو کەسانە دەوەشێتەوە کە خاوەن توانایەکی میتافیزیکین.

لێکچوونێکی سەیر و سەرسوڕهێنەر لە نێوان ژیان و فەلسەفەی عیسای ناصری و فەلسەفەی ئەم مامۆستایانەدا بوونی هەیە، ئەوان رۆژانە ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنن دەبوونە مایەی ئەوەی تا ئێمە زیاتر بەم ئاکامە بگەین، لە ژیانی ئاسایی و رۆژانەدا بڕوای گشتی لەسەر ئەمەیە کە گوزەراندنی ژیان و بەدەست هێنانی نان و ئاوی رۆژانە لە جیهانی هەستی و زاڵ بوون بەسەر مەرگدا و ئەنجامدانی تەواوی ئەو موعجیزانەی کە حەزرەتی عیسا بە درێژایی ژیانی خۆی لەسەر زەویدا، ئەنجامی دان، کارێکی مەحاڵە، لەکاتێکدا ئەم مامۆستایانە، نەك تەنها تەمەنیان بەم جۆرە بەسەر دەبەن، هەموو ئەوەی کە ئەوان بەشێوەیەکی رۆژانە پێی نیازمەندن، لەوانە خۆراك و خواردن، جل و بەرگ و پارە، رۆژانە لەلایەن جیهانی بوونەوە ((هەستی)) بۆیان رەوانە دەکرێت، ئەوان لە زۆر مەترسی و هەڵدێرێگە بەسەرکەوتوویی هاتوونەتە دەرەوە بەشێوەیەك بەسەر مردندا زاڵ بوون کە ژمارەیەك لەوان، زیاتر لە ٥٠٠ ساڵە لەسەر ئەم گۆی زەوییە ئامادەگی هەیە و هێشتا مردن ناوێرێت لێیان نزیك بێتەوە، ئێمە چەندین دیکۆمێنتی یەکجار باوەڕپێکراو لەمەڕ ئەم مەسەلەیە، لە بەڵگەنامە و نووسین و بیرەوەرییە نووسراوەکانی ئەوانمان بەدەست هێنا، وادێتە بەرچاو کە ئایینەکانی تر و ئەو ئایینزایانەی کە لە هیندۆیزم وەرگیراون و جیابوونەتەوە هەمووی لە ئایین و رێ و رەسمی ئەوان سەرچاوەی گرتووە، ئەم مامۆستایانە لە هیندستان زۆر کەمن و لە چەند کەسێك تێناپەڕن،

هەر بۆیە، بە باشی ئاگادارن کە پێویستە ژمارەی خوێندکار و موریدەکانیان بە سنووورداری و لە ژمارەیەکی کەمدا بهێنێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوان لە توانایاندایە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر گەورە، لە جیهانی غەیبدا.

وادێتە بەرچاو کە ئەوان لە زۆربەی کات و کارەکانیاندا خەریکی بەهاناوە چوونی ((رۆحە وەرگرەکان)) و ئامادە بۆ وەرگرتنی ڕێنماییەکانی ئەوان بەسەر دەبەن و زۆر لە جیهانی غەیبدا بونیان هەیە و تەواوی وزە و تواناکانیان لەم ئەرکەدا بە خەرج دەدەن.

تیۆریا و چەمکێك کە ئەمیل هەوڵی دەدا بە ئێمەی بناسێنێت، وەك پایە و کۆڵەکەی سەرەکی کارێك دەدرایە قەڵەم کە بڕیار بوو ئێمە چەندین ساڵ دواتر ئەنجامی بدەین. واتە بەدرێژایی سێهەمین گەشتی دۆزەرەوەی ئێمە بۆ ئەو ناوچە و وڵاتانی دەوروبەری ئەوێ، ڕاهێنان و فێرکاری ئێمە سێ ساڵ و نیو درێژەی کێشا، بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئێمە هەمیشە لە پاڵ مامۆستایاندا ژیانمان بەسەر دەبرد و لەگەڵ ئەواندا دەچووینە سەفەر و خەریکی توێژینەوە و تاوتوێ کردنی ژیانی ئەوان و ئەو کارانەی کە رۆژانە لە هیندستان، تبت، چین و ئێران ئەنجامیان دەدا، بووین.

## بەشی دووهەم

سێهەم گەشتی دۆزەرەوەی ئێمە تەنها بۆ لێکۆڵینەوەی میتافیزکا تەرخان کرابوو، لە دەسپێکی ئەم گەشتەدا، ئەندامانی گرووپەکە، لە گوندێکی زۆر چکۆلانە و دوورە دەستدا بەناوی ((پوتال))((Potal)) کۆبوونەوە. من نامەیەکم بۆ ئەمیل نووسی و تێیدا هەواڵی گەیشتنمانم پێ دابوو، بەلاّم پێم نەوتبوو کە بابەت و هۆکاری گەشتەکەمان چییە و یاخود ئەندامانی گرووپەکە چەند کەسن بەلاّم لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ئەوێ، بەوپەڕی سەرسامی و واق و رمانەوە بینیمان کە ئەمیل و هاوکارەکانی کەرەستە و تفاقی خۆشگوزەرانی ئەندامانی گرووپەکەیان ساز و ئامادەکردووە بە وردەکاری تەواوەوە، لە سەرجەم بەرنامە و نەخشەکانی ئێمە بە ئاگابوون، ئامادەیی ئەمیل لە هیندستان بەتایبەت لەناوچەکانی باشووری ئەو سەرزەوییە زۆر یارمەتی ئێمەی دابوو بەلاّم ئەو خزمەت گوزارییانەی کە لەوە بەدواوە بۆ ئێمەی ئەنجامدا، بەڕاستی لەسەروو هەر جۆرە ستایش و نرخاندنێکەوەیە و نازانم چۆن چۆنی باس لە سۆز و خۆشەویستییەکانی ئەو بکەم، ئەگەر مەئمووریتەکەی ئێمە بەوپەڕی سەرکەوتوویی کۆتایی هات، تەنها و تەنها بەهۆی ئامادەیی ئەمیل و کۆمەکیە بێ درێغییەکانی ئەو بوو بەس.

هەروەها لە کۆمەکی و یارمەتی ئەو رۆحە پاك و دلگیرانەی کە بە درێژایی گەشتەکەمان پێیان ئاشنابووین، رێز و سوپاسی فراوانم هەیە، ئێمە لە کۆتایی دوای نیوەرۆی رۆژی ٢٢ دیسەمبەر ١٨٩٤ گەیشتینە گوندی پوتال کە خاڵی دەسپێکی گەشتەکەمان بوو، دەسپێکردنی گەشتی دۆزینەوەکەی ئێمە، پڕ یادەوەریترین و شیرین ترین گەشتی تەمەنمان، دەبوایە لە رۆژی جەژنی نوئێلدا دەستی پێبکردایە من هەرگیز قسەکانی ئەمیل کە لەو رۆژە لە یاد نەچووەدا

بەیانی کرد، لەبیرناکەم هەرچەند ئەو لە خوێندنی تەواوی زمانی ئینگلیزی بەهرەمەند نەبوو، وە هەرگیز پێی نەنابوویە دەرەوەی خۆرهەڵاتی دوور بەڵام بە زمانێکی ئینگلیزی رەوان و پاراو قسەی دەکرد.

**وتارەکەی ئەو بەم جۆرەی خوارەوە بوو:**

ئێمە لە سپێدەی رۆژی جەژنی نوئێڵ داین، رۆژێکی ئاوا، بیٚ گومان مرۆڤ دەخاتە بیری لەدایك بوونی عیسای ناصری. و بیٚ گومان لەسەر ئەو باوەڕەیت کە خواوەند ئەوی رەوانەی سەر زەوی کرد تاوەکو تەواوی گوناهی مرۆڤەکان بسڕێتەوە و لە ناو ببات و سومبولی نێوبژیوانێکی میهرەبان و گەورەی نێوان مرۆڤ و خودای بە بەزەییە، وا باوە مەسیحییەکان بۆ شەفاعەتی خۆیان لای پەروەردگاری جیهان، داوای یارمەتی لە حەزرەتی مەسیح دەکەن و لە ئەو دەخوازن کە تۆبە و پەشیمان بوونەوەی گوناهباران بە خوایەکی سەختگیر و هەندێك جار تۆڕە، تەسلیم بکات، خودایەك کەلە خاڵێکی ئاسمانەکاندایە، من نازانم ئەم ((ئاسمانە)) لە کوێی جیهانی بووندا قەراری گرتووە، مەگەر لە وێژدانی هەر مرۆڤێکدا، بۆ مەسیحییەکان بەستنی پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگاری جیهاندا تەنها لەڕێی رێبەرێکەوە کە بۆ جیهانی رەوانە کردووە، ئەنجام دەدرێت و لە تواناداییە، رێبەرێك کە سروشتێکی نەرم و نیان و میهرەبان و پڕ سۆز و بەزەیی هەیە.

مرۆڤێکی زۆر شەریف و نەجیب زادە و پایە بەرز کە مەسیحییەکان نازناوی ((کەوتۆتە بەر رەحمەتی خودایان)) لیٚ ناوە و هەربۆیە رۆژی جەژنی نوئێل بە بۆنەی هاتنییەوە بۆ ئەم جیهانە، جەژن دەگێڕن. ئەم رۆژە، بەلای ئێمەوە مانا و چەمکێکی زۆر قوڵتری هەیە، ئەم رۆژە نەك تەنهاساڵیادی هاتنە دونیای عیسای مەسیحە، بەڵکو سومبوڵی لەدایك بوونی رۆحێکی خوداییە لە وێژدان و زەینی هۆشیاری هەر بوونەوەرێکی مرۆییدا، رۆژی جەژنی نوئێل نیشانەی لە دایك بوونی مامۆستایەکی گەورە و پەروەرشیاری جیهان و هۆشمەندێکە کە مرۆڤایەتی لە هەر جۆرە زەلیلی و ریسواییەك و لە هەر جۆرە سنووربەندیەکی ماددی دەربازکردووە، ئەم رۆحە پاك و شەریفە بۆ ئەوە هاتە سەر زەوی کە لەڕێی بوونی کامڵی خۆیەوە رێڕەوی فڕین بەرەو لای خوداوەندی راستەقینە پیشان بدات خودایەکی توانا و بە دەسەڵات، خواوەندێك کە

زیندوو و ئامادەیە و دواجار خودایەك کە دانا و کار بەجێیە، ئەو بە ئێمەی پێشاندا کە خوداوەند بە بەزەیی و میهرەبانە، ئەقڵ و ئاوەزی رەهایە، حەقیقەتی نایاب و کامڵ و گشتی هەر گشتێك. مامۆستایەکی گەورە کە ئەمرۆ، ساڵرۆژی لەدایك بوونی ئەوە لەسەر زەویدا، بۆ ئەوە هاتە سەر زەوی تاوەکو پیشانی ئێمەی بدات کە خوداوەند نەك تەنها لە دەرەوەی بوونی ئێمە، بەڵکو لە ناخی ئێمەشدا هەیە، ئەو خودایە کە هەرگیز لە ئێمە جیا نییە و لە هیچ کام لە دروست کراوەکانی دوور ناکەوێتەوە ئەو خودایە کە هەمیشە دادپەروەر و میهرەبانە و لە هەرشتێکدایە و لە هەموو شتێك بەئاگا و ئاگادارە، و دواجار ئەمەی کە حەقیقەت لە ئەودایە و لە ئەوەوەیە، بریا من بە تەنها لە زیرەکی و توانای دەربڕین و گوفتاری تەواوی ئەو پیاوانەی لێرەدا ئامادەن بەهرەمەند دەبووم، لەگەڵ ئەمەشدا بە باشی دەزانم کە هەرگیز ناتوانم تەنانەت بەجۆرێکی شیاو لەو مانایەی کە ئەم لەدایك بوونە پیرۆزە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، قسە بکەم ئێمە لە رۆڵی ئەم مامۆستا گەورە و پەروەرشیارە میهرەبانە، بەباشی ئاگادارین و ئومێدەوارین کە ئێوەش لەگەڵ ئێمەدا هاوڕابن، ئەو هات بۆ ئەم جیهانە بۆ ئەوەی کارێك بکات کە ئێمە بە دەرك کردن و تێگەیشتنێکی زیاترەوە پەی بە بوونمان لەسەر ئەم تۆپە خاکییە ببەین، ئەو بە ئێمەی نیشاندا کە تێکڕای سنووربەندییە ماددییەکان لە خودی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و ئەمەی کە نابێت هەرگیز رەهەندێکی زیاتریان بدەینێ.

ئەو هات بۆ ئەم جیهانە تاوەکو ئێمە قایل بکات کە مەسیحێك کە لە دەروونیدا بوو ((وە بە یارمەتی ئەو رۆحە پیرۆزەی خودا توانای ئەنجامدانی کارە گەورە و گرانەکانی)) هەبوو رێك و راست هەمان رۆحی خودابیە کە لە وجودی هەر یەکێك لە ئێمەدا بوونی هەیە! لە وجودی من، ئێوە و بە کورتی بوونی تێکڕای بوونەوەرە مرۆییەکاندا.

بە جێبەجێکردنی تیۆر و رێنماییەکانی ئەو، ئێمە دەتوانین، هەمان ئەو کارانەی کە ئەو بە ئەنجامی گەیاندن، ئەنجامی بدەین، ئێمە گومانمان وایە عیسا تەنها بۆ ئەوە هاتە ئەم جیهانە کە نیشانی ئێمەی بدات خوداوەند یەك و یەکتا و گشتە.

رەنگە بیستبێتتان کە عیسی رێنماییە بەراییەکانی لە نێوان ئێمەدا وەرگرت ئەگەری ئەوە هەیە ژمارەیەکی دیاریکراو باوەڕ بەم مەسەلەیە نەکەن، بەڵام گرنگ نییە کە فێرکارییەکانی

عیسا لەلای ئێمەوە هاتووە یا راستەوخۆ و بەبێ یارمەتی کەسی تر، لەلایەن خودی پەروەردگارەوە بەشێوەی وەحی ((سروش)) دابەزیوە، پەروەردگارێك کە تاکە سەرچاوەی هەموو شتەکانە، لە کاتێکدا کە مرۆڤێك، بە فیکرێکەوە لەلایەن ئەندێشەی خوداییەوە بکەوێتە بەر پەیوەندی راستەوخۆ و پاشان ئەوە بە یارمەتی وشە و رستەکان دەرببڕێت، ئایا ئەوانیتر توانایان نییە جارێکی تر لەگەڵ هەمان ئەندێشەدا کە لە جیهانی هەستیدا بوونی هەیە، بکەونە پەیوەندی؟... تەنها لەبەر ئەوەی کە کەسێك لەڕێی فیکر و ئەندێشەیەکەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری و بۆ ئەوانیتری بەیان کردووە نابێتە بەڵگەی ئەوە کە ئەو ئەندێشەیە تەنها پەیوەستە بە خودی ئەوەوە و بە بەشێك لە شتە تایبەتەکانی ئەو دێتە هەژمار، ئەگەر کەسێکی لەم چەشنە، ئەو فیکرە هەڵبگرێت و لای خۆی بیپارێزێت، ئیدی چۆن دەتوانێت شوێنێك بۆ وەرگرتنی ئەندێشەکانی تر پەیدا بکات؟ بۆ وەرگرتنی زیاتر، دەبێت هەموو ئەوەی لەبەر دەستت دایە، بە ئەوانیتری ببەخشێت ئەگەر ئەو ئەندێشەیە بە دەست لێ نەدراوی لای خۆت بهێڵێتەوە، حاڵەتێکی دۆگمایی و بێ جوڵەی بەدوادا دێت. هێندە بەسە وێنا بکەن رەوڕەوەیەك کە دەبێتە مایەی دروست بوونی وزەی هایدرۆلیکی، لە پڕێکدا و بە گوێرەی خواستی دەروونی خۆی دەست لە خولانەوە هەڵبگرێت و ئەو ئاوەی کە دەبێتە مایەی سووڕانەوەکەی، لە خۆیدا بهێڵێتەوە، ئەو رەوڕەوەیە دەست بەجێ لە جوڵە دەکەوێت دەبێت کە ئاوی رەوان، هەمیشە بەنێو رەوڕەوەکەدا تێپەڕێت تاوەکو ئەو کارەی ئەنجام دەدرێت کەڵکی هەبێت و ببێتە هۆی بەرهەم هێنان و هاتنە ئارای وزە و ئەنێرژی نوێ، نموونەی مرۆڤیش بە ئەندێشەیەکی خوداییەوە بە هەمان شێوەیە، لە کاتی قەرارگرتن لەگەڵ ئەفکار و بیروبڕوای ئیلاهیدا مرۆڤ دەبێت توانای دەربڕینی ئەوانی هەبێت تاوەکو بتوانێت سوود و قازانجیان لێ بکات، مرۆڤ دەبێت رێگە بە ئەوانیتر بدات کە رێك هەمان ئەو قۆناغانە ببڕن و بۆ گەشەکردن و پەروەردەکردنی گیان و دەروونی، خەرۆ بێت بە برەودان و گەیاندنی ئەم ئەندێشە خوداییانەوە و بخوازێت رێك کارەکانی ئەو دووبارە بکاتەوە.

بە بڕوای من، هەموو شتێك بە وێنەی وەحی راستەوخۆ هات بۆ لای عیسا، ئەو شتەی کە بۆ سەرجەم پەیامبەرانی گەورەی ئێمە کە مامۆستا و پەروەرشیاری پایە بڵندی ئەم جیهانە خاکییە بوون، رووی داوە. لەڕاستیدا، مەگەر وانییە کە تەواوی شتەکان لەلایەن خواوە دێن؟ مەگەر وانییە کە ئەگەر بوونەوەرێکی مرۆیی توانا و دەرۆستی ئەنجامدانی هەندێك کار و

کردەوەی هەبوو، هاو چەشنەکانی ئەویش توانای ئەنجامدانی ئەو کارانەیان هەیە؟ ئێوە دەبێت خۆتان قایل بکەن کە خواوەند هەمیشە تامەزرۆیە خۆی پێشانی هەمووان بدات، واتە هەمان ئەو کارەی لەگەڵ عیسای مەسیح و پێغەمبەرەکانی تردا کردی بەسە کە ئێمە توانا و ئیرادەی پێویستمان هەبێت تاوەکو ئەم دەرفەتە بە خواوەندی پەروەردگاری جیهان بدەین، ئێمە بەوپەڕی راستگۆییەوە لەسەر ئەم باوەڕەین کە خودا هەموو ئێمەی بە یەکسانی دروست کردووە تەواوی بوونەوەرە مرۆییەکان هاوشێوەی یەکن و تەنها یەك یەك پێکدەهێنن، هەر مرۆڤێك دەتوانێت تەواوی ئەو کارانەی عیسا لە سەردەمی خۆیدا جێبەجێی کردن بە ئەنجام بگەیەنێت، لەم جۆرە کارانەدا، هیچ شتێك، ماهیەتێکی مەرموز و نهێنی ئامێزی نییە، مەتەڵ و راز تەنها لەم فیکرە ماتریالیستیانەدا کە مرۆڤەکانیان لێ دروست کردووە بوونی هەیە و بەس.

ئێوە، بە جۆرێکی کەم تا زۆر بەدبین و بێ باوەڕانە بۆ لای ئێمە هاتن، ئێمە ئومێدەوارین کە ئێوە هێندە لای ئێمە بمێننەوە تا سەرەنجام سەرکەوتوو بن لە دیتنی ((ئێمە))ی راستەقینە و تێبگەن کە بە وردی چ بوونەوەرێکین بەڵام لەمەڕ ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدەین و ئەو ئاکامانەی لەو کارانە بەدەستیان دەهێنین، ئێمە ئێوە لەوپەڕی ئازادیدا دەهێڵینەوە تاوەکو هەموو ئەوەی دەخوازن قبووڵی بکەن و یا رەتی بکەنەوە.

## بەشی سێهەم

ئێمە گوندی ((پوتال))مان بە ئاراستەی گوندێکی چکۆلانەتر بەناوی ((ئاسماه)) کە نزیکەی ١٥٠ کلیۆمەتر دووربوو، بەجێهێشت، ئەمیل دوو کوڕی گەنجی هەڵبژارد تاوەکو هاوڕێی ئێمە بن، هەردوو کەسەکە، لەو رووەوە کە، لە پیاوانی سەرنجڕاکێش و جوان خاسی هیندی نەژاد بوون، ئەوان بەرپرسیارێتی رێبەری کردنی گرووپەکەی ئێمەیان بەجۆرێکی وا سادە قبووڵ کرد و هێندە هاوسەنگ و ژیرانە ئەم کارەیان ئەنجامدا کە ئێمە هەرگیز هاوشێوەی ئەوەمان لە هیچ کام لە هاونیشتمانییەکانی خۆمان نەدیتبوو، بۆ ئەوەی سەرگوزەشتەکە لە حاڵەتی سانایی و چێژدار بەهرەمەند بێت، من ئەو دووانە بە ((ژست)) و ((نیپرو)) ناوزەد دەکەم، ئەمیل زۆر لەوان گەورەتر بوو، ((ژست)) وەك بەرێوەبەری ئەم گەشتی دۆزینەوەیە و نیپروش وەك یاریدەدەری هەڵبژێردران و زۆر هەوڵیان دەدا بۆ دیسپلین کردنی گەشتەکە و جێبەجێکردنی رێنماییەکان. ئەمیل لەکاتی خواحافیزیدا بە ئێمەی گووت: ((ئێوە بە یاوەری ژەست و نیپرو بۆ ئەم سەفەرە بڕۆن، من دەبێت تا چەند رۆژێکی تر لێرە بمێنمەوە چونکە بەم جۆرەی رێ رۆیشتنی ئێوە، نزیکەی پێنج رۆژ دەخایەنێت تاوەکو بگەنە شوێنی مەبەستی دواترتان کە ١٥٠ کیلۆمەتر لێرەوە دوورە.

من پێویستم بەم هەموو کات و زەمەنە نییە بۆ بڕینی ئەم مەودایە، هەر چۆنێك بێت، من بۆ پێشوازی کردن لە ئێوە لەوێ دەبم، ئایا پێتان خۆشە یەکێك لە ئێوە لێرە بمێنێتەوە تاوەکو تاوتوێی رووداوەکان بکات و پێشهاتەکان بەراورد بکات و دواتر بیان سەلمێنێت؟.

بەم پێیە وردبینی زیاتر بەدەست دێنن و کەسێك کە لێرە ماوەتەوە، دەتوانێت کەمتر لە دە رۆژ، بە ئێوە بگات و هاوڕێ لەگەڵ گرووپەکەدا درێژە بە سەفەرەکە بدات ئێمە تەنها لەم کەسە

دەخوازین کە خەریکی توێژینەوە و تەماشا کردنی دۆخەکە بێت تەنها لەمەڕ ئەو شتانەی کە بینیوویەتی، قسەتان بۆ بکات.

بەم جۆرە، ئێمە بە رێکەوتین، ژست و نیپرو ئەرکی رێنمایی کردنی ئێمەیان لە ئەستۆدا بوو، بەجۆرێکی سەرسوڕهێنەر چەندین گرفتی ئەم ئەرکە مەترسیدارەیان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند، تەواوی کارەکان پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو وە هەر کارێك بە وردی و ریتمێکی دڵگیرەوە، لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدرا، لەڕاستیدا بە درێژایی سێ ساڵ و نیوی دواتری ژیانی ئێمە، بارودۆخەکە بە هەمان شێوە تێپەڕێنرا.

ژست خاوەن ئاکار و رەوشتێکی زۆر شیرین بوو، ئەو خاوەن خو و سروشتێکی بەرز و میهرەبان بوو، لە هەر کارێکدا، بە کەڵك و جێ دەستی دیاربوو هەرگیز ئەهلی خۆنواندن و لاف لێدان نەبوو، ئەو هەموو فەرمانەکانی تاڕادەیەك بە ئاوازێکی وەك یەك یەك دەردەکرد و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەو، هەمیشە هێندە بە وردی و رێك و پێکی و لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدرا کە دەبووە مایەی سەرسامی ئێمە، هەر لە دەسپێکی گەشتەکەدا، ئەدگار و رەوشتی بەرزی ئەو پیاوە سەرنجی هەمووومانی راکێشا بوو، لە نێوان خۆماندا قسە و باسمان لە بارەوە دەکرد.

نیپرو، خو رەوشتێکی جوامێرانەی هەبوو خاوەن خەسڵەتێکی پەسەند و سەیر ((ئامادەبوون لە هەموو شوێنێکدا)) ئەو کە هەمیشە هێمن و لەسەرخۆ دەهاتە بەرچاو کارەکانی دەرەنجامێکی سەیریان هەبوو، ئەو بە وردی و ئارامشێکی سەرسووڕهێنەرەوە تێکڕای ئیشەکانی بەبێ دەنگی رادەپەڕاند و توانایەکی سەیری هەبوو کە دوای تێڕامان، دەس بەجێ دەیتوانی ئەو بیرکردنەوەیە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو هەمیشە ئەکتیڤ و ئامادەبوو، ئەندامانی دیکەی گرووپەکەش ئاگاداری ئەم توانا زاتیەی ئەو بوون و ئێمە هەمیشە لەبارەی ئەم خەسڵەتەیەوە قسەمان دەکرد.

سەرۆکەکەی ئێمە گوتبووی: ((ئەم کەسانە بەڕاستی بەرز و باڵا و نائاسایین، چەندە مایەی بەختەوەری و خۆشی و ئاسوودەییە کە ئەوان نەك تەنها توانای بیرکردنەوە و تێڕامانیان هەیە، بەڵکو توانای پراکتیزە کردنیشیان هەیە))، رۆژی پێنجەم، نزیکەی کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ، ئێمە گەیشتینە ئاسماە بە گوێرەی بڕیاری پێشوو، ئەمیل لەوێ ئامادەبوو تاوەکو پێشوازیمان لێبکات، خوێنەری هێژا، بێ گومان توانای پەی بردنی نییە بەسەر سامی و حیرەتی ئێمە، ئێمە

دڵنیابووین کە لە تاکە ڕێگای شیاوی هاتوچۆ لەوناوچەیەدا سەفەرمان کردووە و ئامرازی گەشتەکەشمان لە خێراترین جۆری بەردەست بوو لەو ناوچەیەدا، تەنها کەسانێك کە دەیانتوانی خێراتر لە گرووپەکەی ئێمە بجوڵێن تەتەرەکانی ئەو ناوچەیە بوون کە شەو و ڕۆژ لە حاڵەتی ڕۆیشتندا بوون و هەمیشە شوێنەکەی خۆیان بە کەسی دوایی، لە شوێنگەی دواتر دەگۆڕایەوە.

ئێمە لەبەرامبەر خۆماندا، پیاوێکمان بینی کە دەمانزانی بەساڵاچووە و تەواو بێ توانایە لە ئەنجامدانی گەشتێك کە زیاتر لە ١٥٠ کیلۆمەتر مەوداکەیەتی.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو لەوێ ئامادەبوو، زووتر لە ئێمە گەیشتبووە ئەوێ، ئێمە کە ئەم مەسەلەیە سەراسیمەی کردبووین بە پەلە ئەومان کرد بەژێر لێزمە بارانی پرسیاری جۆراوجۆرەوە وەڵامی ئەو بەم شێوەیەی خوارەوە بوو ((مەگەر من پێم نەوتن بۆ پێشوازی کردن لە ئێوە لەم گوندەدا ئامادە دەبم؟ باشە منیش وا هاتم! پێم خۆشە سەرنجی ئێوە بۆ ئەم خاڵە رابکێشم کە مرۆڤ سنووری نییە بەتایبەت کاتێك لە ژینگەی ئەسڵی و واقیعی خۆیدا، کامڵ ببێت ئیدی کەمترین سنووردارێتی لە شوێن کاتدا بوونی نابێت، ئەوددەمەی مرۆڤێك توانی خۆی بناسێت، ئیدی پێویست ناکات بۆتەی کردنی دووری ١٥٠ کیلۆمەتر، ئەم هەموو ڕێیە بەپێیەکانی خۆی ببڕێت، مرۆڤ، لە چوارچێوەی ئەسڵی خۆیدا، دەتوانێت دەست بەجێ، تەواوی مەوداکان ببڕێت، هەرچەند ئەم مەودانە درێژخایەن و زۆر بن، چەند ساتێك لەمەوبەر، من لە هەمان ئاواییدا بووم کە ئێوە پێنج ڕۆژ لەمەوبەر بەجێتان هێشت پەیکەری جەستەی من هێشتا هەم لەوێیە ئەو هاوڕێیەی کە ئێوە لە گوندەکەدا لای من بەجێتان هێشت، پێتان دەڵێت کە من چەند ساتێك لەمەوپێش سەعات چواری دوای نیوەڕۆ لەگەڵ ئەودا کەوتمە وتوویژ و قسەکردن و پاشان پێم وت بە نیازم لەم گوندەدا پێشوازی لە ئێوەی هاوڕێیان بکەم، چونکە ئێوە خەریك بوو دەگەشتنە جێ، هاوڕێکەی ئێوە لەو گوندەدا هێشتا توانای دیتنی پەیکەرەکەی منی هەیە کەوا دێتە بەرچاوی مردوو و بێ گیانە، من ئەم کارەم تەنها بۆ ئەوە ئەنجامدا کە بە ئێوەی پیشان بدەم ئێمەش دەتوانین پەیکەرەکانمان بەجێبهێڵین تا بۆ هەر شوێنێك پێمان خۆش بێت بڕۆین و کەمترین بایەخ بە کات و شوێن نەدەین، بەم جۆرە ئێوە باشتر دەرك بەوە دەکەن کە ئێمە مرۆڤی ئاساین و لە هەمان سەرچاوەین کە ئێوەشی لێوەهاتووە، هیچ جۆرە رازێك بوونی نییە، تەنها جیاوازی ئێمە و ئێوە لەمە دایە تۆزقاڵێك

زیاتر، تواناکانمان گەشەپێداوە و کامڵ کردووە، تواناگەلێك کە لەلایەن خواوەندی جیهانەوە بە ئێمە بەخشراوە، پەیکەرە جەستەییەکەی من تا داهاتنی شەو لە هەمان شوێندا وەك خۆی دەمێنێتەوە پاشان، بۆ ئێرەی دەهێنم و دواتر هاورێکەی ئێوە دەکەوێتە رێ تا لە هەمان رێگاوە کە ئێوە هاتن، بێت بۆ ئێرە، ئەویش لەکاتی خۆیدا، دەگاتە جێ ئێمە رۆژێك پشوو دەدەین، پاشان بۆ گوندێکی چکۆلانە کە رۆژە رێیەك لێرەوە دوورە، دەڕۆین، دواتر، دەگەڕێینەوە بۆ ئەم گوندە تا پێشوازی لە هاورێکەتان بکەین، ئەودەمە دەبینین، هاورێکەتان چەندە قسەی پێیە بۆتان بکات، ئەمشەو لە بارەگای سەرەکی، پێکەوە کۆدەبینەوە، هەنووکە خوداحافیزی لە ئێوە دەکەم)).

بە داهاتنی شەو، کاتێك هەموو کۆبووینەوە ئەمیل بێ ئەوەی دەرگایەك کرابێتەوە لەناکاو لەنێو ئێمەدا حازربوو، ئەو وتی: ئێوە هەر ئێستا بینەری دەرکەوتنی من بوون لەم ژوورەدا ئەویش بەجۆرێك کە بە بۆچوونی ئێوە جادووگەری و ئەفسوون ئامێزە، لەم کارەدا هیچ شتێکی جادوویی بوونی نییە، حەزدەکەم لە ئەزموونێکدا لەگەڵ ئێوەدا بەشداربم کە دڵنیام دواتر بڕوای پێدەهێنن، چونکە ئەم دەرفەتە بە ئێوە دەدرێت کە لە نزیکەوەو بە چاوی سەر ببینن، بێ زەحمەت زیاتر وەرنە پێشەوە، ئەمە پەرداخێك ئاوە کە یەکێك لە ئێوە تازە لە سەرچاوەکە هێناویەتی، لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا، گەردێك کریستاڵی سەهۆڵ، دروست بووە، ئێستا سەیر بکەن ئەم گەردە، چۆن بە لکان بە کریستاڵەکانی ترەوە، گەورە دەبێت هەنوکە تەواوی ئاوی ئەم پەرداخە بەستی.

چی روویداوە؟ من لە جیهانی هەستیدا (وجود)، مولکولە ناوەندییەکانی ئاوم هێندە هێشتەوە تاوەکو بوون بە سەهۆڵ و بەستیان، بەجۆرێکی روونتر، من لەرینەوەی ئەوانم هێندە هێنایە خوارەوە تاوەکو لەوان سەهۆڵم دروست کرد، گشت گەردیلەکانی دەوروبەر رەق بوون بەستیان. بەجۆرێك کە پارچە سەهۆڵێکیان پێکهێنا، پرەنسیپێکی ئاوا بۆ پەرداخێکی پڕ لە ئاو، یاخود کاسەیەکی پڕ لە ئاو یا گۆمێکی پڕ لە ئاو، یاخود دەریاچەیەکی پڕ لە ئاو، یاخود دەریایەکی پڕ لە ئاو و دواجار بۆ ئاوە قەبە و گەورەکان لەسەر زەویدا شیاوی جێبەجێ کردنە، بەڵام چی روودەدات؟ هەموو شتێك دەیبەستێت، وانییە؟ بەڵام بۆ چ ئەنجامێك؟ بە پێی چ یاسا و نیزامێك؟ بۆ جێبەجێکردنی کام یاسای بێ کەم و کورتی؟ بۆ چ ئامانجێك؟ بۆ هیچ ئامانجێك،

چونکە هیچ خێر و بێرێك لەم کارە بەدەست نایەت ئەگەر من درێژەم بەم کارە بدایە، چی رووی دەدا؟ کاردانەوەیك رووی دەدا لەسەر چ کەسێك؟ لەسەر کەسی خۆم، من ئاگام لەم یاسایە هەیە، شتێك کە پێم وتن بەهەمان راستی و دروستی رامگەیاند، دەگەڕێتەوە بۆ لام، هەربۆیە دەبێت تەنها شتە باشەکان دەرببڕم، بەم جۆرەیە کە هەموو شتە باشەکان سۆراخم دەگرن، بەم پێیە تێبینی دەکەن گەر بێتو من درێژە بە هەوڵەکانم بدەم بۆ بە سەهۆڵ کردن، سەرما، تاوەکو بەر لە کۆتایی هاتنی کارەکە، جێکەوت لەسەر خۆشم بەجێ دەهێڵێت منیش دەبم بە شەختە و بەرهەمی نێت و خواستی دەروونی خۆم دەچنیەوە، بەڵام گەر بێتو تەنها لە بارەی چاکەوە قسە بکەم و دەربیبڕم، هیچ شتێك جگە لە خێر، دووچارم نابێت و ئەو ئاکامەی دەستم دەکەوێت، تەنها خێر دەبێت و بەس.

دەرکەوتنی من ئەمشەو، لەم ژوورەدا، بە هەمان شێوە، روون دەکرێتەوە، لەو ژوورە بچووکەدا کە ئێوە منتان بەجێهێشت بوو، من لەرینەوەکانی جەستەم هێندە پەرەپێدابوو تاوەکو جەستەم گەڕایەوە بۆ جیهانی هەستی، من ئەوم لەوێ هێشتەوە، ئێمە دەڵێین پەیکەرەکەمان بۆ جیهانی هەستی دەگەڕێنینەوە ئەو شوێنەی تێکڕای ماددەکانی لێیە، پاشان لەڕێیی ئەو گیانە خوداییەی کە لە بوونی مندا هەیە، من پەیکەرە جەستەییەکەم لە ئەندێشەمدا پاراست تا ئەو دەمەی لەرینەوەکانیم هێنایە خوارەوە و رێگەم بە پەیکەرەکەمدا لەم ژوورەدا، شوێنێك کە ئێوە بتوانن بەچاو بیبینن، جارێکی تر شێوەی راستەقینەی خۆی بەدەست هینا، کویێی ئەم کارە، نهێنی ئامێزە، ئایا من سوود لە توانایەك وەرناگرم کە لەلایەن پەروەردگاری جیهانی هەستییەوە و لەڕێی عیسای مەسیحەوە بەمن بەخشراوە؟ ئایا ئەم رۆحە ئیلاهییە، هەمان من، یا ئێوە یاخود تەواوی مرۆڤایەتی نین؟ ئیدی ئەم کارە، چۆن دەتوانێت نهێنی ئامێزبێت؟ لەم کارەدا، بچووکترین راز و نهێنی بوونی نییە.

بیر لە دەنکە خەردەل و باوەڕێك کە نیشانەی ئەوە، بکەنەوە ((ئاماژە بە یەکێك لە رێنماییەکانی مەسیح، ئەو حەزرەتە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە گەر بێتو ئیمانی مرۆڤ بە ئەندازەی ناوکەیەکی ورد و زۆر بچووکی خەردەلێك بێت، بەسە بۆ ئەوەی چەندین جۆر سەراسیمەی سەرسووڕهێنەر رووبدات)) (وەرگێڕ).

ئەم هەستە ئیمانییە، لەڕێی ئەو رۆحە خوداییەوە کە لە دەروونی هەر یەکێکماندا هەیە لەلایەن جیهانی هەستییەوە پێمان بەخشراوە، ئەم گەردە بچووکە، لەڕێی رۆحی خوداییەوە،

دێتە ناو، وجودی ئێمە، ڕۆحی خودایی، هەمان کۆنەستی ئێمەیە، پاشان پێویستە ئەو دەنکە خەردەلە بگەیەننە بەرزترین ترۆپك لە وجودی خۆماندا، واتە ڕێك لە تەوقی سەر و لەوێ بیپارێزن پاشان دەبێت ڕێگە بدەن بە ڕۆحی پیرۆز دابەزێت، لەم چرکەساتە دایە کە فەرمانی خودایی دەردەچێت: تۆ دەبێت پەروەردەگارت بە هەموو دڵت، بە تەواوی بوونت، بەوپەڕی هێز و وزەت و بە تەواوی زەینتەوە خۆش بوێت تۆزێك بیربکەنەوە، ئایا شوێن قسەکانم دەکەون؟ دڵ، ڕۆح، وزە و زەین، بە گەیشتنە ئەم قۆناغە، دەبێت چ کارێك بکەین؟ هیچ کارێك جگە لە خۆ سپاردن بەشێوەیەکی تەواو و ڕەها بە خداوەند، بە ڕۆحی پیرۆز، بە ڕۆحی زیندوو کە ((من))ی خود، لێوان لێوە لە ئەو، دەبێت پشت بەستن هەبێت ((تەوەکول)).

ڕۆحی پیرۆز، لە فۆرمی جیاوازدا دەردەکەوێت، زۆرجار وەك ئەو لێدانە بچووکانەی کە بە نیازی هاتنە ژوورەوە لە دەرگای دەدەن، دەردەکەوێت پێویستە ئەم ماهیەتانە قبووڵ بکەین، ڕێگە بە ڕۆحی پیرۆز بدەین، کە دەسبەجێ لەگەڵ ئەو دەنکە خەردەلە بچووکەدا کە هەمان کاکڵەی وردی ((ئیمان))ە یەك بگرێت و یەکانگیر بێت، ڕۆحی پیرۆز لە دەوروبەردا دەکەوێتە گەڕان ڕێك وەك ئەو نموونەیەی لە بەستنی گەردە سەهۆڵەکاندا پیشانی ئێوەمدا، خۆی لەگەڵ ئەو تۆوە وردەی ((ئیمان))، پەیوەست و یەکدەخات، لەگەڵ ئەو دەنکەدا یەکدەگرێت، ئەم پێکهاتە نوێیە گەشە دەکات، پارچە بە پارچە، چین چین، ڕێك وەك ئەم سەهۆڵە، پاشان چی ڕوودەدات؟ ئیمانی مرۆڤ سەرڕێژ دەکات بۆ دەرەوە، خۆی بەیان دەکات، مرۆڤ درێژە بەم کارەی خۆی دەدات زیاد دەکات و تۆوی ئیمانەکە بە جۆرێکی وا بۆ چەندەها جار مانفێست دەکات کە دواجار دەتوانێت بە کۆی کێشەکان بلێت ((لە بەرامبەر مندا بچۆرە کەنار و خۆت بخەرە ناو دەریا)) و ئەم کارە، دەست بەجێ ئەنجام دەدرێت، ئێوە ئازادن ئەم قۆناغانە بە ((ڕەهەندی چوارەم)) یا هەر شتێکی تر کە مەیلتان لێیەتی ناوزەد بکەن، ئێمە ئەم کارەمان بە ((قسەکردنی خودا لەگەڵ ئێمەدا لەڕێی ئەو ڕۆحە خوداییەی کە لە دەروونمان دایە)) ناوزەد کردووە، ڕۆحی خودایی بەم شێوەیە لەدایك بووە، مەریەم دایکێکی نموونە، ئامانجێکی زێڕینی لە زەینی خۆیدا نەخشاند، ئەوەی لە ئەندێشەی خۆیدا هەڵگرت و پاشان ئەوی لە زەوی گیانی خۆیدا چاند، ئەم ئامانجە، بۆ ماوەیەك لەوێ مایەوە، سەرەنجام وەك ((منداڵی مەسیحی)) کامڵ و کۆرپەیەکی مرۆیی لەدایك بوو، ئەم دایکە خواردنی بە ئەودا، پارێزگاری لێکرد و باشترین و زۆرترین بەشەکانی بوونی خۆی خستە بەر دەستی ئەو، کەوتە چاودێری کردنی و بە

درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە قۆناغی منداڵییەوە دەگەیشتە نەوجەوانی، ئەوپەڕی چاودێری و سەرپەرشتی عیسای کرد، ئەوی بە گیان و دڵ خۆش ویست بەم پێیە، رۆحی خودایی، بەم شێوەیە بۆ لای ئێمە دێت، سەرەتا وەك ئامانجێکی خوازراو کە لە زەویی رۆحی ئێمەدا چینراوە، واتە لە ناوچەی سەنتەردا کە شوێنگەی حزوری پەروەردگارە، پاشان هەروەك ئامانجێکی ئایدیاڵ و کامڵ و باش لە زەیندا دەپارێزرێت، پاشان لەدایك دەبێت دواجار وەك منداڵێکی کامڵ دەست بە قسەکردن دەکات. ئێوە بینیتان لێرەدا، چی روویدا و هێشتا باوەڕ بە چاوەکانتان ناکەن و ناتوانن باوەڕ بەو شتە بکەن، کە بینیتان، من سەرزەنشتی ئێوە ناکەم، لە هزری هەندێك لە ئێوەدا، مەسەلەی هیپنۆتیزم دەخوێنمەوە، وا هەست دەکەن من لەڕێی هیپنۆتیزمەوە ئەم کارانەم ئەنجام داوە؟... هاوڕێکانی من، ئایا هێشتا لەنێو ئێوەدا کەسانێك چنگ دەکەون کە باوەڕیان نییە دەتوانن تەواوی توانا خودییەکانی خۆیان کە خواوەندی جیهان بە ئەوانی بەخشیوە و ئەمشەو رووداوەکەیان بینی، خستیانە قۆناغی جێبەجێکردنەوە؟ ئایا ئێوە وا هەستان کرد کە من بۆ ساتێك، زاڵ بووم بەسەر زەین و فیکر و چاوەکانی ئێوەدا و خستوومنەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆمەوە؟ بە بۆچوونی ئێوە من ئەگەر بمویستایە دەمتوانی هەموو ئێوە هیپنتیزم بکەم، چونکە ئێوە ئەم هەموو شتە سەیرەتان بینیوە؟ مەگەر لە کتێبی ئینجیلی ئێوەی مەسیحیدا نەهاتووە کە حەزرەتی عیسا چووە ناو ژوورێك کە تەواوی دەرگاکانی داخرابوون؟ منیش وەك ئەوم کرد، هەر ئەمە، ئایا ئێوە تەنانەت بۆ ساتێکیش، ئامادەن وێنای ئەوە بکەن کە عیسا، مامۆستای مامۆستاکان، دابەزیبووە ئەو ئاستەی کە پێویستی بە هیپنۆتیزم هەبێت، ئەو تەنها لە توانا خوداییەکان لە وجودی خۆیدا بەهرەمەند بوو، پێم باشە ئەم خاڵە هەر لە ئێستاوە لە زەینی ئێوەدا بە تەواوی روون و ئاشکرا بێت، ئێوە کەسانێکی سەربەخۆ و سەرپشکن، نەك چەند کەسایەتییەك کە لە رۆبۆت دەچن، ئێوە لە ئیرادە و ئازادیی تەواو بەهرەمەندن، نە عیسا نە ئێمە بچووکترین پێویستیمان بە هیپنۆتیزم کردن نییە، تا هەر کاتێك پێتان خۆشە بەرامبەر بە ئێمە دڕدۆنگ و بەدبین بن، تا ئەو کاتەی سەرەنجام بڕوای ئێوە سەبارەت بە شەرافەت و راستگۆیی و راست و دروستی ئێمە یا بە پێچەوانەوە ساختەچێتی و فێڵبازی ئێمە بۆ ئێوە ئاشکرا دەبێت، ئێوە دەتوانن هیچ بڕوایەکتان نەبێت و لێگەڕێن بە تێپەڕبوونی کات و قوڵتر کردنی ئاستی کار و لێکۆڵینەوەکانتان، بگەنە ئاکامێك ئێمە تەنها تکامان ئەمەیە کە ئێوە بیر و هزری خۆتان بە تەواوی بپارێزن و کەمترین جیاکاری بە ئاڕاستەی پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤتان نەبێت.

# بەشی چوارەم

گەشتی دوایی ئێمە چوون و گەڕانەوەیەکی لاوەکی بوو، هەر بۆیە زۆربەی کۆڵ و بارەکانمان هەر لەوێ هێشتەوە و بەیانی رۆژی دوایی، بەرەو گوندێکی چکۆلانە کە نزیکەی ٣٥ کیلۆمەتر لەوێوە دوور بوو بەڕێکەوتین، لەم سەفەرەدا تەنها ((ژست)) هاوڕێیەتی ئێمەی دەکرد، رێگاکەمان زۆر خۆش و هەموار نەبوو تێپەڕین لە هەندێ کوێرەڕێ، بە تایبەت لەنێو دارستانە چڕ و پڕ لە لق و پۆپ و گەڵاکاندا کە یەکێك لە نیشانە دیارەکانی ئەم ناوچەیەیە، زۆرجار کێشەی بۆ دروست دەکردین، ئەو ناوچەیە زۆر سەخت و هەڵدێر بوو دیاربوو کە زۆر لەلایەن دانیشتووانی ئەوێوە بەکار نایەت.

هەندێ جار ناچاربووین رێی خۆمان بەنێو باخەمێوە سروشتییەکاندا بکەینەوە لەگەڵ هەر دواکەوتنێکدا، ژست بێ سەبر و حەوصەڵەیی دەنواند، ئێمە لەم هەڵسوکەوتەی ئەو سەرمان سووڕما بوو، چونکە ئەو زۆربەی کات هێور و لەسەرخۆ و خوێن سارد بوو، ئەمە یەکەم جار و کۆتا جار بوو کە ئەو لە ماوەی سێ ساڵ و نیوی دواییدا، لە حاڵەتی ئارامی و هێوری خۆی دەربچێت، ئێمە پاشتر، لە هۆکار و ئەنگێزەی بێ حەوصەڵەییەکەی تێگەیشتین.

هەر ئەو شەوە، گەیشتینە شوێنی مەبەست، زۆر شەکەت و برسی بووین چونکە بەدرێژایی ئەو رۆژە، جگە بۆ خواردنی پاروە نانێك لە نیوەڕۆدا، ئەویش بۆ چەند ساتێکی کەم نەوەستابووین.

❊ ❊ ❊

نیو سەعات بەر لە خۆرئاوابوون گەیشتینە گوندێکی بچکۆلانە کە دووسەد ماڵ زیاتری لێبوو کاتێك دانیشتووانی گوند هەواڵیان زانی کە ((ژست)) یاوەری ئێمە دەکات، هەموویان

هاتنە پێشوازی ئێمە و پیر و گەنج، گەورە و بچووك، بە سەرجەم مەڕ و ماڵاتەکانیانەوە هاتنە پێشوازیمان، وێڕای ئەوەی ببووینە مایەی گرنگی پێدانی هەمووان، بەڵام دەسبەجێ بۆمان دەرکەوت کە ((ژست)) جێی بایەخی سەرەکی خەڵکەکەیە، هەر کەسێك بەوپەڕی رێزەوە، چاك و چۆنی لەگەڵ دەکرد، پاش ئەوەی ((ژست)) چەند قسەیەکی بۆ کردن، دانیشتووانی دێ گەڕانەوە سەر کارەکانی خۆیان، ژست پرسیاری لە ئێمە کرد ئایا حەزمان لێیە لەو ماوەیەی گوندنشینەکان خەریکی ئامادەکردنی شوێنێکن بۆ خەوتنی ئێمە، لەگەڵ ئەودا بۆ جێیەك بڕۆین یان نا؟ پێنج کەس لە ئێمە لە وەڵامدا وتیان هێندە هیلاك و ماندون پێیان باشترە بڕۆن و پشویەك بدەن ئەوانیتر، لەوانە من و هەروەها ژمارەیەك لە دانیشتووانی دێ بەدوای ژست دا بەڕێکەوتین و گەیشتینە کۆتایی دەرتەنگێك کە وەك شورایەك گوندەکەی دەپاراست.

دوای تێپەڕبوون لەو شیو و دۆڵە، چویینە ناو دارستانێکی چڕ، لەوێدا زوو بە زوو رووبەڕووی مرۆڤێك بووینەوە کە لەسەر زەوی راکشابوو، لە یەکەم دیتندا، وامان زانی لاشەی مردوویەکە، بەڵام پاش وردبوونەوە، سەیرمان کرد کەسی ناوبراو لە بارێکی ئارامدا کە نیشانەی نووستن بوو، ئامادەگی هەیە و بە هیچ شێوەیەك بە مردوو نایەتە بەرچاو، ئەو جەستەیە، ژست بوو، ئەم مەسەلەیە بوویە مایەی ئەوەی ئێمە لە زۆری سەرسامی و واق وڕماوی لە شوێنی خۆماندا وشك بووین، تەواو غافڵگیر و حەیران مابووین، لەپڕێکدا لەگەڵ نزیك کەوتنەوەی ((ژست))ێك کە هاوەڵی ئێمە بوو، پەیکەرە بێ رۆحەکە گیانی بە بەردا هاتەوە و لە شوێنی خۆی هەستا، پەیکەرەکە و ژست، بۆ ساتێك، رووبەڕووی یەك وەستان، شوێنی کەمترین گومان و دوو دڵی نەبوو، هەردووکیان ژست بوون، پاشان لەناکاو ((ژست))ێك کە هاوڕێەتی ئێمەی دەکرد، لەبەرچاو ونبوو وە تەنها یەك ژست لەو شوێنەدا حزوری هەبوو هەموو ئەم پێشهاتانە لە ماوەی کەمتر لە چەند چرکەیەکدا روویدا، وابزانم نووسینی ئەم رووداوە لە خودی پێشهاتەکە زیاتر درێژەی کێشاوە، خاڵی سەیر ئەوەبوو کە هیچ کەسێك هیچ پرسیارێکی نەکرد.

* * *

ئەو پێنج کەسەی وایان پێ باشتر بوو بڕۆن پشوو بدەن، بە هەڵەداوان گەیشتنەجێ ئەوان بەبێ ئەوەی ئێمە بانگمان کردبن، هاتبوون بۆ ئەو جێیە، پاشان ئێمە هۆکاری هاتنەکەیانمان

لەو ساتەدا، لە خۆیان پرسی، وەڵامەکەیان بەم جۆرە بوو:- ((ئەسڵەن نازانین...)) ئەوان وتیان، یەکەم شتێك کە لە یادمانە ئەمەیە کە خۆمان بینی سەرگەرمی راکردنین بەرەو لای ئێوە، هیچ کام لە ئێمە، هیچی لە بیر نییە ((وەڵامی کەسێکی تر لەوان بەم جۆرە بوو: ئێمە خۆمان بینییەوە کە سەرقاڵی راکردن بووین بەرەو لای ئێوە و تا بزانین رێك خەریکی ئەنجامدانی چ کارێکین ئیدی زۆرێك لە رێگاکەمان تەی کردبوو.)) یەکێك لە ئێمە بە دەنگی بەرز هاواری کرد:- چاوەکانی من بەرادەیەك کراونەتەوە کە ئەو دیو مردنیش دەبینم، چ شتانێکی نائاسایی لای من ئاشکرابوون! یارای بیرکردنەوەم نییە!

کەسێکی تر وتی ((من دنیا دەبینم بە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مەرگدا، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە)) لەم وەختەدا پەندێکی پێشینانم بە مێشکدا هات کە هێندە روون بوو، واقم وڕما ((دواین دوژمن، مردن، ژێر دەکەوێت)) ئایا ئەمە کت و مت بەرجەستە بوونی ئەم رستەیە نەبوو؟... ئێمە هەمووومان خاوەن زەینێکی هەژار و پەستین و لەبەرامبەر پێشهاتێکی وا گەورە و لە هەمان کاتدا سادە و بێ رووپامایی، نازانین چ کاردانەوەیەکمان هەبێت، کەچی خۆمان وەك عەلامەی زیرەکی و لێزانی دەدەینە قەڵەم...! ئێمە هیچ نین مەگەر زارۆڵانێکی سادە، تازە لە مانای ئەم قسەیە دەگەیشتین: پێویستە جارێکی تر لە دایك بیتەوە. (یەکێك لە گوتەکانی حەزرەتی مەسیح بۆ شوێنکەوتووانی).

خوێنەری هێژا بێ گومان ئاگای لە شۆك و سەرسامی ئێمەیە، ئێمە بە تەواوی راڕاو دوو دڵ بووین، ئێمە لەبەرامبەر خۆماندا پیاوێکمان دەبینی کە بۆ ماوەی چەندین رۆژ هاوەڵی ئێمە بوو چەندین جۆر خزمەتی پێشکەش کردبووین، ئێستا تێدەگەیشتین هەر ئەو پیاوە، پەیکەرە لاشەکەی خۆی لەسەر زەوی خەواندووە تاوەکو دانیشتووانی گوندە چکۆلانەکە لە هەڵمەت و پەلاماری گیانلەبەرە دڕندەکان پارێزراوبن ئەو ئەم کارەی کردووە و لە هەمان کاتیشدا، کار و ژیانی وەك خزمەت کارێکی بێ کەم و کورتی و والا، درێژە پێدابوو، ئێمە هەمووومان ناچاربووین ئەم رستە لەیادنەچووە دووبارە بهێنینەوە یادی خۆمان کە دەڵێت: ((گەورەترین مرۆڤ لەنێو ئێمەدا، ئەو کەسەیە کە سەرقاڵی خزمەتکردنی ئەوانیترە)) لەو دەمە بەدواوە بوو کە ترس و بیم لە مردن لە وجودی هەر یەکێك لە ئێمەدا بۆ هەمیشە، باری کرد.

مامۆستایانی دانیشتووی ئەم ناوچەیە نەریتیان وایە لەو کاتانەدا ناوچەیەك پڕ دەبێت لە گیانلەبەری دڕندە دوو پێ یا چوار پێ، پەیکەرێك لە دارستان بەجێ دێڵن کە لەبەرامبەر

گوندەکەدا قەراری گرتووە، بەم پێیە ئەو دێ یا گوندە چکۆلانە، لە ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤ و ئاژەڵ، پارێزراو دەبن و رێك وەك ئەمە وایە کە لە سەنتەرێکی شارستانی و دوور لە مەترسی ژیان بەسەر دەبەن، زۆر بەڵگە نەویست بوو کە پەیکەرەکەی ژست بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەوێ خەوتبوو، چونکە مووی سەرو لاشەی بەشێوەیەکی زۆر درێژ بووە و باڵندە گچکەکان لە جۆرێکی تایبەت کە تەنها لە خاکی هیندستاندا چنگ دەکەوێت، لەنێوان تاڵە مووەکانی ئەودا، هێلانەیان کردبوو، ئەوان نەك تەنها ئەم کارەیان کردبوو، بەڵکو بێچووەکانیشیان لەدایك بوون و گەورەیان کردووە و ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان لە هێلانەکەیاندا باڵەفڕ ببوون و بەجێیان هێشتبوو، بە دیتنی ئەم وردەکارییانە بوو کە ئێمە بۆمان دەرکەوت پەیکەرەکەی ژست بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە لەو حاڵەتەدا، لەوێدا ماوەتەوە، ئەم جۆرە باڵندانە زۆر ترسنۆکن و بە کەمترین تەنگ پێهەڵچنین یا قاوقیژ یا جولە، لانەکەی خۆیان بەجێ دێڵن و پەنا دەبنە بەر شوێنێکی تر، ئەمە پیشانی دەدا ئەو باڵندانە چەندە متمانەیان بە لاشەکەی ژست کردووە و چەندە هۆگری بوون کە هێلانەی خۆیان لەناو تاڵە مووەکانی ئەودا چێکردووە.

پڵنگە مرۆڤ خۆرەکان، ترس و بیمێکی وا دەخەنە دڵی دانیشتووانی گوندە دوورە دەستەکان کە دانیشتووانی لادێکان واباوە دەستبەرداری هەر جۆرە تەلیسمێك بوون و لەسەر ئەم باوەڕەن کە چارەنووسی ئەوان ئەمەیە کە لەڕێی ئەو پڵنگانەوە بخورێن و پارەچە پارچە بکرێن، پڵنگەکان، بەو ئاگاییە سروشتییەی خۆیان، دێنە ناو گوندەکان و نێچیری خۆیان بە سانایی چنگ دەکەوێت، لە بەرامبەر یەکێك لەم گوندانەدا کە لە ناو جەرگەی دارستانێکی چڕ و پڕدا بوو، ئێمە توانیمان جەستەی راکشاوی پیاوێکی تر ببینین کە بۆ پاراستنی گیانی دانیشتووانی ئەوێ لە قەراغ دەروازەی چوونە ناو گوندەکەدا راکشابوو.

ئەو گوندە هەمیشە دەکەوتەبەر هەڕەشەی پڵنگە مرۆڤ خۆرەکان و تا ئێستا نزیکەی دووسەد کەس لە دانیشتووانی ئەو ناوچەیان خواردبوو، ئێمە لە نزیکەوە پڵنگێکمان بینی کە بەسەر قاچەکانی پیاوێکی خەوتودا بە یەدەگ و وریاییەکی سەیرەوە کە هەر لە ترس و وەس وەسە دەچوو، تێپەڕی و چوو بە ڕێی خۆیەوە بەبێ ئەوەی زیانێکی بە دانیشتووانی گوندەکە گەیاندبێت، دوو کەس لە ئێمە، بۆ ماوەی سێ مانگ، کەوتنە چاودێری و لێکۆڵینەوە لەم پەیکەرە نوستووە، کاتێك وادەی بەجێهێشتنی گوندەکە هاتە پێشەوە، ئەو پەیکەرە هێشتا

هەر لە شوێنەکەی خۆیدا بە وێنەی خەوتو دەبینرا و هیچ کوشت و بڕێك لە هیچ کەسێك رووی نەدابوو، ئەم پیاوە، ماوەیەکی تر، پەیوەندی کرد بە گرووپەکەی ئێمەوە و لە ولاتی تبت بە ئێمە گەیشت.

ئەو شەوە هەیەجان و هەڵچونێکی وا باڵی بەسەر ئێمەدا کێشابوو کە هیچ کەسێك جگە لە ژست خەو نەچووە چاوی، ئەو وەك منداڵێکی ساوا خەوی لێکەوت، هەندێ سات، یەکێك لە ئێمە هەڵدەستا و بەرەو لای ژست دەچوو تاوەکو ئەو لە حاڵەتی خەودا ببینێت و پاشان دەگەڕایەوە سەر جێگەکەی خۆی و دەیگوت: بێ زەحمەت چڕنوکێك لەمن بگرە تا دڵنیابم لە عالەمی خەودا نیم.

ئێمە هەر تاوە نا تاوێك وشە و رستەی زۆر زبرتریشمان بۆ دڵنیایی بەخشین بە خۆمان بەکاردەهێنا و شەومان بەم جۆرە بەسەر برد.

❊ ❊ ❊

## بەشی پێنجەم

ئێمە لەگەڵ گزنگی خۆردا هەستاین و سەرلەنوێ گەڕاینەوە شوێنی سەرەکیمان رێك بەر لە تاریکی شەو گەیشتینەجێ، ئێمە خێوەتگەمان لەژێر درەختێکی هەنجیری گەورەیی هیندیدا هەڵدا، بەیانی رۆژی دوایی، ئەمیل هاتە سەردانی ئێمە تاوەکو هەواڵ پرسیمان بکات، ئەو لە بەرامبەر رێژنەی پرسیارە زۆر و زەوەندەکانی ئێمەدا گوتی: ((بە هیچ شێوەیەك سەرسام نیم لە پرسیارەکانتان)). هەوڵ دەدەم بە باشترین شێوە وەلامی پرسیارەکانتان بدەمەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەنوکە وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکان نادەمەوە خۆم دەگرم تا لەکاتێکی گونجاودا، ئەودەمەی زیاتر بە کارەکانی ئێمە ئاشنا بوون، ئەو کاتە وەڵامتان دەدەمەوە، تکا دەکەم ئاگاداربن کە بۆ ناساندنی ئەم پرەنسیپە گەورەیە، من زمانی ئینگلیزی خۆتان بەکاردێنم، ئەم پرەنسیپە وەك بناغە و بنچینە و چاوگی سەرجەم بیروباوەڕەکانی ئێمەیە.

ئەو دەمەی هەر کەسێك لەگەڵ ((حەقیقەت))دا ئاشنایەتی پەیدا بکات و بەشێوازێکی راست و دروست بەیانی بکات، ئایا ئاشکرا و بەڵگەنەویست نابێت کە تێکڕای فۆڕم و شێوەکان لە یەك سەرچاوەوە دێن؟ ئایا ئێمە هەموومان بەشێوەیەکی لە جودا بوونەوە نەهاتوو و لێك دانەبڕاو پەیوەست نین بە خوداوەندی جیهانەوە؟ ئایا پەیوەست نین بە ماددەی جیهانگیری ئەندێشەوە؟ هەر منداڵێك، هەر مرۆڤێك ئایا ئەندامی ئەم خێزانە نییە؟ ئایا ئایین و چینە کۆمەڵایەتییەکەی بایەخی دەبێت؟ بێ گومان نەخێر.

ئێوە لەمن دەپرسن کە ئایا دەکرێت لە مردن دوور بکەوینەوە، خۆمان لە مردن لابدەین من بە قسەکانی ((سیدا))[1] وەڵامتان دەدەمەوە:- جەستەی مرۆڤ لە یەك خانە ((سلول)) دروست بووە، هەروەك جەستەی دار و درەخت و گیانلەبەران کە ئێمە وای بە باش دەزانین و هەرواش

---

(١) Siddha: بە مانای کەس یا ماهیەتێك کە هەنوکە گۆڕدراوە بۆ ((رۆحی پاك)) ماهیەتێك کە لە حاڵەتی پێشقەچوون و کامڵ بوونی زیاتر دایە.

پێمان خۆشه ئەوان به برادەرانی گەنجتر و کەمتر کامڵ بووی خۆمان بدەینه قەڵەم، یەك خانه یا ((تەك سلول))، یەکەی میکرۆسبی جەستەیە، له ڕێی پرۆسیسێکی دووباره بووەوه که له گەشه و پۆلین کردن پێکهاتووه، توخمه زۆر ورد و گچکەکەی ((تەك سلول)) دواجار دەگۆڕدرێت بۆ بوونەوەرێکی مرۆیی که له ملیۆنەها سلولی له ژماره نەهاتوو پێکهاتووه، ئەم سلولانه هەر یەکەیان له ئەرك و کارێکی جیاوازدا ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام هەندێك له تایبەتمەندییه بنچینەیی و ژیانییەکانی سلوله بەراییەکه دەپارێزێت، بەم پێیه دەتوانرێت سلولی یەکەم به عینوانی هەڵگری تروسکایی ژیانی گیانلەبەر له پێش چاوبگرین ئەم سلوله له نەوەیەکەوه بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، به شۆڵەی نهێنی و شاراوەی خواوەند و ژیان و وزه و هەستی هەر بونەوەرێکی زیندوو گیاندار هەژمار دەکرێت. شەجەرەنامەی باوباپیرانی بێ کۆتاییه و بۆ سەردەمێك دەگەڕێتەوە که ژیان و هەستی لەسەر ئەم زەوییه دەستی پێکردووه.

سلولی یەکەم له گەنجێتی هەمیشەیی بەهرەمەندە، بەڵام دەربارەی سلوله پۆلین کراوەکانی تر که له جەستەدا بوونیان هەیه و له بنەڕەتدا پەیکەری جەسته پێکدێنن دەتوانین چی بڵێین؟ گەنجێتی هەمیشەیی و جاویدان، تروسکایی شاراوەی ژیان، یەکێك له تایبەتمەندییەکانی سلولی یەکەم، که به درێژایی پۆلین کردنێکی فرەو له ژماره نەهاتووی ئەوان، خانەکانی جەسته ئەم خەسڵەتەیان له خۆیاندا هەڵگرتووه و پاراستووه بەڵام پەیکەری جەسته هەرگیز وەك پاسەوانی سلولی یەکەم چالاکی نانوێنێت پەیکەری جەسته تەنها له ماوەیەکی کورتدا، ئەویش بەو جۆرەی که ئێوه حاڵی حازر لەبەرچاوتان گرتووه، توانای ئەم کارەی هەیه. مامۆستایان و پەروەرشیارانی سەردەمی کۆنی ئێمه، لەمەڕ یەکێتی مرۆیی و کاردانەوه ژیانییەکان له قەڵەمڕەوەکانی گیانلەبەران و رووەکدا له ڕێی سروشتی خوداییەوە توانای پەی بردن به حەقیقەتیان هەبوو، زۆر به سانایی دەتوانین ئەوان لەژێر درەختێکی هەنجیری هیندی پڕ لق و پۆپدا بهێنینه بەرچاوی خۆمان که سەرقاڵی بەگێرهێنانی قوتابییەکانیان به پرسیارکردن ئەوان دەتوانن وتارێکی بەم جۆره پێشکەش بکەن! سەیری ئەم درەخته گەوره و زەبەلاحه بکەن! لای درەختی برادەرمان، هەروەها له بوونی ئێمەی مرۆڤیشدا، قۆناغەکانی دەرکەوتنی ژیان به تەواوی لێکچوون، سەیری گەڵا و گۆپکەی بەتەمەنترین درەختی هەنجیری هیندی بکەن، ئایا ئەوانه گەنج نین؟ ئایا هەروەك ئەو تۆوەی که ئەم درەخته زەبەلاحەی لێ پەیدابووه و ڕەگ و ریشێکی داکوتاوه لاو نییه؟ لەوێوه که پەرچه کرداره ژیانییەکانی هەموو ئەوانه وەك یەکن،

لەم حاڵەتەدا مرۆڤ لە توانای دایە بە دڵنیاییەوە سوود لە ئەزموونی ئەم رووەکە وەربگرێت و پەندی لێوەربگرێت، بە هەمان رێژە کە گەڵا و چرۆکانی درەختی هەنجیری هیندی لاوێتی و تەڕو پاراوی سلولی یەکەمیان هەیە، بەهەمان شێوەش ئەو کۆمەڵەخانانەی جەستەی مرۆڤ پێکدەهێنن، ئەسڵەن هیچ ناچارنین بە لەناوچوون و بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی ئەوان وردە وردە ئەنێرژی و وزەی ژیانی خۆیان تۆزە تۆزە لە دەست بدەن، بەلاسایی کردنەوەی تۆ و یا خانەی بەرایی، ئەم کۆمەڵە خانانە دەتوانن هەمیشە لاو و ئەکتیڤ بمێننەوە بەبێ ئەوەی پێویستیان بە ژاکان هەبێت، لەڕاستیدا، هیچ بەڵگەیەك بوونی نییە کە جەستەی ئادەمیزاد بە ئەندازەی ئەو تۆوە ژیان بەخشەی کە ئەوی لێهاتۆتە بوون، لاو و ئەکتیڤ و بە توانا نەبێت، درەختی هەنجیری هیندی هەمیشە زیندووە و گەڵاکانی هەمیشە سەوزە، ئەم درەختە سومبولی ژیانی جاویدانییە و تەنها بە شێوەیەکی رێکەوت گاهەس لەناو بچێت و بمرێت، لەڕاستیدا هیچ جۆرە یاسایەکی سروشتی بۆ لەناوچوون و سیس و وشك بوونی ئەو لە ئارادا نییە، هیچ رەوتێك بوونی نییە کە ببێتە مایەی پیربوونی ئەم درەختە و زیان بە ئەنێرژی و شیلەی ژیانی سلولەکانی بگەیەنێت. ئەم دۆخە بۆ فۆرم پەیکەری ئیلاهی مرۆڤیش رێك دێتەوە، هیچ یاسایەك بۆ مردن بوونی نییە، هیچ یاسایەك نییە کە پیربوون بە مەسەلەیەکی تەوزیمی بزانێت، مەگەر بە رێکەوت، هیچ پێشڤەچوون و رەوتێك بوونی نییە کە پیری بە مەسەلەیەکی خۆلیێ نەبواردو بزانێت و ببێتە مایەی ئەوەی کۆمەڵە خانەکانی مرۆڤ، وردە وردە لەکار بکەون و پەکیان بکەوێت، بەم جۆرە، مردن شتێك نییە مەگەر رێکەوتێك کە دەکرێت خۆتی لێ قوتار بکەیت. نەخۆشی، بەر لە هەرشتێك بە مانای لەدەستدانی سەلامەتییە[1] (لە زمانی هیندۆ! سانتی) سانتی شتێك نییە جگە لە ئاشتی ئارام و شادی بەخشی زەین، کە لەڕێی بیر و ئەندێشەوە لە پەیکەری جەستەیی مرۆڤدا رەنگ دەداتەوە، مرۆڤ واباوە بۆیە قۆناغی پیری و پەککەوتەیی تەحەمول دەکات کە لە رەوشی پاتۆلۆژی[2] زەین و خەیاڵ و جەستەی خۆی زانیارییەکی دروستی نییە، ئەم مەسەلەیە باس لە بێ ئاگایی و نە شارەزایی ئەو لە فاکتەرە جۆراوجۆرەکان دەکات. هەبووبی رەفتارێکی زەینی گونجاو و شایستە یارمەتی دەرە تا مرۆڤ

---

(١) سەلامەتی بە زمانی فەڕەنسی (Lasante)یە و بە زمانی هیندی (Santi)یە.

(٢) Pathologique پەیوەستە بە نەخۆشییەکان.

خۆی لە چەندەها ڕێکەوت بە دوور بگرێت، سیدا دەڵێت: مرۆڤ یارای ئەوەی هەیە توانستی جەستە بپارێزێت و خۆپارێزی سروشتی لە هەمبەر چەندین جۆر نەخۆشیدا بەدەست بێنێت و لە سەرجەم نەخۆشییە پەتاکان رزگاری بێت، نەخۆشییەکانی وەك تاعون و هەلاّمەت.

سیداکان[1] توانایان هەیە چەند جۆر میکرۆب قوت بدەن، بێی ئەوەی هیچ نەخۆش بکەون، لەبیرتان نەچێت گەنجێتی هەمان توخمی عەشقە کە لەڕێی خواوەندەوە لە شێوەی ئیلاهی مرۆڤدا چێنراوە، لەڕاستیدا لاوێتی خودایی بوونی مرۆڤی فانییە، لاوێتی هەمان ژیانی مەعنەوی و رۆحانییە، تەنها شتێکی بالاّ، هەمیشە زیندوو، مەحبوب و عاشق و هەمیشە و ئەزەلی.

پیری، دژی مەعنەوییەت و دژی رۆحانییەتە، پیری ناشیرین و کوشندە و ناواقیعییە، ئەو بیرکردنەوەی لە ئاکامی دەرد و نەخۆشیدا سەرهەڵدەدەن، ترس و خەم و پەژارەیی دەبنە مایەی دروست بوونی جۆرێك لە ناشیرینی و زانستی کە ئێمە بە پیری ناوزەدمان کردووە. بیرکردنەوەی شاد و پۆزەتیڤ بیری عاشقانە و ئامانجدار و باش دەبنە مایەی دروست بوونی جوانی و قەشەنگی یاخود لاوێتی، تەمەن و ساڵی مرۆڤ شتێك نییە جگە لە قاوغێك کە گەوهەری حەقیقەت کە هەمان گەوهەری لاوێتییە، تێیدا گیرساوەتەوە. هەوڵ بدەن منداڵی خودایی لە بوونی خۆتاندا بەرجەستە بکەن، بەر لە نووستن، بە ئامادەگی زەینێکی کاملەوە قایل بن بەوەی کە جەستەیەکی لێوڕێژ لە رەزامەندی و کامەرانی مەعنەوی و رۆحانی کە هەمیشە لاو و قەشەنگە بەهرەمەندیت، بیر لە هۆش و زیرەکیتان بکەنەوە، لە چاوەکانتان لە گوێیەکانتان لە دەم و زمانتان، پێستتان و دواجار، بیر لە پەیکەری جەستەیی منداڵی خودایی بکەنەوە، هەموو ئەم شتانە لە وجودی ئێوەدایە! بە جۆرێکی رۆحانی و کامڵ هەر لە ئێستاوە، لە ئەمشەوەوە.

هەموو ئەو شتانەی کە وتم جارێکی تر لای خۆتان دووپاتیان بکەونەوە و بەرلەوەی لە خەوێکی ئارامدا رۆبچن، کەمێك لەم خالاّنە رابمێنن و لەبیرکردنەوەودا رۆبچن. لە دەم بەیاندا، هەر کە لە خەو هەستان بە دەنگی بەرز بە خۆتان بڵێن: باشە... خۆشەویستم، لە وجودی تۆدا کیمیاگەرێکی ئیلاهی بوونی هەیە.

پاش ماوەیەك و بە دووبارە کردنەوەی ئەم رستە دڵنیاکەرەوانە، گۆڕانکاری و وەرچەرخانی شەوانە روودەدات. زەین والاّ دەبێت و لە ناخەوە، پەیکەری رۆحانی لە خۆی دەگرێت و پەرستگای رۆح داگیر دەکات، بە هەمان شێوە توخمە زێڕینەکان پیتێکی نوێیان دەرکردووە کە

(١) مەبەست لێی مرۆڤە پاك و بێگەردەکانە کە خاوەن ماهیەتێکی نیمچە خوداین.

بەردەوام لاو و تەڕ و پاراو دەبێت و هەروەهاش دەمێنێتەوە، لەڕاستیدا دەرکەوتەکانی عەشقی ئیلاهی هەمان گەنجێتی جاویدانە، کیمیاگەری ئیلاهی کە لە پەرستگای ڕۆحی من دایە، هەمیشە سەرەمرِ سەرقاڵی دروست کردنی سلولە نوێیەکانن کە هەموویان جەحێڵ و قەشەنگ و باڵان، زەینی گەنجێتی خواز، لە پەرستگای ڕۆحی مندا شوێنی خۆی دەگرێت و هەموو شتێك ڕوو لە باشییە، ام سانتی! سانتی! سانتی![1]

(ئاشتی! ئاشتی! ئاشتی!)

هەوڵ بدەن زەردەخەنەی نەرم و نیانی منداڵێکی ساوا فێر بین، خەندەیەك لە قوڵایی ڕۆحدا کە وەك ئارام بەخش و هیورکەرەوەیەکی ڕۆحانی و مەعنەوی دێتە هەژمار. خەندەیەکی ڕاستەقینە کە لە جوانییەکی گەورە بەهرەمەندە، ئەمە هەمان شاکاری کەم وێنەی مامۆستای جاویدانەی ناخە، باشە کە هەمیشە دووبارەی بکەنەوە! بیر و ئەندێشەی چاك بۆ سەرتاسەری جیهان ڕەوانە دەکەم خوایە گیان! کارێك بکە کە سەر لەبەری جیهانی هەستی، شاد و جێگای بەزەیی و میهرەبانی تۆ بێت!))

هەمیشە بەر لە دەسپێکردنی کاری ڕۆژانەتان، باشە بۆ خۆتانی دووپات بکەنەوە کە لە وجودی ئێوەدا وێنەیەکی بێ کەم و کورتی و کامڵ حزوری هەیە، وێنەی ئیلاهی، بە خۆتان بڵێن: ((هەنوکە بەو جۆرەم کە پێم خۆشە وابم، من هەموو ڕۆژێك، توانای دیتنی بوونی بەرز و باڵای خومم هەیە، تا ئەو ڕادەیەی تیشك دانەوەی لەسەر پەیکەری جەستەیی من ڕەنگ بداتەوە، من زارۆڵەیەکی ئیلاهیم و پەروەردگاری جیهان لە ئێستا و بۆ هەمیشە، وەڵامی سەرجەم داخوازییەکانی من دەداتەوە)).

هەوڵ بدەن فێر بن پڕ لە لەرینەوەی پۆزەتیڤ بن، بۆ خۆتانی دووپات بکەنەوە کە عەشقی بێ پایان زەین و بیری ئێوەی پڕ کردووە و حاڵەتی کامڵ و بێ کەم و کورتی ئەو عەشقە بۆتە مایەی هەژاندنی پەیکەری جەستەیتان، لە خۆتاندا، تەنز، گەشە پێبدەن، لە تیشکی خۆر چێژ وەربگرن.

هەموو ئەم قسانە، لەو ڕێنماییانەی کە ((سیدا))کان بە قوتابییەکانیان دەیلێنەوە، وەرگیراون، تیۆر و فەلسەفەکەی ئەوان، لە هەر تیۆریایەکی تر بە تەمەنترە و لە پێشینەیەکی

---

(١) om santi: وشەی ((أم)) بە پێی ڕوونکردنەوەکانی لامای تبتی لوبسانگ ڕامپا وشەیەکی زۆر بە توانا و شکۆمەندە، دەربڕینی دروستی (OH, M) یە بە جەخت کردنەوە لەسەر دەنگی ((ه)) و دروست کردنی لەرینەوەیەکی درێژ خایەن و گونجاو.

کۆن بەهرەمەندە. فەلسەفەیەك کە هەزاران هەزار ساڵە بوونی هەیە، تەنانەت لە سەردەمەکانی پێش مێژوو تەنانەت بەر لەوەی مرۆڤ بە هونەرە زۆر سادەکانی سەردەمی شارستانی ئاشنا بووبێت. ((سیدا))کان لەو سەردەمەدا، بۆ ئەملا و ئەولا دەڕۆیشتن و بەو وتارانەی کە پێشکەشیان دەکرد، باشترین شێوازی ژیانیان پیشانی مرۆڤەکان دەدا.

ئەو دەوڵەتە جۆراوجۆرانەی کە لەسەر بنچینەی پۆلین کردنە جیاوازەکان سەریان هەڵدان لەم فەلسەفەیەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام سەرۆکەکانیان بە زوویی فەرامۆشیان کرد کە خواوەند لەڕێی ئەوانەوە لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا دەکەوتە قسە و گفتوگۆ، ئەوان ئەم باوەڕەیان لا دروست بوو کە خۆیان بەدیهێنەری ئەم هەموو شاکارە جوانانە بوون... و بوونە مایەی ئەوەی تاوەکو لایەنی رۆحانی و مەعنەوی فەرامۆش بکرێت و لە بیریان بچێتەوە کە هەموو شتێك یەك تاکە سەرچاوەی هەیە، سەرچاوەیەك کە بە ((خودا)) ناوزەد دەکرێت، ئەم سەرکردانە، بەشێوەیەکی کەسی و ماتریالیستیانە، خۆیان دەرخست، دەربڕین و بیروباوەڕی کەسی ئەم سەرکردانە، مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی و فرەیی بوو لە بیر و ئەندێشەکاندا، بەلای ئێمەوە ((تاوەری بابل)) بە مانای سەرهەڵدانی ئەم قۆناغەیە.

بە درێژایی رۆژگار ((سیدا))کان شێوازێکی راست و دروستیان گرتەبەر، شێوازێك کە خوداوەندی جیهان لەڕێی ئەوەوە لەگەڵ مرۆڤەکاندا پەیوەندی دروست دەکرد و لەگەڵ سەرجەم مەخلوقاتەکانیدا دەکەوتە راز و نیاز و گفتوگۆ، ((سیدا))کان هەرگیز لە بیریان نەچوو کە ئەوە پەروەردگاری جیهانە کە هەموو شتێکە و لە هەر شتێکدا بوونی هەیە، لە هەموو شتێکدا خۆی دەنوێنێت و لەوێوە کە ئەوان هەرگیز لەڕێگای راستی ئەم فەلسەفەیە لایان نەدا، سەرکەوتوو بوون لە پاراستنی پایە سەرکییەکانی ((حەقیقەتی رەها)).

❊ ❊ ❊

## بەشی شەشەم

لەو رووەوە کە بڕیار بوو کارێکی زۆر گەورە بەر لە پەڕینەوە لە زنجیرە شاخەکانی هیمالایا بە ئەنجام بگەیەنین، گوندی ((ئاسماھ)) بە باشترین شوێن هاتە بەرچاومان، دۆستێك کە لە دەسپێکی گەشتەکەدا، لای ئەمیل، لە گوندی ((پوتال)) بە جێمان هێشتبوو، دواجار گەیشتەوە بە ئێمە، ئەو بە ئێمەی وت عەسری ئەو رۆژەی کە بڕیار بوو ئەمیل بێت بۆ پێشوازیمان، تا نزیك کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ لەگەڵ ئەودا بە گەرمی خەریکی وتووێژبوو، کاتژمێر چوار ئەمیل پێی وتبوو کە دەبێت بڕوات بە سەروەختی بەڵێنەکەیەوە، پەیکەرەکەی ئەو دەسبەجێ بێ بزەست و بێ گیان کەوتووە و لەسەر دۆشەکێك لێی راکشاوە و وادیارە خەوی لێکەوتبوو، ئەو نزیکەی سێ کاتژمێر بە هەمان شێوە مابوویەوە پاشان وردە وردە دیار نەماوە و دواجار لەبەر چاوی ئەو ون بووە، رێك هاوکات بوو لەگەڵ ئەودەمەی کە ئەمیل لە ((ئاسماھ)) پێشوازی لە ئێمە کردبوو. وەرزی گەرما، هێشتا هێندە نەهاتبووە پێشەوە کە ئێمە بتوانین لە شیو و دۆڵە شاخاویە بەفرگرتووەکان بپەڕینەوە، من لە راناوی ئێمە سوودم وەرگرت چونکە مەبەستم ئەندامانی گرووپە بچووکەکەمانە کە وردە وردە بەم ئاکامە گەیشتبووین کە ئێمە جگە لە بوونەوەرانێکی پڕ لەسەر ئێشە و هیچ لە بارانە بوو نین ئەو سێ دۆستە گەورە و بەڕێزەی ئێمە، بێ گومان لە توانایاندا بوو لە ماوەیەکی زۆر کەمتر لە ئێمە، لەو ناوچانە بپەڕنەوە، بەڵام ئەم کارە لە ئێمە نەدەهات، لەلایەکی دیکەوە، هیچ کام لە سێ هاوەڵە هیندۆسەکەی ئێمە، لەم مەسەلەیە ناڕەحەت نەبوون و گلەیی و گازەندەیەکیان دەرنەدەبڕی، من بە ئەنقەست ئەوان بە گەورە و رێزدار ناودەبەم چونکە ئەوان بەڕاستی خاوەن رۆحیەتێکی گەورە و پایەبەرزبوون، ئێمە گەشتی کورتخایەنی زۆرمان ئەنجامدا، هەندێ سات لەگەڵ ژستدا دەڕۆیشتین، هەندێ جار نیپرۆ لەگەڵ ئێمەدا دەهات لە هەر سەفەرێکدا، ئەوان هەر جارەی

بەڵگەی بەرجەستە و بەرچاویان لە خەسڵەتی بەرز و نائاسایی خۆیان نیشانی ئێمە دەدا، لە یەکێك لەو سەفەرانەدا، بڕیاربوو بچینە گوندێك کە پەرستگایەکی بەناوی ((پەرستگای سکوت)) یاخود ((پەرستگایەك کە بەدەست دروست نەکراوە)) تێدابوو، لەو گوندەدا، نەك تەنها پەرستگا، بەڵکو ماڵی ڕۆحانییە خزمەت گوزارەکانیش هەر لەو پەرستگایەدا بوو گوندی ناوبراو کەوتۆتە شوێنێك کە لە سەردەمی کۆندا، شوێنی گوندێکی تر بوو کە سەرجەم دانیشتووانەکەی، بەهۆی هێرش و پەلاماری گیانلەبەرە دڕندەکان و جۆرەها نەخۆشی پەتاوە، لەناوچوون، لەم گەشتەدا، ئەمیل ژست ونیپرو هاوڕێیەتی ئێمەیان دەکرد، ئەوان بە ئێمەیان وت کە ((مامۆستایان)) لەکاتی سەردانی ئەم گوندەدا، هیچ بونەوەرێکی زیندوویان نەبینیووە، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی سێ هەزار کەس بووە، تەنها چەند کەسێك بە سەلامەتی گیانی خۆیان دەربازکردبوو کە لەلایەن مامۆستایانەوە چارەسەریان بۆ کرا، دوای ئەو ڕووداوە پەلاماری ئاژەڵە دڕندەکان و بڵاوبوونەوەی چەندەها جۆر نەخۆشی کوشندە لەو گوندە بڕابوو.

پاشماوە تاك و تەراکانی گوندەکە نەزریان کردبوو مادام بە سەلامەتی رزگاریان بووە لە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان دەربازبن، بچنە ریزی خزمەتگوزارەکانی پەروەردگارەوە، بەشێوەیەك کە خودی پەروەردگار بۆیان دیاری بکات سەرقاڵی خزمەت کردن بن، مامۆستاکان، پاش ماوەیەك ئەوێیان بەجێهێشت، دوای ماوەیەك، لەکاتی گەڕانەوە بۆ ئەوێ، پەرستگایەکیان بینی کە لەڕێی پاشماوەکانەوە دروست کرابوو وە هەر یەکێك لەوانە، سەرگەرمی ئیشێك بوو کە لە پێناو رەزامەندی پەروەردگاردا ئەنجامی دەدات ئەو پەرستگایە، بەڕاستی جوانە، لەسەر پانتاییەکی بەرفراوان و بێ سنوور لە ناوچەیەکی بەرزدا، ئەم پەرستگا دڵگیرەی باسی لێوە دەکەین هەڵکەوتووە، دەیڕوانی بەسەر دەشت و دەوروبەرکەیدا، ئەو پەرستگایە لە بەردی سپی دروست کرابوو پێشینەیەکی زیاتر لە ٦ هەزار ساڵی هەیە، ئەو پەرستگایە هەرگیز پێویستی بە چاکسازی نەبووە، گەر هاتوو کەسێك، ئەو بەردە بچووکانەی کە بەسەر گوێسە پانەی ساختمانی پەرستگاکەوە دانراون، دەربهێنێت یاخود بەشتێك بیان شکێنێت، لەناویان ببات، ئەو بەردانە، خۆ بەخۆ چاك دەکرێنەوە و جارێکی تر شوێنی خۆیان دەگرنەوە، ئێمە لە نزیکەوە ئەم تاقیکردنەوەمان ئەنجامدا و ڕووبەڕووی راستی قسەی دانیشتووانی ئەو شوێنە بووینەوە.

* * *

ئەمیل لە پاڵ پەرستگاکەدا گوتی: ئێرە ((پەرستگای بێدەنگییە)): شوێنگەی هێز و دەسەڵات، چونکە بێ دەنگی موورادیفی هێزە، ئەودەمەی ئێمە لە زەینی خۆماندا، دەگەینە شوێنی بێدەنگی، گەیشتووینەتە شوێنگەی هێز، لەوێ، هیچ شتێك نییە تەنها یەکبوون نەبێت، مەگەر دەسەڵات و هێزی تاك و تەنها، مەگەر خواوەند (بێدەنگی) هەڵبژێرن و بزانن کە من پەروەردگای ئێوەم)) دەسەڵاتی پەرش و بڵاو یەکسانە بە قیژ و قاو، لەکاتێکدا ئەو چرکەساتەی ئێمە تەرکیز دەکەین، کاتێك وزە و تواناکانمان بۆ یەك سەنتەری ئینێرژی دەبەین، لە بێدەنگیدا، لەگەڵ خواوەنددا پەیوەندی بەرقەرار دەکەین، ئێمە بە ئەوەوە پەیوەستین، لە ئاکامدا پەیوەستین بە هەر هێز و دەسەڵاتێکەوە، ئەمە میراتی راستەقینەی مرۆڤە: ((من و پەروەردگار لە یەکێك زیاتر نین)).

تەنها شێوازێك کە دەکرێت خۆت لەگەڵ دەسەڵاتی پەروەردگاردا یەکبخەیت و پەیوەست بکەیت، بەشێوەیەکی ئاگایانە چوونە ناو پەیوەندی لەگەڵ خواوەندی پەروەردگای جیهاندا، ئەم کارە مەحاڵە لە دەرەوە ئەنجام بدرێت چونکە خودا لە ناوەوە سەرچاوە دەگرێت ((پەروەردگار لە پەرستگا پیرۆزەکەی خۆی دایە، ئەی دانیشتووانی سەرتاسەری زەوی، لە ئاسانەی پەروەردگاردا هەمووتان بێدەنگی هەڵبژێرن)).

ئێمە پێویستە سەرنج و گۆشە نیگامان لە دەرەوە، بە ئاڕاستەی بێدەنگی ناخ و دەروون ببەین جگە لەمە، هەرگیز ناتوانین ئومێدەواربین یەککگرتنێکی ئاگایانەمان لەگەڵ خودای خۆماندا هەبێت، لەو کاتە دایە تێدەگەین هێز و دەسەڵاتی خودا لە دەستی ئێمە دایە و بەشێوەیەکی هەمیشەیی سوودی لێوەردەگرین، لەو ساتەدایە کە تێدەگەین پەیوەستین بە دەسەڵاتی خوداوە و تا چ رادەیەك لەگەڵ ئەودا یەکێکین دەتوانین بگەینە دەرك کردنی مرۆڤایەتی، مرۆڤ لە هزری نارەوای خۆی سەبارەت بە خۆپەرستی و لە خۆبایی بوون، دەست هەڵدەگرێت، هەست بە نەزانی، سووکی و بچووکی خۆی دەکات، دواجار ساز و ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی رێنمایی پێویست، مرۆڤ تێدەگات کە هەرگیز ناتوانرێت شتێك فێری کەسێکی لەخۆبایی بکرێت، و تەنها مرۆڤە خاکییەکانن کە دەتوانن پەی بە حەقیقەتی رەها ببەن، تەنها لەم ساتە وەختەدایە کە مرۆڤ پێیەکانی لە شوێنێکی تۆکمە جێگیر دەبێت و هەرگیز نالەرزێت و سەرەنجام هەستی هاوسەنگ بوون و میانەڕەوی و توانای بڕیاردان بەدەست دێنێت.

لە سەرەتادا رەنگە دەرککردنی ئەم واقیعە دژوار بێت، کە خواوەند تاکە هێز و دەسەڵاتە، تەنها ماددەیە، تەنها ئاوەز و زیرەکییە، بەڵام ئەودەمەی کە مرۆڤ، وردە وردە

پەی بە سروشتی راستەقینەی خوداوەند ببات و بەشێوەیەکی ئەکتیڤ لە ناخی خۆیدا بۆ دەرەوەی بنێرێت، ئەم هەلەی بۆ دەڕەخسێت و رادێت لەسەر ئەوەی بەردەوام سوود لەم توانایە وەربگرێت، تەنانەت لەکاتی نان خواردن، راکردن، هەناسەدان و دواجار لە دەمی ئەنجامدانی گەورەترین ئەرکەکانی ژیانیدا.

مرۆڤ هێشتا فێرنەبووە کە کارە گرنگ و بایەخدارەکانی پەروەردگار بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی توانای دەرککردنی گەورەیی و فراوانی دەسەڵاتی خودایی نەبووە و نازانێت کە مرۆڤ دەتوانێت سوود لەم دەسەڵاتە وەربگرێت تاوەکو کارە بچووکەکانیش ئەنجام بدات.

خواوەندی جیهان هەر کەسێك بکەوێتە گەڕان بە شوێن ئەودا لە بەرامبەر هەمووواندا سەربەرزی دەکات و پاداشتی دەداتەوە، بەو مەرجەی خوازیارەکە ئەوی لە خەڵوەتی دڵی خۆیدا بدۆزێتەوە و هەر لەوێش بیپارێزێت، ئایا دەزانێت حەزرەتی عیسا چەند جار جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردەوە و لەمەڕ پەیوەندی کەسی مرۆڤ لەگەڵ خوای خۆیدا قسەی کرد؟ حەزرەتی عیسا ئەم پەیوەندی بەرقەرارکردنەی بۆ خۆشی ئەنجام دەدا و بەردەوام بەبێ وەستان و بە ئاگایی تەواوەوە دەیپاراست، ئەو لەگەڵ خودا، هەروەك بەرامبەرێکی زیندوو ئامادە ئاخافتنی دەکرد، تێبینی دەکەیت دوای دروست کردنی ئەم پەیوەندییە دەروونییە کە زۆر شاراوە و نهێنی بوو لە چ توانستێکی گەورە بەهرەمەندبوو.

ئەو بۆی دەرکەوتبوو کە خوداوەند لە ناو ئاگر، یا بەفر و زریان یا بومەلەرزەدا قسە ناکات بەڵکو لە قوڵترین گۆشەی رۆحی ئادەمیزاد، بەدەنگێکی هێواش و لەسەرخۆ قسە دەکات ئەم مەسەلەیە، دەبێتە مایەی دروست بوونی هاوسەنگی و میانەڕەوی فیکری، مرۆڤ فێردەبێت تا کۆتایی هەر فیکر و ئامانجێك بڕواتە پێشەوە و هەر لەم رێڕەوەدا هزرە کۆنەکانی ون دەبن، و هزری نوێ و تازە شوێنیان دەگرنەوە مرۆڤ تێبینی دەکات ئەم سیستەم و پەیوەندییە، چەندە سانا و ساکارە، بەم پێیە مرۆڤ رادێت کە سەرجەم کێشە و گرفتە هەستیارەکانی لە ساتی بێدەنگی و پەرستشدا کۆبکاتەوە و بە قوڵی بیریان لێ بکاتەوە، شیمانەی ئەوە هەیە کە مرۆڤ نەتوانێت تەواوی ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەر بکات، بەڵام کەم کەم لەگەڵیان رادێت چیتر پێویست کات بە پەلە و شڵەژاوی سەرقاڵی کاربێت و سەر لەبەری رۆژەکەی بەم هەست و دڵەڕاوکێوە کە لە ئامانجە سەرەکییەکەی دوورکەوتۆتەوە، بە ململانێ و نارەحەتی بەسەریان ببات

هیچ بوونەوەرێك زیاتر لە خودی مرۆڤ، بۆ ئادەمیزاد نهێنی ئامێز و نامۆنییە، ئەگەر پێت خۆش بێت لەگەڵ ئەم غەریبە نەناسراوەدا زیاتر ئاشنایەتی پەیدا بکەیت، بەسە کە بچنە نووسینگەی ئیشەکەتان، دەرگاکە دابخەن، لەو شوێنەدا، لەگەڵ ترسناکترین دوژمنی خۆتدا رووبەڕوو دەبیتەوە و وردە وردە فێر دەبیت کە زاڵ بیت بەسەریدا لەو جێگایەدا، لەگەڵ ((من)) راستەقینە، لەگەڵ خۆشەویستترین دۆست و هاودەمی خۆتدا ئاشنا دەبیت، بە هەمان شێوە لەگەڵ ئاقڵترین و داناترین مامۆستا و پەروەرشیاردا، لەگەڵ راوێژکارێکی زۆر متمانە پێکراو و شیاوی دڵنیایی... کە هیچ کەسێك نییە جگە لە خۆتان، ئەوی، هەمان ئەو میحرابەیە کە شۆڵەی هەمیشە رووناکی خواوەند، سەرچاوەی تیکڕای جوانیەکان و هێزەکان و دەسەڵاتەکان تێیدا گیرساونەتەوە، بەم جۆرە مرۆڤ تێدەگات کە خواوەند لە قوڵترین شوێنگەی بێدەنگیدا حزوری هەیە.

هەر لەو جێیەدا، لە قوڵایی ناخی مرۆڤدا، پیرۆزترینی پیرۆزەکان حزوری هەیە، شوێنێك کە سەرجەم خواست و حەزە مرۆییەکان، لە فیکردا تەجەلی دەکەن بەرەو لای خودا و دواجار، لەگەڵ نیاز و خواستی ئیلاهیدا ئاوێتە دەبن لەو جێیەدا، مرۆڤ بە گەرمی و نزیکی پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ ئاشنا دەبێت و ناسینێك لە زەین و جەستە بەدەست دێنێت، مرۆڤ پەی دەبات بەوەی ئەم دوالیزمە روکاریەی کە هەیە، لەڕاستیدا بچووکترین واقیعیەتی نییە، ئەم بۆچوونە هەڵە تەنها لە زەینی مرۆڤدایە کە رەگی داکوتاوە چونکە لە حەقیقەتدا تەنها یەك یەکیەتی بوونی هەیە و بەس.

خواوەند لەسەرجەم ئاسمانەکان و زەوی دایە، ئەمە ئەو حەقیقەتە بوو کە یەعقوب لە بێدەنگیدا، پەی پێ برد، ئەو تا ساتەوەختی بەر لەم ئاگاییە، لەسەر تاوێرە بەردەکانی ماددیگەرایی خەوتووە و سەری خستبووە سەر زەوی، ئەو لەچرکەساتێکی شکۆداردا، و لە حاڵەتێکدا کە نوری ئیلاهی بەڕووی ئەودا هەڵدەهات، تێگەیشت کە لە دەرەوە هیچ شتێك نییە مەگەر مانڤێستی وێناکردنێك کە لە ((ناوە))وە فۆڕمەلە بووە ئەو بەجۆرێکی وا کەوتە ژێر کاریگەرییەوە و گۆڕانی بەسەرداهات کە هاواری لێ بەرزبوویەوە ((بێ گومان خواوەند لێرەدایە، لە کاتێکدا من لەم مەسەلەیە بێ ئاگابووم، ئەمەش ((دەرگا))ی ئاسمانەکانە!))

خەڵك، بە لاساییکردنەوەی یەعقوب تێدەگەن ناسینی ((قاپی)) ئاسمانەکان تەنها لەڕێی وێژدانێکی بە ئاگاوە هەموار و سانایە. بەر لە گەیشتن بە شوێنگەی نهێنی و زۆر کپ و مات و بێدەنگی خواوەندی بەرز و باڵا، پێویستە هەر کام لە ئێمە بە ((پەیژەی ویژدان)) دا

سەرکەوین پلەکانەیەك کە لە ئیلهامێکی ئاشکرادا، لای حەزرەتی یەعقوبیش ئاشکرا بوو بوو دەشێت دەرك بکەین کە ئێمە لە سەنتەری هەر جۆرە مەخولقێکداین لەگەڵ تەواوی شتە بینراو و نەبینراوەکاندا کە هەر هەموویان لە حزوری هەمیشە حازر و ئامادەی پەروەردگاردا قەراریان گرتووە و لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە یەکگرتوو وابەستەین. لەو ئیلهامە نیمچە بینینەدا یاخود بەجۆرێك، لەو موکاشەفەدا، یەعقوب پلەکانەیەکی بینی کە زەویی بە ئاسمانەوە دەبەست و فریشتەکانی خودا بەو پەیژەیەدا سەردەکەوتن یا بە پێچەوانەوە دەهاتنە خوارەوە، ئەمە بە مانای ئەفکاری خوداوەند بوو کە لە جەوهەری زەین دا بە ((شێوە)) شێوەی خۆیان دەگۆڕی پاشان هەمدیس بۆ هەمان ئەندێشەی ناياب و رەسەن دەگەڕانەوە هەر ئەم ئیلهامەش هات بۆ حەزرەتی عیسا، ئەو دەمەی کە ((ئاسمانەکان لە بەرامبەری دا چوونە پەراوێزەوە)) و یاسای سەرو ئاسایی ((بەیان)) ((دەرکەوتن)) ((دەربڕین)) بۆ ئەو ئاشکرا بوو، یاسایەك کە بە گوێرەی ئەو، ئەو فیکر و ئەندێشانەی لە ئەندێشەی ئیلاهییەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆ دەرکەوتن و فۆڕمەلە بوون لە حاڵەتی نائاسایی خۆیان دێنە دەرەوە، ئەم یاسایە بەحاڵەتێکی وا کامڵ و بێ کەم و کورتی لای ئەو ئاشکرا بوو کە ئەو پەیامبەرە دەست بەجێ تێبینی کرد کە شیمانەی گۆڕین و وەرچەرخانی سەرلەبەری شێوەکان، بە گۆڕینی حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی ویژدان لە بەرامبەر ئەو شێوە و فۆرمانەدا، بوونی هەیە.

ئەو سەرەتا کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر هەموو بەردەکان بگۆڕێت بۆ نان تاوەکو تاسەی برسێتی دامرکێنێتەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم ئاگایی و ئیلهامەدا ئەو گوزارشت و مانای راستەقینە و وردی ((یاسا))ی بۆ دەرکەوت، بەرد وەك هەر شتێکی دیکەی شیاوی بینین کە لەسەر زەوی بوونی هەیە، لە شیرەی ((ئەندێشەی پەیوەست بە جیهانی هەستی)) یا هەمان ئەندێشەی خودایی یا بە جۆرێکی سادەتر، لە خواوەندەوە سەرچاوە دەگرێت، بەرد، مانفێست و گوزارشتی واقیعی ئەندێشەی ئیلاهییە، هەر شتێکی خوازراو، کە هێشتا فۆرم و شێوەی نییە، لە هەمان شیلە یا ماددەی ئیلاهیدا حزوری هەیە ئامادەی دروست و بوون هاتنە دەرەوەیە تاوەکو بتوانێت هەر خواست و ئارەزوویەك دەستەبەر بکات، پێویستی بوونی نان بۆ نەهێشتنی برسێتی، یارمەتیدەربوو تا ئەم خاڵە بسەڵمێنێت کە ماددەی پێویست و پێکهێنەری نان، لە دەست پێڕاگەیشتنی مرۆڤ دایە و بەرێژەیەکی دیاری نەکراو بوونی هەیە، ئەم ماددەیە یا گەوهەری هەر شتێك، دەتوانێت بگۆڕدرێت بۆ نان یا بەرد، کاتێك مرۆڤ خوازیاری چاکە بێت، خواستەکەی لەگەڵ خواوەندا یەکێکە، ماددەی خودایی کە لە جیهانی هەستیدا هەیە و

دەورەی ئێمەی داوە خاوەن سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو بێ کۆتاییە و هەموو ئەوەی بۆ دابینکردنی ئارەزوو یا خواستی خێرخوازانە پێویست بێت، دەیخاتە بەردەستی ئادەمیزاد، بەم پێیە بەسە کە ئێمە فێربین لەوەی کە خودا پێشتر بۆ ئێمەی دروست کردووە کەڵك وەربگرین، خوداوەند پێی خۆشە کە ئێمە بۆ قوتاربوون لە سنووربەندییەکان ئەوپەڕی کەڵك و سوودی لێوەربگرین و بگۆڕدرێین بۆ بوونەوەرێکی ((لەڕادەبەردەر ئازاد)).

کاتێك عیسا بە حەوارییەکانی دەوت ((من دەرگام)) دەیویست بڵێت کە رستەی ((من هەم)) لە هەر رۆحێکدا بەو دەرگایە هەژمار دەکرێت کە خودا لەڕێی ئەوەوە ژیان و دەسەڵاتی بێ پایان و شیلەی خۆی لەڕێی هەر کەسێکەوە، بەیان دەکات، رستەی ((من هەم)) بە یەك شێواز بەیان دەکرێت کە چوار قۆناغ لەخۆ دەگرێت ١- فیکر یا وێناکردنی گشتی ٢-ئەندێشەو خەیاڵ ٣- گوفتار ٤- کردار. ئەم توانایە، ئەم ماددەیە، ئەم توخمە، ئەم شیعر و درایەتە لەڕێی ویژدانی مرۆڤەوە فۆرمەلە بووە، هەربۆیە کە مامۆستا[1] گوتەیەتی ((بەگوێرەی رێژەی باوەڕتان، هەموو شتێك روودەدات)) یا ((هەموو شتێك بۆ کەسێك کە ئیمان و بڕوای هەیە، شیمانەی هەیە)).

بەم پێیە خواوەند وەك توانا، رەگەز، مادده و شعور لە رۆحی ئادەمیزاددا شوێنی هەیە، ئێمە بینیمان کە خودا لەڕێی ویژدانی مرۆڤەوە یە گەڵاڵە دەبێت. و ویژدان، کەسێك نییە جگە لە مرۆڤ، ویژدانی مرۆڤ لە فیکر و ئەندێشەی بێ کۆتایی پەروەردگاردا قەراری گرتووە و لە بۆچوونێکی گشتی و بیروباوەڕێك، کە لە فیکردا بوونی هەیە، دەردەکەوێت، بڕوابوون بە جودایی لەگەڵ فیکری ئیلاهی دایە کە دەبێتە مایەی دروست بوونی پیری و پەککەوتوویی و دواجار مردنی جەستەیی. بزانن کە فیکری ئیلاهی هەموو شتێکە، و فۆرم، سەرەمڕ و بەجۆرێکی بێ کۆتایی لە هەمان فیکرەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەم پێیە دەتوانێت دەرك بکەن هەموو ئەوەی لە زەین و خەیاڵ هەڵقولاوە، هەمان زەین و خەیاڵە.

ویژدان و مەعریفەی مرۆیی، دووەم حەقیقەتی گەورەی جیهانی هەستی ئاشکرا دەکات، ئەمەی کە هەر کەسێك، وەك ((فیکرێك)) لەلایەن ((ئەندێشەی ئیلاهی))یەوە هەروەك

(١) مەبەست حەزرەتی عیسایە.

((ئایدیایەکی))[1] کامڵ و بێ کەم و کورتی لەناو ئەم ئەندێشەیەدا هەڵگیراوە. هیچ کەسێك توانای نییە خۆی دروست بکات، ئێمە هەمووومان بەشێوەیەکی بێ کەم و کورتی و کامڵ خەلق کراوین، ئێمە هەمیشە بە عینوانی بونەوەرانێك و دروست کراوێکی ((کامڵ))، لە ((ئەندێشەی کامڵی خودایی))دا دەمێنینەوە، کاتێك ئەم بۆچوون و وێناکردنە، ویژدانی هۆشیاری ئێمە گیرۆدەی خۆی دەکات، ئێمە لەگەڵ ئەندێشەی ئیلاهیدا دەکەوینە پەیوەندی و لەو دەمەدا دەتوانین خۆمان، هەموو ئەوەی کە خوداوەندی جیهان پێشتر بۆ ئێمەی دروست کردووە، بخولقێنین و قەوارەی پێبدەین، ئەمە ڕێك هەمان ئەو شتەیە کە حەزرەتی عیسا، بە مانای لەدایك بوونەوەیەکی نوێ ناودێری دەکرد، ئەمە ئەو خەڵاتە گەورەیە کە بێدەنگی بە ئێمەی بەخشیوە، پەیوەندی ئێمە بە ئەندێشەی ئیلاهییەوە، دەرفەتمان پێدەدات کە لەڕێی ئەو ئەندێشەوە لە بیرکردنەوەدا ڕۆبچین، خۆمان بەو جۆرەی کە لە حەقیقەتدا هەین بناسین، مرۆڤ بە پەرستش و تێڕامانی راستەقینە دەتوانێت لەگەڵ ئەندێشەی ئیلاهیدا پەیوەندی بەرقەرار بکات و شێوازی دەربڕین و گوزارشت لێکردنی واقیعی دروست بکات.

حاڵی حازر، ئێمە بە بیروباوەڕە هەڵەکانی خۆمان، شێوازێکی دەربڕین و گوزارشت لێکردنی هەڵەمان دروست کردووە، بەڵام گەر هاتوو ئەم شێوازە، کامڵ یاخود بە پێچەوانەوە دوور بێت لە کەماڵ، ماهیەتی ئەم شێوازە هەمدیسان هەمان، دەسەڵات، ماددە، رەگەز و دڕایەت و شعوری کامڵی خوداوەندە لەڕاستیدا قسە لەسەر گۆڕینی ماهیەت و جەوهەری ئەم شێوە نییە، بەڵکو دەبێت ئەو فۆرم و شێوەی ماهیەتمان پێداوە بگۆڕین، بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێت ئەندێشەمان نوێ بکەینەوە، بۆچوونێکی ناکامڵ بگۆڕین بۆ بۆچوونێکی کامڵ، هزری مرۆیی بگۆڕین بۆ هزری خودایی، بەم پێیە، پێویستییەکی زۆر دێتە گۆڕێ تا خودا بدۆزینەوە، پەیوەندی لەگەڵدا بەرقەرار بکەین، لەگەڵیا یەکبگرین و دواجار لە ناخی خۆمانەوە بینێرینە دەرەوە.

بێدەنگیش لە بایەخێکی کەمتر بەهرەمەند نییە، پێویستە هێزی بیرکردنەوەی کەسەکە ناچار بە بێدەنگی بکەین تاوەکو ڕێگە بە ئەندێشەی ئیلاهی بدەین کۆنەست و وێژدانی مرۆڤ بە تەواوی شکۆمەندی و سەروەرییەوە ڕووناك بکاتەوە ئیدی لەو ساتەوەختەدایە دەتوانێت تێبگەیت خۆری عەدالەت ((لەڕێی چاکە))دا چۆن هەڵدێت، چۆن شیفا بەسەر باڵەکانیەوە

(١) مەبەست هەمان وێنەی زەینی یا بۆچوونە.

دەهێنێت، ئەندێشەی ئیلاهی هەروەك خۆر كە ژوورێكی تاریك رووناك دەكاتەوە، نور و رووناكی بە جیهانی ئێمە دەبەخشێت ئەندێشەی خودایی ((یان پەیوەست بوون بە سیستەمی گشتی وجود)) هەروەك هەوایەكی پاك لە شوێنێكی داخراودا، دزە دەكاتە ناو هزرە كەسییەكانەوە لەو دەمەدا، لە نێوان ئەم هزرە هەرە گەورە و ئەم هزرە بچووكەدا، پێكهاتەیەك دروست دەبێت كە بە یارمەتی ئەو، هەردووك پێكەوە ئاوێتە بوون و هەموو شتێك دەبێتە یەك و تاقانە، ناپاكی و ناپوختەیی، تەنها لەرێی جیایی فیكری بچووك و فیكری گەورەدا دروست دەبێت و پاكی و رەسەنایەتی لە یەكگرتنی ئەو دووانە دێتە ئارا، لەم قۆناغەدایە كە هەموو شتێك، مەگەر هەوای پاك، بە پاك و بێگەردی نامێنێتەوە، ئەمەیە وەحدەتی ئیلاهی و یەك بوونی تەواوی شتەكان لەگەڵ ئەودا، ئەوە جیاییە كە دەبێتە مایەی گوناه، نەخۆشی، بەد بەختی و مردن، یەكبوون هەمیشە بە مانای ساغڵەمی و تەندروستییە.

دابەزینی فریشتەكانی بارەگای ئیلاهی بەسەر پەیژەی ویژدانی بە ئاگای مرۆڤدا، نیشانەی كەرت بوونی ئەو یەكبوونەیە، بەرزبوونەوەشیان بە نیشانەی چاككردنەوەی ئەم یەكبوونەیە، كەوتنە خوارەوە نیشانەیەكی باشە، چونكە یەكگرتن و یەكبوون توانای دەبێت لەرێی فرەییەوە خۆی بەیان بكات. بەبێ ئەوەی فیكری جودایی بوونی هەبێت، كاتێك مرۆڤ لە دیدێكی ناباتنییەوە و لە ((دەرەوە)) لەم فرەییە دەڕوانێت ((لە گۆشە نیگای كەسییەوە)) و ئەو ساتەی كە وەك جۆرێك لە جودایی لەبەرچاوی دەگرێت، بێ گومان دووچاری هەڵدەبێت ئەركی سەرەكی رۆح لە هەر مرۆڤێكدا، ئەمەیە كە گۆشەنیگا كەسییەكانی تا ئەو پلەیە لە ئاگایی پەرەپێبدات كە لەگەڵ هەموو شتێكی دەوروبەریدا تێكەڵ و ئاوێتە ببێت، هەموو رۆحەكان دەتوانن لە پێكهاتنێكی هاوشێوە و لە یەك شوێنێكی وێكچوودا رووبەڕووی یەك ببنەوە، ئەمە هەمان ئەو شوێنە تایبەتەیە كە لە ویژدانی خودئاگادایە كە ئێمە تێدەگەین تەواوی بوونەوەرە بینراو و نەبینراوەكان و شیاوی دیتن و هەروەها بوونەوەرە نەبینراوەكان لە خواوەندی بەرز و باڵاوە سەرچاوە دەگرن.

پاشان ئێمە لەسەر مەكۆی گۆڕان و وەرچەرخان بەنگ دەبین، لە دەسپێكدا ئێمە حەزرەتی عیسا لەگەڵ پەیامبەرانی دیكەدا دەبینین، دواتر لەگەڵ ((رۆحی خودایی)) و ((سیستەمی گشتی)) و ((سروشتی و پێشبینییەكاندا)) رووبەڕوو دەبینەوە هەندێ جار مرۆڤ دەكەوێتە بیری ئەوەی كە سێ شوێنی باڵا بۆ ئەم سێ حاڵەتی وەرگرتنە دروست بكات، بەڵام مانا و چەمكی قوڵی ئەم نیگایە بۆ ئێمە ئاشكرا دەبێت، ئەم دەرفەت و لوتفە بە ئێمە بەخشراوە تاوەكو بە

دروستی لە جاویدان بوونی مرۆڤ ئاگاداربین، ئێمە دەرکمان کردووە کە شوناسی مرۆڤ، هەرگیز ون نابێت و مرۆڤی خودایی هەمیشە جاویدان و ئەزەلییە، لەو کاتەدایە کە پەی دەبەین بەوەی بەسە یەك پەرستگا یاخود شوێنگەیەکی تاقانە دروست بکەین، ئەویش بۆ ئەو خودایەی لە دەروونی هەموو ئێمەدا حزوری هەیە، لەو ساتەوەختەدا، رۆحی پیرۆزی ئیلاهی، ویژدانی خودئاگای ئێمە لەخۆی پڕ دەکات و وەهمەکانی پەیوەست بە گوناه، نەخۆشی، چارەڕەشی و مەرگ چیتر بوونیان نابێت، ئەمەیە ئامانجی سەرەکی بێدەنگی و سکوت هەنوکە دەتوانین بڵێین پەرستگایەك کە ئێوە چانسی دیتنیتان هەبوو وە بینیتان کە دەتوانیت بەردەکانی دیوارەکەی بشکێنیت و تێك بدەن بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێبگات، شتێك نییە مەگەر سیما و پێشاندەری رەوشی پەیکەری جەستەیی ئێمە، دیوارەکانی پەرستگا، خۆ بەخۆ چاك بوونەتەوە و سەرلەنوێ وەك خۆیان لێدێتەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە عیسا لەبارەیەوە دواوە: ((پەرستگایەك کە لەڕێی دەستی مرۆڤەوە دروست نەکراوە)) پەرستگای هەمیشەیی لە ئاسمانەکاندا، هەمان ئەو پەرستگایەی کە ئێمە دەبێت لەسەر زەویدا دروستی بکەین)).

❊ ❊ ❊

## بەشی حەوتەم

لە گەڕانەوەدا، ئێمە ڕووبەڕووی ژمارەیەك خەڵکی نامۆ بووینەوە کە لە گوندی ((ئاسماه)) کۆبووبوونەوە، ئەوان لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە هاتبوون، ژمارەیەك لە ((مامۆستایان)) لەوێ ئامادەبوون و بەنیازی زیارەتی گوندێکی دووره دەست بوون کە نزیکەی چوار سەد کیلۆمەتر لەوێوە دووربوو، ئەمە مایەی سەرسامی ئێمە بوو، چونکە ئێمە چەند جارێك بەو ڕێگایەدا سەفەرمان کردبوو وە بینیبوومان کە دوای بڕینی سەد و بیست کیلۆمەتر، ڕێگاکە بە بیابانێکی لماوی کۆتایی دەهات، ئەم بیابانە زیاتر لە ناوچەیەکی بەرز و داپۆشراو لە لم و زیخی جولاَو دەچوو کە بایەکی توندیشی هەبوو گژ و گیایەکی زۆر کەمی لێدەڕوا، لەوبەری بیابانەکەوە، ڕێگاکە بە زنجیرە شاخێکی بچووکدا دەگوزەرا کە بەدامێنی چیاکانی هیمالایا دەدرایە قەڵەم، ئەو شەوە، ئێمە بانگهێشت کراین بچینە پال گرووپی زیارەت کارەکانەوە و لەگەڵ ئەواندا بۆ ئەو گوندە دوورە دەست بچین، بڕیاربوو ڕۆژی دووشەممەی ئاینده بکەوینە ڕێ بۆ ئەوی ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە پێویستمان بە هەڵگرتنی کۆڵ و بارە قورسەکانمان نییە چونکە پێشتر بەرنامەڕێژی کرابوو کە بەر لە پەڕینەوە لە شاخەکانی هیمالایا، جارێکی تر بۆ ((ئاسماە)) بگەڕێینەوە.

وەك هەمیشە، ژست و نیپرۆ هەموو شتەکانیان ئامادەکردبوو، ڕۆژی دووشەممە بەیانی زوو، ئێمە چوینە پاڵ گرووپی سێ سەد کەسە زیارەت کارەکە زۆربەی ئەوانە کەسانێکی کەم ئەندام بوون کە بەدەست چەندین نەخۆشی و دەرد و بەلاَوە دەیانناڵاند و ئومێدەواربوون بە چوون بۆ ئەو گوندە شیفایان بۆ بێت، هەموو شتێك تا ڕۆژی دووشەممە، بە باشی تێپەڕی، بەلاَم لە ڕۆژی دووشەممەدا ترسناکترین زریانێك کە تا هەنوکە هاوشێوەی ئەوەمان نەبینیبوو، هەڵیکرد و مۆڵەتی ئەوەمان پێدرا کە لەگەڵ یەك دیاردەی سروشتی زۆر سەیر و تۆقێنەردا،

رووبەڕووبینەوە، زریانەکە ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ بەردەوام بوو، بارانێکی وا تووند دەباری کە بە گوتەی دانیشتووانی ناوخۆیی ناوچەکە، هەواڵی وەرزی گەرما و هاتنی هاوینی دەگەیاند، ئێمە لە شوێنێکی زۆر ئاسوودە و بێ مەترسیدا چادرگەمان هەڵدابوو زریانەکە بە هیچ شێوەیەك نەبووە مایەی پەشێوی ئیمە، ئێمە زیاتر لە هەر شتێك نیگەرانی خۆراك و توێشووی رێگەمان بووین و دەمانزانی کە گەر بێتو دواکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراو رووبدات و پێویست بکات زیاتر لە ماوەی ئاسایی لەو دارستانەدا بمێنینەوە، گرفتی زۆر بۆ تێکڕای موسافیرەکان دێتە پێشەوە، لەڕاستیدا، زیارەت چییەکان هیچ شتێکیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنابوو، مەگەر پێداویستییە زەرورییەکانی سەفەرێکی چەند رۆژە و هەرگیز بیری ئەمەی کە رەنگە چەند هۆکارێك ببێتە مایەی دواکەوتنیان بە مێشکیاندا نەهاتبوو، لەلایەکی دیکەوە هیچ رێگاچارەیەکی ترمان جگە لە گەڕانەوەی دووبارە بۆ ((ئاسماھ)) لە پێناو سەرلەنوێ دابینکردنی ئازووقە و توێشووی رێ بۆ ئەو ژمارە زۆرەیە، نەبوو دووەم دووری ئێمە لە ((ئاسماھ))وە زیاتر لە دووسەد کیلۆمەتر بوو وە بەشێکی زۆری رێگاکە بە بیابانێکی لماویدا تێدەپەڕی کە کارێکی زۆر تاقەت پڕوکێن بوو.

بەیانی رۆژی پێنج شەممە، خۆرێکی زێڕین لە ئاسمانێکی ساماڵ و بێ هەوردا گزنگیدا و ئێمە کەوتینە بیری ئەوەی کە جارێکی تر بکەوینەڕێ و زیاتر لەمە درەنگمان بەسەرنەیەت، بەڵام بە ئێمەیان راسپارد کە باشترە هەمدیس ئارام بگرین تا زەوییەکانی ئەو ناوچەیە وشك ببنەوە و ئاوی رووبارەکان تا ئەندازەیەك دابەزێت، ئەوان دەیانگوت کە گەشتەکەمان بە چەند قات ئاسانتر دەبێت. یەکێك لە ئێمە ترسی شاراوەی گرووپی یەکەمی لەمەڕ تەواوبوونی خۆراك و ئازووقە دەربڕی، ئەمیل کە بەرپرسی خۆراکی رۆژانە بوو هاتە سۆراخی ئێمە و گوتی: پێویست ناکات ترسی هیچ شتێکیان هەبێت، مەگەر خودا چاودێری سەرجەم مەخلوقاتە گەورە و بچووکەکانی ناکات؟ و ئایا ئێمەش لە مەخلوقاتەکانی خودا نین؟ سەیری ئەم چەند دەنکە گەنمە بکەن من ئەمانە دەچێنم، ئەم کارە دەیسەلمێنێت کە من پێویستیم بە گەنم هەیە، من لە زەینی خۆمدا تۆوە گەنمم چاندووە، من یاسای سەرەکی جیهانی هەستیم ئەنجامداوە و گەنم لەکاتی خۆیدا، دەڕوێت. ئەو قۆناغانەی کە سروشت بۆ گەشەکردنی گەنم ئەنجامی دەدات، دوورودرێژ و سەختە، ئایا پێویستە کە ئێمەش بەرگەی ئەم سەیر و چاوەڕوانییە درێژخایەن و

دژوارە بگرین، و چاوەڕێی سەوزبوونی گەنم بکەین لەو ماوە درێژخایەنەدا؟ بۆچی نەتوانین لە یاسایەکی باڵاتر و کامڵتر بۆ گەشەکردنی گەنم سوود وەربگرین؟ هێندە بەسە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا خەریکی تێڕامان بێت و تۆوی گەنم بەشێوەیەکی باش و ئایدیاڵ لە هزری خۆیدا ببینێت و هەر لەو کاتەدا دەنکە گەنمەکان ئامادەی هاڕین دەبن، ئەگەر گومانتان لەم کارە هەیە، خۆتان ئەو گوڵە گەنمانە کۆ بکەنەوە، ئاردیان لێ فەراهەم بکەن نانی لێ دروست بکەن)).

ڕاستییەکەی ئەمەیە ئێمە لە پێش چاوی خۆماندا گوڵەگەنمی زەرد و پێگەیشتوومان دەبینی کە بە تەواوی پاك و ئامادەبوون، گەنمەکەمان هەڵگرتەوە تاوەکو بیبەین بیهاڕین و نانی لێ دروست بکەین، ئەمیل درێژەی بە قسەکەی دا و گوتی: ئێوە بە چاوی خۆتان بینیتان و باوەڕتان کرد، بەڵام بۆچی هەمدیس نەگەڕێینەوە بۆ یاسایەکی کامڵتر و شتێکی کامڵتر کە کت و مت هەمان ئەم شتەیە پێویستمان پێیەتی دروست نەکەین، واتە نان.

ئێمە لە هەمان شوێندا وەستابووین و نوقمی تەماشای ئەو دیمەنەی ڕووبەڕوومان بووین، لەپڕێکدا کولێرە نانێك لەناو دەستی ئەمیلدا دەرکەوت، پاشان چەند نانێکی تر دەرکەوتن کە ئەو خستنیە سەر مێزەکە و هێندە درێژەی بەم کارەدا کە سەرەنجام چل نان بەدەست هاتن. ئەمیل گوتی بە هەمان شێوە کە دەبینن بەڕادەی پێویست بۆ هەمووومان نان هەیە، ئەگەر بەڕێژەی پێویست نەبوو، هێشتا هێندە نان ئاشکرا دەبوو تاوەکو لە ئاستی پێویست تێپەڕێت.

ئێمە هەمووومان لەو نانانەمان خوارد و زۆر خۆشمەزە بوون بەلامانەوە.

ئەمیل درێژەی بە قسەکانیدا: کاتێك عیسا لە شاری ((قەلقیلیا)) لە فلیپی پرسی: نان لە کێ دەکڕین؟ بۆ تاقیکردنەوەی فلیپ بووە، عیسا بە چاکی دەیزانی کە کڕینی ئەو هەمووە نانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك پێویستیان پێی بوو شتێکی بێهودەیە و لە بنەڕەتدا بەدەست هێنانی ئەو بڕەنانە لە بازاڕەکانی شاردا شتێکی مەحاڵە. ئەو سوودی لەم هەلومەرجە وەرگرت تاوەکو باس لە توانای نانی ئامادە و برژاو بە کۆمەکی هێزی زەین و ئەندێشە بۆ یارەکانی بکات، مرۆڤەکان هەمیشە لە هەمان ئەو فیکر و بۆچوونە ماددی گەرایانەی کە فلیپ دووچاری بوون، بەهرەمەندن! ئەویش ڕێك هەروەك مرۆڤی ئەم سەردەمە حساباتێکی لەم چەشنەی خوارەوەی ئەنجام دەدا کە: من ئەم بڕە نانم هەیە ئەم بڕە خۆراکەم هەیە و ئەم بڕە پارەم لەدەست دایە.

عیسا تێگەیشتبوو کە بە ژیان لە مەعریفەی ((ڕۆحی خودایی))دا هیچ مرۆڤێك لەگەڵ هیچ جۆرە سنوورداریەکدا ڕووبەڕوو نابێتەوە، ئەو ئاوڕی لە پەروەردگارێك دایەوە کە سەرچاوە

و بەدێهێنەری هەر شتێکە لەم جیهانەدا و سوپاسی کرد کە تا ئەم ئاستە میهرەبانە کە توانا و رەگەز و ماددەی پێویست بۆ دەستەبەر کردنی سەرجەم پێداویستییەکانی مرۆڤەکان خستۆتە خزمەت و بەردەستیان، ئەو بەم پێیە، کۆلێرەکەی کرد بە دوو لەتەوە و لە نێوان هاوڕێکانیدا دابەشی کرد، کاتێك گشت ئامادەبووان لەو شوێنەدا، بە تەواوی تێربوون، هێشتا دوانزە سەبەتەی پڕ لە نانی دەست لێنەدراو مابوویەوە، عیسا هەرگیز بە تەمای خۆراکی زێدەباری دراوسێکانی نەبوو تاوەکو خۆی و ئەوانی دیکە تێربکات، ئەو مرۆڤەکانی فێرکرد خۆراك و بژێوی رۆژانەی ئێمە لەبەردەستی مادە یا رەگەزی ئیلاهی دایە، ئەو شوێنەی هەر شتێکی بە زۆر و زەوەندەیی لێ دەست دەکەوێت بەسە کە ئێمە مرۆڤەکان، بۆ خەڵقکردن و ئەفراندنی هەر شتێك، لەم شێوازەی ئیلاهی کۆمەکی وەربگرین و بەشێوەیەکی بەرجەستەی لێ بکەین و ئاشکرای بکەین. ئەمە هەمان ئەو کارە بوو کە ((ئیلیزا)) بۆ زۆرکردنی رۆنی ئەو بێوەژنە ئەنجامیدا، ئەو رووی لە کەسێك نەکرد خاوەن رۆنێکی زۆر بێت. بەڵکو راستەوخۆ پەیوەندی کرد بە جیهانی هەستی و خودای تاك و تەنهاوە و تاکە سنووربەندیەك کە لە بەرامبەر ئەم هەموو زۆر و زەوەندییەی لەم خوانە ئیلاهییەدا بوونی هەیە، هەمان توانا و قەبارەی دەفرەکانی لەخۆ گرتەی رۆن بوو، رۆنێك کە لە جیهانی هەستییەوە بۆ ئەوبێوەژنە رەوانە کرابوو دەیتوانی تا ئەم سەردەمەش درێژەی بکێشایە، ئەڵبەتە ئەگەر دەفر و کاسە بۆ هەڵگرتنی هەبوایە ئەمیل درێژەی بە قسەکانیدا! لەم مەسەلەیەدا هیچ فڕ و فێڵێك یا دیاردەیەکی هیپنۆتیزمی بوونی نییە، هیچ کام لە ئێوە هەستێکی لەم چەشنەی نییە کە وەك بڵێیت خەواندنی موگناتیسی بۆ کرابێت، بەڵام لە وجودی هەر یەکێك لە ئێوەدا، جۆرێك تەڵقین و ئۆتو- هیپنوتیزمی تەوزیمی و باوەڕگەلێك بوونی هەیە، بەرمەبنای ئەوەی هیچ بونەوەرێك توانای ئەنجامدانی کارە بێ کەم و کورتی و کامڵەکانی پەروەردگاری جیهانی نییە و ئەمەش کە هیچ مەخلوقێك توانای هێنانە ئارای کەشێکی پێویست یاخود دەرخستنی ئەو شتانەی کە پێویستن نییە، ئایا ئاتاج بوون هەمان نیاز و پێداویستی نییە بۆ خەڵقکردن؟ لە بری ئەوەی گەشە بکەیت و بەگوێرەی خواست و ئیرادەی ئیلاهی، هەموو ئەوەی کە پێویستانە دروستی بکەن، ئێوە دەچنەوە ناو قاوغەکەی خۆتان و بەخۆتان دەڵێن: ((ناتوانم!)) ئەم کارە لەرێی خۆ تەلقین کردنەوە تۆکمەتر دەبێت و سەرەنجام ئێوە بەم بۆچوونە هەڵەیە دەگەن کە بەڕاستی ماهیەتێکی جودان لە خواوەند، لەو کاتەدا لەرێ و رێچکەی کامڵ بوونتان لادەدەیت و لەو ئامانجە سەرەکییەی کە لە پێناویدا دروست کراون، دوور و بێ بەش دەبن، ئێوە بەم کارە، رێگە

نادەن کە پەروەردگاری باڵا لەڕێی ئێوەوە، بەو جۆرەی کە دەخوازێت، خۆی بەیان بکات، مەگەر عیسا کە خۆی بە مامۆستایەکی پایەبەرز دەدرایە قەڵەم نەی گوتووە، ((ئەو کارانەی من ئەنجامیان دەدەم، ئێوەش دەتوانن ئەنجامیان بدەن و تەنانەت باشتر لەمن؟)) مرۆڤ لە قەڵەمڕەوی سەرەکی خۆیدا، مەخلوقی خواوەندە، ئەرکی سەرەکی عیسا لەسەر زەویدا ئەمە بوو کە پیشانی بدات مرۆڤ لەم قەڵەمڕەوەدا، دەتوانێت وەك خودای خۆی، بەهەمان رادە و بە هەمان شایستەیی و هەماهەنگی، هەموو ئەوەی دەخوازێت بە شێوەیەکی کامڵ، بەدیبهێنێت، کاتێك عیسا فەرمانیدا بەو پیاوە کوێرە لە شوێنی خۆی هەستێت چاوەکانی لە چەشمەی سیلۆئە (siloe) بشۆرێت، ئایا لەبەر ئەمە نەبوو کە چاوی خەڵك بەڕووی ئەم حەقیقەتەدا بکاتەوە کە پەیامبەری خودایە و تێیان بگەیەنێت کە ئەوانیش توانایان هەیە هەروەك خواوەند خولقێنەربن؟

عیسا حەزی دەکرد هەر کام لە ئێمە، لەڕێی ئاشنابوون لەگەڵ رۆحی خودابیدا کە لە وجودی ئێمە دایە و هەروا لە وجودی کەسانی دیکەش دایە، دەست بدەینە ئەم کەرامەتانە.

من هەنوکە دەتوانم هەنگاوێکی گەورەتر و کراوەتر هەڵبگرم، کولێرەیەك کە وەرم گرت و لەناو دەستم دابوو، بەجۆرێك لەناو چووە وەك بڵێیت لە ئاگردا سوتاوە، چی روویداوە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە کە من لە یاسایەکی کامڵ و بێ کەم و کورتی کە حەقیقەتی بە باڵای بیری من دابڕی و کەینونەی پێبەخشی، بەشێوەیەکی نابەجێ سوودم وەرگرتووە، من ئەوەی دروستم کردبوو، سووتاندم، بەم کارە، من لەم یاسا کامڵە و بە ئەندازەی یاسایەك کە لە موزیکدا هەیە، رێك و راست بەشێوەیەکی نابەجێ بەکارم هێنا گەرهاتوو من درێژەم بەم کارە بدایە و بەردەوام نانەکانم بسوتاندایە، نەك تەنها ئەم یاسایە بەدیهێنراوەکانی منی بە تەواوی دەسوتاند و لەناو دەبرد، بەڵکو خودی منیش کە وەدیهێنەری ئەم دروست کراوانەم، لەناو دەبات و دەیسوتێنێت. ئایا ئەم کولێرەتانە، بەڕاستی لەناو براوە؟ وای دابنێین کە تەنها شێوەیەکەی گۆڕاوە چونکە لە شوێنی کولێرەیەك، هیچ شتێك مەگەر کەمێك خۆڵەمێش نەبێت نامێنێتەوە. ئایا کولێرە نانەکە بۆ جیهانی هەستی، لە هەمان جێگاوە کە هاتووە نەگەڕاوەتەوە؟ ئایا هەنوکە بەشێوەیەکی نەبوو نەدیتراو نییە؟ ئایا چاوەڕێی کەرامەت و دەرکەوتنێکی تازە نییە؟ ئایا ئەمە لەمەڕ تەواوی شێوە و شتەکانی تر کە لەبەرامبەر دیدی ئێمەدان و لەڕێی ئاگرەوە دیار نامێنی و لەناودەچن ناگرێتەوە؟ ئێمە تەنانەت بەبێ ئاگر، لەڕزیوی یا هەر دۆخێکی تر قسە بکەین، ئایا ئەم شێوانە بۆ لای خودا یا هەمان رەگەزی بەرایی ئیلاهی کە لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، ناگەڕێنەوە؟ ئایا بەم رستەیە ((هەموو ئەوەی

لە ئاسمانەکانەوە دێتە خوارەوە، دەبێت دووبارە بۆ ئاسمانەکان بگەڕێتەوە)) هەروا راست نییە؟ بەم دواییانە، ئێوە پێکهاتنی پارچە سەهۆڵێکتان بەبێ هیچ هۆکارێکی رووالەتی تێبینی کرد، لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێت بڵێم هۆکارێك لە ئارادابوو، هەمان ئەو هۆکارەی یارمەتیدەر بوو، ئەو کولێرە نانە لەبەرچاوماندا پەیدا ببێت، من دەتوانم بەم یاسا ئیلاهییە، تا ئەو دەمەی عاشقی ئەم یاسایەم، کار بکەم و لە هاوئاهەنگیێ تەواو دابم لەگەڵ ئەم یاسایەدا وە یاخود بەگوێرەی رەزامەندی پەروەردگار ئایدیاکانم شێوە پێببەخشم و دەریان بخەم و لە سوودەکانی ئەم یاسایە، ئەوپەڕی سوود وەربگرم، کولێرە دروست کردن کارێکی شایستەیە، بە هەمان شێوە دروست کردنی سەهۆڵ یا هەرشتێکی خوازراوی دیکە، هەر مرۆڤێك دەبێت پەلە بکات و بۆ ئەو جێیە بڕوات کە تێیدا دەتوانێت هەموو ئەم شتانە، زیاتر لە مانەش بهێنێتە ئارا ئایا نابینیت کە پێویستە لەبەرزترین یاسا سوود و کەڵك وەربگریت؟ لە یاسایەك کە رەها و ئیلاهییە؟

لەو ساتەدا دەتوانیت هەموو ئەوەی کە پێویستتانە، هەموو ئەوەی وەك بەرزترین هیوا و ئارەزوو لە زەین، خەیاڵدا وێنەتان کێشاوە، بخولقێنیت! و هەرچەندە زیاتر کەرامات بکەیت، زیاتر دەبیتە مایەی پەسەندی خواوەندی باڵا، بە مەرجی ئەوەی وەك حەزرەتی عیسا و پەیامبەرانی دیکە بە باشی بزانیت کە بەڕاستی مەخلوقاتی کامڵی خواوەندیت.

ئایا دوای ئاگادار بوون لەم حەقیقەتە، لە تەوقی هەر جۆرە فۆرمێك لە بەندایەتی و بازرگانی قوتار نابێت؟ من لە ئێستاوە توانای پێشبینی کردنم هەیە تا چەند ساڵێکی تر کۆیلایەتی بازرگانی لە خراپترین جۆری کۆیلایەتی و دیلێتی زەمینی دەدرێتە قەڵەم، گەر بێتو بە هەمان خێرایی ئێستای پێشڤە بچێت رۆح و جەستەی مرۆڤ بەخۆیەوە مژوڵ دەکات، پاشان بە هەمان جۆر کە ئەوانی دیکەی کردۆتە دیلی خۆی، ئەویش بۆ خۆی دیل دەکرێت و بەجۆرێکی حاشا هەڵنەگر لەناو دەچێت، سەرەتا، رۆحیەتی بازرگانی، بێ گومان لە رەهەندێکی زۆر بەرزدا قەراری گرت، بەڵام روخسەت بە ماددیگەرایی درا بە جۆرێك دزە بکاتە ناو ئەو دۆخەوە کە رێك هەمان توانا کە بۆ کار و کاسبی و بازرگانی سوودی لێوەرگیرا، گۆڕا بۆ هێزێکی وێران کەر کە ئەوی بەرەو لەناوچوون برد لەڕاستیدا، ئەم رەوشە بۆ هەر حاڵەتێکی دیکەش راستە و لە بنەڕتدا هەر هێزێکی داهێنەر کە خراپ بەکار بهێنرێت دەگۆڕدرێت بۆ هێزێکی کاولکار و تێکدەر. بەڵام گەر بێتو لە گۆشەیەکی دیکەوە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بەرخورد بکەین، ئایا ناگەینە ئەو ئەنجامەی کە گوشاری بازرگانی و چوارچێوە تاسێنەرەکانی ئەم هەستە لای ئێمە ناوروژێنێت کە پێویستە هەر چۆنێك بێت، خۆمان لە خراپەی ئەو

بپارێزین؟ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئایا بەس نییە پەی بەوە ببەین ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەمەیە کارە کامڵەکانی خواوەند ئەنجام بدەین و ئاگایی مەعنەویمان تا ئاستی ئاگایی رۆحی خودایی پەرە پێبدەین و پێش بخەین؟ ئایا ئەمە هەر ئەوە نەبوو کە عیسا هەوڵی دەدا فێری یارەکانی بکات؟ ئایا رووداوەکانی ژیانی ئەو پێغەمبەرە، نموونەیەکی کامڵی هەمان بابەت نەبوو؟ برا بەڕێزەکان، بۆچی تێبینی ناکەن کە لە سەرەتادا، تەنها ((کەلام)) قسە بوو وە ئەم قسەیەش لای خواوەند بوو وە ئەم قسەیەش هەمان پەروەردگاربوو؟ ئەو رۆژ، هەموو ئەو ماهیەتانەی کە دواتر شێوەیان گرت، هێشتا لە شێوەدا دەرنەکەوتووە بە جۆرێکی بەرجەستە نەکراو لە هەمان رەگەز یا ماددەی ئیلاهیدا هەبوون، هەندێك لە شرۆڤە کاران لەسەر ئەم باوەڕەن کە ئەم ماهیەتانە لە تەشویش و پەرش و بڵاوی ناڕێك و پێکی ئەزەلیدا حزوریان هەبوو، ئەو وشەیە، لەڕووی مانای بەرایی و سەرەکییەوە واتە ((واقیعیەت)) چونکە ماددەی رۆحانی هەمان واقیعیەتە، ئێمە مرۆڤەکان ئەم وشەیەمان بە هەڵە راڤە و شرۆڤە کردووە و مانای پشێوی، تێك و پێکدراو، بێ سەروبەری و جەنگی رەگەز و فاکتەرەکانمان پێدراوە، راستییەکەی ئەمەیە کە ئەم وشەیە لە مانایەکی رۆحانی قوڵ بۆ واقیعیەت بەهرەمەندە، واقیعیەتێك کە چاوەڕوانی دەربڕینی قسەی دروست و داهێنەرانەیە تاوەکو روخسەت بە بوونەوەرکان بدات بگۆڕدرێن بۆ شێوەگەلێکی هەست پێکراو و شیاوی بینینن.

ئەو دەمەی کە خواوەند ویستی جیهانی هەستی دروست بکات و ئەم کارە بە ماددەی ئیلاهی ئەنجام بدات، ئارام و بیرمەندبوو، بەجۆرێکی روونتر، ئیلهامێکی بینین ئاسای لەمەڕ جیهانێکی ئایدیاڵ و خوازراوی لە خۆیدا دروست کرد، بە درێژایی ئەم ماوەیە، توخم و ماددەی سەرەکی بۆ دروست کردنی جیهان لە ئەندێشەی خودایی خۆیدا پاراست تاوەکو لەرینەوەکانی بەڕادەی پێویست هێنایە خوارەوە و پاشان لەو سەردەمەدا، فەرمانی دا و جیهانی هەستی هاتە بوون و شێوەی گرت، خواوەند جیهانی زەینی دروست کردبوو کە توخم و ماددەی یەکەمی خودایی دەیتوانی بەناویدا رۆبچێت و بەم پێیە جیهان بە گوێرەی شێوەیەك دروست بوو کە کت و مت بە گوێرەی هەمان ئەو چوارچێوە کامڵ و هەمدیس ئەو مۆدێل و فۆرمە کە خوداوەند بیری لێکردبۆوە، دروست بوو.

بەڵام خواوەند دەیتوانی بیری جیهان تا رۆژی رەستاخێز لای خۆی بهێڵێتەوە، خواوەند دەیتوانی خوازیاری ئەمە بێت کە جیهان بەشێوەیەکی بێ سنوور و بێ کۆتا، شێوەبگرێت و ببینرێت، گەر بهاتبا و فەرمانی لە کەشێکی هەوایی بێ شێوەدا بەزاردا بهاتایە، هیچ شتێك

دروست نەدەبوو یاخود بەشێوەیەکی شیاوی دیتن و بەرهەست پێکنەدەهات، بۆ بەدەستهێنانی ئاکامی بینراو و شیاوی دیتن وە یاخود خولّقاندنی شێوە رێك و پێکەکان، پێویستە، قسەی پڕ مانا و بەجێ بەوپەڕی متمانە و لێبڕانەوە گوزارشت بکرێت ((تەنانەت ئەگەر بەدیهێنەر، بە توانا و رەها و بێ کۆتایی بێت)) دەبێت بلّێت ((رووناکی! ببە!)) هەر بۆیە پێویستە ئێمە ئەم هەنگاوە گرنگە هەلّبگرین، خوداوەندی بالاّ، دنیای ئایدیال و خوازراو و کاملّی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە لە ئەندێشەی ئیلاهی خۆیدا دەپارێزێت. پێویستە کە ئەم جیهانە، بە شێوە ئاسمانییەکەی، کەمالێکی تێر و تەواو و کاملّە بۆ سەرجەم مەخلوقات و دروست کراوەکان، گەلالّە بووە و بە جۆرێکە بەندەکانی خودا لەو پەڕی ئارامی و هاوئاهەنگی و ئاشتیدا سەرگەرمی ژیان و گوزەرانن تێیدا. ئەمەیە ئەو جیهانە کاملّەی کە خواوەند لە دەسپێکی خەلّق کردندا بینیوویەتی و پەلەی بوو هەرچی خێراتر لەڕێی ئەندێشەی خۆیەوە بیهێنێتە بوون، ئەم مەسەلەیە چ ئێستا و چ هەمیشە هەبووە و هەیە، بەدیهاتنی ئەم خواستە کاریگەرەی خودا، تەنها بە قبوولّکردن و وەرگرتنی ئێمەوە پەیوەستە، بەسە لە یەك شوێندا کۆببنەوە و بەسە، بزانین کە هەموومان پێکەوە گرێدراو و یەککگرتووین و زیاتر لە مرۆڤێك نین. ئێمە هەموومان لە ئەندامانی جەستەی خواوەندین، رێك بە هەمان شێوە کە یەکێك لە ئەندامانی جەستەی ئێمە، بە بەشێك لە پەیکەرە جەستەی ئێمە دەژمێردێت، بەسە ئەمە بزانین و لە قەلّەمڕەوی ئیلاهیدا ببینینەوە و وەك ئەندامانی ئەم قەلّەمڕەوە کە لە ئاسمانەکاندایە و هەنوکە لێرە، لەسەر زەوی، دێینە بوون.

بۆ ئەوەی ئاسمان شێوەبگرێت و دەربکەوێت، دەبێت بزانێت کە هیچ شتێکی ماددی لە خۆیدا جێ ناکاتەوە، لەوێ، هەموو شتێك رۆحانییە، ئاسمان، جۆرێك حالّەتی ئاگایی و دەرك کردنی کاملّە، دنیایەکی کاملّ لەسەر زەوی، ئێستا و هەر لەم شوێنەدا، بەسە کە ئێمە ئەو بەوجۆرەی کە هەیە قبوولّ بکەین، ئەم ئاسمانە، هەنوکە و بەدەوروبەری من دایە و چاوەڕوانە تاوەکو من چاوی سێیەم یاخود دیدەی دەروونم بکەمەوە تا بە کۆمەکی ئەو، جەستەم بگۆڕدرێت بۆ نور و رووناکی ئەم رووناکییە نە لە مانگ سەرچاوە دەگرێت و نە لە خۆر، بەلّکو لەلایەن بەدیهێنەری هەستییەوەیە و خوداوەند لە هەموو جێگایەك هەیە و لە قۆلّترین خالّی وجودیشمدا حزوری هەیە هیچ شتێکی ماددی نییە، هەموو شتێك رۆحانییە... بۆ بەدیهێنانی ئەم دنیا بەرز و بالاّیە کە لەلایەن خواوەندەوە بە ئێمە بەخشراوە و هەنوکە لێرەدا، بە دەوری ئێمەدایە، بەسە کە بە ئەندێشەمان بیناسین.

خواوەند، بە هەمان شێوە، هەموو شتێکی دروست کرد، بەر لە هەر شتێك ئارام و بیرمەندانە مانەیەوە و پاشان رووناکیی بینی و رووی گوتاری تێکرد و گووتی: ((رووناکی! پەیدا ببە!)) و نورهاتەبوون، خواوەند بە هەمان شێوە درێژەی پێداو فەرمووی ((ئاسمان، پەیدا ببێت)) بەگوێرەی ئیرادەی ئیلاهی، گەردونیشس هاتە بوون و بەم پێیە، هەر شێوەیەك یا ئایدیالێکی خوازراوی لە ئەندێشەی خۆیدا پاراست و تەنها قسەی کرد و ئەو فیکرە یا ئامانجە، دەرکەوت و شێوەی گرت مرۆڤیش یارای ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانەی دەبێت، خواوەند فەرموویەتی ((مرۆڤم بە گوێرەی وێنەی خۆم و بەشێوەی خۆی دروست دەکەین، توانای زاڵ بوونی بەسەر هەموو شتێکدا پێ دەبەخشین)).

خواوەندی بالاّ، کە میهرەبان و بە بەزەیی رەهایە، هەموو شتە باشەکانی دروست کرد و لەدوایین ساتدا، مرۆڤی دروست کرد، گەورەترین و پیرۆزترین دروست کراوی خودا لەناو مەخلوقاتەکانیدا، بە دەسەڵاتێکی گەورە و ئەزموونێکی تەواو بەسەر مەخلوقاتەکانی دیکەدا، لەو ساتەوەختەدا، مرۆڤ هیچ شتێکی دیکەی جگە لە خێر و چاکە نەدەبینی و هەموو شتێك بە باشی پێشڤەدەچوو تاوەکو خۆی لە پەروەردگاری جیاکردەوە و جۆرێك لە دوالیزمەیی لەگەڵ بەدیهێنەرەکەیدا بینی.

پاشان مرۆڤ، لەرێی زەین و هزری خۆیەوە، دوالیزمەی دروست کرد، لەلایەکەوە خێر و چاکە و لەلایەکی دیکەوە پێچەوانەی خێر و چاکە، چونکە مادام دوالیزم هەیە پێویستە دوو دژ هەبێت! چاکە و خراپە، کە بەم پێیە لە شیاوێتی کامڵی مرۆڤ بۆ وەدیهێنانی هەموو ئەو شتەی لە زەین و ئەندێشەیدا، وێنای دەکات پەیدا دەبێت، گەر بێتو مرۆڤ، خراپەی نەدیتبا، شەڕ و خراپە هەرگیز یارای ئەوەی پەیدا نەدەکرد و هەرگیز باسیان لێوەنەدەکرا، لەو حاڵەتەدا تەنها چاکە بوو و بەس و ئێمە مرۆڤەکان بە هەمان رادە کامڵ بووین کە خواوەند ئێمە تا دەگاتە ئەمرۆ دەبینێت، لەو حاڵەتەدا ئاسمانیش لەسەر زەوی قەراری دەگرت، بەم جۆرەی کە خودا دەیبینی و بەو چەشنە کە ئێمە دەبێت ببینین تاوەکو بۆمان پەیدا بێت عیسا بە تەواوی مافی خۆی بوو بڵێت کە لە ئاسمانەکانەوە هاتووە چونکە ئێمە هەمووما‌ن لە ئاسمانەکانەوە هاتووین، لە هەمان رەگەز و ماددەی شکۆداری ئەندێشەی خودایی.

لەوێ وە کە مرۆڤ بە وێنەی خودا دروست کراوە، لە دەسەڵات دروست کردنیش بەهرەمەند دەبێت، توانستێك کە پڕاوپڕ وەك دەسەڵاتی ئیلاهییە، خواوەند چاوەڕێ و

تامەزرۆیە کە مرۆڤ بە ئەندازەی ئەو، لەم دەسەڵات و توانایەی ئەوپەڕی سوود وەربگرێت و بە هەمان شێوە کاربکات.

سەرەتا دەبێت نیاز و ئاتاجی بزانیت، پاشان خێر و چاکە لە زەیندا ئەندێشە بکرێت کە هەمان ئارەزووی خوازراوە بۆ پڕکردنی ئەو چوارچێوەی هەیە لە ئاگایی و ئاوڕدانەوەی مرۆیی، دواتر دەبێت ئەم بۆتەیە لە ماددەی ئیلاهی ئەندێشە پڕ بکەیتەوە، دواجار دەبێت قسە بکرێت بە زمان گوزارشت بکرێت کە ئەو بۆتەیە بە تەواوی پڕ بووە، ئەو دەمە بۆتە کە پڕ دەبێت و هەموو شتێك بەخێر و چاکەیە.

عیسا، بەدرێژایی ئەشکەنجەدانەکەی، کاتێك لە خاچ درا، گۆشتی جەستەی کە بە هەمان پەیکەری بینراوی ئەو دەهاتە هەژمار بەخشی، تاوەکو بە یارەکانی بسەلمێنێت کە لەژێر ئەم پەیکەرە جەستەییەدا، پەیکەرێکی تر کە واقیعی تر و راستترە بوونی هەیە، پەیکەرێکی رۆحانی و زۆر قوڵ، ئەو لە ساتی چوونە دەرەوە لە ئەشکەوتێك جەستەی بێ گیانیان تێدا دانابوو، لەم پەیکەرە رۆحانی و ئەسڵیەی خۆی سوودی وەرگرت، ئەمە هەر ئەو پەیکەرەیە کە ئەو لە بارەیەوە دەڵێت: ((ئەم پەرستگایە وێران بکەن تا من لە ماوەی سێ رۆژدا، سەر لەنوێ دروستی بکەمەوە، ئەو ویستی ئێمە تێبگەیەنێت کە ئێمەش خاوەنی هەمان پەیکەری رۆحانی ئەوین و ئەمەی کە ئێمەش دەتوانین هەموو کارەکانی ئەو ئەنجام بدەین. شوێنی کەمترین دوو دڵی نییە کە عیسا دەیتوانی ئەگەر بیویستایە، لە ئەشکەنجەی لە خاچدان رزگاری بێت، ئەو تێبینی کردبوو کە لە لاشەدا گۆڕانکارییەکی گەورە لە حاڵەتی روودان دایە دەوروبەرەکەی توانای دەستنیشان کردن و دیتنی ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانەیان نەبوو، تاوەکو هەر کامیان لەلایەن خۆیە لەم نموونە سەرنج راکێشە سوودی پێویست وەربگرن ئەوان هێشتا پەیکەری لاشەیان وەك پەیکەرێکی تەواو ماددی لەبەرچاو گرتبوو، بێ گومان ئەوان هەرگیز توانای دەرك کردنی جیاوازی نێوان پەیکەری جەستەیی و... پەیکەری رۆحانی نابن.

بەتایبەت ئەگەر عیسا پەیکەرە رۆحانییەکەی خۆی بە هیچ جۆرە گۆڕانکاری بنەڕەتی و بەرچاو لە پەیکەرە ماددییەکەیدا پێشان دەدا، هەر بۆیە عیسا ناچار بوو، بۆ پیشاندانی ئەم حەقیقەتە گەورەیە، رێگەی ئازاردانی جەستەیی و لەخاچدان هەڵبژێرێت پەیامەکەی بە کەسانی تر بگەیەنێت.

بەم جۆرە، یەکێك لە مامۆستا گەورەکانی جیهانی هەستی، عیسا، کە جێگای عەشق و رێزی جیهانی هەستییە، بۆیە هاتە سەر زەوی تاوەکو ئەو رۆحە خوداییەی لە هەر مرۆڤێکدا

هەیە پێشانی ئێمە بدات، ئایا ئەو تەمەنی زەمینی خۆی لە پێشاندانی ئەم حەقیقیەتەدا بەسەر نەبرد؟ ئایا تێنەکۆشا بۆ ئەوەی ڕێچکەی کامڵی بەرەو لای خودا چوون نیشانی مرۆڤایەتی بدات؟ ڕێی تیناچێت کەسێك ئەم ڕێڕەوە ئایدیاڵەی خۆش نەوێت، بەتایبەت ئەگەر جارێکیش لەگەڵیا ڕووبەڕوو بووبێتەوە، ئیدی چ لە چاندنی دانەوێڵە دابێت یا لە ملیۆنەها کاری پێویستدا بۆ پاراستنی ژیان و گوزەران، ئەم وانانە، ئێمە بە ئاڕاستەی گەشە و کامڵ بوونی سەرەکیمان پێشڤە دەبات.

ئێمە کاتێك دەگەینە گەشەکردنی تەواو کە تێبینی بکەین کە بەڕاستی منداڵانی خوداین، بەڵێ دانی پێدا دەنێم کە لە سەرەتادا، ئەم کارە پێویستی بە ئیمانێکی گەورە هەیە دەبێت باوەڕەکەتان وردە وردە و تۆزە تۆزە پەرەپێبدەن و هەروەك وانەی موزیك یا بیرکاری، بە مەشقی تەواوە ئەنجامی بدەن تاوەکو بگەنە قۆناغی مەعریفە و ئاگایی.

لەو دەمەدا، مرۆڤ ئازاد دەبێت، بەجۆرێکی پەڕجووانە و زۆر باڵا، هیچ نموونەیەك باشتر لە نموونەی ژیانی ئەولیاکانی خودا نییە، عیسا گەیشتبووە ئەو پلەیە لە ئاگایی کە خۆی بە تەواوی و بە یەکجاری تەسلیم بەو ناسینەکردبوو کە لەمەڕ خوداوەندی جیهان هەیبوو وە پشتی بەم ئاگاییە بەستبوو، بەم پێیە ئەو سەرکەوتوو دەبوو لە ئەنجامدانی کارە بەهێز و پەرچووە گەورەکانی، ئەو نە بەتوانا و لێبڕان و ئیرادەی خۆی، نە بە چڕکردنەوەی فیکر و ئەندێشەکانی پشتی دەبەست بەڵکو تەنها و تەنها بە خواستی ئیلاهی پشتی دەبەست و بەس: ((پەروەردگارا ئیرادەی تۆ لە کاردابیت-پروەردگارا! ئیرادەی من، ئیرادەی تۆیە)) عیسا هەمیشە حەزی دەکرد بە گوێرەی خواستی خودا کاربکات و هەمان ئەو کارانە بکات کە خودا پێی خۆش بوو ئەو ئەنجامیان بدات.

زۆرجار دەڵێن عیسا لە دامێنی شاخێکی زۆر بەرزەوە بەرەو لووتکە هەڵدەکێشا، من نازانم ئایا بەڕاستی، بەشێوەی جەستەیی و پەیکەری جەستەیی خۆی ئەم کارەی کردووە یا نا؟ بەڵام هێندە دەزانم کە پێویستە ئێمە هەموومان بۆ لووتکە بەرزەکان سەرکەوین و بگەینە تروپکی ئاگایی دەرك کردن تاوەکو نور و ڕووناکی وەرگرین، ئەم بەرزاییانە بە ژوور سەری مرۆڤەوە قەراریان گرتووە و گەر بێتو ئاوەز و شعوری دەروونی مرۆڤ گەشە و کامڵ بوونی زۆری نەکرد بێت، دەبێت بە ئەندێشە ڕۆحانی و مەعنەوییەکان بەر کەماڵی بکات.

پاشان، دەبێت لێگەڕێین تاوەکو عەشق لە دڵدا کە بە سەنتەری سەرەکی ئەو دەژمێردرێت بە هەر لایەکدا پەخش بێت تاوەکو هاوسەنگی ببەخشێتە زەین و ئەندێشە، دوای ئەم کارە

((رۆحی خودایە)) ئاشکرا دەبێت، مەخلوقەکەی خودا، بە زوویی بۆی دەردەکەوێت کە رۆڵەی خودایە، منداڵێك کە جێگای بەزەیی و عەشق و خۆشەویستی و تاسەی پەروەردگارەکەیەتی سەرەنجام دەبێت درێژە بەم حاڵەتە بدرێت بە عەشقی ئەزەلی و بێ پایان. هاوبەشی کەسانی تر بکەیت، بۆ ساتێك دوامەکەوە و بە قوڵی لە فیکر و ئەندێشەدا رۆبچۆ دەنکە زیخە لە ژمارە نەهاتووەکانی رۆخی دەریا لەپێش چاو بگرە، دڵۆپە لە ژمارە نەهاتووەکانی ئاوی زەریاکان و جۆرە لە ژمارە نەهاتووەکانی ژیان کە لە ئاوەکانی جیهاندا حزوریان هەیە. دواجار گەردە لە ژمارە نەهاتووەکان بەردەکانی توێژی دەرەوەی زەوی لەبەرچاو بگرن بە ئەندازەی بێ شوماری درەختەکان، گژ و گیاکان و گوڵ و نەمامەکان بیربکەنەوە کە لەسەر زەویدا دەڕۆێن و سەرەنجام بیر لە شێوە لە ژمارە نەهاتووەکانی ژیانی گیانلەبەران لەسەر زەویدا بکەنەوە، هەموو ئەم شتانە، توێکڵی دەرەوەی ئاواتێکی خوازراو و ئایدیاڵە کە لە ئەندێشەی گەورەی پەیوەست بە سیستەمی وجودی خواوەندی جیهان بوونیان هەیە.

هەنوکە بیر لەو رۆحە بێ ژمارانە بکەرەوە کە لەسەر زەویدا لە دایك دەبن هەر یەکێك لەوانە، دەرکەوتەی وێنەیەکی ئایدیال و خوازراوە لە خواوەند، بەو جۆرەی کە خواوەند خۆی دەبینێت، هەر یەکێك لەوانە، لە هەمان ئەو دەسەڵاتەی خواوەند هەیەتی، بەهرەمەند دەبێت، ئایا بۆچوونت وایە کە خواوەند پێی خۆشە مرۆڤ لەباری کامڵ کردنی خەسڵەتە ئیلاهییەکانیدا ببینێ و سەیریکات کە بە یارمەتی میراتی خودایی، توانای ئەنجامدانی کارەکانی خواوەندی هەیە؟

ئەم میراتە هەمان ئەندێشەی خودایە کە لە هەر شتێکدا و لە سەروو هەموو شتێکەوە قەراری گرتووە، دەبێت ئەم مەسەلەیە دەرك بکەیت، کە هەر کام لە ئێمە ماهیەتێکی شیاوی ((مانفێست کردن)) و شیاوی فۆرمەلە بونین لە جیهانی فیزیکدا. و لە چوارچێوەیەکی بینراو و لە شێوەیەکدا کە خواوەند لەڕێی ئەوەوە پێی خۆشە خۆی بەیان بکات، دەبین، کاتێك لەم واقیعیەتە تێبگەین و قبوڵی بکەین بەڕاستی دەتوانین وەك عیسا بڵێین! بڕوانن! ئەمە مەسیحێکی تر! ((بەم شێوەیە بوو کە عیسا توانی بەسەر دنیای جەستەییدا زاڵ بێت و سەرکەوێت بەسەریدا، ئەو ئلوهیەتی خۆی دەرك کردووە و راشیگەیاند و سەرەنجام قبوڵی کرد ژیانێکی پیرۆزی گرتەبەر کە ئێمە هەموومان پێویستە پەیڕەوی لێ بکەین)).

❊ ❊ ❊

## بەشی هەشتەم

دوای هەشت رۆژ مانەوە، ئێمە بەیانی رۆژی دووشەممە، چادرگەکەمان پێچایەوە و درێژەمان بە رێگەی خۆماندا، لە عەسری رۆژی سێهەمدا، گەیشتینە کەناری رووبارێکی گەورە کە نزیکەی شەش سد تا حەوت سەد مەتر پانییەکەی بوو کە هێندە پڕ لە ئاو و بەخێراییەکی ئەوتۆ سەربەرەخوار دەڕۆیشت کە لانی کەم لەهەر چرکەیەکدا پێنج مەتری موکەعەبی تەی دەکرد، ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە لە هەڵومەرجی سروشتی و لە وەرزی گونجاودا، رێبوارەکان دەیانتوانی بە ئاسانی بدەن لە ئاوەکە و بپەڕنەوە. بەم پێیە بڕیارماندا تا رۆژی دوایی، هەر لەوێ بارگەی لێ بخەین تاوەکو پەرەسەندنی بەرزی ئاوەکە یا بە پێچەوانەوە دابەزینی ئاستی هەنوکەیی ئاوی رووبارەکە ببینین. ئێمە بۆمان دەرکەوت کە لە رێگای پردێکەوە کە لە شوێنێکی دیکەی رووبارەکەدا بوو دەتوانین لەمبەر کەناری رووبارەکەوە بپەڕینەوە بۆ ئەو بەر، بەڵام ئەم مەسەلەیە پێویستی بەوە بوو کە رێگەی خۆمان بگۆڕین و دوای چوار رۆژ پیادەڕەوی بە تولەڕێ و رێگای ترسناك و دژواردا بگەینە ئەو پردە، ئێمە بیرمان کردەوە گەر بهاتبا و بەرزی ئاستی ئاوەکە کەمی بکردایە، زۆر ئاسان تر بوو کە هەر لەو شوێنەی لێی بووین بۆ ئەو بەری رۆخی رووبارەکە بڕۆین و دواجار گەیشتینە ئەم ئاکامە کە باشتر وایە چەند رۆژێك دان بە خۆماندا بگرین.

لەوێوە کە پێشتر پیشانی ئێمەیان دابوو نابێت خەمی خۆراك و ئازووقەی گرووپەکە بین، ئەم بڕیارە بچووکترین گرفتی بۆ دروست نەکردین، لەڕاستیدا، لەو رۆژەوەی کە خۆراك و توێشووی رێمان کۆتایی هات تا رۆژێك کە سەرلەنوێ بۆ گوندی ئاسماه کە بە بنکەی سەرەکی ئێمە لەو دەمەدا هەژمار دەکرا، گەڕاینەوە واتە بە درێژایی شەست و چوار رۆژ، هیچ کام لە ئێمە هەرگیز تامی برسێتی نەچەشت و تێکڕای هاوڕێکانمان بە سێ سەد زیارەتکارە

نەخۆشەکانیشەوە بەو خۆراکیانەی کە لە جیهانی غەیبەوە دەهات، بە تەواوی تێر دەبوون و بچووکترین کێشە رووی نەدا. تا ئەوکاتە، هیچ یەکێك لە ئێمە هەرگیز بە مانای راستەقینە ئەو رووداو و پێشهاتانەی کە سەروکارمان لەگەڵیاندا هەبوو، یاخود بەشداریمان تێدا کردبوون، بەرخوردی نەکردبوو وە شتێکمان دەرك نەکردبوو، ئێمە هەرگیز توانای دەرك کردنی ئەم واقیعیەتەمان نەبوو کە بەر مەبنای یاسایەکی ورد و دیاری کراو کە هەر کائینێکی مرۆیی یارای ئەوەی هەیە سوودی لێوەربگرێت، هەموو شتێك ئەنجام دەدرا و بەرجەستە دەبوو.

سپێدەی رۆژی دوایی، لەکاتی بەرچاییدا، پێنج کەسی نامۆ لە چادرگەکەی ئێمەدا حزوریان هەبوو، ئەوانیان بە ئێمە ناساند و گوتیان ئەوان چەند کەسێکن لە گرووپێك کە لەو بەری رووبارەکەوە بارگەیان خستووە و رێك و راست چاودێری ئەو گوندە دەکەن کە ئێمە بە نیازبووین بەرەو ئەوێ بەڕێ بکەوین، ئێمە ئەسڵەن ئەم خاڵە سەرنجی رانەکێشاین و بێ گومان بۆچوونمان وابوو کە ئەوان بۆ پەڕینەوە لە رووبارەکە، گەمییەك یا بەلەمێکیان پەیدا کردووە، یەکێك لە ئەندامی گرووپەکەمان گوتی: ((ئەگەر بێتو ئەم کەسانە بەلەمێکیان هەبێت، چۆنە بۆ پەڕینەوە لە رووبارەکە بە قەرز لێیان وەربگرین))، ئێمە کۆتایی هاتنی ئومێدەواربوونمان بۆ پەڕینەوە بە چاوی خۆمان دەبینی کاتێك هەواڵیان پێداین کە هیچ بەلەمێك لەو ناوەدا نەبووە و نییە چونکە پەڕینەوە لەو رووبارە هەرگیز بە جۆرێك نەبووە کە پێویستی بە ئامرازێك هەبێت بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی رێبوارەکان.

دوای بەرچایی خواردن، ئێمە هەموومان لە قەراغی رووبارەکە کۆبووینەوە و سەیرمان کرد کە ئەمیل و ژست و نیپرۆ و چوار کەس لە هاوڕێکانی ئێمە لەگەڵ پێنج کەسە نامۆکەدا خەریکی گفتوگۆیەکی گەرم بوون، ژست بەرەو لای ئێمە هات و گوتی کە هەموو ئەوان پێیان خۆشە لەگەڵ ئەوپێنج کەسە غەریبەدا لە رووبارەکە بپەڕنەوە و ماوەیەك لە چادرگەکەی ئەوان بەسەر ببەن ئێمەکاتی کارێکی لەو جۆرەمان هەبوو چونکە بڕیارمان دابوو هەمدیس رۆژێکی تر لە قەراغ رۆخی رووبارەکە بمێنینەوە ئایا لەرێژەی بەرزی ئاستی ئاوەکە کەم دەبێتەوە یان نا، ئاساییە کە دوای ئەم قسەیەی ژست، پەیجۆیی کردنی ئێمە جولاّ وا دەهاتەبەر چاومان بڕینی پانتایی رووبارەکە بەمەلەکردن، ئەویش لە رەوتێکی وا خێرا و توندی ئاوەکەدا، کارێکی یەکجار مەترسیدار بێت، ئەمەش هەر بۆ هەواڵ پرسی و سلاّو و چاك و چۆنیەکی دۆستانە لە گرووپێکی نەناسراو! هەرگیز بە بیرماندا نەدەهات کە رەنگە رێگایەکی دیکە بۆ پەڕینەوە لە

رووبارەکە هەبێت کاتێك ژست گەڕایەوە پاڵ گرووپەکە، هەر دوانزە پیاوەکە کە هەموویان بە تەواوی جل و بەرگیان لەبەردا بوو بەرەو کەناری رووبارەکە رۆشتن بە ئارامی و خوێن ساردییەکی زۆر سەیرەوە پێیان خستە سەر رووی ئاوەکە، باوەڕ بکەن هەڵەم نەوتووە، مەبەستم رووی ئاوەکەیە، نەك ناو ئاوەکە! هەرگیز ئەو هەستەی لەو چرکە ساتەدا، بە دیتنی ئەو دوانزدە پیاوە کە یەك لە دوای یەك، لەسەر زەوی توند پێی هەڵدەگرت و گوشاری دەخستە سەر ئاوەکە، لەبیر ناکەم هەناسەم سوار بوو بوو، هەر ساتە و چاوەڕوان بووم کە ئەوان لە باری نوقم بوون و لەبەرچاو ونبوون ببینم، پاشتر تێگەیشتم کە هاوڕێکانیشم رێك هەمان بۆچوونیان هەبووە، بەڵام لەو ساتەدا، هیچ کام لە ئێمە تا ئەو کاتەی کە ئەو دوانزە کەسە لەسەر ئاستی ئاوی رووبارەکە نەپەڕینەوە، هەناسەمان نەدایەوە، ئێمە بەشێوەیەك سەرسام و واق وڕماو بووین کە ئەوان سەرگەرمی رێ رۆشتن بەو حاڵەتە ئارام و شێنەییە دەبینی کە هیچ کاردانەوەیەکمان لە خۆمان پێشان نەدا، ئاو هەرگیز لە پاژنە پێی ئەوان بەرز نەبوویەوە ئەوان هەرگیز حاڵەتی ئازار و ناڕەحەتیان تووش نەهات.

کاتێك ئەوان لە رووبارەکە پەڕینەوە و گەیشتنە رۆخی بەرامبەر، هەستم کرد کۆڵێکی قورس کە چەند هەزار کیلۆیەك دەبوو لەسەر شانم هەڵگیرا، وا گومان دەبەم کە هاوڕێکانیشم دووچاری هەمان حاڵەت بوون، چونکە زەردەخەنەیەك لە ئاسوودەیی کاتێك دوانزدەهەمین کەسیش پێی نایە سەر وشکایی لە رووخسارماندا دەرکەوت، گوزارشتی لەم مەسەلەیە دەکرد. ئەم رووداوە بەڕاستی ئەزموونێکی لەیادنەچوو، کەم وێنە بوو.

حەوت کەس کە پەیوەست بوون بە گرووپی گەشتەکەی ئێمەوە بۆ نانی نێوەڕۆ گەڕانەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵچوونی دەروونی ئێمە لەکاتی گەڕانەوەی ئەواندا بەسەر ئاوەکەدا بەم شێوە سەیرە کەمتربوو، بەڵام هەموومان کاتێك ئەوان گشتیان گەیشتنە لای ئێمە، هەناسەیەکی ئاسوودەیان هەڵمژی، هیچ کام لە ئێمە بە درێژایی ئەو رۆژە کەناری رووبارەکەی بەجێ نەهێشتووە و دوای ئەم رووداوە، گفتوگۆیەکی ئەوتۆ لە نێوان ئێمەدا رووی نەدا، لەو رووەوە کە هەریەك لە ئێمە نوقمی بیرکردنەوە و ئەندێشە دەروونییەکانی خۆی بوو زۆر راوبۆچوونمان دەرنەبڕی و بێدەنگماینەوە.

* * *

دەمەو عەسر، گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە پێویستە لە هەمان ڕێگاوە کە هاتبووین، بگەڕێینەوە و لەڕێی پردی سەر ڕووبارەکەوە، بڕۆینە ئەوبەر، بەیانی ڕۆژی دوایی لە خەو هەستاین و بنە و بارگەمان پێچایەوە، بەر لە دەستپێکردنی گەشتەکە، پەنجا و دوو کەس لە پیاوانی چادرگەکەی ئێمە بەوپەڕی خوێن ساردی و ئارامشەوە بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشتن و هەروەك دوانزە کەسەکەی ڕۆژی پێشوو، بەسەر ڕووی ئاوەکەدا پەڕینەوە، بە ئێمەیان وت کە ئێمەش دەتوانین هاوڕێ لەگەڵ ئەوان دا بەسەر ئاوەکەدا گوزەر بکەین، بەڵام هیچ کام لە ئێمە بەڕادەی پێویست لە هێزی باوەڕ بەهرەمەند نەبوو تاوەکو دەست بداتە ئەم کارە ژست و نیپرۆ پێداگرییان کرد کە یاوەری ئێمە بن، ئێمە هەوڵماندا ئەوان لەم کارە پەشیمان بکەینەوە و من پێم گوتن کە بەبێ هیچ کێشەیەك دەمان توانی درێژە بەڕێی خۆمان بدەین و ڕێگە نەدەین کە ئەوان ئەم ڕێگا سەخت و دوور و درێژە لەگەڵ ئێمەدا بێن، بەڵام ئەوان گوێیان بە قسەکانی ئێمە نەدا و گوتیان ئەم کارە هیچ گرانی و ناڕەحەتییەکی بۆ ئەوان تێدا نییە، لە میانەی ئەو چوار ڕۆژەی کە درێژەی کێشا ئێمە بچینە پاڵ گرووپەکەمان ((مەبەستم ئەو گرووپەیە کە بە پەڕینەوە بەسەر ئاوەکەدا، گەیشتبوونە ڕۆخی ئەوبەری ڕووبارەکە)) باسمان لە هیچ شتێك نەکرد، مەگەر باسی ئەو ڕووداوە نائاساییانە نەبێت کە بە درێژایی گەشتە کورت خایەنەکەمان لەگەڵ ئەو کەسە پاك و بێگەردانەدا، لە نزیکەوە ڕوودانیانمان بینیبوو. لە ڕۆژی دووەمدا، سەرگەرمی هەڵکشان بووین بە لێژگەیەکدا لەبەر تینی خۆرێکی گەرمدا، لەو ساتەدا بەرپرسی گرووپەکەمان کە لە چل و هەشت سەعاتی رابردوودا قسەیەکی ئەوتۆی نەکردبوو لەناکاو هاواری لێ بەرزبوویەوە! ڕۆڵەکانم، بە چ بەڵگەیەك مرۆڤ ناچارە بەسەر زەویدا بخزێت؟ وەڵامان دایەوە کە ئێمەش ڕێك مژوڵی بیرکردنەوە بووین لە هەمان مەسەلە. ئەو درێژەی بە قسەکانیدا: چۆن دەکرێت ئێستا کە ژمارەیەك لە ئێمە مرۆڤەکان توانیان کردەوەگەلێك ئەنجام بدەن کە لە نزیکەوە بینیمان، ئەوانی دیکە نەتوانن هەمان کار ئەنجام بدەن؟ چۆن دەکرێت مرۆڤگەلێك لە خزان بەسەر زەویدا ڕازی و دڵخۆش بن و نەك تەنها ڕازی، بگرە ناچار بە خزان بن؟! لە کاتێکدا مرۆڤ توانای زاڵ بوونی بەسەر هەر بوونەوەرێکدا لەبەردەست دایە، کەواتە لەم بارەدا دەبێت بەرزتر لە باڵندەیەك بفڕێت، ئەگەر وایە، بۆچی لەپێش بوونی خۆی پێشتر ڕانەگەیاندووە؟ کەم و

کورتییەکە ئاڕاستەی ئەندێشەی مرۆیی دەکرێت، هەموو شتێك وا باوە دوای تێڕامان و ئەندێشە ماددییەکانی مرۆڤ لەمەڕ خودی خۆی دەبێت رووی دابێت، مرۆڤ لە ئەندێشەکانیدا هەرگیز خۆی لە هیچ فۆرمێکدا جگە لە خشۆك نەبینیوە، بەم پێیە هیچ کارێك شارەزا نییە جگە لە خزان[1].

ژست دەسبەجێ سەری قسەکەی لەبەرپرسی گرووپەکەمان وەرگرت و گوتی: ئێوە بە تەواوی مافی ئەوەتان هەیە قسەیەکی ئاوا بکەن: هەموو شتێك لە ئاگایی و ئیدراکی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. مروڤیش بنچینەی ئەندێشە دەروونییەکانی سنووردار یا بێ سنوور و لە کۆتایی نەهاتووە، ئازادە یاخود بە پێچەوانەوە زیندانییە، ئایا بەبۆچوونی ئێوە ئەو پیاوانەی بەسەر ئاوی رووبارەکەدا پەڕینەوە تاوەکو ناچار بە ئەنجامدانی ئەم سەفەرە زێدە بارە نەبن کەسانێکی زۆر باش و تایبەتن؟ نەخێر، ئەوان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئێوەدا هیچ فەرق و جیاوازییەکیان نییە، ئەوان لە هەبوونی ئەتۆم یا ماددەیەکی بەهێز، کە ئێوە نەتان بێت، نەکەتوونەتەبەر بەزەیی تایبەتی ئیلاهی، ئەوان تەنها بە پەروەردەکردنی توانای خودایی خۆیان، لەڕێی کەڵك وەرگرتن و بەکارهێنانی دروست لە هێزی ئەندێشەیان، دەست پێشخەرییان کرد، هەموو ئەوەی کە ئێوە بینیتان ئێمە ئەنجاماندا ئێوەش دەتوانن ئەنجامی بدەن، بە هەمان گوڕ و تێن و کەماڵ و ئازادی، چونکە سەر لەبەری کردەوەکانی ئێمە لە هاوئاهەنگی و سازش دان لەگەڵ یاسایەکی ورد و دیاری کراو کە هەر کائینێکی مرۆیی دەتوانێت خۆ بەخشانە و بە ئارەزووی کەسی خۆی سوودی لێوەربگرێت.

ئەو وتارە کۆتایی هات و ئێمەش دوای چەند رۆژێك چووینە پاڵ ئەو پەنجا و دوو کەسەی بەر لە ئێمە گەیشتبوونە ئەوبەری رووبارەکە، بە ئاڕاستەی ئەو گوندەی مەبەستمان بوو کەوتینەڕێ.

---

(١) لەو رووەوە کە فرمان Ramper بەکارهێنراوە رەنگە بتوانرێت لە مانا سیمبولیزمەکە کەڵك وەربگرێت، رەنگە بەمانای نزمی و سوکی مرۆڤی دوو پێش بێت-و- بۆ فارسی.

## بەشی نۆهەم

((پەرستگای شیفا)) کەوتبووە ئەو گوندەوە، دەوترا هەر لە سەردەمی دامەزراندی ئەم پەرستگایە، هیچ قسەیەك، جگە لە سەرگوزەشتەی هەستی و ژیان، حەکایەتی عەشق و ئاشتی لەوێدا بەزاری کەسدا نەهاتووە، لەرینەوەکانی ئەو شوێنە هێندە بەهێزبوو کە زۆربەی زیارەت چییەکان دەسبەجێ شیفایان بۆ دەهات هەروەها دەگوترا باس و خواسی عەشق و ژیان و ئاشتی بەڕادەیەك لەوێدا دووبارەکراوەتەوە و پێشینەیەکی هێندە دوور و درێژیان هەیە و کاریگەرییەکانی ئەوێ بەڕادەیەك توند و بەهێزە کە دەتوانێت هەر جۆرە قسەیەکی ناهەماهەنگ و نابەجێ و دوور لە کەماڵ کە بێ ئاگایانە لەوێدا بەیان کرابێت، لەناو ببات.

ئەمە کت و مت هەمان ئەو شتەیە کە لە وجودی مرۆڤیشدا روودەدا گەر بێتو مرۆڤ بتوانێت خۆی رابهێنێت هیچ شتێك جگە لە پەیامگەلێك لەمەڕ ژیان و هەستی، لە عەشق و هاوئاهەنگی و کەماڵ رەوانە نەکات، پاش ماوەیەك چیتر ناتوانێت تەنها وشەیەکی نابەجێ و نادروست لە دەمی بێتە دەرەوە، ئێمە هەوڵماندا قسەگەلێکی ناپەسەند و نا قولا لەو جێیەدا بەیان بکەین، بەڵام هەموو جارێك تێبینیمان دەکرد کە دەستەوەستان نین لە ئەنجامدانی ئەو کارە و توانای دەربڕینی ئەو قسانەمان نییە.

ئەو پەرستگایە، مەبەستی سەرەکی کۆتایی هەموو ئەو کەسانە بوو بەدوای چاك بوونەوەدا دەگەڕان، ئەو مامۆستایانەی لە هاوسێیەتی پەرستگاکەدا نیشتەجێ بوون، نەریتیان وابوو لە چەند کاتێکی دیاریکراو و تایبەتدا لە گوندەکەدا کۆببنەوە خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ چاککردنەوەی خەڵکانی نەخۆش و لە هەمان کاتدا بە پەرستیش و زیارەتیشەوە سەرقاڵ بن لەم نێوەدا، کەسانێکیش بوون کە حەزیان دەکرد لە رێنماییەکانی ئەم مامۆستا پایە بەرزانە بەهرەمەندبن، بوونیان لەو شوێنەدا دەرفەتێکی یەکجار زێڕین بوو بۆ گەیشتن بەم ئارەزووە، ئەو

پەرستگایە، بە تەواوی وەقف کراوە بۆ مەسەلەی شیفا بەخشین، هەمیشە کراوەیە بەڕووی ئەوانەدا کە سەردانی دەکەن، لەو رووەوە کە خەڵکی ئاسایی، هەمیشە بەخت یاوەریان نییە بۆ دیتنی مامۆستاکان، مامۆستاکان پێیان راگەیاندوون کە لە هەر وەرزێك لەساڵدا، و تەنها بە نیازی چاکبوونەوە رووبکەنە پەرستگاکە و زیارەتی بکەن، هەر لەبەر ئەمە بوو کە ئەو مامۆستایانەی هاوڕێیەتی ئێمەیان دەکرد، هەر لە سەرەتاوە، هەوڵی چاکبوونەوەی زیارەتچییەکانی هاوسەفەری خۆمانیان نەدا، مامۆستاکان لە پاڵ زیارەت کارە نەخۆشەکاندا، ئەم گەشتە دژوارەیان ئەنجام دابوو تاوەکو تێیان بگەیەنن کە ئەوانیش وەك هەر مرۆڤێکی ترن، هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ زیارەت کارەکان و ئەمەی کە دواجار هەر مرۆڤێك خاوەن کۆمەڵێك توانا و وزەی هاوشێوەی خودایە، لە کاتی پەڕینەوە لە رووبارەکە، ئەوان هەوڵیان دابوو نموونەیەکی بەرجەستە و دیار پیشانی زیارەتکارەکان و هەروەها ئێمە بدەن و تێمان بگەیەنن کە ئەوان توانای زاڵبوونیان هەیە بەسەر هەر سەختی و ناڕەحەتییەکدا و ئێمەش دەتوانین لاساییان بکەینەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بۆ هەندێك، چوون بۆ ئەو پەرستگایە مەحاڵ بێت بەسە کە سەردانی مامۆستاکان بکات تاوەکو سوودێکی زۆر وەربگرێت لە دیداری ئەوان، ژمارەیەك خەڵکی بێ بڕوا و پەیجۆریش هەیە کە وادیارە هیچ کۆمەکێك وەرناگرن، ئێمە لە گردبوونەوەیەکی ئاوادا کە لە دووسەد تا هەزار کەس پێکدەهات، بەشداریمان کرد، لەم کۆبوونەوانەدا، هەموو ئەو کۆمەڵە خەڵکەی خوازیاری شیفابوون، تەنها بەس بوو لە ناخ و دەروونی خۆشیاندا بڵێن کە شیفایان دەوێت. بەم جۆرە، ئێمە دەرفەتی ئەوەمان چنگ کەوت کە لە چەندین رۆژ و کاتی جیاوازدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو ناوچەیە ببینین کە لەو شوێنەدا شیفایان بۆ هاتبوو: لە سەدا نەوەدی حاڵەتەکان، چاکبوونەوەی ئەم نەخۆشانە لە جۆری هەمیشەیی و بەردەوام بووە و لەو حاڵەتانەشدا کە ڕێوڕەسمی چاکبوونەوە لەناو پەرستگاکەدا ئەنجام دەدرا ڕێژەی چاکبوونەوە دەگەیشتە ١٠٠٪ بۆ ئێمەیان روون کردەوە کە ئەو پەرستگایە شتێکی بەرجەستەیە کە کەوتۆتە شوێنێکی دیاریکراو، ئەوێ، سیمبولێکە لە سەنتەری ئیلاهی و یا وەکو مەسیحیك کە لە دەروونی هەر یەکێك لە ئێمەدا بوونی هەیە، لەڕاستیدا تێکڕای کڵێسە و ناوەندە مەزهەبییەکانی دنیا دەبێت ڕێك و راست هەر ئەم سومبولە بکەنە ئایینی خۆیان، پەرستگای ناوبراو هەمیشە بۆ هەر زیارەتکارێك کراوەیە و لەدەست پێڕاگەیشتنی گشتی دایە. هەر مرۆڤێك ئازادە پێ بنێتە ناویەوە تا هەر وەختێك کە پێی خۆشە لەوێ

بمێنێتەوە، بەم پێیە، ئایدیاڵ و ئامانجێکی دڵگیر لە زەینی زائیرەکاندا سەرهەڵدەدات و لە مێشکیاندا دەمێنێتەوە.

ئەمیل گوتی: لێرەدایە کە ئارەزووی بت پەرستیەکانی سەردەمی رابردوو زیندوو دەبێتەوە، مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵیانداوە وێنەیەکی ئایدیاڵ و دڵخوازی خۆیان لە دار و بەرد و زێڕ و زیو یا برۆنز هەڵکۆڵن، هەر کە هەڵکۆڵین و وێنە کێشانەکە کۆتایی هات، ئایدیال و حەز و ئارەزووە سەرەکییەکە لەوە تێدەپەڕێت، هەر بۆیە پێویستە مرۆڤ لە نیعمەتی رووئیا و ئیلهام بەهرەمەند بێت، هەموو ئەوەی لە قوڵایی رۆحیدا سەرچاوەی گرتووە، خۆشی بوێت و بەباشی پیشانی بدات و تەنها بەوە بەسەندە نەکات کە شێوەیەکی بەرجەستە و هەروا بت پەرستانە بەو ئەندێشە یا رووئیایە بدات، روویەکی دیکەی بت پەرستی کە بەم دواییانە سەری هەڵداوە ئەمەش لەخۆ دەگرێت لە کەسێك کە خەریکی دەربڕین و وەسف کردنی ئامانج یاخود ئارزووە دەروونییەکانی ئێمەیە، بت دروست بکەین، لەکاتێکدا دەبێت مرۆڤ تەنها رووئیا و ئیلهامە بەیان کراوەکانی خۆش بوێت و بەرز رایان بگرێت و کاری نەبێت بەو کەسەی رایان دەگەیەنێت[١].

کاتێك عیسا بینی خەڵك وردە وردە لەجیاتی خۆشویستن و بە چاکزانینی بیر و تیۆرییەکەی ئەو، خەریکن خودی ئەو دەپەرستن، بەجێی هێشتن، خەڵك بە نیازبوون بیکەن بە پادشا و تەنها ئەم خاڵەیان دەبینی! ئەویش ئەمە بوو کە عیسا دەیتوانی وەڵامی سەرجەم حەز و خواستە ماددییەکانی ئەوان بداتەوە.

هیچ کەسێك ئامادە نەبوو قبوولّی بکات کە خۆیشی توانای دەستەبەرکردنی یەك بە یەکی خواستە دەروونییەکانی هەیە. هیچ دەرکی بەوە نەدەکرد کە پێویستە وەك عیسا، سوود لەم توانایە وەربگرێت، عیسا فەرمووی: ((پێویستە هەنوکە ئێرە بەجێ بێڵم چونکە ئەگەر نەڕۆم، خوداوەندی ئارامبەخش نایەتە سۆراخی ئێوە)) بە دەربڕینێکی تر، تا ئەو ساتەی مرۆڤ گرنگی پێدانی خۆی لەسەر کەسی عیسا چڕبکاتەوە، هەرگیز توانای قبوولّکردنی ئەو راستییەی کە

(١) .CNN T.V لە راپۆرتێکدا لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بڵاوی کردەوە تا ئێستا زیاتر لە پێنج هەزار گرووپی ئایینی جۆراوجۆر لە ئەمەریکا دروست بووە هەر لە هیندۆسی و بوداییەوە بگرە تا ئەستێرە پەرستی و شەیتان پەرستی و جادوگەری و چەندین شێوازی جۆرا و ئەندێشە و ئایدیای جیاواز. گرفتەکە لێرەدایە کە خەڵکی ئەمەریکا و ئەوروپا سەرانی ئەم گرووپانە هەروەك بت دەپەرستن و ئیدی هیچ بایەخ بە فەلسەفە و تیۆریاکەی ئەوان نادەن و سەرکردەکانیش دەست لە هیچ فرِوفێڵێك هەڵناگرن-و- بۆ فارسی.

خۆشی خاوەن هەمان توانستە نابێت، پێویستە بێ گومان مرۆڤ لە ناخی خۆی بڕوانێت، گەر بێتو مرۆڤ پشت بە یەکێکی تر ببەستێت، لەجیاتی بەدیهێنانی ئامانج و ئیلهامە دەروونییەکانی خۆی، بتێکی لە کەسێکی تر دروست کردووە.

ئێمە بە درێژایی ئەم ماوەیە، شیفا و چاکبوونەوەی نائاسایی زۆرمان بینی بۆ هەندێك لە نەخۆشەکان هێندە بەس بوو بەناو پەرستگاکەدا بڕۆن تاوەکو شیفایان بۆ بێت، هەندێکی تر، زەمەنێکی زۆرتریان بەسەر دەبرد. هەرگیز هیچ کەسێك لەناو پەرستگاکەدا، ڕێوڕەسمێکی تایبەت ئەنجام نادات. دەگوترا وتاردان و ئامۆژگاری کردن لەو شوێنەدا، تەواو بێهودەیە، چونکە لەرینەوەکانی ناو پەرستگاکە بەجۆرێك کاریگەر و بە کەڵك بوو هەر کەسێك کە دەهاتە ناو پەرستگاکە، لەڕاستیدا دەهاتە ناو زۆنی کاریگەرییەکانی ئەو و خێر و بێرێکی زۆری دەستگیر دەبوو، ئێمە پیاوێکمان بینی کە بە یارمەتی کەسانێکی تر هاتە ژوورەوە بۆ ناو پەرستگاکە، ئەو دووچاری نەخۆشییەکی سەیر بوو بوو سەر و دەست و قاچەکانی لەڕادەبەدەر گەورە بووبوون، لە ماوەی یەك سەعاتدا، سەرجەم جومگەکانی چاکبوونەوە و توانی جارێکی تر لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و بەپێی خۆی لە پەرستگا بێتە دەرەوە، ئەو پاشان بۆ ماوەی چوار مانگ لە گرووپە لێکۆڵەرەوەکەی ئێمەدا خەریکی کارکردن بوو.

کەسێکی تر کە تەواوی پەنجەکانی دەستی لە دەست دابوو، پاش ماوەیەك بینی سەرلەنوێ پەنجەکانی سەوزبوونەوە، منداڵێك کە جەستەیەکی ناقۆڵا و ئیفلیجی هەبوو بەزوویی شیفای بۆ هات و لە پەرستگاکە چوویە دەرەوە، چەندین حاڵەتی وەك گەرۆڵی، کوێری، کەڕی و زۆر نەخۆشی و کەم ئەندامێتی تر، بە ئاسانی چاك دەبوونەوە، دوو یا سێ ساڵ دواتر، دەرفەتێکی دیکەمان بۆ ڕەخسا تاوەکو جارێکی تر چاومان بەو کەسانە بکەوێت بە ئاشکرا بینیمان کە تەندروستی و چاکبوونەوەکەیان هێشتا درێژەی هەیە، کاتێك بە دەگمەن، نەخۆشێکی شیفا بۆ هاتوومان دەبینی کە جارێکی تر گیرۆدەی نەخۆشییەکەی بۆتەوە، بۆ ئێمەیان روون دەکردەوە کە ئەم مەسەلەیە تەنها لەبەر ئەوەیە کەسی نەخۆش، باوەڕ و ئیلهامی مەعنەوی نەبووە، بۆیە وای بەسەرهاتووە.

## بەشی دەیەم

بە گەڕانەوە بۆ پێگەی سەرەکیمان لە ((ئاسماھ)) گشت ھەلومەرجەکان بۆ پەڕینەوە لە ناوچە شاخاوییەکان بە گونجاو و لەبار راگەیەنرا، دوای رۆژێك پشوودان و گۆڕینی ئەسپەکان و رێنما و کرێکارە کۆڵ ھەڵگرەکانمان، ئێمە دووەمین بەشی سەفەرە گەورەکەمان دەست پێکرد.

رووداوەکانی بیست رۆژی دوایی، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، تەنھا ئەمیل قسەی بۆ دەکردین و تەنھا قسەکانی ئەو بایەخیان ھەبوو کە لێرەدا، کورتەیەکیان لێ تۆمار دەکەم، ئەو گوتی: تەنھا لەرێی بیر و ئەندێشەی کەسیمانەوەیە کە دەتوانین، دوای خستنەگەڕیان، ئاگایی لە چەمکی ((رۆحی خودایی)) مانفێست بکەین و وەك شتێکی بەرجەستە و ھەست پێکراو پیشانی بدەین، لەرێی توانای بیر و ئەندێشەوە، ئێمە دەتوانین پەیکەری جەستەییمان تا قۆناغێك پێشڤە ببەین و کامڵی بکەین کە چیتر پێویست بە دەربردنی گۆڕانکارییەکانی وەك مردن نەکات بەھۆی قۆناغە فیکرییەکانەوە، بە کۆمەکی ئاگایی دەروونمان لە ((رۆحی خودایی)) ئێمە دەتوانین دەوروبەرمان و ھەلومەرجەکانی ژیان و ژینگەی خۆمان بگۆڕین. ھەموو ئەم کارانە تەنھا لەرێی ئەو ھێزەوەیە کە بە مرۆڤ بەخشراوە و بەو ھێزەش دەتوانێت بیر یا ئایدیایەك لە زەیندا وێنا بکات و بەرجەستەی بکات، بەر لە ھەر شتێك پێویستە بزانین کە رۆحێکی خودایی لە دەروونی ھەر یەکێك لە ئێمەدایە، پاشان دەرکی بکەین و دەستنیشانی بکەین و دواجار بەھێزی باوەڕەکەمان بڕوای پێبھێنین، پاشان پێویستە مانا و چەمکی راستەقینەی ئەو فەلسەفەی لەرێی عیسا یا ھەر پێغەمبەرێکی ئیلاھی تر کە پێمان گەیشتووە دەرك بکەین و جەستەی رۆحانی خۆمان لەگەڵ خواوەندی جیھانی ھەستیدا پەیوەست و یەکگرتوو بھێڵینەوە، جەستەیەك کە راست و دروست بەپێی وێنە و فۆرم و شێوەی خواوەند دروست بووە دەبێت ئەم جەستە رۆحانییە لە جەستەی بێ کەم و کورت و کامڵی خوداییدا

یەکانگیر بکرێت و چونکە بەم کارەیە کە خواوەند ئێمە دەبینێت، بەم پێیە، ئێمە جەستەی بێ کەم و کورتی و کاملّی خواوەندمان وێناکردووە، لەبارەیەوە کەوتووینەتە بیرکردنەوە و سەرەنجام بەدیمان هێناوە، ئێمە جارێکی تر لە قەڵەمڕەوی ئەندێشەی ئیلاهیدا ((لەدایك)) دەبینەوە و دەبینە بەشێك لێی، بەم چەشنە بیرکردنەوانە، ئێمە دەتوانین هەر شتێك بۆ رەگەز و ماددەی ئیلاهی بگێڕینەوە، ئەو شتانەی کە لە هەمان رەگەزەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام هەنوکە دەتوانین جارێکی تر ئەوانە بۆ شێوەگەلێکی بێ کەم و کورت وکاملّ (لەڕووی شێوەی رووالّەتی بەدیهاتویان)) بگۆڕین، پاشان دەبێت ئەم شتانە لە هەمان باری کاملّ و بێ کەم و کورتیان، لە زەیندا بپارێزین و ماهیەتی بێگەرد و رەسەنی رۆحانیان لەبیر نەکەین، پاشان ریتمی لەرینەوەی ئەوان کەم دەکەینەوە و ئەم شتانە، بەشێوەیەکی کاملّ، دەردەکەون بەم شێوازە، ئێمە دەتوانین هەموو بیروباوەڕە هەڵە و نادروستەکان، هەموو کێشە و گرفتەکانی دوێنێ و ئەو گوناهانەی کە لەڕابردوودا ئەنجاممان داوە کۆبکەینەوە و لەناو بەرین، ئیدی گرنگ نییە جیاوازی، هەڵە، گومان و دوو دڵی، باوەڕ نەکردن، یاخود ترسی واقیعی یان بێ جێ کە بەهۆی خۆمان یا کەسانی ترەوە، لەسەر رێگاماندا قوت بوونەتەوە، بوونیان هەیە، ئێمە دەتوانین بە هەموو ئەم شتانە بڵێین: من ئێوە بۆ ئۆقیانووسی بێ پەی ئەندێشەی ئیلاهی دەگێڕمەوە و لەگەڵ ئەودا ئاوێزانتان دەکەم، ئێوە بۆ توخم و ماددەی جیهانی هەستی کە هەموو شتێك لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و هەموو شتێك لەودا کاملّە و ئێوەش لەو بەدیهاتوون، دەگێڕمەوە، چەندە خێراتر فەنا بن و دیار نەمێنن و بگۆڕدرێن بۆ شتانێك کە بۆ دروست کردنی ئێوە، سوودیان لێوەرگیرابوو ئەمێستا جارێکی تر ئێوە لەم مادە بێگەرد و رەسەنە بەشێوەیەکی کاملّ و بێ لەکە و کەم و کورتی، دەردەهێنم، ئێوەم بەو جۆرە دەوێت کە لە بەرامبەر چاوەکانی خودادان، من ئێوە لە باری کاملّ بووندا دەهێڵمەوە لە رابردوودا، من ئێوەم بە ناکاملّی بارهێناوە، دەرکەوتنی ئێوەش دوور لە کەماڵ بوو، هەنوکە بە دەرك کردنی حەقیقەت، ئێوەم بە کاملّی دەوێت، رێك بەو جۆرە لە بەرچاوی خودادا وەهان، ئێوە سەرلەنوێ لەباری کاملّ و بێ کەم و کورتیدا دێنە دنیاوە ((راستی رەوشێکی لەم چەشنە دێتە حالّەتی روودان)).

کیمیاگەری دەروونی و ئیلاهی ئێوە بەرپرسیارێتی هەموو ئەو شتانەی بۆی دەهێنێت، قبووڵ دەکات، ئەو شێوەی هەموو شتێك دەگۆڕێت، دواجار هەموو ئەوەی کە ئێوە وێنەیەکی ناتەواوتان پێ بەخشیوە، بەشێوەیەکی کاملّ و بێ خەوش بۆ ئێوە دەگێڕێتەوە، ئەم رەوشە

لەمەڕ جەستەی ئێوەش هەروایە و ڕێك دێتەوە، جەستەیەك كە شێوەی دەگۆڕێت، گۆڕانی بەسەردا دێت، قەشەنگ دەبێت، دەگاتە حاڵەتی كەماڵ، خواوەند ئەو جەستەیە دوور لە دارِزان و كەم و كورتی و نەخۆشی بۆ ئێوە دەگێڕێتەوە، جەستەیەك بەجۆرێكی سەرسوڕهێنەر و شادی بەخش، بەر كەماڵ و ئازادە، ئەمەیە هەبوونی ئاگایی تەواو لە ڕۆحی خودایی لە وجودی هەر یەكێك لە ئێمەدا، بۆ هەموومان، ئەمە هەمان ژیانی ((بە قوڵی)) شاراوە و سەرمۆرە لە مەسیحدا ((كە لەگەڵ خواوەند دایە)) بەیانی رۆژی چوارەمی مانگی تەمووز ئێمە گەیشتینە دوندی هەورازێكی شاخاوی، شەوی پێشوو، ئەمیل گەیشتبووە ئەم ئاكامەی كە ئێمە هەمووومان پێویستیمان بە رۆژێك پشوو هەیە و هیچ بەروارێكیش لە چواری تەمووز لەبارتر نەبوو بۆ ئەنجامدانی كارێكی لەو چەشنە، دەمەوبەیانی، ئەمیل گوتی ((ئێمە لە رۆژی چوارەمی تەمووز داین، ساڵرۆژی جەژنی سەربەخۆیی وڵاتەكەی ئێوە، ئەم رۆژە مێژووییە، لە هەڵومەرجێكی گونجاو دایە، واهەست دەكەم دەبێت چیتر تارادەیەك لەمەڕ ئێمە هەست بە دڵنیایی بكەن و پێم خۆشە ئازادانە قسە بكەن، تا چەند رۆژێكی تر ئێمە بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە بۆ ئێوەی دەسەلمێنین كە لێدوانەكانی من راست و دروستن، ئێمە پێمان خۆشە ناوی وڵاتەكەی ئێوە بە زاردا بهێنین: ئەمەریكا، هەمان شێوەش ناوی دانیشتووانی وڵاتەكەیان! ئەمەریكییەكان، ئێوە هەرگیز رادەی شادی و خۆشحاڵی ئێمە لەم رۆژە گرنگەدا، كە بە نیازم چەند خولەكێك لەگەڵ ئێوەدا، خەڵكی ئەمەریكا، بدوێم، دەرك ناكەن، ئێوە هەمووتان لەو خاكە بەرفراوانەدا هاتوونەتە دنیا، هەندێك لە ئێمە لە نیعمەتی دیتنی وڵاتەكەی ئێوە بەهرەمەندبوون، ئەویش ماوەیەكی زۆر بەر لە گەشتە هەرگیز لەیادنەچوو وە دۆزینەوەكەی كریستۆف كۆلۆمب[1] پێشتریش هەوڵی زۆردرابوو بۆ دۆزینەوەی ئەم كیشوەرە كە هەموویان بە شكست كۆتاییان هاتبوو، ئایا دەزانن لەبەرچی؟ وەڵامەكەی زۆر سادەیە، تەنها لەبەر نەبوونی سیفەتێكی خودایی واتە ئیمانێكی پتەو. ئەو جوامێرە كە هەستی دەكرد توانای بەدیهێنانی ئیلهامە سەیرەكەی هەیە، هێشتا لەدایك نەبوو بوو.

رۆژێك، لە رۆحی مرۆڤدا، ئەم دڵنیاییە هاتە گۆڕێ كە زەوی خڕە و دەبێت لەناوچە بەرامبەرەكانی سەر زەویدا، تەختاییەك هەبێت كە لەگەڵ ئەم روو تەختەی ئێستا ناسراوە، وەك یەك بێت.

---

(1) Christophe Collmb.

ئێمە تێبینیمان کرد کە قۆناغێکی زۆر گرنگ و نویٚ لە گۆشە نیگای مێژووییەوە خەریکە دەست پێدەکات، تەنها خواوەندی دانا و زانا، خودای بە توانا و دەسەلاٚت کە هەموو شتێك دەبینێت، دەیتوانیٚ تۆوێکی لەم جۆرەی باوەڕ لە ڕووحی کۆلۆمبدا بچێنێت، ئایا یەکەم گوتەکانی ئەم دۆزەرەوەتان ئەو ڕۆژەی لە بەرامبەر شاژنی ئیسپانیا ئامادەبوو لە یادە، ئەو لە ملکەچ کردن لە بەرامبەر بەرپرسانی حکوومی خۆی بە دوورگرت و گووتی: ((خاتوونی من! شابانوی خۆشەویست! من بە تەواوی دڵنیام کە زەوی خڕە و پێم خۆشە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم سواری کەشتییەك ببم و سەفەرێك دەست پێبکەم)) من نازانم ئایا ئێوە باش ئاگادارن یان نا، بەلاٚم ئەم گوتانە، بە تەواوی وەك ئیلهامێك وابوو لەلایەن پەروەردگارەوە.

کۆلۆمب وەك پیاوێك ناسرا کە سووربوو لەسەر ئەوەی کە لە هزری دا وێنای کردووە، بخاتە واری جێبەجیٚ کردنەوە.

بەم پێیە، زنجیرەیەك ڕووداوی درێژخایەن دەستی پێکرد، ڕووداوگەلێك کە ئێمە چەند ساڵێك بەر لە قسەکانی کۆلۆمب، ئەوانەمان لە پەردەی زەیندا، لە حاڵەتێکی ئیلهام ئاسادا، تێبینی کردبوو، ئەڵبەتە تەواوی ڕووداوەکان پیشانی ئێمە نەدرابوو، بەلاٚم هێندەمان دیتبوو کە بتوانین پەیجۆیی پاشماوەی ڕووداوەکان بکەین بیٚ گومان ئێمە تەنانەت لە خەونیشدا وێنامان نەدەکرد کە چ ڕووداوگەلێکی نائاسایی کە تاڕادەیەك ماهیەتێکی باوەڕ پێنەکراویان هەبوو، گەرەکە لە چەند ساڵێکی کورت و کەمدا ڕووبدەن، بەلاٚم ئەو دەستەیە لەو کەسانەی لەناو ئێمەدا، لە ئیمتیاز و بەهرەی ژیان بەدرێژایی ئەو قۆناغە بەهرەمەند بوون و هەن بە تەواوی دەرك بەوە دەکەن کە پەڕجوو کەرامەتی هەمدیس سەیرتر بۆ گەلەکەی ئێوە لەبەر چاوگیراوە، کاتی ئەوە هاتووە کە ولاٚتی ئێوە لە خەوی بیٚ ئاگایی بێدار بێتەوە و خەریکی ناسینی ڕۆڵی ڕۆحانیانەی رەسەنی خۆی بێت، ئێمە ئارەزوومەندین هەر چییەکمان لەدەست بێت، بۆ یارمەتیدانی ئێوە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەم کارەدا، ئەنجام بدەین، (ڕوونکردنەوە لەلایەن نووسەری کتێبەکەوە: بە بڕوای من، فاکتەری خۆشویستنی ئێمە لەلایەن ((مامۆستاکانەوە)) لەبەر مەیل و تامەزرۆیی زۆری ئەوان بوو بۆ دیتنی ئەمەریکا وەك سەرزەوییەك کە ئاگایی دەرك کردنی پێویستی بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ((ڕۆحی خودایی)) وەربگرێت و تواناکانی دەرك کردبێت و پشتیان پێببەستێت. ئەوان لەو بڕوایەدان ئەم ولاٚتە بەرمەبنای چەند پرەنسیپێکی تەواو مەعنەوی و ڕۆحانی بنیاتنراوە و دەتوانێت گەشەیەکی باش بۆ کاملٚ کردنی ڕۆحانی خۆی و دانیشتووانەکەی ئاشکرا بکات).

ئەمیل درێژەی بە قسەکانیدا: وەرن بیر بکەنەوە کە دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا تەنها لە تۆزقالێك باوەڕ کە لە ڕۆح و گیانی تاکە پیاوێکدا چێنرا بوو تاوەکو خۆبەخۆ گەشە بکات، بەدەست هاتووە، ئاکامگەلێکی چاوەڕوان نەکراون، کۆلۆمب، لەو سەردەمەدا کە دەژیا، وەك خەیاڵ پڵاوێکی بێ ئەنجام سەیر دەکرا، بەڵام ئێمە هەمووومان لە لێواری نزیك بوونەوەداین لە شوێنێك کە لەو بڕوایە داین و هەروا ئاگادارین کە خەونەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ بوونەتە واقیع. بەم پێیە چ کەسێکە کە دەتوانێت شانازی بە سەرکەوتنە گەورەکانەوە بکات، بەبێ ئەوەی لەزگەی ((خەیاڵ پڵاوی)) لێنەدرابێت؟ ئایا کۆلۆمب لە خەون و خەیاڵدا دەفڕی؟ ئایا ئایدیاکانی ئەو لە ئەندێشەی پەیوەست بە جیهانی وجودەوە سەرچاوەی نەگرتبوو؟ بیر و هزرێك کە لە ڕۆحی خاوەنەکەیاندا، وەك کۆمەڵە حەقیقەتێکی تۆکمە و لەق نەبوو، دەرکەوتن؟ کۆلۆمب پێی نایە ناو ئۆقیانووسێکەوە کە تا ئێستا کەس پێی تێنەنابوو چونکە لە زەینی خۆیدا، وێنەیەکی روون و ئاشکرا و دیاریکراوی لەمەڕ سەرزەوییەکانی ئەوبەری دەریا هەبوو، من نازانم ئایا ئەو ئاگاداری بەها و بایەخی داهاتووی ئەو کیشوەرە بوو کە خەریکی کەشفکردنی بوو، یاخود تەنانەت دەیزانی کە ناوی ئەو کیشوەرە رۆژێك ئەمەریکا دەبێت، بەڵام ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە کە: ئایا لە سەرەتادا، هەموو شتێك خەون و خەیاڵ بوو یا ئیلهامێکی شێوە دیتن بوو؟

ئێمە تا هەنوکە دەستەبەر کردن و بەدیهێنانی کۆمەڵێك پەرجومان بینی، بەڵام ئیلهام و ئەندێشەیەك کە ئێمە لەمەڕ مۆجیزاتەکانی دوایی هەمانە، پەیوەندییان بە ئیلهام و خەونبەرارییەکانی کۆلۆمبەوە هەیە، بەم شێوەیە، ئێمە دەتوانین چەندین ئیلهامی جۆراوجۆر بهێنینە یاد کە بە یارمەتی ئەوانە، شوێنێکی دڵگیر بۆ ژیان، لەڕێی ئیلهاماتی دەروونییەوە بوو کە خواوەند خۆی بەیان کردووە و لەڕێی هەر یەکێك لەم ئیلهامانەوەیە کە خۆی نمایان کردووە، ئەو کەڵە پیاوانەی ئیلهامەکانیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر ئەو پیاوانەن کە ئاگایانە یان بەبێ ئاگایی خۆیان، زۆرترین باوەڕیان بە پەروەردگاریان هەبووە.

بەسە کە بیر لە ڕۆحی کۆلۆمب بکەیتەوە کە ئەم سەرکێشییەی کرد و رووی لە ئۆقیانووسێك کرد کە هێشتا کەشف نەکرابوو، ئەو لەگەڵ هەموو سەختی و دژوارییەکدا رووبەڕووی چەندین نائومێدی و دڵشکان بوویەوە بەڵام بەسە ئەمەت لەیادنەچێت کە ڕۆحی

کۆلۆمب، لەگەڵ هزر و ئەندێشەیەکی گشتی و بنەڕەتیدا کە بەسەر تێکڕای ئایدیاکانی تریدا زاڵ بوو دەژیا! ئەمەی کە دەبێت بە ئامانج بگات.

رووداوەکان، هەر ساتە و رێڕەوێکی سەیرتریان دەگرت تاوەکو دواجار کۆمەڵێك لە خەڵك، سواری پشتی کەشتی ((میفلاوەر))[1] بوون و کەوتنە گەڕان بەدوای ئازادی پەرستنی خودادا بەشێوەی خۆیان، دووبارەی دەکەمەوە ((بەشێوازی خۆیان)) بە لەبەرچاو گرتنی نوری ئیمان و ئەندێشە و پێشهاتەکانی دوایی، ئایا وردە وردە حەقیقەت سەرنجتان رادەکێشێت؟ ئایا لە سنووری ئەندێشەی ئەوان تێپەڕی نەکرد؟ ئایا توانای دیتنی دەست و دەسەڵاتی ئیلاهیتان لەم بەرنامەیەدا نییە؟ پاشان رۆژە تەڵخ و تاریکەکان گەیشتنە پێشەوە و وادەهاتە بەرچاو کە ئەم کۆچبەرە سەرەتاییانە لە هەر دەمێکدا رەنگە لەناو بچن، بەڵام ئەودەمەی کە خواوەند دەست دەداتە ئەنجامدانی کارێك، دەبێت سەرکەوێت. دواتر رۆژە گەورەکە نزیك بوویەوە، لەو رۆژەدا، جاڕنامەی سەربەخۆیی و ئازادی ئەو خاك و خەڵکە واژوو کرا، رۆژێك کە هەڵبژاردن لە نێوان خواوەند و داگیرکاراندا گەیشتبووە پێشەوە، چ کەسێك بردیەوە؟ چ کەسێك پێویستە هەمیشە سەرکەوتووبێت؟.

خەباتی گرووپێکی بچووك لە پیاوان بەدرێژایی ئەو رۆژە لەیاد نەچووانە گیرسانەوەی واژووەکانیان لە تۆمارێکدا کە یەکێك لە گرنگترین رووداوەکانی مێژووی سەردەمی مرۆڤایەتییە و لەکاتی هاتنی پێغەمبەران بەم لاوە، وێنەی نەبووە، بەڕاستی لەیادنەچووە.

سەرەنجام یەکەمین لێدانەکانی زەنگی سەربەخۆیی زرینگایەوە، دەتانەوێت باوەڕ بکەن یان نا، بەڵام ئێمە ئەو زەنگەمان هەروەك ئەوەی لە پاڵ ئەو پیاوانەدا حزورمان هەبێت، گوێ لێ بوو، ئەو زەنگە بەو لەرینەوانەی لەو کاکڵە سێنتراڵە بچووکە دەدرەوشایەوە، گڕوتینی پێ بەخشی و بەرەو هەر لایەك ئاڕاستەی کرد دوورترین بەشەکانی سەرزەویش توانیان زەنگی ئازادی ببیستن، تاریکترین زەین و ئەندێشەکانیش دوای بیستنی زەنگەکە، رووناك بوونەوە، تکا دەکەم سەرنج بدەن، لەو کێشە و دژوارییانەی کە زەمینە سازیان کرد بۆ ئەم رووداوە گەورەیە. ئایا ئەم رووداوە هەروەك لەدایکبوونی منداڵی ئیلاهی نەبوو؟ تکا دەکەم هەوڵ بدەن

---

(١) May Flower: ئەو کەشتییە بەناوبانگەی کە بۆ یەکەم جار کۆچبەرە ئینگلیزەکانی بەرەو کیشوەری ئەمەریکا برد تا لەوێ نیشتەجێ بن.

ئەو خوداشناس و رۆحە پاکانەی کە بوێرییان نواند تاوەکو پارێزگاری لەم ((کورپە)) بکەن و لایەنگیری بکەن، بڕوانن! گەر بهاتبا و ئەم رۆحە پاکیزانە، هیوا بڕاو بوونایە، چی رووی دەدا؟ بەڵام ئەوان هەرگیز نائومێد نەبوون چی روویدا؟ یەکێ لە نەتەوە گەورەکانی سەر زەوی لە دایك بوو، گرفت و کێشە و ناهەموارییەکانی ئەم خاکە باس لە هۆگربونی نزیکی ئەو لەگەڵ رۆحی بڵند و پیرۆزی عیسای ناصری لە ترۆپکی گەشە سەندنی خۆیدا دەکات، دەتوانرێت واژووکارانی جاڕنامەی سەربەخۆیی بە ئەفسوون گەراکانی خۆرهەلات بچوێنین کە تێبینی درەوشانەوەی ئەو هەسارەیان کرد کە نیشانەی لەدایك بوونی عیسا بوو لە ئاغل، پیاوانی سەردەمی نوێ، بە هەمان روونی و ئاشکرایی کە ئەستێرەکەیان لە سەردەمی کۆندا بینی، درەوشانەوەی ئەستێرەی لەدایك بوونی ئەم خاکە تازەیان تێبینی کرد، کاتێك مرۆڤ بیر لە ناوەڕۆکی ئەم جاڕنامەیە دەکاتەوە شوێنی بچووکترین گومان نامێنێتەوە کە هەر کام لە وشەکانی ناو بەڵگەنامەکە لەلایەن خوداوەیە، تکا دەکەم بۆ ساتێك بیر بکەنەوە، بەڵگەنامەی جاڕنامەی سەربەخۆییەکە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نییە، هیچ دیکۆمێنتێك کە بەدەستی مرۆڤ نووسرا بێتەوە، هاوشێوەی ئەو بێت بوونی نییە، هەر بۆیە ئایا هێشتا گومانتان هەیە و دوو دڵن کە لە ماددەی ئەندێشەی ئیلاهییەوە سەرچاوەی گرتبێت؟... ئەم گەڵاڵەنامەیە بەشێکە لە نەخشەی داهێنان کە لە ئاستانەی دەرکەوتن و بەدیهاتندا بێت و بێ گومان، درێژەپێدانێك بۆ قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ئەم نەخشە گەورەیە بوونی هەیە.

دروشمی ((E Pwribus unom))دا هەموومان لە یەکێکدا کورت دەکرێینەوە کە بە درێژایی رۆژە هەستیار و ناسکەکانی قۆناغەکانی دوایی بەر کەماڵ بوونی ئەم خاکە هەڵبژێردرا، دروشمێکە زۆرتر لە ماهیەتێکی وێنەیی بەهرەمەندە و راستەوخۆ لە ئەندێشەی ئیلاهییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم دروشمە بێ گومان لە هزری ماددی و دنیایی ئەمەریکییەکانەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، پاشان رستە پڕ مانا و دروشم ئاساکەی ( In God We trust) ((پشت بە خودا دەبەستین)) نیشانەی دڵنیایی و باوەڕێکی زۆر بەتینە، گوزارشت لە باوەڕ بە خودا کە بەدیهێنەری هەموو شتێکە دەکات[1] دواجار وەك نیشانەیەکی دیاری کراو، هەڵۆ هەڵبژێردا، گیان لەبەرێکی نێر و مێ کە لە یەکبووندا کامڵە، ئەمە پیشاندەری

(١) ئەم دوو دروشمە لەسەر هەردوو دیوی یەك دۆلاری ئەمەریکی چاپ دەکرێن. –و– بۆ فارسی.

مەعنەوییەت و ڕۆحانییەتی قوڵی ئەم پیاوانە بوو[١] هەروەها گوزارشت لە شیاوێتی و توانای بنیاتنانی ئەوان دەکات بەشێوەیەکی باشتر و کامڵتر و ئەوەش کە وێنایان دەکرد، شوێنی هیچ گومانێك نییە کە ئەوان، بەهۆی هێزی بزووێنەر و داهێنەری زاتی ئیلاهی و ئەندێشەی ئیلاهییەوە ڕینمایی کرابوون، مێژووی وڵاتی ئێوە لەسەر زەویدا، هاوشێوەی نییە.

دەنکە خەردەل، یەکێك لە بچووکترین تۆوەکانی سەر زەوییە، لەگەڵ ئەمەدا ئەم باوەڕەی هەیە کە دەزانێت لە وجودی خۆیدا توانای بەرهەم هێنانی گیانی خەردەلی هەیە ((کە لە تێکڕای ساتە گیاییەکانی تر لە جۆری خۆی گەورەترە)).

کاتێك وەك پێویست گەشە دەکات، دەگۆڕدرێت بۆ درەختێك کە باڵندەکان دەتوانن بچنە ناو لق و پۆپەکانیەوە و پەنا بگرن، هەروەها چۆن دەنکە خەردەل دەزانێت کە دەتوانێت گیای لێ سەوزبێت، بە هەمان ڕادەش پێویستە ئێمە لە توانستی دەروونیمان بۆ دەربڕینی گەورەترین ماهیەتی وجودی خۆمان بە ئاگا بین. عیسا بە باسکردنی ئەم نموونەیە، ئاماژە بە چۆنیەتی ئیمان دەکات، نەك بە چەندێتییەکەی ((گەر بێتو وەك دەنکە خەردەل باوەڕدار بیت، دەتوانیت بە شاخ بڵێیت: لێرە بڕۆ لە شوێنێکی دوورتر بوەستە و ئەودەمە بەڕاستی شاخ گوێڕایەڵی دەکات ئیدی هیچ شتێك بەمەحاڵ نایەتە پێش چاوتان.

دەنکە زۆر ورد و هەستیارەکانی خەشخاش، دەنکەکانی درەختی هەنجیری هیندی (لە جۆرە زۆر گەورە و زەبەلاحەکەی) و پیازی گیایی و بەکورتی تێکڕای دەنك و تۆوە واقیعییەکانی جیهانی ڕووەك، بە توانای ئیمان دەزانن کە دەتوانن گەورەترین ماهیەتی وجودی جۆرەکەی خۆیان بەیان بکەن و پیشان بدەن هەر یەکێك لەم دەنکانە، وێنەیەکی کت و مت لەوەی کە دەبێت بەیانی بکەن و بەدیبهێنێت لە زەینی خۆیدا بەرجەستە و وێنا دەکات، بە هەمان ئەندازە، ئێمەش پێویستە لە ناخماندا، وێنەیەکی ورد لەوەی کە دەمانەوێت دەریبڕین، بەدیبێنین، ئەم وێنەیە دەبێت سات بە سات و کاتژمێر دوای کاتژمێر ڕێك و پێکتر و کامڵتر بێت، ئەم کارە لەڕێی ئامادەگی دەروونییەوە ئەنجام دەدرێت و قۆناغێکە بەر لە دەرکەوتنی ئەو وێنەیە بەشێوەیەکی کامڵ و بێ کەم و کورتی، هەرگیز هیچ گوڵێکی قەشەنگ و شکۆمەند،

---

(٢) مەبەست لەم پیاوانە جۆرج واشنتۆن، تۆماس جیفرسۆن، جۆن ئادەفر و ژمارەیەکی ترە کە هەموویان ئەستێرەناسی گەورە و لێهاتوو بوون. —و- بۆ فارسی.

بە تەواوی بەبێ هەوڵ و کۆشش ((خۆسازدان)) لە دەروونەوە بۆ خستنەڕووی شاکارێکی کامڵ و بێ کەم و کورتی، نەپشکوتووە، لە چرکە ساتێکدا، غونچە لە نێوان گەڵا بچووکترەکاندا شاراوەیە و لە چەمکی خۆ بە زل زانین و غرور دووردەکەوێتەوە پاشان هەر کە گەیشتە ئاستی کامڵ بوونی دەروونی خۆی، لە ترۆپکی جوانی و شکۆداریدا دەپشکوێ، بۆ ئەوەی ئەو دەنکانەی لە زەویدا چێنراون، بڕوێت.  پێویستە دەست لە خۆی هەڵبگرێت تاوەکو توانای گەشە و کامڵ بوونی هەبێت، بە هەمان شێوە پێویستە ئێمەش، دەست لە خۆمان هەڵبگرین تاوەکو یارای خۆ کامڵ کردنمان هەبێت، بۆ ئەوەی دەنکە تۆوەکە گەشە بکات پێویستە توێکڵەکەی رووکاری دەرەوەی لەناو بچێت و بدڕێنرێت ئێمەش لە دەسپێکی گەشەکردنماندا پێویستە توێکڵی سنووردایێتیمان بدڕێنین، ئەودەمەی کامڵبوونی دەروونی ئێمە کۆتایی هات، ئێمە بە ناچاری لە قەشەنگی خۆماندا و بەلاسایی کردنەوەی گوڵی قەشەنگ چرۆ دەکەین، ئەم یاسایە نەك تەنها بۆ کەسێکی ئاسایی، بەڵکو بۆ میللەتێکیش دروستە ئایا ناتوانن میللەتێك لەبەرچاو بگرن کە لەڕێی بە ئاگابوون لەو مەسیحەی لە وجودی هەر مرۆڤێکدا هەیە، گەیشتبنە ئەو پلەیە لە گەشەسەندن و کامڵ بوون کە بتوانن کارێکی بە کۆمەڵ ئەنجام بدەن؟ ئەم توانستە بێ گومان لە کارێکی خێرخوازانەدا لە پێناو ریفۆرم و باشترکردنی رەوشی گشتیدا فۆرمەلە دەبێت چونکە لەڕاستیدا دڵی دەوڵەتێك لە ویژدان و ئەندێشەی ئەوانەدا کە لەژێر فەرمانڕەزایی ئەودان، ریشە دادەکوتێت.

مەخابن وڵاتی ئێمە، بەهۆی دەرك نەکردنی بایەخی رۆحانی کەسی خۆی دووچاری هەڵەی زۆر بووە بەدرێژایی مێژوو، ئەم خاکە، بەجۆرێکە کە هێشتا زۆربەی دانیشتووانەکەی نوقم بوون لە چەمکی ماتریالیزم یا ماددیگەراییدا، من بە باشی ئاگام لەوەیە کە رۆحە پاکژ و بڵندەکان پایەکانی چارەنووسی ئەم وڵاتەیان ئاڕاستە کردووە، بەڵام بە هەمان ئەندازەش دەزانم کە تا چ رێژەیەك ئەم رۆحە پاکانە لە دیدی ئەوانی دیکەوە، ئەو کاتەی لە ژیاندا بوون، لە بەها و بایەخی کەم بەهرەمەندبووە تاهەنوکە، رێڕەوی ئێوە سەخت و دژوار بووە چونکە هاووڵاتییەکانی ئێوە جگە لە هزر و بۆچوونە سنووردار و کۆتا هاتووەکان هیچ شتێکیان لە زەینی خۆیاندا نییە هەمیشە بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانیان لە هیچ شتێك پەیڕەویان نەکردووە جگە لە ئایدیای ماتریالیستی نەبێت... بەڵام ئەگەر بهاتبا و مانا و چەمکی قوڵ و

ڕۆحانی پەیامی باو باپیرانی بناغەدارێژیان دەرك بكردایە و بیان خستایەتە بواری جێبەجێ كردنەوە، چ كارگەلێكی گەورە هەبوو كە نەتوانن ئەنجامی بدەن...! بە واتایەكی تر، گەر بهاتبا و سومبول و نمای ((ڕۆحی خودایی)) لەبەردەم كەشتی گەلی جەنگی حكوومەتەكەی ئێوەدا قەراری بگرتایە، چەندە مۆجیزە و كاری سەرسوڕهێنەر كە باوەڕپێكردنیان ئەستەم بوو لای خەڵكی ئەم وڵاتە ئاشكرا نەدەبوو...! بەتایبەت ئەگەر هەر مرۆڤێك دەیتوانی وەك عیسا، لەم خاڵە تێبگات كە ((ڕۆحی خودایی)) بەڕاستی لە وجودی هەر یەكێك لە ئێمەدایە و هەمووومان جگە لە یەكێك نین، ڕۆژێكی پڕ لە سەروەری بێ گومان دێتە پێشەوە، بەو مەرجەی واتای ڕۆحانی و قوڵی دروشمی (E Pwribus Unom) لای هەمووان ئاشكرا ببێت: یەكێك بۆ هەمووان، هەمووان بۆ یەكێك، ئەمە بە یەكێك لە گەورەترین یاسا خوداییەكان هەژمار دەكرێت، ئەم یاسایە كە دەبێت لەلایەن هەموانەوە بەیان بكرێت.

وەرن و لە نێوان نەتەوە جیاوازەكاندا، لەو نەتەوانە بڕوانن كە زیاتر لەوانی دیكە پایەدار و خۆڕاگربوون، گەر بێتو ڕێگە بە ماتریالیزم بدرایە وردە وردە دزەی بكردایەتە ناو خەڵكی ئەو نەتەوانە، بونیادی سەرەكی و بەرایی ئەوان لەناو بەرێت و بڕوشێنێت، ئەم پێشهاتە گەورە هەرگیز ڕووی نەدەدا، سەردەمێك هاتە پێشەوە كە ئەم نەتەوانە، بەهۆی ناسروشتی بوونی كێشی خۆیان وەرگەڕان یاخود بەهۆی خراپ سوود وەرگرتن لە یاسایەك كە هەر لە سەرەتای لەدایك بوونەوە پێیان بەخشرابوو، لەناوچوون و هەرەسیان هێنا.

لەكاتی هەرەس و ژێراو ژووربوونێكی ئاوادا چی ڕوودەدات؟ سەرەتای یەكەم، كە بە هەمان كەرتی ئیلاهی دێتە هەژمار تا ئەو دەمە خۆڕاگر و لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە كە شكستە پەیتا پەیتاكان و یەك لە دوای یەكەكان بوار بە دەستنیشان كردنی سەركەوتنی پلە بە پلە فەراهەم دێنێت، سەركەوتنێك كە لە هەر قۆناغێكدا، وە لە هەر پلەیەكی قۆناغەكەدا بەرەو سەرەوە هەڵدەكشێت. دواجار پێویستە كە هەموو شتێك لە خوادا كۆتایی پێبێت، یەكێك بۆ هەمووان...

برا بەڕێزەكان، پێویست بە هاتنی پەیامبەرێكی تر نییە تاوەكو لەم حەقیقەتانە ئاگاداربن.

وەرن و تەماشای میللەتی ئیسپانیا، لە قۆناغێكدا كە كریستۆڤ كۆلۆمب خۆی بۆ گەشتی دۆزینەوەكەی تەیار دەكرد، بكەن، سەرنج بدەن كە بە چ شێوەیەكی لێهات، بە زوویی، ئەم

وڵاتە لەگەڵ منداڵەکەیدا دەکەوێتە جەنگ و ئێوەش تێبینی لاوازیی و بێ تواناییەکەی دەکەن، ئەم وڵاتە بە ئەستەم توانای ئەنجامدانی کارێکی دەبێت و هەنگاوە دوو دڵەکانی ئەو ناتوانن بە ئەنجامدانی خەبات و ململانێیەکی ئیجابی ناچاری بکەن و یاخود ئەم وڵاتە لە پێگەی هەڵەی خۆی بهێنێتە دەرەوە. بێ توانایی ئەم وڵاتە لە سستی و بێ بڕەستییەکەیدا خۆی دەنوێنێت. ئەمە پێشهاتێکە هەردەم بۆ جەستە یا وڵاتێکی تێر و لێوڕێژ دێتە پێشەوە، چاوچنۆکی، تەماح و سەرهەڵدانی هەستە توند و تیژەکانیش هەمان کاریگەری بەدی دێنن، رەنگە بۆ ماوەیەکی کورت و دیاریکراو، زاڵبوون و سەرکەوتنێکی رووالەتی بچووك بێتە پێشەوە بەڵام زۆر کورت خایەن و کاتییە بوونیادی وڵات کە کۆن و ریزوو بەفیرۆچووە، باشترین نیشانە و بەڵگەیە لەسەر ئەوە، بە هەمان شێوە کە هەنگاوە دوودڵ و دڕدۆنگەکانی مرۆڤێك گوزارشت لە پیری و پەککەوتەیی ئەو دەکەن، پیاوێك کە توانای رۆحانی خۆی پاراستووە و گەشەی پێدەدات دەتوانێت تەڕ و پاراوی چالاکی خۆی تا پێنج سەد ساڵی، پێنج هەزار ساڵی و یاخود دە هەزار ساڵەیی و تەنانەت بۆ هەتاهەتایە بپارێزێت و هەروەك سەردەمی لاوێتی گوڕوتێنی جارانی بمێنێتەوە.

ئێمە ئاواتەخوازی رووناکی سپی و رەسەنی کریستاڵین، لە ئێستاوە دەتوانین لەگەڵ سپێدەی بەیاندا وردە وردە تەماشای بکەین، بەم زووانە جیهانی وجود شکۆمەندی و درەوشانەوەی ئەو تەماشا دەکات، ئیدی هیچ جۆرە تاریکی و سنووردارێتییەك بوونی نابێت، بەڵکو بەرەو پێشچوونی هەمیشەیی دێتە گۆڕێ بەجۆرێك کە هەموو شتێك بۆ ناوجەرگەی ماددەی ئیلاهی دەگەڕێتەوە.

دەبێت پێشڤەبچین یا پاشەکشە بکەین، هیچ رێگایەکی مام ناوەندی یا وەستان و دۆگمابوون بوونی نییە، ئەودەمەی کە نەتەوەکەی ئێوە لە ئەرکی راستەقینەی خۆی ئاگادار بێت، دەستی بە ئاڕاستەی زەینی خودایی درێژ دەکات و بەگوێرەی خواستی ئیلاهی، کاردەکات و بواردەدات کە زەین لە ناوەوە گەشە بکات، ئیدی لەم کاتەدایە کە وڵاتی ئێوە دەتوانێت بگۆڕدرێت بۆ خاکێکی شکۆمەند کە لە سەرو هەر ستایش و پیاهەڵدانێکەوەیە.

بێ هیچ دوو دڵییەك هێزی بە توانای دەنووك و پەنجە بەگوڕ و هەڵۆئاساکانی ئێوە پێویست بووە تاوەکو یەکپارچەیی خاکەکەتان بە پایەداری بمێنێتەوە بەتایبەت بە درێژایی

گەشەکردنی بەرایی، بەڵام بەزوویی رووناکی ئیمان و مەعریفە لەرێوە دەگەنە جێ، پاشان هەمووان تێدەگەن کە کۆتری ئاشتی بەهێزترە لە هەڵۆی شەڕخواز و کۆتر پشتگیری دەکات لەو شتەی هەڵۆ پارێزگاری لێکردبوو، تکا دەکەم نەختێك بیر لەو وشانەی کە لەسەر پارەی وڵاتەکەتان نەخشێنراوە و ئێوە رەوانەی تەواوی کەناڵە بازرگانییەکانی جیهانی دەکەن، بکەنەوە: ((in God we Trust)) ((ئێمە پشت بەخوا دەبەستین)) پاشان بیر لە دروشمی ((هەمووان بۆ یەکێك)) بکەنەوە ئەم دروشمە رۆحانییە کە لەساتەوەختی لەجیاتی دانانی هەڵۆ لەرێی کۆترەوە دروست دەبێت[١].

ئەمیل لەم ساتەدا وازی لە قسەکردن هێنا و ئاگاداری کردین کە بڕیارە بۆ چەند رۆژێك ئێمە بەجێ بهێڵێت و بچیتە پاڵ کۆمەڵە دۆستێك کە لە گوندێکی یەکجار دوور (نزیکەی سێ سەد یا چوار سەد کیلۆمەتر دوورتر) حزوریان هەبوو، ئەو بەڵێنی پێداین کە لە دووری سەد کیلۆ مەتر لەو شوێنەی کە لێی بووین، لە گوندێکی چکۆڵانە کە لە پاڵ سنووردا بوو و بڕیار بوو چوار رۆژی دیکە بگەینە ئەوێ، بگەڕێتەوە لامان، پاشان دیار نەما، ئەو بەگوێرەی بەڵێنەکەی گەیشتەوە لای ئێمە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا، چوار کەس لە هاوڕێکانیشی هێنابوو.

* * *

---

(١) ئەم رستانە وادیارە جۆرێك لە پێشگۆیین، بەڵام هێشتا دوای سەد ساڵ لە نووسینی ئەم کتێبە، هێشتا هیچ رووداوێك کە بەڵگەبێت لەسەر ئاشتی خوازی ئەمەریکا، رووی نەداوە وادیارە قۆناغێك دێتە پێشەوە کە ئەمەریکا دەست هەڵدەگرێت لە ئازاردانی ناوچە لاوازەکانی ئەمەریکای باشوور یا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای دوور، و ئاشتی خواز دەبێت. و-بۆ فارسی.

## بەشی یانزدەهەم

کاتێك گەیشتینە ئەو گوندەی سەر سنوور، بارانێکی قورس دەباری و ئێمەش هەموو گیانمان تەڕببوو، شوێنێکی زۆر خۆش و دڵگیریان بۆ حەوانەوە خستە خزمەتی ئێمە ژوورێکی بەرفراوان بوو کە زۆر ساز و گەرم و کراوەبوو کە وەك هۆڵی پێشوازی و دانیشتن و ریستۆرانت سوودی لێ وەردەگیرا یەکێك لە ئێمە پرسیاری کرد، ئەو گەرمییە گونجاوە لەکوێ وەدێت، ئێمە دوای پشکنینی ژوورەکە، نە سۆبا و نە هیچ ئامێرێکی تری گەرم کەرەوەمان بەرچاو نەکەوت و لەم رووەوە تاڕادەیەك سەرسام بووین بەڵام هیچ قسەیەکمان نەکرد چونکە وردە وردە لەگەڵ ئەم جۆرە پێشهاتە سەیر و روونکردنەوە هەڵنەگرتووانەدا راهاتبووین و گومانمان نەبوو کە هەموو شتێك لە کات و ساتی خۆیدا ڕوون دەکرێتەوە.

ئێمە تازە لە پشتی مێزی نان خواردن دانیشتبووین کە لەناکاو ئەمیل و چوار هاوڕێکەی، بەبێ ئەوەی ئێمە بزانین لە کوێوە هاتوون، لێمان پەیدابوون، هەر پێنجیان، لە بەشێکی ژوورەکەدا دەرکەوتن کە بچووکترین کەلەبەرێك لەو نزیکانەدا نەبوو، ئەم کارە بەبێ دەنگ، بە جۆرێکی سادەو ئاسایی روویدا، ئەمیل ئەو چوار نامۆیەی بە ئێمە ناساند و ئەوان بەجۆرێك لە پشتی مێزەکە، لەپاڵ ئێمەدا لێی دانیشتن وەك بڵێت ماوەیەکی زۆر لەوەو پێش لەگەڵماندا ئاشنا بوون، بەر لەوەی بێینەوە سەرخۆمان، سەیرمان کرد مێزەکەی رووبەڕوومان پڕە لە خواردنی بە تام و لەزەت بەڵام هەواڵی گۆشت نەبوو، چونکە ئەم کەسانە هیچ خواردنێك کە لە گۆشتی گیان لە بەرێك ئامادەکرابێت ناخۆن.

دوای شیو خواردن، یەکێك لە ئێمە پرسیاری کرد، ئەو ژوورە چۆن گەرم دەبوو ئەمیل گوتی: گەرمایەك کە ئێوە هەستی پێدەکەن، لە وزەیەکی شیاوی سوود لێوەرگرتن و بەرجەستەوە دێت کە لەلایەن هەر کام لە ئێمەوە سەرچاوە دەگرێت مرۆڤەکان دەتوانن لەگەڵ

ئەم وزە بەتین و بەگوڕترە لە هەر هێزێکی میکانیکی تر پەیوەندی بەرقەرار بکەن. وەك نور، رووناکی، گەرمی و تەنانەت ئەنێرژی بۆ بەگەڕ خستنی جۆرەها ئامێر و کەرەستە و دەزگای جۆراوجۆر سوودی لێ وەرگرن، ئەمە شتێکە کە ئێمە پێی دەڵێین ((وزەی وجود)).

وزەیەکی ئیلاهی کە لەلایەن پەروەردگارەوە، بۆ سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی مەخلوقاتەکانی فەراهەم دەکرێت، ئەگەر ئێوە سوود لەو وزەیە وەربگرن، ناوی دەنێین ((جوڵەی بەردەوام)) ئەم وزەیە لە توانایدایە هەر ماشین و دەزگایەك بخاتە گەڕ و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندن فەراهەم بکات بەبێ ئەوەی کە پێویستی بە بەکارهێنانی مەوادی سووتەمەنی هەبێت، ئەم وزەیە هەروەها دەتوانێت رووناکی و گەرمی بەرهەم بهێنێت و لە بەردەستی هەمووان دایە، بەبێ ئەوەی نرح و بەهایەکی بۆ لەبەرچاو بگیرێت بەبێ ئەوەی پێویست بە کڕینی بکات لە شوێنێکەوە.

یەکێك لە ئێمە پرسیاری کرد کە ئایا ئەو خواردن و خۆراکە راستەوخۆ لە جیهانی بوونەوە، بەو فۆرم و شێوەی کە ئێمە خواردبوومان هاتبوو؟ ئایا ئەمە هەروەك ئەو نانانە بوو کەپێشتر بۆ ئێمە هاتبوو، وە ئەو خۆراکانەی بە درێژایی سەفەرەکەمان خواردبوومان؟... ئەمیل ئێمەی بانگهێشت کرد تاوەکو لەگەڵیاندا بچین بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی چوار هاوڕێکەی کە سێ سەد و پەنجا کیلۆمەتر لەوێوە دووربوو، ئەو گوتی: کە لەوێ دەتوانین چاومان بە دایکی خۆشی بکەوێت، ئەو هەروەها وتی: دایکم لەو مرۆڤانەیە کە جەستەیان هێندە کامڵ کردووە کە دەتوانن ئەو لە مردنیشدا لەگەڵ خۆیاندا ببەن و بۆ وەرگرتنی رێنمایی بەرز و باڵاتر و لە پێشقەچووندا بن، بەم پێیە ئەو بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە عالەمی غەیبدا دەژی، ئەو خۆبەخشانە ئەم کارە ئەنجام دەدات چونکە بە وەرگرتنی بەرزترین رێنمایی و دەستوورات، دەتوانێت یارمەتی باشی ئێمە بدات، بۆ ئەوەی مەسەلەکە بەلاتانەوە ڕوونتر بێت، پێتان دەڵێم ئەو تاڕادەیەك بەرەو پێش چووە گەیشتۆتە قەڵەمڕەوی ئاسمانی، ئەو شوێنەی کە عیسا لەوێدا حزوری هەیە، شوێنێك کە لە کلتورە جیاوازەکانی جیهاندا لەنێوان خەڵکی رەشۆکیدا، وەك ئاسمانی حەوتەم ناسراوە.

بەگومانی من ئەم شوێنە لای ئێوە بەمانای ((نهێنی ئامێزترین شوێن)) ناسراو بێت بەڵام لەوێ، هیچ راز و نهێنییەك بوونی نییە، ئەوێ، شوێنی ویژدان و ئەندێشەیە، حاڵەتێك لە ڕۆح کە لەوێ، سەر لەبەری نهێنییەکان ئاشکرا دەبن، ئەودەمەی بگەینە ئەوێ، لە بەرامبەر چاوی

بوونەوەرە فانییەکاندا، مەحو و نادیار دەبین، بەڵام دەتوانین دووبارە بگەڕێینەوە سەر زەوی، تاوەکو رێنمایی ئەو کەسانە بکەین کە لە حاڵەتی وەرگرتنی (تلقی) پێویست بەهرەمەندن، ئێمە هەمدیسان دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شێوە فانییە و جەستەی پێشووترمان، چونکە جەستەمان هێندە کامڵ بووە کە دەتوانین بۆ هەر جێگایەکی لە جیهانی وجوددا ببەین، رێبواران و ئەندامانی ئەم سیستەمە دەتوانن بەبێ تناسخ و لەدایك بوونەوەی بەردەوام بۆ زەوی بگەڕێنەوە، کەسانێك کە لە قۆناغی مردن تێپەڕیوون ناچارن جارێکی تر لەگەڵ قۆناغی تناسخ و بۆ بەدەست هێنانی پەیکەرێکی جەستەیی لەسەر زەویدا، رووبەڕوو ببنەوە، جەستەگەلێك کە بە ئێمە بەخشراوە، هەموویان کامڵ و رۆحانین، دەبێت ئەوانە ببینین و بە هەمان شێوە بپارێزین، تا بمێننەوە، هەر کەسێك جەستەی بۆ جیهانە رۆحانییەکان وازلێهێناوە، بۆی دەردەکەوێت کە دەبێت لە جەستەیەکی دیکە بەهرەمەند بێت و درێژە بە کامڵکردنی بدات.

❊ ❊ ❊

ئەو شەوە، بەر لەوەی لەسەر مێزەکە هەستین، ئێمە گەیشتینە ئەم بڕیارە کە گرووپەکەمان بۆ پێنج بەش دابەش دەکرێت و هەر گرووپێك دەسپێردرێت بە یەکێك لەو پیاوانەی کە ئەو شەوە، لەگەڵ ئەمیلدا هاتبوونە لای ئێمە، ئەم نەخشەیە دەتوانێت کۆمەکی ئێمە بکات چەندین ناوچەی فراوان و نەناسراو بناسین و سەردانیان بکەین ئەم کارە دەبوویە مایەی کارئاسانی بۆ ئێمە و لە هەمان کاتدا، چەند دیاردەیەکی وەك ((سەفەر بۆ جیهانی غەیب-میتافیزیکا)) و ((بەقەرارکردنی پەیوەندی لە دوورەوە)) لە نزیکەوە ببینین.

هەر گرووپێك لانی کەم دوو کەس لە ئێمە بە یاوەری یەکێك لەو پێنج مامۆستایەی کە ئەو شەوە لەگەڵیاندا ئاشنا بووین، لەخۆ دەگرت، وەك رێبەر و پەروەرشیار گەشتەکەی دەسپێدەکرد، بە ئێمەیان گوت هەر گرووپێك لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا مەودای زۆری دەکەوێتە نێوان، بەڵام پەیوەندی هەمیشە بەردەوام ئەویش بە یارمەتی کەسانێك کە هێندە بەرامبەر ئێمە میهرەبان بوون و هەرگیز لە نیشاندانی هەڵوەمەجێك، بۆ تاوتوێ کردنی کار و کەرامەتەکانیان درێغیان نەدەکرد.

❊ ❊ ❊

## بەشی دوانزەهەم

ڕۆژی دوایی، تەواوی وردەکارییەکانی سەفەر ئامادەکرا، لە گرووپەکەی من، دوو کەس لە هاوڕێکانیشم حزوریان هەبوو، هاوڕێ و مامۆستاکانیشمان ئەمیل و ژست بوون، ڕۆژی دواتر، هەر گرووپێك بەرەو شوێنگەیەکی جیاواز بەڕێکەوت، پێشتر بڕیارماندابوو، کە تێکڕای ئەو ڕووداوانەی بەچاوی سەر دەیانبینین لەسەر کاغەز تۆماریان بکەین و بە وردی هەموو شتێك یادداشت بکەین، ئێمە قەرارمان وابوو دوای تێپەڕینی شەست ڕۆژ، سەرلەنوێ لە هەمان گوندی زێدی لە دایك بوونی ئەمیل، چاومان بە یەکتر بکەوێت، ئەو گوندە سێ سەد و پەنجا کیلۆمەتر لەوێوە دووربوو، بەرقەرارکردنی پەیوەندی لە نێوان گرووپە جوداکانی ئێمەدا دەبووایە لەڕێی دۆستە خۆشەویستەکانمانەوە ئەنجام بدرایە، لەڕاستیدا، ئەوان هەموو شەوێك دوای نان خواردن، ئەم کارەیان ئەنجام دەدا و پێکەوە دەکەوتنە وتووێژ و گفتوگۆ و لەم گرووپەوە سەردانی ئەو گرووپیان دەکرد و چاویان بە یەکتر دەکەوت[١].

کاتێك یەکێك لە ئێمە حەزی دەکرد لەگەڵ سەرکردەی گرووپەکەمان یاخود لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانمان کە لە گرووپەکانی دیکەدا حزوریان هەبوو، وتووێژ بکات، بەس بوو پەیامەکەمان بە دۆستە پایە بەرزەکەمان بگەیەنێن، وەڵامی پرسیارەکەی ئێمە لە مەودایەکی زەمەنی زۆر کورتدا دەگەیشتە دەستمان و دەبووە مایەی سەرسامی، ئەودەمەی کە ئەم جۆرە نامانەمان بۆ دۆستەکانمان ئامادە دەکرد، بەروار و کاتی نووسینی پرسیارەکانمان بەوردی یادداشت دەکرد، ئێمە هەروا بەرواری وەرگرتن و کاتی گەیشتنی وەڵامەکانمان یادداشت دەکرد،

---

(١) شایانی باسە مەبەستی ئیسپالدینگ ئەمەیە کە مامۆستاکان بە هەمان شێوازەکانی میتافیزیکی خۆیان سەردانی یەکتریان دەکرد و بە هێزی تەلەپاتی پێکەوە پەیوەندییان بەرقەرار دەکرد.

ئەودەمەی دوای شەست ڕۆژ، جارێکی تر یەکتریمان بینی، یادداشتەکانمان پێکەوە بەراورد کرد و بۆمان دەرکەوت کە هەموو شتێك بەجۆرێکی باش و سەرسووڕهێنەر وەك یەك وابوون، لەلایەکی دیکەوە، دۆستە پایە بڵندەکانمان، لەم گرووپ بۆ ئەو گرووپ دەچوون و لەگەڵ ئەندامانی هەر گرووپێکدا، دیالۆگ و وتووێژیان دەکرد، ئێمە بەوپەڕی تامەزرۆییەوە سەعات و خولەك و شوێنی دەرکەوتنی ئەوان و هەروا ساتەوەختی دیارنەمانی ئەوانمان یادداشت دەکرد و ئەو بابەتانەی باس و خواسیان لەبارەوە دەکرا بە وردی دەنووسییەوە تاوەکو هیچمان لەیاد نەچێت و دواتر بتوانین لەگەڵ تێکڕای یادداشتەکانی دیکەدا بەراوردیان بکەین لەمبارەشەوە هەموو شتێك وەك یەك وابوو، دواتر سەیرمان کرد تەواوی کاروکردەوەی مامۆستاکان، بە وردی موو بە موو لەلایەن هەموومانەوە یادداشت کراوە هیچ ڕووداوێك نەبوو کە لەگەڵ کۆی ڕووداوەکانی دیکەدا وەك یەك و هاوکات نەبێت.

جاری واهەبوو کە گرووپەکانی ئێمە لەڕادەبەدەر لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە، یەکێك لە گرووپەکان بۆ ئێران چووە، یەکێکی تر بۆ وڵاتی چین، گرووپی سێهەم بۆ تبت، گرووپی چوارەم بۆ مەغۆلستان چووە و دواجار پێنجەمین گرووپ لە هیندستان حزوریان هەبوو، دۆستە پایە بەرزەکانی ئێمە، لە جیهانی میتافیزیکا ((غەیب)) لەمەودای دوو هەزار کیلۆمەتر تێدەپەڕین تاوەکو ئێمە لەو ڕووداو و پێشهاتانە کە دەهاتە ڕێی گرووپەکانی تر، ئاگادار بکەنەوە.

* * *

مەبەستی ئێمە گوندێکی خنجیلانە بوو دەکەوتە ناوچەیەکی بەرز، لە شوێنێکی نزیك زنجیرە شاخاوییەکانی هیمالایا، دووری ئەوێ لە خاڵی دەرچوونی ئێمەوە پێنج سەد کیلۆمەتر بوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە هەرگیز لە هیچ شتێکمان کەم نەبوو، ئێمە هیچ خۆراك و ئازووقەیەکمان بۆ ناو ڕێ لەگەڵ خۆمان نەبردبوو، وە هەمیشە بۆمان دەکرا لەکاتی شەودا لە شوێنێکی لەبار و گونجاودا نان بخۆین، ڕۆژی پێنجەم گەیشتینە شوێنی مەبەست سەرەتای دوای نیوەڕۆ بوو، ژمارەیەك لە دانیشتووانی ئاوایی کە پیاو ماقوڵانی ئەو شوێنە بوون هاتنە پێشوازیمان و بەخێرهاتنیان کردین و ئێمەیان بەرەو ماڵێکی شایستە و گونجاو ڕێنمایی کرد، ئێمە بینیمان کە دانیشتووانی ئاوایی، بۆ ژست و نەخوازەڵا ئەمیل ڕێزێکی تایبەتیان هەیە، ئەمیل تا هەنوکە نەهاتبووە ئەو گوندە و ژستیش تەنها جارێك هاتبوو، ئەویش دوای داوای

کۆمەکی کردنی دانیشتووانی گوند، وادیارە مەسەلەکە پەیوەست بووە بە رزگارکردنی سێ کەس لە دانیشتووانی دێ لە چنگی سێ ((مرۆڤی بەفری)) مەترسیدار و شەڕەنگێز کە لە هەندێك لە وەحشیترین ناوچەکانی هیمالایا نیشتەجێن.

ئەم جارەیان سەردانی ئەمان بۆ ئەم دێیە لەسەر داخوازی و کۆمەکی کردنی دانیشتووانی ئەوێ بووە، هەروا هۆکارێکی دیکەشی هەبوو، بە دەمەوە چوون و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشە پەککەوتانەی کە توانای سەفەرکردنیان نەبوو لە گوندەکەیان، وادیاربوو ((مرۆڤە بەفرینەکان)) بوونەوەرانێکی وەحشی و ناشارستانی بوون کە بەدرێژایی چەندین نەوەی یەك لە دوای یەك لە ناوچە سەهۆڵیەکانی شاخە بەرزەکانی هیمالایا ژیاون و وردە وردە چەند خێڵێکیان لێ کەوتۆتەوە و دەیانتوانی لە چۆڵەوانی و گۆشەگیری ناوچە شاخاوییەکانی ئەو دەوروبەرە بە ئاسانی بژین و لەگەڵ هیچ بوونەوەرێکی شارستانی و گوندنشیندا نەکەونە پەیوەندی.

لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی ئەوان زۆر سنووردارە، بەڵام کەسانێکی زۆر زبر و وەحشی و توندوتیژن، ئەوان ناو بەناو پیاوانێك کە لە چارە رەشی خۆیان گیرۆدەی دەستی ئەوان دەبوون دەڕفاند، تا ئێستا، چوار کەس لە دانیشتووانی ئاوایی بەم جۆرە، رفێنرابوون، ئەوانی دیکە نەیاندەزانی چی بکەن، هەربۆیە، پەیغامێکیان بۆ ژست ناردبوو کە تێیدا داوای کۆمەکیان لێ کردبوو، ژستیش گوێی بۆ داواکەیان شلکردووە و ئێمە و ئەمیلیشی لەگەڵ خۆی بۆ ئەوێ هێنابوو[١].

بێ گومان ئێمە زۆر شڵەژاو بووین و بەتاسەوە بووین هەرچی خێراتر ئەو پیاوە وەحشیانەی شاخ لە نزیکەوە ببینین، ئەو مرۆڤانەی تا ئێستا قسەی زۆرمان لەبارەیانەوە بیستبوو وە هێشتا نەمان دەزانی چ بۆچوونێکمان لەبارەیانەوە هەبێت، باوەڕ بە بوونیان بکەین یان نا، کەوتینە بیری ئەوەی کە ((گرووپێکی فریاگوزاری)) پێك بهێنین و بچینە پاڵ گرووپی فریاگوزارەکان، بەڵام ئەم ئارەزووەی ئێمە هەرگیز نەهاتەدی چونکە ئەمیل و ژست ئێمەیان ئاگادارکردەوە خۆیان بە تەنها دەچن بە هانای رفێنراوەکانەوە و هەر ئێستا بەڕێ دەکەون، ئەوان لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، دیار نەمان و تاوەکو دووەم شەوی حزوری ئێمە لەو ئاواییەدا نەگەڕانەوە، لەکاتی گەڕانەوەدا ئەوان ئەو چوار پیاوە رفێنراوەی کە لە چنگی رفێنەرەکان رزگاریان کردبوون

(١) مەبەستی نووسەر هەمان ((یەتی)) yeti یا دێوێکی بێ کلك و شاخ کە لەو دەوروبەرەدا بینراون. —و. بۆ فارسی.

لەگەڵ خۆیان هێنایەوە ئەو چوار پیاوە، ڕووداوی سەیر و سەمەرە و باوەڕپێنەکراویان دەگێڕایەوە و شتی زۆریان لەبارەی ڕفێنەرە تۆقێنەرەکانیان بۆ دانیشتووانی گوند گێڕایەوە، وادیارە ئەم مرۆ بەفرییە سەیرانە بە تەواوی بە ڕووت و قووتی ژیان بەسەر دەبەن و جەستەیان وەك ئەو ئاژەڵانەی پێستێکی گەرم و توکنیان هەیە، بە مووی کورت و درێژ داپۆشراون، بەم پێیە بەرگەی سەرما و سۆڵەی تووندی کوێستانەکان دەگرن، ئەوان هەروا هەنگاوی خێرا هەڵدەگرن و زۆر بە خێرایی دەجولێن، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئەم بوونەوەرە سەیرانە توانای ڕاوەدوونان و ڕاکردنی ئاژەڵە کێوییەکانی ئەو ناوچەیان هەیە، ئەم مەخلوقاتە سەیرانە وادیاربوو نازناوی ((پیاوانی خۆر)) یان بە مامۆستایانی خۆشەویستی ئێمە بەخشیوە و کاتێك مامۆستاکان بۆ ڕزگارکردنی پیاوانی گوندەکانی دەوروبەر دەچوونە سۆراغیان، مرۆ بەفرینەکان هەرگیز لە بەرمبەریاندا هیچ بەرهەڵستییەك لە خۆیان نیشان نادەن و ڕێگە دەدەن کە ئەوان، ڕفێنراوەکان لە کۆت و بەند دەرباز بکەن و بۆ گوندەکانی خۆیانیان بگێڕنەوە.

ئێمەیان ئاگادارکردەوە مامۆستا مەزنەکان، تا ئێستا چەند جارێك هەوڵیانداوە لەگەڵ مرۆ بەفرینەکاندا پەیوەندی بەقەرار بکەن، بەڵام هەوڵ و کۆششەکەیان بێ ئاکام بوو، چونکە مرۆڤە بەفرینەکان ترس و بیمێکی زۆریان لە مامۆستاکان هەبوو، ئەودەمەی مامۆستاکان بۆ لای ئەوان دەچن ئەم مرۆڤانە چیتر دەم لە خواردن نادەن، خەو ناچێتە چاویان، بەرەو قولایی دارستانەکان هەڵدێن و لە ترسانا خۆیان قایم دەکەن، ئەوان هەر جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ دنیای شارستانیدا لەدەست داوە و تەنانەت لەبیریان چۆتەوە کە لە ڕابردووی دووردا، پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ نەژادەکانی دیکەدا هەبووە و تەنانەت باو و باپیرانیان لە ڕەگەزی مرۆیی بووە. لەڕاستیدا دوورە پەرێزی ئەوان لە جیهان، تەواو و ڕەهایە.

ئەمیل و ژست پێیان خۆش نەبوو، شتێکی زۆر لە بارەی مرۆ بەفرینەکانەوە بۆ ئێمە بگێڕنەوە، هەروا ئێمەش سەرکەوتوو نەبووین ئەوان قایل بکەین ئێمە ببەن بۆ ئەو شوێنەی مرۆ بەفرینەکانی لێیە و ئەوانمان پیشان بدەن، ئەوان لە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا تەنها ئەمەیان دەگوت: ئەوان زارۆڵانی خودان، ڕێك هەروەك ئێمە، بەڵام بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە دوورە پەرێزی و ترس و بیم لە هاوچەشنەکانیان ژیاون و هەربۆیە توانای بێزاری و ترس و دڵەڕاوکێیان گەشە پێداوە، ئەوان بەم شێوەیە خۆیان لە تێکڕای مرۆڤەکان جیاکردۆتەوە، بەجۆرێکی تر بە تەواوی لە بیریان چووە کە بە خێزان و ڕەگەزی مرۆییەوە پەیوەستن، خۆیان هەروەك گیانلەبەری وەحشی ((کە بەڕاستیش هەروان)) دەدەنە قەڵەم، ئەوان بە زیادەڕۆیی لەم کارەدا، تەنانەت

غەریزەی ئاژەڵە کێوییەکانیشیان لەدەست داوە، چونکە گیانلەبەرە دڕندەکان بەشێوەیەکی سروشتی، ئەو مرۆڤە ئاشتی خوازانەی کە ئەوانیان خۆش دەوێت، دەناسن و بەم عەشق و هادەمییە وەڵامێکی هاوشێوە دەدەنەوە و رام دەبن، لەکاتێکدا کە ئەمانە بەم جۆرە نین، ئێمە تەنها دەتوانین بە ئێوە بڵێین کە مرۆڤ لە توانایدایە هەموو ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە و ئەندێشەی لەبارەوە دەکات بڕیاری لەسەر بدات و بەدیبهێنێت، کاتێك ئەمانە تا ئەم ئاستە لە خوداوەندی میهرەبان و سەرجەم مەخلوقاتی مرۆیی جیادەبنەوە و دوور دەکەونەوە، دەتوانن بگۆڕدرێن بۆ بوونەوەرانێکی نزم و پەست تر لە گیانلەبەری ئاسایی، هەربۆیە هیچ کەڵکی نییە کە ئێوە بۆ دیتنی ئەوان ببەین، لەلایەکی دیکەوە، ئەم کارە دەبێتە مایەی ئازار و ترسی ئەوان، ئێمە تەنها ئومێدەوارین رۆژێك یەکێك لە ئەوان گوێ لە رێنمایی و فێرکردنەکانی ئێمە بگرێت لەڕێی کەسێك لە خۆیانەوە، ئێمە بتوانین پەیوەندی لەگەڵ هەموویاندا دروست بکەین و هەموویان وەك یەك بە ئاگابێنین و فێریان بکەین.

ئێمەیان ئاگادارکردەوە کە ئێوە خۆتان ئازادن، بە هەوڵ کۆششی خۆمان هەوڵ بدەین بۆ دیتنی ئەوبوونەوەرە سەیرانە، ئەوان وتیان ئاساییە کە پشتگیری لە ئێمە دەکەن و گەر بێت و ئازار و ئەشکەنجەیەکمان تووش بێت و یاخود بە رێکەوت گیرۆدەی دەستی ئەوان بووین دێن بە هانامانەوە.

بەگوێرەی بەرنامەی رۆژی دوایی، بڕیار بوو، ئێمە سەردانی پەرستگایەکی زۆر دێرین بکەین کە نزیکەی ٦٠ کیلۆمەتر لە گوندەکەوە دوور بوو، دوو هاوڕێی من بڕیاریاندا لە چوون بۆ ئەم پەرستگایە چاوپۆشی بکەن و خەریکی توێژینەوەبن لەمەڕ ئەم مرۆ بەفرییە نهێنی ئامێزانە، ئەوان بەوپەڕی پەرۆشییەوە داوایان لە دانیشتووانی ئاواییی کرد دوو کەسیان وەك رێ نیشاندەر پێبدەن، بەڵام رووبەڕووی نارەزایی توندی دانیشتووان بوونەوە، هیچ کەس لە دانیشتووانی دێ ئامادە نەبوو لە سنووری گوندەکە بچێتە دەرەوە، بە تایبەت ئەو دەمەی حزوری مرۆ بەفرییەکان لەو دەوروبەرەدا سەلمێنرابوو، بەم جۆرە دوو هاوڕێکەی من بڕیاریاندا خۆیان بە تەنها دەست بدەنە ئەم کارە پڕ مەترسییە، ئەوان چەند پرسیارێکیان لە ئەمیل و ژست کرد دەربارەی رێچکەیەك کە دەبووایە بیگرنەبەر و رێگای گەیشتن بەو مەخلوقاتانەیان پرسی، ژست و ئەمیل هێندەی لە توانایاندا بوو کۆمەکیان کردن، پاشان دوو هاوڕێکەی من دەمانچەکانیان لە کەمەردا و ئامادەی رۆیشتن بوون، ئەمیل و ژست بەڵێنیان لێ وەرگرتن کە تادەتوانن، لە بەکارهێنانی چەکەکانیان خۆیان بەدوور بگرن و تەنها لە دواساتدا تەقە بکەن،

ئەوان وتیان دوو هاوڕێکەی من سەربەستن، چەندە بە پێویستی دەزانن تەقە بە ئاسماندا بکەن تاوەکو بوونەوەرە وەحشییەکان بترسێنن، بەڵام دوو هاوەڵەکەی من ناچاربوون سوێند بخۆن کە هەرگیز بەمەبەستی کوشتن فیشەکێك ناتەقێنن مەگەر رێگا چارەیەکی تر شك نەبەن و خۆیان خەریك بێت لەناو بچن.

من بەدیتنی حەوت تیرێك لە جانتاکانماندا سەرسام بووم چونکە هەرگیز دۆخێك نەهاتبووە پێشەوە کە ناچار ببین لە چەکی گەرم سوود وەربگرین من ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر چەکەکانم لە خۆم دوور خستبۆوە ئیدی لە بیرم نەبوو ئەوانەم لەکوێ داناوە، لەگەڵ ئەمەشدا دواتر تێگەیشتم یەکێك لە کۆڵ هەڵگرەکانی ئێمە کە لە پێچەوانەی کۆڵ و بارەکاندا یارمەتی ئێمەی دابوو، دوو دەمانچەی حەوت تیری خستبووە ناویان کە هیچ کەسێك دەرینەهێنا بوون.

## بەشی سیانزەهەم

کەمێك دواتر، دەمە و نیوەڕۆ، من و ئەمیل و ژست بەرەو ئەم پەرستگایە بەڕێ کەوتین و ڕۆژی دوایی، کاتژمێر پێنج و نیوی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە ئەوێ ئێمە لەوێ دوو زاهیدی بەساڵاچوومان چاوپێکەوت کە شوێنێکی ئاسوودەیان بۆ نووستنی ئێمە فەراهەم کردبوو، پەرستگاکە لە دوندی شوێنێکی بەرزدا هەڵکەوتبوو ئەم پەرستگایە لە بەردی دانەتاشراو دروستکراوە و بە گوتەی ئەوانیتر دوانزە هەزار ساڵ پێشینەی هەیە، ئەوەی مایەی سەرنج بوو کە ڕەوشی پەرستگاکە لەڕووی بیناسازییەوە، بە تەواوی پاکژ و تۆکمە و دوور لە داتەپین بوو وادیارە ئەوێ، یەکێك لەو پەرەستگا بەراییانە بوو کە لەلایەن مامۆستاکانی ((سیدا))وە بنیات نرابوو، ئەوان ئەم شوێنەیان بنیات نابوو تاوەکو شوێنێك وەك پەناگەیەکیان بۆ خۆیان هەبێت و بتوانن لە بێدەنگییەکی کامڵ بەهرەمەندبن. هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو پەرستگایە، لەوە باشتر نەدەبوو، ئەو بینایە لە ترۆپکی بەرزترین لوتکەی شاخاوی ئەو ناوچەیە و لە بەرزی سێ هەزار و پێنج سەد مەتر لە سەر ئاستی دەریا، هەزار و پێنج سەد مەتر لەسەر ئاستی دەشت و زەوییەکانی دەوروبەر قەراری گرتبوو، ڕێگایەك کە ئێمە دەمان بڕی تاڕادەیەك ستوونی بوو ئەم جادەیە لە چەندین پلەکانەی هەڵواسراو کە لە گوریس و تەناف دروستکرابوون تێدەپەڕی، کۆتایی گوریسەکانیان بە چەندەها بەردی گەورەوە بەستبوو و بەردەکانیشیان بۆ ناو هەڵدێرگەیەك شۆڕ کردبۆوە، ئەو دار و تەختانەی کە پردەکەیان لێپێك هاتبوو وەك ڕێڕەوێك لە بەرزایی دوو سەد مەتری زەویدا بوو، لە شوێنەکانی دیکەدا، ئێمە ناچار بووین بەسەر ئەو پەیژانەدا سەربکەوین کە لە گوریس و ڕێسمان دروست کرابوون لە شوێنێکی بەرزەوە بەرەو خوار ئاوێزان کرابوو، لەڕاستیدا چەند سەدمەتری کۆتایی ڕێگاکە، بە تەواوی ستوونی و

نشێوبوو، ئێمە بە یارمەتی ئەو پەیژە گوریسیانە توانیمان بگەینە شوێنی مەبەست و سەربکەوین، بە گەیشتنە ئەو شوێنە، هەستم کرد لە دوندی جیهاندا وەستاوم.

بەیانی رۆژی دوایی، ئێمە بەر لە گزنگی خۆر لە خەو هەستاین، بەپێ نانە ناو باڵکۆنێك، کە وەك بەرهەیوانێك وابوو، من سەرکەوتنی سەخت و دژواری شەوی رابردوومان بە تەواوی لەبیرکرد، ئەو پەرستگایە لە لوتکەی شاخێکدا دروست کرابوو کە بە تەماشاکردنی خوارەوە، لە چەند هەزار مەتری سەرەتادا، هیچ شتێك نەدەبینرا، بەجۆرێك بینەر وا هەستی دەکرد ئەو شوێنە لە هەوادا هەڵواسراوە، من بە هیچ شێوەیەك توانام نەبوو ئەم حاڵەتە لە خۆم دوور بخەمەوە و هەمیشە لەگەڵ ئەم فیکرەدا دەست و پەنجەم نەرم دەرکرد. لە دوورەوە، سێ شاخ دەبینران، بەمنیان گوت کە لە دوندی هەر کام لەو شاخانەدا پرستگایەکی هاوشێوەی ئەم پەرستگایەی کە حزوریان هەیە تێیدا، هەڵکەوتووە، بەڵام دووری ئەو کێوانە لە ئێمەوە بە ئەندازەیەك بوو کە تەنانەت بە یارمەتی دووربینەکەشم نەمتوانی ئەو پەرستگایانە ببینم. ئەمیل بەمنی گوت کە سەرۆکی گرووپەکەی ئێمە ((تۆماس)) هاوکات لەگەڵ ئێمەدا گەیشتۆتە لوتکەی دوورترین شاخێك کە تەماشم دەکرد و ئەوانیش گەیشتبوونە پەرستگایەك کە لە دوندی ئەو شاخەدا قەراری گرتبوو، ئەو پێی وتم گەر ئارەزووم هەبێت دەتوانم لەگەڵ تۆماسدا پەیوەندی بەرقەرار بکەم، چونکە ئەویش لەگەڵ دۆستەکانی هاوڕێیدا، هەروەك ئێمە لە سەربانی پەرستگاکەدا بوون، من دەفتەری یادداشتەکانم هەڵگرت و نووسیم! ئێمە لەسەربانی پەرستگایەکداین کە سێ هەزار و پێنج سەد مەتر لە سەروو ئاستی دەرەوەیە، ئەم پەرستگایە هەستێکی وای لە مندا وروژاندووە وەك بڵێیت لە هەوادا هەڵواسراوم، کاتژمێرەکەی من رێك چوار و پەنجا و پێنج دەقەیە، ئەمڕۆ پێنج شەممە، دووەمی مانگی ئابە، ئەمیل نامەکەی خوێندەوە و بۆ ساتێك بێدەنگ بوو پاشان وەڵامەکەی من گەیشت ((کاتژمێر پێنج و دە دەقەی بەیانییە، شوێنێکی هەڵواسراو لە هەوادا! دوو هەزار و شەش سەد مەتر بەرزی لە ئاستی دەریا، بەروار ٢ی مانگی ئاب دیمەنێکی قەشەنگ و سەرنج راکێش بەڕاستی شوێنێکی سەرو ئاساییە.

ئەمیل پاشان گوتی: ئەگەر پێتان خۆشە، یادداشتەکەتان دەبەم و وەڵامەکەشتان بۆ دەهێنمەوە، ئەگەرگلەییەکتان نییە، پێم خۆشە بڕۆم بۆ ئەو پەرستگایە و کەمێك لەگەڵ

دانیشتووانەکەیدا وتوویژ بکەم)) من کاغەزی یادداشتەکانم بە ویستی خۆم دا بە ئەمیل و ئەویش لەبەرچاو ونبوو، سەعات و چارەکێك دواتر، ئەو بەیادداشتێکەوە لەلایەن تۆماسەوە هاتەوە، تۆماس نووسیبووی کە ئەمیل رێك کاتژمێر پێنج و شانزە دەقە دەرکەوتووە ئەندامانی گرووپەکەی، کاتێکی خۆش لە وێناکردنی رووداو و پێشهاتەکانی دواتری ئێمە بەسەر دەبەن بێگومان پێویستە بزانرێت جیاوازی نێوان کاتژمێرەکانی ئێمە تەنها لەبەر دووری جوگرافی شوێنەکەمانەوە بوو بەس.

ئێمە سێ رۆژ لەو پەرستگایەدا ماینەوە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئەمیل سەردانی چوار گرووپەکەی تری هاورێکانمانی کرد پەیامە جۆراوجۆرەکانی ئێمەی بۆ ئەوان دەبرد و وەڵامەکانی ئەوانیشی بۆ دەهێنانەوە، بەیانی رۆژی چوارەم، ئێمە خۆمان ئامادەکرد بۆ گەرانەوە بۆ ئاوایی، مەبەستمان هەمان ئاوایی ناورێ بوو کە دوو کەس لە هاورێکانم لەوێ بەجێهێشتبوو تاوەکو بە شوێن مرۆڤە بەرفرییەکاندا بگەرێن، ئەمیل و ژست حەزیان دەکرد بۆ گوندێکی خنجیلانەی پێ دەشتەکە برۆن کە پەنجا کیلۆمەتر دوو بوو لە دوور رێیانی رێگاکەی ئێمە من قایل بووم بە بەرنامەکەی ئەوان پێشنیاری هاورێیەتی کردنی ئەوانم قبووڵ کرد، ئەو شەوە، ئێمە لە کوخی شوانێکدا نانمان خوارد و سپێدەی رۆژی دوایی، لەگەڵ گزنگدا بەرێ کەوتین تاوەکو بتوانین رۆژی دواتر بگەینە شوێنی مەبەست چونکە بە پیادە دەرۆیشتین، لەو رووەوە کە ئەگەری چوون بۆ ئەو پەرستگایە، بە سواری ئەسپ مەحاڵ بوو ئێمە وڵاخەکانمان لە هەمان گوند لای هاورێکانمان، بەجێهێشت.

ئەو رۆژە بەیانییەکەی، دەوروبەری کاتژمێر دە، زریان و هەورە بروسکەیەك کە ئەگەری باران بارینێکی لافاو ئاسای لێ دەکرا، دەستی پێکرد بەڵام تەنها دڵۆپێك باران لە ئاسمان نەباری، ئێمە بە ناوچەیەکی دارستانی زۆر چردا گوزەرمان دەکرد، زەوی ئەو ناوچەیە، بە پوش و پل و گژوگیایەکی چر و وشك داپۆشرابوو، هەر لەو کاتەدا لە چەند شوێنێکدا، هەورە بروسکە بوویە مایەی ئاگرکەوتنەوە لە پەرێز و نخودی ناوچەکەدا بەر لەوەی بیینەوە سەرخۆمان کەوتینە ناو گەمارۆی ئاگرەکە، دوای ماوەیەکی زۆر کورت ئاگرێکی یەکجار گەورە هەڵایسا بەخێرایی و گور و تینێکی وا بەرەو رووی ئێمە دەهات کە هەروەك خێرایی شەمەندەفەرێکی تیژرەو بوو، ئێمە لە سێ لاوە گەمارۆ درابووین و دووکەڵ وەك هەورێکی رەش و گەورە بە

هەموو لایەکدا پەخش دەبوو، بەجۆرێك من واقم وڕمابوو و دواجار دووچاری ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورە بووم، ئەمیل و ژست بەڕواڵەت هێور و ئارام و چووبوونەوە بە قاوغەکەی خۆیاندا، وەك بڵێیت لەباری موکاشەفەدا بوون، ئەم مەسەلەیە، تاڕادەیەك منی هێور کردەوە.

ئەوان وتیان: دوو ڕێگای قوتاربوون زیاترمان لەبەردەستدا نییە، ڕێگای یەکەم ئەمە لەخۆدەگرێت بۆ نزیکترین رووبارێك بچین کە بە دۆڵێکی قوڵدا دەڕوات، کەوا دیاربوو کارێکی لەم چەشنە دژواربوو، چونکە هەشت کیلۆمەتر ڕێگا مەودای نێوان ئێمە و ئەو رووبارە بوو، ئەگەر بتوانین ئەم کارە بکەین دەتوانین تا ئەو ساتەی ئاگرەکە نەکوژاوەتەوە لە شوێنێکی ئەمن و ئارامدا بمێنینەوە، ڕێگاچارەی دووەم ئەمەیە کە بە ناوەڕاستی ئاگرەکەدا تێپەڕین بەڵام پێویستە ئێوە بڕوای تەواوتان بە توانا و لێوەشاوەیی ئێمە بۆ پەڕاندنەوەی ئێوە بەناو ئاگرەکەدا هەبێت، من بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوانە، هەمیشە لە هەموو هەلومەرج و بارودۆخێکدا دەرەقەتی مەسەلەکان هاتوون و زاڵبوون بەسەریاندا، هەربۆیە دەست بەجێ ترسەکەم رەوییەوە، من بە جەستە و بە گیان خۆم خستە نێوانی ئەو دووانەوە و پشتم پێ بەستن، ئێمە رێك و راست بەرەو شوێنێك دەڕۆیشتن کە بڵێسەی ئاگرەکە زیاتر لە جیگاکانی تر پەل و پۆی دەکوتا و گەرمی و بریسکەی گەیشتبووە ئەوپەڕی. یەکسەر هەستێکی سەیرم لا دروست بوو، واهەستم کرد دالانێکی گەورە لە بەرامبەر ئێمە راست بوویەوە، ئێمە راستەوخۆ، بەناو ئاگرەکەدا تێپەڕین بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێك ئاگر یاخود دووکەڵ و گەرمی یاخود تەنانەت بریسکەیەك لە دەوروبەرماندا هەڵگیرسابێت، زەرەر و زیانێکمان پێبگەیەنێت ئێمە لای کەم ١٠ کیلۆمەتر ڕێگامان بە هەمان شێوەتەی کرد، وا دەهاتە پێش چاوم بە ڕێچکەی ئاسایی خۆماندا دەڕۆین و هێندە ئارام و بێ کەڵکەڵە بووین وەك بڵێیت هیچ ئاگرێك بە بڵێسە سوورەکانیەوە بە دەوروبەرماندا بوونی نییە، ئەم کارە تا گەیشتنمان بە رووبارە گچکەکە درێژەی هەبوو لەوێ ئێمە خۆمان لە دەرەوەی چوارچێوەی ئاگر کەوتنەوەی دارستانەکەدا بینیەوە، لەکاتی گەڕانەوە لەو سەفەرە، دەرفەت و کاتی پێویستم بۆ رەخسا ئەو ڕێگایەی لەو رۆژە لەیادنەچووەدا، لە نێوان دوو هاوڕێکەمدا بڕیبووم تەماشای کەم و لێی وردبمەوە، لەکاتێکدا سەرقاڵی تێپەڕین بووین بە ناوچەی ئاگر کەوتنەوەکەدا، ئەمیل بە منی وت: ئایا نابینیت چەندە ئاسانترە کە لە کاتی ئەوپەڕی ئاتاجیدا، مرۆڤ روو لە یاسا باڵاکانی خودایی بکات، لە شوێنی یاسا نزمە پەستەکان دایان بنێت؟ ئێمە هەنوکە لەرینەوەکانی جەستەمان پەرەپێداوە بۆ ریتمێکی سەرو

ریتمی ئاگر، هەر بۆیە ئاگر ناتوانێت بچووکترین زیانمان پێ بگەیەنێت، ئەگەر بکرایە خەڵکی ئاسایی سەیری ئێمەیان بکردایە، وادەهاتە بەرچاویان کە ئێمە دیارنەماوین، لەکاتێکدا شوناس و ماهیەتی ئەسڵی ئێمە هەرگیز گۆڕان و وەرچەرخانی بەسەردا نایەت.

لەڕاستیدا ئێمە خۆمان هەرگیز بچووکترین جیاوازی سەرنجمان راناکێشێت ئەمە کرۆکی هەستەوەری ماددییە کە لەگەڵ ئێمەدا پەیوەندی خۆی لەدەست داوە، مرۆڤێکی ئاسایی بەم جۆرە بیردەکاتەوە کە ئێمە بەرزبووینەتەوە و وەك میعراج و بڵندبوونەوەیەك دێتە بەرچاوی و ئەمەش کت و مت هەمان ئەو شتەیە کە رووی داوە. ئێمە بەرزبووینەتەوە بۆ ئاستێك لە ئاگایی کە لەوێدا مرۆڤە فانییەکان هەر جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئێمەدا لەدەست دەدەن، هەر کەسێك دەتوانێت لاسایی ئێمە بکاتەوە، ئێمە لە یاسایەك سوود وەردەگرین کە خواوەندی جیهان پێی بەخشیوین تاوەکو بەکاری بهێنین، ئێمە لە تواناماندایە سوودی لێ وەربگرین و جەستەمان بۆ هەر شوێنێك هەرچەند دوورودرێژ بێت هەڵبگرین، ئەمە هەر ئەو یاسایە کە ئێمە بۆ دەرکەوتن و دیار نەمان لەپێش چاوی ئێوە بەکاری دێنین، واتە بە گوێرەی قسەکانی ئێوە کەشی دەوروبەرمان دەسڕینەوە، ئێمە لە هەمبەر ئەو گرفتانەی دێنە رێمان بە ئاسانی زاڵ دەبین و ئەم کارەش لەڕێی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی خۆمان بۆ سەرو ئاستی ئەم کێشە و گرفتانە هەموار دەکەین، ئەمە رێگە بە ئێمە دەدات کە بەسەر تێکڕای لە قاڵب دانە مرۆییەکاندا زاڵ بین ئەو سنوور بۆ دانانەی کە مرۆڤ خۆی لە ئاگایی فانیدا بۆ خۆی داناوە.

وادەهاتە بەرچاوم کە پێیەکانم بە زەحمەت دەکەونە زەوی، کاتێك لە ئاگرەکە هاتینە دەرەوە خۆمان بە ساغ و سەلامەت و دوور لە ناوچەی ئاگرەکە بینیەوە بۆ ئەوبەری رووبارەکە رۆیشتین، سەرەتا وام هەست کرد کە لە خەوێکی قوڵ بێدار بوومەتەوە و ئەمەی کە هەموو شتێك جگە لە خەوێك هیچی تر نەبووە. بەڵام دەرك کردنی بارودۆخەکە وردە وردە لە وجودمدا فۆرمەلە بوو و گەشەی کرد و رۆشنی و روونی مانای راستەقینەیان، ویژدانی هۆشیاری منی بە شێنەیی بێدارکردەوە.

ئێمە شوێنێکی دڵگیرمان بۆ حەوانەوە پەیداکرد لەژێر سێبەری درەختەکانی قەراغی رووبارەکەدا کەمێك نانمان خوارد و بۆ ماوەی کاتژمێرێك راکشاین و پاشان بۆ گوندەکە گەڕاینەوە.

## بەشی چواردەهەم

ئەو گوندە زۆر سەرنجڕاکێش بوو چونکە خاوەن بەڵگەنامە و دیکۆمێنتێکی مێژوویی و بایەخدار بوو کە بە جۆرێکی باش پارێزرابوون، دوای ئەوەی هەندێك لە نوسخە دەستنووسەکانیان بۆ وەرگێڕاین، بەڵگەنامەیەکی حاشا هەڵنەگر و نکۆلی لێ نەکراو لەمەڕ حزوری قەشە ((یەحیای وسڵ دەرکەر))[1].

لەو شوێنەدا دەخستەڕوو، وا دیارە یەحیا، پێنج ساڵ لەو شوێنە نیشتەجێ بووبوو، ئێمە دواتر دەرفەتی بینین و وەرگێڕانی بەڵگەنامەی مێژوویی دیکەمان بەدەست هێنا کە دەیسەڵماند ئەو لەگەڵ چەند کەسێك لە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بۆ گەشتێکی درێژ خایەن چووە، سەفەرێك کە زیاتر لە بیست ساڵی خایاندووە ئەوانی لە وڵاتانی تبت و چین و ئێران و هیندستان تێپەڕاندووە، ئێمە هەستمان دەکرد توانای ئەوەمان هەیە شوێن پێی ئەو لەڕێی ئەم بەڵگەنامانەوە، هەڵبگرین، ئەم دیکۆمێنتانە بەجۆرێك سەرنجی ئێمەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو کە ئێمە جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ ئەو گوندانەی کە پێشتر سەردانمان کردبوون تاوەکو لێکۆڵینەوەکانمان چڕبکەینەوە، بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتبوون، ئێمە توانیمان نەخشەیەکی ڕاست و دروست گەڵاڵە بکەین کە ڕێچکەی سەفەرەکەی یەحیای بەوپەڕی وردی نیشان دەدا.

(١) Jean Baptiste کوڕی ئلیزابیس و زەکەریا کوڕی پوری حەزرەتی عیسا کە بە فەرمانی پادشای ئیسرائیل، سەریان لە لاشەی جیاکردەوە، ئەمە هەمان ئەو کەسە بوو کە عیسای لە ئاوی پیرۆز هەڵکێشا هەر بۆیە نازناوی وسڵ دەرکەریان پێبەخشی (غسڵ تعمید: واتە هەڵکێشان یا شۆردنی کەسێك بە ئاوێکی پیرۆز بەڕێ و ڕەسمێکی تایبەت، بۆ وەرگرتنی لە نێو بڕوادارەکاندا، کە لەناو مەسیحییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

هەندێك لە ڕووداوەكان، لە حەكایەت و گێڕانەوەیەكی وەها سەرنج ڕاكێش و شیاوی گوێ لێگرتندا بۆمان گێڕدرایەوە كە ئێمە خۆمان لە هەمان ڕێچكە كە یەحیای وسڵ دەركەر، لەگەڵ یارەكانیدا گرتبوویانەبەر، بەرجەستە بكەین و هەستمان دەكرد لە هەمان ئەو تولە ڕێگانەدا هەنگاو هەڵدەگرین كە ئەو لە ڕابردوویەكی دووردا بەوێدا تێپەڕیبوو. ئێمە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەو ئاواییەدا ماینەوە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە پەردەیەكی گەورە لە ڕووداوەكانی ڕابردوو لەبەرچاومان والاكرا، من توانیم لە تاریكی و تەپو تۆزی چاخەكاندا جارێكی تر بگەڕێمەوە بۆ دواوە. سەرچاوەی بیروباوەڕە فەلسەفی و ڕۆحانییەكانی ئەو سەرلەنوێ بدۆزمەوە و وێنا بكەم، بیروباوەڕگەلێك كە لە سەردەمی دەسپێكی پەیدابوونی مرۆڤ و دەسپێكردنی وجودەوە، لە زەمەنێكەوە كە هەموو شتێك لە تاكە سەرچاوەی ڕەگەزی ئیلاهییەوە، سەرچاوەی دەگرت و دەستی پێكردبوو وە بە نەوەكانی دوایی گەیشتبوو، من توانیم مانا و چەمكی پۆلێن كراوی تیۆریا و بیروباوەڕە ڕاگەیەنراوەكان لەلایەن مرۆڤەكانەوە دەرك بكەم، بیروباوەڕگەلێك كە هەر كەسێك ئایدیا و ئەندێشە كەسییەكانی خۆشی بۆ ئەوان زیاد دەكرد و بیروڕایەكی نوێی دەخستەڕوو، بەم بۆچوونەی كە ئەم بیروڕایانە لەلایەن خواوەندی مەزنەوە بە وێنەی وەحی بۆ ئەو دابەزیوون و ئاشكرابوون تاوەكو ئەو وەك پێویست پارێزگارییان لێ بكات، هەر بیرمەندێك بۆچوونی وابوو كە خۆی بە تەنها هەڵگری پەیامە ڕەسەنەكەیە و ئەمەش كە تەنها خۆی شیاوی گەیاندنی ئەم پەیام و بەرنامەیەی بە خەڵكی جیهان هەیە، بەم پێیە، بەم جۆرە بوو كە هەڵێنجان و ئایدیا و بیروڕا مرۆییەكان لەگەڵ سروشت و ئیلهاماتی ڕەسەنی خوداییدا تێكەڵ بوون، لەو كاتە بەدواوە، ئەندێشە ماددییەكان دزەیان كردە ناو ئیلهاماتەكانەوە و ئاكامەكەی ئەمە بوو كە فرەیی لە ئەندێشە و فەلسەفە و ناهاوئاهەنگی لەسەر ئاستی جیهانی سەری هەڵدا.

من دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا چەندین مامۆستای مەزن و پایەبەرز ببینم كە لەسەر سەكۆی ڕۆحانییەتێكی واقیعی و ڕەسەن، بەوپەڕی متمانە و دەسەڵاتی تەواوە وەستاون و لەم حەقیقەتە ئاگادار بوون كە مرۆڤ بەڕاستی دەمێنێتەوە و لە نەمری بەهرەمەندە، كائینێك كە هەرگیز تەسلیمی مەرگ یا گوناه نابێت، بوونەوەرێك كە ئەزەلییە و گۆڕان قبووڵ ناكات و بەپێی وێنە و وێكچووی خوداوەندی جیهان دروست كراوە، گەر بهاتبا و مرۆڤ لێكۆڵینەوەی شێلگیرانەتر و فراوانتری ئەنجام بدایە، بێ گومان ئەم دڵنیاییە بەدەست دەهات كە ئەم پیاوە گەورانە، ئەم مامۆستا پاك و بێ گەردانە بەدرێژایی هەزاران هەزار ساڵ لە مێژووی دروست بوونی مرۆڤ، ئەم بیروباوەڕەیان بەشێوە ڕەسەن و بێگەردەكەی بۆ ئەوانیتر گواستەوە، ئەوان هیچ كامیان

بانگەشەی ئەوە ناکەن کە ئاگایان لە هەموو شتێکە، ئەوان نایانەوێت کە مرۆڤ کۆمەڵە واقیعیەتێك قبووڵ بکات کە کەسی خۆی نەتوانێت بیان سەڵمێنێت و هەروەك فێرکارەکان کار بکات، ئەوان تەنها بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن لەڕێی کار و کردارەکانیانەوە شتانێك بسەڵمێنن و ئاگایی خۆیان ئاشکرا بکەن.

دوای سێ ڕۆژ مانەوە، ئێمە دواجار ئامادەی گەڕانەوە بووین بۆ ئەو گوندەی کە هاوڕێکانم لەوێ بەجێهێشتبوو، ئەرکی ئەمیل و ژست لەو گوندەدا تەنها چارەسەری نەخۆشەکان بوو، ئەوان بێ گومان دەیانتوانی زیارەتی ئەو پەرستگایە، بەدەمەوە چوونی نەخۆشەکان لەمەودایەکی زەمەنی زۆر کورت خایەن ترا ئەنجام بدەن، بەڵام لەو رووەوە کەمن توانای ئەوەم نەبوو وەك ئەوان لە شوێنکاتدا جێگۆڕکێ بکەن، ئەوان شێوازی هاتووچۆی سادە و ئاسایی منیان هەڵبژارد و هەروەك من هەڵسوکەوتیان کردبوو.

هاوڕێکانم لە گوندەکەدا، چاوەڕێمان بوون، ئەوان بە هیچ شێوەیەك لە توێژینەوەکانیاندا بۆ دۆزینەوەی مرۆ بەفرییەکان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابوو، دوای پێنج رۆژ هیلاك بوون دەستیان لە گەڕان هەڵگرتبوو، لەڕێی گەڕانەوەدا، قەوارە و بیچمی پیاوێك سەرنجی ئەوانی بۆ خۆی راکێشابوو کە لە دوورەوە لە بەرزایی هەزار و پێنج سەد تا دوو هەزار مەتریدا، لەسەر شوێنێکی بەرز کە هێڵی یەکتر بڕی دوو ئاستی جیاواز بوو راوەستاوە و بەر لەوەی کە هاوڕێکانم بتوانن دووربینەکانیان دەربهێنن و تەماشای بکەن، لەبەر چاویان ون بوو بوو.

ئەوان ئەو پیاوەیان تەنها بۆ چەند ساتێکی زۆر کورت و گوزەرا بینی بوو بەڵام بە باشی تەماشایان کردبوو کە شێوەی ئەو بە جۆرێك بوو وەك بڵێیت بە مووی چڕ و پڕ و درێژ داپۆشراوە، ئەوان بە پەلە خۆیان گەیاندبووە ئەو شوێنەی کە ئەو پیاوە سەیرەی لێ راوەستابوو، بەڵام بچووکترین نیشانەیان لەو چنگ نەکەوتبوو، ئەوان پاشماوەی ئەو رۆژەیان بە گەڕان لە ناوچەکانی ئەو دەوروبەرەدا بەسەر بردبوو پاشان بە نائومێدییەوە دەستیان لە گەڕانە بێ ئاکامەکانیان هەڵگرتبوو.

هاوەڵەکانم بە بیستنی رووداوەکانی من، ویستیان جارێکی تر هەموومان بۆ ئەو پەرستگایە بگەڕێینەوە، بەڵام ئەمیل پێی راگەیاندن کە بەم زووانە سەردانی پەرستگایەکی هاوشێوەی ئەوە دەکەن کە من سەردانم کردبوو، هەر بۆیە هاوڕێکانیشم وازیان لە بیرۆکەی چوون بۆ ئەو پەرستگایە هێنا.

ژمارەیەك لە دانیشتووانی ناوچەکە لە گوندەکەی ئێمەدا گردبوونەوە تاوەکو داوای شیفا و چاکبوونەوە لە مامۆستاکان بخوازن چونکە هەواڵی حزوری مامۆستاکان بەو دەوروبەردا بڵاوببوویەوە، هەمووان هەواڵی رزگارکردنی دیلەکانی ژێر دەستی مرۆ بەفرینەکانیان بیستبوو، رۆژی دوایی، ئێمە لەڕێوڕەسمی تایبەت بە چاکبوونەوەی نەخۆشەکان ئامادەگیمان هەبوو، هەندێك حاڵەتی چاکبوونەوەی سەیر و سەرسوڕهێنەرمان بینی، ژنێکی گەنج کە نزیکەی بیست ساڵ تەمەنی بوو بەپێیەکانی کە ساڵی رابردوو لەتاو سەرما تەزی بوون سەرلەنوێ توانی بڕوات بەڕێوە قاچەکانی گەڕانەوە باری سروشتی، ئەم دەرفەتە بۆ ئێمە رەخسا تا لە نزیکەوە سەرلەنوێ شێوەگرتنی قاچەکانی بۆ باری سروشتی خۆی ببینین، گۆشتی قاچەکانی سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ دۆخی جارانی و ئەو توانی جارێکی تر بەبێ کەمترین گرفت بکەوێتەڕێ، دوو کەسی کوێر و نابینا چاوەکانیان چاکبوونەوە، بەڵێ، زۆرێك لە نەخۆشی و ناڕەحەتییە درێژخایەنەکانی تێکڕای نەخۆشەکان بە تەواوی کەوتبوونە ژێر کاریگەری قسەی مامۆستاکانەوە.

دوای نوێکردنەوەی دیداری هاوڕێکانم لە ئەمیل پرسیارمان کرد کە ئایا دوای ئەم جۆرە چارەسەرییانە، خەڵك تامەزرۆی ئایین و باوەڕەکەی ئەوان بوون تاوەکو خۆیان بخەنە ریزی لایەنگرانی ئایینی ئەوان و ئایا ئەم جۆرە حاڵەتە زۆر رووی دەدا؟ ئەمیل گوتی: زۆرێك لە کەسەکان بەڕاستی یارمەتی دەدرێن و ئەمەش شتێکە کە سەرنجی ئەوان رادەکێشێت، هەندێك لەوان، بۆ ماوەیەك خۆیان دەخزێننە ناو کارە رۆحانی و مەعنەوییەکان، بەڵام زۆربەی ئەوانە بەخێرایی دەگەڕێنەوە سەر خوخدەی سروشتی سەردەمی جارانیان، دیسان خووەکەی جارانیان دەگرنەوە، ئەوان هەوڵ و کۆششێك کە دەبێت لە خۆیانی پیشان بدەن، بەراورد دەکەن و دەبینن کە ئەم کارە لە دەرۆستی ئەوان بەدەرە، ئەم خەڵکە تاڕادەیەك زۆربەیان خاوەن ژیانێکی سادە و ئاسایین، لەنێوان ئەو کەسانەدا کە بانگەشەی ئەوە دەکەن باوەڕدارن تەنها لە سەدا یەکیان ئەم کارانە بەجدی وەردەگرن، ئەوانیتر پشت بە کەسانیتر دەبەستن تاوەکو لەکاتی پێویستیدا، داوای یارمەتی و کۆمەکیان لێ بکەن ئەمە هۆکاری بنەڕەتی گرفتەکانیانە، ئەوان ئیدیعای ئەوە دەکەن توانایان هەیە کۆمەکی هەر نیازمەندێك بکەن، بەڵام هەرگیز توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکیان بۆ کەسێك نییە، ئەوان دەتوانن لەمەڕ ئەو فراوانی و ناز و نیعمەتەی بۆ نەخۆشەکان هەڵگیراوە قسە بکەن، بەڵام چوونە ناو ئەو ناز و نیعمەتە فراوانە گەرەکە تەواوی مەرجەکانی قبووڵ بکەن و ئەوانە بۆ خۆشیان بسەڵمێنن و بەڕاستی مژووڵی کارە پاك و بێ گەردەکان بن ژیانێکی هێور و دوور لە گوناه بکەنە پیشە.

## بەشی پانزەهەم

سپێدەی رۆژی دوایی، ئێمە ئەو گوندەمان بەجێ هێشت لەکاتێکدا کە دوو کەس لە دانیشتووانی ئاواییش هاورێی ئێمە بوون، ئەو دووانە وادیاربوو، هەولیان دەدا رێچکەی رۆحانی و مەعنەوی بگرنەبەر، لە شەوی سێهەمی گەشتەکەماندا، گەیشتینە گوندێك کە نزیکەی بیست کیلۆمەتر دوور بوو لەو گوندەوە کە ((یەحیا لەوێ حزوری هەبووە، من زۆر تامەزرۆ بووم کە ئەم دیکۆمێنتە سەیر و دیدەنیانە نیشانی دۆستەکانم بدەم تاوەکو ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان وەك من، لە فەرِی دیتنی ئەوان بەهرەمەندبن، هەربۆیە بڕیارماندا کە شوێنی مانەوەمان لە گوندی دووەم دیاری بکەین، ژست لەگەڵ ئێمەدا بوو، ئەو نووسراوە دێرینانە، کاریگەرییەکی زۆر قوڵی لەسەر هاورێکانم بەجێهێشت و ئەمەی بەدوادا هات کە ئێمە نەخشەیەك ساز و ئامادە بکەین کە رێرەوی سەفەرەکانی یەحیا بە روونی پیشان بدات.

ئەو شەوە، مامۆستایەك کە هاورێیەتی گرووپی چوارەمی پێنج گرووپەکەی ئێمەی دەکرد هاتە سەردانمان تاوەکو ماوەیەك لە شەو لەگەڵ ئێمەدا بەسەر ببات، ئەو چەند پەیامێکی لە گرووپی یەکەم و گرووپی سێیەمەوە بۆ ئێمە هێنابوو، ئەو لە هەمان ئاواییدا هاتۆتە دنیاوە و گەورە بوو بوو، لەراستیدا، ئەوە باو و باپیرانی ئەو بوون ئەو قەواڵە و بەڵگەنامانەیان نووسیبوو، بەڵگەنامەگەلێك کە دەستاودەست گوازراونەتەوە و هێشتا لە بنەماڵەکەیاندا مابوونەوە، ئەو پەیوەست بوو بە نەوەی پێنجەمی ئەو نووسەرانەوە و هێشتا هیچکام لە ئەندامانی خێزانەکەی تەجروبەی مردنیان لە نزیکەوە نەچەشتبوو و نەکەوتبوونە ژێر هەژموونی ئەم یاسا مرۆییەوە، ئەندامانی ئەم خێزانە، هەموویان لەش و لاری خۆیان لەگەڵ خۆیان بردووە و دەیانتوانی لە هەر ئان و ساتێکدا بۆ لای زیندووەکان بگەرێنەوە، ئێمە لەو مامۆستایەمان پرسی کە ئایا شیمانەی دیدار و وتووێژ لەگەڵ نووسەری ئەو دیکۆمێنت و بەڵگەنامانەدا هەیە

یان نا و ئایا نابینە ئەرك بەسەر ئەو رۆحە پاکەوە؟ مامۆستا لە وەڵامدا وتی هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە بڕیار درا ئەو دیدارە، هەر لەو شەوەدا ئەنجام بدرێت.

هێشتا ماوەیەك تێنەپەڕی بوو لەناکاو پیاوێك لەو ژوورەدا کە تازە لێی دانیشتبووین پەیدا بوو، ئەو سی و پێنج ساڵان دەهاتە بەرچاو، ئەویان بە ئێمە ناساند و ئێمە هەموومان تەوقەمان لەگەڵ کرد. شکڵ و شێوازی ئەو مایەی واق وڕمان و سەرسامی ئێمە بوو چونکە ئێمە چاوەڕێی دیتنی پیاوێکی زۆر پیرترمان دەکرد. ئەو بەژن و باڵایەکی مام ناوەندیی هەبوو، هێڵەکانی تەوێڵی ورد و تۆکمە بوون، لەگەڵ ئەمەشدا، لە رووخساریدا حاڵەتێکی هێندە میهرەبان و نەرم و نیان بەدی دەکرا تا ئێستا هاوشێوەی ئەوم لە هیچ کوێ نەدیتبوو هەر جموجۆڵێکی ، هێمای بەهێزی کەسێتییەکەی بوو و رووناکییەکی سەیر لە تەواوی لاشەی دەدرەوشایەوە.

ئەمیل، ژست، مامۆستا، ئەو پیاوە نامۆیە بەر لەوەی کە دابنیشن، لە بێدەنگییەکی رەهادا دەستیان خستە ناو دەستی یەکتری پاشان ئێمە هەموومان دانیشتین و غەریبەیەك کە بەو جۆرە غافڵگیرانە لە ژوورەکەی ئێمەدا سەری هەڵدابوو، سەری قسەی دامەزراند و گوتی:

((ئێوە داخوازی ئەم دیدارەتان کرد و تاوەکو زیاتر و باشتر بتوانن ئەو بەڵگەنامانە دەرك بکەن کە بۆتانیان خوێندەوە و وەرگێڕا، بەڵێ، بەڕاستی ئەوە خودی من بووم کە ئەوانەم نووسی و پاراستنم، نووسینێك کە دەربارەی رۆحی پاك و بێگەردی یەحیا وادیارە بۆتە مایەی سەرسامی و دۆش داماوی ئێوە، لە رووداوە حەقیقییەکانە، رووداو و پێشهاتێك کە بە درێژایی مانەوەی ئەو لە نێوان ئێمەدا روویدا، هەروەك گوترا، ئەو پیاوێکی بەڕێز و خاوەن مەعریفە و ئاگایی زۆر فراوان و قوڵ بوو و لە زیرەکییەکی زۆر بەهرەمەند بوو، ئەو ناوەڕۆکی بیروباوەڕ و فەلسەفەی مەعنەوی ئێمە سەرنجی راکێشا، بەڵام وادیارە هەرگیز نەیتوانی بە تەواوی دەرکی بکات، چونکە گەر بهاتبا و بە تەواوی دەرکی پێ بکردایە و لە وجودی خۆیدا قبووڵی بکردایە، هەرگیز دووچاری مردن نەدەبوو، هەر لەم ژوورەدا بوو کە باوکم بە لەگەڵ خۆدابردنی لاشەکەی، بۆ رەهەندێکی تر رۆیشت، رووداوێك کە یەحیاش بە چاوی خۆی بینی.

تێکڕای ئەندامانی بنەماڵەکەی من لە هەردوو سەری باوکم و دایکمەوە، ئۆرگانیکی جەستەیان بۆ رەهەندێکی تر بردووە، ئەم ((پەڕینەوە))یە بەم مانایە کە جەستە، لە گۆشە نیگای رۆحانی و مەعنەوییەوە، کامڵ و بێ کەم و کورتییە، واتە مرۆڤ توانستی ئاگایی وەرگرتنی دەبێت لە مانای مەعنەوی ژیان و زیندەگی، هەروا سەرکەوتوو دەبێت لە تێگەیشتن لە مانا و چەمکی خودا، بەجۆرێك کە دواجار توانای هەیە ژیان و زیندەگی بە هەمان شێوە و

فۆرمێك کە خواوەندی جیهان دەیبینێت، تێبینی بکات، بەم شێوەیە کە مرۆڤ لە ئیمتیاز و کەرەمی وەرگرتنی بەرزترین رێنمایی و راهێنان و فێرکردن بەهرەمەندبێت و یارای ئەوەی دەبێت کە یارمەتی و کۆمەکی تەواوی مرۆڤەکان بکات.

ئێمە هەرگیز لەم قەڵەمڕەوە، دانابەزینە خوارەوە، چونکە ئەو کۆمەڵە کەسەی گەیشتوونەتە ئەوێ، هەرگیز ئارەزووی دابەزینیان نییە، ئەوان هەموویان ئاگادارن کە ژیان پێشڤەچوونێکە جۆرێکە لە پێشکەوتن و ئەمەی کە رێگای گەڕانەوە و پاشەکشە بوونی نییە، لەلایەکی دیکەوە هیچ رۆحێك حەزی بە گەڕانەوە و پاشەکشە بۆ دواوە نییە.

هەموو دەستەکانیان بەرەو کەسانێك درێژ دەکەن کە بەشوێن نوری ئیلاهیدا دەگەڕێن لە توانستی وەرگرتن و ئاستی ئاگایی دەرك کردنی پێویست بەهرەمەندن و دەتوانن ئەم پەیامانە شرۆڤە و راڤە بکەن، ئێمەش کت و مت و هەر لە بنەڕەتدا لەبەر ئەم هۆکارەیە کە دەخوازین بگەینە ئەم قەڵەمڕەوە، دەستمان رابگات بەو ئاستە لە ئاگایی پێویست، ئێمە هەموومان بەجۆرێك ئامادە و تامەزرۆی یارمەتی دانین، ئێمە لە توانای زۆر بەهرەمەندین و دەتوانین لەگەڵ زەینە وەرگرەکاندا پەیوەندی بەرقەراربکەین، رێنمایی پێویستیان فێر بکەین و ئاستی ئاگایی ئەوان راستەوخۆ یا لەڕێی رێکخەر یا نێوبژیوانێکەوە، پەرە پێبدەین، ئێمە توانای ئەنجامدانی هەموو ئەم کارانەمان هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا، واسیتەیەك هەرگیز ناتوانێت کار و هەوڵ و کۆششی ئەوانیتر لەجیاتی ئەوان ئەنجام بدات بەشێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام هاوڕێیەتی ئەم کەسانە بکات و دەسگیرۆییان بکات، مرۆڤ دەبێت خۆی، لە قۆناغێك لە رێنماییەکاندا بڕیاری جدی بدات کە کار و ئەرکەکانی بە تەنها جێبەجێ بکات، بیانخاتە قۆناغی جێبەجێ کردنی کۆتاییەوە، لەم کاتەدایە کە مرۆڤ ئازاد دەبێت و دەتوانێت متمانەی بەخۆی هەبێت.

عیسا مەسیح دەیزانی کە لاشە نەك تەنها رۆحانی بەڵکو لەناوچوونیشی قبووڵ ناکات، ئەودەمەی هەموو خەڵك بگەنە ئەم ئاستە لە ئاگایی و لە هەمان حاڵەتی زەیندا بمێننەوە، ئێمە دەتوانین لەگەڵ هەمووواندا پەیوەندی بەرقەرار بکەین، ئەو رێنماییانەی کە ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە فێربووین، بە هەموو مرۆڤەکانی بگەیەنین، ئێمە لە تایبەتمەندی و لوتفی زانینی ئەم حەقیقەتە بەهرەمەندین کە هەر مرۆڤێك دەتوانێت رێك هەمان ئەو کارانە ئەنجام بدات کە ئێمە ئەنجامی دەدەین و زاڵ بێت بەسەر تێکڕای گرفتەکانی ژیاندا و چارەسەریان بکات، سەرلەبەری گرفت و دژوارییەکان جۆرێك خۆیان نیشان دەدەن کە بە ئاسانی چارەسەر بکرێت، رووالەت و

شێوەی من هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئێوە یا ئەو کەسانەدا کە ڕۆژانە رووبەڕوویان دەبنەوە، نییە و هیچ جیاوازییەك لە نێوان من و ئێوەدا بوونی نییە و منیش جیاوازییەك بەدیناکەم.

ئێمە بە ئەومان گوت کە لە وجودی ئەودا شتێکی یەکجار جوانتر بەدی دەکەین ئەو لە وەڵامدا وتی: ئەمە تەنها بەراوردێکە کە مرۆڤی ((فانی)) لە بەرامبەر مرۆڤی ((باقی)) ئەنجامی دەدات، هەوڵ بدەن سیفەتی ئیلاهی هەر مرۆڤێك بەجۆرێك ببینن کە پێویستی بە بەراوردکردنی ئەو لەگەڵ کەسانی تردا نەبێت و ئەوددەمە ئەو کەسە هەروەك من دەبینن، هەوڵ بدەن لە سیمای هەر کەسێکدا بەدوای رۆحی خوداییدا بگەڕێن و لەم کاتەدایە کە توانای ئەوەتان دەبێت ئەم چۆنیەتی و خەسڵەتە ئیلاهییە پیشان بدەن، ئێمە هەمیشە لە هەر جۆرە بەراوردکردنێك خۆمان دەپارێزین، ئێمە تەنها رۆحی خودایی لە وجودی هەموو کەسێك و لە هەموو ساتێکدا دەبینین.

بەم کارە، ئێمە لای ئێوە بە بینراوی دەمێنینەوە، ئێمە بە یارمەتی جیهانی تەواوی خۆمان، تەنها کەماڵ دەبینین و بەس، لەکاتێکدا جیهانی کەم و کورتی ئێوە کارێك دەکات کە ئێوە تەنها کەم و کورتییەکان ببینن. وێنەی کامڵ و بێ کەم و کورتی گوڵ بە وردترین وردەکارییەکانیەوە لە توخمە بەراییەکەدا بوونی هەیە، تەنها زنجیرەیەك قۆناغی بەردەوام و پەیتا پەیتای ورد پێویستە تا دوای ئەوە، تۆوەکە گەشە بکات، پەرەبستێنێت و نەش و نما بکات و دواجار بگۆڕدرێت بۆ گوڵێکی کامڵ، کاتێك وێنەی دەروونی دوای ئاوڕدانەوە لەسەرجەم وردەکارییەکان، کۆتایی بێت، گوڵ لە ترۆپکی شکۆ و جوانیدا دەردەکەوێت، بە هەمان شێوەش خواوەندی جیهان، وێنەی کامڵ و بێ کەم و کورتی هەر منداڵێك لە ئەندێشەی ئیلاهی خۆیدا دەپارێزێت، وێنەیەکی کامڵ کە خواوەند ئارەزوومەندە لەڕێی ئەوەوە، خۆی مانفێست بکات.

لەم شێوازە باشەی دەربڕیندا، ئێمە بە چەند قات لە نموونەی سادەی گوڵ و وەدیهێنانی تێدەپەڕین، ئەوددەمە رەوشەکە روو لە خراپ بوون دەکات کە خودی خۆمان، دەست بەکاردەبین، ئەم بیرۆکە یا تیۆریایە بۆ هەمووان شیاوی جێبەجێ کردنە تەنها بە کەمینەیەکی بچووکەوە پەیوەست نییە، بە ئێمەیان نیشاندا کە ئێمە خۆمان، هیچ جیاوازییەکمان لەگەڵ ئێوەدا نییە و تەنها لەڕووی پلە و رێژەی دەرککردن و ئاگاییەوە لەگەڵ یەکدا یەکسان نین.

تێکڕای تیۆرییەکان، ئەندێشەکان، تێزەکان، گرووپەکان، ئایینەکان و بەکورتی ئەو رێنماییانەی کە بە ((isme)) کۆتایی دێن و زێدەباری تێکڕای گۆشە نیگا دۆگمانیزم و

جەزمگەراکان باشن، چونکە دواجار شوێن کەوتووان و لایەنگرانی خۆیان بەم ئاکامە دەگەیەنن کە فاکتەری گشتی و بونیادی، فاکتەرێکی واقیعی و نەناسراو هەیە، فاکتەرێك کە وەك پنتێکی قوڵ وایە و ئەوان هێشتا دەستیان پێڕانەگەیشتووە، یاخود ئەوەی کە دەرك دەکەن هێشتا لەگەڵ ئەو لوتف و بەزەییەی کە لە سەرەتای لەدایك بوونەوە بە ئەوانەوە پەیوەست بووە، پەیوەندی بەرقەرار بکەن، بەزەیی و چاودێرییەك کە دەتوانن و دەبوایە خاوەنی راستەقینەی ئەوان بوونایە، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە مرۆڤ بەرەو پێش دەبات، ئەو دەزانێت شتێك بوونی هەیە کە دەبێت خاوەندارێتییەکەی بگرنە دەست، ئەو هێشتا خاوەنی رەهای ئەو نییە بەڵام لە توانای دایە خاوەنی ئەو بێت. هەر ئەم ئەنگێزەیە دەبێتە بزواندن و تامەزرۆیی ئەو و کارێك دەکات تا مرۆڤ بە ئاکامی مەرام و مەبەستەکانی بگات.

لەڕاستیدا ئەو بەرەو پێش چوونانەی کە لە هەر قەڵەمڕەوێکدا روو دەدەن، بە هەمان شێواز جێبەجێ دەکرێن، سەرەتا، ئەندێشەی پێشکەوتن لە زەینی ئیلاهییەوە کراوەتە دەرەوە و چووەتە ناو زەین و ئاگایی مرۆڤەوە، پاشان مرۆڤ ئامانجێکی نزیك دەبینێت کە دەزانێت لەرێی هەوڵ و کۆششەوە پێی دەگات.

هەمیشە لە قۆناغێکی ئاوادایە کە هەڵە و چەوتیەکانی مرۆڤ دەست پێدەکەن لەجیاتی ناسینی سەرچاوە و زێدی ئەو ئەندێشەی نمەی کردۆتە دەرەوە مرۆڤی فانی لای خۆیەوە بۆچوونی وایە کە ئەو ئەندێشەیە بە تەواوی و پڕاوپڕ لەلایەن خودی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، لەو کاتەدا، لە خواوەند دوور دەکەوێتەوە و لەجیاتی ئەوەی مۆڵەت بە پەروەردگار بدات لەرێی ئەو، بەهۆی ئەوەوە لەمەڕ کەماڵ بدوێت، لە ئەو دوور دەکەوێتەوە، خودا ئەو کەماڵەی کە دەیەوێت بەیانی بکات. تەنها بۆ مرۆڤ لەبەرچاوی گرتووە بەڵام مرۆڤ لێی بێ ئاگایە، مرۆڤ بەشێوەی خۆی، خۆی مانفێست دەکات و ئەو شتەی بە دوور لە کەماڵ بەرهەم هێناوە و دەئافەرینێت، شتێك کە لە بنەڕەتدا و لەسەرتاوە، دەبوایە لە لوتکەی کامڵبوون و بێ کەم و کورتیدا بئافەرێنرایە و بهاتایەتە ئارا.

مرۆڤ دەبێت وریا بێت کە هەر بیر و ئەندێشەیەك، تاکە شێوەی بەیانی راستەوخۆ و کامڵی خواوەندە.

هەر هێندەی ئەندێشەیەك بەزەینی مرۆڤدا تێدەپەڕێت، دەبێت ئامانجێکی چاك و فیکرێکی بێ کەم و کورتی لێ دروست بکات کە تێیدا خواوەندی وەسف و ستایش کردووە و هەرگیز هەوڵی نەدابێت شتێك لە وجودی خۆی بخاتە سەری چونکە هەرچییەك بێت لە رەگەزێکی فانی

و لەناوچووە، ئەو دەبێت لێ بگەڕێت، خواوەند بەشێوەیەکی کامڵ و بەرز و باڵا، خۆی لە ڕێگەی ئەو و بەهۆی ئەوەوە وەسف و بەیان بکات، لەو چرکەساتەدایە کە ئەو ئەندێشە و ئەو شتە باشە بەشێوەیەکی کامڵ نمایان دەبێت، خواوەند لەسەرو قەڵەمڕەوی فەنابوونەوەیە، ماددیگەرایی، هیچ کۆمەکێك بە خواوەند ناکات، گەر بێتو مرۆڤ لەسەرجەم ئەم خاڵانە ئاگاداربێت و بەگوێرەی دەستوور کاربکات، زۆر ناخایەنێت کە توانای دەربڕینی کەماڵی هەبێت، پێویستە مرۆڤایەتی بێگومان لە قۆناغێك کە تێیدا، خۆی دەداتە پاڵ هێزە میتا ڕۆحی و زەینییەکان، تێپەڕێت، پێویستە کە ڕاستەوخۆ خۆی لەڕێی خواوەندەوە مانفێست بکات، هێزە میتاڕۆحییەکان تەنها لەڕێی خودی مرۆڤەوە سەریان هەڵداوە و لە ماهیەت و سروشتێك بەهرەمەندن کە مرۆڤ لە ڕێگای ڕاست لادەدەن.

* * *

## بەشی شانزەهەم

بەرەبەیانی سبەینێ، ئێمە دەمە و بەیان لە خەو هەستاین و کاتژمێر شەش و نیوی بەیانی، ئێمە ئامادەی خواردنی بەرچایی بووین، لەکاتێکدا بە شەقامێکدا دەپەڕینەوە تاوەکو لە شوێنێ نیشتەجێ بوونمانەوە، بۆ شوێنێك بڕۆین کە هەمیشە لەوێ نانمان دەخوارد، لەگەڵ دۆستە پایەبەرزەکانمان! مامۆستا خۆشەویستەکانمان رووبەڕووبووینەوە، ئەوانیش هەمان رێگایان گرتبووە بەر ئەوان هەروەك مرۆڤە سادە و فانییەکان پێکەوە قسەیان دەکرد و پیاسەیان دەکرد، ئەوان لەگەڵ ئێمەدا چاك و چۆنیان کرد و ئێمە دەربارەی سەرسامی خۆمان لە دیتنی ئەوان قسەمان کرد.

ئەوان وەڵامیان دایەوە: ئێمەش مرۆڤین هەروەك ئێوە، بۆچی سوورن لەسەر ئەوەی کە ئێمە جیاواز لە خۆتان وێنا بکەن؟ ئێمە لە هیچ روویەکەوە لەگەڵ ئێوەدا جیاوازیمان نییە، ئێمە تەنها لەو هێزانەی کە خواوەندی میهرەبان بەشێوەیەکی یەکسان بە هەموومانی بەخشیوە، سوودی زیاترمان وەرگرتووە و ئەوانەمان زیاتر لە ئێوە پەرەپێداوە، هەر ئەمە.

ئێمە پرسیارمان کرد: لەبەر چ هۆکارێك ئێمە ناتوانین وەك ئێوە بین و کارەکانی ئێوە ئەنجام بدەین؟

وەڵامی ئەوان بەم شێوە بوو: بۆچی هەموو ئەو کەسانەی کە ئێمە لەگەڵ ئەواندا دەکەوینە پەیوەندی، بە شوێن ئێمەدا نایەن و هەمان کارەکانی ئێمە بە ئەنجام ناگەیەنن؟ ئێمە نە ئارەزو دەکەین و نەدەشتوانین شێوازی کارکردنەکانمان بەسەر ئەوانی دیکەدا فەرز بکەین، هەر مرۆڤێك ئازادە کە بژی و رێڕەوی ژیانی بەو جۆرەی کە پێی خۆشە، درێژە پێبدات، ئێمە تەنها دەمانەوێت رێچکەیەکی سادە و سانا پیشانی کەسانیتر بدەین رێچکەیەك کە خۆمان تاقیمان کردۆتەوە و لێی رازین.

* * *

ئێمە لە پشتی مێزەکەوە دانیشتین و وتووێژی سەرەکی دەربارەی رووداوەکانی ژیانی رۆژانە دەستی پێکرد، من سەراپا شەیدا و سەراسیمە بووم، چوار پیاو لەبەرامبەر ئێمە دانیشتبوون، یەکێك لەوانە تەمەنی دەگاتە نزیکەی دوو هەزار ساڵ کە توانیبووی ئۆرگانیزمی لاشەی بەرکەماڵ بکات و بۆ هەر جێیەکی ببات کە دەیەوێت، ئەو نزیکەی هەزار ساڵ لەسەر زەوی ژیابوو لە کاتێکدا چالاکی و گوڕ و تین و قەد و قیافەی پیاوێکی ٣٥ ساڵەی هەبوو لە پاڵ ئەودا، پیاوێك لە هەمان بنەماڵە حزوری هەبوو کە پێنج نەوە لاوتر بوو لە پیاوی یەکەم، لەگەڵ ئەوەدا کە زیاتر لە حەوت سەد ساڵ دەبوو کە لەسەر زەوی ژیانی دەگوزەراند بەڵام وانەدەهاتە بەرچاو تەمەنی لە چل ساڵ زیاتر بێت، ئەو و باپیری دەیانتوانی وەك دوو پیاوی ئاسایی پێکەوە بکەونە وتووێژ و گوێ بەدەوروبەر نەدەن و رۆبچن لە قسەکردن لەگەڵ یەکتردا.

پاشان نۆرەی ئەمیل دێت، زیاتر لە پێنج سەد ساڵ بەسەر حزوری ئەو لەسەر زەویدا تێدەپەڕێت و بیچم و قیافەی پیاوێکی شەست ساڵەی هەبوو و سەرەنجام نۆرەی ژست دەهات کە چل ساڵ تەمەنی بوو بە هەمان شێوەش دەکەوتە بەرچاو، ئەو چوار کەسە وەك چوار برا پێکەوە قسەیان دەکرد و بچووکترین حاڵەتی لە پێشتربوون لە نێوانیاندا بەدی نەدەکرا، وێڕای هەڵسوکەوتی سادە و بێ رووپامایییان، هەر کام لە قسەکانیان گوزارشتی لە زەینێکی لۆژیکی و بەڵگە هێنانەوەیەکی کامڵ و ورد دەکرد و پێشان دەدات کە ئەوان سەبارەت بەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکەن زانیاری تەواویان هەیە ئەوان نە باسیان لە میتۆلۆجیا و ئەفسانە دەکرد، نە رەمز و رازێك لە قسە و باسەکانیاندا هەستی پێدەکرا، ئەوان خۆیان وەك کەسانێکی سادە و ئاسایی دەناساند، لەگەڵ ئەمەدا، من بە ئەستەم دەمتوانی باوەڕ بەخۆم بکەم لە خەو و خەیاڵدا نیم.

پاش خوادرنی بەرچایی، یەکێك لە هاوڕێکانم هەستا پارەی وەسڵی خواردەنەکە بدات، بەڵام ئەمیل گوتی: لێرە، ئێوە میوانی ئێمەن، ئەو پاشان دەستی بەرەو خاوەنی خواردنگەکە درێژکرد، ئێمە وا هەستمان دەکرد دەستی ئەمیل خاڵییە بەڵام دوای وردبوونەوە بینیمان کە لەناو دەستی ئەودا بڕی پارەی خواردنەکە هەبوو، مامۆستا پایە بەرزەکان هەرگیز پارە لەگەڵ خۆیان هەڵناگرن و هیچ پێویستیان بە کەسیش نییە تاوەکو خەرجی و گوزەرانی ئەوان فەراهەم بکات، لەکاتی پێویستیدا، پارەی پێویست، دەخرێتە بەردەستی ئەوان لە رەگەز و ماددەی ئیلاهی هەڵدەگیرێت.

لە کاتی هاتنە دەرەوە لە میوانخانەکە، مامۆستایەك کە رێبەری گرووپی پێنجەم بوو دەستی یەك بە یەکی ئێمەی گوشی و گوتی کە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەندامانی

گرووپەکەی و پاشان لەبەرچاو ونبوو، ئێمە دواتر توانیمان دوای لێکۆڵینەوەی ورد و پرسیارگەلێك لە دۆستانی گرووپی پێنجەم بۆمان دەرکەوت کە ئەو دوای کەمتر لە دە خولەك لە بەجێهێشتنی ئێمە، گەڕابوویەوە لای دۆستەکانمان.

ئێمە کاتەکانی سەرلەبەیانیمان لەگەڵ ئەمیل و ژست، هەروەها دۆستە مەزن و ڕێزدارەکەمان ((پارێزەری بەڵگەنامەکان)) بەسەربرد، ئێمە کەوتینە گەشت و گەڕان بە ناوچەکانی دەوروبەری گوندەکەدا، هاوڕێکەمان دەربارەی وردەکارییەکانی هەندێك لە رووداوەکانی سەردەمی مانەوەی یەحیا قسەی بۆ ئێمە کرد، وادیاربوو یەحیا نزیکەی دوانزە ساڵ لەو ئاواییەدا مابوویەوە، لەڕاستیدا، ئەم سەرگوزەشتە و رووداوانە بە جۆرێکی وا زیندوو سەرنجڕاکێش بۆمان گێڕدرایەوە کە ئێمە هەستمان دەکرد لە هەمان سەردەمی تەمومژاوی نادیاری رابردووی دوردا ژیان بەسەر دەبەین و لەگەڵ خودی یەحیادا خەریکی گفتوگۆین، ئێمە تا ئەو کاتە ئەم رۆحە پاك و گەورەیەمان وەك کەسێتییەکی ئەفسانەیی کە بەهۆی درۆزنێکی لێزانەوە خولقێنرابوو، وێناکردبوو، پیاوێك کە خاوەنی چەندەها خەسڵەتی جادوگەری و ئەفسوون بووە، بەڵام لەو رۆژە بەدواوە ئەو بۆمن گۆڕا بۆ پیاوێك کە وجودی دەرەکی هەبووە، من ئەوم بە جۆرێك لەبەرچاو بەرجەستە دەکرد وەك بڵێیت توانای دیتنیم هەبوو، ئەوم لە کاتی گەڕان بە ئاوایی و ناوچەکانی دەوروبەریدا دەبینی، لە بارێکدا کە خەریکی وەرگرتنی زانیاری بە نرخ بوو لە رۆحە پاك و بێگەردەکان، گەلێك حەقیقەتی بنچینەیی کە هەر چەند راست بوون، ئەو بە ئەستەم توانای دەرك کردنی تەواوی ئەوانی هەبوو.

بەدرێژایی ئەو رۆژە، ئێمە بۆ ئەملا و ئەولا چووین، گوێمان گرت لە راپۆرت و رووداوە مێژووییەکان کە زۆر سەرنج راکێش و بەتام و چێژ بوون ئێمە هەر لەو شوێنانەدا کە هەندێك لە رووداوە گرنگەکان روویان دابوو، چووین و لە نزیکەوە ئەوانەمان بینی لە کاتێکدا دیکۆمێنێت بەڵگەنامە کۆنەکانیان بە دەنگی بەرز بۆ دەخوێندینەوە و تەرجەمە دەکرد، گەلێك رووداو و بەسەرهات کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەسەریاندا تێپەڕ ببوو، پاشان لە بارێکدا کە لەبەر هیلاکی و ماندووبوون دەست و پێی خۆمان ون کردبوو بۆ ئاوایی گەڕاینەوە.

سێ هاوەڵە پایە بەرزەکەی ئێمە، رێك وەك ئێمە، پێ بەپێ بەرێدا هاتبوون بەڵام بە پێچەوانەی ئێمەوە، هیچ نیشانەیەکی شەکەتی و ماندووبوون لە رووخساریاندا نەدەبینرا، ئێمە هەموو گیانمان قوڕاوی بوو، دەم و چاومان ماندوو و تۆزاوی بوو، بەڵام ئەوان بە تەواوی چوست و چالاك و تەڕ و تەمیز و دوور لە هەر جۆرە پەڵە و لەکەیەك بوون، ئێمە پێشتر بە درێژایی گەشتەکانمان ئەم مەسەلەیە سەرنجی راکێشابووین و زانیمان کە جل و بەرگی مامۆستاکان

هەرگیز پیس نابێت و زۆرجار ئەم مەسەلەیەمان بە خودی ئەوان گوتبوو بەبێ ئەوەی وەڵامێکمان لەلایەن ئەوانەوە دەست کەوتبێت.

ئەو شەوە، پرسیارە هەمیشەییەکەی ئێمە دووبارە بوویەوە و دۆستە بەساڵاچووەکەمان کە تەمەنی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بوو لە وەڵامدا وتی: ئەم مەسەلەیە ئێوە سەرسام دەکات، بەڵام خودی ئێمە لە ئێوە زیاتر سەرسام دەبین گەر بێتو گەردێك لە مادده کە لەلایەن خواوەندەوە خوڵقێنرابێت بتوانێت بە یەکێکی تر لە دروست کراوەکانی خواوەندی جیهانەوە بچەسپێت بەتایبەت شتێك کە ئەسڵەن وابەستە نییە بە ئەوەوە و پەیوەندی پێوە نییە و ئامادەگیشی خوازراو نەبوو، لەگەڵ هەبوونی ئەندێشەیەکی دروستدا شتێکی لەو چەشنە هەرگیز روونادات، چونکە هیچ کام لە گەردیلەکانی ماددەی ئیلاهی، مۆڵەتیان نییە لە خاڵێکی نەگونجاودا بگیرسێنەوە، هەموو شتێك بەگوێرەی خواستی ئیلاهی دێتە ئەنجام.

دوای ساتێك، ئێمە تەماشامان کرد کە جل و بەرگ و لەش و لارمان رێك بە ئەندازەی جل و بەرگ و لەش و لاری مامۆستاکان پاك و خاوێن بووە، ئەم گۆڕان و وەرچەرخانە- چونکە بەڕاستی هیچ ناوێکی تر هەڵناگرێت- بۆ من دۆستەکانم لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا روویدابوو، هەر جۆرە هەستکردنێك بە هیلاکی و ماندووبوون لە لەشماندا باری کرد و جۆرێك هەستمان بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکرد وەك بڵێیت تازە لە خەو هەستاوین و خۆمان شۆردووە، ئەمە وەڵامی ئەوان بوو بۆ پرسیارەکانی ئێمە.

بە بۆچوونی من، ئێمە ئەو شەوە بەجۆرێك لە هەستکردن بە ئاشتی و ئارامی چووینە ناو جێگای خەو کە تا ئەو ساتە تەجروبەم نەکردبوو، ئەو هەستە، لە دەمی گەشتەکانمان لەگەڵ مامۆستاکاندا تا ئەم رادەیە کامڵ و توووند نەبوو، ترس و بیمێکی رێز ئاسای ئێمە لە ئەوان، وردە وردە شوێنی خۆی دەدا بە عەشقێکی قوڵ و بێ پایان و رۆحمان بە دیتنی ئەم مرۆڤە دڵپاك و سادە و بێ ریانە، کە تا ئەم ئەندازەیە بەرامبەر مرۆڤایەتی باش و میهرەبان بوون، دەهاتە لەرزە، ئەوان تێکڕای خەڵکی سەر زەوی وەك برای خۆیان دەزانن و ئێمەش کەم کەم ئەوانمان بە هەمان شێوە دەبینی، ئەوان هەرگیز هیچ جۆرە کارزانی و لێوەشاوەییەکیان نەدەدایە پاڵ خۆیان، بەڕادەیەك خاکی و خاکەڕا بوون کە لام زۆر دڵگیربوو، ئەوان هەمیشە دووبارەیان دەکردەوە کە ئەمە خواوەندە کە لەڕێی ئەوانەوە و بەهۆی ئەوانەوە، خۆی ئاشکرا کردووە و مانڤیست دەکات: ((من بە تەنها ناتوانم هیچ کارێك ئەنجام بدەم، خودایەك کە لە وجودی من دایە تێکڕای ئەم کارانە ئەنجام دەدات)).

## بەشی حەڤدەهەم

بۆ بەیانییەکەی، بیر و ئەندێشە و توانا زەینییەکانی ئێمە، بەهۆی چاوەڕوانییەکی پڕ لە تاسەوە بۆ زانینی ئەوەی کە لەو رۆژەدا چ رووداو و پێشهاتێك چاوەڕێمان دەکات، ئەکتیڤ تر لە جاران بوو، ئێمە کەم کەم فێربووین کە هاتنی هەر رۆژێکی نوێ وەك جۆرێك لە موکاشەفە تێبگەین و پێشڤەچوونی رەوشەکە بەگوێرەی ئەو شتانەی کە بینیبوومان و بیستبوومان دیسپلین بکەین، لەگەڵ ئەمەشدا، بە باشی هەستمان دەکرد کە هێشتا هیچ کارێك مەگەر هەستپێکردنێکی سەرپێیی رووداوەکان نەبێت و مانا قوڵەکانی ئەزموونەکانمان بە تەواوی دەرك نەدەکرد، لەکاتی بەرچاییدا، ئێمەیان ئاگادارکرد کە ئەو رۆژە دەچین بۆ گوندێك کە لە ناوچەیەکی شاخاوی ئەو دەوروبەرەدا هەڵکەوتبوو، پاشان لەوێوە سەردانی پەرستگایەك دەکەین کە کەوتبووە دوندی یەکێك لە شاخە بەرزەکان کە من پێشتر لە سەربانی ئەو پەرستگایەوە کە بە تەنها سەردانم کردبوو، بینیبووم، شیمانەی ئەوەی کە بتوانین زیاتر لە بیست و پێنج کیلۆمەتر بە سواری ئەسپ رێ بکەین لە ئارادا نەبوو ئێمە گەیشتینە ئەم ئاکامەی کە دوو کەس لە دانیشتووانی ئاوایی لەگەڵ ئێمەدا بێت تا لە شوێنێکدا کە بردنی ئەسپەکان دژوار بێت، ئەوان لەگەڵ خۆیاندا بگێڕنەوە بۆ گوندێکی خنجیلانە کە هەر لەو نززیکانەدا بووە و لەوێ چاوەڕێمان بکەن.

بارودۆخ بە گوێرەی بەرنامەیەك کە بۆی داڕێژرابوو پێشڤەدەچوو، ئێمە ئەسپەکانمان بەو دوو پیاوە سپارد و دەستمان کرد بە سەرکەوتن بە رێڕەوێکی تەنگ و باریکدا کە لە دڵی شاخەکەدا هەڵکۆڵرابوو و راستەوخۆ ئێمەی دەگەیاندە ئەو گوندەی کە مەبەستمان بوو، هەندێك لە بەشەکانی تولەڕێکە، وەك پلەکانەیەکی هەڵکەندراو لە دڵی تاشە بەردەکانی شاخدا وابوون، ئێمە ئەو شەوە، لە پاڵ میوانخانەیەکدا کە رێك لەسەر ملەیەکی سەختدا هەڵکەوتبوو، شیوی

ئێوارەمان خوارد، ئەم میوانخانەیە رێك کەتبووە نێوان رێگای ئەو گوندەی بۆی دەچووین و ئەو شوێنەی کە ئەسپەکان و دوو پیاوە دێهاتیەکەمان تێدا بەجێهێشتبوو، خاوەنی میوانخانەکە، پیرە پیاوێکی قەڵەو و رووخۆش بوو، بەڕاستی ئەو بەڕادەیەك گۆشتن و چاخ بوو کە لە جیاتی رێ رۆیشتن، زیاتر وادەهاتە بەرچاو کە سەرقالی تەپاوتلە و بە ئەستەم دەکرا بڵێیت ئەو دووچاوی لە رووخساردا هەبوو، هەر کە ئەمیلی ناسی، ئەو تکای کرد چارەسەر بکرێت و شیفای بۆ بێت، ئەو گوتی گەر بێتو بەم زووانە کەسێك بەهانایەوە نەچێت، دنیا بەجێدێڵێت، ئێمە تێگەیشتین بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنی ئەو میوانخانەیە، سەدان ساڵ دەبوو کە نەوە دوای نەوە، لە باوکەوە بۆ کوڕ گوازراوەتەوە، لەڕاستی دا خودی خاوەنی میوانخانەکە نزیکەی حەفتا ساڵ دەبوو کە خاوەنی ئەوێ بوو.

سەرەتا ئەویان لە نەخۆشیەکی بۆ ماوەیی رزگارکردبوو وە شفایان دابوو، نەخۆشییەك کە لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە بەوە ناسراوبوو کە چارەسەری نییە، ئەو پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ، بە توندی رووی کردبووە کارە رۆحانی و مەعنەوییەکان، پاشان وردە وردە سەبارەت بەم کارانە، ساردی رووی تێکردبوو و کەم کەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پشتی بە خەڵکانی تر بەست بوو، ئەم دۆخە نزیکەی بیست ساڵ درێژەی کێشابوو. بە درێژایی ئەم ماوەیە ئەو لە ساغ و سەلامەتی و تەندروستییەکی زۆر باش بەهرەمەند بوو، بەڵام لە پڕێکا بۆ حاڵەتی جارانی گەڕاوەتەوە و هیچ ئارەزووی نەکردبوو کە خۆی لەو حالەتی سستی و تەوەزەلی و بێ برستیە دەرباز بکات، ئەم حاڵەتەی ئەو، وەك هەزاران حاڵەتی تر بوو، هاونیشتمانییەکانی ئەو دیسان لە هەمان باری سستی و ئاسوودەییدا ژیان بەسەر دەبەن، هەر هەوڵ و کۆششێك، بە زوویی بۆ کارێکی پڕ ئەرك و دژوار دەگۆڕدرێت و بەخێرایی لێی بێزار بووە و هاواری کۆمەك و بەدەمەوە چوونی ئەوان تەنها وەك خویەکی هەمیشەیی دووبارە دەبێتەوە و ئیدی لەگەڵ ئەو جۆرە هەست کردن بەرێز یاخود خواستێکی قوڵ کە لە ناخی دڵەوە بێت، یەکانگیر نابێت.

بەیانی رۆژی دوایی، ئێمە لەگەڵ گزنگدا بەرێ کەوتین و کاتژمێر چوار و نیوی دوای نیوەڕۆ گەیشتینەجێ، پەرستگاکە کەوتبووە سەر دوندی شاخێك کە لە سەروو ئاواییەکەوە هەڵکەوتبوو، دیوارە بەردەکانی بەجۆرێکی وا لێژ و چەماوە بوون کە تەنها رێگەی گەیشتن بە ئەوێ، بە کۆمەکی زەمبیلەیەکی گەورە بوو کە بە گوریسێکی قایمەوە بەستراوە و کەسی زیارەت کار دەبێت لەناوی ئەودا دابنیشێت، زەمبیلەکە بە یارمەتی خلۆرتەیەکی قایم، دێتە

خوارەوە کە خلۆرتەکەش لەلایەن خۆیەوە بە کۆڵەکەیەکی دارینەوە کە پاڵی بە بەردەکانەوەدابوو، بەسترابوو، سەرێکی گوریسەکە بەسترابوو بە خلۆرتەکەوە و سەرەکەی تریشی بەجۆرە پولیەکەوە بەسترابوو بۆ بەرزکردنەوەی زەمبیلەکە، زەمبیلەی ناوبراو بۆ بەرزکردنەوە و دابەزاندی زیارەتکارەکان لەلایەن هەمووانەوە سوودی لێ وەردەگیرا، ڕەوڕەوەی بەرزکردنەوە کە لەناو ژوورێکی بچووکدا کە لە هەناوی بەردێکدا شوێنی کرابوویەوە، دانرابوو کاریتەیەك کە ڕەوڕەوەکەی هەڵدەگرت جۆرێك دەچامەیەوە کە زەمبیلەکە دەیتوانی بەبێ خۆکێشان بە تاشە بەردەکاندا، سەرو خوار بکات لە کاتی سەرکەوتندا، لەکاتێکدا زەمبیلەکە بە تەنیشت سنگی دەرپەڕیوی شاخەکەدا تێدەپەڕی، جۆرێك هاوسەنگی پێدەبەخشی کە ریگەی دەدا بە سەلامەتی و بەبێ سەرهەڵدانی هیچ مەترسییەك، لەسەر سنگی شاخەکە بگیرسێتەوە، بچێتە ناو هەمان ئەو ژوورە بچووکەی لە دڵی تاشە بەردەکەدا هەڵکوڵرابووە، بەرجەستەیی شاخەکە بە جۆرێك بوو کە زەمبیلە لەکاتی بزاوتندا، لە دووری بیست مەتر لە دیواری شاخەکەوە دەوەستا و لە هەمان حاڵەتدا لە سەرو بەرزاییەکی زۆرەوە بە هەڵوسراوی دەمایەوە.

بە هێمایەك، زەمبیلەکەیان نارده خوارەوە و ئێمەیان یەك بە یەك خستە ناو زەمبیلەکەوە و هەڵیان کێشاین بۆ سەرەوە، بەرزییەکەی ئەوی سەد و سی مەتر بوو، بە گەیشتنی بە ژوورە چکۆلانەکە، ئێمە گەڕاین بە دوای تۆلە رێیەکدا بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە پەرستگاکە، پەرستگا لە بەرزاییەکی زیاتر کە نزیکەی سەد و حەفتا و پێنج مەتر بوو هەڵکەوتووە و دیوارەکانی بە درێژایی دیواری بن رەمەنەکانی شاخەکە بوون، بە ئێمەیان وت سەرکەوتنی دووەم هەروەك سەرکەوتنی سەرەتا ئەنجام دەدرێت، ئێمە بەزوویی شۆڕبوونەوەی گوریسێکی درێژمان بینی کە بەسترابوو بە هەمان زەمبیلەی یەکەمەوە، لە دیوارێك لە پاڵ پەرستگاکەدا، کاریتەیەکی وەك کاریتەی وێستگەی یەکەم دەبینرا، سەرلەنوێ یەك بە یەك هەموومانیان هەڵکێشا تا گەیشتینە باڵکۆنی چوونە ناو پەرستگاکە.

من بۆ جارێکی تر هەستم کرد لە سەربانی دنیا راوەستاوم، نووکی ئەو تاشە بەردەی سەر لوتکەی شاخەکە کە قورسایی تەلاری پەرستگاکەی لەسەرخۆی هەڵگرتبوو، نزیکەی سێ سەد مەتر لە تێکڕای شاخەکانی دەوروبەر بەرزتربوو، گوندێك کە لەوێوە بەڕێکەوتبووین، سێ سەد مەتر لە خوار ئەو شوێنەوە بوو کە لێی وەستابووین و لە لوتکەی ملەیەکی شاخاویدا هەڵکەوتبوو کە بۆ پەڕینەوە لە زنجیرە شاخەکانی هیمالایا دەبووایە بە ناچاری بەوێدا گوزەریان

بکردایە ئاستی بەرزی پەرستگاکە، نزیکەی سێ سەد و پەنجا مەتر لە خوار ئەو پەرستگایەوە بوو کە من و ئەمیل و ژست سەردانمان کردبوو، بەڵام دیمەنی ئەوێ بە چەند قات فراوان و کراوەتر بوو، هەر یەك لە ئێمە وا دەهاتە بەرچاوی کە دەتوانین چاو ئەندازێکی ڕەهامان بۆ دنیایەکی بێ پایان هەبێت.

شوێنێکی زۆر ئاسوودەیان بۆ نووستنی ئێمە فراهەم کرد، سێ دۆستە پایەبەرزەکەمان ئاگاداریان کردین کە بە نیازن سەردانی چەند گرووپێك لە هاوەڵانی گەشتەکەمان بکەن و ئامادەشن هەر پەیامێك گەر هەمان بێت، لەگەڵ خۆیان بیبەن، هەربۆیە چەندین نامەمان بۆ دۆستەکانمان لە گرووپەکانی تر نووسی و بە وردی بەروار و کاتژمێر و شوێنی نووسینی نامەکانمان یادداشت کرد ئێمە وێنەیەك لە نامەکانمان لای خۆمان گڵ دایەوە و پاشتر دەرفەتی ئەوەمان بۆ ڕەخسا کە ببینین تێکڕای نامەکان بەدەستی هاوڕێکانمان گەیشتووە و تەنها بیست دەقەی خایاند بوو تاوەکو لە دەستی ئێمەوە بەدەستی ئەوان بگات.

دوای پێدانی نامەکان، بە مامۆستا بەڕێزەکان، ئەوان تەوقەیان لەگەڵ کردین و تا سبەینێ خواحافیزیان لە ئێمە کرد، پاشان یەك بە یەك لەبەرچاو ونبوون. دوای ئێوارە خوانێکی بەتام کە لەلایەن پاسەوانەکانی پەرستگاکەوە بە ئێمە درا، بەمەبەستی نووستن چووینە ژوورەکانی خۆمان، بەڵام خەو نەچووە چاومان چونکە ئەزموونگەلێك کە لە نزیکەوە بە دەستمان دەهێنا، بە توندی ئێمەیان خستبووە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، ئێمە لە بەرزایی زیاتر لە سێ هەزار مەتر لەسەر ئاستی دەریا قەرارمان گرتبوو، بەبێ ئەوەی بوونەوەرێك لە نزیك ئێمەدا بێ، هیچ کەسێك جگە لە قەشەکانی پەرستگا لەوێ نەبوو، هیچ دەنگێك جگە لە دەنگی خۆمان، بەر گوێ نەدەکەوت، بای ئەوێ بە تەواوی ئارام و بێ جوڵە بوو.

یەکێك لە هاوڕێکانم وتی: هیچ گومانی تێدانییە کە بۆ پەرستش و بیرکردنەوە و تێڕامان، هیچ شوێنێکی گونجاوتر لەم پەرستگایان نەدۆزیوەتەوە، بێدەنگی ئەم شوێنانە بەڕادەیەك مەنگ و ڕەهایە کە مرۆڤ وەك گرنگییەکی هەستپێکراو وێنای دەکات، ئەم پەرستگایە، بێ گومان شوێنێکی زۆر باش و گونجاوە بۆ گۆشەگیری، دەچمە دەرەوە، سەیرێکی ئەملا و ئەولا بکەم. ئەو چووە دەرەوە، بەڵام پاش کەمێك گەڕایەوە تا بڵێت تەمێکی چڕ دنیای گرتووە کە دیتنی دیمەنەکانی دەوروبەر مەحاڵ دەکات، هاوڕێکانم پاش کەمێك خەویان لێکەوت، بەڵام من هێشتا بەهۆی بێ خەوییەوە لە ئازار و مەینەتا بووم،

دواجار هەستام، دیسان جلەکانم پۆشی و چووم بۆ سەربانی پەرستگاکە و بەجۆرێك لێی دانیشتم کە قاچەکانم لە گوێسەبانەکەوە لە هەوای ئازاددا ڕەهابن و شۆڕمکردنەوە مانگە شەوێکی زۆر کز لە نێوان تەمە چڕەکەی دەمەو ئێوارەدا نورباڕانی دەوروبەری دەکرد و نەیدەهێڵا تاریك و نوتەکی ناوچەکە ڕەها بێت، تیشکی لاوازی مانگ توێژە چڕ و کەڵەکە بووەکەی تەمەکەی بەرجەستە دەکرد، تەم لە بەرامبەر چاوەکانما بۆ هەر لایەك تەپا و تلی بوو، تەمە ئەوەی بە بیری مرۆڤ دەهێنایەوە کە لە کەشێکی بێ کۆتاییدا ئاوێزان نییە، شتانێکی تر لە چین و ئاستەکانی خوارەوەدا بوونی هەیە و هێشتا زەوییەکی ڕەق و سەخت هەیە و لەو شوێنەی من لێی دانیشتبووم، دەمتوانی خۆم بە زەوی بگەیەنم.

❊ ❊ ❊

لەناکاو ئیلهامێکی دیتن ئاسا دایگرتم، تۆپەڵە ڕووناکییەکی درەوشاوەم بینی کە ڕووناکییەکەی بەشێوەی باوەشێن بۆ هەر لایەك بڵاوبۆتەوە و بە نزیك بوونەوەی لەمن، گەورە و گەورەتر دەبوو من تاڕادەیەك لە سەنتەری ئەم باوەشێنەدا گیرسابوومەوە، ڕووناکییە سێنتراڵەکە لە پاشماوەی ڕووناکییەکانی تر درەوشاوەتر بوو، هەر تیشکێکی ڕووناکی، هێندە درێژەی بە ڕەوتەکەی دەدا کە بەشێکی دیاری کراو لە زەوی ڕۆشن و ڕووناك بکاتەوە، پاشان تیشکە ڕووناکییەکان هەموویان تێك ئالان و گۆڕا بۆ ڕووناکییەکی گەورە و سپی ڕەنگ، ئەم ڕووناکییانە بۆ خاڵێك لە سەنتەری ڕووناکییە سپییەکەدا دەگەڕانەوە، ئەو ڕووناکییە سپییە هێندە بەهێز بوو هەروەك کریستاڵ، ڕوون دەهاتە بەرچاو، بۆ چرکەساتێك هەستم کرد لە خاڵێکی سەرو ئەو نمایشە قەشەنگە، ئاوێزان بووم و بە سەیرکردنی سەرچاوەی دوورە دەستی ڕووناکییە سپییەکە، چەندین خێوی پەیوەست بە سەردەمێکی زۆر زۆر دووری ڕابردووم بینی.

ئەوان بە ژمارەیەك کە لە هەموو ساتێکدا ژمارەیان زۆرتر دەبوو، لە چەند ریزێکی پێکەوە لکاو و تەنگدا دەهاتنە پێشەوە تاوەکو دواجار لە خاڵێکدا لێك جیابوونەوە ئەوان زیاتر و زیاتر لێك دوور دەکەوتنەوە تاوەکو سەرەنجام تیشکی ئەو ڕووناکییە سپییەیان لە حزوری خۆیان پڕ کرد و تەواوی زەوییان تەنی، وادەهاتە بەرچاو کە ئەوان لە هەمان خاڵی سێنتراڵی سپی ڕەنگەکە دەدرەوشانەوە، سەرەتا یەك یەك، پاشان دوو دوو دواتر چوار چوار و بەهەمان شێوە، بڵاوبوونەوە تا سەرەنجام بە خاڵێك گەیشتن کە بەدرێژایی پۆلێن کردن بە هەر لایەکدا، زیاتر لە سەد کەس هەبوو، هەموویان شێوەی ، لە خاڵی لێك جیابوونەوەدا، ئەوان بەهەر لایەکدا

پەرش و بڵاودەبوونەوە و تەواوی ناوچە ڕووناکەکەیان داگیرکردبوو و بەبێ تەرتیب بە هەرلایەکدا هەنگاویان هەڵدەگرت و هەر کەسێك بە بیر و ئەندێشەی تایبەتی خۆیەوە، دەجوڵا، لە چرکەساتێکدا تەواوی سەر ڕووی زەوییان لە حزوری خۆیان پڕکرد پاشان ئەو شێوە خێو ئاسانە وردە وردە لە یەکتر نزیك و نزیکتر بوونەوە، بەرەو خاڵی دەسپێکی بزاوتی پێشویان گەڕانەوە و لەو شوێنەدا، شێوەکان یەك بە یەك چوونە ناو ڕووناکییەکە و ئەم سووڕە کۆتایی هات.

خێوەکان بەر لە چوونە ناو ڕووناکییەکە، لە پاڵ یەکدا کۆدەبوونەوە و لە ڕیزێکی پێکەوە چەسپاودا کە لە سەدان ڕۆح پێکدەهات، دەوەستان، لەکاتی هاتنە پێشەوەیان، لە ژمارەیان کەم دەبوویەوە تا ئەمەی دواجار مەگەر تەنها یەك خێو، نەمایەوە و ئەویش بە تەنها پێی نایە ناو ڕووناکییەکە لەپڕ لە شوێنی خۆم هەستام، بەم ئەندێشەوە کە ئەو شوێنە بۆ ئەم جۆرە خەیاڵ کردنە، ئاسایشی تەواوی نەبوو و جارێکی تر گەڕامەوە ناو پێخەفەکەم و دەسبەجێ لێی خەوتم.

## بەشی هەژدەهەم

ئێمە تکامان لە پاسەوانێکی پەرستگاکە کردبوو بەیانی زوو خەبەرمان کاتەوە، لە کاتی گزنگدا، تەقەی لە دەرگای ژوورەکەماندا، وامدەزانی چەند خولەکێك لەوەو پێش چاوم لێك ناوە، هەموومان لە پێخەفەکانمان دەرپەڕین چونکە زۆر تامەزرۆ بووین هەڵاتنی خۆر لەسەرو ئەو لوتکە بەرزەوە تەماشا بکەین لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، جلمان لەبەرکرد و هەروەك سێ منداڵی قوتابخانەی سەرەتایی بێ حەوصەڵە و عەجول، بەرەو بانێژە فراوانەکەی پەرستگاکە رامان کرد، ئێمە هات و هاوارێکی وامان بەرێ خست کە پاسەوانەکانی ئەوێی خستە مەترسی، ئەوان بە پەلە گەیشتنەجێ بۆ ئەوەی بزانن ئەقڵمان لەدەست نەداوە، بە بۆچوونی من، هەرگیز ئەو هەموو قاو و قیژە لەو پەرستگا ئارام و بێ دەنگەدا نەبیسترابوو و تەنانەت لە سەردەمی دامەزراندنیەوە کە زیاتر لە دە هەزارساڵ تێدەپەڕی کەسێك بەم جۆرە بێدەنگی ئەوێی نەشکاندبوو پەرستگا بە رادەیەك کۆن بوو کە چیتر لەگەڵ ئەو تاشەبەردانەی لەسەری بنیات نرابوو یەکیگرتبوو بوو بە یەك.

بە گەیشتنە بانێژەکە، داواکارییەکانی ئەوان بۆ ئەوەی بە تەواوی بێدەنگ بین، بە تەواوی بێهودە بوون، لە یەکەم نیگادا، دوو دۆستەکەی من مات و حەیران بوون و چاوەکانیان ئەبڵەق بوو، وابزانم خۆشم هیچم لەوان کەمتر نەبوو، من چاوەڕوان بووم تا ئەوان سەری قسە دابمەزرێنن کە لە پڕێکدا هەردووکیان هاواریان لێ هەستا ((سەیرە! ئێمە لە هەوادا ئاوێزان بووین!)) هەست کردنی ئەوان راست وەك هەستکردنی خودی من بوو لە پەرستگاکەی پێشوودا، ئەوان بۆ ساتێك لە بیریان چوو کە قاچەکانیان لەسەر زەوییەکی رەق جێگیرە و وایان هەست دەکرد کە لە هەوای لووتکە بەرزە شاخاوییەکاندا ئاوێزانن یەکێکیان وتی ((سەرم سووڕ نامێنێت کە مامۆستاکان لە شوێنێکی ئاوادا و دوای هەبوونی هەستێکی لەم چەشنە، توانای فڕینیان هەیە)) خەندەیەکی کورت و لەناکاو زنجیرەی هزری ئێمەی شکاند. ئاوڕماندایەوە و ئەمیل و

ژست و دۆستە تەمەن دوو هەزار ساڵەکەمان لە پشت سەرمانەوە بینی، یەکێك لە دۆستەکانم بە تاسەوە بوو دەستی هەموویان بگوشێت، پاشان هاواری کرد: ئێرە زۆر بەرز و باڵایە، مایەی سەرسامی نییە کە دوای مانەوە لە پەرستگایەکی لەم چەشنەدا، توانای فڕینتان هەیە بە ئاسمانەکاندا!)) ئەوان زەردەخەنەیەکی دۆستانەیان کرد و یەکێکیان گوتی: ئێوەش دەتوانن وەك ئێمە بفڕن. هێندە بەسە کە بزانن کە ئێوەش لە توانای دەروونی فڕین بەهرەمەندن، پاشان بەسە کە لەم توانایە سوود وەربگرن.))

خەریکی سەیرکردنی دیمەنەکانی ناوچەکە بووین، تەمەکەی شەوی رابردوو تا رادەیەك رەوی بووەوە و بە وێنەی ستوونێکی بازنەیی تەوژم دار و گەورە لە ئاسماندا دەبینرا، لەگەڵ ئەمەشدا، دەوروبەرمان هێشتا بووم و لێڵ بوو بەجۆرێك کە توانای بینینی یەك مەتری چوارگۆشەی زەوییەکانی پێدەشتەکە نەبوو، جوڵەی ئەم ستوونە تەماوییانە، ئەم هەستەی لای ئێمە بووژاندەوە کە لەسەر باڵە خامۆشەکان لە فڕین داین، بە روانین بۆ دوور، هەر جۆرە هەستکردن بە راکێشان لە زەینماندا دەسڕایەوە و بە ئەستەم دەکرا ئەم تێڕاونینە لە زەینی خۆت دوور بخەیتەوە کە لە ئاسمان و دنیای دەوروبەردا سەرقاڵی گەشت و گەڕان نین، من وەك خۆم، هەستی قورسی و راکێشانی زەویم وەها لەبیر بردبۆوە کە وامدەزانی بەسەر سەربانی پەرستگاکەوە، ئاوێزان بووم، بە بیستنی دەنگێك لەپڕدا بەجۆرێك راچەنیم وەك بڵێیت لە لوتکەیەکی بەرزەوە کەوتمە خوار و وەها دووچاری شۆك بووم کە تا چەند رۆژێك کاریگەری بەسەرمەوە هەبوو ئەو رۆژە، بڕیارماندا سێ رۆژی تر لە پەرستگاکە، بمێنینەوە، پاش ئەوە دەبوو بکەوینەڕێ تاوەکو بچینە پاڵ گرووپەکانی دیکە و دۆستەکانمان، ئەمیل چەند پەیامێکی بۆ هێنابووین، لە یەکێك لەو پەیامانەدا نووسرابوو کە گرووپێك کە سەرۆکەکەی ئێمە حزوری هەبوو تێیدا، سێ رۆژ بەر لە هاتنی ئێمە سەردانی ئەو پەرستگایەی کردبوو، دوای قاوەڵتی جارێکی تر چووینە دەرەوە وردە وردە رەوینەوەی تەمەکەمان بینی، ئێمە هێندە درێژەمان بە دیتنی ئەم کارەدا تاوەکو، تەمەکە بە تەواوی رەوییەوە خۆر دەرکەوت ئێمە دواجار توانیمان ئەو ئاوابییە چکۆلانەی مەبەستمان بوو ببینین کە لە دەشتێکدا لە خوارەوە و لە شوێنێکی دووردا هەڵکەوتبوو.

دۆستەکانمان بەنیاز بوون سەردانی ئەو گوندە بکەن و ئێمە مۆڵەتمان لێ وەرگتن لەگەڵیان بڕۆین، مامۆستا پایە بەرزەکان بە پێکەنینەوە وەڵامێکی پۆزەتیڤان داینەوە و پێشنیازیان کرد زەمبیلەی هاتووچۆکردنەکە بەکاربێنین و راین سپاردین خۆمان بەدوور بگرین لە لاساییکردنەوەی شێوازی هاتووچۆی ئەوان تاوەکو سیمایەکی قبووڵکراومان هەبێت لە کاتی

گەیشتنە گوندەکەدا، ئێمەش پێکەنین و پاشان یەك بە یەك چووینە ناو زەمبیلەکە دانیشتین و تا وێستگەی یەکەم هاتینە خوارەوە، پاشان لەو شوێنەوە، ئێمەیان تاوەکو تەختاییەکی بچووك کە لە بەرزاییەکی سەرو گوندەکەدا هەڵکەوتبوو، بردە خوارەوە، راست ئەو دەمەی دواین کەسی ئێمە لە زەمبیلەکە هاتە دەرەوە، دۆستە پایە بەرزەکانیشمان پەیدابوون، هەموومان پێکەوە بەرەو گوندەکە چووین و زۆربەی کاتەکانی ئەو رۆژەمان لەوێ بەسەر برد.

ئەوێ گوندێکی کۆن و سەیربوو لە گوندە تایبەتەکانی ناوچە شاخاوییەکان بوو لەوێدا نزیکەی بیست خێزان دەژیان کە خانووەکانیان لە رەمەنە بەردی شاخەکاندا دروست کردبوو، دەرگای خانووەکانیان بە تاشەبەردی گەورە دادەخست، ئەوان بۆیە ئەم شێوازەی بیناسازییەیان بەکارهێنابوو لەکاتی زستان و هەوای سارددا، لە هەرەسی بەفری قورس پارێزراو بن و ماڵەکانیان لەژێر بارینی بەفرە یەك لە دوای یەکەکانی زستاندا، لەناو نەچێت، دانیشتووانی ئاوایی بە دیتنی ئێمە، بەزوویی لە سەنتەری ئاوایی گردبوونەوە، ئەمیل بۆ چەند ساتێك لەگەڵیاندا کەوتە قسەکردن و بڕیاردرا کە سبەینێ عەسر، کۆبوونەوەیەك لەوێدا ساز بکەن، چەند پەیامێکیش بۆ گوندەکانی ناوچەکە نێردران بۆ بانگهێشت کردنی دۆستان پێیان وتین، یەحیای وسڵ دەرکەر، لە هەمان ئاواییدا ژیاوە و بەشێك لەوانەکانی لە هەمان پەرستگادا، خوێندووە، ئەو گوندە بە هەمان فۆرم و شێوەبوو کە یەحیای وسڵ دەرکەر، دوو هەزار ساڵ پێش ئێمە، بۆ ئەوێ هاتبوو، شوێنی ئەو خانووەیان پیشانی ئێمەدا کە یەحیای تێیدا نیشتەجێ بوو، مەخابن ماڵێك کە ئەوی تێدا ژیابوو لەناوچوو بوو، کاتێك گەڕاینەوە پەرستگا، دەمەو ئێوارە بوو ئاسمان ساماڵ بوو دەکرا بەشێکی گەورە لە ناوچەکانی ئەو دەوروبەرە ببینیت، چەند تولە رێیەکیان نیشان داین کە یەحیا کاتی رۆیشتن بۆ گوندەکانی ئەو دەوروبەرە بەکاری هێناون پەرستگای گوندی ناوبراو، لانی کەم شەش هەزار ساڵ بەر لە هاتنی یەحیا بۆ ئەوێ دروست کرابوو، رێگەی سەفەرەکەی خۆشمانیان نیشان داین رێگایەك کە پێشینەیەکی زۆری هەبوو بۆ هەمان سەردەمی مانەوەی یەحیا دەگەڕایەوە، نزیکەی کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆ هاوڕێ دوو هەزار ساڵەکەمان، تەوقەی لەگەڵ یەك بە یەکمان کرد و گوتی بەنیازە بەجێمان بهێڵێت، بەڵام بە زوویی دەگەڕێتەوە، دوای ئەم قسانە لەبەرچاومان ونبوو.

❊ ❊ ❊

ئەو شەوە، ئێمە لە سەربانی پەرستگاکە، لەگەڵ نائاسایی ترین زەردەپەڕدا لانی کەم من تا ئەم ساتەی تەمەنم بینیبووم، رووبەڕووبووینەوە، من بە تێکڕا چانسی زۆرم لە ژیاندا هەبووە زەردەپەڕی زۆرم لەسەرتاسەری ناوچەکانی جیهاندا دیتبوو.

بەڵام هیچ زەردەپەڕێك نەدەگەیشت بەپێ ی زەردەپەڕی ئەو ئێوارەدا، کە شەو داهات، تەمێکی ناسك لە بەرامبەر زنجیرە شاخێکدا گیرسایەوە و بەشێکی گەورەی ئەو دیمەنانەی کە دەمانتوانی چاویان تێببڕین لێ شاردینەوە کاتێك خۆر گەیشتە سنووری ئەو بەشە، وادەهاتە بەرچاو لە لوتکەیەکی زۆر بەرزدا قەراری گرتووە و ئێمەش توانیمان دەریایەکی زێڕین و پڕ لە جۆش و خرۆش ببینین، پاشان خۆرئاوابوون گەیشتە بەرەوە تەواوی دوندی هەڵەموتەکانی دەوروبەر رەنگێکی سووری گڕاویان پۆشی، شاخە بەفراوییە دوورە دەستەکان کەوتنە درەوشانەوە و بەشە بەفرینەکان گۆڕان بۆ بزیسکی گەورەی ئاگر لە سێبەردا، تیشکە رەنگاوڕەنگ و جیاوازەکانی ئاسمان، بە یەك دەگەیشتن و ئاوێتە دەبوون، ئەو رووبارانەی کە لە گۆشە و کەنارەکانی پێدەشتەکەدا دەبینران لەپڕێکدا گۆڕان بۆ کۆمەڵە گڕکانێك کە ئاگری سووریان بەهەرلایەکدا پەخش دەکرد و لەگەڵ رەنگەکانی ئاسماندا تێکەڵ دەبوون، بۆ ساتێکی کورت، وامان زانی لەپاڵ دەمۆچکەی دۆزەخێکی، کپ و خامۆشدا وەستاوین، پاشان ئەو کۆمەڵە گەیشتنە هاوئاهەنگییەکی یەك رەنگ و گۆڕدرا بۆ شەوێکی ئارام و دڵگیر، بە بێدەنگی و ئارامییەك کە لە وەسفکردن نایەت. ئێمە تا کاتی نیوە شەو، لەسەر بانێژەکە دانیشتین و وتووێژ و پرسیارکردنی جۆراوجۆر لە ئەمیل و ژست خەرۆبووین، ئەم پرسیارانە زۆرتر دەربارەی مێژووی گشتی ئەو ناوچەیە و روونکردنەوەکانی تایبەت بە هۆز و تایفەکانی ئەو شوێنە بوو، ئەمیل لەمەڕ چەندین بەڵگەنامە کە تەنها مامۆستا گەورەکان لە بوونی ئەوان ئاگاداربوون، قسەی زۆری بۆ ئێمە کرد و نموونەی بۆ هێناین، لەم بەڵگەنامانەدا سەلمێنراوە کە ئەو ناوچەیە هەزاران هەزار ساڵ بەر لە مێژووی مرۆڤایەتی ئێمە، لە بنەڕەتدا بەر لە سەردەمی مێژووی نەتەوەکانی تر هەبووە. ئەمیل دواجار وتی: من نە پێم خۆشە رەخنە لەمێژووی ئێوە بگرم، نە پێم خۆشە زەحمەتی مێژوو نووسە خۆرئاواییەکان بە خراپ باس بکەم و بێ بایەخیان بکەم، بەڵام دەبێت بڵێم مێژوونووسە خۆرئاواییەکان هەرگیز وەك پێویست بۆ سەردەمی رابردووی دوور نەگەڕاونەتەوە و شتێکیان لە سەردەمەکانی بەر لە شارستانی نەوتووە ئەوان تەنها دانیان پێداناوە کە میسر بە مانای ((تاریکی دەرەوە)) یا بیابان بووە، هەروەك لەم ناوەدا تۆمارکراوە، لەڕاستیدا، ئەم ناوە بە مانای ((بیابانی ئەندێشەیە)) لە سەردەمی میسردا، راست هەروەك ئێستا، بەشێکی گەورەی جیهان لە بیابانی ئەندێشەدا ژیاوە و مێژوونووسەکانی ئێوە هیچ کاتێك هەوڵیان نەداوە بە دوای مانای شاراوە و نهێنی ئەم رستەیەدا بڕۆن و سەری لێدەربکەن، ئەوان تەنها شایەتیدانی رووکاری و ناڕاستی کەسانی

دیکەیان قبوولّ کردووە و بڕوایان بە چاو و گوێی ئەم جۆرە کەسانە هێناوە، ئەمە دەسپێکی مێژووی مرۆیی ئێوەیە، گرێدانی بە مێژووی ئێمەوە، کارێکی زۆر دژوارە، من داوا لە ئێوە ناکەم کە مێژووی وڵاتی ئێمە وەك دیکۆمێنتێکی واقیعی و راستەقینە لەبەرچاو بگرن، بەڵام دەخوازم کە لە نێوان ئەم دووانەدا، بەوپەڕی وردی و ئازادی کارکردنەوە هەڵبژاردن بکەن.

* * *

لەوەدەمەدا، مانگی چواردە کامڵ لەسەروو شاخەکانەوە دەرکەوت، شاخەکان لە دوورەوە، هێڵی ئاسۆیان لەبەرچاو پەنهان کردبوو، خەریکی تەماشاکردنی مانگ بووین تاوەکو سەرەنجام گەیشتە ترۆپکی خۆی، ئەو دیمەنە بەڕاستی سەرسووڕهێنەر بوو، هەورە سوکەڵەکان، جار جار بە بەردەم ئەو شاخانەی لە تەنیشت ئێمەدا بوو یاخود کەمێك بەرزتر بوون، گوزەریان دەکرد ئەم هەستەمان لادروست دەبوو کە لەگەڵ مانگدا، لە بەرامبەر هەورە بێ جوڵەکاندا سەرگەرمی پەڕینەوەین، ئەم حاڵە نزیکەی سەعاتێکی خایاندا، لەناکاو لە پشت سەرمانەوە دەنگێکی سەیرمان بیست کە وەك بەربوونەوەی جەستەیەك بوو لە بەرزاییەکەوە لەجێی خۆمان هەستاین تا سەیرێکی دەوروبەر بکەین و لەپڕ خاتوونێکی بەساڵاچوومان لە بەرامبەر خۆماندا بەرچاو کەوت کە تەمەنێکی بەسەربردبوو، ئەو بە زەردەخەنەیەکەوە لە ئێمەی پرسی ئایا بۆتە مایەی ترسانی ئێمە؟ سەرەتا هەستمان کرد ئەو خاتوونە، لەسەر پەناگەی پەرستگاکەوە، بازی داوەتە بانیژەکە بەڵام لەڕاستیدا ئەو تەنها پێی کوتابوو بە زەویدا تاوەکو سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆی راکێشێت و کپ و بێدەنگی دەوروبەر، دەنگی تەپەی پێی قایم کردبوو ئەمیل بەخێرایی چووە پێشەوە تاوەکو چاك و چۆنی لەگەڵ ئەو خاتوونەدا بکات و پاشان ئەوی وەك خوشکی خۆی ناساند.

ئێمە جارێکیتر دانیشتین و بابەتی گفتوگۆکە بە ئاڕاستەی بیرەوەرییەکانی ئەو خاتوونە لە ئەزموون و کارەکانی لە جیهانی موقەدەس دا برا، ئەو سێ کوڕ و کچێکی هەبوو کە هەموویان، لە هەمان بنەمای بیروباوەڕ و بە هەمان ئەندێشەی باش و چاك گەشەیان کردبوو و پەروەردەکرابوون، پرسیارمان کرد ئایا منداڵەکانی هاوڕێیەتی ئەویان دەکرد یا نا، ئەو لە وەڵامدەدا وتی دوو منداڵە بچووکترەکەی هەرگیز لێی جیانابنەوە، ئێمە تکامان کرد لە نزیکەوە بیان بینین، ئەو وتی ئەو دوو منداڵەی واڕێك کەوتووە ئازادبوون و هیچ کارێکیان نەبووە و دەسبەجێ دوو کەس لەبەرچاوی ئێمە پەیدابوون، پیاوێك و ژنێك، ئەوان سەرەتا سڵاو و چاك و چۆنیان لەگەڵ خاڵۆیان کرد، پاشان دایکیان، پاشتر هاتنە پێشەوە تاوەکو بەمن و هاوڕێکەم بناسێنرێن، کوڕی ئەو خاتوونە، پیاوێکی باڵا بەرزی قایم و قۆڵ بوو کە سیمایەکی

زۆر پیاوانە و قیافەیەکی ڕاست و تۆکمەی هەبوو، سی ساڵە دەهاتە بەرچاو کچەکەش کورتە بالابوو لەش و لاری باریك و جوان بوو نوختەی دەم و چاوی بەڕاستی جوان و دڵگیر بوو، ئەو کچێکی گەنجی زۆر شێوە شیرین بوو کە لە ئەقڵ و ئەندێشەیەکی دروست و کامڵ بەهرەمەندبوو، ئەویش تەنها بیست ساڵ تەمەنی بوو پاشان بۆمان دەرکەوت کە ئەو کوڕە گەنجە سەد و پانزە ساڵ و کچەکەش سەد و بیست و هەشت ساڵان بووە! بڕیاربوو ئەوانیش لە کۆبوونەوەکەی سبەینێدا بەشدار بن، هەر بۆیە زۆر زوو خواحافیزییان لە ئێمە کرد.

دوای ڕۆیشتنی ئەوان، ئێمە سەبارەت بە ئەوان پیرۆزباییمان لە دایکیان کرد ڕووی لە ئێمە کرد و گووتی: هەر منداڵێك لە کاتی لەدایك بووندا، باش و کامڵە، هەرگیز هیچ منداڵێکی خراپ بوونی نییە، گرنگ نییە سك پڕی بەوانەوە، لە هەڵومەرجێکی پاك و کامڵ و گونجاودا بووە یان نا، گرنگ نییە ئەم سك پڕییە لەڕووی ئارەزوو یاخود چێژ وەرگرتنەوە بووە، منداڵێك کە لە سك پڕییەکی پاك و کامڵ بەهرەمەندبووە، زۆر بەخێرایی، پەیوەست بوون و هۆگری خۆی بە خواوەندی جیهانەوە بۆ دەردەکەوێت، ئەم منالە بەباشی دەزانێت کە خاوەن ڕۆحێکی خودایی بە خواوەندەوە پەیوەستە، بەخێرایی گەشە دەکات جگە لە کەماڵ هیچ شتێك نابینێت و دەرك ناکات، منداڵێکیش کە لەڕووی تێرکردنی ئارەزوو هەستە دنیاییەکانەوە دروست بوویێت، دەتوانێت بەخێرایی تێبگات کە بە خواوەندەوە پەیوەستە و بزانێت کە لە وجودی ئەویشدا ڕۆحێکی خودایی دەژییێت، ئەم زارۆڵە دەبێت هەرچی خێراتر، ڕۆحی خودایی بکاتە سەرمەشقی خۆی، ئەو لەم سەرمەشقە چاکە رادەمینێت و بەرز رای دەگرێت و دواجار، ئەندێشە و ئارەزووەکانی سیمایەکی دەرەکییان پێدەبەخشێت یا سەرلەنوێ بەرهەمیان دێنێتەوە، بەم پێیە، جارێکی تر لەدایك دەبێتەوە پاشان کامڵ دەبێت، ئەو دەبێتە مایەی سەر دەرهێنانی کەماڵی دەروونی خۆی کە هەمیشە و لە سەرەتای لەدایك بوونیەوە هەبووە، بەم جۆرە تەنها جیاوازی لە نێوان منداڵێك کە لە سك پڕییەکی کامڵ و پاکیزە لەدایك دەبێت، لەگەڵ منداڵێکی تر کە لەڕێی چێژ خواستنەوە دێتە دنیا ئەمەیە کە منداڵی یەکەم تەنها تەماشای سەرمەشقە باشەکەی دەکات و دەزانێت کە کامڵە لە کاتێکدا منداڵی دووەم دەرکی بە سەرمەشقە خوازراوەکە کردووە و دەیەوێت لە خۆیدا پەروەردەی بکات، هەردووکیان کامڵن هیچ منداڵێك خراپ نییە، هەموویان باشن و لەلایەن خواوەندی بوونەوە هاتوون سەرەنجام یەکێکمان خستیەوە بیرمان کاتی نووستنە چونکە کات لەنیوە شەو لای داوە.

* * *

## بەشی نۆزدەهەم

بۆ بەیانییەکەی کاتژمێر پێنج، ئێمە هەمووومان لە بانێژەی پەرستگاکەدا کۆبووینەوە، پاش سلاو و چاك و چۆنی ئاسایی، بە وێنەی بازنەیەك لەسەر زەوی دانیشتین و بەگوێرەی سوونەت و ڕێورەسمی ئەویٚ، قەشەکان دەستیان کرد بە خوێندنی چەند بەشێك لە نووسراوە پیرۆزەکان، ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی ئەو بەشانە لەنێو ئەو دیکۆمێنتانەی کە لەناو پەرستگاکەدا دەپارێزران، هەڵبژێردرا ژست ئەرکی وەرگێڕانی ئەو نووسینانەی بە شێوەیەکی زارەکی بۆ ئێمە لە ئەستۆگرت، ئێمە بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە بینیمان ئەوەی کە دەخوێنرێتەوە یەکەمین بەشی پەیوەستە بە یەکەم بەش لە کتێبی پیرۆزی ئینجیلەکەی ئێمە بەگوێرەی ڕیوایەتی یۆحەنا و دووەم بەشی هەڵبژاردراو بۆ بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆز دەگەڕایەوە بە گوێرەی ڕیوایەتی لۆقا، ئێمە تکامان کرد بڕۆین بەشێوین ئینجیلەکەماندا تاوەکو ئەو نووسینانە لەگەڵ نووسینەکانی خۆماندا بەراورد بکەین، ئەم مۆڵەتە بە ئێمە درا، ژست یارمەتی ئێمەیدا تاوەکو لێکچوونەکانی نێوان دوو کتێبەکە بدۆزینەوە، هەمووومان لەڕادەبەردە مات و سەرسام بووین (مەبەستم من و دوو هاوڕێکەم) چونکە بچووکترین جیاوازی لە نێوان ئەو دووانە نەبوو. چەند ساتێك دوای کۆتایی هاتنی ئەم کارانە، زەنگی بەرچایی خواردن لێدرا هەمووومان چووینە ناو پەرستگاکە، پاش قاوەڵتی، خۆمان ئامادەکرد بەرەو گوندەکە بەڕێ کەوین و چیتر لە بیری لێکچوونی دوو نووسراوەکەدا نەبووین، بە دابەزینمان لە پەرستگاکە و کەوتنەڕێ بەرەو گوندەکە ئێمە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرە کە هەموویان لەو گوندەی کە شوێن مەبەستی ئێمە بوو کۆبووبوونەوە، ڕووبەڕووبووینەوە، ژست بە ئێمەی وت کە ئەو ژمارەیە زۆرتر ئەو شوانانەن کە لە وەرزی هاویندا مێگەلەکانیان بۆ کوێستانە

بەرزەکان دەبەن تا لەوێ بیان لەوەڕێنن، وادەی گەرمەسێر و هاتنە خوارەوە لە بەرزاییەکان بەخێرایی نزیك دەبێتەوە و ئەوان ناچارن بەرەو پێدەشتەکان بڕۆن.

ئەمە نەریتێکی دێرینەیە کە هەموو ساڵێك، بەر لە بەڕێکەوتنی شوانەکان، دانیشتنێکی لەم چەشنە بە کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر ئەنجام دەدرێت بە تێپەڕین لە ئاوایی، چاومان کەوت بە خوشکەزاکەی ئەمیل، ئەو پێشنیاری بۆ کردین بەر لە نانی نیوەڕۆ هەندێك بگەڕێین، ئێمە بەوپەڕی تاسەوە پێشنیارەکەمان قبووڵ کرد چونکە زۆر پێمان خۆش بوو ناوچەکانی ئەو دەوروبەرە شارەزابین، بە درێژایی پیادەڕەوییەکەمان، ئەو لە دوورەوە چەند ئاوایی و گوندێك کە لە دەشتەکانی ئەو دەوروبەرەدا هەڵکەوتبوون، پیشاندابن، کۆمەڵە گوندێك کە بایەخێکی زۆریان هەبوو، ناوی ئەو گوندانە، دوای وەرگێڕان، زۆر لە بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆز ئینجیل دەچوون، بەڵام مانا و چەمکی واقیعی هەموو ئەو گوندانە، دوایی بۆ ئێمە ئاشکرابوون، دوای ئەوەی دووبارە گەڕاینەوە بۆ ئاوایی، نانی نیوەڕۆمان خوارد و لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریمان کرد. نزیکەی دووسەد کەس لەو شوێنەدا ئامادەبوون، کاتێك دۆستە پایە بەرزەکانی ئێمە لە بەرامبەر پەرستگاکە دەرکەوتن، خوشکە زاکەی ئەمیل بەرەو لای دوو پیاوچوو کە شتێکی گەورەیان بە دەستەوەبوو کە لە کتێبێکی گەورە و خاوەن قەبارە دەچوو، کاتێك ئەو کتێبەیان کردەوە بینیمان سندووقێکە لە شێوەی کتێبێکدا، لەو سندووقەدا، چەندین کاغەزی تێدابوو کە لە پەڕەی کتێب دەچوون، خوشکەزاکەی ئەمیل، کاغەزێکی لێ هەڵبژاردن و سندووقەکەیان لەسەر زەوی دانا، ئەو کاغەزەکەی دا بە پیاوی یەکەم، پاشان سەرجەم کاغەزەکانی یەك بە یەك دایە دەستیەوە، دوای خوێندنەوەیان، کاغەزەکانی گێڕایەوە بۆ پیاوی دووەم و پیاوەکە خستنیە ناو سندووقەکە.

خوێندنەوەی کاغەزەکان درێژەی کێشا و ژست وەرگێڕی ئێمە بوو، ئێمە دەسبەجێ تێگەیشتین سەرگوزەشتەیەك بۆ ئێمە تەرجەمە دەکرا بە شێوەیەکی سەیر لە کتێبی پیرۆزی ئینجیل بە گێڕانەوەی یوحەنا دەچێت بەڵام وردەکاری زۆر زیاتری تێدابوو، پاشان گەلێك

کاغەزی تر خوێندرایەوە کە ناوەڕۆکەکەی لە نووسینەکانی لۆقا دەچوون، پاشتر ئەو نووسراوانە خوێندرانەوە کە لە نووسینەکانی مەرقەس و مەتا دەچوون[١].

دوای خوێندنەوە، ئامادەبووان لە چەندین گرووپی بچووکدا کۆبوونەوە، ئێمە لەگەڵ ژستدا کەوتینە گەڕان بەدوای ئەمیلدا تاوەکو ڕوونکردنەوەیەکی گشتیمان سەبارەت بەو مەسەلەیە بۆ بدات، ئەو پێی وتین ئەم دیکۆمێنێتە نووسراوانە، لە هەر دانیشتنێکی ساڵانەدا، بە دەنگی بەرز دەخوێنرێتەوە و ئەم گوندەش، سەنتەری ناوچەیەك بووە، کە لە سەردەمەکانی ڕابردوودا، گۆڕەپانی ئەم ڕووداوانە بووە.

ئێمە پێمان وت لێکچوونی ئەوانە لەگەڵ ئەو سەرگوزەشتانەی لە ئینجیلدا تۆمارکراون، بەڕاستی مایەی سەرسامییە، لە وەڵامدا پێی وتین زۆرێك لە سەرگوزەشتەکانی کتێبی پیرۆز ((عهد قدیم))[٢] لە هەمان ئەو دیکۆمینت و نووسراوانە دەرهێنرابوو کە هەنوکە دانیشتووانی ئاوایی بە دەنگی بەرز خوێندبوویانەوە. ئەو وتی چیرۆك و بەسەرهاتی تازەتر وەك لە خاچدانی حەزرەتی مەسیح و هتد، لە شوێنێکی تر جگە لەوێ ڕوویدا بوو لەگەڵ ئەمەشدا، هەموو نووسینەکان سەبارەت بە لەدایك بوون و ژیانی مەسیح بووە، بابەتی سەرەکی سەبارەت بە گەڕان و ئەکتیڤ بوونی ڕۆحی خوداییە لە وجودی هەر مرۆڤێکدا و هەوڵەکان بۆ ئەوەبوون کە گومڕا و ونبووەکان لەڕێ ڕاستەکە کە لەم سەنتەرە دوورکەوتوونەتەوە و لایاندابوو، بسەلمێنرێت کە ڕۆحی خودایی هێشتا لە وجودی هەر یەکێك لە ئەوانەدا زیندووبوو، ئەمیل جۆرێك قسەی کرد کە دواجار بۆمان یەکلایی بوویەوە شوێنی ڕوودانی بەسەرهاتەکان بچووکترین بایەخیان نییە چونکە مامۆستاکان تەنها خواستی ئەمەیان هەبووە کە مانا و چەمکی ڕۆحانی و مەعنەوی ڕووداو و بەسەرهاتەکان درێژە پێبدەن و لە زەیندا، بە زیندوویی بیان هێڵنەوە.

---

(١) مەبەست هەمان کتێبی تەوراتە کە بەعهد قدیم ناسراوە ـوـبۆ فارسی

(١) شایانی ڕوونکردنەوەیە لە سەدەی یەکەمی زایینی دوای بەرزبوونەوەی عیسا مەسیح بۆ ئاسمان ژمارەیەك هەستان بە نووسینەوەی سەرگوزەشتەی عیسا، لە نێوان ئەم ژمارەیەدا تەنها چوار کەس بوون کە بە ئیلهام وەرگرتن لە خوداوە ژیانی ئەویان نووسییەوە و نووسینەکانیان بە فەرمی وەرگیرا و بە چوار ئینجیل ناسران، ئەم چوار کەسە بریتی بوون لە : یۆحەنا، مەرقس، لوقا و مەتا. وەرگێر بۆ فارسی

ئێمە پاشماوەی ڕۆژەکەمان بە توێژینەوەی بەراوردکاری بەسەربرد و ئەو بەراوردکارییانەی ئەنجامماندا تا ڕۆژی دواتریش درێژەی کێشا.، مەخابن لەبەر نەبوونی شوێنی پێویست لەم کتێبەدا، لە نووسینی موبەموی ڕووداو و ئەو بەراوردکارییانەی تۆماریان کردن، خۆم لادەدەم، بەسە خوێنەری هێژا لەڕێی دووبارە خوێندنەوەی بەشەکانی کتێبی پیرۆزی ئینجیل، پەی بەرێت بە مانای مەعنەوی و ڕۆحانی چیرۆکەکانی ئەو کاغەزە نووسراوانە، ئێمە پاشتر بۆمان دەرکەوت باوکی خوشکەزاکەی ئەمیل کە خوێندنەوەی نووسراوەکانی لە ئەستۆ گرتبوو، ڕاستەوخۆ لە نەوەی باوکی یەحیای وسلّ دەرکەرەوە دەهات، ئەمە بەشێك بوو لە نەریت و ئایینی ئەوان کە هەمیشە کەسێك لە ئەندامانی خێزانەکەی ئەو هەستێت بە خوێندنەوەی دەست نووسەکان لەو کۆڕە ساڵانەیەدا، وادیارە ئەو پەرستگایەی ئێمەی لێبوو، یەکێك بووە لە پەرستگاکانی یەحیا و زەکەریای باوکی.

دۆستە پایە بەرزەکانی ئێمە ئارەزووی خۆیان دەربری بۆ ڕۆیشتن، ئێمەش پێکهاتین لەسەر ئەوەی کە ژست لەگەڵ ئێمەدا بمێنێتەوە و ئەوانیتر بەجێمان بێڵن، بۆ ڕۆژی دوایی، لە خوێندنەوەی قەواڵە و دیکۆمێنتەکان بووینەوە و بۆ بەیانییەکەی ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە جارێکی تر ڕێگەی سەفەرمان گرتەبەر، لەگەڵ ئەوەدا کە بەیانییەکی زۆر زووبوو، بەڵام تێکڕای دانیشتووانی ئاوایی لە خەو هەستابوون تاوەکو هیوای سەفەرێکی خۆش بۆ ئێمە بخوازن.

❊ ❊ ❊

## بەشی بیستەم

بەدرێژایی پێنج رۆژی دوایی، رێگاکەمان بەو ناوچانەدا تێدەپەڕی کە لە سەردەمەکانی زۆر رابردووی دووردا لەلایەن یەحیاوە هەڵبژێردرابوون و گوزەریان پێدا کرابوو رۆژی پێنجەم گەیشتینە گوندێك کە ئەسپەکانمان چاوەڕوانمان بوون، ئەمیل لەوێ بوو و لەوەدەمە بەدواوە، گەشتەکەمان سانا و هەموارتر بوو تاوەکو دواجار گەیشتینە ئەو ئاواییەی زێدی ئەمیل بوو، بە نزیك کەوتنەوە لەو گوندە بینیمان ئەو ناوچەیە خاوەن دانیشتووانێکی زۆرتر بوو و رێگا و بانەکان، لە چۆنیەتییەکی زۆرباش بەهرەمەندبوون، تا ئەوکاتە رێگاوبانی لەو چەشنەمان بە درێژایی گەشتەکان بەرچاو نەکەوتبوو.

رێڕەوی ئێمە بە درێژایی دەشتێکی سەوز و پاراودا بوو کە لەوێ وەسەرکەوتین تا گەیشتینە تەختاییەکی تاڕادەیەك بەرزتر، ئێمە تێبینیمان کرد ئەو دەشتە سات لە دوای سات دەهاتەوە یەك، لە کۆتاییدا، دیواربەندەکانی رێ هێندە لە رووبارەکە نزیك بووبوونەوە کە ئەو دەشتە شتێك نەبوو جگە لە دۆڵێك، کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ لە پڕیکدا گەیشتینە بەرامبەر چیایەکی ستوونی و سەخت و لێژگە کە نزیکەی چوار سەد مەتر بەرزبوو وە رووبارەکە لەسەروو ئەو چیاوە بە وێنەی تاڤگەیەکی خرۆشاو، دەڕژایە خوارەوە، جادەکە ئێمەی بردەوە سەر شوێنێکی ساف و تەخت کە لە دامێنی شاخێك لە بەردی ئاسن و کەتبووە نزیك تاڤگەکە، تونێلێك لە قەدپاڵی چیاکەدا دەکرایەوە و لە گۆشەیەکی چل و پێنج پلەییدا بەرزدەبوویەوە تاوەکو دیسان بە تەختاییەکی بەرزتر کۆتایی دێت، لەناو رێڕەوە چیاییەکەدا، چەندین پلەکانەیان لە بەرد داتاشیبوو هەربۆیە، سەرکەوتن، بە ئاسانی ئەنجام دەدرا.

چەندین تاشە بەردی گەورەیان، بۆ داخستنی دەرگای تونێلەکە ئامادەکرابوو تاوەکو لە کاتی پێویستیدا خوارەوەی تونێلەکە دابخەن و بەم پێیە، ئاستەنگێکی بەرز و لەشکان نەهاتوو

لە بەرامبەر ئەگەری هێرش و پەلاماری شەڕەنگێز و کەسانی مەترسیدار دروست بکەن، بە گەیشتنە تەختاییەکەی سەرەوە، سەیرمان کرد کە پلەکانەکەی خوارەوە تاکە دەروازەی دۆڵەکەبوو، لەسەردەمی کۆندا، سێ ڕێگای هاتنە ناوەوە هەبووە بەڵام کەنالەکەی دەرەوەی ئاوایی، بەجۆرێك دروست کرابوو کە دوو دەروازەکەی تری داخستبوو، زۆرێك لە ماڵەکانی ئەو گوندە پاڵیان دابوو بەو خەندەقە یا دیوارە خوڵە قەبارە گەورەیەوە، ئەو خانووانە، واباوبوو لە سێ نهۆم پێکهاتبوون، بەر لە گەیشتنە نهۆمی سەرەوە، هیچ دەروازەیەکی هاتنە ناوەوە لە کەناڵەکەدا بەرچاو نەدەکەوت، هەر دەروازەیەك باڵکۆنێکی تاڕادەیەك فراوانی لەخۆدەگرت کە تێیدا دوو یا سێ کەس دەیانتوانی بە ئاسانی بژین و بەردەوام سەیری دەوروبەر بکەن، بۆیان گێڕاینەوە کە ئەو ناچەیە لە رابردوودا هۆزێکی تێدا نیشتەجێ بووە کە دانیشتووانەکەی، خۆیان لە تێکڕای خەڵك جیاکردۆتەوە و هێندە لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوون کە دواجار وەك خێلێکی تایبەت و دیاری کراو، لەناو چووبوون، بەم جۆرە، پاشماوە تاك و تەراکانی ئەم هۆزە پەنایان بردبووە بەر خێڵەکانی تر، گوندەکەی ئەمیل لەوێ بووە بە شوێنی سەرلەنوێ بە یەکگەیشتنەوەی ئەندامانی گرووپی کەشافەکەی ئێمە دەدرایە قەڵەم کە هەر کامیان لە گرووپی بچووك و جیادا بۆ ناسینی زیاتری ئەو ناوچانە لێك جیا بووبوونەوە.

پاش پرسیار و گەڕانی بەرایی، بۆمان دەرکەوت گرووپەکەی ئێمە یەکەمین گرووپ بوو کە گەیشتبووە ئەو ئاواییە و ئەوانی دیکەش تا بیست و چوار کاتژمێری تر دەگەنە ئەوێ یەکێك لە ماڵەکانی ئاواییان خستە خزمەتی ئێمە کە پاڵی دابوو بە خەندەقەکەوە، پەنجەرەکانی نهۆمی سێهەم دەیڕوانی بەسەر چینە وردەڵەکانی کێوەکاندا شوێنێکی ئاسوودەیان بۆ ئێمە لەبەرچاو گرتبوو و ئاگاداریان کردین نانی ئێوارە لە نهۆمەکەی تەنیشتمان دەخورێت، لەکاتی شیوخواردن لە پشت مێزی خواردنەکە، خوشکەکەی ئەمیل و مێردەکەی لەگەڵ دوو کەس لە رۆڵەکانیان کە پێشتر چاومان پێیان کەوتبوو رووبەڕوو بووینەوە، ئەمیلیش ئامادە بوو، تازە لە نان خواردن بووینەوە کە قاو قیڕێك لە گۆڕەپانە بچووکەکەی ئاوایی کە راست کەوتبووە بەرامبەر ئەو ماڵە، بەر گوێمان کەوت، یەکێك لە دانیشتووانی ئاوایی گەیشتەجێ تاوەکو هەواڵمان بداتێ گرووپێکی تر لە هاوڕێکانی ئێمە لەڕێوە گەیشتبوونەجێ لەو گرووپەدا سەرکردەی گرووپە کەشافەکەی ئێمە تۆماس و یەك دوو کەس لە هاوڕێکانی ترمان حزوریان

هەبوو، بۆ ئەوانیش خواردنیان هێنا و شوێنێکیشیان بۆ ئەوان لەپاڵ ئێمەدا فەراهەم کرد بۆ ئەوەی رۆژی تێدا بکەنەوە پاشان هەمووومان چووینە سەربان، خۆرنیشتبوو، بەڵام هێشتا کەمێك رووناکی هەبوو.

ئێمە گۆماوێکمان بینیبوو کە لافاوی پڕ جۆش و خرۆشی کۆسارەکان، لەرێی چاڵ و چۆمی قوڵی ناوچە شاخاوییەکانەوە دەڕژانە ناو ئەو گۆمە، ئەم لافاوانە هەموویان بەبێ هەڵاوێردکردن دەڕژانە ناو رووبارە سەرەکییەکەوە، ئەو رووبارەش دوای ماوەیەك، بە وێنەی تاڤگەیەك لە سەرو ئەو چیا بەرد ئاسنینەوە کە پێشتر وەسفکرا، دەڕژایە خوارەوە، چەند تاڤگەیەکی تر کە لە بەرزایی سی تا شەست مەتری دابوون لە قەدپاڵە ستوونییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری رووبارەکەوە دەڕژانە خوارەوە، هەندێك لەوانە، ئاوێکی زۆریان لێ دەڕژایە خوار، هەندێکی تر ئاوێکی کەمیان کە وەك پرشە ئاوی بچووك بوو، بەرەو بەرزاییەکانی خوارەوە پەرت دەکرد، هەندێك لەوانە بە گوشارێکی وەها دەڕژانە خوار کە چاڵ و چۆڵیان لە قەدپاڵی چیاکەدا دروست کردبوو و هاژە و تافەیەکی زۆریان لەگەڵدا بوو، لە لوتکە زۆر بەرزترەکانی چیاکاندا، چەند دۆڵێك هەبوو کە چاڵە بەفری گەورەیان تێدابوو کە راست وەك پەنجە درێژەکانی دێوێك بوون، ئەو بەفرە چاڵانە لەو بەفرانەی کە لووتکە بەرزەکانیان داپۆشیبوو و هەرگیز نەدەتوانەوە و تەواوی زنجیرە چیاکانی ئەو ناوچەیان سپی کردبوو، پێکدەهات. خەندەقی دەرەوەی گوندەکە بەسترابوو بە دیوار بەندەکانی ملەی رووبارە سەرەکییەکەوە پاشان دەکەوتە قەراغی رووبارەکەوە و تا تاڤگەکە شۆڕدەبوویەوە، لەو شوێنەدا کە دیواربەندەکانی ملەکە لەگەڵ چیادا بە یەك دەگەیشتن، کێوەکان بارێکی ستوونیان وەرگرتبوو بەرزاییەکەیان شەش سەد مەتر بوو و بەربەستێکی سروشتییان پێکهێنابوو کە تا چاو بڕی دەکرد درێژ دەبوویەوە، تەختایی ناوبراو نزیکەی سەد کیلۆمەتر لە خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا، لە رووبەرێکی نزیك بە پەنجا کیلۆمەتردا درێژدەبوویەوە، لە دەرەوەی تونێلەکە تەنها دەروازەی چوونە ناو تەختاییەکە، ناوچەیەك بوو کە زۆرترین فراوانی هەبوو، لەوێشدا خەندەقێکی هاوشێوەی خەندەقەکەی خوارەوە دامەزراوە، ئێمە کەوتینە پیاهەڵدانی ئەم جۆرە سیستەمانەی بەرگری و هەر لەو کاتەدا، خوشك و خوشکەزاکەی ئەمیلیش هاتنە پاڵ ئێمە، پاش کەمێك مێرد و کوڕی خوشکەکەی ئەمیل گەیشتنە بەرەوە و جۆرێك لە حاڵەتی هەڵچوون و شادمانیمان لە ئەواندا هەست پێکرد، خوشکەکەی ئەمیل پاش تۆزێك هۆکاری هەڵچوونەکەیانی بۆ باس کردین و وتی ئەو شەوە چاوەڕوانی دیداری دایکی بووە ئەو گوتی: ئێمە بەجۆرێك خۆشحاڵ و شادومانین کە بە ئەستەم دەتوانین ئەو حاڵەتە بشارینەوە چونکە

عەشق و ئەوینێکی زۆرمان بۆ دایکمان هەیە، ئێمە هەموو ئەو کەسانەی کە لە رەهەند و جیهانەکانی بەرجەستەبوونی بەرزترین ئامانج و ئەندێشەکاندان زۆر خۆش دەوێت، چونکە ئەم بوونەوەرانە، هەموویان وەك یەك جوان، شەریف و میهرەبان و کۆمەککارن، بەڵام دایکمان هێندە جوان و زرافە، بەرادەیەك رێزدار و خۆشەویستە، ئەوەندە رووخۆش و میهرەبان کە ئێمە هەزار قات ئەومان زیاتر خۆش دەوێت، بەدەر لەمەش، ئێمە لە گۆشت و پێست و خوێنی ئەوین و دڵنیاین کە ئێوەش ئەوتان خۆش دەوێت.

پرسیمان ئایا دایکی زۆر دێتە سەردانیان، ئەو لە وەڵامدا وتی: ئاه بەڵێ! هەر کاتێك ئاتاجیمان تێی بکەوێت، دێتە لامان، بەڵام ئەو بەرادەیەك سەرقاڵی ئەو کارانەیە کە لە رەهەند و ئاستی وجودی خۆیدا ئەنجامیان دەدات کە تەنها ساڵی دوو جار بە ئارەزووی خۆی سەردانمان دەکات، ئێمە ئەمڕۆ لە یەکێك لە بەروارەکانی وادەی چاوپێکەوتنی شەش مانگەی ئەوداین، هەفتەیەك لامان دەمێنێتەوە، ئێمە هێندە خۆشحاڵین تا کاتی هاتنی ئەو نازانین چی بکەین!.

گفتوگۆکانی ئێمە بە ئاراستەی ئەو ئەزموونانەدا سووڕا کە ئەندامەکانی گرووپەکەمان لەوەتەی خۆبەخشانە لێك جیابووینەوە، لە ماوەی شەست رۆژی رابردوودا، لە نزیکەوە هاتبوونە رێمان، قسە و باسەکانمان گەرم بوو کە لەناکاو بێدەنگییەکی کپ و رەها دایگرتین، بەرلەوەی بێینەوە هۆش خۆمان، هەموومان لە بێدەنگیدا نوقم بووین بەبێ ئەوەی وشەیەك لە زارمان بێتە دەرەوە، یا کەسێك بیروڕایەك دەرببڕێت سێبەرەکانی شەو کشاوە و زنجیرە چیا بەفرگرتووەکانی لە دوورەوە لە دێوێکی گەورە دەچوون کە دەتووت ئامادەیە پەنجە سەهۆڵینەکانی بچەقێنێت بە پێدەشتەکانی دامێنی چیاکەدا، پاشان دەنگێکی هەست پێنەکراو وەك بڵێیت لە خودی بێدەنگی لەدایك بووە، بەرگوێمان کەوت، راست وەك نیشتنەوەی باڵندەیەکی رۆح سووك بوو، دواتر تۆز و غوبارێك دەرکەوت کە وردە وردە کەڵەکە بوو، ئەو غوبارە لای خۆرهەڵاتی پەناگاکەوە وەستا و لەناکاو شێوازێکی مرۆیی لەخۆگرت و لە پڕێکدا لەبەردەمماندا، ژنێکی لەرادەبەدەر جوان کە رووخسار و ناخی هەردووکیان وەك یەك قەشەنگ و نورانی بوون، پەیدابوو، خەرمانەیەکی وەها نورانی دەورەی دابوو کە بە ئەستەم دەمانتوانی بیبینین.

ئەندامانی خێزانەکەی بە ئامێزێکی کراوەوە بەرەو پیری چوون بۆ پێشوازی لێکردنی هەموویان بەجارێك هاواریان کرد: دایە!

ئەو خاتوونە بەڕێزە، بە ئەسپایی لەسەر دیوارەکە پەڕیە خوارەوە، بۆ سەر باڵکۆنەکە و ئەندامانی خێزانەکەی وەك دایکێکی بە بەزەیی لە ئامێزگرت و ماچی کردن. پاشان ئێمەیان بەو رۆحە مەزنە ناساند، ئەو وتی! ئای! کەواتە ئەمە ئێوەن برادەرە بەڕێز و خۆشەویستەکان کە لە وڵاتی ئەمەریکاوە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێمەدا هاتوونەتە ئێرە؟ من لەڕادەبەدەر خۆشحاڵم کە دەتوانم بەخێرهاتنی ئێوە بکەم، دڵی هەر یەك لە ئێمە بەرەو لای ئێوە دێت، هەروەك چۆن مرۆڤەکانی سەر زەوی رێگەی زۆر کاریان بە ئێمە دەدا، وابزانم گشت کائینەکانی سەر زەویمان لە ئامێزدەگرت، راست وەك کارێك کە من بۆ ئەم کەسانە وەك ئەندامانی بنەماڵەکەم، ئەنجامدا چونکە لەڕاستیدا هەموومان لە یەك خێزانین، هەموو رۆڵە و دروستکراوی خوای جیهانی وجودین، ئیدی بۆچی نەتوانین وەك برا و خوشکانی بەڕێز، لە دەوری یەك گردبینەوە؟.

بەر لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەم خاتوونە مەزنە، ئێمە گەیشتبووینە ئەم ئاکامەی هەوای شەوانە زۆر ساردبووە، بەڵام دوای دەرکەوتنی ئەو خاتوونە، خەرمانەی دەرەوشاوەی حزوری ئەو، کەشی دەوروبەرەکەی بەجۆرێك گۆڕی کە پلەی گەرما راست وەك شەوێکی کەم وێنەی هاوینی لێهات، دەتوت هەوا پڕبووە لە بۆنی عەتر و گوڵاوی بۆن خۆشی دنیا، رووناکییەك لە وێنەی درەوشانەوەی مانگی چواردە، کەوتبوو بەسەر هەموو ئەو کەل و پەل و شتانەی لەو جێیە دابوون، گەرمییەکی وەها زاڵ بوو کە هەرگیز ناتوانم وەسفی بکەم، وێڕای ئەمە، هیچکام لە کردار و رەفتاری مامۆستا مەزنەکانمان، درامایی یاخود زۆر لەخۆکردنی تێدانەبوو، رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەم کەسانە رێزدارانە و زۆر دۆستانە بوو کە سادەیی زارۆڵانەی پێوە دیاربوو.

کەسێك پێشنیازی کرد لە سەربان بێینە خوارەوە، ئەو خاتوونە مەزنە و خاتوونەکانی تر بەر لە هەمووان هاتنە خوارەوە، پاشان نۆرەی ئێمە هات پاشتر پیاوانی بنەماڵە دوای ئێمە هاتن، لە کاتێك وەك باوی هەمیشە لە پلەکانەکان دادەبەزین، سەیرمان کرد پێیەکانمان هیچ دەنگێك یا تەپەیەکیان لێوەنایەت، لەکاتێکدا کە هیچکام لە ئێمە هەوڵی ئەوەی نەدابوو تەپە تەپ و دەنگی لێوەنەیەت، یەکێکمان دواتر دانی بەوەدانا کە زۆر هەوڵی داوە هات و هاوارێك بەرپا بکات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، وامان هەست دەکرد کە پێیەکانمان، نە بە پشتی سەربانەکەوە، نە بە پلەکانەکانەوە نەدەلکان.

لەو نهۆمدا کە ژوورەکەی ئێمەی لێبوو، ئێمە چووینە ژوورێکەوە کە بە شێوەیەکی شاهانە رازێنرابوویەوە، هەموومان لەو ژوورە رازاوەدا دانیشتین، دەسبەجێ هەستمان بە گەرمییەکی

لەبار و دڵگیرکرد لە دەوروبەرماندا و ژوورەکە بە رووناکییەکی گونجاو و لەڕوون کردنەوە نەهاتوو بۆ ئێمە رووناك بوویەوە، لەو رووەوە روون کردنەوەی هەڵنەدەگرت کە ئەوێ نە کارەبایەکی هەبوو نە مۆمێك داگیرسابوو، بێدەنگییەکی قوڵ بۆ چەند خولەکێك باڵی بەسەردا کێشاین، پاشان ئەو دایکە لێی پرسین کە ئایا ئاسودەین بە باشی پێشوازیمان لێدەکرا و ئایا سەفەرەکەمان بە رەزامەندی بەخش دەدرێتە قەڵەم؟

گفت و گۆکانمان بە ئاڕاستەی مەسەلەکان و رووداوەکانی ژیانی رۆژانەدا برا پاشان بابەتی قسەکردن هاتە سەر خێزانەکانی ئێمە، ئەو دایکە ناوی دایك و باوکی ئێمە ناوی خوشك و براکانمانی برد و کەوتە وەسفکردنێکی ورد و سەیری ژیانی هەر کام لە ئێمە و بەبێ ئەوەی بچووکترین پرسیاری لە خۆمان یا کەسێکی تر کردبێت، ئێمەی بە توندی دووچاری سەراسیمەکرد ئەو تەنانەت ناوی ئەو وڵاتانەی کە ئێمە بە تەنها یا بەشێوەی گرووپ سەردانمان کردبوون باسکرد و دەربارەی ئەو کارانەی کە تا ئێستا لە تەمەنماندا ئەنجاممان دابوو قسەی کرد دواجار باسی لەو هەڵانەش کرد بەدرێژایی ژیانمان ئەنجامامان دابوو هەڵەکانیشی ناوبرد. ئەو بە جۆرێکی تەمومژاوی قسەی نەدەکرد، بەشێوەیەك کە ئێمە ناچار بین بە یادەوەری خۆماندا بگەڕێین، ئەو بەوپەڕی وردەکارییەوە، هەر رووداوێکی بەشێوەیەکی وەها روون دەگێڕایەوە دەتوت خودی خۆمان بووین کە سەرقاڵی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانمانین بۆ ئەوان، کاتێك هاوڕێکانمان خواحافیزیان لێکردین و هیوای شەوێکی خۆشیان بۆ هەریەك لە ئێمە خواست، هێندەمان توانی کە ئافەرین و سەرسامی و حەیران بوونی خۆمان لە ئاست ئاشنابوون بەم کائینە نازدارانە دەرببڕین.

ئێمە لەبەر خۆمانەوە بیرمان کردەوە کە هیچ کام لەوان کەمتر لە سەد ساڵ تەمەنیان نەبوو زانیبوومان کە ئەو دایکە مەزنە حەوسەد ساڵ تەمەنی بوو، ئەم حەوت سەد ساڵ تەمەنە ئەو شەش سەد ساڵی لە ئۆرگانیزمی جەستەیدا لەسەر زەوی بەسەر بردبوو لەگەڵ ئەمەشدا ئەوان هەموویان چووست و چالاك و میهرەبان و دڵێکی سووك و سۆڵی وەك لاوانی بیست ساڵەیان هەبوو و بچووکترین خۆپەسەندی و خۆبەزلزانین لە وجودی ئەواندا بەدی نەدەکرا، هەموو شتێك بە جۆرێك بوو کە دەتوت ئێمە لە پاڵ ژمارەك گەنجی ئەکتیڤ و چوست و چالاکدا دەژین.

ئەو شەوە، بەر لەوەی بچینە سەر جێگا ئێمەیان ئاگادار کردبۆوە کە سبەی شەو، ژمارەیەکی زۆر بانگێشت کراون بۆ ئێوارە خوانێك لە میوانخانەی گوندەکەدا ئێمەش بانگهێشت کراوین لەو کۆڕە پڕ لە شکۆیەدا بەشداربین.

## بەشی بیست و یەکەم

سەر لەبەیانی پێش نیوەڕۆ سەرجەم گرووپەکانی ئێمە گەیشتنە جێ، ئێمە کاتەکانی دوای نیوەڕۆمان بە بەراوردکردنی یادداشتەکانمان بەسەر برد، هەموو شتێك پێکەوە گونجاو بوون، لەو رووەوە کە شوێنی پێویست نییە تاوەکو گشت وردەکارییەکان بگێڕمەوە، هێندە دەڵێم سەر لەبەری نامە و پەیامەکان و یادداشتەکان پێکەوە گونجاو و سازگاربوون، دوای ئەوەی کارەکەمان کۆتایی هات داوایان لێکردین کە چیتر دوانەکەوین و راستەوخۆ بۆ میوانخانە بچین، کە گەیشتینە ئەوێ، سەیرمان کرد نزیکەی سێ سەد کەس لەوێ ئامادەن کە هەموویان لە پشت مێزی دوورو درێژەوە دانیشتبوون، شوێنیان بۆ ئێمەش تەرخان کردبوو لە گۆشەیەکی ریستۆرانتەکە دانیشتین، بەجۆرێك دەمانتوانی تەواوی فەزای ناو هۆڵەکە بە سانایی ببینین، لەسەر گشت مێزەکان، چەندین مەندیلی زۆرجوانی سپی رەنگیان پان کردبۆوە و دەوری و قاپی خواردن لە باشترین جۆری چینی و تێکڕای کەوچك و چناڵەکان لە زیوی خاڵص بوون، لەڕاستیدا هەموو شتێك لە کۆڕێکی ئەشراف زادە و شاهانە دەچوو لەگەڵ ئەمەدا کە تەنها چرایەك زیاتر بوونی نەبوو کە تەواوی ئەو ناوەی رووناك دەکردەوە، دوای ئەوەی زیاتر لە بیست دەقە چاوەڕوانی دانیشتین و وردە وردە، گشت جیگاکان پڕدەبوونەوە، بێدەنگییەکی قوڵ باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا و نورێکی شاد و رووناك بە زوویی کەشی ئەو ناوەی نورانی و رووناك کردەوە، تەنها چەند کورسییەك بە چۆڵی مابوونەوە، رووناکی ناوبراو وردە وردە تووندتر دەبوو، راست وەك ئەمە وابوو کە هەزاران گڵۆپی کارەبایی بەشێوەیەکی کارامە حەشاردرابن، ئەوێی رووناك دەکردەوە، دوای چەند ساتێك بە جۆرێك رووناك بوویەوە شتەکانی ناو هۆڵەکە کەوتنە درەوشانەوە، ئێمە دوای لێکۆڵینەوەی ورد، بۆمان دەرکەوت هەروەك چاوەڕوان دەکرا، ئەو گوندە لە نیعمەتی کارەبا و خزمەتگوزاری مۆدێرن بێ بەش بوو، دوای رووناك بوونەوەی

ژوورەکە، بێدەنگییەکە نزیکەی چارەکە سەعاتێك درێژەی کێشا، پاشان وا هاتە بەرچاومان غوبارێکی نادیار هەڵی کرد و هەمان خشەخشی شەوی پێشووی هەبوو لەکاتی دەرکەوتنی دایکی ئەمیل کە ناوی ((ماری)) بوو، بەرگوێ کەوت، غوبارەکە رەوییەوە و لەناکاو لە چەند شوێنێکی جیاجیای هۆڵەکە، ماری و یانزە کەسی دیکەمان بینی کە نۆ پیاو و دوو ژن بوون، هەرگیز توانای وەسف کردنی ئەو جوانییە سەرسوورهێنەرەم نابێت، بڕوا بکەن زیادەڕەوی ناکەم کاتێك دەنووسم ئەم دیمەنە هەروەك دەرکەوتنی پۆلێك فریشتەی ئاسمانی بوو کە باڵیان نەبوو، ئەوان بۆ ساتێك مات و لە بارێکدا کە سەریان نەوی کردبوو چاوەڕوان بوون، وەستان، لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا پاشان، دەنگی کۆرسێکی موزیکی نادیار بەرزبوویەوە کە لەگەڵ جۆرێك موزیکی زۆر شکۆدار و بە هەیبەتدا هاوڕێ بوو کە وێناکردنی لە زەیندا مەحاڵە، من پێشتر بیستبووم ئاوازگەلێکی ئاسمانی هەیە کە جار بەجار بەگوێی مرۆڤە زەمینییەکان دەگات، بەڵام تا هەنوکە ئەم دەرفەتە بۆ من نەڕەخسابوو کە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو ئاوازانەدا رووبەڕوو ببمەوە دەبێت بڵێم کە ئێمە بە بیستنی ئەو موزیك و کۆرسە نەبینراوە، بەجۆرێك گۆڕاین و کەوتینە ژێر کاریگەری کە دەتگوت لەسەر کورسییەکانمان بەرزبووینەوە.

لە کۆتایی ئەو سرودەدا، ئەو دوانزە کەسە تازە هاتووە چوونە سەر شوێنەکانی خۆیان، ئێمە دیسان تێبینیمان کرد ئەوان لەکاتی هەنگاو هەڵگرتن بەسەر زەویدا بچووکترین دەنگیان لێوە نەدەهات و بە تەواوی بەڵگە نەویست بوو کە ئەوان هیچ کۆششێکیان بۆ هەنگاونان لە بێدەنگیدا نەدەکرد، کاتێك لەجێی خۆیان دا نیشتن، هەمان غوباری پێشوو دیسان هەڵی کرد و کاتێك رەوییەوە دوانزە کەسایەتی نوێ دەرکەوتن ژنێك و یانزە پیاو کە یەکێکیان هەمان هاوڕێی کۆنی ئێمە، نووسەر و مێژوونووسی رووداوەکانی پەیوەست بە دوو هەزار ساڵ لەوەوپێش بوو ئەوانیش بێ جوڵە وەستان و ئەو گرووپەی کۆرسە نەدیتراوەکە جارێکی تر کەوتنە خوێندن، لە کۆتایی سروودەکەدا، ئەو دوانزە کەسە، بەبێ هیچ جۆرە دەنگێك چوونە شوێنی خۆیان، ئەوان تازە دانیشتبوون کە بۆ سێهەمین جار، ئەو غوبارە کەڵەکە بووە دەرکەوت و دوای رەوینەوە، سیانزە کەسێتی کە بەرێز وەستابوون دەرکەوتن! شەش پیاو و حەوت ژن، ئەوان لە جێگایەکی دیکەی هۆڵەکەدا دەرکەوتبوون.

لە ناوەڕاستی ئەم گرووپەدا، ژنێکی لاو حزوری هەبوو کە وادەهاتە بەرچاو تەمەنی لە بیست ساڵ کەمتر بێت، لەلای راستیەوە سێ پیاو، لەلای چەپییەوە سێ ژن وەستابوون،

لەڕادەبەردە قەشەنگ بوون، بەڵام ئەو ژنە لاوە لەڕووی جوانییەوە سەرتۆپی ئەوانیتر بوو و شیمانەی بەراورد کردن نەبوو. ئەو سیانزە کەسایەتییە بۆ چرکەساتێك مات و بێ دەنگ وەستان و سەریان نەوی کرد، دیسان موزیکە ئاسمانییەکە ژەنرا، دوای چەند ساتێك، گرووپە کۆرسە نەبینراوەکە دەستیان کرد بە گۆرانی وتن، ئێمە لە شوێنی خۆمان هەستاین و لەکاتێکدا ئەو گۆرانییە خۆش و دڵگیرە درێژەی کێشا، وادەهاتە بەرچاومان کە هەزاران هەزار شێوەی عیرفانی و رۆحانی سەرقاڵی وتنی ئەو گۆرانیەن لە جۆرێك یەکبوون و هاوئاهەنگی تەواودا، تەنانەت دەمانتوانی بیانبینین، لەو موزیکە دڵگیرەدا هیچ تۆنێکی غەمگین بوونی نەبوو، ئەو موزیکە بە دەنگێکی ئازاد لە هەر کۆت و بەندێك و بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە دەژەنرا و دەتگووت لە قوڵایی و ناخی رۆحەوە سەرچاوە دەگرێت رۆحی مەخلوقاتەکانی جیهانی وجودی ژێرورووی دەکرد و دەیخستنە ژێر کاریگەرییەوە، رۆحی مەخلوقاتەکان بە بیستنی ئەو موزیکە بە جۆرێك باڵا دەبوون و دەگەیشتنە ترۆپك کە هەموومان وامان هەست دەکرد هەر جۆرە پەیوەندییەکمان لەگەڵ گۆی زەویدا لەدەستداوە ، لە کۆتایی سروودەکەدا ئەو سیانزە کەسایەتییە چوونە سەر جێگاکانی خۆیان، دانیشتن بەڵام بە هیچ جۆرێك نەمان دەتوانی چاو لە کەسێتی سەرەکی کەلایکەین، مەبەستم هەمان ئەو ژنە گەنجەیە کە لە دوا قۆناغدا دەرکەوتبوو، ئەو جوانە ژنە لەگەڵ دوو ژنی دیکەدا کە ئەملاولایان لێگرتبوو رووە و مێزێك دەهات کە ئێمە لە پشتیەوە دانیشتبووین، ئەو و دوو هاوڕێکەی لە کۆتایی مێزێکدا کە لە راستیدا پێشەوەی مێزەکە بوو، لێی دانیشت، ئەوانیتر بە پەلە، چەندین قاپ و دەورییان لەلای چەپییەوە ریزکرد. رووناکی هۆڵەکە، بۆ ساتێك رەنگی لە روو بڕا و ئێمە توانیمان بە دەوری هەریەك لەو سی و شەش کەسایەتییەدا کە تازە دەرکەوتبوون نورێك ببینین کە لە هیچ سەرچاوەیەکەوە نەدەهات، لە رادەبەدەر ئێمەی پەیجۆر و سەرسام کرد، خەرمانەیەکی نورانی زۆر تابان بەسەر سەری ئەو ژنە گەنجەوە کەوا دیاربوو میوانی شەرەفی ئێمە بوو دەدرەوشایەوە، لە هۆڵەکەدا ئێمە تەنها کەسانێك بووین کە بە توندی کەوتبووینە ژێر کاریگەری ئەم دیمەنە سەیر و نائاساییە و سەرسام بووین، ئەوانیتر حزوری ئەو ژنەیان بە شتێکی ئاسایی دەزانی، ئەوەدەمەی تێکڕای ئامادەبووان دانیشتن، ساتێك بێدەنگی دایگرتین، پاشان زۆربەی کەسایەتییە ئامادەبووەکان کەوتنە چڕینی سروودێکی زۆر شاد و دڵخۆشکەر لە کاتێکدا سی و شەش کەسایەتییە دەرکەوتووەکە رێبەری هونەر نوواندنی ئەوانی دیکەیان دەکرد، دوای کۆتایی هاتنی سروودەکە، میوانە رێزلێگیراوەکەی ئێمە لەجێی خۆی هەستا هەردوو دەستی درێژکرد و

لەپڕ کولێرەیەکی بچووك کە چێوەکەی نزیکەی پێنج سانتی مەتر و درێژییەکەشی ٣٥ سانتیمەتر درێژبوو لەناو لەپی دەستیدا دەرکەوت، پاشان هەریەك لە سی و شەش کەسایەتییەکەی تر لەجێی خۆیان هەستان، لەو جوانە ژنە نزیك بوونەوە کولێرەیەکی هەروەك ئەو کولێرەی پێشوویان لە دەستی ئەو وەرگرت، ئەوان پاشان بەناو هۆڵی نان خواردنەکەدا گەڕان و لە گشت مێزەکان نزیك بوونەوە تاوەکو پارووە نانێك بە میوانێك بدەن، ئەو خاتوونە مەزنەش هەمان کاری لەگەڵ ئەو کەسانەدا دووبارە کردەوە کە لە پشتی مێزەکەی ئێمە دانیشتبوون ئەو لە کاتێکدا پشکە نانی خۆی بە هەر یەکێك لە ئێمە دەبەخشی: ئایا نازانن کە رۆحی خودایی لە وجودی ئێوەدا، هەروەك ئەوانیتر حزوری هەیە؟ ئایا نازانن جەستەی ئێوە پاکە، جوانە، کامڵە و هەمیشە قەشەنگ و ئیلاهییە؟ ئایا نازانن کە پەروەردگاری جیهان، ئێوەی کت و مت بە وێنەی خۆی و بەشێوەی خۆی خولّقاندووە و بەسەر تەواوی شتەکانی جیهانی وجوددا زاڵی کردوون؟ ئێوە لەڕێی وجودی خۆتانەوە لە رابردوودا و بۆ هەمیشەش پەیوەستن بە رۆحی خوداییەوە، ئێوە ئیلاهین و یەکانگیر و وابەستەن بە خواوەندەوە، خودایەك کە هەر هەمووی چاکەیە هەر مەخولقێك مافی ئەوەی هەیە ئەم پەیوەندی و وابەستە بوونە و ئەم ئلوهیەتە بە دەنگی بەرز رابگەیەنێت.

ئەو خاتوونە مەزنە، دوای ئەوەی هەریەکە و پاروە نانێکی پێدایین، گەڕایەوە شوێنی خۆی، کولێرە نانە بچووکەکەی هێشتا بە هەمان ئەندازە بوو کە سەرەتا هێشتا نانەکەی لە نیوانمان دابەش نەکردبوو، دوای کۆتایی هێنان بەم مەراسیمە، خواردنەکان گەیشتنەجێ، خواردنی میوانەکان لە سینی گەورەدا کە تارای بەسەردا درابوو، لە بەرامبەر خاتوونە ناوبراوەکاندا دەرکەوت وادەهاتە بەرچاو کە دەستێکی نادیار سەرقاڵی دانانی خواردنەکان و قاپ و دەورییەکانە لەسەر مێزەکاندا.

ئەو خاتوونە مەزنە یەك یەك تارای سەر خواردنەکانی هەڵگرت، ئەوانی خستە پەنایەکەوە دەستی کرد بە دابەشکردنی خواردنەکە بەسەر قاپەکاندا، هەر جارێك کە قاپێك پڕ لە خواردن دەکرا، دەیدایە دەستی ئەوەی لای راستییەوە دانیشتبوو، پاشان قاپێکی تری دەدا بەوەی لای چەپ، ئەو دوو خاتونە قاپەکانیان بە مێزەکانی تر دەدا و گشت میوانەکان بەشێوەیەکی سەخاوەتمەندانە بۆیان تێکرا، پاشان نۆرەی نان خواردن هات و هەموومان لە چەشتنی ئەو خواردنە بەتامانە، زۆر چێژمان وەرگرت ، هەر لە سەرەتای خواردنەکەوە، تۆماس لەو خاتوونە مەزنەی پرسی کامە سیفەتی ئیلاهی زیاتر لەوانی دیکە، لای ئەو خاتوونە پەسەندە، ئەو ژنە

دەسبەجێ بێ هیچ دوودڵییەك لە وەڵامدا وتی! عەشق، پاشان درێژەی دایە: درەختی ژیان لە ناو جەرگەی بەهەشتی خوادایە، لە قوڵترین بەشی رۆحمان، میوەی پڕ فەڕ و بەرەکەتی ئەو لە ترۆپکی کامڵ بووندا گەشە دەکات و پێدەگات، ئەو میوەیە کامڵترین و باشترین و ژیان بەخشترین میوەیە، ناوی عەشقە، کەسانێك کە توانای دەرك کردنی سیفەت و ئەدگاری راستەقینەی ئەویان هەبێت، ئەویان وەك گەورەترین شتی دنیا ناساندووە، هەروەها دەڵێم ئەو میوەیە، یاخود روونتر بڵێم عەشق بەرز و باڵاترین هێزی شیفا بەخشە لە جیهانی وجوددا، عەشق هەرگیز لە وەڵامدانەوەی داخوازییەك کە راستگۆیانە لە ناخی دڵەوە سەرچاوە بگرێت درێغی ناکات، ئێمە دەتوانین بۆ رووبەڕووبوونەوەی گشت پێداویستییەکانی مرۆڤ و لەناوبردنی خەم و پەژارە و کلۆڵیەکان و نوقسانیەکان رەوشە غەم ئەنگێز و مەینەتییەکان کە مرۆڤەکانیان دیل و گیرۆدە کردووە لە چاوانەی خوداییانەی عەشق کۆمەکی وەربگرین و بەکاری بهێنین، بە کۆمەکی دەرك و تێگەیشتن لە عەشق و کەلك وەرگرتنی دروست لێی، لەرێی کاریگەری بەجێ و بێ سنووری سەرجەم زام و برینەکانی جیهان، شیفایان بۆ دێت، شنەبای نەرم و نیان، و بەزەیی مەلەکوتی دەتوانێت گشت ناهاوئاهەنگییەکان داپۆشێت و نەزانی و هەڵە و گوناهەکانی مرۆڤ بشارێتەوە، ئەودەمەی عەشق باڵ و پەڕی واڵادەکات، بەدوای ناوچە وشك و باهیرەکانی دڵی مرۆییدا دەگەڕێت، ئەو جێگایانەی لەناوچوون، پەیوەندی کردن لەگەڵ عەشقدا سەرلەنوی مرۆڤایەتی دەبەخشێت و جیهانی وجود راست و رێك وەك جادوگەر و سیحربازەکان دەگۆڕێت، عەشق خواوەندە، عەشق ئەزەلی و بێ سنوور و لە گۆڕان نەهاتووە، لە جوڵان نەهاتووە تا بە ئەزەلییەتی بێ پایانی سەر و بۆچوونی مرۆڤ، پەرە دەسەنێت و فراوان دەبێت کۆتاییەك بۆ عەشق بوونی نییە، ئێمە هەرگیز ناتوانین پنتی کۆتایی هاتنی ئەو مەگەر لە خەون و ئیلهامێکی بینین ئاسادا ببینین.

عەشق یاسای بیرکردنەوە و ئەندێشەی پەیوەست بەخۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت و کارەکانی لە ترۆپکی کامڵ بووندا بە کۆتا دەگەیەنێت و رۆحی خودایی لە دڵ و گیانی مرۆڤا نمایان دەکات، عەشق بەبێ وەستان، بە شوێن کەلەبەردێکدا دەگەڕێت تاوەکو لە دڵی مرۆڤدا بکەوێتە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت خێر و بەرەکەتەکانی بە هەر لایەکدا پەخش بکات. گەربێتو شەڕەنگێزی و خراپە، هزر و بیرە ناهۆمۆجین و ناباوەکانی مروڤ لەریرەوی خۆی لاینەدەن، روباری هەمیشە رەوان و هەمیشەیی و لە گوران نەهاتوی عەشقی خودایی بەردەوام لە رۆیشتندایەو هەرجۆرە دیاردەیەکی نا هاوئاهەنگی یا کریتی لەگەل خۆی دا بۆ زەریای بیسنوری لە بیرچونەوەی

خودایی دەبات و کاریك دەکات کە هەر شتیکی نادروست و دور لەکەمال کەشیمانەی تیکدانی ئاشتی و ئاسایشی مروڤەکانیان هەیە، لەناو ببات،ئەوین هەمان میوەی پیگەیشتوی ویژدا ن و ئەندیشەیە، بۆ پیشەوە هەنگاو هەلبگرن، تاوەکو برین و ناسۆریەکانی مرۆڤایەتی چارەسەربکەن و نەتەوە جیاوازەکان لە هاوئاهەنگی و سازش دا لیك نزیك بکەنەوە و بۆ جیهانی هەستی، فەرو ئاشتی بەدیاری بهینن، عیشق هەمان ترپەی جیهانە، ترپەی دلی جیهانی هەستی، پیویستە ئەم رەوتە بەهیزە عیشق بە ژیان و وجودو ژیانی جاویدانەو زیندو هەمیشە ئامادە، تەواوی بونی مرۆڤایەتی لەخۆی تەژی بکات، بەتایبەتی ئەگەر خوازیاری ئەنجامدانی مۆجیزاتەکانی عیسی بن .

ئایا گوشارەکانی ژیان کاریگەری زۆری لەسەر ئیوە بەجیهیشتووە ؟ ئایا پیویستان بە هیزو ئازایەتی هەیە بۆ ئەوەی روبەروی کیشەکانتان ببنەوە و بەرپەرچیان بدەنەوە ؟ئایا نەخۆشن ؟ئایا ترس و بیمتان لە شتیك هەیە ؟ ئەگەر وەلامەکەتان پۆزەتیڤ بیت، لەرینەوەی دلتان بەرزبکەنەوە و لە کەسیك کە ریگەی راست و دروستتان پیشان دەدات یارمەتی وەربگرن و دەستی نزا هەلبرن، عەشقی جاویدانەو ئەزەلی خواوەند دەوری ئیوەی داوە چیتر پیویستتان بە ترس نیە، مەگەر ئەوە نیە ماموستا گوتویەتی (بەرلەوەی بانگم بکەن ن وەلامتان دەدەمەوە و بەرلەوەی قسەکانتان کۆتایی هاتبیت، هەمو شتەکانم بیستووە ...؟)

بەجورئەت و لیبران و بویریەوە لەبارەگای لوتف و بەزەیی ئەو نزیك ببنەوە لەهەلس وکوتی تکاکارانەو خۆبەکەمزانین دەست هەلگرن، بەباوەریکی هۆشیارەوە نزا بکەن و دلنیابن کومەکیەك کە پیویستتان پییەتی، هەر لە ئیستاوە بە ئیوە بەخشراوە. هەرگیز لەم بارەوە دودل مەبن، زیاتر لەوەن ! داوابکەن! داخوازیەکانتان رابگەیەنن ! وەك عیسی و پیغەمبەرانی دیکە، مافی لەدایك بونتان وەك مەخلوقێك کە جیگای سۆزومیهرەبانی خودایە رابگەیەنن، بزانن لە سەنتەری شوینیکدا کە دەژین و بەرکەمال دەبن مادەیەکی نەبینراوو خودایی بونی هەیە، لەناو ئەم مادەیەدا، سەرجەم شتە باش و کاملەکان کە مرۆڤ دەتوانیت ئاواتیان بۆ بخوازیت و لە خەونیکدا ببیتە خاوەنیان، بونی هەیە ئەم شتە باشانە تەنها چاوەروانن کە مرۆڤ،باوەری خۆی بەزمانیکی پاراو رابگەیەنیت تاوەکو بەشیوەیەکی بەرهەست و قابیلی دیتن دەربکەون و بەرجەستە بن، تکا دەکەم جاریکی تر بە ئینجیلەکەتاندا بچنەوەو گوتەکانی پۆلس لەمەر عەشق لە ئایەتی ١٣(یەکمین نامەی پۆلس بۆ مەسیحیەکانی قرنتس)بخویننەوەو، و لەجیاتی وشەی بەزەیی و بەخشین و چاکەکاری، پەیڤی عەشق دابنین!

تکادەکەم بیر لەحەزرەتی سولەیمان لەشەوی ئەزمونە لەیادنەچووەکەی دا بکەنەوە، مەبەستم ئەو کاتەیە کەریگەی بەسروشتە نورانیەکەی دا تاوەکو رەهەندی هۆش و مەعریفەی پەیوەست بەسیستەمی بون بچیتە پیشەوەو لەوی، داوای لەخوا کرد کاریك بکات تاوەکو لە ژیانیدا بۆ هەمیشە دوربیت لەخۆبەزلزانین و غرورو خۆپەرستی و بتوانیت لە خزمەتی خەلکدا بیت، ئەم نزایە بویە مایەی ئەوەی چەندەها گەنجینەی گەورە بەروی دا بکریتەوە، جگەلەمە، شکۆمەندی و شانازی گەورەی پیبەخشرا کە خۆی بەتەنها هەرگیز توانای خواستنی ئەو شتانەی نەبوو، ئەو پەی بە فەزیلەتی عەشق بردو عەشقیش ئەوی لە سەروەت و سامانە فراوانەکانی، بی نیاز کرد، مەگەر ئەوەنیە کەدەلین لەسەردەمی دەسەلات و فەرمانرەوایی حەزرەتی سولەیمان (( پارە هیچ بەهایەکی نەبوو ))سەرجەم و قاپ وقاچاخەکانی ئەم پاشا بە توانایە کەبناغەی دەسەلاتەکەی بەرمەبنای عەشقی خودایی بنیات نابوو، لەزیری خالص بوو.

خۆشەویستی واتە کردنەوەی خەزێنە لەبن نەهاتووەکانی گەنجینە زێڕینەکانی پەروەردگار هەر کەسێك عەشق و مەحبەتی لە دڵدا بێت، ناتوانێت دەست لە (بەخشین) هەڵبگرێت لەکاتێکدا (بەخشین) واتە بەدەست هێنان، یاسای عەشق لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە، بە پێدان و بەخشین بە کەسانی تر، ئێمە یاسایەکی لەناو نەچوو نکۆلی لیٚ نەکراو دەخەینە گەڕ، یاسایەك کە پێناسەکەی شتێکی لەم چەشنەیە: ((بە هەر ڕێژەیەك کە دەبەخشیت، هەمان ڕێژە وەردەگریت)) بە بەخشین، بیٚ ئەوەی لە بیری وەرگرتن و گەڕانەوەی ئەو شتەی کە داوتە، لە مێشکدا بێت، دڵنیابە پاداشت وەردەگریت، چونکە لە ناز و نیعمەتێك کە لەبەر دەستدا بووە و بە ئەوانی دیکەت بەخشیوە، بۆ تۆ دەگەڕێتەوە و یاسای عەشق جێبەجیٚ دەکرێت: ((ببەخشن تا پێتان ببەخشرێت!)) هەوڵ بدەن بەڕێژەی تەواو، پڕ و لێوڕێژ ببەخشن، چونکە بەم شێوازەیە کە مرۆڤەکان، دڵی ئێوە لە پیت و بەرەکەت لێوڕێژ دەکەن، چونکە لە یاسای عەشقدا، رێك و راست بە هەمان ڕەی پێوانەکردن کە ئێوە بۆ (بەخشین) بە کەسانی تر بەکارتان هێنابوو، مافی ئێوەش ((پێوانە)) دەکەن و بە گوێرەی ((بەخشینەکانتان)) بە ئێوەش دەدرێت.

گەر بێتو بڕیار بێت ئێمە بە رۆحیەتی عەشق، کار بکەین پێویستە خواوەند لە زەین و هۆشیاری ئێمەدا حزوری هەبێت، یەکبوون لەگەڵ ژیاندا، عەشق و فەزیلەت، واتە بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی هۆشیارانە لەگەڵ خواوەندی جیهان و کەوندا، واتە وەرگرتنی رەوتێکی بەهێز لە فەڕ و بەرەکەت و نیعمەکانی ئیلاهی کە هەروەك فەڕ و فراوانی ئەو خۆراك و خواردنانەیە کە ئەمشەو، بە ئێمە بەخشرا، هەروەك تێبینی دەکەن، ناز و نیعمەت و فەڕ و

بەرەکەت بۆ هەمووان یەکسانە و باڵی بەسەرماندا کێشاوە و لەم نیعمەت و فراوانییەدا، هیچ ئاتاجییەك بوونی نییە، پێویستە وێناکردنی زۆر و زەوەندەیی و بەرەکەت، ئاستی زەینی زۆر بەرزتر لە سنووری دیاریکراو ببات بۆ وەرگرتنی بەرەکەت، دەبێت بیری هەر شتێکی تایبەت لە مێشکی خۆت بکەیتە دەرەوە، فەڕ و بەرەکەتی ئیلاهی بەشێوەیەك گەورە و بێ سنوورە کە چیتر شوێنێك بۆ هزر و ئەندێشەی پەست و سووك وردەکارییە بچووکەکان ناهێڵێتەوە بۆ پاراستنی ئەوە لە زەیندا، دەبێت ئاوەز و مەعریفەی مرۆڤ، بۆ پێشەوە تەکان بدات و بەرەو جیهانی وجود بفڕێت و لە شادی و کامەرانی تەواودا سەما بکات

. لەگەڵ ئەمەشدا، نابێت ئەم ئازادییە وەك ڕێگە پێدانێك بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك لەبەرچاو بگرین چونکە ئێمە بەرپرسیارین لە سەرجەم بیر و ئەندێشە و کار و کردەوەکانمان زەین و شعوری ئێمە هەرگیز ناتوانن لە ماوەی چاوتروکانێکدا بگەنە ئەو ئاستە لە ئازادی، پەڕینەوە لە دواین تابلۆکانی سنووردارێتی دەکرێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ئەنجام بدرێت، بەڵام پێویستە ئەم رووداوە پڕ لە سەروەرییە، پێشتر ساز و ئامادەیی بۆ کرابێت، ئەم ئامادەگییە هەمیشە لە دەروونەوە ڕوودەدات و پێویستە ئاگات لە سەرجەم وردەکارییەکانی بێت، ڕێك بە هەمان ئەندازە کە هەر پەڕەی گوڵێك، لە تێکڕای وردەکارییەکانیدا، لەناو خونچەکەدا کامڵ و دیاریکراوە، ئەودەمەی گەیشتە ئاستی ((کامڵ بوون)) خونچە خۆی یەکلاکاتەوە، گوڵێکی تازە لەو پەڕی جوانیدا دەپوشکوێت، بە هەمان شیوە مرۆڤیش دەبێت قاوغی خۆپەرستی و خۆ بە زل زانینەکەی بەر لە شکۆفایی خۆی تێك بشکێنێت.

یاسا ئیلاهییەکان ئەزەلی و نەمرن، ئێستا وەك هەمیشە وایە، ئەم یاسایانە لەگەڵ ئەوەی گۆڕان هەڵناگرن، زۆر پڕ بەرەکەت و بە کەڵکن چونکە هەموویان باش و چاکن، گەر بێتو ئێمە بە بایەخ و پەیڕەوی کردن لەم یاسایانە ژیان بەسەر ببەین، ئەم یاسایانە دەبنە بەردی بناغەیەك کە ئێمە دەتوانین، تەندروستی، بەختەوەری، ئاشتی هاوسەنگی ئەقڵی، سەرکەوتن و بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانمان بەبێ هیچ گرفتێك لەسەر ئەوانە بنیات بنێین، گەر بێتو ئێمە هەمیشە، بە تەواوی و بە ڕەهایی لە چوارچێوەی یاساکانی ئیلاهیدا بمێنینەوە، هیچ ئیش و ئازار و مەینەتێکمان پێناگات ئیدی پێویست ناکات شیفا وەربگرین، ئێمە تا نوکی پێمان ساغ و تەندروست دەبین .

ئێمە چەند باش لە ژانی ((غوربەتی ژیانی)) قوڵی مرۆڤایەتی ئاگادارین...! هیچ شتێك توانای لەناوبردنی ئەوەی نییە مەگەر دەرك کردنێکی ڕوون و ئاشکرا و مەعریفە و ناسینێکی

وردی خوداوەندی وجود، هیچ تاسە و پێداویستییەك، توندتر نییە لە ناسینی خواوەند، لە ڕۆحی مرۆڤدا، دەزانین کە بە ناسینێکی واقیعی دەتوانین بگەینە ژیانی جاویدانە و ئەزەلی.

ئێمە کەسانێکی زۆر دەبینین کە هەمیشە بۆ ئەملا و ئەولا هەڵپە دەکەن و ئومێدیان وایە ئاسوودەیی ویژدان لە ئەنجامدانی ئەرکێك یا چەند کارێکی دیاریکراو بەدەست بهێنن، یاخود لانی زۆر ئاسوودەیی و ئارامش لە هەبوونی شتێکی ماددی و بەناچار ((دیاریکراو))دا وەردەگرن، ئێمە تێبینیمان کردووە ئەم کەسانە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە چەندە هەوڵ و کۆششیان ئەنجامداوە و دوای گەیشتن بەو ئامانجانەش هێشتا هەستیان بە خۆشنودی و کامەرانی تەواو نەکردووە، هەندێك کەس بۆچوونیان وایە کە پێویستیان بە زەوی و زاری بەرفراوان و خانوو بەرەی زۆر هەیە، هەندێکی تر خۆیان بە بەرپرس دەزانن سەروەت و سامانێکی زۆر بەدەست بێنن و هەندێکی دیکەش بەدوای ئاگایی و پەی پێبردنی گەورەدان.

ئێمە لەم نیعمەتە بەهرەمەندین کە دەزانین مرۆڤ لە ناخی خۆیدا خاوەنی هەموو ئەم شتانەیە.

حەزرەتی عیسا، هەوڵیدا هەموو ئەم شتانە بە هەمووان بناسێنێت و ئاشکرا بکات ئێمە چەندە ئەومان خۆش دەوێت! ئەو بەهۆی کار و کردەوەکانیەوە، سەرکەوت و سەروەر و کەم وێنەیە و ئێمە هەموو ئەو کەسانەی کە گەیشتوونەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی و دەرککردنی عیسا، خۆش دەوێت، ئێمە ئەوانەمان تەنها لەبەر خاتری کار و کردەوەکانیان خۆش ناوێت، بەڵکو لەبەر بوونی خۆیان، خۆشمان دەوێن. عیسا، دوای گۆڕین و دەکەوتنی هیچ کاتێك ڕێگەی بە خۆی نەدا لە دەرەوە بمێنێتەوە، ئەو بیر و ئەندێشەکانی لە هەمان سەنتەری وجودی خۆیدا کە هەمان ڕۆحی خوداییە، بە پارێزراوی هێشتەوە، واتە هەمان بزیسکەی ناوەندی و خودای زیندووە، عیسا ڕۆحی خودایی ناچار بەدرەوشانەوە کرد تاوەکو لە باری کەماڵ دا نیشانی بدات، کەماڵێك کە مرۆڤی فانی و تیاچوو لە گۆشت و لاشەی فیزیکی بانتر دەبات و بەرەو میتافیزیکای دەبات، بەم شێوەیە کە ئەو هەموو ئەم کارە گەورانە ئەنجام دەدا، نەك لەبەر ئەوەی بەجۆرێك لە جۆرەکان، لەگەڵ من یا ئێوە جیاوازی هەیە، تواناکانی ئەو لە تواناکانی ئەمڕۆی ئێوە زیاتر نەبوو، نابێت هەرگیز ئەو وەك کوڕی خودا وێنا بکەن و خۆتان وەك خزمەتکارێکی سووك و ڕیسوا، خواوەندی جیهان لە وجودی هەر یەکێك لە ئێمەدا هەمان شۆڵەی ئیلاهیی داناوە، بەڵام عیسا یا پەیامبەرانی تر، بەهۆی هەوڵە دەروونییەکانیانەوە، ئەم شۆڵەیان زیاتر لە کەسانیتر، هەڵکردووە و پەرەپێداوە تاوەکو لەڕێی ئەم کارەوە، لە

پەیوەندییەکی ئاگاییانە لەگەڵ خودایەکدا کە لە وجودی هەر مرۆڤێکدایە و سەرچاوەی هەر جۆرە ژیان و بوون و هەر جۆرە عەشق و هەر جۆرە دەسەڵاتێکە، بمێننەوە.

عیساش پیاوێك بوو وەك مرۆڤەکانی تر، ئەویش ئازار و مەینەتی کێشا، وەسوەسە و تاقیکردنەوەی جۆراوجۆری تووش بوو، رێك وەك خودی ئێوە کە لەو وەسوەسانەی لەسەرە رێتان قووت دەبنەوە، دووچاری رەنج و ئازار دەبن و لە ئەزموونەکانی ژیان تەمەڵ و تەوەزەل دەبن، ئەو بە درێژایی مانەوەی لەسەر زەویدا، لە قاوغە فیزیکییەکەیدا، رۆژانە چەند سەعاتێك لەگەڵ خودای خۆیدا خەڵوەتی دەکرد، ئەویش وەك هەر یەکێك لە ئێمە ناچار بوو بە قۆناغی باڵغ بوون و نەوجەوانیدا بگوزەرێت، هەر کەسێك پێویستە لە ماددە و پێداویستییە جەستەییەکانی و جۆرەها ترس و گومانەکان و نیگەرانییەکانی، بەسەرکەوتویی بێتە دەرەوە و زاڵ بێت بەسەریاندا تاوەکو بتوانێت بە مەعریفەی کامڵ ((حزور))ی باطنی بگات و خودایەك بناسێنێت کە لە وجودی هەر یەکێك لە ئێمەدایە، خودایەك کە عیسا جەختی دەکردەوە هەموو کارەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو ناچار بوو تەعالیمێك وەربگرێت رێك بە هەمان شێوە کە ئەمرۆ، ئێوە سەرقاڵی فێربوونن، پێویست بوو چەند تاقیکردنەوەیەك ئەنجام بدات، وەك ئێمە یا ئێوە کە مژوڵی فێربوونن و ئەوانە بۆ چەندین جار تاقیبکاتەوە، پێویست بوو بەردەوامی و خۆڕاگری پیشان بدات مشتی توند بقوچێت و ددانەکانی لە یەك گیربکات و بڵێت ((من سەردەکەوم چونکە دەزانم رۆحێکی خودایی لە وجودی مندا هەیە)) ئێمە دەزانین کە ئەم رۆحە خوداییەی ناخی عیسا بوو کە لە عیسا، مەسیحی دروست کرد ئەوی لەم بارەدا هێشتۆتەوە، بەڵام هەر کەسێك دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامانە، ئێمە ئەم قسانە بۆ هێنانە خوارەوەی توانای عیسا ناکەین، بۆ سووك کردن یا خوانەخواستە بێ بەهاکردنی ئەو ناکەین، چونکە ئێمە بە عەشقێکی کەم وێنەوە ئەومان خۆش دەوێت، ئەو بەرگەی لە خاچدانی تەواوی نەفسی ناوەکی خۆی گرت تا گەلەکەی بەرەو لای خودا رێنمایی بکات و بە ئاڕاستەیەکی دوور لە گوناه و تاواندا بیانبات، رێیەك کە هەرگیز لەگەڵ نەخۆشی و چارەڕەشی و سەختی و دژواری دا رووبەڕوو نابێتەوە، ئەو دەیویست رێگە بە یارەکانی بدات کە خواوەند لە ناخیاندا دەربخەن و پیشان بدەن تاوەکو هەموو لایەك فێری ئەوە بکات کە خواوەند لە وجودی هەر یەکێك لە ئێمەدایە و هەموومانی وەك یەك خۆش دەوێت، هیچ کەسێك لە دنیادا نییە کە لە نزیکەوە ئاشنای ژیان و رێنماییەکان و فیکری عیسا بێت و ئەوی خۆش نەوێت، ئەو برا گەورەی کامڵی هەر یەکێك لە ئێمەیە.

بەڵام گەر هاتوو ئێمە مافی گەورەیی و سەروەری خۆمان بخەینە مامەڵەوە، گەر بێت و بە چاوی سووکایەتی و بیّ باکانە لەگەڵ یاسا باش و بەکەڵکەکانی خواوەندا بەرخورد بکەین، لەڕاستیدا بەم مانایە دەبێت کە پشتمان کردۆتە قەڵەمڕەوی خودایی و چووینەتە خاکێکی دوورەدەست و نائیلاهی و خۆمان ون دەکەین، ئەو دەمەی مرۆڤ بە دەست کێشە و گرفتەکانی ژیانەوە هیلاك و کەم حەوصەڵە دەبێت، ئەودەمەی هەست بە دڵتەنگی و نامۆبوون دەکات، دەتوانێت بە هەنگاوی لەرزۆکەوە، بۆ ئاستانەی خودا بگەڕێتەوە، بەڵام دەتوانێت ئەم گەڕانەوەیە یا لەڕێی تەی کردنی ئەزموونی تاڵەوە ئەنجام بدات، یا لەڕێی وازهێنانی خۆویستانە لە شتە ماددی و دنیاییەکان، گرنگ نییە شێوازی بەدەست هێنانی فەزیلەت و مەعریفە و شعور بە چ شێوەیەك بێت، مرۆڤ هەمیشە بەرەو ئامانجی کۆتایی کێش دەکرێت بۆ ئەو جێیەی لە سەرەوە، لە سەروو ئاسمانەکانەوە، مرۆڤ بانگ دەکەن، بە هەر هەنگاوێك مرۆڤ بەهێزتر و چاونەترس و چاپووك تر دەبێت، دواجار واز لە تەپاوتل و دڕدۆنگی دەهێنێت، مرۆڤ لە وجودی خۆیدا بە شوێن نوری ڕێنماییدا دەگەڕێت، بۆی دەردەکەوێت کە لە شعور و ئاگاییەکی بێداری لەم چەشنە، ڕێك لە ماڵ و شوێنگەی سەرەکی و کۆنە ئاشناکەی خۆیدا حزوری هەیە، بەم جۆرەیە حزوری هەمیشەیی بەردەوامی خواوەند، حزورێك کە ئێمە هەناسەی تێدا دەدەین و بەر کەماڵ دەبین، ئێمە بە هەر هەناسە هەڵمژینێك بە ناخی خۆماندا هەڵیّ دەلۆشین و بە هەر ترپەیەکی دڵمان لەگەڵ ئەو حزورەدا دەژین.

وا هەست نەکەن کە پێویستە ئێوە بێن بۆ لای ئێمە، بچنەوە بۆ ماڵی خۆتان بۆ کڵێسە یا پەرستگا یا مزگەوتی خۆتان، بۆ ئەو ماڵەی پەرستیش و پاڕانەوەی تێدا دەکەن، بڕۆن و لە تەنهایی خەڵوەتی دڵی خۆتاندا بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی دەتانەوێت، لەویّ دەتوانن کۆمەکی خودایی وەربگرن، خالّقێك کە مامۆستای گەورەی عەشقە، ئێوە هەروەها دەتوانن یارمەتی و کۆمەکی تەواوی مردوو و پێشینان وەربگرن، ئەو بوونەوەرانەی کە بەرزترین تەعالیم وەردەگرن هەموویان هەوڵی یارمەتیدانی ئێوە دەدەن، لە هەر شوێنێك بن و لە هەر ساتێکدا کە بتانەوێت، ئێمە چەند بەڕوونی توانای دیتنی عیسا و مامۆستاکانی ترمان هەیە کە بە بەردەوامی ئامادەی یارمەتیدانی ئەو کەسانەن کە هاواریان تێدەکەن! بەسە بانگیان لێبکەن، ئەوان بەر لەوەی هاواری بە هاناوە چوونەکەی ئێوە کۆتایی پیّ هاتبێت، وەڵامتان دەدەنەوە، ئەوان لە پاڵ ئێوەدا هەنگاو هەڵدەگرن، لە هەر چرکەساتێکی شەو و ڕۆژدا، هێندە بەسە دەرك و ئاگاییتان بەرزبکەنەوە تاوەکو ببینن و تێبگەن کە لە پاڵ ئەواندا هەنگاو هەڵدەگرن، لەو

ساتەوەختەدایە کە ئێوە چیتر هیچ جوڵەیەك کە لە ترس و نیگەرانییەوە سەرچاوە بگرێت لە خۆتان پیشان نادەن.ئەوان دەستیان بۆلای ئیوە دریژ دەکەن پیتاندەلین ((بۆلای من وەرە تاوەکو هیلاکی و ماندوبونت دەربچیت))ئەمە ئەوە ناگەیەنیت کەدوای ئەزمون کردنی مەرگ وەرن بۆلای ئیمە . نەخیر ! بەلکو واتە کە هەرئیستا وەرن هەربەوجۆرەی کەهەن ئاستی دەرك و ئاگایتان پەرەپیبدەن و بگەنە ئاستی ئیمە، پاشان خۆتان لەشوینیکدا دەبیننەوە کە ئیمە ئەمشەو لە حزور لەو شوینەدا بەهرەمەندین : واتە بانتر لەهەر سنوربەندیەکی مادی و لە حالەتیکداکەلەرادەبەدەر ئازادین.

ئاشتی، ساغلەمی، عەشق، شادی، فەروبەرەکەت لیرەدایە، ئەم شتانە میوەکانی زەین و ئەندیشەن، واتە خەسلەتە میهرەبان ئامیزەکانی خودایی، هیچ برین و ناسۆریك هەرگیز دوچاری کەسیك نابیت کەلەخودا دەروانیت، هیچ ئازاریك بەمجۆرە کەسە ناگات، گەربیتو تەنها بەلە خودا روانین قایل بین، بەناوی بەرزو بالای یاسای ئەسلی ئیلاهی، لەتیکرای دەردو نەخۆشیەکانمان شیفامان بۆ دیت.

خواوەند لەنیوان ئیوەدایە، ئەی رۆلەکانی نا کۆتایی! ئەی زەینە نەمرەکان! هیچ شتیك نابیت ببیتە مایەی هەژاندنی ئیوە، یامایەی نائومیدی یاترس و بیمی ئیوە، ئیوە لەدل و سینەی پەروەردگار هاتونەتە دەرەوە، ئەمە هەناسەی فوپیداکراوی خواوەندی بەتواناو دەسەلاتە کە لەئیوە، رۆحیکی زیندوی بەدیهیناوە، مەگەر وانیە کە ((بەر لەئیبراهیم، ئیوە ئەی خۆشەویستانی من بونتان هەبووە، ئیوە هەنوکە مەخلوقاتی خۆشەویستی خودا، و هەروەها میراتی مەسیحن ))توانایەك کەلەبونی عیسی یا ماموستا گەورەکانی دیکەدا هەیە، لەوجودی ئیوەشدا هەیە، هەولبدەن وینە یا ئەندیشەیەکی دروستتان لە بارەیەوە لەزەینی خۆتاندا هەبیت بەم جۆرە بۆتان دەردەکەویت کە هیچ شتیك ناتوانیت ژیان و زیندگی و بون بە هیچ شیوەیەك لە ئیوە بسینیت، نەپیری و پەککەوتەیی نەمەرگ و فەنابون نەپیشهاتە جۆراوجورەکان توانای ئەم شتەیان نابیت .

مرۆڤ دەتوانیت خۆی لەنیوان ئەم بەرگە نەرم و نیانەی خواوەندا بە وردی و زەرافەتیکی وا داپۆشیت کە هیچ شتیك توانای دراندن یا دەست لیدانی جەستەی ئەوی نابیت، سەرجەم شیوازو ئامرازەکانی تیکدان و لەناوبردن، سەرجەم هیزو وزە لیکدابراوەکان لەلایەن مرۆڤەکانەوە، دەتوانن ئیوە بکەنە نیشانە، لەگەل ئەمەش دا، ئیوە لەسەرجەم ئەم ئەزمونانە، سەرکەوتو سەرفەراز دینە دەرەوە، تەنانەت گەربیتو قاوغە فیزیکیە کەشتان بەریکەوت لەناو

بچیت، خۆ بەخۆو لەرێی زەینەوە دوبارە دروست دەبێتەوە و رووالەتی دەرەکی جاران وەردەگریتەوە . بەم پێیە تیبینی دەکەن ئیمە بەچەند قات لەجل و بەرگی نیزامی باشترو کاریگەرتر لەجۆرەها ئەفراندنی پیشکەوتوی مرۆیی بەهرەمەندین و دەتوانین بەخۆرایی لە هەرئان و ساتیك و لەهەرهەلومەجیکدا کەلکی لیوەربگرین بەبی ئەوەی پارەیەکی لەبەرامبەردا بدەین، بەمجۆرە باشتر وایە هەرچی خیراتر خۆتان بەهەمان شیوە کەلەراستی دا هەروان بنوین .

عیسی و مامۆستا گەورەکانی دیکە، دەرکیان بەم واقیعیەتە کردووە، خودی عیسی دەیتوانی ریبگریت لە ئەشکەنجەو ئازارە بەسوییەکانی، گەر بیویستایە لەتوانای خۆی کەلك وەربگریت، هیچ کەسیك لەتوانایدا نەبوو بیدۆزیتەوە و دەستی پیرابگات، ئەو بەو گۆرانکاریە بنەرەتی و توندەی کە لە گۆشەنیگای رۆحانی و مەعنەوی لە قاوغەکەی دا دروست بوو بوو، ئاگادار بوو، وەبەهیچ شیوەیەك حەزی نەدەکرد ئەم گۆران و وەرچەرخانە بەبی هیچ پیشەکیەك، لەنیوان ئەو بونەوەرانەدا کە هیندە ئەویان خۆش دەویست و ئەویندariyan بوو، دەربکەویت، پیویست بوو گۆرانکاریەکی گەورە لە گۆشەنیگای دەرەکی یەوە کەهەمان مەرگی جەستەیە ئەنجام بدریت تاوەکو خەلك لەبەهاو بایەخی گۆران و وەرچەرخانی رۆحانی ئەو ئاگاداربن و هەولی پەرستنی ئەو نەدەن وەك بتیکی گەورە، عیسی کە ئاگاداری توانای گەورەی خۆی بوو بۆ زالبون بەسەر مردن دا، حەزی دەکرد بەهاوری و هەوادارە خۆشەویستەکانی بسەلمینیت کە هەرکەسیك لە هەمان توانای ئەو بەهرەمەندە، هەربۆیە ریگای ئەشکەنجەو لەخاچدانی هەلبژارد تاوەکو ئەوان بەچاو ئەم واقیعە ببینن و دوای دیتنی ئیمان وبروای پی بهینن، ئەو هەروەها دەیویست پیشانیان بدات قاوغی جەستەی خۆی تائەو ئاستە کامل کردووە کە دەیتوانی ریگە بەدوژمنەکانی بدات ئەوەی بەگومانی ئەوان ژیان و وجودی ئەوە لیی بسینن و زەوتی بکەن

ئەم دوژمنانە، لاشەکەی ئەویان خستە گۆریکەوە و بەردیکی گەورەیان نا بەسەر دەمەکەیەوە تاوەکو لەئەشکەوتیکدا کە بە گۆر دەدرایە قەلەم بەتەواوی دەرگای لیداخرابیت لەگەل ئەمەشدا ((خودیتی ))راستەقینەی عیسی توانی ئەو بەردە بجولینیت و قاوغی رۆحانی واقیعی خۆی لەهەر جۆرە سنوربەندیەکی مادی بانتر ببات، عیسی دەیتوانی لەکاتی دیارنەماندا، قاوغەکەشی لەگەل خۆی ببات، بەلام دەیویست پیشانی بدات بەو شیوە لەناونەچووەی، هیچ دەستیکی پیراناگات و هیچ کەس و هیچ شتیك توانای لەناوبردنی ئەوی

نابیت، واتە نەپیشهاتەکانی جیهانی مادەو نەریکەوت و روداوە چاوەروان نەکراوەکان و تەنانەت لەدەستدانی ژیان و زیندەگی جەستەیی لەریی شەرەنگیزی و تەندوتیژی ئەوانی دیکەوە توانای ئەنجامدانی ئەمجۆرە کارەیان نەبوو، دوای لەخاچدانی و بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان، قاوغی جەستەیی عیسی بەجۆریکی وا کامل بوو کە ناچار بوو ئاست و ریژەی ئاگایی و ئاوەزی کەسانیك کە لە گەلیدابون، تائەو ئاستە پەرەپیبدات کەئەوان ئەو ببینن،ئیمەش ئەمرۆ ریك وراست ناچاربوین کاریکی لەو جۆرە ئەنجام بدەین تاوەکو بتوانین خۆمان بەئیوە میوانانی ئازیز پیشان بدەین و بنوینین، ئەو دەمەی سەرلەبەیانی ژنانیك کەلەگەل عیسی خزمایەتیان هەبوولەگورەکەی نزیك بونەوە، بەردیکی گەورەی قورسیان بینی کە بەرەو گۆشەیەك تل درابوو، جلەکانی کفن و ئەسپەردەکردنی ئەو مامۆستا مەزنەش لەسەر زەوی کەوتبوو بەلام تائەودەمەی عیسی ئاستی ئاگایی و دەرك کردنی ئەوانی پەرەپینەدا، ئەوان نەیانتوانی بیناسنەوە.

پاشان، کاتیك کەعیسی لە ریگای (عمواس)لەگەل ئەو دوزیارەتکارەدا کەوتە گفتوگۆ زیارەتکارەکان ئەویان نەناسی تائەو حەلەی کەئەو کولیرەیەکی کرد بەدولەتەوە تالەگەل ئەواندا بیخوات، لەو دەمەدا بوو کە بەدریژایی دەرکەوتنەکانی دواتریشی هەمان مەسەلە هاتە پیشەوە، ئەو لەگەل یارەکانی دا قسەی دەکردو پیاسەی دەکرد بەبی ئەوەی ئەو بناسن، چونکە ئاستی ئاگایی ئەوان لەوپلەیەدا نەبوو کەئەو ببینن بەلام دەسبەجی دوای گەیشتنە ئەوئاستەی ئاگایی، ئیدی توانای دیتنی ئەویان پەیداکرد،

پاشان چەند کەسیك لەهاوریکانی وردەوردە دەستیان کرد بەدەرك کردنی بایەخی رۆحانی و مەعنەوی واقیعی، ئەوان پەیان بەمانای قول و شاراوەی ئەو برد و گەیشتنە پلەی ناسین، لەگەل ئەمەش دا، زۆرینەی خەلك بروایان بەعیسی نەهینا چونکە نەگەیشتبونە ئەو پلەیە لەئاگایی و ئاوەزی پیویست بۆدەرککردن و بینینی حەقیقەتی رۆحانی ژیرەوەو شاراوە لەرووالەتی مەسەلەکاندا بەلام (پەردە)نهینیەك کە تائەو زەمەنە، بەهۆی هەستەوەرە مادیەکانی مروڤەوە لەبەرامبەر چاوەکانی مرۆڤدا دادرابویەوە، لادرا، ئەی ئەوە نیە دەلین: ((...و پەردەی پەرستگاکە بوو بە دولەتەوە، لە سەرەوە تاخوارەوە درا)) مرۆڤەکان لەسەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر مەرگدا ئاگاداربون و پەییان پی برد، تەنانەت تیگەیشتن کەمرۆڤ لەتوانای دایە بەبەرز بونەوەو گەیاندنی ئاستی ئاگایی یەکەی بەو ئەندازەی کەهەندی مەسەلەی تر بونی دەرەکییان نیە، لەتیکرای سنوربەندیە مرۆییەکان تیپەریت و بگاتە جیگایەك کە هیچ

کام لەم شتانە بونیان نیە، هیندە بەسە کە ئاگایی و ئاوەزیکی لەم چەشنەتان خۆش بویت وبەگەورەی بزانن تائەم ئاگایی یەدەربکەویت.

ئەمە هەمان موکاشەفەی یاقوبە لەکاتیکدا کەلەسەر بەستینیکی رەقانی مادی گەرایی کەوتبو، حالەتەکانی ئاگایی و دەرککردنیك کەمرۆڤ سەرنجیان لیدەدات، لەوجودی دا دەردەکەون، ئەمە بویە مایەی ئەوەی کە یاقوب داری بەلەك لە قەمی ئاوخواردنی مانگاکانی دا دابنیت و تیکرای مانگاکانی، گویرەکەی بازگیان بوو کە هەرئەم مەسەلەیە، یاقوبی لەکۆیلایەتی مادی دەربازکرد .

ئیمە دەتوانین ئارەزو بۆچونەکانمان بەوردیەکی وا لە رەگەزی ئیلاهی دا بەبی فۆرم و نەبینراوانە بدرەوشینینەوەو رەوانە بکەین کەئەم ئارەزووە راستەوخو و لەهەمان مادەی بی شێوە، شیوە دەگریت، ئەم رەگەزە لەبەرامبەر ئاوەزو ئاگایی فەنابوی مرۆڤەکاندا قابیلی دیتن نابیت، بۆنمونە، هەرئەو ئاوەی کە لەقەمەکەدایە سمبولی ئاوینەیەکە کەبەیارمەتی ئەو وینەیەی لە ئەندیشەدا هەلگیراوە، بەرەو رۆح تیشکدانەوەی دەبیت و بەئاراستەیەك کەقولترین شوینی وجودی مرۆڤە دەکەویتە ری و پاشان گەلالە دەکریت و دەردەکەویت و شیوە یەکی بەرجەستە وەردەگریت .

ئەم دۆخە بۆدۆستانیکیش کەئەمشەو لە نیوان ئیمەدا حزوریان هەیە راستە، تەنها ژمارەیەکی کەم لە کەسە جدیەکان، ئارەزو وینەی زەینی داواکراو دەرك دەکەن، وبۆپیشەوە هەنگاو هەلدەگرن، خۆیان پەروەردە دەکەن و کاری سەرەکی خواوەند ئەنجام دەدەن،هەندیکی تر، دەسپیکی کارەکانیان باشە، بەلام توانای بەردەوام بوون و دریژەپیدانی هەول و کوششیان نیە بۆ پەرینەوە لەیەکەم دیواربەندی مادیاتەکان، ئەوان دەگەنە ئەم ئاکامە کەوتنە سەر ریرەوی هەلکشان و داکشانەکان و خۆ بەئەوان سپاردن بەچەند قات ئاسانترە و مەیدانی چالاکیەکە بەجیدیلن، ئیمە هەمومان لیرە،لەرەهەندی مادی و دلی بینین و بەرهەستدا ژیاوین،لەراستی دا ئیمە هەرگیز زەویمان بەجینەهیشتووە، ئیمە تەنها بۆ مرۆڤگەلیك نەبینراوین کەزەین و بیریان تەنها لەسەر خولگەی مادی گەرایی دەسوریت، ئیمە هەمیشە بۆ کەسانیك کە گەیشتونەتە ئاستیکی بالاترلەئاگایی و ئاوەز، بینراوو قابیلی دیتن دەبین .

تۆوی هەروویناکردن و بۆچونیك کە لە زەوی رۆح دا بچینریت، دەگۆریت بۆ ئەندیشەیەك، چالاکی زەینی وینەی هزریك بەئەو دەبەخشیت، پاشان ئەم ویناکردنە لەلایەنی جەستەیی و فیزیکی دا دەردەکەویت، بیری کەمال خوازی، کەمال دەئافەرینیت و بیرو ئایدیای دور لەکەمال، شتە ناکاملەکان دەخولقینن، بەهەمان ئەندازە کەزەوی ناوچە گەرم و خۆرەتاوەکان،

بەهەمان حەزو تاسەوە زۆرترین گوڵ و درەختەکان بەرهەم دینیت و گوڵانیکی هیندە جوان و قەشەنگ یاخود درەخت گەلیکی هیندە گەورەو زەبەلاح دەخەنەوە کەهەرکامیان بەگویرەی دەنك و تۆوە تایبەتەکانی خۆیان چینراون، بەهەمان شیوەش رۆحیك کەلەلایەن ئەندیشەوە، روناك نەبیتەوە وەڵامی مرۆڤ دەداتەوە، ئەوەی کەمرۆڤ دەیخوازیت و ئەوەی کە بەباوەریکی بتەوەوە خواستویەتی، هەر لە ئیستاوە وەریگرتووە .

ئەو رۆحانەی کە لە دەروازەکانی مردن، لە قەلەمرەوی بینراو چونەتە دەرەوە، ریك بە هەمان رەوشی پیشوی بەر لە ئۆغرکردنیان، لە هەمان ئاستی میتارۆحیەوە دەردەکەون، ئەمە بەلگەی سەرەکی بوونی قەلەمرەوی فراوانی میتارۆحییە کە جیهانی بینراو بە جیهانی واقیعی رۆحانیەوە دەبەستیت.

سەرجەم ئەو رۆحانەی کەتامەزرۆن و خواستی گەیشتنیان هەیە بەدنیای دووەم دەبیت بەهیزیکی زۆرەوە، ریگایەك بۆخۆیان لەریرەوی یەکەمدا بکەنەوە و پاشان خەریکی دەرککردنی رۆحانیەت و مەعنەویەت بن، پیوستە کە ئەم رۆحانە، ریچکەی خۆیان لە نیوان قەلەمرەوی میتا رۆحی، و لەهیلیکی راستدابەرەو لای خواوەند بکەنەوە .

مەرگ تەنها لەرەهەندی میتا رۆحی دایە کە مادەی رۆحانی بۆجۆرەها چالاکی ئازاد دەکات، واتە ریك ئەو جییەی کەبەرلە جیهیشتنی قاوغی جەستەیی، حزوری هەبووە تییدا، کەسی مردو دەرکی نەکردووە کەتەنها یەك ئەندیشە، یەك مادەی رۆحانی، یەك هزر، و یەك قاوغ زیاتر بونی نیە ئەو تەنانەت ناشزانیت لەوشوینەوە سەرچاوە یان گرتووە و دەبیت بۆ ئەوی بگەرینەوە، مادەیەکی رۆحانی کەلەلایەن خواوەندەوە نیردراوە و خاوەن دەسەلاتی قاوغە و بەشیکە لە جەستەی ئیمە، ئەم مادە رۆحانیە یا رۆح، هەرگیز لەرۆحی خودایی جیانی یە، بەهەمان ریژەش هیچکام لەئەندامەکانی لاشەمان، لەجەستە جودا نیە، ئەندامی ناوبراو، بەشیکە لەجەستەی ئیمەو پیویستە کەبەباشی پەیوەست بیت بەلاشەوە تاوەکو کۆمەلیکی کامل پیکبهینیت، بەهەمان ئەندازەش پیویستە کەسەرجەم خیوو رۆحەکان، پیکەوە پەیوەست بن تاوەکو گشتیکی کامل و تیرو تەواو پیکبهینن .

رستەی ((ئەوان هەمویان لە شوینیکدا کۆدەبنەوە ))بەم مانایە کە ئیمە هەمومان لەیەکبونی خۆمان لەگەل خواوەندی تاك و تەنهای جیهان و هەروەها لەشوینیك کەسەرچاوەی یەکە، ئاگاو ئاگادار دەبین .

بەمجۆرەیە یەکبون و پەیوەست بون، یەکبونیك کەلە مەعریفەو تیگەیشتنی ئیمە سەرچاوەی گرتووە و کاریك دەکات کە ئیمە دەزانین بەگویرەی وینەو لیکچوی خواوەند دروستکراوین لەریی هەمان وینەوەیە کەخواوەند، وینەیەکی خوازراو کەبۆئیمە لەبەرچاوی گرتووە، بەیان دەکات .

مانای ئەم رستەیە چیە : ئیلاهی! ئیرادەی خۆت جیبەحی بکە نەك ئیرادەی ئیمە !...!ئەمە بەم مانایە کەمرۆڤ حەزدەکات خواوەند لەریی ئەوەوە، بەرزترین ئامانج و وینەی زەینی خوازراو کەخودا بۆئەوی لەبەرچاو گرتووە، بەیان بکات، هیچ بونەوەریك لەتوانای دا نیە لەسەرو هزری مادی گەراییەوە قەرار بگریت بەبی ئەوەی بەشیوەیەکی ئاگایانە یابەبی ئاگایی مژولی ئەنجامدانی خواست وئیرادەی ئیلاهی نەبیت .

لەم ساتەدا، گوتەکانی ئەو مرۆڤە پاکە کۆتایی هات، و یەکیك لەئیمەلەبارەی ریژەییەوە پرسیاری کرد،ئەو خاتونە مەزنە پرسیاری کرد، وشەی راست ودروست ! رەگەز یامادەیە، کەواتە دوبارەی دەکەمەوە ! ریژەیی بونی مادە، زۆر باشە، وەرن و بۆساتیك بیر لە پینج قەلەمرەو کانزایی، رووەکی، ئاژەلی، مرۆیی و خودایی بکەینەوە، وەرن لەنزمترین قەلەمرەوی پەیژەی بایەخەوە قسەبکەین، مەبەستم قەلەمرەوی کانزایی یە، ئیمە لەم قەلەمرەوەدا، زۆریك گەردی ورد لەمادەمان چاوپیدەکەویت کەهەموو ئەمانە ژیانیکی تاکوتەنها بەیان دەکەن، واتە ژیانی خواوەند، تیکشکان و لەناوبردنی ئەوان، و ئاویتە بونیان لەگەل ئاوو هەوا، زەوی پیکهیناوەو سەرجەم گەردە ئاماژە پیکراوەکان هیشتا هەم زیندەگی سەرەکی خودابیان پاراستووە، ئەمە ئەو ئەنجامەی لیدەکەویتەوە کە قەلەمرەوی رووەکی یاگیایی کە گوزارشتی دواتری خواوەندە لە پیودانگ و پیوەری بەهاکاندا، شوینیك بۆخۆی دەکاتەوە، گیایەکان هەرکامیان خاوەن خانەی خۆیانن، دیسان هەلگری زیندەگی و ژیانی تاك و تەنهان، ئەم خانانە هەرکامیان گەردیلەیەکی بچوك لە ژیانی قەلەمرەوی کانزاییان هەلگرتووە و زۆریان کردووەو ژمارەکەیان پەرە پیداوە، ئەم گیایانە، لەپلەیەکی بانتر لە قەلەمرەوی یەکەم، هەمان هەقیقەتی بەیانکردووە و بەرەو قەلەمرەوی خودایی پیشڤەدەچن .

ئەم قەلەمرەوە ئاژەلیە ریگە دەدات کە شوین بۆخۆی بکاتەوە، ئەم قەلەمرەوە، سیهەم، حالەتی دەربرینی خودایی پیکدەهینیت، ئاژەلەکان کە هەرکام لەئەندامانی ناوەوەی لاشەیان هەلگری زیندەگی وژیانی تاکو تەنهایە،چەند گەردیلەیەکی بچوکی لە ژیانی قەلەمرەوی گیایی هەلگرتووەو پەرەیان پیداوە، ئەم قەلەمرەوە، پلەیەك بانتر و لە کاتیکدا کەبەرەو قەلەمرەوی

خودایی پیشڤەدەچیت، گوزارشت لەم حەقیقەتە دەکات، ئەم قەلەمرەوە مروییە کەدەربرینی دوایی خواوەندە ریگە دەدات تاوەکو شوینیك بۆخۆی لەم پیوەرانەدا بدۆزیتەوە، مرۆڤەکان کەلە هەربەسشیکی بونی خۆیان، هەلگری ژیانی تاکو تەنهان، لەقەلەمرەوی ئاژەلی چەند گەردیلەیەکی بچوکیان بۆخۆیان هەلگرتووە، بەدەربرینی ئەم حەقیقەتە بەپلەیەك بانتر لە پلەکانی پیشو، ئەوان شوینیك بۆحزوری قەلەمرەوی خودایی دەکەنەوە، واتە بەرزترین قەلەمرەو کە خواوەند لەریی ئەوەوە، بەهۆی مرۆڤەوە، گوزارشت لەخۆی دەکات و دەردەکەویت

کاتیك مرۆڤ دەگاتە ئەم قەلەمرەوە، لەشوینیکدا خۆی دەبینیتەوە کەپەی بەوە دەبات هەمو شتیك لە یەك ژیدەرەوە سەرچاوە دەگریت، هەلگرو پاریزەری ژیانی تاکوتەنها خواوەندە، مرۆڤیك کەگەیشتبیتە ئەم قەلەمرەوە، بەسەر تیکرای دیاردە مادیەکاندا، زالبووە، بەلام ناچاریش نیە کە لە هەمان شویندا بمینیتەوە، چونکە هەمو شتیك لەحالەتی پیشڤەچون و کامل بوندایە، هیشتا جیهان گەلیکیتر کەچاوەریی فەتح کردنن بونیان هەیە، ئیمە هەنوکە دەگەینە شوینیك کەسەرەنجام بۆمان دەردەکەویت تەواوی فراوانی فەزا، هەلگرو پاریزەری ژیان و هەستی تاقانەی خودایی یە و ئەمەش کەهەمو شتیك لەسەرچاوەی ئەسلی و رەگەزی یەکەمەوە هاتووە، بەم پییە هەرمادەیەك ریژەیی بون وەردەگریت و یاخود پەیوەست دەبیت بە سەرچاوەکەی خۆیەوە، ئایا بەم شیوەیە نیە ؟ ئەلبەتە کەوایە.

گفتوگو کۆتایی هات، لەوروەوە کەخوانی ئیوارەش کۆتایی هاتبوو، گشت میزو کورسیەکان لەهولەکە برانە دەرەوە، سەرەنجام کاتیك بۆ خۆشی و سەرگەرمی و ئەنجامدانی جۆرەها یاری خۆش هاوری لەگەل سەماو ئاواز هاتەپیشەوە، موزیك لەلایەن هەمان گروپی سرودی نەبینراوەوە فەراهەم کراوەو ئیمە هەمومان کاتیکی خۆشمان بەسەر برد، ئەو شەوە بە ئاهەنگیك لە موزیك و گۆرانی کۆتایی هات، ئەو گروپە موزیکە دواجار بینران و شیاوی دیتن بوون و لەنیو ئامادەبوان دا کەوتنە گەشت وگەران و هەندیك جار بەراسەری میوانەکانەوە دەکەوتنە فرین، دواجار، زایەلەیەك لە موزیك و گۆرانی و خەندەو پیکەنین ئامادەبوانی تەژی کرد، بەراستی ئەو ئیوارە خوانە بەجۆریك ئیمەی خستە ژیر کاریگەریەوە و سەرنجی ئیمەی راکیشا کەتائەو دەمە هاوشیوەمان لە هیچ شوینیکی دنیا نەبینی بوو .

بەئیمەیان راگەیاند گەر بهاتباو تەواو ئارام و هیور بوینایە، توانای ئەوەمان دەبوو لەهەر زەمەنیکدا، دەنگی موزیکی ئاسمانی ببیستین، بەلام گروپە هاوریکە تەنها لە هەلومەرجیکی

ئاوا نائاسایی دا، قابیلی بیستن یا دیتن دەبون، ئیمە دوای ئەو شەوە، ئەم بابەتەمان چەندەهاجار ئەزمون کردووە و هەرجارەی دەمانتوانی گوی لەو موزیکە دلگیرە بگرین، موزیکی ناوبراو هەمیشە کزو بەشیوەیەکی دلگیرو نەرم و گونجاو بوو، هەرگیز وەك شەوی یەکەم سەدا و ئاوازیك لەتروپکی چالاکی و شادومانی دا بەوحالەتی ئازادیەوە لەخویان دەرنەبری، ئەم کارە تەنها بەئامادەیی چەند کەسیك لە مامۆستاکان ساناو هەموار بوو، ئەم موزیکە، هەمان شتە کە لەژیر ناونیشانی (( گروپی سرودی فریشتەکان )) بەناوبانگە، بەلام ماموستا بەریزەکانی ئیمە ناوی ((سەمفۆنیای رۆحە یەکگرتووەکانیان ))لینابوو، ئیمە بۆماوەی سی رۆژ لەو ئاواییە دا ماینەوە، بەدریژایی ئەم سی رۆژە زۆریك لە دۆستەکانمان چاوپیکەوت، لەشەوی سیهەم دا، ئەوان مۆلەتیان وەرگرت و خوا حافیزیان لە ئیمە کرد و گوتیان کە دەبیت برۆن، بەلام لەشوینی نیشتەجی بونی زستانەمان دا، سەردانمان دەکەن، و پاشان لەبەرچاو ونبون .

❊ ❊ ❊

## بەشی بیست و دووەم

بۆ بەیانییەکەی، لەگەڵ ئەمیل و ژستدا گوندەکەمان بەجێ هێشت، بەرەو ئاواییەك کەوتینەڕێ کەوتبووە باکورەوە و ئێمە ئەو شوێنەمان بۆ مانەوەمان لە وەرزی زستاندا هەڵبژاردبوو، لەم ناوچانەدا، وەرزی زستان زۆر سەخت و ساردە و پێمان خۆش بوو لەڕووی شوێنی مانەوە و خەو و خۆراکەوە تەواو دڵنیابین و بزانین کە لە سەرما و سۆڵەی مانگەکانی زستان، پارێزراو دەبین. بۆ جارێکی تر، سەرجەم نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێی ئێمە بێ بناغە بوو، چونکە لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ئاواییەکە، بینیمان چەند ژوورێکی زۆر راحەت و گونجاویان بۆ ئامادەکردووین و هیچ کارێك نەمابۆوە مەگەر بردنی کەل و پەلەکانمان بۆ ناو ژوورەکان.

ڕێگایەك کە ئێمە لە گوندەکەی ئەمیلەوە گرتمانەبەر، لە تەختاییەکەی پێشووەوە تێدەپەڕی، پاشان بە درێژایی دۆڵێکی قوڵدا کە بە شێوەیەکی پێچاوپێچ بەرەو ژوور هەڵدەکشا درێژەی هەبوو تا دەگەیشتنە سەرملەیەکی شاخاوی لە پاڵ ئەم ملەیەدا، ئەو گوندەی مەبەستمان بوو هەڵکەوتبوو کە دەیڕوانی بەسەر ئەو تەختاییدا، قەدپاڵی دۆڵەکە و هەڵدێرگەکە بە تەواوی ستوونی بوون نزیکەی سەد تا سێ سەد مەتر بەرزبوون، ئەم قەدپاڵانە درێژ دەبوونەوە تا دەچوونە پاڵ زنجیرە شاخێك کە بەرزییەکەیان دەگەیشتنە حەوت سەد تا هەشت سەد مەتر لە ترۆپکی سەر ملەکەدا، دوو ترۆپکی گەورەی بەردین کە دوو سەد مەتر مەودای نێوانیان بوو، ناوچەیەکیان گەمارۆدابوو کە نزیکەی یەك هەکتار دەبوو ئەم دوو لوتکەیان لەڕێی دیوارێکی حەوشەوە کە نزیکەی دوانزە مەتر بەرزییەکەی بوو بە یەك گەیاندبوو، قەبەیی دیوارەکە لە خوارەوە بیست مەتر و لە سەرەوە دە مەتر بوو.

ئەو دیواربەندە، وەك بەربەستێکی گەورە و بەهێزبوو، بەجۆرێك دروست کرابوو کە سەردیوارەکە ڕێگایەکی لێ دەکەوتەوە کە دەکرا تاشە بەردی گەورەی لەسەر تل بدرێت لەسەرو

هەمان دیوار یا پەناگەی سادەوە، دانیشتووانی دێ دەیانتوانی ئەم تاشە بەردە گەورانە بۆ دەرەوە، لەسەرەو لێژگەیەکدا بەرەلاّ بکەن ئەم لێژگەیە پەیوەست بوو بە هەلّدێرگەیەکی سەختەوە کە رێگای سەفەر بەوێدا تێدەپەڕی تا دەگەیشتە سەر ملەکە، چەند شوێنێك بۆ هەلّدانی ئەم تاشە بەردانە لەبەرچاو گیرابوو کە هەر سی مەترێك، دیاری دەکران، ئەو شوێنانەیان بەجۆرێك دروست کردبوو کە بەردەکان بە تەواوی بۆ دەرەوە هەلّبدرێن، زەرەر و زیان بە بنەوەی دیواربەندەکە نەگەیەنن، گابەردێك کە بەم جۆرە هەلّدەدرا، بەسەر ئەو لێژگەیەدا دەهاتە خوار، بەتووندی تێدەپەڕی و لانی کەم شەش کیلۆمەتر بە درێژایی ماکە دەچووە پێشەوە و دواجار لە جولّە دەکەوت، تەنها شیمانەیەکی تر کە لە ئارادا بوو، ئەوەبوو ئەم گابەردە، پێشتر بەهۆی بەرکەوتنی تووندی بەسەر زەویدا، ورد و خاش ببێت.

ئەم رێ و شوێنە، جۆرێك سیستەمی بەرگری بەهێزی لێ دەکەوتەوە، چونکە ئەو دۆلّە یا هەلّدێرگەیە، لە هیچ شوێنێکییەوە زیاتر لە بیست مەتر پان نەبوو (هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد درێژییەکەشی شەش کیلۆمەتربوو) لەلایەکی دیکەوە، سەرەو لێژیەکەی هێندە پێویست بوو تا بتوانێت بەردە غل بووەکان، خێرایی پێببەخشێت لەملا و لای دۆلّەکەدا، هێشتا چوار سەکۆ یا هەیوانی چکۆلانە هەبوو کە لە تولەڕێکانەوە، دەهاتنەوە سەر کۆتایی دیواربەندەکە، لەم سەکۆیانەوە دانیشتووانی دێ دەیانتوانی گابەردەکان بەرەو هەلّدێرگە یا دۆلّەکەی خوارەوە غلّ بکەنەوە، ئێمە ژمارەیەکی زۆر گابەردمان بینی کە بۆ هەمان مەبەست ئامادەکرابوون تا لە کاتی مەترسی یا هێرشی خراپەکاران و چەتەکاندا، دانیشتووانی ئاوایی بتوانن بەردبارانیان بکەن.

قەبەیی و گەورەیی زۆربەی بەردەکان نزیکەی چوار مەتر بوو، بە ئێمەیان وت کە تا ئێستا پێویستییەك بۆ بەکارهێنانی ئەم بەردانە نەهاتۆتە پێشەوە تەنها جارێك نەبێت، ئەویش لە رابردوودا، خێلّێکی چیانشین هەولّیاندابوو بەبێ وەرگرتنی مۆلّەت لە دانیشتووانی گوندی ناوبراو، پێ بنێنە ناوچەکە، دانیشتووانی ئەو خێلّە تاڕادەیەك تیاچووبوون و مردبوون، چونکە دانیشتووانی ئاوایی، لەو چوار سەکۆیەوە کە پێشتر باسکران، لێشاوێك لە گابەردی گەورە و گرانیان بەسەردا باراندبوون، بە فڕێدانی یەکەم بەرد، چەندین بەردی تر کە بە شاخەکەوە لکاون لەکاتی بەربوونەوەی گابەردەکاندا، لەقەد پالّی چیاکە جێکەن بووبوون، بە جۆرێك کە هەرەسێکی ترسناك لەبەردە گەورەکان بۆ دۆلّەکە هەلّدرابوون و هەر شتێك و هەر کەسێکیان لەگەلّ خۆیان رامالّی بوو و لەناوبردوو، ئەو گابەردانەی ئێمە هەنوکە لەسەر قولەی دیوارەکەوە دەمانبینی، نزیکەی دوو هەزار سالّ دەبوو کە لە هەمان شوێن دانرابوون لە دوو هەزار سالّ

لەوەو پێش بەم لاوە هیچ جەنگێك لەو ناوچەیەدا رووی نەدابوو تاوەکو پێویستیان بە بەکارهێنانی ئەو بەردانە هەبێت.

ئەو گوندە شەش ماڵی سێ نهۆمی لەخۆ دەگرت کە لە خودی دیوار بەندەکەدا دروست کرابوون، باڵکۆنی ئەو خانووانە هاوئاست بوون لەگەڵ قولەکانی سەر دیواربەندەکەی ئاواییدا لەڕێی بەشی ناوەوەی ماڵەکانەوە دەکرا بچیتە ناو قولەکان، چەندین پلەکانەش بۆ سەرکەوتن و گەیشتنە هەر باڵکۆنێك دەبینرا، چەندین پەنجەرە لە دیوار بەندەکەدا هەڵکۆڵرابوون کە هاوئاستی نهۆمی سێهەمی ماڵەکان بوون و رووەو هەڵدێرگەکەی خوارەوە دەکرانەوە لەو پەنجەرانەوە و لە قولەکانەوە کە لەسەر دیواربەندەکە بوون، دەکرا رێی هاتووچۆکە ببینرێت کە بە درێژایی کێوە دووره دەستەکان و بە درێژی چەند کیلۆمەتر بەشێوەیەکی پێچاوپێچ درێژەی دەکێشا.

ئێمەیان بۆ مانەوەی شەوانەمان، لە شوێنێکی راحەتدا جێگیرکرد، شوێنی مانەوەمان لە نهۆمی سێهەمی یەکێك لەو خانووانەدا بوو، سەر لە ئێوارە، شیومان خوارد و هەموومان چووینە سەربان تاوەکو ئاوابوونی خۆر ببینین، دوای چەند ساتێك پیاوێك کە نزیکەی ٥٠ ساڵ تەمەنی بوو، لە پلەکانەکان سەرکەوت و هاتە پاڵ ئێمە، ژست بە ئێمەی ناساند و ئەو پیاوە هاتە پاڵ گفتوگۆکانی ئێمە، ئەو لە هەمان ئاواییدا دەژیا کە بڕیار بوو ئێمە بۆ گوزەراندی وەرزی زستان لەوێ جێگیر بین، ئەویش وەك ئێمە بە نیاز بوو بۆ ئەوەی بچێت، ئێمە بەم خەیاڵەی کە ئەویش کەسێکی ئاساییە و وەك ئێمە سەفەر دەکات، داوامان لێکرد هاوسەفەری ئێمە بێت، سوپاسی کردین و گوتی بەخێراییەکی زیاتر دەیتوانی بگاتە جێ و بۆ ئەمە سەردانی ئەم گوندەی کردووە تا چاوی بە یەکێك لە خزمەکانی بکەوێت و سەرەنجام هەر ئەمشەو دەگاتە شوێنی مەبەستی خۆی.

ئێمە دەستمان کرد بە قسەکردن لەسەر پەرستگایەك کە سی کەس لە خۆمان لەگەڵ ئەمیل و ژستدا سەردانیان کردبوو[(١)] لەو ساتەدا پیاوە نەناسراوەکە بەوپەڕی ئارامییەوە رووی لەمن کرد و گوتی: ((من ئەو شەوە تۆم بینی کە لە سەربانی پەرستگاکە دانیشتبوویت و قاچەکانت لە هەوادا ئاوێزان کردبوو)) ئەو پاشان چووە سەر باسکردنی خەون یا ئیلهامەکانی من، راست بەو جۆرەی کە روویدابوو، من پێشتر بە گشت وردەکارییەکانیەوە بۆ خوێنەرانی هێژام گێڕاوەتەوە، ئەم مەسەلەیە بۆخۆم و هاوڕێکانم زۆر مایەی سەرسامی بوو چونکە من هەرگیز شتێکم لە بارەی ئەم خەونەوە بۆ کەسێك نەگێڕابوویەوە، ئەو پیاوە

بە تەواوی بۆ ئێمە نەناسراو بوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ئیلهامێك کە بەو حاڵەتە زیندوو و روونەوە لای من ئاشکرا بوو بوو، گێڕابوویەوە...

ئەو هەروا وتی: لەم ئیلهامەدا پیشانی تۆیاندا کە مرۆڤەکان لەلایەن خوداوە یا هەمان ماددەی تاقانەوە دێن، مرۆڤەکان، تا ئەودەمەی لەم مەسەلەیە ئاگایی و بایەخدانی تەواویان هەبوو، بەریزێکی رێك و پێکدا پێشڤەدەچوون و بە جوانی لە توانست و دەسەڵات و هەژموونی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام هەر هێندەی وجودی فەنابووی ئەوان، کەوتە بیری جۆرێك لە دوالیزمەی دەسەڵات، دەستیان کرد بە دیتنی دابەشکردنێکی دیاریکراو، توانای رەوای خۆیان خراپ بەکارهێنا، دابڕان و کەلێنێکی قوڵیان دروست کرد، ئەمە بووە مایەی ئەوەی لێکدابڕانی قول و ناکۆکی زۆر سەرهەڵبدات و بە تەواوی گۆی زەویدا پەرش و بڵاوببێتەوە، هەروەك ئاگادارن، مرۆڤ لە ئیختیار و (ئیرادەی) تەواو بەهرەمەندە و بەڕاستی ئەوە خودی مرۆڤە کەشتی ئەندێشەکانی بەدیدێنێت و پیشان دەدات.

بەڵام گۆڕانکارییەك بەڕێوەیە چونکە ئەو ناکۆکییانەی سەر زەویان پڕکردووە، تاڕادەیەك گەیشتوونەتە خاڵی سنووری خۆیان و مرۆڤەکان دیسان لە باری لێك نزیك بوونەوە دان بەرەو لای یەکتر، ئەوان وردە وردە خەریکە لەم واقیعە تێدەگەن کە سەرچاوەی دروستکەری ئەوان یەك و هاوبەشە و هەر مرۆڤێك وەك برای خۆیەتی، نەك دوژمنی خوێنخۆر، کاتێك ئەم فیکرە بە تەواوی لە مێشکدا بچەسپێت، مرۆڤەکان دەبینن کە هەموویان لە یەك سەرچاوەوە هاتوون و پێویستە دیسان بۆ هەمان سەرچاوە بگەڕێنەوە، ئەمە بەم مانایە کە مرۆڤەکان بەڕاستی ببنە برای یەکتر، لە هەنگاوێکی لەم چەشنەدایە کە خۆیان لە ئاسمانەکاندا دەبیننەوە و تێبینی دەکەن کە مانای واقیعی و راستەقینەی ((ئاسمان)) لە سەرجەم کتێبە پیرۆزەکاندا هەمان ئاشتی دەروونییە لە تەواوی شتەکان و هاوئاهەنگی و سازش و لێك گەیشتنی تەواوە کە لەڕێی خودی ئەوانەوە، هەر لێرە لەسەر زەوی هاتۆتە بوون، لەڕاستیدا ئەوە خودی مرۆڤەکانن کە دۆزەخ یا بە جۆرێك بەهەشت یا ئاسمان خەلق دەکەن، ئەویش بە پێی رێگایەك کە بۆ خۆیان هەلیان بژاردووە ئاسمان بەڕاستی بوونی هەیە، بە دروستی لەڕێی زەین و ئەندێشەی مرۆڤەکانەوە وێناکراوە بەڵام لە گۆشە نیگای جوگرافییەوە، شوێنەکەیان بە دروستی دیاری نەکردووە، خواوەندی میهرەبانی جیهان، هەمیشە و لە هەموو بارێکدا لە وجودی مرۆڤەکاندا دەمینێتەوە، بەڵام هاوکات لە تەواوی هەموو ئەو شتانەشدا کە دەوری مرڤەکانیان داوە حزوری هەیە. خواوەند لە هەر بەردێك، لە هەر گیایەك، لە هەر درەختێك لە هەر گوڵێکدا و بە کورتی لە هەر مەخلوقێکدا

وجودی هەیە و ئامادەیە، خواوەند تەنانەت لەو هەوایەشدایە کە ئێمە هەڵیدەمژین، لە ئاوێکدایە کە دەیخوێنەوە و لە پارەیەکدایە کە خەرجی دەکەین. خواوەند توخم و ماددەی سەرەکی و بەرایی هەموو شتەکانە، ئەودەمەی مرۆڤ هەناسە هەڵدەمژێت، خودا هەڵەمژێت.

شوێنە پاکەکان، شوێنی لۆژیکی و رەسەنن بۆ بانگەشەکردن و برەودان بە خوداپەرستی تا کۆمەکی مرۆڤەکان بکەن خویان لەمە زیاتر لە خواوەندی جیهان نزیك بکەنەوە، هەروەك پێشتر روون کراوەتەوە، ئەم کارە لەرێی ئەو رۆحە خوداییەوە کە لە وجودی یەك بە یەکی ئێمەی بەندەکانی خوادایە سانایە و دێتە ئەنجام، پێویستە ئەندامانی کلیساکان دەرك بەوە بکەن کە کلیساکەی ئەوان تەنها مەزهەری شتێکە! ئاگایی پەیدا کردنە لە رۆحی خودایی لە مرۆڤایەتیدا، هەر ئەمە و بەس گەر بێتو دەرك بەم مەسەلەیە بکەن، چیتر بچووکترین ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان گرووپە ئایینییە جۆراوجۆرەکاندا روونادات و تەنها ئەندێشەی فەنا بووی مرۆڤەکانە کە ئەم جۆرە ناکۆکییانە دەخولقێنێت.

کلێسایەك لە چە روویەکەوە لەگەڵ کلێساکانی دیکەدا جیاوازی هەیە؟ و لە بنەڕەتدا ناوەندە ئایینییەکانی دنیا لە چ روویەکەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە؟ ناکۆکییەك کە ئەم رۆژانە بڕوامان بە جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە؟ ناکۆکییەك کە ئەم رۆژانە، بڕوامان بە بوونیان هەیە، شتێك نییە جگە لە بیری ماتریالیستی لە زەینی مرۆڤەکاندا، بڕوانن ئەم ناکۆکییانە بە کوێ گەیشتوون: بە شەڕە گەورە و ماڵ کاولکەرەکان، بە رك و کینەی زۆر لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا و خێزانەکان و تەنانەت نێوان خەڵکانی سەربەخۆ و جیا، هەموو ئەم شتانە، تەنها لەبەر ئەمەیە کە یەکێك لەم ناوەندە ئایینیانە گومانی وایە کە گریمانە و رێچکە و بیروباوەڕەکەی باشتر و کامڵترە لە رێچکەی ناوەندەکەی تر. لە کاتێکدا راستییەکەی ئەمەیە کە تەواوی ئەم ناوەندانە یەکێکن چونکە هەموو ئەوانە لە پنتێکەوە دەستیان پێکردووە بە پنتێکیش کۆتاییان دێت.

هەرگیز ناگونجێت بۆ هەر گرووپێکی ئایینی و هەر ئایینێك، ئاسمانێکی مەلەکوتی و جیا بوونی هەبێت. ئەگەر ئاسمانێکی لەم جۆرە لە ئارادا نەبێت، کەسێك کە بە کار و کردەوە گومانی خۆی جۆرێك ژیاوە کە توانیویەتی جێگایەك بۆ خۆی لە بەهەشت یا هەمان ئاسماندا هەبێت و چاوەڕێی وەرگرتنی پاداشتە، چی روودەدات؟ بێ گومان ناچار دەبێت پاشماوەی ژیان و وجودی خۆی بە دوای ئاسمانی تایبەت و مەبەستی خۆیدا بگەڕێت و لەرێڕەوە پێچاوپێچەکانی ئاسمانە جۆراوجۆرەکان تێپەڕێت و رێگای خۆی بدۆزێتەوە. زەمەنێك دێتە پێشەوە کە چیتر

ئاتاج بەم نێوەند و دامەزراوە ئایینییانە نابێت و هەموو شتێك لە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ پەروەردگاردا و لە یەکبوون و کەمالدا ئەنجام دەدرێت لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم رەوشە بەهۆی کەمتەرخەمی کلیساکانەوە نییە، ژمارەیەکی دیاری کراون، کە بە کۆمەڵێك هزری ئاشکراوە رووناك بوونەتەوە و بۆیان دەرکەوتووە کە ژیان بەڕاستی چ شتانێکی بۆ ئەوان هەڵگرتووە و بڕیارداوە، زۆربەی خەڵکی سەر زەوی لە ژیانی خۆیان ناڕازی و وێڵ و سەرلێشێواون، هەست بە شەکەتی و ورد و خاشبوون دەکەن دەبێت هەر رۆحێکی مرۆیی فێر ببێت کە ژیان و بوون ((مانفێست)) بکات و مانای پێببەخشێت، لێی تێبگات و لە سەنتەری ژیانی خۆیەوە دەست بە درەوشانەوە بکات تاوەکو لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی تەواو دیاریکراو و بە کردەوەیەکی ورد و دروست، گشت ئەو لوتف و بەزەییانەی خودا کە بە ئەو بەخشراون، بەیان بکات و بەرجەستەیان بکات.

پێویستە هەر مرۆڤێك ژیانی خۆی پەرەپێبدات، هەرگیز ناکرێت مرۆڤێك لەجیاتی مرۆڤێکی تر زندەگی بکات، هیچ کەسێك ناتوانێت لەجیاتی ئێوە باس لە ژیانتان بکات و لەجیاتی ئێوە بڵێت کە چۆن دەبێت بەیانی بکات بەرجەستەی بکات، هەروەك گوتوویانە: ((بە هەمان ئەندازە کە خواوەند خاوەنی ژیان و بوونە بە هەمان رێژە مەخلوقاتی خودا خاوەن ژیان و بوونن)).

رۆحێك لە حەقیقەتێکی لەم جۆرە گەیشتبێت چیتر ناتوانێت بە هەڵکردنی هەر بایەك بۆ هەر لایەك بڕوات، چونکە تەواوی بەڵگەی ژیان و ئامانجی زیندەگی لەو شکۆمەندی و توانایەدا دەردەکەوێت کە بە مرۆڤ بەخشراوە تا بتوانێت ((خودی)) ئیلاهی و ناوەکی خۆی مانفێست بکات وەدی بهێنێت. ئامانجی خواوەند ئەمەیە کە مرۆڤ لە هەمان وێنەی خوادایيدا بمێنێتەوە و لەسەر هەمان شێوەی خودایيەکەی بێت، ئامانجی سەرەکی ژیانی مرۆڤێك دەبێت ئەمە بێت کە بتوانێت ئەوەی خواوەند بۆ ئەو لەبەرچاوی گرتووە و لە ئەندێشەیدا وێنای کردووە، مانفێست بکات و دەستەبەری بکات.

کاتێك عیسا لەسەر شاخەکەدا حزوری هەبوو حەوارییەکانی هاتن بۆ سەردانی، تێبینی دەکرێت کە ئەو بە چ قسەگەلێکی ژیر و حەیکمانە لەگەڵیان دا کەوتە وتووێژ، مرۆڤ ناتوانێت گشت تواناکانی پەرەپێبدات مەگەر ئەو کاتەی خاوەن هیوا و ئامانجێکی دڵسۆزانە و راستەقینە بێت لە ژیاندا، عیسا ئاگای لەم مەسەلەیە بوو بەجدی بڕیاری دابوو بەم شێوازە کار بکات دەنکە تووێکی بچووکی گیایەك تەنها کاتێك دەتوانێت خواست و ئارەزوویەکی دروست

بەرهەم بهێنێت کە بە قوڵی لە رۆحی مرۆڤدا چێنرابێت، پێویستە ئێمە بزانین کە یەکەمین سەوزبوونی مەعنەوی و رۆحانی بە ئاڕاستەی بەیان کردن، هەمان ئارەزووی وردی بەیان کردنە.

عیسا فەرمووی ((خۆش بە حاڵی هەژارەکان)) ئەو بەم رستەیە دەیویست بڵێت کە هەر جۆرە سنووردارییەك لە ژیاندا باشە، گەر بێتو بتوانێت پێویستی بە روونکردنەوە و قوتار بوون لە سنووربەندییەکان لە تاکدا دروست بکات، ئەو دەیزانی کە پێویستی بە مانای رەزامەندییە، ئەو هەر پێویستییەکی وەك زەمینەیەکی ساز و ئامادە بۆ تۆو وەشاندن لەبەرچاو دەگرت، گەر بێتو مرۆڤ تووێك بچێنێت و دەرفەتی گەشەکردنی پێبدات، ئەم تۆوە پێویستییەکە ناهێڵێت و رەزامەندی دروست دەکات، چەمکی پێویستی بەشێوەی هەمەکی گشتی، خراپ گوزارشتی لێکراوە پێویستی، خواستێکە بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی ژیان، هەندێك لە مامۆستایان و فێرکارانی گەورەی دنیا رایان گەیاندووە کە پێویستە ئەم داخوازییە (واتە هەمان پێویستی) لە دڵی مرۆڤ هەڵبکەنرێت و بدزرێت، بەڵام عیسا گوتوویەتی: ((وای بە حاڵی ئێوە کە نێرن و ئاتاج نین)) هەر کەسێك بێ نیاز بێت، لە شوێنی خۆیدا بێ جوڵە دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی بەرفراوان لەگەڵ ژیاندا، پێویستە مرۆڤ هەمیشە بەدوای مانفێست کردنی کامڵ و رەهای ئەودا بگەڕێت مەیل و ئاتاجی پەیوەست پیشان دەری گوشارێکە کە بەم ئاڕاستەیە دەسەپێنرێت.

مرۆڤ وەڕس لە سینەخشێ بەسەر زەویدا، ئارەزووی فڕینی هەیە بە ناکۆتاییەکاندا، ئەم حەزە ئەوی ناچارکرد یاسایەك کەشف بکات کە مۆڵەتی پێدەدات لە سنووربەندییە زەمینییەکانی خۆی تێپەڕێت، ئەو هەنوکە ئەم توانایەی هەیە بۆ هەر جێیەك ئارەزووی بکات بڕوات و سەرجەم پێودانگەکانی شوێن کات لەناو ببات، مەگەر ئەوەنییە کە گوتوویانە ((مرۆڤ پێشنیار دەکات خواوەندیش دەستەبەری دەکات؟))[1] لەڕاستیدا پێچەوانەی ئەم رستەیە راستترە، ئەو خواوەندەکە پێشنیار دەکات و مرۆڤ دەتوانێت فەراهەمی بکات.

لەو رووەوە کە شتە ماددییەکان، نابنەمایەی ئاسوودەیی و خۆشنودی رۆحی مرۆڤ رۆح بەناچاری ئاڕاستە دەکرێت تاوەکو بەشوێن توانای دەروونی بگەڕێت لەو کاتەدا، کەسەکە دەتوانێت هەمان ((من هەم)) کەشف بکات و تێبگات کە لەڕێی ناخی خۆیەوەیە کە

(١) وەك ئەم پەندەی پێشینانە ((لەتۆ جوڵە، لە من بەرەکەت)) و.ف.

دەتوانێت تەواوی هێزە پێویستەکان بۆ خۆشنوودکردنی رۆح بگرێتە دەست و پۆزەتیڤانە وەڵامی سەرجەم نیاز و خواستە رۆحییەکانی بداتەوە، هەر کە تێبگات ((من هەم)) خاڵی بەدیهاتنی خواستەکانیەتی داخوازییەکەی دەستەبەر دەکرێت، روانین بۆ دەرەوە لە وجودی باطنی و ئیلاهی خۆیەوە، بۆ دەستەبەرکردنی خواست و ئارەزوویەك، بەڕاستی کە دێوانەییە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ پێبگات، پێویستەکە ((خودێتی)) ئەو ئەم گەشەکردن و ئەم پرۆسیسە بخاتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە.

لەو ساتە وەختەدایە ناسین و مەعریفەی ((من هەم)) دەرك و شعورێك لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە جۆرێك لە راچەنینی لە خەوی بێ ئاگایی سەیری لێ دەکەوێتەوە، ئەم ناسینە پیشانی دەدات کە هێز، ماددەی رۆحانی و هۆش و شعوری پێویست لە ناخی مرۆڤدایە کە بە یارمەتی ئەوانە، هەر شێوەیەك دەئافەرێنرێت، تەنها بەوەی مرۆڤ لە ئاستی دەربڕینی خواستێکی دروستدا بێت، بە شێوەیەکی ژیرانە و بۆچوون و خەیاڵی پەیوەست بەو خواستە دیاری بکات، هێز زیرەکی و ماددەی رۆحانی بە ناچاری بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستە، بۆ پێشەوە ورووژم دێنن، ئایا ئەم شتانە گەنجینەی ئاسمانی نین؟ ئەو گەنجینانەی لە بەرامبەر چاوی مرۆڤەکاندا، نەبینراون؟ لە جیهانی غەیبدا، سامان و گەنجینەی زۆر حەشاردراوە کە بۆ ئێمە نابینرێن، ئەم خاڵانە، بۆ کەسێك گەوهەری گرانبەهای وجودی خۆی دۆزیوەتەوە، چەندە سادە و سانایە! لەم حاڵەتەدا بەسە بیر لەم رستەیە بکەینەوە ((سەرەتا بە شوێن قەڵەمڕەوی ئیلاهی و دادوەرییەکەیدا بگەڕێن و هەموو ئەم شتانە، بەزۆری پێشکەش بە ئێوە دەکرێت)) بۆچی بە زۆر و زەوەندیی، زیاتر لە پێویستی مرۆڤ دەبەخشرێت؟ چونکە لە هەمان ماددەی رۆحانی ناوبراو، خولقێنراون، پێویستە شعور و ئاگایی مرۆڤ بەر لە ((فورمەلە کردن)) و بەر لە وەدیهێنانی ئەو شتەی کە ئاتاجی پێیەتی ماددەی رۆحانی کەشف بکات و بیناسێت.

کەسێك کە رووناك بێت دەتوانێت ((یاسای ئەفراندنی دەروون)) دەرك بکات، پاشان هەموو شتێك بە روونی تێدەگات دەرك دەکات، لەو کاتەدایە کە ژیانی ئەو بەخت رووی تێدەکات، ئەو ئاسۆیەك لە تواناکانی خۆی دەبینێت و لەو پانتاییەی لەبەردەمیدا واڵابووە، ئاگایی وەردەگرێت بە ئاگاداربوون لەم مەسەلەیە کە یاسای ئەفراندن، لە دەروونی خۆی دایە، مرۆڤ داخوازییەکانی کۆدەکاتەوە و ئەم حەز و ئارەزووانە دەگۆڕدرێن بۆ ئامانجێکی باش، قاڵبێك کە توانا و ماددەی رۆحانی بۆ پڕکردنی خود بۆ خۆی کێش دەکات.

هەر بۆیە ((دەبینین)) هەمان بیر و ئەندێشەی رۆحە، هەمان سەرزەمینی بەڵێن پێدراوە، خەونێکە هاتۆتەدی و رۆحی باوەڕدار دەتوانێت ئاوڕی لێبداتەوە و سەیری بکات.

رەنگە مرۆڤ هۆشیارانە ئاگای لەم واقیعیەتە نەبێت، وێڕای ئەمەش کاتێك ئەم یاسایە دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەناچار فۆرمێکی بینراو وەردەگرێت رەنگە ناچاریش بێت لە ئەزموونەکانی بیابان تێپەڕێت و سەرکەوتووانە بیانبڕێت، کاتێك رۆح، ئیلهامەکەی خۆی وەك سەرزەمینی بەڵێن پێدراو دەرك پێبکات و وەك ئایدیاڵ و وێنەیەکی زەینی باش کە دەبێت بگۆڕدرێت بۆ واقیع، وێنا دەکات، چیتر هیچ شتێك جگە لە خێر و چاکە نابینێت، واتە هەمان ئەو شتەی پێی خۆشە دەیبینێت، بە گەیشتنە ئەم قۆناغە بە هیچ شێوەیەك نابێت تۆوی شك و گومان و دۆش داماوی لە وجودی مرۆڤدا چنگ بکەوێت، ئەمە زۆر لەناوبەر و ترسناکە، پێویستە مرۆڤ لەگەڵ ئیلهامەکەیدا بە ئەمەك و بڕوادار بمێنێتەوە و بۆ پێشەوە بڕوات، ئەم ئیلهامە خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم ئیلهامە بە هەمان ئەندازە لە ژیاندا گرنگە، کە نەخشە و پلانەکانی بیناسازی بۆ دروستکردنی تەلارێك پێویستن، مرۆڤ پێویستە وەك وەستا بەنای تەلارەکە، بڕوای بە ئیلهامەکەی خۆی هەبێت و ئەمەکدار بێت لە ئاستیدا، پێویستە هەموو ئەوەی حەقیقەت نییە نەیهێڵێت و لەناوی ببات.

هەموو رۆحە پاك و بێگەردەکان لە ئاست خەون و ئیلهامەکانیاندا ئەمەکدارن هەر کارێکی دژوار، سەرەتا بە وێنەی ئیلهامێکی سادەبووە، تۆوی فیکرێك کە لە رۆحی مرۆڤدا چێنراوە، مرۆڤ دەرفەتی سەوزبوون و گەشەکردنی پێداوە، رۆحە پاك و گەورەکان هەرگیز رێگە بە خۆیان نادەن لەڕێی بڕوا نەکردن و باوەڕ نەهێنانی کەسانی تر، بکەونە ژێر کاریگەرییەوە، ئامادەن خۆیان بکەنە قوربانی بۆ ئیلهامەکانیان، ئەوان بیروباوەڕیان بە ئیلهامەکانی خۆیان هەیە و دواجار، هەموو شتێك بەگوێرەی باوەڕەکەیان، فۆرمەلە دەبێت و دێتە بوون.

عیسا وەك زۆرێك لە مامۆستا گەورەکانی دنیا، بەرامبەر ئیلهام و خەونەکانی بە وەفاداری مایەوە و پرۆژەی بەرایی زەینی خۆی لەبیر نەکرد، تەنانەت ئەودەمەی خزم و کەسە نزیکەکانی هەڵسوکەوتێکی بێ باوەڕانەیان لە خۆیان نیشاندا و خۆشەویسترین هاوڕێی باوەڕی تەواوی نەهێنا، ئەو دیسان بەرامبەر ئیلهامی دەروونی خۆی وەفادار مایەوە، دەبینیت کە سەرەنجام هەموو شتێك بە گوێرەی باوەڕەکەی خۆی هاتە ئەنجام، ئەو واقیعیەتە بۆ هەر کام لە ئێمەش دروستە، کاتێك کە مرۆڤێك بۆ سەرزەمینی بەڵێن پێدراو دەکەوێتەڕێ، پێویستە لە سەرزەوی

ستەم و تاریکی خۆی لابدات و لەبیری بکات، دەبێت تاریکی واز لێبێنێت و بەرەو رووناکی بڕوات، هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ئەم دوو کارە پێکەوە ئەنجام بدات مەبەست رۆشتنە بەرەو سەرزەوی بەڵێن پێدراو و هاوکات مانەوە لە هەمان شوێنی یەکەمدا، پێویستە دەست بەرداری ئایدیا کۆنەکان بین و فیکری نوێ هەڵبژێرین، هەموو ئەوەی حەزی لێ ناکەین بهێنینەوە یادی خۆمان، بەڕاستی لە بیرەوەریماندا دفنی بکەین و لە بیری ببەینەوە تەنها بیر لەو شتانە بکەینەوە کە پێمان خۆشە لە یادمان بێت، ئەم دوو کارە زۆر بنەڕەتی و پێویستن، پێویستە تەنها ئەم ئیلهامە لە بیرەوەری و زەینماندا بمێنێتەوە، ئەڵبەت ئەگەر حەز بکەین و ئەو ئیلهامە بێتە بوون و بەرجەستە بێت، پێویستە ئەو شتەی کە ئاتاجمانە (بۆ دروست بوون) بەجۆرێك لە ئەندێشەماندا بە پارێزراوی بیهێڵینەوە تا لەبیر نەچێت و هەمیشە لە یادمان بێت، دەشێت توانای خۆمان نیشان بدەین و شتانێك کە حەز ناکەن خەلقی بکەن و وجودیان هەبێت، لە مێشکی خۆتان بکەنە دەرەوە و دایماڵن، بۆ کردنەدەرەوە و دەربڕینی ئەم ئیلهامە، پێویستە هەموو بیر و ئایدیاکانی ئێمە جێبەجێ بکەن، سەرجەم بۆچوون و کردار و گوفتارەکانی ئێمە ئەنجام بدەن و پەیڕەوییان لێ بکەن، ئەم کارە، چڕبوونەوەی فیکریی واقیعییە، شتێکە گوزارشت لە دڵسۆزی راستەقینە دەکات، لە سەنتەری تەواوی هێزەکانەوە، باس لە شتێکی بنچینەیی دەکات، ئەمە مانای وایە کە مرۆڤ حەز لە ئامانجە خوازراوەکانی دەکات، مایەی سەرنجە کە ئەو وێنە زەینییە خوازراو ئایدیالیستەی لەبەرچاومان گرتووە، بە هیچ جۆرێك مەگەر لەڕێی عەشقەوە، مانفێست ناکرێت و نایەتە بوون، چونکە ئەوە عەشقە، کە شتێکی خوازراو و ئایدیال لە ئەو دەسازێنێت.

تەنانەت گەر مرۆڤ بە شکست دەست پێبکات، پێویستە لێبڕان و ئیرادەی هەبێت و بەردەوام بێت، ئەمە مەشقکردنی لێبڕان و ئیرادەیە، هەمان بانگەوازی متمانە بەخۆکردن، دەربڕینی ئیمانێکە کە سەرگەرمی ئاڕاستەکردنی تواناکانە، بە ئاڕاستەی شتێکی خوازراو و ئایدیال مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بە ئایدیال بگات، مەگەر بەوپەڕی ئاگاییەوە هێز بەرەو لای ئەو ئاڕاستە بکات پاڵی پێوەبنێت، ئەم کارەش بەبێ لێبڕان و ئیرادە مەحاڵە لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر ئامانجی لەبەرچاوگیراو یا هەمان وێنەی زەینی خوازراو، ویست و لێبڕانێکی ئایدیال و باش نەبێت، ئەم کارە بۆ مرۆڤ مایەی تیاچوون دەبێت، پێویستە عەزیمەت و ئیرادەی خوازراو، راست بەرێژەی خودی وێنە زیهنییە خوازراوەکە، بە کەڵك بێت، ئەگینا رۆحی مرۆڤ ناتوانێت

هێزی ناوبراو کە لێبڕان و ئیرادە دەخوازێت ئاڕاستەکردنی لە ئەستۆ بگرێت، رەها بکات ویست و ئارەزووی ئەمەی لە خزمەتگوزاری کەسانی دیکە بەهرەمەند بێت، لەجیاتی ئەوەی خۆی خزمەت بە ئەوانیتر بکات، مایەی گەڕانەوەی رەوتی ژیانە دژی خودی ئەو، لەکاتێکدا حەز و ئیرادەی خزمەتکردن، بە کەسێکی تر، گوژمی رەوتی ژیان لە رۆحی مرۆڤدا، دەهێڵێتەوە و دەبێتە مایەی پاراستنی تیشك و درەوشانەوەی کەسێتی، حەز و خواستی خزمەتکردن دەبێتە مایەی ئەوەی تاوەکو ئامانجێکی دیاریکراو بەو ئیلهام و خەونە دەروونییە بدرێت و رێگە دەدات عەشق لە ژیاندا سەقامگیر بێت، عەشق بە چ شێوەیەك مانفێست دەکرێت ئەگەر لە وجودی کەسێکدا کەمژوڵی مانفێست کردنی زیندەگییە تێنەپەڕێت؟.

گەر بێتو عەشق بەناو ئاگایی شعوری باطنیدا تێپەڕێت، هەرچی ئۆرگانیزم هەیە دەکەوێتە کاردانەوە و دەبێتە مایەی لەرینەوەی هەر سلولێك بەو عەشقەی کە بەیانی دەکات، لەوکاتەدا لاشەی فیزێکی هاوئاهەنگی وەردەگرێت، رۆح دەکەوێتە درەوشانەوە، زەین و ئەندێشە رووناك دەبنەوە ئایدیاکان بە دەسەڵات و درەوشانەوە و ئەکتیڤ و روون دەبن، قسەی مرۆڤ پۆزەتیڤ، واقیعی بنیاتنەر دەبێت، گۆشت و پێست و جەستە سەرلەنوێ دەبوژێنەوە، پاك و بێ گەرد دەبێت و تەڕ و بڕی پەیدادەکات، کارەکان دەکەونە سەرپێ و هەموو شتەکان، سیمای راستەقینەی خۆیان وەردەگرن. ئەوە ((من هەم)) لەڕێی ((خودی منە))وە مانفێست دەکرێت چیتر بە ((خودی من)) رێگە نادرێت کە ((من هەم)) بسڕێتەوە، گەر بێتو جەستە لە زەین و ئەندێشە پەیڕەوی نەکات، چۆن دەتوانێت ماددەی رۆحانی بەیان بکات؟

هۆش و ویژدانی بە ئاگا دەبێت ئارەزووی دەست خستن و گەڕان بەدوای ماددەی رۆحانی و ئەندێشەی نایابی هەبێت تا بتوانێت هێزی ماددەی رۆحانی و ئەندێشەی نایاب بدۆزێتەوە، لەم رێیەوە مرۆڤ فێر دەبێت کە ماددەی رۆحانی، هەمان بەدیهاتنی نیازەکانی و ماددەی رۆحانی، بەرزترین پلەی خۆ بەیان کردن کاتێك بەدەست دێنێت کە مۆڵەتی پێبدەن خەریکی رەزامەندکردن و دەستەبەرکردنی نیازی کەسانی تر بێت، ئەو دەروازانەی کە خەزێنە و گەنجینە بێ شوومارەکانی ماددەی رۆحانی لە پشت ئەوانەوەیە، کاتێك واڵا دەبن کە مرۆڤ بوار بە گەنجینەکان بدات رەوتێکی خێریان هەبێت بەرەو لای ئەوانیتر، ئەمە خواست و ئیرادەی خزمەتکردن بە کەسانی ترە کە دەرگای تێکڕای خەزێنە و گەنجینە بێ سنوورەکانی ئیلاهی دەکاتەوە و دەبێتە مایەی باڵابوونی رۆح.

هەر هێندە رۆح تاسە و ئارەزووی خزمەت بە کەسانیتر لە خۆیدا هەست پێبکات دیسان بۆ ئاستانەی خودا دەگەڕێتەوە، رۆڵە تا ئێستا لاسار لەگەڵ دەسپێکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەگۆڕدرێت بۆ دروست کراوێکی خۆشەویست و گەوهەرێکی تاقانە بەکرێ گیراوێك کە تاهەنوکە لە پیسییەکان و زبڵدانەکاندا تێربووە، دەگۆڕێت بۆ شازادەی کۆشکی پاشایەتی، واتە وێڕای گشت توانا کەسییەکانی خۆی ئەو ئیدی عەشقی ئیلاهی دەناسێت، لوتف و بەزەیی خودا دەرك پێدەکات و بەباشترین شێوە دەیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، هیچ کەسێك ناتوانێت ئەم میهر و مەرحەمەتە وەربگرێت، مەگەر ئەوەی کە مەخلوقی خۆشەویستی خوا بێت. هیچ خزمەتگوزارێك، هیچ بەکرێگیراوێك ناتوانێت دەست لە میراتی ئەم دروست کراوە شکۆمەندە بدات و شادی ئەو تێکبدات، خزمەتکار هەمیشە بە شوێن یەك ئەنجامدا دەگەڕێت، لەکاتێکدا مەخلوقەکەی خواوەند وەك منداڵێکی خۆشەویستی تاقانەیە، لە ئێستاوە هەموو دارایی خودای بەمیراتی بردووە. کاتێك ئێمە بزانین پەیوەستین بە ئاستانەی ئیلاهییەوە و واریسی تەواوی موڵك و ماڵی خوداین، دەتوانین بەپێی مەیل و ئیرادەی خواوەند ژیان دەست پێبکەین، ئاگادار بوون لەم مەسەلەیە، مایەی هاتنەدی هەموو خواستەکانە هەر هێندەی لە زەین و ئەندێشەماندا، رۆڵی منداڵێکی خۆشەویستمان گێڕا گوفتار و کرداری مەوجودێکی لەو جۆرەمان ئەنجامدا، بەزوویی بۆمان دەردەکەوێت کە خواوەندی جیهان، تەواوی داخوازییە دەروونییەکانی ئێمەی دەستەبەر کردووە).

وتارخوێنەکەی ئێمە، دوای ئەمە لە شوێنی خۆی هەستا و هیوای شەوێکی شادی بۆ خواستین، ئەو گوتی ئومێدەوارە دیسان چاوی پێمان بکەوێت ئەم جارە لەگەڵ دۆستەکانی دیکەمان، ئەویش دوای گەیشتنی ئێمە بۆ شوێنی مانەوەی زستانە، پاشان ئەوێی بەجێهێشت.

❊ ❊ ❊

## بەشی بیست و سێهەم

سپێدەی رۆژی دوایی، ئێمە ئەو گوندەمان بەجێهێشت و بۆماوەی سێ رۆژ سەفەرمان بە جادەیەکدا دەست پێکرد کە بە ناوچەیەکی شاخاوی و زۆر دژواردا تێدەپەڕی، ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە بەڕادەیەك کەم بوو، گوندەکان بەجۆرێك لە یەکتر دووربوون کە ئێمە ناچاربووین شەوانە لەچادردا بخەوین. ئێمە توێشووی رێمان لەگەڵ خۆمان نەبردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر کاتێك پێویستمان بە خۆراك و خواردن هەبووایە خۆراکی جۆراوجۆر دەهاتە بەردەستمان هەر هێندەی بیری خۆراك و خواردن بە مێشکماندا ختورەی دەکرد خواردەمەنی زۆر و جۆراوجۆرمان بۆ دەهات، ئێمە هەرگیز نەمانتوانی ئەم خواردەمەنیانە تەواو بکەین و هەمیشە بڕێکی لێ دەمایەوە.

لە شەوی سێهەم رۆژدا، گەیشتینە بەرزایی دەشتێکی بەرفراوان، پێویست بوو لەو بەرزاییانە بێینە خوارەوە و بەو دەشتانەدا گوزەر بکەین تا بگەینە ئەو ئاواییەی مەبەستمانە، لەوە بەدواوە، رێگای گەشتەکەمان، بە ناوچەیەکی پڕ بەرەکەت و قەرەباڵغدا تێدەپەڕی، ئێمە لەو رووەوە ئەو گوندەمان هەڵبژاردبوو چونکە کت و مت کەوتبووە سەنتەری ئەو وڵاتەی کە سەردانمان دەکرد، ئێمە هیواداربووین بەو هەڵبژاردنە، دەرفەتی ئەوەمان بۆ بڕەخسێت کە بە گوێرەی خواستی دەروونیمان زیاتر لە پاڵ مامۆستا پایەبەرزەکانماندا بمێنینەوە و پەیوەندی رۆژانە و هەمیشەییمان لەگەڵیاندا هەبێت، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە لە شوێنە جیاوازەکاندا چاومان پێیان کەوتبوو و ئاشنایەتیمان لەگەڵدا پەیدا کردبوون، لەو گوندەدا نیشتەجێ بوون و هەموویان بەوپەڕی خۆشەویستی و دڵپاکییەوە تکایان لێکردبووین سەردانیان بکەین، ئێمە هەستمان دەکرد بە گوزەراندنی مانگەکانی زستان لەو شوێنەدا، ئەم دەرفەتە

زێڕینەمان چنگ دەکەوێت تا لە نزیکەوە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی ئەم کەسانەدا ئاوێتە بین و لە نزیکەوە هەموو شتێك بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە. ئێمە ڕۆژی بیستەمی مانگی تشیرینی دووەم گەیشتینە ئەوێ و لەو گوندەوە کە ((بە پێگەی سەرەکیمان دەدرایە قەڵەم)) زنجیرەیەك گەشتی کورت خایەنمان دەستپێکرد تا ئەوەدەمەی بارینی چەند بەفرێکی قورسی یەك لە دوای یەك بووە ئاستەنگ لەبەردەم هاتووچۆی ئاسانی ئێمە بۆ ئەو شوێنە دیدەنیانە، شوێنەکەمان زۆر ئاسوودەبوو و شوێنی مانەوەشمان زۆر دڵگیربوو، دانیشتووانی ئاوایی، خەڵکێکی شەریف بوون و ئێمەش بڕیارماندا بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەین کە وەك بڵێیت خەڵکی ئەوێین و هەوڵماندا لە ژیانی ڕۆژانەدا بەشداربین دەرگای سەرجەم ماڵەکان بۆ ئێمە کراوەبوو و ئاگاداریان کردین کە دەرگای هیچ کام لە ماڵەکان هەرگیز داناخرێت چونکە دانیشتووانی ئەوێ سەرجەم مرۆڤەکان بە برای خۆیان سەیر دەکەن. پاشان بانگهێشتیان کردین لە ماڵی یەکێك لە ژنە نائاساییە و بێ هاوتاکانی ئاواییدا نیشتەجێ بین، خانمێك کە پێشتر لە سنوورەکانی ئەو ناوچەیەدا چاومان پێی کەوتبوو، لەو ڕووەوە کە شوێنی پێشوومان زۆر خۆش و دڵگیر بوو، پاڵنەرێکمان نەدەبینی کە شوێنەکەمان بگۆڕین و ببینە ئەرك بەسەر ئەو خاتوونە ڕێزدارەوە بەڵام ئەو ژنە پێداگری دەکرد و دڵنیای کردین کە بە هیچ جۆرێك نابینە ئەرك بەسەر ئەوەوە، هەر بۆیە، ئێمە بە جانتا و کۆڵ و بارە جیاوازەکانمانەوە، لە ماڵەکەی ئەودا جێگیر بووین، ماڵەکەی ئەو تا کۆتایی مانەوەمان لەوێ، وەك ماڵی خۆمان ڕاحەت و ئاسوودە بوو. من هەرگیز یەکەمین دیدارمان لەگەڵ ئەو ژنەدا، کە لە شارۆچکەیەکی بچووکی سەرسنووردا بوو لەبیرناکەم، ئەوەدەمەی ئەویان بە ئێمە ناساندبوو، ئێمە هەموومان گەیشتبووینە ئەو دەرەنجامەی کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێناپەڕێت، ئەو هەروەها لە جوانییەکی سەرسووڕهێنەر بەهرەمەند بوو، بێگومان خوێنەری بەڕێز دەتوانێت پێشبینی سەرسامی و واق وڕماوی ئێمە بکات کاتێك تێگەیشتین ئەو تەمەنی زیاتر لە چوار سەد ساڵە و یەکێکە لە مامۆستایان و فێرکارانی زۆر خۆشەویست و هێژای ئەو ناوچەیە، ئەو سەرجەم ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەت کردن بە کەسانیتر، دوای ئەوەی لەپاڵ ئەودا ژیانمان دەسپێکرد و ڕۆژانە دەمانبینی و گفتوگۆمان لەگەڵ دەکرد، بەئاسانی بۆمان دەرکەوت لەبەر چ شتێك

هێندە مایەی عەشق و خۆشەویستی کەسانیترە لەماوەی یەکەمین دیدارماندا، ئێمە ئەومان بۆ ماوەی پانزە رۆژی بینی و تێکەڵاویمان کردبوو، بەڵام کەسێتی راستەقینەی ئەو تا ئەو کاتەی لای ئەو نەماینەوە بە تەواوی بۆ ئاشکرا نەبوو، هیچ مرۆڤێك نەبوو کە ئەوی دیتبێت و خۆش نەوێت و رێزی تەواوی بۆ دانەنێت.

لەڕاستیدا، ئێمە هەرچەند لەگەڵ مامۆستا مەزنەکاندا ئاشنا دەبووین، زیاتر ئەوانمان خۆش دەویست و رێزمان دەگرتن.

بەدرێژایی ئەم قۆناغە بوو کە ئێمە توانیمان دیکۆمێنتی نووسراو لەمەڕ تەمەنی راستەقینەی ئەوان بەدەست بێنین و چیتر تەواو دڵنیا بووین کە بەگوێرەی بەڵگەنامە واقیعی و راستەکان، تەمەنی ئەوان هەر ئەوەبوو کە خۆیان بە ئێمەیان وتبوو، ئەم بەڵگەنامانە، راست وەك یادداشتەکانی سەفەرەکەی ئێمە، ماهیەتێکی راست و دروست و دوور لە درۆ و ساختەکارییان هەبوو، ئێمە لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەم ساڵی ١٨٩٥ تا مانگی نیسانی ساڵی ١٨٩٦ لە ماڵی ئەو ژنەدا ماینەوە و نان و ئاویشمان هەر لەوێ خوارد لەگەڵ ئەو مەخلوقە پاك و پیرۆزەدا، خانە خۆی بووین، ئێمە توانیمان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لە کاتی گونجاودا شێوەی ژیانی ئەو لە ماڵەوە ببینین لە ژیانی رۆژانەی ئەو و چەند مامۆستایەکی پایەبەرزی تر، لە نزیکەوە ئاگاداربین، ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ژیانی هەموو ئەوانە، باشتر لە باش و لەڕادەبەدەر دڵگیر و قەشەنگ بوو.

❊ ❊ ❊

## بەشی بیست و چوارەم

رۆژگار تا کۆتایی مانگی ئەیلول، بەخێرایی تێپەڕی، ساڵ لە کۆتاییەکانی نزیك دەبوویەوە، هەواڵمانزانی کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی جۆراوجۆر هاتوون بۆ ئەو گوندەی کە ئێمە بنە و بارگەمان لێ خستبوو، تاوەکو لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا کە بڕیاربوو لەگەڵ مامۆستا مەزنەکانماندا و تەنها ئەوان، بەشداری تێدا بکەن.

ڕۆژانە، ژمارەیەك خەڵکی نەناسراویان بە ئێمە دەناساند، ئەوان هەموویان بە زمانێکی ئینگلیزی پاراو قسەیان دەکرد و ئێمە وامان دەزانی لەگەڵ ژیانی دێهاتیانەی ئەو گوندەدا ئاوێتە بوون.

ڕۆژێك ئاگاداریان کردین کە ئەو مەراسیمە تایبەتە شەوی سەری ساڵی نوێی زایینی ساز دەکرێت و ئێمەش بانگهێشت کراین تا لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بین، ئەوان وتیان مەراسیمەکە بۆ غەوارە و نەناسراوەکان ڕێگە پێدراو نییە، سەرباری ئەم قەدەغە کردنە، ئەم گردبوونەوەیە، هیچ جۆرە ماهیەتێکی مەحرەمانە یا تایبەتی نەبوو، لەڕاستیدا هیچ کام لە کۆبوونەوەکانی مامۆستا مەزنەکان حاڵەتێکی لەو جۆرەیان نەبوو، ئەو کۆڕە بۆ گردبوونەوەی هەموو ئەو کەسانە سازدەکرا کە خەریکی کاری مەعنەوی و ڕۆحانی بوون و بەهۆی بەجدی وەرگرتنی ئەم ئەرکە، هێندە لە کارە ئیلاهییەکاندا پێشقەچووبوون کە دەیانتوانی لەمەڕ تاسە و ئارەزووی خۆیان بۆ هەبوونی ژیانێکی پاك و پیرۆز بوێرانە قسە بکەن و پەسەندی بکەن، ئەوان ڕوویان لە جێگایەك کردبوو کە پێشتر لە هەمان شوێندا، ئاگایی و شعورێکی باڵایان وەرگرتبوو، تێگەیشتبوون کە ئاگایی بەرز و باڵای ئەوان دەبێت چ شوێنگەیەك لە ژیانی ئەواندا پڕ بکاتەوە، هەندێکیان گردبوونەوەکەیان بە (جەژنی پەڕینەوە) یا (ئاهەنگی جەژنی پاك) ناودێر دەکرد، کۆبوونەویەکی بە بایەخی لەو جۆرە، واباو بوو لەم وەرزەی ساڵدا ساز دەکرا و

شوێنەکەشی پێشوەخت دیاری دەکرا، تاوەکو لەو جێیەدا ئاهەنگێك ساز بکرێت، ئەو ساڵە ئەو گوندەی شوێنی مانەوەی ئێمە بوو هەڵبژێردرابوو، هەموومان لەڕادەبەدەر تامەزرۆ و بێ حەوصەڵە بووین و هەستمان دەکرد ڕووداوەکانی ئەو شەوە پێشهاتی نوێتر و سەیرترمان بەدیاری بۆ دەهێنێت کە هەروەك بەسەرهاتەکانی سەفەرەکەمان، یەکجار سەرنج ڕاکێش دەبن، نزیکەی کاتژمێر هەشتی شەو بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە زۆر گەورە و ڕووناکییەکەش هەروەك ڕووناکی میواندارییەکەی چەند هەفتەی پێشوو وابوو کە بەشداریمان تێداکرد و وردەکارییەکانم بۆ خوێنەرانی هێژا باسکرد.

هەواڵمانزانی کە خاتوونی خاوەن ماڵەکەمان، خانە خوێی ئەم کۆبوونەوەیە دەبێت ئەو کەمێك دوای ئێمە هات و لەکاتی هاتنە ژوورەوەدا، ئێمە هەموومان لە ئاست گەنجێتی و زرافی ئەو سەرسام بووین و دەستمان کرد بە پیاهەڵدان و وەسف و سەناکردنی، ئەو کراسێکی ئاودامانی سپی ڕەنگی شکۆداری لەبەرکردبوو، لەگەڵ ئەمەشدا، بە هیچ شێوەیەك نیازی خۆنوواندن یا سەرنج ڕاکێش بوونی نەبوو، ئەو بەوپەڕی شێنەیی و خۆێنساردییەوە، چووە سەر سەکۆ بچووکەکە و وتارەکەی دەسپێکرد و گوتی: ئەمشەو لەم شوێنەدا کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی لە مانای (پەڕینەوە لە ئاستێکی ئاگایی نزم بۆ ئاستێکی بەرز) سەردەر بکەین و پەی پێ ببەین، بەخێرهاتنی ئەو کەسانە دەکەین کە لەم کۆبوونەوەدا خۆیان بۆ ئەم کارە ئامادەکردووە، سەرەتا ئێوە بەهۆی حەز و پەیجۆری کردنی کارەکانی ئێمە، دوای ئێمە کەوتن، ئێوە سەرەتا بە کەمێك سەرسامی و ترسەوە، ئەم کارانەتان بینی و ماهیەتێکی موعجیزە ئامێز و سەیرتان پێبەخشین بەڵام هەنوکە، ئێوە ئەم کارانە وەك بەشێکی پەرەپێدراو و سروشتی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆتان دەزانن، وەك شتێك کە دەبێت لە ژیانی هەمووواندا هەبێت و بەو جۆرە بێت کە خواوەند پێی خۆشە ئێمە بژین، لە ئێستادا، ئێوە تەواو قایل بوون کە ئێمە هیچ کارێکی موعجیزە ئامێزمان ئەنجام نەداوە، ئێوە مانای واقیعی و ڕۆحانی کارەکانی ئێمەتان بۆ دەرکەوتووە، ئەودەمەی هەست و ئاگایی مرۆڤ لە ئاستێکی دروستی ڕۆحانیەتدا مژوڵی کارکردن بێت، تێکڕای سەیر و سەمەرە و دەرکەوتەکانی ئیلاهی بە لێك نزیکردنەوە و پەیوەست کردنیان بە ئایدیالی شاراوەوە، ڕاڤە و شرۆڤە دەکات، ئەو دەمەیە کە چەمکی دەروونی گەورە، دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت، چیتر نهێنییەك نامێنێتەوە و لە ئاکامدا نە باس لە کاری

نائاسایی دەکرێت، نە کاری موعجیزە ئامێز. پەڕینەوە لە حاڵەتێکی ئاگایی نزم بۆ ئاستێکی بەرزتر بە مانای دوورخستەوەی دنیای ماددەیە، جیهانێك کە هەموو شتێکی ناهۆمۆجین و ناتەباییە، دوای ئەم کارە مرۆڤ ئاگایی و ئاوڕدانەوەی رۆحی ئیلاهی قبووڵ دەکات و پێیەوە پابەند دەبێت و خوی پێوە دەگرێت، لەم ساتەوەختەدا، هەموو شتێك لە ترۆپکی جوانی و هەماهەنگی و کەماڵ دایە، ئەمە دەبێتە شێوازێکی سروشتی بۆ ژیان، شێوازێك کە لەلایەن خواوەندەوە بۆ ئێمە لەپێشچاو گیراوە، شێوازێك کە عیسا نموونەیەکی بەو جوانییەی لەسەر زەویدا پێشکەش بە ئێمە کرد، رێیەکی ناهەموار و هەڵەیە بەڵام رێچکەی رۆحی خودایی چەندە سانا و سروشتییە! هەر کەسێك دەرك و تێگەیشتنی ئەوی دەستکەوێت و لەورێیەدا هەنگاو بنێت لە ئاگایی و دەرککردنی رۆحی خوداییدا ژیاوە، ئێمە هەنوکە لە پشت مێزە پڕ لە ناز و نیعمەت و خۆراکە جۆراوجۆرەکاندا دانیشتووین، ئەمە تەنها دەرفەتێکە لە ساڵدا کە ئێمە بۆ سازکردنی رێورەسمێك پێکەوە کۆدەبینەوە، ئەم مەراسیمە، هیچ لێکچوونێکی نییە لەگەڵ ئەو ئاهەنگانەدا کە مرۆڤە فانییەکان لە مێشکیاندایە، ئەم مەراسیمە بۆ هەستکردنی ناوەکی و بەجێهێنانی ئەرك و ئاهەنگ گێڕانە بەو بۆنەیەوە، رووالەتی رێورەسمەکە (جەژنی پاك) عیسایە، مەزهەبی جەژنی پەڕینەوە لە زەمەنێکدا بۆ عیسایە، پەڕینەوەیەك کە ئەمڕۆ بۆ زەینی مرۆڤە فانییەکان تا ئەم ئاستە بەدەرك نەکراوی ماوەتەوە، چونکە لە پەڕینەوەدا ((ئاگایی فانی لە ئاست ئاگایی رۆحی خوداییدا)) قسە دەکات، ئێمە لەو بڕوایە داین کە رۆژێك دێتە پێشەوە سەرجەم مەخلوقاتە خۆشەویستەکانی خواوەند لە پشت گەلێك مێزی وەك مێزەکانی ناو ئەم هۆڵەوە دادەنیشن و لە ئاهەنگێکی وەك ئەم ئاهەنگەدا کۆدەبنەوە لە کاتێکدا لە واتا و چەمکی راستەقینەی ئەم پەڕینەوەیە تێگەیشتوون.

ئێمە ئەمشەو، لە نێو میوانەکانماندا، کە جەستەی خۆیان تا ئەو ئەندازەیە گەشەپێداوە کە دەتوانن ئەم جەستانە بۆ قەڵەمڕەوی سەرو ئاسمانەکان ببەن و بەرزترین پەیام وەرگرن، ئەوانە هەموویان بۆ ماوەیەك لەسەر زەویدا ژیاون بە شێوەیەك کە شیاوی دیتن و بینراوبوون، پاشان لەم رەهەندە رۆیشتوون و قاوغەکەشیان بۆ جێگایەك بردووە کە کەوتۆتە ئاستێکی ئاگایی کە بۆ چاوەکانی مرۆڤە فانییەکان نەبینراو دەبێت لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم ماهیەتانە، دەتوانن دیسان بێت بۆ لای ئێمە یاخود بەپێی خواست و حەزی خۆیان ئێمە بەجێبێڵن، ئەوان دەتوانن بێن بۆ

سەر زەوی و مەشق بە هەموو ئەو کەسانە بکەن کە لە پلەیەکی وەرگرتن و قبوولکردنی پێویست بۆ وەرگرتنی کۆمەڵە ڕێنماییەك لە تیۆرییاکانی ئەوان بەهرەمەند بن و بە گوێرەی خواستی خۆیان دەربکەون یاخود لەبەرچاو ون بن.

ئەمە هەر ئەوانەن کە دێن بۆ لای ئێمە تا لەو کاتەدا کە ئامادەییمان تێدایە بۆ وەرگرتنی وانە و فێرکردنی نوێ، فێرمان بکەن، هەندێ جار لەڕێی ئیلهام یا موکاشەفەوە و هەندێ جار لەڕێی پەیوەندی کەسییەوە لەگەڵ ئێمەدا دەکەونە پەیوەندی کردن، ئەمشەو، پێنج کەس لەم کەسانە، بڕیارە بێن بۆ لای ئێمە و نان و پەنیرێکمان لەگەڵدا بخۆن، لەنێو ئەواندا ژنێك هەیە، کە ئێمە هەموومان بەشێوەیەکی تایبەت خۆشمان دەوێت چونکە دایکی یەکێك لە ئێمەیە و لە رابردوودا، لە ریزی ئێمەدا ژیاوە (مەبەستی ئەو دایکی ئەمیل) بوو، ئێستا وەرن لە دەوری مێزەکان دابنیشن.

بۆ ساتێك، رووناکی دەوروبەر کەم بوویەوە و تەواوی میوانەکان یەکجار مات و بێدەنگ بوون و سەریان نەوی کرد، پاشان رووناکی هۆڵەکە گەڕایەوە دۆخی جارانی، ئەو پێنج مامۆستایە لە هۆڵەکەدا دەرکەوتن: سێ پیاو و دوو ژن، هەموویان سیپاڵی سپییان لەبەردابوو و لە جوانی و زرافیەکی بەرچاو کە مرۆڤی سەرسام دەکرد، بەهرەمەندبوون، خەرمانەیەکی نورانی چواردەوری جەستەی ئەوانی دابوو، هێدی هێدی نزیك بوونەوە و هەر کامیان لەسەر کورسییەکی بەتاڵ کە لە پێشەوەی پێنج مێزدا مابوونەوە دانیشتن، ماری دایکی ئەمیل، وەك میوانی شەرەف لە پشت مێزەکەی ئێمە دانیشت، سەرۆکی گرووپە کەشافەکەی ئێمە لای راستییەوە و ئەمیل لای چەپییەوە حزوریان هەبوو کاتێك هەموان شوێنی خۆیان گرت خواردنەکان گەیشتەجێ، ئەو خۆراکانە زۆر سادە، بەڵام یەکجار بەتام و چێژ بوون لە نان و سەوزەوات و میوەی جۆراوجۆر و گوێز پێکهاتبوون.

قسە و باسێك کە لەسەر مێزەکە دەستی پێکرد، زۆرتر لەمەڕ دەستوور و راسپاردەی فێرکاری بوو بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ ئەم پڕۆگرامە گرنگە ئامادەکردبوو و لە میوانداریێتییەکەدا ئامادەبوون، ڕێنماییەکان بە زمانی لۆکاڵی بەیان دەکران و ژست ئەرکی وەرگێڕانی ڕێنماییەکانی بۆ ئێمە لە ئەستۆ گرتبوو، من بە نیاز نیم ئەو قسە و باسانە لێرەدا بگێڕمەوە چونکە بەشی هەرە زۆری ڕێنماییەکان پێشتر بۆ ئێوە راڤە کراوە.

ماری، دوایین کەس بوو هاتە قسەکردن، ئەو بە زمانێکی ئینگلیزی پاراو و رەوان قسەی دەکرد، دەنگی روون و بەرزبوو، بەم جۆرە دەستی پێکرد: ئێمە رۆژانە کەڵك لە هێزگەلێك

وەردەگرین کە مرۆڤە فانییەکان بە سووك سەیریان دەکەن، لەوێوە کە ئێمە شانازی دەرککردنی ئەوانەمان هەیە و دەتوانین ئەوپەڕی کەڵکیان لێوەربگرین هەر کارێك لە توانای ئێمەدا بێت بۆ پیشاندانی ئەوانە بە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەین لە هیچ کارێك درێغی ناکەین، مرۆڤە فانییەکان، بە بیرو ئەندێشەکانیان هەموو شتە کامڵ و بێ کەم و کورتییەکان کە لەبەر دەستیان دایە لە ژیانی خۆیان دوور دەخەنەوە و رێگە نادەن ئەم هێزانە لێیان نزیك بێتەوە، هەر هێندەی مرۆڤەکان ئەم هێزانە بۆخۆیان ببەن، ئەم هێزانە بارێکی ئەکتیڤتر و واقیعیتر وەردەگرن و لەزۆر شتی ماددیش بوونێکی زۆرتر پەیدا دەکەن. شتانێك کە مرۆڤەکان تا ئەم ئەندازە و بەم حاڵەتە بێ ئومێدییەوە، چنگیان لێگیر کردووە، ئەویش بە چ بەڵگەیەك؟... لەبەر ئەمەی کە دەتوانن ئەم شتە ماددییانە ببینن، دەستی لێبدەن، هەست پێبکەن و دواجار لەڕێی هەستەوەرە ماددی و سنووردارەکانیانەوە، لەگەڵیاندا پەیوەندی بەرقەرار بکەن. ئێوە دەبینن کە سەرجەم کەرەستە و ئاسانکارییەکانی ئەم هۆڵی پێشوازییە و تەنانەت ئەو ژوورانەی پڕتان کردۆتەوە، وەك رووناکی، گەرمی و تەنانەت ئەو خواردن و خۆراکانەی دەیخۆن، لەڕێی ئەم هێزەوە، خراوەتە بەردەستی ئێوە، ئێوە دەتوانن، ئەم هێزە بە ((تیشکی نور)) یا شتێکی تر ناوزەد بکەن، ئێمە ئەو بە هێزێکی گەورە و پەیوەست بە سیستەمی وجودەوە وێنا دەکەین کاتێك مرۆڤ لەگەڵ ئەم هێزەدا پەیوەندی دروست بکات، ئەم هێزە بە چۆنیەتی و خەسڵەتێکی باشتر و بەکەڵکتر لە وزەکانی بوخار، کارەبا، نەوت، خەڵوزی بەردین بۆ مرۆڤ کاردەکات، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم هێزە وەك یەکێك لە هێزە زۆر لاواز و کەم بایەخەکان لە نێوان هێزەکانی دیکە لەم گەردوونەدا دەدەینە قەڵەم، ئەم هێزە بەوەوە ناوەستێت، کە تەنها هێزی بزوێنەری پێویست بۆ مرۆڤەکان دەستەبەر بکات، ئەم هێزە توانای ئەوەی هەیە گەرمی پێویست بۆ سەرجەم ئاتاجییەکان فەراهەم بکات ئەویش لە هەر چرکە ساتێکدا، لە هەر شوێنێکدا، بەبێ ئەوەی گرامێك ماددەی سووتەمەنی بەکار هێنرابێت!

ئەم هێزە تەواو بێ جوڵە و بێ دەنگە و ئەودەمەی مرۆڤەکان سوودی لێوەردەگرن، دەتوانێت بەشێکی زۆر لەو دەنگە دەنگ و شپرزەییە و پشێوییەکان کە ئەم رۆژانە لە حاڵەتی کارکردندا حاشا هەڵنەگرن لەناوببات، ئەم هێزە لەبەردەستی ئێوەدایە، بە چواردەوری ئێوەدایەو چاوەڕێیە

سوودی لێوەربگرن، دوای ئەوەی بەکارتان هێنا، بە چەند قات ئاسانتر و سادەتر لە کارەبا و هەڵم دێتە بەرچاوتان.

ئەوەدەمەی ئاگایی مرۆڤەکان دەگاتە ئەم ئاستە، دەبینن هەموو ئەو ئامێر و ئامرازی گواستنەوە و گەیاندنە جۆراوجۆرانەی دایان هێناوە، شتێك نییە جگە لە چەندین ئامرازی زادەی بیر و ئەندێشەی ماتریالیستی ئەوان، ئەوان لەو بڕوایەدان کە خۆیان ئەم ئامرازانەیان بەرهەم هێناوە، هەر بۆیە جگە لە شتانێکی بەرهەست و دوور لە کەماڵیان دروست نەکردووە. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بۆیان دەربخەن کە هەموو شتێك لای خواوە دێت، خودایەك کە لەڕێی مرۆڤەکانەوە خۆی مانفێست دەکات، لەم حاڵەتەدا شتێك جگە لە شتانێکی کامڵ و دوور لە کەم و کورتیان دروست نەدەکرد، زێدەباری ئەمەش، ئەوان بەهۆی ((ئیختیار)) و ((مافی هەڵبژاردنێك)) کە هەر لە ئەزەلەوە پێیان دراوە، ئەم ڕێڕەوە دژوار و پڕ لە بەردەڵانەیان هەڵبژاردووە و هەوڵیان نەداوە پەیوەست بوون و وەحدەتی خۆیان لەگەڵ خودا دەرك بکەن و لە گشت ناز و نیعمەتەکانی خودا کەڵك وەرگرن، ئەوانە هێندە بەم ڕێڕەوە هەڵەیەدا پێشڕەوییان کردووە تا سەرەنجام پەی بەوە دەبەن کە پێویستە ڕێگا و ڕێچکەیەکی باشتر لە ئارادا بێت و لە بنەڕەتدا ڕێگایەکی لەم جۆرە، هەر لە ئێستاوە بوونێکی دەرەکی هەیە، لە کۆتاییدا، ئەوان تێدەگەن کە ڕێگەی خودا تاکە ڕێگای ڕاست و دروستە، لەو ساتەوەختەدایە کە مرۆڤ کامڵ بوونێك رادەگەیەنێت کە خواوەند ویستوویەتی ئەو هەر لە ئێستاوە و تەنانەت زۆر لەوەو پێشتر بەیانی بکات.

ئایا تێبینی ناکەن، کە ئێوە دەبێت زەینی خۆتان بەڕووی خوایەکدا چڕبکەنەوە کە لە وجودی خۆتاندایە، هەموو ئەوەی کە پۆزەتیڤ و باشە لێی دەربهێنن و لەڕێی ((خودە ئیلاهییەکەتانەوە)) سەرجەم هێزەکانی سروشتی مرۆیی خۆتان بخەنە گەڕ؟

لە سەرەتای هەر ستایش و دەربڕینێکدا، خواوەندی میهرەبان بوونی هەیە خودایەك کە لە هەناوی خۆتاندایە، بە پێچەوانەوە ئێوە توانای ستایش و مانفێست کردنی ئەوتان نابێت و شتێك لە وجودی ئێوە دزە ناکاتە دەرەوە، لەم بەشەی گفتوگۆکەدا، یەکێك پرسیاری کرد هزر و ئەندێشەکانی ئێمە دەتوانێت چ کاریگەرییەك لەسەر ژیانی ئێمە بەجێبهێڵێت و ئایا هەر لە بنەڕەتدا کاریگەرییەك هەبووە یان نا ((ماری)) دەستی رادا و شتێکی بچووك لەناو لەپیدا دەرکەوت ئەو گوتی: من ئێستا ئەمە دەخەمە ناو کاسەیەك ئاو، خاڵی کەوتنە ناو ئاوەکە،

سەنتەرێك دروست دەكات، چەند بازنەیەك كە پلە بە پلە گەورە و گەورەتر دەبن دێتە ئارا، ئەم بازنانە هێندە گەورە دەبن تاوەكو دواجار دەگەنە دیواری كاسەكە كە چوارچێوەی دەرەكی ئاوەكە پێكدەهێنێت پاشان بەهۆی هەڵەی چاوی ئێمەوە، ئەم بازنانە بە رووالەت لە تێنیان كەم دەبێتەوە و دواجار دەوەستن، راستییەكەی ئەمەیە كە ئەمانە هەر كە گەیشتن بە چوارچێوە ئاوەكە، دیسان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی كە بەردەكە كێشابووی بە ئاوەكەدا و هێندە درێژە بەم كارە دەدەن تا دواجار بۆ چەقی ئەم سەنتەرە دەگەڕێنەوە، ئەمە پڕاوپڕ نمایشی تێكڕای ئەو هزر و گوفتارانەیە كە ئێمە دەریان دەبڕین، هزر و گوفتار هەندێك لەرە لەری تایبەت دەخاتە جوڵە كە بە شێوەی كۆمەڵە بازنەیەك كە بریسكانەوەیەكی گەوەرتریان هەیە، پەخش دەبن و سات لەدوای سات گەورە و گەورەتر دەبن تا دواجار دەتوانن گەردوون لەخۆ بگرن، پاشان هەر ئەم بازنانە، بۆلای كەسێك كە ئەم هزرانەی دەربڕیوە، دەگەڕێنەوە، بەم پێیە سەرجەم ئایدیا و گوفتاری ئێمە، باش یا خراپ، بە هەمان دڵنیاییەوە كە ئێمە رەوانەمان كردوون، بۆ لای خۆمان دەگەڕێنەوە.

ئەم گەڕانەوەیە، هەمان رۆژی رەستاخێزە كە لە ئینجیلەكەی ئێوەدا باسی لێوەكراوە، ((رۆژانە، رۆژێك داوەری كردن بۆ ئەوان دەبێت)) ئەم داوەری كردنە بەگوێرەی ئەو ئایدیا و گوفتارە چاك یا خراپانەیە كە بەیانتان كردووە، چاك یا خراپ دەبێت، هەر بیروبۆچوونێك ((لە زەین یا بە شێوەیەكی دەربڕاو)) دەگۆڕێت بۆ دەنكێك ئەم دەنكە فیكرە سەرەتا رەوانە دەكرێت، پاشان بەشێوەیەكی فیزیكی و بەرهەست دەردەكەوێت هزرە كەماڵخوازەكان، دەبنە مایەی بەرهەم هێنانی كەماڵ و هزرە نوقسانەكانیش دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ناكاملی، خۆر و زەوی، بە یەك تاسە و ئارەزووەوە، دەبنە مایەی سەرهەڵدانی درەختی هەنجیری گەورەی هیندی و یاخود بچووكترین و جوانترین گوڵی سروشتی بیابان بەو مەرجەی كە دەنكە تۆوەكەی لە زەویدا بچێنرێت، بە هەمان شێوە، رۆح و زەین وەڵامی بانگەوازی مرۆیی دەدەنەوە، مرۆڤ هەمان ئەو شتە وەردەگرێت كە لە فیكر یا گوفتاردا داخوازی كردووە، ئەم شتە بۆ ئەو دەگەڕێنرێتەوە، گەرد و غوباری كەڵەكە بووی هزری ماتریالیستی كە مرۆڤ ئاسمانی لێ تەنیوە، تەنها شتێكە كە ئەو لە ئاسمان جیا دەكاتەوە، ئەمە هەمان ئەو شتەیە كە دەبێتە مایەی دروست بوون و سەرهەڵدانی عیرفان و مەعریفەیەك كە هیچ جۆرە راز و نهێنییەكی تێدا نییە.

دامەزرێنەران و بنیاتنەرانی دامەزراوە جۆراوجۆرە ئایینییەکانی (پەیوەست بە کلیسا) بۆچوونیان وابوو کە دەورەدانی شتە ئیلاهییەکان بە پەردەیەك راز و نهێنی ئاسانترە، ئەوان وابیریان دەکردەوە بەم کارەیان، زۆرتر بەسەر خەڵکی جڤاك دا زاڵ دەبن، بەڵام ئەمڕۆ هەرکەسێك بۆی ئاشکرا بووە کە شتە شاراوە و قوڵەکانی خودا، تەنها شتە واقیعییەکانی ژیانی رۆژانەن، ئەگینا بە کەڵکی چی دەهاتن؟ هەموو بۆیان دەرکەوت کلیسای مەسیحییەت، هیچ کارێك ناکات جگە لە پیشاندانی ئاگایی لەمەڕ رۆحی خودایی لە وجودی مرۆڤدا، ئەمەی کە خواوەند لە سەنتەری مرۆڤایەتی دایە، مرۆڤ پێویستە ئاگادار بێت لەجیاتی پەرستنی بتێك کە لەرێی ئەندێشەی فانی و لەناوچووی خۆیەوە دروست کراوە، دەبێت ئایدیاڵ و (مەعشوقی ئەسڵی) بپەرستێت.

بە ئەرك نەبێت ژمارەی زۆری دامەزراوە و رێکخراوەکانی پێچەوانەی بنەما ئایینییەکان لەبەرچاو بگرن کە دژی زاڵ بوونی ئایین لە هەر لایەکەوە دەست بەکاربوون و ئەمڕۆژانە فرەیی و فرە چەشنییەکی زۆریان پێوە دیارە، بەڵام تێکڕای ئەم دامەزراوانەش بە ناچار بە یەکبوون و یەکیەتی کۆتاییان دێت، ئایا ئەم فرە چەشنییە، پڕا و پڕ بەهۆی رووکردنی کلیساکانی مەسیحییەت نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئارەزووی وەحدەت و یەکبوون، بەرهەم نەهاتوون؟ ئێمە مەبەستم ئەو ماهیەتانەیە کە لاشەکانمان بەرەو کەماڵ بردووە، تا گەیشتووینەتە ئەو پلەیەی کە دەتوانین قاوغە جەستەییەکانمان بۆ هەر شوێنێك کە دەمانەوێت ببەین و لە بەهرەی دیتنی ئاسمانەکان بەهرەمەند بین و مۆڵەتمان هەیە لەوێش بمێنینەوە، زۆرێك لە خەڵك ئەم قەڵەمڕەوە بەناوی ئاسمانی حەوتەم دەناسن و ئەوێ بە عینوانی ((نهێنی ئامێزترینی نهێنییەکان)) دەزانن، ئێمە گەیشتووینەتە شوێنێك لە ئاگایی و شعور کە لەوێ وەرگری بەرزترین ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن و رێنمایی بین و قبووڵی دەکەین، لەڕاستیدا ئەمڕۆ عیسا لەوێ نیشتەجێیە.

ئەوێ جێگایەکە لە ئاگایی و ئاوڕدانەوە کە ئێمە دەزانین بە دانە دواوەی مردن، دەتوانین بەرگی نەمری بپۆشین، مرۆڤ لەوێ جاویدان و نەمرە. بەبێ هیچ گوناهێك، هەمیشەییە و رێك بە وێنەی خودا، بەو جۆرەیە کە خواوەند ئەو دەبینێت، ئەوێ جێگایەکە کە ئاگادارین لە مانای واقیعی تەجەلی گۆڕان. شوێنەکە دەتوانین لەگەڵ خودای خۆماندا پەیوەندی بەرقەرار بکەین و بەچاو ببینین، هەر مرۆڤێك رێگەپێدراوە بێت بۆ ئەوێ، میراتی خۆی وەرگرێت و رێك وەك

ئێمە بێت، تا ماوەیەکی تر ئاستی ئاگایی و دەرك کردنی گشتی تا ئەو پلەیە پەرەدەسێنێت کە ئێمە دەتوانین لەگەڵ مرۆڤایەتیدا رووبەڕووی یەك ببینەوە و وتووێژ بکەین و لە نزیکەوە لەگەڵ مرۆڤەکاندا پەیوەندی دروست بکەین، نەبینراوی ئێمە هیچ شتێك نییە جگە لە روونکردنەوەی ئاستی ئاگاییمان لە ئاستی مرۆڤە فانییەکانی تر، ئێمە تەنها لای بوونەوەرە فەنابووەکان، نەبینراوین و بەس، ئێمە زیاتر لە هەر شتێك پێمان خۆشە سێ رووداو لەبەرچاو بگرین، رووداوی یەکەم ماوەیەکی زۆر لەوەو پێش روویداوە و بەلای ئێمەوە بە مانای لەدایکبوونی ئاگایی رۆحی خودایییە لە وجودی مرۆڤدا، واتە لەدایك بوونی عیسا، ئێمە حاڵی حازر رووداوی دووەم دەبینین، ئەم هەست و وەرگرتنی ئاگاییە لەمەڕ رۆحی خودایی لەلایەن خەڵکی جیهانەوە، بەتایبەت گەلە گەورەکەی ئێوە کە لە هەزار نەتەوە پێکهاتووە، دواجار نۆرەی رووداوی سێهەم دێت کە دوایین رووداوی گرنگە و بەرزترین و باشترین رووداوی کەم وێنەیە کە روودەدات، واتە هەمان دەرکەوتنی حەزرەتی مەهدییە لە رۆژێکدا کە هەر مرۆڤێك توانای ناسین و وەرگرتنی ئەو رۆحە خودایییەی هەیە کە لە دەروونی خۆیدایە، بەجۆرێك کە لە هەمان ئاگاییدا درێژە بە ژیان دەدات و خۆی پەروەردە و کامڵ دەکات وەك زەمبەقەکانی گوێ چەم بە هەرلایەکدا نەشونما دەکات، ئەمە پەیوەندی کۆتاییە)) لەکاتێکدا ماری کۆتایی بە قسەکانی دەهێنا، گرووپی موزیکە نەبینراوەکە سەرلەنوێ دەستیان کرد بە چڕینی سرودێکی زۆر خۆش، هۆڵەکە پڕ بوو لە ریتمی موزیکێکی دڵگیر کە لەگەڵ مارشێکدا کۆتایی دەهات، پاشان ساتێك بێدەنگی باڵی کێشا بەسەرماندا و گرووپە موزیکەکە جارێکی تر چڕینی سرودێکیان دەسپێکرد کە ئەم جارەیان زۆر شاد و وروژێنەر بوو، هەر تاوە نا تاوێك بە دەنگی ((بایە قوشێك))ی گەورە کە وەك دەنگی ناقوس بوو، کۆتایی دەهات دوای ئەوەی ئەم دۆخە دوانزە جار دووبارە بوویەوە، ئێمە لەپڕێکدا بۆمان دەرکەوت کە نیوە شەوە و ساڵی نوێ دەستی پێکردووە. بەم پێیە، یەکەم شەوی ساڵی نوێی ئێمە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە کەسە کەم وێنە و مەزن و بەڕێزە تێپەڕی.

❊ ❊ ❊

# پاری دووەم

## بەشی یەکەم

سەر لە بەیانی رۆژی یەکەمی مانگی کانوونی دووەم، لەگەڵ سپێدەی بەیاندا لەخەو هەستاین هەموومان هەستێکی سەیرمان هەبوو، هەموو بۆچوونمان وابوو کە بەزوویی روداوێك ڕوودەدات کە دەبێتە مایەی ئەوەی سەرجەم ئەو پێشهات و ڕووداوانەی تا هەنووکە هاتۆتە رێمان و ئێمە لە نزیکەوە دەست و پەنجەمان لەگەڵدا نەرم کردوون، هەروەك ڕووداوگەلێکی زۆر سادە و ئاسایی بە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا، دەدرێنە قەڵەم.

لە کاتێکدا بە چوار دەوری مێزی قاوەلتیدا دادەنیشتین، هەمان ئاشنامان چاوپێکەوت کە پێشتر لە سەربانی ماڵەکەی ئەمیل لە هەمان ئەو گوندە چکۆلانەدا کە بۆ شەوبارگەمان لێ خستبوو،، ئەمە هەمان ئەو کەسە بوو کە خەو یا ((ئیلهامە))کەی منی شرۆڤە و خەو پەرژین کردبوو، دوای سلاو و چاك و چۆنی، ئەو گوتی ((هەنووکە زیاتر لە یەك ساڵ دەبێت کە هاوڕێی ئێمە بوون ئێوە لەگەڵ ئێمەدا سەفەرتان کردووە و هاوماڵ و و هاوسەفەربوون، لەوێوە کە بڕیارە تا مانگی نیسان یا مایس، لای ئیمە بمێننەوە، هاتووم بانگهێشتان بکەم بڕۆین بۆ سەردانی پەرستگای خاچی گەورە کە بە وێنەی ((T))ییە ئەو پەرستگایەی کە لە قەدپاڵێکی بەردینی دەرەوەی گوندەکە، لە دڵی شاخدا هەڵکۆڵراوە... پاشتر بۆمان دەرکەوت کە ژوورەکانی ئەم پەرستگایە لەو قەدپاڵە بەردینەدا هەڵکۆڵرابوون کە بەرزی دیوارە ستوونییەکانی دەگەیشتنە ٢٠٠ مەتر، ئەم ژورانە هێندە چووبوونە پێشەوە کە رێگەیان دەدا دیوارێکی قەبە و گونجاو بە ڕووی دیوارە دەرەکییەکەدا بمێنێتەوە، لە هەر شوێنێکدا پێویستی بە پەنجەرە بکردایە تاوەکو ڕوناکی یا هەوای پاکی دەرەوە بهێنێتە ژوورەوە، چەند کەلێنێك کرابوونە ئەم دیوارە و هەموویان بە ئاڕاستەی باشووربوون، پانی پەنجەرەکان نزیکەی یەك مەتری چوارگۆشە بوون و لە هەر ژورێکدا، دوو پەنجەرە هەبوو، جگە لە ژووری یەکەم کە لە نهۆمێکی خوارتر لە ژوورەکانی

دیکە هەڵکەوتبوو، لەم ژوورەدا هیچ ڕێگایەك بۆ دەرەوە نەبوو، دەروازەیەك نەبێت کە بە چاڵێکی گەورە کۆتایی دەهات، کە بەهۆی دارِمان و رزینی وردە وردەی دیوارە بەردینەکە لە خۆرهەڵاتی پەرستگاکەدا دروست بوو بوو، هیچ کەسێك نەیدەتوانی بچێتە ناو ئەو ژوورەی خوارەوە تەنها لەڕێی تونێلێکەوە نەبێت کە لە بەرد هەڵکۆڵرابوو وە لەم چاڵە گەورەوە دەستیپێدەکرد، پەنجەرەکانی ئەم ژوورە، دواتر دروستکران، سەرەتا، دەمۆچکەی تونێلەکە بەهۆی بەرداشێکی گەورەوە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، ئەو بەردە یەکێك بوو لەو گابەردانەی لە ئەنجامی هەرەسی شاخەکەدا کەوتبووە خوارەوە ئەم بەردە لەسەر بەرزاییەکی دیاریکرا و دانراوە و بە جۆرێك بوو دوای چوونە ژوورەوە، کەسەکە دەیتوانی دیسان بیگێڕێتەوە بۆ شوێنی پێشووی خۆی، بەم پێیە، دەمۆچکەی چوونە ژوورەوەکە جارێکی تر دادەخراو کاتێك لە شوێنی خۆی دادەنرا هیچ کەسێك لە دەرەوەی تونێلەکە، نەییدەتوانی تەکانی پێبدات، گەیشتنە ئەو بەرزاییە تەنها لە ڕێی پەیژەیەکەوە دەکرا کە نزیکەی ٢٠ مەتر بەرزییەکەی بوو و دەکرا لە خوارەوە بۆ سەرەوە یا لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابەزێنرێت، ئەو کەلێنانەی وەك پەنجەرە سوودیان لێوەردەگیرا، بەردی گەورەی ساف و تەختیان لە خۆگرتبوو کە لە ناو کەلێنەکەدا چوارچێوەی پەنجەرەکانیان پێکدەهێنا و مرۆڤ دەیتوانی بە جووڵاندنیان پەنجەرەکان دابخات، دوای ئەم کارە، ئیدی هیچ دەروازەیەك لەڕێی هەر بینەرێکەوە لەناو ئاواییدا، نەدەبینرا، بۆ ئێمەیان روونکردەوە کە دانیشتوانی گوند جارجارێك ئەم شێوازی بیناسازیەیان بۆ پاراستنی پەرستگاکە لە هێرش و پەلاماری چەتە و یاخییەکانی سەرملەکان کە لە باکوورەوە، ئەو ناوچەیان دەخستەبەر ئازار و ئەشکەنجەی بەردەوامی خۆیان بەکاردەهێنا، ئەم تاقمە رێبڕانە، جارجارێك دەهاتنە سەر گوندەکە، گوندی ناوبراو، تا ئێستا چەند جارێك ویران کرابوو، بەڵام هیچ کام لە دانیشتووانەکەی بریندار یا نەکوژرابوون چونکە هەموویان لەناو پەرستگاکەدا پەنایان گرتبوو.

هاوڕێ ئازیزەکانی ئێمە، خۆیان ئەو پەرستگایان دروست نەکردبوو، بەڵکو لە دانیشتوانی گوندەکەیان کڕیبوو و تاوەکو بتوانن دیکۆمێنێت و بەڵگەنامەی زۆر بەنرخی تێدا دابنێن و ئەو شوێنە وەك جۆرێك لە ((نووسینگەی ئەرشیف))ی بەڵگەنامە دێرینەکانی لێبکەن، ئەم بەڵگەنامانە، بەلای مامۆستا مەزنەکانەوە، زۆر گرنگ و بە نرخ بوون، لەو ساتەوەی پەرستگاکەیان کڕیبوو، هێرشی چەتەکان وەستابوو و هیچ کام لە دانیشتووانی ئاوایی دووچاری ئازار و ئەشکەنجەی ئەوان نەهاتبوو، بە کورتی هەموویان لە ئاشتی و ئاشتەواییدا دەژیان، وا

باوە هەندێك لەو بەڵگەنامە مێژووییانە بۆ سەردەمی دەرکەوتنی خەڵکی شارستانی لەسەر زەوی دەگەڕێنەوە و ڕاستەوخۆ لە ((سەر زەوی دایك))ەوە یا سەر زەوی سەرەکییەوە دێن.

ئەم بەڵگەنامانە رەنگە هەمان بەڵگەنامەکانی ((نا- ئاکال))[١] یا برا یانی پیرۆزبێت. بەڵگەنامە گەلێك کە لە بۆرما دەرکەوتن و گەلی ((ناگا))[٢] یان فێری زانیاری کرد.

وادیارە لەم بەڵگەنامانەدا سەڵمێنراوە کە باوباپیرانی ئەم خەڵکە، نووسەرانی سوریاسیدانتا[٣] و ڤیداها[٤]ی یەکەم بوون، سوریاسیدانتا کۆنترین کتێبی ناسراوە لە ئەستێرە ناسیدا.

بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان، پێشینەی ئەم کتێبە بۆ سی و پێنج هەزار ساڵ دەگێڕنەوە، شایانی باسە هیچ کام لە مامۆستاکانی ئێمە بانگەشەی ئەوەیان نەدەکرد بەڵگەنامەکانی ناو پەرستگاکە، وێنەی ئەسڵین، چونکە زۆرێك لە بەلگەنامەکان لە ناوچەی تر هێنراون و وێنەیان لێگیراوەتەوە کە بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکانی بابلیش لەوەوە دەهاتن، زۆرێك لە بەڵگەنامەکانیان بۆ ئەوە هێنابوو بۆ ئەو ناوچەیە تاوەکو لەوپەڕی ئاسایش و دوور لە مەترسی پارێزراوبن، وادیارە بەڵگەنامە ئەسڵی و بەراییەکان هەمان ئەو وێنە (نوسخە) سەرەکیانەن کە لە سەردەمی (ئەزیریس)[٥] و بۆ سەردەمی ئەتلانتیس دەگەڕێنەوە ژوورەکانی پەرستگاکە یەك لەسەر یەك و تا حەوت نهۆمی لەبانی یەك بوون و لەڕێی پلەکانەیەکەوە کە لە بەرد هەڵکۆڵدابوو، دەکرا بچیتە ناویانەوە، شێوازی هاتوچۆ لەم ژوورانەدا بەم جۆرە بوو کە دەبێت بچیتە گۆشەیەکی تایبەت لەهەر پلەیەك گۆشەیەکی چل و پێنج پلەیی هەبوو کە بە سەکۆیەك کۆتایی دەهات، لەوێوە دەچوویتە ژووری دوایی، وا هەڵکەوتبوو کە لە نێوان سەقفی ژوورێك و

(١) Naacal لەلایەن وەرگێڕەوە کراوە بە فارسی.

(٢) Naga: یەکێك لە ویلایەتەکانی هیندی خۆرهەلات پایتەختەکەی کوهیما (Kohima)یە.

(٣) Sourya Siddhanta: ناوی کتێبێکی زۆر کۆنە. و. بۆ فارسی.

(٤) Vedas: و ڤیداها سەرەتا و سەرچاوەی ئایینە هیندییەکانن، کتێب گەلێکی تایبەتە کە لەبارەی ئەرکی ئاسایی و عیرفانی لاشەی مرۆڤ و دەروونێکی پاك و بالا دەدوێن ڤیداها کۆمەڵە کتێبێکن کە وەك سەرچاوەی ئیلهام سەیر دەکرێن و چەندین سەدە بەر لە دەرکەوتنی ئینجیل، تەورات، یاخود تەنانەت قورئانیش هەبووە. و. بۆ فارسی.

(٥) Osiris: خودای جۆری میسری کۆن، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی نیشانەکانی ئەستێرەناسی لیندا گۆدمەن.

تەختی ژوورەکەی سەرەوەدا، هەمیشە دوو مەتر و پەنجا سانتیمەتر قەبەیی هەبوو کە لە جۆری بەرد بوو، سەقفی بەرزترین ژوور کە لە نهۆمی حەوتەمەدا بوو، نزیکەی چوارمەتر نزمتر بوو لە نووکێکی پان کە بەشێوەیەکی بەرجەستە کە نزیکەی سی مەتر دوورتر بوو لە ترۆپکی هەڵدێرگەکە پلەکانەیەك لەو ژوورەوە دەستیپێدەکرد و دەهاتەوە سەر ژووری ناوەندی، ئەویٚ، لە پێنج ژووری لە تەنیشت یەك پێکهاتبوو، کە دیواری ئەو نووکە بەرجەستەیەدا هەڵکۆڵدرابوو، لای راستی ژووره ناوەندییەکە دوو ژوور و لای چەپیش دوو ژووری دیکە هەبوو، بەجۆرێك کە شێوەی بیناسازییەکەی پیتێکی ((T)) گەورەی پێکدەهێنا، ژوورەکانی سەرەوە بەجۆرێك لە دڵی بەرد هەڵکۆڵدرابوون کە ئەو نووکە بەرجەستەیە، وەك باڵکۆن سوودی لێوەردەگیرا لەڕێی ئەم باڵکۆنانەوە دەکرا بچیتە ژوورەوە، بەرد و گابەردەکانی لە بەردی گرانیتی نەرم کە دەنکەکانی گەورە بوو پێکهاتبوو ئاساییە کە سەرجەم کارەکانی بنیاتنان، بەشێوە دەستی بووە و لە کەرەستە و ئامرازی بەرایی سوود وەرگیرابوو، هەروا بەڵگە نەویست بوو کە تەواوکردنی بینایەکی لەم چەشنە، چەندساڵێکی خایاندبوو، ئەوەش بڵێین لە هیچ شوێنێکی پەرستگاکە، بۆ نەخشەسازی یا کاری بنیاتنان، تەختەیان بەکار نەهێنابوو هاوڕیٚ پایە بەرزەکانمان، دوای کڕینی ئەم پەرستگایە، تەختەشیان لە گەڵاڵەکردن و بیناسازی ژوورەکان بەخشی بوو، بەتایبەت لە رۆژە ساماڵەکاندا.

ئاگاداریان کردین لە سەردەمی کڕینی ئەم پەرستگایەوە، هیچ کەسێك هەرگیز پەنجەرەکان یاخود دەروازەی هاتنە ژوورەوەی سەرەکی بەو بەردە گەورەیە دانەخستبوو، لەلایەك، ئەوانەی سەردانی پەرستگاکەیان دەکرد، زۆر دەگمەن بوون و هەموویان، زۆرتر ئەو کەسانە بوون کە ئاگایی و ئاستێکی ناسینی سەرەتایی یا گشتیان لە پەیامی رۆحانی واقیعی هەبوو.

هاوڕێکەمان لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەمڕۆ، بۆ ئێوە، سەرەتای ساڵێکی نوێیە لە گۆشە نیگای ئێوەوە، ساڵێك کەتیپەڕی بۆ هەمیشە لە ژیانی ئێوە چۆتە دەرەوە و چیتر ناگەڕێتەوە مەگەر لە بیرەوەریەکاندا، ئەویش بەهۆی رووداوە خۆش و شادی هێنەرەکانیەوە، یاخود بەپێچەوانەوە بەهۆی رووداوە ناخۆش و دڵتەزێنەکانیەوە ئەو بیر و ئەندێشانەی زەینی ئێوەیان پڕکردووە لەمەڕ ئەم کارەی ئێستاتان هەمیشە بە وێنەی لافاوێکی گەورە پەلاماری زەینتان دەدات، جگە لەوەش، ساڵیٚ رابردوو لەبیرکراوە و بۆ هەمیشە تێپەڕبووە و لەناوچووە، وەك بلێیت لاپەڕەیەکی سالآنە لە کتێبی تەمەنی ئێوە دڕاوە.

بەڵام دیدگای ئێمە بە تەواوی جیاوازە، ئێمە ئەمساڵ وەك خولێکی گەشەو پێشڤەچوون و بەدیهاتنی زۆرێك لە شتەکان دەزانین کە خراوەتە سەر مەلۆی سەرکەوتنەکانی دیکەمان، ئەمساڵ، هێڵێکی بە یەك گەیشتن لە نێوان ئێمە و ئارەزووەکانمان پێکدەهێنێت کە ئێمە بەرەو پێشکەوتن و گەشەی باشتر و ناوازەتر، زەمەنێك لە رێنوێنی و رووناك بینی و بەڵێنی باشتر و گەورەتر دەبات، بۆ سەردەمێك کە ئەزموونی پەیاپەی، مۆڵەتی بە ئێمەدا لاوتر، بەهێزتر و عاشق تر ببین، ئێوە بێگومان دەپرسن! چۆن شتێکی لەم جۆرە دەکرێت؟ ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین: هەوڵ بدەن خۆتان بگەنە ئەنجامی دەروونی، خۆتان ژیانی خۆتان هەڵبژێرن، سەر گرووپەکەمان، بەبێ ئەوەی کەمترین نیازی سەپاندنی دەسەڵات و دەست وەردانی هەبێت رایگەیاند! پێمان خۆشە هەموو شتێك ببینین و بناسین و بگەینە پلەی مەعریفەت.

هاورێکەمان دیسان درێژەی بە قسەکانیدا! لێرە بەدواوە، پەندووانەی ورد بۆ کەسانێك کە نابینن، نازانن، ناناسن و لە دەرککردنی ماناو تێگەیشتنی تەواو ((ئامانجی ژیانێکی کامڵ)) دۆش داماون، پێویست ناکات ئێوە بە ئاراستەی ژیانێکی وشکی ئایینی و لێوان لێو لە قەناعەت و دوورەپەرێزی و گۆشەگیری و چلە کێشی و زهد و پەرستش برۆن و سەراپا غەم و پەژارەبن. بەڵکو پێویستە لە جۆرێك ژیان بەهرەمەند بن کە تۆوی شادی خۆشی و دەستەبەرکردنی حەزو ئارەزووە چاکەکان لە زەوییەکەیدا چێنراوە. ژیانێکی باشی کە هەر جۆرە خەم و پەژارە و دەرد و مەینەتێك، بۆ دەرخستنی دوورخراوەتەوە)).

ئەو پاشان بە ریتمێکی ئارامتر درێژەی بە قسەکانیدا! ئێوە لەمەڕ حەز و ئارەزووەکانتان بۆ ((بینین)) و ((ناسین)) دووان بە دیتنی ئێوە کە بەم جۆرە کۆبوونەتەوە: بیرۆکەیەك کە لە یەکێك لە ئایەتەکانی کتێبی ئینجیللی ئێوەدا ڕاگەیەنراوە بە بیرمدا هات ئەو ئایەتە بەم جۆرەیە ((ئەودەمەی دوو یا سێ کەسی لە ئێوە، بەناوی منەوە لە شوێنێکدا کۆببنەوە، منیش لەنێوان ئەواندا ئامادەگیم دەبێت)) بەدرێژایی مێژوو، چەندین جار، ئەم رستەیە وەك جۆرێك لە گەمەی زیرەکانە بە وشەکان لەبەرچاو گرتووە لەکاتێکدا هێندە بەسە بە وێنەی مانایەکی واقیعی و بەرجەستە لەبەرچاوی بگرن! هەمووتان دوچاری هەڵەیەکی گەورەبوون کاتێك پەیامەکەی عیسا یا مامۆستا پاك و بێگەردەکانی دیکە دەدەنە پاڵ رابردوویەکی تاریك و نەناسراو، ئێوە ئەم پەیامە بە نرخەتان بە وێنەی حەکایەتێکی ئەفسانەیی و میسۆلۆژیا لەبەرچاو گرت، شتانێکی عیرفانی و نهێنی ئامێز و ناکاریگەر تا بەر لە مردن لەجیاتی ئەم کارانە، ئەم بۆچوونە هەڵەیە ئێوە دەبوایە تێبگەیشتنایە کە سەرجەم مرۆڤەکان دەتوانن وانەکانی ئەم مامۆستا پاکانە لە

ژیانی ڕۆژانەی، ئێستا و لەم شوێنەدا سوود لێوەربگرن، بەمەرجێك خوازیاری ئەم کارەبن و یەکتری بە باشی دەرك بکەین: ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین عیسا، وەك ڕۆحی خودایی ڕوون کەرەوە و پێشاندەری ئاستێکی دیاریکراو لە ژیان بوو کە لە ڕێی خۆیەوە بەرجەستەی کرد، ئاستێك کە ڕەنگە تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە جادووگەران و پێغەمبەران، لە قۆناغەکانی پێشی ئەو لە نێوان نەتەوە و تایفەکانی تردا، توانای گەیشتن بەو ئاستەیان نەبووە ئێمە بە نیازین لێرەدا لەبارەی عیساوە قسە بکەین چونکە ئەمە تەنها پەیامبەرێکە کە ئێوە، ناسینێکی کامڵتر و باشترتان لەمەڕ ژیان، پەیام و ئامانجەکەی هەبوو ((ئەویش بەهۆی پەروەردەی خێزانی جوگرافیتان)) ئەگینا دەمانتوانی لەمەڕ مامۆستایان و پەیامبەرانی پیرۆزی دیکەش قسە بکەین.

کەواتە وەرن با تەنها بە عیسا قەناعەت بکەین، کاتێك مرۆڤ بیر لە ژیانی عیسای کوڕی مەریەم دەکاتەوە تێبینی دەکەین کە عیسا یەك ئامانج و تێگەیشتنی زیاتری نەبووە، ئەویش دروستکردنی باوەڕێکی بتەو لەڕێی شێوازی ژیان وکردەوە گەلێك کە بەدرێژایی ژیانی لەسەر زەویدا پیشانی خەلکی داو هەروەها لەڕێی نمایشکردنی واقیعی و بەرچاوی پەیامەکەیەوە بۆ هەموان ئێمە نابێت ئەو ئامۆژگاری و وتارە سەر و ئاساییەی کە لە سەرشاخێکدا هاوڕێ لەگەڵ یارەکانیدا پێشکەش هەزاران کەسی کرد ئەم مۆرکەی پێوە بلکێنن کە ئەو بە نوێنەرایەتی ئەوانی دیکە خۆی قوربانی کرد چونکە ئەمە گریمانەیەکە چەند سەدەیەکە ئایدیای ئایینی مەسیحیەتی لەناو بردووە و پووچەڵکردۆتەوە ڕیبەرانی بیری خۆرئاوا، باوەڕدارانیان لە ئەنجامدانی پراکتیکی ڕێنماییەکانی عیسا لاداوە و ئەوانیان لە هەر کارێك پەشیمانکردەوە ڕیگەیان پێنەدان خەریکی توێژینەوەبن لەمەڕ تواناکانی ئیلاهی ئەوان باوڕدارەکانیان فێرکرد پەیامەکەی عیسا لەگەڵ ئەزموونی حەوارییەکاندا، تێکەڵ بکەن لە کاتێکدا پێویست بوو ئیماندارەکان فێر بکەن ئەو ڕێسا بنەڕەتیانەی ئەم ئەزموونانە پشتیان پێدەبەستن، زانستێکی ورد پێکدەهێنن کە پێویستی بە، زانین و دەرککردنی قووڵ و جێبەجێکردنی ئەو یاسانەیە لە ژیانی ڕۆژانە و ئاساییدا.

خۆرهەڵاتییەکان، وەك ئامانجی کۆتایی توێژینەوە و بەدیهێنانی نیاز و ئەندێشەکانیان، بەشی زانستی ئایینەکەیان هەڵبژارد، بەم کارە، ئەوان بەرەو خاڵێکی پێچەوانەی خۆرئاواییەکان درانەبەر، لە هەر کون و قوژبنێکدا ئایینیان دایە پاڵ قەڵەمڕەوی موعجیزە و هەر شتێکی (نائاسایی) یا (میتافیزیکی) بە هەمان ڕێژە، خۆرئاواییەکان ڕێگەیاندا و بە تەواوی لە چەندین

جۆر پرەنسیپی مۆراڵیدا نوقم بین، لە پنتێکی پێچەوانەی ئەوان، خۆرهەڵاتییەکان نغرۆن لە مەعریفە و زانستی ئایینیدا، بەم جۆرە تێبینی دەکەین کە ئەم دوو گرووپە هەردووکیان، لە ئاست حەقیقەتی رۆحانیدا، بە گوێرەی مانەوە، ژیان و زیندەگی رەهبانیەت و گۆشەنشینی و زوهد و پەرەستش و گۆشەگیری، دواجار دابڕان لە جیهانی دەوروبەر کە لە پەرستگا مەسیحی یا بووزییەکاندا هەیە، بە مەسەلەیکی تەوزیمی سەیر ناکرێت، ئەم جۆرە ژیانە بەناچار رێگە بە مرۆڤ نادات کە دەستی رابگات بە مەعریفە و ئیشراق و ڕووناکی و ژیانێکی کامڵ و لێوان لێو لە فەزیلەتی راستەقینە دەستبخات و ببێتە خاوەنی دەسەڵات تێکڕای ئەم شێواز و سیسستەمانە، هەزاران ساڵە بونیان هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا پەیامی عیسا وەك یەکێك لە مامۆستا گەورەکانی ئەم جیهانە، ئەویش لە ماوەی چەند ساڵێك مانەوەی کورتی لەسەر زەویدا، کۆمەکیەکی لە رادەبەدەر زۆری بە جڤاك و خەڵکی ئاسایی دنیا کردووە تاوەکو ئاستی ئاگایی ئەوان پەرەپێبدات هەمووومان دەزانین کە عیسا ئاگای لە تەواوی رێنمایی و فێرکارییەکانی راهیبەکان هەبوو، زنجیرەیەك ئەزموون و خولی پەروەردەیی سەرەتایی بەسەرکەوتوویی تێپەڕاندووە و گشت ئەو نهێنییە شاراوانەی کە بە پیرۆز ناسراو بووە خوێندۆتەوە و دواجار گەیشتبوو بە پەیام و رێنماییەکانی (ئوزیریس)(١).

پەیامێکی تر، لە ڕێی راهیبێکەوە شرۆڤە و راڤەکراون کە خۆی لە هەر جۆرە فۆرمێکی پەرستنی سوونەتی، مادی، یاخود پەیوەست بوون بە دێر و پەرستگاکانەوە دوور کەوتۆتەوە و خۆی لاداوە.

ئەم ڕاهیبە یەکێك لە قوتابییەکانی ((توت)) پاشا بوو کە سەرتۆپی زنجیرەی پاشاکانی میسر بووە، قەڵەمڕەوێکی دەسەڵات کە پێشتر، لەژێر ناوی ((میسری)) دا ناسرا بوو، لەکاتی

(١) Osiris: فەرمان ڕەوای میسری کۆن، خێزانەکەی ناوی ئیزیس بووە، ئەم پاشا بە بەزەیی بەدەستی (ست) Seth ی برای کوژرا و براکەی لاشەکەی کرد بە چواردە کەرتەوە هەر گۆشەیەکی فڕێ دایە ناوچەیەکی خاکی میسر، ئیزیس خێزانی پاشا کەوتە گەڕان بە دوای ئەم پارچانەدا بەڵام هەرگیز پارچەی چواردەهەمی لاشەی مێردەکەی کە لە قووڵایی رووباری نیل لە گەرووی تیمساحێکدا بوو نەدۆزیەوە، هەر بۆیە نەیتوانی مێردەکەی لە دنیای مردووەکانەوە بۆ جیهانی زیندووەکان بگێڕێتەوە لە ئاکامدا ئیزریس بوو بە پاشای سەر زەوی مردووەکان و (هوروس) کوڕی شوێنی ئەوی گرتەوە، دەڵێن ئەم ئیزریسە هەرەمە گەورەکەی میسری دروستکردووە، نەك پادشایەك بەناوی (خئوپسی) چونکە هەرەمی جیزە زۆرە لەوە کۆنترە کە پێشبینی دەکرێت.

دەسەڵاتی تیزریس و جێنشینەکانی دوای خۆی گەیشتبووە ئاستێکی بەرزی کەلتوور و شارستانی، ئەم کەسانە سەر بە نەژادی رەسەنی سپی بوون، دواتر، ئەم کۆمەڵە کەسە بەناوی ((ئیسرائیلیەکان)) کە بە نەژادی عیبرەیەوە پەیوەست بوون، ناسران کاتێك ((توت)) پاشا، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میسری بەشێوەیەکی فەرمی دامەزراند، وەك دیکتاتۆرێك هەڵسوکەوتی کرد زاڵمێکی ستەمکار بوو کە تەواوی مافی میللەتی پێشێلدەکرد. بە یارمەتی راوێژ و رێنماییەکانی ئیزریس و جێنشینەکانیان، دانیشتوانی ئەو سەر زەوییە بە درێژایی چەند سەدەیەك، شارستانیەتێکی سەرو ئاسایی و بێ وێنەیان بنیاتنا و پاراستیان، ژیارێك کە بەر مەبنای برایەتی و یەکێتی دامەزرابوو.

((توت)) بەوپەڕی زیرەکییەوە دەسەڵاتی بەڕێوەبرد و هەوڵیدا مانفێست و ئامانجەکانی ئیزریس بپارێزێت، مەخابن رەش پێستەکانی باشوور کە یارمەتی ((توت))یان دابوو بۆ گەیشتنە دەسەڵات، وردە وردە دەسەڵاتیان پەیداکرد و کارێکیان کرد کە هزرە ماتریالیستی و تەم و مژاوییەکان لەو سەر زەویەدا سەرهەڵبدات. لە زنجیرەکانی دواییدا فەرمانڕەواکان لە پەیامەکانی ئیزریس دوور کەوتنەوە، وردە وردە لە بیر و رێسا نادیارەکانی ئەو نەژاد رەشانە پەیڕەویان کرد و دواجار تەنها خەریکی جادووگەری رەش بوون، قەڵەمڕەوی پاشایەتی میسر، زۆری نەخایاند کە هەرەسی هێنا چونکە هەمیشە پێویستە ئەم جۆرە دەسەڵاتانە ژێراو ژوور و لەناو بچێت.

دوای ئەوەی عیسا بە وردی گوێی لە پەیامەکانی ئەم ڕاهیبە زاهیدە گرت مانا دەروونییە زۆر قووڵەکانی ئەو بیروباوەڕە سەرنجی ڕاکێشا، ئەو زانیارە رووکەش و کەمەی عیسا لەمەڕ پەیامی بووزایی هەیبوو بوو کە لە زانا و بیرمەندانی خۆرهەڵاتی وەرگرتبوو، مۆڵەتی ئەوەی پێدا تاوەکو پەی بەو لێك چوونە گەورە و شاراوەیە ببات کە لە نێوان سەرجەم ئەم بیروباوەڕ و فەلسەفانەدا هەیە و لێیان بگات، ئەو دواجار بڕیاریدا بۆ هیندستان بڕوات، سەفەرێك کە بە تەواوی دەکرا ئەنجامبدرێت و لەڕێی ئەو کاروانچیانەی کە لەو سەردەمەدا هاتوچۆی هیندیان دەکرد، لەڕێی رێگایەکی[1] دێرینەوە گەیشتە هیندستان.

دوای خوێندنەوەی پەیام و رێنماییەکانی بووزا کە تاڕادەیەك هەمان رەسەنایەت بەرایی خۆیان پاراستبوو، عیسا وێکچوونی زۆر سەرنجی راکێشا ئەو دەرکی بەوە کرد وێڕای جیاوازی

---

(١) رەنگە مەبەست لەم جادە مێژووییە، ئەو رێگایە بێت کە ئەسکەندەر بە درێژایی سەرکەوتنەکانی لە جەنگدا کردبوویەوە یاخودی رێگای ئاوریشم بێت.

لە فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی چۆنیەتی بە ئەنجامگەیاندنی ڕێوڕەسمە ئاییینییەکان و ئەو تیۆریانەی لە ڕێی مرۆڤەکانەوە دانرابوو، ئایینەکانی جیهان لە یەك سەرچاوەوە هاتبوون کە هەمان خودای تاك و تەنهایە، ئەو خودای بە باوکی ئاسمانی خۆی ناوزەد کرد زاتێك کە بەسەر هەموو شتێك و هەموو کەسێکدا حوکمی باوکی هەبوو، ئەو لەو دەمەدا هەموو فۆرمە جیاجیاکانی پەرستنی ئایینی واز لێهێناو و ڕاستەوخۆ بەرەو لای خودا چوو و ڕاستەوخۆ بۆ دڵی باوکە ئاسمانییە بە بەزەییەکەی بەڕێ کەوت[1].

دەرککردن و ئاوڕ لێدانەوەیەکی زۆر دڵگیر دوای ئەم ڕووداوە هاتە ئارا عیسا هەر زوو بۆی دەرکەوت توێژینەوە و گەڕان بەناو ئەو دیکۆمێنت و قەواڵە و بیروباوەڕ و فۆرمۆلە جۆراوجۆر و نهێنی و ڕاهێنانە درێژخایەنەکان کە ڕاهیبەکان زۆر بە وردی بەسەر خەڵکی ئاساییدا فەرزیان دەکرد تاوەکو زیاتر لە نەزانی و دیلێتیدا بیانهێڵنەوە، هەرگیز سودێکی نەبووە پێویست ناکات چەند ساڵێك لە تەمەنی لەم پێناوەدا بەفیڕۆ بدات، ئەو بۆی دەرکەوت ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێت، ئامانجە باڵاکەی لە وجودی خودی خۆیدا چنگ دەکەوت بۆ ئەوەی ڕۆحی خودایی بەدەست بهێنرێت، پێویست بوو بە دەنگی بەرز هاواربکات کە ئەو ڕۆحی خودایییە، دەبوو جاڕبدات کە ئەو مەسیحە، پاشان بە ئەنگێزە و نیازێکی پاکەوە لە ژیانیدا، لە ئەندێشە، گوفتار، هەڵسوکەوت، کردار، دەبوایە ئەو ژیانەی کە خۆی مەبەستی بوو بژیایە تاوەکو بتوانێت ئەو فۆڕمەی ژیان و زیندەگی لە جەستەی خۆیدا ئاوێزان بکات، پاشان چاپووکی و جوامێری ئەمەی پەیداکرد کە ئامانجەکانی بخاتەڕوو و هەموو ئەم بابەتانەش بە جیهان ڕابگەیەنێت.

گرنگ نییە ئەو لە چ سەرچاوەیەکدا خەریکی پشکنین و گەڕان بوو بوو، بەڵکو کارەکەی ئەو بایەخی هەبوو ئیدی هیچ شتێکی تر گرنگ نەبوو، خەڵکی ئاسایی کە ئەو پشتگیری ئامانجەکانی دەکردن بە تامەزرۆییەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت، ئەو بیرو ئەندێشەکانی لە هیندستان یا خاکی ئێران و میسر بە ئەمانەت وەرنەگرت، بیروباوەڕە دەرەکییەکان یارمەتی ئەویاندا تاوەکو ئاگای ئلوهیەتی خۆی بێت و دەرکەوتنەکەی لە ڕۆحی خودایيدا دەرك پێبکات ڕۆحی خودایی، لە وجودی هەر مرۆڤێکدا چنگ دەکەوت و تەنها لەبەر دەستی ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵکدا نەبوو، ئەمە شتێك بوو کە عیساپەی پێبرد.

---

(١) ئەمە بەم مانایە نییە کە خودا بەڕاستی باوکی عیسا بووە، بەڵکو عیسا لەو ڕووەوە خودای بە باوك ناودێر دەکرد چونکە دەیزانی بە گوێرەی بەراوردکردن، خواوەند بەندەکانی بەجۆرێك خۆش دەوێت کە باوکێکی میهرەبان منداڵەکانی خۆش دەوێت. وەرگێڕ.

هەنووکە سی و پێنج هەزار ساڵ بەسەر لەدایك بوونی ئیزریس لە ئەتلانتیك دەگوزەرێت ماوەیەکی زۆر لە دوای سەردەمەکەی ئەو، مێژوونووسانی ژیاننامەکەی، بەهۆی کارە گەورەکانیەوە کە ئەم پادشایە بە ئەنجامی گەیاند، ماهیەتێکی ئیلاهییان پێبەخشی، ئەو ڕاستەوخۆ لە نەوەی (مرۆڤە خاوەن ئایدیا باڵاکانەوە) دەهات، کەسانێك کە لە (زادگای دایکەوە) بیرو ئەندێشە ڕوون و ئاشکراکانی خۆیان پاراستبوو.

ئەم حاڵەتە لەمەڕ تەواوی بوونەوەرە ئەفسانەییەکانی سەردەمی کۆن کە وەسف و داستانی ڕووداوەکانی ژیان و جوامێری ئەوان تا هەنوکە بەر گوێی ئێمە کەوتووە یەکدەگرێتەوە، کارو کەسایەتییەکانی ئەوان، بەهۆی وەرگێڕانی یەك لە دوای یەکی تێکستەکان لە زمانە جیاوازەکانەوە و ئەو خاڵانەی کە هەر مێژوونووسێك، لە خۆیەوە بۆی زیاد دەکرد، لە فۆرم و ماهیەتی واقیعی خۆیان دەورکەوتنەوە، کار و ئەرکە مەترسیدارەکانی ئەوان وەك کردەوەگەلێکی میتافیزیکی لەبەر چاودەگیرا، ئەویش لە ڕێی کەسانێکەوە کە بە هیچ شێوەیەك نەیان دەویست کاتی پێویستیان بۆ قووڵبوونەوە لە پێناو تێگەیشتن لە چەمکی واقیعی ئەم سمبولانە بە خەرج نەدەدا، و هەوڵ و کۆششی زەینی و تەوزیمی بۆ دەرککردن و کەشفکردنی هەندێك لە واقیعیەتەکانیان ئەنجامدەدا، پێویست بوو ئەم کەسانە خۆیان، دەرکیان بەوە بکردایە کە هەموو شتێك بە جۆرێکی ئیلاهی، بۆ مرۆڤێك کە لە قەڵەمڕەوی واقیعی خۆیدا سەرقاڵی کارکردنە، سروشتییە. مێژوونووسانی ئەو سەردەمە، دوای ئەوەی کە ماهیەتێکی خودایی یان بە ((ئیزریس)) بەخشی، دەستیانکرد بە گواستنەوە و گێڕانەوەی تایبەتمەندییە مۆڕاڵییەکانی، سەرەتا، وێنەکەی تەنها لە پێناو پیشاندانی سمبولێکدا بوو کە ئەو گوزارشتی لێدەکرد، پاشان وردە وردە ئەم وێنەیە لە زەیندا چەسپاو مایەوە. سەرەنجام، ئایدیاڵە خوازراوەکە لەبیرچویەوە و تەنها بتێکی خاڵی لە هەر چەمك و مانایەك، مانەوە.

بووزاش، ماوەیەکی زۆر دوای سەردەمی خۆی، بەڕێی مێژوو نووسەکانی سەدەکانی دواییەوە، ماهیەتێکی ئیلاهی وەرگرت، بڕوانن ژمارەی ئەو وێنانە چەندە زۆرن کە لێی کەوتۆتەوە، ئەنجامەکەی ئەمە بووە کە خەڵك لەجیاتی پەرستنی ئامانجێك کە ئەو بانگەشەی بۆ دەکرد، خەریکی پەرستنی وێنەکان بوون، جاریکی تر، بتێکی داماڵڕاو لە هەر مانایەك دروستکرابوو، ئەم مەسەلەیە بۆ تێکڕای سمبوڵەکان دوور وایە. بووزاش پەیامەکەی لە هەمان سەرچاوەوە کە ئیزریس پەیامەکەی وەرگرتبوو، هێنابوو بەڵام بەجۆرێکی جیاواز، پەیامێك کە لە خاکی بۆرما بەدەستی بوزا گەیشت، لە زادگای دایکایەتییەوە سەرچاوەی دەگرت و لەڕێی نەتەوەکانی

(نائاکال) بۆ ئەو هێنرابوون پەیامەکەی ئیزریس راستەوخۆ گەیشتنە دەستی، چونکە باوباپیری لەوێ دەژیان شوێنێك کە لەهەمان سەرەتای لاوێتییەوە، ئەویان بە مەبەستی خوێندن و دەستخستنی زانیاری رەوانەی ئەوێ کردبوو، دوای تەواوکردنی خوێندن گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی و بوو بە رێبەری دانیشتووانی ئەتلانتیس و گەلەکەی خستە ژێر فەرماندەیی خواوەندی گەورەوە، نەتەوەیەك کە، وردە وردە بەهۆی کاریگەری نێگەتیڤی نەژاد رەشەکانی دەوروبەر و بیروباوەڕ و ئەندێشە نەناسراو و نادیارەکانی ئەوانەوە، لە خواوەند دوورکەوتبوونەوە.

مووساش یەکێك لەم رێبەرانە بوو، کەسێك کە دوای کۆچکردنی، مێژوونووس و جێنشینەکانی، خودایەکی بت ئاسایان لێ دروستکرد، ئەو ئیسرائیلی بوو و زانیاری و پەیامەکانی لە وێنە بابلییەکان کە بەشێك لە کتێبی پیرۆزی ئینجیلی ئێوە پێکدەهێنێت، هەڵگۆزیوە، ئەو بە وردی هەموو ئەو شتانەی کە فێربوو بوو، سەرلەنوێ نووسییەوە، بەڵام ئەو رووداو پێشهاتانەی کە ئەو گواستبوویەوە، لەڕێی وەرگێڕەکانی سەردەمەکانی دواییەوە، فۆرمێکی دیکەیان وەرگرت، من دەتوانم نموونەی زۆر لەم بارەیەوە بۆ ئێوە بهێنمەوە عیسا ئاگای لە سەرجەم ئەم بیروباوەڕو رێچکانە بوو، ئەو بە هەمان شێوازی تایبەتی خۆی، راستەوخۆ هەڵمەتی برد بۆ دڵی هەر ماناو چەمکێك و تەنانەت پلەیەکیش لەوانە تێنەپەڕی، ئەو بە جۆرێك جەستەی پەرەپێدا کە تەنانەت توانی رێگە بە مرۆڤەکانی تر بدات لە خاچی بدەن، بەم وەسفە عیسا توانی لە میانەی زیندووبوونەوە و دووبارە دەرکەوتنەوەی، توانی بەوپەڕی سەرکەوتووییەوە جارێکیتر لاشەی خۆی دروستبکاتەوە، گەر بێتو ئێوە پەیامەکانی ئیزریس بخوێننەوە و دواتر ڕوو لە پەیام و رێنمایەیکانی بوزاو عیسا بکەن.

هەموو ئەوانە هاوشێوەو وەك یەك دەبینیت، ئەم لێکچوونە تا ئاستێکە کە بەکارهێنانی هەندێك لە دەستەواژە و وشەکانیشی وەك یەکن، لەگەڵ ئەمەشدا، هەرگیز ناتوانین بڵێین یەکێك لەم بیروباوەڕانە، لاسایی ئەوی تری کردۆتەوە.

پەیامی هەر کام لەوانە (مەبەستم عیسا و بووزایە) رێرەوی وردی (دەرەوە بۆ ناوەوە)ی بە ئەوان پێشاندا، پاشان پێویست بوو هەر گریمانە و فەلسەفەیەك واز لێبهێنێت و هەر فێرکردنێکی بەرایی لە خۆی دوور بخاتەوە و هەنگاوێکی تر بۆ پێشەوە هەڵبگرن، وای دابنێن یەکێك لەوانە بەمە پەسەندی دەکرد ئەو شتانەی کە دەیبینی یا فێریان دەکرد بە وردی کۆپی کردووە و هەر ئەوانەشی فێری کەسانی تر دەکرد و تاوتوێ دەکرد، بەبێ ئەوەی توانای دەرك کردنی ئەم راستییە حاشا هەڵنەگرەی هەبێت کە تەواوی وجودی ئەو لە خوداوە سەرچاوەی

گرتووە. لەم حاڵەتەدا ئەم کەسە هێشتا درێژەی بە لێکۆڵینەوە دەدا و هەرگێز هیچ مێژوونووس یا کەسێك خەریکی گواستنەوە و گێڕانەوەی ژیان و کارەکانی ئەو نەدەبوو ئەوان هەموویان بە زنجیرەیەك ئەزموونی هاوشێوەدا تێپەڕیون، بەم مانایەی کە قوتابی و کارەکانیان، حەزیان کرد ئەوان بکەنە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای قەڵەمڕەوی ماددی، بەڵام هیچ کام لەوان، نەکەوتە ئەم داوە، ئەوان هەموویان، یەك ئەندێشەیان لە رستەیەکی هاوشێوەدا، دەربڕیوە ((قەڵەمڕەوی من پەیوەندی بەم جیهانەوە نییە، بەڵکو رۆحانییە)) سەبارەت بە ئیزریس رەوشەکە هێندە چووە پێشەوە کە مێژوونووسانی سەردەمەکانی دوایی، ئەویان وەك فەرمانڕەوای بەدەسەڵاتی میسر ناوزەد کردووە)).

لەم کاتەدا قسەکانی ئەو پیاوە کۆتایی هات و هەموومان بەرەو پەرستگا کە بەڕێ کەوتین بە گەیشتنە ژوورەکەی خوارەوە، دۆستەکەمان قسەکانی دەستپێکردەوە و گوتی: بێ زەحمەت ئەمەتان لەیاد نەچێت کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ماف و هەقێك بە کەسێکی تر بدات، بە پەروەردەکردنی دەرك و ئاگایی خۆتان، بۆتان دەردەکەوێت کە ئەوانە هەردووکیان یەکسان و وەك یەکن.

هەر کەسێك هەوڵبدات، ماف یا پێگەی خۆی بە ئێوە ببەخشێت کەسێکی زۆر کاڵفامە چونکە ئێوە رێك بە ئەندازەی ئەو، لە هەموو ئەو شتانەی کە لە وجودی ئەودا چنگ دەکەوێت بەهرەمەندن و هیچ جیاوازیەك لە نێوانتانا نییە، ئەم کەسە هەوڵدەدات شتێك بدات کە لە دەستیدا نییە، مرۆڤ دەتوانێت هەوڵبدات رێگای راست نیشانی براکەی بدات، تاوەکو ئەم کەسە جیهان بینی خۆی پەرەپێبدات و فراوانبکات و هەموو باشییەکان لە وجودی خۆیدا کۆبکاتەوە، بەڵام هیچ مرۆڤێك توانای ئەوەی نییە شتێك کە خۆی لەبەردەستیدایە و هەیەتی، بۆ یەکێکی دیکەی بگوازێتەوە)).

لەم چرکەساتەدا، گەیشتینە نهۆمی دووەم، لەوێ چاومان کەوت بە چوار کەس لە دۆستانی خەڵکی ئاوایی کەوا دیار بوو بەر لە ئێمە بۆ ئەوێ هاتبوون، دوای چەند ساتێك کە بە وتوویژ تێپەڕی، هەمووومان دانیشتین و مامۆستاکەمان دەستپێکرد و گوتی: ((هیچ کام لە کەسایەتییە مێژووییەکانی ئێوە لە دنیای خۆرئاوا، وەك کەسێتی عیسا، بەرچاو و سەرنج راکێشی نییە، تەنانەت تەقویمی ساڵانەتان ساڵەکانی بەر لەدایکبوون و دوای لەدایکبوونی ئەو هەژماردەکات، زۆربەی هاووڵاتیانی ئێوە، عیسا هەروەك بت، دەپەرستن و ئەمەش کت و مت هەمان ئەو شتەیە کە ئەوان لەرێی راست لادەدات، ئەم کارەی ئەوان هەڵەیە، گەلانی

خۆرئاوا پێویستە عیسا وەك ئامانجێکی بالاّ لەبەرچاو بگرن، نەك وەك بتێك، لەجیاتی ئەوەی وێنە و پەیکەرەکانی عیسا بکێشن و دابتاشرێت، دەبێت ئەو وەك کەسێکی زیندوو کە لە ژیاندایە سەیر بکەن چونکە ئەو بەڕاستی، ئەمڕۆش زیندووە و لە هەمان قاوغدا کە پێشتر پێیەوە لەخاچدرا، ئەو هێشتا زیندووە و دەتوانێت وەك سەردەمەکانی بەر لەخاچدانی لەگەڵ ئێوەدا قسە بکات، گەورەترین هەڵەی پیاوانی خۆرئاوا ئەمەیە کە عیسا وەك کەسێك دەبینن کە لە نەگبەتی مردندا بەسەر خاچەوە تەمەنی کۆتایی پێکهێنا، ئەوان بە تەواوی لەبیری خۆیانی دەبەنەوە کە گەورەترین بەش لە ژیانی عیسا، دوای زیندووکردنەوەی ئەو تێپەڕیوە عیسا دەتوانێت ئەمڕۆژانە، زۆر باشتر لە رابردوو، فێربکات و شیفا بدات ئێوە دەتوانن لە هەر چرکەساتێکدا کە بتانەوێت شەرەفمەندی حزوری ئەوبن، بەمەرجێك ئەم کارە لە کانگای  دڵەوە بخوازن، گەر بێتو بە دوای ئەودا بگەڕێن، دەیدۆزنەوە، عیسا وەك پاشایەکی زۆردار نییە کە بتوانێت ئێوە ناچار بکات کە مزوری ئەو بە زۆری قبووڵبکەن، بەڵکو برایەکی گەورەیە کە هەمیشە ئامادەی خزمەت کردن و کۆمەکی کردنە بە تەواوی خەڵکی جیهان. کاتێك لە رەهەندی فانی یا دنیاییدا دەژیا، تەنها دەیتوانی بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵکی جیهان دەستی ڕابگات، بەلاّم ئەمڕۆژانە، بەو شێوەیەی وەریگرتووە، دەتوانێت دەستی بە هەموو ئەو کەسانە ڕابگات کە بۆ ئەو دەڕوانن، مەگەر خۆی نەبوو کە گوتی ((شوێنێك کە منی لێبێت، ئێوەش دەتوانن ئامادەبن)) ئایا ئەمە بەم مانایە نییە کە عیسا لە شوێنێکی دوورە دەست بە ناوی ئاسمانی حەوتەم حزووری هەیە، پێویستە بۆ گەیشتن بەو شوێنە، ئێوەش بەناچار بمرن؟ نەخێر بەم شێوە نییە ئەو هەر لەو شوێنەدایە کە ئێوە حزوورتان هەیە، دەتوانێت لەگەڵیان قسە بکات و هەنگاو هەڵبگرێت، بەسە رێگە بدەن خودی ئەو دەست بەکاربێت، هەوڵبدەن تاڕادەیەك، بۆ سەرەوە بڕوانن، ئاسۆیەکی فراوانتر لە ئامێز بگرن و لەو ساتەدا توانای دیتنی ئەوتان دەبێت، بەو مەرجەی دڵ و زەینتان دۆستانە و دوور لە هەر ڕوو پامایییەك، بەرەو عیسا بدەن لە شەقەی باڵ ئێوە بەسەیرکردنی جەستەی ئەو بەشێوەیەکی ورد، نیشانەو ئاسەوارەکانی پاش برینداربوونی رێ و ڕەسمی لە خاچدان و برینی ئەو سەرنێزانە دەبینن کە بە تەواوی لەناوچوون، تەنانەت ئاسەواری ئەو برینەی لە ئاکامی تاجێکی دڕکین کە لەسەریانە کردبوو بە تەواوی سڕاوەتەوە ئەوین و بەختەوەریەك کە بە دەوروبەری ئەودا هەستی پێدەکرێت بەشێوە دەڵێت کە ئەو دەزانێت هەموو شتێك لەبیر بکات و لە هەموو کەس خۆشی ببێت و بیبەخشیت.

دۆستەکەمان لەم ساتەدا بێ دەنگ بوو بێدەنگییەکی قووڵ بۆ ماوەی پێنج دەقە باڵی بەسەرماندا کێشا، پاشان نوورێك کە ئێمە پێشتر نەمان دیبوو، ژوورەکەی رووناك و نوورانی کرد ئێمە دەنگێکمان بیست کە سەرەتا، لامان روون نەبوو و دەتگوت لە دوورەوە دێت، دوای ئەوەی ئەم دەنگە، سەرنجی هەموومانی بۆ لای خۆی راکێشا و بیری ئێمە بۆ ئەو دەنگە برا، دەنگەکە بە تەواوی روون و زوڵاڵ بوو بە ریتمێکی روون و دیار، وەك دەنگی جەرەسەکان زرینگایەوە، یەکێك لە ئێمە پرسیاریکرد، چ کەسێك خەریکە قسە دەکات؟... سەرگرووپەکەمان لە وەڵامدا وتی: بێدەنگ بن! ئەمە وەلی نیعمەت و گەورە و خۆشەویستمان حەزرەتی عیسایە کە خەریکە قسە دەکات، یەکێکمان وتی: ئێوە راستدەکەن، ئەمە عیسایە کە خەریکی قسەکردنە.

ئەو دەنگە مەلکوتیە ئاوای وت: کاتێك وتم ((من هەمان رێچکە و حەقیقەتی وجوودم)) مەبەستم نەبوو ئەم هزرە بە مرۆڤایەتی تەڵقینبکەن کەمن بە تاقی تەنها، تەنها نووری واقیعی و تاقانەم، من هەروەها گوتم ((بەرێژەی ئەو کەسانەی کە لەرێی ئەندێشەی ئیلاهییەوە هیدایەت وەردەگرن، بە هەمان رێژە کوڕەکانی خودا بونیان هەیە)) کاتێك کە وتم: ((من کوڕێکی کاملم، کوڕێکی تاقانە کە لە خواوندەوە سەرچاوە دەگرم شوێنێك کە خواوەند چێژی لێوەردەگرێت)) مەبەستم ئەمەبوو بە مرۆڤایەتی بڵێم کە یەکێك لە مەخلوقات یا کوڕە نموونەییەکانی خودا، دەبینێت، تێدەگات و ئلوهیەتی خۆی بەدەنگی بەرز رادەگەیەنێت، ئەم مەخلوقاتەی خودا دەبینی کە ژیان، کردار و زیندەگیشی لە زاتی خوداییدا بوونی هەیە، واتە هەمان ئەسڵی گەورەی دایك و باوك لە هەر شتێکدا ئەم مەخلوقەی خودا پاشان رایگەیاند کە مەسیح، یا رۆحی خودا، کوڕێکی تاقانە کە لە خواوەند خەڵقکراوە، پاشان بەهەبوونی ژیانێکی پیرۆز و پاك و بەدڵێکی راستگۆ و پڕ لە خۆشەویستی هەوڵدەر، ئەم مەخلوقە گۆڕدرا بۆ ئەو شتەی کە ئیدیعای دەکرد ئەو بەچاو بڕینە ئەم ئامانجە باڵایە، تەواوی جەستەی لەو ئامانجە لێوڕێژکرد و گەیشتە ئەو ئامانجەی لەبەرچاوی گرتبوو.

بۆچی ئەم هەموو خەڵکە منیان نەبینی؟ چونکە هەموویان منیان لەسەر سەکۆیەکی بەرز دانا و منیان بەجۆرێکی دەستپێڕانەگەیشتوو وێناکرد، ئەوان بە جۆرەها پەرچوو نهێنی دەوردەدا و منیان دوور لە خەڵکی جڤاك و ئاسایی دادەنا. خەڵکێك کە من بەرامبەر بە ئەوان، عەشقێکی لە وەسفکردن نەهاتوو هەستپێدەکەم، من ئەوانم لەخۆم دوور نەخستۆتەوە، ئەوانم بەجێنەهێشتووە، بەڵکو ئەوە خودی ئەوانن کە خۆیان لەمن دوور خستۆتەوە، ئەوان چەندین

پەردە، دیوار، حەسار و چیاییان هەڵکرد و چەندین واسیتەیان لە نێوان من و خۆیاندا دروستکرد و بە هەمان شێوە وێنەی من و نزیکەکانم کە زۆر بەرێزن بەلامەوە، لە هەر کون و قوژبنێکدا خۆڵڤاندووە، هەر کام لە ئێمە، بە چەند جۆرێك میسۆلۆجیا و راز و نهێنی جۆراو جۆر دەورە دراوین بەجۆرێك هێندە دەگمەن بووین کە چیتر هیچ مرۆڤێك نەیدەزانی چۆن پەیوەندیمان لەگەڵدا بکات، خەڵك خەریکی نزا و تکاکردن لە دایکی هێژاو خۆشەویستم و لەوانەی چواردەورم داوای کۆمەکی دەکەن، و بەم جۆرە ئێمەیان لە ئەندێشە فانییەکانی خۆیاندا، بەدیل و زیندانی دەهێڵنەوە، لەڕاستیدا، گەر بیانەوێت ئێمە بەو جۆرەی کە هەین بناسن، بێگومان پێیان خۆش دەبێت لەگەڵ مندا وەك کەسێکی ئاسایی تەوقە بکەن، کارێك کە ئەمڕۆ ئێوە دەیکەن بێگومان بە موراد دەگەن گەر بێتو خەڵك بخوازن واز لە هەر جۆرە خورافەیەك بهێنن و ئاقڵانە بیربکەنەوە، دەتوانن وەك ئێستا، لەگەڵ مندا قسە بکەن، ئێوە هەنووکە ئێمە وەك بەو جۆرەی کە هەین، لە گۆڕان نەهاتوو، دەبینن، چەندە پێمان خۆشە تەواوی خەڵکی جیهان لەم حەقیقەتە تێبگەن! چ راچەنینێکی گەورە! چ کۆبوونەوەیەك! چ ئاهەنگێك!

ئێوە مرۆڤە فانییەکان، هێندە ئێمەتان خستۆتە دوو توێی ڕاز و نهێنییە ئاڵۆزەکانەوە کە چیتر مایەی سەرسامی نییە شك و بێ باوەڕی بەسەر زەینی زۆربەی خەڵکدا زاڵ بووە و ببێت.

چەندە وێنە و پەیکەری زیاتر دروستبکەن و زیاتر بە مەرگ و نەبوون گەمارۆی ئێمە بدەن، زیاتر دەبنە مایەی ئەوەی کە زیاتر دەستتان بە ئێمە ڕانەگات چەندە زیاتر لە جاران، تۆوی گومان و تاریکی لە زەینتاندا بچێنن، بە هەمان ئەندازە چاڵی خورافات، قووڵ و فراوانتر دەبێت و پەڕینەوە لێی دژوارتر دەبێت گەر بێتو حەزتان بکردایە بەوپەڕی جوامێرییەوە هەنگاوتان بنایە و دەستی ئێمەتان بگوشیایە و بڵێن: ((من ئێوە دەناسم)) لەو کاتەدا هەر مرۆڤێك دەیتوانی ئێمە ببینێت و بناسێت بەو جۆرەی کە بەڕستی هەین، هیچ رازو نهێنییەك بە دەوری ئێمەدا نییە، هەروەها بە دەوری کەسانێکدا کە خۆشمان دەوێن چونکە ئێمە گشت جیهانییەکانمان خۆش دەوێت.

زۆربەی خەڵك، هیچ شتێك نابینن جگە لە بەشێکی بچووك لە ژیانی ئێمە کە لەسەر خاچەکە کۆتایی هات، ئەوان لەبیریان دەچێت کە گەورەترین بەش لە ژیانی من، لەم فۆرمەی ئێستامدا درێژەی بە ژیانی خۆی داوە، ئەوان لەبیریان چووە کە مرۆڤ تەنانەت دوای مردنێکی بەڕواڵەت سەخت و توندوتیژ ئامێز، درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، هیچ بوونەوەرێك توانای لەناوبردنی ژیانی نییە، زیندەگی هەمیشە درێژەی هەیە و ژیانێکی باش، هەرگیز نە لەناو

دەچێت نە گەندەڵی و لەناوچوون رووی تێدەکات، گۆشت و لاشەی فیزیکیش دەتوانێت ماهیەتێکی نەمری وەربگرێت و چیتر هیچ کاتێك گۆڕانی بەسەردا نەیەت. ئەو دەمەی کە پیلاتس[١] دەستەکانی شۆرد و گوتی ((خۆتان بیبەن و لە خاچی بدەن، من هیچ تاوانێك لە ئەودا شك نابەم)) شتێکی زۆر لەم ڕووداوە مێژووییە کە لە حاڵەتی ڕووداندا بوو وەخۆی رۆڵێکی گەورەی تێدا هەبوو، نەدەزانی. لەپڕ دوو کەس دەرکەوتن و عیسا دەستی خستە سەرشانی یەکێکیان گوتی ((ئەم برایەی کە دەیبینن، تەواوی ئەم رێگا دوور و درێژەی لەگەڵ مندا بەسەر بردووە)).

بەڵام سەبارەت بە کەسی دووەم، ئەویش کێشە و ئەزموونی بە چەند قات دژوارتری تووش بوو تا سەرەنجام بینایی رووناك نمایان بوو))، کەسێتی دووەم لەسەرخۆ هەنگاوێك هاتە پێشەوە و ساتێك رێك ڕاوەستا لەو کاتەدا پیلاتس سەری قسەکەی لێوەرگرت و گوتی ((من چەند ساڵێکی درێژخایەن چەرمە سەریم کێشا، بەتایبەت دوای ئەو رۆژە لە یاد نەچووە و لە کاتێکدا بە نەزانی، بارێکی قورسم لە کۆڵ خۆم دەکردەوە، ئەو بڕیارەم دەرکرد، ئێمە مرۆڤەکان بە درێژایی ژیانی جەستەییمان زۆر بە دەگمەن ئەو بارە قورسە سەرنجمان رادەکێشێت کە دەیخەینە ئەستۆی مرۆڤەکانی تر، تاوەکو بەرپرسیارێتییەکانمان لە کۆڵ بێتەوە، بەڵام ئەودەمەی چاوەکانمان دەکرێنەوە، تێدەگەین هەر چەند زیاتر هەوڵبدەین لەژێرباری ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانمان رابکەین و چەندە هەوڵی زیاتر بدەین ئەوانە بدەین بەسەر کۆڵی کەسانیتردا، ئەوبارە گرانە زۆرتر گوشار دەخاتە سەرشانی خۆمان، ساڵانێکی دووورودرێژی خایاند تا من ئەم مەسەلەیەم پەی پێ برد بەڵام کاتێك چاوەکانم کرانەوە، چ شادی و کامەرانییەکی زۆر وجودی منی گرتەوە!)).

لەو ساتەدا گرووپێکی موزیکی نەبینراو بە ئاوازێکی زۆر بەرز دەستی بە گۆرانی وتن کرد. ئەو ئاوازە وەسف و ڕوونکردنەوە هەڵناگرێت پاش چەند دەقەیەك، عیسا هاتە پێشەوەو گوتی ((ئایا سەرتان سووڕدەمێنێت لەوەی کە دەبینن من ماوەیەکی زۆر لەوەو پێش لە هەموو ئەو کەسانە خۆش بووم کە بوونەتە مایەی لە خاچ دانم؟ تا ئەو جێیەی بە منەوە بەندە، لێخۆش

(١) Pilate: سەرکردەیەکی رۆحی کە حەزی نەدەکرد عیسا لە خاچ بدرێت، کاتێك مکوڕ بوونی جوولەکەکانی لەسەر ئەم مەسەلەیە بینی دەستەکانی لە کاسە ئاوێکدا شۆرد و گوتی من دەستم لەم خوێنەدا نییە. وەرگێڕ

بوونەکەی من کاتێك کەوتم ((بەخشیمن)) کامڵ و ڕەهابوو، بۆچی من بەو جۆرەی کە هەم نابینن، بۆچی هەمیشە من بە شیوەی لە خاچ دراو دەبینن؟.

گرووپە موزیکییە نەبینراوەکە دیسان دەستی بە گۆرانی وتن کرد ((سلاو! سلاو لە هەمووتان، ئێوە کە مەخلوقاتی خۆشەویستی خودا! کڕنۆش ببەن و ستایشی زاتی ئیلاهی بکەن و قەڵەمڕەوی خودایی کە بۆ هەمیشە لە نێوان مرۆڤەکاندا جێگیرە، ستایش بکەن، بەڵێ! خواوەند هەمیشە لەگەڵ ئێوەدایە)) بە درێژایی ئەو ماوەیەی گرووپەکە سەرقاڵی ئەم قسانە بوو، وشەکانیش هەر لەخۆوە، لەسەر دیواری ژوورەکە دەنووسران.

ئەو دیمەنە هیچ ماهیەتێکی دووره دەست، تەم و مژاوی، نادیار و ناڕوونی نەبوو ئێمە بەڕاستی و بە تەواوەتی لەو ژوورەدا بووین و لەگەڵ بەرامبەرکانماندا گفتوگۆمان دەکرد، ئێمە تەوقەمان لەگەڵ کردن و وێنەمان لێگرتن، ئەوان لە نێوان ئێمە دابوون و ئێمە بە دەوری ئەواندا، لە هیچ شوێنێکدا سێبەر نەبوو، لەکاتی دەست لێدانی عیسا، دەتوت سەرگەرمی دەست لێدانی مەڕمەڕێکی سپی و خاڵس بووین، لە هەمان کاتدا، درەوشانەوەیەکی گەرم و دڵگیری هەبوو گەرمییەکی باش لە وجودی عیسا بە دەوروبەردا پەخش دەبوو دوای ئەوەی ئەوان لە ژوورەکە چوونە دەرەوە، وادەهاتە بەرچاو، کەشی ناو ژوورەکە هێشتا گەرمی و نووری عیسای لە خۆیدا پاراستووە، پاشان، هەر جارێك دەچووینە ئەو ژوورە، یەکێك لە ئێمە ئەو مەسەلەی باسدەکرد، کاتێك لە وەرزی پایزدا بۆ ئەو ژووره گەڕاینەوە، ژووری ناوبراو وەك جۆرێك لە زیارەتگای ئارام وابوو ئێمە ماوەیەکی زۆرمان لەوێ بەسەر برد.

لە کۆتایی ئەم یەکەم دیدارەدا، ئێمە خۆمان گرت تا بەرامبەرەکانمان ژوورەکە بەجێبهێڵن، هەموومان پێکەوەـ لە پلەکانەکە چووینە خوارەوە تا گەیشتینە ژوورەکەی خوارەوە.

پاشان بە تونێلەکەدا تێپەڕین چووینە حەوشەکە و دواتر گەیشتینە پەیژەکە، ئێمە بەرەو گوندەکە چووین دوای ئەوەی گەیشتینە ئەو خانووەی بۆمان تەرخان کرابوو، تا نیوە شەوێکی درەنگ خەریکی قسە و گفتوگۆبووین، پاشان لە یەك جیابووینەوە وەك نەریتی باو رەفتارمان کرد، رێك وەك ئەمە بوو کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە ئەم چەشنە گردبوونەوەیە زۆر سرشوتی و ئاسایی بێت.

دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، ئێمە لە دەوری خاوەن ماڵەکەمان کۆبوینەوە و هەریەکەمان تەوقەی لەگەڵ کرد، تاوەکو بەهۆی ئەو شەوە کەم وێنە و دڵگیرەوە سوپاسی بکەین، بەڵام خودی من ((چیرۆك خوان)) هەرگیز هیچ هەوڵ و کۆششێکم بۆ دەربڕین و وەسفکردنی ئەوەی هەستم پێدەکرد، نەبوو، هەرگیز مەگەر لەم لاپەڕانەدا، هەوڵمنەداوە ئەوە بگوازمەوە و بیگێڕمەوە، من ئەم ئەرکە بەهێزی خەیاڵ کردنی خوێنەری بەڕێز دەسپێرم، لەکاتی بەجێهێشتنی خانە خانووی خوێکەمان، هیچ کەس هیچ قسەیەکی نەکرد هەریەك لە ئێمە وای هەستدەکرد کە دنیایەکی تەواو تازە و نوێ بە ڕووماندا واڵابوو، ئەو شەوە، بەم بڕوا بتەوەوە کە باشترین ڕۆژی ساڵی نوێی تێکرای تەمەنمان ئەو ڕۆژە، بەسەر بردبوو چووینە سەر جێگای خەوتنەکەمان.

❊ ❊ ❊

# بەشی دووەم

بەیانی رۆژی دوایی، لەکاتی ناشتاکردندا، خاتوونی خاوەن ماڵەکەمان کردە ژێر بارانێك لە پرسیاری جۆراوجۆرەوە و بۆمان دەرکەوت ئەم مەسەلەیە شتێکی ناسروشتی و نائاسایی نەبووە، عیسا عادەتی وابووە هەر بەیناو بەینێك بۆ ئەویٚ بێت، رێك ئەو کارەی دوێنیٚ ئەنجامیدابوو، ئەو پێی وتین کە عیسا زۆرجار دێتە پاڵ ئەو و دۆستەکانی دیکەیان تاوەکو خەریکی شیفا و چاککردنەوەی نەخۆشەکان بێت.

ئەو رۆژە، خانە خوێکەمان، دوو خاتوونی دیکە لە هاورێکانی بڕیاریاندا لەگەڵماندا بێن بۆ پەرستگاکە، لەکاتی چوونە دەرەوە لە ماڵ، دوو پیاویش هاتنە پاڵمان، یەکێکیان بە خاوەن ماڵەکەی ئێمەی گوت کە منداڵێکی نەخۆشی خەڵکی ئاوایی داوای ئەوی کردووە، هەموومان لە رێگای سەرەکی لاماندا و بە دوای ئەو پیاوانەدا چووین بۆ ماڵی منداڵە نەخۆشەکە، باری تەندروستی منداڵەکە زۆر تێکچوو بوو، خاوەن ماڵەکەمان، چووە پێشەوە و قۆڵی لیٚ هەڵماڵی، دایکەکەی، منداڵەکەی خستە باوەشی ئەو، روومەتی منداڵەکە دەسبەجیٚ رۆشن بووەوە، پاشان بۆ تاوێك نێوچاوانی داگیرا، دوای چەند خولەکێك، چووە خەوێکی قووڵەوە، خاتوونی خاوەن ماڵەکەمان، دیسان منداڵەکەی گێڕایەوە بۆ لای دایکی و ئێمەش بەرەو پەرستگاکە بەرِیٚ کەوتین.

بە درێژایی رێگا، ئەو گوتی! ئاه! خۆزگە ئەم خەڵکە بەشەرەفە دەیانتوانی دەرك بەم کارانە بکەن و بە تەنها ئەنجامیان بدایە، بەڵام ئەوان پشت بە ئێمە دەبەستن چەند باش بوو ئەگەر بە ئێمەوە پەیوەست نەبوونایە، ئەوان واباوە ئێمە دوور لە ژیانی خۆیان دەهێڵنەوە تا ئەودەمەی گرفتێك دێتە پێشەوە، لەو کاتانەدایە کە ئێمە بۆ لای خۆیان بانگدەکەن، ئەمە زۆر باشە، بەڵام

مەخابن دەبێتە مایەی ئەوەی ئەوان هەست بە هیچ متمانەیەك نەكەن بە تواناكانی خۆیان، ئێمە پێمان باشە ئەوان بە تەنها، كێشەكانیان چارەسەر بكەن، بەڵام ئەوان رەفتارێكی منداڵانە لە خۆیان نیشاندەدەن و لە هەموو هەلومەرجێكدا بەم شێوەیەن.))

ئێمە گەیشتبووینە پەیژەكە، پێیدا سەركەوتین و چووینە ناو تونێلەكە، ئەو دوو پیاوەش بە دوای ئێمەوە بوون، تونێلەكە لەبەرد هەڵكۆڵرابوو و ئێمەش بێگومان چاوەڕوان بووین ئەو شوێنە بە تاریك و نوتەكی ببینن، بەڵام بەڕادەی پێویست رووناك بوو بەجۆرێك دەمانتوانی شوێنێكی دوورە دەست لە پێشەوەی خۆشمان ببینین، ئەوەش بڵێین واماندەزانی رووناكییەكە، دەوروبەری گرووپەكەی ئێمەی تەنیوە، بەجۆرێكی وا كە هیچ سێبەرێك نەبوو، ئێمە شەوی پێشوش ئەم دۆخە سەیرمان بینی بوو، بەڵام كەس هیچ قسەیەكی لەبارەوە نەكرد، لە وەڵامی پرسیارەكانی ئێمەدا وتیان ئەو رووناكیە رێك بە هەمان شێوە كە دەهاتە بەرچاو، بە دەوری ئێمەدا هەبوو و بەس كاتێك كەسێك لەناو تونێلەكەدا نەبووایە، تونێلەكە لە تاریكیدا نوقم دەبوو بە تونێلەكەدا تێپەڕین و تاوەكو ژووری نهۆمی سێهەم بە پلەكانەكاندا سەركەوتین، ئەو ژوورە لە دوو ژوورەكەی خوارەوە گەورەتر بوو، كۆمەڵێك تابلۆی زۆر كە بەهەردوو دیواری ژوورەكەدا هەڵپەسێردرابوون، دەبینرا، تێگەیشتین كە ژوورێكی گەورەی تر لە پشتی ئەم ژوورەوە هەڵكۆڵدراوە و پاشان زانیمان كە لەو ژوورەشدا، كۆمەڵێك تابلۆی هاوشێوە ریزكراون، ئەو تابلۆیانە، رەنگیان خوڵەمێشی یا قاوەییەكی مەیلە و سووری تۆخ بوون و بە جوانی رەنگ كرابوون، ئەندازەی هەندێك لە تابلۆكان چل سانتیمەتر بە شەست سانتیمەتر بوو، و قەبارەشیان پێنج سانتیمەتر بوو، كێشی هەریەكەشیان پێنج یا شەش كیلۆگرام دەبوو، تابلۆكانی تر گەورەتر دەهاتنە بەرچاو، ئێمە سەبارەت بەوەی كە دەمانبینی تابلۆكان لەودیو چیاكانەوە بۆ ئەو شوێنە هێنرابوون، هەروەها لە شێوازی هاتنی ئەوان بۆ ناو ئەو ژوورانە سەرسامی خۆمان دەربڕی، لە وەڵامدا پێیان وتین تابلۆكان، لەو دیو چیاكانەوە، بۆ ئەو شوێنە نەهێنراون، ئەم تابلۆیانە لە سەردەمێكدا بۆ ئەم جێیە هێنراون كە ئەم ناوچەیە تەواو پڕ پیت و بەرەكەت و دانیشتوان بووە، لە سەر زەمینی بیابانی گوبرایەوە دەهاتن، لەو سەردەمانەدا هێشتا هیچ شاخێك وجودی نەبووە، هیچ زنجیرە شاخێك قوت نەبۆتەوە پاشان ماوەیەكی زۆر دوای دروستبوونی شاخەكان، تابلۆكانیان لەو شوێنەدا هەڵگرتبوو تا لە هەر جۆرە شكان و لەناوچوونێك پارێزراوبن.

بەر لە سەرهەڵدانی شاخەکان، وادەهاتە بەرچاو لافاوێکی گەورە و توند بەشێکی گەورەی ئەو ناوچەیەی داپۆشیوە و بە تەواوی لەناو بردبوو، بەشێکی گەورەی دانیشتووانی ناوچەکەی لەناوبردبوو، پاشماوەکانی ئەم کارەساتە لە تەواوی جیهان دابڕیون و لە هەر جۆرە ئیمکاناتێکی ژیان بێبەش بوون، ئەوان هەمان باو و باپیری ئەو چەتە و ڕێبڕانە بوون کە هێشتا ئەم ڕۆژانەش لە بیابانە فراوانەکانی گوبی، لە چین، حزووریان هەیە ئەو سەردەمە، ئیمپڕاتۆری گەورە ((ئویی گور))(1) لە جیاتی زنجیرە چیاکانی هیمالایا و بیابانی گوبی هەبووە، چەندین شاری گەورە لەم ناوچەیەدا هەبووە و شارستانیەتێکی زۆر پێشکەوتووی هەبووە، دوای هەرەس هێنانی شارەکان بەهۆی لافاوەوە، کەلاوەکانی شار بەهۆی لم و زیخی جوولاوی بیابانەوە بوون بەژێرەوە.

ئێمە لەو ڕوونکردنەوانە، بەو جۆرەی کە بۆیان وەردەگێڕاین، چەند شتێکمان یادداشت کرد دواتر ئێمە سیان لەم شارانەمان دۆزیەوە، ڕۆژێك، کە دوای گەڕان و هەڵکۆڵین و پشکنینی شوێنەوارناسی زۆر ناوچەی مێژوویی کۆن دۆزرایەوە، بێگومان ڕاستی و دروستی ئەم دیکۆمێنتانە ساغ دەبێتەوە، ئەم نووسراو و دیکۆمێنتانە، مێژووی ئەم شارستانیەتە بە چەند هەزار ساڵ لەمەو پێش دەخەملێنن. بەڵام لەو ڕووەوە کە حەز بە کاری شوێنەوارناسی ناکەین، لێرەدا دەوەستم و دەچمە سەر پاشماوەی داستانەکە.

ئێمەیان برد بۆ ژووره جیاوازەکانی پەرستگاکە و لە درێژەی قسەو باسەکاندا تێگەیشتین یەکێ لەو پیاوانەی بەیانی ئەو ڕۆژە هاتبووە لامان، لە کورەزاکانی یەکێك لە هاوڕێکانی ئێمە بوو، بەم جۆرە ئەو پیاوەی لە گوندەکەی یەحیای وسڵ دەرکەر ناسیمان، لە باپیرانی ئەم پیاوە بوو هەروەك لە بیرتانە، ئێمە ئەو دۆستە خۆشەویستەمان بە ((نووسەری بەڵگەنامە مێژووییەکان)) ناو دێرکرد، ئەونیشانە و هێمای تەمەنێکی زۆری پێشاندەدا ئەمە شتێك بوو کە ئێمەی زۆر سەرسام دەکرد.

لەکاتێکدا بۆ ژووری یەکەم دەگەڕاینەوە، سەرگرووپەکەمان پرسیاری کرد ئایا دەکرێت داخوازیەك لەگەلە دەربڕیندا بێتە دی؟ خانمە خانە خوێکەمان لە وەڵامدا وتی هەر خواست و ئارەزوویەك بەمەرجێك بەشێوەیەك کامڵبێت دێتە دی، ئەو گوتی خواستن، جۆرێك لە شێوەی نزاو پەرستشە و ئەمە کامڵترین شێوەی دەستەواژەیەك بوو کە عیسا بەکاری دەهێنا چونکە هەمیشە دەهاتەدی، نزایەك کە هەمیشە گیرابێت، لە بنەرەتدا دەبێت کامڵبێت، بەم پێیە

(1) Uıgour.

زانستییە و مادام زانستیش بێت، دەبێت بە گوێرەی یاسایەکی ورد بێت... ئەو گوتی: ئەم یاسایە بەم جۆرەیە: ((نزاکانی ئێوە بە گوێرەی ڕێژەی باوەڕەکەتان دەستەبەر دەبێت)) من بە جۆرێکی روونتر دەڵێم: ((گرنگ نییە خواست و داخوازییەکانی ئێوە لە کاتی پاڕانەوەدا، چی بێت، هەوڵبدەن لەسەر ئەم بیروبڕوایەبن کە هەر لە ئێستاوە وەرتان گرتووە، ئەو کاتە بێگومان ئەو نیاز و خواستانە بەرجەستە دەبن، گەر بێت و ئێمە دڵنیابین، هەموو ئەو شتانەی داوای دەکەین لە ئێستاوە دەستەبەر کراون، بەم جۆرە تێدەگەین کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یاسای گشتدا کاردەکەین، ئەگەر ئەم حەزو ئارەزووە نەیەتەدی، بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی داوامان کردووە هەڵە بووە، ئەم کارە گوناهەکەی بۆ خواوەند ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە. لە هەڵومەرجێکی لەم چەشنەدا، دەستوورێکی لەم جۆرەیان دەرکرد: ئێوە پێویستە خودای خۆتان لە کانگای دڵەوە، بەوپەڕی رۆح و زەینەوە، بە هەموو هێزو بە هەموو ئەندێشەتانەوە خۆش بوێت)) هەنووکە ئاوڕ لە قووڵترین بەشی وجودی خۆتان بدەنەوە، بەبێ دەمارگیری و ترس و بە بڕواو بە دڵێکی شاد و ئازاد سوپاس گوزارو ئەمەك دارەوە داخوازییەکانتان بخەنەڕوو و بشزانن کە ئەو شتانەی پێویستتانە هەر لە ئێستاوە موڵکی ئێمەن.

رازی سەرکەوتنی ئەم کارە ئەمەیە کە خۆتان ئاگایانە، لەگەڵ خواوەنددا یەکبخەن، پاشان پێویستە بەبێ ئەوەی لە هێڵی راست لابدەن، لە هەمان حاڵەتدا بمێننەوە، تەنانەت ئەگەر هەموو دانیشتووانی سەر زەوی نەیاری ئێوەبن عیسا گوتوویەتی: ((من بە تەنها هیچ کارێکم لە دەست نایەت، خودایەك کە لە وجودی مندایە هەموو ئیش و کارەکان رادەپەڕێنێت)) باوەڕتان بە خواوەند هەبێت، گومانتان نەبێت و ترسی هیچ شتێکتان لە دڵ نەبێت، لە یادتان نەچێت کە لە بەرامبەر هێزی خواوەندا هیچ ئاست و سنوورێك نییە، لە ڕاستیدا ((هەموو شتێك دەکرێت بێتە دی و بەرجەستە بێت)) لە دەستەبەندی داخوازییەکانتانا، وشەی پۆزەتیڤ کاربهێنن، هیچ شتێك جگە لە حاڵەتی کەماڵی خوازراو بوونی نییە، پاشان تۆوی ئەندێشەیەکی کامڵ لە زەینتانا بچێنن و هەموو هزرەکانی تر فڕێبدەنە دەرەوە، داوای سەلامەتی لە خودا بکەن، نەك چاکبوونەوە لە نەخۆشی، بپاڕێنەوە تاوەکو هاوئاهەنگی و ئاشتی و دڵپاکی بەیانبکەن و ببنە مایەی فەڕو بەرەکەت، نەك ئەوەی لە فرەیی ناڕەحەتییەکان رزگارتان بێت و لە دەست نەگبەتی و رەنج و مەینەتی و سنووردارێتییەکان قورتار بن. ئەم شتە (نا دروستانە) وەك جلە چڵکن و کۆنەکان فڕێ بدەن ئەم شتانە، بارودۆخی کۆنن و ئەو شتانەن کە ئێوە چیتر هیچ پێویستتان پێیان نییە، ئێوە دەتوانن لەو پەڕی شادی و خۆشیدا لە

دەستیان رزگارتان بێت تەنانەت سەرتان بۆ ئاوڕدانەوەو بینینی ئەم شتانە، مەجولێنن، هەموو شتەکان لە بیرکراون، بەخشراون، بۆ ئەو گەرد و خاکە گەڕاونەتەوە کە لێیەوە هاتوون، چیتر بوونێکی دەرەکیان نییە، هەموو ئەو فەزایەی بە دەورتانا چۆڵ بووە، لە فیکر و ئەندێشەی خواوەند کە بە لوتف و بەزەیی بێ کۆتایی دەژمێردرێت، پڕ بکەن.

پاشان لە یادتان نەچێت کە قسە جۆرێك لە تۆو و دانەیە، پێویستە نەش و نما بکات، بزانن لە کوێ و کەی و چۆن، پەیوەستە بە خوداوە و بەس، ئێوە تەنها پێویستە ئەو شتانەی کە دەتانەوێت داوای بکەن و هەمیشە سوپاس گوزاربن و سوپاسی لوتفی خودا بکەن و بزانن لەو ساتەدا کە داخوازییەکەتان دەربڕیوە، ئەو شتەی پێویستتانە وەرتان گرتووە هەموو وردەکارییەکانی پەیوەست بە قۆناغی جێبەجێ کردنی ئەم کارە. پەیوەندی بە خواوەندی جیهانەوە هەیە و بە ئەوەوە پەیوەستە.

لە بیرتان نەچێت کە تەنها خودا خۆیەتی کاری سەرەکی ئەنجامدەدات، رۆڵی خۆتان بەر یێك و پێکی ئەنجامبدەن و کاری خودا بە خودا بسپێرن و تەنها باوەڕی تەواوتان بە ئەو هەبێت، سەرەتا بخوازن، پاشان پێداگری بکەن لەسەری، دواجار بۆ نیازەکانتان ئاوڕ لە خودا بدەنەوە و لەو دەمەدا دەستەبەربوونی ئارەزووەکانتان لەلایەن خواوە وەربگرن.

هەمیشە لە زەینتانا، فیکری بەرەکەت و فراوانی خواوەند بپارێزن، گەر هاتوو فیکرێکی تر بە زەینتاناختورەی کرد، بیخەنە شوێنی فیکری یەکەمتان و سوپاسی ئەم نیعمەت و بەرەکەتە بکەن، ئەگەر پێویست بکات، هەمیشە سوپاسی خودا بکەن لەبەر ئەنجامدانی ئەم کارە، داخوازییەکەتان مەگۆڕن و دووبارەی مەکەنەوە، تەنها بەمە بەسەندە بکەن کە سوپاسی خواتان کردووە و بۆ بەدیهاتنی ئارەزووەکانتان سوپاسگوزاری بکەن و پێزانینتان هەبێت بۆ ئەو کارانەی خواوەندی دەروونتان ئەنجامدەدات، پاشان بۆ وەرگرتن و قبووڵکردنی حەزەکانتان دەستی سوپاسگوزاری بۆ لای خودا هەڵبڕن، چونکە دەبێت ئێوە خوازیاری شتە باشەکان بن، تەنها چاك بن ناتوانن ئەو چاکە یە بەدەوروبەرتانا پەرەپێبدەن، پێویستە ئەم کارانە لە خەڵوەت و بێدەنگی و رازی دڵدا ئەنجامبدرێت، پەرستشی خودا بکەن، بەڵام لە خەڵوەتدا لەبەر ئەوەی خودایە کە لە نهێنییەکانی دڵەکان ئاگادارە لەبەرچاوی گشتیدا پاداشتی ئێوە دەداتەوە.

کاتێك ئەم کردەوانەتان تەواوکرد، ئەو زەمەنەی لەم کارەدا بە خەرجتان داوە وەك یەکێك لە گەورەترین گەنجینەکانتان دێنە بەرچاوتان، چونکە توانیوتانە بیسەلمێنن ئەم یاسایە بەڕاستی هەبووەو هەیە، ئێوە لە توانای قسەکانتان ئاگادار دەبن، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ بڕوای تەواو و نزاو

تەقدیس و سوپاس گوزاریدا ئاوێزان بوو‌بێت، بیهێننە بیری خۆتان کە خواوەندی باڵا هەموو نەخشە کامڵەکانی گەیاندۆتە ئاستی کەماڵ، خواوەند بەردەوام بەخشش و کەشف و سەخاوەت خێر و چاکە دەبارێنێت و هەموو شتە باشەکانی دنیا کە دەتوانین داوای لێبکەین بە ئێمە دەبەخشێت، ئەو دەڵێت: ((تاقیکەنەوە و دەبینن کە چۆن چۆنی پەنجەرەکانی ئاسمان والا دەکەم و لوتف و بەرەکەتی بێ پایان بەسەرتانا دەبارێنم بە جۆرێك کە چیتر شوێنێك بۆ ئەوان لەسەر زەویدا چنگ ناکەوێت)).

## ((لە کانگای دڵەوە))

ئیلاهی! دڵی وجودم، خودای مەزن، من لەگەڵ تۆدا یەکێکم! من تۆ بە زاتی ئەزەلی و خواوەندی تێکڕای مەخلوقەکانی جیهان دەزانم، تۆ زاتێکی پاك و داناو ئامادەی لە هەموو شوێنێکدا، تۆ فەزڵی، تۆ ئەوینی، تۆ هەقی، تۆ دەسەڵاتی، هەوێنی، ویژدانی وجود کە هەموو شتەکان لەوەوە گەڵاڵەبوون و بەیارمەتی ئەو دروستکراون و ئافەرێنراون، تۆ ژیان و وجودی زەینی منی، هەوێنی رۆحانی رۆح و گیانی منی، هەست و دیرایەتی هزرەکانی منی، من تۆ لە لاشەی فیزیکی و لە کار و کردەوەکانمدا بەیاندەکەم، تۆ سەرەتاو کۆتاییت، کۆی هەموو شتە باشەکانی کە منی سووك و رسوا، دەتوانم وەسف و سەنای بکەم، خواستی فیکری من کە لەلایەن رۆحمەوە چێنراوە، لەڕێی تۆوە لە زەینمدا جووڵەی تێکەوتووە و لە ئەزموونەکانمدا، بینراو و بەرهەست دەبێت، خێرو چاکەیەك کە دەیخوازم، هەر لە ئێستاوە، بەشێوەیەکی نەبینراو لە زەینمدا هەیە و دەزانم هەر لە ئێستاوە لەبەر دەستم دایە و خاوەنیمی.

ئەو وشانەی هەنووکە بەزارمدا دین، ئیلاهی بە هەموو گیانمەوە گوزارشت لە خواست و نیازەکانی من دەکەن ئەم داخوازییە، وەك تۆوێك لە کێڵگەی رۆحمدا چێنراوە و لە زەینمدا بەهۆی ژیان و بوونی تۆ، بڕستی تێکەوتووە، پێویستە بکەوێتە جووڵە و گەشە بکات، دەبێت بهێنرێتە دەرەوەو بەرجەستە بێت، من تەنها بەزاتی پاك و باڵای تۆ، کە جیلوەی عەقڵ و درایەت و عەشق و حەقیقەتیت، رێگە دەدەم لە رۆحمدا بکەویتە جووڵە و بزاوتن، من تەنها ئەو شتەم دەوێت کە بۆ هەمووان باشە و هەنووکە لە تۆ دەخوازم کە بۆم دەستەبەر بکەیت خودایە، من تەنها مانیفێست کردنی عەشقم دەوێت، خوازیاری دەربڕینی عەقڵ و فەزیلەت و هێز و لاوێتی هەمیشەییم، خوازیاری بەدیهاتنی هاو ئاهەنگیم، بەختەوەری و پیت و بەرەکەتم، من دەمەوێت هۆش و ئاوەزو ویژدانم راستەوخۆ لە خودی تۆوە وەربگرم، بۆ ئەوەی تێبگەم بە چ شێوەیەك لە رەگەزی ئیلاهی کە پەیوەستە بە جیهانی بوونەوە، ئەوەی کە بۆ رەزامەندی و خۆشحاڵی و بەدیهاتنی هەموو داخوازییە باش و دڵگیرکانە، ماددەی پێویست دەربهێنم، من ئەم کارە نەك بۆ ئامانجێکی خۆ پەرستانە،

بەڵکو بە ئەنگێزەیەکی پاك و لە پێناو بەدەستهاتنی هۆش و ئاوەزێکی پێویست ئەنجامدەدەم تاوەکو بتوانم خزمەت بە هەموو دروستکراوەکانت بکەم.

## بە هەموو ئایدیاکانمەوە

ئەوەی کە دەمەوێت، هەنوکە ڕوون و کامڵ بووە، من تەنها ئەوەی کە دەمەوێت کە لە زەینمدا گەڵاڵەی دەکەم، ئیلاهی! ریك وەك تۆوێك کە لە زەویدا، سەوزبووە و لە پنتێکی ئارام و نارێك دایە، خواست و نیازی من، هەنووکە لە قەڵەمرەوی کپ و نەبینراوی ڕۆحم، گیانی وەبەردێت و فۆرمەلە دەبێت، من لەناو ژوورەکەمدا خۆم قایم دەکەم و دەرگاکەی دادەخەم، لەو پەڕی کەمالی ئارامش و متمانەدا، داخوازییەکانم لە زەینمدا دەهێڵمەوە، ریك وەك ئەوەی کە هەر لە ئێستاوە هاتبێتەدی.

ئیلاهی! من هەنووکە چاوەڕوانی بەدیهاتنی تەواوی ئەو داخوازییەم، ئەی خودایە کە لە دەروونمدای، بەهۆی دەستەبەرکردنی داخوازییەکەم لە جیهانی غەیبدا بەشێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی سوپاسگوزارم، من بە باشی دەزانم کە تۆ بە عەشق و سەخاوەت، گەنجینە زۆر و زەوەندەکانت، بەسەر جیهاندا هەڵڕشتووە، تۆ هەمیشە خواست و ئارەزووە باشەکانی منت دەستەبەر کردووە، تۆ مۆڵەتت بەمن داوە لەسەرجەم سەرچاوە دەوڵەمەند و پڕ بەرەکەتەکانی تۆدا پشکدار بم و لێیان بەهرەمەند بم، من دەتوانم ئاوێزان بوونم لەگەڵ تۆدا بخەمە بواری جێبەجێ کردنەوە و هەر کام لە ئافەرێنراوەکانیشت توانای ئەم کارەیان هەیە هەموو ئەوەی لەبەردەستی من دایە، دەتوانم بە کەسانی تری ببەخشم تاوەکو خزمەت بە سەرەجەم مەخلوقاتەکان بکەم و کۆمەکم کردبن، ئەوەی لەبەردەستی من دایە بەتۆی دەبەخشم خودایا، ڕەزامەندی تۆ، ڕەزامەندی منە.

من بە هیچ هزر یا کارو کردەوەیەك نکۆلی لە دەستەبەر بوونی خواستەکەم لە زەینمدا ناکەم، بەدیهاتنیشی، هەنووکە بە تەواوی دەرکەوتووە، من لەڕێی زەین، ڕۆح، ئەندێشە و جەستەم، لەگەڵ داخوازییەکانم راستگۆم، من لە زەیندا، هەموو ئەوەی بۆم چاك بووە، وەرگرتووە، من ئەوم وەك وێناکردنێکی کامڵ، لە ڕۆحم فۆرمەلە کردووە من شێوەی ئەندێشەیەکی واقیعی بەرهەستم بە ئەو بەخشیوە، ئەمە داخوازییەکی کامڵە من هەنووکە دەمەوێت ئەو نیاز و داخوازییە، ببینرێت و فۆرمێکی زاهیری واقیعی وەربگرێت.

ئیلاهی سوپاسی تۆ دەکەم کە لە ئێستاوە خاوەنی زۆر شتم، عەشق، خۆشەویستی، فەزیلەت، هۆش، ژیان، ساغڵەمی، هێز، لاوێتی هەمیشەیی، هاوئاهەنگی، بەختەوەری، فەڕو بەرەکەت و شێوازێك کە بە یارمەتی ئەو دەتوانم لە رەگەزی ئیلاهی هەموو ئەوەی کە بۆ دەستەبەربوونی خواستە چاکەکان پێویستە وەربگرم)) لێرەدا خاتوونی خانە خۆیکەمان وتی: ئایانەمووت ئەگەر ئیمان و بڕواتان هەبێت، دەتوانن شکۆ و گەورەیی ئیلاهی ببینن؟ سەرەنجام بێدەنگییەکی زۆر قووڵ باڵی بەسەرماندا کێشا و ئەو درێژەی بە قسەکانی دا! دەبێت ئەم پنتە دەرك پێبکەن، کە ئەگەر خواست و ئارەزووەکانتان نایەتەدی ئۆباڵەکەی بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە، نەك خودا، ئەگەر ئارەزووەکانتان نەهاتۆتە دی، داخوازیەکەتان دووبارە بکەنەوە، وك ئەلیاس هەڵسوکەوت بکەن، مکوڕ بن لەسەری و هێندە کاسەکەتان رابگرن تا دواجار پڕ ببێت، بە تەواوی سوپاسگوزاری لوتفی خودابن لە بەدیهاتنی واقیعی داخوازییەکەتان مەمنون بن، تەنانەت ئەگەر تێکڕای هزرە مادییەکانی جیهان، ئێوەیان لە خۆیاندا نوقمکرد، بەردەوام بن! ئەو شتە لە نزیك ئێوەدایە، قسەکەم قبووڵبکەن، بە بڕوای پتەو و دامەزراوتان وەڵامی پۆزەتیڤ وەردەگرن.

وای دابنێین ئێوە سەهۆڵتان دەوێت، ئایا هەر لە سەرەتاوە، هەر لە خۆوە ناوی سەهۆڵ بێ هیچ یاساو رێاسیەك بە چواردەورتانا بەیاندەکەن؟ ئەگەر وەڵامەکەتان ئەریٚ بێت، ئێوە بەبیٚ هۆ هەموو وزەیەکتان لە گشت رێڕەوەکاندا، پەراکەندە و بەکاربردووە و هیچ شتێك بۆ لای ئێوە ناگەڕێتەوە، بەر لە هەر شتێك پێویستە وێنەیەکی مەرکەزی لەو شتەی کە دەتانەوێت لە ئەندێشەتاندا فۆرمەلە بکەن پاشان هەر لەوێدا هێندە بیهێڵنەوە تا بە تەواوی ئۆقرە بگرێت، پاشان دەبێت بە تەواوی بیخەنە لاوەو راستەوخۆ لە رەگەزی ئیلاهی پەیوەست بە جیهانی بوونەوە بڕوانن، دەبێت بزانن ئەم رەگەزە، بەشێکە لە خواوەندی جیهان، لە ئاکامدا، بەشێك لە خودا، لەم رەگەزەدا هەموو ئەوەی پێویستی ئێوە بێت، هەیە و خواوەند بە زۆری دەستەبەری کردووەو ئێوە دەتوانن زۆر بە پەلە و لە خێراترین کاتدا سوودی لێوەربگرن، ئەم رەگەزە، کۆتایی نایەت، هەر مەوجودێك کە لە بوونی ئەم رەگەزە ئیلاهییە بەهرەمەند بووە بەشێوەیەکی خود ئاگا یا بیٚ ئاگا لە هەمان سەرچاوە سوودی وەرگرتووە، هەنووکە، پێویستە هزرتان و ئەو وێنە زەینییەی کە هەتانە لەسەر گەردیلە سێنتراڵەکە چڕ بکەنەوە ئەم گەردیلە هێند لە هزرتاندا بهێڵنەوە تاوەکو داخوازییەکەتانی تێدا تۆمار بکەن، پاشان لەرینەوەکانی هێندە دەهێننە خوارەوە تا ئەو کاتەی داخوازییەکەتان دەگۆڕدرێت بۆ سەهۆڵ، پاشان تێکڕای

گەردیلەکانی دەوروبەر، بە پەلە وروژم دێنن تاوەکو پەیڕەوی لە داخوازییەکەی ئێوە بکەن لەرینەوەکانی ئەویش هێندە دێنە خوارەوە تاوەکو دەلکێن بەو گەردیلە سێنتراڵەوە و دوای ساتێك، ئێوە دەبنە خاوەنی سەهۆڵ، تەنانەت چیتر پێویست نییە کە ئاوتان لەبەردەست دابێت، بەسە، وێنەیەکی زەینی باشتان هەبێت، جارێکی تر بێدەنگی زاڵبوو، دوای ساتێك وێنەیەك بە رووی دیواری ژوورەکەدا دەرکەوت، سەرەتا وێنە کێشراوەکان، بێ جووڵە بوون و ئێمە زۆر گرنگیمان پێنەدان، بەڵام پاش چەند خولەکێك، وێنەکان گیانیان تێکەوت و ئێمە توانیمان دەم و لێوی کەسانێك ببینین کە دەجولاو دەتوت خەریکی وتووێژبوون، دەستبەجێ سەرنجی ئێمەیان راکێشاو خاتوونەکەمان پێی گوتین: ئەم وێنەیە، دیمەنێك پیشاندەدات کە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر رووی داوە، کاتێك ئیمپڕاتۆری (ئویی گور) لە ترۆپکی گەشەسەندنی خۆیدا بوو.

ئێوە دەتوانن تێبینی بکەن ئەم کەسانە تا چ رادەیەك جوانن و خاکەکەشیان خۆش و دڵگیربووە لە لق و پۆپی درەختەکان بڕوانن کە شنەبایەکی دڵگیر دەیانجولێنێت، تەنانەت ئەو رەنگە سروشتیانەش دروستبوون، هیچ باو و زریانێك ئازاری ئەم خاکە و دانیشتووانەکەی نادات، ئەگە زیاتر ورد ببنەوە، ئەو زمانەی ئەوان خەریکی قسەپێکردنینی، سەرنجتان رادەکێشێت، پاشان لە بابەتی گفتوگۆکانیان ئاگادار دەبن، ئێوە تەنانەت دەتوانن جووڵەی ماسوولکەکانی لەشیان ببینن.

خاتوونە خانە خۆێکەمان وازی لە قسەکردن هێنا و وێنەکان درێژەیان بە نمایش کردنەکەی خۆیاندا، لە بارێکدا کە دیمەنەکان، هەردوو دەقە جارێك دەگۆڕدران، لە کۆتاییدا، وادەهاتە بەرچاومان کە ئێمەش بووینەتە بەشێك لەو تابلۆ دیوارییە، هێندە کە نزیك بوون لێمانەوە.

لە پڕ دیمەنێك دەرکەوت کە تێیدا سێ کەس لە ئەندامانی گرووپە توێژەرەکەمان حزوریان هەبوو، کەمترین گومانی هەڵنەدەگرت، ئێمە دەمانتوانی دەنگی قسەکردنی ئەوان ببیستین و لە بابەتی گفتوگۆکەشیان بگەین، ئەم مەسەلەیە پەیوەست بوو بە رووداوێکەوە کە نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر لە ئەمەریکا هەیە لەرینەوەی هزرەکانمان لە هەوادا بدرەوشێنینەوە، ئەو هزر و ئەندێشانەی کە توانای گرێدانی پەیوەندییان لەگەڵ هزری کەسی مردوودا هەیە، لەرینەوەکانی ئێمە لەم جۆرە کاتانەدا، لەرینەوەکانی ئەوانی کۆکردۆتەوە و بەجۆرێك پۆلین دەکات تا بگەنە پنتێکی دیاریکراو، لە ساتەوەختێکی ئاوادایە کە مرۆڤ دەتوانێت وێنەگەلێك راست وەك ئەو رۆژەی روویانداوە ببینێت رەنگە ئەم مەسەلەیە بەلای ئێوەوە نائاسایی بێت، بەڵام خەڵکی ئێوە

بەم زووانە وێنەگەلێکی لەم چەشنە بەرهەم دێنن[١] تەنها جیاوازییەکەی ئەمەیە ئەو وێنانە بە تەواوی فۆتۆگرافیك و میکانیکی دەبن، لە کاتێکدا ئێمە هیچ کام لەو دوو شێوازە بەکارناهێنن.

ڕێبەرانی بیری مەسیحیەت هێندە سەبارەت بە مەسەلە دیالیکتیەکان گفتوگۆ و مشت و مڕیان کرد کە تا ئەندازەیەك چەمکی ژیانێکی واقیعی ڕۆحانیان لەبیرکردووە، هەریەك لەم ڕێبەرانە بەر لەسەرکەوتنی ئەوانی بگرێت، بە هەمان شێوە، خۆرهەڵاتییەکانیش هێندە بایەخیان بە مەسەلەکانی میتافیزیکا و غەیب و عیرفان و تەنانەت زانستی فەلسەفەشیان چڕکردۆتەوە کە ئەوانیش مەسەلە مەعنەوی و عیرفانییەکانیان لەبیرچۆتەوە، ڕۆژێك دێتە پێشەوە کە ژمارەیەك لەو کەسانە کە هونەری میکانیکی وێنەکانیان پەرەپێداوە، دەگەنە ئاستێکی باڵا لە پێشکەوتن و کامڵبوون، ئەم کەسانە، لەو کەسە سەرەتاییانە دەبن کە چەمکی واقیعی ڕۆحانی ئەم کارە و هەروەها بەهای فێرکردن و دواجار ئەو سوود و کەڵکەی بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە، دەرك دەکەن و تواناکانی پێشکەوتن بەدەستدێنن، لەو کاتەدا، ئەم گرووپە بچووکە ئازایەتی و لێوەشاوەیی ئەوەی دەبێت کە هەنگاوێکی گەورەتر بنێن، لەڕێی ئەم وێنانە، ئەم گرووپە وەڵامی کۆتایی بە جیهانییەکان رادەگەیەنن قۆناغە فیعلییەکان و شێوازی کارکردنەکان و دواجار ئەو کارەکتەرانە وەك شت و کەسانێکی ماتریالیست لە فیکردا دەناسرێن.

بەڵام هەر ئەم کەسانە کە ئەم هونەری مکانیکی وێنەگرتنە دەخەنەڕوو بۆ خەڵکی جیهان دەگۆڕدرێن بۆ بەهێزترین کارەکتەری دەرکەوتنی حەقیقەتە ڕۆحانی و مەعنەوییەکان هاووڵاتیانی ئێوە سەرگەرمی ئەنجامدانی زنجیرەیەك پێشکەوتنی بەرچاون و بەزوویی ڕێگایەك دەدۆزنەوە تاوەکو بە یارمەتی ئەو دەنگی مردووەکان بە وردییەکی زۆر زیاتر لەوەی کە ئێستا لەمەڕ دەنگی زیندووەکان دەتوانیت بڵێیت: بۆ خەڵکی جیهان بەرهەم بهێنن و بگێڕنەوە[٢] ئێوە لەڕێی شێوازی میکانیکییەوە دەستتان بەم کارە رادەگات، لە کاتێکدا ئێمە ئەم کارە تەنها لەڕێی هێزی زەینمانەوە ئەنجامدەدەین، لەم زەمینەدا، خەڵکی وڵاتی ئێوە لە تەواوی خەڵکی جیهان، پێشکەوتووتر دەبن.

---

(١) هونەری حەوتەم یا سینەما لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا داهێنرا وادیارە مەبەستەکە ئەمەیە، چونکە ئەم ڕووداوانە لە ساڵی ١٨٩٤ دا ڕوویداوە. و- فارسی.

(٢) ئەم پێشبینییە پێشتر لە کتێبێکی تردا بە ناونیشانی ((لەگەڵ ئێوەدا بۆ هەمیشە)) نووسینی لوبسانگ رامپا، لامای تبتی هاتووە بەڵام تا ئەمڕۆ هێشتا ڕاستییەکەی نەسەلمێنراوە. و- فارسی.

ئەم تۆپە خاکییە، ناوچەیەکە لە گەردووندا کە زۆرترین و گەورەترین رووناك بوونەوە و ئیشراقی رۆحانی و مەعنەوی سەردەمە بەراییەکان تێیدا روودەدات، گۆی زەوی هەروەها، شوێنێکە بەرزترین رێژەی بێداری مەعنەوی و رۆحانی تێیدا روودەدات. تا ماوەیەکی تر، خەڵکی وڵاتەکەی ئێوە لە بواری فیزیك و میکانیکدا، پێش تەواوی خەڵکی جیهان دەکەون و پێشکەوتنێکی گەورە بەدەستدێنن، ئێوە یارای ئەوەتان دەبێت ئەم زانستە تا ترۆپکی بەرکەماڵ بوونێکی زۆر سەرسوڕهێنەر پەرەپێبدەن، پاشان دەبینن بەسە هەنگاوێکی تر هەڵبگرن تا بگەنە قەڵەمڕەوی رۆحانیەت، لەم ساتەدا لێوەشاوەیی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوەتان دەبێت، پەندێکی پێشینان لە وڵاتی ئیوە هەیە کە دەڵێت ((ئاتاجی دایکی داهێنانە)).

ئاتاج بوون تا ئەو ئاستە رێنمایتان دەکات کە ناچاردەبن رووبەڕووی کارە بە ڕووالّەت مەحاڵ و دژوارەکان ببنەوە و ئەنجامیان بدەن شێوازی کاری ئێوە، لە رادەبەدەر خەڵکەکەتانی ماددی گەرا کردووە بەڵام شێوازێکی گوزەران کە لە وڵاتی ئێوەدا هەیە، ئەمە ئێوەی ناچارکردووە لە پێناو مانەوەدا، حاڵەتێکی لەم جۆرەتان هەبێت، ئەودەمەی ئێوە لەگەڵ قەڵەمڕەوی مەعنەوی و رۆحانیدا پەیوەندیتان گرێدا (وەك گەلێکی یەکگرتوو) هەنگاوەکانتان لە قەڵەمڕەوی مادەدا، هەروەك گەمەیەکی زاڕۆڵانە دێتە بەرچاوتان، ئێوە بە بیرکردنەوە لەمەی کە باپیرانتان سوودیان لە گالیسکە یا مۆمی پیو سووتێن وەرگرتووە، لەکاتێکدا کە وزەی هەڵەم و ئەلیکترۆن بە دەوری ئەواندا، هەروەك ئێستا کە بە چواردەوری ئێوەدا بوونی هەیە، هەبووە، سەرسام و واق وڕماون گەر بێتو ئەوان ئاگایان لە یاسا فیزیاییەکان هەبوایە، بە هەمان رێژەی ئێوە لەم توانا و ئاسنکاریانە بەهرەمەند دەبوون، هەروەها ئەوانەی پاشتریش، بە ئاوڕدانەوە لە پشت سەری خۆتان، سەرسام دەبن کاتێك دۆخی ئێستاتان لەبەرچاو دەگرن ئێوە بۆتان دەردەکەوێت قەڵەمڕەوی رۆحانی، زاڵە بەسەر قەڵمڕەوی ماددیدا و دەوری داوە، ئێوە لە یاسا باڵاکانی جیهانی رۆحانی و مەعنەوی ئاگاداردەبن و هەر هێندەی خۆتان لەگەڵ ئەو یاسایانەدا هاوئاهەنگ کرد و خوتان پێوە گرت، سوود و کەڵکی ئەم گۆڕان و وەرچەرخانەتان بۆ دەردەکەوێت، ئەم یاسایانە بە هیچ جۆرێك نهێنی ئامێز یا دژوارترین دێتە بەرچاوتان، ئێوە لە بەربەستی رێگا رۆحانییەکان بەسەرکەوتوویی دێنە دەرەوە، بە هەمان ئاسانی کە ئەمڕۆ توانای ئەنجامدان و نەهێشتنی ئاستەنگە میکانیکی یا ماددەیەکانتان هەیە، ئەوە هەوڵی سەرەمڕی مرۆڤە کە بوار دەڕەخسێنێت مرۆڤ بە ئەنجامە خوازراوەکانی بگات.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە، ئەو پیاوە پیرە، تابلۆیەکی هەڵبژاردووە و هەڵیگرتووە و لەسەر سێ پایەکی تایبەت دانابوو، خاتوونە خاوەن ماڵەکەمان گوتی:- زۆرێك لە خەڵکی جیهان دووچاری هەڵەیەکی گەورە دەبن کە پەند و وانەکانی ژیانیان وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئاکام لە قەڵەم نادەن، کاتێك دەگەنە ئەنجام و بە تەواوی دەرکی پێدەکەن و لایان روون دەبێتەوە، تێبینی ئەوە ناکەن کە دەبێت ئەم وانەیە واز لێبهێنن و بگەنە کۆتایی ئامانجەکە، مرۆڤ دەتوانێت بۆ ماوەیەك بوەستێت و ئەنجامە بەدەست هاتووەکان لە دوکانێکدا بەناوی ((ویژدان)) یا ((کۆنەست))دا هەڵبگرێت بەڵام پاشان پێویستە بەم پەندانەی کە مرۆڤ بۆ وەدیهێنانی کارەکانی دوایی رێنمایی دەکات، مامەڵە بکات، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی بە ئامانجە نوێکە، دەبێت دیسان، پەندە وەرگیراوەکانی ناوڕێ واز لێبهێنێت و بچێتە سەر وەختی شتی نوێ ترەوە، مرۆڤ دەتوانێت هەنگاو لە دوای هەنگاو بە ئامانجی باڵاو کۆتایی بگات، ئەم وانانە، شتێك نین جگە لە پلەکانی پلەکانەیەکی گەورە ئەگەر مرۆڤ بیویستبایە هەموو ئەم پلانە لەگەڵ خۆیدا ببات، بەخێرایی بەهۆی قورسییەکەیانەوە، پشتی دەشکا و وردە دەبوو، هەروەها ئەودەمە ئیدی هیچ پلەکانەیەك نامێنێتەوە تاوەکو برایانی دیکەی مرۆڤ، کە ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە، ئارەزوومەندن و حەز بە پێشکەوتن و درێژەپێدانی هەمان رێگایان هەیە نامێنێتەوە، ئەم پلانە، هیچ کارێکیان نەکردووە جگە لە کۆمەکی کردنی ئێوە بۆ گەیشتنە ترۆپك ئێوە چیتر پێویستتان بە هەمیشە هەڵگرتنی ئەم پلەکانانەتان نییە، ئێوە مۆڵەتی ئەوەتان هەیە بۆ ساتێك ئیستێك بکەن و پشوویەك بدەن، یاخود ئیلهامێکی نوی بۆ کارەکانی دواترتان بەدەستبێنن، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی ئەو ئیلهامەدا، پێ بخەنە سەر پلەی بانتر و ئەنجامە بەدەست هاتووەکە لە هەمان دوکاندا، هەڵگبرن، گەر ئێوە بتوانن خودا حافیزی لە هەموو ئەو وانانەی بەدرێژایی رێگا، ئێوەیان گەیاندە ئەم قۆناغە بکەن، دەتوانن بێ هیچ گرفت و وابەستەبوونێك، درێژە بە رێگاکەتان بدەن، ئەمێستا پێچەوانەی ئەم دۆخە لەبەرچاو بگرن، وای دابنێین ئێوە بەبێ ئەوەی بۆچوونێك یاخود دەرك کردنێکتان لە کەللەدا هەبێت لەمەڕ ئەو ئامانجەی لەبەر چاوتان گرتووە، دەبینن، بەر لەوەی بێنەوە هۆش خۆتان، وانەکان لە زەینتانداو لە شوێنێکدا کە دەبوایە و هەر لە بنەڕەتدا شوێنگەی ((ئایدیال)) و ئامانجە خوازراوەکەتان بێت داتانناوە، ئەم مەسەلەیە رەنگە بێتەمایەی دووچاری شۆك بوونی ئێوە، رەنگە واتان لێبکات ئاوڕ لە دواوە بدەنەوە و بڵێن: ((ئایا باو و باپیرانیشم لە هەمان رێگاوە کە من بڕیومە بە

ئامانجەکانیان گەیشتوون؟)) گەر بێتو سەیری رابردووی دوور بکەین، وەلامەکەی من پۆزەتیڤ دەبێت، چونکە ئەوان بە ئارەقەی نێوچاوانیان بە ئامانج گەیشتن لە کاتێکدا ئێوە دەتوانن لەو وزەیەی خودا پێیداون بەهرەمەند بن، گەر ئێوە بۆ باو و باپیرانتان بگەڕێنەوە، تێبینی دەکەن تەنانەت بەر لەوەی تێبگەن، سەرقاڵی پەرستش کردنی ئەوان بوون، بەڕاستیش، تواناکانی ئەفراندنی ئێوە هەمان شتیان بەرهەمهێناوە کە ئێوە زەینی خۆتان لەسەری چڕکردبۆوە.

لەم حاڵەتەدا، ئێوە بەگوێرەی ئاواز و ریتمی ئەوان ژیاون نەك ئاواز و ریتمی کەسیتان، ئێوە وردە وردە شێوەی ئەوان وەردەگرن، بەڵام ناگەنە ئەنجامەکانی ئەوان، ئێوە دەست بە گەڕانەوە دەکەن، لەبەر ئەوەی بە ژیان لە ئارەزوو ئامانجی کەسێکی دیکەدا، مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت وەك وەدیهێنەری ئەو ئامانجە، شتێك بسەلمێنێت ئەنجامبدات. مرۆڤ دەبێت بۆ پێشەوە بڕوات یا بۆ دواوە، هەرگیز رێگایەکی نێوەندبوونی نییە.

خاتوونە خاوەن ماڵەکەمان رووی لەو تابلۆیە کرد و گوتی: لەسەر ئەم تابلۆیە نووسراوە کە خواوەند ((یەکەم رێنما)) یە، واتە ((نهێنی)) واتە ((ئەندێشە)) سومبول و هێما ئەو پیتێك بوو بە وێنەی پیتی ئەلف و بێی ئێستای ئێوە ((M)) (ئێم) بوو کە بە M-O-OH[1] یا (ئێم-ئۆ-ئۆه) بەیاندەکرد دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ئێوە، هەمان واتای بەڕێوەبەر یا بنیاتنەر دەگەیەنێت ئەم ((یەکەم رێنما))یە بەسەر هەرشتێکدا زاڵە و کۆنترۆڵی هەبوو ئەو، یەکەمین مەوجودی خەڵقکرد کە بە ((بەیانکردنی یەکەم رێنما)) ناوزەدکرا، ئەم بوونەوەرە، هاوشێوەی یەکەم بوو چونکە یەکەم فۆرمێکی تری جگە لە فۆرمەکەی خۆی بۆ مانفێست کردن نەبوو، ئەمە هەمان (ئەسڵی رێنمای دەرکەوتن و بەیانکردنی دەرەکی یەکەم)) بوو، و کت و مت لەسەر شێوەی یەکەم دروستکرا و ئافەرێنرا، چونکە ئەم ئەسڵە هیچ فۆرم یا شێوەیەکی تری جگە لە شێوەی خۆی بۆ مۆدیل نەبوو، ئەم مەخلوقە، گشت سیفەتەکانی خالیقەکەی وەرگرت و دەستی گەیشتە هەموو ئەو شتانەی لە دەست رەسی ئەسڵی یەکەمدا بوون، لە هەمووی گرنگتر، زاڵبوون و سەکەوتنی بەسەر تەواوی فۆرمە دەرەکییەکاندا بەدەستهێنا بەم

---

(١) شایانی ئاماژەیە گەر بێت و ئەم پیتە بە پێچەوانەوە بخوێنینەوە وشەی OM (ئۆم)مان دەستدەکەوێت واتە هەمان لەرینەوەی زۆر بەهێز کە وەك (ذکر) سودی لێوەردەگیرێت و. ف.

پێیە، مەخلوق شێوە و سیفاتی خالیقەکەی هەبوو، لەگەڵ توانای دەربڕین و پیشاندانیان، بە هەمان شێوەی تێرو تەسەلی بەدیهێنەر بەمەرجێك هاوئاهەنگی و سازشی راستەوخۆی خۆی لەگەڵ خالیقەکەیدا بپارێزێت، هیچ کام لە سیفەتەکانی مەخلوق، پەرەی پێنەدرابوو، بەڵام خالیق لە ئەندێشەی خۆیدا، مەرام و وێنەیەکی خوازراو کە دەکرێت بەشێوەی ((پرۆژەیەکی کامڵ)) ناوزەدی بکەین، لە هزریدا هەبوو کە بڕیار درابوو لەڕێی مەخلوقەکەیەوە، ڕابگەیەنرێت و پیشانبدرێت، بەدیهێنەر وەدیهێنراوەکەی لە شوێنێکی باش یا کامڵ نیشتەجێ کرد، شوێنێك کە دەیتوانی لەوێدا خۆی مانفێست بکات، واتە هەموو سیفەتەکانی لە دەرەوەی وجودی خۆی بەیان بکات و پیشانبدات.

بەم پێیە بەدیهێنەر، بەر لەوەی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ پەروەردە کردنی تەواوەتی وەدیهێنراوەکەی فەراهەمبکات، مرۆڤی نەخستە سەر زەوی، کاتێك ئەم هەلومەرجەی رەخساند ئەم بوونەوەرە لە نێو ئەواندا گیرسایەوە، ئەو شوێنەی کە تێیدا حزووری هەبوو بە ((موه)) (Mooh) ناوزەد کرا، کە دواتر بە لانکە یا زێدی دایکایەتی ناوبرا.

من هەوڵدەدەم هەموو ئەم شتانە بە زمانی زگماکی خۆتان روون بکەمەوە تاوەکو باشتر لێی تێبگەن، ئێوە بەجدی وردەکارییەکان لە نزیکەوە دەبینن، دوای ئەوەی کە فێربوون چۆن تابلۆکان بۆ خۆتان وەربگێڕن، من لە بارەی چەند خاڵێکی بنەڕەتییەوە قسەم کرد بۆ ئەوەی وەك روونکردنەوەیەکی بنچینەیی بۆ کارەکەتان ((کاری وەرگێڕانەکەتان)) کەڵکی لێ وەربگرن تکا دەکەم وا گومان مەبەن کە من هەوڵی گۆڕینی ئەو بیروباوەڕانە دەدەم کە ئێوە لە شوێنەکانی تر بۆ خۆتان بەدیتان هێناوە و بە وێنەی پاشکۆی ئەو پەرستش و ئەندێشە و خوێندنەوانەیە کە ئێوە پێشتر هەتان بووە، من تەنها تکا دەکەم ئایدیایانەتان بۆ ماددەیەك بخەنە لاوە، کاتێك ئێوە توێژینەوەکانی ئێستاتان قووڵکردەوە، سەرپشك دەبن کە بە قووڵی رۆبچن لە بیروباوەڕەکانی دیکەتاندا، من بە هیچ شێوەیەك هەوڵی قایلکردنی ئێوە نادەم.

هەر توێژینەوەیەك جۆرێك شێوازی دەرەکییە بۆ گەیشتن بە ئەنجام، ئەگەر هات و نەگەیشتە ئامانجی خوازراو، گەربێت و هێشتا نەگەیشتنە ئەو ئامانجەی لەبەرچاوتان گرتووە، وانەکانی پەیوەست بە باری گران و جانتا بێهوودەکان و بەکورتی هەر هەمووی نیست و نابوود دەبن.

## بەشی سێیەم

بۆ ماوەی دوو مانگ، هەر رۆژەی سەرەنجی یەکێك لەو تابلۆیانەمان دەدا کە تەنها و بەتایبەت گوزارشتیان لە شێوە و پیت و هێماکانی ئەو زمانە کۆنە و لە چەمك و مانا و پێگە و شێوازی پیتەکان ئاگادار بووین، ئەو پیرە پیاوە وەك مامۆستامان وابوو، ئەم رەوشە تا رۆژێکی بەهاری لە مانگی ئاداردا درێژەی کێشا ئێمە وەك هەمیشە چووینە ئەو ژوورەی پەرستگاکە، هەر کە گەیشتینە ئەوێ، پیاوە پیرەکەمان لەسەر دۆشەکەکەی بینی کە دەتوت خەوی لێکەوتووە یەکێك لە ئێمە چووە پێشەوە و دەستی خستە سەر مازۆڵەی پیرە پیاوە بە روالەت خەولێکەوتووەکە تاوەکو بێداری بکاتەوە، بەڵام دەسبەجێ کشایە دواوە و هاواریکرد: ((ئەو هەناسە نادات، وابزانم مردووە)).

بە دەوری دۆشەکەکەیدا کۆبووینەوە بەرادەیەك لەبیری مردندا رۆچووبووین کە دەنگی هیچ کەسێکی ترمان نەدەبیست، لەرێی دەنگێکەوە لەم حاڵەتەوە دەرچووین، کەسێك گوتی ((سلاو)) ئاورمان دایەوە و لەبەر دەگا، ئەمیلمان بینی، دەرکەوتنی ئەو لێرە، ئێمەی سەرسامکرد چونکە وامان دەزانی ئەو هەزار و پێنج سەد کیلۆمەتر لێمانەوە دوورە، بەر لەوەی دەرفەتی ئەوە پەیدا بکەین بێینەوە هۆش خۆمان، لێمان هاتە پێشەوە و تەوقەی لەگەڵ کردین، دوای ساتێك دوو کەس لە ئێمە چوونە دواوە و رێگەیاندا ئەمیل بچێتە پاڵ قەرەوێڵەی پیاوە پیرەکە ئەو دەستێکی خستە سەر سەری پیاوەکە گوتی: ئەمەش برایەکی خۆشەویستە کە ئەم جیهانە خاکییەی بەجێهێشت بەبێ ئەوەی توانیبێتی، کارەکەی لە نێو ئێمەدا کۆتایی پێ بهێنێت، هەروەك یەکێك لە شاعیرەکانی ئێوە گوتوویەتی، ئێوە واتان دەزانی مردووە، سەرەتا بیرتان لای ئەوە بوو بەشوێن گۆڕ هەڵکەنێك و تابووتێکدا بچن و گۆڕێك پەیدا بکەن تاوەکو جەستە فەنابووەکەی بۆ رزینی هەمیشەیی، لەبەرچاو قایمبکەن.

هاورێ خۆشەویستەکان: کەمێك بە قووڵی رابمێنن، کاتێك عیسا رستەی ((خوایە! لەمەی کە هاواری منت بیست سوپاس گوزارم))ی دەربڕی، بەرامبەرەکەی کێ بوو؟ ئەو لەگەڵ کەسایەتی رووالەتی و دەرەکی لەگەڵ من کە هەمان قاوغ لاشەی فیزیکییە،قسەی نەدەکرد: ئەو کەسێتی ناوەکی و دەروونی و بێ کۆتایی ناسیوە و سەرقاڵی ستایشی کردنی ئەوبوو، ماهیەتێك کە دەبیستێت، دەزانێت و هەموو شتێك دەبینێت، واتە خودای داناو بە دەسەلات و بە توانا، ئایا نابینن جیهانبینی و ئیلهامی عیسا ئەوەدەمەی لە پاڵ گۆڕەکەی ((لازار))[1]دا وەستابوو سەرنجی کوێی دەدا؟ ئایا ئەویش وەك ئێوەی کرد؟ ئایا ئەویش لە قەبرەکەی دەڕوانی، لەکاتێکدا رزینی دەبینی؟ نەخێر، لەکاتێکدا زەینی ئێوە بە مردنەوە مژوڵبوو، زەینی عیسا بە ژیان و زیندووەکانەوە، بەتایبەت بە مەخلوقی تاقانەی خوداوە سەرقاڵ بوو، بیروبۆچوونی بە ژیانی نەگۆڕ، ئەزەلی و هەمیشە ئامادەدا کە لە هەموو شتێکی تر لە پێشترە مژوڵبوو.

هەنووکە، بەیارمەتی بۆچوونی کەسیمان کە بەجۆرێکی چەسپاو بە ئاڕاستەی واقیعیەتی هەمیشە ئامادەی خواوەند راکێشراوە، ئێمە دەتوانین ئەرکی ئەم برا خۆشەویستەمان کە هەرگیز بە تەواوی پشتی بەخودا نەبەست، بە کۆتایی هاتوو ببینین، ئەو تەنها تاڕادەیەك حسابی بۆ هێزی کەسی خۆی کرد و گەیشتە قۆناغێك کە هەنووکە دەیبینن، ئەو دەستی هەڵگرت، دووچاری هەڵەیەك بوو، کە ئەمڕۆژانە خەڵکێکی زۆر تووشی دەبن، هەڵەیەك کە بە مەرگ ناودەبرێت، ئەم گیانە بەڕێزە نەیتوانی شك و گومان و ترس و دڵەڕاوکێی بە تەواوی بخاتە لاوە، بەم پێیە دۆستەکەمان پشتی بەهێزی خۆی بەست نەیتوانی ئەو ئەرکەی کە بە هەر یەکێك لە ئێمە سپێردراوە، بە کۆتا بگەیەنێت گەر بێتو ئێمە ئەو بەم جۆرەی کە ئێستا هەیە، وازی لێبهێنین، لاشەکەی دەرزێت، خودی خۆی جارێکی تر دەنێردرێتەوە بۆ سەر زەوی تاوەکو ئەر کە مرۆییەکەی کە تاڕادەیەك کۆتایی پێهاتووە، تەواو بکات، لەڕاستیدا، ئەرکەکەی ئەو بە ئەندازەیەك لە هێڵی کۆتایی نزیك ببووە وە کە ئێمە لە تواناماندا یە کۆمەکی بکەین بە تەواوی ئەنجامیبدات، ئێمە توانستی کۆمەککردن لەم جۆرە هەلومەرجانەدا، بەجۆرێك لە شانازی و سەروەرییەکی گەورە دەزانین ئێوە پرسیارتان کرد ئایا ئەو دەتوانێت لە خەو راچەنێت و هۆش و هەستەکانی خۆی دیسان وەربگرێتەوە، بەڵێ دەتوانێت و هەموو ئەو کەسانەش کە

(١) Lazare لازار گەنجێك کە مردبوو و عیسا زیندووی کردەوە. و.ف.

بەم شێوە، کۆچیان کردووە توانای هەمان کاریان هەیە، لەگەڵ ئەوەدا کە بە بۆچوونی ئێوە ئەو مردووە، ئێمەیەك کە تارادەیەك هاوبەشی ژیانی بووین، توانای یارمەتیدانی ئەومان هەیە، ئەو دەسبەجێ پەی بەوە دەبات و دەتوانێت قاوغەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات.

پێویست ناکات جەستە بەدەستی (مردن) بسپێردرێت و تەسلیمی رزین و شیبوونەوەی بکات، تەنانەت دوای ئەنجامدانی هەڵەی هەرە گەورە کە هەمان مردنە، ئەمیلۆ بۆ ساتێك بێدەنگ بوو وەك بڵێیت لە بیرکردنەوەکانیدا رۆچووبوو، دوای تاوێك چوار کەس لە هاورێیانمان لە دانیشتووانی ئاوابییەکەی ئێمە، هاتنە ژوورەکە، ئەوان لە یەکتر نزیك بوونەوەو لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا رۆچوون، پاشان دوو کەس دەستیان راکێشا، داوایان لە ئێمە کرد بچینە پاڵ ئەوان، نزیك بووینەوە و دەستمان خستە سەرشانی یەکتر و بازنەیەکمان پێکهێنا بە دەوری ئەو دۆشەکەیەدا کە پیرە پیاوەکەی لەسەر راکێشابوو، دوای ئەوەی ساتێك بە بێدەنگی ماینەوە، نوورێکی توند لە ژوورەکەدا کەوتە درەوشانەوە، ئاورمان دایەوە عیسا و پیلاتس لە دوری چەند هەنگاوێك لێمانەوە دەرکەوتن، ئەوان هاتنە پێشەوە و هاتنە پاڵ ئێمە دیسان ساتێك بێدەنگی تێپەری، پاشان عیسا لە دۆشەکەکە نزیك بووەوە، دەستەکانی هەڵبڕی و گوتی: هاورێ خۆشەویستەکان، پێشنیاز دەکەم بۆ ساتێك لەگەڵ منداله دەرتەنگی مردن گوزەر بکەن، ئەوێ، بەو جۆرەی کە وێنای دەکەن، ((ناوچەی یاساغکراو)) نییە، گەر بێتو حەز بکەن وەك ئێمە لەوێ بپەرنەوە و لەو بەری کەنارەوە لێی بروانن، دەبینن کە تەنها لە هزر و ئەندێشەکانی خۆتان فۆرم و قەوارەی وەرگرتووە، لەوێش ژیان هەیە، هەروەك ژیانی ئێرە.

عیسا ساتێك دەستەکانی راداو بە بێدەنگی مایەوە پاشان گوتی: برای بەرێزو هاورێی خۆشەویست، تۆ لەپاڵ ئێمەدای، ئێمە لەگەڵ تۆداین و هەمووشمان لەگەڵ خواوەندین، پاکی کۆتایی، ئاشتی و هاوئاهەنگی ئیلاهی دەوری هەموو شتێکی داوە، لە ئامێز گرتووەو ئەرزش و بەهای پێ بەخشیوە هەنووکە بەرجەستە بوونی ئەوانە لای تۆ، بەجۆرێکی وا درەخشان و درەوشاوە دەردەکەوێت کە تۆ دەتوانیت لە شوێنی خۆت هەستیت و لای خواوەند پێشوازیت لێبکرێت ئەی مەوجودی خۆشەویست، ئەی مەخلوقی ئیلاهی، تۆ هەنووکە دەبینی و دەزانیت کە جەستەت نە خاکییە تاوەکو بۆ خاك بگەرێندرێتەوە، نە خۆڵەمێشی بۆ ئەوەی بگەرێنرێیتەوە بۆ خۆڵەمێش، ژیان لێرەیە، پاك و ئەزەلی، پێویست ناکات قاوغەکەت لە مردندا واز لێبهێنیت و لەناوی ببەیت و بیرزینیت تۆ هەنووکە توانای دەرککردنی شکۆ و

گەورەیی قەڵەمڕەوی دەسپێك و ڕەسەنایەتیت هەیە، تۆ ئەمێستا دەتوانی هەستیت کە دەڵێت ((سڵاو بکەن لە کەسێك کە تازە لەخەو ڕاچەنیوە، لەو ڕۆحە خوداییەی لە نێوان مرۆڤەکاندایە سڵاو و پیرۆزبایی لێبکەن)).

خوێنەری هێژا، ئەودەمەی مرۆڤی خاکی فەنابوو هەوڵبدات جوانی و پاکی نورێك کە ئەو هۆڵەی رووناك کردبۆوە، وەسفبکات، وشە و دەستەواژەکان بەشی ناکات، کاتێك ئەو شێوە بێ گیانە ئەو جەستە بێ جووڵەیە، لە شوێنی خۆی هەستا، وادەهاتە بەرچاو کە نوور خۆی دەخزاندە ناو هەر شت و ئامڕازێك، بەجۆرێك کە هیچ شتێك سێبەری نەبوو، قاوغی دۆستەکەی ئێمەش لەم مەسەلەیە بەدەر نەبوو، پاشان وا هاتە بەرچاو دیوارەکان کشانە دواوە و شەفاف بوون، و سەرەنجام وامان دەزانی چاومان بە فەزایەکی بێ کۆتایی دەکەوێت مەحاڵە بتوانم بە یارمەتی ئەم وشە ئاساییانە، شکۆ و گەورەیی ئەم دیمەنە وەسف بکەم ئێمە لەم ساتەدا بۆمان دەرکەوت مردن شوێن بزربووە و ئێمە لە حزووری ((ژیانی ئەزەلی)) داین، ژیانێك کە بەجۆرێك شکۆمەند و مەلەکوتی بوو لە وەسفکردن نایەت و هەرگیز کزی رووی تێنەدەکرد و بۆ هەتا هەتایە، بەبێ ماندووبوون تیشکی دەدایەوە و دەدرەوشایەوە...

ئێمە (مەبستم من و دۆستە فانی))یەکانم هیچمان نەدەکرد هێندە نەبێت بە چاوێکی ئەبڵەقەوە خەریکی تەماشاکردن بووین، لە ماوەی چەند ساتێکدا، ئێمە بەشێوەیەك پلەمان بەرزبووەوە و هەڵکێشاین بۆ سەرەوە کە هیچ هێزێکی خەیاڵکردن هەرچەند نائاسایی بێت توانای وەسفکردنی (ئاسمان) و جوانییەکانی نابێت، هەرگیز باسی خەون و روئیا نەبووە ئەمەواقیعیەتێکی ئەبستراکت بوو ئەو واقیعە لە سەرەجەم خەون و روئیاکانیش تێدەپەڕی ئێمە ئەم بەهرە گەورەیەمان دەست کەوت و توانیمان بەنێو تاریکی و بان تاریکیدا، زۆر شت ببینین.

ئەو رۆژە، کاریگەری جادوو ئاسای جوانی و ئارامشی ئەو دیمەنە، هاوڕێ لەگەڵ باوەڕێکی پتەو و قووڵ کە بەهۆی دۆستەکانمانەوە ئیلهاممان بۆ کرابوو، ئێمەی بە تەواوی بۆ پشت مەرزێك ڕاپێچکرد کە ژیان لە مردن جیا دەکاتەوە، ئەمڕۆ ئەم سنوورە شتێك نییە جگە لە دەشتێکی هەموار و یەکپارچە، لەگەڵ ئەمەشدا، وامان هەستدەکرد بەجۆرێك لە جۆرەکان، پێویستە هەر کەسێك بە تەنها هەوڵ و کۆششی پێویست بۆ سەرکەوتن بەسەر لوتکە بەرز و بڵندەکان ئەنجامبدات تاوەکو بتوانێت ئاگایی و شکۆمەندی میتافیزیك دەرك پێبکات. هەر نیشانەیەکی پیری و پەککەوتوویی لە روخساری دۆستە کۆچکردووەکەی من باری کردبوو، چیتر ئاسەواری

پیری لە وجودی ((چاندرسین))[1] کە ئێمە ئەومان لەریزی مردووە زیندوەکاندا هەژمار دەکرد، بەدی نەدەکرا.

ئەو رووی لە دۆستەکانی کرد و دەسبەجێ سەری قسەی دامەزراند، من هێشتا قسەکانی ئەوم لە بیرە... رێك وەك ئەمە وایە ئەو پەیڤانەیان لە ئاڵتوون هەڵکۆڵیبێت یان لەسەر تابلۆیەك نوسرابن کە بەردەوام لەپێش چاوی مندایە، دەنگی ئەو کە شکۆ و ویقارێکی سەیری پەیدا کردبوو بچووکترین حاڵەتی خۆپەرستی و خۆبەزل زانینی پێوە دیارنەبوو، خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ و روون و لە هەمان کاتدا قووڵ بوو بە تەواوی ئاشکرابوو لێوان لێوە لە دڵسۆزی و راستگۆیی، ئەو گوتی: هاورێ خۆشەویستەکانم ئێوە ناتوانن ئەو شادی و ئاسوودەیی و مەرحەمەتە گەورەیەی کە بە بێدار کردنەوەم پێتان بەخشیم، دەرکبکەن ساتێك لەمەوبەر، هەموو شتێك تاریك و نوتەك بوو، من لە شوێنێکدا وەستابووم ترسم هەبوو بچمە پێشەوە و لە هەمان کاتیشدا توانای گەڕانەوەم نەبوو، من تەنها بەشێوەیەك، توانای وەسفکردنی ئەو حاڵەتەم هەیە: من لە تاریکییەکی گەورەدا کە وەك چاڵێکی گەورە وابوو، رۆچووبووم، لەوێ لە ناکاو لە خەوێکی قووڵ راپەڕیم و هەنووکە جارێکی تر، لای ئێوەم)).

پاشان روخساری بەجۆرێك شادی و خۆشی لێدەباری کە بە ئەستەم دەکرا گومان لە قسکانی بکەیت، ئەو رووی لە ئێمە کرد و گوتی: هاورێیانی خۆشەویست چەند لە هاوبەشی کردنمان خۆشحاڵم و پێم خۆشە بیری لێبکەمەوە، ناتوانن خۆشی و شادی من لەکاتی گوشینی دەستی ئێوەدا دەرکبکەن چەندە مایەی بەختەوەری بوو بۆمن کە پاکی و راستگۆیی و دڵسۆزی ئێوە ببینم، تێبگەم و دەرکبکەم کاتێك هاتنە ناوەوەی دۆستانی خۆشەویست و یارانی یارمەتی دەری من کە دەکرێت بە ((ئیلاهی)) وەسفبکرێت، قبووڵکرد! گەر بتانتوانیایە لەرێی چاوەکانی منەوە ببینن، بێ گومان لوتف و بەزەییەك کە من ئەزموونم کرد، تێدەگەیشتن، گەورەترین کامەرانی من لە بڕوای پتەوم دایە کە هەر کام لە ئێوە دەگاتە ئەو قۆناغەی من و هەمان شادی و کامەرانی ئەزموون دەکات.

بەڕاستی دەتوانم بڵێم کە تەمەنێك ژیان بەهای ئەوەی هەیە کە مرۆڤ کورتە ساتێکی لەم چەشنە و ئاوا ئەزموون بکات.

(1) Chandersen.

هێند بە سە بیر بکەنەوە کە من تەواوی ئەزەلم بە چاوی خۆم بینی کە هاوڕێ بوو لەگەڵ لوتف و بەزەییەکی لەم چەشنە، تکا دەکەم سەرتان سوڕ نەمێنێت ئەگەر دەبینن دەڵێم چاوەکانم لەم موکاشەفە و لەم واقیعیەتە کە بۆم ئاشکرا بوو، نابینا بوون و واقم وڕما، زۆر حەزدەکەم ئەم نیگا یا ئیلهامە نەك تەنها بۆ ئێوە، بەڵکو لە بەرامبەر چاوی تێکڕای براو خوشکانی ئەم جیهانی وجودی ئیلاهییەدا نمایشبکەم، برای بەڕێزم، گەر بمتوانیایە دەستە بگۆڕەکانم بەرەو لای ئێوە درێژبکەم و ئێوە تا ئاستی خۆم بەرز بکەمەوە، وابزانم بو ئەم کارە، پێویستە خۆتان دەستی گۆڕانکاریتان درێژ بکەن، بە ئەنجامدانی ئەم کارە، رووبەڕووی دەستی خواوەند دەبنەوە کە ئامادەی گرتن و گوشینی دەستی ئێوەیە، ئێوە دەتوانن لەگەڵ خودا قسە بکەن، خواوەند بۆ هەمیشە ئێوە دەخاتە بەر لوتف و بەزەیی خۆی، کارێك لەگەڵ هەر کام لە دروستکراوەکانی دەیکات، گەورەترین بەختەوەری لەم کارانەدا، ئەمەیە کە تەواوی بیروبڕواکان، خورافاتەکان بۆ چوونەکان ئەندێشەکان و شوێنە ئایینییەکان، چیدی بەهای خۆیان لەدەستئەدەن هاتنی هەر مرۆڤێك پیرۆز دەبێت.

دوای ساتێك ((چاندرس)) دیار نەماوە، وامان زانی کە لە هەوادا مەحفبۆتەوە ئایا هەموو ئەم شتانە هیچ شتێك مەگەر بینینێکی ئیلهام ئاسا لە ((ئەثیر))[1] دانەبوو؟ دۆستانی هاوسەفەری من، هەموویان کۆدەنگ بوون کە بەم جۆرە نەبوو، چونکە دوانیان لەگەڵ ((چاندرسن)) دوای زیندووبوونەوەی تەوقەیان کرد هەر بۆیە منیش بڕیاری کۆتایی بۆ خوێنەری هێژا و خۆشەویست بەجێ دێڵم.

لەو ساتەدا، یەکێك لە دۆستەکانمان لە دانیشتووانی ئاوایی، رووی لە ئێمە کرد و گوتی: بەباشی دەرك بەوە دەکەم کە ئێوە لە حاڵەتی گومان و دوو دڵی دان بەڵام پێویستە بزانن هەموو ئەم کارانە، هەرگیز لەبەر خاتری ئێوە رێکنەخرابوو، ئەم رووداوە، تەنها پێشهاتێکی بە رێکەوت بوو لە ژیانی رۆژانەی ئێمەدا. ئەودەمەی سات گەلێکی قەیرا ناوی لەم جۆرە دێنە پێشەوە، ئێمە دەتوانین زاڵبین بەسەر گرفت و ئاستەنگەکاندا و بە سەرکەوتوویی لێیان دەربازبین، ئەم برا بەڕێزە، تەنها بە یارمەتی وزەی خۆی توانای سەرکەوتنی بەسەر ئەو لوتکە بەرزە و سنووری فراوانی نێوان ژیان و مردنی نەبوو، لەڕاستیدا هەروەك خۆتان تێبینیتان کرد،

(1) Ether.

ئەو لە دنیا دەرچووە و قاوغەکەی بەجێهێشتبوو، بەڵام لەو رووەوە کە گەیشتبووە ئاستێکی پێشکەوتوو لە روناك بوونەوە و ئیشراق توانیمان لە چرکەساتێکی قەیراناوی و گرنگدا بێین بە هانایەوە، لە حاڵەتێکی ئاوادا رۆح دەگەڕێتەوە، جەستەش خەریکی کامڵکردنی باری کەماڵی خۆی دەبێت و مرۆڤ دەتوانێت لەو چرکەساتەدا، جەستەش لەگەڵ خۆی ببات، بێ ئومێدی و ئازاری ئەم برادەرە خۆشەویستە، لەمەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئارەزوویەکی زۆری بۆ مردن و کۆچکردن پەیدا کردبوو، ئەو قاوغەکەی رێك چەند ساتێك بەر لەوەی پێویست بێت وازلێهێنابوو، لەکاتێکدا چەند هەنگاوێکی تر بەس بوو تاوەکو لەم سنوورە قەیراناویە تێپەڕێت و حاڵەتی (کامڵبوونی) تەواو بکات، ئەمە شانازییەکی گەورە بوو بۆ ئێمە کە توانیمان لەم هەلومەرجەدا کۆمەکی بکەین.))

ئێمە بە ئەسپایی دەستمان هێنایە د واوەو لانیکەم یەك دەقە لە بێدەنگییەکی ڕەهادا رۆچووبین، یەکێکیان بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی ((سەروەری ئێمە، گەورەی من...)) تا ئەو جێیەی بەمنەوە بەندە، وا دەهاتە بەرچاوم کە چیتر هەرگیز ئارەزووی قسەکردنم نابێت حەزم دەکرد لە بیرکردنەوەدا رۆبچم، من لە ماوەی یەك کاتژمێردا، بە ئەندازەی تەمەنێکی تەواو ژیابووم.

ئێمە هەمووومان لەسەر زەوی دانیشتین، هەندێکمان کە دیسان توانای قسەکردنمان پەیداکردبوو، بە ئەسپایی چپەمان کرد.

دوای چارەکێك، لە کاتێکدا سەرقاڵی گفتوگۆیەکی گەرم بووین، یەکێکمان بەرەو پەنجەرەکە رۆشت و رایگەیاند وائەزانێت ژمارەیەك غەوارە، هاتوونەتە ناو ئاوایی، ئێمە کە وروژابووین بۆ پێشوازی کردن لەوان چووینە خوارەوە، لەڕاستیدا هاتنی کەسانێکی غەوارە بۆ ئەو گوندە، ئەویش لەم وەرزەی ساڵ و بەپێی پیادە، مەسەلەیەکی دەگمەن و سەیربوو، بەتایبەت کە ئێمە لە ناوەڕاستی زستاندا بووین.

کە گەیشتینە ئاوایی، بینیمان ئەو کەسانە، تاقمێکی بچووك بوون کە لە گوندێکی تر لە دووری پەنجا کیلۆمەترەوە هاتبوون، ئەو کەسانە، پیاوێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو کە سێ رۆژ لەوەو پێش، لە زریان و تەزرە و بەفرێکدا ون بووە و تاڕادەیەك تەواوی لاشەی بەستبووی، هاوڕێکانی ئەویان لەسەر تەختەیەك داناوە و ئەو ماوە دوور و درێژەیان لەو زقم و زەیقەتەدا

بەپێی پیادە بڕیوە تا بیگەیەننە ئەم گوندە عیسا نزیك بووەوە، دەستی خستە سەر پیاوە پیرەکە و بۆ ساتێك لە هەمان حاڵەتدا مایەوە، لەناکاو پیاوە سەرمابردووەکە بەتانییەکەی فڕێدا لە شوێنی خۆی هەستا لەم کاتەدا، هاوڕێکانی بەواق وڕماوی سەیری ئەویان کرد و پاشان لە ترساندا هەڵاتن، ئێمە نەمانتوانی بیانگێڕینەوە بۆ ئەو شوێنە، ئەو پیاوەی جارێکی تر زیندوو بووبووەوە سەرسام و دوو دڵ دەهاتە بەرچاو، دوو کەس لە هاوڕێکانمان قایلیانکرد کە لەگەڵ ئەواندا بچێت و بۆ ماوەیەك لای ئەوان پشوویەك بدات، ئەندامانی دیکەی گرووپەکەمان بۆ شوێنی مانەوەمان گەڕانەوەو تاوەکو نیوەشەو خەریکی گفتوگۆ بووین سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە.

*  *  *

## بەشی چوارەم

لە قەڵەمڕەوی زانستە سروشتییەکاندا، لە ئەفسانەیەکدا کە لەم ناوچەیەدا باوە دەڵێت کە هەر گەرمییەك، هەر نوورێك، دواجار زۆرێك لە وزە سروشتییەکانیتر لە دڵی زەوی بڵاوبۆتەوە، خۆر بەتەنها نەگەرمی هەیە، نە رووناکی، خۆر چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە گەرمی و رووناکی لە خودی زەوی وەردەگرێت، دوای ئەوەی خۆر تیشکە نوورانی و گەرمی بەخشەکانی ئەو ئەتمۆسفێرە کە لە ((أثیر))دا بڵاوبۆتەوە، دەگەڕێتەوە، ئەو رەوشە هاوشێوەی تیشکە نوورانییە گەڕاوەکان بە ئاراستەی زەوی لەڕێی ((أثیر))ەوە. قەبارەی ئەتمۆسفێر تاڕادەیەك لاوازە، کاریگەری تیشکە گەرمی بەخشەکان لە ئاکامدا نێوان ئاستی زەوی و چوارچێوەی دەرەکی ئەتمۆسفێر، لە گۆڕاندایە، بە هەمان رێژە، کە هەوا لە کەڵەکەبوونێکی کەمتر بەهرەمەندبێت، لە کاردانەوە و تیشکدانەوەی کەمتریش بەهرەمەندبێت، لە ئاکامدا گەرمی دادەبەزێت ساردی روو لە زیادبوون دەکات، بەهەمان ئەندازە، هەر تیشکێکی نوورانی دەرهێنراو لە زەوی و هەڵگەڕاوە بەرەو زەوی، ڕووی زەوی رووناك دەبێتەوە و لەوێ دیسان دەبووژێتەوە، بەگەیشتنی سەرسنووری هەوا، مرۆڤ دەگاتە سەر مەرزی گەرما، لە نێوان تیشکە نوورانییە دەرهێنراوەکان لە زەوی و تیشکە هەڵگەڕاوەکان بەهۆی ((أثیر))ەوە، لێکچوونێك هەیە.

((أثیر)) دوورتر و زیاتر لە هەوا پەرە دەسێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا، تیشکە نوورانییەکان دەبێت لە رێڕەوێکی بە چەند قات فراوانتر تێپەڕن تاوەکو بتوانن بە تەواوی هەڵبگەڕێنەوە، بە گەیشتنە سەر سنووری ((أثیر)) مرۆڤ دەگاتە سەر سنووری نوور،

ئەودەمەی بگەینە سەر سنوورەکانی گەرمی و ڕووناکی، بە سەرمایەکی توند دەگەین، ئەم سەرما زۆر لە پۆلا سەختترە.

ئەم سەرمایە هێزێکی بەرهەڵستی قبوولنەکرد و لەسەر أثیر و ئەتمۆسفێر کەڵکە دەکات و گوشاری دەخاتە سەر و بەیەکگەیشتن و پێکەوە نووسانیان زامن دەکات، واباوە دۆزەخ، شوێنێکی سوتێنەرەو جەنابی شەیتان، لەسەرما بێزارە، لەم حاڵەتەدا هیچ شوێنێك بۆ ئۆقرەگرتنی دۆزەخ یا شەیتان بوونی نییە.

ئێستا کە مەسەلەی قەڵەمڕەوی باڵا چارەسەرکرا، باشتر وایە باس لە ئەفسانەیەکی زانستی دیکە بکەین، مەبەستم مەسەلەی قەڵەمڕەوی خوارەوەیە، بەگوێرەی ئەم ئەفسانەیە، چینەکانی زەوی لە مەودایەکی کەمی لە ئاستی ڕووکارییەوە، لەباری سووتان و توانەوەدایە، بەڕادەیەك داغبووە کە هەر ماددەیەکی تێدا دەتوێتەوە، کاکڵەی ناوەندی کە لە حاڵەتی توانەوەدایە، هێواشتر لە توێکڵی ڕەق و تۆکمەی دەرەوە دەسووڕێت، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی لێك خشاندنێك لە خاڵی بەیەکگەیشتنیدا ڕوودەدات، لێرەدایە کە وزە سروشتییەکان دەکەونە گەڕو دەستی خودا فەرمان بەسەر هەر شتێکدا دەدات بەم پێیە، لێرەشدا هیچ جێگایەك بۆ حزوور و جێگیر بوونی جەنابی شەیتان یا دۆزەخ بوونی نییە، گەر شەیتان هەوڵی بدایە لە گەرمترین یاخۆ بە پێچەوانەوە، ساترین شوێنی زەوی بژیایە، بەشیمانییەکی زۆر هەستی بە ڕەزامەندی نەدەکرد چونکە سەرما، بە هەمان ئەندازەی گەرما هەموو شتێك لەناو دەبات، ئێمە هەنووکە تەواوی جیهانی وجودمان داوە بە یەکا و شوێنێکمان بۆ جێگیر بوونی شەیتان چنگ نەکەوت، هەربۆیە ناچارین قبووڵیبکەین کە شەیتان لە هەمان شوێندا حزووری هەیە کە مرۆڤ هەیە و هیچ دەسەڵاتێکیشی نییە، مەگەر دەسەڵاتێك کە خودی مرۆڤ بە ئەوی دەبەخشێت.

من تەنها ڕکابەرو ((دوژمنی کەسی))یم لە ناوبرد، ئایا واتان دەزانی کەمن ئامادە دەبووم خۆم سەرقاڵکەم بە دەرپەڕاندنی شەیتان لە وجودی هەر مرۆڤێکدا تا دواتر مۆڵەت پەیدا بکات بچێتە ناو گەلە بەرازێك تا ئەوانیشی لەلایەن خۆیانەوە بە پەلە خۆیان بخەنە ناو دەریا و نوقم ببن؟!

من هەرگیز ئەهریمەنم لە وجودی هچ مرۆڤێکدا نەدیوە مەگەر ئەو مرۆڤە، خۆی شەیتانی هێنابێتە ناو وجودی خۆی، تەنها دەسەڵاتێك کە من بۆ شەیتانی ڕەوا دەبینم هەمان ئەو دەسەڵاتەیە کە مرۆڤ خۆی بۆ شەیتان قایل بووە، پاش کەمێك وتووێژەکانمان بە ئاڕاستەی

قسەکردن لەسەر خواوەند چەرخاو یەکێك لە ئێمە پرسیاریکرد: حەزدەکەم بزانم خودا کێیە و یا لە راستیدا، چ ماهیەتێکی هەیە، لەم ساتەدا عیسا هاتە قسەو گوتی: وابزانم توانای دەرککردنی مەبەستەکەتانم لەم پرسیارە هەیە، ئێوە پێتان خۆشە ئەندێشەی کەسی خۆتان لەم بارەیەوە روون و ئاشکراتر بکەن، ئەو رۆژانە جیهان لەرێی زۆر ئایدیاوە کە بەیەکدا دەدەن، ئازار دەچێژێت، چیتر کەسێك بایەخ بە بنەڕەت و سەرچاوەی وشەکان نادات، خواوەند بنەڕەتی ژێرەوە و شاراوەی هەر شتێکە کە ئەمڕۆ بوونی هەیە.

بەڵام، ئەم بنەڕەتەی ژێرین و شاراوەیە کە خاوەنی یەك مەخلوقە، هەمان ئەندێشەیە و ئەندێشە هەمیشە بە توانا و دەسەڵات، هەمیشە لە هەموو شوێنێك زیندوو ئامادەیە، خواوەند هەمان ئەو تاکە ئەندێشەیە کە نەك تەنها هۆکاری راستەوخۆ، بەڵکو رێبەری هەموو ئەو شتە چاکانەیە کە لە دەوروبەری ئێمەدا هەن، خواوەند هۆکاری ئەو ژیان و زیندەگییەیە کە ئێمە لە دەوروبەری خۆماندا دەیبینین، خواوەند سەرچاوەی هەموو ئەو عەشقە واقیعی و راستەقینەیە کە گشت فۆرمەکان دەپارێزێت و پێکەوە گرێییان دەدات و یەکیان دەخات، خواوەند ئەسڵێکی نادیارە، خواوەند هەرگیز شەخسی نییە، مەگەر ئەو دەمەی کە باوکێکی میهرەبانە و بۆ هەر مرۆڤێك دەبێتە کەس، خواوەند بەڕاستی توانای هەیە بۆ هەر مرۆڤێك وەك دایك و باوك بێت، زاتێکی میهرەبان و بەخشندە لە هەر شتێکدا، خوا هەرگیز ((مەوجودێکی گەورە)) نییە کە لە پنتێکی ئاسمانەکاندا جێگیر بێت، مەبەستم شوێنێکە کە بە بەهەشت ناودەبرێت، خودا لەسەر تەختێك دانانیشێت، تاوەکو دوای مردن لێپرسینەوە لە مرۆڤەکان بکات، چونکە خواوەند هەمان وجود و ژیانە و ژیان هەرگیز نامرێت، وێنەیەك مرۆڤەکان لەمەڕ خودا هەتانە، وێنەیەکی هەڵەیە کە لە هزری نەزانەکاندا لەدایك بووە.

ئەم بابەتە لەمەڕ زۆرێك لەو شتانەی کە لە فۆرمی سەرەکی و واقیعی خۆیان هاتوونەتە دەرەوەو لە دونیا دەوری ئێوەیانداوە. تەبایە، خواوەند نە دادوەرە، نە پادشایەك کە بخوازێت بەزۆر حزووری خۆی بەسەر ئێوەدا بسەپێنێت و ئێوە لەبەردەم دادگایەکی عادیلانەدا، مەحکومبکات. خواوەند باوکێکی میهرەبان و بەخشندەیە کە قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و کاتێك لێی نزیك دەبنەوە، لە ئامێزتان دەگرێت، ئێوە هەمیشە وەك کوڕی ئەو، وەك مەخلوقی خۆشەویست و گەوهەری تاقانەی ئەون، بەمەرجێك لە کانگای دڵتانەوە بە شوێن خودا بگەڕێن و خاوەن ئامانج و نیاز و ئەنگێزەی راست و دڵسۆزانە بن، تەنانەت ئەگەر منداڵێکی لاسار و قسە بەگوێدا نەچوو بوون و زۆرتر رووتان لە ماڵی باوکیتان وەرگێڕابوو لە ژیان و وجود هیلاك

و پەرێشان بوون، ئێوە هەمیشە دەتوانن بە دڵنیایی تەواوەوە بەرەو ماڵی باوكتان بگەڕێنەوە و بزانن كە بە گەرمی پێشوازیتان لێدەكرێت، ئاهەنگێكی خۆش چاوەڕێتان دەكات و مێزێكی جوانتان بۆ دەڕازێنرێتەوە، لەكاتی گەڕانەوەدا، ئێوە هەرگیز سەرزەنشت و گلەییەك لەو برایەی كە بەر لە ئێوە بۆ ماڵی باوكی گەڕاوەتەوە، نابیستن.

عەشقی ئیلاهی وەك ئاوێكی پاك و زوڵاڵە كەلەچاوگە كوێستانییەكانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم رووباری ئاوە لەسەرچاوەكەدا، زوڵاڵە، بەڵام بەدرێژایی رێ لێڵ و پیس دەبێت، سەرەنجام بەجۆرێك دەچێتە ناو ئۆقیانووسەوە كە بە تەواوی پیس بووە و چیتر هیچ لێكچوونێكی لەگەڵ بارودۆخی پێشوویدا نییە.

لەگەڵ گەیشتنی بە ئاوی ئۆقیانووسەكان، چەو و لم و قوڕ لە قووڵایی بنی ئاوەكە دادەنیشن، ئاوی پاك و بێگەرد دیسان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئاستی ئۆقیانووس و لە دەریایەكی شاد و ئازاددا تێكەڵ دەبێت و بۆ دووبارە بەخشینەوەی ژیان بەو سەرچاوە بەراییە ئامادەی خزمەتكردن دەبێت.

ئێوە دەتوانن خودا ببینن لە هەر ساتەوەختێكدا كە بتانەوێت لەگەڵیدا گفتوگۆ بكەن راست وەك ئەو كاتانەی لەگەڵ دایك و باوكی خۆتان، یا برا و هاورێكانتان قسە دەكەن، لەڕاستیدا خواوەند لە هەر مەوجودێكی فەنا بووی مرۆیی زیاتر لە ئێوە نزیكە و لە هەر دۆستێك راستگۆ و دڵسۆز و بە ئەمەك ترە، خواوەند هەرگیز توڕە یان ئەشكەنجەدەر نییە هیچ كاتێك نائومێد نابێت، خوا هەرگێز شتێك لەناونابات كەسێك یا شتێك بریندار یا سەقەت ناكات و هەرگیز هیچ كام لە مەخلوقات و دروستكراوەكانی دووچاری سزاو نارەحەتی ناكات، ئەگەر ئەم كارەی بكردایە، خودا نەبوو، خودایەك كە قەزاوەت بكات، بڕوخێنێت، لەناو ببات و شتە باشەكان بۆ مەخلوقات و ئافەرێنراوەكانی رەت بكاتەوە، شتێكە نییە جگە لە زادەی خەیاڵی نەزانێك كە بەم جۆرە خودای لە زەینی خۆیدا وێناكردووە ئێوە نابێت لەم جۆرە خودایە بترسن، مەگەر ئەو كاتانەی لە ڕووی هۆشیاری و بە ئەنقەست كارێكی لەم جۆرە بكەن، خودای راستەقینە دەستی رادەدات و دەڵێت ((هەر چییەكم هەیە هی ئێوەیە)) یەكێك لە شاعیرەكانی ئێوە گوتوویەتی كە خواوەند لە هەناسەی ئێوە لە ئێوە نزیكترە و تەنانەت لەدەست و پێكانیشمان لە ئێمە نزیكترە[1]، بەڵێ ئەم شاعیرە لەژێر كاریگەری ئیلهامی خوداییدا ئەم قسانەی كردووە، ئەو

(١) لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ((من لەرەگی بناگوێ لە ئێوە نزیكترم)).

کەسەی بە شوێن خێرو چاکەو عەدالەتدا دەگەڕێت، ئیلهامی لە خودا وەرگرتووە، هەر مرۆڤێك دەتوانێت بکەوێتە ژێر باری ئیلهامی خودا، ئەویش لە هەر زەمەنێکدا، تەنها بەو مەرجەی کە بیەوێت. ئەو دەمەی کە من وتم ((من رۆحی خودابیم)) من ئەم بارەم تەنها بۆ خۆم رانەگەیاند ئەگەر کارێکی وام بکردایە، هەرگیز نەمدەتوانی رۆحی خودام لە وجودی خۆمدا هەبێت و ببمە مەسیح، من بە روونی چاوم پێکەوتبوو کە بۆ بەیان کردنی ((مەسیح)) بۆ من پێویست بوو کە ئەم حەقیقەتە رابگەیەنم، هەروەك مرۆڤەکانیتریش ناچارن ئەم کارە بکەن، پاشان پێویست بوو ژیانێکی پارێزکارانە بگرمەبەر، پاشان رۆحی خودایی، بەناچار لە وجودمدا دەردەکەوێت، گەربێت و مرۆڤ ژیانێکی پارێزکارانەی نەبێت، دەتوانێت تا هەر کاتێك کە بیەوێت خۆی بە خاوەنی رۆحی خودایی بزانێت و ئەم مەسەلەیەش لە هەر کوچە و کۆلانێکدا جاڕبدات، بەلاّم رۆحی خودا هەرگیز دەرناکەوێت، هاوڕێ خۆشەویستەکان، بیهێننە پێش چاوی خۆتان کە تێکڕای مرۆڤەکان، رۆحی خودایی لە وجودی خۆیاندا جاڕبدەن و لانیکەم بۆ ماوەی ساڵێك، ژیانێکی پارێزگارانە و خوداشناسانەیان هەبێت، چ بێدارییەکی پەڕجوو ئاسا! هەرگیز ناتوانرێت ئەنجامی ئەم کارە تەنانەت لە زەینیشیدا وێنا بکرێت! بەڵێ ئەمە ئەو ئیلهامە شێوە دیتنە بوو کە من هەم بوو.

دۆستانی هێژا، ئایا ناتوانن لە گۆشە نیگای ئێمە تێبگەن؟ و هەمان ئیلهامی شێوە دیتنی ئێمە ببینن؟ ئای، ئاخر بۆچی من لە تاریکی و هەوری رەش و تەم و لێڵی خورافەکاندا، گەمارۆ دەدەن؟ بۆچی بەرز ناڕوانن هزرتان پەرە پێنادەن و بە تەسەورێکی ورد و روونەوە سەیری دەوروبەر ناکەن؟.

ئەودەمە تێبینی دەکەن کە نە پەرجوویەك لە ئارادایە و نە نهێنییەك، نە دەردێك نە مەینەتێك، نە کەم و کورتی و مردنێك، هیچ شتێك لە دەرەوەی بۆچوونەکانی مرۆڤ بوونی نییە، کاتێك وتم ((زاڵ بووم بەسەر مردن))دا بە باشی دەمزانی باس لە چی دەکەم، بەلاّم پێداویستی ئەم کارە، لە خاچدانم بوو تاوەکو دەوروبەر و ئەو خۆشەویستانەی لەگەڵم بوون، بە تەواوی ئاگاداری مەسەلەکە بن.

زۆرێك لە هاوڕێکانم یەکیان گرت تاوەکو خزمەت بە جیهان و خەڵکی جیهان بکەن، ئەم کارە ئەرکی ژیانی ئێمەیە، سەردەمێك بوو کە پێویستی دەکرد ئێمە لە گشت هێزو وزەیەکمان بۆ لادانی تەوژمی فیکر و ئەندێشە خراپ و ناباوەکان کە هاوڕێ بوون لەگەڵ گومان و بەدبینی و بێ باوەڕی و خورافەدا، بکەوینە جەنگ و ململانێ، ئەم شتانە نزیك بوو مرۆڤایەتی لە

گەرووی ترسناکی خۆیاندا هەڵۆشن، ئێوە دەتوانن ئەم شتانە بە ((هێزە خراپ)) و پاسیڤەکان ناو ببەن، بەپێی بیروڕای ئێمە ئەم هێزانە کاتێك خراپ دەبن کە خودی مرۆڤەکان، ئەوان بەو جۆرە دەگۆڕن. بەڵام هەنووکە، ئێمە نووریێك دەبینین کە سات لە دوای سات زیاتر دەدرەوشێتەوە بەتایبەت لەکاتێکدا بوونەوەرە خۆشەویستەکان، وابەستەیی و پەیوەندی خۆیان دەپچڕێنن، ئەم ڕەهاییە ڕەنگە بۆ ماوەیەك ئەوان بەرەو ماتریالیستی ڕاپێچ بکات، بەڵام ئەم دۆخە، ئەوان لە ئامانجەکە نزیك دەکاتەوە چونکە ماددیگەرایی لە هەمان پلەی بەرهەڵستییەك کە خورافات و ئەفسانە خەیاڵییەکان و نێهییەکان بەسەر زەیندا دەیسەپێنن، بەهرەمەند نییە ئەو ڕۆژەی من بەسەر ئاوەکەدا ڕۆیشتم، بەبڕوای ئێوە ڕوانینی من بە ئاڕاستەی قووڵایی دەریا کە هەمان ماددەیە بوو؟ بێ گومان نەخێر، سەرەنجی من بە ئاڕاستەی دەسەڵاتی خودایی کە بەسەر هەر شتێکی دیکەدا، بەتایبەت هێزە لەناوبەرەکاندا زاڵ و سەرکەوتووە، چڕبووبووەوە، هەر هێندە ئەم کارەم کرد، ئاو وەك بەردێك ڕەق، تۆکمە و وشك بوو و من توانیم بەوپەڕی دڵنیایی و ئارامییەوە بەسەر ڕووی ئاوەکەدا بپەڕمەوە))[١].

عیسا بۆ ساتێك بێدەنگ بوو یەکێکمان پرسیاری کرد: ((ئایا گفتوگۆی ئێوە لەگەڵ ئێمە، ئێوە ناخاتە زەحمەتەوە و ئایا نابینە ڕێگر لەبەردەم کارەکانی ئێوەدا؟)) عیسا لە وەڵامدا وتی: ((ئێوە هچ کام لە یارانی ئێمە ناخەنە زەحمەتەوە، تەنانەت بۆ ساتێکیش و واهەست دەکەم منیش یەکێکم لەو کەسانە)).

یەکێك لەناو ئێمەدا گوتی: تۆ برای ئێمەیت.

ڕوومەتی عیسا بە زەردەخەنەیەك گەشایەوە و گوتی: سوپاستان دەکەم، منیش هەمیشە ئێوەم بە برایانی خۆم بانگ کردووە. یەکێك لە ئێمە ڕووی لە عیسا کرد و لێی پرسی: واتە هەر مرۆڤێك لە توانای دایە ڕۆحی خودایی ((دەربڕێت)) و ((گوزارشتی)) لێبکات؟.

---

(١) ئەم ڕووداوەش پەیوەستە بەیەکێکی تر لە موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا حەواریەکانی عیسا لەناو بەلەمێکدا بوون کە دەمەو بەیانی، لەکاتێکدا بایەکی توند هەڵی کردبوو عیسا مەسیح بەسەر ئاوەکەدا کەوتەڕێ و لێیان نزیك بووەوە پاشان بوترس لە بەلەمەکە هاتە دەرەوە تاوەك عیسا بەسەر ئاوەکەدا بڕوات بەڵام کاتێك شەپۆڵە بەرزەکانی بینی ترسا و خەریك بوو نوقم بێت، عیسا ڕزگاری کرد و گوتی: ((ئەی کەم باوەڕ! بۆچی گومانت هەیە؟!)).

ئەو فەرمووی: بەڵێ، تەنها ڕێگایەك بۆ كامڵبوون هەیە، مرۆڤ لە خواوەند دروستكراوە و پێویستە بۆ لای خودا بگەڕێتەوە، ئەوەی لە ئاسمانەوە دابەزیوەتە سەر زەوی، دەبێت دیسان لە زەویەوە بۆ ئاسمان بەرزبێتەوە، سەرگوزەشتەی رۆحی خودایی، بە لەدایك بوونی من دەستی پێنەكردووە، هەروەك چۆن بە لەخاچدانی من كۆتایی نەهات، رۆحی خوایی، لەكاتێكدا كە خواوەند یەكەمین مرۆڤی بە گوێرەی فۆرم و هاوشێوە وێنەی خۆی دروستكرد، هەبووە رۆحی خودایی و ئەم یەكەم مرۆڤە، هیچ كەسێك نییە جگە لە یەك كەس، هەموو مرۆڤەكان و ئەو مرۆڤەش مەگەر یەك ماهیەتیان نییە، رێك و راست بە هەمان ئەندازە كە خواوەند وەدیهێنەری ئەوبوو، بەهەمان ئەندازە بە دیهێنەری گشت مرۆڤەكانە، دروستكەری سەرجەم مەخلوقاتەكانە، بە هەمان ئەندازە كە مرۆڤ خاوەنی خەسڵەتی هاوبەشی دایك و باوكیەتی، بە هەمان رێژەش رۆحی خوایی لە هەر مەخلوق و لە هەر منداڵێكدا هەیە، منداڵ تا چەند ساڵێك بەم ئاگاییەوە كە خاوەن سیفاتی رۆحی خوداییە ژیان دەگوزەرێنێت، مەبەستم یەككرتن و یەكبوونیەتی لەگەڵ خواوەند لەڕێی رۆحی خوداییەوە، لەو كاتەدا بوو كە سەرگوزەشتەی رۆحی خوایی دەستیپێكرد و پێشینەی بۆ سەردەمێك دەگەڕێتەوە كە مرۆڤ تازە خەلقكرابوو، مەسیح یا رۆحی خودایی زیاتر لە عیسا، وەك مرۆڤێك، مانای هەیە، لەم بارەیەوە پارادۆكسێك هەیە، گەر بێتو من ئەم واقیعیەتەم دەرك نەكردایە، هەرگیز توانای بەیان كردنی رۆحی خودایم نەبوو، ئەم حاڵەتە، بۆمن راست وەك گەوهەرێكی بە نرخ وایە، حەقیقەتێك كە زۆرێك لە كەسانی دیكەش دەریان بڕیوە، ئامانجێكی خوازراو كە من كامڵم كردووە و پیشانمداوە.

بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ دوای لەخاچدانم، من لە پاڵ یاران و قوتابیەكانم (حەواریەكان) و هەروەها زۆرێك لەو كەسانەی كە بە خۆشەویستی و ئەوینێكی زۆرەوە، خۆشم دەویستن ژیانم دەگوزەراند، لەو رۆژانەدا، ئێمە لە شوێنێكی چۆڵ، لە دەرەوەی فەلەستین كۆدەبووینەوە، ئێمە لەوێ لە خراپەی پشكنەرە خورافییەكان پارێزراو بووین، لەوێ بوو كە زۆرێك لە هاوڕێكانم توانیان لوتف و بەزەیی گەورەی خودایی وەربگرن و كاری زۆر گەورەیان ئەنجامدا، لەو قۆناغەدا بۆم دەركەوت كە بە ماوەیەك گۆشەگیری، دەتوانم لەگەڵ گشت جیهانییەكاندا پەیوەندی بەرقەرار بكەم و بە هانایانەوە بچم، هەربۆیە گۆشەنشینم هەڵبژارد، لەڕاستیدا، حەواریەكانم و هاوڕێكانم زیاتر لەوەی پشت بە خۆیان ببەستن، پشتیان بەمن دەبەست، بۆ رەهاكردنی ئەوانیش بوایە لەم حاڵەتە، پێویست بوو لێیان دووركەومەوە، مەگەر پەیوەندی ئەوان لەگەڵ مندا زۆر نزیك نەبوو؟ كەواتە هەر كاتێك بیانویستایە، دەیانتوانی بمدۆزنەوەو بم بینن.

لەسەرەتادا، خاچ هێمای گەورەترین شای و خۆشی بوو کە جیهان تا ئەو دەمە ناسیبووی، کۆڵەکەی خاچ راست لە پنتێکدا جێگیربووە کە یەکەمین مرۆڤ پێی نایە سەر زەوی، هێماکەی پیشاندەری سپێدەی رۆژێکی ئاسمانییە لێرە، واتە زەوی گەر بێت و زیاتر قووڵ ببێتەوە، تێبینی دەکەن کە تەنانەت خاچیش بە تەواوی دیار نامێنێت و چیتر هیچ شتێك و هیچ کەسێك مەگەر مرۆڤ نامێنێتەوە کە ئەویش لە باری دڵسۆزی پەرستیش، لە فەزادا وەستاوە دەست و بازووە هەڵبڕاوەکانی، رێك وەك پیرۆز راگرتن و سوپاس و ستایشی پەروەردگارە، مرۆڤێك کە خەلاتەکانی بۆ مرۆڤایەتی دەنێرێت و لەو پەڕی ئازادیدا، گشت خەسڵەتە باشەکان و فەڕی خۆی بە هەرلایەکدا پەرش و بڵاو دەکات بزانن کە رۆحی خوایی هەمان زیندەگی وەقفکراوە لە شێوەدا، هەمان وزەی تازە گیان تێکەوتووە کە پیاوانی زانست و مەعریفە، پێشبینی دەکەن و هەوڵدەدەن سەرەتاو سەرچاوەکەی بزانن، لەپاڵ رۆحی خوداییدا، ئێوە دەبێت هەست بەوە بکەن هەر مرۆڤێك دەبێت بەجۆرێك ئەم ژیانە درێژە پێبدات کە بتوانێت لەوپەڕی ئازادیدا بیبەخشێت، دەبێت تێبگەن کە شیبوونەوەی بەردەوام و هەمیشەیی شێوەکان، مرۆڤی ناچارکردووە کە بژییێت و ئەمەش کە رۆحی خودایی بۆ دەست شۆردن لە حەزە جەستەییەکان، ژیاوە دەبێت بزانن کە رۆحی خوایی بۆ شتێك ژیا کە دەسبەجێ نەیدەتوانی لە وجودی ئەو بەهرەمەند بێت، چێژ وەربگرێت ئەگەر بێت و هەموو ئەم شتانە بزانن، کەواتە رۆحی خودایی لە وجودی ئێوەشدا هەیە.

خودا رێك وەك گەردێك لە ژیانێکی بێ سنووردا بزانن، ئەمە قبووڵبکەن کە بۆ چاکە و خێری کەسانی تر فیداکاری بکەن، فێربن رەفتار و کرداری چاکتان هەبێت بەبێ ئەوەی گرنگی بە ئاکامەکانی بدەن، فێربن دەست لە ژیانی فیزیکی هەڵبگرن و لە تەواوی ماڵ و سامانی دنیا دەست بەرداربن، ئەم کارە لەوپەڕی ئازادیدا ئەنجامبدەن، ئەم کارە، نە بە هەژاری ناودەبرێت، نە وازهێنان لە نەفس و فیداکاری بەرێژەی ئەو شتانەی کە دەیدەنە دواوە و لەلایەن خواوەندەوە دێن، تێبینی دەکەن کە هێشتا زۆر شتتان هەیە بۆ بەخشین، تەنانەت ئەگەر هەندێ کات بەدرێژایی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە وا هەست بکەن کە پێویستە هەموو شتێکتان ببەخشن، تەنانەت لە گیان فیداکردنیش درێغی نەکەن، ئێوە هەروەها بۆتان دەردەکەوێت ئەو کەسەی هەوڵی پاراستنی گیانی خۆی دەدات، لە دەستی دەدات، ئێوە دواجار بۆتان روون دەبێتەوە کە زێڕی خاڵس لە قووڵایی چاڵەکەدایە، ئاگر ئەوی لە هەموو پیسی و چەپەڵیەکان پاککردۆتەوە،

ئێوە بەتاسەیەکی زۆرەوە بۆتان دەردەکەوێت کە ئەو ژیانەی بە کەسانی دیکەتان بەخشیوە، ڕاست هەر ئەمەیە کە بە دەستتان هێناوە، ئەو دەمە تێدەگەن کە وەرگرتن بە مانای بەخشین لەوپەڕی ئازادیدا مانای هەیە.

گەر بێتو ئێوە جەستەی خۆتان بڕەتێنن، ژیانێکی باشتر و باڵاترتان دەستدەکەوێت من ئەم حەقیقەتە خۆشەتان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بە پێی رادەگەیەنم و دەڵێم ئەم چەشنە زیندەگییەی بەم جۆرە بەدەست هاتووە، بۆ هەمووانە.

بزانن کە رۆحی بەرزو باڵای خوایی دەتوانێت تا کەناری رووباری (غسل تعمید) بێتە خوارەوە، هاتنی بۆ ناو ئاوەکە، پیشاندەری خۆشەویستی و بەزەیی و هاودەردییە، کە ئێوە بۆ پێداویستییە گەورەکانی جیهان هەستیپێدەکەن، بە هەبوونی ئەم هەستە، ئێوە دەتوانن بەبێ هیچ جۆرە غرورو لەخۆبایی بوونێك، لە بوونی ئەم جۆرە خەسڵەتە باشە، یارمەتی یاران و دۆستەکانتان بدەن، ئێوە یارای ئەوەتان دەبێت، ژیان بەو رۆحە برسیانەی کە بۆ لای ئێوە دێن، ببەخشن، بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێك لە قەبارە و ئەندازەی ئەم نانە کەم بکات، ئەم دۆخە راست لەبەر خاتری ماهیەتی (خەلات ئاسا)ی بەم جۆرەیە، هەوڵبدەن توانای شیفا بەخشینی خۆتان بناسن و بە تەواوی جێبەجێی بکەن و بە یارمەتی ((قسە)) کە کامڵبوونی رۆحی مرۆیی زامن دەکات ئەم ئەرکە بەجێبهێنن، هەوڵبدەن هەموو ئەو کەسانەی بەرەو لای ئێوە دێن، لە نەخۆشەوە بگرە تا ماندووەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە باری گرانیان بە کۆڵەوەیە، کۆمەك بکەن، ئێوە دەتوانن چاوی نابیناکان بکەنەوە و سۆمایەکی تر بە نابینایانی بە ئەنقەست و خۆبەخش، یاخود بەزۆر نابیناکراوەکان ببەخشن، گرنگ نییە رۆحێك تا چ رادەیەك و تا چ ئاستێك دابەزیوەو پەست بووە، ئەم رۆحە دەبێت تێبگات کە رۆحی خودایی لەپاڵیدا ئامادەیە، دەبێت تێبگات کە ئێوە بەپێی مرۆیی، لە هەمان زەویدا هەنگاو هەڵدەگرن کە ئەو هەڵیدەگرێت، لەو کاتەدا یەکبوون و یەکپارچەیی راستەقینەی نێوان خالیق و مەخلوق تێدەگەن کە هەموو ئەم شتانە لە ناخی ئێوەدا چنگ دەکەوێت، نەك لە دەرەوە پێویستە هێور و بێ دالْغەبن، بەتایبەت کاتێك خودای دەرەوە، لاتان راودەنرێت و خودای واقیعی و دەروونی خۆتان، بە تەنها دەمێنێتەوە، هەوڵبدەن بتوانن هاواری سەراپا عاشقانەتان کە هاوڕێیە لەگەڵ ترسدا بپارێزن، بەتایبەت کاتێك ئەم رستە دەزرنگێتەوە: ((خوایە گیان! خوایە گیان! بۆچی منت واز لێهێنا؟...)) ئەو دەمەی ئەم چرکە ساتە نزیك بووەوە، پێویست ناکات هەست بە تەنهایی

بکەن، بەڵکو پێویستە بزانن لەپاڵ خوداکەتاندا وەستاون، زیاتر لە هەر کاتێکی تر، لە دڵی میهرەبان و عاشقی وەدیهێنەرەکەتان نزیکن، بزانن خراپترین ساتەوەختی نائومێدی ژیانتان، ئەو کاتەیە کە گەورەترین سەرکەوتنتان دەستپێدەکات، بزانە لەو ساتە بەدواوە، هیچ خەم و پەژارەیەك ناتوانێت توخنی ئێوە بکەوێت.

لەو کاتە بەدواوە، باوەڕی ئێوە لە سروودێکی گەورەی ئازادیدا، دەنگدەداتەوە چونکە بە تەواوی بۆتان روون دەبێتەوە کە ئێوە هەمان رۆحی خوایین هەمان ئەو رۆحە خوداییەن کە روناکییەکەی دەبێت لەنێوان مرۆڤەکان و بۆ مرۆڤەکان بدرەوشێتەوە، ئێوە لەو تاریکی و نوتەکییەی لە رۆحێکی تەنهادا بوونی هەیە ئاگادار دەبن، ئەو رۆحەی کە ناتوانێت دەستێکی دۆستانە بە درێژایی گەشتەکەی لە رێڕەوی ناهەموار و دژواری ئاشکرا کردنی رۆحی خودایی لە ناختانا پەیدا بکات.

ئەمە بزانن کە ئێوە بەڕاستی خوداین، بەم پێیە، ئێوە تێکڕای مرۆڤەکان بەڕاستی وەك خۆتان دەبینن، پاشان پەی بەوە دەبەن کە گوزەرگای تاریك و دەیجوریش هەیە کە پێویستە ئێوە بەو رووناکییەی کە پێویستە لە سەرەتان لەگەڵ خۆتاندا بیگەیەننە ترۆپك، لەوانە بپەڕنەوە، رۆحی ئێوە زمانی سەنا و ستایشی بازدەکات چونکە بۆتان ئاشکرا دەبێت کە دەتوانن یارمەتی هەموو مرۆڤەکان بدەن، پاشان لە خۆشیانا بە دەم هاوارێکی بەرزەوە، ئێوە دەگەنە ترۆپکی یەکبوونتان لەگەڵ خواوەند.

ئێوە ناتوانن ژیانتان لەگەڵ ژیانی کەمێکی تردا بگۆڕنەوە، نە بە دڵسۆزی و پاکی دەروونی خۆتان، گوناهی ئەوانی تر بسڕنەوە، چونکە هەموو مرۆڤەکان بەزەینێکی ئازادەوە خولقێنراون، ئەوان لە وجودی خۆیاندا ئازادن و لە خودای خۆشیاندا هەم ئازادن، لەو کاتەدایە پەی بەوە دەبەن ئێوە، دەتوانن خۆتان بە ئەوان بگەیەنن، بەڵام ئەوان، هەرگیز ناتوانن خۆیان بە یەکتر بگەیەنن.

لێرەدا، باس لە کۆمەکی گەیاندن بە رۆحێك نییە، بەڵکو قسە لە فیداکردنی ژیانی خۆتان بۆ ئەمەیە، تاوەکو هەرگیز فەنا نەبێت، لەلایەکی دیکەوە پێویستە رێزێکی وەسوەسە ئاساتان بۆ ئەم رۆحە هەبێت و تا ئەو کاتەی کە خودی ئەو رۆحە بۆ وەرگرتنی ژیان، کراوەو وەرگر نەبووبێت، بێ هوودە لێشاوێك لە جۆش لە ژیان و هەستی بۆ مەنێرن،

لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە ئێوە بەوپەڕی ئازادی، تەوژمێك لە ئەوین و خۆشەویستی بەرەو لای ئەو بخەنەگەڕ و ڕووناکی بکەنەوە، بەجۆرێك گەر ڕۆحێك دەلاقەی ناخی خۆی والابکات، بتوانێت نووری خودا وەربگرێت و بەدەوری خۆیدا پەخش بکات و هەموو جێیەك ڕۆشن و ڕووناك بکاتەوە.

پێویستە بزانن، لەگەڵ لەدایك بوونی هەر مەسیحێك، بە لە دایك بوونی هەر ڕۆحێکی خودایی مرۆڤایەتی پلەیەك دەچێتە پێشەوە، ئێوە خاوەنی هەموو ئەو شتانەن کە خاوەند هەیەتی و ئێستاکە خاوەنی هەموو شتێکن، بەم پێیە بۆ خێرو بەرەکەت وچاکەی هەموانە، ئەو دەمەی ئێوە خۆتان بە فیداکاری و دڵسۆزی بە پلەیەکی بەرز دەگەیەنن، لەگەڵ خۆتاندا جیهان بەرزدەکەنەوە، چونکە بە هەنگاو هەڵگرتن لەم ڕێڕەوەدا، ئێوە ڕێگاکە بۆ هاوسەفەرەکانی ترتان هەموار دەکەن بڕواتان بە خۆتان هەبێت و بزانن کە ئەم باوەڕە دەروونییە، لە خوداشدا هەیە، سەرەنجام بزانن کە ئێوە پەرستگای خودان، ماڵێك کە لەڕێی دەستی مرۆڤەوە دروستنەکراوە، ماڵێکی نەمری لەسەر زەوی و لە ئاسمانەکاندا، لەم کاتەدایە کە بە سروودە ئاسمانییەکان، پێشوازیتان لێدەکرێت، هالە لویا! پادشا گەیشتەجێ! ئەو بۆ هەمیشە لەگەڵ ئێوەدایە! ((ئێوە لە خودادان و خوداش لە ئێوەدایە)) پاشان عیسا گوتی بڕیارە ئەو شەوە، سەردانی ماڵی برایەکی تر بکات لە هەمان ئاواییدا، هەموومان هەستاین، عیسا هەموانی پیرۆز کرد و لەگەڵ دوو پیاوی دیکەدا، لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

* * *

## بەشی پێنجەم

دوای رۆیشتنی عیسا، ئێمە دیسان دانیشتین و یەکێك لە ئێمە لە ئەمیلی پرسی کە ئایا هەر مرۆڤێك توانای فێربوونی هونەری شیفا بەخشینی هەیە؟ ئەمیل گوتی: مرۆڤ تا ئەو کاتەی کە فێرنەبێت بۆ سەرەتاو ئەسڵی هەر شتێك، بگەڕێتەوە، ناتوانێت توانای چاککردنەوە بەدەست بێنێت، ئێمە بەسەر هەموو شتە ناهاوئاهەنگەکاندا زاڵبین و دەسەڵات پەیدا بکەین بتوانین دەرك بەوە بکەین ئەم ناهەماهەنگییانە لەلایەن خوداوە سەرچاوەیان نەگرتووە، خودایەك کە چارەنووسی ئێوەی فۆرمەلە کردووە، هیچ شتێك نییە جگە لە کەسێتییەکی بەتوانا کە وەك کوورەچییەکی لێوەشاوە کە شێوە بە قوڕەکەی خۆی دەبەخشێت، شکڵ و شێوەی بە ئێوە بەخشیوە، ئەمە توانایەکی گەورەی ئیلاهییە کە لە وجودی ئێوە و بەدەوروبەرتانا حزووری هەیە، دەتوانین لە هەر ماددە و توخمێك و بەدەوری هەر تەنێکدا پەیدای بکەین، ئێوە دەتوانن بەگوێرەی ئارەزووی خۆتان، دەستتان بەم توانایە رابگات و سوودی لێوەربگرن، گەربێتو ئێوە دەرك بەم مەسەلەیە نەکەن، متمانە بەخۆکردنی پێویست لە وجودی خۆتاندا، سەبارەت بە خود چنگ ناخەن، باشترین دەرمانی شیفا بەخش بۆ ناهەماهەنگ، ئەمەیە کە بزانن ناهەماهەنگی لەلایەن خوداوە نایەت، خواوەند هەرگیز ئەوی دروستنەکردووە.

مێشکی مرۆڤ، ئەم توانستەی هەیە کە شەپۆلەکانی شتێکی درەوشاوە وەربگرێت و تۆماریان بکات، شەپۆلگەلێك کە دواتر لەلایەن چاوەوە دەنێردرێن، مێشکی مرۆڤ، لەرینەوەی رووناکییەکان، سێبەرەکان، رەنگەکان تۆمار بکات، هەروەها ئەو توانایەشی هەیە کە جارێکی تر ئەوانە بەرهەمبهێنێتەوە، بیانداتەوە و ئەم کارە لەڕێی تیڕوانینی

دەروونییەوە ئەنجامدەدرێت، بەم شێوەیە، ئێمە جارێکی تر دەتوانین ئەو وێنانەی کە شیاوی دیتنن دەرکبکەین و ببینین، ئێوە ئەم دیاردەیە لە کامێرای وێنەگرتنەکانتانا بەکاردەهێنن، کاتێك کە هەر جارێك شاشەی پلاکە هەستیارەکە دەخەنە بەر رووناکی، ئەو دۆخە ڕوودەدات، ئەم شاشەی پلاکە لەرینەوە درەوشاوەکانی ئەو شتەی لەبەرچاوتان گرتووە بۆ وێنەگرتن وەرگرتووە و تۆمار دەکات، پاشان پێویستە ئەنجامە بەدەست هاتووەکان بلکێنن بە شاشەی پلاکەکەوە تاوەکو وایان لێبکەن بۆ هەمیشە شیاوی بینین بن ئێوە، بەم زووانە، ئەوە کەشفدەکەن کە مرۆڤ دەتوانێت بزاوت و رەنگی شتە وێنەگیراوەکان تۆمار بکات و پاشان پیشانیبدات، ئەم کارە سەرەتا بە لکاندنی بزاوت و رەنگەکانەوە دەستپێدەکەن، پاشان رەنگەکان و رووناکییەکان بەپێی ریتم و ئاوازێکی لەرینەوە کە بە درێژایی تۆمارکردن هەیان بووە، رووناك دەکەنەوەو پەخشیدەکەن[1].

ئەم رەوشە بۆ فیکر و گوفتار و کردەوەکانیش هەر راستە، هەر گرووپێك لە سلولە هەڵبژێردراوەکانی مێشك، ئەو گرووپی لەرینەوانە کە پەیوەندییان بە ئەوەوە هەیە، تۆمار دەکات، کاتێك مرۆڤ ئەم لەرینەوانە جارێکی تر پەخش و بڵاو دەکاتەوە، دەتوانرێت زۆر بە وردی و وەك یەکەمین جار ئەوانە بەرهەم بهێنرێتەوە و هەمان ریتمی یەکەم جار بەدەست بێنێت، بەو مەرجەی سلولە هەڵبژێردراوەکان، هەر کامیان بەگوێرەی ئەرك و کارە تایبەتەکەی جووڵابێتەوە و لە شوێنی خۆیدا قەراری گرتبێت.

گرووپێکی دیکە لە سلولە هەڵبژێردراوەکانی مێشك دەتوانێت لەرینەوەکانی فیکر، کردار، جووڵە و وێنە درەوشاوەکان لەلایەن تەنەکان یا فۆرمەکانی تر وەربگرێت، تۆمار بکات و دیسان سەرلەنوێ بەرهەمیان بهێنێتەوە و پەخشبکات، ئەم سلولانە یارمەتی دەدەن تاوەکو کۆمەکی بە کەسانی تر هەروەها لە کۆنترۆڵکردنی ئایدیا کە سییەکاندا یارمەتی خودی مرۆڤ بدەن، لەڕێی ئەوانەوەیە کە چەندین جۆر پێشهات و کارەساتی سەخت وەك جەنگ، بوومەلەرزە، لافاو، ئاگرکەوتنەوە و بە کورتی هەموو ئەو نەگبەتیانەی کە تووشی مرۆڤی فانی دەبێت، روودەدەن کەسەکە، هاتنە پێشەوەی شتێك دەبینێت یا وێنا دەکات کە روویداوە لەرینەوەی گونجاو، لەسەر سلولە پەیوەندیدارەکان دەچەسپێن، پاشان لەسەر سلولە گونجاو و

(١) وادیارە دیسان باس لە پیشەسازی وێنەگرتن و سینەما دەکات.

پەیوەندیدارەکانی مێشکەکانی تر دەردەکەون و بەیاندەکرێن، بەم پێیە هێندە درێژە دەکێشێت تا رووداوی ئاماژە پێکراو رەگ دادەکوتێت کە دواجار روودەدات، گەر بێتو مرۆڤ دەسبەجێ ئەم هزرانە لە مێشکی خۆی بسڕێتەوە و رێگە بە لەرینەوە پەیوەندیدارەکان نەدات لەسەر سلولەکانی مێشك تۆماربکرێن هەموو ئەم ناهاوئاهەنگیانە و بێ سەروبەرییانە دەسبەجێ دەوەستێنرێن لەڕێی دەستوەردانی ئەم سلولانەوەیە کە سەرجەم ئازار و ناڕەحەتییەکان، پێشبینی دەکرێن.

کۆمەڵێکی تر لە سلولە هەڵبژاردراوەکانی مێشك هەیە کە دەتوانن لەرینەوەکانی فیکر و کرداری ((ئەندێشەی ئیلاهی)) کە لە سەنتەری ئەودا تەواوی لەرینەوە واقیعیەکان خەلقکراون و پاشان درەوشاونەتەوە وەربگرن، تۆمار بکات و بەردەوامییان پێ ببەخشێت، ئەم ئەندێشەی ئیلاهییە شتێکە کە خواوەند هەر ماددە و رەگەزێکی لێ بەرهەم دێنێت، ئەم ئەندێشە ئیلاهییە، هەمیشە لەرینەوەی خودایی و واقیعی کە ئێمە توانای وەرگرتیانمان هەیە و لەلایەن خۆمانەوە دەتوانین بیان دەینەوە، لە خۆی دەنێرێت، بەمەرجێك ئێمە ئەم سلولانە لە ئەرکە واقیعیەکەیاندا بهێڵینەوە، ئێمە خاوەن ئەندێشەی ئیلاهی نین، بەڵام کۆمەڵێك سلولمان لەبەردەست دایە کە دەتوانن ئەو ئەندێشەیە وەربگرن و لەرینەوەکانی بدرەوشێنێتەوە)).

ئەمیل لێرەدا، بێدەنگ بوو و بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، پاشان وێنەیەك کە سەرەتا بێ جووڵە بوو لەسەر دیواری ژوورەکە دەرکەوت و دوای چەند ساتێك گیانی تێکەوت و کەوتە جووڵە، دوای نزیکەی دەقیقەیەك دیمەنەکە گۆڕا، پاشان چەند سکانێك دەرکەوتن کە تاڕادەیەك پیشاندەری هەموو ئەو رووداوانە بوون کە رەنگە لە سەنتەرەکانی کار و چالاکی وڵاتە خۆرئاواییە سەرمایەدارەکاندا رووبدات ئەم دیمەنانە زۆر بەخێرایی گۆڕانیان بەسەردا دەهات بەڵام دەرفەتمان هەبوو زۆرێك لە شوێنە ئاشناکان بناسینەوە و ناو ببەین، یەکێك لە دیمەنەکان لەوانی تر سەرنج راکێشتر بوو چونکە رووداوەکانی دابەزینی ئێمەی لە شاری کەلکەتە لە مانگی دێسەمبەری ساڵی ١٨٩٤دا پیشاندەدا، ئەم رووداوە کاتێك بوو کە ئێمە هێشتا هیچ شتێکمان لەبارەی ئامێرێك بەناوی کامێرای سینەما فۆتۆگراف نەبیستبوو و دەبوایە چەندین ساڵ چاوەڕوانبووینایە دابهێنرێن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو وێنانە گشت جووڵە مرۆییەکان و جووڵەی شتە بێ گیانەکانی بە وردی موو بە موو بەرهەم بهێنایە.

ئەم وێنانە بۆ ماوەی سەعاتێك درێژەیان کێشا و هەر دیمەنێك، بۆ ماوەی دەقەیەك دەمایەوەو پاشان شوێنەکەی خۆی دەدا بە دیمەنێکی تر، بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئەمیل

دیسان هاتەوە قسەو گوتی: ئەم وێنانە پیشاندەری هەلومەرجی هەنووکەی جیهانن، تکا دەکەم سەرنجی ئاشتی گشتی و بەرەکەت و شتێك بدەن کە لە بەشێکی هەرە گەورەی گۆی زەویدا زاڵبووە، ئەم حاڵەتی ڕەزامەندی هەمەلایەنە، تاڕادەیەك گشتی و گلۆباڵە، وانایەتە بەرچاو خەڵك نارەحەت و بیم ناك بن، وادێنە بەرچاو بەختەوەر و خۆشنودن، لەژێر پەردەی ئەم حاڵەتە ڕوواڵەتیەدا، ئاگرێکی گەرم هەیە کە لەو ناهۆمۆجین و پێکدادانانەی کە بە هۆی بیری نەزانەکانەوە فۆرمەلە بووە و سەری هەڵداوە، دروستبووە، ڕق، پیلان و ئاشوب لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا هەیە، مرۆڤەکان دەستیان کردووە بە نەخشەکێشان تاوەکو ڕێکخراوی گەورەی سەربازی، کە هەرگیز کەسێك هاوشێوەی ئەوانەی لە جیهاندا نەبینیوە پێکبهێنن، ئێمە تا ئەو جێیەی کە دەسەڵات و تواناماندا بێت، هەوڵ و کۆشش دەدەین تاوەکو لەرینەوەی پۆزەتیڤ و بە کەڵك لە جیهاندا بڵاوبکەینەوە، بەڵام هەوڵە یەکخراوەکانی هەموومان بۆ لەناوبردنی ئەو پیاوانەی کە سوورن لەسەر ئەوەی جیهان بەزۆری خۆیان، ئاڕاستە و ڕێبەری بکەن، بەس نابێت، ئێمە وردە وردە گەیشتووینەتە ئەم ئاکامە کە ئەم پیاوە دەسەڵاتخوازانە بە ئامانجی خۆیان دەگەن چونکە خەڵك و بەتایبەت نەتەوەکان لە خەودا ڕۆچوون، لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە دەبێت بێدار و بە ئاگا بن تاوەکو بتوانن بەدروستی بیر بکەنەوە، گەر بێت و ئەم پیلانە ئەهریمەنیانە سەر بگرن، تا چەند ساڵێکی تر وێنەگەلێکی وەك ئەمانە دەبینن)) لەم چرکە ساتەدا، دە یا دوانزە دیمەنی جەنگ لەسەر دیوارەکە دەرکەوتن، ئێمە هەرگیز بە خەیاڵماندا نەدەهات کە ڕەنگە وێنەگەلی لەم چەشنە بوونیان هەبێت، هەر بۆیە بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدان، ئەمیل گوتی: ئێمە سەرەڕای گرفتەکان ئومێدێکی زۆرمان هەیە کە ئەم دیمەنانە هەرگیز بوونێکی دەرەکی وەرنەگرن و بتوانین ڕێگە لە هاتنە بوونیان بگرین، هەرچۆنێك بێت داهاتوو خۆی، هەموو شتێك دەستنیشان دەکات، ئەمەش ئەو هەلومەرجەیە کە دەخوازین لە هەر شوێنێکدا بیبینین.

لەم کاتەدا، چەندین دیمەنی زۆر جوان و دڵگیر کە گوزارشتیان لە ئاشتی و ئارامییەکی لەوەسفکردن نەهاتوو دەکرد دەرکەوت، ئەمیل گوتی: ئەمەش ئەو دیمەنانەیە کە هەر یەك لە ئێوە لە داهاتوودا هاتنەدیان بە چاوی خۆتان دەبینین، بەڵام دەربارەی وێنە جەنگییەکان ئێمە پێمان خۆشە ئێوە لە مێشکی خۆتاندا بیانسڕنەوە، ئەو کارە زیاتر لەوەی وێنای دەکەن، لەم

مەسەلەیەدا یارمەتی ئێمە دەدات مرۆڤ بەهۆی سروشتی رۆحانی بوونی خۆی دەتوانێت خۆ بە ئەم ((سەروەرەی من خودا)) بگەیەنێت و بگۆڕدرێت بۆ مرۆڤێکی تاقانە، پاشان هەر ئەم مرۆڤە تاقانە، لەژێر ناونیشانی ((رۆحی خودایی)) ناوبانگی دەرکرد، ئەو بەسەر زەوی و ئاسمان و هەموو ناوەڕۆکەکانیاندا زاڵبوو دەسەڵاتی پەیداکرد، پاشان بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی داهێنەری خۆی، ئەم ((سەروەرەی من خودا))، بوونەوەرگەلێکی دیکەی دروستکرد کە لە خۆی دەچوون، پاشان ئەوانیان بە کوڕانی خودا ناوزەدکرد، بەدیهێنەری ئەوان، ناوی باوکی ئاسمانی وەرگرت و ئەسڵی ئیلاهیش هەم ناوی خواوەندی وەرگرت.

ئەمیل بۆ ساتێك بێدەنگ بوو دەستی بۆ پێشەوە رادا، دەست بەجێ پارچەیەکی گەورە لە ماددەیەکی پلاستیکی کە لە شێوەی قوڕ دەچوو لەناو لەپی دەستیدا دەرکەوت، ئەو پارچەکەی لەسەر مێزەکە داناو دەست بەکاربوو لە شێوە پێدانی، ئەو بە لێوەشاوەییەکی وەها کاریدەکرد کە ئەو پەیکەرەی لە ماوەی چەند دەقەیەکدا دروستکرد و کۆتاییهات. ئەو بۆ ماوەیەك خستیە ناو هەردوو دەستی و پاشان بەرزی کردەوە و لەسەر مێزەکە داینا. پەیکەرەکە دەستی بە جووڵە کرد، ئێمە هیچ پرسیارێکمان نەکرد و بەدەمێکی کراوە و واق وڕماو و چاوی ئەبڵەقەوە، کەوتینە تەماشاکردنی، پیرۆزی بە دەنگی بەرز بانگکرد: ((پاشان سەروەری ئێمە خودا)) مرۆڤی لە خۆڵی زەوی خەڵقکرد و هەناسەی ژیان کرا بە گەرووی ئەو بوونەوەرەدا و مرۆڤ گۆڕا بۆ رۆحێکی زیندوو ((پاشان کوڕەکانی سەروەری ئێمە خودا، مرۆڤیان لە گڵ دروستکرد، ئەوان بە یارمەتی توانای داهێنەرانەی خۆیان هەناسەی ژیان و بوونیان کرد بە دەمی ئەو پەیکەرەدا گۆڕا بۆ رۆحێکی زیندوو.))

بلیمەتێك بە یارمەتی دەستەکانی دەتوانێت بە هەمان ئەنجام بگات، گەر بێتو ئەو پەیکەرە یا وێنەیە بەو جۆرەی کە دەستەکانی شێوەیان پێ بەخشیوە بهێڵێتەوە، تەنها هەمان وێنە دەمێنێتەوە و چیتر هیچ بەرپرسیارێتیەك لە ئەستۆ ناگرێت، بەڵام گەر بێتو ئەم کەسە هەنگاوێکی تر هەڵبگرێت و سوود لە توانای ئەفراندنی خۆی وەربگرێت تاوەکو هەناسەی ژیانی پێ ببەخشێت، ئیدی بەرپرسیارێتییەکەی بۆ هەتا هەتایە کۆتایی نایەت، پێویستە هەموو ئەو مەخلوقاتانەی دروستیکردوون، چاودێریان بکات و لەناو سیستەمی ئیلاهیدا بیانهێڵێتەوە، ئەو وێنەگەلێکی وەك ئەم وێنانەی دروستکرد لە ترۆپکی تاسە و هەڵچووندا ژیان و هەستی پێبەخشین، پاشان گیانەکەیانی لێ نەسەندنەوە ئەوانیان لەسەر

زەویدا بەم لاو ئەو لادا بڵاوکردەوە و هیچ ئامانج و نیازێکیشیان نییە، گەر بێتو ژیانی لەوان بسەندایەتەوە، تەنها وێنەیەك لە جێگەکەیدا دەمایەوە و بەرپرسیارێتی مرۆڤ لەوێدا کۆتایی دەهات لەو ساتەدا پەیکەری ئەمیل لە جووڵە کەوت و ئەو درێژەی دایە، ئێوە قوڕتان لە دەستی گۆزەگەردا بینیوە، بەڵام ئەوە مرۆڤ نییە کە شێوە بە قوڕ دەبەخشێت، بەڵکو خواوەندە، گەر بێت و مرۆڤ ئەو پەیکەرەی لەگەڵ توخم و ماددەی پاڵفتە و پاکی ئیلاهیدا خەلق بکردایە، راست بە هەمان شێوە کە خۆی خەڵقکرا، ئەو مرۆڤە دەگۆڕدرا بۆ مرۆڤێکی خالس و واقیعی، هەموو ئەم قسانە کاتێك بۆ ئێوە مانای زیاتر پەیدا دەکات کە ئێوە لەپێشدا ئەم تابلۆیانە بە وردی وەربگێڕن بەڵام لەبەرئەوەی کات درەنگە، وا هەستدەکەم هەمووتان ئارەزووی حەوانەوە و خەوتن دەکەن)). لەگەڵ چوونە دەرەوەی دواین میوان، ئێمە خۆمان بۆ نوستن ئامادەکرد و هەموومان ئەم هەستە خۆشە دایگرتین کە ئەو رۆژانەی تێدەپەڕین زیاتر لەوەی کە لە توانست و قەبارەی ئێمەدا بوو، شتی نوێیان فێر دەکردین.

* * *

## بەشی شەشەم

بەیانی ڕۆژی دوایی، ئێمە سەرقاڵی کاری وەرگێڕانی ئەو پیتانە بووین کە لە تێکستی تابلۆ بەردینەکاندا نووسرابوون، حەزمان دەکرد زۆرترین ڕوونکردنەوە لەمەڕ ماناو چەمکی ئەم نیشانە و پیتە سەیر و نەناسراوانە بەدەستبێنین.

لەڕاستیدا، بە یارمەتی خاتوونی خاوەن ماڵەکەمان، ئێمە پیتەکانی ئەلف و بێی ئەم نووسراوە زۆر کۆنانە فێربووین، بە تەواوی لەم کارەدا ڕۆچووبووین، ڕۆژێك دوای نزیکەی پانزە ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوانە، وەك پیشەی هەر ڕۆژێکمان چووین بۆ پەرستگا و چاومان کەوت بە هاوڕێی خۆشەویستمان ((چاندرسن)) کەمترین هێمای پیری و پەککەوتەیی تێدا بەدی نەدەکرا، شوێنی کەمترین دوو دڵی و دڕدۆنگی لە ناسنامەکەی نەبوو، لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان بۆ ناو پەرستگاکە، ئەو لەسەر کورسییەکەی هەستا، تەوقەی لەگەڵ کردین و یەك بە یەك سەلام و هەواڵ پرسی و بەخێرهاتنی کردین.

بێگومان پێشبینی سەرسام بوون و واق وڕماوی ئێمە دەکەن کاتێك بە دەوری ئەودا کۆبووینەوەو کردمان بەژێر پرسیارەوە، ئێمە ڕاست وەك گرووپێکی سەرەتایی چوست و چالاك و وروژاو بووین، هەموو پرسیارمان لێدەکرد و هاوزەمان قسەشمان دەکرد ئێمە بێ گومان، وەك گرووپێکی منداڵان بووین بەڵای ئەوەوە کە هاوەڵێکیان دەستکەوتووە هەواڵی گرنگ و پلەیەکی لابوو ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە حەزیاندەکرد دەنگ و باسی تازە بەدەستبێنن، لەگەڵ ئەمەشدا، خاڵێك گومانی تێدا نەبوو: چاندرسن لەوێ حزووری هەبوو، بە هەمان دەنگ و بیچم و ڕواڵەتی ئاشنای خۆی، بەبێ بچووکترین هێمایەك لە پیری، تەنانەت دەنگیشی حاڵەتی پیاوێکی میان ساڵێ پەیدا کردبوو، تەواو حاڵەت و ڕواڵەتی، باسیان لە پیاوێك دەکرد کە لە

ترۆپکی پیاوەتی دایە، پیاوێکی ئەکتیڤ و زیندوو خاوەن هەموو تواناو برستێکی لاوێتی، حاڵەتی چاوەکانی و دەم و چاوی بە جۆرێك بوو کە بە هیچ شێوەیەك توانای وەسفکردنیم نییە بۆ خوێنەری هێژا.

سەرەتا، ئیمە تەنها دەمانتوانی حاڵەتی کۆن و ئێستای بەراورد بکەین، کاتێك بۆ یەکەم جار پێی ئاشنا بووین، ئەو پیرە پیاوێکی پەڕ پووت و بەساڵاچوو بوو کە بۆ ڕێ ڕۆیشتن پشتی بە گۆچانێکی درێژ دەبەست، ئەو تاڵە مووی سپی و درێژی هەبوو کە بەسەر و چاویدا ئاوێزان بوون، هەنگاوەکانی لەرزۆك قەد و قیافەی لەڕوو لاوازبوو، لەڕاستیدا تەنانەت یەکێك لە ئێمە ئەم وردەکاریانەی پێشتر بینی بوو و بەدەنگێکی بەرز رایگەیاندبوو بە گاڵتەوە گوتبووی: کەسێکی بەم چەشنە پیر و پەککەوتە کە لە نێوان ئەم رۆحە پاك و بێگەردانەدا حزووری هەیە و وادیارە بەم زووانە بەنیازی سەفەرکردنە بۆ ((ئەولا)).

ئێمە لەو گۆڕانکاریانەی کە لە وجودی چاندرسندا هاتبوونە ئارا ((نزیکەی دوو هەفتە لەمەوپێش)) بە باشی ئاگاداربووین و ئەو رووداوە گرنگەمان هێشتا لەیادبوو، بەڵام دوای ئەوەی لە پڕێکدا مەحوبووەوە، هەموو شتێکمان لەبیرچووەوە چونکە هەرگیز بە خەیاڵماندا نەدەهات رۆژێك لە رۆژان، دیسان چاومان پێی دەکەوێتەوە، رووداوگەلێکی پەیا پەی، دوای دیارنەمانی چاندرسن، بەشێوەیەکی خێراو سەیر هاتبوونە ڕێمان، بەجۆرێك ئێمەیان بە خۆیانەوە مژوڵ کردبوو کە ئەگەر راستتان دەوێت، رووداوی مردن و زیندوو بوونەوەکەی چاندرسن، بایەخی پلە دوویان پەیدا کردبوو و تارادەیەك لەبیرمانە کە ئێمە لە سەرسامیدا لە شوێنی خۆماندا وشك بووین و بەدیتنی ئەو دووچاری شۆك بووین، بێگومان هەست بەوە دەکەن وشەی ((شۆك)) بۆ وەسفکردنی حاڵەتێکی لەو چەشنە زۆر لاوازە.

چاندرسن، لە حاڵەتی لاوێتی باشتر بوو بوو، لەڕاستیدا بیچم و قیافەی بەجۆرێك گۆڕابوو کە ئێمەی دەخستە بیری ئەوەی کە هێندە خۆشماندەوێت و تا ئەو ئەندازە بەرێزداری دەزانین[١]، بە بەراوردکردنی قیافەی پێشویی و قیافەی ئەمڕۆ بەیانی، پڕ ئاشکرا بوو کە رۆحەکەی سەرلەنوێ لەدایك بوو بوو، ئەمە راستە کە ئێمە ماوەیەکی زۆرمان لەگەڵ ئەو نەگوزەراندبوو، بەڵام پەیوەندی رۆژانەمان لە گەڵیدا، تا ئەو ئاستە درێژەی کێشابوو کە ئەومان وەك پیاوێکی

(١) مەبەستی ئەوەیە کە شێوەی حەزرەتی عیسای وەرگرتبوو. و. بۆ فارسی.

بەساڵاچوو پەڕ پووت دەناسی، دوای ئەو ڕۆژە، ئەو بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ لای ئێمە مایەوەو وەك ڕێبەر و وەرگێڕی ئێمە لەکاتی پەڕینەوەمان لە بیابانی فراوان و بێ پایانی گوبی، خەریکی کارکردن بوو.

دوای چەند ساڵێك، کاتێك دوو یا سێ کەس لە ئەندامانی گرووپەکەمان کۆبوونەوە و بیرەوەرییەکانی ڕابردوویان هەڵدایەوە، یەکەمین بیرەوەری کە قسەیان لەبارەوەکرد، حزووری لەناکاوی چاندرسن لەو سپێدەیەدا، لە ژووری پەرستگاکەدا بوو.

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پاشتردا، من هەوڵی ڕاڤەکردنی موو بە مووی ئەم گفتوگۆیەم نییە چونکە ئێمە نزیکەی دوو ڕۆژ لەکاتی خۆمان بە وتووێژ لەگەڵ ئەودا بەسەر برد، هەر بۆیە گێڕانەوەی ورد و موو بە موو بۆ خوێنەری هێژا تاقەت پڕوکێن و بۆ منیش کارێکی زۆر دژوار دەبێت، کەواتە بەم قەدەرە بەسەندە دەکەم، لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ئەم وتووێژە، شتانێك باسی بکەم.

دوای ئەوەی یەکەم تەوژمی وورووژانی ئێمە تێپەڕی، هەموومان لەسەر زەوی دانیشتین چاندرسن دەستی بە قسەکردن کرد: بە هەمان ئەندازە کە لاشەی مرۆڤ پیشاندەری نزمترین پلەی چالاکی ئەندێشەیە، بە هەمان ئەندازەش زەین، پیشاندەری بەرزترین بۆچوونەکانی ئەندێشەی ئیلاهییە، لاشەی مرۆڤ، دەرکەوتی دەرەکی ئایدیا و بۆچوونەکانە لەکاتێکدا کە زەین سەرچاوەیەکە فۆرم، بزاوت و جووڵەی یەکەمی لەوەوە دەستپێدەکات، واتە ڕاستەوخۆ لە ئەندێشەی ئیلاهییەوە.

زەین، هەمان خودی واقیعی و نەمرە کە تێیدا، سەرجەم خەسڵەتە پۆزەتیڤ و باشیەکانی ئەندێشەی ئیلاهی تێدا حزووری هەیە.

ئەتمۆسفێر و کەشی ئایدیا و بۆچوونەکان، شتێکی بەرجەستەیە، ماددەیەکە کە لە وجودی خۆیدا گشت فاکتەرە پێویستەکانی بۆ بنیاتنانی جەستەی چنگ دەکەوێت و بەدی دێنێت، زۆرێك لە خەڵك، شتە نەبینراوەکان وەك شتانێکی نا بەرجەستە لەبەرچاو دەگرن، لەگەڵ ئەوەدا کە هەمیشە لەگەڵ ئەم کەسانەدا دووبارە دەبێتەوە کە هیچ شتێك ناتوانێت بە شاراوەیی بمێنێتەوە، دیسان ئەوان لەسەر ئەم باوەڕەن، ئایا ئادەم و حەوا توانیان خۆیان قایم بکەن کاتێك هەوڵیاندا لە یاسای ئیلاهی هەڵبێن؟ لەڕاستیدا، ئێمە لە چواردەورماندا، کتێبی واڵاکراوی ژیانمان هەڵدەگرین و هەر کەسێك دەتوانێت ئاگایانە یان ناخود ئاگایانە بیخوێنێتەوە، زانینی

ئەم مەسەلە شتێکی زۆر باشە، هەندێك لە خەڵك، خوێنەرانی باش و تامەزرۆی ئایدیا و ئەندێشەن، هەندێکی تر لە دیدی بینایی و ئاگایی کەمتر بەهرەمەندن، بەڵام هەر مرۆڤێك دەتوانێت تا ئەندازەیەك لەم کتێبە بخوێنێتەوە و خۆشاردنەوە، بەڕاستی کارێکی مەحاڵە.

لەسەر قاوغی ئێمە، هەمیشە گەنجینەیەك لە کەشی فیکری ئێمە دروستدەبێت ئەم کەڵەکە بوونە هێواش و لەسەرخۆیە، دواجار بۆ هەمووان شیاوی بینین دەبێت بە کەمێك خۆڕاهێنان، مرۆڤ دەتوانێت، هێزی ئایدیا و ئەندێشەکانی ئەم کەشە هەستپێبکات، بوونی ئەم فەزایە دەتوانێت وردە وردە، بەجۆرێکی بەرهەست و وشکبێت کە راست وەك جیهانی دەوروبەر و دەرەکی ئێمە بێت.

بە هەمان ئەندازە کە مرۆڤ زەوی بە پێیەکانی هەستپێدەکات، بە هەمان ئەندازەش دەتوانێت خۆی بە پلە باڵاکانی ئاسمان بگەیەنێت و بەرزببێتەوە و بەسەر باڵەکانی ئیلهام و سروشتدا بکەوێتە فڕین. راست وەك پاڵەوانەکانی سەردەمی کۆن، مرۆڤ دەتوانێت پێی لەسەر زەوی بێت و لە هەمان کاتدا لەگەڵ خوای خۆیدا خەریکی راز و نیاز بێت چەندە زیاتر درێژە بەم کارە بدات، دژوارتر دەبێت بۆی کە هەست بە جیاوازی لە نێوان ژیانی ئیلاهی و پەیوەست بوون بە جیهانی وجود و ژیانی تایبەتی خۆی بکات.

کاتێك مرۆڤ بە یارمەتی دەرك و شعوری رۆحانیانەی خۆی، پەیوەندی لەگەڵ خودا دەبەستێت، سنووری نێوان خودا و مرۆڤ نامێنێت، کاتێك مرۆڤ گەیشتە ئەو قۆناغە، تێدەگات کە گوتەکانی عیسا لەم رستەیەدا، چ مانەیەکیان هەبووە: ((من و باوکە ئاسمانییەکەم یەکێکین)).

بە درێژایی چاخ و سەردەمەکان، فەیلەسوفە گەورەکان ئەم فیکرەیان قبووڵ کردووە کە مرۆڤ جۆرێك ((تثلیث)) سێینەی پێکهێناوە[1].

بەڵام ئەوان هەرگیز لەسەر ئەم بیروباوەڕە نەبوون کە مرۆڤ خاوەنی سێ کەسایەتی بووە، ئەوان مرۆڤیان وەك بوونەوەرێك کە خاوەنی سروشتێکی سێینەیە لە یەکبوونی هەمەکیدا وێنا دەکرد، ئەندێشە و بۆچوونی تثلیثی پیرۆز بەهۆی خواستییەوە بۆ کەسێتی بەخشین بەهەر شتێك

(١) مەبەست لە سێینەی پیرۆز ((خودا، رۆح القدس، مرۆڤ))ە کە سێگۆشەیەکی داخراو و سێ لا یەکسان پێکدەهێنێت مرۆڤ لە بنکەی ئەو سێ گشەیەدا گیرساوەتەوە. و. بۆ فارسی.

وردە وردە دابەزی تا سەرەنجام گەیشتە ئاستی ئەندێشەیەکی داکۆکی لێنەکراو کە تێیدا، سێ کەسێتی، یا سێ سروشت لە وجودی کەسێکدا بوون، لە کاتێکدا ئەمە دروست نییە، باشترین شێواز بۆ دەرککردنی ئەم مەسەلەیە ئەمەیە کە ئەندێشەی ئیلاهی بە شتێکی هەمیشە ئامادە لە هەموو شوێنێکدا، هەمیشە بە توانا و دانا بزانین، واتە شتێك کە بە خودا ناو دەبرێت تا ئەو دەمەی مرۆڤ تثلیثی پیرۆز وەك سێ کەسێتی لە کەسێکدا بزانێت. بە دڵنیاییەوە لە بیابانی خورافاتدا بەسەرگەردانی دەمێنێتەوە چونکە ئەمە باوەڕێکی نادروستە، هەرچەند گەورەکانی ئاین لە هەوڵی ئەوەدان کە بەبێ کەمترین روونکردنەوە ئێوە لەم بارەیەوە قایلبکەن، بەم پێیە، ئێوە هەمیشە بە شك و گومان و ترسدا دەمێننەوە.

هەنووکە، لەوێوە کە پەی بەوە دەبەین سروشت و ماهیەتی سێینەی خواوەند، رۆحانییە نەك جەستەیی، پێویستە سێینەیەك کە لە وجودی مرۆڤدا هەیە لە گۆشە نیگای زەینییەوە نەك ماددی لەبەرچاو بگرین، فەیلەسوفێکی زانا گوتوویەتی: ((مرۆڤی ژیر پێویستە هیچ شتێك لە پێش چاو نەگرێت و هەوڵبدات کە خۆی بناسێت، چونکە هیچ مەعریفە و ناسینێك هیچ زانستێك بالاتر و بەتام و چێژتر لە ناسینی باتنی خود، لەم جیهانەدا بوونی نییە ((گەر بێتو مرۆڤێك، ((خودێتی)) راستەقینەی خۆی بناسێت، ناچار دەبێت توانا شاراوەکانی خۆی کەشفبکات و پەی بە تواناو لێهاتنە شاراوە و نووستووەکانی خۆی ببات.

بە کەڵکی چی دێت کە مرۆڤ هەموو جیهان بەدەستبێنێت، لەکاتێکدا لە بنەڕەتدا رۆحی لەم رێیەدا لەدەست داوە؟ رۆح هەمان خودێتی رۆحانییە، هەر کەسێك خودێتی رۆحانی خۆی کەشف بکات، دەتوانێت جیهانێك بۆ خۆی دروستبکات، بەو مەرجەی بۆ هاوڕەگەزەکانیشی بە کەڵك و کاریگەر بێت، من بۆم دەرکەوت هەر کەسێك دەیەوێت بگاتە ئامانجی بالاو کۆتایی دەبێت بکەوێتە گەڕان و پشکنین و هەوڵدان و تاوتوێکردن لە قووڵایی ((خودێتی واقیعی)) خۆیدا، لەوێ بێگومان لەگەڵ خودا رووبەڕوودەبێتەوە، واتە کەماڵی هەموو ئەو شتەی کە باش و چاکە، مرۆڤ لە یەکبوونی خۆیدا کە لە زەین و رۆح و جەستەی پێکهاتووە، سێینەیە، ئەودەمەی لەبارەی جەهالەت و نەزانی رۆحانی و مەعنەویدا ژیان بەسەر ببات، پێی خۆشە بەگوێرەی نەخشە و پرۆژەی جەستەیی و فیزیکی کە بەنزمترین بەش لە سروشتی دەدرێتە قەڵەم خەریکی ئەندێشە و بیرکردنەوە بێت.

کەسی نەزان و جاهیل، بەجۆرێك سەیری قاوغەکەی دەکات کە بتوانێت هەموو تام و چێژەکانی ئەم جیهانە لەوەوە بەدەستبێنێت، بەڵام سەردەمێك دێتە پێشەوە کە ئەو لە تێکڕای هەستەوەرەکانی، جۆرەها دەرد و ئازار و مەینەتییەك کە دەکرێت وێنا بکرێن و لە توانای دایە بەرگەیان بگرێت، تێدەگات و ئەزموون دەکات، ئەوەی مرۆڤ لەڕێی ئاوەز و ژیرییەوە فێرنابێت، دەبێت لەڕێی کوێرەوەرییەکانەوە فێر بێت، دووبارە بوونەوەی ئەزموونەکان ئەم دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە مرۆڤ قبوولّی ئەوە بکات فەزیلەت، باشترین ڕێگایە بیگرێتەبەر، عیسا، ئیزریس، بودا، گوتویانە کە هەموو هۆش و زیرەکی و هەستی ئێمە، دەبێت لە پێناو بەدەست هێنانی فەزیلەت و داناییدا خەرج بکرێت.

ئەندێشەیەك کە لە ئاستی هۆش و شعوردا کار دەکات، لەرینەوەکانی جەستە پەرەپێدەدات و بۆ ئاستێك بەرزی دەکاتەوە کە لەگەڵ ((قۆناغی شلە)) گونجاو و پەیوەست بێت، لەم ڕەهەندە پەیوەستەدا، ئەندێشە نە بە تەواوی ماددیەو نە بە تەواوی مەعنەوی، ئەم ئەندێشەیە وەك باندۆڵی کاتژمێر، لەنێوان ماددەو زەیندا، تەپاو تل دەکات، بەڵام زەمەنێك دێت هەر مەوجودێك، دەبێت پەروەردگار و خاوەن نازو نیعمەتەکەی هەڵبژێرێت.

ئەو دەمەی کە کوڕی باوکی مرۆڤ، تا ئەم قەڵەمڕەوە، بەرز دەبێتەوە، لەسەرو وەهم و خەیاڵاتی پووچی دنیای ماددیدا مەلە دەکات، لە ئاستی شعورو هۆشی نایابدا خەریکی ئەندێشە و کاردەبێت، دەرۆستی ئەوەی دەبێت لە نێوان ئەنگێزە جیاوازەکاندا کە لەگەڵ ئاژەڵدا پشکدارە تێیاندا و ئیلهام و هەستکردنە میتارۆحیەکان کە ئەو ناچار دەکەن بە بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ رب العالمین دا، جیاکاری بکات پیشانی منیاندا کە گەربێتو مرۆڤێك دەست بە بیرکردنەوە بکات لە ڕەهەندی ئەندێشەی خاڵص دا، رۆحەکەی بەشێوەیەکی ئاگایانە دەچێتە ناو قەڵەمڕەوێکەوە کە لەوێ، کەماڵی خوازراوی شتەکان لەجیاتی خودی شتەکان دەبینێت، لەم کاتەدا، رۆح چیتر بە هەستەوەرەکانەوە پەیوەست نابێت، روون و ئاشکرایی ئیلهامەکەی، مۆڵەتی ئەوەی پێدەدات تاوەکو ئاسۆیەکی فراوانتر لە چاو ئەندازە فراوانترەکانی هەبێت، لەوێدایە کە حەقیقەت لە ڕێی شعورو هۆشی ئیلاهیەوە ئاشکرا و دەردەکەوێت و پەیامی ئیلهام و سەلامەتی بەدیاری دەهێنێت.

کاتێك مرۆڤ لە قووڵاییەکانی جیهانی ماددە بێتە دەرەوە، وێنە قەشەنگ و ناسك و جوانەکانی ئارامی جیهانی زەین، دەورەی دەدەن، پاشان بەزوویی هەست بە جۆرێك لە برسێتی

ڕۆحانی بۆ حەق دەکات، پێداویستی هەمیشەیی و بەردەوامی بەرزبوونەوەی ڕۆحەکەی، مرۆڤ ناچار دەکات دیسان بۆ قەڵەمڕەوە باڵاترەکان بڕوات، لەم ساتەدا چیتر بەوە بەسەندە ناکات وێنەی کاتی و گوزەرا لە ئارامی خەیاڵ ببینێت، بەڵکو لە خودی سەر زەوی ئارامشدا مژوڵی ژیان دەبێت، جوانی هەمیشەیی و ئەزەلی دەیگرێتەوە، ئەو دواجار ئاوڕێکی لەجیهانی ناخ داوەتەوە-جیهانێك کە چاوگی ڕەسەنی ئەوە- دنیای دەرەوە، دەبێتە دنیای ناوەوە، لەم ساتەدا، مرۆڤ لە جیهانێك لە هۆکارەکاندا دەکەوێتە جووڵە، لەکاتێکدا کە پێشتر لە جیهانێك لە کاریگەری و مەعلولەکاندا هەنگاوی هەڵدەنا.

زەینی مرۆڤی، سێینەیی، لە هۆش و ئیدارەکی پاڵفتە دروستکراوە، ئەوێ بەناوچەیەك لە وجودی ئەو دەژمێردرێت کە نەگەواهیدانی هەستەوەرەکانی، نە بیروباوەڕ و نە گۆشەنیگا مرۆییەکان، هیچ وەزنێکیان لە بەرامبەر ئەم حەقیقەتەی بینراوە و سەڵمێنراوە نییە، حەقیقەتێك کە هەمان ڕۆحی خودایی دەروونییە.

دنیایەکی پڕاوپڕ لە هەرج و مەرج و ئاشوب چاوەڕوانی خزمەتکارێکە کە ملی داوە بۆ کۆیلایەتی بۆ ماتریالیستی، پێچەوانەی ئەم دۆخەش بوونی هەیە، مرۆڤ دەتوانێت زەین و ئەندێشەی هەڵبژێرێت هەر کەسێك ئەم کارە ئەنجامبدات توانای سەرکەوتنی هەیە بۆ دوندی پەرستگای خواوەند لە مرۆڤدا، دەکرێت ئەم حاڵەتە بە قۆناغی گازی وەسفبکرێت، قۆناغێك لە کشان، لەگەڵ حەزێکدا بۆ فراوان بوونێکی بێ کۆتایی.

خواوەند هەمیشە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات کە خۆی ڕێڕەوی ڕەوتی ئەندێشەی خۆی دیاریبکات مرۆڤ دەتوانێت بەرزبوونەوە بۆ بەرزاییەکانی ئاسمان هەڵبژێرێت، خۆی بۆ سەر و غوبارەکانی شك و گومان و ترس گوناه و نەخۆشی هەڵبڕێت، یا بە پێچەوانەوە بۆ قووڵایی چەپەڵی مرۆیی ئاژەڵیانەی خۆی دابەزێت. مرۆڤ، سێینەیەك لە زەین، ڕۆح و جەستەیە، ئەوەدەمەی کە خۆی لە بنەڕەتدا بە گۆشە نیگای ڕۆح یا ئەندێشە دادەنێت، پێگەیەکی نێوەندی لە نێوان دوو ئاڕاستەی گەورە و دژ بەیەکی چالاکی زەینی کە یەکێکیان ئاستی خوارەوە یا نزمە کە هەمان قاوغی لاشەیە و دواجار ئاستێکی باڵا کە هەمان زەینە، ئەندێشە هێڵی پەیوەندی نێوان بینراو و نەبینراوە، نێوان غەیب و ئاشکرایە، کاتێك لە ڕەهەندی هەستەوەرەکاندا چالاکی دەنوێنێت، ئەم ئەندێشەیە دەبێتە شوێنگەی گشت هەستە ئاژەڵییەکان، ئەمە هەمان ئەو مارەیە کە لە بەهەشتی بەریندا هەبوو و مرۆڤی خستە دڵەڕاوکێ تاوەکو میوە یاساغ کراوەکە بچەژێت.

عیسا گوتوویەتی: ((بە هەمان ئەندازە کە موسا، مارەکەی لە بیابان بەرزکردەوە، بە هەمان ئەندازەش پێویستە کە کوڕی باوکی مرۆڤ، خاوەن پێگەیەکی باڵا بێت)) عیسا باسی لە بەرزبوونەوەی لاشەکەی نەدەکرد بەسەر خاچەوە، بەڵکو باسی لە باڵابوون و بەرزبوونەوەی رۆح یا ئەندێشە لەسەرو خەیاڵ پڵاوی و وەهمی هەستەکان، دەکرد.

رۆح، بە قەرارگرتنی لە نێوان زەین و لاشە، بەبێ ئەوەی لە هیچ کام لەم دووانە جیابێت، دەتوانێت بە جۆرێکی پەست و نزمتر لە ئاژەڵێکی بێ ئاوەز بیر بکاتەوە، بە هەمان رادەش دەتوانێت پەیوەندییەکی ئاگایانە لەگەڵ زەینی رەسەن و نایابدا بەرقەرار بکات، زەینێك کە تێیدا هیچ شتێك جگە لە ئاشتی، پاکی و دەسەڵاتی خوایی، ئەویش بە زۆری چنگ ناکەوێت.

بە ئاشکرا کردنی ئەم حەقیقەتە، شەرم و نائومێدی مرۆڤ لەناودەچێت، بەم پێیە، مرۆڤ لەسەرو پێگەی بەرزی خۆیەوە، کە هەمان وجودی خۆیەتی، جیهان بە بۆچوونی روون و ئاشکرای رۆحە فێرکراوەکان دەبینێت، ئەو لە ئاسمان و زەوی داستانێکی زیاتر لەوەی کە تێکڕای فەلسەفەکانی جیهان توانای وێناکردنیان نەبووە، دەبینێت، مرۆڤ پەی بەوە دەبات کە چیتر قاوغێکی سادە نەبێت، قاوغێك کە خاوەنی ئەندێشەیەکە لە دەرەوە یا لە ناوەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەو فێردەبێت کە قاوغەکەی و ئەندێشە دەتوانن خزمەتگوزارانێکی گوێڕایەڵ بن لە بەرامبەر خودی واقیعی و رۆحانی ئەودا، لەم کاتەدایە کە توانایەك ئاشکرا دەکات کە لەلایەن خواوەندەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە هەمان سەرەتای بوونەوە، بە ئەو بەخشراوە.

زەین، هەمان گەوهەری گران بەهای هەبووی مرۆڤە، زەین هەرگیز نەخۆش یا چارەڕەش نییە، بە هەمان شێوە کە یەکێك لە فەیلەسووفە گەورەکانی ئێوە کە رۆحێکی پایە بڵند و پاك بووە، گوتوویەتی ((ئەمە کۆتایی هاتووە کە ئازار دەچێژێت، بێ کۆتایی لە ئارامشێکی دەم بە خەندەدا پشوو دەدات)).

لە کتێبی ئینجیل، ئەیوب گوتوویەتی کە مرۆڤ زەینە و ئەوەی کە زاتی خواوەندی پیرۆز و بە توانا ژیان و بوونی پێبەخشیوە، لەڕاستیدا هەمان زەینی مرۆڤە کە ژیان و وجود دەبەخشێت، ئەوە مادەی رۆحانییە کە زاڵە بەسەر چالاکییە نزمەکان و کۆنترۆڵیان دەکات، مادەی رۆحانی بەو پەڕی دەسەڵاتەوە فەرمان دەردەکات و تەواوی مەخلوقاتەکان بەگوێرەی یاسا راستەقینەکانی ئەو کاردەکەن و خۆ بەستەوە دەدەن.

سەردەمێکی نویٚ کە لە باری نزیك بوونەوەدایە و پۆشاکی سەردەمی لەبەرکردووە، هەر لە ئێستاوە سپێدەی خۆی لە دڵی مرۆڤەکاندا پیشانداوە، ماددەی ڕۆحانی و دەست لێنەدراوی خواوەند کە لە دڵەوە سەرچاوەی گرتووە، ئامادەیە تاوەکو دیسان بکەوێتە درەوشانەوە، بەزوویی دەرگایەك والا دەبێت کە لەڕێی ئەوەوە، سەرجەم مرۆڤە هیمەت بەرز و نیاز پاکەکان دەتوانن پیٚ بنێنە ناوژیانێکی فراوانتر و کامڵترەوە، ڕۆحی ئادەمیزاد، بەلاوێتییەکی هەمیشەیی و تەژی لە ئومێد و وزە، لە ئاسانەی قۆناغێکی تازەدا وەستاوە کە لە سەرجەم قۆناغەکانی تر کە تا ئێستا لە ئاسمانی ئیلاهیدا درەوشاونەتەوە و لە سپێدەی هەناسەی وجودەوە دەستیان پێکردووە، زیاتر مایەی شانازی دەبن.

ئەستێرەی (بیت لحم)[١] لەکاتی لەدایکبوونی عیسا، گەورەتر بوونی ئەوی بینی بەڵام ڕووناکی و درەوشانەوەکەی، بە زوویی لە نووری خۆری نیوەڕۆ دەچێت چونکە هەواڵدەری ڕۆژێك دەبێت کە ڕۆحی خوایی لە دڵی تەواوی مرۆڤەکاندا لەدایکدەبێت.

---

(١) Bethleem: شوێنی لەدایك بوونی عیسا مەسیح (بیت لحم).

## بەشی حەوتەم

بەیانی رۆژی دوایی، چاندرسن، قسەکانی رۆژی پێشووی دەستپێکردەوە و گوتی: پیشانیاندام کە دەرك و تێگەیشتنی مرۆیی دەتوانێت بگۆڕدرێت بۆ شێوەی دەرککردنی ئیلاهی ئیدی شوێنی بچووکترین گومان و ڕاڕایی بۆمن نەماوەتەوە، لە ماوەیەکدا کە ئەم شتانە، بۆ من روون دەکرایەوە، من بۆم دەرکەوت دەتوانم پێ بنێمە ناو قەڵەمڕەوی خوایی، ئەمەی کە قەڵەمڕە و لە هەناوی مندایە، من هەنووکە دەزانم کە خودا تاکە هێزی ئامادەیە لە هەموو شوێنێکدا و هەمیشە داناو زانایە، گوناه، دژایەتی، پێکدادان، نەخۆشی، پیری، دواجار مەرگ، هەموویان بە ئەزموونەکانی رابردووەوە پەیوەستن، من هەنووکە واقیعیەت دەرك دەکەم و دەزانم کە لە غوبارێکی تەم و مژاویدا لەناو چەندین گومانی پووچدا ون و سەرلێشێواو بووم. ئەمەش کە دنیا بە جیهانی ناکەسی و دەرەکییەوە پەیوەستە، گەر بمتوانیایە گوێ ڕادێرم لەو پێشنیاز و راسپاردانەی کە بروسك ئاسا لە بەرامبەرمدا دەردەکەوتن و وەڵامی یەکلاکەرەوەیان پێبوو ئیدی هەموو ئەو ماوەیە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و هیلاکیەم بۆ خۆم دروستنەدەکرد. بەدرێژایی ماوەی لاوێتیم، من لە زۆربەی بوونەوەرە مرۆییەکان پەیڕەویمکرد، من تەنها باوەڕم بە یەك ژیان هەبوو، ئەویش زیندەگییەکی پڕاو پڕ لە چێژ وەرگرتنی کەسی بوو لە هەر زەمینەیەکدا. هەربۆیە بڕیارمدا زۆرترین قازانج لەم کارە وەربگرم، من ئامانجی سەرەکی ژیانم بەر مەبنای خۆپەرستی بنیادنا، من هەموو هەست و سۆزە ئاژەڵییەکانم لە خۆمدا خستە جۆش و خرۆش و بەم پێیە سەرجەم شیلەکانی ژیانی جەستەم بەفیڕۆدا بەجۆرێك کە لاشەم بۆ قاوغێکی خاڵی کە پێشتر ئێوە بینیبووتان، گۆڕا، رێگەم بدەن بۆ وەسفکردنی ئەندێشەم، وێنەیەکی روونتر بخەمە ڕوو)).

چاندرس، ساتێك بێدەنگ بوو، پاش کەمێك وێنەیەکی هاوشێوەی وێنەکانی پێشوو لەسەر یەکێك لە دیوارەکان دەرکەوتن، ئەمە وێنەی قیافەی خودی ئەوی پیشاندەدا، لە قۆناغێکدا کە بە چاندرسن ئاشنابووبن، وێنەی پیرە پیاوێکی پەڕپوت کە خۆی دابوو بەسەر گۆچانێکداو شەلە شەل هەنگاوی هەڵدەگرت پاشان وێنەیەك دەرکەوت کە راست هاوشێوە قیافەی هەنوکەیی ئەوبوو.

چاندرسن گوتی: وێنەی یەکەم پیاوێك پیشاندەدات کە وزە و تواناکانی بەفیڕۆ داوە و گوڕوتینی ژیانی بێ هودە لەدەستداوە بەجۆرێك هیچ شتێك جگە قاوغێکی خاڵی نەماوەتەوە وێنەی دووەم پیشاندەری مرۆڤێکە کە وزە و هێز و شیلەی ژیانی لە هەناوی خۆیدا هێشتۆتەوە، لەمەڕ من، ئێوە تێبینی دەکەن نوێکردنەوەیەکی تەواوی ژیان و تاڕادەیەك هەنووکەیی ئەنجامدراوە و ئەمەش حەقیقەتێکی ئەبستراکتە، بەڵام من ئەم دۆخە بەجۆرێکی تر دەبینم، چەند کەس لە خەڵکی جیهان دەتوانن لەو بەخت و نێوچاوەی کە من لێی بەهرەمەندبووم، بەهرەمەندبوون و لە کۆمەك و هاودەردی و کۆمەکی ئەم رۆحە بڵند و یەکجار خۆشەویستانە بەهرەمەند دەبن؟ بۆ ئەوەی روونتر قسە بکەم، باشتر وایە درێژایی تەمەنی ژیانێکی مرۆیی لەبەرچاو بگرین، واتە لە هەمان چرکە ساتی لەدایك بوونەوە تا ئەو قۆناغەی کە خەڵك بە مەرگ دەیناسن منداڵ لەدایکدەبێت، ئەو ئاگای لەو شیلەی ژیانە نییە کە زیندەگی و وجودی بەدیاری بۆ دەهێنن و لە تەواوی جەستەیدا مژوڵی جموجۆڵن. ئەو ئەندامانەی کە دواتر، رەگەکانی ژیان بەدی دەهێنن کە لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری ئیرادەدان، هێشتا گەشە و نەش و نمای پێویستیان نەکردووە لەم قۆناغەدا، گەر بێتو منداڵ سروشتی و تەندروست بێت، لێوڕێژە لە ژیان و گوڕوتین و تاسە، شیلەکانی ژیان زیاتر لە جاران، فۆرمەلە دەبن تا دەگەنە قۆناغی گەشەکردن و منداڵ دەرکیان پێدەکات و دەتوانێت بەکاریان بهێنێت گەر بێتو ئەم شیلانەی ژیان بەکاربهێنرێن، لە منداڵدا نیشانەو هێمای پیری دەردەکەوێت، دوای چەندساڵێك مێشکی مرۆی باڵغ، توانای هەماهەنگ کردنی جموجۆڵەکان لەدەستدەدات و لاشە، دەبێتە هاوشێوەی قاوغی مرۆڤێکی پیرو پڕپۆڵ، لەم کاتەدا تەنها قاوغێکی بەتاڵ لە کەسێتی ئەسڵی و بەرایی دەمێنێتەوە. هەنوکە ئەو لەگەڵ پیاوێکدا کە شیلەکانی ژیانی هەروەك خۆی پاراستووە، بەراورد بکەن کەسێك کە ئەوانەی بەشێوەیەکی سروشتی لە تەواوی لاشەی داخستۆتە گەڕ سەیر بکەن چەندە بەهێز و توانایە، رەنگە ئەم مرۆڤە کەماڵێکی باشتر لە لەدایکبوون و ژیان بۆ ماوەیەکی کورت و سنووردار لەسەر زەوی نابینێت بێگومان دوایش مردن لەبەرچاو دەگرێت.

لەگەڵ ئەمەشدا (بەئاگایی لەوەی کە مرۆڤ شیلەکانی ژیانی بەدەست لینەدراوی هێشتبێتەوە) ژیانی ئەو سێ یا چوار قات درێژترە لە ژیانی مرۆڤی یەکەم، بەڵام ڕەنگە لە ئێستاوە، هەر ئەم مرۆڤە هەستدەکات کە پلان و نەخشەی ئیلاهی ئەویان بۆ ئەرکێکی باڵاتر لەبەرچاو گرتووە، هەربۆیە هەر هێندەی شیلەکانی ژیانی کەشفدەکات و تێدەگات کە ئەوان فاکتەرێکی پێویستن بۆ پەروەردە و کامڵبوون، ئەوان بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە جەستەدا دەپارێزێت.

ماوەیەکە زانایانی ئێمە تێگەیشتوون کە تۆڕە ورد و هەستیارەکانی ڕەگ و خوێنبەرەکان، سیستەمی هاتوچۆی خوێن لە ئەستۆ دەگرن، لە ئاکامدا بەسە بسەلمێنرێت کە سیستەمێکی تر بۆ هەمان بەگەڕخستن بوونی هەیە کە بە چەند قات وردتر و هەستیارترە و دەتوانێت وزەی ژیان بە هەر کام لە گەردیلەکانی جەستە بگەیەنێت، لەڕێی سیستەمی عەسەبییەوە ئەم وزە ژیانییە بەرەو گرووپێك لە خانەکانی مێشك ئاڕاستە دەکرێت کە ئەم خانانەش لەلایەن خۆیانەوە، وەك دابەشکەرانی وزە دەکەونە کار و ئەو وزەیە بەرەو گەردیلەکانی لاشە کە لەگەڵ ئەواندا لە هەماهەنگی و پەیوەندیدایە، دەنێرێت، ئەم وزە ژیانییە بەدرێژایی دەمارەکان پەخش دەبن و وەك پارێزەری دەمارەکان کاردەکەن، گەر بێتو ئەوانە لەناو ببەن، خانەکان جێگیر دەبن و چیتر ناتوانن لەڕێی خانە نوێیە ئەڵتەرناتیڤەکانەوە، شوێن گۆڕکێ بکەن، ئەو خانانەی کە هەمیشە پێکدەهێنرێن لەم قۆناغەدا، بەبێ کەڵك دەمێننەوە.

بەم پێیە خانە لاوەکان، دەدرێنە دواوە لەکاتێکدا خانە پیرەکان وردە وردە دەپووکێنەوە و پاشان دەمرن.

بە هەمان ڕێژە پێچەوانەی ئەم مەسەلەیەش بوونی هەیە: کاتێك تەواوی وزە ژیانییەکان بمێننەوە، خانەکان بە ئاسانی، نەك تەنها لە تەمەنی دە ساڵیدا، بەڵکو لە تەمەنی پێنج سەد ساڵیشدا نوێ دەبنەوە، لە هەلومەرجێکی ئاوادا جەستە دەتوانێت تا ئەم ئاستە پڕاو پڕ بێت لە زیندەگی و ژیان کە بتوانێت ڕۆحی کەلامی ژیان بەخشی بە هەموو شێوەکاندا بکات و ئەم توانایەی هەبێت.

مرۆڤ دەتوانێت وێنەیەك بکێشێت، پەیکەرێك بتاشێت یا دەستبداتە کارێك کە کەماڵی شتێکی خوازراو بەیاندەکات، پاشان ئەو شتەی لەبەرچاو گیراوە، خۆی ژیان و بوونی بە بەردا بکات و زیندووی بکاتەوە، شتێك لەگەڵ ئێوەدا قسە بکات و لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا کە توانای دیتنی ئیلهامی ژیانیان هەیە کە ئێوە فوتان پێدا کردووە، دەکەوێتە وتووێژ، ئەم شتەی

گیانی تێکەوتووە، چالاك دەبێت چونکە خواوەندی باڵای ناو دەروونی ئێوە قسەی کردووە و هەموو شتێك بەگوێرەی ویستی خواوەند ئەنجامدەدرێت.

بەڵام ئەم شێوانە، شێوەی مرۆیی لە خۆناگرن، مەگەر ئەوانە تا ئاستی ژیان و زیندەگی ئیلاهی روونبکرێتەوە، گەر بێتو ژیانیان ناوی ژیانی پێببەخشین، دەبێت تا کۆتایی پارێزگاریان لێبکەین و بیانهێنینە ناو ژیانی خالیسی ئیلاهی. لە حاڵەتێکی لەم جۆرەدایە کە ئەوانیش بۆ شێوەی تەواو وەك خودی ئێوە شێوەی خۆیان دەگۆڕن، پاشان بەرپرسیارێتی ئێوە کۆتایی دێت و بۆتان دەردەکەوێت ئەم کارە، پیشاندەری پێگەیشتنی راستەقینەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا، باس لە هەڵەیەکی بنەڕەتی بۆ ئێوە بکەم، هەر کاتێك کەسایەتییەکی بلیمەت گەشە و نەش و نمای دەستپێکردبێت، خاوەن توانایەکی ئاگایانە یا بێ ئاگایانەیە بۆ پاراستنی رەوتە ژیانییەکان لە دۆخێکی نایابدا و دەتوانێت ئەوانە لەڕێی ڕێڕەوە سروشتییەکانی خۆیەوە بخاتە گەڕ، لاشە و توانا داهێنەرەکانی بێگومان و لە دەرەنجامی ئەم کارەدا، بڕستیان تێدەکەوێت، بلیمەت دەزانێت کە ئەرکی هەیە شتێك کە ناسروشتی و سەرو ئاساییە، دەربڕێت، تا ئەودەمەی ئەم وزە ژیانیانە بپارێزێت و جڵەوی ئەوانی لە دەستدابێت، لەسەر کەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر دەڕوات.

بەڵام گەربێتو ڕێگە بدات بیر و ئایدیایەك لە چێژی سروشتی دزە بکاتە ناو وجودییەوە، بەزوویی توانا داهێنەرانەکەی لە دەستدەدات، سلولە بنیاتنەر و کۆبووەکان، لەڕەگەزێکی ناسکتر لە سلولە سروشتییەکان بەهرەمەند دەبن کە ئەم مەسەلەیە، بەهۆی کاریگەری وزە ژیانییەکانی سەرەتایە، لەو کاتەدا مرۆڤی بلیمەت ناوبانگی پەیدا کردووە، بەڵام لەو ڕووەوە کە دەرك و ئاگایی قووڵتری خۆی سەبارەت بە دەسەڵاتی خودا، پەرەپێنەداوە وردە وردە گیرۆدەی جۆرێك لە غرورو لە خۆبایی بوون دەبێت و سەرکەوتنەکانی مەستیدەکات، ئەو لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی ((رووناك)) نەبۆتەوە، نووره رێنماکەی وازلێدێنێت، پێویستی ئەو بە ورووژانێکی گەورەتر هانیدەدات بۆ بەکارهێنانی وزە ژیانییەکانی و بەزوویی هەر جۆرە توانایەك لە دەستدەدات، لەڕاستیدا، گەر بێتو مرۆڤ، سەرەتا زاڵبوبێت بەسەر هەست و سۆزە ئاژەڵییەکانیدا، تا ئەو جێیەی کە رەگەزێکی ناسکتری بە لاشەی بەخشیبێت، کەوتنە خوارەوەی لە بۆشاییدا بە چەند قات زووتر لە زەمەنێك روودەدات کە هەرگیز بێدار و بەئاگانەبووە.

بە پێچەوانەوە، گەر هات و مرۆڤ تا ئەو پلەیە بێداربێت کە سەرجەم وزە ژیانییەکانی بپارێزێت و بەشێوەیەکی سروشتی و لەڕێی ئەعسابەوە پەخشیانبکات، بەبێ ئەوەی کە ئەوان

بەبیری چێژخوازی و ئارەزوو، پووچەڵبکاتەوە، رووناکی و ئیشراقی ئەو بۆ هەمیشە دەبێت، هەست و سۆزێك کە لەم دۆخە لە وجودی ئەوەوە سەرچاوە دەگرن، لە سەرجەم چێژ وەرگرتنە سێکسییەکانیش تێدەپەڕێت، مار لە شوێنی خۆی راست دەبێتەوە، چیتر پێویستی بە خزان لەسەر سك و پەڕینەوە لە سنووری ئارەزوو پەرستی و چێژە جەستەییەکان نابێت.

گەر بێتو مرۆڤەکان بیان توانیایە دەرك بەوە بکەن ئەم شیلەیە، خاوەن هێزێکی بە چەند قات گەورەترە لەو وزەی خوێنی پاك و پاڵفتە، لە جیاتی بەکارهێنانی بێ جێی ئەو، بەوپەڕی وەسوەسەوە دەیان پاراست: بەڵام خەڵك چاوەکانیان لە ئاست ئەم واقیعیەتە دادەخەن، ئەوان بەشێوەیەکی کوێرانە یا نەزانانە درێژە بە ژیان دەدەن تا ئەو دەمەی فریشتەی مردن یەخەیان پێدەگرێت، لەو دەمەدایە شیوەن و رۆ رۆ دەستپێدەکات، چونکە فریشتەی مردن لەم دۆخەی لەبەردەمی دایە رازی نییە، ئێوە رێز لە تەمەنی پیری دەگرن و هەبوونی مووە سپییەکان بەجۆرێك لە ((تاجی شانازی)) دەزانن ئەڵبەتە من نامەوێت ئێوە لەم بۆچوونە پەشیمان بکەمەوە بەڵام تکا دەکەم وەرن و زیاتر بچینە قووڵایی ئەم بابەتەوە، من ئێوە بە ئازادی دەهێڵمەوە تاوەکو لە نێوان ئەم دوو حاڵەتەدا، ئەوەی شیاوتر و رێزدارترە هەڵبژێرێت: پیاوێك بە مووە سپییەکانیەوە وەك بەفر کە بەهۆی جەهل و نەزانییەوە و نەك بەهۆی شەرەنگێزییەوە، بۆتە مایەی پیری و پەڕبووتی خۆی، یا پیاوێك کە قەد و قیافە و هێزی لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا زۆرتر دەبێت و ساڵ دوای ساڵ بەهێزتر و بەگوڕتر و کارامەتر دەبێت و تا بەرەو پیری بڕوات لە ئاکامدا چاکە و بەزەیی و بەخشندەییەکانی پەرەپێدەدات؟ دانی پێدادەنێم کە دەبێت مرۆڤ بۆ کەسێك کە لەرێی جەهل و نەزانییەوە، گەیشتۆتە مەرزی لەناوچوون و مەرگ، خەمبخوات و هەست بە بەزەیی بکات، بەڵام سەبارەت بە پیاوێك کە بە هەمان ئاکام دەگات بەڵام لە هەمان کاتدا لە حەقیقەت ئاگاداربووە دەتوانین چی بڵێین...؟

* * *

## بەشی هەشتەم

لەو ساتە بە دواوە، ئێمە بەو پەڕی وردبینییەوە هەوڵماندا کە لەژێر چاودێری و رینماییەکانی چاندرسندا خەریکی فێربوونی پیتەکانی ئەلف و بێ بین، رۆژان بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر تێپەڕین، کاتێك کۆتایی مانگی نیسان نزیك بووەوە و وادەی چوونی ئێمە بۆ بیابانی گوتی نزیك بووەوە، بەشێکی گەورەی نووسینەکان، هێشتا تەرجەمە نەکرابوو، ئێمە دڵخۆشی خۆمان بەوە دەدایەوە کە دەرفەتی گەڕانەوەمان بۆ ئەو شوێنە دەبێت، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەتوانین وەرگێڕانی تابلۆکان تەواو بکەین، هاوڕێ خۆشەویستەکانمان، بەشێکی زۆری دیکۆمێنتەکانیان بۆ ئێمە وەرگێڕابوو بەڵام پێداگریان کردبوو کە ئێمە خۆمان ئەم پیتانەی ئەلف و بی بە وردی بخوێنینەوە و بە تەنها بتوانین تابلۆکان وەربگێڕین.

لە مانگی ئەیلولی رابردوو، ئێمە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گرووپەکەمان بڕیاری پێش وەختمان دابوو، کە لە بیابانی گوتی یەکتر ببینین، ئەوان پاشتر بڕیار بوو تا شوێنی سێ شاری سەردەمی کۆن هاوڕێیەتی ئێمە بکەن، چەند شارێك کە هەڵکەوتەی جوگرافی و شوێنەکەیان لەڕێی هەندێك بەڵگەنامەی کۆنەوە کە هێشتا چانسی بینینمان پەیدا نەکردبوو، پیشان درابوو.

ئێمە چەند کۆپییەکی وەرگیراو لە دەقە ئەسڵییەکانمان لەبەردەستدا بوو هەر ئەم مەسەلەیە، ئێمەی ورووژاندبوو، دوو کۆمەڵە بەڵگەنامە هەبوون کە مێژووی پێشکەوتنی ئەم شارانەی بۆ زیاتر لە دوو سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر دەخەملاند، وادیارە دانیشتوانی ئەو شارانە شارستانیەتێکی زۆر پێشکەوتوویان هەبووە و لە چەندەها جۆر پیشەسازی و هونەر و پیشەی جۆراوجۆر شارەزاییان هەبووە و زێڕ و ئاسنیشیان بەکارهێناوە، بوونی ئاڵتون، لەسەردەمی گەشە و پێشکەوتنی ئەو شارانەدا، بەڕادەیەك ئاسایی بووە کە بۆ دروستکردنی قاپ و قاچاخی نان خواردن و ناڵی ئەسپەکان بەکاریان هێناوە دەوترێت ئەم کەسانە زاڵبوون بەسەر گشت

هێزەکانی جیهانی سروشتداو تەنانەت ئاگادار بوون لە دەسەڵاتێك کە لەلایەن خوداوە بە ئەوان بەخشرابوو بەسەر ئەویشدا زاڵبوون و لەڕاستیدا، ئەم میتۆلۆجیایە (ئەگەر بشێت ناویان بنێین میتۆلۆجیا) بەشێوەیەکی سەیر، هاوشێوەی داستانە ئەفسانەییەکانی یۆنانن.

گەر بێتو نەخشە پەیوەندیدارەکان راست بن، ئیمپڕاتۆری گەورە ((ئویی گۆر)) لەو سەردەمەدا، بەشێکی گەورەی ئاسیای لەخۆگرتووە و تا ئەوروپا و کەنارەکانی ئێستای دەریای سپی ناوەڕاست لە خاکی فەڕەنسا درێژەی هەبووە، بەرزترین ئاستی ئەم ئیمپڕاتۆریە، دوو سەد مەتر بووە لە ئاستی دەریاوە، وادیارە ئەو ناوچانە وەك دەشتێکی یەکجار پان و بەرین و بەرهەمدار بووە کە دانیشتووانێکی زۆری هەبووە و خەڵکەکەی لە کۆچبەرانی ((زێدی دایکایەتییەوە)) هاتوون، وێرانەکانی ئەم شارە یەکجار کۆنانە، بێ هیچ دوو دڵیەك دەکرا بایەخێکی زۆریان هەبێت و هەنگاوێکی گەورە بنێت بە ئاڕاستەی روونکردنەوەی رووداوەکانی مێژوو، وەسفکردنی ئەم خاکە لەکاتی دەسەڵاتی زنجیرەی حەوت پادشادا، بەڕادەیەك سەرنج ڕاکێشە کە گەورەیی و شکۆمەندییەکەی لە گەورەیی میسری کۆنیش لە ڕادەبەدەر زیاترە.

تەنانەت بەر لە سەردەمی حەوت پادشاکە، لەم تابلۆیانەدا باس لە سەروەت و سامانی گەورەی ئەم ناوچەیە دەکرێت، ئەوێ لە میسر دەوڵەمەندتر و بەرکەتدارتر بووە و خەڵك خۆیان حکومەتداری خۆیان کردووە و جۆرێك لە دیموکراسی لە ئارادا بووە، بەم پێیە نە شەڕێك هەبووە، نە کۆیلایەتیەك، نە کرمانجێك، سەرۆکی گشتی ناوێکی تر جگەلە ((رێبەری یەکەم)) یا ((رێنمایی یەکەم))ی نەبووە، لەم بارەیەوە بچووکترین گومان بوونی نییە، لە تابلۆکاندا، بەوپەڕی وردەکاریەوە باسکرابوو کە ماڵی سەرۆکی گشتی لەناو خودی خەڵکدا بووە و گەل ئەویان خۆش ویستووە و گوێڕایەڵیان دەکرد، ئەوەش هاتووە کە یەکەمین پادشای زنجیرەی یەکەم، دەوڵەتی ((رێنمایی یەکەم))ی لەسەر کارلابرد تا خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست و فەرمانڕەوایی بکات.

کات بەخێرایی دەگوزەرا و ئێمە ئەوپەڕی سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بووین بۆ سەفەرەکەی داهاتوومان، بڕیار بوو لە مانگی مایسدا لە شوێنێکی دیاریکراودا چاومان بە هاوڕێکانمان بکەوێت و بەنیاز بووین لەوێ ئازووقە و تفاقی پێویست فەراهەم بکەین و کەرەستەو پێداویستییەکانمان بۆ ئەم رێڕەوە کۆتاییە ئامادە بکەین.

کاتێك دەمەوێت بیر و هەست و سۆزم لەگەڵ نزیك بوونەوەی بەرواری سەفەرەکەمان وەسفبکەم، وشە و دەستەواژەی پێویستم چنگ ناکەوێت و دەستەوەستان دەبم، هەریەك لە

کاتەکانی تەمەنمان لەو ئاواییەدا، بێ ئەندازە بەخۆشی تێپەڕی کردبوو، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە پێنج مانگ بوو لای ئەو خەڵکە بە شەرەفە مابووینەوە و بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە ماڵ و شوێن و ژیانی ڕۆژانەی ئەوان بەهرەمەند بوو بووین، زەمەن بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر تێپەڕی بوو و وامان هەستدەکرد هەر مانگێ ڕۆژێك بووە، توانا و ئیمکاناتێکی زۆر و زەوەندە لەبەردەستماندا بوو، ڕاست وەك دەرگایەکی گەورەبوو کە لە بەرامبەر ئەگەر و شیمانە بێسنوورەکاندا والآدەبوو، هەر کام لە ئێمە وای هەستدەکرد بەسە لەم دەرگایە بپەڕێتەوە تاوەکو دەستی رابگات بەم تواناو ئیمکاناتانە زۆر و زەوەندانە لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە هەموومان دوو دڵ بووین، بە هەمان ئەندازەش، لەبەجێهێشتنی ئەم خەڵکە هێژا و خۆشەویستانە کە وەك برای خۆمان سەیرماندەکردن خەم و پەژارە دایدەگرتین.

بەبڕوای من، لە ژیانی هەر مرۆڤێکی فانیدا، زەمەنێك هەیە کە دەتوانێت ئەم دەرگایە بە تەواوی نەکراوەیی ببینێت، رێك وەك ئێمە کاتێك کە ئەو گرووپە قەشەنگەی لە مانگی نیساندا خۆمان بۆ سەفەر ئامادەکرد، هەستمان دەکرد توانا و دەرفەتێکی زۆر چاوەڕێمان دەکات کە دەبێت خۆمانی پێبگەیەنین، لە خوێنەری هێژا دەخوازم بۆ چەند ساتێك، سەرجەم دەمارگیری و بیروباوەڕەکانی بخاتە لاوە و هەوڵبدات لە دیدی ئێمەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکات، من لە خوێنەری هێژا ناخوازم باوەر بە قسەکانی من بکات، تەنها دەمەوێت جیاوازی نێوان وەسفی ژیانی مامۆستاکان و ئەم ڕاستییە کە مرۆڤ وەك خوێندکارێکی بەتاسە، لەبەر پێیان دادەنیشێت تا گوێ لە قسەکانیان بگرێت دیاریبکات، هەستدەکەم گەر بمانویستایە بە بوێری و ڕووداریییەوە هەنگاومان بۆ پێشەوە بنایە و لەم دەرگایە بچینە دەرەوە، ئێمە خۆمان بە نۆرەی خۆمان دەگۆڕاین بۆ مامۆستاگەلێك کە توانای بەدیهێنانی زۆرێك لە ئارەزووەکانمان هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا، دوو دڵیمان دەنواند، بۆچی؟ چونکە بڕوای ئێمە کامڵ و رەها نەبوو، ئێمە رێگەمان بە ئایدیای سونەتی خۆمان دەدا بۆ دواوە پەلکێشمان بکات و ئەو دەرگایە دابخەن، پاشان بەنیاز بووین بڵێین ئەو دەرگایە، لەلایەن چارەنووسەوە لە بەرامبەر ئێمە داخرا، لەکاتێکدا بە باشی دەمانزانی چارەنوسی ئێمە بە خۆمانەوە پەیوەستە.

لە ئاست مرۆڤە خۆش سروشت و میهرەبانەکان، مرۆڤگەلێکی سادە و بێ روپامایی حزووریان هەبوو کە زرۆ باش و لە هەمان کاتدا نائاسایی بوون، مرۆڤگەلێك کە زۆرێك لەوان ڕاست لە هەمان دەرگا، پەڕی بوونەوە و چەندین وەچە لەمەوبەر ئەم کارەیان کردبوو و رەنگە هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە هەبوون، ئەوان بە ئەنجامدانی کاری ڕۆحانی و بوونی ژیانێکی مەعنەوی

رۆحانی بەسەندەیان دەکرد، ئەوان کاریان بەسەر نەریت و کاری پێشینانەوە نەبوو، بەڵکو تەنها خوازیاری ژیانێکی پاك و ئابڕومەندانە بوون خوازیاری ژیانێکی باش بوون، لەکاتێکدا پێیەکانیان بە تەواوی لەسەر زەوی گیرسابێتەوە، من ئەرکی بەراوردکاری بۆ خودی هوێنەر بەجێ دەهێڵم، ئێمە بە ئەستەم توانای جێهێشتنی ئەم رۆحە خۆشەویست و بڵندانەمان هەبوو، رۆحگەلێك کە هێندە هۆگریان بوو بووین، بەتایبەت لەم چەند مانگەی دواییدا، لەگەڵ ئەمەشدا بە تاسەیەکی زۆرەوە، بۆ ئایندەمان دەڕوانی و دەمانزانی ئەزموونگەلێکی تر چاوەڕێی ئێمەیە.

بەم پێیە لەو کۆڕە قەشەنگەی مانگی نیساندا، ئێمە مۆڵەتمان لە دۆستە خۆشەویستەکانمان خواست، ئەوان هەموویان بە گەرمی دەستی ئێمەیان گوشی لەناخی دڵەوە داوایان لێکردین جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ لایان، ئێمە بۆ دواجار خواحافیزیمان لێکردن و بەرەو باکوور بەڕێکەوتین تاکو لە بیابانی گەورەی گوبی بپەڕینەوە.

ئەو داستانە شەڕەنگێزییە ترسناکانەی لەم ناوچەیەدا روویاندا بوو، وەك تارماییەکی تاریك و نوتەك، مێشکی ئێمەیان ئازار دەدا، لەگەڵ ئەمەشدا لە هیچ شتێك ترسمان نەبوو چونکە دیسان ئەمیل و ژست لەگەڵ ئێمەدا بوون و چاندرسنیش لەجیاتی نیپرو لەگەڵمان دەهات.

بەلای ئێمەوە کە چیتر گەشتیارانێکی بە ئەزموون و وەك دەڵێن ((پێست قایم)) بووین رۆیشتن بە رێگای سەخت و دژواری کاروانییەکاندا، وەك کارێکی رۆژانە و ئاسایی دەدرایە قەڵەم.

من دڵنیام کە تەواوی ئەندامانی گرووپە بچووکەکەی ئێمە لە حزووری خۆیان لەو رێگایەدا، هەستیان بە خۆشی و رەزامەندی دەکرد، هەموویان ئەوەیان قبووڵ کردبوو کە دنیایەکی نوێ بە روویاندا کراوەتەوە، هەر کام لە ئێمە، بە باشی ئاگامان لە رەوشی دوورە دەستی و دابڕاوی ئەم ناوچانە بووین و لە جۆرەها ئەگەر و پێشهات کە رەنگە بەدرێژایی ئەم جۆرە گەشتانە بێتە رێمان، ئاگادار بووین وێڕای ئەمەش، هێزێکی لەبەرهەڵستی کردن نەهاتوو پاڵی پێوەدەناین بۆ پێشەوە، متمانە و دڵنیاییەکی رەها کە ئێمە بە دۆستە گەورە و بەرێزەکانمان هەبوو، مۆڵەتی ئەوەی پێدەداین تاوەکو هەر جۆرە ترس و بیمێك کە لە دڵماندا بوو فڕێبدەین لە هەر جۆرە سەختی و دژوارییەك کە دەکرێت لێمان رووبدات، ترس دامان نەگرێت، بەم پێیە ئێمە بە شەوق و گڕوتینی منداڵانی سەرەتایی چووینە ناو سەرکێشییەوە.

ئێمە ماوەیەکی زۆر لەوە و پێش راهاتبووین لەناوچە دوورە دەست و دابڕاوەکانی جیهان، خەریکی گەشت و گەڕان بین، بەڵام هچکام لە ئێمە هەرگیز بۆ شوێنێکی دوورە دەستی لەم

جۆرە سەفەری نەکردبوو، لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە دەمانتوانی بە ئازادی و ساناییەکی کەم وێنە درێژە بە گەشتەکەمان بدەین.

خوێنەری هێژا بێگومان لە ئافەرین و دەست خۆشیەك کە ئێمە بۆ ئەو سەر زەوییە سەرسووڕهێنەرە، ئەو بوونەوەرە خێرخوازانە، لە دڵدا هەستمان پێدەکرد سەرسام نابێت ئێمە هەستماندەکرد ئەم توانایەمان هەیە بەرەو باکوور بڕۆین و تەنانەت لە ناوچەکانی بەستەڵەکی باکووریش بپەڕینەوە و بچینە ناویان! هێشتا رێگایەکی زۆرمان نەبڕی بوو کە یەکێکمان وتی: ئاخ! خۆزگە دەمانتوانی وەك دۆستە بەڕێزەکانمان سەفەر بکەین! ئەوەتا ئەوانمان ناچار کردووە پێ بە پێی ئێمە هاوڕێمان بن لەم سەفەرەدا و ئەم رێگە دژوارە بە ئەستەم درێژە پێبدەن!.

هەموو شتێك تا کۆتایی رۆژی حەوتەم، بە خۆشی و شادی تێپەڕی، دوای نیوەڕۆی رۆژی حەوتەم، نزیکەی کاتژمێر پێنج، ئێمە تازە لە دۆڵێکی قووڵ هاتبووینە دەرەوە کە لەناکاو یەکێك لە گرووپەکەمان، نزیك بوونەوەی گرووپێکی ئەسپ سواری پێڕاگەیاندین، ئێمە لەبەر ئەوە ئەم رێگایەمان هەڵبژاردبوو تا بتوانین بە ناوچەیەکی کراوە و فراوانتر کە کەوتبووە دامێنی رووبارەکەوە بگەین، ئێمە دووربینەکانمان هەڵگرت و کەوتینە سەیرکردنی ئەوان و بیست و حەوت وڵاخ سوارمان ژمارد کەوا دەهاتنە بەرچاو تەواو پڕ چەك بوون، ئێمە ژستمان لەم مەسەلەیە ئاگادار کردەوە، ئەو گوتی پێدەچێت ئەوان بەشێك بن لەو گرووپە وێڵگەردانەی کە لەو ناوچانەدا زۆر بەرچاو دەکەون، ئێمە پرسیارمان کرد ئایا ئەوان لە گرووپی چەتە و یاخییەکانن یان نا، ژست لە وەڵامدا وتی رەنگە چەتە و رێبڕبن، چونکە هیچ گەلەڕان یا بزنێکیان پێ نەبوو[(١)].

ئێمە لە جادە لاماندا و بەرەو جەنگەلێکی پڕ لە دار و درەخت رۆیشتین و بڕیارماندا شەو لەوێ رۆژ بکەینەوە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە دوو کەس لە ئێمە، لە رووبارێك کە لە نزیك خێوەتگەکەمانەوە بوو پەڕینەوە و چوونە سەر تەپۆلکەیەك تا لەوێوە ئەو دەشتە ببینن کە

(١) لەو رووەوە کە ئیسپالدینگ نایەوێت ناوی ئەو شارانە ئاشکرا بکات کە بەناویاندا تێپەڕیوە تەنها دەتوانرێت رێڕەوەکەی بە گوێرەی گریمانە پێشبینی بکرێت و بڵێین ئەوان لە هیندستانەوە بۆ تبت رۆیشتوون و مانەوەشیان لەسەرو شاخە بەرزەکانی ناوچەکانی باکووری هیندستان و سنووری باشووری تبت بووە، پاشان بەرەو بیابانی گوبی کە دەکەوێتە سەنتەری خاکی چین و سەرو وڵاتی تبتەوە کەوتوونەتە رێ. و.ف.

پێشتر، گرووپە ولاّخ سوارە چەکدارە نەناسراوەکانمان لەوێ بینیبوو، ئەو دووانە، بە گەیشتنە ترۆپکی تەپۆلکەکە وەستان، بەهۆی دووربینەکانیانەوە کەوتنە پشکنینی ناوچەکە، پاشان بە پەلە گەڕانەوە بۆ خێوەتگەکە هەر کە گەیشتنە لامان رایانگەیاند کە گرووپە ئەسپ سوارەکان کەمتر لە پێنج کیلۆمەتر لێمانەوە دوورن و راستەوخۆ بەرەو لای ئێمە دێن.

هەر لەم ساتەدا، یەکێکی تر لە ئێمە، رایگەیاند کە خەریکە تۆفان و زریانێك هەڵدەکات، هەمووومان سەیرێکی ئاسمانمان کرد و بەڕاستی کۆمەڵە هەورێکی قورس و باراناویمان بینی، تەم و غوبارێکی چڕیش لەگەڵ گەواڵە هەورەکاندا بوو و لە هەر لایەکەوە لە ئێمە نزیك دەبووەوە، ئێمە هەموومان هەستمان بە نارەحەتی کرد چونکە چیتر بە سانایی توانای بینینی سوارە چەکدارەکانمان نەبوو کە خەریك بوو بەرەو خێوەتگەکەی ئێمە غاریان دەدا، هەرچەند ژمارەی ئێمە سی و دوو کەس بوو، ئێمە تەنها چەکێکی گەرمیشمان لەبەردەستدا نەبوو هەر ئەم مەسەلەیەش زۆر نیگەرانی کردبووین.

بەزوویی، زریانێکی قورس دەستیپێکرد، ترس و نیگەرانی ئێمەش پەرەی سەند چونکە ئێمە پێشتر لەم جۆرە زریانەمان دیبوو و دەمانزانی توندییەکەی لەم جۆرە ناوچە شاخاوییە دوورە دەستانەدا چەندە مەترسیدارە، بۆ ساتێك بایەك بەخێرایی سەد و بیست کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا کە هاوڕێ بوو لەگەڵ تەزرەیەکی ورددا بەدەوروبەرماندا هەڵیکرد و وەك قامچی بەرگیانمان دەکەوت ئێمە ترسی ئەوەمان هەبوو نەبادا ناچار بین شوێنی خێوەتگەکەمان بگۆڕین تاوەکو لە کەوتنە خوارەوەی لقی شکاوی درەختەکان کە دەورەیان دابووین، پارێزراو بین پاشان باکەی دەوروبەری ئێمە کەمێك هێوربووەوە، ئێمە وامان هەستدەکرد ئەو زریانە چەند ساتێك لەوەو پێش روویداوە، چونکە پێشتر زریانی لەو جۆرەمان دیبوو کە لەپڕ دەستی پێدەکرد و بە هەمان خێراییش کۆتاییدەهات.

سێبەرێکی رووناك کە هاتبووە ئارا، دەرفەتی دەداین تاڕادەیەك دەوروبەری خۆمان ببینین، بە پەلە دەست بەکاربووین تاوەکو خێوەتەکانمان رێك و پێك بکەین، ئەم کارە نزیکەی نیو کاتژمێری خایاند، یادەوەری زریان و چەتەکانی شاخ کە هێندە ئێمەیان نیگەران کردبوو، بە تەواوی لەبیرمان چووبووەوە، ئێمە بۆ ساتێك دەستمان لە پشتی هەڵگرت و سەرۆکی گرووپەکەمان بەرەو دەرگای خێوەتەکە رۆیشت ئەو دوای تەماشاکردنێکی دەرەوە گوتی: وادێتە

بەرچاو زریانەکە بەدەورماندا دادو بێداد دەکات بەڵام ئەم شوێنەی ئێمەی لێیە، هیچ بایەك مەگەر شنەیەکی فێنك هەڵ ناکات، بڕوانن! خێوەتەکەی ئێمە و درەختەکانی دەوروبەرمان، بە ئەستەم تەکان دەخۆن، هەوا گەرم و دڵگیرە.

ژمارەیەك لە نێوانماندا، لەگەڵ ئەودا لە خێوتەکە چوونە دەرەوە و بۆ ساتێك نغرۆی سەرسامی بوون، ئەو ماوەیەی کە ئێمە سەرقاڵی پاککردنەوەی خێوەتەکەمان بووین زۆر گرنگیمان بە زریانەکەی دەرەوە نەدابوو، دەتوت هەستەکانمان تا نیوەکاری کردبێت، ئێمە واماندەزانی زریانەکە بەلای ئێمەدا تێپەڕیوە و بەرەو دۆڵەکە چووە، ئاخر لە هەندێك کاتدا، دیاردەیەکی ئاسمانی لەو چەشنە، وەك گەردەلوولە توندەکان، بەم ناوچەیەدا تێدەپەڕین، ئەم تەرزە و باو بۆرانە توندانە تا چەند کیلۆ مەترێك، هات و هاوار دەکات پاشان هێور دەبنەوە و بایەکی نتم و بێ جوڵە زاڵدەبێت، بەڵام دۆخی ئەم جارە وانەبوو، زریانێکی توند لە دووری سی مەتر لووری بوو بەڵام هەوای دەوروبەری خێوەتەکەی ئێمە گەرم و ئارام و دڵگیربوو، لەلایەك ئێمە پێشتر لە زریانەکانی پێشوودا بینیبوومان کە لە دۆخێکی ئاوادا، بایەکی سەرد و ترسناك لە هەموو لایەکەوە، مرۆڤ وەك دەرزی سیخناخ دەکات لە ناکاو ناوچە ئارامەکەی دەوروبەرمان راست وەك سیحر و ئەفسون رووناك بووەوە، ئێمە لە رووناك بوونەوەی دنیا بێ ئەندازە سەرسام بووین، هەر لەم ساتەدا، دەنگی دەوروبەرمان بیست کە ئێمەیان بۆ نان خواردنی ئێوارە بانگهێشت دەکرد، ئێمە چووینە ناو چادرەکەوە و دانیشتین، لەکاتی نانخواردنەکەدا، یەکێك لە ئێمە بە نیگەرانییەوە پرسیاریکرد دەکرێت چ بەڵایەك بەسەر ئەو سوارە چەکدارانەدا هاتبێت، کەسێکیتر گوتی: کاتێك لە دەرەوە بووین وادەهاتە بەرچاومان دەنگی هاوار و بە هاناوە چوون دەبیستین، ئایا ناکرێت یارمەتی ئەو سوارە چەکدارانە بدەین؟ نەبادا لە زریانەکەدا ون بوو بن...؟

ژست دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی کە ئەو پیاوانە، بەشێك بوون لە گرووپێکی چەتەگەری زۆر بەناوبانگی ئەم ناوچەیە، ئەو کەسانە سەرلەبەری کاتەکانی خۆیان بە چەتەیی و دزی لە گوندەکان بەسەردەبرد رانە مەڕ و بزنی دانیشتووانی ئاواییەکانیان دەدزی و لەوانە شەڕەنگێزتر بوونی نییە. دوای خوانی ئێوارە، ئێمە دەنگە دەنگی گیاندارانێکمان بیست کە وەك رەوگە ئەسپێکی ترساو دەیان حیلاند و جۆرێك تەقەلایان دەکرد وەك بڵێیت سوارەکانیان

کۆنترۆڵیان لەدەستداوە، وادەهاتە بەرچاو ئەو دەنگانە لە نزیکەوە دێت بەڵام ئێمە توانای دیتنی هیچمان نەبوو چونکە ئەو زریان و بەفرەی هەلیکردبوو، توانای دیتنی لە ئێمە سەندبوو، ئێمە تەنانەت توانای بینینی هیچ جۆرە رووناکییەکی چرا یا شۆڵەی ئاگرێك کە لە خێوەتگەیەکی ترەوە بێت، نەبوو.

دوای کەمێك، ئەمیل لە شوێنی خۆی هەستا و رایگەیاند بەنیازبوو بڕوات ئەو چەتانە بۆ خێوەتەکەمان بانگهێشت بکات چونکە بەزوویی نەدەکرا کەسێك بتوانێت چ ئاژەڵ چ مرۆڤ، لەو هەوا ترسناکەدا بە زیندوویی لە دەرەوە بمێنێتەوە تا بەیانی بەسەلامەتی گیانی دەرباز بکات.

لەڕاستیدا هەوای دەرەوە، بەڕاستی ساردی کردبوو، دوو کەس لە ئێمە تکایان کرد، لەگەڵ ئەمیلدا بڕۆن وادیاربوو ئەم مەسەلەیە مایەی خۆشحاڵی ئەمیل بوو، ئەو تکاکەی ئەوانی قبووڵ کرد و هەرسێکیان لەناو زریانەکەدا، دیارنەمان.

دوای نزیکەی بیست دەقیقە، لەگەڵ بیست کەس لە چەتەکان کە جڵەوی ئەسپەکانیان گرتبوو گەڕانەوە، ئەوان بە ئێمەیان راگەیاند حەوت کەس، پەیوەندیان لەگەڵ ئەوانی دیکە پچڕاوە پێدەچێت لەو تۆفانە قورسەدا ون بووبن، ئەو چەتانە، تێکەڵەیەکی سەیر لە مرۆڤی نیمچە وەحشی و ترسناك بوون، بە هاتنە ناو کۆمەڵکەی ئێمە، ئەڵقەی دانیشتنەکەمان لەبەر رووناکی چراکەدا، ئەوان بەجۆرێك دەجووڵانەوە وەك بڵێیت چاوەڕوان بوون لەلایەن ئێمەوە هێرشیان بکرێتە سەر، وایان هەستدەکرد کە ئێمە بەنیازی دەستگیرکردنی ئەوان بووین، باری نیگەرانی ئەوان بە تەواوی روون و ئاشکرابوو بەڵام ئەمیل دڵنیای کردنەوە کە هەر کاتێك بیانەوێت دەتوانن ئێرە بەجێبهێڵن، ئەو پێی وتن ئەگەر بیانویستایە هێرش بکەنە سەرمان، ئێمە هیچ کەرەستەیەکمان بۆ بەرگری لەخۆکردن نەبوو، چەتەکان دانیان بەوەدانا کە بە راستی بە نیازی ئەنجامدانی ئەو کارە بوون، بەتایبەت کە هاتنە دەرەوە ئێمەیان لە دۆڵەکە بینیوە، بەر لە روودانی زریانەکە، ئەوان پاشان سەریان لێ تێك چووە و بەجۆرێك رێیان لێ هەڵەبووە کە تەنانەت شوێنی جوگرافی خێوەتگەکەی خۆشیان ون کردبوو کاتێك ئەمیل و دوو کەس لە هاوڕێکانی ئێمە، ئەوانیان دۆزیبوویەوە ئەوان لە سەد مەتری خوارووی رووبارەکەوە، خۆیان بە قەد باڵی چیاکەدا هەڵپەساردبوو تاوەکو زیانیان پێ نەگات، سەرۆکی چەتەکان گوتی گەر بێت و لەوێ بیانکەینە دەرەوە بێگومان تیادەچن ئەمیل دڵنیای کردنەوە شتێکی لەم چەشنە

ڕوونادات، ئەوان بۆ شەو ئەسپەکانیان بە درەختەکانی چواردەور مانەوە بەستەوە، پاشان دیسان کۆبوونەوە، دانیشتن و دەستیان کرد بە خواردنی گۆشتی وشك کراوەی بزن لەگەڵ کەرەی خۆماڵیدا کە لە خورجینی سەر ئەسپەکان دەریان هێنابوو، ئەوان لەکاتی نان خواردندا، چەکەکانیان لە نزیك خۆیانەوە دانابوو، هەر ساتەو دەستیان لە خواردن هەڵدەگرت، تاوەکو سەرنج لە کەمترین دەنگێك بدەن کە بەر گوێیان دەکەوت ئەوان بێگومان لە ئێمە دوور بوون، بەوپەڕی ئازادی قسەیاندەکرد و دەستیان دەجوولاند و هەستی خۆیان دەردەبڕی، ژست گوتی ئەوان لە تفاقی سەفەرەکەمان و هەروەها لەو ڕووناکییەی ئێمە لە خێوەتەکەدا هەمان بوو بە تەواوی واقیان وڕمابوو، ئەوان لە خۆیان دەپرسی بۆچی هیچ هەوایەك لە پاڵ خێوەتەکەی ئێمەدا هەڵناکات و بۆچی ناو خێوەتەکەی ئێمە تا ئەو ئەندازەیە گەرم و دڵگیرە و بۆچی ئەسپەکانیان هێند و هێور و ئاسوودەن.

چەتەیەك لەوان، زیاتر لەوانی تر قسەیدەکرد و بۆ ساتێك ئۆقرەی نەدەگرت، پێشتر شتانێکی لەمەڕ دۆستە بەڕێزەکانی ئێمەی بیستبوو، ئەو بە هاوڕێکانی دەگوت ئەم کەسانە وەك خواوەندە بە دەسەڵاتەکان بوون کە دەیانتوانی ئەوان بە ئارەزووی خۆیان و دەسبەجێ لەناوبەرن، هەندێك لە چەتەکان کە بۆچوونیان وابوو ئێمە پیلانێکمان داڕشتووە تا ئەوان دەسگیر بکەین، لە هەوڵی ئەودابوون ئەوانی تر قایلبکەن بدەن بەسەر ئێمەدا و چەپاومان بکەن و بۆی هەڵبێن، بەڵام سەرکردەکەیان سوور بوو لەسەر ئەوەی هیچ زیانێك بە ئێمە نەگات و دەیوت گەربێت و زیانێك بە ئێمە بگات، هەموویان لەناو دەچن.

دوای وتووێژێکی دوورودرێژ، سەرەنجام هەشت کەس لە چەتەکان لە شوێنی خۆیان هەستان و لە ئێمە نزیك بوونەوە بە ژستیان وت کە چیتر نایانەوێت لای ئێمە بمێننەوە، ئەوان لەڕادەبەدەر دەترسان و بەنیاز بوون بگەڕێنەوە بۆ خێوەتگەکەی خۆیان کە چەند کیلۆمەترێك لە خواری ڕووبارەکەوە بوو.

ئەوان دواجار شوێنی جوگرافی خێوەتگەکەی ئێمەیان لەڕێی ئەو درەختانەوە کە ئێمە لە سایەیاندا بنەو بارگەکەمان لێ خستبوو، پەی پێ بردوو، ئەوان سواری ئەسپەکانیان بوون و بە دۆڵەکەدا چوونە خوار، دوای بیست دەقیقە، ئەوانیش دیسان گەڕانەوە گوتیان بەفرێکی وا باریووە کە ئەسپەکانیان توانای پێشڕەوی کردنیان نەبووە، تەنانەت خۆشیان توانای

رووبەڕووبوونەوەی زریانەکەیان نەبوو، وادیاربوو زریانی قورسی لەو چەشنە چەندین ساڵ بوو رووی نەدابوو، ئەوان ئیدی شەو لای ئێمە مانەوە، یەکێك لە ئێمە گوتی: باشە، وێڕای ترس و نیگەرانیم، من خۆم لەناو خێوەتەکەدا، ئارامتر لە خەوتن لە دەرەوە دەزانم!

ژست رووی لە ئێمە کرد و گوتی: ماڵی خواوەند هەمان شوێنە کە ئێوەی لێیە، گەر بێت و ئێوە لەم ماڵەدا شوێنێکتان هەبێت و ئۆقرەی تیا بگرن، خۆتان لە شادی رۆحی خواییدا دەبیننەوە، گەرمی و خۆشگوزەرانییەك کە بەسەر ئەم ماڵەدا زاڵە بە کەڵکی چی دێت ئەگەر ئێوە ئازادی ئەو کۆمەڵە کەسەی کە لە دەرەوە حزووریان هەیە، بۆ ناوەوە بانگهێشت بکەن، بەڵام ئەوان نایەن، چونکە ماڵی ئێوە ناناسن، ئەم بوونەوەرە خۆشەویستانە لەکاتی هەستکردن بە گەرما، حەز بە نزیکبوونەوە لە ئێوە ناکەن، چونکە هەموو تەمەنیان  بە کوشتن و چەتەیی بەسەر بردووە، ئەوان هەرگیز توانای دەرککردنی ئەم بابەتەیان نییە کە پیاوانێکی وەك ئێوە کە بۆ ئەوان نێچیرێکی چەور و نەرمن و دەبێت هێرشیان بکرێتە سەر، دەتوانن پێشوازییەکی گەرمیان لێ بکەن و بەبێ هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا میهرەبان بن و لە هەمان کاتیشدا پەیوەست نەبن بەگرۆی چەتەکانی ئەوانیشەوە ئەوان دەرك بەوە ناکەن لە نێوەندی بەفر و سەرما و یا سەختترین و نالەبارترین کارەساتدا، خواوەند هەمیشە زیندوو و ئامادەیە، نە زریان نە با نە هەڵکشان و داکشان، نە شەختە و تەزرە توانای نییە ماڵی ئەو کەسانە وێران بکات لە ماڵی خوا بنەیان خستووە، مرۆڤ کاتێك لەبەرامبەر رەشەبا ترسناکەکان و لافاوە خرۆشاوەکاندا چۆك دادەدات یا شکست دێنێت کە پەیوەندی لەگەڵ خودا پچڕاندبێت، تا ئەو دەمەی مرۆڤ بە دڵنیایی و پشت پێ بەستنەوە چاوی بڕیبێتە ئەو و بڕوایەکی قایم و دامەزراوی هەبێت، دەتوانێت هەموو ئەو کارانەی کە هەنووکە دەیبینن ئەنجامبدات، پێویستە مرۆڤ تەنها خودا ببینێت و گوێ لە بانگەوازی ئەو بگرێت.

ئەمە ئەندێشەیەکە کە هەنووکە لە زەینی مندایە! خودایا! من راستەوخۆ چاوم لە تۆ بڕیوە و تەنها تۆ دەناسم، من لە هەر شتێکدا، تەنها خودا دەبینم و بەس من بەوپەڕی هێز و متمانە بەخۆبوونەوە لەسەر شاخی پیرۆزدا راوەستاوم و تەنها عەشقی تۆ، مەعریفە و فەزیلەتی تۆ دەناسم، زەین و ئەندێشەی تۆ خودا هەمیشە من لەخۆ دەگرێت، خودایا! من بە باشی دەزانم کە هیچ شتێکم زیاتر لە کەسانی تر لەبەردەستدا نییە و خواوەندیش بۆ هەمووان هەیە هەر بۆیە، خوایە سوپاسی تۆ دەکەم.

مرۆڤ دەتوانێت لەناو جەرگەی زریانێکی توندا، دەستی بە ئاشتی راستەقینە بگات، چونکە ئارامی واقیعی لە قووڵایی ناخی مرۆڤێکی ئاگا دایە کە خودی راستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە، بەپێچەوانەی ئەو، پیاوێکیش هەیە کە دەتوانێت لە بیابانێکی دابڕاو و ئارام، لەبەرامبەر زەردەپەڕێکی شکۆدار و لە ئاست بێدەنگی گەورەی سروشت حزووری هەبێت و لە هەمان کاتدا بەهۆی رەشەبای هەست و سۆزە جۆراوجۆرەکانەوە تێك و پێك بشکێنرێت یا بەهۆی هەورە بروسکە و ترسە جۆراوجۆرەکانەوە لەرز دایبگرێت.

بۆ تەماشاچییەکی رواڵەتی، وادێتە بەرچاو کە سروشت بەبێ کەمترین دوو دڵی ئەو بوونەوەرانەی خستۆتە بەر لوتف و بەزەیی خۆی کە خاوەن هێزێکی گەورە و زۆرن، بوونەوەرگەلێکی هەمیشە تینوو چاوچنۆك کە توانای رشتنی خوێنی هەژارەکانیان هەیە، بەڵام باشتر وایە کۆمەڵێك خاڵی ورد و سادە لەبەرچاو بگرین کە زرۆجار بە هەست پێنەکراوی لە بەرامبەر دیدی مرۆڤەکاندا دەگوزەرێت.

لە جیهاندا، ژمارەی بەرخەکان لە ژمارەی شێرە دڕندەکان زیاترەو ئەم مەسەلەیە بە هیچ جۆرێك بە ڕێکەوت نییە، سروشت هەرگیز کوێرانە کار ناکات، سروشت واتە هەمان ئەو خواوەندەی دەست بەکاربووبێت، لەڕاستیدا خواوەند هەرگیز کەرەستەکانی بەفیڕۆ نادات لە دروستکردن و بووندا هەرگیز بە هەڵەدا ناچێت.

ئایا بەلاتانەوە سەیر نییە کە لە چاڵی هێزە سەرەکییەکانی سروشتدا، شێری دڕندە تاوەکو بەر لەدەرکەوتنی مرۆڤ لە پاڵ ئەواندا، بەرخی نەخواردووە؟ لەلایەکی ترەوە بەرخ لە شەڕی ژیاندا، بە ئاشکرا شێری لەناوبردووە، پشتگیری و کۆمەکییەك کە لەلایەن مرۆڤەوە، پیشکەش بە بەرخ دەکرێت بۆ روونکردنەوەی ئەم دەرەنجامە بەس نییە، بەگوێرەی شیمانەکان، مرۆڤ پیشەی خوێن خۆری کاتێك دەستپێکرد کە نەرم و نیانترین و بێ ئازارترین ئاژەڵی لەناوبرد، مرۆڤ، بێ گومان بەرخەکان زۆرتر لە شێرەکان قەتڵ و عام دەکات ئەمە مرۆڤ نییە، بەڵکو سروشتە کە مەحکومیەتی نەوەی شێرەکان رادەگەیەنێت ساتێك بیربکەنەوە تێبینی دەکەن سروشت ناتوانێت، هێزێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی دووکاری دژەیەك و پێچەوانەی یەکتر بە ئاژەڵێك ببەخشێت، شێر، گیانلەبەرێکی شەڕخواز و دڕندەیە بەڵام لەڕووی وەچە خستنەوە نموونەیەکی زۆر لاوازە، تەواوی هێزی جەستەی بۆ تێکۆشانێکی شایستەیە، لەدایکبوونی

بێچووە شێرەکان، زیانی پێدەگەیەنێت، شتێك نییە جگە لە ڕووداوەکانی ژیانی، لەلایەکی دیکەوە، مەڕ ئەهلی جەنگ و ململانێی نییە، هەر بۆیە لەڕووی جەستەییەوە لە شێر لاوازترە، ئێستا لەو ڕووەوە کە وزە و توانای لە جەنگدا بە خەرج نادات، بۆ وەچە خستنەوە باشترە.

سروشت ئەوەی قبووڵە کە بە دروستکردنی شێر، هەڵەکراوە، سروشت لە هەوڵی نەهێشتنی ئەم کەم و کورتییەدایە، لە ڕاستیدا شێر و گشت گیان لەبەر دڕندە و گۆشت خۆرەکان لە حاڵەتی لە ناوچووندان لەسەر شانۆی ژیان و وەچەیان بەرەو بنبڕ بوون دەڕوات سەبارەت بەڕای مەحکوم کردن، هیچ هەڵاوێرد کردنێك لە ئارادا نییە و ئەمە بڕیارێکە سروشت بۆ هەموو گیانلەبەرە ڕاوچییەکانی دەرکردووە سروشت بەرمەبنای دادپەروەری هەمیشەیی کاردەکات بە لەبەرچاوگرتنی یاسای باڵای جیهانی وجود، هێرشبەر پێشوەخت، لەم ململانێیەدا بە دۆڕاو ڕاگەیەنراوە، بارودۆخ هەمیشە بەم جۆرە بووە و هەمیشەش بەم شێوە دەبێت، ئەم دۆخە نەك تەنها بۆ ئاژەڵەکان، بەڵکو بۆ مرۆڤەکانیش هەروایە، لە دارستان و شار، لەڕابردوو و ئایندەدا، شێر دۆڕاوە، ئەو ڕاست لە زەمەنی سەرکەوتنەکانیدا، دۆڕاوە، واتە ئەو دەمەی دەکوژێت، خۆشی دەکوژرێت، سروشت و ماهیەتی ڕەوشەکە وادەخوازێت کە ئەم گیانلەبەرە، ڕێك ئەو کاتەی گۆشتی گەرمی مەڕێك کە لە ڕان ڕفاندوویەتی، لەت و پەت دەکات، نەوەی خۆشی تێك و پێك بشکێنێت و بەرەو لەناوچوونیان ببات، کاتێك چڕنووکە بەهێزەکانی لە نێچیرەکەی گیردەکات و لە نێوان دەم و لە مۆزە خوێناوییەکەیدا، نەڕەی چێژ و سەرسەمەتی لێ بەرزدەبێتەوە، سەرقاڵی ئاهەنگ گێڕان نەبوو بە بۆنەی مەرگی ئەو گیانلەبەرە لاوازەوە کە خەریکی خواردنی گۆشتەکەی بوو، بەڵکو مارشی پرسەی وەچە و نەژادی خۆی دەوتەوە، وەحشیگەری، بە نیشانەی کۆبوونەوەی یەکبوون ئاسا نییە، شێرەکان بە کۆمەڵ ناژین، ورچەکان بە کۆمەڵ ناژین، وەحشییە خوێن خۆرەکان کە لە نێوان مرۆڤەکان دادەژین، گرووپی بچووك پێکدەهێنن و دەستدەدەنە کوشتن و جینۆساید کردنی یەکتر، توندو تیژی ئەوان بۆ سەر خۆیان و ڕەگەزەکەیان دەگەڕێتەوە و دەبێتە مایەی جۆرێك لە سەرچاوەی بێ توانایی و لاوازی بۆیان، بە هەمان ئەندازە، پێویستە گرووپە مرۆڤ کوژ و وەحشییەکان بنبڕ بن، هیچ شەڕەنگێزێکی گەورە و بە توانا هەرگیز نەیتوانی بەڕاستی شتێك ئازاد بکات، هەر

سەرکەوتنێك، خەیاڵێکی ناڕەوایە، ئیمپڕاتۆریەتە سەربازییەکان، بە خێرایی هەرەس دێنن، بەتایبەت کاتێك پشت بە هیچ شتێك نابەستن جگە لە شمشێری تیژ، لە کۆتاییدا، پێویستە ئەم سەرکردانە، زۆر و دەسەڵات لە خۆیان دوور بخەنەوە و خەریکی عەدالەت و لۆژیك بن، ئەگینا ئیمپڕاتۆریەتەکەیان بە زوویی لەناو دەچێت، راوچی مرۆڤ بێت یان گیانلەبەر هەمیشە تەنها و گۆشەگیرە بەبێ هیوای کۆمەك وەرگرتن و بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر بڕیاری لەناوچوونی دراوە، چونکە نەرم و نیانی و میهرەبانی تاقە هێزی واقیعییە لە جیهانی وجوددا، نەرم و نیانی و میهرەبانی، واتە هەمان شێر بە هەموو خەسڵەتەکانیەوە، جگە لە مەیلی بۆ خوێن و خوێنڕشتن نەرم و نیانی بەوپەڕی ئارامی و هێورییەوە دەتوانێت هەر ژیان و زیندەگییەك بەپێی یاسا سەرکەوتووەکەی رامبکات، ئەمە خودی مرۆڤەکە خۆی بنیات دەنێت، یاخود بە پێچەوانەوە وێران دەکات، لە کارگەی ئەندێشەکاندا، مرۆڤ ئەو چەکانە دروستدەکات کە بەهۆی ئەوانەوە خۆی بەرەو تیاچوون دەبات، ئەو هەروەها کەرەستەگەلیك دەسازێت کە بە یارمەتی ئەوان دەتوانێت ماڵی ئاسمانی و پڕاو پڕ لە شادی و ئاشتی و هێز بۆخۆی بنیاتبنێت لە ڕێی هەڵبژاردنی شیاو و دروستەوە و بە خستنەگەڕی راست و دروستی ئایدیاکانەوە، مرۆڤ دەتوانێت بە کەماڵی ئیلاهی بگات، بە هەمان شێوە لەڕێی خراپ بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەوە، ئەو دەیتوانی پەستتر لە ئاژەڵەکان بێت بۆ ئاستێکی نزم دابەزێت، لە نێوان ئەم دوو ئاستە پێچەوانەیەدا، شەبەنگێك لە حاڵەت و تایبەتمەندی جیاواز و جۆراوجۆری مرۆیی بوونی هەیە، ئەوە مرۆڤە کە خالیق و خاوەنی ئەم ئایدیا و تایبەتمەندیانەیە.

ئەو پیاوانەی کە هەنووکە ئۆغری ئەوانتان بینی، پاشماوەی نەژادێکن کە رۆژێك لە رۆژان سەرمایەدار و پڕ بەرەکەت و شکۆمەند بوون، باپیرانی ئەوان لە سەردەمێکدا کە ئەم سەر زەوییە ئیمپڕاتۆریەتێکی پیشەسازی و لە حاڵەتی گەشەسەندندا بوو، لەم ناوچانەدا دەژیان و پێگەیەکی شکۆداریان هەبوو، ئەوان شارەزای سەرجەم زانست و هونەرە جۆراوجۆرەکان بوون، ئەوان هەروەها ئەسڵ و سەرچاوەی خۆیان دەناسی و لە دەسەڵات و توانای خۆیان بە ئاگابوون و تەنها سەرقاڵی پەرستشی ئەم سەرچاوە و دەسەڵاتە بوون، سەردەمێك هاتە پێشەوە کە ئەوان خەریکی چێژ بەخشین بوون بە جەستەیان، ئەم مەسەلەیە، دوای ماوەیەك ئەوانی نائومێدکرد،

پاشان کارەساتێکی گەورە روویدا و هەموو ئەو سەر زەویەی لەناوبرد و شتێك نەمایەوە جگە لە سروشت و ژمارەیەك شاخنشین، ئەم گرووپە بە وێنەی گرۆی جۆراوجۆریان لێهات و نەژادە ئەوروپییەکان لەوانەوە سەرچاوەی گرت.

ناوچەیەك کە ئێمەی لێیە و هەروەها بیابانی گوبی، بە جۆرێك وێران و تێك و پێك دراون و بەجۆرێك بەرزبووەوە کە چیتر هیچ شتێکی تێدا نەڕوا دانیشتووانی ئەو شوێنانە، تاڕادەیەك هەموویان لەناوچوون، بەجۆرێك کە تەنها چەند کۆمەڵێکی زۆر کەم کە لەیەك دوور بوون مانەوە و ئەم گرووپانە هەندێك جار لە یەك تا دوو خێزان تێپەڕی نەدەکرد، ئەم کەسانە گردبوونەوە و چەند گرووپێکیان پێکهێنا، ئەوانە باو و باپیرانی ئەم چەتانەی ئێستان کە هەرگیز توانای گەشەکردنیان نییە چونکە هەمیشە خەریکی شەڕو مەرافەن لەگەڵ یەکتردا، مێژوو بنەچە و رەچەڵەیەکی ئەوان بە گشتی لەبیرچۆتەوە بەڵام مرۆڤ دەتوانێت هێشتا بۆ تاکە سەرچاوە و ئایین و ئەفسانەکانی ئەوان بگەڕێتەوە، بناغە و بنچینەی ئایین و ئەفسانەکان لە هەر شوێنێك وەك یەك و یەکسانە هەرچەند فۆرمی دەرەکی ئەوان دەکرێت زۆر جیاواز بێت.

لەم چرکە ساتەدا ژست بە ئێمەی گوت دەترسم ماندووم کردبن چونکە زۆربەی هاوڕێکانمان بەدەورماندا خەویان لێکەوتبوو، ئێمە ئاوڕێکمان لە چەتەکان دایەوە، ئەوانیش هەموویان خەویان لێکەوتبوو، ئەوانیش وەك ئێمە، ئەو زریانەی کە لە دەرەوەی خێوەتەکەی ئێمە گرمە و زریکەی بوو، بە تەواوی لەبیرکردبوو، ئێمە چووینە ناو خێوەتەکە و دوای ئەوەی دیسان سوپاسی دڵسۆزییەکانی هاوڕێکانمان کرد، ئێمەش خەو بردینیەوە تا سپێدەی رۆژی دوایی، لەکاتی لەخەوهەستاندا، خۆرێکی رووناك بە هەرلایەکدا تیشکی دەهاویشت و گشت هاوڕێکانمان کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەم هەوا خۆشە بە پەلە خۆمان گۆڕی و سەیرمانکرد کە سەرجەم هاوڕێکانمان و کارگوزارەکانیش، تەنانەت چەتەکان چاوەڕێی ناشتا بوون، ئەو دەمەی سەرقاڵی ناشتا کردن بووین، بەرنامەی ئەو رۆژەیان بۆ راگەیاندین و گوتیان بڕیارە ئەو چەتانە تا خێوەتگاکەیان بەڕێ بکەین، لەڕاستیدا دۆزینەوەی کوێرە ڕێیەك بۆ پەڕینەوە لەناو بەفرەکەدا، بەشێوەی بە کۆمەڵ زۆر ئاسان تر بوو لەوەی کە هەر گرووپێك بەجیا بڕوات، ئەم بەرنامەیە وادیار بوو بە دڵی چەتەکانە بەڵام هەرگیز بەلای ئێمەوە پەسەند نەبوو چونکە هەواڵمان زانی ژمارەی ئەوان لە خێوەتگەکەیاندا دەگاتە نزیکەی سەد و پەنجا کەس.

خێوەتگەی چەتەکان لە دووری کەمتر لە بیست کیلۆمەتر لە خوارێ رووبارەکەوە بوو نزیکەی عەسر گەیشتینە ئەوێ و زۆر خۆشحاڵ بووین لەوەی کە دەمانتوانی لەو شوینەدا بەشێوەیەکی کاتی بمێنینەوە، خێوەتگەی ئەوان، زۆر فراوان بوو شوێنی تەواو بۆ سەرجەم هاورێیانی سەفەرەکەی ئێمە هەبوو، دوای نانی نیوەڕۆ، ئێمە گەیشتینە ئەو دەرەنجامە گەر بێت و یەك دوو رۆژێك لەوێ بمێنینەوە و بهێڵین بەفرەکە زیاتر بیبەستێت رۆشتنمان ئاسانتر دەبێت زووتر دەگەینە جێ تا ئەوەی بمانەوێت لەم ساتەدا بەرێبکەوین، لەڕاستیدا بڕیاربوو بەگوێرەی بەرنامەی پێشوو لەسەر ملەیەکی زۆر ترسناك کە نزیکەی پێنج هەزار مەتر بەرزیەکەی بوو بپەڕینەوە و لەوێوە کە باری کەش و هەوا، بەو جۆرەی کە ئێمە ئومێدەواربووین، گۆڕانی بەسەردا نەهات و پلەی گەرما بەرزنەبووەوە، ماوەی مانەوەکەمان بۆ چوار رۆژ درێژ کردەوە، تەواوی دانیشتووانی ئەو شوێنە، بەرێزگرتنێکی زۆرەوە پێشوازییان لێکردین و هەرچیەك دەبووە مایەی رەزامەندی ئێمە، ئەنجامیان دەدا. لەکاتی رۆیشتنی ئێمەدا، دوو پیاو سۆراخی ئێمەیان کرد و پرسیاریان کرد ئایا دەتوانن بێنە پاڵ ئێمە، ئێمە بەوپەڕی رەزامەندی و خۆشحاڵییەوە پێشنیازەکەیانمان قبوڵ کرد، چونکە هەر چۆنێك بێت ناچاربووین دیسان ژمارەیەك کرێکار و بارهەڵگر لە ئاواییەکەی دوایی بۆ هەڵگرتنی کەل و پەلەکانمان بەکرێ بگرین، لەو رووەوە کە ئەو گوندە گەورەیە نزیکەی سەد کیلۆمەتر لە ئێمەوە دووربوو، تا کاتی گەڕانەوەمان لە وەرزی پاییزدا، بۆ هەموو جێگایەك لەگەڵ ئێمەدا بوون.

کاتێك کە خێوەتگەکەی ئەوانمان بەجێهێشت، نزیکەی نیوەی دانیشتوانی ئەوێ، تا لوتکەی سەر شاخەکە بەرێیان کردین تاوەکو لە دۆزینەوەی ریگا شاخاوییەکان لەژێر بەفرەکاندا، کۆمەکیمان بکەن چونکە سەرکەوتنی ئێمە بەسەر شاخەکەدا، زۆر بە دژواری ئەنجامدرا، لەسەر ملەی شاخەکەدا، ئێمە لە دۆستەکانمان، چەتەکانی سەرملە، خواحافیزیمان کرد و بەرەو شوێنی وادەی چاوپێکەوتنەکەمان کەوتینەڕێ، لە بەرواری ٢٨ مانگی مایس، واتە سێ رۆژ دوای خواحافیزی کردنمان لە چەتەکان، دواجار چاومان کەوت بە ژمارەیەك لە دۆستەکانمان کە لە پایزی رابردووەوە نەمان دیبوون و دیدارمان نوێکردەوە.

## بەشی نۆهەم

دوای هەفتەیەك پشوودان، ئێمە کەل و پەل و بارەکانمان کۆکردەوە و گشت ئەندامانی گرووپەکە کە شافەکەمان بەرەو پایتەختی دێرینی مەملەکەتی ((ئویبی گور)) بەڕێکەوت و لە بەرواری ٣٠ حوزەیراندا گەیشتینە ئەوێ، ئێمە دەسبەجێ دەست بەکاربووین لە کاری شوێنەوارناسی و هەڵکەندنی چاڵی جۆراوجۆر یەکەمین چاڵی ئێمە قووڵاییەکەی گەیشتبووە بیست مەتر کە رووبەڕووی دیواری بینایەکی کۆن بووینەوە، نزیکەی سی مەتر زەویمان هەڵکەند بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە دالانێکی گەورە، کە لەو دالانەدا، چاومان هەڵتەقی بە کۆمەڵێك لاشەی مۆمیایی کراودا کە لە باری دانیشتندا بوون، دەم و چاوی ئەوان بە ماسکێك لە ئاڵتوون داپۆشرابوو، لەوێ پەیکەری زۆر لە زێڕ، زیو، بڕۆنز و گڵ هەبوو کە هەموویان بەشێوازێکی زۆر هونەرمەندانە، دروستکرابوون، ئێمە وێنەی زۆرمان لێگرتن کاتێك کارەکانمان تا ئەو ڕادەیە بەرەو پێش چوونی بەخۆوە بینی کە دەکرا بەبێ هیچ دوو دڵیەك بیسەلمێنین ئەو شوێنە، بەڕاستی پاشماوەی شارێکی کۆنی زۆر گەورە بوو، ئێمە بۆ دووەمین شوێن کە بە یارمەتی روونکردنەوە وردە هەڵکۆڵراوەکان لەسەر تابلۆ بەردینەکان، دۆزیبوومانەوە، کەوتینەڕێ، لەو شوێنەدا نزیکەی دوانزە مەتر زەویمان هەڵکەند تا ئەو دەمەی جارێکی تر کۆمەڵێك ئاسەواری مێژوویی پەیوەست بە شارستانیەکی زۆر کۆنمان چاوپێکەوت، ئێمە دیسان دەست بەکاربووین لە ئەنجامدانی کاری ورد و تێرو تەسەل بۆ ئەوەی بتوانین بۆ جارێکی تر ئەم حەقیقەتە دووپات بکەینەوە کە ئەو وێرانانە، پەیوەستن بە شارێکی گەورە کە بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە، ئێمە پاشان بۆ شوێنی سێهەم چووین کە لەوێدا ئومێدەواربووین چەند بەڵگەنامەیەك لەسەر بوونی شارێکی بە چەند قات گەورەتر و کۆنتر لە دوو شارەکەی دیکە، بەدەستبێنین. بۆ دەست پێوەگرتنی کات و ئەو ئیمکاناتەی لەبەردەستماندا بوو، دابەش بوو

بووین بۆ چوار گرووپ کە سێ گرووپیان، لەسەرۆکێك و شەش هاوکار یاخود لە حەوت کەس پێکهاتبوون، کاری هەڵکۆڵین و پاراستن و چاودێریکردنی هەڵکەندنەکان لە ئەستۆی ئەم سێ گرووپەدا بوو، هەر گرووپێك لە ڕۆژێکدا هەشت سەعات کاریدەکرد و گرووپی چوارەمیش ئەندامانی دیکەی گرووپەکەی لە خۆدەگرت، گرووپەکەی دوایی ئەرکی ئەمە بوو خەمی کارە لاوەکییەکان بخوات و خەریکی خواردن و ئازووقەی کارمەندانی گرووپەکان بێت و چاودێری دەوروبەری خێوەتگەکە بێت.

من ئەندامی گرووپێك بووم کە لەلایەن سەر گرووپەکەمانەوە ((تۆماس)) سەرپەرشتی دەکرا، کاتی کارکردنی ئێمە لە نیوە شەوەوە تا هەشتی بەیانی بوو، دوای تەواوکردنی یەکەمین هەڵکۆڵین، ئێمە گەیشتینە چوار ژووری ژێر زەمینی کە ئەوانمان لەژێر خاکدا دۆزییەوە، ئێمە توانیبوومان بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو بەدەستبێنین و بۆ جیهانی بسەلمێنین کە ئێرە لەنێوان دوو شارە پێشووەکەدا بە گەورەترین و کۆنترین شار لەقەڵەمدەدرا، لە شاری سێهەمدا، گەنجینەی گران بەهاو زۆر بایەخدار هەبوو.

ڕۆژێك لە ڕۆژان، گرووپێك کە دوای ئێمە دەست بەکاردەبوون، هەواڵیان پێداین کە کۆمەڵێك ئەسپ سوار لە ڕووی باکوورەوە لێمان نزیك دەبنەوە، ئێمە لەژێر زەمینەکە هاتینە دەرەوەو سەیرمان کرد ئەوان بەرەو لای ئێمە دێن، ئەوا سەر بە گرووپێکی دیکەی چەتەکان بوون چونکە ئاشکرابوو ڕاست لە ڕێگایەکەوە هاتبوون کە ئێمە کەڵکمان لێوەرگرتبوو وادیاربوو ئەوان تەنها بە شوێن پێ هەڵگرتنی ئێمە بەسەندەیان کردبوو، لەکاتێکدا سەرقاڵی تەماشاکردنی ئەوان بووین، ژست گەیشتە لامان و گوتی: ئەوانە کۆمەڵێك چەتەی زۆر دڕو تالانچین کە دەیانەوێت خێوەتگەکەی ئێمە چەپاو بکەن، بەڵام وا هەستناکەم هۆیەك هەبێت بۆ ترس و دڵەڕاوکێ. ئێمە لێگەراین تا ئەوان لێمان نزیکببنەوە، ئەوان لەدووری پێنج سەد مەتر لە خێوەتگەکەی ئێمە وەستان، پاش کەمێك دوو کەس لەوان بەرەو لای ئێمە هاتن و دوای سەلام و چاك و چۆنی لێیان پرسین لەوێدا خەریکی چین، پێمان گوتن هەوڵدەدەین ئاسەواری شارێکی دێرین بدۆزینەوە ئەوان لە وەڵامدا وتیان تۆزقاڵە زەرەیەك باوەڕ بە قسەکانی ئێمە ناکەن واگومان دەبەن ئێمە بە شوێن زێڕدا دەگەڕێین، ئەوان گوتیان بەنیازن کەرەستە و ئازووقەکەی ئێمە چەپاو بکەن.

ئێمە پرسیارمان لێکردن کە ئایا ئەوان سەربازی دەوڵەتن؟ لە وەڵامدا وتیان هیچ دەوڵەتێکیان قبووڵ نییە چونکە لەو ناوچەیەدان بەهێزترین گرووپی چەتەکان، خۆی یاسای

دادەنا، ئەوان بە تێبینی کردنی ئەوەی نەبوونەتە مایەی ترس و بیمی ئێمە، نە هیچ باسێك لە چەکی بەرگری لەخۆکردن لە ئارادایە، گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە دەبێت ژمارەی ئێمە زیاتر لەوە بێت کە لە سەرەتادا دەهاتە بەرچاو، ئەوان دیسان گەڕانەوە لای تاقمەکەی خۆیان تاوەکو پرس و ڕا بکەن، بەزوویی هەر ئەو دوو پیاوە گەڕانەوە، بە ئێمەیان ڕاگەیاند گەر بێتو بەوپەڕی ئاشتی و ئارامییەوە خۆمان بەدەستەوە بدەین، هیچ ئازار و زیانێکمان پێناگەیەنن، بە پێچەوانەوە هەموویان هێرشمان بۆ دینن و هەر کەسێك نیازی بەرهەڵستی کردنی هەبێت دەیکوژین، ئەوان دە دەقیقە مۆڵەتیان پێدائین بۆ بیرکردنەوە، ژست لە وەڵامدا وتی، لەلایەن ئێمەوە نە بەرهەڵستی و نەخۆبەدەستەوە دان هیچکامیان ناکرێت، ئەم وەڵامە وادیارە ئەوانی زیاتر بەدخوکرد، ئەوان ملی ئەسپەکانیان چەرخاند و گەڕانەوە بۆ لای هاوەڵەکانیان، لە کاتێکدا چەکەکانیان ڕادەوەشاند، بەم هێمایە، سەرجەم گرووپی چەتەکان بەرەو ئێمە هەڵمەتیان هێنا. پێویستە دانی پێدابنێم بێ ئەندازە ترسام، بەڵام لە هەمان چرکەساتدا، ئێمە لەپڕ بەهۆی چەند شێوەیەکەوە کە لە سێبەری ئەسپ سوار دەچوون و بە دەوری ئێمەدا لە هاتوچۆدا بوون، گەمارۆدراین، ئەم شێوانە دوای چەند ساتێك وردتر و روونتر بوونەوە بارێکی ((زیندووتر)) یان لە خۆگرت و ژمارەشیان زۆرتر بوو، چەتەکان بێگومان ئەوانیان بینیبوو، هەندێك لەوان لەسەر زینی ئەسپەکانیانەوە ئێمەیان کردبووە نیشانە و تەقەیان کرد، هەندێکی تریش دەسبەجێ وەستان، چونکە ئەسپەکانیان ئامادەی هاتنە پێشەوە نەبوون، ئەسپەکانیان سینیان کردبوولە هاتنە پێشەوە دەسڵەمینەوە، لە کۆنترۆڵی خاوەنەکانیان دەردەچوون.

ساتێکی کەم بەس بوو تا قاوقیژ و بێ سەروبەرییەکی سەیر لە گرۆی چەتەکاندا سەرهەڵبدات، ژمارەی چەتەکان نزیکەی حەفتا و پێنج کەس بوو بەڵام ئەسپەکانی ئەوان لەناکاو دەستیان بە چوار ناڵکرد بۆ هەرلایەك، هێرشی ئەوان بە جۆرێك لە هەڵاتنی بە پەلە کۆتایی هات لەکاتێکدا ئەسپ سوارەکانی ئێمە کە زۆرتر لە خێوی جەنگاوەر دەچوون، بەدوای چەتەکانەوە خەریکی غاردان بوون.

کاتێك حاڵەتی قاوقیژ و هات و هاوارەکەی سەرەتا کەم بووەوە، یەکێك لە هاوڕێکانی من کە سەر گرووپ بوو هەروەها خۆشم چووینە ئەو شوێنەی دواجار چەتەکانی لێ وەستابوون، ئێمە هیچ شوێن پێیەك جگە لە هی چەتەکانمان نەدۆزیەوە، ئەم کارە زۆرتر لە سیحر و ئەفسوون دەچوو، چونکە بەرگری کارەکانی ئێمە بەجۆرێك دەرکەوتبوون کە دەتوت لە خودی چەتەکانیش واقیعی تر و بەرجەستەتر هاتبوونە بەرچاو و ئێمە لە هەموو لایەکەوە نزیك

بوونەوەی ئەوانمان بینیبوو، هەر بۆیە گومانمان نەبوو کە دەتوانین شوێن پێی ناڵی ئەسپی چەتەکاندا ئاوێتە بوو بوو.

لەکاتی گەڕانەوەی ئێمەدا، ژست گوتی: ئەو ئەسپ سوارە خێو ئاسانە شتێك نەبوون جگە لە وێنەی خەیاڵی کە ئێمە ماهیەتی واقیعیمان پێ بەخشین و نەك تەنها چەتەکان، بەڵکو ئێوەش توانیتان بیانبینن ئەم وێنانە بۆ سەردەمی رابردوو دەگەڕێنەوە و ئێمە دەتوانین سەرلەنوێ پیشانیان بدەینەوە و حاڵەتێکی لەو جۆرە ئەکتیڤان پێبدەین کە چیتر توانای جیاکردنەوەی ئەوانتان لە مرۆڤی واقیعی و بەرجەستە نابێت، ئێمە دەتوانین ئەم وێنانە بۆ پاراستنی خۆمان و کەسانی تر پیشان بدەین. بە جۆرێك کە نابێتە مایەی هیچ زەرەر و زیانێك بۆ کەسێکی تر، کاتێك ئامانجێکی تایبەت دیاریکرابێت، ئاکامی کار هەرگیز زیان بەخش نابێت، گومانێك لە زەینی چەتەکاندا دروست بوبوو، ئەوان باوەڕیان نەدەکرد گرووپێکی وەك ئێمە، بەبێ کەرەستەی بەرگری پێویست و بەبێ پشتیوانی پێویست، بێتە قووڵایی ئەم بیابانە و ئەم کارە بەلایانەوە دوور لە ژیری بوو، ئیمە کەڵکمان لەم گومانە وەرگرت تا ئەوان دووچاری ترس بکەین، ئەوان بوونەوەرانێکی یەکجار خورافاتین و هەمیشە چاوەڕێی تەڵە و داون کە رەنگە بۆیان نرابێتەوە، ئەم جۆرە لە مرۆڤ، باشتر لە هەر جۆرێکیتر، ئامادەی ترس و بیمە، چەتەکان رێك ئەوەیان بینی کە مەترسیان هەبوو ببینن، گەر بێتو ئەم شێوازەمان بەکارنەهێنایە، بێگومان ناچار دەبووین بەشێکی گەورەیان لێ لەناو ببەین تاوەکو پاشماوەکانیان وازمان لێبهێنن، بەڵام هەنووکە چیتر هەواڵێك لە ئەوان نابیستن)) و بەڕاستیش بە هەمان شێوەبوو کە ژست وتی، ئێمە چیتر هەواڵێکمان لێ نەبیستن و هێرشمان نەکرایە سەر ئەو دەمەی لەکاری شوێنەوارناسییەکەماندا بەبوونی ئەو سێ شارە قایل بووین، کەوتینە بیری ئەوەی ئەو چاڵ و هەڵکۆڵینانە سەرلەنوێ داپۆشینەوە، تاوەکو شوێنەکان لەبەرچاوی چەتە هەڵەگەڕەکان بپارێزین، لەڕاستیدا گەر ئەوان هەواڵی هەڵدانەوەی ئەم شوێنانەیان ببیستبایە، بێگومان چەپاوکردنێکی گشتی روویدەدا تاوەکو گەنجینە دێرینەکان بدزن چونکە ئەفسانە کۆنەکان کە باسیان لەم گەنجینانە دەکرد لە هەموو شوێنێکدا بەسەر زاری خەڵکەوە بوو کە باسیان لە بوونی چەند شارێکی دێرین دەکرد کە بە خەزێنەی زۆری زێڕی خاڵسەوە بوون بەژێر خاکەوە.

هەر بۆیە دوای تەواوبوونی کارەکانمان، جارێکی تر گشت چاڵەکانمان پڕکردەوە و بچووکترین شوێنەواری شیاوی دیتنمان لەدوای خۆمان بەجێهێشت، ئێمە ئومێدەوار بووین بە هەڵکردنی یەکەم رەشەبای لم، هەرجۆرە هێمایەك لەمەڕ پەڕینەوە یا مانەوەی ئێمە لەو شوێنانەدا

بسرێتەوە و نەمێنێت، لم و زیخی ئەم ناوچانە کە هەمیشە جوولاون، بە ئاستەنگێکی باش بۆ دووبارە دۆزینەوەی ئەم ئاسەوارانە دەدرێنە قەڵەم و ئەوەی راستی بێت بەبێ یارمەتی و کۆمەکی دۆستە بەڕێزەکانمان، ئێمە هەر لە سەرەتاوە، هەرگیز توانای دۆزینەوەی ئەو شارە دێرینانەمان نەدەبوو.

هەروەها ئاگاداریان کردین ئەم شوێنەوارانە تا سنوورەکانی سیبریاش درێژەی هەیە کە تەواوی بەڵگەنەویستە دانیشتووانێکی زۆر، لە سەردەمە رابردووەکاندا لەم ناوچانەدا نیشتەجێ بوون و ئاستێکی بەرزیان هەبووە لە پێشکەوتن و کامڵبوون، دیکۆمێنتی ئەو تۆمان لەسەر ئەم حەقیقەتە بەدەستهێنا کە کوی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بە ئیش و کاری کشتوکاڵ، هەروەهابە پیشەسازی کانزایی و چنین و شتانێکی تر کە لەم هونەرانە دەکەونەوە خەریکبوون، ئەوان لە نووسین و خوێندنەوە و تێکڕای زانستەکان ئاگادار و شارەزاییان هەبووە و تەواو بەڵگەنەویستە مێژووی نەژادی ئاریایی پێکەوە ئاوێتە بووە.

شەوێك بەر لە چوونمان بە دەوری مێزی نان خواردندا دانیشتبووین کاتێك یەکێکمان لە ئەمیلی پرسی ئایا دەکرێت ئەم نەژادە گەورەیە لەڕێی نووسینە مێژووییەکان و دەست نووسەکانەوە، بەدواداچوونی بۆ بکرێت؟ ئەمیل لە وەڵامدا وتی بەڕاستی کارێکی لەم چەشنە مومکین بوو چونکە ئەو شارەی لەژێر خێوەتگەکەی ئێمەدا بووە بەژێرەوە، بەڵگەی نووسراو و متمانە پێکراوی لەخۆگرتبوو، بەس بوو ئەو بەڵگەنامانە بدۆزێتەوە و وەریان بگێڕێتە سەر یەکێك لە زمانە زیندووەکان تاوەکو پشتیوانییەکی راستەوخۆ لەسەر مێژووی ژیانی ئەم نەتەوە دێرینە بەدەست بێنن  قسەکانی ئێمە بەهاتنی پیاوێکی نەناسراو پچرا، ئەو لەدەمی دەرگای خێوەتەکەی ئێمە وەستاو مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواست، ئەمیل و ژست و چاندرسن بە پەلە چوونە پێشوازی لێکردنی، بەگوێرەی ئەو ماوەیەی کە لە سەلام و چاك و چۆنیدا بەسەریان برد بۆمان دەرکەوت کە ئەوان ئەو بەباشی دەناسن، تۆماس لە شوێنی خۆی هەستا و چووە پاڵ ئەوان، هەر کە گەیشتە دەمی خێوەتەکە ساتێك لە شوێنی خۆیدا وشك بوو پاشان بە قیافەیەکی سەرسامەوە لە کاتێکدا هەردوو دەستی بۆ پێشەوە درێژ دەکرد لە خێوەتەکە چووە دەرەوە و گوتی: پێشهاتێکی سەیرو خۆشە!

دەنگە دەنگێك لە دەرەوە پەیدابوو دەنگی هەواڵ پرسی پیاوان و ژنانێك بەرگوێ دەکەوت، هەموویان سڵاویان لە ئەمیل و ژست و چاندرسن کرد، لەو ساتەدا هەموو ئەو کەسانەی وەك من لە پشت مێزی شیو خواردنەکەوە دانیشتبوون، هەستاین و بەپەلە لە خێوەتەکە چووینە

دەرەوەو چوارده تازه هاتومان بینی لەم گرووپەدا، دایکی ئەمیل ((ماری))ش حزووری هەبوو، هەروەها خاوەن ماڵە بە بەزەییەکەمان لەو گوندە چکۆلانەی کە وەرزی زستانمان تێدا بەسەربرد، هەروەها ئەو خاتوونە مەزن و شکۆمەندەی کە لە ماڵی ئەمیل چاومان پێکەوتبوو دواجار کوڕ و کچەکەی ئەمیل لە بەرامبەرماندا ئامادەبوون هەموومان شاد و کامەران بووین و بیرەوەرییەکانی رابردوومان هاتەوە یاد.

مات و سەرسامی ئێمە تەواوبوو ئەم مەسەلەیەمان لەوان نەدەشاردەوە، بەڵام ئەم هاتنە ناوەختەی ئەوان، بۆ دۆست و هاوڕێکانی ترمان کە پێشتر هاوسەفەری ئێمە بوون، بە چەند قات زیاتر بوو، ئێمە بە دیتنی ئەوان، بینیمان لە رادەبەدەر سەرسام و حەیرانن چونکە ئەوانیش وەك ئێمە لەم مانگانەی دواییدا ئەم دەرکەوتنە لەپڕو دیارنەمانەیان بەم خێراییە و لەناکاودا نەبینی بوو ئیشە جەستەییەکانی ئەم قۆناغەی گەشتەکەمان، بە جۆرێك ئێمەیان سەرقاڵ کردبوو کە لەبیرمان چووبوو ئەزموونە سەرسوڕهێنەکانمان بەشێوەیەکی تەواوەتی و موو بە موو بۆ ئەوان بگێڕینەوە و تەنها چەند بەشێکی کورت و کەم لە رووداوە سەیرەکانمان بۆ ئەوان گێڕابووەوە، دەرکەوتنی دۆستە بەڕێزەکانمان، لە ئاسمانەوە، ئەوانی بە تەواوی سەرسام و غافڵگیر و مات کردبوو ئێمەش ئەم مەسەلەیەمان خراپ قۆستەوە و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە خەریکی گاڵتە و دەمە تەقێ بووین لەگەڵ ئەواندا.

دوای ناساندنی هەمووان، بەرپرسی خۆراك و ئازووقەکەمان، ئەمیل و تۆماسی بردە پەنایەکەوە بە قیافەیەکی دەسەوسان و نائومێدەوە گوتی: من چۆن دەتوانم نانی ئەم هەموو میبوانە بدەم؟! ئازووقەکەمان هێشتا نەگەیشتۆتە جێ. تەنانەت بۆ شیوی ئەم ئێوارە بەڕێژەی پێویست خۆراکمان نییە و شتێکی زۆریشمان بۆ بەرچایی بەیانی نییە، لەلایەکی دیکەوە، هەموو شتێك بۆ رۆیشتنمان ئامادەکراوە و پێچراوەتەوە، بەرپرسی گەشتەکەمان کەناوی ((ریمۆند)) بوو گوێی لەم قسانە گرتبوو بینیم کە ئەویش چووە پاڵ ئەوان و گوتی: پەنا بەرخودای ئاسمان! ئەم هەموو زەلامە لەکوێوە هاتوون؟!.

تۆماس بە زەردەخەنەیەکەوە رووی تێکرد و گوتی: ریمۆندی خۆشەویست، تۆ بە تەواوی پێش بینییەکەت راستە، ئەوان راستەوخۆ لە ئاسمانەوە هاتوون! ئەوان هیچ کەرەستەیەکی هەڵگرتن و گواستنەوەیان نییە ریمۆند لە وەڵامدا وتی: شتێك کە زیاتر لە هەر شتێکی تر منی سەرسام کردووە ئەمەیە کە ئەوان بە رواڵەت هیچ پەڕو باڵێکیان نییە! ئێمە دەبوو دەنگی نیشتنەوەی

ئەوانمان لەسەر زەوی ببیستایە چونکە ژمارەیان زۆرە، بەڵام تەنانەت ئەم دەنگەشمان نەبیست، هەربۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە روونکردنەوەکەی ئێوە بە تەواوی لۆژیکی و دروستە.

ئەمیل رووی لە ئامادەبووان کردوو گوتی بۆ هێورکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی بەرپرسی ئازووقەکەمان، ناچارە لەگەڵ هەموو میوانەکاندا بەشەڕ بێت لەبەر ئەوەی هیچ کام لەوان خۆراك و خواردنی لەگەڵ خۆی نەهێناوە، چونکە خواردنەکەی ئێمە بەشی تێرکردنی هەمووانی نەکرد.

بەرپرسی ئازووقەکەمان، قیافەیەکی شەرمەزار و دڵ ڕەنجاوی لە خۆگرت و روونیکردەوە هەرگیز بەنیاز نەبووە مەسەلەکە بەجۆرە راشکاوانە و بیٚ پێچ و پەنا بەیانبکات بەڵام راستییەکەی ئەمە بوو بۆ تەواوی ئامادەبووان لە خێوەتەکەدا، خواردن بە ئەندازەی پێویست نەبوو.

میوانەکان، هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد و کەشێکی خۆشی و شادی هاتە کایەوە، ئەم مەسەلەیە، دیسان بەرپرسی ئازووقەکەی دڵگران کرد.

((ماری)) دایکی ئەمیل فەرمووی هیچ جێگای ترس و نیگەرانی نییە و هیچ کێشە و گرفتێك دروستنابێت، خاتوونی خاوەن ماڵەکەی ئێمە و ئەو خانمە مەزنەی تر کە لە میوانییەکەی شەوی سەری ساڵی نوێدا ئامادەبوو گوتیان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بەرپرسیارێتی شیوی تازە هاتووەکان لە ئەستۆ دەگرن چونکە ئەوان هەموویان بەو نیازەوە بۆ ئەویٚ هاتبوون کە بۆ خوانی ئێوارە میوان بن، بەرپرسی ئازوقەکەی ئێمە وادەهاتە بەرچاو دڵنیابووە و دەسبەجیٚ پێشنیازی هاوکاری کردنەکەی ئەوانی قبوولکرد.

دەمەو ئێوارە بوو، یەکێك لەو رۆژانە بوو کە شەماڵێکی دڵگیر تەواوی بیابانی گوبی گرتبۆوە، هەرچەند هەمیشە ئەم ئەگەرە لە ئارادا بوو گەردەلوولێکی ترسناك و قورس هەڵبکات ئەم ئارامییە درۆینە بشێوێنێت، ئێمە هەموو ئەوەی وەك سفرە و سەرمێز هەمان بوو هەڵمان گرت، لەسەر مێزەکان بڵاومان کردەوە و لە دەرەوەی چوارچێوەی خێوەتگەکە بەزمێکی خۆشمان سازکرد. بۆ هەر کۆمەڵێك کە تازە دەهاتە پاڵ کۆمەڵەکەی ئێمە، دیمەنێکی دەهاتە بەرچاو کە گوزارشتی لە عەسرانەیەکی شادیبەخش دەکرد لەنێوان کۆمەڵێك دۆست و هاوڕێدا.

هاوڕێکانمان کە لە بەشی کۆتایی ئەم سەفەرەدا هاتبوونە پاڵ ئێمە، هێشتا بیچم و قەوارەیەکی واق وڕماویان لە خۆیان نیشاندەدا و بە تەواوی حەیران بوون. ریمۆند سەیرێکی قابلەمەکەی کرد و گوتی: گەر بێتو چاوەکانم بە هەڵەمدا نەبەن، گەربێتو توانای هەبێت بڕە خۆراکی ناو ئەم قابلەمانەی بەجۆرێك پەرەپێدەدا کە سەرجەم ئەم کۆمەڵە برسییە تێر بکات، من چاوەکانم تەواو بەکراوەیی دەهێڵمەوە تاوەکو روودانی پەڕجویەك ببینم، یەکیٚ لە ئێمە وتی:

بەڵێ! بێگومان چاوەکانتان دامەخەن چونکە بڕیارە کت و مت ڕووبەڕووی پەڕجویەك ببنەوە، تۆماسیش وتی: ریمۆندی خۆشەویست، ئەمڕۆ ئەمە دووەمین جارە پێشبینییەکانتان ڕاست دەردەچیت.

لەم کاتەدا، ئەو خاتوونە بەڕێزە پڕکردنی کاسە و دەوریەکانی دەسپێکرد و لە پاڵ قابلەمەکە دانیشت و سەرقاڵێ تێکردن بوو، هەر کە دەوریەك تێدەکرا، دەیدا بە یەکێك لە ئامادەبووان و دەورییەکی تری پڕدەکرد، ئەم کارە هێند درێژەی کێشا تاوەکو قاپ و دەوری سەرجەم ئامادەبووان لێوان لێوبوو لە خواردن.

بەڕادەیەك کە دەورییەکان پڕ دەبوون لە خواردن، ئێمە دەمانتوانی نیگەرانی زۆرتری ریمۆند ببینین، کاتێك نۆرەی ئەو هات، ئەو بەشەکەی خۆی بە ئەوەی تەنیشتی بەخشی و گوتی دەتوانێت بە بەشێکی زۆرکەمتر قایل بێت بەڵام خاتوونی خاوەن ماڵەکەمان، بەڕوویەکی کراوەوە وەڵامی دایەوە کە هیچ مایەی نیگەرانی نییە، خواردن بە ئەندازەی پێویست بۆ هەموو لایەك هەیە. دوای ئەوەی خواردن بۆ هەمووان تێکرا، ریمۆند جاریکی تر سەیرێکی قابلەمەکانی کرد و بینی کە هیچ لە قەبارەی خواردنەکە کەمی نەکردبوو، ئەو لە شوێنی خۆی هەستاو گوتی: لەگەڵ ئەوەی کە رەنگە بە کەسێکی بێ ئەدەب و داماڵڕاو لە نەریتی کۆمەڵایەتی بناسێنرێم، بەڵام خانمەکان داواتان لێدەکەم لە پاڵ ئێوەدا دانیشم، دانی پێدادەنێم کە هەستێکی بەدواداچوونی ورد بەسەر مێشکمدا زاڵبووە، بەجۆرێك توانای خواردنی پارویەکم نییە.

ئەو خاتوونە رێزدارانە لە وەڵامدا گوتیان گەر بێتو ریمۆند بەنیاز بێت لە پاڵ ئەوان دابنیشتایە، ئەوان ئەم کارەی ئەویان نەك تەنها بەکارێکی پەسەند و ماقووڵ لەبەرچاو دەگرن، بەڵکو خوازیاری ئەمەش بوون، ریمۆند دوای مۆڵەت وەرگرتن، سووڕێکی خوارد و لە قەراغی سفرەکەدا، لەنێوان ماری و ئەو خاتوونە پایە بەرزەدا دانیشت.

کاتێك ریمۆند دانیشت، کەسێك داوای نانی کرد، لە سەبەتەیەکداکە وەك سەبەتەی نان سوودی لێوەردەگیرا، تەنها کولێرەیەك مابوو، ئەو خاتوونە مەزنە دەستی ڕاداو کولێرەیەکی گەورە لەم ساتەدا دەرکەوت، ئەو کولێرەکەی بە خاتوونی خاوەن ماڵەکەی ئێمەدا ئەویش دەستیکرد بە پارچە پارچەکردنی، ریمۆند داوای مۆڵەتی کرد و لە شوێنی خۆی هەستا تاوەکو ئەو کولێرە بەو جۆرەی کە هەبوو لە نزیکەوە ببینێت کولێرەکەیان پێدا، ریمۆند بۆ چەند ساتێك، بە گومان و دڕدۆنگییەوە تەماشای کولێرەکەی کرد، پاشان دایەوە دەستی خاتوونی

خاوەن ماڵ، شوێنەواری سەرسام بوون بە تەواوی بە رووخسارییەوە دیاربوو چەند هەنگاوێك لە ئێمە دووركەوتەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ لامان و راستەوخۆ رووی لەو خاتوونە مەزنە كرد و گوتی: هەرگیز حەزناكەم بە روودارو بێ ئەدەب دەربكەوم، بەڵام هزر و بیری من بەجۆرێك ژێراو ژوور بوون كە ناتوانم خۆم لە كردنی چەند پرسیارێك بدزمەوە، ئەو خاتوونە میهرەبانە سەری داخست و دڵنیای كردەوە بە تەواوی ئازادە چەندی پێ خۆشە پرسیاری لێبكات ریمۆند گوتی: ئایا ئێوە دەتانەوێت بەمن بڵێن دەتوانن سەر لەبەری یاسا سروشتییەكان لەبەرچاو نەگرن لانیكەم ئەو یاسایانەی كە لێیان ئاگادارین و ئەم كردەوانەش بەبێ كەمترین سەختی ئەنجامدەدەن؟ ئایا دەتانەوێت بڵێن كە ئێوە دەتوانن نان لە گەنجینەیەكی نەبینراوەوە، بۆ ئێمە بهێنن؟ ئەو خاتوونە لە وەڵامدا گوتی: ئەو گەنجینەیە بۆ چاوەكانی ئێمە نەبینراو نییە و هەمیشە دیار و شیاوی دیتن دەبێت.

بە ئەندازەی ئەوەی خاتوونی خاوەن ماڵەكەی ئێمە نانەكەی دەبڕی و دابەشیدەكرد، تێبینیمان دەكرد تۆزقاڵێك قەبارە و درێژی ئەو نانە، كەمی نەدەكرد، ریمۆند ئۆقرەی گرت، لە شوێنەكەی خۆی دانیشت خاتوونە مەزنەكەش درێژەی بە قسەكانیدا: گەر بێتو ئێوە بتانتوانیایە دەرك بەوە بكەن كە تراژیدیای ژیان و زیندەگی عیسا بە لەخاچدانی كۆتایی هات و خۆشی و ژیان لە رۆحە خودابیەكەی ئەودا بە زیندووكردنەوەی پیرۆزی ئەو دەستپێكرد ئیدی هیچ گرفتێكتان نابێت! هەر ژیانێك دەبێت ئامانجەكەی زیندووبوونەوە بێت نەك لە خاچدان، بەم پێیە هەر بوونەوەرێك لە توانای دایە، ئەو رۆحە خوداییەی كە لە وجودی ئەودا بەشێوەیەكی بێ پایان هەیە، بدۆزێتەوە، ئایا دەتوانرێت ژیان و زیندەگییەكی شادو دەوڵەمەندتر لە هەبوونی پەیوەندییەكی نزیك لەگەڵ دەسەڵاتی بێ پایانی رۆحی خودایی دەروونتان هەبێت؟ بەم رۆحە خوداییە ئێوە دەتوانن تێبگەن كە بۆ زاڵبوون بەسەر هەر شتێك و هەر شێوەیەكدا خەڵقكراون و بەسەر هەر ئەندێشە و گوفتار و هەلومەرجێكدا، دەسەڵاتتان هەیە. بە گوزەران كردن لەم ژیانەدا، كە سەرجەم نیازەكان تێردەكات، ئێوە تێبینی دەكەن تا چ رادەیەك لە حاڵەتی ورد و زانستی بەهرەمەندە، عیسا ژمارەی ئەو چەند كولێرەو چەند دانە ماسییە راوكراوەی پەرەپێدا تاوەكو توانی ئەو هەموو خەڵكە تێر بكات، لەبیرتان نەچێت داوای لە خەڵكەكە كرد بە رێك و پێكی و لەباری چاوەڕوانی و ئومێدەواریدا یاسای بەدیهێنان و دەركەوتن، رێژەكەی زۆر كرابوو، بۆ دۆزینەوەی كامەرانی و خۆشنوودی لە ژیاندا پێویست بوو، عیسا یاسای ژیانی خۆی بخاتە قۆناغی جێبەجێكردن و بەهاوئاهەنگییەكی تەواو لەگەڵ

ئامانجەکانیدا، دەستبەکاربوو، پێویست ناکات مرۆڤ بەمە بەسەندە بکات بێ ئامانج بمێنێتەوە و لە خۆی بپرسێت کە بە چ شێوەیەك و چۆن تێر دەبێت، هەروەك چۆن عیسا بەم جۆرە کاریکردووە، ئەو کۆمەڵە هەرگیز تێر نەدەبوو، بەڵام لەجیاتی ئەم کارە، ئەو بەوپەڕی ئارامشەوە هەمووانی پیرۆزکرد، لەوەی کە هەیبوو، سوپاسی خواوەندی کرد و ئەو برە خۆراکە بۆ ئەوەی بەشی پێداویستییەکانی هەموو ئامادەبووان بکات، زۆر بوو بەرەکەتی تێکەوت.

ژیان کاتێك بوو بە گرفتێکی دژوار و چارەسەر نەکراو کە مرۆڤ خۆی دزییەوە لە گوێگرتن لە هاواری دەروونی خۆی و سەرپێچی کرد، ئەو دەمەی لەم کارە تۆبە بکات و سەرلەنوێ فێر بێت بەدەم هاواری دەروونی خۆیەوە بچێت، بۆ گوزەران، دەست لەکارکردن هەڵدەگرێت، ئەو چیتر تەنها بۆ چێژی خەڵقکردن، دەستبەکار دەبێت، مرۆڤ دەچێتە ناو جیهانێکی پڕ لە خۆشی و شادی داهێنان کە قەڵەمڕەوەکەی لەژێر دەسەڵاتی یاسای ئیلاهی یا کەلامی خوداییدایە، بەم جۆرە مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت دەتوانێت لە رەگەزی خوداییدا بجولێت، رەگەزێك کە هەموو شتێك لە عەشقدا لەخۆ دەگرێت مرۆڤ یارای ئەوەی دەبێت سەرجەم ئارەزوو ئەندێشەکانی بەرجەستە بکات و بیان بینێت، عیسا بەم شێوەیە، پلە بە پلە سەرکەوت و باڵادەستی رۆحی خودایی ناخی خۆی نیشاندا و بە پێی شعوری سنوورداری ئەندێشەی ماددی نمایشی کرد، دوای ئەم کارانە، کارو چالاکی دەگۆڕدرێن بۆ ماهیەتێکی شادی بەخش لە وجودی مرۆڤدا.

عیسا دەریخست کە ژیانی واقیعی رۆحانی تاکە جۆری ژیانی شادی هێنەرە، ئەم سەرکەوتنە سەراپای ئەوی کردە شکۆمەندی شانازی و لە هەمان کاتدا ئەوی وەك منداڵێك، ئازاد و رەها کرد، جیهان هێشتا لەگەڵ ئەم جۆرە ژیانەدا رانەهاتووە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا دنیا خوازیاری شادی و پیرۆزکردنی زۆر و فەڕ و بەرەکەتی بێ پایانی ئەم جۆرە ژیانەیە. زۆرێك لە خەڵك، لە ئامانجە کەسییەکاندا بەشوێن رەزامەندی وکامەرانی خۆیاندا دەگەڕێن، ئەوان ئەم یاسا بنەڕەتیەیان لەبیر بردۆتەوە کە بە گوێرەی ئەوە، هەر جۆرە هەوڵ و تەقەلایەك بۆ ئامانجی کەسی، بێ هودەو بەفیڕ چوو دەدرێتە قەڵەم بەڵام تۆ چ دانەیەك لە دوای یەکەکانی ئەوان وردە وردە دێنێتەوە هۆش و تێدەگەن هەرەس و شکست لە ئاکامی دژواریدا بڵند بوونەوە و بەرزی ئاکامی رۆحانی و مەعنەوی لێدەکەوێتەوە، لە کۆتاییدا تەنها رەفتارێك حزووری هەیە کە خواوەند دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت، بەزەیی خۆی بخاتە ڕوو، پێشهاتەکانی ئەمڕۆ، یەکێکە لە هەمان بەزەییەکانی خودا، و ئەمە کامەرانییەکی گەورەیە بۆ ئێمە کە لێرە بەیەك بگەین.

ئێوە مافی سەرجەم بەرەکەت و ناز و نیعمەتەکان و لوتف و میهرەبانی خواتان هەیە، خۆتان ئامادەی وەرگرتنیان بکەن، ئەم کارە لەڕێی ناسین و مەعریفەی سروشتی ئیلاهیتانەوە کە هەمان خودای بەرز و بالآیە دێتە ئەنجام، ئەوەدەمەی لە ئەندێشەدا، لە خوای خۆتان دووردەکەونەوە، لە کاتی تەجەلیشدا لە ئەو دوور دەکەونەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوی بچنە ناو خۆشییەکانی ژیانەوە، پێویستە زیندەگی و گوزەران و شادیتان رێك بۆ ئەو چێژە بوێت کە بە مرۆڤایەتی دەبەخشرێت. لەم ساتەدا، ئەو خاتوونە مەزنە رووی لە ریمۆند کرد و گوتی: عیسا کۆمەڵە یاسایەکی فێردەکرد کە بۆ ئاسمان لەسەر ئەم تۆپە خاکییە بە پێویست بوو، ئێوە تا ئەندازەیەکی زۆر کەم بەرقەرار بوونی ئەم یاسایانەتان بینیووە، ئەم یاسایانە ورد و زانستین.

لەوێوە کە مرۆڤ، مەخلوقی خۆشەویستی خودایە و بەڕاستی ئەندێشەی واقیعی خواوەند لە وجودی ئەودایە، کەواتە دەتوانێت یاساکانی ئەو زاتە پاك و پیرۆزە کە ئەوانی وەدیهێناوە، دەرکبکات و کەڵکیان لێوەربگرێت مرۆڤ دەتوانێت بەهای بنچینەیی ئەم یاسایانە و دەرهاویشتەکانیان بە تێرو تەسەلی لە قەڵەمڕەوی کارە جۆراوجۆرەکاندا پیشانبدات. تەنها بەسە کە ئەم مەسەلەیە بخوازێت ئەو دواتر گوتی بەوپەڕی پێخۆش بوونەوە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی ریمۆند دەداتەوە ریمۆند گوتی: کە لە ڕادەبەدەر شێواوە تاوەکو بتوانێت پرسیاری دیکە بکات، ئەو حەزی دەکرد بۆ جێگایەك بڕوات و کەمێك رابمێنێت و بیر بکاتەوە، ئەو وتی کۆمەڵێك قسە هەبوو پێی خۆش بوو بیانکات و هیوادار بوو کە نەبنە مایەی دڵگرانی هیچ کام لە ئامادەبووان چونکە بە هیچ شێوەیەك نیازی رەخنەگرتنی لە کەس نەبوو، ئەو گوتی: ئێمە هاتین بۆ ئەم وڵاتە چونکە لەو بڕوایەدابووین کە دەتوانین پاشماوەکانی گەل و نەتەوە زۆر دێرینەکان بدۆزینەوە کە ماوەیەکی دورودرێژ لەمەوبەر لەناوچووبوون و ئیدی هیچ شوێنەوارێکیان نەمابوو، لەجیاتی ئەمە، ئێمە کۆمەڵە مرۆڤێکمان چاوپێکەوت کە تەنانەت توانای دەرککردنی ژیانی نائاسایی و سەرسوڕهێنەری ئەوانمان نییە، گەر بێتو ئەو شتانەی بە چاوی خۆمان بینیمان، لە وڵاتی خۆمان بە چاپمان دەگەیاند، تەواوی خەڵکی دنیا بۆ ئێرە پەلکێش دەکران.

ئەو سێ خاتوونە مەزنە لە وەڵامدا وتیان بە هیچ شێوەیەك حەز ناکەن تێکڕای خەڵکی جیهان بۆ ئێرە پەلکێش بکرێن. ئەوان روونیان کردەوە کە مرۆڤایەتی بە ئەندازەی پێویست پەیڕەوی لە بتی جۆراوجۆر دەکەن و کڕنۆشیان بۆ دەبات تا ئەوەی بتی تر بۆخۆی بدۆزێتەوە و خەڵکی بە ئەندازەی پێویست پەیڕەوی لە ئامانجی جۆراوجۆر دەکەن.

لەو دەمەدا، سەرجەم میوانەکانمان، جگە لە پیاوێك کە زووتر لە هەمووان هاتبووە ناو خێوەتەکەی ئێمە، لە شوێنی خۆیان هەستان و وتیان ناچارن بڕۆن، ئەوان بە میهرەبانییەوە

تەوقەیان لەگەڵ کردین و داوایان لێکردین هەر کاتێك پێمان خۆش بێت دیسان سەردانیان بکەین، پاشان بە هەمان شێوە کە دەرکەوتبوون، بەخێرایی لەبەرچاو ون بوون و ریمۆند و ئەندامانی گرووپەکەی بە چاوێکی ئەبڵەقەوە لە شوێنی خۆیان وشك بوبون، پاشماوەیەك ریمۆند رووی لەو پیاوە کرد لە نێوانمان مابووەوە و پرسیاری ناوەکەی لێکرد، پیاوەکە لە وەڵامدا وتی ناوی باگت ئیراندە[1]. ریمۆند گوتی: ئایا ئێوەش ئیدیعای ئەوە دەکەن بە ئارەزووی خۆتان دەتوانن بەبێ سوود وەرگرتن لە هۆکاری گواستنەوە و ((بینراو)) بۆ هەر شوێنێك بڕۆن؟ رێك وەك ئەو شێوازەی هەنووکە بینیمان؟ ئایا لافی ئەوە لێدەدەن کە تواناتان هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی گشت یاسا کەشفکراوەکانی فیزیك و هێزی کێشکردنی زەوی ئەم کارە ئەنجامبدەن؟.

باگت ئیراند لە وەڵامدا وتی: ئێمە هیچ یاساییەك پشتگوێ ناخەین پشت ناکەینە هیچ یاسایەکی ئیلاهی یان پێشێلی ناکەین. ئێمە تەنها هاریکاری ئەم یاسایانە دەکەین، ئێمە بەگوێرەی یاسا سروشتی و خواییەکان کاردەکەین، ئەو هۆکارانەی گواستنەوە کە ئێمە بەکاریان دەهێنین نەبینراون واتە بۆ ئێوە شیاوی دیتن نین بەڵام بۆ ئێمە بە تەواوی بینراون.

ئەم کێشەیە بەڕاست لەم مەسەلەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئێوە بە نەبینی ئەوان، بڕواشتان پێیان نییە، ئێمە ئەوانە دەبینین، هەر بۆیە باوەڕمان پێیان هەیە، ئێمە ئەوان دەناسین و دەتوانین سوودیان لێوەربگرین، ئێوەش چاو لە ئێمە بکەن و تێبینی دەکەن کە ئەوان بەتەواوی یاساگەلێکی وردن و دەتوانن بە چەند قات زیاتر لە یاسا سروشتییە مرۆییەکان، خزمەتی مرۆڤ بکەن چونکە یاساکانی ئێوە سنووردارن، ئێوە مرۆڤە فانییەکان، بەم دواییانە تا رادەیەك، بە هەندێك لە توانا مرۆییەکان ئاشنا بوون، ئێمە هەمیشە بە تاسەو تامەزرۆییەکی زۆرەوە ئامادەین، لە هەر کارێکدا یارمەتی ئێوە بدەین)) چاندرسن روونی کردەوە کە باگت ئیراند هاتووە بۆ ئێرە تاوەکو ئێمە بانگهێشت بکات لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ خێوەتگەی سەرەکیمان بۆ گەرانەوە بۆ وڵات، بە گوندەکەی ئەودا گوزەر بکەین و میوانی ئەو بین لەو ساتە وەختەی وەرزی ساڵدا، وادیار بوو رێگا، بە ئەندازەی مەودای رۆژێك سەفەری ئاسایی، کورتتر دەبووەوە، ئێمەش بەوپەڕی تاسەوە بانگهێشتەکەی ئەومان قبووڵکرد و باگت ئیراند ئێمەی ئاگادارکرد بەنیازە هاورێیەتیمان بکات، ئێمە دواتر بۆمان دەرکەوت ئەو یەکێك لە پاشماوەکانی گەلێکی دەوڵەمەندە کە لەسەردەمی کۆن لەم ناوچەیەدا، لە بیابانی گوبیدا ژیاون.

* * *

(۱) Bagget irand.

## بەشی دەیەم

دوای ئەوەی ئیش و کاری بە کۆمەڵمان کۆتایی هات، ئێمە ئامادەی گەڕانەوە بووین بۆ شوێنی پێشوومان، بڕیاربوو گرووپە کەشافەکەی ئێمە لێك جیا ببنەوە و هەر کەسێك بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە و تەنها گرووپێکی پێکهاتوو لە یانزە کەس کە منیش لەڕیزی ئەواندا بووم، لەو ناوچە خۆش و دیدەنییەدا بمێنینەوە، چوار کەس لەم یانزە کەسە کە منیش لەوان بووم، بانگهێشتی دۆستە بەڕێزەکانمان بۆ گەڕانەوە بۆ هەمان ئاوایی کە وەرزی زستانمان لەوێ گوزەراندبوو، قبوڵکرد و بڕیار بوو بۆ ئەوێ بڕۆین.

شەوێك بەر لە ڕۆیشتنمان، لەکاتێکدا سەیری خۆرئاوا بوونمان دەکرد، یەکێك لە ئێمە پرسیاری کرد: لە چ سەردەمێکەوە، شارستانی و ئایین بوونی هەیە؟ ئایا ئەم ئایین و ڕێباوەڕانە بەدرێژایی هەزاران ساڵی رابردوو، بەڕاستی پێکەوە گرێدراو و وابەستەبوون؟

ژست لە وەڵامدا وتی: ئەمە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە کە ئایین بە چ شێوەیەك لە زەینی خۆتاندا لێك دەدەنەوە، ئەگەر بێتو باس لە بیروباوەڕ و گریمانە و فەلسەفە و توێژ و پۆلێن کارییەکان و تا ئەندازەیەك خورافات دەکەن، دەبێت بوترێت کە هەموو ئەم شتانە، پێشینەیەکی کۆنیان هەیە و نوێ نین لەڕاستیدا پێشینەی ئەوان لە بیست هەزار ساڵ تێپەڕ ناکات، بەڵام گەر بێتو ڕێزگرتن لە فەلسەفەی راستەقینە و واقیعی ژیان و وجودەکە بۆ خۆی ژیانە و لە ئاکامدا بۆ پاکی لە ڕادەبەدەری خواوەند کە هەمان هۆکاری هەرە گەورەی بەدیهێنەرە، لەم حاڵەتەدا دەبێت بڵێم کە ئەم هەستە لە مێژووی مرۆڤایەتیشی کۆنترە و لە تێکڕای ئەفسانە و داستانە ئیلاهییەکان و ئەوانی دیکەش دێرین ترە، ئەم بیروباوەڕ و فەلسەفەیە بۆ هاتنی یەکەم مرۆڤ بۆ سەر زەوی دەگەڕێتەوە، بەر لە وەرگرتنی دەسەڵاتی گشتی لەلایەن پادشا و ئیمپڕاتۆرەکانەوە، بەر لە گوێڕایەڵی کردنی یاساگەلێك کە لەلایەن خودی مرۆڤەکانەوە دانرابوو.

لە دڵی یەکەم مرۆڤدا، گەورەترین عەشق و پەرستش بۆ سەرچاوەی ژیان و جوانییەکانی ژیان هەبوو، جوانی و پەرستشێك کە لەڕێی ئەم رۆحە پاك و بێ خەوشەوە دەدرەوشایەوە، بۆ ماوەی هەزاران هەزار ساڵ، بەبێ تۆزقاڵە زەرەیەك کەم بوونەوە بەردەوام لە درەوشانەوەدا بوو بۆ هەتا هەتایەش درێژەی بە درەوشانەوەی خۆی دەدا، سەرەتا ئەوەدەمەی مرۆڤ بوو بە خاوەنی ژیان، سەرچاوە و زێدی ئەو ژیانەی بە باشی دەزانی و دەیناسی و باڵاترین رێز و پەرستشی بۆ دادەنا، هەر ئەم پەرستش و خۆشەویستییەیە کە ئەمڕۆ بە رۆحی خودایی ناوی دەبەین.

بەڵام رێڕەوە پڕ قەمچ و پێچ و تاریکەکانی زەمەن، مرۆڤەکانی بۆ گرووپی جۆراوجۆر و جیاواز پۆلێن کرد و جۆرەها بیروباوەڕ و فەلسەفەی جیاواز هاتە کایەوە، بەجۆرێك کە هەر رێڕەوێك پێچاو پێچ تر لە بێ باوەڕی و خورافات فۆرمەلە بوو، چ کەسێك لە نێوان خودا یا مرۆڤ، ئەم چەشنە پۆلێن کردنەی دروستکرد؟ چ کەسێك بەرپرسیارە لەم جۆش و بزاوتە و ئەم سەرکێشیەی گوناە و ناهاوئاهەنگی؟

ئەم پرسیارە بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە لە خۆتان بپرسن و بۆ چەند ساتێك بیریان لێبکەنەوە: ئایا خودا لە پنتێك لە ئاسمانەکاندا دانیشتووە و تەماشاکەرێکی بێ باکی ئەم هەموو گەندەڵی و نا هاوئاهەنگییەیە؟ ئایا لەلایەك دەست لە کاروبارەکان وەردەدات و لەلایەکی دیکەشەوە گرفت و هەل و مەرجی کارەکانی تر لەناو دەبات؟ ئایا ستایشی کەسێك دەکات و کەسێکی تر ڕسوا دەکات؟ ئایا دەستی کەسێك دەگرێت و لاشەی یەکێکی تر پلچ و پان دەکاتەوە؟ نەخێر، گەربێتو ژیان بەخشی راستەقینە بوونی هەبێت پێویستە هەمیشە بە دەسەڵات و توانا بێت و لە هەموو جێیەك حزووری هەبێت. دەبێت لە پشت هەر شتێك و بەدەوری هەر شتێك و دواجار لەناو هەر شتێکدا حزووری هەبێت، ئەو بەسەر هەموو شتێکدا و بەناو هەموو شتێکدا ژیان و وجود تێدەپەڕێنێت.

بە پێچەوانەوە ناتوانێت چاوگ و سەرچاوەی هەر جۆرە ژیان و وجودێك بێت، بێگومان فۆرمی زۆر و جیاوازبوونیان هەیە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ چاوگ و سەرەتاکەیان، مرۆڤ دەتوانێت ئامانجەکانیان بدۆزێتەوە، ئەم کۆمەڵە خولانەوە بازنەیەکی سەیر پێکدەهێنێت کە نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی، بە دەربڕینێکی تر، نە بنەمایەکی بۆ بەڵگاندن هەیە، نەگریمانەیەك، نە هەقیقەتێك.

کەسێك پرسیاری کرد، ئایا هەوڵدەدەیت بەسەر مردندا زاڵبیت؟ ئەو لە وەڵامدا وتی: ئاه هەرگیز! ئێمە لە مردنیش بانتر دەڕۆین چونکە مۆڵەت بە ژیان و وجود دەدەین کە لە ترۆپکی

کەماڵدا خۆیان مانفێست بکەن، بە جۆرێکی وا کە مردن لەبەرچاو ناگرین، زۆربەی مرۆڤەکان دووچاری هەڵەیەکی بنەڕەتی دەبن چونکە هەوڵدەدەن ئایینەکەیان لە پشت پەردەیەکی دزە تێنەکراو، یا وەك راز و نهێنیەك بشارنەوە و هەوڵنادەن بیخەنە بەر دیدی هەمووان و لە فەزای پان و بەرین و بێ کۆتایی خۆری رەسەنی ئیلاهیدا بخەنەڕوو، بۆ ئێمە هیچ شتێك مەگەر وجود و ژیان بە پلەیەکی زۆرتر و فراوانتر بوونی نییە یەکێك لە ئێمە پرسیاریکرد کە ئایا عیسا لەگەڵ ئەو مامۆستا مەزن و بەڕێزانەی کە شانازی ئاشنابوون بەوانمان دەسکەوت بوو، ژیان بەسەر دەبات؟ ژست گوتی: نەخێر، عیسا لەناو ئێمە ناژی. ئەو تەنها بەهۆی هزر و ئەندێشە هاوبەشەکانمان، دێت بۆ لای ئێمە، بە هەمان ئەندازە کە بۆ لای هەموو ئەو کەسانە دەڕوات کە هزری هاوبەشیان لەگەڵ ئەودا هەیە و بەیادی ئەوەوە دەژین.

عیسا وەك زۆربەی رۆحە پاك و بێگەردەکان، وەك پێغەمبەرانی گەورەی خودا، تەنها بۆ خزمەتکردن بە خەڵك دێت بۆ سەر زەوی.

ژست درێژەی دایە: لە درێژەی یەکێك لە مانەوەکانیدا لە ئەفریقای باکوور بوو کە عیسا کتێبخانەیەکی دەستکەوت کە سەرجەم کتێبەکانی لە هیندستان، ئێران و ناوچەکانی پشت شاخەکانی هیمالایاوە هێنرابوون.

ئەمە یەکەمین پەیوەندی ئەو بوو لەگەڵ بیروباوەڕی پەنهان و شاراوەی (برایەتی)(١)دا ئەم مەشق و فێرکردنە، ئەم ئاکامەی لێکەوتەوە کە ئەو زیاتر لە جاران قایل بێت کە نهێنی راستەقینەی ژیانی ئیلاهی لەڕێی رۆحی خودایی هەبوو لە هەر مرۆڤێکدا، دەردەبڕێت و گوزارشتی لێدەکرێت، ئەو بۆی دەرکەوت گەر بیوستیایە بە تەواوی بەیانیبکات، پێویستە دەست لە تێکڕای فۆرمەکانی پەرستش هەڵبگرێت و تەنها خەریکی خودا پەرستی بێت، پێویست بوو لە مامۆستاکانی دوورکەوێتەوە، گرنگ نەبوو لۆمە و سەرکۆنە بکرێت و گرنگ نەبوو کە دەبووە مایەی ناڕەحەتی ئەوان، ئەم خاڵانە هەرگیز ئەویان پەشیمان نەکردەوە، چونکە ئەو بە جۆرێکی لە بن نەهاتوو وابەستە و پابەندبوو بە باوەڕەکەیەوە و تەنها ئەو خزمەت گوزارییە بێ شومارانەی لەبەرچاو گرتبوو کە دەیتوانی پێشکەش بە مرۆڤایەتیان بکات.

(١) لە دەقە فەرەنسیەکەدا زاراوەی Confraternite کە دەتوانرێت بە وێنەی (کۆڕی برایەتی) یا (کۆمەڵە بیروباوەڕی برایەتی) وەربگێڕدرێت.

ئەو لە ئیلهامێکدا، مرۆڤی بینی گەیشتووە بە دەسەلاتی بالای ئەم حزوورە گەورەی ناخ، لە ئیلهامەکەیدا، مەخلوقی خواوەند (مرۆڤ)ی بە جۆرێك بینی کە بۆتە خاوەنی فەزیلەت و ژیری خواوەند لە ترۆپکی گەشەکردنیدا، ئەو مرۆڤێکی بینی کە دەوڵەمەند بووە، ئەویش بەهۆی بە خەرجدان و بەخشینی سەروەت و سامانی تێکڕای گەنجینەکانی خودا، مرۆڤێك کە ئاوی سەرچاوەکانی ژیان و وجودی خستۆتەگەڕ و خواوەندی لە ترۆپکی ئیمان و پارێزکاری و فەزیلەتدا، مانفێست کردووە گەر بێتو مرۆڤێکی لەم چەشنە دەبوایە لەسەر رووی زەویدا سەرهەڵبدات پێویست بوو کە بە جۆرێك خۆی بناساندایە کە داماڵراوبێت لە هەر حەز و خاوەنداریێتییەك، پاشان پێویست بوو جۆرێك لە ژیانی خواناسانە و پیرۆز درێژە پێبدات و خاوەن ئامانج و مۆتیڤی پوخت و رەسەن بوایە، پاشان تەواوی پەرجووەکان روویان دەدا، لە بەرامبەر دەرکەوتنی کردەی ئەم جۆرە ژیانەدا بوو کە ناوی رۆحی خودایی هاتە ئارا.

عیسا بەوپەڕی جوامێرییەوە بە ئاشکرا لەبەردەم هەمووان‌دا رایگەیاند کە رۆحی خودایی نەك تەنها لە وجودی ئەودا، بەڵکو لە وجودی تێکڕای مرۆڤەکاندا حزووری هەیە، دەنگێکی ئاسمانی کە ئەوی وەك مەخلوقی خۆشەویستی خوا دەناساند، ئەم حەقیقەتەشی رادەگەیاند کە سەرجەم مەخلوقە مرۆییەکانی خواوەندی بالا، میراتگری دوایی و برای یەکترن، ئەم قۆناغە، لەگەڵ بەسەرهاتی ((غسل تعمید))ەکەیدا، گەیشتە ترۆپك رۆحی پیرۆز لە ئاسمانەوە، هەروەك کۆترێکی سپی دابەزییە خوارەوە و لە وجودی ئەودا مایەوە، عیسا ئیدیعای ئەوەی دەکرد ئێمە هەمووومان خودا گەلێکین کە دابەزیوینەتە سەر زەوی، ئەو ئێمەی فێرکرد کە جەهل و نەزانی فاکتەری گشت گوناهەکانی سەر زەوییە، ئەو بینی بۆ جێبەجێ کردنی زانستی بەخشین و لێبوردەیی، پێویست بوو مرۆڤ بە تەواوی ئاگای لەم واقیعە بێت کە مرۆڤ خاوەنی توانای بەخشینی تەواوی گوناهەکانە و دەتوانێت تێکڕای پێکدادان، ململانێ، ناهەماهەنگییەکان و گرفتەکان لەناو ببات ئەوە خودا نییە کە گوناهەکان دەبەخشێت، چونکە خودا هیچ پەیوەندییەکی بە گوناه و نەخۆشی و ناڕەحەتی و ناهەماهەنگییەکانی مرۆڤەوە نییە.

جەهل و نەزانین نەناسین و ئاگا نەبوونی تەواو و پێویست لە ئەندێشەی ئیلاهی دەگرێتە خۆ، مانای وایە لە پەیوەندییەکانی (ئەسڵی بەدیهێنەر) لەگەڵ مرۆڤدا تێناگات، مرۆڤ دەتوانێت لە سەرجەم مەعریفەی زەینی و گشت ئەزموونەکانی لە کاروباری جیهاندا بە ئاگا بێت، لەگەڵ ئەمەشدا، گەربێتو ئەم حەقیقەتە قبووڵنەکات کە رۆحی خودایی، هەمان رەگەزی زیندووی خودایە کە مەوجودەکەی ناخی مرۆڤ تەژی دەکات لە عەشق و ژیان، بەجۆرێکی بێ

ئەدەبانە و ناباو، باسی لە جەهل و نەزانی خۆی کردووە، چونکە لەمەڕ گرنگترین فاکتەری زاڵ لە ژیاندا، شتێکی نەزانیوە و پەی پێنەبردووە.

گەر بێتو لە باوکێکی تەواو دادپەروەر و میهرەبان و خاوەن خەسڵەتە باشەکانی مرۆڤ بخوازین کە نەخۆشییەك یا گوناهێك نەهێڵێت، کارێکی نادروستمان ئەنجامداوە و بە هەڵەدا چووین، نەخۆشی ئەنجامی راستەوخۆی گوناهە، لێبوردن و بەخشندەیی فاکتەرێکی گرنگن لە چاك بوونەوەدا، نەخۆشی بەو جۆرەی کە خەڵك بە گشتی بڕوایان پێی هەیە، تۆڵە سەندنەوەی ئیلاهی نییە.

دەرەنجامی راستەوخۆی ئەم واقیعیەتە تاڵە ئەمەیە کە مرۆڤ هێشتا خودێتی واقیعی خۆی نەناسیوە، عیسا فێریکردین کە حەقیقەت، مرۆڤ ئازاد دەکات و بیروباوەڕەکەی زیاتر لە بیروباوەڕی مامۆستایانی پێش ئەو، لە شوێنی خۆیدا مایەوە و هەرگیز لەناونەچوو.

ئەو دەمەی بەترۆس گوتی کە حەوت جار بەخشراوە، عیسا لە وەڵامدا وتی کە حەوت جار حەوت جار دەبەخشرێت و هێندە ئەم کارە درێژە پێدەدات تاوەکو بەخشین و لێبوردەیی جیهان دادەگرێت، بۆ ئەو جەختی لەسەر عەشق کردەوە، نەك تەنها لەو کاتانەدا کە رق و بێزاری لە ئەو نزیك دەبوونەوە، بەڵکو تەنانەت لە کاتێکیشدا کە رق و تووڕەیی دەبینی لە دونیای چواردەوریدا بانگەشەیان بۆ دەکرا، حەقیقەت بۆ ئەو، رووناکییەکی کەسی بوو کە دەیتوانی هەر کەسێك بە زیرەکی و دەرککردنی پێویستەوە سوودی لێوەربگرێت، لە تاریکی و نەفامی دەربازی بکات و بە باشی رێنمایی بکات، ئەو دەیزانی هەر رزگارکەرێك، لەگەڵ خوای خۆیدا پەیمان دەدات تا تێکڕای گوناهەکان دەسبەجێ و بۆ هەمیشە ببەخشێت و رووبەڕووی هەر هەڵە و لێتێکچوونێك سەبارەت بە حەقیقەت ببێتەوە، بەم پێیە ئەو خەریکی کاروبارەکانی خالیقی خۆی بوو، عیسا بینی و بۆی دەرکەوت ئەمە تەنها گۆڕینی جیهان و بەرقەرارکردنی ئاشتی و لێبوردەیی و هەماهەنگییە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەر بۆیە گوتی ((گەر بێتو ئێوە لە گوناهی مرۆڤەکان خۆش بن، خواوەندیش لە گوناهەکانی ئێوە خۆش دەبێت)) بۆ تێگەیشتنی تەواو لەم رستەیە و پەی بردن بە بەهای راستەقینەی، رەنگە لە خۆتان بپرسن: ((خواوەند کێیە؟)) خواوەند ژیان، عەشق، دەسەڵات، زاڵبوون و هەموو ئەو شتانەی کە لەڕێی میراتی سروشتییەوە، بە مرۆڤ دەگات، ئەمە هەر ئەو شتەیە کە ((پۆلس)) دەیویست بە ئێمەی

بگەیەنێت کاتێك لە شوێنێکدا نووسی ((ئێمە مرۆڤ، میرات گرانی پێ بە پێی رۆحی خوداین بۆ دەست بەسەراگرتنی قەڵەمڕەوی خودایی، ئەمە بەم مانایە نییە کە مرۆڤێك زیاتر لە مرۆڤێکی تر ببات و یاخود ئەوەی کە مرۆڤێکی باشتر یا گەورەتر، باشترین بەش وەربگرێت و پاشماوەکەشی، لە نێوان مەخلوقاتە کەم بایەخترەکاندا دابەش دەکرێت، نەخێر! بوون بە میراتگری قەڵەمڕەوی خوایی، ئەویش بە ئامادەگی رۆحی خودایی، بەم مانایە کە سەرجەم دروستکراوەکانی خودا، بەشێوەیەکی یەکسان، لە تەواوی لوتف و بەرەکەت و بەخشینەکانی قەڵەمڕەوی ئیلاهی، بەهرەمەند دەبن هەندێك کەس، ئێمە مەحکوم دەکەن و بە ناڕەوا دەڵێن کە بە نیازین خۆمان لەگەڵ عیسا یەکسان بکەین، ئەوان واتاو چەمکی راستەقینەی ((کۆمەڵگەی میراتگر)) یان دەرك نەکردووە، من دڵنیام هیچ کام لە ئێمە رێگە بەخۆی نادات بڵێت لە ترۆپکی رەسەنایەتی و پاکێتیدا، گەیشتۆتە ئاستێك لە ئیشراق و رووناکی و فەزیلەتی عیسا یا پێغەمبەرە گەورەکانی دیکە، میرات بردنی وەك یەك، واتە هەبوونی یەك جۆر توانا، یەك جۆرە وزە، یەك جۆر هۆش و زیرەکی، لەگەڵ ئەمەشدا، هەر کام لە ئێمە بەباشی ئاگادارین لەڕاستی و دروستی ئەو بەڵێنەی کە عیسا بە تەواوی بەندەکانی خودای داوە، بەڵێنێك کە تێیدا، هەر بەندەیەکی واقیعی، رێك بە ئەندازەی حەزرەتی عیسا، لە سیفەتەکانی خودا بەهرەمەند دەبێت، کاتێك عیسا دەڵێت: ((بەهەمان شێوە کە خودای جیهان کامڵ و بێ کەم و کوڕییە، ئێوەش کامڵ و بێ کەم و کورتی بن)) ئێمە مانای واقیعی ئەم قسەیە تێدەگەین، ئەم رۆحە بڵند و پیرۆزە هەرگیز داوای هەوڵێکی زەینی لە یارەکانی نەکرد و یاخود داوای کارێکی مۆراڵی دژوار یا مەحاڵی لێنەکردن، بە داواکردنی کەماڵ، ئەو بە باشی دەیزانی کە داوای شتێکی گرانی نەکردووە، بەڵکو شتێکی دەویست کە ئەنجامدانی لە توانای هەمووواندا بوو زۆرێك لە مرۆڤەکان ئەمڕۆ، مەخابن بەم بۆچوونە هەڵەیە خۆیان دڵخۆش کردووە کە کەماڵ و بێ عەیبی عیسا یاخود پێغەمبەرانی دیکە، بەدەستنایەت، بەتایبەت بۆ مرۆڤی ئاسایی، ئەمەی کە پێغەمبەرانی خودا، ئیلاهین، ئەوان وابیردەکەنەوە هیچ یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە توانایدا نییە لاسایی کارە سەرسوڕهێنەرەکانی عیسا بکاتەوە. بەپێی بیرو بڕوای ئەوان، بۆ شێوە بەخشین بە چارەنووسی ژیانێك، هیچ ساتێك

زانستی ترو وردتر لە ئیرادەی مرۆڤ بوونی نییە، بۆچوونی مامۆستای گەورە لەم بارەیەوە بە تەواوی روون و ئاشکرایە، هەرچەند کەمێك ئیرادەی مرۆیی پێویستە تا ئەم کارە دەستپێبکەن، بەڵام ئیرادە رۆڵێکی زۆر نابینێت، بەڵکو ئیدراك و تێگەیشتنی ئیلاهییە کە رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، ئایا تا ئێستا چەندین جار بە ئێوەیان نەوتووە، کاتێك حەقیقەتتان بۆ دەربکەوێت، حەقیقەت رەهایی بە ئێوە دەبەخشێت...؟

ئەو رستەیە لە دنیای سادە و فیزیکی دەوروبەرمان، بەکاربهێنن، کاتێك مرۆڤەکان ئەم یاسا فیزیاییە بە تەواوی بناسن، لە جەهل و نەزانییەکانیان لە قەڵەمڕەوی ئەم یاسایەدا رزگار دەبن، هەر هێندەی مرۆڤەکان تێگەیشتن زەوی خڕە و بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، لەو بیرە هەڵەیەی کە دەڵێت زەوی تەخت و هەموارە رزگاریان بوو چیتر لەسەر ئەو بڕوایە نەبوون کە خودی کۆمەڵەی خۆر هەر رۆژێك لە شوێنێك هەڵدێت و هەر شەوێك دەچێت بە قوتا، هەر هێندەی مرۆڤەکان لەم بۆچوونە هەڵەیە رزگاریان بێت کە تەنها قاوغێکن لەژێر یاساکانی ژیان و بووندا، تێبینی دەکەن بە هیچ شێوەیەك کۆیلەی تەواوی سنووردارێتییەکانی مرۆڤ نین و گەر حەز بکەن دەتوانن بگۆڕدرێن بۆ منداڵانی خودا، هەر هێندەی ئەوان لە ئلوهیەتی خۆیان ئاگاداربوون، لە هەر جۆرە سنووردارێتییەك ئازاد دەبن و دەبنە خاوەن هێزێکی ئیلاهی.

مرۆڤ دەزانێت ئلوهیەت لە شوێنێکدایە کە وجودی ئەو زیاتر لە هەر شوێنێکی تر، لەگەڵ خوادا دەکەوێتە پەیوەندی کردن، مرۆڤ وردە وردە پەی بەوە دەبات کە خودایی کردن ژیانی واقیعی هەموو مرۆڤەکانە، ئاگادار دەبێت کە ئەم پۆزیشێنە (حاڵەتە) لە دەرەوەی وجودی هەر یەکێك لە ئێمە، چنگ ناکەوێت، لەڕاستیدا ئەو ئامانج و خەونانەی ئێمە لە ژیانی ئەوانی تردا دەیبینین لە هەمان ژیانی خودی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن، بەگوێرەی یاسای ئیلاهی، ئەم ئامانجانە بەگوێرەی جۆرەکەیان، زۆر دەبن، تا ئەو کاتەی ئێمە بڕوامان بە توانای گوناهو واقیعیەتی کاریگەریەکانی هەبێت، ژیانمان بەهۆی تۆڵەی ئەم گوناهەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، بەڕێژەیەك کە ئێمە بە هەر جۆرە ئەندێشەیەکی ناهاوئاهەنگی، بە ئەندێشە واقیعیەکان وەڵامی دادپەروەری بدەینەوە، وەرزی دروێنەیەکی رۆحانی گەورە ئامادە دەکەین کە بە وردییەکی بەڵگەنەویستەوە بە دوای زەمەنی تۆو وەشاندندا دێت، بەم پێیە لیخۆش بوون و لێبوردەیی، ئەرکێکی دوالیزمەیان لە ئەستۆدایە کە نەك تەنها ئەوەی سووکایەتی دەکات

ئازاد دەكات، بەڵكو لێبوردەش رەها دەكات چونكە لە بواری یاسای چاوپۆشی و لێبوردن، عەشقێكی قوڵ و تیشك دەرەوە هەیە، كە لەسەر بنەمایەكی دیاریكراو دانراوە، ئەم عەشقە حەز دەكات ((ببەخشێت)) و تەنها چێژی ((بەخشین)). بەبێ بچووكترین بیركردنەوە لە پاداشت مەگەر پشتیوانی خودا كە بەم رستەیە دیاری دەكرێت ((ئەمەیە مەخلوقە خۆشەویستەكەی من، ئەوەی كە لە وجودی ئەو چێژ وەردەگرم)).

ئەم رستەیە نەك تەنها بۆ عیسا بەڵكو بۆ ئێمەش دروستە، گوناهەكانی ئێوە، نەخۆشی و پێكدادانەكان و ناهەماهەنگییەكانی ئێوە بچووكترین پەیوەندی یا وابەستەیی یان بەخواوەند، یا كەسێتی واقیعی و راستەقینەی ئێوەوە نییە، ئەم تێكچوونانە رێك وەك نموونەی ئەو قارچكەی دارستان وایە كە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی یا وابەستەگیان لەگەڵ ئەو گژوگیایەدا نییە كە خۆیان پێوە لكاندووە، ئەم ئاریشانە، هیچ شتێك نین جگە لە شێوازە كۆنە و هەڵەكان كە لەسەر لاشەی ئێوە كەڵەكە بوون و لەسەر بنچینەی بیر و ئەندێشەی ناڕاست و هەڵە ئاسا فۆرمەلە بوون، بیری نەخۆشی و خودی نەخۆشی پەیوەندییەكیان بەر مەبنای (علت و معلول) هەیە. هەوڵبدەن علّت نەهێڵن، ببیەخشن و دەسبەجێ تێبینی دەكەن كە مەعلولیش شوێن بزر بووە بیرو ئەندێشە نادروستەكان مەهێڵن و ببینن كە نەخۆشییەكەتان دەسبەجێ لەناو دەچێت. ئەمەتا كە شێوازێكی چارەسەركردن بوو كە عیسا پەنای بۆ دەبرد، ئەو وێنەیەكی هەڵە كە لە زەینی نەخۆشەكەدا بوو دەیگۆڕی و دەیسڕیەوە، بۆ ئەم كارە، ئەو سەرەتا لەرینەوەكانی جەستەی خۆی پەرەپێدەدا و بیری خۆی بە ئەندێشەی ئیلاهییەوە پەیوەست دەكرد، ئەم ئایدیانەی توند لە یەكبوونێكی جدی لەگەڵ ئەندێشەی كەماڵدا دەپاراست كە لەرێی ((رۆح القدس))ەوە بۆ مرۆڤ لەبەرچاو گیرابوو جەستەی ئەو بە گوێرەی یەكبوونەكەی لەگەڵ خواوەندا دەهاتە لەرزە، لەو دەمەدا ئەو دەیتوانی لەرینەوەی جەستەی ئەو نەخۆشانەی كە سەردانی ئەویان دەكرد، بگەیەنێتە ئاستی خۆی و پەرەیان پێبدات، بەم جۆرە، عیسا ئاگایی و ئیدراكی ئەو پیاوەی كە دەستی ئیفلیج بوو، بەرزكردەوە، بەشێوەیەك كە ئەو پیاوە نەخۆشە توانی زەینی خۆی، وێنەیەك كە لەمەڕ دەستە ئیفلیجەكەی هەیبوو، بسڕێتەوە. لەو كاتەدا، عیسا توانی پێی بڵێت: ((دەستت بهێنە پێشەوە)) پیاوەكە دەستی رادا دەستی ساغ و سەلیم بوو.

عیسا بە پەرەپێدانی لەرینەوەی جەستەی و بەدیتنی کەماڵی خوایی لای هەمووان توانی لەرینەوەکانی ئەو نەخۆشەش تا ئەو جێیە پەرەپێبدات کە وێنەی کامڵنەبوونی بەتەواوی لە زەینی ئەودا بسڕێتەوە، بەم پێیە چاك بوونەوەکەی کامڵ و دەست و دەم ئەنجامدرا و لێبوردنەکەشی رەهابوو.

ئێوە بەزوویی بۆتان دەردەکەوێت کە چڕکردنەوەی بیروبۆچوونتان بە ئاڕاستەی خواوەند و بەردەوام بوون لەسەر ئەم کارە، دەتوانن لەرینەوەکانی جەستەتان تا ئەو ئاستە پەرە پێبدەن کە لەگەڵ لەرینەوەکانی کەماڵی ئیلاهیدا، بەشێوەیەکی هۆمۆجین پێکەوە ئاوێتە بن، ئێوە دەتوانن لەرینەوەکانی جەستەی کەسانێك کە لەگەڵیاندا دەکەونە پەیوەندی، بخەنە ژێر کاریگەریەوە، بەجۆرێك کە بتوانن هەمان ئەو کەماڵەی کە ئێوە دەیبینن، ئەوانیش ببینن. بەم پێیە ئێوە بەشە ئەرکی ئیلاهی خۆتان بە تەواوی بە ئەنجامگەیاندووە. گەربێتو بە پێچەوانەی ئەم کارە، ئێوە کامڵ نەبوون ببینن، لەرینەوەکان تا ئەم ئاستە دەهێننە خوارەوە کە دەبنە مایەی سەرهەڵدانی نوقسانی، لەو حاڵەتەدا بەجۆرێکی حاشا هەڵنەگر، هەمان بەرهەم دروێنە دەکەن کە هەر لە سەرەتاوە تۆوەکەی نوقسان بووە.

خواوەند لەڕێی تێکڕای مرۆڤەکانەوە کاردەکات تاوەکو پرۆژە و پلانە کامڵەکەی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئایدیا و ئەندێشەکانی عەشق و چاك بوونەوە و شیفا بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە دڵی مرۆڤەکاندا دەدرەوشێتەوە، پەیامی تایبەتی خواوەندە بۆ مەخلوقاتە خۆشەویستەکانی ئەم جۆرە بیر و ئایدیایانەن کە لەرینەوەکانی جەستەی ئێمە لە پەیوەندی کردن بە لەرینەوەکانی ئیلاهی بەشێوەیەکی کامڵ دەپارێزن، ئەم تۆوە، هەمان کەلامی خواوەندە کە دەتوانێت لە هەر دڵێکی وەرگر و پێشوازی کاردا شوێنی خۆی بگرێت، هەنووکە دەیەوێت لە ماهیەتی ئیلاهی بوونی خۆی ئاگادار بێت یان نا، کاتێك بیر و بۆچوونمان لەسەر کەماڵی ئیلاهی بە تەواوی چڕدەکەینەوە کە بەهۆی خوداوە، بۆ هەر کام لە ئێمە لەبەرچاو گیراوە، جەستە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەندێشەی خودا، دێتە لەرینەوە، لەو ساتانەدایە کە ئێمە دەتوانین میراتی ئیلاهی خۆمان وەرگرین بۆ سەوزبوونی بەرهەمی فراوانی ئیدراك و شعوری رۆحانی خۆمان، پێویست دەکات دۆخی زەینی و دڵی ئێمە هەمیشە بەم جۆرە بێت، ئەفکاری ئێمە دەبێت بەجۆرێك، ئەفکاری تەواو هەماهەنگی خواوەند بە ئاڕاستەی مرۆڤەکان وەربگرێت بە گوێرەی پۆزێشنی بیرو ماهیەتی

ئەندێشەکانمان، هەروەها بزاوت و جووڵە، ئێمە ئەم توانستەمان هەیە کە خۆمان بکەینە دیل و کۆیلە، یاخود بە پێچەوانەوە خۆمان ئازاد و رەها بکەین تەواوی گوناهەکانی خێزانی مرۆیی لەسەر گۆی زەوی چاوپۆشی لێبکەین و لێیان خۆش ببین، دوای ئەوەی فێربووین بیرمان بەر مەبنای شێوازێکی تایبەت، فۆرمەلە بکەین، بەزوویی بۆمان دەردەکەوێت کە لەلایەن خواوەندی باڵاو بە توانا، پشتگیری و لایەنگیری تەواو دەکرێیت، هێندە بەسە خۆمان بخەینە ژێر سیستەمێکی تایبەتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر بیر و ئایدیاکانماندا.

ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی کە لە بەهرەو توانایەك کە مرۆڤ لەکۆیلایەتی رزگار دەکات، بەهرەمەند بێت و ئەم کارە لەرێی ئەندێشەی ئیلاهییەوە ئەنجامبدەین، سەرجەم چاککردنەوە پەرجو ئاساکانی عیسا لەسەر بنچینەی سڕینەوەی هۆکارە زەینییەکان بوو. ئێمەش بەنۆرەی خۆمان، لەسەر ئەم باوەڕەین کە پێویستە ئایدیالیزمی ئامانجخوازی عیسا بخەینە واری جێبەجێکردنەوە، بەم کارە، ئێمە بۆمان دەردەکەوێت کە تەنها ئەو کارانەمان ئەنجامداوە کە خودی ئەو فەرمانی ئەنجامدانی بە ئێمە دابوو، زۆرێك لە گوناهەکان، لەگەڵ ئەوەی یەکەم تیشکی نوورانی لە تاریکیدا بدرەوشێنینەوە، دەسبەجێ لەناو دەچن چونکە گوناه لە تاریکی و شوێنێك کە رووناکی تێدا نەبێت، سەرهەڵدەدات، هەندێکی تر لە گوناهەکان رەگ و ریشەیەکی تۆکمەتریان لە کۆنەستی ئێمەدا هەیە و پێویست بە حەوسەڵە و بەرخۆدانێکی زیاتر دەکات تاوەکو سەرکەوین بەسەریاندا، عەشقی پڕ لە سۆز و بەزەیی عیسا هەمیشە سەرکەوتووە ئەڵبەتە ئەگەر بێتو ئێمە دەرگای دڵمان بە تەواوی واڵا بکەین و هیچ لەمپەرێکی بۆ دروستنەکەین، لێبوردن و بەخشندەیی واقیعی لە دڵی کەسەکەدا دەستپێدەکات و رەسەنایەتی و پاکێتی و بەزەییەك بەسەوقات دێنێت کە هەمووان دەگرێتەوە.

بەر لە هەر شتێك، گۆڕانکارییەك لە فیکردا دروستدەبێت، پێویستە دەرك بەوە بکەن کە خواوەند هەمان ئەندێشەی تاك و تەنهایە، ئەندێشەیەکی پوخت و دروست، ئەو دەمەیە کە دەتوانێت هەنگاوێکی گەورە بەرەو مەلەکردن لە رووباری بیرو هزرە پاك و پوختەکاندا هەڵبگرێت، هەوڵبدەن توند باوەڕبکەن بەم حەقیقەتەدا کە ئەندێشەی رۆحی خودایی رێگایەکی کامڵ و بێ کەم و کورتی لە وجودی ئێوەدا دەدۆزێتەوە، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی ئێوە لە

ڕەوتی ئەم فیکرە بنیات نەرو هەماهەنگەدا قەراربگرن، هەولّبدەن هەمیشە لە ڕێڕەوی ڕەوتی هەمیشەیی ئەو بیرە عاشقانەدا بمێننەوە کە خواوەند بەسەر بەندەکانی خۆیدا دەیبارێنێت، پاشماوەیەك دنیا بە دیدێکی نوێوە دەبینن وەك ئۆرگانیزمێك لە بیرمەندە لە ژمارە نەهاتووەکان دەیدەنە قەلّەم ئێوە پەی بەوە دەبەن کە ئەندێشە و بیرکرنەوە، بە بەهێزترین دەرمانی جیهان هەژمار دەکرێت و نێوەندکارێکی گونجاو و شایستە دەبێت لە نێوان ئەندێشەی ئیلاهی و نەخوشیە جەستەییەکان یا ناهەماهەنگییەکانی تەواوی مرۆڤایەتیدا.

کاتێك دەمە قالّە یا ناکۆکییەك دێتە ئاراوە، هەولّبدەن دەسبەجێ بیرو بۆچوونیان بە ئاڕاستەی ئەندێشەگەلێك لەمەڕ خودا چڕبکەنەوە و پەنا بۆ قەلّەمڕەوی دەروونیتان ببەن، پاشان بەبێ دواکەوتن پەیوەندییەکی خێرا لەگەلّ بیری ئیلاهیدا پەیدا دەکەن و ئاگادار دەبن کە عەشقی خودا هەمیشە ئامادەیە تاوەکو دەرمانی شیفا بەخشی خۆی بۆ ئەو کەسانە بەدیاری بهێنێت کە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن.

عیسا ئەمڕۆ، بەرپرسیارە کە دەسەلاّتی گوناهو واقیعیەتی ئاکامی کردەوەکانی لە زەینی مرۆڤایەتیدا بسڕێتەوە و نەهێلّێت، عیسا لە دلّی عەشقەوە سەرچاوەی گرت، بە شارەزایی لە پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ، هات بۆ سەر زەوی ئەو بەوپەڕی جوامێری و سەربەستییەوە قبوولّیکرد کە زەین، تاکە دەسەلاّتی سەرەکییە، ئەو باشتر بوونی یاسای خودای ڕاگەیاند و پاشان بە پاداشت دانەوە بەگوێرەی سەرجەم کارەکان خەلّکی فێری ژیان کرد.

بە ئاگاداربوون لەم کردەوەی خۆی، بووە مایەی گۆڕینی مرۆڤە مۆلّەقەکان، بۆ مرۆڤگەلێکی نووارنی، ئەو بەم شێوەیە، دەربارەی مافی مرۆڤ بۆ هەبوونی ساغلّەمی تەواو کە قەلّەمڕەوی خودایە لەسەر زەوی، قسەیکرد.

لێرەدا ژست گەیشتە کۆتایی قسەکانی و بێدەنگ بوو.

* * *

## بەشی یانزەهەم

خۆر لە پشت ئاسۆوە خۆی شاردۆتەوە و ئاسمانی بێسنوور لە زەردەپەڕێکی سەرسوڕهێنەردا، دەدرەوشایەوە و نوقلانەی شەوێکی ئارامی دەگەیاند، ئەمە یەکەمین شەوی بێ باو و زریان بوو کە لەم دە رۆژەی دواییدا بە نیسیبمان دەبوو، ئێمە بە شەوق و تاسەوە خەریکی تەماشاکردنی رەنگالەیی سروشت بووین.

ئاوابوونی خۆر لە کەشێکی ئارامدا، لە بیابانی گوبی دەتوانێت مرۆڤ بخاتە خەیاڵکردنێکی سەیرەوە کە شتەکانی تر لە زەینی مرۆڤدا دەسڕێتەوە، رەنەگەکان نەك تەنها دەبریسکانەوە و درەوشانەوەیەکی دڵگیریان لە خۆیان پێشاندەدا، بەڵکو بەم لاو ئەولادا رووناکی گەورەیان پەخش و بڵاودەکردەوە، کە هەروەك دەستێکی نادیار سەرگەرمی جێگۆڕکێ پێکردنی کۆمەڵێك بلاجیکتۆری رەنگاو ڕەنگ بوو، لە هەندێ کاتدا، وادەهاتە بەرچاو کە ئەم دەستە نادیارانە هەوڵی ئەوەیان دەدا هەموو پانتایی ئەو سێبەرانەی کە پلەیەك تەڵخ تر بوون لە رەنگەکانی پێشوو و لەگەڵ ئەواندا ئاوێتە بوون، پیشانبدەن.

پشتێنەیەکی پان لە رووناکییەکی سپی رەنگ دەرکەوت کە لەگەڵ پشتێنەیەکی پانی دیکەی وەنەوشەیی ئاوێتە بوو، ئەم پشتێنە بە شێوەی کەوانەیی دەرکەوت، لە هەناوی ئەم پشتێنە وەنەوشەییە، پشتێنەیەکی نیلی رەنگ و لەپاڵ ئەویشدا، پشتێنەیەکی پانی رەنگ شین دەرکەوت، ئەم دۆخە هێندە درێژەی کێشا تا ئەودەمەی کەشی دەوروبەرمان پڕبوو لە پشتێنەی پانی رەنگالەیی ئەم پشتێنانە پێکەوە ئاوێتە بوون و سەرنجام لە پشتێنە رەنگ سپییەکەدا کە جووڵەی نەدەکرد تێکەڵبوون، پاشان چەندین تیشکی رەنگاو ڕەنگی تر دەرکەوتن و بە وێنەی چارۆکەیەکی گەورە کە بە هەرلایەکدا پانتایی زیاتر دەبوو، شێوەی خۆیان گۆڕی، لە کۆتاییدا، لە چەندین تۆپەلەی زێڕین ئاوێتەییەك بوون بەجۆرێك شەپۆڵە لماوییەکانی ئەو بیابانە بێ

سنوورەیان، رێك وەك دەریایەكی جۆشاو كە شێوەی زێڕینی لەخۆ گرتبوو دەربكەوێت كاتێك مرۆڤ خۆرئاوا بوونێكی لەم چەشنە ببینێت، ئیدی سەرسام نابێت، لەوەی دانیشتووانی رەسەنی ئەو ناوچەیە گوبی وەك (سەر زەمینی زێڕین) ناوزەد بكەن نمایشێكی گەورە كە بۆ ماوەی دە دەقیقە درێژەی كێشا، لە غوبارێكی تەماویدا كە ئاوێتەیەك لە رەنگی شین، زەرد، سەوز و خۆڵەمێشی بوو هەروەك جل و بەرگێكی خەوتنی ئاسمانی لە بەرزایی ئاسمانەوە دەكەوتە سەر زەوی، لە بەرچاوی ئێمەدا مەحو دەبووەوە.

سەرەنجام تاریكی بەخێراییەكی وا داهات كە زۆرێك، لە ئێمە لە سەرسامیدا دووچاری شۆك بووین و پرسیارمان كرد كە ئایا بەڕاستی دەكرێت شەو بەو خێراییە گەیشتبێتە بەرەوە؟ ریمۆند لە باگت ئیراندی پرسی كە ئایا حەز دەكات بۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەو نەتەوانەی لەم ناوچانەدا ژیاون و چەند شارێكی وەك ئەو وێرانە مێژووییانەیان لەم خاكەدا بنیات نابوو كە خێوەتگەكەی ئێمە لەسەر كەلاوەكانی ئەوان قەراری گرتبوو، دەربڕێت؟ باگت ئیراند لە وەڵامدا وتی: ((ئێمە لەم بارەیەوە كۆمەڵە نووسراوێكمان لەبەردەستدایە كە زۆر بە یەدەگ و وریاییەوە پارێزگاریان لێدەكەین و نەوە بە نەوە بۆ ئێمە گوازراوەتەوە، ئەم شارە زیاتر لە شەست هەزار ساڵە دروستكراوە.

یەكەمین دانیشتووانی شار، لەلای خۆرئاواوە هاتن چەندین ساڵ بەر لە بنیاتنانی خودی شارەكە بۆ ئەم ناوچانە هاتوون و لە بەشەكانی باشوور و باشووری خۆرئاوا نیشتەجێ بوون، بەرێژەیەك كە كۆچبەری زیاتر بۆ ئەم ناوچانە دەهاتن، بەشێك لەوان بەرەو باكوور و خۆرئاوا چوون و دواجار تەواوی ئەم ناوچەیە ئاوەدان كرایەوە. دوای ئەوەی زەوییەكانی ئەم ناوچانەیان كێڵاو چاند، كێڵگە و باخاتی بەرهەمداریان دروستكرد. كۆچبەرەكان خۆیان بۆ دروستكردنی چەند شارێكی تر ئامادەكرد، شارەكان سەرەتا زۆر گەورە نەبوون، بەڵام بەدرێژایی ساڵانی داهاتوو كۆچبەران بەم ئەنجامە گەیشتن كە گردبوونەوە لە سەنتەری گەورەتردا بۆ بەرقەراركردنی پەیوەندی نزیكتر لە پێناو كارە هونەری و زانستییەكاندا، ئاسان و ژیرانەترە، ئەوان چەندین پەرستگایان دروستكرد، بەڵام ئەو شوێنانەیان بۆ پەرستش لەبەرچاو نەگرتبوو، چونكە ئەوان بەجۆرێك ژیان و گوزەرانیان، هەمیشە سەرقاڵی خودا پەرستی بوون و سەرجەم كردار و گوفتارەكانیان گوزارشتی لە عەشق و پەرستشی ئەوان دەكرد بۆ خودای تاك و تەنها، ژیانی ئەوان هەمیشە پێشكەش بە ئامانجی گەورەی ژیان و زیندەگی دەكرا، تا ئەو دەمەی ئەم رەوتە

درێژەی هەبوو ئەوان لەم چەشنە رەفتارو ئەقڵیەتە بەهرەمەند بوون، ژیان هەرگیز بەلای ئەوانەوە دژواری پیشان نەداو ژیان و وجود هەمیشە بۆ ئەوان هەبوو. لەو سەردەمەدا، دۆزینەوەی پیاوان و ژنانێك کە چەند هەزار ساڵ تەمەنیان هەبوو شتێکی زۆر سادە و ئاسایی بوو، لەڕاستیدا، ئەوان مردنیان نەدەناسی، ئەوان لە کارێکەوە، بۆ کارێکی تر و لە خەسڵەتێکی باشەوە بۆ خەسڵەتێکی باشتر لە پێشڕەویدا بوون. ئەوان بە قۆناغگەلێکی باڵاتر لە ژیان و واقیعیەت دەگەیشتن، ئەوان سەرچاوە و سەرەتای راستەقینەی ژیانیان دەناسی و قبووڵدەکرد و زیندەگیش لە بەرامبەردا، گەنجینە لەبن نەهاتووەکانی وەك رووبارێکی لەبن نەهاتوو لە جۆرەها پیت و بەرەکەت و لوتفی ئیلاهی پێدەبەخشین.

بەڵام من لە بابەتێکی گرنگ، بەخێرایی تێپەڕیم و پێویستە دیسان بۆ ئەو بگەڕێمەوە، بگەڕێینەوە بۆ باسی پەرستگاکانی ئەوان، ئەوانە شوێنگەلێك بوون کە روونکردنەوەی نووسراوی سەرجەم کارە گرنگ و بە نرخەکان لە بواری هونەری و زانستی و مێژوویدا لەوێدا هەڵدەگرت، تاوەکو ئەم روونکردنەوە و نووسینانە لەبەردەستی لێکۆڵەرە جدییەکاندا بێت، ئەم پەرستگایانە وەك شوێنی تایبەتی پەرستن بەکارنەدەهێنران بەڵکو بە شوێنگەلێك بۆ باس و خواس لە بارەی پەرستن لەو سەردەمەدا، لە هەمان کاری رۆژانە و کردەوەی هەمیشەیی ئەم خەڵکەوە سەرچاوەی دەگرت و وەك کارێك کە جیا لە کاروبارەکانی تر، نەدەدرایە قەڵەم، خەڵکی ئەو سەردەمە لە چەند کاتێکی دیاریکراو لە رۆژدا خەریکی خواپەرستی نەدەبوون، هەروەها کەسانێکی تایبەتیش بۆ راپەڕاندنی کاروباری ئایینی نەبوو، دانیشتووانی ئەم ناوچانە گەیشتبوونە ئەم دەرەنجامە کە دروستکردنی رێگای هاتوچۆی پان و تەخت بە قازانجی ئەوانە. هەر بۆیە رێگای بەردڕێژیان داهێنا، ئەوان هەروەها بۆیان دەرکەوت دروستکردنی ماڵ و کاشانەی فراوانتر، بە قازانجیانە هەر بۆیە دەرهێنانی بەردیان داهێنا و سەرجەم کارو پیشەکانی پەیوەست بە سەنگ تراشی و خشت بڕین و کەرەستەی پێویست بۆ مکوم کردنی بەردەکان لە شوێنی خۆیاندا فێربوون و بە کورتی هەموو ئەو شتانەی کە ئێوە ئەمڕۆ کەشفتانکردووە ئەوانیش بەر لە ئێوە کەشفیانکردبوو، بەم پێیە ئەوان ماڵ و پەرستگاکانی خۆیان بەم شێوازە نوێیە بنیاتنا. ئەوان تێگەیشتن زێڕ، کانزایەکی نائاساییە چونکە بەهۆی ماهیەتە لە گۆڕان نەهاتووەکەی زۆر بە نرخ بوو، ئەوان سەرەتا فێربوون کە

چۆن چۆنی ئاڵتوون لە لمەکانی هەڵگری زێڕ جیابکەنەوە، پاشان بۆ ناوجەرگەی شاخەکان و بەردەکان و کانزاکان چوون ئاڵتوون گۆڕدرا بۆ کانزایەکی زۆر ئاسایی، ئەوان بەگوێرەی نیاز و پێداویستییەکانیان خەریکی بەرهەم هێنانی کانزاکانی تر بوون و هەموو شتێك بەزۆر و زەوەندەیی لەبەر دەستدابوو دواجار کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەستی لە کاری کشتوکاڵی بە شێوەیەکی گشتی هەڵگرت، دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی ئەو کەرەستە و ئامرازە هونەرییە جۆراو جۆرانەی کە بۆ جوتیاران پێویست بوو بەم داهێنانە تازەیە کارێکیان کرد کە جوتیاران سنووری چالاکییەکانیان فراوانبکەن و پەرەپێبدەن.

سەنتەرەکانی دانیشتووان گەورەتر بوون و جۆرێك پێشکەوتن کە... گۆڕدران بۆ شارانێکی قەرەباڵغ و ژمارەی دانیشتووانی هەریەك لە شارەکان گەیشتە سەد تا دوو سەد هەزار کەس.

وێڕای ئەمەش، هێشتا قسەیەك لەمەڕ سەرۆکە کاتییەکان نەبوو، هیچ حوکمڕان یا فەرماندەیەك بوونی نەبوو، حکوومەت بە کۆمەڵە ئەنجوومەنێك سپێردرابوو کە لەڕێی دانیشتووانی خودی شارەکانەوە هەڵدەبژێردران.

ئەم ئەنجوومەنانە، نوێنەرەکانیان پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵەکانی دیکەدا، ئاڵوگۆڕ دەکرد هەرگیز نە یاسایەك دادەڕێژراو نەڕێسا و گەلالە نامەیەکی تایبەت بۆ رەفتار و هەڵسوکەوتی دانیشتوان لە ئارادا بوو، چونکە هەرکەسێك ئاکامی کردەوەکانی خۆی لەبەرچاو بوو و بەرامبەر کار و ئەرکەکانی بەرپرسیار بوو هەروا لەژێر سایەی یاسایەکی گلۆباڵدا کە بەسەر بوونەوەرەکانی دیکەدا زاڵبوو دەژیا، یاسا مرۆییەکان بە تەواوی بێهودە بوون، هیچ کەسێك ئاتاجی شتێك نەبوو جگە لە ئامۆژگاری و پەندی ژیرانە.

پاشان لەم لاو لا، خەڵکانێك رێگایەکی خوار و خێچیان گرتەبەر، سەرەتا، ئەم کەسانە، کەسانێکی دەسەڵات خوازبوون، بەردەوام لە پێشڕەوی دابوون لە کاتێکدا ئەو پیاوانەی کە خواست و حەزی کارکردنیان هەبوو، زۆرتر حەزیان لە پاشەکشە بوو، لەوێوە کە توانای عەشق و خۆشەویستی بەشێوەیەکی تەواوەتی بەسەر هەمووان‌دا زاڵ نەبوو هەروەها لە وجودی گشت مرۆڤەکاندا، بە تەواوی گەشە و نەش و نمای نەکردبوو، جۆرێك لە دابڕانی بێ ئاگایانە روویدا کە رۆژ لە دوای رۆژ تەشەنەی سەند، بەجۆرێك کە دواجار کەسێکی یەکجار بەهێز و دەسەڵات خۆی وەك پادشا و ملهوڕێکی کاتی لەسەر کورسی دەسەڵات جێکردەوە، لەوێوە کە ئەو

بەشێوەیەکی ژیرانە، دەسەڵاتی بەڕێوەدەبرد، خەڵکی ملیان کەچ کرد بۆ قبوولکردنی یاساکان بەبێ ئەوەی بیر لە ئایندە بکەنەوە، بەڵام هەندێك لە خەڵك بە دوور بینییەك کە هەیان بوو پێشهاتەکانی داهاتوویان دەبینی و دەسبەجێ لە چەند گرۆیەکی داخراودا، گۆشەگیریان هەڵبژارد، لەو ساتە بەدواوە لە جۆری ژیانی گۆشەگیریدا رۆچوون لە کاتێکدا هێشتا هەوڵی ئەوەیان دەدا هاوڵاتیانی خۆیان تێبگەیەنن کە ئەم دابڕانە لە یاساکانی رابردوو، شتێك نییە جگە لە شێتییەکی گەوجانە.

پادشا، یەکەمین سیستەمی فەرماندارە کاتییەکانی دامەزراند، لەکاتێکدا نەیارەکانی ئەم پادشایە، لەلایەن خۆیانەوە یەکەمین سیستەمی رەهبانیەت و کۆمەڵێکی ئایینیان لەسەر شێوازی کۆن دامەزراند.

بۆ دۆزینەوەی رێگایەکی پێچاوپێچ و سەخت کە ئەم نەیارە ئایینیانە گرتیانە بەر، پێویست دەکات کەسی لێکۆڵەر توێژینەوەی قووڵ و لێکۆڵینەوەی زۆر پێشکەوتوو ئەنجامبدات تاوەکو بگاتە ئامانجێکی باش. هەندێك لە خەڵك، بە هەمان بیروباوەڕی سادە و بێ ڕتوشی سەردەمی کۆن ژیانیان بەسەر دەبرد و هەر بەو شێوازە کاروباری ژیانی رۆژانەیان دەگوزەراند، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ژیان ماهیەتێکی زۆر ئاڵۆزی وەرگرتبوو، بەجۆرێکی وا زۆرینەی دانیشتووانی ئەو سەردەمە دەستیان لە بیروباوەڕەکانیان هەڵگرت و گەیشتنە ئەم ئەنجامەی کە هیچ شێوازێکی سادە بۆ ژیان وجودی نییە. ئەوان باوەڕیان نەبوو کە ژیانێکی هاوسەنگ بوونی هەبێت و لە هەمان کاتدا، لە هاوکارییەکی راستەوخۆدا بێت لەگەڵ خالیقی هەر جۆرە ژیان و بوونێکدا، مرۆڤی ئەوڕۆش ئێستا نازانن کە ژیانیان، رێگایەکی پڕ پێچ و قۆرت و ناهەموارە، لەکاتێکدا ژیانی سادە، لەگەڵ هەمان ئامانجی گەورەی خالیقدا بە تەواوی گونجاوە و توانای هێنانی فەڕو بەرەکەتی فراوانی هەیە، پێویستە خەڵکی ئەم سەردەمە لەم پێناوەدا هێندە پێشڕەوی بکەن تا ئەودەمەی خۆیان دواجار رێگایەکی باشتر و دروستتر پەیدا بکەن قسەکەرەکەمان بێدەنگ بوو ساتێك تێڕاما، لەپڕ وێنەیەك لەبەرچاومان دەرکەوت، وێنەیەك کە هەروەك ئەو وێنانەی پێشتر بینیبوومان، بێ جوڵە بوو، پاشان وردە وردە کەوتنە جووڵە، شێوەکان دەستیان بە جووڵە کرد و وێنە و دیمەنەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، هەندێ سات

بەخێرایی، هەندێ جار بەپێی خواستی قسەکەرەکەی ئێمە چونکە وای بە باش دەزانی لە هەندێ برگەدا قسە بکات و بۆمان روون بکاتەوە، باگت ئیراند بەجۆرێك رەفتاری دەکرد کە دەتوت توانای هەیە دیمەنەکان بەگوێرەی حەزی خۆی رابگرێت و یاخود دیسان پیشانیانبداتەوە و بەگوێرەی پرسیار و وەڵامەکان و روونکردنەوەکان وێنەکانی دەخستە جووڵە، ئەو وێنانە، وادیارە چەند سکانێك بوون کە لەو شارە کۆنەدا، (کە ئێمە هەنوکە لە شوێنەکەیدا خێوەتمان هەڵدابوو) روویان دابوو، ئەم دیمەنانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ وێنەی شارە قەرەباڵغەکانی خۆرهەڵات لەمڕۆدا، تەنها جاوازی و لێك نەچوون لەمەدا بوو کە شەقامەکان پانتر و پاك و خاوێن تر بوون، خەڵکی ئەو سەردەمانە جل و بەرگەکەیان لە جۆرە قوماشێکی باش، رێك پۆش دەهاتنە بەرچاو، ئەوان روویەکی کراوەو دەم بە خەندەیان هەبوو، لە هیچ شوێنێك شوێنەواری پاسەوانی یا دەرۆزەکەر و هەژارێك نەبوو.

بیناسازی ئەو شارە سەرنجی ئێمەی بۆ لای خۆی راکێشا چونکە هەموو کۆشك و تەلارەکان تۆکمە و باش دروستکرابوون، رووکاری دەرەوەشیان زۆر جوان و دڵگیر بوو، لەگەڵ ئەوەی لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەیەك بۆ زیادەڕەوی نەبوو، بەڵام یەکێك لە پەرستگاکانی شار، بەهۆی رووکاری زۆر جوان و پڕ شکۆیەوە چاوی ئێمەی ئەبڵەق کرد، بە ئێمەیان گوت ئەم پەرستگایە، بە تەواوی لەلایەن خۆبەخشەکانەوە دروستکرابوو، هەروا بە یەکێك لە کۆنترین و قەشەنگترین پەرستگاکانی ئەو ناوچەیە هەژماردەکرا. وەك ئەوەی وێنەکان بەڕاستی هێما و گوزارشتیان لەو سەردەمە دەکرد، هیچ گومانی تێدا نەبوو کە خەڵکی ئەو سەردەمە، زۆر خۆشنوودبوون لە چارەنووسی خۆیان و هەستیان بە بەختەوەری دەکرد، بە ئێمەیان گوت دوای حوکمڕانی دووەمین پادشا لە هەمان زنجیرەی یەکەم (کە نزیکەی دوو سەد ساڵ حوکمڕان بوو) هەژاری و نەگبەتی دەرکەوت و بوونی سەربازەکان بۆ رەچاوکردنی یاسا پێویستی کرد.

ئەم پادشایە بۆ پاراستن و مانەوەی دەسەڵات و شکۆی دەربارەکەی، دەستی بە باج سەندن لە خەڵك کرد بۆ کۆکردنەوەی باج و دەرامەت، سەربازیان بۆ ئەم کارە تەرخانکرد، دوای نزیکەی پەنجا ساڵ، هەژاری و نەداری لە هەندێك ناوچەکانی ئەو وڵاتەدا کە لە بارێکی گۆشەگیری دابوون، سەری هەڵدا، لەم قۆناغەدا بوو کە بەشێك لە دانیشتوان، بەهۆی نارەزاییان

بەرامبەر سیستەمی دەسەڵات و پادشاکان و هەروەها کاربەدەستان گۆشەگیریان هەڵبژارد و لە کۆمەڵگە دوورکەوتنەوە، باگت ئیراند و ئەندامانی بنەماڵەکەی ئیدیعای ئەوەیان دەکرد دەچنەوە سەر ئەو رەگەزانە.

کات درەنگ بوو باگت ئیراند سەرەنجام پێشنیاریکرد هەمووومان بچینە شوێنی خەوتن، چونکە سەفەرکردن لە دەمەو بەیاندا چێژێکی زیاتری هەیە، لەڕاستیدا تینی گەرما، سەفەرەکەی ئێمەی لە ماوەی سێ کاتژمێری نیوەڕۆدا، دژواردەکرد و لەلایەکی ترەوە، وەرزی زریان و گەردەلوولەکانیش بەخێرایی نزیك دەبووەوە.

ئێمە پێشنیارمان کرد کە دیسان هاریکاری نزیکتر بۆ کاری شوێنەوارناسی و هەڵدانەوە ئەنجامبدرێت چونکە ئێمە بە نیاز بووین دووبارە خەریکی کاری هەڵدانەوە بین و بڕیار وابوو ئەم کارانە لە خێراترین کاتدا بە ئەنجام بگەیەنین. ئێمە بەم دەرەنجامە گەیشتین ئەم بەشە لە کارەکانمان بە ریمۆند و گرووپەکەی دەسپێردرێت.

لە کاتێکدا وەرگێڕانی تێکستەکانی تابلۆ بەردینەکان، لەڕێی تۆماس و سێ یاریدەدەریەوە کە یەکێکیان من بووم، ئەنجامدەدرا، مەخابن هەڵکۆڵینەکانی دوایی هەرگیز بە تەواوی کۆتاییان نەهات. چونکە پاش ساڵێك لەم رووداوە، ((ریمۆند))ی هاوڕێمان کۆچی دوایی کرد.

* * *

## بەشی دوازدەهەم

بۆ سبەینیێ ئێمە زوو لەخەو هەستاین و بەر لە گزنگی خۆر بەرەو گوندەکەی باگت ئیراند بەڕێکەوتین و دوای دوانزە ڕۆژ گەیشتینەجێ، ئەو هاوڕێ خۆشەویست و بەڕێزانەی کە لە دواین ڕۆژی ئامادەگی ئێمە لە بیابانی گوبی، سەردانی ئێمەیان کردبوو دیسان هاتنە پێشوازیمان و ئێمەش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بانگهێشتنەکەیمان بۆ پشوودانێکی چەند ڕۆژە لای ئەوان قبوولّکرد.

لەو ئاواییەدا، ئێمەیان ڕێنمایی کرد بۆ چەند ژوورێکی جوان و ڕازاوە کە لەگەڵ شوێنی مانەوەکەمان لە بیابانی گوبی، شیاوی بەراوردکردن نەبوو، بڕیاربوو خوانی ئێوارە تا نیو سەعاتی دیکە ئامادەبێت، دەست و دەم و چاومان شۆرد و چووینە ژوورێکەوە کە چەند هاوەڵێکی باشمان کە بەدرێژایی گەشتەکەمان لەناوچەکانی باشوور چاومان پێیان کەوتبوو. لەوێ ئامادەبوون، بەخێرهاتنیان کردین و هیوای کاتێکی خۆشیان بۆ خواستین، ئەوان ئاگاداریان کردین کە هەموو ئەو گوندە وەك ماڵی خۆیان بوو هەر دەرگایەك والایە تاوەکو بۆ پێشوازی کردن لێمان، بکرێتەوەو هەر جۆرە داخوازیەکی ئێمە قبووڵ بکەن.

کوێخای گوند، وتارێکی جوانی پێشکەشکرد و بەخێرهاتنی لێکردین، ئەو ئەم کارەی بە یارمەتی وەرگێڕێك ئەنجامدا، ئەو ئێمەی ئاگادارکرد ڕێوڕەسمی خوانی ئێوارە لە ماڵەکەی ئەودا ساز دەکرێت و دەبوایە هەر لەم ساتەوە بۆ ماڵی ئەوان بەڕێ بکەوتینایە، ئێمە ئەو ژوورەمان بەجێهێشت لەکاتێکدا کوێخای ئاوایی لە پێشی هەمووانەوە دەڕۆیشت ئێمەش لە پشت سەری ئەوەوە بەڕێکەوتین، ئەو بە گوێرەی نەریتی وردی ئەو وڵاتە، دوو سەربازی لەگەڵدا بوو، کە یەکێك لای ڕاست و ئەویتر لای چەپییەوە دەڕۆیشتن، پاشان ڕیمۆند و خاوەن ماڵە خۆشەویستەکەمان بوون و لە دوای ئەوانیشەوە تۆماس و ئەو خاتوونە مەزنەی پێشتر باسم

لێوەکرد و دواجار ئەمیل و (ماری) دایکی و من بەڕێوەبووین و ئەندامانی دیکەی گرووپەکە بەدوای ئێمەدا دەهاتن.

ئێمە تازە بەڕێکەوتین کە کیژۆڵەیەکی شڕوشیتاڵ و هەژار لەنێو ئەو خەڵکەدا کە تەماشای ئێمەیان دەکرد هاتە دەرەوە و بە زمانی خۆیان پرسیاریکرد ئایا دەتوانێت لەگەڵ ماری، دایکی ئەمیل قسە بکات، کوێخا بە قسەیەکی زبر کچۆڵەکەی گێڕاوە دواوە و گوتی کاتی گوێگرتنی نییە لە قسەی کەسانێکی وەك ئەو، ماری قۆڵی من و قۆڵی ئەمیلی کوری گرت و لەو ریزەی پێکمان هێنابوو هاتینە دەرەوە تا گوێ لە قسەکانی ئەو کچۆڵەیە بگرین، بە دیتنی ئەم دیمەنە، خاتوونە خاوەن ماڵە خۆشەویستەکەمان بۆ ساتێك دوو دڵ بوو، پاشان رایگەیاند حەزدەکات بوەستێت، لەکاتێکدا ئەو لەڕیزی میوانەکان دەهاتە دەرەوە کە حەزی دەکرد هەمووان درێژە بە رێگەکەی خۆیان بدەن بڕۆن بۆ سەر مێزی نان خواردنەکە و لەوێ دانیشن، ئەو گوتی لە کاتێکدا ئەوان هەموویان لە شوێنی خۆیان دانیشتن، بێگومان ئەویش دەگاتەجێ.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە، ئەو هەردوو دەستی کچۆڵەکەی گرتبوو، دوای رۆیشتنی کوێخاو هاوڕێکانی، ئەو لە بەرامبەر کچۆڵەکەدا لەسەر ئەژنۆ دانیشت و رووی خۆی لە کچە نزیك کردەوە و لە کاتێکدا دەستی لە گەردەنی جوانی کچۆڵەکە کردبوو گوتی: نازدارەکەم، چی لە دەستم دێت بۆت بکەم؟.

ماری خێرا تێگەیشت برای ئەو کچە، ئەم دوای نیوەڕۆیە لە شوێنێکی بەرز کەوتۆتە خوارەوەو پێدەچێت بڕبڕەی پشتی شکابێت، کچەکە تکای دەکرد لەگەڵیدا بڕوات تاوەکو ببینێت ئایا توانای چارەسەرکردنی برا بچووکەکەی هەیە چونکە براکەی بەدەست ئازارێکی زۆرەوە دەیناڵاند، ماری لە شوێنی خۆی هەستا، مەسەلەکەی بۆ ئێمە گێڕایەوە و تکای لێکردین هەموومان بچین بۆ ماڵی کوێخا چونکە خۆی بەنیازبوو لەگەڵ کچۆڵەکەدا بڕوات تا بزانێت دەتوانێت چ یارمەتییەکی بدات، ئەو بەڵێنیدا پاشتر بە ئێمە دەگات، رێمۆند مۆڵەتی خواست لەگەڵ ماریدا بڕوات، ماری گوتی کە ئێمە هەموومان دەتوانین لەگەڵیدا بڕۆین هەر بۆیە بە باشمان زانی لەگەڵ ئەودا بۆ ماڵی کچەکە بڕۆین، ماری دەستی کچەی گرت و کچەش لە خۆشحاڵیدا پێی نەدەکەوتە زەوی، خاتوونی خانە خۆێکەمان قسەکانی ئەوی بۆ تەرجەمە دەکردین، کچۆڵەکە دەیگوت بە باشی دەیزانی کە براکەی لەڕێی ئەو خاتوونە مەزنەوە، چاك دەبێتەوە.

بەنزیك بوونەوە لە ماڵەکە، کچۆڵەکە رایکرد تا هەواڵی گەیشتنی ئێمە رابگەیەنێت ئێمە سەیرمانکرد ئەو و خێزانەکە لە کوخێکی قوڕینی زۆر هەژارانەدا دەژین، وادیارە ماری بیری ئێمەی خوێندەوە بۆیە گوتی: هەرچەند ئێرە شوێنێکی زۆر هەژارانە و غەمناکە بەڵام چەند دڵێکی گەرم لێرە لێدەدات.

لەم ساتەدا، لەپڕ دەرگاکرایەوە، ئێمە دەنگێکی پیاوانە و نێرمان بیست و چووینە ژوورەوە، ئەگەر ئەم کوخە لە دەرەوە رووکارێکی هەژارنەی هەبوو، لەناوەوە بە چەند قات هەژارانەتر و ترسناکتر بوو، ئەویٚ بە زەحمەت جێگەی هەمووومانی تێدا دەبووەوە و سەقفی ژوورەکە بەڕادەیەك نزم بوو تەنانەت نەماندەتوانی بە پێوە بوەستین، رووناکییەکی کزو لاواز، روخساری دایە و بابەی کە لە شوێنێکی زۆر پیس و پۆخەڵدا لێی دانیشتبوون، رووناك دەکردەوە، لە کونجێکدا لەسەر کۆمەڵە کاکۆنێك و چەند پارچە قوماشێکی بۆگەن کرد و منداڵێکی لانیکەم پێنج ساڵە راکشابوو دەم و چاوی لەبەر ئازارێکی سەخت داگیربوو، کچۆڵەکە لە پاڵ ئەودا لەسەر ئەژنۆ دانیشت و سەری خستە باوەشی و هەردوو دەستی خستە سەر رووومەتی کوڕەکە، ئەو بە براکەی وت ئێستا بە تەواوی چاك دەبێتەوە چونکە ئەو خاتوونە مەزنە ئێستا گەیشتبووە ئەویٚ، کچۆڵەکە دەستەکانی لەسەر رووومەتی کوڕە بچوکەکە هەڵگرت، چووە ئەو لاوە تا رێگە بە براکەی بدات ئەو خانمە رێزدارە ببینێت، هەر لەم ساتەدا بوو کچۆڵەکە بۆ یەکەم جار ئێمەی بینی، دەسبەجێ شێوەی دەم و چاوی گۆڕا، بە هەموو گیانیەوە ئەم هەستەی بەدیدەکرد کە دووچاری ترسێکی گەورە بوو، ئەو دەم و چاوی خۆی لە پشتی دەستەکانیانەوە شاردەوە و لاشەی لەتاو پڕمەی گریانە توندەکەیدا، کەوتبووە لەرزە و هاواری کرد! ئاخ! من وام هەست دەکرد ئێوە بە تەنها هاتوون!

ماری لە پاڵ ئەودا لەسەر ئەژنۆ دانیشت، ئەوی لە ئامێزگرت و ساتێك کچۆڵەکەی بە سینەی خۆیەوە گوشی.

کچۆڵە هێور بووەوە و ماری پێیوت ئەگەر بیویستایە دەیتوانی بە ئێمە بڵێت ئەویٚ بەجێبهێڵین، کچە لە وەڵامدا وتی کە تەنها بە دیتنی ئێمە حەپەساوە و تۆزێك ترسی لێنیشتووە چونکە ئەو بەدرێژایی ئەو ماوەیە، تەنها لەبیری براکەیدابوو، ماری گوتی: تۆ براکەت زۆر خۆش دەویێت وانییە؟.

کچۆڵەکە کە بێگومان زیاتر لە نۆ ساڵ تەمەنی نەبوو گوتی: بەڵێ بەڵام من هەمووانم خۆش دەوێت ئەمیل وەرگێڕی ئێمە بوو چونکە ئێمە تەنها وشەیەکیش لە قسەکانی ئەوان

نەدەگەیشتین ماری گوتی: ئەگەر تۆ بەڕاستی براکەت تا ئەم رادەیە خۆش دەوێت، دەتوانی لە چاکبوونەوەیدا یارمەتی بدەیت و رۆڵێکی شایانت هەبێت.

ماری بە کچەکەی وت دیسان سەرگۆنای برا نەخۆشەکەی بە دەستەکانی بشارێتەوە، پاشان خودی ماری بەجۆرێك وەستا کە بتوانێ دەستی بنێتە سەر تەوێڵی کوڕە چکۆلانەکە، دەست بەجێ نرکە و ناڵەی کوڕە بڕایەوە، روومەتی گەشایەوە و لاشە بچووکەکەی ئۆقرەی گرت و ئارامییەکی تەواو باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا منداڵ لە خەوێکی ئارام و قووڵدا رۆچوو، ماری و کیژۆڵەکە بۆ چەند ساتێك، لە هەمان حاڵەتی دانیشتندا مانەوە، پاشان ماری بەوپەڕی نەرم و نیانییەوە، بەیارمەتی دەستی چەپی، هەردوو دەستی کچۆڵەکەی لەسەر روومەتی کوڕەکە لابرد و گوتی: چەندە براکەت جوان و تەندروست و بەهێزە!.

پاشان ماری دەستی راستی بە بەزەیی و میهرەبانییەکی ئەندازەوە، لەسەر تەوێڵی کوڕەکە هەڵگرت وا رێکەوت من لەپاڵ ئەودا وەستابووم لە بارێکدا کە ماری قۆڵی چەپی درێژدەکرد، من دەستم بردە پێشەوە تاوەکو یارمەتی بدەم لە شوێنی خۆی هەستێت، لە چرکەساتێکدا کە دەستی بەردەستی من کەوت، من هەستم بە کارەبا گرتنێکی وەها کرد لە وجودی خۆمدا کە لەناکاو ئیفلیج بووم. ماری بەخێرایی و گورج هەستاو گوتی! من بۆ ساتێك خۆم لەبیرکرد، زۆرداوای لێبوردن دەکەم نەدەبوو دەستی ئێوەم بگرتایە، چونکە بۆ چەند ساتێك، هەستم بە قورساییەکی زۆر کرد لە دەرەنجامی توندی ئەو وزەیەی بە وجودی مندا تێدەپەڕی.

هەر هێندەی کە ئەم رستەی دەربڕی، منیش هۆش و توانا و هەستەکانی خۆم بۆ گەڕایەوە، وابزانم باقی ئامادەبووان تەنانەت ئاگاداری ئەم رووداوە نەبوون، چونکە ئەوان بە تەواوی دیمەنێك سەرنجی راکێشابوون کە لە بەردەمیاندا دەیانبینی. کچۆڵەکە خۆی خست بەسەر پێی ماریدا و هەردوو دەستی ماری گرت و بەردەوام جل و بەرگەکەی ئەو خاتوونە مەزنەی ماچدەکرد، ماری چەمیەوە، رووخساری کچکە و شادمانی کچۆڵەکەی بەرزکردەوە، کچە خەریکی گریان بوو. ماری دانەویەوە، لەسەر ئەژنۆ لێی دانیشتوو منداڵەکەی لە ئامێزگرت و چاوەکانی و دەمی ماچکرد. منداڵ هەردوو دەستی لەگەردەنی ماری ئاڵاند و هەردووکیان بۆ ساتێك مات و بێدەنگ بوون پاشان رووناکییەکی سەیرو دڵگیر کە پێشتریش لە بارەیەوە دووام، ژوورەکەی رووناك کردەوە و زیاتر لە جاران کەوتە درەوشانەوە بەجۆرێك لە کۆتاییدا هەموو شتەکانی ناو ژوورەکە، حاڵەتی بریسکانەوە و رووناکیان وەرگرت، هیچ شتێك سێبەری نەبوو، وادەهاتە بەرچاو قەبارەی ژوورەکە گەورەتر بووە تا ئەوەدەمە، باوك و دایکی ئەو دوو منداڵە،

هەروا لەسەر خۆڵی ناو ژووره بێ کەڵکەکەیان دانیشتبوون و لە بێدەنگییەکی کەڕوڵاڵ و هەوره بروسکە لێدراودا بوون، لەم ساتەدا، روخساریان گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوان لەترسا رەنگیان وەك گەچ سپی هەڵگەڕا، پاشان باوکەکە وەها ترس و بیمی لێ نیشت کە بەرەو دەرگاکە هەڵمەتی برد، ئەو لەنیوەی رێدا لەکاتێکدا کە نیازی هەڵاتنی هەبوو، بە توندی پاڵی نا بە ریمۆندەوە، دایکی دوو منداڵەکە لەپاڵ ماریدا کڕنۆشی برد و بە کوڵ دەگریا، ماری دەستی خستە سەر تەوێڵی و بە هێواشی کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، هەنسکی گریانی ژنە، بڕایەوە و ئەزنەقێکی دا و سەیرێکی دەوروبەری و ئەو گۆڕانکاریانەی کرد لە ژوورەکەدا روویدابوو، هەستا تاوەکو بۆی دەرچێت، ئەمیل دەستێکی گرت و ئەو خاتوونە مەزنەش دەستەکەی تری، ئەوان بۆ چەند ساتێك ئەویان لەو حاڵەتەدا هێشتەوە و هەمووومان سەیرمان کرد لەجیاتی ئەو کوخە پیس و پۆخڵ و بێ کەڵکەی سەرەتا هاتبووینە ناویەوە، هەنووکە لە ژوورێکی تاڕادەیەك باشتردا دانیشتبووین کە بە ژمارەیەك کورسی و مێزێك قەرەوێڵەیەکی پاك و خاوێن رازێنرابووەوە.

ئەمیل بە ناوەڕاستی ژوورەکەدا تێپەڕی، کوڕە چکۆلانەکە کە هێشتا لەسەر کۆمەڵەکایەکی پیس خەوتبوو، هەڵگرت و بە ئەسپایی لەسەر قەرەوێڵەکە دایناو بە سەرچەفێك دایپۆشی، دوای ئەم کارە ئەویش چەمیەوە و تەوێڵی کوڕەکەی هێندە بە سۆزەوە ماچکرد کە لە میهرەبانترین ژنانیش میهرەبانتر بوو، ماری و کچۆڵەکە هەستان و بەرەو لای دایکی منداڵەکە چوون و ئێمەش بە دەوری ئەو ژنەدا کۆبووینەوە، ژنە کەوت بەسەر ئەژنۆدا، قاچەکانی ماری گرت و کەوتە ماچکردنیان و دەپاڕایەوە کە بەجێی نەهێڵێن.

ئەمیل هاتە پێشەوە، هەردوو دەستی ژنەی گرت و هەڵیساندەوە لە کاتێکدا بەدرێژایی ئەم ماوەیە و لەسەرخۆ و بەزمانی ناوخۆیی ئەو شوێنە لەگەڵ ئەو ژنەدا قسەی دەکرد، کاتێك گریانی دایکە بڕایەوە، ئەو جل و بەرگە پیسەی لەبەری دابوو گۆڕان بۆ جل و بەرگێکی نوێ و پاك و خاوێن، ئەو ساتێك بێدەنگ بوو دەتوت لە شوێنی خۆیدا وشك بووە. پاشان خۆی خستە ئامێزی کراوەی مارییەوە، ئەوان بۆ ساتێك لەم حاڵەتەدا مانەوە دواتر ئەمیل ئەوانی لە یەکتر جیاکردەوە، لەم ساتەدا، کچۆڵەکە گوژمێکیدا بۆ پێشەوە و دەستی ڕادا! بڕوانن! جلەکانم نوێبوونەتەوە!)) ئەو ئاوڕی لە ماری داوە، ماری چەمیەوە، منداڵەکەی هەڵگرت و خستیە باوەشی خۆیەوە لە کاتێکدا کچۆڵەکە دەستی لە گەردەنی ماری ئاڵاندبوو سەری نابوو بە شانیەوە، ریمۆند رێك لە پشت سەری ئەوانەوە وەستابوو، کچە لەسەر شانی ماری وە دەستی بۆ ریمۆند درێژکرد، دەستی ریمۆندی گرت و گوتی هەمووان ئێمەیان خۆش دەوێت بەڵام نەك بە

ئەندازەی ئەو خاتوونە میهرەبان و خۆشەویستە، پاشان بە قامکی ئاماژەی بۆ ماری کرد. ئەمیل رۆشت تاوەکو بزانێت دەتوانێت باوکی منداڵەکان بدۆزێتەوە یان نا، ئەو دوای ساتێك لەگەڵ باوکەکەیاندا هاتەوە، پیاوەکە قیافەیەکی ترس لێنیشتوو تارادەیەك گرژ و مونی لەخۆگرتبوو.

ماری بەناوەڕاستی ژوورەکەدا تێپەڕی و کچۆڵەکەی لەپاڵ باوکیدا دانا، لە پشت رواڵەتی ترش و گرژی پیاوەکەوە، ئێمە هەموومان دەمانتوانی ئەمەکداری و سوپاسێکی قووڵ هەست پێبکەین، لەم کاتەدا بڕیارماندا ئەوی بەجێبهێڵین، بەر لە رۆیشتنمان، ئەو ژنە بێ نەوایە تکای لێکردین دیسان بگەڕێینەوە بۆ لایان، ئێمەش بەڵێنمان پێدا سبەینێ دەگەڕێینەوە لایان، هەمووومان بەپەلە بۆ ماڵی قائیمقام بەڕێکەوتین لەکاتێکدا ترسی ئەوەمان هەبوو ئەوانمان لە چاوەڕوانیدا هێشتبێتەوە، وامان دەزانی چەند کاتژمێرێك تێپەڕیوە، بەڵام لەدەمی جیابوونەوەی ئێمە لە گرووپەکە و گەڕانەوەمان، زیاتر لەنیو کاتژمێر تێنەپەڕی بوو، هەموو ئەو رووداوانە لە ماوەیەکی کەمتر لە نووسینەوەی وردی بەسەرهاتەکان، روویان دابوو، ئێمە رێك کاتێك گەیشتینە ماڵی کوێخا کە ئەوانی تر تازە خەریك بوو دادەنیشتن، ریمۆند مۆڵەتی وەرگرت لە پاڵ تۆماسدا دابنیشێت، لە پڕ دیار بوو کە باری ریمۆند شێوابوو، تۆماس دواتر بە ئێمەی وت ریمۆند بە ئەندازەیەك حەپەساو و تێکچووبوو لەوەی کە بینی بووی کە ئیدی لە توانایدا نەبوو ئارامی و خوێن ساردی خۆی وەربگرێتەوە.

میوانەکان بەم جۆرەی خوارەوە بەدەوری مێزەکاندا لێی دانیشتن، لەلایەکی مێزەکەوە، کوێخا حزووری هەبوو، لەلای راستیەوە ماری، پاشان ئەمیل، ئەو خاتوونە مەزنە بێ ناوە، تۆماس و دواجار ریمۆند دانیشتبوون، لەلای چەپی کوێخاشەوە، خاتوونە خاوەن ماڵەکەی ئێمە، پاشان کوڕ و کچەکەی ئەمیل بوون، من بۆیە شێوازی دانیشتنی میوانەکانم باسکرد چونکە دوای چەند ساتێك شتێکی شیاوی باسکردن روویدا، دوای ئەوەی بە دەوری مێزەکەدا دانیشتین، خزمەتگوزارەکان دەستیانکرد بە هێنانی خواردنەکان و نیوەی یەکەمی خوانەکە، بە باشی و خۆشی تێپەڕی، لەنێوەی دووەمدا، کوێخا لە باگت ئیراندی پرسی ئایا حەز ناکات سەری قسەیەك کە دایمەزراندبوو بەهۆی قائیمقامێکی دیکەوە... کە لە گوندێکی نزیکەوە هاتبوو وەستابوو، درێژە پێبدات و بۆمان بگێڕێتەوە؟.

باگت ئیراند قبووڵی کرد و بەم جۆرە گوتی: بیر لەمە بکەنەوە کە ئەگەر سەرجەم کار و کردەوەکان و تەواوی ئەندێشەی مرۆڤەکان دەکەوتنە ژێر کاریگەری خەسڵەتە دیارەکانی رۆحی پیرۆزی خوداییەوە، مرۆڤ لە چ دەسەڵاتێکی باڵا بەهرەمەند دەبوو؟ کاتێك عیسا دەیگوت:

((ئەودەمەی رۆحی پیرۆز بەسەر ئێوەدا زاڵبێت...)) مەبەستی ساتێك بوو كە دەسەڵاتی خواوەندی میهرەبان، بەسەر ژیانی تێكڕای بەندەكانیدا پراكتیزە بكرێت، واتە لە زەمەنێكدا كە خودا خۆی لە جەستەی مەخلوقاتەكانیدا جیلوە بكات.

لەڕاستیدا، ئەم گەشە و پێگەیشتنە رۆحانی و مەعنەوییە دەستیپێكردووە، چونكە زۆرێك لە خەڵك دەستیانكردووە بە ناسینی زیندەگی و ژیان و وجود و خەریكی خۆشارەزا كردنن لە رێنمایی پێشگۆیان و پێغەمبەرانی خودا ئەوان ئەم پێغەمبەرانە كەم تا زۆرێك دەناسن، ئەمەش بەندە بە گەشەو پەروەردەی رۆحانی و مەعنەوی ئەوانەوە و ئەمەش كە ئایا ئاستی ئاگایی و دەرككردنیان، كەم تا زۆر گەیشتۆتە قۆناغی كامڵبوونەكە باوەڕبكەن خواوەند دەتوانێت لەڕێی سەرجەم مەخلوقاتەكانیەوە، لە ژیاندا جیلوە بكات یان نا، گەلێك مرۆڤ هەن كە بەوپەڕی مكوڕی و بەردەوامییەوە هەرچی زۆرتر لە هەوڵی بەدەستهێنانی كەماڵی خوازراوی راستەقینە و حەقیقین لە ژیاندا، بەدوای بیروبۆچونێكدا كە بیانخاتە سەر بیروباوەڕێك كە راستەوخۆ لەلایەن خواوەندەوە دێت و خودا وابەستە و پەیوەست دەكات بە مرۆڤەكانەوە ئەم جۆرە كەسانە، پێشڕەوی گەورەیان بەرەو شەرافەت و پاكیزەیی رۆح و دواجار گەورەیی و رەوشت بەرزی كردووە، رێ و رەسمێك كە ئەوان پەیڕەوی دەكەن، لە هەوڵی ئەوەدایە ئەم ئامانجە باڵایانە لە رۆحی تاكەكەسی ئەواندا بچێنێت تاوەكو ئەوانیش بتوانن هەمان ئەو كارانە ئەنجامبدەن كە مامۆستا گەورەكانی پێش خۆیان ئەنجامیانداوە، كاتێك ئەوان لەم رێیەدا سەركەوتن بەدەستبێنن، جیهان ناچار دەبێت پەند و رێنماییەكانی ئەم مامۆستایانە قبووڵ بكات، كەسانێك كە بە ژیانی خۆیان پیشانیانداوە چ توانایەكی شاراوە لە ناخی یەك بەیەكی مەخلوقاتە مرۆییەكانی خواوەنددا هەیە.

وێڕای ئەمەش، هیچ كام لە مامۆستا مەزنەكان هەرگیز ئیدیعای ئەوەی نەكردووە، گەیشتبێتە ترۆپكی كەماڵ، واتە هەمان ئەو كەماڵەی كە خواوەند بۆ مرۆڤەكانی هەڵبژاردووە، چونكە عیسا دەڵێت: ((هەركەسێك بڕوای بەمن هەبێت، وەك كارەكانی من ئەنجامدەدات و تەنانەت رەنگە لە كارەكانی منیش زیاتر، چونكە من بەرەو خودای خۆم دەڕۆم)) عیسا و بووزا، هەردووكیان وەك یەك گوتوویانە: ((بەجۆرێك كامڵبن كە خواوەندی ئاسمانەكان كامڵە)).

ئەم بەندە دڵسۆزانەی خواوەند، كەسێتی خەیاڵی نین، لەو ساتەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەركەوتوون، ژیان و كارەكانی ئەوان، بە توندی لە زەین و دڵی زۆرێك لە مرۆڤەكاندا رەنگی داوەتەوە.

مرۆڤەکان لەبارەی ئەوانەوە، جۆرەها ئەفسانەو حەکایەتیان دروستکردووە، بەڵام بۆ ئەو کەسەی کرۆکی بابەتەکەی بەلاوە گرنگە، باشترین پێودانگ هەمان قبوولکردن و کارپێکردنی رێنماییەکانی ئەم مامۆستا پایە بەرزانەیە لە ژیانی رۆژانەدا، ئەو ئامانجانە ئەوان بەیانیان کرد، هەر ئەو ئامانجە باشانەیە کە بەسەر ژیانی تێکڕای مرۆڤە شەریف و گەورەکاندا زاڵبووە، ئەمە بە بەڵگەیەکی تر لەسەر راستی قسەکانی ئەوان دەدرێتە قەڵەم، هەر کەسێك بیەوێت ژیانی ئەم کەڵە پیاوانە نکوڵی لێبکات و بە ناڕەوای بداتە قەڵەم، دەتوانێت لەخۆی بپرسێت کە ئایا لە بنەڕتدا بۆچی ئایین و رێباوەڕ بوونی هەیە، ئەم کەڵە پیاوانە، بنچینە و کۆڵەکەی ئاینەکانی دنیان و نیشانەی پێداویستییەکی سروشتییان لەسەر شانی خۆیان هەڵگرتووە و باس لە حەقیقەتێکی نکوڵی لێنەکراو و زۆر قووڵ دەکەن: ئەویش ئەوەیە کە بنچینە و بنەمای راستەقینەی مرۆڤایەتی، لە ماهیەتێکی بە چەند قات باشتر بەهرەمەندە کە لە سەرەتادا لەخۆی پیشانیداوە.

ژیانی کەسانێکی وەك عیسا و بووزا، گوزارشت لە هەوڵ و تەقەلای زۆر و سەرەمڕ بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگەی مرۆیی لە سنووربەندییەکانی و کۆیلایەتی دەکات ئێمە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی زۆرمان لەم بارەیەوە لەبەردەست دایە، ئەقڵ دەخوازێت کە هەر لێکۆڵەرێك، خەریکی گەران و پشکنین بێت لەم دیکۆمێنتە مێژووییانەدا، بەڵام بەمەرجێك کە مرۆڤ بتوانێت دڵی بەکراوەیی بهێڵێتەوە و هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەك بە زەینێکی کراوەوە ئەنجامبدات بۆ ئەوەی بتوانێت بەڕاستی پەی بە بیروباوەڕ و ئامانجەکانی ئەوان ببات، بە پێچەوانەوە، ئێمە هەرگیز ناتوانین پەی بە تایبەتمەندی مۆڕالی ئەوان ببەین، یاخود لەگەڵ ژیانی ئەواندا، پەیوەندی بەرقەرار بکەین، بەم چەشنە پەیامی ئیلهامبەخشی سەرجەم پێغەمبەرانی واقیعی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە.

ئێمە لە نێوان ئەم پێغەمبەرە پایەبەرزانەدا دەتوانین دوو کەس لەوان ناو ببەین کە لەڕووی مەعنەوییەوە، گەیشتوونەتە ئیشراق و درەوشانەوە: عیسا، بوزا، ئەوان توانیان ئیمکاناتی گەورەی فەلسەفە و بیروباوەڕەکەیان بەجۆرێك لە کەماڵ و کامڵبوون بگەیەنن، ئەوان تاڕادەیەك لێچوونێکیان هەبوو و کۆمەڵێك رستەیان بەکارهێنا بۆ گێڕانەوەی حەقیقەتەکان: ((من ریگام، حەقیقەتم، روناکی ژیانم، بۆ تەواوی مرۆڤەکان)) ئەوان پێگەیەکی پڕاو پڕ لە دڵسۆزی و راستگۆییان بۆ خۆیان فەراهەم هێنا لە کاتێکدا لەڕاستیدا دەیانتوانی بڵێین: ((من رووناکی جیهانم، هەر کەسێك شوێنی من بکەوێت و وەك من بژییت، هەرگیز لە تاریکیدا هەنگاو

هەڵناگرێت، بەڵکو لە ژیانی نەمری بەهرەمەند دەبێت، لە تێکڕای دەستەوسانیەکان رزگاری دەبێت)) ئەو دوو کەسە، وەك یەك قسەیانکرد، من تەنها بۆ ئەم ئامانجە هاتومەتە دنیا، کە گەواهی لەسەر حەقیقەت و یەکتایی بدەم، ئەم رستانە، کاریگەریەکی راستەوخۆی هەبووە لەسەر گەشەو پەروەردەکردنی دڵسۆزانەی ژیانی رۆحی خودایی لە مرۆڤەکاندا. سەرجەم ئایینەکانی دنیا، ئامادەیی دەسەلاتێکی بانتر لای مرۆڤەکان ئاشکرا دەکەن، مرۆڤ لە شعور و ئاوەزی کەمی خۆی بۆ بەگژاچوونەوە ی کەم توانابیە جەستەییەکانی کەڵك وەردەگرێت تاوەکو رزگاری بێت لێیان، نووسراوە پیرۆزەکانی نەژادە جۆراوجۆرەکان، بەشێوەیەکی ئاشکرا باس لەم ململانێیە دەکەن، لە ئینجیلەکەی ئێوەدا، لە بەشی سەرگوزشتەی ئەیوبدا، باس لە چیرۆکی ژیانی ئەم مرۆڤە دەکرێت، کەسێك کە زیندەگی و ژیانی زۆر پێشتر لە مێژووی ئێوەبووە، ئەم سەرگوزەشتەیە لەم ناوچەیەدا نووسراوە ماناو چەمکە عیرفانییەکەی لەنێوان گشت گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، هێشتا وەك خۆی و بەدەست لێنەدراوی ماوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم داستانە بەهۆی ئەو هەموو ئەفسانەیەی بۆی زیادکراوە، دەستکاری کراوە، سەرەڕای وێران بوون و لەناوچوونی تاڕادەیەك بە تەواوەتی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە، گوتە عیرفانییەکانی ئەیوب هەرگیز لەناو ناچن چونکە ئەو کەسەی لە شوێنگەی نهێنی خواوەندی پەروەردگاری جیهاندا جێگای خۆی کردۆتەوە، لە سایەی خودای میهرەباندا دەمێنێتەوە و لە دەرك و تێگەیشتنی خودایی بەهرەمەندە، بەزوویی خەڵك بۆیان دەردەکەوێت کە یەکێتی ئەنگێزە و هەوڵەکان، بەهێزترین میکانیزمن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، هەربۆیە کەسانێکی زۆر و زەوەندە کە بیر و ئەندێشەکانیان بەهەر ئاڕاستە و رێچکەیەکدا پەرش و بڵاودەکەنەوە و سەر بە هەر کون و کەلەبەرێکدا دەکەن، چیتر بە هیچ شێوەیەك مەگەر لە یەك فۆرمدا باس لە بیر و ئەندێشە ناکەن و مرۆڤەکان، پەی بەماناو چەمکی هەوڵە نوێیەکە دەبەن، هەوڵێکی سەرە مرو گشتی هاوبەش، کاتێك مرۆڤەکان بەیەك لێبڕان و ئیرادەوە دەکەونە بزاوت و جووڵە، هەموو شتەکانیان بۆ هەموار دەبێت، ئەوددەمەی لە ئایدیاکانیاندا، ئەندێشە ئەهریمەنی و تێکدەرەکان بکەنە دەرەوە و لە خۆبایی بوون بخەنە لاوە، جەنگی یەئجوج و مەئجوج کۆتایی پێدێت، بەڵام نابێت گرەو لەسەر خودایەکی دەرەکی بکرێت کە بە یارمەتی ئەو، بگەنە سەرکەوتن، کاتێك عیسا گوتی: ((قسەکانی من زەین و ژیانن)) لەبەر ئەمە بوو، کە ئەو لەگەڵ قسەی ناوەکی و ئافەرێنەری هەر شتێکدا، پەیوەندی بەرقەرار کردبوو، ئەوددەیزانی گوتەکانی لێوڕێژە لە گەوهەری ژیان و خاوەن گوشار و توانای پێویستە بۆ

وەدیهێنانی خواست و حەزەکانی. گەربێتو ئەم گوتانە لەنێو تێکڕای رۆحەکان و تەواوی گەل و نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا دەنگی بدایەتەوە، مرۆڤەکان بێ گومان تێدەگەیشتن کە دەستیان بە چاوانەی ژیانی نەمری گەیشتووە، سەرچاوەیەك کە لە خواوە سەرچاوەی گرتووە.

شێوازی خوایی بۆ دەرککردنی مەفهومی رۆحی خودایی، لە شوێنگەیەکدا لە پشتی دڵەوە کە شوێنی جێگیربوونی عەشقە گیرساوەتەوە، هەوڵبدەن بهێننە بەرچاوی خۆتان کە رۆحی خودایە، لەم پێگەبالآیەوە، چاودێری و رێبەری سەرجەم چالاکییەکانی جەستەی ئێوە دەکات، هەروەها لێك گەیشتن و هاوئاهەنگییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ یاسای نەگۆڕی خواوەندا، بزانن کە بەهۆی بەرجەستەکردن و دەرخستنی ئەو ئامانجە باشانەی کە ڕاستەوخۆ لە ئەندێشەی ئیلاهییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ ئەودا هاوکاری و سازشیان هەیە.

پاشان بهێننە بەرچاوی خۆتان کە رۆحی خودایی، هەروەك جاران لە پێگەی باڵای خوی دایە سات لە دوای سات گەورەتر دەبێت و گشت گەردەکانی لاشەتان لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو پاشان سەرجەم خانەکان، دەمارەکان، ماسولکەکان و ئەندامانی ناوەوەی جەستەتان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، لەڕاستیدا، ئەم رۆحە خوداییە دەبێت بەجۆرێك گەورە ببێت کە هەموو لاشەتان بگرێتەوە، بەم پێیە وجودتان لە رۆحی خوایی پاك و خاڵس پڕ دەبێت، واتە هەر ئەو پەرستگا پاك و خاڵسەی کە خواوەند تێیدا زیندوو ئامادەیە و پێی خۆشە لەوێ شوێنێکی بۆ خۆی هەبێت.

هەر لەم پێگەیەوە، مرۆڤ لە توانایدایە گشت سەنتەرەکانی لاشەی بانگ بکات و پێیان بڵێت بەبێ هەڵاوێردکردن پۆزەتیڤ، خۆشەویست، بەتوانا، بە ئارەزوو، دانا، لێهاتوو، بێ باك، دواجار ئازادن، مرۆڤ لەم کاتەدا، لە پاکی ئەندێشەدا، پاك دەبێتەوە، هیچ ئەندێشەیەکی فەنابوو، هیچ حەز و ئارەزوویەك بۆ خراپە و فەساد، ناتوانێت توخنی ئێوە بکەوێت، مرۆڤ لە پاکی رۆحی خوداییدا نوقم دەبیت، ماهیەتی زەینی وجود و ژیان لە رۆحی خودایدا، پەرستگایەکی پاك و بێگەرد لەئێوە دروستدەکات، خەڵوەتگەیەك بۆ خودا، شوێنێك کە دەتوانێت تێیدا رابگەییەنێت: ((خوایە گیان! لێرەدا وەك هەر شوێنێکی تر، رۆحی خۆتم پیشانبدە)) پاشان بە زمان شوکرانە بژێرو سەنای خودا بکەن، دوای شوێن کردنەوەی رۆحی خودایی لە وجودی خۆتاندا، مرۆڤ دەتوانێت دەستی رابدات، گەر پێویست بکات شتێکی بوێت، ئەو شتە دێتە بوون، ئەگەر مرۆڤ پێویستی بەزێڕو زیو هەبێت، دەستی پڕ دەبێت لە ئاڵتون)).

باگت ئیراند، لەم ساتەدا هەردوو دەستی بردە پێشەوە و لە هەر ناولەپێکیدا، پارچە زێڕێك کە تۆزێك گەورەتربوون لە لیرەی ئاڵتونی فەڕەنسی، دەرخست، ئەو دوو لیرە ئاڵتونەکەی دا بە دەست میوانەکانەوە کە لای ڕاست و چەپی دانیشتبوون تاوەکو لە نزیکەوە بیبینن، ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان، لیرەکانیان دا بەدەست باقی ئامادەبووانەوە تاوەکو هەمووان بیبینن، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە ئەو پارچە زێڕانەمان تەماشا کرد و لای خۆمان هەڵمانگرت بۆ ئەوەی دواتر پیشانی پسپۆڕ یا زەڕەنگەرێکیان بدەین کە ئەڵبەتە ئەو کارەشمان کرد و ئەو کەسانە ڕاستی قسەکانی باگت ئیراندیان پشت ڕاست کردەوە و گوتیان ئەو پارچە زێڕینانە، لە ئاڵتونی خاڵس بوون، باگت ئیراند، درێژەی بە قسەکانی دا: ئەگەر بتانەوێت یارمەتی کەسانی تر بدەن، هەوڵبدەن ئەو ڕۆحە خوداییەی لە وجودی ئەوان دایە بدۆزنەوە، ڕۆحێك کە نەك تەنها لە وجودی خۆتاندایە، بەڵکو لە وجودی سەرجەم مرۆڤەکاندا چنگدەکەوێت، لەگەڵ ڕۆحە خوداییەکەی دەروونی ئەواندا گفتوگۆ بکەن، ڕێك وەك ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی ئەو مرۆڤانەدا قسە بکەیت، بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك یا هەلومەرجێك، بوار بە ڕۆحی خودایی ناختان بدەن گفتوگۆیەکی زەینی لەگەڵ ڕۆحی بەرامبەرەکەتاندا ئەنجام بدات، پاشان لە ئیدراکی خودی ئەو شتە بخوازن کە لەمەڕ خۆی بدوێت.

خواوەند لە پێناو کۆتایی هێنانی پۆزەتیڤانەی پلان و نەخشە کامڵەکانی، پێویستی بەوە هەیە کە سەر لەبەری مەخلوقاتەکانی، هەر لە گیاو گوڵ و درەختەوە بگرە تا هەر شتێك چالاکی بنوێنن، پێویستە مەخلوقاتەکانی خودا لەگەڵ خوای خۆیاندا هاوکاری بکەن بە ڕێڕەوێکی کامڵدا کە خودا بۆ ئەوانی دیاریکردووە هەنگاو هەڵبگرن، ئەو کاتەی مرۆڤ پەیڕەوی ناکات لەم پلانی هاوکاری کردنە تێر و تەسەلە و لاساری کرد، بەلانی جیهانی هەستی شێواند و بووە مایەی کاول کاری و تێکدانی بەشێکی گەورەی بوونەوەرە مرۆییەکان لەڕێی لافاوە گەورە و کوشندەکانەوە، بەپێچەوانەی ئەم مەسەلەیە، هەر جارێك ئەندێشەی کامڵ و بێکەم و کورتی عەشق بوونی هەبێت لە دڵی مخلوقاتەکانی خوادا بە هاوسەنگی و بەڕێژە و بەهێزەوە خەریکی هاوکاریکردن بێت، سەقامگیری و ئۆقرەیی زەوی پارێزراو دەبێت، کاتێك مرۆڤەکان ئەم وزەیان بە بیرو ئەندێشەی گوناه و فەساد و ڕواڵەت پەرستی بەفیڕۆدا، جیهان بە جۆرێك ناهاوسەنگ بوو کە لافاوە فرۆشان و ترسناکەکان، مرۆڤایەتیان لە ئاوە قووڵەکاندا نغرۆ کرد و تاڕادەیەك هەموو بەرهەم و میوەکانی هەوڵەکانی خودایان لەناوبرد.

لەو سەردەمەدا مرۆڤەکان لە ئێستا زۆر پێشکەوتووتر بوون، بەڵام خواوەند نەدەتوانێت فەرمان بەسەر ئایدیای عەشق و هاوسەنگی و هەماهەنگی مرۆییدا بدات، نەدەشتوانێت فەرمان بەسەر بیری نێگەتیڤ و لێوڕێژ لە رق و تووڕەیی و ناهاوسەنگی مرۆییدا بدات، ئەمە ئەرکی خودی مرۆڤەکانە، ئەو دەمەی کە هێزی ئەندێشە (بووە مایەی ناهاوسەنگی و تێکچوونی بەلانسی زەوی) لەڕێی کارەساتێکی دڵتەزێنەوە کە خۆی دروستیکردبوو، لەناوچوو، خواوەند لە هێز و دەسەڵاتی خۆی کەڵکی وەرگرت و بەشێوەیەکی شیاو و گونجاو جێگیری بە جیهان بەخشی، بەڵام تا ئەو ساتەی بیروئایدیای مرۆیی بەسەر هەر شتێکدا زاڵبێت، خواوەند لە توانایدا نییە کارێك بۆ باشترکردنی رەوشی مرۆڤ بکات، هۆکاری سەرەکی خودی مرۆڤە))

باگت دوای ئەم قسانە، لە شوێنی خۆی دانیشت، ئێمە دەمێك بوو کە لە روخساری کوێخادا نیشانەی پشێوی و نیگەرانی و نارەحەتیمان بەدیدەکرد، کاتێك باگت ئیراند قسەکانی بڕییەوە، تووڕەیی و ناڕەحەت بوونی ئەو گەیشتە حاڵەتی تەقینەوە و شتانێکی وت کە ماناکەیان بەم جۆرە بوو ((ئەی سەگی پیس! ئەی سەگی مەسیحی! تۆ ناوی بوزات لەکەدار کردووە! ئێستا دەبێت تۆڵەی ئەم کارەت وەربگریت!)) ئەو دەستی بردە پێشەوە و گوریسێکی راکێشا کە بە سەقفەکەدا ئاوێزان کرابوو، سێ دەرگا، دەست بەجێ لە هۆڵی نان خواردنەکەدا کرانەوە کە رێك رووبەڕووی کوێخا بوون و سی سەربازی شمشێر بەدەست هەڵمەتیان هێنابیە ناو ژوورەکە.

کوێخا لە شوێنی خۆی هەستابوو، دوو سەربازەکە هاوڕێیەتی ئەویان دەکرد و لە پشت کوریسەکەیەوەوە وەستابوون، ئەملاو ئەولایان گرت، ئەو دەستی هەڵبڕی فەرمانێکی دەرکرد دە سەباز بە پەلە هاتنە پێشەوە و بەدرێژایی دیوارێك کە لە پشتی باگت ئیراندەوە بوو، وەستان، سەرکردەکەیان، بە گوێرەی دەستووری سەروخۆی، لە کوێخا نزیك بووەوە هیچ کام لە ئامادەبووانی ناو هۆڵەکە، نە قسەیەکیان کرد نە جووڵەیەکیان لێوەهاتبوو ئێمە هەمووومان لەم گۆڕانکارییەی بارودۆخەکە، نارەحەت و بە تەواوی غافڵگیر بوو بووین، بەڵام لەپڕ بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، رووناکییەکی توند لە کۆتایی مێزەکەدا، لە بەرامبەر قائیمقام دەرکەوت و هەموو هۆڵەکەی رووناککردەوە، هەموو چاویان بڕیبووە قائیمقام، لەکاتێکدا کە ئەو هێشتا دەستی هەڵبڕی بوو ئامادەبوو تاوەکو فەرمانی دووهەمی خۆی دەربکات، رەنگی دەم و چاوی وەك خۆڵەمێش، هەڵبرسکا و حاڵەتێك لە ترس و حەپەسانی پێوە دیاربوو، وادەهاتە بەرچاو شێوەیەکی نادیار لە بەرامبەر ئەودا، لەسەر مێزەکە وەستابوو، ئێمە دەنگێکمان بیست کە وتی! بووەستە! ئەم دەنگە بە روونی و بەریتمێکی زۆر توندەوە

ڕاگەیەنرابوو، خودی وشەکەش بە وێنەی نوسینێکی گڕدار، لە نێوان ئەو شێوە خێوئاسا و نادیارە و قائیمقامدا، دەرکەوت، وادەهاتە بەرچاو کە قائیمقام ئاگای لەم فەرمانە بوو بۆیە جوولەی لە خۆی بڕی و وەك پەیکەرێکی بەردینی لێهاتبوو.

بە درێژایی ئەم ماوەیە، ئەو شێوە خێو ئاسایە، دەرکەوت و ئێمە عیسامان ناسی، ڕێك بە هەمان شێوە کە لە دیدارەکانی پێشوودا چاومان پێکەوتبوو، بەڵام خاڵێکی سەیرتر ئەمە بوو کە شێوەیەکی خێو ئاسای تر لە پاڵ عیسادا حزووری هەبوو کە سەرنجی قائیمقام و سەربازەکاین چوار دەوری بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، وا دەهاتە بەرچاو کە خودی قائیمقام و سەربازەکان، ئەو شێوەیان دەناسی، وادیار بوو زیاتر لە شێوەی یەکەم کە شێوەی عیسا بوو، لێی دەترسان و سامیان لێنیشتبوو، ئێمە سەیرێکی دەوروبەرمان کرد و بینیمان کە تێکڕای سەربازەکان لە شوێنی خۆیاندا وشکبوون، شێوە خێوئاساکەی دووەم قەوارەی لەخۆی گرت و وەك عیسا، دەستی هەڵبڕی، بەم جوولەیە، هەموو سەربازەکان شمشێرەکانی خۆیان فڕێدایە سەر زەوی دەنگێکی ترسناك لە کەوتنی ئەم چەکە ئاسنینانە بەرگوێ کەوت. بێدەنگییەکە هێندە قووڵ و قورس بوو کە ئێمە دەنگدانەوە و زرینگاندنەوەی ئەو هاوارەمان لە هۆڵەکەدا بیست، دیسان ڕووناکییەکی بەهێزتر دەستی بە درەوشانەوەکرد، لەڕاستیدا ئەم ڕووناکییە، هێندە بەهێز و کاریگەربوو کە ئێمە تارادەیەك کوێر بوو بووین. سەرۆکی پاسەوانەکان، زووتر لە هەمووان هاتەوە سەرخۆی، دەستەکانی ڕاداو هاواری کرد! ((بووزا! بووزای ئێمەیە! بووزای سەروەرمان!)) پاشان نۆرەی قائیمقام هات کە هاوار بکات ((بەڵێ، بەڕاستی کە ئەمە بووزای سەروەرمانە!)) ئەو پاشان خۆی خستە بەرپێی بووزا و کڕنۆشی برد، دوو پاسەوانی تایبەتی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی لە زەوی هاتنە پێشەوە، بەڵام وەك دوو پەیکەری وشك و بێگیان، لە جوولە کەوتن، ئەو سەربازانەی لە کۆتایی هۆڵەکەدا، بەڕیز وەستابوون، قیڕەیەکیان لێوەهات و بەوپەڕی پشێویەوە بەرەو لای کوێخا ورووژمیان هێنا و هاواریان کرد: ((بووزا هاتووە تاوەکو ئەم مەسیحییە سەگانە و سەرۆکەکەیان لەناو بەرێت!)).

بە بیستنی ئەم قسەیە، بووزا بەسەر قیڕەکەدا کشایەوە دواوە تاوەکو توانی دەم و چاوی هەموو ئامادەبووان ببینێت پاشان گوتی: من نەك بۆیەك جار، یا دوو جار، بەڵکو بۆ سێهەم جار رایدەگەیەنم ((بوەستە)).

هەر جارێك ئەو ئەم قسەیەی بەدەمدا دەهات، وشەی ((نەجولێیت)) بە وێنەی بزیسکەیەکی ئاگر، ڕێك هەروەك قسەکەی عیسا لە هەوادا دەردەکەوت، بەڵام بە پێچەوانەی

قسە گڕاویەکانی عیسا، قسەکەی ئەو هەروا لە هەواودا دەمایەوە. سەربازەکان جارێکی تر لە شوێنی خۆیاندا وشکبوون، ئەوان بە چاوە ئەبڵەق بووەکانیانەوە سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد، هەندێکیان دەستیان هەڵبڕی بوو هەندێکی دیکەشیان قاچیان بەرزکردبۆوە و رێك لە هەمان حاڵەتدا بوون کە چەند ساتێك لەوەو پێش حزووریان هەبوو کە هێشتا بووزا نەهاتبووە لای ئێمە و دەستی هەڵنەبڕی بوو، بووزا لە عیسا نزیك بووەوە لە کاتێکدا دەستی چەپی دەخستە ژێر باڵی عیسا گوتی: ((ئەم جارە، وەك هەر جارێکی دیکە من قۆڵی بەرزکراوەی برا خۆشەویستەکەم کە لێرەدا ئامادەیە، دەگرم))، ئەو پاشان دەستی راستی خستە سەرشانی عیسا و ئەو دوو مامۆستا پایە بەرزە، بۆساتێك لەو حاڵەتەدا مانەوە، پاشان لەسەر مێزەکە هاتنە خوارەوە لە حاڵەتێکدا کە قائیمقام، سەرکردەی پاسەوانەکان، پاسەوانەکان و سەربازەکان، بە ڕەنگ بڕسکاوی لە ترسدا سەیری ئەوانیان دەکرد و لەوپەڕی دەستەوسانید بە پشتا دەکەوتن، کوێخا کەوت بەسەر کورسییەکەیدا، ئەو کورسییە تا نزیکی دیوارەکە چوبووە دواوە، هەر کام لە ئێمە هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵمژی، من وا هەستدەکەم هیچ کامان لە ماوەی چەند دەقیقەدا کە ئەم پێشهاتانە روویاندابوو، چرکەی نەکردبوو.

پاشان بووزا قۆڵی عیسای گرت و هەردووکیان لە بەرامبەر قائیمقام دا وەستان، بووزا هێندە بە متمانە و راشکاوانە قسەی لەگەڵدا کرد کە ئەو وشانە، وات هەستدەکرد لەگەڵ دیوارەکانی هۆڵەکەدا بەریەك دەکەون، ئەو گوتی: تۆ چۆن دەوێریت برا بەڕێزەکانمان کە لێرەدا حزووریان هەیە، بە مەسیحییە سەگەکان ناوزەد بکەیت؟ ئەویش تۆیەك کە هەر ئەمڕۆ، منداڵێك کە دەپاڕایەوەو بەدوای دڵێکی میهرەباندا دەگەڕا، زۆر بە زبری لەخۆت دوورخستەوە! رۆحێکی بڵند کە لەم هۆڵەدا ئامادەگی هەیە، لەرێی خۆی گەڕایەوە تا گوێ لە هاواری بە هاناوە چوونی ئەم منداڵە بگرێت)).

بووزا قۆڵی عیسای بەردا، ئاوڕی دایەوە، بەو دەستەی کە بۆ پێشەوە درێژی کردبوو، بەرەو لای ماری چوو، بەم کارە، ئەو سەیرێکی هەموو ئامادەبووانی کرد، ئەو لە قائیمقاوە دەستیپێکرد تا دواجار رووبەڕووی دەم و چاوی ماری، دایکی ئەمیل وەستا تەواو بەڵگەنەویست بوو کە بووزا لە رادەبەدەر شڵەژابوو، ئەو رووی لە قائیمقام کرد و گوتی: ئەمە تۆی کە دەبوو یەکەم کەس بوویتایە گوێت لە هاواری بەهاناوەچوونی ئەو کچۆڵە بێگوناهە شڵبکردایە، تۆ ئەرکی خۆت ئەنجامنەدا، هەنووکە سوکایەتیش دەکەیت بەو کەسانەی وەڵامی ئەو هاواری کۆمەك کردنەیان دایەوەو ئەوان بە مەسیحییە سەگەکان ناودەبەیت؟!)).

قسەکانی ئەم رۆحە بڵندە بەجۆرێك بوو کە دەتوت بەوپەڕی توندوتیژییەوە لە وجودی ئەو وێنە دەرەوە، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: برۆ بۆ لای ئەو کوڕە چکۆلانە و چاك بوونەوەکەی لە نزیکەوە ببینە! مندالێك کە لەتاو ئازار، لاشەی گرمۆڵە بووەو تا ماوەیەك لەمەوبەر لەتاو دڵەڕاوکێ و نیگەرانی، ئارام و ئۆقرەی لێبڕابوو، برۆ ئەو ماڵە قەشەنگەی لەجیاتی ئەو کوخە هەژارانە و بێ کەڵکەدا راست بۆتەوە ببینە! لەبیرت نەچێ کردەوەکانی تۆ، تا ئەندازەیەك ئۆبالّی کوێرەوەرییەکانی ئەم خەڵکە شەریفە دەخاتە ئەستۆی تۆ، برۆ و خۆت لە نزیکەوە سەیرکە چەند پارچەی پیس و پۆخڵ و شڕ و شیتاڵ لەو کۆخەدا هەبوو و ئەو رۆحە بڵندە (رووی لە ئەمیل کرد) لاشەی کوڕە چکۆلانەکەی لەسەر ئەو پیسانە هەڵگرت و لەسەر قەرەوێڵەیەکی پاك و تەمیز داینا و چەندە بە دڵسۆزی و نەرم و نیانییەوە لەگەڵیا جووڵانەوە، خۆت برۆ و بڕوانە بە چ شێوەیەك دوای دانانی ئەو لاشە بچووك و لاوازە لەسەر قەرەوێڵەکە، هەموو ئەو پارچە کۆنە و پیس و پۆخڵانەی ناو ماڵە هەژارنەکە، سڕانەوە ئەو کاتە بە درێژایی ئەم ماوەیە، تۆ ئەی گەمژەی کورت بین، بەوپەڕی ئاسوودەییەوە لەسەر قەنەفەیەکی سوور کە تایبەت بە رۆحە پاك و بێگەردەکانە دانیشتووی و پاڵت لێداوەتەوە! تۆ چۆن دەوێرێت سووکایەتی بە کەسانێك بکەیت کە کەمترین ئازاریان بەتۆ نەگەیاندووە و بە مەیسحییە سەگەکان ناویان ببەیت، کەسانێك کە هەرگیز هیچ زیانێکیان بە ئەوانی دیکە نەگەیاندووە، لەکاتێکدا تۆ خۆت بە شوێنکەوتووی بووزا و راهیبی هەرە گەورەی پەرستگا دادەنێیت خەجاڵەتی بۆ تۆ! خەجاڵەتی بۆ تۆ! خەجاڵەتی بۆتۆ!.

وادەهاتە بەرچاو هەر کام لەم قسانە، وەك زللەیەکی توندبوون لە بناگوێی قائیمقام دەدران، وادەهاتە بەرچاو کورسییەکەی، پەردەکان، قوماشەکان، بە کورتی شان و شکۆیەك کە دەوریان دابوو، بە بیستنی ئەم قسانە، پاشەکشەیان دەکرد، بە هەر لایەکدا زبری و رەقی ئەم قسانە هێندە زۆربوون کە قائیمقام لەرزی لێهاتبوو، هەموو پەردەکان، دەتوت بەهۆی رەشەباوە بە هەرلایەکدا دەچوون چیتر پێویستی بە وەرگێڕ نەبوو، قائیمقام ئیدی هیچ پێویستی بەم شتانە نەبوو، لەگەڵ ئەوەی وشە و رستەکانی بووزا، بە زمانێکی ئینگلیزی زۆر پاراو و ڕەوان بەیان دەکرا، کوێخا لە هەموو قسەکان تێدەگەیشت و بەباشی دەرکی پێدەکردن.

بووزا یەکێك لەو پارچە زێڕانە کە وەك لیرە بوون خستە دەستێکی و ئەوی دیکەشیانی خستە دەستەکەی تری، ئەو لیرانە دەسبەجێ دیارنەمان، بووزا گوتی: بڕوانە! تەنانەت زێڕی خاڵسیش لە دەستی تۆ رادەکات! ئەو دوو لیرەیە لە یەك کاتدا، لەسەر مێزێك کە لەبەردەم ئەو دوو پیاوەدا بوو کە لیرەکانیان بە بووزادابوو، دیسان کەوتنە سەر مێزەکە.

بووزا پاشان هەردوو دەستی درێژکرد و خستییە سەر هەردوو دەستی قائیمقام بە هێواشی و نەرم و نیانی گوتی: برا، لە هیچ مەترسە، من داوەری تۆ ناکەم ئەوە تۆی کە داوەری خۆت دەکەیت، ئەو بە هەمان شێوە بەهێوری راوەستا تا ئەو دەمەی کوێخا تۆزێك هاتە سەر خۆی، پاشان دەستەکانی کێشایە دواوە و گوتی! تۆ بۆ بەدواداچوونی شتێك کە بە بۆچوونی تۆ، هەڵەیە زۆر بە پەلە دەستبەکاردەبیت و بەخێرایی شمشێر لە کێلان دەردێنی، بەڵام ئەمەت لەیاد نەچێت کاتێك خەریکی داوەری و قەزاوەت کردنی مرۆڤەکانی، لە راستیدا مژوڵی قەزاوەت و داوەریکردنی خۆتی، ئەو گەڕایەوە بۆ لای عیسا و گوتی... ((ئێمە دوو کەس کە لە مەعریفە بەهرەمەندین، بۆ خێرو چاکەی گشتی و عەشقی برایانەی تێکڕای مرۆڤایەتیەکمان گرتووە و پێکەوەین، ئەو باڵی عیسای گرت و گوتی: ((باشە، برا، من ئەم توانایەم بە تەواوی لە دەستەکانی تۆ وەرگرتبوو، بەڵام هەنووکە بۆ تۆی دەگێڕمەوە و بەجێی دەهێڵم، عیسا گوتی: تۆ بە شێوازێکی دروست و ئابڕومەندانە جووڵایتەوە نازانم بە چ شێوەیەك سوپاست بکەم)) ئەوان هەردووکیان بە نیشانەی رێز سەریان نەوی کرد، پاشان دەستی یەکتریان گرتوو بەناو دەرگا داخراوەکەدا تێپەڕین و دیارنەمان.

دەست بەجێ دەنگی قاڵە قاڵێکی، سەیر لە هۆڵی نان خواردنەکەدا بەرگوێ کەوت، قائیماقام لەگەڵ سەرکردەی پاسەوانەکان، سەرباز و پارێزەرەکانیدا بە چوار دەوری ئێمەدا کۆبوونەوە تاوەکو تەوقەمان لەگەڵ بکەن، هەر کەسەو هەوڵی دەدا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا خۆی بناسێنێت، هەموان پێکەوە قسەیاندەکرد، قائیمقام لەگەڵ ئەمیل کەوتە گفتوگۆ و ئەمیل دەستی بەرزکردەوە بۆ ئەوە داوای بێدەنگی لە ئەوانی تر بکات. هەر هێندەی توانی سەرنجی باقی ئامادەبووان بۆ لای خۆی رابکێشێت رایگەیاند کوێخا حەز دەکات هەموومان دیسان لەسەر مێزی نان خواردنەکە دانیشین، ئێمەش گوێڕایەڵیمان کرد و هەموو لە پشتی مێزەکەوە شوێنی خۆمان گرت.

دوای هێور بوونەوەی دۆخەکە، ئێمە بینیمان سەرۆکی پاسەوانەکان، تێکڕای سەربازەکانی بەڕاست و چەپی مێزەکەدا، لە پشتی کورسییەکەی قائیمقامەوە کە دیسان هێنرابووەوە پاڵ

مێزەکە، جێگیرکردبوو، کوێخا لە شوێنی خۆی هەستاو لەکاتێکدا جارێکی تر ئەمیلی وەك وەرگێڕ بەکاردەهێنا گوتی: من بە خۆڕایی کەوتمە ژێر باری توندڕەوی خۆم، لەم رووەوە لەرادەبەدەر شەرمەندەم و داوای پۆزش دەکەم و نارەحەتم، رەنگە وتنی ئەم قسانە، ئەویش دوای ئەوەی کەڕوویدا، بێهودە بێت، چونکە بەڕای من، ئێوە خۆتان بە باشی دەتوانن ببینن کە من چیتر ئەو پیاوەی جاران نیم و بە تەواوی گۆڕاوم، من لەبرای بەڕێزم باگت ئیراند دەخوازم لەسەر کورسییەکەی هەستێت و پۆزشی خاکیانە و ملکەچانەی من قبووڵبکات، ئەمێستا لە تەواوی ئامادەبووان دەخوازم لە شوێنی خۆیان هەستن کاتێك هەمووممان هەستاین ئەو گوتی: من داوای لێبوردن لە هەمووتان تکا دەکەم و تکا دەکەم ئێوەش بە گەورەیی خۆتان لێم ببورن، من لە ناخی دڵەوە دیسان بەخێرهاتنتان دەکەم، ئومێدەوارم هەمیشە لای ئێمە بمێننەوە، ئەڵبەتە گەر بێت و ئەمە لەگەڵ خواست و حەزی ئێوەدا گونجاوبێت و بەپێی پلانەکانی ئێوە بێت، لەکاتێکدا ئێوە حەز بە هەبوونی پارێزەری سەربازی بێت بۆ هەر شوێنێك کە دەتانەوێت بچن، من بەوپەڕی شانازییەوە هەوڵدەدەم کە بتوانم لەم کارەدا یارمەتی و کۆکی پێویست بە ئێوە بگەیەنم و پارێزەرتان بۆ فەراهەم بکەم، من دەزانم کە فەرماندەی پاسەوانەکانیش هەمان بۆچوونی هەیە، من چیتر هیچ قسەیەکم نییە بیڵێم مەگەر ئەمەی کە هیوای شەوێکی خۆشتان بۆ بخوازم، لەگەڵ ئەمەشدا حەز دەکەم بەر لە ئۆغرکردنی ئێوە بڵێم هەموو ئەوەی لەژێر دەستی من دایە، هی ئێوەیە، من سڵاوتان بۆ دەنێرم، سەربازەکانم سڵاوتان بۆ دەنێرن و تا شوێنی مانەوەتان یاوەریتان دەکەم.

دیسان شەوێکی شادتان بۆ دەخوازم و بەناوی بووزای گەورەوە کە مەوجودێکی ئاسمانییە، سڵاوتان لێ بێت[1].

فەرماندەی پاسەوانانیش لەلایەن خۆیەوە داوای پۆزشی لە ئێمە کرد و رایگەیاند کە گومانی نەبوو ئێمە هەمووممان لەگەڵ ئەو مەخلوقە ئاسمانییە (بووزا) پەیوەندی نزیکمان هەبووە، ئەو لەگەڵ پێنج لە سەربازەکانیدا، تاوەکو شوێنی مانەوەمان لەگەڵمان هاتن، لەکاتی خواحافیزیدا، ئەوان لەدوای سەرۆکەکەیانەوە نیمچە بازنەیەکیان دروستکرد سڵاوێکی سەربازییان لە ئێمە کرد و نووکی شمشێرەکانیان بە هەوادا بەرزکردەوە و پێکەوەلکاند، پاشان بەخێرایی سووڕانەوە و کڵاوەکانیان لەسەرداگرت، سلاو و رێزێکی زۆر گەورەیان نواند و

(١) لە تێکستە سەرکییەشدا وشەی Salam (سەلام) بەکارهاتووە. و. ف.

ئەژنۆیەکیان خستە سەر زەوی، ڕێز لێنانێکی لەو جۆرە، تەنهالە کاتی ڕێوڕەسمی زۆر گەورەی دۆستایەتیدا ئەنجامدەدرێت، ئێمەش تا ئەو جێیەی لە دەستمان دەهات، وەڵامی ڕێز لێنانەکەی ئەوانمان دایەوە و ئەوان دواجار مۆڵەتی گەڕانەوەیان لە ئێمە خواست، ئێمە چووینە ماڵەوە و دەست بەجێ مۆڵەتی گەڕانەوەمان لە خانە خۆێکەمان خواست و خواحافیزیشمان لە هاوڕێکانمان کرد و خۆمان ئامادەکرد بچین بۆ ناو خێوەتەکەمان، ژمارەمان بەڕادەیەك زۆر بوو کە شوێنی پێویست بۆ تەواوی ئەندامانی گرووپەکە پەیدا نەبوو میوانخانەی ئاوایی پۆزش و شەرمەندەیی ڕاگەیاندبوو، هەر بۆیە ئێمە لە حەوشەیەکی داخراودا کە دەکەوتە پشتەوەی میوانخانەکە چادرێکمان هەڵدا و بە تەواوی هەستمان بە ئاسوودەیی دەکرد.

هەر کە گەیشتینە چادرەکە، ڕیمۆند لەسەر قەرەوێڵەیەکی سەفەری دانیشت و گوتی: وێڕای ئەوەی من لەبەر شەکەتی بە تەواوی پەکم کەوتووە، بەڵام تەواو بێهودەیە کە بڕۆم بخەوم! تا ئەو دەمەی کە ئەم بارودۆخە ڕۆشن نەکەمەوە، خەو ناچێتە چاوم، هەر لە ئێستاوە پێتان رادەگەیەنم بە نیازم تا بەیانی بەم جۆرە دابنیشم مەگەر ئەوەی کە بەسەرهاتەکەم بۆ روونبکەنەوە، چونکە وا هەستناکەم پێویست بکات، پێتان بڵێم هەموو ئەم مەسەلانە لەڕادەبەردەر منیان شڵەژاو و پەرێشان کردووە، بەڵام سەبارەت بە ئێوە کە بە وێنەی بازنەیی دانیشتوون بەبێ ئەوەی چرکەتان لێوە بێت، دەبێت بڵێم ڕێك شێوازی زیرەکانەی ژمارەیەك تووتیتان لە خۆگرتووە!))

ئێمە لە وەڵامدا گوتمان کە ئێمەش ڕێك بە ئەندازەی ئەومان دەزانی چونکە تا ئەو شەوە، هەرگیز شتێکی وەك ئەم ڕووداوە بەڕاستی سەرسوڕهێنەرەمان نەبینی بوو، کەسێك لەنێوان ئێمەدا پێشنیازیکرد ڕەنگە ئەو ڕووداوانە بەتایبەت بۆ ئێمەیان خولڤاندبێت و سازکردبێت تاوەکو ئێمە چاومان پێیبکەوێت، بەڵام ڕیمۆند خەریك بوو پەلاماری بدات! وتت چی؟ جۆرێك لە نمایش؟! سەیرە! گرووپێکی هیندی کە توانای ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانەی هەبێت دەتوانێت لە هەر شوێنێکی جیهاندا دنیایەك پارە بەدەستبێنێت و هەفتەی یەك ملیۆن دۆلار داهاتی هەبێت! و بەڵام دەربارەی خودی قائیمقام، دەبێت بڵێم ئامادەم لە سێدارە بدرێم بەڵام لە بیروبۆچوونی خۆم پاشگەزنەبمەوە! دەبێت بڵێم کە ئەو بە هیچ شێوەیەك سیناریۆیەکی ڕێکنەخستبوو، ئەو پیرە پیاوە تا ژێری پێست و ئێسقانی ترسی لێنیشتبوو، هەرچەند دەبێت دان بەوەدا بنێم منیش تا چەند ساتێك، لە سووڕانی دۆخەکە ترسێکی زۆر دایگرتبووم، بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەو سیناریۆیەکی تر لە جۆرێکی دیکەی بۆ ئێمە ڕێك خستبوو کە زۆرتر تێکەڵ بە ڕەنگی سووری خوێن بوو، هەڵمەتی دڕندانەی تەنها بۆ سەر باگت ئیراند نەبوو،

ئەو دەمەی سەربازەکانی هێرشیان هێنا بۆ ناو هۆڵەکە، هات و هاواریان لە رادەبەدەر هاوشێوەی ئاوازی سەرکەوتن بوو لە جەنگدا، ئەگەر بە هەڵەدا نەچم، ئەو پیرە پیاوە زرنگە، مژووڵی جێبەجێکردنی پیلانێکی زۆر وردتر و قووڵتر بوو لەوەی کە ئێمە سەرەتا بیرمان لێدەکردەوە، من بڕوام وایە کە ئەو بۆ چرکە ساتێك دڵنیایی پەیداکردبوو کە بووزا بۆ یارمەتیدانی ئەو هاتووە، لەڕاستیدا کاتێك ئەو و دارودەستەکەی، بینیان کە رووداوەکە دژی ئەوان و بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئەوانە، بە تەواوی سەرسام و واق وڕماو دەهاتنە بەرچاو، بەبیرکردنەوە لەم بارەیەوە، هەنوکە دێتەوە یادم کە ئەوان تەنانەت شمشێرەکانیشیان وازلێهێنا.

لەلایەکی دیکەوە، دەربارەی هێزی بووزا چی بڵێین، بینیتان چۆن لەگەڵ ئەو قائیمقامە پیرە قسەی دەکرد؟ بینیتان چۆن روومەتی قائیمقامی تەزاند؟ لەم ساتەدا، بووزا زۆر بەهێزتر لە عیسا دەهاتە بەرچاو بەڵام لە کۆتاییدا، ئەم بوو کە پێویستی بە پشتگیری هەبوو، چونکە لەڕووی ژمارەوە، گرووپی مەسیحییەکان زاڵبوون بەسەر رەوشەکەدا، بە بۆچوونی ئێوە ئایا کوێخا پەندێکی باش و گرانبەهای وەرنەگرت؟ ئامادەم گرەو بکەم کە ئەو حاڵی حازر وا هەستدەکات بەهۆی قەیتانی کە وشەکانیەوە لە هەوادا بەرزبۆتەوە و بە بەرزایی خەرەندێکدا ئاوێزان کراوە!

ئەو دەمەی بووزا، دەستەکانی ئەوی گرت، من هەستمکرد قاوغی ئاسمانی ئەو پیرە پیاوە خەریکی بەتاڵکردنی لاشەکەیەتی، ئەگەر بە هەڵەدا نەچم تاوەکو سبەینێ، قسەی زۆر لەبارەیەوە دەبیستین و ئامادەم گرەو بکەم کە قسەی باشی لەبارەوە دەکەن، چونکە ئەو دەسەڵات و توانایەکی زۆری بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەیە، گەر بێتو رووداوەکانی دوێنێ، بوونە مایەی رێنمایی و روونکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی ئەو، رێك بە هەمان شێوە کە من روون بوومەتەوە، بە خراپی نازانم لە ئێستا بەدواوە، پێڵاوەکانی لەپێ بکەم و نۆکەری بکەم.

ئێمە خەریکی قسە و باس بووین لەسەر پێشهاتەکانی ئەو شەوە و کات هێندە بەخێرایی تێپەڕی کە لە پڕێکدا بە سەرسامییەوە هاتنی سپێدەی بەیانمان بینی، ریمۆند لە جێی خۆی هەستا و گوتی: کێ ماندووە؟ یەکێکیان منم، دوای ئەم هەموو قسە خۆشانە هەرگیز هەست بە شەکەتی ناکەم.

هەر چۆنێك بێت، ئێمە هەر بەو سیپاڵانەی لەبەر ماندابوو، راکشاین تا بۆ ماوەی یەك کاتژمێر پشوو بدەین و پاشان بۆ خواردنی بەرچایی لەخەو هەستین.

* * *

## بەشی سیانزەهەم

سپێدەی بەیانی، ریمۆند یەکەم کەس بوو کە لە خەو هەستا، ئەو بە پەلە دەست و دەم و چاوی شۆرد و وەك قوتابییەکی بزێو دەجوولایەوە، دوای ئەوەی کارەکەی تەواوکرد، هەروا بە پێوە وەستابوو، بەردەوام بە ئێمەی دەگوت خێراکەین، ئێمە دواجار هەموو خۆمان ئامادەکرد و بەرچایی خواردن، چووین بۆ هۆڵی نانخواردنی میوانخانەکە، لەوێ چاومان کەوت بە ژست و بۆ ئەمیل، ریمۆند لە نێوان ئەو دووانە لێی دانیشت و بەدرێژایی بەرچایی خواردنەکە، پرسیاری یەك لە دوای یەکی لێدەکردن، هەر هێندەی خواردنی بەرچایی کۆتایی هات، ریمۆند لە شوێنی خۆی هەستا، ئەو حەزی دەکرد دیسان بە پەلە بۆ سەردانی ئەو ماڵە بڕوات (کە لە ماوەی چارەکێکدا لە زەویدا قوت کرایەوە) ئەو لە کاتێکدا دەستی دەخستە سەرشانی ژست گوتی ئەگەر بیتوانیایە دوو هاوکاری وەك ئەمیل و ماری لەبەردەستدا بوایە، بەتاسە و حەزێکی زۆرەوە خەریکی گەشت و گوزار دەبوو لەناو شاردا تاوەکو بۆ سەرجەم خەڵکە هەژار و چەوساوەکان خانوو لە زەویدا ((بڕوێنێت)) پاشان وتی بەڵام وا هەستدەکەم سەرمایەدارە گەورە و بەدەسەڵاتەکانی نیویۆرك لە بیرۆکەی ئەم بەرنامەیە، دیق دەکەن چونکە ئەوان تەنها لەڕێی فرۆشتنی زەوی و وەرگرتنی کرێی خانووەکانیانەوە دەژین.

ئەمیل گوتی: باشە... من دیسان ئەم کارەم دەکرد! دوای سەوز بوونی ئەم خانووانە، گەربێتو خاوەن ماڵەکان و خاوەن زەویەکان نەخوازن کەڵکیان لێوەربگرن، من بەزۆر ئەوانم دەگرت، دەم خستنە ناو ئەو ماڵانەوەو کۆت و زنجیرم دەکردن!

هەموو ئەم قسانە ئێمەی خستە پێکەنین چونکە ئێمە هەمیشە ریمۆندمان وەك پیاوێکی هێور و لۆژیکی و گۆشەگیر دەناسی، ئەو پاشان دانی پێدانا کە بەجۆرێك شڵەژاو و پەرێشان بوو بوو کە نەیدەتوانی واز لە پرسیارکردن بێنێت و پێی راگەیاندین ئەم گەشتی توێژینەوەیە، وروژێنەرترین و خۆشترین سەفەرێك بووە کە لە هەموو تەمەنیدا ئەنجامیداوە، هەرچەند لە

تەمەنیدا گەشتی جۆراوجۆر و زۆر وروژێنەری ئەنجامدابوو، ئەو لەو رۆژەدا بڕیاریدا یارمەتی ئێمە بدات لە رێکخستنی گەشتێکی توێژینەوەی دیکەدا و لە کارەکانی هەڵدانەوە و شوێنەوارناسیدا بەگوێرەی رێنماییەکانی دۆستە بەڕێزەکانمان، ئەوپەڕی هاوکاریمان بکات، ئەم پلانە مەخابن هەرگیز سەری نەگرت چونکە ساڵێك دوای ئەم بەسەرهاتە، ریمۆند هاوڕێی خۆشەویستمان بەشێوەیەکی ناوەخت کۆچی دوایی کرد.

ئێمە بە هەوڵدانێکی زۆر توانیمان ئەو لە چوون بۆ ئەو ماڵە بچووکە پەشیمانبکەینەوە، هەرچەند ئەو داوای مۆڵەتی لێکردین کە لەگەڵ ژست و یەکێکی تر لە هاوڕێکانمان تا شوێنی ئەو خانووە بچووکە بڕۆن و لە دوورەوە تەماشای ئەو ماڵە بکەن، ئەوان دوای نیو کاتژمێر گەڕان هاتنەوە، ریمۆند دەست و پێی خۆی ونکردبوو، ئەو خانووە بچووکەکەی بینی بوو کە بەڕاستی بوونێکی بەرجەستەی هەبوو! ئەم دیمەنە بوو بووە مایەی ئەوەی ئەو بیرەوەرییەکی رابردووی منداڵی بێتەوەیاد، لەم بیرەوەرییە خەون ئاساییەدا، ئەو خۆی لەگەڵ ژمارەیەك فریشتە و پەری میهرەباندا بینی بوو کە سەرگەرمی پیاسەکردن بوون لە شوێنێکدا و ئەو بە کۆمەکی ئەوان خانووی بۆ خەڵکانی هەژار و نەدار دروستدەکرد و خۆشی و شادی دەخستە دڵی خەڵکییەوە ئەمیل پێی وتین ئەو شەوە، کۆبوونەوەیەك سازدەکرێت کە زۆر لەم کۆبوونەوەیە دەچێت کە ئێمە ساڵی رابردوو، لە ئاواییەکەی ئەواندا بەشداریمان تێدا دەکرد، ئەو هەموومانی بانگهێشت کرد بۆ ئەو دانیشتنە بڕۆین، ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە بانگهێشتەکەمان قبووڵکرد.

ژمارەی ئێمە هێندە زۆر بوو کە رووبمان کردەوە هەمووومان پێکەوە سەردانی ئەو خانووە بچووکە نەکەین، هەر بۆیە بڕیارماندا وێنەی گرووپی بچووکی پێنج شەش کەسی بڕۆین، گرووپی یەکەم ئەمیل، ریمۆند و یەك دوو کەس لە خانمە بەڕێزەکان، هەروەها منی لەخۆ دەگرت، ئێمە بە بەردەم ماڵێکدا کە ماری، دایکی ئەمیلی تێدا نیشتەجێ بوو تێپەڕین و ئەویش بە یاوەری خاتوونە خاوەن ماڵە رێزدارەکەمان هاتە پاڵ گرووپەکەمان، کاتێك گەیشتنە نزیك خانووەکە کیژۆڵەکەی رۆژی پێشوو بە پەلە، بۆ لای ئێمە رایکرد و خۆی خستە باوەشی ماری و گوتی براکەی لەوپەڕی سەلامەتی و تەندروستی دایە.

بەنزیك بوونەوەمان لە ئاسانەی دەرگای ماڵەکە، دایکی خێزانەکە هاتە دەرەوە و لە بەرامبەر دایکی ئەمیلدا چۆکی داداو دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی تا چەندە ئەو دەپەرستێت، ماری دەستی درێژکرد و هەڵیساندەوە و گوتی: تۆ ناتوانیت لە بەرامبەر مندا چۆك دابدەیت، تۆ دەبێت لە بەرامبەر خواوەندا چۆك دابدەیت، من ئەم کارەم بۆ هەر

مرۆڤێکی دیکە ئەنجامدەدا، ئەوە من نیم کە شایانی پیاهەڵدان و سوپاس کردن بم، لوتف و بەزەییەك کە بە تۆ گەیشت راستەوخۆ لەلایەن پەروەردگاری جیهانەوە دێت.

لەو ساتەدا، کوڕە چکۆلە نەخۆشەکەی دوێنێ دەرگاکەی کردەوە و دایکی ئێمەی بانگهێشت کرد بچینە ژوورەوە، ئێمە لە دوای خاتوونەکانی هاوڕێ مانەوە چووینە ژوورەوە، خانمە خاوەن ماڵەکەمان، وەك وەرگێڕ دەستبەکاربوو، شوێنی بچووکترین دوو دڵی نەبوو، ئەو خانووە، بە چوار ژووری فراوان و رازاوە، بەڕاستی بوونێکی دەرەکی هەبوو، ئەو خانووە لە سێ لاوە، بە کوخە یەکجار هەژارانە و بێ کەڵکەکان دەورە دەدرا، ئاگاداریان کردین کە دانیشتووانی ئەو کوخانە خۆیان ئامادەکردووە کۆچبکەن، قایلبووبوون ئەوە شەیتان بووە کە ئەو خانووەی دروستکردووە و گەر بێتو ئەوان لە نزیکی ئەو خانووە ئەفسووناوییەوە درێژە بە ژیان بدەن، بێگومان لەناو دەچن. ئێمە بە زوویی چەند هەواڵێکمان لەلایەن کوێخاوە پێگەیشت، نزیکەی کاتژمێر یانزەی سەر لەبەیانی، سەرۆکی پاسەوانەکانی لەگەڵ کۆمەڵێك سەربازدا بە شوێن ئێمەدا نارد تاوەکو بۆ خوانی نیوەڕۆ لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بانگهێشت بکات بێگومان ئێمەش قبووڵمانکرد، پاسەوانێك کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد بۆ ئەوەی تاوەکو ماڵی قائیمقام بەڕێمان بکات، خوێنەری هێژا دەبێت دەرك بەوە بکات کە لەو ناوچەیەدا، هەواڵێك لە ئۆتۆمبیل و و گالیسکە و هۆکاری دیکەی گواستنەوە لە ئارا نەبوو، هەربۆیە ئێمەش لە تاکە هۆکاری گواستنەوەی بەردەست کەڵکمان وەرگرت و بەپێی پیادە بەڕێ کەوتین.

دوای گەیشتنە ماڵی قائیمقام، سەرریرمانکرد ژمارەیەکی زۆر لە لاماکانی پەرستگایەکی ئەو نزیکانە، لەگەڵ راهیبە هەرە گەورەکەیان گەیشتوونەتە ئەوێ و بەر لە ئێمە لەوێ کۆبووبوونەوە، ئێمە بۆمان دەرکەوت نزیکەی هەزار و پێنج سەد تا هەزارو هەشت سەد کەس لاما، لەو پەرستگایەدا هەبوون و ئەوێ بە پەرستگایەکی یەکجار گرنگ هەژماردەکرا[1]. قائیمقام، بە یەکێك لە ئەندامانی دەستەی گەورەی لاماکانی ئەو کۆمەڵگە ئایینییە دەدرایە قەڵەم، ئێمە چاوەڕوان بووین رووبەڕووی بیروباوەڕی دژ و پێچەوانەی بیروباوەڕی کەسی خۆمان

---

(١) لەو رووەوە کە نووسەر بەتایبەتی دەستنیشانی ناکات لەکام ناوچەدایە (ئەویش لەبەر ئەوەی کە نایەوێت کەسێك لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەم مامۆستا پایەبەرزانە ئاگادار بێت تاوەکو نەبێ مایەی ئەرك بۆیان) تەنها دەتوانین پێشبینی بکەین ئەوان لەسەر زەوی بۆتان یاخود لە کۆتایی نیپال یا رەنگە تبت بوون، بەڵام بوونی قائیمقامێك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، تاڕادەیەك کارەکە ئاسان دەکات، ئەم شیمانەیە بەهێز دەکات کە ئەوان لە ناوچەی بۆتان بوون، کە لەژێر سەرپەرشتی هیندستاندا بووە و بوونی قائیمقامی پێویست کردووە. و.ف.

ببینەوە بەڵام بەزوویی بۆمان دەرکەوت ئەو نیوەڕۆ خوانە، تەنها بۆ ئەمە سازکرابوو کە پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان لاماکان و ئەندامانی گرووپەکەماندا بەرقەرار بکرێت دۆستە بەڕێزەکانمان، ئەو راهیبە گەورەیان لە ماوەیەکی زۆر لەوەو پێش دەناسی چونکە زۆرجار چاویان پێکەوتووە، و تەنانەت هاوکاریشیان کردبوو، قائیمقام تا بەیانی هەمان رۆژ، وادیارە هیچ ئاگای لەم پەیوەندییە دۆستانە نەبووە و بایەخی پێنەداوە، لەڕاستیدا راهیبە گەورەکە، سێ ساڵ بوو لە پەرستگاکەدا حزووری نەبوو رێك لە شەوی رابردووەوە، گەڕابویەوە بۆ ئەوێ.

بەدرێژایی نانخواردنەکە، ئێمە دەرفەتی ئەوەمان بۆ رەخسا تێبگەین لاماکانی ئەو پەرستگایە، کۆمەڵە موریدێکی زۆر بەڕێز و ئیحترام بوون، ئەوان دیدێکی کراوە و زاهیدانەیان لەمەڕ ژیان هەبوو و گەشت و گەڕانی زۆریان ئەنجامدابوو، تەنانەت دوو کەسیان ماوەی ساڵێك لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ژیابوون، قائیمقام، بەسەرهاتە سەرنج راکێشەکەی شەوی پێشووی بۆ ئەوان گێرابوویەوە.

لە دەمەو نیوەڕۆدا، کەشێکی زۆر دۆستانە لە نێوان ئێمە و ئەو لاما شکۆدارانەدا هاتبووە ئاراوە، تەنانەت هەڵسوکەوتی قائیمقامیش لەگەڵماندا زۆر گەرم و دۆستانە بوو، ئەو تەنها لەم رووەوەدەربارەی روداوەکانی شەوی رابردو قسەی کرد کە دەیویست بلیت دوای ئەو پیشهاتە، بەتەواوی هوشیار و روناك بۆتەوە، ئەو دانی بەوەدانا تا ئەودەمە، کەسیکی لە رادەبەدەر ناسیۆنالیست بووە و رقی لە بیانییەکان بووە، ئێمە ناچاربووین پەنا بۆ چەند وەرگێڕێك ببەین، مەخابن ئەم مەسەلەیە بە هیچ شێوەیەك نەبووە مایەی خۆشنوودی ئێمە، چونکە پێمان خۆش بوو پەی بە قووڵی قسەکانی قائیمقام ببەین و مانای راستەقینەی قسەکانی بە زمانی زگماکی خۆی تێبگەین.

بەر لە گەڕانەوە بۆ شوێنی مانەوەمان، بانگهێشتکراین بۆ سبەینێ سەردانی ئەو پەرستگایە بکەین و میوانی لاماکان بین، ئەمیل پێیوتین بانگهێشتی دۆستانەی ئەوان قبوولبکەین و ئێمەش سبەینێ، کاتێکی زۆر دڵگیرمان لای ئەوان بەسەر برد و زۆر شت فێربووین، راهیبی گەورە، پیاوێکی لە رادەبەدەر باش بوو، ئەو لەو رۆژەدا، دۆستایەتییەکی زۆر بەتین و گەرمی لەگەڵ تۆماسدا بەرقەرارکرد و ئەم پەیوەندییە تا ئەو جێیە تۆکمە و دڵسۆزانە بوو کە گۆڕدرا بۆ جۆرێك لە دەرککردن و ئاوڕدانەوەی نزیك و برایانە و تا کۆتایی ژیانیان درێژەی کێشا، ئەو راهیبە گەورەیە بەدرێژایی گەشتەکانی دواتری ئێمە لەو ناوچانەدا، گەلێك یارمەتی بەنرخی پێشکەش کردین کە بەڕاستی شیاوی سوپاس و پێزانینە.

* * *

## بەشی چواردەهەم

ئێمە بەخێرایی هۆکاری چاوپێکەوتنی مامۆستا مەزنەکانمان لە کاتێکدا لە بیابانی گوبی بووین تێگەیشتین، ئەوان پێیان خۆش بوو ئێمە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا کە لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە پێکدەهات، ئامادەبین، ئەم دانیشتنە لەسەر داخوازی راهیبی گەورە سازکرابوو، رێك بەر لە وادەی سازکردنی مەراسیمەکە، من و ئەمیل و ماری بۆ مالێك چووین کە ئەو کوڕە چکۆلانە شفای بۆ هاتبوو، ئێمە دەمانویست دایك و خوشکی ئەو کوڕە ببینین چونکە ئەوان تکایان لە ئێمە کردبوو لەگەڵمان دابێن، لەناو ڕێدا، واتە لە دەمی مالە نوێیەکەی ئەوان و شوێنی سازکردنی دانیشتنەکە، ئێمە بەلای کۆمەلێکی زۆر خانووە قوڕینەی هەژارانەدا تێپەڕین، کچۆلەکە لە بەرامبەر یەکێك لەو خانووانەدا وەستاو گوتی کە ژنێکی کوێر لەو کوخەدا دەژی، ئەو داوای مۆلەتی لە ئەمیل خواست بچێتە ئەو مالە هەژارانە و ئەو ژنە کوێرە لەگەڵ خۆیدا بۆ دانیشتنەکە بهێنێت، ئەلبەتە گەر بێتو ژنە کوێرەکە حەز بە هاتن بکات، ئەمیل بە نیشانەی رەزامەندی سەرێکی لەقاند و کچۆلەکە دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورەوە لەکاتێکدا ئێمە لە دەرەوە چاوەڕوان بووین، دوای چەند ساتێك، کچۆلەکە دیسان هاتە دەرەوە و گوتی: ژنە نابیناکە ترساوە و تکای لە ئەمیل کرد کە خۆی بێت چاوی بەو ژنە بکەوێت، ئەمیل نزیکی دەرگای کوخەکە بووەوە دوای ساتێك قسە و گفتوگۆ چووە ژوورەوە و کچەکەی لەگەڵ خۆی برد.

ماری گوتی: ئەم کچۆلەیە کاتێك گەورە ببێت، خێرخوازێکی زۆر گەورە و میهرەبانی لێدەردەچێت چونکە لەنێو ئەم خەلکەدا، لە تواناو ئیرادەی پێویست بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك کە لەبەرچاوی دەگرێت، بەهرەمەندە، ئێمە بڕیارمانداوە ئەم رووداوە بە تەواوی بۆ حەزی ئەم کچۆلەیە بەجێبهێلین تا بزانین ئەو چی دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە ئامۆژگاری پێویستی

پێشکەش دەکەین و لە هەر کارێکدا کۆمەکی دەکەین و لە ئایدیا و بیر و باوەڕێك ئیلهام وەردەگرین کە زۆرترین چانسی لە پەرەپێدانی متمانە بەخۆکردنی ئەم کچە سەبارەت بە تواناکانی خۆی دەبێت، ئێمە بەنیازین بڕوانین ئەم کچۆڵە نازدارە لە چ شێوازێك بۆ هاندان و هێنانی ئەم ژنە کوێرە بۆ دانیشتنەکە کەڵك وەردەگرێت، ترس و دڵەوڕاکێیەك کە ئەم خەڵکە شەرافەتمەندە سەبارەت بە ئێمە هەستیپێدەکەن، بەڕاستی لە باسکردن نایەت، زۆرێك لەوان، لەجیاتی ئەوەی بێن بۆلای ئێمە و داوای خانوویەکی هاوشێوەی خانووی ئەو کچۆڵەیەمان لێبکەن، لە ماڵەکەی ئەو هەڵدێن، ئەمە هۆکاری سەرەکی ئێمەیە کە ناچارمان دەکات تا ئەم رادەیە وردەکاری بە خەرج بدەین تاوەکو هەست و سۆزی ئەوان نەڕوشێنین، لەکاتێکدا حەز دەکەین ئەوان لەم ئاستەی کە تێیدا دەژین، دەربێنین، رێك وەك ئەو کارەی بۆ ئەم کچۆڵەمان ئەنجامدا، بەداخەوە هەر کە ئێمە هەوڵماندا لێیان نزیکببینەوە، ئەوان لە ئێمە هەڵدێن.

من پرسیارم لە ماری کرد بە چ شێوەیەك توانی یارمەتی ئەم کچۆڵەیە و دایك و باوکی بدات، ئەو لە وەڵامدا وتی: باشە ئەم کارە بەیارمەتی رەفتاری ئەم کچۆڵەیە رەخساو ئاسان بوو، ئێمە لەڕێی ئەم کچەوە بوو کە توانیمان یارمەتی ئەو و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی بدەین، ئەم کچۆڵەیە بە ئەندامی هەماهەنگ کاری گرووپەکەی دەژمێردرێت، لەڕێی ئەم کچۆڵە نازدارەوەیە کە دەتوانین لەگەڵ رۆحی پاك و شەرافەتمەندی ئەم ژنە و زۆرێك لە دانیشتووانی ئێرە، پەیوەندی بەرقەرار بکەین.

ماری پاشان ئاماژەی بە خانۆچکە هەژارەکانی دەوروبەر کرد و گوتی: ئەمانە، کەسانێکن کە ئێمە حەز دەکەین لە دڵی خۆمانیان نزیکبکەینەوە، ئەو خانووە نوێیە، بەخۆڕایی و بێهوودە دروستنەبووە.

ئەمیل و ئەو کچۆڵە لە کوخەکە هاتنە دەرەوە و گوتیان کە ئەو ژنە کوێرە تکای لە کچۆڵەکە کردبوو چاوەڕێی بکات تا هەردووکیان پێکەوە و لەگەڵ ئێمەدا بۆ دانیشتنەکە بێن، بەم پێیە ئێمە پێش ئەوان بەڕێکەوتین و دڵنیابووین کە ئەو کچۆڵە و ژنە کوێرەکە بەزوویی پێمان دەگەن.

کاتێك گەیشتینە شوێنی سازکردنی مەراسیمەکە، کۆمەڵێکی زۆری بەشداربومان بینی و وادیار بوو هەمووان هاتبوون، ئێمە هەواڵمانزانی کە راهیبی گەورەی پەرستگاکە، بڕیاربوو وتارخوێنی سەرەکی ئەو شەوە بێت، ئەمیل لەگەڵ ئەم لاما رێزدارەدا، نزیکەی هەژدە مانگ

لەوەو پێش ئاشنایەتی پەیدا کردبوو دەسبەجێ پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵدا بەستبوو، لەدوای دەسەڵاتی ئەم لاما، قائیمقام گەورەترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەبوو، ئەمیل گوتی لەو رۆژە بەدواوە، قەدەر وابوو ئەم دوو پیاوە لە دۆستانی نزیك و دڵسۆزی مامۆستاکان بن، زۆر دەگمەن بوو مامۆستا مەزنەکان، دەرفەتێك بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی مەعنەوی و رۆحانی لەگەڵ کۆمەڵێك بەرپرسی باڵای ئاینیان پەیدا بکەن، مامۆستا مەزنەکان هیچ کاتێك هەر لە خۆوە هیچ کارێکیان ئەنجامنەدەدا و لێدەگەڕان بارودۆخ و پێشهاتەکان لە کات و وادەی خۆیاندا رووبدەن.

دۆستەکانی ئێمە گوتیان شەوی پێشوو، سێهەمین جار بوو کە عیسا و بووزا دەربکەون بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن، ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون کە ئێمەش رووداوێکی وا گەورە و گرنگمان بینی بوو، ئەوان ئەم بەسەرهاتەیان وەك جۆرێك لە سەرکەوتنی یەکجارەکی سەیر نەدەکرد، بەڵکو وەك دەرفەتێك لەبەرچاویان گرتبوو کە مۆڵەتی پێدەدان لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیەدا سەرگەرمی هاریکاری و دۆستایەتی بن، هەر لەو کاتەدا، کچۆڵەکە هاتە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکە لە کاتێکدا ژنە کوێرەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنا، ئەو ژنەکەی لەسەر کورسییەکی باش کە لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا بوو، دانیشاند، دوای ئەوەی کچۆڵەکە ئەوی جێگۆڕکێ پێکرد لە بەرامبەریدا راوەستاو هەردوو دەستی گرت، پاشان نەختێك بۆ پێیشەوە چەمیەوە و دەتوت بەنیاز بوو بە ئەسپایی قسەی لەگەڵدا بکات، پاشان دووبارە راوەستاو دەستە بچووکەکانی خستە سەر چاوەکانی ژنە کوێرەکە و بۆ ماوەیەك لەسەر چاوەکانی هێشتینەوە، ئەم کارە، وادیار بوو سەرنجی تەواوی ئامادەبووانی بۆ لای خۆی راکێشا، بەتایبەت راهیبی گەورە، هەموو لە شوێنی خۆیان هەستان بۆ ئەوەی سەیری کچۆڵە و ژنە نابیناکە بکەن، راهیبی گەورە چووە پێشەوەو بەخێرایی دەستەکانی خستە سەر سەری منداڵەکە، کچۆڵەکە وادیار بوو شۆکێکی توندی بەم لێکەوتنە بەر کەوتبوو بەڵام هەڵسوکەوتی خۆی نەگۆڕی.

ئەو سێ کەسە بۆ چەند ساتێك لەو پۆزێشنەدا مانەوە، پاشان کچۆڵەکە دەستەکانی لابرد و هاواری کرد: ((دەبینیت، تۆ هەرگیز کوێر نیت، تۆ دەتوانی ببینیت)) ئەو تەوێڵی ژنەکەی ماچکرد، پاشان ئاوڕی دایەوە و هات بۆ لای تۆماسی هاوڕێمان، کە وادیاربوو حەپەسابوو گوتی: ((من بە زمانی ئێوە دوام، ئەم کارە چۆن دەکرێت؟!)) پاشان وتی: ((بۆچی سەیری ئەم ژنە ناکەن کە چیتر کوێر نییە؟ ئەو دەتوانێت ببینێت)).

ئێمە دیسان سەیرێکی ژنە کوێرەکەمان کرد، ئەو لە شوێنی خۆی هەستابوو لەکاتێکدا خەرقەی ئەو راهیبە گەورەیەی بە هەردوو دەستی گرتبوو بە زمانی خۆیان گوتی: ((من دەتوانم ئێوە ببینم)) ئەو پاشان تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد کەلە سەرتاسەری هۆڵەکەدا بە قیافەیەکی ورو سەرسامیەوە گوتی: ((من دەتوانم هەمووتان ببینم...)) ئەو خەرقەی راهیبە گەورەکەی وازلێهێنا، روومەتی خۆی بەدەستەکانی شاردەوە، دیسان لەسەر هەمان کورسی دانیشت و بە دەم پرمەی گریانەوە گوتی: ((من دەبینم، دەبینم...! ئێوە هەمووتان چەندە پاك و خاوێنن من چەندە پیس و پۆخڵم، لێمگەڕێن ئێرە بەجێبێڵم.))

ماری رۆیشت و راستەوخۆ لە پشت ئەو ژنەوە وەستاو هەردوو دەستی خستە سەر شانەکانی، راهبی گەورە دەستەکانی هەڵبڕی، هچ قسەیەك نەکرا، تاڕادەیەك دەم و دەست، سیپاڵەکانی ئەو ژنە، دیار نەمان و لەجیاتی ئەوان، جلێ و بەرگی پاك و خاوێنی تازە پەیدابوون، ماری دەستەکانی کێشایە دواوە، ژنە لە شوێنی خۆی هەستا، بە واق وڕماویەوە، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، راهیب لێی پرسی بەشوێن چ کەسێکدا دەگەڕا، ژنە لەوەڵامدا وتی بە شوێن جلە کۆنەکانیدا دەگەڕا، راهیب گوتی: بەشوێن جلە کۆنەکانتا مەگەڕێ، بڕوانە جلەکانت هەموو تازەو نوێ بوونەتەوە، ئەو ژنە دیسان ماوەیەك بە حەپەساوی مایەوە پاشان روومەتی بە زەردەخەنەیەك درەوشایەوە، ئەو رێزێکی گەورەی نواند و دیسان لە شوێنی خۆی دانیشت.

ئێمە بەجۆرێك وروژابووین کە هەموومان لە دەوری ئەو ژنە کۆبووینەوە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە، ریمۆند رێگایەکی کردبۆوە و خۆی گەیاندبووە کچۆڵەکە بە ئەسپایی خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیدا، ئەو پاشان پێی راگەیاندین کچۆڵەکە بەشێوەیەکی باش بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکات، کاتێك قسەکردن بە زمانی ناوخۆیی ئەو شوێنە دەستیپێکرد خاتوونی خاوەن ماڵەکەمان وەك وەرگێڕ دەست بەکاربوو، بەڵێ، ئێمە هەواڵمان زانی ئەو ژنە بیست و چوار ساڵ بوو کە کوێربوو، هۆکاری کوێربوونەکەشی بەهۆی گوللە ساچمەیەکەوە بوو کە چەتەیەك تەقاندبووی و بەرچاوەکانی کەوتبوو.

کەسێك پێشنیاریکرد کە رەنگە باشتر بێت هەموومان دابنیشین، لەکاتێکدا ئێمە دادەنیشین، ئەو ژنە لە شوێنی خۆی هەستاو لە ماری کە هێشتا بەوپەڕی ئارامییەوە لە تەنیشتیدا راوەستابوو، مۆڵەتی وەرگرت کە ئەوێ بەجێبهێڵێت، کچەکە هاتە پێشەوە و گوتی لەگەڵیا دەڕوات تا دڵنیابێت کە ئەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، راهیبی گەورە لە ژنەکەی

پرسی لە کویٚ نیشتەجیٚیە، ژنە لە وەڵامدا وتی، راهیبەکە پیٚشنیاری کرد چیتر هەرگیز بۆ ئەو ماڵە پیس و پۆخڵە نەگەڕیٚتەوە، کچۆڵەکە سەری قسەکەی وەرگرت و گوتی بەنیازبوو ئەو ژنە بۆ ماڵی خۆیان ببات تاوەکو شویٚنیٚکی بۆ فەراهەمبکات، ئەو دووانە دەستیان خستە ناو دەستی یەکتری و ئەویٚیان بەجیٚ هیٚشت.

کاتیٚك هەموو دانیشتین، قاپ و دەوریەکی زۆر لەسەر میٚزەکە دەرکەوتن و دەتوت بەیارمەتی دەستیٚکی نەبینراو لەسەر میٚزەکە لە بەردەم ئیٚمە دادەنران، راهیبی گەورە بە سەرسامییەوە سەیریٚکی دەوروبەری خۆی کرد، ئەو دەمەی خۆراك و دەوری سینییەکانی تر لەسەر میٚزەکە دەرکەوتن، راهیبی گەورە رووی لە ماری کرد و لیٚی پرسی کە ئایا هەمیشە راهاتووە بەم شیٚوەیە، نان بخوات، چونکە خۆی تا ئەم ساتە وەختە رووداویٚکی نائاسایی لەم چەشنەی نەبینیووە.

ئەو پاشان رووی کردە ئەمیل کە وەرگیٚڕی ئیٚمە بوو، وادیار بوو راهیبی گەورە خوازیاری روونکردنەوەی زیاتر بوو لەم بارەیەوە، ئەمیل باسی لە توانایەك کرد کە بۆ چاککردنەوەی ئەو ژنە کویٚرە کەڵکی لیٚوەرگیرابوو، ئەو گوتی دەکریٚت ئەو توانایە بۆ هەموو ئەوەی پیٚویستی مرۆڤە، بەکاربهیٚنریٚت، بە سانایی دەکرا ببینیٚت کە راهیبی گەورە گیٚژ و مات بووە، بەڵام بە هەرحاڵ هیچی نەوت تا ئەوەی هەموومان گەیشتینە ناوەڕاستی نان خواردنەکە.

لەو کاتەدا ئەو سەری قسەی دامەزراند و ژست وەرگیٚڕی ئیٚمە بوو، راهیبی گەورە وتی: روانینی من دژەی کردۆتە قووڵایی کە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم، مەخلوقیٚکی مرۆیی توانای چوون بۆ ئەویٚی هەبیٚت، هەموو تەمەنی من لە سیستەمی رەهبانیەتدا بەسەرچوو، وام هەستدەکرد خەریکی خزمەتکردنی هاوچەشنەکانم، بەڵام هەنووکە دەبینم من زیاتر لەوەی خزمەت بە کەسانی تر بکەم، خزمەتی خۆمم دەکرد، بەڵام حاڵەتی برایی و دڵسۆزی ئەمشەو، لەڕادەبەدەر سروشتییە، جیهانبینی من فراوانتر بووە، تازە دەرفەتی ئەوەم پیٚدراوە تەنگی و سنووردارێتی ژیانی رابردووم تەماشا بکەم وتیبگەم ئەو هەستکردن بە سووکایەتییەی بە هەرشتیٚك کە هاوشیٚوەی ئیٚمە نەبوو، بە هیچ شیٚوەیەك راست نەبووە، ئەم دیمەنە لە وەسفکردن نەهاتوو و دڵگیرانە پیشانیاندام کە ئیٚوەش وەك ئیٚمە لە قەڵەمڕەوی ئیلاهییەوە دیٚن، ئەم مۆڵەتە بەمن دراوە کە لە چیٚژ و شادی ئاسمانیدا بەشداربم و تەماشای بکەم. ئەو وازی لە قسەکردن هیٚناو لە کاتیٚکدا تاڕادەیەك دەستەکانی هەڵبڕیبوو، بە حاڵەتیٚکی حەیران و سەرسامییەوە سەیریٚکی دەوروبەری کرد، دەتوت دووچاری سەرسامییەکی دڵگیر بووبوو، ئەو بۆ چەند ساتیٚك لە

هەمان حاڵەتدا مایەوە و پاشان گوتی: ئەمە سەیر نییە! بەڵام من چیتر دەتوانم بە زمانی ئێوە قسە بکەم و بەنیازم ئەمەش بکەم، بۆچی بە زمانی ئێوە نەدوێم؟ هەنووکە لە مەبەستی ئێوە دەگەم ئەودەمەی قسەتان لە بارەی تواناو شایستەیی مرۆڤ دەکرد بۆ گوزارشت لەخۆکردن بەهەر شێوەیەك کە بیەوێت و وتتان ئەم توانایە بێ سنوورە و کۆتایی نایەت، من تازە بۆم دەردەکەوێت کە دەتوانم راستەوخۆ قسە لەگەڵ ئێوە بکەم و ئێوەش بە سانایی لە قسەکانم دەگەن ئەو دیسان بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، دەتوت بەنیاز بوو رشتەی بیروبۆچوونەکانی کۆ بکاتەوە، پاشان بەبێ یارمەتی وەرگێڕ کەوتە قسەکردن، پاشان پێیان راگەیاندین کە ئەمە یەکەم جارە ئەو بە زمانی ئینگلیزی قسە بکات ئەو درێژەی بە قسەکانیدا: چەندە جوانە کە مرۆڤ دەتوانێت راستەوخۆ بە زمانی ئێوە قسە بکات! ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی رەهەندێکی نوێ بە زۆرێك لە شتەکان بدرێت، من چیتر ناتوانم لەوە تێبگەم لەبەر چ هۆکارێك هەندێك لە مرۆڤەکانی سەر زەوی، مرۆڤەکانی تر وەك دوژمنی خۆیان سەیر دەکەن بۆ من پڕ ئاشکرا و بەڵگە نەویستەکە ئێمە هەمووومان سەر بە خێزانێکی گەورەی مرۆیین و هەموومان یەك سەرچاوەمان هەیە و خزمەت بە یەك ئامانج و مەرام دەکەین.

ئەمە دەیسەلمێنێت کە شوێنێك بۆ هەمووان لەم جیهانەدا بوونی هەیە، گەر بێتو برادەرێك خاوەن بیروبۆچوونێکی جیاوازە لە ئێمە، بۆچی دەبێت ئەو بیروبۆچوونە لەناو ببەین؟ من هەنووکە پەی بەوە دەبەم کە نەدەبوو مافی دەست وەردانمان هەبێت چونکە هەر جۆرە دەستوەردانێك دەبێتە مایەی دواکەوتنی گەشە و کامڵبوونی خودی ئێمە و کارێك دەکات کە لە تێکڕای جیهانییەکان دووربکەوینەوە و بکەوینە حاڵەتی گۆشەگیرییەوە و ماڵ و کاشانەی خۆمان بەسەر خۆماندا وێران بکەین، من هەنووکە لە جیاتی رەگەزی هەڵبژێردراو و دیایکراو، هەموو جیهانی بوون دەبینم و دەرك پێدەکەم، جیهانێکی ئەزەلی و بێ کۆتایی کە لە یەکبوونی تاك و تەنهاوە سەرچاوەی گرتووە و دیسان بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، دەبینم کە عیسا و بووزای سەروەرمان، هەر بەم رووناکییە سەرکەوتن، پێویستە کە زیندەگی ئەوان هاوزەمان لەگەڵ ژیانی بەشداربووان لەم رووناکییەدا، لە یەکبوونێکدا ئاوێتە ببێت، من تازە خاڵی بەریەککەوتن دەبینم، ئەم رووناکییە شەفافە کە وەك کریستاڵێکی بلوورین، هەموو تیشکەکانی خۆی ئاڕاستەی من کردووە، کاتێك مرۆڤەکان دەگەنە پێگەیەکی شاهانە و پلە و پایەیەك بەدەست دێنن، چیتر برایانی خۆیان وەك مرۆڤگەلێکی یەکسان، لەبەرچاو ناگرن، تەنها خوازیاری ئەوەن خۆیان بە تەنها دەسەلات بەڕێوە ببەن و ئەوانی تر لە کۆیلایەتیدا بهێڵنەوە.

بە چ بەڵگەیەك، کچۆڵەیەك دەستەکانی لەسەر چاوە داخراو و نابیناکانی ژنێکی بەڕێز دانا؟ چونکە باشتر و قووڵتر لەمن، بارودۆخەکەی دەبینی، لەکاتێکدا دەبوو من باشتر لەو کچۆڵە لە حاڵی ئەو ژنە ئاگادار بوومایە و ئاگام لە بارو گوزەرانی هەبووایە، ئەم کچۆڵەیە شتێکی پیشاندا کە ئێوە بە ((عەشقی بە توانا)) ناوزەدتان کرد، هەمان ئەو عەشقەی عیسا و بووزای هاندا کۆببنەوە، شتێك کە سەرەتا منی سەرسام کرد و ئێستا چیتر حەیرانم ناکات، بە قبووڵکردنی ئێوە هەمووتان لە بیری خۆماندا، ئیدی هیچ رووداوێکی خراپ ناقەومێت چونکە ئەم تێکەڵبوون و ئاوێتە بوونە دەبێتە مایەی خێرو پیت و بەرەکەتێك کە ئێوە لێی بەهرەمەندن، بەم جۆرە ئێمە چارەیەکمان نیە جگە لەوەی لێی بەهرەمەند بین، دەسەڵاتێك کە هەمیشە پارێزگاری لە ئێوە دەکات، بێگومان پارێزگاری لە منیش دەکات، جل و بەرگێکی سەربازی کە بەرگری لە ئێوە دەکات، داکۆکی لە منیش دەکات و بەپێچەوانەشەوە، گەر بێتو ئامرازێکی پاراستن و بەرگری بۆ ئێوە یا من بوونی هەبێت، لەم حاڵەتەدا بۆ هەمووان هەیە، هێڵەکانی دیاریکردنی هێڵ، بۆ هەمیشە لەبەرچاو ون دەبن، چ حەقیقەتێکی دڵگیر و ئاسمانی!.

هەنووکە دەتوانم لە ئەندێشەی ئێوە بگەم کاتێك دەڵێن جیهان، جیهانێکی خواییە، شوێنە دوورە دەستەکان بە ئەندازەی شوێنە نزیك و بەردەستەکان، هەموویان یەکێکن و هی خودان.

گەر بێتو ئێمە بتوانین هاوزەمان، شوێنە دوور و نزیکەکان ببینین، کەواتە هیچ جیاوازییەکی بۆ ئێمە نابێت، ئێمە لە جیهانی گچکەی خۆماندا دەژین بەبێ ئەوەی ببینین جیهانێکی زۆر فراوان، دەوری ئێمەی داوە و ئامادەیە کۆمەکیمان بکات، گەر بێتو مۆڵەتی کارێکی لەم جۆرە بەئەو بدەین بیر لەم حەقیقەتە بکەنەوە کە خواوەند دەوری ئیمەی داوەو لە هەموو شتیك ئاگادارە.

من تازە لە مەبەستەکەی برا موقەدەس و زەهیدەکەمان، عیسا تێدەگەم کە فەرمووی دەرگاکان هەر لە خۆیانەوە بە تەواوی دەکرێنەوە تا هەر کەسێك ئامادەی قبووڵکردنی خودایە لێی بپەڕێتەوە، گوتراوە کە مرۆڤ نابێت بەمە قەناعەت بکات کە تەنها گوێ لە قسەکان بگرێت. پێویستە ببێتە ئەو شتەی کە ئیدیعای دەکات هەیە، مرۆڤ بە نوقمکردنی خۆی، لە برایەتی مرۆڤایەتییدا رۆدەچێت، ئەوە کاروکردەوەی مرۆڤە کە حساب دەکرێن نەك قسەی جوان و بێ مانا، رێگای بەرەو پێشچوون تەنها لەڕێی بیروباوەڕی ئەوانی دیکەوە داناخرێت و کلۆم نادرێت، بەڵکو بەهۆی بیروباوەڕەکانی خۆشمانەوە دژوار دەبێت، هەر کام لە ئێمە، لوتف و بەرەکەتی ئیلاهی راستەوخۆ لە خودی ئەو دەخوازین و هەر کەسێك هەوڵی ئەوە دەدات

بەوێرانکردنی ماڵی ئەوانی تر، کاشانەی خۆی بسازێت، لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ توانا و دەسەڵاتی خۆی بۆ کاولکردن و وێرانکردن بەکاربهێنێت، دەبێت بۆ تۆکمەکردنی هەموو گرووپەکە بەکاری بهێنێت خواوەندی جیهان، تەواوی نەتەوەکانی جیهانی لە یەك خوێن و رەگەز خولْقاندووە بەم جۆرە نییە کە هەر نەتەوەو تایفەیەك لە خوێنێکی رەنگ جیاواز بەهرەمەندبێت، ئێمە هەنووکە گەیشتووینەتە قۆناغێکی زەمەنی کە پێویستە لە نێوان خورافە و برایەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یەکێکیان هەڵبژێرین، خورافە، تەلیسمی مرۆڤایەتییە، باوەڕێك کە دەتوانێت شاخەکان بهەژێنێت، هێشتا لە حاڵەتی شکۆفەکردن دایە، لە فۆرمە ئیلاهییەکەیدا شاراوەیە، مرۆڤ هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە لە ئاگایی کە پێگەی بەرز و شکۆمەندی ئەم یاسایە دەرکبکات، یاسایەکی رۆشنگەری و رووناککەرەوە کە بەر لە پەڕجووەکان هەبووە، هەمان یاسای بانترو باڵای عەشقە و دواجار عەشق هەمان برایەتی جیهانگیر و ئیلاهییە مرۆڤ تەنها پێویستی بەوە هەیە کە بۆ سەرچاوەی ئایینەکەی خۆی بگەڕێتەوە، هەموو دەستەواژە هەڵە و نادروستەکان لە گەوهەری سەرەکی جیا بکاتەوە و بەکورتی هەر جۆرە خۆ بەزلْزانین و خۆپەرستییەك لەخۆی داڕنێت، لە پشت رواڵەتە فریودەرەکانەوە مرۆڤ دەتوانێت زێڕی خالس و نایابی کیمیاگەر بدۆزێتەوە، کە ئەویش هەمان فەزیلەت و حکیمەتی زاتی ئیلاهییە، هەر ئەو خودایەی کە خودای من و خودای ئێوەیە تەنها خودایەکی تاقانە بوونی هەیە و هەواڵی خودا فرە چەشنەکان، بۆ نەتەوە گەلە جیاوازەکان لە ئارادا نییە.

خودای ئێمە، هەر ئەو خودایە کە لە شیوێکدا، لەگەڵ موسا کەوتە وتووێژ و درەختێکی ئاگر تێبەردا، خودا هەر ئەو خودایە کە عیسا لە بارەیەوە دەیگوت تەنها بە یارمەتی نزاو پەرستش توانای هەیە سوپا گەورە و گرانەکان بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی، لە ئاسمانەوە بانگبکات تاوەکو لە ململانێی کوشندەی لەگەڵ کافرەکاندا، بێن بە هانایەوە و بتوانێت ئەو کارەی باوکە ئاسمانییەکەی پێی سپاردووە، بە کۆتا بگەیەنێت، خودا هەر ئەو خودایە کە پەترۆس، نزاکانی بۆ لای ئەو بەرزدەکردەوە و لەکاتی هاتنە دەرەوە لە زیندان، بۆ سوپاس کردنی ئەو، دەستی بە ستایشکردنی ئەو زاتە پاکە کرد، من تازە ئەم هێزە گەورەم کەشفکردووە و دەرکی پێدەکەم، هێزێك کە بتوانرێت یارمەتی لێوەربگریت بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو کیانەی پێبدرێت کە حەزدەکەن هەموو تەمەنیان لە پێناوی برایەتی مرۆڤایەتیدا بەختبکەن.

لەم ساتەدا، راهیبی گەورە پەرداخەکەی بەرزکردەوە، بۆ ساتێك لەناو دەستیدا گوشی و بە تەواوی لە جوڵە کەوت، پەرداخەکە بەجۆرێك ورد و خاش بوو وەك خۆڵی لێهات و راهیبی

گەورە لە درێژەی قسەکاندا وتی: نەتەوەی بەنی ئیسرائیل لەم هێزە ئاگاداربوون، ئەودەمەی لە بەرامبەر شاری جریکو، بۆقیٚ و کەڕەناکانیان فوپیاکرد و دیوارەکانی شاریان رووخاند، تەنانەت پۆلس و سەیلان لەم هێزە بیٚ ئاگا نەبوون، ئەو کاتەی لە بەندیخانەی دوژمن هەڵاتن.))

راهیبی گەورە دیسان بێدەنگی هەڵبژارد، بێدەنگییەکی رەها، بەجۆرێك کە بیناکە هاتە لەرزین و لە پایەکانیەوە کەوتە لەرزە، بریسکی گەورەی ئاگر، وەك هەورە بروسکەی ئاسمان، بۆ هەرلایەك هەڵمەتیان دەبرد و دەدرەوشانەوە و بە وێنەی هەرەسێکی گەورەی بەفر لە شاخەکە جیابوونەوە و بە پڕتاو ئاڕاستەی دۆڵەکە کران، ئەو شاخە کەوتبووە دووری دوو کیلۆمەتر لە شوێنی کۆبوونەوەکە، دانیشتووانی ئاوایی بە ترس و بیمێکی زۆرەوە لە ماڵەکانیان دەرپەڕین و ئێمەش لە دڵەوە تەمەننامان دەکرد خۆزگە وەك ئەوان، توانای دیتنی ئەو دیمەنەمان هەبووایە چونکە بیناکەی ئێمە، لە رادەبەدەر هاتبووە لەرزە.

راهیبی گەورە دەستی هەڵبڕی و دیسان دۆخەکە ئاسایی بووەوە، ئەو گوتی: سوپاکان و مەلەوان و جەنگاوەرەکان بە کەڵکی چی دێن ئەو دەمەی مرۆڤ دەزانێت خواوەندی جیهان خاوەنی ئەم هێزە گەورەیە، مەخلوقاتەکانیشی دەتوانن ئەوپەڕی سوودی لێوەربگرن، مرۆڤ دەتوانێت هەموو سوپا لەناوبەرێت رێك وەك منداڵێك کە سەربازەکانی گەمەزارۆڵانەکەی هەڵڕژێتە سەر زەوی، مرۆڤ دەتوانێت کەشتی گەورەی جەنگی وەك پەرداخێك کە من شکاندم و کردم بە خۆڵ، لەناو ببات.

ئەو بەم قسەیەی، دەوریەکی پیشاندا کە خۆڵی پاشماوەی ئەو پەرداخەی تێکرابوو، ئەو دەوریەکەی گرت بەدەستەوە بە ئەسپایی فوی پیاکرد، دەورییەکە لەناو بڵێسەی ئاگرێکدا تەقییەوە بە تەواوی لەبەرچاو ون بوو.

ئەو دیسان گوتی: لەشکرەکانی خودا بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئێوە یا من بۆ ئەم جیهانە نایەن، تەنانەت بۆ ئەوەش نایەن کە وەك ئامرازێك سوود لە مرۆڤ وەربگرن، ئەوە مرۆڤە کە دەتوانێت ئەوان بانگبکات تاوەکو لەکاتی پێویستدا پشتگیری و بەرگری لێبکەن و لە کارێکدا کە خەریکی ئەنجامدانیەتی.

سوکنایی و دڵنەوایی بکرێت بۆ ئەوەی وەك خاوەن و مامۆستای تێکڕای هەلومەرجەکانی زیندەگی، بەسەر هەموو شتێکدا زاڵبێت. بەیارمەتی ئەم دەسەڵاتە، مرۆڤ دەتوانێت تەوژمی

گەورە و گرانی دەریاکان هێور بکاتەوە، فەرمان بەسەر بادا بدات، ئاگرەکان بکوژێنێتەوە و بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا حوکمڕانی بکات و ڕێبەری و ئاڕاستەکردنیان لە ئەستۆ بگرێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لەم لەشکرە ئاسمانیانە کەڵك وەربگرێت مەگەر ئەوەدەمەی توانیبێتی زاڵبێت بەسەریاندا.

شتێکی پێویست بووە، کاتێك دوایین تۆنی موزیك کۆتایی هات، ئێمە لە پشتی مێزەکەوە هەستاین و بە دەوری دۆستە مەزنەکانمان و ڕاهیبی گەورەدا گردبووینەوە ئەوەدەمە بوو کە ڕیمۆند و تۆماس دەرفەتیان بۆ ڕەخسا چەند پرسیارێکیان لێبکەن، ڕاهیبی گەورە بە دیتنی تامەزرۆیی زۆری ئەوان، تکای لێکردن شەو لە پەرستگاکەی ئەو بەسەر بەرن، ئەوان خوا حافیزیان لە ئێمە کرد و سێ کەسی بەرەو پەرستگای ڕاهیبی گەور بەڕێکەوتن.

لە بەرنامەی گەشتەکەی ئێمەدا نەبوو کە سبەینێ، دەمەو نیوەڕۆ ئێرە بەجێبهێڵین ئێمە بڕیارماندا کە تەنها ژست و چادرسن بۆ شوێنێك لەگەڵماندا بێن کە بڕیاربوو لەوێ ئازووقەی ڕێ تەواو بکەین و ئەو کەرەستانەی پێویستمانن دەستەبەریان بکەین، ئەمیل دواتر گەیشتە لای ئێمە، بەڵام سەبارەت بەو سێ مامۆستا بەرێزە، بڕیار درا ئەوان لەگەڵ ئێمەدا بۆ ئەو گوندەی کە شوێنی مانەوەی زستانەی ئێمە بوو، بگەڕێنەوە، ئێمە دوای ئەم بەرنامە ڕێژەییە، گەڕاینەوە بۆ خێوەتگەکەمان بەڵام تا بەرەبەیان، خەو نەچووە چاومان، ئێمە لە ڕادەبەدەر تامەزرۆ بووین هەست و سۆزی خۆمان دەربارەی ئەو ڕووداو و پێشهاتە سەیر و دڵگیرانەی کە بە چاوی خۆمان بینی بوومان، پێکەوە گفتوگۆیەکی شایانیان لەبارەوە بکەین.

❊ ❊ ❊

مرۆڤ دەتوانێت ئەم لەشکرانە بۆ خێروچاکەی نەژادی مرۆیی بەکاربهێنێت تاوەکو هەستی هاریکاری لەگەڵ خواوەندی جیهاندا لە مێشکی مرۆڤەکاندا بچەسپێت، هەر کەسێك توانیبێتی کۆمەکی لەم سوپاو لەشکرە ئاسمانیانە وەربگرێت، بە باشی دەزانێت کە هەرگیز ڕێگای پێنادرێت کەڵکیان لێوەربگرێت، مەگەر لە پێناو خێرو بەرژوەندی مرۆڤایەتیدا نەبێت، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی گوزاریەکی ڕاستەقینە بە مرۆڤایەتی، ئەم لەشکرانە لە ڕاستیدا لە دەسەڵاتێکی وەها بەهرەمەندن کە بە هەمان ڕێژە کە پارێزگاری و بەرگری لە مرۆڤ دەکەن، توانای لەناوبردنیشیان هەیە.

لەم ساتەدا، وتاربێژەکەمان بێدەنگ بوو، دەستەکانی ڕاداو بە دەنگێکی ئارام و لەسەرخۆ گوتی: خودایا، بەوپەڕی خۆشی و شانازیەکی گەورەوە ئەمشەو پێشوازیمان کرد لەم دۆستە

بەڕێز و خۆشەویستانە، هەر بۆیە بە دڵێکی بەکوڵ و خاکی و راستگۆیانەوە دەڵێم: ((خودایا هەر شتێك تۆ تەقدیرت کردبێت، هەر ئەوە دەبێت)) ئێمە دۆعای خێر بۆ ئەم هاوڕێ خۆشەویستانە دەکەین و دۆعای خێر بۆ هەموو جیهان دەکەین.

ئەو پاشان لێی دانیشت و بە جۆرێك دەجوولایەوە دەتوت هیچ رووداوێکی نائاسایی رووی نەدابوو، گشت مامۆستا مەزنەکان بە ئارامی لێی دانیشتبوون، تەنها گرووپکەی ئێمە بوو کە ورووژابووین، گرووپێکی سروودی نەبینراو بە ئاوازێکی بەرز دەستیان بەگۆرانی وتن کرد: هەر مرۆڤێك لە توانایەك کە لەناوێکدا بوونی هەیە، ئاگادارە، مرۆڤ دەتوانێت خۆی ناوبنێت پادشا و بەدڵێکی خاکی و نەرم و نیانەوە. بە دەسەڵاتێکی باڵا بگات.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە ئێمە غەرقی ئەم نمایشە نائاساییەی پیشاندانی هێزبووین، پڕ ئاگامان لە باری رۆحیمان نەماوە و لە گوشاری دەروونیمان بێ ئاگا بووین کاتێك گرووپی سروتەکە بێدەنگ بوون، ئێمە تازە دەهاتینەوە هۆش خۆمان، رێك وەك ئەمە وابوو کۆتایی هاتنی ئەو موزیکە ئاسمانییە بۆ ئاسوودەیی دەروونی ئێمە و هێور بوونەوەمان مەسەلەیەکی تەوزیمی بووە، ئەو دەمەی دواین تۆنی موزیکی کۆتایی هات، ئیمە لەپشتی میزەکە هەستاین و لە دەوری دۆستە مەزنەکانمان و راهیبی هەرەگەورە کۆبوینەوە، لەو کاتەدا بوو کە ریمۆندو تۆماس دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسا چەند پرسیاریك لەوان بکەن، راهیبی گەورە بەدیتنی پەرۆشی زۆری ئەوان تکای لیکردن شەو لە دیرەکەی ئەو بەسەر ببەن، ئەوان خواحافیزیان لە ئیمەکردو سیً کەسی بەرەو دیری راهیبی گەورە بەریکەوتن .

لەبەرنامەی سەفەرەکەی ئیمەدابریار بوو ئیمە سبەینی دەمەو نیوەرۆ لەوی بکەوینەڕێ، ئیمە بریارماندا کە تەنها ژست و چاندرسن لەگەل ئیمەدا بین تا ئەو جیًیەی کەبریاربوو ئازوقەی رێً لەو شوینەدا، جەم و جۆر بکەین و ئەو کەرەستانەی پیویستمان بوو فەراهەم بکەین، ئەمیل دواتر هاتە پال ئیمە،بەلام سەبارەت بەو مامۆستا بەریزانە، بریاردرا ئەوان لەگەل ئیمەدا بۆ ئەو گوندەی پیگەی زستانەی ئیمە بوو بگەریًنەوە، دوای ئەو بەرنامە ریژیە، گەراینەوە خیوەتگەکەمان بەلام تادەمەو بەیان خەونەچووە چاوی هیچ کەسیکمان، ئیمە لەرادەبەدەر تامەزرۆ بوین راو بۆچونمان دەربارەی ئەو روداوو پیشهاتە سەیرو دلگیرانەی بەچاوی خۆمان دەمانبینی، پیکەوە بگۆرینەوە و گفتوگۆیەکی شایانیان لەبارەوە بکەین

❊ ❊ ❊

## بەشی پانزەهەم

سبەینی دەمەو نیوەڕۆ، هەموو شتێك ساز و ئامادەکرابوو، گرووپکەی ئێمە لە نێوان هاواری خودا حافیزی و ئارەزووی سەلامەتی و گەشتێکی خۆش بۆ خواستن، ئاوایی بەجێهێشت، زۆربەی دانیشتوانی ئاوایی لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەرەوە تاوەکو ئێمە بەڕێبکەن و بۆ دواجار خواحافیزیمان لێبکەن، هەر ئەو شەوە، نزیکەی کاتژمێر شەش، ئێمە ناچار بووین لە شوێنێکدا بوەستین کە لە نزیك رووبارێکی گەورەدا بوو، بڕیارمان هاتە سەر ئەوە وەستان لەو شوێنەدا، کارێکی ماقووڵتر دەبێت چونکە پێویستە لە رووبارەکە بپەڕینەوە و خۆ ئامادەکرنیش بۆ پەڕینەوە زۆربەی کاتەکانی رۆژی دواتری ئێمەی بەخۆیەوە مژووڵدەکرد.

بەڵێ، لەو رووەوە کە لەو شنوێنەدا نە پرد نە کەشتی و نە قەیاخێك لە ئارادا نەبوو، ئەندامانی گرووپەکەمان بە تێپەڕین بەسەر کێبلێکی زۆر ئەستووردا کە لە تاڵە چەرم چنرابوو و بەسەر پانایی رووبارەکەدا تێدەپەڕی توانیان خۆیان بگەیەننە ئەوبەری رووبارەکە، پەڕینەوەی پیاوان، کارێکی دژوار نەبوو بەڵام مەسەلەکە بۆ پەڕاندنەوەی ئەسپ و ئێسترەکانمان یەکجار دژوار بوو، ئێمە بە بەکارهێنانی پشتێنی چەرمین، جۆرێك لە زەمبیلەی سادە و زۆر تۆکمەمان بۆ دروست کردن، کە لە رێی ئەڵقەیەکی گەورەوە ئاوێزان دەکرا بە کێبڵە سەرەکییەکەی سەر رووبارەکەدا، بەس بوو وڵاخەکەی بخەیتە ناو و بۆ پێشەوە پاڵی پێوەبنێت تاوەکو بەسەر رووبارەکەدا بپەڕێتەوە، وڵاخی بەستەزمان بەسەر ئاوی خرۆشاوی رووبارەکەوە ئاوێزان بوو لەکاتێکدا ئێمە بە یارمەتی چەند گوریسێك کە هەردوو رۆخی رووبارەکەیان بە یەك دەگەیاند، بەرەو ئەوبەری رووبارەکە کێشمان دەکردن، یەکێك لە گوریسەکان بۆ راکێشانی وڵاخەکە بۆ پێشەوەو گوریسێکی دیکەشیان بۆ کێشکردنی زەمبیلەکەی بەکاردەهێنرا.

دواجار پەڕینەوەی ئێمە لە ڕووبارەکە بێ هیچ گرفتێك کۆتایی هات و ئیدی ڕووبەڕووی هیچ لەمپەرێکی تر نەبووینەوە، ئێمە جگە لەو ڕووبارە، بەدرێژایی ڕێگا ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەك نەبووینەوە و هەستماندەکرد ڕێگای گەڕانەوەمان زۆر هەموارتر دەبێت لە ڕێگای چوونمان، دوای گەیشتنە بنکەی سەرەکیمان.

ئەندامانی گرووپەکە بڵاویان لێکرد و ئامادەکارییەك کرا تاوەکو ئەوانەی خوازیاری گەڕانەوە بوون بۆ نیشتمان ئامرازێك بۆ گەیشتن بەو بەندەرەی لەپێش چاویان گرتووە پەیدا بکەن، ئەوان زۆرتر لەڕێی جادەیەکی تایبەتەوە کە کاروانچییەکان بەکاریان دەهێنا، بەرەو شوێنی مەبەستیان بەڕێکەوتن، بەیانی ڕۆژی دوایی، ئەمیل بە ئێمە گەیشت، ئێمە خواحافیزیمان لە هاوڕێکانمان کردو لەگەڵ ئەمیلدا بەرەو ئاواییەك چووین کە بە بنکەی زستانەی ئێمە هەژمار دەکرا.

ئێمە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە خێوەتگەی چەتەکان پشوومان‌دا، ئەو دوو چەتەیەی هاوسەفەری ئێمە بوون، لەوێ لە ئێمە جیابوونەوە و گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵ و ژیانی خۆیان و ئەندامانی گرووپەکەمان بوون بە حەوت کەس، ئەو دوو کۆنە چەتەیە، باسی ئەو سەفەرە سەیرو سەرسوڕهێنەرەی کە لەگەڵ ئێمەدا ئەنجامیان دابوو، بۆ هاوڕێکانیان گێڕایەوەو باسی ئەو پەرجووانەیان کرد کە بە چاوی خۆیان بینیبوویان.

لەوێ، هەڵسوکەوتێکی زۆر باش و شیاویان لەگەڵماندا هەبوو، سێ مامۆستای مەزن و بەڕێزی ئێمە، بایەخپێدان و ڕێزێکی تایبەتیان هەبوو سەرکردەی چەتەکان پێی ڕاگەیاندن بە یادی ئەو ڕێز و بایەخپێدانەی مامۆستا مەزنەکان بەرامبەر ئەوان نوواندبوویان، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە شوێنی ئەو شارانەی بوون بەژێر خۆڵەوە بە پیرۆز دەزانن و بۆ هیچ مرۆڤێکی ناگێڕنەوە و هەر چۆنێك بێت، ئەستەم بوو بڵێین جارێکی تر ئەو چەتانە هەوڵدەدەن بۆ شوێنێکی دوورە دەست بڕۆن یاخود لە بنکەکەیان دوور بکەونەوە.

لەڕاستیدا، چەتەکانی بیابان هەرگیز نەدەچوون بۆ ناوچە شاخاوییەکان و بە هەمان شێوە چەتەکانی سەر ملە و کێوەکانیش هەگیز بۆ شوێنە نزم و بیابانییەکان نەدەچوون، چونکە سەرجەم گرووپەکان هەمیشە لە حاڵەتی جەنگدان لەگەڵ چەتەکانی تردا، هەر چۆنێك بێت، تا

ئەو جێیەی ئێمە ئاگادارین، ئەوان تا ئەمڕۆ بەڵێنەکەیان نەشکاندووە و هەرگیز دەست پێشخەرییەکیان نەکردووە سەبارەت بە شوێنەواری ئەو شارە دێرینانە.

سپێدەی ڕۆژی دوایی، سەرکردەی چەتەکان هات بۆ لای تۆماس و میدالیایەکی بچووکی برۆنز کە بە ئەندازەی دراوێکی یەك شیلینگی ئینگلیزی بوو پێدا، لەسەر میدالیاکە فۆرم و شێوەی سەیر دەبینرا، ئەو بە تۆماسی گوت ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان، لەو ناوچانەدا بووین و لەلایەن گرووپێك لە چەتەکان هێرشمان کرایە سەر و پەلامار دراین، بەسە ئەم میدالیا برۆنزەیان پیشانبدەین بۆ ئەوەی دەسبەجێ ئازاد بکرێین، وادیار بوو بنەماڵەکەی ئەو، چەند نەوەیەك بوو کە ئەو میدالیایان لای خۆیان پاراستبوو و بەهاونرخێکی لەڕادەبەدەر زۆریان بۆ دادەنا، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو پێی خۆش بوو ئەو میدالیایە بە تۆماس بدات وەك هێمای دۆستایەتی و ڕێزدانانی بۆ ئەو.

ئەمیل دوای لێکۆڵینەوەی ورد لەو میدالیایە بە ئێمەی گوت ئەو میدالیایە دراوێك بووە کەلە بەشی باکووری بیابانی گوبی بەکارهێنراوە پێشنەیەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە بەروارێك کە لەسەر دراوەکە نەخشێنرابوو، پیشانیدەدا دراوەکە بۆ حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە هەر بۆیە ئەو دراوە وێنەیەکی ڕاست و دروستی دراوەکانی چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر بوو وادیارە بەپێی قسەکانی ئەمیل ئەم جۆرە دراوە کۆنانە زۆربەی جار وەك جادوویەکی بەهێز، لەڕێیی دانیشتووانی ئەو ناوچانەوە بەکارهێنراوە و دانیشتووانی بیابانەکان، دراوەکە چەندە کۆنتر بێت، دەسەڵاتێکی نائاسایی زیاتریان پێ ڕەوادەبینی، سەرۆکی چەتەکان و تەواوی ئەندامانی گرووپەکەی، بەهاونرخێکی زۆر زۆریان بۆ دیارییەکەیان دادەنا.

بەڵێ ئێمە درێژەمان بە گەشتەکەماندا و بێ هیچ ڕووداوێك گەیشتینە بارەگای زستانەمان، ئێمە لەلایەن ئەو مامۆستایانەوە کە لە بیابان، سەردانی ئێمەیان کرد و لەو ئاواییەی چاومان کەوت بە ڕاهیبی گەورە، ئێمەیان بەجێهێشتبوو، بە گەرمی پێشوازیمان لێکرا، بۆ جارێکی تر، بانگهێشت کراین لە ماڵی هەمان خاتوونی ڕێزدار کە ساڵی ڕابردووش خانە خوێی ئێمە بوو، نیشتەجێ بین و ئێمەش بە حەزو تاسەیەکی زۆرەوە بانگهێشتەکەی ئەوانمان قبووڵ کرد.

ئێمە ئەم جارەیان زیاتر لە چوار کەس نەبووین چونکە حەوت کەس لە هاوڕێکانمان بۆ هیندستان و مەغۆلستان گەڕابوونەوە تاوەکو زنجیرەیەك کاری لێکۆڵینەوە ئەنجامبدەن ئەم

هەلومەرجە دەرفەتێکی زۆرتری بۆ ئێمە دەڕەخساند تاوەکو بتوانین دیکۆمێنت و تابلۆ دێرینەکان وەربگێڕین، هەموو شتێك لەو گوندە چکۆلانەدا، ئارام و کشومات بوو، ئەمەش مۆڵەتی ئەوەی پێدەداین بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە، خەریکی فێربوون و لێکۆڵینەوەی چڕو پڕبین لە پیتەکانی ئەلف و بێی ئەو دیکۆمێنتە مێژووییانە و کۆمەڵێك فۆڕم و هێمای سەر تابلۆکان بایەخێکی زیاتریان پێبدەین و بە ئاسانی کەڵکیان لێوەربگرین و بەم پێیە توانیمان داتاو زانیاری سەرنجڕاکێش لەمەڕ ماناو چەمکی شاراوەی وشەو زاراوەکان بەدەستبێنین.

چاندرسن درێغی نەدەکرد لە کۆمەکی کردنمان، هەچەند ئەو زۆربەی کات لای ئێمە نەبوو بەڵام هەمیشە لەکاتە دژوارەکان و لە شوێنێکدا کە پێویستمان بە یارمەتی کەسێکی شارەزا لەم زمانە بوو، ئەو یا خاتونی خانە خوێکەمان دەهاتن بە هانامانەوە.

ئەم کارە، تا دوایین ڕۆژەکانی مانگی سێبتەمبەر درێژەی کێشا ئێمە سەیرمانکرد ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك، بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا، بۆ گوندەکە هاتبوون، لەڕاستیدا زۆربەیان، هەر ئەو کەسانە بوون کە ساڵی رابردووش هاتبوون بۆ ئەوێ بەڵام شوێنی سازکردنی مەراسیمەکە، ئەم جارەیان جیاواز بوو، ئەم کەڕەتە، ئاهەنگەکە دەبوو لە پەرستگایەکدا سازبکرایە کە بەناوی ((پەرستگای خاچ)) بە شێوەی ((T)) بەناوبانگ بوو، ئەویش لە هۆڵە ناوەندییەکەدا لەو پێنج هۆڵەی کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی و لەپاڵ یەکدا لەسەر ترۆپکی ئەو شاخەدا کە پێشتر باسمکرد، قەراریان گرتبوو. لە شەوی سەری ساڵی نوێدا، ئێمە بەر لەوادەی دیاری کراو بۆ هۆڵەکە چووین تاوەکو وتووێژ بکەین لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە هەر لە ئێستاوە لەوێ کۆبووبوونەوە، ئەوان لە چەند شوێنێکی جیاجیاوە دەهاتن و هەواڵی جۆراو جۆریان لەمەڕ جیهانی دەرەوە بە ئێمە گەیاند، بەجۆرێك کە هەستمان کرد چەندە لە ڕووداوە جیهانییەکان بێ ئاگابووین و پەیوەندیمان لەگەڵیان پچڕاوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت بڵێین ئێمە لە کارەکانمان ئەوپەڕی چێژمان وەرگرتووە و ماوەی گەشتی توێژینەوەکانمان، بەڕاستی زۆر خێرا تێپەڕی بوو. لە میانەی گفتوگۆکاندا، یەکێك لە میوانەکان هاتە ژوورەوە و گوتی مانگێکی زۆر قەشەنگ لە دەرەوە دەدرەوشێتەوە، زۆرێك لە ئامادەبووان، لەوانە ئەندامانی گرووپەکەی ئێمە، لە هۆڵەکە چوونە دەرەوە بۆ ناو بانیژەیەکی سروشتی کە لە دڵی شاخەکەدا دروستبووبوو، بەڕاستی دیمەنێکی زۆر دڵگیر لە بەردەمماندا نمایان بوو، مانگ تازە هەڵاتبوو، وادەهاتە بەرچاو لەنێو شەبەنگێك لە ڕەنگە جوانەکان کە بەسەر پانتایی فراوان و بێ

سنووری ئەو بەفرە سپییەی تەواوی شاخ و دەشتەکانی دەوروبەری داپۆشیبوو رەنگ دەداتەوە، تێدەپەڕی ئەو رەنگانە هەمیشە لە باری گۆڕاندا بوون. یەکێك گوتی: ((ئای! ئەم شەو زەنگی جەژن لێدەدرێت!)) و بەڕاستیش دوای چەند دەقیقەیەك، دەنگی زەنگی جەژن بەرگوێ کەوت، سەرەتا رێك وەك ئەمە وابوو کە ناقوسێکی زۆر دوورە دەست سێ جار دەنگی لێوەهاتبێت پاشان وادەهاتە بەرچاو کە کۆمەڵە ناقوسێك لە حاڵەتی نزیك بوونەوەدان و سات لە دوای سات دەنگەکەیان دڵگیرتر دەبوو تاوەکو دواجار گۆڕان بۆ دەنگی کۆمەڵە زەنگۆڵەیەکی بچووکتر کە لەبەر پێی ئێمەدا، دەزرینگانەوە، ئەم هەست و پۆزیشنە بەڕادەیەك واقیعی دەهاتە بەرچاو کە ئێمە هەموومان چاومان بڕیە زەوی تا بەڵکو بەڕاستی بیانبینین، ئەم گۆرانییە خۆشە درێژەی کێشا و بە جۆرێك تاوی سەند کە دەتوت هەزاران زەنگ و زەنگۆڵە، لە جۆرە هەماهەنگییەکی تەواودا، بەیەك دەنگ و پێکەوە، دەزرینگانەوە، ئەو ناوچە رەنگاو رەنگە سروشتییە بە جۆرێك بەرزبووەوە تا گەیشتە ئاستی بەرزایی ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێبوو، وامان هەستدەکرد کە ئێمە دەتوانین بچینە پێشەوە و پێ بنێینە سەر ئەو تۆپەڵە رەنگاڵەییە، چونکە زەوییەکەی ژێرەوەی بە تەواوی لەبەرچاو ونکردبوو.

وادەهاتە بەرچاو کە ئێمە هەموومان لەسەر سەکۆی شانۆیەکی گەورە و لە بەرامبەر هەزاران روخساری رەنگ پەڕیودا راوەستاوین کە هەموو گوێیان لە دەنگی ئەو گۆرانییە خۆشە گرتووە.

پاشان لە پڕێکدا دەنگێکی زۆر بەهێز و زوڵاڵ، سروودێکی دەسپێکرد، دەسبەجێ هەزاران دەنگ سروودەکەیان دووبارە کردەوە لە کاتێکدا دەنگی زەنگەکان، هاوڕێیەتی کردنی سروودەکەیان لە ئەستۆدا بوو، ئەم سروودە، بەشێوازێکی زاڵ و وروژێنەر تا کۆتایی درێژەی کێشا، دواجار چەند دەنگێك لە پشت سەری ئێمەوە گوتیان: ((سڵاو! ئێمە سڵاو بۆ ئێوە دەنێرین)) پاشان چەند دەنگێکی تر گوتیان: ((ئێمە سڵاو بۆ هەموو جیهان دەنێرین)).

ئێمە گەڕاینەوە بۆ دواوە لە پشتمانەوە، عیسا، راهیبی گەورەو (ئەمیل)مان چاوپێکەوت، دیاردەی زەنگەکان و ئەو دەنگە خۆشەی لە جیهانی غەیبەوە بەرگوێمان کەوتبوو بەڕادەیەك ئێمەی خستبووە ژێر کاریگەرییەوە کە هەر جۆرە ئامادەبوونێکی مرۆییمان لە دەوروبەری خۆماندا لەبیر کردبوو، هەمووان کشانەوە دواوە تاوەکو رێگە بدەن ئەوان بێنە پێشەوە، لەکاتێکدا عیسا لەخۆ ئامادەکردندا بوو لە دەرگاکە بێتە ژوورەوە، ئێمە لەناکاو رووناکییەکی

نائاسییمان بینی کە هەمیشە لەکاتی ئامادەبوونی ئەم مامۆستا بەڕێزەدا دەدرەوشایەوە، کاتێك لە دەرگاکە تێپەڕی، تەواوی هۆڵەکە بە رووناکییەکی سپی رۆشن بووەوە، هەموویان چوونە ژوورەوە و لە پشت مێزێکەوە لێی دانیشتن ئەم جارە، تەنها دوو مێزی درێژ هەبوو کە پانایی هۆڵەکەیان گیرکردبوو، عیسا لە پشت مێزی یەکەمەوە دانیشت و راهیبی گەورەش لە پشت مێزی دووەمەوە کە ئێمە بە دەوریدا دانیشتبووین شوێنی خۆی گرت، ئەمیل لای راستییەوە و تۆماس لای چەپییەوە بوون، لەسەر مێزەکە سفرەیەك نەبوو، بەڵام هەر کە ئێمە دانیشتین، مێزەکان هەر لە خۆیانەوە، بە تارای سپی رازێنرانەوە.

لەکاتێکدا غوبارێکی رەنگین تەوژم ئاسا بۆ ئاستەکانی سەرووتری هەوا هەڵدەکشا، دەنگی زەنگەکان توندتر بوون و گۆرانییە خۆشەکە زاڵبوو بەسەر هەموو ناتەواوی و کەم و کوڕییەکاندا. پاشان قاپ و دەوری دەرکەوتن، پاشان نۆرەی دەرکەوتنی خواردن هات لەسەر سینی و بەلەمی جۆراوجۆر هەموو شتێك جگە لە نان دەرکەوت، کولێرەیەك لە بەرامبەر عیسا لەسەر مێزەکە دەرکەوت، ئەو نانەکەی هەڵگرت و کردی بە دوو لەتەوە و لە تەنانەکانی خستە ناو دەوریەکەوە، کاتێك دەوریەکە پڕ بوو، شێوەیەکی رەنگ بڕسکاو و خێو ئاسا کە حاڵەتێکی زاڕۆڵانەی هەبوو لەسەر مێزەکە هەڵیگرت و بە ئارامی لە شوێنی خۆی مایەوە تاوەکو حەوت دەوری تر، بە هەمان شێوە پڕکران لە خۆراك و حەوت شێوەی خێوئاسای بێدەنگی تر دەورییەکانیان هەڵگرت و لای خۆیان هێشتیانەوە.

لەو ماوەیەدا کە عیسا، نانەکەی بۆ چەند لەتێك دابەشدەکرد و دەوری میوانەکانی پڕ لە خواردن دەکرد، تۆزقاڵێك لە قەبارەی نانەکە کەم نەدەبووەوە، ئەوددەمەی دوایین دەوری پڕبوو، عیسا لە شوێنی خۆی هەستا، دەستەکانی هەڵبڕی و گوتی: ئەو نانەی پێشکەشی ئێوەی دەکەم پیشاندەری ژیانی خواوەندی (رب العالمین)ـە، ئەم ژیانە پاکە هەمیشە خوداییە دابەشبکەن.

پاشان لە کاتێکدا نانەکەمان بە یەکتر دەدا، ئەو درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: ئەوددەمەی گوتم عروجم کرد و بە هۆی کۆچ کردنمەوە، تێکڕای مرۆڤەکانی سەر زەوی بۆ لای خۆم کێش دەکەم، دەمزانی ئەم ئەزموونە بۆ هەموو جیهان، ئەو رووناکییە دەبێت کە هەر کەسێك بە چاوەکانی خۆی دەبینێت و بۆی دەردەکەوێت کە دەتوانێت وەك من، عروج بکات، من هەر لێرە، لەسەر زەوی، ئاسمانم بینی، لەبارێکدا کە لەناو مرۆڤە خاکییەکاندا بووم، جیهانی

مەلەکوتم دەبینی، ئەمە ئەو راستییەیە کە من بۆم دەرکەوت و رۆژێك دێتە پێشەوە کە حەقیقەت بە وجودی ئێوەشدا تێدەپەڕێت، هەمووتان پێی ئاشنا دەبن، تەنها یەك ڕان و یەك شوان هەیە، گەربێت و مەڕێك ون ببێت، باشە کە مرۆڤ نەوەد و نۆ مەڕەکەی وازلێبهێنێت وبە شوێنی مەڕەکەی دیکەدا بگەڕێت تا بیگێڕێتەوە بۆ ناو گەلە ڕانەکە.

خودا دەبێت بۆ مەخلوقاتەکانی، بە هەموو شتێك هەژمار بکرێت، هەموو مرۆڤەکان هی خودان چونکە ئەوان زیاتر لە چۆلەکەکان و گوڵە زەمبەقەکانی شیوەکە لە خواوەندەوە نزیکن و خودا خۆشی دەوێن و لای زاتی ئیلاهی بەڕێزن، ئەگەر خواوەند لە چرۆکردنی زەمبەقەکان شادو خۆش نوودە و ئاوازی دڵڕفێنی چۆلەکەکان ببیستێ، دڵنیاین بە چێژێکی زۆر زیاترەوە، چاودێری گەشەو پەروەردەی منداڵە خۆشەویستەکانی دەبێت. خواوەند هەر بەو جۆرەی کە هەرگیز داوەری چۆلەکە و زەمبەقەکان ناکات، بە هەمان شێوە داوەری مەخلوقاتە مرۆییەکانیشی ناکات، بەڵکو بە خۆشەویستی بێ پایانییەوە، مرۆڤەکان وابەستە دەکات بە ئامانج و مەرامە سەرەکییەکەیەوە، کاتێك خواوەند کەماڵی خۆی دەخاتە کار، هیچ مرۆڤێك لە نیگای خوایی شاراوە نابێت و پشت گوێ ناخرێت، من لە خەونە ئیلهام ئاساکانمدا دەمبینی کە ئەگەر ئەم کەماڵە خوازراوە دەیتوانی بە پیتی زێڕین لەسەر دیوارەکانی پەرستگاکان ((ئەندێشەی گەورەی جیهان)) هەڵیکۆڵرێت، دەبووە مایەی ئەوەی بیرو ئەندێشەی پیاوانی دنیا بەرزتر و بانتر لەو پیسی و چەپەڵییەی بەسەر ئەواندا زاڵە بڕوات، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤەکان پێیان لەسەر بەردێکی تۆکمە وجێگیر دابنێن تاوەکو لەوێوە، بەبێ کەمترین ترس و دڵەڕاوکێ گوێ لە نرکە و ناڵەی باو زریانەکان بگرن، تا ئەودەمەی مرۆڤەکان بەوپەڕی متمانە بەخۆبوون و دڵسۆزی و راستگۆییەوە لەسەر ئەو سەکۆیە بمێننەوە، لەوپەڕی ئاسایشیدا ژیان بەسەر دەبەن، هەر لەبەر ئەم ئاسایشە، ئەم ئاشتی و ئارامشە، مرۆڤەکان بە پلەی بەرزتر دەگەن و لەو پنتەوە، توانای باشتر دەرککردنی باڵابوونی واقعی خۆیان هەیە.

ئەوان هەروەها دەتوانن خۆیان لە ئاستی هاوچەشنەکانیان هەڵبڕن، بەڵام ئاسمان نادۆزنەوە و بەهەشتێك نابینن چونکە ئاسمان و بەهەشت لە نێوان مرۆڤەکاندا نییە، مرۆڤ هەرگیز گەوهەری گرانبەها لە رۆیشتن بەرێگای دەرد و مەینەت و خەم و پەژارە و ئارەزوو کێشە و گرفتەکاندا نادۆزێتەوە، مرۆڤ دەتوانیت لە رێگای دیکەوە ئەم گەوهەرە گرانبەهایە بەدەستبێنێت کە زۆر

سانا و هەموارترە لە ڕێگای یەکەم، تەنها بەسە هەر جۆرە ئەندێشەیەکی ماددی لە زەینی خۆی بکاتە دەرەوە و لە یاساگەلێك کە ئەویان بە خولگەی هەمیشەیی خۆیەوە دیل و پەیوەستکردووە دەرباز بکات و ڕەتیان بکاتەوە، بەسە بێتە پێشەوە، گەوهەرە بەنرخەکە هەڵگرن، بیخەنە ناو وجودی خۆتانەوە و بهێڵن ڕووناکییەکەی بدرەوشێتەوە، تەنها یەك هەنگاوی ڕاست بەسە تاوەکو ڕێگەی ئەم کارە بە ئێوە بدات، بەمەرجێك ئیرادەی پێویستتان هەبێت و بتوانن دەستتان بەو قەڵەمڕەوە بگات، قەڵەمڕەوێك کە لە هەلومەرجی دیکەدا، ڕەنگە بۆ هەمیشە لەدەستی بدەن.

هەنووکە ڕۆحێك لەبەرچاو بگرن کە سوورە لەسەر ئەوەی دەسبەجێ و بە تەواوی لە ڕووناك بوونەوە و ئیشراقی عیرفانی و مەعنەوی و قوتاربوون لە کۆت و بەندە ماددیەکان، هەر لێرە و لە ئێستادا بەهرەمەند بێت، ڕۆحێك کە بەباشی لەو پەیوەندییە ئاگادارە کە لە نێوان خودا و مرۆڤدا هەیە، ئەم ڕۆحە نەك تەنها توانای ئەوەی دەبێت بە زوویی ببینێت کە ئیمکاناتی خودایی سات لە دوای سات ڕوونتر و ئاشکراتر دەبێتن بەڵکو دەبینێت کە یارای ئەوەی هەیە کەڵکیان لێوەربگرێت و ئەمەش کە ئەم توانا و ئیمکاناتە بەگوێرەی ئیرادەی ئەو، کار دەکات و دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت، بۆ ئەم جۆرە ڕۆحە، داستانەکانی (عهد جدید) نەك تەنهابە خەون و ئەفسانە نادرێنە قەڵەم، وەك خەونێکی ئاڵۆز کە تەنها پاش مردنی جەستە هەموار و دەستەبەر دەکرێت هەژمار ناکرێت، بەڵکو وەك ئامانجێکی باڵا لە بەرامبەر جیهاندایە، جیهانێك کە دەتوانێت تێیدا، ژیانێکی پڕاو پڕ ئاوێتە لە عەشق و مرۆڤ دۆستی و خزمەت بە کەسانی تر بۆ خۆی ساز بکات، ئەم ئامانجە ئەم کەماڵە خوازراوە، دەستەبەرکردنی هەموو شتە باشەکان، خواوەند بۆ هەمووان، هەر لێرە و ئێستا، دەدرێتە قەڵەم.

لەو دەمەدایە کە مرۆڤەکان، لەگەڵ ئەو ئارەزووەدا کە پێش هەمووتان لە دڵم دابوو پشکدار دەبن، مەبەستم ئەو کاتەیە کە وتم: ((زۆرێك لە خەڵك هەوڵدەدەن بێنە ژوورەوە، بەڵام ناتوانن چونکە ئەم دەرگایە، بەڕاستی تەنگە و ڕێچکەیەك کە بە ژیانی نەمری کۆتایی دێت، بەڕاستی باریکە)) هەر کەسێك کەماڵی خوازراوی ڕۆحی خودایی بەپێی بەهای ڕاستەقینەی خۆی نەزانێت و دەرك کردنێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵاڵە و نەخشەی ئیلاهی کە زۆر کامڵە و تەنها بۆ هاوئاهەنگی و لێکگەیشتن و سازش لە نێوان مرۆڤ و خواوەندا هاتۆتە ئارا، نەبێت بە هیچ

کویٚ ناگات، بۆ مرۆڤێکی ئاوا، ئەم ئامانج و کەماڵە خوازراوە، بۆ خەون و ئەفسانە و هەندیٚ جار بەندبوون و بۆشایی دەگۆڕدرێت.

دەرگایەك کە بەڕووی ئەم کیمیا بگۆڕ و بە توانایەی ((ئەندێشەی پوخت)) لە مرۆڤدا والاّ دەبێت، هەمیشە و بۆ هەموو کەسێك رێگە پێدراوە و شیاوی تێپەڕبوونە پێیدا، کلیلەکەی لە کۆڕی ئەندێشە دایە، چونکە جیاوازی بیروباوەڕ لە ئامانج و بیروبۆچوونە باشەکان و شێوازەکانی ڕەهایی هەمیشەیی یاخود لوتف و مەرحەمەتەکانی ئەوینی خودا،لەڕێی ئەندێشەی مرۆییەوە هاتوونەتە بوون نەك لەڕێی ئەندێشەی ئیلاهییەوە، هەر کەسێك کە دەرگا لە ئاست بەزەییەکانی خودا دادەخات خۆی لە هەموو شتێك پەراوێز دەخات چونکە خواوەند ئەم بەزیی و لوتفە بیٚ درێغانەی خۆی تەنها بۆ مەخلوقاتەکانی خۆی فەراهەم هێناوە و لەپێش چاوگرتووە.

بەم جۆرە مرۆڤ لە بەزەیی درەوشانەوەی رۆح و ئیشراق بێبەش دەبێت، ئیشراقێك کە تەنها بەهۆی کیمیای بڵند ڕاگری رۆحی پیرۆز هاتۆتە کایە، بەم پێیە مرۆڤ لە توانایەك کە بە خۆیەوە پەیوەستە بێبەش دەبێت، توانایەك کە مۆڵەت و مافی ئەوەی هەبووە بە ئەندازەی رۆحی خودایی کەڵکی لێوەربگرێت.

هەرکەسێك ئەم دەسەڵاتە قبووڵبکات و پێی قایل بێت دەتوانێت شێوە گۆڕینی هەنووکەیی گەڕۆڵێك ببینێت، بە گوێرەی کاریگەری ورد و چڕی ((کەلام))ی باسکراو، ئەو پیاوانەی کە بە خواوەندی جیهانەوە پەیوەستن دەتوانن نان و ماسی فراوان بکەن و رێژەکەیان زۆر بکەن[(١)]، کاتێك ئەم جۆرە مرۆڤانە، نان لە نێوان کەسانی تردا دابەشبکەن و یاخود رۆن بەسەر کۆمەڵێکدا دابەش بکەن، لەم ماددانە هەرگیز شتێك کەمناکات و هەمیشە بە ئەندازەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، دەریا پڕ جۆش و خرۆش و تەوژمە گەورەکان هێور دەبنەوە و هێزی کێشکردنی شوێنی خۆی بە بەرزبوونەوە بۆ سەر زەوی و ئاوێزان بوون دەگۆڕێتەوە، چونکە گوفتار و فەرمانەکانی ئەم جۆرە مرۆڤانە لەگەڵ فەرمانەکانی خودا گونجاو و هەماهەنگی تەواوی هەیە لەودەمەدا پەیامێکی سەرەکی و بەرایی کە من ئاڕاستەی سەر زەویم کرد، پەی پێدەبەن، مەبەستم ئەو کاتەی کە لە کڵێسا هاتمە دەرەوە و گوتم ((سەردەمەکە گۆڕاوە،

(١) ئاماژەیەکە بۆ موعجیزەکەی عیسا کاتێك تەنها لە حەوت سەبەتە خواردنی ماسی و نانی بۆ هەزاران کەس فەراهەم هێنا.

(١) لێرەدا وشەی Evitation بەکارهێنراوە.

قەڵەمڕەوی ئیلاهی لەبەر دەستی هەمووان دایە)) ئەوان هەروەها لەم ئەندێشەی من تێدەگەن کە گوتم: ((بڕوا بە خودا بهێنن تاوەکو هیچ شتێك بەلاتانەوە دژوار نەبێت)).

هەر کەسێك باوەڕ بهێنێت دەتوانێت ئەو کارانە ئەنجامبدات، کە من ئەنجامیان دەدەم و حەزدەکات بۆ پێشەوە بڕوات تا ئەو کارانە بە ئەنجامبگەیەنێت، توانای ئەوەی دەبێت کردەوەی سەرسووڕهێنەرتر و گەورەتر لەمن ئەنجامبدات، ئەوانەی بە زوهد و خواناسییەوە دەژین، لە باوەڕ و مەعریفە و ناسین لە شێوەیەکی تایبەت بەهرەمەندن، هەر کەسێك شارەزای ئەم شێوازە بێت، دەزانێت هچ شتێك بە لایەوە مەحاڵ نییە.

مرۆڤەکان تێدەگەن کە ((ژیری و ئەندێشەی موقەدەس)) یا گشت ئەو ماددە رۆحانییەی لە ئەواندا بوونی هەیە، دەتوانێت لەگەڵ ئەواندا، هەروەك سەردەمەکانی پێشوو، گفتوگۆ بکات. گەربێتو ئەوان گوێ لە هاواری بگرن و دڵەکانیان وشك و رەق نەکەن، بۆیان دەردەکەوێت کە بە رووناکی جیهان دەدرێنە قەڵەم و هەر کەسێك بە شوێن ئەم رووناکییەدا بڕوات، هەرگیز پێ نانێتە ناو تارێکی و گومڕاییەوە، ئەوانە کۆمەڵێك دەرگان کە لە ڕێی ئەوەوە، هەمووان دەچنە ناو رووناکی و رۆشنایی، رووناکییەك کەمایەی ژیان و بوونە، ئەوان بەگوێرەی خواستی خۆیان لەم دەرگایە دێنە ژوورەوە یا دەچنە دەرەوە، ئەوان بە ئاشتی هەمیشەیی و خۆشییەکی گەورە دەگەن ئەوان بۆیان دەردەکەوێت کە کات و هەلومەرجی گونجاو و باش بۆ دەست بەکاربوون ئەمڕۆ و ئەمێستایە. رۆحی خودایی تەنها دەرگایەك والا دەکات کە لەبەرامبەر رۆحە پاك و بێگەردەکانی ئەواندا قەرار دەگرێت، ئەم زەین و ئەندێشە ناوەکییەی ئەوان کە خاوەن دەسەڵاتێکی تەواوە و هەمان کیمیای بێ سنوور، وەك جیهانی وجودی خوداییە، ئەم کیماگەرییە سەرجەم نەخۆشی و بیمارییەکانی فەساد و گوناه پاك دەکاتەوە و ئەوان لە هەر جۆرە گوناه و رسواییەك دادەماڵێت، ئەم کیمیاگەرییە، دەبێتە مایەی رووناك بوونەوە و درەوشانەوەی رۆح و ئەم کارە لەڕێی نووری کامڵ و حیکمەت و فەزیلەتەوە دێتە ئەنجام، ئەم کیمیاگەرییە، فاکتەرە تاریك و نێگەتیڤەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەناو دەبات بەرەو نەبوونیان راپێچدەکات و پاشان شێوەی هەموو شتێك بۆ رووناکی وجود و ژیان دەگۆڕێت، بەم پێیە، مرۆڤەکان تێبینیدەکەن کە تەنها رۆڵەی سروشت نین بەڵکو وەك رۆڵەکانی خوداش هەژمار دەکرێن، بەم جۆرە، هەر کەسێك لە کەماڵی زاتی خۆیدا گەشە دەکات و نەژادەکەی باشتر دەبێت و دەیگەیەنێتە ئاستی کەماڵ، ئەوانە خەریکی وەدیهێنانی

ئامانجە خوازراوەکانیان دەبن و کۆمەڵێك پێش گۆیی لەمەڕ چارەنووسی کۆتایی مرۆڤ لەسەر زەوی رادەگەیەنن و بەرجەستەیان دەکەن و دواجار شوناسی ماهیەتەکان ئاشکرا دەکەن، مانا و چەمکی زیندووبوونەوە روون دەکەنەوە و زاڵبوونی تەواوی مرۆڤ بەسەر تێکڕای هەلومەرجەکانی وجودو هەموو رووداوەکاندا پیشاندەدەن)) لەم ساتەدا، عیسا وازی لە قسەکردن هێناو رووناکییەکە زیاتر لە جاران تاوی سەند و هەموو شوێنێك رووناك بووەوە، چەند وێنەیەك دەرکەوتن کە دیمەنێکی شکۆمەند و مایەی شانازی سەرسوڕهێنەریان نمایشدەکرد، دەستێك لە جیهانی غەیبەوە دەهاتە پێشەوە تا دەسکاری وێنەکان بکات، لەم کاتانەدا، وێنەکان ئاوێتە دەبوون و لە کۆمەڵێکی گەورەتر و گشتیدا دەرئەکەوتن کە لەپێشتر شکۆمەندتر و سەرسوڕهێنەرتر بوون.

پاشان دیمەنێك لە جەنگێکی گەورە دەرکەوت، ئێمە کۆمەڵە پیاوێکمان بینی کە خەریکی شەڕی دەستەو یەخە بوون، تۆپی گەورە، بروسکە و بڵێسەی ترسناك بە دووکەڵێکی چڕەوە دەهاتە دەرەوە، چەندین رۆکێت بەسەر سەری خەڵك و لەنێو خەڵکدا دەتەقینەوە، مرۆڤەکان لە هەموو لایەکەوە دەکەوتن بەسەر زەویدا، ئێمە بە ئاشکرا توانای بیستنی هات و هاوار و ناڵەی جەنگ و زرمەی یەك لە دوای یەکی تۆپەکانمان هەبوو، لەڕاستیدا ئەم وێنەیە بەجۆرێك زیندوو و واقیعی دەهاتە بەرچاو کە ئێمە هەموومان دڵنیابووین لە شەڕێکی قورس و ڕاستەقینەدا بەشداریمان کردووە، بەڵام ئەو دەستە غەیبییە، دیسان هاتە پێشەوە و ئەو وێنانەی لەپێش چاوی ئێمە شاردەوە. دەست بەجێ، ئارمییەکی گەورە باڵی کێشا بە سەرماندا و ئەو پیاوانەی کە بە تووڕەیی و توندوتیژییەوە سەرگەرمی جەنگ بوون، بۆ ساتێك چاویان بڕیە ئاسمان، ئەو دەستەی وشە گڕدارەکانی لە هەوادا نووسی کەوا دیار بوو ئەو دیمەنەی لەبەرچاو ونکردین، ئەو دەستە نووسی ((ئاشتی! ئاشتی! ئاشتی پیرۆز و پڕ فەڕ و خێری خاوەند ئێوەی گرتۆتەوە، ئێوە دەتوانن قاوغە فەنابووەکە بریندار بکەن و لەناو ببەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن شتێك کە هی خودایە، لەناو ببەن و نەیهێڵن، ئێوە مەخلوقی خۆشەویستی خودان، ئێوە نابێت و ناتوانن یەکتری بریندار بکەن یا لەناو ببەن)) بۆ ساتێکی کورت، وات هەستدەکرد ئەو پیاوانە سوورن لەسەر درێژەدان بە جەنگ، ئەم سووربوونە بە روخساری زۆرێك لە پیاوەکانەوە، بەتایبەت بە رووخساری سەرکردەو رێبەرەکانیانەوە بەباشی دەبینرا، بەڵام هەرچەندە زیاتر سوور دەبوون لەسەر جەنگ و پێکدادان، کەمتر ئەنگێزەی بەکارهێنانی هێزیان چنگدەکەوت، چەندە زیاتر

هەوڵیاندەدا کەڵك لە چەکە کاول کارەکانیان وەربگرن، ئەو چەکانە کارایی خۆیان لەدەستدەدا، ئەو مرۆڤانە هەموو هەوڵێکیان دەدا لە شێواز و میکانیزمەکان کەڵك وەربگرن، بەڵام ئیدی هیچ چەکێك کاری پێنەدەکرد. ئەو دەستە لە جیهانی غەیبەوە، بە پیتی گڕدار نووسی ((گەربێتو مرۆڤەکان تەنها هەوڵی ئەوە بدەن سەیری شتێك بکەن کە لە پشت هەورە تۆفانییەکان و هەورە جەنگییەکاندایە، بێگومان خواوەندی تێدا دەبینن)).

ئەمە خودا نییە، بەڵکو مرۆڤە کە هەوری تۆفان و جەنگی بەدیهێناوە، لە پشت سەریەوە، مرۆڤ هەمیشە توانای دیتنی دەستی خودای هەیە کە بە وێنەی هێمای ئاشتی، لە ئاسماندا بەرزبۆتەوە، ئەوەدەمەی مرۆڤەکان خەریکی جەنگ و مەرافەن دژی یەکتری، لە قەڵەمڕەوی خودایی دوور دەکەونەوە، ئەوان لە قەڵەمڕەوێکدا رۆدەچن کە بە تەواوی دروستکراوی دەستی مرۆڤە، لە هەلومەرجێکی ئاوادا، مرۆڤەکان ناچارن هێندە لەم حاڵەتە و لەم رێڕەوەدا بمێننەوە تا ئەوەدەمەی دواجار تێبگەن کە تێکڕای شەڕو پێکدادانەکان، بێهودە و نادروست و هەڵەن، گەربێتو مرۆڤێك هێندە هۆشیار و دانا بێت تاوەکو تێبگات لە چ توانایەك بەهرەمەندە (توانیەك کە لەلایەن خواوەندەوە بە ئەو گەیشتووە) و گەربێتو هێندە بە توانا بێت کە خەریکی هاوکاری کردن بێت لەگەڵ زاتی ئیلاهی و هێندە سوود و خاوەن ئیرادە بێت کە خوازیاری ئەنجامدانی ئەم کارە بێت، دەتوانێت بەزوویی خاڵی کۆتایی هەر جەنگێك ڕابگەیەنێت، ڕێك هەر بەو چەشنەی کە ئێوە لەم وێنەیەدا تەماشاتان کرد)).

پاشان ساتێك بێدەنگی، رووناکییەکە زیاتر لە جاران درەوشایەوە، سەرجەم هێما و نیشانەکانی سنووردارێتی زەمینی لە پێش چاو وون بوون و لەناوچوون، ئیدی هیچ دیوارێك، هیچ حەوشەیەك، هیچ سەقفێك و هیچ زەوییەك بە دەوری ئێمەدا بەسەر سەرمانەوە و لەژێر پێی ئێمەدا نەبوو، ئێمە هەموومان لە ئەتمۆسفێرکی بێ کۆتایی لە پاڵ یەکدا قەرارمان گرت، دوانزە حەواریەکەی عیسا دەرکەوتن و لەپاڵ مامۆستاکاندا وەستان، بەبێ ئەوەی چواردەوری بدەن، حزووری عیسا سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشا بوو، عیسا بە درەوشانەوەی لەبیر نەکراوو و پاکی و بێگەردییەکەی، تەواوی بەسەر کۆڕەکەدا زاڵبوو، گرووپێکی موزیکی نەبینراو دەستیان بە گۆرانی وتن کرد: ((قەڵەمڕەوی ئەو لێرە، لەنێوان مرۆڤەکاندایە، هەر لە ئێستا و لە ئایندەدا، تا هەمیشە چیتر هیچ مەخلوقێك جگە لە مرۆڤ و هیچ خودایەك جگە لە خودای بە بەزەیی و دلۆڤان، خودای تاك و تەنها، بوونی نییە)).

ئەو دەستە لە جیهانی غەیبەوە جارێکی تر دەرکەوت و ئەم وشانەی خوارەوەی نووسی: ((قەڵەمڕەوی ئەو هەر لێرەو لە ئێستادایە، لە نێوان مرۆڤەکاندا لە ئێستاو، لە داهاتوودا و تا هەتا هەتایە، هیچ مەخلوقێك جگە لە مرۆڤ و هیچ خودایەك جگە لە خودای تاك و تەنها وجودی نییە)) پاشان ئەم وشانەی دوایی، ڕێك بەڕاسەری عیساوە نووسراون: (هەموو بۆ یەکێك، یەکێك بۆ هەمووان)).

لەم ساتەدا بووزا، لەلای ڕاستی عیساوە دەرکەوت، ڕاهیبی گەورەو ئەمیل بەرەو لای ئەوان چوون و لە بەردەمیاندا چۆکیان دادا، ئەمیل لای ڕاستی بووزا و ڕاهیبی گەورە لای چەپی عیسا، دەستی چەپ و نیمچە هەڵبڕاوی بووزای گرت، پاشان هەریەکەیان، ئەو دەستەکەی دیکەیان ڕاکێشاو لەڕاسەری پیاوێکەوە ڕایان گرت کە لە بەردەمیاندا چۆکی دادابوو بە یەکدەنگ وتیان: ((ئاشتی، ئاشتی، ئاشتی، ئاشتییەکی پڕ لە شانازی بۆ هەمووان، برا بەڕێزەکان ئێمە ئێوە لە کۆڕی عەشقی خێرخوازانەی خواوەند قبووڵدەکەین، تێکڕای جیهانی هەستی لەم عەشقەدا و لەم ئەنجوومەنەدا بە براو ئەندام دەدرێنە قەڵەم)).

پاشان هەموو ئامادەبووان لە دانیشتنەکەدا، وەك نیشانەی ڕێزلێنان سەریان نەوی کرد، ڕێگایەکیان کردەوە تاوەکو هەر چوار مامۆستای گەورەی ئەو دانیشتنە، لەکاتێکدا لە حاڵەت و ڕەوشی خۆیاندا بەبێ جووڵە وەستابوون، بتوانن بە نێو ئامادەبووان‌دا بڕۆن بەبێ ئەوەی هەنگاوێك هەڵبگرن و یاخود ئەو دۆخی لە جووڵە کەوتنەی خۆیان بشکێنن، ڕۆیشتنی ئەوان لە هەوادا ئەنجامدرا و حەوارییەکانی عیسا و ژمارەیەك لە یاریدەدەرەکان، لە دوای ئەوانەوە بەڕێکەوتن و هێندە درێژەیان بە ڕێگاکەیاندا تاوەکو دواجار لەبەر چاوی فیزیکی ئێمە ونبوون.

سەرەتا، کاتێك ئەم گواستنەوە ئەنجام دەدرا، گرووپە موزیکە نادیارەکە گۆرانییەکی لەم چەشنەی ونبوو: ((ئێمە بۆ ئەم برا بە توانایانەی هێزی عەشقی ئیلاهی ڕێگا ئاچووخ دەکەین چونکە ئەم عەشقە، واتە عەشقی گەورە و بێ سنووری ئیلاهی، هەموو مرۆڤایەتی پاکژ دەکاتەوە و سەرلەنوێ هەمووان لە ئەنجوومەنی عەشقی ئیلاهی کۆدەکاتەوە و مرۆڤایەتی لە ئەنجوومەنی برایەتی مرۆڤ و خوادا لەخۆ دەگرێت))، لەکاتێکدا مامۆستا پایەبەرزەکان لەبەرچاوی ئێمە مەحودەبوونەوە، زەنگێکی گەورە، دوانزە جار لێیدا، پاشان چەند زەنگێکی تر زرینکانەوە و قریوە و هاواڕێکی شادی و کامەرانیان بەرپا کرد لە کاتێکدا کە هەزاران دەنگ لە جیهانی غەیبەوە سەرگەرمی گۆرانی وتن بوون: ((ئێمە ساڵێکی نوێ و پڕ خێر و بەرەکەت بەدیاری دەهێنین و ڕۆژێکی نوورانی تر و درەوشاوەتر بۆ تێکڕای خەڵکی دنیا بەدیاری دێنین)).

دووەمین ساڵی ژیانی ئێمە لەگەڵ ئەم ڕۆحە پاك و بێگەردانەدا کۆتایی هاتبوو.

* * *

# پاری سێیەم

## بەشی یەکەم

دوای ئۆغرکردنی هاوکاران و هەڵسوڕێنەرانی ئەم بەرنامەیە، من و هاوڕێکانم لە هەمان شوێندا ماینەوە، چونکە هیچ جۆرێك ئارەزووی بەجێهێشتنی ئەو شوێنە دڵگیرەی کە تێیدا ئەو هەموو بەسەرهاتە سەیر و پەرجو ئاسانەمان بینی بوو، لە خۆدا بەدی نەدەکرد، وشەکان بۆ وەسفکردنی هەست و سۆزی دەروونی ئێمە لەو چرکە ساتانەدا، بە تەواوی دەستە وەستانن و هیچ شتێك ناتوانێت حاڵەتی بڵند بوونەوەی رۆحانی گەورەی ئێمە لەو چەند کاتژمێرەی دواییدا وەسف و گوزارشت لێ بکات.

رستەی ((هەمووان بۆ یەکێك، یەکێك بۆ هەمووان)) هێشتا لەو شوێنەی کە تێیدا دەرکەوتبوو مژوڵی سوتان بوو، ئێمە بە هیچ جۆرێك توانای قسەکردن و دەربڕینی وشەیەکمان نەبوو، ئێمە تا بەیانی لە هەمان پۆزێشندا ماینەوە بێ ئەوەی ئاوڕ بدەینەوە کە لە هۆڵێکدا، گیرۆدەی ئایدیا و ئەندێشەکانمان بووین، لە جەستەمانەوە، نورێك دەدرەوشایەوە، هەرچەندە لە هۆڵێکدا حزورمان هەبوو کە لە دڵی بەرد و شاخدا هەڵکۆڵرابوو، بەڵام بەسانایی دەمانتوانی بۆ هەر جێیەك کە بمانەوێت بڕۆین بەبێ ئەوەی بەهۆی دەرگا و دیوارەکانەوە، رێمان لێ بگیرێت و بوەستین، وادەهاتە بەرچاو کە هیچ زەوییەك لەژێر پێماندا نییە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە بۆ هەر جێگایەك بمانویستایە دەرۆیشتین و ئەوپەڕی ئازاد بووین، وشە سادەکان بۆ دەربڕینی بیر و هەست و سۆز و حاڵەتی ئێمە لەو چرکەساتانەدا، تەواو کلۆڵن.

ئێمە لە چوارچێوەی هۆڵەکە چووینە دەرەوە و تەنانەت بە شاخی بەردیشدا گوزەرمان کرد بەبێ ئەوەی شتێك ببێتە ئاستەنگ لە رێماندا، جل و بەرگ و هەموو ئەو شتانەی بە چواردەوری ئێمەدا بوو، لە روناکییەکی سپی و بێگەردا، دەبریسکانەوە، تەنانەت دوای

هەڵاتنی هەتاویش، ئەم رووناکییە لەڕووی درەوشانەوە و تیشکدانەوەوە لە رووناکی خۆریش درەوشاوەتر بوو.

رێك وەك ئەمە وابوو لەناو تۆپێکی گەورە و نورانی درەوشاوەدا حزورمان هەیە کە دەمانتوانی لەناو کریستاڵە بلورینەکەیەوە، هەموو شوێنێك ببینین، وامان هەست دەکرد خۆر لە دووره دەست دایە و دەتووت بەجۆرێك لە گەرد و غوباری سارد و ناخۆش دەورە دراوە، ئەڵبەتە ئەمە هەستکردنی ئێمە بوو، بەتایبەت لەکاتی بەراوردکردنی خۆر لەگەڵ ئەو تۆپە درەوشاوە و گەرمەی کە ئێمەی تێدا بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە پلەی گەرما لەژێر سفر و لە حاڵەتی بەستن دایە و ئەو ناوچەیە بە تەواوی بەفرێکی سپی داپۆشیووە، بەڵام ئەو شوێنەی کە ئێمەی تێدابوو لە گەرمییەکی مام ناوەند و ئارامش و ئاشتییەکی لە رادەبەدەر و دواجار لە جوانییەکی زۆر دڵگیر بەهرەمەند بوو کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم گوزارشتی لێ بکەم، یەکێك لەو ساتەوەختە دەگمەنانە بوو کە بیر و ئەندێشە توانای گۆڕینی بارە دەروونییەکانیان نییە بۆ پەیڤ و وشەی رۆژانە.

ئێمە لەوێدا بۆ ماوەی سێ شەو و رۆژ ماینەوە، بەبێ ئەوەی ساتێك بیر لە پشودان بکەینەوە، ئێمە کەمترین هەستمان بە هیلاکی و ماندوو بوون نەدەکرد و بە هەمان ئەندازەش، وامان هەست دەکرد کە ئەم ماوە تاڕادەیەك درێژخایەنە، تەنها چەند چرکەیەك زیاتری نەخایاندبوو، لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە بە باشی ئاگامان لە گوزەری کات و حزوری یەکتر هەبوو. هیچ باس و خواسێك لە هەڵاتنی خۆر، یا ئاوابوونی نەبوو، تەنها رۆژێکی پڕ شکۆ و هەمیشەیی بوونی هەبوو و بەس، رۆژێکی سەرەمەڕ و بەردەوام، ئەم حاڵەتەی باسی دەکەم بە هیچ جۆرێك هاوشێوەی خەونێکی ئاڵۆز نەبوو، بەڵکو بە واقعێکی شیاوی جێبەجێ کردن و کاریگەر لە هەر چرکە ساتێکدا هەژمار دەکرا، دیمەنێکی ئەفسوناوی و خەیاڵ پەروەر لەبەرچاومان کرایەوە، وادەهاتە بەرچاو ئاسۆ بۆ هەمیشە، پاشەکشەی کردووە، یا رەنگە باشتر بێت بە گوتەی تۆماس بڵێم کە: واهەست دەکەیت ئاسۆ شێوەی خۆی گۆڕیووە بۆ زەریایەکی بێ سنوور و بێ پایان و تەواو ئەزەلی لە ژیان وجودی ئەکتیڤ و زیندوو، هۆکاری شکۆ و شاناز یە کەشی ئەمە بوو کە تەنها بۆ ئێمە لەبەرچاو نەگیرابوو، بەڵکو هەر بوونەوەرێك توانای تەماشاکردنی ئەوی هەبوو.

لە ڕۆژی چوارەمدا، تۆماس پێشنیاری کرد بڕۆین بۆ هۆڵی ئەرشیفی دیکۆمێنت و تابلۆ بەردینەکان تاوەکو ئیشی وەرگێڕانەکەمان دەست پێبکەینەوە، تازە بەنیاز بووین ئەم کارە دەست پێ بکەین لەپڕ خۆمان لە هۆڵی ناوبراودا بینییەوە، بە پێویستی نازانم باس لەڕادەی سەرسامی و حەپەساوی و هەروەها شادی و کامەرانی خۆمان لە ئاست ئەم رووداوە بکەم، ئێمە بەبێ ئەنجامدانی کەمترین هەوڵی جەستەیی، بەبێ ئەوەی کەمترین دەرك و ئاگاییمان لەم مەسەلەیە هەبێت، دوو نهۆم هاتبووینە خوارەوە! ئێمە خۆمان لەو هۆڵەدا، لە نێوان کۆمەڵێك بەڵگەنامەدا کە تا چەند رۆژێك لەوەو پێش کارمان تێیداکردبوون، بینییەوە، وادیار بوو بە فڕین بەسەر پلەکاندا هاتبووینە خوارەوە، ژوورەکە رووناك و رۆشن و گەرمییەکی مام ناوەندیی هەبوو، ئێمە دەمانتوانی بەبێ هیچ زەحمەتێك یا کۆششێك، بۆ هەر جێگایەك کە دەمانویست جێگۆڕکێ بکەین، ئێمە یەکێك لە تابلۆ بەردینەکانمان هەڵگرت و لەسەر مێزێك دامانناو خەریکی توێژینەوە بووین لە بارەیەوە، دەقی تابلۆکە و ماناکەی دەسبەجێ بە تەواوی روون و ئاشکرا و بە وەرگێڕدراوی، دەرکەوت، لە کاتێکدا خەریکی نووسینەوەی وەرگێڕانەکە بووین، لەپڕ بینیمان کە چەندین لاپەڕە لەدەست و خەتی ئێمە، کە لە وەرگێڕانی ئەو تێکستانە ئامادەکرابوو، بە وێنەی نووسراوی راست و دروست و بێ کەم و کوڕی دەرکەوتن. تەنها ئەوەندە بەس بوو کە تێکڕای نووسراوەکان کۆبکەینەوە و لە نوسخەیەکدا بە وێنەی کتێبێکیان لێ بکەین، بەدرێژەدان بەم کارە، ئێمە توانیمان زنجیرەیەك وەرگێڕدراوی بەنرخ و باش ئامادە بکەین، کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ، ئێمە توانیبوومان دوانزە نامیلکە ئامادە بکەین کە هەموویان، بەرێك و پێکی وەرگێڕدراو و نووسرابوونەوە، هەر نامیلکەیەك نزیکەی چوار سەد لاپەڕە قەبارەی بوو، ئێمە هەموو ئەو کارانەمان بەبێ کەمترین هەست کردن بە ماندوویێتی ئەنجام دابوو، لەم شێوازە نوێیەی کارکردن کە زۆر بە دڵمان بوو، ئەوپەڕی چێژمان وەرگرت.

ئێمە بەجۆرێك سەرقاڵی کارەکەمان بووین کە هێشتا ئاگامان لە بوونی کەسانێکی تر لە هۆڵەکەدا نەبوو، لەناکاو تۆماس لە شوێنی خۆی هەستا و بە سەلام و چاك و چۆنییەوە چووە پێشەوە، ئێمەش سەرمان هەڵبڕی تازە هاتووەکانمان بینی، ئەوان دۆست و هاوڕێ بەڕێزەکانمان: عیسا، ماری (دایکی ئەمیل)، خاتوونی خاوەن ماڵەکەمان و چاندرسن بوون، چاندرسن بە

هەمان شێوە کە لە بیرتانە، ئەو پیاوەیە کە بەرپرسی ئەرشیفی دیکۆمێنتە گران بەها و بەنرخەکان بوو، ئێمە سەرەتا ئەومان بە ((پیرە پیاو)) و پاشان (پیاوە گەنجەکە) ناوزەدکرد، لەوێ، باگت ئیراند و غەوارەیەك کە بە ((رام چان راھ))[1] بە ئێمە ناسێنرا حزوریان هەبوو، ئەوانی تر ئەو پیاوەیان وەك خۆمان، و بەناوی ((بود- راھ))[2] ناودەبرد.

مێزەکە دیکۆمێنت و کاغەزەکانی لەسەر لابرا تاوەکو نانی لەسەر بخۆین، ئێمە دانیشتین و دوای ساتێك عیسا سەری قسەی دامەزراند و گوتی: ((خودای بەتوانا و دەسەڵات، ئەی سەرەتا و سەرچاوەیەك کە دزە دەکەیتە ناو هەر شتێك، تۆ لە قوڵایی ناخی یەك بە یەکی ئێمەدا هەڵدێیت و لە دنیا و جیهانی هەستیدا دەدرەوشێیتەوە، تۆ رووناکیت، تۆ عەشقی، تۆ جوانییەکی دڵگیری کە ئێمە ئەمرۆ، فەڕ و بەرەکەتی ئەوانە ئەزموون دەکەین، ئێمە دەتوانین بۆ هەمیشە لەم پیت و فەڕەی تۆ بەهرەمەندبین، هێندە بەسە کە بمانەوێت، ئێمە لە بەرامبەر میحرابێکدا کە مەشخەڵی هەمیشە رووناکی عەشقی کامڵ و بڵێسەدارە، سەری رێز و نەوازش نەوی دەکەین و لە ئاست میحرابی هەماهەنگی و لێك گەیشتن و فەزیلەت و حیکمەتی واقیعی و دڵسۆزییەکی بێ پایان و خاکەڕایی رەسەندا کڕنۆش دەبەین، خوایە گیان!... ئەم رووناکییە پیرۆزە، ئەم مەشخەڵە موقەددەسە بێ ئەوەی ساتێك بکوژێتەوە، هەمیشە بڵێسەدارە، ئەم مەشخەڵە لە قولایی رۆحی کەسانێك دەدرەوشێتەوە کە حاڵی حازر و بەناوی پەروەردگاری جیهانەوە لێرەدا ئامادەبوون و داوای برایەتییەکی دڵسۆزانە دەکەن، ئەم شۆڵەیە کە لە وجودی خۆشەویستان و نزیکەکانی ئێمە دەدرەوشێتەوە، بە ئاسماندا دەڕوات و دوورترین ناوچەکانی سەر زەوی رووناك دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێك بتوانێت درەوشانەوە و تیشکدانەوەکەی ببینێت و لە خێر و بەرەکەتی عەشقی دەست لێنەدراو و پاکیزە و بێ پایانی ئەو، سوودمەندبێت، تیشك و رووناکی کاریگەری ئەم رووناکییە درەوشاوە و ئەم جوانییە و ئەم پاکییە، بەناو رۆح و گیانی دڵانێکی وەرگردا گوزەر دەکات کە لە پەنای میحرابەکەی تۆدا کۆبوونەتەوە. ئێمە هەنووکە لەم رووناکییانەی عەشق ئاگادارین و گڕەکەی لە تەواوی جیهانی وجوددا بڵاوبۆتەوە، ئێمە ئەم رووناکییانە بۆ گۆڕینی رەوشی جیهان، بۆ هەر جیگایەك دەنێرین تاوەکو سەرجەم مرۆڤایەتی سەرلەنوێ بنیات بنێینەوە و هەماهەنگیان بکەین، ئێمە بۆ رۆحی

(1) Ram Chan Rah.

(2) Bud Rah.

خوایی ڕاستەقینە و پاك سڵاو دەنێرین، ڕۆحێك کە لە هەر کام لە ئێمەدا بوونی هەیە و ئامادەیە، ئێمە لە بەرامبەر ئاستانەی خودای جیهاندا وەستاوین. لەگەڵ ئەودا یەکسانین و بە ئەوەوە پەیوەستین، جارێکی تر سڵاو دەنێرین، بۆ خودای جیهانی وجود کە لە قوڵایی ناخی هەر یەکێك لە ئێمەدا زیندووە، دوای ئەوەی عیسا وازی لە قسەکردن هێنا، کەسێك پێشنیاری کرد دیسان بۆ ئەو هۆڵە بگەڕێینەوە کە لە ڕۆژی زیندووکردنەوە و سەرلەنوێ لەدایك بوونەوەی چاندرسن، لەو ڕۆژە لە بیرنەچووەدا، لەوێدا ئامادەبووین، دەم و دەست کە بڕیارماندا بەرەو دەرگاکە بڕۆین، بینیمان گەیشتووینەتە شوێنی مەبەست، ئەم جارە ئێمە لە گواستنەوەکەمان ئاگادار بووین بەڵام لە داخوازییەکەمان، بێ ئاگا بووین هەرچەند سێبەری شەوانە هەر لە ئێستاوە باڵی کێشا بوو بەسەر هەر شتێکدا، ڕێگای ئێمە بە تەواوی ڕووناك بوو، ئێمە ئەو هۆڵەمان ڕێك وەك ئەو کاتەی بەجێمان هێشتبوو لە حاڵەتێکی شکۆمەندی و ڕووناك و ڕۆشندا بینییەوە، ئەو ژوورە، وەك نوێژ خانەیەکی خۆشەویست بۆ ئێمە دەدرایە قەڵەم و هەر بۆیە وامان هەست دەکرد لە هەر جۆرە ئیمکاناتێك بەهرەمەند و ڕووناك بوو، ئەوێ شوێنێکی موقەدەس بوو کە ئێمە مۆڵەتمان پێ درابوو هەنگاوێك بۆ پێشەوە و بەرەو ڕۆحانییەت هەڵبگرین، هەنگاوێك کە تا ئەودەمە بۆ ئێمە کە مرۆڤگەلێکی بێ توانا و فانی زیاتر نەبووین، مەحاڵ بوو بە لامانەوە، لەو ڕۆژە بەدواوە، تاوەکو بەرواری ١٥ی نیسان کە وادەی ڕۆیشتنی ئێمە بوو، ڕۆژ یا شەوێك تێنەپەڕی کە ئێمە بەبێ ئامادەیی مامۆستا بەڕێزەکانمان بیگوزەرێنین و ڕۆژانە لانی کەم یەك کاتژمێر لەکاتی خۆمان لەگەڵ ئەواندا بەسەر دەبرد، بەدرێژایی ئەم دانیشتن و کۆبوونەوانە، ئەو هۆڵە چیتر وەك ژوورێك لە هەناوی بەرد و شاخدا بۆ ئێمە جیلوەی نەدەکرد، هەمیشە وامان هەست دەکرد کە ئێمە دەتوانین لەناو دیوارەکانەوە، تاوەکو فەزای بێ کۆتایی ببینین، هەر لەم هۆڵەدا بوو کە لەمپەرەکانی سەر ڕێگای سنووردارکردنی ویژدانی هۆشیاری ئێمە، بۆ هەمیشە هەڵگیران و سڕانەوە، لەو شوێنەدا بوو کە جیهانبینییەکی زۆر گەورە و فراوان لەمەڕ ئاییندە، بە ڕووماندا کرایەوە.

بەڵێ، ئێمە هەموومان لە پشتی مێزەکەوە دانیشتین و عیسا چوویەوە سەر قسەکانی خۆی و گوتی: بۆ خوڵقاندن و وەدیهێنانی شتێك، پێویستە مرۆڤ بە ئەنگێزەیەکی ڕاست و دروستەوە بچێتە پێشەوە و زەین و ئەندێشەی لەسەر پنتێکی دیاریکراو چڕبکاتەوە، واتە بە ئامانج یا کەماڵێکی خوازراوەوە، ئێوە دەتوانن ئەم سەنتەر و کرۆکە بن، هیچ شتێك شێوە ناگرێت مەگەر ئەو دەمەی مرۆڤەکان سەرەتا ئایدیاڵ و ئامانجێکیان دەربڕیبێت و گوزارشتیان لێ کردبێت.

زەمەنێك هەبوو كە مرۆڤ بە تەواوی ئاگادار بوو كە بەو پنتە سێنتراڵە دەدرێتە قەڵەم، مرۆڤ لە ئاگایی و ئاگادارییەكی تەواو لە میرات و قەڵەمڕەوی خۆیدا دەژیا و لە حاڵەتێكی رۆحیدا ژیانی بەسەر دەبرد كە ئێوە بە بەهەشت یا ((ئاسمان)) ناوی دەبەن بەڵام تەواوی مرۆڤەكان، جگە لە هەندێك حاڵەتی هەڵاوێردە لەم بەزەیی و فەڕ و بەرەكەتەی خودا كە بە میراتی راستەقینە و سەرەكی مرۆڤایەتی هەژمار دەكرێت، دەستیان هەڵگرت.

كارێك كە مرۆڤ یەكجار ئەنجامی داوە، دیسان دەتوانێت ئەنجامی بدات، ئەمە پرەنسیپێكە دەسەڵاتی هەیە بەسەر زنجیرەیەكی بێ پایان لە ژیانە دووبارەكان و گوزارشت لەو شتانە دەكات كە وەدیهاتوون و بە دەوری ئێوەدا بوونیان هەیە، ئەم پرەنسیپە، بەسەر ژیانی ئێوە و هەر بوونەوەرێكی زیندوو و خاوەن ژیاندا دەسەڵاتی هەیە، چونكە هەر مەخلوقێك، خاوەنی ژیان و هەستییە، بە زوویی، زانست و مەعریفەی نوێ، ئەنگێزەگەلێكی لە ژمارە نەهاتوو دەخاتە بەر دەستی ئێوە، تاوەكو بیسەلمێنێت كە ماددە و تەن بوونی دەرەكییان نییە، هەر ماددەیەك لە توانای دایە شێوەی خۆی بگۆڕێت بۆ رەگەزێكی بەرایی و تاقانە، توخمێك كە خاوەن گەردی بێ ژمارەیە كە بە وێنەی گشتی و گلۆباڵ بڵاوبۆتەوە و هەموو ئەوانە لە حاڵەتێكی هاوسەنگی تەواودان، ئەم رەگەزە دەتوانێت وەڵامی هەر جۆرە كاریگەرییەكی لەرینەوە بداتەوە.

لە گۆشە نیگای بیركارییەوە، پێداویستی ئەم كارە، یەك گوشار یا جوڵەیەكی تایبەت بووە، كردەی یەكەم، توانایەكی وەدیهێنەرە بۆ كۆكردنەوە و پۆلینكردنی دنیایەك گەردی لە ژمارە نەهاتووە لەم رەگەزە پاسیڤە، گشتی و بێ توانا و كاریگەرییە، تاوەكو بكرێت فۆرم و بیچمی شتە هەڵبژێردراوەكانیان پێبدرێت، ئەم توانایە بەتاك و تەنهایی لە گەردیلەدا، وزەی تێناكەوێت، ئەم توانایە گەورەترە و لە هەمان كاتدا، لەگەڵ ئەو گەردیلەدا یەككگرتوو و وابەستەیە.

مرۆڤ بە یارمەتی ئەندێشە و كردەوەیەكی دیاریكراو دەتوانێت لەگەڵ سیستەمی لەرینەوەدا هاوكاری بكات و گەردیلەكان بەگەوێرەی حەز هەڵبژێرێت، زانست و مەعریفەی فیزیا بەپێی لۆژیك و بەڵگاندن و ئەنجام گیرییەكانی ناچار دەبێت لەگەڵ ئەم شێوازە نوێیەدا تەبا و هاوهەنگاو بێت، لە هەنگاوێكی لەم چەشنەدایە كە زانایان، ئامادەیی هێزكێی هێشتا نەناسراو قبووڵ دەكەن، هێزێك كە بەهۆی ئەكتیڤ نەبوونیەوە تا هەنووكە بە نەناسراوی ماوەتەوە و لە هەمان كاتدا لەو رووەوە ناكارایە كە هێشتا بە تەواوی دەرك نەكراوە.

كاتێك مرۆڤ لەم هێزە ئاگادار بێت و لەگەڵیدا بكەوێتە پەیوەندی و شێوازی بەكارهێنان و جێبەجێ كردنی بگەیەنێتە قۆناغی پراكتیكی، دەبینێت ئەم هێزە یا پرەنسیپە، لە توانای دایە

هەندێك لە ناوچە تایبەتەکان بۆ جێبەجێ کردنی ورد و تایبەتی وزەیەکی جیهانگیر و گەردوونی لە حاڵەتی سنووردارێتی و داخران بکاتە دەرەوە و بێ سنووری بکات، ئەم شێوازی جێبەجێ کردنە لەڕێی کامڵ بوونێکی لۆژیکییەوە بۆ بنیاتنانی ئەو شتەی کە ئێوە بە جیهانی ماددەی بە هەموو رواڵەت و بەرجەستە بوونەکانییەوە هەستی پێدەکەن، ئەنجام دەدرێت کاتێك هەموو کارەکان، بەگوێرەی لۆژیکی تەواو پێش دەکەوێت لە هەماهەنگییەکی تەواودا بێت لەگەڵ ئەندێشە و کرداردا، دەتوانێت لەگەڵ ئەم هێزەدا لە هاوئاهەنگی و لێکگەیشتنێکی کاریگەر و سوودبەخشدا بێت، بەم پێیە ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی ئێوە توانای هەڵبژاردنی شێوازی جۆراوجۆرتان لەبەردەستدا بێت  لە پێناو ئامانجەکانتاندا و ئەم کارانە لە رەهەندی دیاری نەکراودا ئەنجام بدەن، مرۆڤ بەگوێرەی جۆری پێشکەوتنی پەیوەست بە سیستەمی وجود کە سیستەمەکەی ناسێنرا بێت، دەتوانێت ژیان و وجود و وزە بڵاوبکاتەوە.

جیهانێك کە لەم شێوە دروست کراو و بنیاتنراو بێت، بەو جۆرەی کە وێنای دەکەن ماددی نییە، چەمك و راڤەی ماتریالیستی ئێوە باش نییە، جیهانی هەستی، رۆحانییە چونکە لە ماددەی رۆحانی و ئەندێشەی ئیلاهییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمە قسەیەکی لۆژیکی بەڵگە نەویست و بنەڕەتییە، کاتێك دەربکەوێت ئەم قسەیە لۆژیکییە، کەواتە زانستیشە، ئەگەر زانستی بێت، کەواتە خاوەن ژیری و تێگەیشتن و ئیدراکیشە.

ئەم ژیانە یەکگرتووە لە بەرامبەر ژیانێکی هۆشمەندانە دایە، ژیانێکی جمك لەگەڵ دەرككردن و تێگەیشتن و شعور و هیدات وەرگرتوودا لەڕێی ئەوەوە دەگۆڕدرێت بۆ ئیرادە و دواجار بۆ ئیلهامێکی خوایی و ئەزەلی دەگۆڕێت، زەین و ئەندێشە هەمان توانای لەرینەوەی، بەرایی و ئەزەلییە، مرۆڤەکان دەتوانن پەیوەندی لەگەڵدا بەرقەرار بکەن و سوود لە هێزەکەی وەربگرن، هێندە بەسە کە قبووڵی بکەن، بزانن کە بوونی هەیە و پاشان رێگە بدات بیکاتە دەرەوە و دەرییبڕێت، لەم جۆرە کاتانەدا، ئەم هێزە دەبێتە غوڵامی ئەڵقە لە گوێی ئێوە و دەگۆڕدرێت بۆ سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو لە ژیان و وجودی ئەزەلی کە هەردەم نوێیە و لە وجودی خۆتانەوە سەرچاوە دەگرێت، چیتر پێویستی بە ساڵەها خوێندن و توێژینەوە نییە، پێویست بە مەشقکردن، مەینەت کێشان و یاخود قبووڵکردنی مەحرومییەت نییە، بەسە بوونی لەرینەوەیەکی لەم چەشنە قبووڵ بکەن و هەوڵی ناسینی بدەن، پاشان رێگە بدەن لە وجودی خۆتاندا بکەوێتە گەڕان و جوڵە و ئێوە لەگەڵ رەگەزی گەورەی ئەندێشەی داهێنەردا، یەکێکن و ئەمەش رێگەتان پێدەدات کە تێیبگەن هەموو شتەکان بوونیان هەیە، بەدەر لە

ئەسڵی باش و گەورەی خواوەند کە هەموو فەزای پڕکردووە و بۆخۆی داگیر دەکات، هیچ شتێك بوونی نییە، هەر هێندەی لەم حەقیقەتە گەیشتن، دەگۆڕدرێن بۆ هەمان ئەسڵ، ئێوە دەتوانن بەبیرو ئەندێشەکانتان، چالاکی پەرەپێبدەن، ئێوە بەکردار و گوفتارەکانتان و ئەودەمەی لە توانای رۆحی خواییتان کەڵك وەردەگرن پەرەی پێدەدەن، چەندە ئێوە ئەم توانایە زیاتر دەربڕن و مانفێستی بکەن، زیاتر بەرەو لای ئێوە دەکەوێتە گەڕ، هەرچەندە زیاتر ببەخشن، زیاتر دەبنە خاوەنی شتانێك بۆ بەخشین و ئەم رەوشە هەرگیز کۆتایی نایەت چونکە ئێوە لە گەنجینەیەك هەڵدەگۆزن کە بێ پایان و بێ سنوورە.

ئەمە بەم مانایە نییە کە ئێوە دەبێت بۆ شوێنێکی پیرۆز بڕۆن و خۆتان گۆشەگیر بکەن، بەسە لە شوێنی خۆتاندا بمێننەوە، لە شوێنێکی کپ و بێدەنگدا، ئێوە تەنانەت دەتوانن لە شوێنێکدا کە بە گوتەی خۆتان لە گەرمەی کار و چالاکی و یاخود لە نێوان جۆرەها کێشە و گرفت و سەختی و دژواریدا حزورتان هەبێت، لەو دەمەدایە کە زیندەگی چیتر سەراپا کێشە و گرفت نابێت، ژیان بەناچاری ئارام و بیرمەندانە دەبێت.

چالاکی دەرەوە بە بەراورد لەگەل چالاکی گەورەی ئەندێشەدا، هیچ نییە، مەبەستم ئەو ئەندێشەیە کە دەرك و ناسینێکی تایبەتتان لە بارەیەوە هەیە و خۆتان پەیوەست کردووە پێیەوە، ئەم چالاکییەی دەرەوە، لە هەر شوێنێك حزورتان هەبێت، بارێکی ئارام و بێ کەڵکە کە دێتە ئارا، هەوڵبدەن خودا لە ناخی خۆتاندا بناسن و هەست بە ئامادەیی بکەن، خودایەك کە لە خودی خۆتان لێتان نزیکترە، خودایەك کە لە دەست و پێیەکانتان لێتان نزیکترە، هەوڵبدەن گشت چالاکییە زەینییەکانتان لەمەڕ خودا چڕ بکەنەوە. خودا کێیە؟ خودایەك کە ئێوە تا ئەم رادەیە پێیەوە پەیوەستن؟ لە کوێیە؟ خودا، مەوجودێکی گەورە و لە دەرەوەی ئێوە نییە، خودایەك نییە کە پێویست بێت ئێوە بتوانن دوای ئەم کارانە، بە جیهانییەکانی بناسێنن، خودا هەر ئەو هێزەیە کە لە چالاکی زەینی خۆتان بەدیهاتووە و توانای پێدراوە، ئەمە راستە کە ئەم هێزە لە دەرووندا بوونی هەیە و لە هەمان کاتدا لە دەوروبەری ئێوەشدا هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا تا ئەو دەمەی بیری لێنەکەنەوە و ژیان و بوونی نەسەلمێنن، ئەم هێزە بەناکارایی دەمێنێتەوە، کاتێك بیر لەم هێزە بکەنەوە و بوونی بەرجەستە بکەن، رێژەیەکی بێ سنوور لەم هێزە لە وجودی ئێوەدا دەردەکەوێت و رەنگ دەداتەوە.

ئێوە دەبێت ئەو هێزە بە جیهانییەکان بناسێنن و ئەم ناساندنەش، خێر و بێرێك بە دیاری بۆ جیهان دێنێت، پێویستە کە ئێوە خۆتان، ئەم کارە ئەنجام بدەن و مۆتیڤی تەواوی کار و ئەندێشەکانتان بەر مەبنای ئەنجامدانی هەر کارێکی باش و خێرخوازانە، بناغە رێژی بکەن و لە دەسەڵاتی خودایی کە خاوەنی توانای ئەنجامدانی هەر کارێکە یارمەتی وەربگرن.

بەرێزگرتن و قوڵی ئەندێشە، لە ناخی دڵەوە بڵێن کە خواوەند لە پەرستگە پیرۆزەکەیدا ئامادەیی هەیە و نیشتەجێ بووە، ئەم پەرستگایە، هەمان لاشەی فیزیکی پاکی ئێوەیە بە هەمان شێوە کە ئێوە ئەو دەناسێنن و بە هەمان جۆر کە ئەمرۆ لەڕاستی و راستگۆییدا جیلوە دەکات، ئێوە رۆحی خودایی واقیعین کە لەگەڵ خودای جیهاندا لە وەحدەتێکی تەواودا ژیان بەسەر دەبەن و لەناو ئەم پەرستگایەدا حزوری هەیە، جەستەی شیاوی ستایشکردنی ئێوە، مەنزڵگەیەکی پیرۆزە کەجیهانی لە خۆیدا جێکردۆتەوە، ئێوە سەنتەری وزەیەکن، ئێوە سەرەتای ئیلاهی و واقیعی وەردەگرن تاوەکو دەرفەتی پێبدەن گوزارشت لە خۆی بکات و بەرجەستە بێت، هەموو ئەم شتانە تێبگەن، پاشان دەتوانن زیاتر لە جاران خودا مانفێست بکەن، خودایەك کە لە وجودی خۆتان دایە و خۆشتان دەوێت، لەم جۆرە کاتانەدا دەبێت ئەوپەڕی پەرستشی خودا بکەن، زمانی ستایش و سەناکردنتان بێتەگۆ، بەم پێیە توانای ئەوەتان دەبێت عەشقە روو لە زیادییەکەتان بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا پەخش بکەن تاوەکو دەرفەتی ئەوەی هەبێت خەریکی بیرکردنەوە و تێڕامانی قوڵ بێت لەمەڕ رۆحی خودایی.

لەم کاتەدا، ئێوە بەو پەڕی خۆشی و شادومانی واقیعییەوە دەڵێن: ((ئەگەر کەسێك تینوویەتی، بەسە بێتە ژوورەوە و بە پێکی گەورە لە ئاوەکانی ژیان و وجودی پاك و رەسەن بنۆشێت، کەسانێك کە لەم ئاوانە نۆش بکەن هەرگیز تێنوویێتی روویان تێناکات)).

دەسەڵاتێك کە ئێوە بەو شێوەیە بەکاری دەهێنن هەمان خودایە، لەلایەکی دیکەوە، مەخلوق، لە توانای دایە بەخێرایی هەر شتێك کە خودا ئەنجامی دەدات، بە ئەنجامی بگەیەنێت و وەدیبهێنێت، ئەم کارە پێویستی بە تەوازوع و خاکەڕایی هەیە، پێویستە مرۆڤ لە ئاست ئەم هێزە گەورەیە، سەری رێز نەوی بکات، تەواضوعی راستەقینە بە حاڵەتێکی خۆ بە کەم زانینەوە دێتە پێشەوە و بەو هێزەوە پەیوەستە کە دەیخاتە کار.

خەریکی تێڕامان و ئەندێشە بن لەبارەی ئەم هێزەوە، ستایشی بکەن، بە پیرۆزی بزانن و سوپاسگوزاریی بکەن، لەم کاتانەدایە کە دەتوانن بەهێزی ڕەوتەکەیی و کاریگەرییەکانی پەرەپێبدەن، هەربۆیە بە ئێوە دەڵێم بەردەوام نزا بکەن، ژیانی ئێوە دەبێت نزا و پاڕانەوەیەکی هەمیشەیی بێت، مرۆڤ، سەرەتا کاتێك بە تەواوی لەم هێزە ئاگادار دەبێت کە بزانێت بوونێکی دەرەکی هەیە، پاشان بە کەڵك وەرگرتن لێی لەوپەڕی کەماڵ و ئارامشدا ئۆقرە دەگرێت، ئەمە توانایەکی گشتییە، ڕێگەی پێبدەن دەربکەوێت، ئەوسا دەبینن لە هەر هەلومەرج و شوێنێکدا، بەرەو لای ئێوە بەڕێ دەکەوێت، ئەم هێزە سەبارەت بە چۆنیەتی پەخش و دابەشکردنی لەڕێی ئێوەوە، دەکەوێتە گەڕ و بەندە بەو کارانەوە کە دەتانەوێت پێی ئەنجام بدەن، هەر بۆیە خۆتان وەك خودا لێبکەن و پەخش و دابەشی بکەن، لەم کاتانەدایە کە لەگەڵ خواوەندی تاك و تەنهای جیهانی هەستیدا، یەك و یەکگرتوو دەبن، ئێوە خزمەتگوزارانی خودا نین، بەڵکو بەندەی خۆشەویست و نازداری خودان، منداڵانێك ((لە علەتی بەرایی)) هەموو ئەوەی لەبەر دەستم دایە و موڵکی منن، هی ئێوەیە، کەواتە ((من هەم)) بە ئێوەوە پەیوەستە، چونکە ئێوەش ((من هەم))ن، ئەوە من نیم ئەم کارە ئەنجام دەدەم، کاتێك کە مرۆڤ لە هەماهەنگییەکی بە ئاگادا بێت لەگەڵ خودا، دەست بەکاردەبێت، ئیدی هیچ ئاست و سنوورێك بوونی نابێت، ئێوە بۆ ئەنجامدانی گشت کاروبارەکان شارەزایی و ئاگاییتان لە مافی ئیلاهی خۆتان هەیە، بە شوێن مندا وەرن تا ئەو جێیەی کە بزانن و قبووڵی بکەن من ڕۆحی خوداییم، بە ناساندنی خواوەندی جیهان، من دەبمە مایەی ئەوەی تا خواوەند لە دەروونم و لە وجودمدا شوێنێکی هەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ڕۆژێ ڕایبگەیەنێت: ((هەمووتان خودان)).

گرنگترین ئامۆژگاری گشت قۆناغەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە: ((خودا ببینن)) ئەمە بەم مانایە کە خودا لە ترۆپکی شانازی و شکۆداری خۆیدا ببینن کە لە وجودی یەك بە یەکی ئێوەدایە و لە وجودی یەك بە یەکی ئێوە دەئاخێزێت، ئەودەمەی کە خودا ببینن، هیچ شتێك جگە لە زاتی پاکی ئیلاهی تەماشا مەکەن، خوداتان بە تاك و تەنهایی خۆش بوێت و پەرستشی بکەن، لەو ساتەدا، بە واقیعی خودا دەبینن.

ئەوەدەمەی کە دەستی نزا و پاڕانەوە بەرزدەکەنەوە، پەنا بۆ ژووری نهێنی ڕۆحتان ببەن و لەوێ، لە خودایەك بپاڕێنەوە کە لە وجودی خۆتاندا نیشتەجێیە، خودای تاك و تەنها، هاواری ئێوە دەبیستێت و بە بەرچاوی هەمووانەوە پاداشتی ئێوە دەداتەوە، بپاڕێنەوە و لەوەی کە دەتوانن رووناکی خودا زۆرتر و زیاتر لە جیهاندا پەخش بکەن، سوپاسگوزار و مەمنوون بن، ئایا ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی جیهانبینی و دیدگایەکی فراوانتر و باشتر بەدەست بێنن و ئامانجێکی باشتر و شەرافەتمەندانەتر بەدەست بێنن؟

لێرەدا، موچیاریەکانی عیسا کۆتایی هات و ئێمە هەموومان لە پاڵ مێزەکەدا هەستاین، هاوڕێکانی ئێمە هیوای شەوێکی خۆشیان بۆ خواستین و ڕۆشتن، ئێمە دیسان ماوەیەك لەوێ ماینەوە و دەربارەی هەموو ئەو ئەزموونانەی کە تا ئەوەدەمە لە نزیکەوە چاومان پێیان کەوتبوو خەریکی باس و خواس و قسەکردن بووین و دواجار بڕیارماندا بۆ شوێنی حەوانەوەمان لە گوندەکە بگەڕێینەوە، هەر هێندەی لە شوێنی خۆمان هەستاین، دەم و دەست ئەم پرسیارە بە بیرماندا هات کە: چۆن ڕێگاکەمان لە تاریکی و بەبێ بوونی رووناکییەکی ڕێنماییکار، بدۆزینەوە؟

هەر کام لە ئێمە جگە لە تۆماس، ئەم پرسیارەی لە مێشکی خۆیدا کردبوو، بەڵام تۆماس گوتی: دەبینیت ئێمە چەندە گیرۆدەی نەریتە کۆنەکانین، تا چ رادەیەك بە بیروباوەڕی رابردوومان، بەشێوەیەکی نائومێدانە پەیوەستین؟ ئێمە لێرەدا، لەناو رووناکییەکدا مەلەوانین کە دوای ئۆغرکردنی دۆستە مەزنەکانمان، بە هیچ کلۆجێ لە ئاست و ڕێژەی کەم نەبۆتەوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ پێشەوە هەنگاو بنێین و پیشانی بدەین کە دەتوانین حساب بۆ خۆمان بکەین و بەو هێزەی کە لە ناخماندایە، پشت ببەستین و ئەو کارانە ئەنجام بدەین کە هاوڕێ شەریف و مەزنەکانمان ئەنجامی دەدەن؟ لانی کەم هەوڵبدەین لەم ڕێچکەیەدا هەنگاوێك بهاوین بە ئاڕاستەی بەدیهاتنی داخوازییەکانمان، ئێمە بەجۆرێك پشتمان بە هاوڕێکانمان بەستووە کە لەگەڵ بەجێهێشتنی ئەواندا، بەجۆرێك لە جۆرەکان هەست بە بۆشایی و کەم توانایی دەکەین و توانای ئەوەمان نییە بۆ ساتێك لێیان دوور بکەوینەوە، گەر بێتو ئێمە نەتوانین لە ئەنجامدانی کارە بچووکەکاندا، سەربەخۆ بین، هەرگیز ناتوانین لە ئەنجامدانی کارە گەورەکاندا سەرکەوتوو بین، من دڵنیام کە ئەوان

ئێمەیان بەجێهێشت تاوەکو دەرفەتێکمان پێبدەن ئێمەش توانا و لێوەشاوەیی خۆمان لە مەحەك بدەین و بە خۆمانی بسەلمێنین کە ئێمەش بەتواناین، وەرن خۆمان بخەینە سەرو کێشە و گرفتەکانەوە بەسەرکەوتوویی لێیان بچینە دەرەوە).

بەر لە بەڕێ کەوتن، یەکێك لە ئێمە پێشنیاری کرد باشتر وایە سەرەتا دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردن، خەریکی تێڕامان بین، بەڵام تۆماس بە دەنگێکی قایم و تۆکمە وەڵامی دایەوە: نەخێر! ئەگەر بڕیارە بڕۆین، هەر ئێستا دەڕۆین، دوای ئەونیشانانەی کە بینیمان و ئەو ڕووداوانەی بەشداریمان تێیدا کردن، پێویستە لێبڕاوانە و بە متمانە بەخۆبوون و ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە دەست بەکار بین، ئەگینا چیتر شایانی کەمترین بەها و ڕێز لەلایەن ئەوانی دیکەوە نابین.

دوای ئەم قسەیە، ئێمە لە پلەکانەکان هاتینە خوارەوە، بە چەند تەلارێکدا تێپەڕین، بە تونێڵەکەدا تێپەڕین و لە پەیژەکە چووینە خوارەوە و گەیشتینە ئاوایی، لەناو ڕێدا، ڕێگەکەمان بە تەواوی ڕووناك و ڕۆشن بوو، جەستەمان بچووکترین کێش و قورسایی نەبوو، بە سانایییەکی زۆر لە جوڵەدا بووین و ئێمە نوقمی خۆشی و شادییەکی گەورە بووین بەهۆی ئەم سەرکەوتنەوە، گەیشتینە شوێنی حەوانەوەمان، لەو ساتە بە دواوە و تا وادەی چوونمان لەو ئاوابییە، ئێمە توانیمان لە کاتەکانی شەودا، بۆ هەر جێگایەك کە دەمانویست بڕۆین بەبێ ئەوەی ڕووناکییەکی دروست کراو یا چرایەکی دەستی بەکاربێنن، هەر هێندەی دەچووینە ناو ژووری خەوتنەکانمانەوە فەزای ژوورەکان ڕووناك دەبوونەوە و بە گەرمییەکی مام ناوەند و ڕووناکییەکی درەوشاوە و جوانییەکی سەیر ڕۆشن و ڕووناك دەبوونەوە. ئەو شەوە، ئێمە دەسبەجێ خەوێکی قوڵ بردینیەوە و بەیانی ڕۆژی دوایی درەنگانێك لە خەو هەستاین.

## بەشی دووەم

بەیانی ڕۆژی دوایی، لە میوانخانەی ئاوایی بەرچاییمان خوارد، پاشان ڕاستەوخۆ بۆ هۆڵی قاتی سەرەوەی پەرستگاکە چووین، ئێمە هیچ نیشانەیەکی دەرەکیمان نەبینی کە ئاماژە بەوە بکات ئێمە لە هۆڵێکی داخراوداین هیچ نیشانەیەکی سنوورداریێتیمان بەدی نەکرد، هەر بۆیە بەو پەڕی ئازادی و بەبێ کەمترین هەوڵ و زەحمەت بۆ هەر لایەك کە بمانویستایە دەڕۆیشتین، کاتێك خۆمان ئامادەکرد بۆ نهۆمی خوارەوە بچین، مەبەستم هۆڵی ئەرشیفی دیکۆمێنت و تابلۆکانە، دەست بەجێ خۆمان لەو هۆڵەدا بینییەوە، لەو ڕووە کە ئەم گواستنەوەیە، دەم و دەست ئەنجام درابوو و لە دەرەوەی حزوری دۆستەکانمان بوو، ئێمە پەند و وانەیەك سەرنجی ڕاکێشابن کە ئەوان بەر لە ئۆغرکردنیان لای ئێمە ویستیان بە ئێمەی بڵێن و لەم سەرکەوتنەمان زۆر لەخۆبایی و سەربەرز بووین.

ڕۆژی یەکی نیسان بەخێرایی دەهاتە پێشەوە، ئێمە وەرگێڕانی دیکۆمێنتەکانمان تەواوکرد و خەڕۆ بووین بە وێنەکێشانی پیتەکان و ئەو شکڵ و شێوە جیاوازانەی کە لەسەر تابلۆ بەردینەکان، هەڵکۆڵراو و داتاشراوبوون، ئەم کارە، لە باشترین هەلومەرجدا ئەنجام درا چونکە هەموومان، حەز و ئارەزوویەکی زۆرمان بۆ ئەم کارە پێشان دەدا.

* * *

دوای نیوەڕۆ، تەتەرێك گەیشتەجێ، بەو شێوازەی کە دانیشتووانی ئاوایی لە دەوری گردبوونەوە، ئێمە تێگەیشتین کارەکەی ئەو پەیوەست بووە بە ڕووداوێکی نائاساییەوە، ئێمەش دەستمان لەکار هەڵگرت و چووین بۆ ئاوایی، لەوێ چاومان کەوت بە خانمی خاوەن ماڵەکەمان، ئەو بە ئێمەی گووت گرووپێك چەتە و یاخیی ترسناك چەند کیلۆمەترێك لە خوارووی ئاواییەوە

بینراون، ئەمەش بارێکی ترس و نێگەرانی زۆری لای دانیشتووانی ئاوایی دروست دەکرد، چونکە سالێك بوو هێرشی چەتەکان بۆ سەر ئەم ئاواییە پەرەی سەندبوو، تومەزە بڵاوبۆتەوە کە پەرستگای خاچ بە وێنەی ((T)) گەنجینەیەکی کەم وێنەی لەناوخۆیدا حەشارداوە، هەوڵی پەیاپەی چەتەکانی ئەو دەوروبەرە بۆ تالآن کردنی شار، تا هەنوکە بێ ئاکام بووە و هیچ ئەنجامێکی نەبووە، چەتەکان لەو بڕوایەدا بوون هۆکاری ئەم تێکشکانە بەهۆی بەرهەڵستی توندی دانیشتووانی ئاواییەوە بوو کە لە دامێنی شاخەکەدا لە دەشتێکی بەریندا نیشتەجێ بوون، لەو رۆژەدا، ژمارەیەك لە گرووپی چەتەکان لە شوێنێکدا کۆبووبوونەوە تاوەکو پێکەوە پەلاماری ئاوایی بدەن، سوپایەکی بچووك و زۆر پڕ چەك، پێکهاتوو لە چوار هەزار کەس لە چەتەکان لەو ساتەدا سەرقاڵی راوڕووت و لەناوبردنی دەشت نشینەکان بوون تاوەکو بەرهەڵستی دانیشتووانی نزیك لە ئاواییەکە لەناو ببەن، چەتەکان هیواخوازبوون بەم شێوەیە، هەڵمەتەکانیان سەرکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت، تەتەرەکە بۆ ئەوە هاتبوو داوای کۆمەکی بکات و لەجیاتی ئەو دانیشتووانەی هێشتا زیندووبوون قسەی دەکرد، چونکە ژمارەیەکی زۆریان تا ئێستا بەدەستی چەتەکان کوژراون و لەناوچوون و ئەوانی دیکەشیان لەتاو فرە شەڕکردن برستیان لێ بڕابوو، خانمی خاوەن ماڵەکەمان وتی هیچ لە دانیشتووانی دێ لەو نزیکانەدا نەبووە بێنە خوارەوە و یارمەتی بدەن، ئەو خاتوونە تەتەرەکەی دڵنیاکردەوە کە ئەو دەتوانێ بە خەیاڵی ئاسوودەوە بۆ شوێنی خۆی بگەڕێتەوە و چیتر ئازار و مەینەتێك بە هیچ کام لە دەوروبەرەکەی ناگات، هەر بۆیە ئێمە دیسان گەڕاینەوە سەری کارەکانی خۆمان و لە بارێکدا کە بەباشی لە ترس و دڵەڕاوکێی گوندنشینەکان ئاگاداربووین و خۆشمان تا ئەندازەیەك لەم ترس و نیگەرانییەدا پشکداربووین.

بۆ سبەینێ، ئێمە دیسان چووینەوە سەرکارەکانی خۆمان چونکە حەزمان دەکرد چەندە بتوانین خێراتر نێگارکێشانەکانمان کۆتایی پێبێنین، تاوەکو کاری سەرەکیمان کە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتی پێویست بوو، تەواو بکەین، ئێمە دڵنیابووین کە دەتوانین بە یارمەتی ئەم دیکۆمێنتانەوە، پەیوەندییەکی دیاریکراو و ورد لەمەڕ هەندێك رووداوی مێژوویی بەدەست بێنین، هەروەها ئاماژە و رێنمایی ورد بۆ گەیشتن بە رستێك سەرچاوەی مێژوویی نووسراوی تر بەدەست بهێنین، هەموو ئەم زنجیرەیە یارمەتی ئێمەیان دەدا کە مێژووی ئەم شارستانییە زۆر دێرین و کۆنە و لە هەمان کاتدا لەڕادەبەدەر کامڵ بووە بدۆزینەوە و سەبارەت بەو خەڵکەی کە لەم بەشە فراوانەی جیهاندا کە هەنوکە تا ئەم ئەندازەیە وشك و کڕکای کڕکە، زانیاری زۆرتر و

وردتر دەست بخەین، شیمانەی لەدەستدانی بەرهەمی ئەم هەموو هەوڵ و کۆششەمان لە جەنگی چەتەکاندا، ئێمەی زۆر دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ دەکرد، ئێمە سەرجەم کاغەز و دیکۆمێنتەکانمان لە هۆڵی ئەرشیفی پەرستگاکەدا کۆکردەوە چونکە دەمانزانی کە پێشتریش، لە هەڵمەتی هاوشێوەدا، ئەم هۆڵە بەباشی لەبەرامبەر هێرشی داگیرکەراندا خۆڕاگری نواندووە. کە شەوداهات، ئێمە لەگەڵ خانمی خانە خۆێکەمان چەند پلانێکمان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ئاوایی دارشت، بەڵام لەوەی کە دۆستە مەزن و بەڕێزەکانمان نەبینی بوو دووچاری سەرسامی و نیگەرانی بووین، خاتوونەکەمان گوتی دوای هاواری کۆمەکی خواستنی تەتەرەکە، چەتەکان ناچاربوون دەست لە هێرشەکانیان هەڵبگرن، ئەگینا خۆیان لەناودەبرد، ئەو شەوە، ئێمە بەم دالغەوە چووینە ناو پێخەفەوە کە نیگەرانییەکانمان لەمەڕ سەلامەتی خۆمان، تەواو بێهودە و لەڕادەبەدەر زیادەڕەوی تێیداکراوە.

بۆ رۆژی دوایی، ئێمە دەمەو بەیان لە خەو هەستاین و ئامادەبووین کارەکەمان درێژە پێبدەین کە دیسان سەروکەللەی تەتەرەکە پەیدابوو، ئەو ئەم هەواڵەی بۆ ئێمە هێنا کە هێرشی چەتەکان بۆ سەر دانیشتووانی ئاوایی وەستاوە و چەتەکان، سەرجەم هێزەکانیان لە نزیکەی ٣٥ کیلۆمەتری پێدەشتەکەوە خڕکردۆتەوە و وادیارە بەنیازن هێرشێکی گەورە بکەنە سەر گوندەکەی ئێمە.

لەو ماوەیەی خانمی خانە خویێکەمان سەرگەرمی قسەکردن بوو لەگەڵ ئەو پەیام هێنەرەدا، گرووپێکی زۆر لە خەڵکی ئاوایی بە دەوری ئەواندا کۆبووبوونەوە، ئەسپ سوارێك هاتە ناو ئاوایی و راستەوخۆ بۆ لای ئێمە هات، لەناو رێدا گرووپە بچووکەکانی ئاوایی کە کۆبوونەوە، بە دیتنی ئەو و ناسینی ئەو، بە پڕتاو دەچوونە دواوە و دەتووت ترس و بیمێکی گەورە دایگرتوون، لە کاتێکدا سوارەکە لە ئێمە نزیك دەبوویەوە، تەتەرەکە وتی فلانی هات، پاشان دەسبەجێ لەگەڵ دانیشتووانی ئاوایی بۆی قوچاند، وادیاربوو ئەو دەترسا مەبا کۆمەڵێك لە چەتەکان لە دوای ئەم تاقە سوارەوە لە پێشڕەویدا بن بەرەو ئاواییەکەی ئێمە.

بەم جۆرە ئێمە لەگەڵ خانمی خانە خویێکەمان، تەنها کەسانێك بووین کە چاوەڕێی نزیك بوونەوەی سوارەکەمان دەکرد، ئەو جڵەوی ئەسپەکەی توندکرد و بە شەوق و زەوقەوە لەگەڵ تۆماسدا کەوتە قسەکردن و پێی راگەیاند کە چەتەکان بەباشی دەزانن ئێمە بیانین و ئاگایان لە ئامانجی سەرەکی ئەرکەکەی ئێمەیە، ئەو بە زمانێکی تەواو نامۆ لەگەڵ ئێمەدا دوابوو، ئەو بە دیتنی حەپەساوی ئێمە پرسیاری کرد ئایا وەرگێڕێك لەو دەوروبەرەدا هەیە؟ خانمی خانە

خوێکەمان بەجۆرێك ئاوڕی لە ئەسپ سوارەکە دایەوە کە راستەوخۆ رووبەڕووی وەستا و پاشان لێی پرسی ئایا دەتوانێت ئەم خزمەتەی بۆ ئەنجام بدات؟ ئەسپ سوار هەر کە خانمی خانە خوێی بینی، دەتووت رووبەڕووی شۆکێکی کارەبایی زۆر توند بووە، لەگەڵ ئەمەشدا، بە پەلە هاتە سەرخۆی و بە ئەدەبەوە لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و لەکاتێکدا هەردوو دەستی بۆ پێشەوە درێژکردبوو هاواری کرد ((ئێوە تەشریفتان لێرەیە؟...)).

ئەو بە زمانێك قسەی کرد کە ئێمە توانای تێگەیشتنیمان نەبوو، ئەو پاشان هەردوو دەستی بەرەو تەوێڵی بەرزکردەوە، لەبەردەم ئەو خاتوونە مەزنەدا چۆکی دادا و داوای پۆزشی کرد.

خانمی خانە خوێکەی ئێمە فەرمانی پێدا لە شوێنی خۆی هەستێت پەیغامی خۆی بگەیەنێت، ئێمە بە باشی بینیمان کە حاڵەتی خانمی خانەخوێکەمان تێکچووە، ئەو حاڵەتێکی وشك و رەقی لەخۆی گرت و بۆ ساتێك، دەم و چاوی لە تاو تورەییەکەوە سور بوویەوە. خاتوونی خانەخوێکەمان، هەڵچوونێکی وا توندی لە خۆی نیشاندا کە پیاوە ئەسپ سوارەکە ترسی لێنیشت، ئەم رەوشە بۆ ئێمەش هەروابوو، بەجۆرێك کە لەتاو باری هەڵچوون و توورەیی ئەو خانمە، ترسمان لێنیشت و دەستەپاچە بووین. دەستەواژەی مرۆڤ کوژ! پەست و خوێڕی! وەرە پێشەوە و پەیامەکەت بگەیەنە، ((بە توندییەکی وا لە زاری ئەو خاتوونە مەزنە دەرپەڕی کە پیاوەکە بە بیستنی ئەو قسانە، دیسان ئەژنۆی شکا، خانمی خانە خوێکەمان دیسان قیڕاندی بەسەریا ((هەستە سەرپێ! ئایا هێندە سووك و رسوای کە ناتوانی لەسەر پێی خۆت بوەستی؟))

ئێمە لە ترس و بیمی رسوایی ئامێزی ئەو پیاوە بە هیچ شێوەیەك سەرسام نەبووین چونکە خۆشمان لەجێی خۆمان وشك بووین و ترسمان لێنیشتبوو. من گومان نییە ئەگەر بێتو ئەو ئەسپ سوارە بیتوانیایە بە پەلە فرتە بۆی هەڵدەهات، بەڵام لەو ساتانەدا، ئەو وەك لاشەیەکی بێ گیان لاربوویەوە، لەکاتێکدا کە چاوەکانی دەرپەڕی بوون و دەمیشی بە تەواوی کرابوویەوە، بەدرێژایی پەیوەندیمان لەگەڵ مامۆستا مەزنەکان کە هەموویان خاوەن توانای سەرو ئاسایی بوون، ئەمە یەکەم جار بوو ئێمە دەرفەتی ئەوەمان پەیداکردبوو توورەیی و هەڵچوونی توندی یەکێك لە ئەوان ببینین، ئێمەش رێك بە ئەندازەی پیاوە چەتەکە ترس و بیم دایگرتبووین، لەرینەوەی دەنگی خانمی خانە خوێ، وەك لێدانی پێکێکی بەهێز، یا تەقینەوەیەکی ترسناك هاوڕێ لەگەڵ جۆرێك شۆکی کارەباییدا ئێمەی خستە ترسێکی قوڵەوە و بوویە مایەی ئەوەی نەك تەنها دەنگمان، بەڵکو تەواوی ئەندامەکانی لەشمان و تێکڕای ماسولکەکانمان لەکار

بکەون، من چیتر ناتوانم پەیڤ و وشەی تر بۆ وەسفکردنی ئەو حاڵەتە بەکاربێنم، بەڕاستی لەم مەسەلەیەدا دەستەوەستانم.

خوێنەری هێژا رەنگە سەرسام بێت کە لەرینەوە و تیشکدانەوەیەکی دەرکەوتوو لە بەژنی زراف و سووك سۆڵ و لاوازی خانمی خانە خویێ، دەیتوانی هێندە بەهێز بێت کە هەموومان لەڕووی فیزیکییەوە پەك بخات، بەڵام راستییەکەی هەر ئەمەیە و بەس هەرچەند ئەم حاڵەتە زیاتر لە چەند ساتێکی نەخایاند، لەگەڵ ئەمەشدا وامان هەست دەکرد کە چەند کاتژمێرێکی خایاند تاوەکو گەڕاینەوە دۆخی جارانمان، ئێمە رێك وەك پەیکەرێکی بێ جوڵە و وشکمان لێ هاتبوو لە هەمان کاتدا، هەستمان بە بەزەییەکی زۆر دەکرد بەرامبەر پیاوە چەتەکە، ئێمە زۆر پێمان خۆش بوو یارمەتی بدەین، ئەمە کاردانەوەی سروشتی هەریەکێکمان بوو، وێڕای ئەمە لە هەمان دۆخی پێشوودا ماینەوە و چاومان بڕیوبە خانمی خانەخوێکەمان.

لەناکاو هەموو شتێك گۆڕانی بەسەردا هات، لەڕووخساری خانمی خانە خوێدا، نەختێك ترس پەیدابوو، پاشان باری دەم و چاوی تێکچوو و نەرم و نیانی و مەحەبتی جاران و باوی هەمیشەیی بۆ گەڕایەوە، ئێمە وا نغرۆی بەزەییەکی زۆر بووبووین کە بەرەو جەستەی بڕست لێبڕاوی کابرا چووین، خانمی خانە خوێش چەمییەوە بۆ لای پیاوی چەتە و دەستی بۆ لای ئەو درێژکرد، ئێمە دیسان، وەك هەمیشە نوقمی سەرسامی بووین و تەنها دەمانتوانی بڵێین: ((ئایا پەرجووەکان هەرگیز کۆتایی نایەن؟!)).

پیاوەکە بە زوویی هاتەوە سەرخۆی، ئێمەش لەڕاست بوونەوەیدا یارمەتیماندا و تا ئەو جێیەی بۆمان کرا ئەومان لەسەر رایەخێك دانا کە لەو دەوروبەرەدا بوو. پیاوە چەتەکە لە چوونە هەر ماڵێك، ملی بائەدا، لەو کاتەدا خانمی خانە خوێیەکەمان بە دیتنی ئەو کاریگەرییەی لەسەر هەریەك لە ئێمە بەجێی هێشتبوو، بەزەیی پێماندا هاتەوە و لە توند و تیژییەکەی داوای پۆزشی کرد، ئێمە هێشتا هەڵدەلەرزین و ئاتاجمان بەوە بوو چەند خولەکێکی تر تێپەڕێت تاوەکو بێینەوە سەر حاڵەتی جاران، ئەو بۆ ئێمەی روونکردەوە ئەو پیاوە، سەرۆکی سەردەستەی گرووپێك چەتەی زۆر ناسراو و مەترسیدار بوو کە ئەو بەشە لە خاکی بیابانی گوبی بە وجودی خۆی، پیس کردبوو، کەسانێکی دەگمەن دەیانوێرا ناوی بەزاردا بهێنن، ئەم کارەیان بە ترس و بیمێکی زۆرەوە ئەنجام دەدا، چونکە ئەو پیاوە بە ئاکارە خراپەکانی بەناوبانگ بوو و بە پیاوێکی دلڕەق و بێ بەزەیی ناسرابوو، نازناوی دیاری ئەو دەکرێت وشە بە

وشە بەم جۆرە وەربگێڕین ((ئەهریمەنێکی رەش کە لە ناوجەرگەی دۆزەخ ئازادکراوە)) لە زۆر ناوچەی ئەو خاکەدا، دەمامکیان لە شێوەی ئەو دروست کردووە تاوەکو لەڕێ و رەسمی دەرپەڕاندنی جنۆکە و رۆحە شەڕەنگێزەکاندا لە جەستەی دانیشتووانی گوندەکان و بۆ دوورخستنەوەی رۆحە چەپەڵەکان لە دەروازەی گوندەکان لەوانە کەڵکیان وەردەگرت.

خانمی خانە خوێکەمان، پێشتر دووجاری تر چاوی بەم چەتەیە کەوتبوو، ئەویش لەمیانەی دوو هەڵمەتی شکست خواردووی دیکەدا، ئەم چەتەیە، هەر جارەی رق و توڕەیی توندی خۆی بەرامبەر ئەو خاتوونە مەزنە و دۆستە مەزن و بەڕێزەکانمان دەربڕیبوو، ئەو هەمیشە نەریتی وابوو بۆ ئازار و ناڕەحەت کردنی ئەوان، لە جۆرەها کاری سەیر و وەڕسکەر کەڵك وەربگرێت و هەندێ جار پەیامی هەڕەشە ئامێز و پڕ لە نەفرەت و تووڕەیی بۆ دەناردن کە زۆربەی جار، مامۆستا پایەبەرزەکانی ئێمە هەرگیز بایەخیان پێ نەدابوون، هاتنی لەناکاوی ئەو بۆ ئاوایی بووبوویە مایەی ئەوەی کردەوە بێ شەرمانە و بێ بەزەییەکانی ئەم پیاوە کە لە رابردوودا ئەنجامی دابوو، دووبارە بێنەوە یادی خانمی خانە خوێکەمان و ناڕەحەتی بکەن، ئەم بیرەوەرییە تاڵانە هێندە بە روونی شاڵاویان بۆ زەینی ئەم ژنە مەزنە هێنابوو کە ئەو بۆ ساتێك خوێنساردی خۆی لەدەست دابوو، بەڵام ئەو بەخێرایی هاتەوە سەرخۆی و بەرەو لای پیاوە چەتەکە هات، بەنزیك بوونەوەی ئەو، پیاوە چەتەکە بێهودە هەوڵێدا لەبەری هەستێت، بەڵام نەیتوانی و هێندەی پێکرا کەمێك خۆی جەم و جۆر بکات و بەشێوەیەکی رێزدارانەتر، رێك و پێکتر دانیشێت، ئەو رێك وێنەی پیاوێکی تەواو زەندەق چووی لە خۆی پیشان دەدا، رق و تووڕەیی لە هەموو جوڵەیەکی جەستەی دیار و ئاشکرا بوو، ئەو دەلەرزی و دەتووت ئیفلیج بووە، خانمی خانە خوێکەمان، تەواو پێچەوانەی ئەوبوو، چونکە ئەو دیسان ئارامی و هێوری هەمیشەیی خۆی بۆ گەڕابۆوە و چیتر هێمای ترس یا هەڵچوونی توند لە سیمایدا دیارنەبوو، هێڵەکانی دەم و چاوی وەك هەمیشە بە وێنەی دەریاچەیەکی ئارام و کەیف خۆش و جەستەشی شاد و سەری حاڵ.

واهات بە خەیاڵماندا ئەو پیاوە لەوێ دووربخەینەوە، بەر لەوەی دەم بکەینەوە، خانمی خانە خوێ بیری ئێمەی خوێندبوویەوە و دەستی هەڵبڕیبوو تاوەکو داوای بێدەنگی بکات، تۆماس ئاگای لێبوو کە خانم بەرپرسیارێتی دۆخەکەی لە ئەستۆ گرتووە هیچ کام لە کارەکانی ئێمە

یارمەتی دەری رەوشەکە نەبوون، تەنها دەبوونە مایەی ئەوەی ئەو خاتوونە مەزنە لە هەلومەرجێکی نارەحەتدا قەرار بگرێت، هەربۆیە کەمێك دوورکەوتینەوە، ئەو لەگەڵ ئەو پیاوەدا، بە دەنگێکی هێور و لەسەرخۆ کەوتە وتووێژ و بۆ ماوەیەکی تارادەیەك درێژخایەن قسەی کرد بەبێ ئەوەی لەلایەن ئەو پیاوەوە، وەڵامێکی دەست بکەوێت.

کاتێك پیاوە چەتەکە هاتە قسە، خانمی خانە خوێکەمان ئاماژەی بۆ کردین نزیك بینەوە، ئێمە لەبەرامبەر ئەواندا لەسەر زەوی دانیشتین. دڵخۆش بووین بەوەی کە دەمانتوانی بەم هەنگاوەمان، کارێك بکەین کە گوزارشت لە کۆتایی هاتنی پێکدادانەکان بکات، پیاوە چەتەکە روونی کردەوە لە سەرکردەکانی سەرو خۆیەوە مۆڵەتی وەرگرتبوو وەك نوێنەری ئاشتی بێت بۆ ئێرە تاوەکو بۆ وەرگرتنی گەنجینەیەك کە بەگوێرەی پڕوپاگەندەکان لە پەرستگای خاچ بە وێنەی ((T)) قایم کراوە، وتووێژ بکات، گەربێتو گوندنشینەکان ئامادەبوونایە ئەو خەزێنە گرانبەهایە بە ئەوان بدەن، چەتەکان بەڵێنیان دەدا کە چیتر هەقیان بەسەر دانیشتووانی ئاواییەوە نەبێت و سەرجەم دیلەکانی جەنگ کە بە گوتەی ئەو، لە سێ هەزار کەس زیاتر بوون، بە زیندوویی تەسلیمی خێزانەکانیان بکەنەوە، ئەو هەروەها بەڵێنی ئەوەی دەدا لەگەڵ هاورێکانیدا ئەو ناوچەیە بەجێ دێڵێت و ئیدی هیچ زیانێك بە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە ناگەیەنێت.

خانمی خانەخوێ بۆی روونکردەوە کە لەو پەرستگایەدا، هیچ گەنجینەیەك کە بەلای چەتەکانەوە گرنگ بێت وجودی نییە، ئەو روونکردنەوەی وردی بۆ پیاوە چەتەکە خستەڕوو تەنانەت پێشنیاری بۆ کرد بەناو سەرجەم هۆڵ و ژوورەکانی پەرستگاکەدا بیگێڕێت و بەکورتی بۆ هەر جێگایەك کە پیاوە چەتەکە دەیویست، بیبات تاوەکو پیاوەکە بەچاوی خۆی ببینێت خەزێنەیەك لەو شوێنەدا بوونی نییە. پیاوە چەتەکە بە تووڕەییەوە، ئەم پێشنیازەی رەتکردەوە چونکە ترسی ئەوەی هەبوو وەك بارمتە گل بدرێتەوە، هیچ کام لە ئێمە نەمانتوانی بەو گفت گرەنتیانەی کە بە ئەومان دەدا دڵنیایی بکەین، دواجار خانمی خانە خوێ باسی لەڕاستی قسەکانی ئێمە کرد و هەر قسەکانی ئێمەی دووبارەکردەوە و پیاوە چەتەکە لەناکاو، پەی بە راستی و دروستی قسەکانی ئێمە برد.

بەڵام پیاوە چەتەکە لە پڕ حاڵەتێکی دژوار و نیگەرانی رووی تێدەکرد، ئەمە خودی خۆی بوو ئەو هێرشە چەکدارییەی دەست پێکردبوو، ئەمە ئەو بوو هێزی خەیاڵکردنی چەتەکانی تری بزواندبوو ئەوانی دووچاری هەڵچوونێکی زۆر کردبوو کە تەنها بە بەدەست هێنانی ئەم خەزێنە

خەیاڵییەوە کپ دەبوویەوە، ئەو بە تام و چێژێکی وا دەربارەی سەروەت و سامانی سەرسوڕهێنەر و جادویی ناو پەرستگاکە قسەی کردبوو کە دەرفەتی ئەوەی بۆ باوکی و خۆیشی رەخساندبوو تاوەکو یەکرێزی گرووپەکەی بپارێزێت.

ئەو سەرکردەی یەکێك لە پێنج گرووپی چەتە و یاخییەکان بوو کە بۆ ئەنجامدانی هێرشی کۆتایی بۆ سەر ئاواییەکەی ئێمە، ئامادەی جەنگ بوون.

بارودۆخ بە قۆناغێکی هەستیار گەیشتبوو، گەر بهاتبا و بگەڕایەتەوە بۆ لای چەتەکانی هاوڕێی و ئاگاداری بکردنایە کە هیچ خەزێنەیەك لە ئاواییەکەدا بوونی نییە، چەتەکانی دەسبەجێ ئەویان بە خیانەتکار و درۆزن تۆمەتبار و مەحکوم دەکرد لەگەڵ ئەودا وەك تاوانبارێك دەجوڵانەوە، هەربۆیە توانای ئەوەی نەبوو بەر لە هێرشی چەتەکان بۆ سەر ئاوایی بگرێت، چونکە دوای ئەو هەموو کۆششەی کە ئەو بۆ ئامادەکردنی تفاقی جەنگ ئەنجامی دابوو، وەگەیشتبوونە قۆناغی کۆتایی، پاشەکشە مەسەلەیەکی مەحاڵ بوو، ئیدی هیچ کەسێك متمانەی پێنەدەکرد. هەر بۆیە دەمانتوانی بڵێین لە بارێکی خراپدا گیری خواردووە.

خانمی خانە خوێکەمان، لە ئاست حەپەساوی و سەرسامی لەڕادەبەردەی ئێمە، پێشنیازی کرد لەگەڵ ئەودا بۆ سەربازگەی چەتەکان بڕوات، ئەو هیچ بایەخی بە ناڕەزایی توندی ئێمە نەدا و خوێ ئامادەکرد دەم و دەست بکەوێتەڕێ، ئەو دڵنیای کردینەوە کە دووچاری هیچ مەترسییەك نابێت، ئەگەر بە تەنهایی بڕوات زۆر باشترە، ئەو گوتی ئەگەر لە گەڵیدا بڕۆین، ئامادەیی ئێمە دەبێتە مایەی بەدبینی و گومانی خراپ بردن لە نێوان چەتەکاندا و گیانی هەمووومان دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە هەمووومان سەری رێزمان نەوی کرد، کارێکی دیکە نەبوو بتوانین ئەنجامی بدەین، پیاوە چەتەکە سواری ئەسپەکەی بوو، ئێمە یارمەتی خانمی خانە خوێکەماندا سواری ئەسپێکی زینکراو بێت کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابوو، دیمەنی چوونە دەرەوەی ئەو دووانە لە دەروازەکانی ئاوایی، دیمەنێکە تا کۆتایی تەمەنمان لە مێشکماندا دەمێنێتەوە: پیاوێکی چەتە بەسەر و سیمایەکی پڕاوپڕ لە گومان و بەدبینی و خانمی خانە خوێکەمان کە بە زەردەخەنەیەکەوە ئاوڕی لە ئێمە دایەوە تاوەکو دڵنیامان بکاتەوە دەمەو ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی.

بەدرێژایی ئەو رۆژە، ئێمە هیچ ئارەزووی کارکردنمان نەبوو تاوەکو خۆرئاوابوون بەبێ هیچ ئامانجێکی تایبەت خەریکی گەڕان و پیاسەکردن بووین لە ئاواییەکەدا، ئێمە پاشان بۆ میوانخانە گەڕاینەوە تاوەکو چاوەڕێی هاتنەوەی خانم بکەین، بە چوونە ناو میوانخانەکە مێزی نان خواردنەکەمان بینی کە پڕیەتی لە خواردن و خۆراکی بەتام و چێژی جۆراوجۆر، خوێنەری هێژا بە ئاسانی دەتوانێت واق وڕماوی و حەپەساوی ئێمە هەست پێبکات کاتێك لە کۆتایی مێزەکەوە، خانمی خانە خۆێمان چاوپێکەوت بەدەم و چاوێکی گەشەوە کە تایبەت بەخۆی بوو، تەماشای ئێمەی کرد و دەتووت چاوەڕێمان دەکات، ئێمە راچڵەکاین و غافڵگیر بووین، ئەو بە قیافەیەکی رێزدارانە و لە هەمان کاتدا بە گاڵتەوە، بە دەنگێکی بەڕواڵەت جدییەوە گوتی: پیاوان، وا باوە لەکاتی چوونە ناو جێگایەك، سڵاو دەکەن!)) ئێمە دەسبەجێ سەری رێزمان نەوی کرد و توانای قسەکردنمان بۆ گەڕایەوە.

ئەو پاشان وتی: من لە هەوڵ و کۆششەکەمدا بۆ رێنماییکردنی چەتەکان بە تەواوی شکستم هێنا، بەڵام ئەوان بەڵێنیان پێدام تا سێ رۆژی تر وەڵامی کۆتایی خۆیان بەمن رادەگەیەنن، من هەنوکە دەزانم وەڵامی ئەوان هەوڵێکی دیکە لەخۆ دەگرێت بۆ هێرش کردنە سەر ئاوایی، بەڵام من گیانی ئەو مەخلوقە بێ نەوایەم، لانی کەم لە ئێستادا دەربازکرد، ئێمە دەبێت بەناچاری، خۆمان بۆ بەرهەڵستی کردنی گەمارۆ، ئامادە بکەین، ئەوان بەدڵنیاییەوە گەمارۆی ئاوایی دەدەن هیچ شتێك لەم کارە پەشیمانیان ناکاتەوە، واهەست دەکەم هەر کام لە ئێمە، بەدیهاتنی خۆشەویستترین خەون و ئارەزووەکانی لەمەڕ بەرقەرارکردنی دادپەروەرییەکی نزیك بینی لە کاتێکدا هێشتا بۆچوونێکی روون و وردی سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی عەدالەتمان لە زەیندا نەبوو، خانمی خانە خوێ، بەخوێندنەوەی بیری شاراوەی ئێمە ئەم سرودەی خوێندەوە:

((کاتێك مرۆڤ لە ژیاندا
دەگاتە رۆخی دەریایەکی سوور
ئەودەمەی سەرباری هەموو هەوڵ و زەحمەتەکان
نە رێگایەك بۆ گەڕانەوە و نە رێیەك

بۆ دوورخستنەوەی کێشەکە بوونی هەیە
ئیدی ڕێگایەك جگە بۆ پێشەوەبوونی نییە
لەو ساتەوەختەدا، پێویستە خواوەند
بەڕۆحێکی بێ دالْغەوە بناسین
تاوەکو تاریکی و لێڵی زریان لەناو ببەین
خودا ئەو زاتەیە بایەکان هێور دەکاتەوە
هەر خودایە کە تەوژمی گەورەکانی دەریا هێور دەکاتەوە
بۆ پێشەوە بڕۆ، بۆ پێشەوە بڕۆ))

❊ ❊ ❊

## بەشی سێهەم

لە کۆتایی نان خواردنەکەدا، ئێمە لە دەوری مێزەکە هەستاین و خانمی خانە خوێکەمان، ئێمەی بۆ ناو باخ رێنمایی کرد، ئێمە بەوپەڕی سەرسامییەوە، عیسا، ئەمیل، ژست و بوزامان بینی کە لەوێ دانیشتبوون، ئێمە لەپاڵ ئەوان دانیشتین و هەر زوو هەستمان بە ئاسایش و ئاسوودەییەکی کەم وێنەکرد بەجۆرێك کە تێیگەیاندین تا چ رادەیەك ئێمە پشتمان بە هاوڕێکانمان بەستووە و هۆگریان بووین، ئێمە هەروەك زنجیرەی پۆلایین، بە ئەوانەوە پەیوەست و گرێ دراوبووین، من دەرکم بەوە دەکرد ئەم پەیوەست بوونەمان شتێکی باش نەبوو، پێویست بوو هەر کام لە ئێمە، رۆڵی خۆی بە وردی و دروستی لەسەر شانۆی گەورەی ژیاندا بگێڕێت، تاوەکو هیچ یەکێکمان نەگۆڕدرێت بۆ پەیکەری بووکە شووشەی سەر شانۆ، من بۆم دەرکەوتبوو گەر بێتو ئێمە نەتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین و یاخود گرەو لەسەر خۆمان بکەین، ئەوان ناچار دەبوون پردەکان بڕوخێنن و پەیوەندییەکە بپچڕێنن، تۆماسیش لەڕاستیدا، دواتر هەمان بابەتی هێنایە بەرباس و سەبارەت بەم مەسەلە ئالۆزە قسەی کرد.

خۆر تازە ئاوابووبوو پرشنگ و ورشەی ناسکی ئەو تیشکانەی لەناو دەچوون، دیمەنی ئەو دەوروبەرەی بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش رەنگ کردبوو بەجۆرێکی وا کە وەسف کردنی ئەستەمە، دنیا کش ومات، هیچ دەنگێك سکوت و ئارامی ئەو دەوروبەری نەدەشکاند، ترس لە چەتەکان کە تا ئەو رادەیە باری سەرشانی ئێمەی گران کردبوو بە تەواوی باری کردبوو، هەموو شتێك هێور و بێدەنگ بوو، ئەم هەستی تەواو دڵنیایی و ئاسوودەیی و گەشبینییە دەبێت پێشتر ئەزموونت کردبێت تاوەکو پەی پێ ببەیت، ئێمە ئەم حاڵەتەمان لە وجودی خۆماندا هەست پێدەکرد، لەڕاستیدا ئێمە خۆمان دابوویە بەر تەوژمی رووبارێکی گەورە.

لەناکاو ئەم هەستەمان لادروست بوو کە دەنگی عیسا دەبیستین بەبێ ئەوەی بەئاشکرا دەنگی ئەو بەرگوێمان بکەوێت، واتە ئەو بەبێ ئەوەی دەنگ لە سینەیەوە بێتە دەرێ، لەگەڵ مندا قسەی دەکرد، جۆرێك کاریگەری لەرینەوەی هاوسەنگ لەسەر ریتمێکی بەردەوام لەجیاتی وشە بەگوێچەکەی ناوەوەی ئێمە دەگەیشت، من شێوازێکی تر بۆ دەربڕینی ئەم حاڵەتە شك نابەم، کاریگەرییەکەی بە چەند قات لە وشە زیاتر بوو، ئاواز و ریتم و ئیقاعەکەی لە باسکردن نایەت، ئەمە بۆ ئێمە، بە ئەزموونێکی تەواو نوێ و تازە هەژمار دەکرا، ئەم بانگەوازە دەروونییە ئایدیا و ئەندێشەکانی، ئێمەی لە گەرووی خۆیدا قووت دەدا و لە ناخی ئێمەدا جێی خۆی دەکردەوە، ئەو ئەندێشانە، بە دوای یەکدا کە دەگەیشتنە زەینی ئێمە، ئێمەش ئەوانمان بەخێرایی لەسەر کاغەز دەنووسییەوە و هەر لەو کاتەدا دەمانگۆڕین بۆ دەستەواژە و وشە، لە کۆتاییدا ئێمە دواتر ئەم نووسراوانەمان بە کۆکراوەیی دا بە دەست هاوڕێکانمانەوە تاوەکو ئەوانیش نووسینەکانی ئێمە پەسەند بکەن ئەمێستا ئەو ئایدیا و ئەندێشانەتان بۆ روون دەکەمەوە: ((کاتێك کە دەڵێم: ئەمەش رۆحێکی خوایی یە کە لێرە ئامادەیی هەیە)) من مرۆڤێك دەبینم کە بە رۆحی خوایی خۆی دەناسێنێت، من جەستەی خۆم رێك وەك پەرستگای راستەقینەی خودا دەبینم ئامراز و رێڕەوێکی کامڵ کە ئەسڵی گەورەی داهێنەر لەوپەڕی ئازادیدا خۆی لەڕێی ئەوەوە ئاشکرا و مانفێست دەکات، لە ساتەوەختێکی ئاوادا مەخلوقە پەیوەندیدارەکان لەڕووی وێنەوە کامڵ و پوختن و لەڕووی فۆرم و بۆدی و لێکچوونیشەوە کامڵ و بێ کەم و کورتین، لەم جۆرە رەفتارەدا، من خۆم وەك خاوەنی هەر هەلومەرجێك دەناسێنم و ئەو شتەی کە پەرستشی دەکەم ئاشکرای دەکەم و رایدەگەیەنم، لە رەفتارێکی پۆزەتیڤی لەم چەشنەدا، مرۆڤ زاڵ دەبێت بەسەر تەواوی هەلومەرجەکاندا، من لە هیچ هەلومەرج و دۆخێکدا ناتوانم خودا ئاشکرا و بەیان بکەم، ئەگەر ((من هەم)) خودای جیهان بەسەرجەم مرۆڤایەتی نەناسێنێت، بەم پێیە، رۆحی خوایی، زاڵ و سەرکەوتووە.

خواوەند و مرۆڤ دەست لەناو دەستی یەکدی بەرێوەدەڕۆن و دەبن بە یەك، ئیدی هیچ شتێك نییە جگە لە یەك ئەسڵ و تەنها یەك مرۆڤیش هەیە.

یەکێك لە ئێمە دوای ساتێك بیرکردنەوە پرسیاری کرد: ئێمە چۆن دەتوانین ئەم رووناکییە ئاشکرا و پیشان بدەین و بەشێوەیەکی کردارەکی کەڵکی لێوەربگرین؟ بەم جۆرە وەڵام درایەوە: رێگە بدەن لاشەی فیزیکیتان ببێتە داینەمۆیەك، کە ئەم ئەسڵە گەورە و نورانی و وەدیهێنەرە بەناویدا گوزەر دەکات ئەسڵێك کە بە جیلوە و دەرکەوتەی هەر هێزێك دەژمێردرێت، لەم

کاتانەدا، لاشەی فیزیکی ئێوە وەك داینەمۆیەکی کارەبایی، کاردەکات، ئەو ئەم وزەیەی کۆکردۆتەوە و برەوی پێدەدات، پاشان ئێوە ئەو وزەیە بە وێنەی پرشنگێکی سپی و خاڵص بۆ دەرەوە ئاشکرا دەکەن کە هیچ شتێك لە ئاستیدا یارای بەرهەڵستی کردنی نابێت، لەم هەلومەرجەدا، هەر هەوڵێك کە دژی ئێوە ئەنجام درابێت ناتوانێت هیچ زەرەر و زیانێکتان پێ بگەیەنێت، ئێوە هەروەها دەتوانن لە درێژەی ئەم پرشنگە نورانیانەدا، جوڵە و بزاوتی وزەی کارەبایی رەوانە بکەن کە هێندە بەهێزە دەتوانێت جەستەی هەر مرۆڤێك کە بە نیاز بێت زیانتان پێ بگەیەنێت، تەفروتونا بکات، کەسێك کە لەبەرامبەر ئەم وزەیەدا بەرهەڵستی دەکات تەنها دەبێتە مایەی توندکردنی تەزووەکە و کاریگەرییەکانی پەرەپێدەدات، بەم جۆرە هەر کەسێك ئیرادەی خۆ بەزل زانینی لە دژی ئەم وزەیە دادەنێت، تەنها زەرەر و زیان بەخۆی دەگەیەنێت، گەر بێتو هیچ کەسێك دژایەتی و بەرهەڵستی نەکات، ئەم وزەیە، وەك هێور کەرەوەیەکی ئارام بەخش، کاریگەرییە سوودبەخشەکانی لەناو ئەو کەسەدا کە سەرقاڵی درەوشاندنەوە و پەخشکردنی بێت دابەش دەکات، بەهەمان ئەندازەش بۆ کەسێك کە لە حاڵەتی وەرگرتنی ئەم وزە دایە کاریگەر و بە کەڵك دەبێت، ئەم هێزە هەمان تیشکی پاك و بێگەردی خوادیە کە لەگەڵ هێزێکی دیکەدا ئاوێتە دەبن، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە هیچ کەسێك نیازی دژایەتی و ئاستەنگ دروست کردنی نەبێت لەڕێی چالاکییەکانیدا لەرینەوەی ئەم وزەیە لە زەرب و ریتمێکی زۆر بەرزدا ئەنجام دەدرێت و هەموو ئەو کەسانەی کە وەریدەگرن، لە ریتم و ئاوازێکی هاوئاهەنگ و کامڵدا دێنە هەژان، هیچ زیانێك بەم کەسانە ناگات چونکە ئەوان لە وەحدەت و هەماهەنگی لەگەڵ خوادا قەراریان گرتووە، هیچ پێشهاتێکی خراپ بۆ کەسێك کە لە بەرامبەر تەزو لەرینەوەی خواییدا بەرهەڵستی ناکات، روونادات هاتنە جۆش و هەژان واتە ژیان، ئایا هەنوکە تێبینی دەکەن چۆن چۆنی بەشێوەیەکی هەمیشەیی و سەرەمڕ لەگەڵ خوادا زیندەگی دەکەن، لەم چەشنە حاڵەتەدا، هیچ شیمانەیەکی دووری و جودایی نییە، تاکە جودایی هەر ئەم بەرهەڵستییەیە کە هۆکاری سەرەکی ناهاوئاهەنگییە. ئەو دەمەی ئێوە لەسەر شاخی پیرۆز بوەستن لەگەڵ خودای خۆتاندا یەککگرتوو و پەیوەست بن، هیچ رووداوێکی خراپ نایەتە رێتان ((من هەم)) عیلەتی گەورەی رەهایە، چاوانەیەك کە تێکڕای مەخلوقاتی مرۆیی لەناویدا، لەگەڵ پەروەردگاریاندا یەککگرتوو و پەیوەستن، بەم پێیە ئەوان لە سایەی ((یاسا))دا دەژین، لەژێر سایەی سیستەمی ئایدیا و ئەندێشەیەکی ئەکتیڤدا کە لە بەرزترین ئاستی ریتم و ئاوازدا هاتۆتە هەژان، هیچ لەرینەوەیەکی هەڕەمەکی ناتوانێت بگاتە ئەم ریتمە یاخود دزە

بکاتە ناو ئەو سنوورەی کە مرۆڤەکان لای ئەو بەسەر دەبەن و هەموویان بە ئەوەوە پەیوەستن، ئەم سنوورە، بە قەڵەمڕەوی ئیلاهی ئەوان دەژمێردرێت.

مرۆڤ هەروەها دەتوانێت بۆ دانە دواوەی فیکری نادروست و هەڵە و حەز و ئارەزووە زیانبەخشەکان کە دژی خۆی ئاڕاستەی کردوون لەم هێزە کەڵك وەربگرێت، ئەگەر بتانەوێت، ئێوە دەتوانن پرشنگی سپی ڕەنگی نوری ئیلاهی بە گوڕزم تر بکەن و هێزێکی ئیلاهیی پێببەخشن و دواجار تەزووی ئەو شتە یا ئەو ئەندێشەی بۆ لای خۆتان ئاڕاستە کراوە توندتر بکەن و شێوەکەی بگۆڕن، پاشان بیخەنە ناو بلاجیکتۆرەکەتان و وەك ئاوێنەیەك بەرەو کەسی نێرەر و بەهێزی ڕووناکی بێگێڕنەوە بۆ دواوە، هەر شتێك دژی ئێوە بە ڕیتمێکی لەرینەوەی نزم نێردرابێت، بەشێوەی تیشکێك لە ڕووناکی سپیی خاڵص دیسان بۆ دواوە دەگەڕێنرێتەوە، وزە و دینامیکی ئەم تیشکە هێندە بەهێزە کاتێك بۆ نێرەر، دەگەڕێنرێتە دواوە دەتوانێت لاشەی فیزیکی ئەو کەسە تێك بشکێنێت، گرنگ نییە ئێوە کەسەکە یا ئەو شوێنە کە ئەم لەرینەوە لە ئەوەوە هەڵدێت و دەنێردرێت بناسن، تەنها دڵنیا بن کە بەبێ هیچ هەڵەیەك، بۆ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە، ڕۆژی پەسڵان یا قیامەت نزیك بۆتەوە، بەگوێرەی ئەوەی کە ئێوە بەخشیوتانە، ڕێژەیەکی زۆر و پێویست و بەڕادەیەکی زۆر لە خواوەند وەردەگرن، ڕێژەیەك کە لەلایەن خواوەندەوەیە. تیشکی ڕووناکییەك کە لە جەستەی من دەردەچێت و ئێوە توانای سەیرکردنیتان هەیە، هەمان تایبەتمەندی و ماهیەتی هەیە، لە لاشەی ئێوەش ئەم جۆرە تیشکە بەرز دەبێتەوە، بەڵام نەك بەم گوڕ و تینە، بەڕێژەیەك کە لەم هێزە کەڵك وەربگرێت و بەردەوام بن لەسەری و بە ((یاسای گشتی)) یا ((ئەسڵ))ەوە پەیوەستی بکەن، توانای پەرەپێدانی هێزی ڕووناکی ناوەکیتان دەبێت و دەتوانن بەشێوەیەکی ئاگایانە بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی هەر حەز و ئارەزوویەکی خێرخوازانە و چاك ئاڕاستەی بکەن.

ئەودەمەی هونەرمەندە نیگارکێشەکان منیان لە ((گت سمانی))[1] وێنە کێشا تیشکی نورانییان لە ئاسمانەوە بەسەری مندا باراند لە کاتێکدا ئەم تیشکانە لە جەستەی خودی خۆمەوە دەدرەوشێنەوە، ئەم ڕووناکییە، هێزی خودایی یە کە لە ناخی من و لە وجودمدا فۆرمەلە بووە و پاشان لەڕێی رفکلتۆر یا ((بلاجکتۆر))ی منەوە بۆ دەرەوەی لاشەم دەردەچێت، دەبێت بڵێین تیشکی هاوشێوە لە سەرجەم جەستە مرۆییەکان بەرز دەبێتەوە، بەتایبەت

(١) بیت عنیا.

ئەودەمەی کەسە پەیوەندیدارەکان خۆیان وەك دەرکەوتەی خودا لە میراتی ئیلاهیدا دەناسێنن، بەم جۆرە رۆحی خوایی لە هەموو کەسێکدا ئامادەگی دەبێت.

هەرچۆنێك بێت، ئەمە ئاگادارکردنەوەی مرۆڤایەتییە و ئەگەری ئەوە هەیە کە جێبەجێ بکرێت بەم پێیە، ئایا ئەو کاتەی دوو برا لە یەکبوونێکی لەم چەشنەدا کە هەموو شتێك لەخۆ دەگرێت، حزوریان هەبێت دەتوانن دیسان درێژە بە شەڕ و مەرافە بدەن؟ هەنوکە ئەم تیشکە سپییە توندتر بکەن، هەمان پرشنگی ئیلاهی کە ئێوە هێزی خودایی لەڕێی ئەوەوە رەوانە دەکەن، لەو هێزەی کە دە هەزار جار یا دە ملیۆن جار زیاتر بوو لەو وزەیەی بەرەو لای ئێوە رەوانەکرا، پڕ بکەن و بەگوێرەی خواستی خۆتان هەر چییەکتان دەوێت بڕیاری لەسەر بدەن، پاشان رێگە بدەن ئەم تیشکە لە هەمان رێگەی خۆیەوە بۆ لای ئێوە بگەڕێتەوە، کاتێك مرۆڤێك کە خوازیاری زیان گەیاندن بووە بە ئێوە، ئەم تیشکە وەردەگرێت و وەك تیشکێك کە لەلایەن خوداوە دێت، قبووڵی بکات سەرجەم خراپەکان دەسڕێتەوە، لەبیر دەکرێن و لێخۆش بوون دەیگرێتەوە، بەم پێیە ئێوە هەردووك خودا تەماشا دەکەن و دەبن بە یەك، پاشان هاوئاهەنگییەکی تەواو شوێنی ناهەماهەنگی دەگرێتەوە.

گەربێتو بە پێچەوانەوە نێرەری ئەو ئەندێشە نیگەتیڤە، ئەو تیشکە سپییەی کە ئێوە بەوپەڕی هێزەوە رەوانەتان کردووە قبووڵ نەکات، جەستەی لەناو دەچێت، گەر بێتو مرۆڤ رێگە بە تیشکە سپی و پاکژەکە بدات کارەکەی خۆی بە باشترین شێوە ئەنجام بدات، هەر جۆرە هەوڵێکی نابەرامبەر و ناهەماهەنگی لەناو دەبات، گەر بێتو مرۆڤ لە بەرامبەریدا بەرهەڵستی بکات، شەڕەنگێزێك کە پێداگری لەسەر بەرهەڵستی دەکات، بێ گومان بەرەو تەفروتونابوون و لەناوچوونێکی حەتمی پەلکێش دەکرێت، ئەو دژایەتی و نەیاری گشت ئەسڵی وەدیهێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێت کە ئەم ئەسڵە وەدیهێنەرە، لە ناهەماهەنگییەکی تەواودایە لەگەڵ بەرهەڵستی کردنی ئەم کەسەدا.

لە هەڵومەرجێکی ئاوادا، ئێوە دەسەلات و توانای خاوەند پیشان دەدەن، واتە یاسایەك کە لەجیاتی خراپە بە چاکە وەلام دەداتەوە، بەلام تەنانەت لەم جۆرە حالەشدا، هەولبدەن بەڕاستی لە خۆبایی نەبن و خاکەڕا بن و هەرگیز خەریکی داوەری کردن مەبن، هەولبدەن عەشق و ئەوینتان تا دوا ئاست، بۆ ئەم تیشکە سپی و پاکە بێت و وریا بن کە بەڕاستی عەشقی خودا بێت، لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا، سوپا و لەشکرەکانی ئاسمان لەژێر فەرمانی ئێوەدا دەبن،

ئێوە دەبێت بە نەرم و نیانی و خاکەڕایی بمێننەوە و خوازیاری شوێن کەوتنی نوری پاك و بێگەردی خواوەند بن کە هەمان وجود، عەشق، پاکی و جوانی هەمیشەیی و قوڵە.

لە جەستەدا، حەوت سەنتەری شیاوی کەڵك لێوەرگرتن وەك بلاجیکتۆر یا رفلکتۆر هەیە، مرۆڤ دەتوانێت ئەوانە لە هەر نورێکی بە چەند قات توندتر و بەهێزتر لە هەر رۆشناییەکی دروست کراو، بخاتە حاڵەتی درەوشانەوە، کاتێك مرۆڤ بیەوێت ئەم رووناکییە پەخش بکات و بدرەوشێنێتەوە، ئەم نورە بە درەوشانەوەیەکی یەکجار توند و بەهێز دەبریسکێتەوە و کارایییەکەی لە هەر ئامێرێکی نێرەری کارەبایی بەهێزتر دەبێت، لاشەی فیزیکی لەم کاتەدا لە درەوشانەوە و تیشکدانەوەیەکی زۆر تایبەت بەهرەمەند دەبێت کە لە درەوشانەوەی خۆر لە دەمی نیوەڕۆدا زۆرتر دەبێت، مرۆڤ بەم حاڵەتەوە لە بەرامبەر بەدیهێنەری وجود و خالیقی لەشکرەکانی ئاسماندا قەرار دەگرێت، پێویستە مرۆڤ راستگۆ و دڵسۆز و سەرکەوتوو و لە هەمان کاتدا ئاشتیخواز و خۆشەویست بێت، خواوەندی جیهان لە جەستەی ئێوەدا تەجەلی دەکات و جەستەتان بەشێوەیەکی کەم وێنە، رۆحانی و ئیلاهی دەبێت)) لەو ماوەیەی کە ئەم ئەندێشانە، بەشێوەی لەرینەوەیەکی گونجاو بە مێشك زەینی ئێمە دەگەیشت، نورێك کە لە جەستەی عیسا بەرز دەبوویەوە و هاوڕێ و دەوروبەرەکەشی دەگرتەوە، مرۆڤی ئەبڵەق و شەوارە دەکرد، ئەم رووناکییە رێك وەك ئاڵتونێك بوو لە حاڵەتی توانەوەدا و درەوشانەوە و تیشکدانەی لەرینەوەکانی لە هەر شتێك تێپەڕی دەکرد و بەسەر هەر شتێکدا زاڵ بوو، لەبەرامبەر چاوەکانی ئێمەدا، وات هەست دەکرد تا ناکۆتا بەردەوام و درێژەی هەبوو، بەڵام بەهۆی هەستەکانی دیکەمانەوە، دەمانتوانی هەست بکەین کە هێشتا لەسەر زەوییەکی رەقدا حزورمان هەیە و لە فەزادا ئاوێزان نین.

ئەگەر ئەو ئەندێشە و ئایدیای لەرینەوانە دووبارە دەست پێبکەنەوە، مرۆڤ دەتوانێت جەستەی خۆی لە بەرامبەر مرۆڤە فانییەکاندا نەبینراو بکات، بۆ ئەم کارە، پێویستە گشت بیر و ئایدیالەکانی خۆی چڕ بکاتەوە و رێگە بدات ئەو تیشکە لەو حەوت سەنتەرەی ئاماژەیان پێکرا کە هەموویان پێکەوە وەك (بلاجیکتۆر) دەکەونە کار، بدرەوشێتەوە، پاشان مرۆڤ دەتوانێت بەسەر تیشکێکدا خۆی بۆ دەرەوە پاڵ پێوە بنێت و وێنەیەك کە دەیەوێت بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیاری زیان گەیاندنن پێی بخاتەڕوو، مرۆڤ دەتوانێت بەخێرایی تیشك بە شوێن ئەم نورەدا بڕوات و دەم و دەست بگاتە ئەو جێگایەی کە دەیەوێت، بەم پێیە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە لاشەی فیزیکی مرۆڤ لەبەرچاوی ئەو کەسانەی کە پشتەوەی جەستە و مادده نابینن، بە

نەبینراوی دەمێنێتەوە، بێ گومان ئەم کەسانە لە ئامادەگی شتێك کە توانای دەرك و پاساودانیان نییە ئاگادارن، هەر ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی ئەوان سەبارەت بە هەر وێنەیەك کە مرۆڤ دەیەوێت بە ئەوانی بناسێنێت و ئیلقای بکات، هەستیار بن و کاریگەرییان لەسەر جێبهێڵێت، ئەو شتەی لای ئەوان شیاوی دەرککردن نییە، بە بۆچوونی ئەوان نهێنی ئامێز یا میتافیزیکا خۆی دەنوێنێت و زۆر بە سانایی دەتوانرێت ئەو توانایەی کە لەڕێی بەدبینی و گومانی خراپ و یا خورافاتەوە دروست دەبێت، لەڕێی سەرەکی خۆیان لابدرێن و هەر شتێك مرۆڤ دەیەوێت، بەم کەسانەی ئیلقا بکات.

بەم جۆرە مرۆڤ دەتوانێت بۆ ئەو کەسانەی خواستی شەڕەنگێزییان هەیە، لەرینەوەی عەشق بنێرێت و وزەیەك کە لەڕێی ئەوانەوە بەکارهێنراوە، بۆ خودی ئەوان دەگەڕێتەوە، ئەو بیر و ئەندێشە شەڕەنگێزانە و پاسیڤەی کە ئەوان دەینێرن، گوزارشت لە سروشتی پەست و سووك و رسوای هەر مرۆڤێك دەکات کە بە نیازی جەنگ و ململانێیە لەگەڵ شتێکدا کە بە بۆچوونی ئەو، بە دوژمن هەژمار دەکرێت، لەڕاستیدا ئەم کەسانە دژی وێنەی ((من))ی سووك و رسوای خۆیان لە جەنگ و مەرافەدان، ئەمجۆرە وێنانە توانای ئەوەیان هەیە لە دۆستە هەرە باشەکان، دوژمنی خەیاڵی دروست بکەن و برا ناچار دەکات بچێت بەگژی براکەیدا.

گەربێت و ئەم چەتە و یاخییانە مکوڕ بن لەسەر بڕیارەکەیان بۆ پەلاماردانی ئاوایی، تەنها دەبنە مایەی لەناوچوونی  خۆیان، دەرفەتێك بە ئەوان درا تاوەکو ئەم ناوچەیە بەجێبهێڵن بەبێ ئەوەی زیانیان بە دانیشتووانی ئەم دەوروبەرە گەیاندبێت. لە حاڵەتێکدا ئەوان ئەم دەرفەتە لەبەرچاو نەگرن، بێ گومان لە ناوخۆیاندا دەکەونە جەنگ و ململانێ، هیچ مرۆڤێك ناتوانێت هەوڵی لە ناوبردنی براکەی بدات تاوەکو چارەنووسێکی هاوشێوە بۆ خۆی دیاری نەکات، ئێمە هیچ کارێك ناکەین، تەنها تیشکی ئەو نورە پاك و پوختە خوداییەی کە لە عەشقی ئیلاهییەوە سەرچاوەی گرتووە بەرەو لای ئەوان دەدرەوشێنینەوە، گەر هاتوو ئەوان لەبەرامبەر میهر و خۆشەویستی و عەشقی ئێمە، بە نەفرەت و ناپاکی و بیرێکی لێوان لێو لە تۆڵە سەندنەوە وەڵام بدەنەوە، ئەوان بەدەستی خۆیان دەبنە مایەی تەفروتونا بوونی خۆیان و ئەو تیشکە دەگۆڕن بۆ بڵێسە و شۆڵەیەکی وێرانکەر لە دژی خۆیان، ئێوە نابێت ترس و بیمی هیچ شتێکتان هەبێت، ئێمە هیچ شتێك ناکەین جگە لە رەوانەکردنی ئەم عەشقە، گەر بێتو چەتەکان لەگەڵ عەشقدا رووبەڕوو ببنەوە و قبووڵی بکەن، ئیدی هیچ جەنگ و پێکدادانێك سەرهەڵنادات، هەر چۆنێك بێت، ئامانج و مەبەستەکەی ئێمە هەر لە ئێستاوە سەرکەوتووە. هەر لەم چرکە ساتەدا

ئاگاداریان کردین تەتەرێك لە ئاوایی نزیك دەبێتەوە، ئێمە چووین بۆ پێشوازی لێکردنی، ئەو بە ئێمەی راگەیاند کە چەتەکان دەستیان لە چەپاوکردن هەڵگرتووە و بەوپەڕی ئارامییەوە لە دووری ٣٥ کیلۆمەتر لە پەرستگای شێوە ((T)) ئۆردویان هەڵداوە، لە دەمی کۆمەکی خواستنی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، ئەوان وازیان لە زیان گەیاندن بە ئەوان هەڵگرتووە و توخنی منداڵ و دارایی دانیشتووانیش ناکەون، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەم شیمانەیە کە رەنگە بە کۆمەکی هێزە تازە نەفەسەکانی ئێمە، دانیشتووانی ئەم ناوچەیە درێژە بە جەنگ و بەرخۆدان بدەن، هێشتا دیلەکانی جەنگیان وەك بارمتە لای خۆیان هێشتۆتەوە، بەگوێرەی قسەکانی تەتەرەکە، دەنگۆی ئەوە هەبووە کە گرووپێك لە چەتەکان سبەینێ یا دووسبەی هێرش دەکەنە سەر گوندەکەی ئێمە، ئەڵبەتە گەر بێتو تا ئەدەمە گەنجینەی پەرستگاکەمان تەسلیم بە ئەوان نەکردبێت، ئەو هەروەها سڵاوی بێ پایانی دیلەکانی جەنگی بۆ ئێمە دەهێنا، سەرجەم دانیشتووانی ئەو ناوچەیە خۆبەخشانە بۆ ئاواییەکەی ئێمە هاتبوون تاوەکو گیان و ژیانیان بۆ پارێزگاری و بەرگریکردن لە ئاوایی بکەنە قوربانی، بەڵام تەتەرەکە ئاگادار کرایەوە ئەو فیداکارییە گەورەیە پێویست ناکات، داوای لێکرا دیسان بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی و دۆستە بەڕێزەکانمان، لەجیاتی دانیشتووانی ئاوایی ئەوپەڕی سوپاسیان کرد کە تا ئەم ئاستە هەوڵی بە خەرج داوە تاوەکو رێ لە سەرهەڵدانی خوێنرێژی بگرێت و لە پێناو ساغ و سەلامەتی هەمووان هێندە زەحمەتی کێشابوو.

❊ ❊ ❊

## بەشی چوارەم

بۆ بەیانییەکەی، ئێمە دووبارە گەڕاینەوە سەر کارەکانمان و هەر جۆرە ترس و بیمێك لە مێشکماندا سڕابوویەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژەش درێژەمان بە کارەکانماندا و سەرقاڵی توێژینەوە بووین لە هەندێك وێنەی هەڵکوڵراو لە دڵی بەردەکاندا تا ئەو دەمەی پاسەوانی گوندەکەمان سەرنجی ڕاکێشاین، ئەم پاسەوانە لەوسەری شیوەکەوە لە بەرازییەك کە نەختێك لە شوێنی نیشتەجێ بوونەکەی ئێمە بەرزتر بوو، ئێشکگربوو، خاڵی پاسەوانییەکەی دەبووە مایەی ئەوەی دیمەنێکی تەواو کراوە و فراوانی پێدەشتەکانی ئەو ناوچەیەی لەبەردەستدا بێت، ئێمە بە یارمەتی دووربینەکانمان، توانیمان ئەو پاسەوانە ببینین کە بەدەست خەریکی ئاماژەکردن بوو، ئێمە بەزوویی دانیشتووانی ئاواییمان بینی کە بۆ هەر لایەك رایان دەکرد و پڕ ئاشکرابوو کە هەوڵیان دەدا پەناگەیەك لە بەشە دوورە پەرێزەکانی شاخەکەدا بۆ خۆیان پەیدا بکەن، هەموویان ڕواڵەتێکی پەرێشان و شێواویان هەبوو. ئێمە بەگوێ قوڵاخ کردن توانیمان دەنگی نەڕە و هاواری چەتەکان لە دوورەوە ببیستیین کە بەرەو ئاوایی دەهاتن، یەکێك لە ئێمە کەمێك چووە بانتر تاوەکو باشتر بتوانێت بارودۆخەکە لەپێش چاوبگرێت دوای چەند ساتێك ئەو ئێمەی بانگ کرد و گوتی دەتوانێت هەورێك لە گەرد و غوبار ببینێت... کە بەهۆی سمی چەتە ئەسپ سوارەکان بە هەوادا بەرزبووبوویەوە.

ئێمە کەرەستە و دیکۆمێنتە بەنرخەکانمان لە چاڵێکدا هەر لەو نزیکانەدا شاردەوە، چووینە پاڵ هاوڕێکانمان و لە نێوان چاڵ و چۆڵی بەردەکاندا، پەناگەیەکمان بۆ خۆمان دۆزییەوە و لەوێوە توانیمان کار و جوڵە توندوتیژ ئامێزەکانی چەتەکان بە وردی تەماشا بکەین، چەتەکان لەپاڵ دەروازەی شیوەکەدا وەستان، پەنجا ئەسپ سوار، بۆ پێشەوە هاتن، پاشان باقی چەتەکان

لەکاتێکدا بە قامچی بەتوندی لە ئەسپەکانیان دەدا، لە دۆڵەکەوە بەرەو ژوور کەوتنە جوڵە. تەقەی سمی ئەسپەکان کە بەر زەوییە بەردەڵانەکە دەکەوت، بەهات و هاوارێك کە لەلایەن چەتەکانەوە بەرزبۆتەوە و بە جۆرێك لە هاواری هێرشبردن دەدرایە قەڵەم تێکەڵ بووە و هات و هاوارێکی سەیریان خستبووە ئەو ناوە، تەنانەت ئەگەر دۆخەکە تا ئەم رادەیە جدی و ناهەموار نەبوو، دیمەنی ئەم سوارە لە ژمارە نەهاتووانە کە حاڵەتێکی هێرشبەرانە و زبریان دەنواند، بەس بوو زەندەقی هەر کەسێك ببات.

ئێمە لە شوێنگەیەکی زۆر باشدابووین چونکە قەدپاڵی دۆڵەکە، تا ئاستی دوندی شاخەکە بوو، ئێمە دەمانتوانی سەیری خوارەوە بکەین و گرووپی چەتەکان لە هێرشە نارەواکەیاندا ببینین، ئەوان رێك وەك لافاوێکی خرۆشاو بۆ پێشەوە دەهاتن، پێش قەراوڵەکانیان لە نزیکی ئێمەوە تێپەڕیبوون و ئەسپ سوارەکانی پێشەنگی سوپاکە، بەخێرایی دەهاتنە پێشەوە، ئێمە دووربینەکانمان رووکردە ئاوایی و سەیرمان کرد ترس و بیمێکی گەورە لە دڵ و دەروونی خەڵکی ئاوایی نیشتووە.

ئێمە هەروەها یەکێك لە هاوەڵەکانمان بینی کە لەسەر بانیژەی پەرستگاکە وەستابوو، ئەودەستی لەکار هەڵگرت تا خەریکی تەماشاکردنی چەتەکان بێت، ئەو پاشان ئاوڕی دایەوە سەیری دەرگایەکی کرد کە دەچووەوە سەر هۆڵی ناوەندی پەرستگاکە، عیسا لەو دەرگا هاتە دەرەوە و هاتە بانیژەکە، ئەو راستەوخۆ تا گوێ سەبانی بانیژەکە هات بۆ ساتێك وەستا، حاڵەتی بێ جوڵەی پەیکەرێکی هەبوو کە زۆر بەهاوسەنگی وەستابوو.

بێ گومان سەرجەم دووربینەکان عیسایان کردە نیشانە، ئەو بانیژەیە لە دووری پێنج کیلۆمەتری حەشارگەکەی ئێمەدا بوو، نزیکەی سێ سەد مەتر لەسەرووی ئێمەوە بوو، ئێمە دەسبەجێ بۆمان دەرکەوت ئەو خەریکی قسەکردنە و قسەکانی دوای چەند ساتێك زۆر بە روونی گەیشتنە گوێی ئێمە، هاوەڵەکەمان کە لە بانیژەکەدا حزوری هەبوو، لەسەر زەوییەکە دانیشت تاوەکو دیسان وەك جاری پێشوو، تیانووسەکەی هەڵگرێت و بەپەلە ئەم گفتوگۆ تەلەپاتییە بنووسێتەوە، منیش وەك ئەوم کرد، دواتر دوای بەراوردکردنی نووسینەکانمان بینیمان کە قسەکانی عیسا بەدیاریکراوی و بە تەواوی بەسەر هەیاهو و قیڕ و قاوی شێتانەی چەتەکاندا زاڵ بووە و بەسەر هەر شتێکدا زاڵ بووە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئەو هەرگیز تەنها بۆ ساتێکیش دەنگی خۆی لە حاڵەتی سروشتی نەگۆڕیووە و هیچ گۆڕانکارییەکی لە شێوەی دەربڕینیدا دروست نەکردبوو. هەر هێندەی عیسا دەستی بە

قسەکردن کرد، دانیشتووانی ئاوایی لە ئارامشێکی تەواو بەهرەمەند بوون، لەلاپەڕەکانی دواییدا، قسەگەلیك دەخوێنیتەوە کە لەڕێی عیساوە بەیان کراون خودی خۆشم بۆ پێداچوونەوەی کۆتایی بە ئەوم دابوو، جوانترین ئارەزووم ئەمەیە هەرگیز ئەم قسانەم لەیاد نەچێت، تەنانەت ئەگەر دە هەزار ساڵ لەسەر زەویدا بژیم.

## نور

خوایە گیان، لەکاتێکدا لە بێدەنگی گەورەی تۆدا، بە تەنها وەستاوم، رووناکییەکی پاك لە سینەمدا کڵپە دەسێنێت و سەرجەم گەردیلەکانی وجودم لە پرشنگی درەوشاوەی لێوڕێژ دەکات، ژیان، عەشق، وزە، پاکی، رەسەنایەتی جوانی و کەماڵێکی خوازراو، بەوپەڕی هێزەوە بەسەر وجودمدا زاڵ بوون.

لەکاتێکدا لە سەنتەر و چاوانەی سەرەکی ئەم نورە دەڕوانم، رووناکییەکی تر دەبینم، رووناکییەکی رەوان، ناسك، بە رەنگێکی سپیی مەیلەو زەرد کە لەڕادەبەدەر رۆشن و بریسکەدارە، نورێك کە گڕی دڵگیری ئەو نورە گەورەترە لە خۆیدا ئاوێتە دەکات، تێری دەکات و دواجار دەیدرەوشێنێتەوە.

من هەنوکە دەزانم کە لەگەڵ سەرجەم جیهانی خوداییدا بووم بە یەك و لەگەڵ ئەودا یەکم گرتووە، من لەگەڵ خوادا چپە دەکەم و ئیدی هیچ شتێك ئازاری من نادات و پەریشانم ناکات.

## ئارامی لە بێدەنگیدا

وێڕای ئەوەی، لەم بێدەنگییە کامڵ و رەهایەدا، بەرزترین چالاکی خودا فەرمانڕەوایە، دیسان هیچ شتێك نابێتە مایەی ئازار و پەرێشانی من، بێدەنگییەکی تەواو لە هەر لایەکەوە دەورەی منی داوە، پرشە و ورشەی نور، هەنوکە تا جیهانی هەستی پان و پۆڕ و بێ سنووری خواوەند فراوان دەبێت و من دەزانم زیندەگی ئاگا و هۆشیار، لە هەر شوێنێك هەیە، من دووبارەی دەکەمەوە کە رۆحی خودایی لە وجودمدا هەیە، من بێدەنگ و خامۆشم و لە هیچ شتێك باکم نییە.

رۆحی خودایی لە وجودمدا پەرەپێدەدەم و دەست بە سەنا و ستایشی خودا دەکەم، ئیلهام لە ریتم و ئاوازی موزیکمدا، حزوری هەیە، ئیلهام، باس لە ژیانێکی نوێ دەکات کەزیاتر لە

جاران لە وجودمدا دەگاتە ترۆپێك، ئیلهام رۆژ لەدوای رۆژ، ئەندێشەی ئاگا و وریای من پەرەپێدەدات و ئەم کارەش بە وزە و هێز و روون و ئاشکراییەکی روو لە زیادی ئەنجام دەدات تاوەکو سەرەنجام لەگەڵ ریتم و ئاوازی خودا لە وەحدەتێکدا قەرار دەگرن، من دیسان رۆحی خودایی لە وجودمدا بەرزدەکەمەوە و بە وردی گوێ بۆ ئەم موزیکە خۆش و شادە رادێرم، هاوئاهەنگی، کلیلی منە و خودا، بابەتی ئاوازەکەی من، ئەو گۆرانییەکەی من بە مۆری حەقیقەت سەرمۆر دەکات.

## من جارێکی تر لەدایك بووم، مەسیح لێرەیە

خوایە گیان، من بە نوری ئەندێشەی تۆ ئازادم، مۆری تۆ بە تەوێڵی منەوەیە، من ئەوم قبووڵ کردووە، رازیم، من نوری باڵای تۆ دەهێڵمەوە، جارێکی تر دەڵێم، قبووڵی دەکەم، کاتێك عیسا وازی لە قسەکردن هێنا، تیشکێکی بەتین لە روناکییەکی سپی و پاك لەڕووی سولار پلکسوس[1]ی ەوەوە دەرپەڕی، ئەم تیشکە بەرەو دۆڵەکە بریسکەی دایەوە و لە شوێنێکدا بەر زەوی کەوت لەسەری پێچێکی سەخت و هەڵدێردا کە رێك لە بەردەم گرووپێك لە پێش قەراوڵەکانی چەتەکاندا بوو دەسبەجێ بەربەستێکی گەورە کە وەك دیوارە بەردێك بوو لە خاڵی بەیەکگەیشتندا راست بووەوە لەناوەوەی ئەم دیوارە، تیر و پەیکانی درێژ کە وەك سەرەنێزەی گڕداربوون، سەریان دەرهێنا، ئەسپەکانی پێشەنگی چەتەکان بە جۆرێکی وا توند و لەناکاو وەستان کە ژمارەیەکی زۆر لە سوارەکانی خۆیان لەسەر زینەکانیان کوتا بە زەویدا و لە حاڵەتی تیژڕەوی و شێتانەیان کەم بوویەوە، زۆرێك لە ئەسپەکان تا ماوەیەك لە حاڵەتی سەرسم و سڵەمێنەوەدا مانەوە و دوو دەستی پێشەوەیان هەڵبڕیبوو، پاشان ئەسپەکان وەرچەرخان و بەرەو لای خوارەوەی دۆڵەکە هەڵیان تۆراند، و رێك بە پێچەوانەی ئاڕاستەی لەشکری چەتەکان کەوتنەڕێ، کاتێك ئەو ئەسپە بێ سوارانە، گەیشتنە لای چەتەکانی دواوە، زۆرێك لە سوارەکانی تر بێهودە هەوڵیان دەدا جڵەوەکانیان بگرن و ئەسپە سەرکەشەکان راگرن، ئەسپەکان و ئەو سوارانەش کە لەسەر زینەکانیان نەکەوتبوونە خوارەوە، لە یەك کاتدا لەگەڵ گرووپی چەتەکاندا بەیەك گەیشتن و ئەمە بوویە مایەی ئەوەی تیژڕەوی ریزەکانی پێشەوەی چەتەکان کەم بێتەوە و رێك و پێکی ریزەکانیان بشێوێت، لە ریزەکانی دواوە و لە کاتێکدا هێشتا لەو مەترسییە ئاگادار نەبوون کە چاوەڕێیان دەکات، چەتەکانی دیکە گەیشتنە بەرەوە و لەم

(1) Solar Pleus.

بێ سەروبەرییەدا گیرۆدەبوون و دیمەنەکانی بەردەمی ئێمە، وێنەی کۆمەڵێك تێکچڕژاوی بێ سەروبەری لە مرۆڤ و ئەسپ پیشانی بینەردەدان بۆ ساتێك، ئارامییەکی کوشندە باڵی کێشا کە تەنها بە قیڕەی توند و وەحشیانەی پیاوە زەندەق چووەکان و حیلەی ئەسپە سینکردووەکان لەناوچوو، پاشان دیمەنێکی بەڕاستی ترسناك لە شوێنێکی دیکەدا روویدا کە هێرشی پێشەنگی ریزەکانی پێشەوە کە خەریکی گەڕانەوە بوون بۆ دواوە لەگەڵ ریزەکانی دیکەی سوپای چەتەکاندا بەیەك گەیشتبوون و بەرخوردیان کردبوو، ئەسپە بێ سوارەکان کە بە تەواوی ئازادبوون لە جموجۆڵ و کردەوەکانیاندا خۆیان کردبوو بە ناو چەتەکاندا و پەلاماری ئەو کەسانەیان دابوو. ئەسپەکان بەم کارەیان، بوونە مایەی کەوتنە خوارەوەی زۆرێك لە سوارەکان لەسەر زینی ئەسپەکانیان و لەم رووەوە کە دەسڵەمینەوە، بوونە مایەی سڵەمینەوەی ئەسپەکانی دیکەش، و هات و هاوار و بێ سەروبەرییەکە زیادی کرد، ئەسپەکان پەلاماری یەکتریان دەدا و دەستیان بە پڕمە و حیلاندن کرد و رێك وەك کۆمەڵە ئاژەڵێکی بەستەزمان کە دووچاری ترسێکی شێتانە ببوون، دەجولانەوە، پاشان ئەو گرووپە بێ سەروبەرە هێندەی تر بەسەریەکدا شێوا و ئەسپەکان چوون بە قولایی ریزی چەتەکاندا و لە دۆڵێکدا لە خوارەوەی بەردەمی ئێمەدابوو هەرج و مەرجێکی گەورە روویدا. ئێمە لە پڕێکدا پیاوانێکمان بینی کە خەنجەر و قەمە تایبەتەکانیان لە کێلان دەرهێنا و بۆ هەرلایەك هێرشیان دەبرد، ئەوانی دیکەش چەکە گڕدارەکانیان هەڵگرت و کەوتنە تیرهاویشتن بەرەو لایەنی بەرامبەر تاوەکو بتوانن رێگایەك بۆخۆیان بکەنەوە لە نێوان ئەسپەکان و چەتەکاندا و بۆی هەڵبێن.

ئەو کۆمەڵەی لەبەرچاوی ئێمەدابوون، بەزوویی شەڕێکی بێ سەروبەر لە پێناو پاراستنی ئەوانەی کە لەوانی دیکە بەهێزتربوون، هەڵایسا، هێرشی شێتانە بەرەو شوێنە کراوەکان کە لەلایەن کەسانێك دروست بوو بوو کە بە تەگبیرێکی زۆرەوە، بەخێرایی خۆیان لە تیاچوون دەربازکردبوو و لەو کوشتارە خوێناویە هەڵاتبوون، چەتەکان ئەو جێگەیان بەجێهێشت لە کاتێکدا شیوەکە لەلاشەی پیاوان و ئەسپە بریندار یا کوژراوەکان پڕبوو بوو.

ئێمە بە پڕتاو لە حەشارگەکەمان هاتینە خوارەوە تاوەکو یارمەتی بریندارەکان بدەین، سەرجەم دانیشتووانی ئاوایی و دۆستە مەزن و شەریفەکانمان، هاتنە پاڵ ئێمە، چەند گرووپێك بۆ شوێنە دوورە دەستەکان رەوانە کران تاوەکو داوای یارمەتی و هاوکاری بکرێت، ئێمە ئەو شەوە خەریکی هەوڵ و کۆشش بووین تا گزنگی خۆری بەیانی دەستمان هەڵنەگرت، عیسا و دۆستەکانمان، ئەو بریندارانەی کە ئێمە دەمانتوانی لەناو ئەو کۆمەڵە بەسەر یەکدا کەوتوو ترسناکە دەربهێنین، لەگەڵ خۆیان دەیانبرد و ئەرکی بەدەمەوە چوونی ئەوانیان لە ئەستۆ دەگرت، کاتێك ئێمە دوایین مرۆڤی هێشتا

زیندوومان رزگارکرد، بۆ بەرچایی خواردن چووین بۆ میوانخانەکە تاوەکو نەختێك پشوو بدەین، هەر کە گەیشتینە ئەویٚ، ئێمە بەوپەڕی سەرسامییەوە هەمان چەتەی ترسناکمان بینی کە لەگەڵ ئەمیلدا خەریکی وتووێژ بوون ئێمە تا ئەودەمە ئاگامان لە حزوری ئەمیل نەبوو لەناو خۆماندا، ئەو حەپەساوی ئێمە سەرنجی راکێشا و گوتی: دوایی لەم بارەبەوە قسە دەکەین دوای بەرچایی خواردن، ئێمە لەگەڵ تۆماس چووینە دەرەوە، ئەو گوتی خۆی و ئەمیل، ئەو چەتەیان دۆزیوەتەوە، وادیاربوو چەتەی ناوبراو زۆر بەسەختی بریندار بووبوو، چونکە کەوتبووە ژێر پێی ئەسپەکەی و جوڵەی لێبڕابوو، ئەوان ئەویان لەژێر ئەسپەکەی دەرهێنابوو، گەیاندبوویانە پەناگەیەکی کاتی و لە شوێنێکی تاڕادەیەك باشتردا دایان نابوو، ئەوان پاشان خانمی خانە خوێکەی ئێمەیان بانگ کردووە و پیاوە چەتەکەیان بە پەنادانی ئەو خاتوونە مەزنە بەرەڵا کردبوو، کاتێك برینەکانی پیاوە چەتەکە تیمارکران، چەتەکە تکای لەو خانمە بەڕێزە کردبوو لە خودا بپرسێت ئایا دەتوانێت شەفاعەتی بۆ بکات و پرسیاری لێبکات پیاوە چەتەکە دەبێت چی بکات بۆ ئەوەی وەك ئەو خاتوونە مەزنەی لێبێت، ئەو هەروەها داوای لە خانمی خانە خوێکەمان کردبوو فێری بکات چۆن نزا بکات.

خانمی خانە خوێکەمان لە چەتەکەی پرسی بوو: ئایا حەز دەکات دووبارە چاك بێتەوە و پیاوە بریندارەکە لە وەڵامدا گوتبووی: ((بەڵیٚ دەمەوێت لە ئێستا بەدواوە بە تەواوی وەك ئێوە بم)) خاتوونە مەزنەکە وتبووی ((ئێستا کە بۆ سەلامەتیت تکات کردووە، نزاکانت گیرا دەبێت و وەڵامی دەدرێتەوە، تۆ هەنوکە بە تەواوی ساغ و تەندروستیت)) پیاوەکە لەو ساتەدا خەوێکی قوڵی لیٚ کەوتبوو، لە نیوە شەودا، سەرجەم برینەکانی چاك ببوویەوە و هیچ شوێنەوارێکی برینداری پێوە نەمابوو، تۆماس لەکاتی بەسەرکردنەوەی گشتی بریندارەکاندا، ئەم خاڵە سەرنجی راکێشابوو بە چاوی خۆی ئەم پەڕجووەی بینی بوو، پیاوەکە لە شوێنی خۆی هەستاوە، جل و بەرگی پۆشیوە و داوای کردبوو کە یارمەتی بریندارەکان و پاشماوەکانی جەنگەکە بدات.

ئێمە هەروەها چاکبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە چەتەکانمان بینی کە دڵنیابوون سەرەنجامیان مەترسیدارە و بیٚ گومان کۆچی دوایی دەکەن، هەندێك لەوان لەکاتی بینینی دۆستە مەزنەکانی ئێمە بەجۆرێك سەرسام و دەحەپەسان کە پێویستی دەکرد لە باقی بریندارەکانیان جیا بکەینەوە.

کاتێك کاری گرووپی فریاگوزاری کۆتایی هات، چەتە ترسناکەکە لە نێوان دۆستەکانیدا کە هەموویان برینداربوون، خەریکی پیاسەکردن بوو لەکاتێکدا ئەوپەڕی هەوڵی دەدا بۆ

هێورکردنەوەیان، زۆرێکیان لەو ئاژەڵانە دەچوون کە دەبن بە تەڵەوە و لە مەرگی ترسناك و پڕ ئەشکەنجە ترس و بیمیان لێ نیشتبوو، چونکە یاسای ئەو ناوچەیە لە ئاست بەدیلگرتنی چەتەکانی سەرچیا بەمە کۆتایی دەهات، ئەم بیرۆکەیە وا لە مێشکی ئەواندا چەسپیبوو کە لە ئاست هیچکام لە دڵسۆزی و میهرەبانی دۆستە مەزنەکانی ئێمە و ئەوانی دیکەدا کاردانەوەیان پیشان نەدەدا و لە چارەنووسی خراپی خۆیان ترسیان هەبوو، ئەوان بیمی ئەوەیان لێنیشتبوو کە هەوڵ و تەقەلای ئێمە بۆ چاکبوونەوەیان تەنها لەبەر ئەمە بێت کە دەخوازین ئەشکەنجە و ئازاریان درێژە بکێشێت، دواجار باری تەندروستی هەموویان چاکبوویەوە، هەرچەند ژمارەیەکی کەمیان تا چەند مانگێك لەسەر تەختی نەخۆشیدا مانەوە، بەو ئومێدەوە دەژیان کە رۆژ و بەرواری ئەشکەنجەدانیان دوابخرێت.

پاش ماوەیەك، ئەو چەتە ترسناکە، سەرجەم بریندارە چاکبووەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و لەو چەتانەیان کە حەزیان دەکرد بێنە پاڵ ئەم و گرووپێکی بەرگری پێکبهێنن داوای کۆمەك و یارمەتی کرد، ئەو دەیویست گرووپێك دژی هێرشی چەتەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە پێکبهێنێت، جگە لەو چەتانەی چاکبووبوونەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئاوایی و ناوچەکانی تریش چوونە پاڵ ئەم یەکەیە، ئێمە پاشتر هەواڵمانزانی کەلە ساتی دروست بوونی ئەو یەکەیەبەدواوە، ئیدی هیچ چەتەیەك جورئەتی هێرش و چەپاوکردنی دارایی دانیشتووانی ئەو ناوچەیەی نەکردووە.

پاشان، دوو گرووپ لە گرووپە لێکۆڵەرەکانی ئێمە، لەدەمی رۆیشتن بۆ بیابانی گۆبی، بەو ناوچەیەدا تێپەڕیبوون، ئەو چەتە تۆبە کردووە و هاوڕێکانی بۆ پاراستنی ئەوان لە ناوچەکەیاندا و هەروەها لە ناوچەکانی هاوسێیان، لەگەڵیاندا رۆیشتبوون و لانی کەم حەوت سەد کیلۆمەتر رێگایان بریبوو، ئەوان بۆ ئەم خزمەتەیان کەمترین کرێ یا پاداشتیان قبووڵ نەکردبوو. ئێمە پاشتر، چەندین جار هەواڵی ئەو چەتە خەتەرناکە کە چیتر بە هیچ شێوەیەك ترسناك نەبوو، دەبیست، ئەو لە سەرتاسەری ئەو ناوچەیەدا توانیبووی تۆڕێکی زۆر بەهێز و خێرخوازانە بۆ پاراستنی گوندنشینەکان پێکبهێنێت و هەموو تەمەنی بەوپەڕی سەخاوەتەوە تەرخان بکات بۆ خزمەتکردنی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە بەبێ ئەوەی هەرگیز کرێیەك لەسەر هەوڵ و زەحمەتەکانی وەربگرێت.

* * *

## بەشی پێنجەم

دوو ڕۆژ دوای تێکشکاندن و لەناوبردنی گرووپی چەتەکان، دەمەو نیوەڕۆ بوو کە ئێمە چیتر خەریکی بەدەمەوە چوونی سەرجەم بریندارەکان و دوایین سەردان و پشکنینمان بۆ ئەنجام دابوون بۆ ئەوەی دڵنیابین ئیدی هیچ برینداریك لە شیوەکەدا و لەناو پاشماوەی تەرمەکاندا نەماوەتەوە، لەکاتێکدا کارەکەمان کۆتایی پێدەهێنا، بۆ نانی نیوەڕۆ بەرەو میوانخانەی ئاوایی کەوتینەڕێ تاوەکو دواتر بتوانین کەمێك پشوو بدەین چونکە ئاتاجێکی زۆرمان بەخەو و پشوودان هەبوو، لەناکاو یەکێکمان بە دەنگێکی بەرز، بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی، بیرۆکەیەك کە ئەو بە زمان رایگەیاند، بیرۆکەیەك بوو کە لە زەینی هەمومواندا هەبوو، ماوەیەك بوو کە ئێمەی بەخۆیەوە مژوڵ کردبوو ((بۆچی ئەم کارەساتە گەورەیە روویدا بۆچی ژیانی ئەم هەموو مرۆڤە لەناوچوو...)).

ئێمە لەتاو شەکەتی سەر و پێی خۆمان لەیەك جیا نەدەکردەوە و ئەم پێشهاتانەی دوایی، بە تەواوی لەپێی خستبووین، بەهۆی ئەو ترس و بیمە گەورەیەی کە دانیشتووانی ئاوایی بەرامبەر چەتەکان هەستیان پێدەکرد، سەرجەم ئیش و کاری بەدەمەوە چوونی بریندارەکان کەوتبووە سەر شانی ئێمە، بەتایبەت لە یەکەمین ساتەکانی بەرایی کارەساتەکەدا، تەنانەت دوای ئەوەی ئێمە بریندارەکانمان لەژێر لاشەی ئەسپەکان دەرهێنا، بە ئەستەم دەمانتوانی دانیشتووانی ئاوایی قایل بکەین کۆمەکی ئەو داماوانە بکەن، ئەوان بەهیچ شێوەیەك بەڵگەیەکیان بۆ رزگارکردن و بەدەمەوە چوونی کەسانێك کە بە نیازبوون توند و بێبەزەییانە ئەمان قەتڵ و عام بکەن، بەرچاو نەدەکەوت. زۆرێك لەوان تەنانەت دەست لێدان لە تەرمی مردووەکانیشیان بە خراپ دەزانی، گەر بێتو دانیشتووانی ئاوایی رێزێکی زۆریان بۆ دۆستە مەزنەکانی ئێمە دانەنایە، بێگومان دەم و

دەست، مەیدانی ڕوودانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیان بەجێدەهێشت و کەمترین کۆمەك و بەهاناوەچوونیان بۆ هیچ کام لە چەتەکان پیشان نەدەدا. هەر چۆنێك بێت، ئێمە تەواو هیلاك و زۆر دڵتەنگ و خەمبار بووین چونکە ئەو ئەزموونە، بە تاڵترین ئەزموون لە سەراپای ژیانماندا هەژمار دەکرا، کە گەیشتینە میوانخانەکە، دەست و دەم و چاومان شۆرد و بەوپەڕی بێ تاقەتییەوە لە پشتی مێزی نان خواردنەکە دانیشتین خواردنیان هێنا، ئێمە تەنها بووین، تۆماس، سەرکردەی گرووپەکەمان ئەو چەتە ترسناکەی کە ناوی ((لین-چۆ))[1] بوو لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستا پایەبەرزەکاندا تاوەکو خوارەوەی دۆڵەکە بەڕێ کردبوو، ئێمە دوای نان خواردن، بۆ خەوتن چووین بۆشوێنی نیشتەجێبوونەکەمان تاوەکو سبەی شەو خەبەرمان نەبوویەوە. دوای ئەوەی لە خەو هەستاین و جل و بەرگمان پۆشی، یەکێ لە ئێمە پێشنیاری کرد کە ڕاستەوخۆ بچین بۆ ((حەرەم)) ئێمە هۆڵەکەی سەرەوەی پەرستگاکەمان بەم جۆرە ناوزەد کردبوو چونکە بەلامانەوە شوێنێکی پیرۆز و بەڕێز بوو، هەربۆیە میوانخانەکەمان بەجێهێشت و بەرەو پەرستگاکە چووین و بەڕێگەی ئاساییدا چووین.

ئێمە گەیشتبووینە پەیژەیەك کە بە دەروازەی تۆنێلێك کۆتایی دەهات، یەکەم کەس لە ئێمە کە پێی خستبووە سەر یەکەم پلەی پەیژەکە لە پڕێکدا وەستا و گوتی: چیمان لێقەوماوە؟ دوێنی یا پێرێ لە ئاسمانی حەوتەم بووین، لە لوتکەی شادیدا بووین، بەگوێرەی ئیرادەی خۆمان دەجولاین و لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا، سەرقاڵی تەواوکردنی کارێك بووین کە لە هەلومەرجی ئاساییدا چەندین ساڵی دەخایاند تەواوی بکەین، خۆراکی ئێمە هەر کاتێك بمانویستایە لە بەردەمماندا ئامادە بوو، هەموو ئەم کارانە بەبێ کەمترین ئەرك و زەحمەت لەلایەن ئێمەوە ئەنجام دەدرا، هەنوکە ئێمە دووبارە بۆ خوی رابردوومان گەڕاوینەتەوە، حەزدەکەم هۆکاری ئەم دابەزینە لەناکاوە تێبگەم و تەنها یەك ڕوونکردنەوە دەبینم: هەر کام لە ئێمە باری قورسی ئەزموونێکمان لەسەر شان هەڵگرتووە کە لەم کاتانەی دواییدا ڕووبەڕووی بووینەوە، ئەمە شتێکە هەنوکە ئێمەی نارەحەت و دڵگران کردووە، ئەم ئەزموونە چیتر بە هیچ شکڵ و شێوەیەك بە بەشێك لە وجودی من هەژمار ناکرێت، لە ماوەیەکدا کە سەرقاڵی بایەخدان بووم

(1) Lin Chu.

بەو ئەزموونە، باری لەشمی گران کردبوو پێیەوە پەیوەست بووم و هەرگیز بە نیازی وازلێهێنانی نەبووم، من هەنوکە ئەم حاڵەتە بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی باشتر و باڵاتر وازلێدێنم، من رابردوو وەك خۆی بەجێدێڵم، من ئیدی هیچ کارێکم بەسەریەوە نییە.

لەو ماوەیەدا کە بەسەرسامییەوە تەماشای ئەومان دەکرد لە پڕ سەیرمان کرد چیتر لە نێوان ئێمەدا حزوری نەبوو مەحو بووبوویەوە، لەو ساتەدا ئێمە لە بینینی ئەمەی کە ئەم رۆحە توانیبووی خۆی وەدیبهێنێت، لەڕادەبەدەر سەرسام و غافڵگیر بووین، لەگەڵ ئەمەشدا، هیچکام لە ئێمە نەیدەویست شتێك کە ئەوی دوادەخست، وازلێبێنێت و بەباشی ئاگا و تێگەیشتووبووین کە پەیوەست بوون و بایەخدان بە رووداوگەلێك کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بە ئەوەوە نەبوو تەواو بێهودە بوو، بەڵام دیسان هیچ هەوڵێکی بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە نەدەدا، لە ئاکامدا ئێمە ناچاربووین هەروەك جاران، بە پەیژەکەدا سەرکەوین، بە تونێڵەکەدا تێپەڕین و بەناو سەرجەم هۆڵ و ژوورەکاندا کە لە دڵی بەردەکاندا هەڵکۆڵرابوون تێپەڕین بۆ ئەوەی دواجار بگەینە شوێنی مەبەست، کە گەیشتینە ئەوێ، ئێمە هاوڕێکەمان بینی کە لەوێ ئامادەبوو، لەو ماوەیەدا کە سەرقاڵی وتووێژ و قسەکردن بووین لەمەڕ سەرکەوتنی لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا، عیسا، تۆماس و چەند کەسێك لە مامۆستا بەرێزەکان دەرکەوتن، ئەوان لەڕێی دەرگایەکەوە کە بەڕووی بانێژەکەدا دەکرایەوە، هاتنە ژوورەوە، ئێمە هەمووومان دانیشتین و عیسا سەری قسەی دامەزراند و گوتی: زۆرێك لە خەڵك لافی ئەوە لێدەدەن مەخلوقاتی خۆشەویستی خودان و خاوەنی تەواوی موڵکی خودان، لە واقیعدا، بەڕاستی بەم جۆرەیە بەڵام راستی قسەکانیان لەو کردەوانەدا کە ئەنجامی دەدەن، ناسەلمێنن و ئاشکرا نابێت، پێویستە ئەوان سەرەتا هەنگاوی یەکەم هەڵبگرن و خۆیان وەك خودا بزانن و لەم بیروباوەڕە پەشیمان نەبنەوە کە ئەوان بە هەر شتێك کە بەخودا کۆتایی دێت و پیشاندەر و روونکەرەوەی زاتی ئیلاهییە وابەستە دەبن، لەم حاڵەتانەدایە کە ئەوان دەتوانن ئارەزووەکانیان وەدیبهێنن.

کاتێك مرۆڤی سنووردارکراو بەهۆی ئەندێشە ماددییەکانیەوە، دەست بە دیتنی رۆحی خودایی دەکات، جەستە ئەثیرییەکەی، رووناکییەك لەخۆی دەدرەوشێنێتەوە، کاتێك ئەم مرۆڤە، رۆحی خودایی لە وجودی خۆی بۆ دەرەوە دنێرێت و رایدەگەیەنێت، لە ئیلهام و جیهان بینییەکی جوانتر و روونتر و فراوانتر بەهرەمەند دەبێت، ئەو توانای ئەوەی دەبێت جەستە بانترەکەی ببینێت

کە لەسەر ریتمێکی خێراتر لە لاشەی فیزیکی لەرەلەر دەکات، بەبێ ئەوەی مەترسی ونکردن و لەبەرچاونەگرتنی لاشە فیزیکییەکەی لەدڵدا بێت، لەم جۆرە کاتانەدا واهەست دەکات خاوەنی دوو جەستەیە، وادێتە بەرچاو یەکێك لە جەستەکانی دەرەکی و دوور لە ئەوە، ئەو رەنگە ئەو جەستەیە وەك رۆحی خودایی کەسێکی تر هەست پێبکات، بەڵام ئەو دوالیزمە دیار و ئاشکرایە، لەو رووەوە سەرهەڵدەدات کە ئەم مرۆڤە باوەڕ ناکات خۆشی دەتوانێت رۆحی خودایی بێت، ئێستا ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت و ئەو ئیدیعای ئەوە بکات کە بەڕاستی رۆحێکی خودایی هەیە و ئەم مەسەلەیە وەك واقیعیەتێکی بەرهەست و قبووڵکراو وەربگرێت، ئەو دوو لاشەیە دەسبەجێ یەکدەگرن و دەبن بە یەك، ئەم مرۆڤە رۆحی خودایی لە خۆی کردۆتە دەرەوە و رۆحی خودایی بە حاڵەتێکی سەرکەوتووانەوە خۆی دەسەڵمێنێت و بەرجەستە دەکات مرۆڤ دەتوانێت هەنگاوێکی تر بنێت و رایبگەیەنێت کە ئەمە رۆحی خوداییە کە خۆی دەناسێنێت و دەست بەجێ دەگۆڕدرێت بۆ رۆحی خودایی، بەم پێیە ئەم مەخلوقەی خودا، لەگەڵ خودای جیهاندا یەکدەگرن و دەبێت بە یەك و راستەوخۆ دەچێتە پاڵی خودا.

وێڕای ئەمە هێشتا هەنگاوێکی تر ماوە، هەنگاوێك کە لە هەمووی دژوارترە، ئەم هەنگاوە بەرزترین و زۆرترین ئیرادە دەخوازێت، چونکە پێویستە کە مرۆڤ هەر جۆرە ترسێکی ماددی و هەر جۆرە سنووربەندییەك بە تەواوی لە زەین و ئەندێشەیدا بسڕێتەوە، پێویستە بۆ پێشەوە بڕوات و راستەوخۆ بۆ چاوانە بگەڕێتەوە و بەتایبەتی رایبگەیەنێت کە هاوشێوەی خودایە، بەکردنی ئەم قسەیە، دەبێت بزانێت کە ئەم قسەیە واقیعییەتی هەیە و بچووکترین ترس و بیمی لە رابردوو و رووداوەکانی پێشوو نەبێت و هیچ دڵەڕاوکێیەکی لەمەڕ خورافات و ئایدیا و ئەندێشە مرۆییەکان هەست پێ نەکات، لەگەڵ ئەودا گرێ دراوە و تێکەڵ بووە، دەبێت بزانێت کە سومبولی عەشق و فەزیلەت و تێگەیشتنە، سیمای رەگەزی ئیلاهییە و بە ئەسڵی کل دەژمێردرێت، بەهرەمەندە، ئەودەبێت لەوپەڕی خۆ بە کەم زانین و تەوازوعدا ئەم مەسەلەیە قبووڵ بکات، لەوکاتەدایە کە دەتوانێت بەڕاستی ببێتە نوێنەری خودا.

لەڕێی مرۆڤێکی لەم چەشنەوە، سەرجەم خەسڵەتە خوداییەکان بەسەر گشت مرۆڤایەتیدا پەخش و فراوان دەبێت، تەنها لەڕێی ئەم جۆرە مرۆڤانەوەیە کە خواوەندی گێتی دەتوانێت خۆی مانفێست بکات، ئەودەمەی مرۆڤ لەگەڵ خواوەندا وەحدەت پەیدا دەکات لەگەڵ زاتی ئیلاهیدا یەك دەگرێت، ئیدی هیچ شتێك مەحاڵ نابێت، مرۆڤ بە تەنها خاوەنی هەموو شتێکە، بەڵکو خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە خودا لە زاتی خۆیدا خاوەنیەتی، مرۆڤ دەگۆڕدرێت بۆ

بوونەوەرێك کە خاوەن رۆحێکی خودایی یە و خودا لە وجودی ئەودا ئامادە دەبێت، مرۆڤ بەجۆرێك لە سێینە دەگات کە لە رۆحی خودایی مرۆیی، رۆحی خودایی ئیلاهی، دواجار خواوەندی جیهانی هەستی پێکهاتووە.

رۆحی موقەددەس لە وجودی مرۆڤدا مەنزڵگەیەکی دڵگیری چنگ دەکەوێت، کل (ئەندێشەی هەمیشەیی)) بەدرێژایی چالاکی داهێنەرانەی لە وجودی ئێوەدا قەرار دەگرێت، گشت ئەم لوتف و بەزەییە قبووڵ بکەن بۆ ئەوەی ببینن کە ئێوەش وەك ئەوانی تر زمانتان بە سوپاس و ستایشی زاتی ئیلاهی دێتەگۆ، لێرەدا ئیدی قسەیەك لەبارەی عیساوە نییە بەڵکو قسە دەربارەی رۆحی خوداییە. لەم کاتەدا پێویست دەکات کە فریشتەکانی عەرشی ئیلاهی کڕنۆش بەرن، ئێوە نابێت عیسا وەك پەیامبەرێکی کەسی کە خاوەن رۆحی خوداییە ستایش بکەن، ئێوە دەبێت تەنها رۆحی خودایی سوپاس و ستایش بکەن و جوانترین تاجی سەر زەوی لەسەر بنێن، هیچ گەوهەرێك بۆ تاجی رۆحی خودا بە ئەندازەی پێویست قەشەنگ یا ئیلاهی نییە، ئایا تێبینی دەکەن کە هەنوکە هەر کەسێك خوازیاری نزیکییە لەگەڵ خوادا و دەخوازێت پێ بنێتە ناو قەڵەمڕەوی ئیلاهییەوە، ئازادی تەواوی بۆ چوونە ناوەوە هەیە! بچنە ژوورەوە! ئێوەش رۆحی خودایی لە وجودی خۆتاندا گەشە پێبدەن و ببنە مایەی هاتنە ناوەوەی کەسانێك کە دەیانەوێت بێنە ناو قەڵەمڕەوی ئیلاهییەوە. کاتێك دەڵێن ((خودا)) خۆتان وەك سێبەرێکی خودا لە قەڵەم بدەن، خواوەند هەرگیز خۆپەرست و لەخۆبایی و کورت بین نییە، رۆحی خوداییش کە بەگوێرەی وێنەی خوداییە لەم جۆرە ئەدگارانە بەهرەمەند نییە، راستە ئەگەر بمانەوێت بڵێین ((من هەم)) لە زاتی ئیلاهیدا حزوری هەیە و خودا لە وجودی ((من)) دایە بەم پێیە دەبێت بەوپەڕی تەوازوع و لە هەمان کاتدا لەوپەڕی گەورەییدا رایبگەیەنین کە ((من هەم)) و خودا یەکێکین، خواوەند و مرۆڤایەتی لەکاتی یەکبووندا زۆر بەهێزن توانا و دەسەڵاتی بێ پایانی خواوەند دەگرنە خۆ ئەوەی کە لە بیر و ئەندێشەی ئێوەدا بەشێوەی ستەم و ناڕەوایەتی پەیدا بووە، دەردەکەوێت و شکۆ و گەورەیی پەیدا دەکات چونکە هەر جۆرە بیرێکی ناعەدالەتی و ستەم بە تەواوی دەسڕێتەوە و نامێنێت، ئەوەی مۆرك و نیشانەی زەوی پێوە بێت، بەناچاری مۆرك و رەنگی ئاسمانیش دەبێت. بەتایبەت کاتێك کە وێنە ئایدیال و خوازراوەکەتان بڵند بکەن، من بە ئێوە دەڵێم کە هەنووکە دەرفەتێکی چاکە بۆ ئێوە تاوەکو لەم پەشێوی و بگرە و بەردە گەورە دەرەکییە، بێنە دەرەوە و بچنە ناو ئاشتی و ئارامی گەورە و فەڕ و بەرەکەتی ئیلاهییەوە و خۆتان بە نوری خودا، پۆشتە بکەنەوە، تاجی خوایەتی بەوپەڕی

تەوازوعەوە لەسەر بنێن، ئەگەر خۆتان ئەم کارە نەکەن، هیچ کەسێکی تر توانای ئەوەی نابێت ئەم تاجە بکاتە سەرتان.

وەرنە پێشەوە تاوەکو لەبەردەم بارەگای گەورەی سپی کە هەمان سەرچاوەی گشتە پشکداربن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە زووتر لە ئێوە توانیویانە بگەنە کەماڵی خوازراو، یەك بگرن و تەنها بەمە قایل مەکەن کە لەگەڵ خوداکەتاندا یەکبگرن، تەنها لەم کاتەدایە کە دەتوانن خەسڵەتە خوداییەکانتان بە جیهانییەکان بناسێنن، ئەگینا وزەی خواوەند بە چ شێوەیەك دەتوانێت مانفێست بکرێت؟ تەنها بە یارمەتی و لەرێی مرۆڤەوەیە کە ئەم وزەیە بەرجەستە دەبێت.

لەسەر زەوی هیچ ئۆرگانیزمێك بوونی نییە کە توانای ئەوەی هەبێت بە هەمان فریکانس، بێتە لەرزە، مرۆڤ وا رێکخراوە کە توانای دەرککردنی وزەی گەورەتر و کۆتایی دەبێت، هەمان ئەو وزەیەی کە رێگە دەدات مرۆڤ، خودا بە جیهانییەکان بناسێنێت، مرۆڤ ئەو وزەیە لەخۆی وەدەردەنێت و دەگۆڕێت، مرۆڤ چۆن دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات مەگەر بەیارمەتی جەستەیەکی کامڵ و بەم چەشنە رێکخراو کە هی ئێوەیە و بە ئاسانی دەتوانن، زاڵبن بەسەریدا؟.

ئەو زاڵبوونە بەم مانایە کە مرۆڤ بە تەواوی مامۆستایە، نەك تەنها مامۆستا، بەڵکو رێنما و هەروەها قوتابی و شوێنکەوتەشە، بۆ فەرماندان بەسەر جەستە و بەهەماهەنگی ژیان لەگەڵیدا، پێویستە مرۆڤ تەواو ئاسوودە بێت لەگەڵ سەرجەم ئەدگارە ئیلاهییەکان کە ((من هەم))ی مرۆیی و رۆحی خودایی و رۆحی خودایی ئیلاهی لەخۆ دەگرێت، بە ئاوێتەکردنی ئەم سیانە لەگەڵ بالاترین زاتی جیهانی وجود کە هەمان خودای تاقانەیە، ئێوە دەتوانن وێنەیەك بن لە خودا.

ئێوە، پیاوانی ئەمرۆ، بەم جۆرەن، پیاوێك کە بۆچوون و ئیدراکی پەرەپێدەدات و حەقیقەتەکانی سەبارەت بەخۆی تێدەگات، بۆ ئێوە ژیان و وجودێکی باشتر بوونی هەیە کە لە قۆناغی ئەزموونە دنیاییەکان بەچەند قات بەرز و بالاترە، ئێوە دەتوانن بەدرێژەدان بە رێڕەوی عەدالەت لە ئەوپەڕی هەماهەنگی و لە سازشێکی واقیعیدا لەگەڵ ئەو ئامانجە بالایانەی کە دەتوانن وێنای بکەن و دەریببڕن، پێی بگەن.

لە قۆناغی یەکەمدا، ئێوە، مرۆڤ، دەبنە رۆحی خودایی مرۆیی، واتە تاقانە مەخلوقی خواوەند، لە قۆناغی دووەمدا، ئێوە دەگۆڕدرێن بۆ رۆحی خودایی ئیلاهی و تێبینی دەکەن کە رۆحی خودایی مرۆیی هەمان رۆحی خودایی ئیلاهییە و بە تێکەڵکردنیان، ئێوە دەگەنە قۆناغی سێیەم کە راستەوخۆ بە خودای تاك و تەنها کۆتاییتان دێت.

بەشێوازێکی سادەتر، ئێوە سەرکەوتوو بوون ((من هەم))ی مرۆیی لە رۆحی خودایی مرۆییدا یەکبخەن، ئێوە پاشان رۆحی خودای هەمیشە زیندوو ئامادە دەگۆڕن ئەم دوالیزمەیە بە تاك و تەنهایی کۆتایی دێت، ئێوە وێنە و لێکچوونی وزەی بالا کە هەمان خودای جیهانە وەرگرتووە، گەر بێتو لەم رێچکەیە لانەدەن (رێچکەیەك لە کەڵك وەرگرتن و بەکارهێنانی راست و دروستی تەواوی تواناکانتانە) ئیدی هیچ شتێك بەلای ئێوەوە مەحاڵ نابێت، پێویستە ئێوە بەبێ هیچ ترسێك ئەم رێگەیە بگرنەبەر و بەتەواوی راستگۆ و دڵسۆز بمێننەوە، بەبێ ئەوەی کەمترین گرنگی بە بیروباوەڕی هەموو جیهان بدەن، بە ناساندنی خود لە ترۆپکی هێزو تواناتاندا، بە ناسین و قبووڵکردنی بەشداریکردن و رێکەوتنتان لەگەڵ خواوەند، ئێوە بەشێوەیەکی جاویدانی لەگەڵ خواوەندا پەیوەست دەبن ئەو خودایەی کە ئەسڵی سەرەکی هەموو شتەکانە و هەمیشە زیندوو و ئامادەیە و هەمیشە کارا و چالاکە.

هەنوکە دەتوانن کتێبی پیرۆزتان بەرمەبنای قسەگەلێك کە ئێستا کردنم لەبەرچاو بگرن، ئایا تابلۆیەك لە وەسف کردنێکی زۆر گەورە و ئەفسانەیی لەمەڕ کامڵ بوونی رۆحانی مرۆڤ و گەیشتنی بە کەماڵ ناخاتەڕوو؟ بەتایبەت کاتێك کە مرۆڤ لە تواناکانی خۆی گەیشتبێت بە دروستی بەکاریان بهێنێت؟.

هالەیەکی نورانی کە هونەرمەندە نیگارکێشەکان لە وێنەکانیاندا دەیکێشن و پیشانی دەدات کە لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە خوارەوە، بەسەر سەری منەوە دەدرەوشێتەوە راست نییە! لەراستیدا ئەم نورە لە جەستەی من بەرزدەبێتەوە و بۆ دەرەوە دەدرەوشێتەوە، ئەڵبەتە جێگای دڕدۆنگی نییە کە ئەم نورە ئاسمانییە چونکە ئاسمان و ئاسمانەکان لە هەرلایەکەوە دەوری ئێمەیان داوە و هیچ شتێك نییە جگە لە لەرینەوەیەکی درەوشاوە، بەڵام مەنزڵگای ناوەندی، یا هەمان پنتی دەسپێکردنی ئاسمان، لە وجودی باتنی خودی مندا حزوری هەیە، بەم پێیە پێویستە کە ئەم نورە ئاسمانییە لە وجودی من بدرەوشێتەوە ((من هەم))ی پەیوەست بە من پێویستە رێگە بە جەوهەری نور بدات دزە بکاتە ناو وجودی من، پاشان پێویستە کە من ئەو وەدیبهێنم و ئەم تەزووە درەوشاوە بەجۆرێك بگۆڕم کە بە گوڕوتینێکەوە کە خواوەند دەیەوێت، لەڕێی (من هەم)وە بۆ دەرەوەە بدرەوشێتەوە لەم کاتانەدایە کە هیچ شتێك لە ئاست ئەم نورە پاکەدا یارای خۆڕاگرتنی

نییە، هەر ئەم تیشکە درەوشاوە کە ئێوە دەیبینن لە جەستەم بەرزدەبێتەوە و هونەرمەندە نیگار کێشەکان لە وێنەکانیاندا دەینەخشێنن ئێوەش دەتوانن بە هەمان شێوە، هێزی خودایی بگۆڕن و بۆ دەرەوەی بدرەوشێننەوە و ئەم کارە بە وزەیەکی زۆر بەرهەڵستی قبووڵ نەکردوودا ئەنجام بدەن کە بەیارمەتی بلاجکتۆرەکەی ئێوە دەکرێت بێتە ئەنجام، هەموو ئەم کار و کردەوانە، بەشێوەیەکی ئاسایی و رۆژانە لەڕێی کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێت کە نەك تەنها خۆیان وەك رۆحی ئیلاهی دەناسێنن بەڵکو سایەی خواوەندیش واتە هەموو شتێك لە یەکێکدا، بەم جۆرەیە، دروشمی ورد و ئیلاهی خواوەند کە بە سەرجەم جیهانییەکان راگەیەنراوە، چەند مرۆڤ زیاتر لەم تیشکە شیفابەخشە نزیك بێتەوە، سەرلەبەری ناهاوئاهەنگی و پێکدادان و دوژمنایەتییەکان خێراتر لەناو دەچن.

گەربێتو ئێوە بەوپەڕی ئازادی لەناو ئەم لەرینەوە درەوشاوەدا کە رووناکی جیهانە بژین، گەر بێتو هەموو مرۆڤەکان ئیلهامی لێوەربگرن، ئێوە دەتوانن خێراتر لە ماڵێکی راستەقینە و دروست کە بۆ مرۆڤ فەراهەم کراوە، نزیك ببنەوە، ئێوە بۆتان دەردەکەوێت کە ((من هەم)) هەمان نوری جیهانە، سەیری خودا بکەن و هەموو شتێك بەگوێرەی حەز و ئیرادەی ئێوە دەبێت، هەوڵ بدەن ((من هەم))ی خۆتان گەشە پێبدەن و هەڵبڕن، هەوڵ بدەن جەستەتان تا ئاستی خودایی بەرزبکەنەوە و تاجی سەروەری لەسەر دەنێن، ئەم مافە بە ئێوە دراوە کە تاج لەسەر سەری خۆتان دابنێن، هیچ کەسێك جگە لە خۆتان توانای ئەم کارەی نابێت.

* * *

## بەشی شەشەم

من لەوەی کە بەم هەموو وردبینی و وردەکارییەوە، دەربارەی ئەزموونەکانمان بەدرێژیی ئەو چەند رۆژە قسەم کرد، داوای لێبوردن دەکەم، من پێم خۆش بوو بەشێوەیەکی ورد و تەواو راستگۆیانە لەمەڕ دەسەڵاتی پیاوێك بدوێم کە بە تەواوی خۆی خستبووە ژێر دەسەڵاتی ئیلاهییەوە و جۆری کارکردنەکەشی لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بە تەواوی هاوشێوە بوو بەجۆرێك کە توانی وزەیەکی بێ سەروبەری گرووپێکی بێ دین و بێ باوەڕی وەحشی بگۆڕێت بۆ هێزێکی بەتوانا و رێکخراو و ساز و ئامادە بۆ بەرگری و پاراستن کە ئەم هێزە لە پێناو کۆمەك گەیاندن و پارێزگاری کردن لە ئەو و تێکڕای دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کەڵکی لێوەرگیرا.

هەر بۆیە دەربارەی رووداوەکانی ئەو چەند رۆژە کە بە مەسەلەی چەتەکانەوە پەیوەستە قسە دەکەم.

ئێمە نەك تەنها پاراستن و ئاسایشی تەواومان بۆ دابین کرا، بەڵکو هێز و توانای ئەم گرووپە سەر سەختە، بەجۆرێك بوو کە دوای گوڕوتین پێبەخشین و دوای ئەوەی دووبارە بڕستیان تێکەوتەوە بۆ لای خۆی گەڕایەوە، لە ئاکامدا بەم جۆرەی لێهات کە کارەکتەرەکانی کاولکاری و لەناوبردن، کەوتنە کوشت و بڕی یەکتر، ئاسایشی ئەو ناوچەیە تا دووری چەندین کیلۆمەتر کامڵ بوو هەرچەند دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، بە ژمارە لە چەتەکان کەمتربوون و هیچ چەکێکیان بۆ بەرگری لەخۆکردن نەبوو، بەڵام ئەم ئاسایشە وەك خۆی مایەوە.

هەر هێندەی ئەو کەف و کوڵ و شۆکە دەروونییەی رۆژانی رابردوو کپ بوویەوە، ئێمە دیسان چووینەوە سەر کارەکەمان، وەرزی جەژنی پاك نزیك دەبوویەوە و ئێمە حەزمان دەکرد کارەکانمان لەگوندی شێوە ((T)) خێراتر تەواو بکەین بۆ ئەوەی زووتر بۆ هیندستان بگەڕێینەوە

ئەم کارەش بەخێرایی کۆتایی هات، دوایین خۆسازدان بۆ گەڕانەوەی ئێمە شەوێك بەر لە جەژنی پاك کۆتایی هات و ئێمە وامان دانا ئەو ڕۆژی یەکشەممەیە، ڕۆژێکی پشوودان و ئارامشی تەواو دەبێت، لەگەڵ چوونمان بەرەو پەرستگا، لەکاتێکدا هێشتا بووم و لێڵ بوو، ئێمە چاندرسنمان لە باخی میوانخانەکەدا بینی کە لە شوێنێکدا دانیشتبوو، ئەو لە شوێنی خۆی هەستا، تاوەکو لەگەڵ ئێمەدا بێت و گوتی کە تۆماس لە ((حەرەم)) چاوی پێمان دەکەوێت، ئەو پێشنیاری بۆ کردین کە باشتر بوو لەڕێی شاری لەهاسا[1] وە بۆ هیندستان بگەڕێینەوە، ئەو پاشان شاری موك تینان[2]ی پێشنیاز کرد گوتی باشتر وایە لە ملەی کاندرنات[3] تێپەڕینایە، بەم پێیە ئێمە دەمانتوانی زۆر بە ئاسانی بەرەو دارجلینگ[4] بڕۆین.

لەگەڵ گەیشتنمان بۆ خوارەوەی پەیژەکە کە بە دەروازەی پەرستگاکە کۆتایی دەهات ئێمە بۆ ساتێك لێی وەستاین تاوەکو سپێدەی بەیان ببینین، چاندرسن دەستی خستبووە سەر پەیژەکە و دەتووت ئامادەی سەرکەوتنە پێیدا، هەر لەم حاڵەتەدا ئەو دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: نور توانای دەرککردنی تارێکی و نوتەکی نییە چونکە لەناو تاریکیدا دەدرەوشێتەوە، کاتێك عیسا خۆی لە لێواری دەسگیرکردندا بینی و بۆی دەرکەوت لەڕێی یەهوداوە تەڵەی بۆنراوەتەوە، گوتی: ئێستا کاتی ئەوەیە کە کوڕی مرۆڤ شکۆمەندی و گەورەیی دەیگرێتەوە و خوداش لە وجودی ئەودا شکۆمەندی بەخۆی دەبەخشێت)). عیسا هەرگیز نەیگوت: ((یەهودا خیانەتی لێ کردم)) ئەو هیچ درکە و قسە و باسێکی لەبارەی یەهوداوە نەکرد، ئەو تەنها پشتی بە گشتێتی ڕۆحی خودایی ئیلاهی بەست کە لە وجودی ئەودا شانازی و شکۆمەندی وەرگرتبوو، ئەم کارە کامڵ و ئەم کاردانەوە بێ کەم و کورتەی خودا، هەر جۆرە ناهەماهەنگییەك بەشێوەیەکی دیاری کراو لەناو دەبات، لەم کاتانەدایە کە مرۆڤ دەتوانێت فەرمان دەربکات و بڵێت: ((ڕۆحی خودا! بەشێوەیەکی بەرجەستەتر دەرکەوە!)) بەم جۆرە مرۆڤ لەگەڵ ئەودا یەکدەگرێت و دەگۆڕدرێت بۆ یەك جەستە، یەك ئەندێشە، یەك زەین، یەك کل، یەك ئەسڵی کامڵ، مرۆڤ دەگۆڕدرێت بۆ ((من هەم)) و بەیارمەتی باقی مرۆڤە زیندووەکان، بە یەك ماهیەت کۆتاییمان دێت و دەبینە ئیلاهی.

---

(1) Lhassa.
(2) Moukinath.
(3) Kandernath.
(4) Darjeeling.

لەو ساتەدا کە چاندرسن بێدەنگ بوو، ئێمە خۆمان لە ((حەرەم))دا بینییەوە (مەبەستم هەمان هۆڵی مەرکەزی پەرستگای شێوە خاچ ((T)) بوو) تازە بە خۆماندا هاتینەوە کە عیسا و ژمارەیەکی تر پەیدابوون کە لە نێویاندا، لەوانە تۆماس ئامادەبوو، ئەوان لە دەرگایەکەوە کە بەڕووی بانێژەکەدا دەکرایەوە، هاتنە ژوورەوە.

بە هاتنی ئەوان، هۆڵەکە بە نورێکی دڵگیر ڕووناك بوویەوە، ئێمە سڵاو و پیرۆزباییمان لێکردن و کەسێکی نامۆیان پێناساندین کە لەگەڵ دۆستەکانماندا هاتبوو، ئەو ئەدگار و قیافەی پیاوێکی تەمەن مام ناوەندیی هەبوو لەگەڵ ئەمەشدا خاوەن لەش و لارێکی تۆکمە و تەندروست بوو، ئەوان بە ئێمەیان وت ئەو یەکێك لە ((خزمەتگوزارە خاوەن کەماڵ))(١)ەکانە و بەرپرسیارێتی پاراستنی ژێرزەمینەکانی هاستیناپور(٢)ی لەئەستۆدا بوو. ئەو بۆ ئەو ناوچەیە گەڕاوەتەوە و ئامادەیە هاوڕێیەتی ئێمە بکات.

ئەو ژمارەیەکی زۆر لە ریشییەکانی(٣) دەناسی و چاوی پێیان کەوتبوو، ئەو هەروەها چاوی بە ژمارەیەکی زۆر لە ((وگاهای))ەکان کەوتبوو و ((ریشی ئاگاستیا))(٤) کە خەڵوەتەگەکەی لە شوێنێکی سەرو ئاسایی و زۆر دوورە دەستدا هەڵکەوتبوو دەناسی، ئێمە بەرامبەر ئەو چانس و ئیقباڵەی هاتبووبە پیرمانەوە، زۆر خۆشحاڵ بووین.

ئێمە ئەلقەیەکمان پێکهێنا و بۆ چەند ساتێك بە بێدەنگیماینەوە لە کاتێکدا هەردوو دەستمان لەسەر مێزەکە دانابوو، لەگەڵ ئەوەی هیچ قسەیەك بە زارماندا نەهات، بەڵام هۆڵەکە پڕبوو لە لەرینەوەی زۆر بەهێز کە لە ماهیەتێکی سەیر و کەم وێنە بەهرەمەندبوو، ئێمە کەوتبووینە ژێر کاریگەری هەست و هەڵچوونێکی تەواو نەناسراو، بەردەکان ترپەیان هەبوو بە

(١) لە تێکستە فەڕەنسییەکەدا نازناوی ((Lemuni)) یان لێناوە کە لە فرمانی ((Semunir)) وەردەگیرێت و بە مانای کەسێکە کە پێش وەخت خۆی بۆ کارێك ئامادە کردووە تاوەکو توانای بەرگەگرتنی ئەو کارەی هەبێت، بە کەسێك دەوترێت بیەوێت شتێك فەراهەم بکات و ڕێ و شوێنی یەدەگی پێویستی لەبەرچاو گرتبێت کە ئامادەکار و دابینکەری شتێك بێت، پێدەچێت وەرگێڕە فەڕەنسییەکە ئەم وشەیەی لە فەرمانی ئینگلیزی Provider لە فەرمانی Toprovider وەرگێڕابێت.

(2) Hastinapour.

(٣) Rishi: بەمانای مامۆستا یا جادوگەر یا قەشە.

(٤) Rishiagastya: ناوی مامۆستایەکی گەورە.

ریتمێکی هاوسەنگ و موزیکی دەلەرینەوە، ئەو دۆخە چەند ساتێك زیاتری نەخایاند، مامۆستایەك بێدەنگییەکەی شکاند و پێی وتین ئەو رۆژە بەیانییەکەی بڕیاربوو وەدیهاتنی جیهان بەشێوەی وێنەی زۆر ورد تەماشابکەین، ئەم وێنانە رووداوگەلێکیان پیشان دەدا کە لەدایك بوون و شێوەگرتنی سیستەمی هەسارەی ئێمەی پیشان دەدا.

ئێمە لە هۆڵەکە چووینە دەرەوە و چووینە ناو ئەو بانێژە سروشتییەوە، هێشتا سەعاتێکی مابوو هەتاو بکەوێت، ئێمە لە بێدنگییەکی هەروەك مەرگ و لە ئارامشێکی رەهادا رۆچووبووین کات بۆ رووданی لەدایك بوونێکی نوێ گونجاو بوو، ئێمە بەتاسەوە تەماشای فەزای بێ کۆتایی و بێ سنوورمان دەکرد و گیانمان تەژی بوو لە هیوا و ئومێد، خزمەتگوزارە خاوەن کەماڵەکە دەستی بە قسەکردن کرد، لە جیهاندا تەنها دوو جۆرە رووداو هەیە، لەلایەکەوە، ئەو رووداوانەی کە بەر لە ئاگایی و ئیدراك هەبوون و هێشتا بوونیان هەیە و بۆ هەمیشەش هەر دەمێنن.

لەلایەکی دیکەوە ئەو رووداوانەی کە مرۆڤایەتی بیری لێکردوونەتەوە و بیریان لێدەکاتەوە، ئەو شتەی تاوەکو بەر لە دەستپێکردنی ویژدانی بەئاگا و ئیدراك بوونی هەبووە، ئەزەلییە، ئەو شتەی مرۆڤایەتی بیری لێدەکاتەوە، ناجێگیر و گۆڕانخوازە، ئەو شتەی بەر لە دەسپێکردنی ویژدانی بە ئاگا و ئیدراك بوونی هەبووە، هەمان هەق و هەقیقەتە، ئەو شتەی مرۆڤەکان بیری لێدەکەنەوە تەنها بۆ خۆیان هەق و هەقیقەتە، ئەو دەمەی کە لە ((یاسای حەقیقەت)) شارەزابن، ئەم یاسایە، تێکڕای ئەندێشە بێهودە و هەڵەکانی مرۆڤایەتی دەسڕێتەوە لەناو دەبات.

سەدەکان، بەڕێژەی ماوەی بەسەرچوونیان، ئەم پەردەماددیە لەڕێی کامڵ بوونی قۆناغ بەندەوە لادەدەن.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، هەندێك بیروباوەڕ و ئایدیا لە ئەندێشەی مرۆڤایەتیدا فۆرمەلە دەبێت و دەبێتە مایەی گەڕانەوەی ئەندێشەی مرۆڤایەتی بەرەو حەقیقەتی ئەبستراکت و یاخود بەوجۆرەی کە ئێمە ناوزەدی دەکەین: ((بە ئاڕاستەی یەکەمین واقیعییەتی پەیوەست بە سیستەمی جیهانی هەستی )) ئەم ئایدیایانە کە یادەوەری رابردوو پڕ دەکەن، لەگەڵ رووداوەکانی ئەمرۆدا رووبەڕووی یەکدەبنەوە و بەگوێرەی پێش گۆیی و پێشبینییەکانی ئایندە فۆرمەلە دەبن.

بەگشتی، ئەم بیر و ئەندێشانە لە بارێکی تایبەت و دیاریکراو لە رێڕەوێکدا کە ویژدانی مرۆڤایەتی حاڵەتی کامڵ بوونی رەگەزی مرۆیی تەی دەکات قەرار دەگرن، بەم پێیە ویژدانی مرۆڤایەتی هەمیشە لە راپرسی ئەسڵی یەکەم دایە بەپێی دووبارە بوونەوەی ئەم گەڕانەوە و

پاشەکشەکردنانە، مرۆڤایەتی پەی بەوە دەبات کە سروشتی ئەزەلی و هاوشێوە لە تێکڕای وڵاتان دایە.

مرۆڤەکان هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕاندان، ئەم گۆڕانە لەژێر کاریگەری یاسای کار و کاردانەوەدایە، ئەو دەمەی مرۆڤەکان لە ئەفراندنە کەسییەکانیاندا لەڕادەبەدەر دەچنە پێشەوە، یاسای هەرە گەورە ((حەقیقەتی رەها)) دەستوەردەدات تاوەکو لەگەڵ نەخشە و گەڵاڵەی بەراییدا رووبەڕوی بکاتەوە، یاسای پەیوەست بە سیستەمی بوون کە هەمیشە لە پێناو یەکسانی و میانەڕەوی و هاوئاهەنگیدا دەبێت، هەرگیز رێگە بە ژیان نادات کە زیاتر لە ئاستی پێویست لەسەر چەند خاڵێکی بەرجەستە پێشڤەبچێت، سەرباری بتەکان و ئەندێشە و گریمانەکان، ئەم یاسایە، مرۆڤایەتی لەوەحدەتێکی تەواو لەگەڵ واقیعییەتە رەهاکاندا کۆدەکاتەوە.

کاتێك یاسای حەقیقەتی موتڵەق لەویژدانی مرۆڤایەتیدا بە پلەی یەکەم بێت و بایەخی هەبێت، هەرشتێك کە لە هەماهەنگی و وەحدەتی تەواو لەگەڵ حەقیقەتی پەیوەست بە جیهانی هەستی ئەزموونکراوەوە نەبێت، خۆ بەخۆ لەناو دەچێت. ئەندێشەکانی مرۆڤایەتی هەمیشە بەجۆرێك فۆرمەلە دەبن کە ئەو ئەنجامە ناتەواوانەی لە نیوە- حەقیقەتەکان پێکهاتوون، لەگەڵ هاتنی حەقیقەتدا، پەرش و بڵاو و مەحو دەبنەوە.

پێویستە کە یاسای رەهای پەیوەست بە سیستەمی بوون، بە تەواوی و کامڵی بەدیبێت و بێتە بوون، ئەودەمەی مرۆڤایەتی بیردەکاتەوە، قسە دەکات و بەگوێرەی یاسای واقیعییەت کاردەکات، بەناچار بەرەو ئەم یاسایە ئاڕاستە دەکرێت، واتە بەرەو حەقیقەت، پێشینان بە ئێمەیان وتووە کە هەر درەختێك کە لەڕێی خواوەندەوە نەچێنرا بێت، لە ریشە دێت ((نیگەرانی ئەو نابینایانە مەبن کە رێنمای نابیناکانی دیکەن، گەر بێتو ئەو رۆشندڵانەی هەمیشە سەرقاڵی رێنمایی و هیدایەتی نابیناکانی دیکەن، ئایا هەموویان ناکەونە ناو یەك چاڵ یا کەندرێکەوە؟...)).

قۆناغێك کە تێیدا، رێبەرە نابیناکان، نەژادی تاریك دڵیان لە زۆنگاوی جەهل و نەزانیدا نوقم کرد و ئەوانیان بەرەو خورافات و وەهم و گومانی ناڕەوا دەبرد، خەریکە بەسەر دەچێت، ئەم زۆنگاوە بەهۆی بیروبۆچوونی کەسییەوە بەدیهاتووە و لەلایەن کەسانێکەوە کە خوازیاری کۆششن لە پێناو ئاشکراکردنی حەقیقەتدا، بە هیچ جۆرێك دروست نەکراوە، ژیاری بەدیهاتوو لە خەیاڵی پووچ و خورافاتی چاخەکانی رابردوو، خۆبەخۆ لەم زۆنگاوەدا نوقم بووە، ویژدانێکی ئاگا و نوێی نەژادی فۆرمەلە بووە کە بەخێرایی رووی لە گەشەکردنە و لەژێر بزوێنەر و

خەمەکان و بێ سەروبەرییە غەمناکەکانی مەخلوقە مرۆییەکاندا، بوونی هەیە، لەڕاستیدا، دەرگایەکی گەورە، لەبەرامبەر ئەم لەدایك بوونە نوێییەدا والا بووە.

ئێمە ناتوانین هیچ پەند و ئامۆژگارییەك بدەین، مەگەر ئەودەمەی کە مرۆڤ لە ڕێچەکەیەکی پەیوەست بە سیستەمی وجود پێشڤەبچێت و خۆی لەبەرامبەر پلان و نەخشەکانی ویژدانی بالادا بۆ پێشەوە ببات، تەنها یەك جۆر بیر و ئەندێشە لە سیستەمی لەرینەوەی جیهانی هەستی گەورەدا، بە یاساغ کراو دەدرێتە قەڵەم، مەبەستم هەمان ئەندێشەیە کە ڕێگە بە نەژادی مرۆیی دەدات تاڕادەیەکی زۆر پابەند و وابەستە بێت بە بیروباوەڕەکانییەوە تا ئاستی نائومێدی بە وەهم و خەیاڵە پڕوپووچەکانیەوە بچەسپێت، کە چیتر ئارەزووی وازلێهێنانی رابردووی نابێت، بەم پێیە، ئەم جۆرە ئەندێشەیە ناتوانێت لە بزاوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەندێشەی گشتی و جیهانگیردا، بەشداری بکات.

کاتێك نەژادێك بەهۆی ئایدیا و کەسێتییەوە، نوقم دەبێت، بەناچاری هێندە درێژە بە رەوتی خۆی دەدات لەم ڕێچکەیەدا تاوەکو دواجار بیروباوەڕەکانی کاریگەرییە سروشتییەکانیان بە تەواوی لەناو ببەن و ئەزموونەکانی ئەم نەژادە چیتر ڕێگە نەدات بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت، لەم کاتەدایە کە یاسای رەها هاتۆتە پێشەوە و ئەم کارە وەك جۆرێك لە دەستێوەردانی هەنوکەیی و بەڵگە نەویست و قۆناغ بەند ئەنجام دەدات کە بەهۆی نەخۆشی و بیماری و سەختی و ئارەزوو کێشە و گرفتەکانەوە ئەنجام دەدرێت بەجۆرێك کە دواجار مرۆڤ تێبگات و لە کۆتاییدا بۆی دەربکەوێت کە بەدبەختی و نەگبەتییەکی شووم کە لە بیرێکی هەڵەدا هەیە، لە هەڵە بوونی هەمان فیکر و ئەندێشەدا بوونی هەیە.

لەم جۆرە حاڵەتەدایە کە بیری مرۆڤ، لە نەژاد و نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا، حاڵەتێکی زەینی دێننە ئاراوە کە لەگەڵ واقیعییەتی رەهادا گونجاو و هەماهەنگی نییە، گەر بێتو نەژادێك یا نەتەوەیەك بەرهەڵستی وازلێهێنانی ئەم حاڵەتە زەینییە بکات، یاسای هەرە گەورە بە پێشکەوتنەکانیەوە دەست وەردان دەکات و بە لەرینەوە کۆکراوەکان لەڕێی حاڵەتە زەینییە کۆنەکەوە ڕێگە دەدات بە یارمەتی ((پرشنگی)) هەرە گەورەی نور، خۆی لەسەر ماهیەتی خۆی رەنگبداتەوە، بەم جۆرە ئەم نەژادە یاخود میللەتە، بەهۆی جۆرەها جەنگ و ململانێ و ناهەماهەنگی و مەرگ و مردنەوە کە لە هەرلایەکەوە ڕوودەدات، رووپەڕی جیهان دەسڕێتەوە و شتێکی لێ نامێنێتەوە، پاشان لە پڕۆسەی هەستانەوەی سروشتدا دیسان شوێنی خۆیان دەگرن تاوەکو بەرکەماڵ بوونی خۆیان دوای نوێکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ((حەقیقەتەی رەها))دا

دەست پێبکاتەوە. حەقیقەتێك كە بەر لە دەستپێكردنی ویژدان و شعوری هۆشیاری مرۆیی وجودی هەبووە. ئەمڕۆ، شارستانێتی مرۆڤایەتی بەخێرایی لە قۆناغی سازەندەگی نزیك دەبێتەوە، هەموو ئەو شتانەی تا ئەم ئاستە جێگیر و باش بناغە بۆ داڕێژراو دەهاتنە بەرچاو، بەزوویی لەڕێڕەوی ئاوێكی سەرشێت و پڕ جۆش و خرۆشدا نوقم دەبن، هەر درەختێك لەڕێی حەق و حەقیقتەوە نەچێنرابێت، لەڕیشە دەردێت، ئێمە هەڵاتنی جۆرێك لە ژێراوژووربوونی تەواوی جیهانی هەستی لە جۆرەها رێكخراوی كۆمەڵایەتی سیاسی، دارایی و ئایینی بەچاوی خۆمان دەبینین، ئەم هەڵگەڕانەوە و كودەتایە، شوێنی خۆی بە قۆناغێكی نوێتر دەدات كە پەیوەندییەكی نزیكتر لەگەڵ حەقیقەتی رەهادا بەرقەرار دەكات، ئەو حەقیقەتەی كە ویژدانی مرۆڤ لەناوی بردووە یا خستوویەتییە پەراوێزەوە، حەقیقەتی رەها لەخێر و بێری وردی خۆیدا، لە حاڵەتێكی درەوشاوەدا دەمێنێتەوە، چاوەڕوان دەبێت تا مرۆڤەكان خۆیان، دەرك بكەن و تێبگەن كە ویژدانیان دەتوانێت شتە ئەزەلییەكان بگرێتەوە لە ئامێزیان بگرێت.

مرۆڤایەتی مژوڵی داهێنانی جۆرەها ئەفسانەی باوەڕپێنەكراوە لە پەریەكانی نەوەی رابردوو، نەوەی نوێ لە حاڵەتی بێداری و ئاگایی لە جۆرێك تاكگەرایی و دیاریكردن و هەڵاوێردی رۆحانی و مەعنەوی دەبێت بەجۆرێك كە هیچكام لە ئەفسانە كۆنەكان، چیتر هیچ كەڵك و سوودێكی بۆی نابێت.

كۆتایی هاتنی وەهم و خەیاڵە پڕوپووچەكان، كۆتایی هاتنی نەریت و خورافە جیاوازەكان نزیك بۆتەوە، بە هەمان شێوە كۆتایی هاتنی شارستانێتییەك كە لەسەر ئەم بنەمایانە بنیات نراوە نزیك بۆتەوە، بتە كۆنەكان بەهۆی ویژدانە سادەكانی خۆیانەوەیە كە هەنوكە بە بن بەست گەیشتوون، تێكدان و لەناوبردنیان، بەهۆی هەمان وەهم و خەیاڵی دەروونییەوە كە خۆیان بەرهەمیان هێناوە، دواجار بەتەواوی ئاشكرا دەبێت كە ئەوانە هیچ شتێك نین جگە لە حەكایەتگەلێك بۆ مندالە شیرەخۆرەكان كە لەلایەن گرووپێك قەشە و مامۆستاوە بۆ خەواندنی مندالانی گرینۆك لە نەژادێكی بەركەماڵ ئامادەكرابوون، ئەو كۆمەڵە كەسانەی كە ناوچەگەلێكی دوورتر لە دەوروبەرەكەی خۆیان دەبینی، هەرگیز دەنگی گریان و ناڕەزاییان هەڵنەبڕی و هەرگیز نەكرا ئەم كەسانە بخەوێنرێن، زۆرێك لەوان ئاگایان لە نادروستی ئەم حەكایەتە زارۆڵانەبوون و زۆرێكیان بە شەهامەت و جوامێری تەواوەوە هاتنە پێشەوە تاوەكو ئەم درۆ و دەلەسانە لەناو ببەن. جیهانبینی ئەوان تاڕەهای بێ سنوور كە هەمیشە هەبووە، فراوان دەبێت، جیهانبینییەك كە بە یارمەتی ئەو، بەشێكی كەم لە مرۆڤایەتی هەمیشە بەناسین و مەعریفەی راستەوخۆ پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەودا پاراستووە، بەم شێوەیە كە ویژدان

و بایەخ و ئاگایی نەژادێکی نوێ کە بە چەند قات ئەکتیڤ و چوست و چالاکترە، رادەپەڕێت. ویژدانێکی تەواو بێدار و وریا کە ئامادەیە بۆ لەناوبردنی ئەو بتانەی کە لەڕێی هەندێك لە مرۆڤەکانەوە بۆ زاڵبوون بەسەر هاوچەشنەکانیاندا دانراون، ئەم ویژدانە نوێیە شوێنی ئایدیا و ئامانجە تازە و نوێیەکان دەگرێتەوە کە پێشینەیان یەکسانە لەگەڵ بەرەبەیانی وجوددا.

پێویست دەکات ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە مامۆستان، یا رێبەرن و یاخود ئیلهام بەخشی ویژدانی نەژادێکن، لەسەر پلان و نەخشەیەك لە بەیەکگەیشتن و پەیوەندی تەواو زیندوو و بێدار، خەریکی کار و چالاکی بن، ئەم پلانە پێویستە هێندە بەرزو باڵا بێت کە هیچ جۆرە هەڵە یا کەم و کورتی یاخود پارادۆکسێك لەخۆ نەگرێت، شرۆڤەکردنی پێویستە هێندە سانا و هەموار بێت کە هەرگیز گوزارشت لێکردنی خراپ دروست نەبێت پێکدادان و دژایەتی لێ نەکەوێتەوە، پڵنگێك کە سمبولی رۆحانییەت، مەعنەویەت و شعور و تێگەیشتنی باڵا و باشترە، ئیدی راچەنیوە، ئەم پڵنگە مل نادات جارێکی دیکە بخەوێنرێت چونکە هەر لە ئێستاوە بەهۆی پارچەکانی پێشووەوە پێکراوە و برینداربووە، لەو ئەشکەنجانەی بە هۆی نیاز پاکی و متمانەی هەڵخەڵەتێنراوییەوە دووچاری بووە، بێ هیوا و نائومێدبووە، ئەم پڵنگە تورەیە خوازیاری ئەندێشەیەکی رێنما و رێبەرە کە لە رابردوو بەهێزتر و چوست و چالاکتر و ئەکتیڤتر لە سەر پایەکانی خودی حەقیقەت بنیات نراوە.

دوای چەندین سەدە نەریتی خورافی، خەڵك هەنوکە ئامادەن گوێچکەیەکی ورد و بیسەریان هەبێت بۆ بیستنی پەیامێکی دێرینە کە لە دڵ و ژیانی مرۆڤە بەتواناکاندا بۆ لەدایك بوونێکی نوێ، جێگای خۆی کردۆتەوە، ئەم پەیامە دێرین و لە هەمان کاتدا نوێیە، هەمان بانگەوازی ئەو شەیپورەیە کە بەسەر کۆمەڵگەی قەشە خورافاتییەکاندا زاڵە، ئەم ئاوازە، لە هەیاهوی جەنگ و نەبەرد بەهێزتر، روونتر لە درۆ ئایینییەکان و درەوشاوەتر لە دژ و ناتەباییەکانی پشت پەردەی سیاسەت و پیشەسازی دەبێت، بەشێك لە مرۆڤایەتی دیلی نەریت و خورافاتەکانیەتی، خورافاتێك لەمەڕ خودا، مرۆڤ، ((من) زیندەگی و ژیان و مەرگ و فەنابوون رووی تێدەکات، پێویستە هەموو ئەم شتانە مەحو لەناو بچن و هەموو ئەوەش کە لەسەر ئەم پایە و بنچینەیە بنیات نراوە، لەڕێی مرۆڤایەتییەکی تەواو قوتار بوو لەم ئایدیایانە داوەری بکرێت و لەناو ببرێن رزگاری یەکجارەکی کە چەمك و مانایەکی تەواو نوێی هەیە، بەشێوەیەکی لاڵ و تەم و مژاوی لە ئاسۆدا دەرکەوتووە، ژمارەیەك لە خەڵك کە لە نەژاد و نەتەوە جۆراوجۆرەکانن، جیهان بینی و دیدێکی زۆر روونتر دەرك و تێگەیشتنێکی وردتریان هەیە، بەهۆی نیگا و ئیلهامێکی قوڵترەوە، رزگاریان دەبێت، ئەم ئیلهامە لەلایەن تێکڕای نەژادەکان و سەرجەم نەتەوە و میللەتەکانەوە

درەوشاوەتەوە، ئەم ئیلهامە پەیامی ژیانێکی تاقانە و هەمیشەییە، سەرەڕای بیرکۆڵی گشتی، ئێمە دەتوانێن هەڵهاتنێکی نوێ ببینین، خەڵك دیدگایەکی شەریفتر و فراوانتر دەربارەی خودا، مرۆڤ، رۆحی خودایی و کەسێتی مرۆڤ و تەنانەت مەرگ پەیدا دەکەن، سپێدەی سەدەیەکی نوێ کە سەدەیەکی رۆحانییە، ڕووناك کردنەوەی جیهانی دەست پێکردووە، سەردەمێکی نوێ لە رەگەزی کریستاڵ، لەم گێژاوە پڕ لە خرۆشەی نەبووندا دەرکەوتووە. هەر جارێك کە کۆمەڵێك مرۆڤ بیر لە خودا بکەنەوە و زاتی خودا بە ماهیەتێکی رەهاوە لەبەرچاو بگرن، ئەم خەڵکە دەبنە سایەی خودا، چونکە بیر و ئەندێشەی خودا لە وجودیاندا رەگی داکوتاوە، ئەوەدەمەی مرۆڤەکان خەریکی خۆشویستن و ستایش و پەرستشی ئەم ئامانجە بالآیە بن، بیانەوێت یان نا دەبنە کەسانێکی خودایی، ئەم قۆناغە نزیك بۆتەوە، مرۆڤەکان ئەو شتانەی کە لە رۆژی ئەزەلەوە هەبوون و ئەو شتانەی کە لە ئەندێشەدا، بنیات نراون، بەمیراتی وەردەگرن.

هەر جارێك مرۆڤێك بیر لە خودا بکاتەوە، دەبێتە کەسێکی خودایی، ئەوەدەمەی ژیان و وجود بە مرۆڤایەتی دەبەخشرێت، رۆحی خوداییشی بە بەردا دەکرێت، مرۆڤەکان لە تێگەیشتن و دەرککردنی فراوانیان لە ئیلهامی پەیوەست بە جیهانی هەستی، تازە توانای ئاشکراکردن و دۆزینەوەی خودای خۆیان دەبێت، خواوەند گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەو هەر ئەوەیە کە بەر لە بێداری و شێوەگرتنی ویژدانی مرۆیی هەبووە و هەمان خودای دوێنی و ئەمڕۆ و سبەینێ و خودای هەمیشە و جاویدانەییە.

پەرستگای واقیعی کە بە دەستەکانی مرۆڤ دروست نەکراوە و لە ئاسمانەکان و مرۆڤدا هەمیشەیی و جاویدانەییە، بەشێنەیی و وردە وردە لە ژێلەمۆ ئایینییە دۆگما و ریزپەڕەکاندا دەرکەوتووە، نەژادێکی گەورەی نوێ لە بیرمەندان، هەوڵ و تەقەلای زۆر بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم ئامانجە دەدەن، لافاوە گەورە و خرۆشاوەکان بەزوویی تێکڕای جیهان لە گەرووی خۆیاندا لوول دەکەن، ئەم لافاو و تۆفانانە، پاشماوەی وەهم و خەیاڵە پڕوپوچەکان کە دێنە سەرەڕێی ئەو کەسانەی بە هەوڵ و کۆشش بۆ پێشەوە دەڕۆن و لەژێر باری گرانی کامڵ بووندا پشتیان چەمیوە، لەناو دەبەن، ئەم کارانە لە ئێستاوە ئەنجام دراون، سەدان ملیۆن مرۆڤ، بۆ جارێکی تر رزگاریان بووە و خاوەن دڵ و رۆح و جەستە و ئەنگێزەی سەربەخۆن، ئەوانە تریەی نەژادێك پێکدێنن کە هێشتا لەدایك نەبووە، بەڵام میراتی چاخ و سەدەکانی رابردوو بۆ خۆیان دەبەن، من دەتوانم ئەوان ببینم کە لە قۆناغە زۆر و یەك لە دوای یەکەکانی ژیان رزگاریان بووە و لەپاڵ خواوەندی جیهانی هەستیدا حزوریان هەیە.

تەوژمێکی گەورەی فەزڵ و ژیری، کە لە کەنارەکانی ناکۆتای ئەزەلەوە هاتوون، ئەو کۆمەڵە کەسانەی دەتوانن ترپەی ئەم نەژادە نوێیە هەست پێبکەن، نوکی سەرەوەی شەپۆلێك پێکدێنن کە بناغەکەی،بە ویژدان و شعوری هۆشیاری تازەی نەژادی دەدرێتە قەڵەم، ئەم ویژدانە، تەجەلی بڵندی خودا لەسەر ئەستێرەی زەوی، لە وجودی مرۆڤدا دەبینێت، ئەم نەژادە، مرۆڤ پەیوەست بە خوداوە دەبینێت و نێوەندی ئەوانیش، هەمان ژیان و وجودە، هەموو ئەو شتانەی کە ئەم نەژادە پێویستییەتی، هەر لەڕێی ئەم ژیان و وجودەوە بە ئەو دەگات، ئەم نەژادە دەزانێت کە مرۆڤ ئاگایانە لە جیهانێکی کامڵدا زیندەگی بکات لە هاوئاهەنگییەکی تەواو لەگەڵ کەسانێکی کامڵ، لە هەلومەرج و پێگەیەکی کامڵدا ژیان بەسەر ببات و ئەم دڵنیاییە رەهایەی هەبێت کە هیچ هەڵە و ناتەباییەك لەم نەخشە و گەڵاڵە رۆحانییە گەورەیەی پەیوەست بە سیستەمی بوون، دزە و نفوزی تێنەکردووە.

مرۆڤی نوێ، خودا وەك زاتێکی جیهانگیر دەبینێت کە هەموو شتێك و هەموو کەسێکی گرتۆتەوە و بەسەر هەر شتێکدا زاڵە، مرۆڤی نوێ، بەڕێنمایی ئەندێشە ورد و قەشەنگەکانی و بەبێ کەمترین دڕدۆنگی لە توانای دایە بنچینە و پایە بنەڕەتییەکانی ژیانی رابردووی بگۆڕێت، ئەم مرۆڤە بۆ سەرچاوە دەگەڕێتەوە تاوەکو لەگەڵ ئەودا یەکبگرێت، بەباشی دەزانێت کە ئەم سەرچاوەیە روونکەرەوەی رەهەندە هەمیشە کپ و بێدەنگەکانی ئەندێشە ئیلاهییەکانیەتی کە هۆشیارانە و لەڕێی بیر و ئەندێشەوە، بە دانایی و حیکمەتی ناکۆتای ئیلاهی، پێکەوە ئاوێتە کراوە.

ئەم نەژادە تازە دەرك بەوە دەکات کە لەنێوان تاریکی و رووناکیدا، سێبەر و خۆر، رۆح کەمترین ناڕەحەتی نییە و بەدوای عەشق و ئاشتی واقیعیدا دەگەڕێت، ئەم نەژادە نوێیە، ئەم دوو شتە لە هەق و حەقیقەتی خودا و مرۆڤدا دەدۆزێتەوە، ئەم نەژادە بێ هیچ دوودڵییەك ئامادەیە مرۆڤایەتی لە وەهم و خەیاڵاتە پڕ و پووچەکانی دەرباز بکات.

دێوەزمەی ترسناکی جەهل و نەزانی مرۆڤایەتی، کە چەندین سەدەیە قاچە کەم توانا و کلۆڵەکانی پیاوە لەخۆباییەکانی لە کار خستووە، بۆ هەمیشە و بەتەواوەتی لەناو دەچێت، مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت کە هەر جۆرە سنووردارێتییەکی نەهێشتووە و ئەم کارە تەنها بە ناسینی خۆی، بەشێوەیەکی تەواو ئەنجام بدات، مرۆڤ لە قۆناغی مرۆییدا، بۆ قۆناغی مرۆیی-ئیلاهی و دواجار قۆناغی خودایی بلند دەبێتەوە و عروج دەکات.

* * *

## بەشی حەوتەم

دوای کەمێك پشوودان، خزمەتگوزاری خاوەن کەماڵ لە شوێنی خۆی هەستا لە کاتێکدا یەکەمین گزنگی هەتاو لە بەرزایی ئاسۆ دووره دەستەکانەوە دەردەکەوت، گوتی: کەسانێك لەگەڵ مندان زۆرێك لەو شتانەی خواوەند بۆ مرۆڤایەتی لەبەرچاو گرتووە، بەدەرك و تێگەیشتنی زەینی خۆیان، دەبینن، بەم پێیە جیهانی بێ سنوور بەشێوەیەکی گشتی لە دیدی ئەواندا شوێنی خۆی دەگرێت، ئەوان شتانێك دەبینن کە مرۆڤایەتی تەنها دەتوانێت هەستیان پێ بکات، ئەوان بەم پێیە توانای یارمەتیدانی مرۆڤایەتییان هەیە لە پێناو دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی داخوازییەکانیان، ئەوان هەزاران هەزار دەنگی لاوازی ئاسایی دەبیستن، وەك ئاوازخوێندنی باڵندەی مێش خۆر، هاواری زەڕنەقوتەی چۆڵەکە، دواجار کۆمەڵێك نۆتەی موزیکی بە پانزە هەزار لەرەلەر یا زیاتر لە چرکەیەکدا کە لەڕێی کوللەی ناو مەزراکانەوە دەنێردرێت و زۆر ئاوازی هاوسنەگ و موزیکی تر کە بە تەواوی لە دەرەوەی چوارچێوەی بیستنی مرۆییدایە.

ئەوان هەروەها دەتوانن دەنگگەلێکی کپ لە خۆیان وەدەربنێن کە گوێچکەی مرۆڤایەتی توانای بیستنی ئەوانی نییە، ئەم دەنگانە دەتوانن هەندێك کاردانەوەی سۆزداری خێرخوازانە بۆ جیهانی هەستی بەشێوەیەکی گشتی بەدیبهێنن، وەك عەشق، ئاشتی، هاوئاهەنگی و کەماڵ، ئەوان توانای دەرخستنی ئەم دەنگانە و یا هەستکردن بەم دەنگانە و دواجار کۆنترۆڵکردنی ئەم دەنگانەیان هەیە، ئەوان هەروەها توانایان هەیە لەرەلەری گونجاو بە هەست و سۆزی فراوان و فەڕ و شادی و خۆشی زۆرەوە رەوانە بکەن و یاخود ئەو دەنگانە بە گوژمێکی زیاترەوە رەوانە بکەن، ئەم لەرەلەرانە دەورەی مرۆڤایەتیان داوە و بەرەو تێکڕای

ئەندامانی مرۆڤایەتی چووە و دزە دەکاتە دەروونیانەوە، بەجۆرێکی وا کە هەر مرۆڤێك گەر بیەوێت دەتوانێت ئەم لەرینەوانە وەربگرێت.

کاتێك کە مرۆڤ ئامادەیی ئەم لەرینەوانە وەك واقیعییەتێك قبوولْ دەکات، بە گوژم پێدانی ڕەوانەکردنیان، لەگەڵ ئەوانەدا هاوکاری دەکات، بەم پێیە ڕێك هەمان ئەو شتەی مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی، بە دەوری مرۆڤەکاندا شێوە دەگرێت و ڕەق دەبێت و لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا بەیەکدەگەن، بەم پێیە خواست و ئارەزووی مرۆڤەکان دەستەبەر دەکرێت، ئەوەدەمەی لەرینەوە گونجاوەکان، دەکەونە بزاوت و جولّە، مرۆڤەکان ناتوانن لە کاریگەرییەکانی ئەوان هەڵبێن، بەم جۆرە سەرجەم خواست و ئارەزووە کامڵەکانی مرۆڤایەتی دەگۆڕدرێن بۆ فۆڕمی بەرجەستە و مەلموس.

ئۆقیانووسی فراوان و بێ سنووری فەزای وەدیهێنەرانەی خودا، هەروەك بلور روون و شەفافە، لەگەڵ ئەمەشدا تەژییە لە ڕەوتی لەرینەوەی وزە، ئەم وزەیە بەناوی ((توخمی ئەثیری)) ناسراوە، سەرجەم توخمەکان لەناو ئەودا تواونەتەوە و ئامادەن وەڵامی سیستەمی لەرینەوە بدەنەوە کە مۆڵەتیان پێدەدات بە وێنە و شێوەی ڕەق، شێوە بگرن، مرۆڤ بە هاریکاری کردنی ئەم کۆمەڵە، دەتوانێت بە یارمەتی ئایدیا و ئەندێشەکانی، کاریگەری لەرینەوە گونجاوەکان وەگەڕ بخات. لەم کاتانەدا، ئەو توخمانەی ڕێگەیەکی دیکەیان نییە، بە پەلە بۆ پێشەوە دەڕۆن تاوەکو ئەو بۆتەیەی شێوەی گرتووە لەڕێی داخوازی مرۆڤەوە پڕ بکەن و بەرجەستەی بکەن، بەم جۆرەیە یاسای ڕەها کە هیچ گیانلەبەرێك توانای وەستاندنی کاردانەوە و ئاکام و ڕەنگدانەوەکانی نییە.

گوێ لەم قسانە بگرن: ئۆرگێك دەکەوێتە موزیك ژەنین و نۆتەی زۆر نزم و ورد بەکاردێنێت، بێین و دیسان ئەم نۆتانە بهێنینە خوارەوە، بەجۆرێك کە چیتر ئێمە توانای بیستنمان نەبێت، ئایا هەست و پۆزیشێنێك کە لەکاتی بیستنی ئەو دەنگەدا دووچاری بووین، هێشتا درێژەی هەیە؟

بێگومان بەڵێ! لەرینەوە درێژەی هەیە، هەرچەند ئێمە توانای بیستنی ئەو دەنگەمان نەبێت، ئێستا بابێین و ئەم نۆتانە بەرزبکەینەوە تاوەکو دیسان و ئەم جارەیان لە خاڵی پێچەوانەوە، بۆ ئێمە شیاوی بیستن نەبن، حاڵەتێك کە ئەم نۆتانە وەدییانهێناوە، هێشتا درێژەی هەیە لەکاتێکدا لەرینەوەکان هیچ کاتێك نە لە جاری یەکەم و نە لە جاری دووەمدا ناوەستن هەرچەندە لە قەڵەمڕەوی بیستنی فیزیکی ئێمەش دەرچووبن، ئەم لەرینەوانەن کە ئێمە

بەناوی ماددەی رۆحانی یا گیان یا رۆح باسیان لێوە دەکەین. کاتێك هەستەوەرە فیزیکییەکان، کۆنترۆڵکردنی لەرینەوەکان لە دەست دەدەن، رۆح ئەم کۆنترۆڵە لە ئەستۆ دەگرێت و کاریگەری لەرینەوەکانی بە چەند قات و لەڕادەبەدەر وردترە. ئەم کۆنترۆڵە لەسەر کۆمەڵێك بە چەند قات باشتر لە هەر شتێك لەسەر فەرمانەکانی کاریگەرییەکانی لەرینەوەی ئەندێشە کاردانەوە دەنوێنێت، چونکە ئایدیا و ئەندێشە زیاتر بە رۆحەوە پەیوەستە نەك جەستە و ماددە.

زانستی فیزیك بە تەواوی پەیوەستە بە چالاکییە جەستەییەکانی لاشەوە، نەك بە کاردانەوەکانەوە، کاتێك ئێمە دەگەینە کاردانەوەکانی جەستە، لە قەڵەمڕەوی رۆحدا حزوریان هەیە، بەمەرجێك کە جەستە وەك شعور یا زەین، وەسف و گوزارشت لێبکەین، بەم پێیە بە سانایی دەتوانێن ببینین کە بە چ شێوەیەك لاشەی فیزیکی سنووردارە، رۆح نەك تەنها دزە دەکاتە ناو سەرجەم خانەکانەوە، بەڵکو دزەش دەکاتە ناو بچووکترین گەردیلەی ماددەی وشك یا شلەمەنی یاخود گازییەوە، لەڕاستیدا ئەو هەر ئەو هێزەیە کە بە یارمەتی ئەو، بۆتەیەك دروست دەکەن کە توخم، شێوە جۆراوجۆرەکانی لەو وەردەگرێت، ئەم رەگەزە ناتوانێت بە جۆرێکی تر شێوە بگرێت، مرۆڤ تاکە هەماهەنگ کارە کە خاوەن بۆتەی جیاوازی ئەم رەگەزە بێت.

رێگەم بدەن لەم بارەیەوە روونکردنەوەیەك بدەم، ئێوە دەتوانن خۆری جیهانی هەستی ئێمە بەچاو ببینن کە لە ترۆپکی تیشکدانەوە و درەوشانەوەی پڕ شکۆیدا وجودی هەیە، لەو ماوەیەدا کە ئاسۆ وردە وردە پاشەکشە دەکات لەبەرچاوی ئێمە، رۆژێکی دیکە پیشان دەدات، ئێمە دەتوانین قۆناغێکی دیکەی لەدایك بوون ببینین، ئەوەی بە جیهانی هەستی ناودەبەین و بە دەوری ئەم خۆرەدا دەسوڕێتەوە، شتێك نییە جگە لە یەکێك لە نەوەد و یەك جیهانی هەستی هاوشێوە کە بە دەوری خۆرێکی گەورەتری ناوەندیدا دەسوڕێنەوە، قەبارەی ئەم خۆرە نەوەد و یەك هەزار جار گەورەترە لە قەبارەی تێکڕای ئەم نەوەد و یەك جیهانی هەستی یا مەنزومەی شەمسییە، ئەم خۆرە هێندە گەورەیە کە هەر کام لە نەوەد و یەك مەنزومەی کاکێشانی کە بە دەوری ئەودا دەسووڕێنەوە و بەپێی یاسایەکی رێك و پێك ئەم کارە ئەنجام دەدەن، بە بەراورد هێندە بچووکن کە مرۆڤ دەخنە بیری گەردێکی بچووك یا گەردیلەیەك کە بە دەوری خۆرە ناوندییەکەیاندا کە ئێوە بە ناوك ناوزەدی دەکەن، دەسووڕێنەوە، جیهانی هەستی ئێمە زیاتر لە بیست و شەش هەزار و هەشت سەد ساڵ درێژە دەکێشێت تاوەکو سوڕێکی تەواو بخولێتەوە و سوڕانەوەی خۆی بە دەوری خۆرە ناوەندییەکەدا تەواو بکات، ئەم کاکێشانە لە پەیوەندییەکی

وردی بیرکاریدا دەجولێت کە خاڵە سەرەکییەکەی بزاوتی پاشەکشەی هەسارەی جەمسەری باکوورە، ئایا شیمانەی هەیە کە مرۆڤ لە هێزێکی وا گەورە و ئیلاهی و بەم جۆرە پۆزەتیڤ کە بەسەر هەر شتێك زاڵە، بکەوێتە گومان و دڕدۆنگی؟! باشتر وایە بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، لە نزیکەوە بڕوانن: وێنەیەك شێوە دەگرێت و ئێوە دەتوانن بازنەیەکی رەنگ سپی خۆر ببینن، پەڵەیەکی سووری تێیدا دەردەکەوێت، دیسان لە نزیکترەوە بڕوانن و دەبینن کە پەڵەیەکی بچووك لە نورێکی بیگەرد و سپی لەم پەڵە سوورەوە بۆ دەرەوە دەردەپەڕێت، ئەمە تیشکی نور نییە، بەڵکو پنتێکی بزواوە لە نورێکی بێگەرد، چەخماخەیەکە لە ژیان لەناو ئەو شتەدا کە دەبێت لەدایك ببێت، رەوانەکراوە و ئاوێتە بووە، بۆ ئێوە، ئەم پنتە هیچ شتێك نییە جگە لە خاڵێکی بچووك و نورانی، لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ ئەو کەسانەی کە دەتوانن لە نزیکەوە سەیری بکەن، گەورەیە، بەبۆچوونی ئێوە شێوەیەکی سەیری هەیە، ئێوە بەزوویی دەبنە خاوەنی ئامێرێکی میکانیکی کە وەك یارمەتیدەر بۆ چاوەکانی ئێوە کەڵکی لێوەردەگیرێت و توانای دیتنی هەموو شتەکانی دەبێت و زۆر شتی نائاسایی پیشانی مرۆڤایەتی دەدا بۆ ماوەی هەزاران هەزار چاخ و سەردەم، ئەم خۆرە گەورە ناوەندییە، لەرەلەر و ترپە هاوئاهەنگەکانی بەرزبوونەوە و دەرکەوتنی ئەو وزانەی کە ناچاربوون بە بڵاوبوونەوە یا تەقینەوە، بۆ لای خۆی راکێشاوە، بڕوانن بە چ شێوەیەك تۆپەڵەیەکی گەورە و لێڵ و گازدار، لەرێی تەقینەوە، لەخۆر جیابۆتەوە، ئەمە وێنەی لەدایك بوونی هەسارەی نیبتۆنە کە هێشتا هیچ شتێك نییە جگە لە کۆمەڵەیەکی گەورە لە گەردی میکرۆسکۆبی، یا دەتوانین ناویان بنێین ئەو گەردیلانەی کە لەلایەن خۆرە بەرهەم هێنەرەکەوە، بەوپەڕی هێز و گوشارەوە بۆ دەرەوە تەقێنراون، خاڵێکی درەوشاوە کە بەر لە تەقینەوەی کۆتایی دەرکەوت، سەنتەرێکی هەتاوییە کە بە نۆرەی خۆی خاوەنی توانای راکێشانی بچووکترین گەردی هەیە و لە هەمان کاتدا دەتوانێت حاڵەتی پەیوەندی و پێکەوەلکانی ئەوان هاوزەمان لەگەڵ ئەو گەردە گەورانەی کە لە خۆرە بەرهەم هێنەرەکەوە تەقێنراون، بپارێزێت. لە یەکەم روانیندا، ئێوە بەم جۆرە بیردەکەنەوە تەقینەوەیەك رووی داوە، کە بۆتە مایەی دەرپەڕاندنی کۆمەڵە گەردێك لە خۆرەوە لە فەزادا کەمێك چاوەڕوان بن و بڕوانن بەراستی چی روویداوە، بۆچی گەرد و گازەکان، ئەم هێزی راکێشانی تەنەکان و ئەم حاڵەتی بەیەك گەیشتنەیان لە خۆیاندا هەیە و بۆچی شێوەیەکی خڕ و ورد وەردەگرن؟ ئەمە بەهۆی یاسایەکی وردەوەیە کە شێوە و قاڵبی ئەو مۆدێلانەی دارشتووە و کۆی گشتی جیهانەکانی بوون و کاکێشانەکان بە هاوئاهەنگییەکی تەواودا ئاراستە دەکات، ئەمە

دەیسەلمێنێت ئەم ڕووداوانە تەنها بە ڕێکەوت نەبوون، بەڵکو هەموو شتێك بەپێی نیزامێکی کامڵ، بە فەرمانی یاسایەکی بێ کەم و کورتی و جێگیر ئەنجام دراوە.

خاڵی درەوشاوە یا ناوك، هەمان بزیسکەی ناوەندییە یاخود بە جۆرێکی ڕوونتر، خۆر و ڕۆحی خودایی مرۆڤایەتییە لە گشتدا کە تێکڕای مرۆڤایەتی بە دەوری ئەودا دوخولێتەوە، ئەمە هەمان هێزی ورد و دیاریکراوی ئەندێشەی ئیلاهییە، کە یاساکەی لەسەر و تێکڕای یەکە مرۆییەکانەوەیە، بزیسکەی ناوەندی، پنتێکی نورانییە لە نورێکی پاك و بێگەرد و ڕەنگ سپی، واتە هەمان ڕۆحی خودایی کە دزەی کردۆتە ناو یەکەمین خانە، ئەم خاڵە وردە وردە گەشە دەکات، پاشان دابەش دەبێت و ڕووناکییەکەی بە خانەیەکی تر دەبەخشێت، هەرچەند ئەم خاڵە نورانییە لە کەرت بوون و دابەشکردن دروست بووە بەڵام بە یارمەتی هێزێك لە گەیاندن و ڕاکێشان کە بە ((عەشق)) ناودەبرێت، پەیوەندی بەخانەی یەکەمەوە ناپچڕێت.

تێرکردن و گەیاندن و ڕاکێشانی گەردەکان، ڕێك وەك تێرکردنی کۆرپەیەکی شیرەخۆر، لەڕێی دایکییەوە، پێش وەخت دابینکراوە، لەڕاستیدا منداڵێك لە خۆر شێوە دەگرێت کە لە بوونیدا ناوك یا خۆری ناوەندی هەیە، ئەم ناوکە لە وێنەی ئەو باوکە دەچێت کە ژیان و بوونی پێبەخشیوە، دەسبەجێ لەگەڵ لەدایك بوونی ئەم خۆرە نوێیە، دەبێتە خاوەنی ئەو هێز و توانایەی کە باوکەکەی هەیەتی و دەتوانێت لەرەلەری وزە بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و تۆکمەیان بکات و بیانپارێزێت ئەم لەرەلەرانەی وزە بە دەوری ئەودان و بۆ ژیان و گەشەکردنیشی پێویست و گرنگن.

ئەو منداڵە دواجار گەورە دەبێت و ڕەق دەبێت و شێوەی هەسارەی نیبتۆن وەردەگرێت، واتە کۆنترین هەسارەی کۆمەڵەکەی ئێمە و گۆمێك کە دوورترین خولگەی بۆ خۆی تەرخان کردووە.

کاتێك نیبتۆن پێی نایە مەیدانی ژیان و خۆرە ناوەندییەکەی دەستی کرد بە ڕاکێشانی وزە بۆ لای خۆی (بەتایبەت ئەو وزەیەی کە لە خۆری دایکەوە دەهات) ئەتۆم شێوەگرتنی دەسپێکرد و چووە ناو قاڵبێك کە پێش لەدایك بوونی بۆ ئەو لەبەرچاو گیرابوو بەم پێیە نیبتۆن لە خولگەیەکدا کە بەشێك بوو لە کۆمەڵە قەراری گرت و لە شوێنێکدا حزوری هەبوو کە لە پێگەی ئێستای هەسارەی عەتاردییش لە خۆرەکەی ئێمەوە نزیکتر بوو، چونکە لەم خولگەیەدا، منداڵ دەتوانێت باشتر لە باوکی تێر بکرێت و لە نزیك ئەودا بمێنێتەوە، بەو ڕێژەیەی کە نیبتۆن، جەوهەر و بوونی خۆی لە خۆر وەردەگرێت، وردە وردە ڕەقتر و تۆکمەتر بوو و شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت.

لەبڕی ئەوەی لەناو شارایەك لە هەڵمی گازاوی و لە حاڵەتێکی لیڵی و تۆز و بوخاردا بمێنێتەوە، توخمەکانی وردە وردە لە یەکدی جیابوونەوە و شێوەیان گرت لەکاتێکدا لەڕووی کیمیاییەوە پێکەوە ئاوێتە دەبوون، پێکهاتەی کەڤرینی ئەم هەسارەیە، لە گەرما و گوشارێکی تووندا، شێوەی گرت، بەڕێژەیەك رووکاری دەرەوەی هەسارەکە ساردەبوویەوە، بە چینێکی زۆر سارد رووپۆش دەکرا، نیبتۆن قورستر و چڕتربوویەوە، ئەمەش بەهۆی ساردبوونی روکاری دەرەوەی، هەروەها راکێشانی گەردە سەیر و سەرسووڕهێنەرەکان بوو. کاتێك توێکڵی دەرەوەی بە ئەندازەی پێویست رەق بوو بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم خەرمانەی لە حاڵەتی خولانەوەدا لە خۆیدا بهێڵێتەوە و شوێنی بکاتەوە، یەکەمین پەیکەری کەڤری و بەردینی سەرتایی هەسارەکە بە تۆپەڵەیەکی شلەوە لە خاڵە ناوەندییەکەیدا شێوەی گرت، پاشان ئاو لە ئاکامی هاتوچۆی یەکەی کیمیای هەندێك لە گازەکان لەگەڵ هەڵمدا لەم هەسارەیەدا هاتە ئارا.

تازە لەو کاتەدا بوو کە ئەم پەپکە تەپوتۆزاوییە، شیاوی ئەوەبوو ناوی هەسارەی لێبنرێت، ئەم هەسارەیە هەنوکە بوونی هەیە و بەرەو حاڵەتێك لەبەر کەماڵ بوون دەڕۆیشت کە دەیتوانی بۆ هەبوونی ژیان و وجود کەڵکی لێوەربگیرێت وێڕای ئەمەش هێشتا پێویست بوو کە ملیۆنەها ساڵ درێژە بە سووڕانەوەی خۆی بدات و تۆزە تۆزە بگاتە سەر پێکهاتەی ناوەکی خۆی و یارمەتی لە توخمە دەرەکییەکان وەربگرێت، ساردبوونەوەی هەمیشەیی چەقەکەی، ئەوی گەیاندۆتە ئاستی کەماڵ و تەنها مابوویەوە بۆ ئەوەی باری کەش و هەوا و کیمیایی رووکاری دەرەوەی ئامادەی کەڵك لێوەرگرتن و خزمەت بە ئۆرگانیزمە زیندووەکان بێت.

لەم قۆناغەدا، خۆری بەرهەمهێنەر ئامادەبوو تاوەکو ژیان و بوون بە ئەتۆمێکی تر ببەخشێت، کاتێك کە ئەم رووداوە هاتەدی، هەسارەی ئۆرانوس لەدایك بوو، ئەم رەوشە بە گوڕوتینێکی وەها تووندەوە ئەنجام درا کە بوویە مایەی ئەوەی هەسارەی نیبتۆن لە خولگەی خۆی بچێتە دەرەوە و ناچار بێت لە خولگەیەکدا درێژە بە سووڕانەوەی خۆی بدات کە شوێنی هەنوکەیی هەسارەی عەتاریدە، ئەم کارە بەزۆربوو تاوەکو فەزای پێویست بۆئەم کۆرپە تازە لەدایك بووە: ئۆرانس بکرێتەوە و لە نزیکترین خولگەدا لە پاڵ باوکی خۆیدا بمێنێتەوە و بتوانێت خۆراك لە باوکی خۆیەوە وەربگرێت تا ئەو دەمەی پێکهاتەی غوبارئاوییەکەی رەق دەبێت و شێوەی هەسارە وەردەگرێت.

هەنوکە ئارامییەکی درێژ خایەن و چەند هەزار ساڵە باڵی کێشاوە، نیبتۆن، یەکەمین منداڵ، گەورە دەبێت و دەگاتە حاڵەتێك کە دەتوانێت ژیان و بوون لە خۆیدا جێبکاتەوە،

لەڕاستیدا تەنۆکەی زەڕەبینی لە دەریا ناوەکیە سوێرەکان و هەسارەیەك کە بە هەوری هەمیشە چڕ کەڵەکە بووە رازێنراوەنەتەوە و دەرکەوتوون، لەم کاتەدا، ئەتۆمێکی نوێی دیکە ئامادەیە کە لە باوکی خۆی جیابێتەوە بۆ فەزا بتەقێنرێت، تووندی هێزی گوشارەکە، ئۆرانس لە خولگەیەکی نزیك بە باوکی بۆ دەرەوە فڕێ دەدات و نیبتۆن دەخاتە خولگەیەکەوە کە هەنوکە بەهۆی هەسارەی ڤینۆسەوە پڕکراوەتەوە. ئێستا نیبتۆن چیتر بە ئەندازەی پێویست ساردبۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر ئاستی رووکاری دەرەوەی، بە ئۆرگانیزمە زیندووەکان، شوێن و ماوا بدات ژمارەی گیانلەبەرە زەڕەبینییە هەڵبژێردراوەکان، بۆ مانەوەی بوون و بۆ خۆراك و تێرکردنی لاشەی مرۆڤ، پێویست دەبن، ئەم گیانلەبەرانە پێشتریش لە نیبتۆندا هەبوون، بەڵام بۆ ئەوەی (بوون و ژیان) بە مانا گشتییەکەی بەم گیانلەبەرانە بدرێت، کۆمەڵێك هەلومەرجی لەبار پێویست بوو، ئەم هەللومەرجە دوای گۆڕینی مرۆڤایەتی دەرکەوت، وەك ئەو مرۆڤانەی کە ئەمڕۆ لەسەر گۆی زەوی حزوریان هەیە. بەم جۆرە، یەکەمین نەژادی مرۆیی بوونەوەری زەڕەبینی مرۆڤی لە جۆر و تایبەتمەندییەك هەڵبژێردرا کە خاوەن ئاوەز و شعور و دەرکێك بوون کە دەیانتوانی قۆناغەکانی کامڵ بوون خێرا بکەن، رەوشی کارەکان و شتەکان لەو قۆناغەدا، لە هەسارەی نیبتۆندا بە تەواوی لەباربوو بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی هەڵبژێردراو و پەروەردە و پێگەیاندنێکی لەو چەشنە بەڕاستی بەخێراییەکی توووند، ئەنجام درا.

لە قەڵەمڕەوی گیانلەبەراندا، هێشتا ئۆرگانیزمی ناوەکی بوونی نەبوو، بەم جۆرە ژیانی گیانلەبەران گەشەی نەکرد، لە نیبتۆندا بوونەوەرانێکی باشتر دەژیان کە بە خێرایی توانییان نەژادی مرۆیی و کامڵ پێکبهێنن، نەژادێك کە تێیدا، تێکڕای مرۆڤەکان لە توانایان دابوو بژێوی خۆیان راستەوخۆ لە توخم و ماددەی پەیوەست بە سیستەمی بوون وەربگرن، لە هەسارەی زەوی، ناوی ئەم مرۆڤانەمان بێ گومان بە خوداکان و خواوەندی شتەکان ناوزەد دەکرد.

زۆرێك لە ئەفسانەکانی ئەمڕۆ، لە ناسینی نەتەوەی گەورە و هۆشمەندەوە سەرچاوە دەگرن کە رێك هاوشێوەی ئەو ((ئەسڵ))ە بوون کە ژیان بوونی پێبەخشیبوون، ئەم نەژادە خاوەنی توانای بەیان و دەربڕینی جوانی و کەماڵ بوو، هەربۆیە دەستیان کرد بە رەخساندنی هەلومەرجی دڵگیر و کامڵ بە دەوری خۆیاندا، لەڕاستیدا، ئەم نەژادە مرۆییە، لە هەسارەی نیبتۆن، بە هەر شتێك لە جوانی و کەماڵ و نەرم و نیانییان خوڵقاند. بەگوێرەی حەز و خواستی خالیقی بوون، ئەم نەژادە دەبوایە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەهەمان حاڵەتی کەماڵدا کە بەهۆی هەژموونی تەواوی بەسەر تێکڕای هۆکار و رەگەزەکاندا، بەدیهاتبوو بمێنێتەوە،

ئەودەمەی کە مرۆڤێك، داخوازییەکی دەردەبڕی، ئەم داخوازییە دەسبەجێ دەستەبەر دەکرا، بەڵام لەسەردەمەکانی دواییدا، ژمارەیەك لە مرۆڤەکان دەستیان دایە جۆرێك لە جەستە پەروەری و خۆ بە زل زانین و هەوڵیان دەدا پێش هاوڕەگەزەکانیان بکەون، ئەمە بوویە مایەی ئەوەی چەندین گرووپی پۆلین کراو سەرهەڵبدات و هەر ئەمەش بوویە مایەی سەرهەڵدانی خۆپەرستی و جۆرەها تەماح و چاوچنۆکی، ئەم حاڵەتە نێگەتیڤەش بە نۆرەی خۆی بوویە مایەی سەرهەڵدانی جۆرەها ناڕەزایەتی و جیاوازی لە نێوان خەڵکدا، کات و ساتێك کە دەبوایە لە بوون و بەدیهێنانی شاکارە بەکەڵکەکاندا لە پێناو پێشکەوتندا، لە جۆرەها جەنگ و پێکدادانی بێهودەدا بە فیڕۆدرا، مرۆڤەکان لەبڕی ئەوەی کە بە توندی پابەند بن بە چاوگ و سەرچاوەی خۆیانەوە و پشتی پێببەستن، لە یەك جیابوونەوە کەلێنیان خستە نێوان خۆیان و ئەوانی دیکە، تەنها ژمارەیەکی کەم لە خەڵك لە زەینێکی باڵا و شەریف بەهرەمەندبوون و پابەندبوون پێیەوە، ئەوانی دیکە هەموو ئەوەی کە مایەی ئاسایش و پاراستنیان بوو، وازیان لێهێنا و ئەمەش بوویە مایەی سەرهەڵدانی گەردلولێك بە دەوروبەری هەسارەکەدا.

مرۆڤەکانی نیبتۆن دەبوایە بەردەوام بوونایە لەسەر درێژەدان بە شوێنکەوتنی نموونەی کامڵی ئلوهیەت، ئەمە دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخساندن دنیایەکی کامڵ لە خەسڵەتە ئیلاهییەکان لە هەسارەکانی دیکەدا بخوڵقێنن، بەڵام بە جۆرێکی وا پاشەکشەیان کردبوو کە لە دەمی تەقینەوەکەی دواییدا کە گوزارشتی لە هاتنە دونیای هەسارەیەکی تر دەکرد. ئەم گوشارە لەڕادەبەدەر بەهێزبوو، کاتێك پەپکە غوبار گرتووە تازەکە، شێوەی گرت، هەسارەیەك سەری هەڵدا کە لە باقی هەسارە پێشووەکان، بە چەند قات گەورەتر بوو، ئەم لەدایکبوونە پەیوەست بوو بە هەسارەی ژوپیتێر (موشتەری)ەوە، پاشماوەی ئەو وزەیەی دەردەچوو، هێندە بە گوژم بوو کە هەسارەی ساتورن (زوحەل) کە تا هەنووکە لە نزیکترین خولگە لە باوکی خۆیەوە قەراری گرتبوو، بۆ خولگەیەك هەڵدرا کە لەم دۆخەی ئێستادا بەندە بە هەسارەی عەتاریدەوە، ئەم تەقینەوەیە هێندە گەورە بوو و لە مەنزومەیەکی وەها (داخراودا) هاتە کایە کە بڕێکی زۆر ئەستێرە و تەنی ئاسمانی لێکەوتەوە کە لە دەوروبەری زوحەلدا گیرسانەوە. ئەم تەنۆلکانە لەوێوە کە لێکچوونێکی جیاوازیان لەگەڵ هەسارەی زوحەلدا هەبوو، توانیان خۆیان بلکێنن بەم هەسارەوە و بەسەربەخۆیی مانەوە، ئەم ئەستێرە و تەنۆلکە ئاسمانییانە هیچ دەرفەتێکیان بۆ نەڕەخسا جگە لەوەی خۆیان بەدەوری ئەم هەسارەیەدا و لە پشتێنەی ناسراو بە (ئەڵقەکانی

زوحەل) کۆبکەنەوە، زۆرێك لەو ئەستێرانەی ئەم ئەلْقانە پێکدێنن، دووری و قەبارەی وەك ئەستێرەکانی دیکەیان هەیە.

پاشماوەی گوشاری هەڵدانەکە کە پێشتر باسمان لێوەکرد، بوویە مایەی ئەوەی تا هەسارەیەك بە گەورەیی و شکۆمەندی نیبتۆن لە خولگەیەکدا بگیرسێتەوە کە ئەمڕۆ بەهۆی گۆی زەوییەوە پڕ دەکرێتەوە، گشت گەورەیی و شکۆمەندارییەکەی تێکڕای دانیشتووانە گەورە و گرانەکەی لەناوچوون، وێڕای ئەمەش ژمارەیەکی زۆر کەمیان مانەوە کە هێشتا دەسبەرداری میراتی ئیلاهی خۆیان نەبوون و پابەندن بە نەریتە کۆنەکانیانەوە، ئەوان قاوغێکیان بۆ خۆیان جۆرکردبوو کە دەیانتوانی لە جیهانێکدا بە رەهەندی رۆحانییەوە، بەشوێن پەناگەیەکدا بگەڕێن بۆ خۆیان، رەهەندێك کە هەر نەوەد و یەك مەنزومە و کاکێشانە جێگیرەکەی ئێستای دەورە داوە و زاڵە بەسەریاندا.

ئەم پاشماوانە، بەم فۆرم و رواڵەتەوە، توانیان زانست و مەعریفەی خۆیان بپارێزن و بەجۆرێك پەخش و بڵاوی بکەنەوە کە ئەم مەعریفەیە هەرگیز لەناو نەچێت، بەهۆی ئامانج و ئارەزووە باشەکانی ئەوان و لەبەر خودی ئەوانە کە ئێمە ئەمڕۆ زیندووین، ئێمە خزمایەتی خۆمان لەگەڵ ئەم مرۆڤە مەزنانەدا کە نەژادیان، لە رەگ و ریشەی سەرەکی مرۆڤایەتی پێکدێنێت، بەوپەڕی لەخۆباییبوون و شانازییەوە رایدەگەیەنین ئەوان بوون کە ئامانجە مرۆڤییەکانیان بە پارێزراوی هێشتەوە و ئلوهیەتی مرۆڤیان پاراست. پاشان هەزاران ساڵ تێپەڕی و ئەم زەمەنەش بۆ شێوەگرتنی هەسارەی موشتەری پێویست بوو، ئەم هەسارەیە هێندە گەورەیە، کە هێشتا بە تەواوی سارد نەبۆتەوە.

دیسان زەمەنێك تێپەڕی کە هەروەك فڕینی خێرای باڵندەیەك وابوو خۆری بەرهەم هێنەر ئامادەبوو ژیان و بوون بە ناوکی جیانەکراوە و شێوە هەوری ببەخشێت، هەنووکە نۆرەی لەدایك بوونی هەسارەی مەریخ دێتە پێشەوە، هەسارەیەك بە رەنگی سووری خوێن، کاتێك قۆناغەکانی کردنە دەرەوەی ئەم پەپکە ئەنجامدرا ئێمە دەتوانین سەرهەڵدانی دیاردەیەك لەسەر رووی هەسارەی زەبەلاحی ژوبیتێر ببینین، پەڵەیەکی گەورەی رەنگ سوور لەناکاو لە تەنیشت ئەودا گەورە و گەورەتر دەبێت و لەپڕێکدا پارچەیەکی گەورەتر لەخۆی، بۆ فەزا پاڵ پێوە دەنێت، ئەم پارچەیە، ژیان بە هەسارەیەك بەناوی ((مانگ)) دەبەخشێت، لە کردەی پاڵپێوەنان و

دەرپەڕاندنی ئەم دوو پارچەیە، گوشارێکی وا دروست دەبێت کە ژوبیتێری زەبەلاح لە خولگەکەی نزیك باوکی دوور دەکەوێتەوە و شوێنی خۆی دەدات بە هەسارەی مەریخ.

لەکاتێکدا ژوبیتێری زەبەلاح لە خولگە تازەکەیدا دەگیرسێتەوە، فۆرمە دیارینەکراوەکە، بە هیچ شێوەیەك توانای راکێشانی بڕێکی زۆر لەو تەنۆکانەی نییە کە لەلایەن خۆرەوە لەکاتی لەدایك بوونیدا کراونەتە دەرەوە، ئەم تەنۆلکانە لەمەودایەکی هێندە دووردا دەتەقێنرێن کە لە ناوچەی کاریگەرییەکانی نیبتۆن، ئۆرانس، ساتورن و مەریخ قەراردەگرن، بەڵام ئەم تەنۆلکانە خاوەن بیچم و قەبارەی جیاوازن و لەلایەن ئەم هەسارانەوە کێش ناکرێن، بەم پێیە دەگۆڕدرێن بۆ ئەستێرەی جیا و جیاواز، بەم جۆرە ئەم ئەستێرانە نەدەتوانن وەك هەسارەیان لێبێت و نە بە نەزم و هاوئاهەنگی بە دەوری چەقی خۆری ناوەندیدا بسوڕێنەوە، لە ئاکامدا لە فەزادا، پولێکی گەورە لە جۆرەها تەنی ئاسمانی و نەیزەکی جۆراوجۆر پێکدەهێنن بەبێ ئەوەی خاوەن خێرایی و ریتمێکی تایبەت بن و بەخێراییەکی گەورە لە جوڵەدان بەجۆرێك کە لەگەڵ هەسارەکانی دیکەدا بەیەکدا دەکێشن، لەسەر رووی هەسارەکە دەکەونە خوارەوە یا دەگۆڕێن بۆ هەزاران پارچەی تێکشکێنراو، تەنۆلکەی بچووك دەکەونە سەر رێگای خێرا و سەر شێتانەی ئەستێرە و هەسارۆکەکان و دواجار وردە وردە دەگەڕێنەوە بۆ تۆپەڵەیەکی ئەثیری.

خۆری ناوەندی دیسان دەتوانێت ئەو تۆپەڵەیە وەربگرێت و بلکێنێت بەخۆیەوە خۆر جارێکی تر ئەوانە بەشێوەی تۆپەڵەی نادیار لە میانەی لەدایکبوونی هەسارە نوێیەکانی دیکە یا ئەتۆمە نوێیەکان، لە خۆی دوور دەخاتەوە و رەوانەی فەزایان دەکات.

هەنوکە تەقینەوەیەك روودەدات کە ژیان و بوون بە پەپکەیەك دەبەخشێت کە سەرەنجام و دواجار هەمان هەسارەی زەوی خۆمانە، مەریخ بەوپەڕی توونديیەوە لە نزیکترین خولگە لە خۆرەوە دەردەپەڕێنرێت و زەوی شوێنی ئەو دەگرێتەوە، هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوانەدا، تێکڕای هەسارە پێشووەکان، دەکەونە خولگەیەکی دوورتر تاوەکو رێگە خۆش بکەن بۆ کۆرپە نوێیەکە.

پاشان نۆرەی لەدایك بوونی ڤینۆس (زوهرە) دەگات، رێك وەك حاڵەتەکانی پێشوو، زەوی و باقی هەسارەکان یا بەجۆرێکی تر ئەتۆمەکان، دیسان بۆ خولگەی دوورتر دەهاوێژرێن تاوەکو خولگەیەکی نزیکتر لە خۆری ناوەندییەوە بۆ کۆرپە تازە لەدایك بووەکە بهێڵنەوە،

دواجار کاتی لەدایك بوونی عەتارد دێتە پێشەوە کە هەسارەکانی دیکە بۆ خولگە دوورترەکان دەهاوێژێت و ژمارەی ئەو هەسارانەی شیمانەی دیتنیان هەیە کە لەڕێی ئەستێرەناسەکانەوە تێبینی و تۆمار دەکرێن دەگاتە ژمارە هەشت، تەواو دەکەن[1]. لەڕاستیدا، نۆ هەسارە بوونی هەیە چونکە خولگەیەك کە لە هەموو خولگەکانی تر زیاتر لە خۆری ناوەندییەوە نزیکە، بەهۆی عەتاردەوە پڕنەکراوەتەوە.

ئەم خولگەیە بەهۆی دوایین ((کۆرپە)) یا تۆپەڵەی نادیار پڕکراوەتەوە، بەڵام هێشتا فۆرم و ماهیەتێکی دیاری نەکراوی وەرنەگرتووە، بەجۆرێکی وا کە ناتوانین ببینین. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم هەسارەیە دوای ئەمە، لەوێدا ئامادەگی هەیە و کاریگەرییەکانی بە باشی هەستی پێدەکرێت، جیهانێك کە هەسارەی زەوی بەشێکە لە ئەو، خاوەنی نۆ هەسارە یا ئەتۆم دەبێت کە بەدەوری خۆری ناوەندی، یا ناوکدا دەسووڕێنەوە و نۆ خولگەیان تایبەت کردووە بەخۆیان، ئەم هەسارانە بەوپەڕی وردی و وریاییەکی بیرکارییانەوە لەم خولگەیەدا جێگیرن، ئێوە توانیتان چەند وێنەیەك لەم وجودە بەو جۆرەی کە روویدا بە نەزم و بە دواداچوونێکی ورد و تەواو تەماشا بکەن.

وادیارە کارەساتێك بەسەر نیبتۆندا کە دوورترین هەسارەیە لە خۆرەوە و لە گەورەترین خولگەدا قەراری گرتووە روویداوە، نیبتۆن گەیشتۆتە ئەوپەڕی پێگەیشتنی پێویست بەهەمان شێوە لووتکەی خێراییەکەی، پشکی تەواوی خۆی لە نور وەرگرتووە و هەنوکە ئامادەیە خۆی ببێت بەخۆر، ئەو بەرەو دابەزینی خۆی دەڕوات، لەکاتێکدا تۆپەڵەیەکی نەناسراوی تر خەریکە شێوە دەگرێت و خۆر ئامادە دەبێت، ژیان و بوون بەم تۆپەڵە ئاسمانییە ببەخشێت، بەر لە دەرهاویشتنی ئەم دەیەمین هەسارەیە دوای ئەمە، نیبتۆن گەیشتۆتە ئەوپەڕی خێرایی خۆی لە خولانەوەی بە دەوری خۆری ناوەندیدا ئەو لە فەزادا دەکەوێتە فڕین و دەتەقێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان توخمی ئەثیری کە لەوێوە، بەهۆی خۆری ناوەندییەوە وەردەگرێت و

(١) شایانی باسە کە ساڵی ١٩٣٣، هەسارەیەکی نوێ بەناوی پلۆتۆن دۆزرایەوە بە گوێرەی لێدوانی ئەستێرەناسانی سەردەمی کۆن و هەروەها ئێستاش، هێشتا دوو هەسارەی تر دەبێت بدۆزرێنەوە تاوەکو ژمارەی هەسارەکان تەوا بکرێت، لەکاتی روودانی ئەم بەسەرهاتەدا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بووە، هێشتا پلۆتۆن کەشف نەکراوە. و.ف.

ئاوێتەی خۆی دەکات، خۆری ناوەندی بەم وزە زیادکراوە لە ئاکامی لەخۆگرتنی ئەم تۆپەڵە نوێیە، گوڕی تێدەکەوێت تاوەکو هەسارەی نویێ لە خۆی بکاتە دەرەوە.

لە مەنزومەیەکدا کە گۆی زەوی ئێمە بە بەشێك لەو هەژمار دەکرێت، تەنها ئەم شیمانە هەیە کە هاوزەمان نۆ هەسارە یا تەنۆلکە بوونیان هەبێت کە بە دەوری خۆری ناوەندیدا دەسووڕێنەوە، بەگوێرەی خولێکی جێگیر کە لەخۆگرتەی ئەو قۆناغە جیاوازانەی روونکرانەوە، گەشە دەکەن و کامڵ دەبن، واتە سەرەتا لەدایك بوونی هەسارەیە، پاشان قۆناغی رەق بوون، چوون بۆ خولگەیەکی گەورەتر، دوای گەیشتنە ئەوپەڕی خێرایی، فڕین لە فەزادا و دوای ئەوەش تەقینەوە، لەناوچوون و دواجار سەرلەنویێ ئاوێتە بوون بە خۆری ناوەندی بەمەبەستی لەدایك بوونێکی نویێ، بەم پێیە خۆر کۆمەڵە رەگەزێك لە رەگەزی ئەثیری کۆدەکاتەوە کە جارێکی تر دەیانهاوێژێتە دەرەوەی خۆی، دیسان دەگۆڕدرێن بۆ رەگەزی ئەثیری، ئەم کارە دووبارە و درێژکردنەوەیەکی بەردەوام و ئەزەلییە کە بە یارمەتی نوێکردنەوە و درێژکردنەوە دەرفەتی لەدایك بوونە نوێکان دەڕەخسێت، بەبێ ئەم پڕۆسەیە، خۆری گەورەی ناوەندی نەوەد و یەك مەنزومەی جیهانی هەستی و هەروەها خۆرە ناوەندییەکانی کاکێشانەکان و مەنزومە جیاوازەکان، ماوەیەکی زۆر لەوەو پێش لەناوچووبوون. هەموو ئەم فاکتەرانە، دیسان بۆ ئەو ناکۆتایە دەگەڕێنەوە، کە هەڵگر و دارەندەی ژیان و بوونی هەر رەگەز و توخمێکە.

هۆش و ئیدارکی ئەقلانی، دزە دەکاتە گشت تیشکدانەوەکان و هەموو فەزا داگیر دەکات و زۆر کاریگەرە، سەرجەم ئەم فەزا و کۆستێرانە بانگهێشت دەکات بۆ ئەوەی شێوە بگرن و لە جوڵەشیاندا بۆ پێشەوە کۆمەکیان دەکات، خۆر هەرگیز پیر نابێت و چەقە ناوەندییەکەشی هەرگیز لەناو ناچێت، خۆر وەردەگرێت، بۆ لای خۆی کێش دەکات، دەپارێزێت، تۆکمە دەکات، پاشان ژیان بە ئەتۆم دەبەخشێت، وێڕای ئەمەش هەرگیز لە قەبارەکەی کەم نابێتەوە، چونکە هەمیشە ئەو رێژەیەی دەیهاوێژێتە دەرەوەی خۆی، لەخۆیدا وەردەگرێتەوە و بۆ لای خۆی رادەکێشێت. نوێبوونەوە و لەدایك بوونی دووبارە، بەم شێوەیە، بۆ هەمیشە درێژەی هەیە، جیهانەکان و کۆستێرەکان پێکدێن، گەشە دەکەن هەموو ئەوەی وەریانگرتووە، دیسان دەیدەنەوە، قۆناغگەلێك لە پێشڤەچوون هەیە کە بە ئاستی بالاتر و دیسان بەرز و بالاتر کۆتایی دێت.

کاکێشانی نەوەد و یەك جیهانی باسکراو کە گۆی زەوی ئێمە و کاکێشانی ئەتۆمەکان بە بەشێك لەو دەدرێنە قەڵەم، شتێك نییە جگە لە کاکێشانێك لە گەردوونێکی فراوانتر و پان و پۆڕتردا.

ئەم جیهانە ئاماژەپێکراوە، ئەویش لەلایەن خۆیەوە خاوەنی نەوەد و یەك کاکێشانە کە هەموویان بە دەوری چەقێکی ناوەندی یا خۆرێکدا دەسوڕێنەوە کە قەبارەکەی نەوەد و یەك هەزار جار گەورەترە لە جیهانەکەی پێشوو! ئەم یاسایە تا ئەندازەیەك بەشێوەیەکی بێ پایان و بێ کۆتایی دێت، تێکڕای ئەم کۆمەڵە، سیستەمی جیهانی گەورەی ناکۆتایی پێکدەهێنێت و کاکێشانێك لەخۆ دەگرێت کە ((کاکێشانی ڕێگەی شیر))ی لەناو ئەودایە، هەمیشە ئەم جیهانە ئەزەلییە بە ((پرشە و تیشکی گەرمی ئەتۆمی)) ناودەبەن.

واتە سەرچاوە و چاوگی گەرمی خۆر، ئەمە گۆوێکی نارێك و پێك و بە وێنەی هەورەکە لە خۆری ناوەندی گەورەی گەردوون لەدایك بووە کە هەنوکە قسەمان لەبارەوە کرد، ئەم تۆپەڵەیەش لە چەقەکەیەوە، فڕێدراوەتە دەرەوەی خۆر، بەو جۆرە کە ئێوە ئەوتان لەم گۆوە نەناسراوەدا دەیبینن، تەنها بەشێك لە تیشکە درەوشاوەکانی خۆری گەورەی ناوەندی بۆ ئێوە دەنێرێت، ئەم تیشکدانەوە جوزئییە، لە گۆشەیەکی تایبەتەوە دەچەمێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت دزە بکاتە ناو تەنێك یا ماددەیەکەوە، پاشان دووبارە دەگەڕێتەوە سەرباری یەکەم، لە کۆتاییدا تیشك یا تیشکدانەوەی چەماوە یا بێ قەوارە و لە شێوەکەوتووە، تەنها ((وێنەیەك)) لە خۆر دەخەنەڕوو و لە بارێکی هەڵەدا پیشانی دەدەن، هەر ئەو تیشکانە، پاشان بەجۆرێکی وەها دیاریکراو ڕەنگ دەدەنەوە کە ئێوە واهەست دەکەن کە بەڕاستی سەرقاڵی تەماشاکردنی خۆرن، هەر ئەم دیاردەیە، دەبێتە مایەی لەشێوەکەوتن و بێ قەوارەیی زۆرێك لە هەسارەکان یا ئەتۆمەکانی دیکە، لە جێگایەکدا کەوا هەست دەکەن ئەستێرەی زۆر و جۆراوجۆر بوونی هەیە، لەڕاستیدا تاڕادەیەك کەمن، کۆی گشتی ئەوانە، لەگەڵ ئەمەشدا دەگاتە چەندین ملیۆن ئەستێرە.

بە ڕوانینێکی وردتر لەم وێنەیە، ئێوە تێبینی دەکەن ئەم تۆپەڵە نادیارانە خۆرەکانیان خڕنین، بەڵکو بازنەی شێوە گۆون کە لەبەشی جەمسەرەکاندا ساف و تەختن و ڕێك وەك گۆی زەوین، کاتێك تەماشایان دەکەیت، تەنها دەتوانێت ناوچەی گەورەی جیهانی بوون (یا خۆری گەردوونی) کاریگەرییەکی هێندە قوڵ دەخاتە سەر تیشکەکانی نور کە ئەم تیشکانە، بە دەوری جیهاندا نوردەدەنەوە بەرکەوتنی ئەوان لەگەڵ تیشکە گەردوونییەکاندا کار و کاردانەوەیەکی

ورد لەسەر ئەوان بەجێدێڵێت و دەبێتە مایەی تیشکدانەوە و شکانەوەی نورەکەیان، گەردیلەکانی نور، لە شوێنی خۆیان دەهاوێژرێنە دەرەوە بەجۆرێکی وا کە هەر یەکێك لەوانە، ملیۆنەها وێنەی هەسارە و ئەستێرەکان پیشان دەداتەوە، ئەم ئەستێرانە لەم پێگەیەدا، لە بارێکی هەڵە و نادروستدا دەردەکەون لە ئاکامدا سەرلەنوێ هەزاران هەزار وێنەی شکاوە بەرهەم دێت، کاتێك لەنێو جیهانەوە دەڕوانین، دوو رووالەتی وێنەکان دەبینین، رووناکی یەکێکیان راستەوخۆ بە ئێمە دەگات، لەکاتێکدا رووناکییەکی تر، کە سەدان ملیۆن ساڵ لەوەو پێش هەڵکراوە، بەدەوری هەموو دنیادا گەڕاوە.

بەم پێیە، ئێمە لە بڕی یەك وێنە، دوو وێنە دەبینین، وێنەی یەکەم بەندە بە ئەستێرەیەکەوە کە نزیکەی چەند سەد ملیۆن ساڵ لەوەو پێش هەبووە لەکاتێکدا کە وێنەی دووەم ئەو بەجۆرێك پیشان دەدات کە سەدان ملیۆن ساڵ پێش بووە، ئەم دیاردەیە لە تەواوی سیستەمە گەورەکانی جیهاندا روودەدات، زۆرجار ئێمە بەڕاستی سەیری رابردوویەکی یەکجار دوور دەکەین، هەر بە پێی ئەم یاسایە، ئێمە دەتوانین تەماشای ئایندەکەش بکەین.

بۆ رێبەری کردنی تێکڕای جیهانەکان، کاکێشانەکان راسپاردە و فەرمانی رۆحانی دەنێردرێن، ئەم فەرمانانە لەڕێی نێوەندکارە نەبینراوەکانەوە کە جیاوازنین لە بزاوتی ئەندێشە و ترپەی دڵ ئەنجام دەدرێت، تەنها بەجیاوازی ئەوەی کە ئەم لەرە لەرانە هەزارن جار توونددترن.

ئەم لەرە لەرە بە سام و شکۆدارانە، ئەم لێدانە گەورانەی دڵ، بەهۆی دەرك و هۆشی بەراییەوە، جیهانی کل کە هاوتای رۆحانی ئەو دەبێت، دەورەداوە، ئەم لێدانە گەورانەی دڵ، تەوژمی ژیانی بۆ تێکڕای جیهانەکانی وجود دەنێرن و ئەوان لە نەزم و دیسپلینێکدا کە هاوئاهەنگی تەواوی پێوە دیارە، دەخاتە جوڵە.

لە کەشی بێ سنووری ئەم گەردوونە بێ پایانەدا، شیمانەی بوونی خانەیەکی کەم ئەندام یا نەخۆش بوونی نییە، چونکە خانەیەکی لەم چەشنە هاوئاهەنگی گشت تێکدەدات بێ سەروبەرییەکی کاتی و کورت خایەنی لێدەکەوێتەوە، ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە ئۆرگانیزمی مرۆیش هەروایە کە بەهۆی ئەندێشە ناهاوئاهەنگەکانەوە ئازاری پێگەیشتووە.

وشەی ((ئلوهیەت)) بۆ ئەمە هاتە بوون بۆ ئەوەی ناوێك لەم فەرماندەییە ناوەندییە بنرێت، لێدانەکانی دڵی مرۆڤایەتی لێکچوونێکی ورد و میناتۆری هەیە لەگەڵ لەرەلەر و ترپەی گەورەی دڵی جیهانی بوون بەگشتی بوونی مرۆڤ لە هۆش و تێگەیشتنێك سەرچاوە دەگرێت کە

بەسەر هەر رەگەزێکی بەراییدا فەرمانڕەوایی دەکات، مرۆڤی نیوە، تەواوکەری ئەم هۆش و دەرك كردنەیە و لەگەڵ سەرچاوەکەی خۆیدا هاوسێیە، مرۆڤ جەوهەر و رەگەزی خۆی راستەوخۆ لەم گەنجینە گەورە بەراییەوە هەڵدەگۆزێت، خۆری گەورەی ناوەندیش هەر ئەم کارە ئەنجام دەدات، بەڵام لە پێوەرێکی پانتردا، ئەویش بەهۆی یەکبوونی لەگەڵ ژیری و دەرکێکی بانتر و باڵاتر کە چاوانەکەی ئاراستە دەکات.

مرۆڤ کە لە واقیعدا بەجۆرێك لە یەکەی مرۆیی دەژمێردرێت، بە جیهانێکی ئیلاهی و زۆر باش بەرنامەڕێژی بۆ کراو و رێکخراو هەژمار دەکرێت، هەرچەند بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی گەورە و کامڵی جیهانەکانی بوون، لە گەردێکی بچووك زیاتر نییە، وێڕای ئەمەش، رۆڵی مرۆڤ کە بەرپرسیارێتی ئلوهیەتی خۆی قبووڵ دەکات و لە بارێکی کاریگەر و سوودبەخشدا بە ئەنجامی دەگەیەنێت، بە تەواوی گرنگە چونکە مرۆڤ بەشێکە لە ژیری و تێگەیشتنێکی گەورە کە بەر لە تەواوی جیهان بوونی هەبووە و بەسەر تێکرای پڕۆژە و نەخشەی ئیلاهی کامڵ بوونی ئەم جیهانانەدا باڵادەستی هەیە. ژیری ئیدراکی بەرایی، زاڵە بەسەر گشت هەڵچوونەکان و بڵاوکردنەوەی رەگەزە بەراییەکاندا، رێك بە هەمان ئەندازە کە کاریگەری هەیە لەسەر گشت فۆرمە فیزیاییە سادە و بەراییەکاندا، بەم پێیە، تەنها ئەگەر هەموو جیهانەکان لەناو بچن، مرۆڤ بەهاوکاری کردنی ئەقڵی یەکەم دەتوانێت بە یارمەتی ئەم تیشکدانەوە درەوشاوە و نورانیانە، دیسان ئەم جیهانانە بنیات بنێتەوە، ئەگەر کارەساتێکی لەم چەشنە رووبدات، مرۆڤ نەك تەنها لەم دەسەڵاتە بەهرەمەندە، بەڵکو بە هەمان رەگەزی هێز هەژمار دەکرێت کە لە شعوری یەکەمدا هەرگیز لەناوچوون و تێکچوون رووی تێناکات، تواوەتەوە و دەگۆڕێت بۆ ئەو.

ئەودەمەی مرۆڤ دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم قەڵەمڕەوە، بەلایەوە گرنگ نییە چەندە پێویستە بۆ ئەوەی جارێکیتر ئارامی و ئۆقرەیی و هەماهەنگی بەقەراربێت، رەنگە ملیارەها قەڕن تێپەڕێت، بەر لەوەی دیسان حاڵەتی کەماڵی پێشوو جارێکی تر بگەڕێتەوە و دەرفەتی ئەوە بڕەخسێنێت قۆناغەکانی کامڵبوونی رێك و پێك دەست پێبکات، لە قەڵەمرەوی ئیلاهی خۆیدا، مرۆڤ پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەزەلدا دەپارێزێت، دەتوانێت رێگە بەخۆی بدات کە قۆناغێکی گونجاو بۆ وەدیهێنان و فۆرمەلە بوونی فیزیایی هۆکارەکان بگەنە جێ، لەم کاتەدا، مرۆڤ بە ئاگایی و دەرککردنێك کە لە ئەزموونە پێشووەکانی لە زەینی خۆیدا هەڵیگرتووە،

دەتوانێت ساز و ئامادەتر بێت لە جاران و چالاکییەکی کاملتر و بەردەوامتر لە پێناو وەدیهێنان و دەرکەوتن و جیلوەکردنی شتەکاندا ئەنجام بدات. مرۆڤ، لەم بارەیەوە، هەرگیز ناتوانێت خاو و خلیچکی بنوێنێت چونکە ژیان و بوونی دیارتر و وردتر و ئاشکراتر و بەکورتی باشتر وەسف کراو لە هەر فۆرمێکی تر دەبێت، شکست و سەرنەکەوتن، نە لە ئاسۆی ژیانیدا وێنەکراوە، نە لە ویژدان و کۆنەستی خۆیدا.

بەم پێیە بچووکترینی بەشەکان، دەگۆڕێن بۆ حاڵەتی بێ کۆتایی تەواوی شێوەکان، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە هۆشمەندی دانا پەی پێبردووە و بۆتە مایەی ئەوەی بفەرموێت: من جاویدانە و نەمرم، بەبێ تەمەن و ساڵ، من هەمیشەییم، لە ژیان و زیندەگی و لە نوردا، شتێك بوونی نییە کە من بەشێك لەو نەبم)) کاتێك مرۆڤ بەڕاستی سەرکەوتوو بێت لە عروج کردنێکی باڵادا، بە ئلوهیەتێکی واقیعی لەم جۆرە دەگات.

* * *

## بەشی هەشتەم

کاتێك وتەبێژەکەی ئێمە وازی لە قسەکردن هێنا، ئێمە سەیرمان کرد خۆر ماوەیەکی زۆرە لە ئاسۆ تێپەڕیووە، ئێمە لەوێ بەجۆرێك دانیشتبووین کە دەتووت زەین و هۆشمان عروجی کردووە، زۆر لە کەسانێك دەچووین کە جادوو کاری لێکردبن، رەوشی ئێمە بەجۆرێکی لێهاتبوو کە بەڕاستی بووبووینە بەشێك لەو وێنانەی کە لەبەرچاوماندا، نمایشیان دەکرد، کەواتە ئاسۆ بۆ کوێ رۆیشتبوو؟ ئێمە ئەومان بەتەواوی لە زەینماندا سڕیبوویەوە، ئێمە لە ناکۆتاییدا لە شەقەی باڵمان دەدا، ئێمە بە ئەوێوە پەیوەست بووین، ناکۆتاییش بە ئێمەوە پەیوەست بوو چونکە ئێمە ناچاربووین خۆمان بگەیەنینە ئەوێ و ئەومان قبووڵ کردبوو، ئایا ئەم قسەیە ئێوە سەرسام دەکات؟ ئایا ئێمە لەو حاڵەتە تایبەتەدا حزورمان هەبوو کە بتوانین گەورەیی و فراوانی وجودی خۆمان دەرك بکەین و بزانین لەکوێ داین و رۆڵی گرنگ و بایەخدارمان لە پڕۆژەی جیهانی هەستیدا تێبگەین؟ نەخێر، هێشتا لەو چەشنە حاڵەتە قەشەنگەدا نەبووین دۆستە بەڕێزەکان، هێشتا لەو چەشنە حاڵەتەدا نەبووین و نەگەیشتبووینە ئەو ئاستە لە ئاگایی، مەخابن!

ئایا جیهان ئامادەی قبووڵکردنی ئەم روونکردنەوەیە و ئەم ئیلهامە شێوە دیتنەی دەبوو؟ ئێمە وەڵامی ئەوەمان نەدەزانی، ئێمە چاومان بڕیبوویە رابردوویەکی یەکجار دوور، ئێمە ناتوانین بزانین ئایندە چ شتانێکی بۆمان لەبەرچاو گرتووە، سەرەتا دەبێت پیشانی بدەین کە ئایندەیەك بوونی هەیە و ئەم کارەش بە بوونی ژیانێکی بەرهەمدار لە ئێستادا، هەموار بکەین، بەڵام ئێمە مێژووی رابردوومان بینیووە، رابردوویەك کە بۆماوەی چەندین ملیۆن ساڵ درێژەی هەبووە، ئێمە هەنووکە بەنیازین بەرەو کەماڵێك کە بڕیارە جێگیر و دامەزراو بێت، بڕوانین و بە ئاگاداربوون لەوەی کە ئایندەش لە پانتاییەکی بەرامبەر بە ملیۆنەها ساڵ درێژە دەکێشێت، رێك وەك ئەو زەمەنەی کە لە وێنەکانی لەمەڕ رابردوو لای ئێمە ئاشکرا بووبوو.

بە هەمان ڕێژە کە لە ڕابردووی ئەزەلیدا هەبووە، لە ئایندەی ئەزەلیشدا دەبێت، ئێمە تێکڕای بیروباوەڕی کۆنی خۆمان وازلێهێناوە، ئێمە ئەوانەمان بە تەواوی لەبیرکردووە، ئێمە وەدیهاتنی تێکڕای بەرکەماڵ بوونی جیهانی هەستیمان لەبەرچاو گرتووە ئەمە نەك بە هیوا و ئارەزوو، بەڵکو بە ناسینێکی قوڵ و حاشا هەڵنەگر لەبەرچاو گرتووە، بیروباوەڕە کۆن و دێرینەکان لە کوێن؟ ڕێك وەك هەڵمێك لە هەوادا مەحوبێتەوە، ئەوانیش لەناوچوون، جیهانی وجود لەم حاڵەتەدا وەك بلور شەفاف و ڕوونە، ئێمە دەمانزانی خۆر دەدرەوشێتەوە بەڵام لە پشت ڕووناکییەکەیەوە، بریسکانەوەیەکی بلورینی وەها بوونی هەبوو کە خۆر بە تەڵخی دەهاتە بەرچاومان.

ئێمە یادداشتەکانمان کۆکردەوە و بەرەو دەرگای چوونە ژوورەوەی ((حەرەم)) چووین هەر هێندەی لە مێشکەوە فەرمانی پێویست دەرکرا بۆ ماسولکە و بازووەکانمان، ئێمە لەناکاو خۆمان بینییەوە کە مژوڵی گەڕان بووین بەسەر باڵی تیشکدا و بەم جۆرە چووینە ناو ئەو هۆڵەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەم هۆڵەدا، هیچ دیوارێك بوونی نەبوو کە حاڵەتی داخران و سنووربەندیمان بۆ دروست بکات، ئێمە هێشتا لە حاڵەتێکی شاد و مەدهۆش لە جیهانی هەستیدا دەژیاین و دەتووت لە فەزایەکی بێ کۆتاییی دا بووین ئایا بەڕاستی شیمانەی هەبوو کە ئێمە بە بەشێك لەو هەژمار بکرێین لە فراوانی و گەورەیی ئەودا حزورمان هەبێت؟ لەڕاستیدا خودی گەورەیی و فراوانیش لە بەرامبەر بەرزی و شکۆمەندی ئەم تابلۆیەدا کڕنۆشی بردبوو.

ئێمە دانیشتین و ڕێگەماندا لە بێدەنگییەکی ڕەهادا ڕۆبچین، کەس ورتەی لێوە نەدەهات، ئێمە تەنانەت ئاگامان لە گوزەری زەمان نەبوو تا ئەودەمەی کەسێك ڕایگەیاند مێزی نان خواردنمان بۆ ئامادەکراوە، ئەو خواردنە، فرەچەشنییەکی زۆر دڵگیری هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە هەموومان نوقمی ناو ئەندێشەی چەند کاتێکی زۆر بنەڕەتی و گرنگ بووین کە تازە بەسەرماندا تێپەڕیبوون. لە کاتێکدا لە دەوری مێزەکە هەڵدەستاین، تاوەکو بچینە بانێژەکە، خۆر دیسان لە ئاسۆدا دەرکەوتووە و بەخێرایی ئاوادەبوو، ئەم دیمەنە تەنها ئاوابوونی خۆرێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو دیتنێکی ئیلهام ئاسابوو، دیمەنێك بوو تا جاویدانەگی درێژەی هەبوو، لەڕاستیدا خودی ئەزەل و جاویدانەیی بوو، وەرزێك لە ژیانی ئێمە هەڵدرابوویەوە، لەپاڵماندا، دۆستە مەزن و بەڕێزەکانمان حزوریان هەبوو کە پێ بە پێی ئێمە، لەگەڵماندا حزوریان هەبوو لەم وەرزەی کۆتایی ژیانمان کە بەم دواییانە هەڵدرابوویەوە، ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتییان گێڕابوو، لەڕاستیدا ئەوان وەرز بە وەرز لەگەڵ ئێمەدا بوون، ئایا مایەی سەرسامییە کە ژیانی ئەوان بە جاویدانە ناوزەد بکەین و ئەوان بە

مامۆستایانی مەزن و هێژای خۆمان بدوێنین؟ لەگەڵ ئەمەشدا، هەرگیز هیچ قسەیەك یا دڕکەیەك کە گوزارشت لە مامۆستایەتی ئەوان بکات، لە دەمیان نەهاتەدەر، ئێمە لە ئەوانمان پرسی: ئایا بۆمان هەیە ئێوە بە مامۆستا بەڕێزەکانی خۆمان بانگ بکەین؟ ئەوان لە وەڵامدا وتیان: باشتر وایە ئێمە بە کوڕانی خودا بدوێنن چونکە ئێمە هیچ جیاوازییەکمان لەگەڵ ئێوەدا نییە)) چ سادەییەکی قەشەنگ و دڵگیر! بۆچی ئێمە مرۆڤە ئاساییەکان ناتوانین تا ئەم ئاستە، لەخۆبوردە و خاکەڕابین...؟ دوای بەجێهێشتنی بانێژەکە، ئێمە سەرەتا حەزمان دەکرد بۆ ئاوایی بچین و ئەم کارە لەڕێی پلەکانەکانەوە ئەنجام بدەین لەجیاتی ئەم کارە، ئێمە دیسان بەرەو لای بانێژەکە چووین، هەر کە گەیشتینە ئەوێ، ئێمە لە ناکاو خۆمان لە باخی میوانخانەکەدا بینییەوە، هیچ کام لە ئەندامانی گرووپەکەمان نەیتوانی تێبگات چی روویداوە، ئێمە نە لە سەفەرێکی هەوایی، نە لە گواستنەوەیەکی گشتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە چووبووین، ئاگادارنەبووین، ئێمە وردە وردە لەگەڵ جۆرەها رووداوی نائاساییدا راهاتبووین و ئەم جارەش ئەم رووداوەمان بەوپەڕی سادەیی قبووڵکرد لە باخی میوانخانەکە، بەپێ بەرەو ئاوایی بەڕێکەوتین، لەوێ هەواڵمان زانی کە هەموو شتێك بۆ گەشتە نزیکەکەی ئێمە ساز و ئامادەکراوە، ژمارەیەك لە دانیشتووانی ئاوایی، لە پێشەوەی ئێمە بەڕێکەوتبوون تاوەکو رێگای سەفەرەکەی ئێمە لە نێوان بەفر و سەهۆڵبەندانێکدا کە هێشتا سەرملە و بەرزاییەکانی ئەو دەوروبەرەی بە بارستایی سێ تا چوار مەتر داپۆشیبوو بکەنەوە، سەرملەیەك کە دەبوایە پێیدا تێپەڕین نزیکەی هەشتا کیلۆ مەتر بوو، بەزاییەکەشی دەگەیشتە نزیکەی چوار هەزار مەتر لەسەر ئاستی دەریا، بەشی هەرە زۆری ئەم ناوچەیە لەڕێگەی پڕ لۆفە و پێچاوپێچ بەهرەمەندەکە زۆر سەخت و دژوارن، دانیشتووانی ئەم ناوچەیە واڕاهاتوون شەوێك بەر لە سەفەرەکەیان، بەوپەڕی وردەکارییەوە رچەیەك بشکێنن و بەفری رێگاکە بە هەردوو قەراغی جادەکەدا هەڵڕێژن و مەتەرێژێك لە بەفر دروست بکەن، بەم پێیە ئەو بەفرەی لە قەراغی جادەکەدا هەڵدەرێژرێت بە درێژایی شەو دەیبەستێت و دەتوانێت ببێتە لەمپەرێکی باش لە بەرامبەر چەتە و گیانلەبەرە دڕەندەکاندا.

ئێمە بەر لە سپێدەی بەیان لەخەو هەستاین و سەیرمان کرد دۆستەکانمان تەواوی وردەکارییەکانی سەفەرەکەی ئێمەیان بە قۆناغی کۆتایی گەیاندووە و هەموو شتێك ساز و ئامادەیە، بڕیاربوو ژست و خزمەتگوزارە ماقوڵەکە یاوەری ئێمە بکەن، سەرجەم دانیشتووانی ئاوایی کۆبووبوونەوە تاوەکو خواحافیزیمان لێ بکەن، لەوەی کە ناچاربووین ئەو گوندە دڵگیرەی کە ماوەی دوو زستان ئێمەی لەخۆگرتبوو بەجێبهێڵین، هەستمان بە خەم و پەژارەیەکی قوڵ

دەکرد، ئێمە زۆر بەتووندی هۆگری یەك بە یەکی دانیشتووانی ئاوایی و لە نێوانماندا خۆشەویستی و دۆستایەتییەك هاتبووە ئارا و بە باشی دەمانزانی ئەوانیش هەمان هەست و سۆزیان بەرامبەر ئێمە هەیە، ئەوان خەڵکێکی شەریف و سادە و میهرەبان بوون، بۆ دەرخستنی دۆستایەتی نزیکیان، زۆرێکیان شەش تا هەشت کیلۆمەتر ئێمەیان بەڕێکرد، لەوێ ئێمە خواحافیزیمان لێکردن و کەوتینە سەر ڕێگای گەڕانەوە بۆ هیندستان، بەڵام هێشتا چەند مانگێکمان پێویست بوو بۆ ئەوەی بتوانین دیسان چاومان بە شاخەکانی دەوروبەری هیمالایای باشوور بکەوێت... لەو ماوەیەدا کە بەدوای کاروانەکەوە بەڕێکەوتبووین، لەپڕ سەیرمان کرد کە ئێمە بێ هیچ گرفتێك مژوڵی ڕێ ڕۆیشتنین، ناو بەناوێك وا ڕێك دەکەوت شوێنێك لە دوورەوە، لەسەر ڕێگا ببینین، ڕێك وەك وێنەیەکی ئیلهام ئاسا، هەر هێندەی لەو شوێنە ورد دەبووینەوە، خۆمان لەو جێگایەدا دەبینیەوە و هەندێ جار بۆمان دەردەکەوت چەند کیلۆمەترێك پێش کاروانەکە کەوتووین، دەمەو نیوەڕۆ، ئێمە بینیمان لە شوێنێکدا دوو ئاگری گەورە کراوەتەوە و خواردنێکیش بەهۆی سێ کەسی دێهاتییەوە کە هەر بۆ ئەم کارە لایاندابوو، ئامادەکراوە، ئەوان دوای نانی نیوەڕۆ گەڕانەوە بۆ ئاوایی، ئێمەیان ئاگادارکرد کە باقی دانیشتووانی ئاوایی لەپێش ئێمەوە بەڕێکەوتوون تاوەکو ڕێگەی گەشتەکەی ئێمە لەناو بەفر و سەهۆڵ بەندانەکەدا بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگایەکمان بۆ بڕینی سەرملەکە هەبێت.

تەنانەت خێوەتگەکەشمان پێشتر ئامادەکرابوو ئێمە تەنها چووینە ناو خێوەتەکان و خەریکی پشوودان بووین، هەموو شتێکمان بۆ ئامادەکرابوو تاوەکو دوای بڕینی سەرملەی ناوبراو، شۆڕبووینەوە بۆ ناو شیوەکەی خوارەوە کە بە ((حەیاما-نۆ-چو))[1] ناودەبرا، لەوێ چاومان کەوت بە پێش قەراوڵەکانی ئاوایی و پێیان گەیشتین، ئەوان ئەم هەموو زەحمەتەیان کێشابوو بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەوپەڕی ئاسانی و ئاسایش لەم ناوچە شاخاوییە بپەڕینەوە و لە مەترسییە جۆراوجۆرەکان پارێزراو بین، لەو دەشتەدا، ئەوان خواحافیزیان لێ کردین بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئاوایی، چونکە ڕێگە دەشتاییەکە ئیدی بە تەواوی ڕاحەت بوو.

من بە ئەنقەست ئەم وردەکارییانە باس دەکەم بۆ ئەوەی هەوڵ و تەقەلای دۆستانەی ئەوان لە پێناو خۆشگوزەرانی ئێمەدا روون بکەمەوە و بەشێوەیەکی گشتی، باس لە میوان نەوازی ئەوان بکەم، بەدرێژایی ناوڕێ تاوەکو شوێنی مەبەستمان کە شاری لەهاسا بوو، ئێمە لە چاکە

(1) Giama-No-Chu.

و خۆنەویستی ئەم کەسە دڵسۆزانە بەهرەمەندبووین، ئێمە زۆر بە دەگمەن چاومان هەڵتەقی بە هەندێك خەڵکی بێ ئەدەب و بێ بەزەیی و زیر و توندی تبتدا وەك زۆرێك لەو گەشتیارانەی کە باس لە شەڕەنگێزی تبتەکان دەکەن، ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کەسانە نەبووینەوە.

ڕێگەی گەشتەکەمان بە دەشتی جیاما-نۆ-چو دا تێپەڕی، پاشان دەبووایە بە درێژایی یەکێك لە لقەکانی ئەم ڕووبارە درێژەمان بە ڕێگەکەمان بدایە، تاوەکو دەگەیشتینە گوزەرگای پان و بەرینی ((تونجور-جونگ))[1] پاشان پێویست بوو بەدرێژایی ((براهما پوتر))[2] ڕێ بکەین تاوەکو بگەینە لەهاسا، لەو شارە دێرینەدا هاوڕێکانمان چاوەڕێیان دەکردین.

کاتێك لە دەروازەکانی شار نیزك بووینەوە، وامان هەست دەکرد گەیشتووینەتە یەکێك لە گوندەکانی ئەمەریکای باشوور، بۆ هەرلایەکمان دەڕوانی، دەمانتوانی وای دابنێین لە یەکێك لە گوندەکانی ئەمەریکای باشووردایین.

کۆشکی دەلایلاما کە بە سەروەر و خاوەنی تەواوی وڵاتی تبت دەژمێردرێت وەك گەوهەرێکی کەم وێنە و قەشەنگ لەناو جەرگەی شاردا خۆی دەنواند، ئەم کۆشکە وەك بارەگای کاتی دەوڵەتی تبت سوودی لێوەردەگیرا.

لەگەڵ ئەمەشدا، شایانی باسە کە سەرکردە و ڕێبەری ئایینی سەرەکی ئەم ناوچەیە هەمان بوزای زیندووە کە وادیارە بە پێی بیروباوەڕی تبتەکان، لە شارێکی نهێنی ئامێز و شاراوە بەناوی شامبالا[3] کە بەجۆرێك لە ((سەنتەری ئاسمانی)) دەژمێردرێت، ڕێبەری کردنی مەعنەوی و ڕۆحانی ئەم خەڵکە بە ئەنجام دەگەیەنێت، ئێمە لەڕادەبەدەر ئارەزوومەندبووین ڕۆژێك بتوانین ئەم شوێنە پیرۆزە لە نزیکەوە ببینین، واباوە کە ئەم شارە نێهینییە لەژێر لمە جولاّوەکانی بیابانی گوپیدا شاراوەتەوە. ئێمە لەگەڵ پاسەوانەکەمان، چووینە ناو شاری لەهاسا، ئێمەیان بەرەو شوێنی مانەوەمان کە بە جۆرەها کەرەستەی خۆشگوزەرانی ئامادەکرابوو، ڕێنمایی کرد، خەڵکێکی زۆر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە بەرامبەر شوێنی مانەوەکەمان وەستان بەڵکو بتوانن ئێمە ببینن و سەیرمان بکەن، چونکە بەدەگمەن ڕێك دەکەوت نەژادێکی سپی پێست سەردانی ئەم شارە ئەفسانەییە بکات، ئەوان ماوەیەکی زۆر

---

(1) Tongor Jung.

(٢) Brahma Poutre ڕووبارێکە کە سەرچاوەکەی لە تبتەوە هەڵدەقوڵێت پاشان لەگەڵ ئاوی ڕووباری گـنگ تێکەڵ دەبێت بە کەنداوی بەنگاڵ کۆتایی دێت (٢٩٠٠کم درێژە).

(3) Shamballa.

بەوپەڕی حەوسەڵەوە چاوەڕوان بوون، ئێمە بانگهێشت کراین بەیانی ڕۆژی دوایی، کاتژمێر دەی تەواو بچین بۆ پەرستگای شار و هەروەها داوامان لێکرا هەرشتێکمان پێویستە بیڵێین و هیچ کەم و کورتییەکمان نەبێت، ئەوان وتیان تێکڕای دانیشتووانی شار لە ئەنجامدانی هەر جۆرە خزمەتێك بە ئێمە، لەڕادەبەدەر شاد و خۆشحاڵن و بەس بوو داخوازییەکانمان رابگەیەنین.

ئێمە بۆ هەر کوێیەك دەچووین، پاسەوانمان لەگەڵدا بوو، پاسەوانێك ئێشککگری بەر دەرگای شوێنەکەی ئێمە بوو تاوەکو کەسانێکی پەیجۆر لەو ناوە دووربخاتەوە، چونکە دانیشتووانی لەهاسا نەریتیان وابوو بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت هاتوچۆی ماڵی یەکتر بکەن، حزوری ئێمە لەو شارەدا، بەتاکە سەرگەرمی و سەیرانی ئەوان هەژمار دەکرا و ئێمە بە هیچ جۆرێك نەماندەتوانی پەیجۆری ئەوان سەرکۆنە و یاخود هەست بە ناڕەحەتی بکەین.

کاتێك یەکێکمان بە تەنها لەماڵ دەچووە دەرەوە، کەسانێکی پەیجۆر لە دەوری کۆدەبوونەوە و هەوڵیاندەدا دڵنیابن کە ئەو بەڕاستی بوونێکی دەرەکیی هەیە و لە وەهم و خەیاڵ و هەوا دروست نەکراوە! هەندێ جار وا ڕێك دەکەوت ئەم جۆرە (پشکنینە) یا باشتر وایە بڵێم ((لێکۆڵینەوە)) بۆ کەسێك کە ((تا ئێستا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکراوە)) تا ئەندازەیەك تاقەت پڕوکێن و قبووڵنەکراو و مایەی ئازار بوو.

سبەینێ، ئێمە زوو لە خەو هەستاین لەکاتێکدا تەواو پشوومان دابوو، هەنوکە ئیدی ئامادەی رۆیشتن بووین بۆ پەرستگای شار تاوەکو چاومان بکەوێت بە راهیبی گەورە و دۆستی دێرینمان کە دوو رۆژ زووتر لە ئێمە بۆ پەرستگاکەی گەڕابوویەوە، لەکاتێکدا لەگەڵ پاسەوانەکەماندا، سنووری شارمان بەجێدەهێشت، وادەهاتە بەرچاومان تێکڕای دانیشتووانی لەهاسا لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوە تاوەکو بە شانازییەوە بەڕێمان بکەن.

کاتێك گەیشتینە پەرستگاکە، راهیبی گەورە بەپەلە هاتە پێشوازیمان، ئێمە بەسەرسامی و خۆشحاڵییەوە بینیمان ئەمیل و ماریش لەپاڵ ئەودا حزوریان هەبوو، دیداری دووبارەمان، بەڕاستی گەرم و دڵگیربوو، راهیبی گەورە، بیچم و قیافەی پیاوێکی گەنجی کامڵی پەیداکردبوو، ئەو گوتی: بێ ئەندازە تامەزرۆی چاوپێکەوتنی ئەمیل یا یەکێکی تر لە مامۆستا بەڕێز و مەزنەکانی ئێمە بووە، وادیارە بە ئاگایی لەوەی کە هێشتا زۆر عەیب و کەم کورتی کە لە وجودی خۆیدا هەیەتی، بەنیازبوو سەبارەت بەم مەسەلەیە لەگەڵ مامۆستاکاندا دیسان قسە و گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بەدەست بێنێت، ئەو هەروەها زانیاری نوێتری دەربارەی ئەو ماڵەی لە زەوی قووت کرابوویەوە بە ئێمە بەخشی، چونکە ئەو شارۆچکەیە، بە شوێنی

دانیشتنە ئایینییەکانی ئەو دەژمێردرا، ئێمە بینیمان ئەو بە زمانێکی ئینگلیزی پاراو دەدوێت بەبێ ئەوەی هیچ هەڵە و کەم کورپییەکی پێوە دیاربێت، ئێمەش بە باشی دەمانبینی، کە ئەو تامەزرۆیە زانیاری زیاتر بەدەست بێنێت و چەند وانەیەك لە مامۆستاکان فێر بێت، ئێمە چووینە ناو لاماکەدەکەی ئەو لە شوێنێکی تەواو راحەت و دڵگیردا لێی دانیشتین.

راهیبی گەورە، رووی لە ماری کرد و گوتی: هێز هەمان نمایشکردنی ئەسڵی چالاکی خودایە، چالاکی کامڵ و بێ نوقسانی خودا، هەرگیز لەڕادەبەدەر، یا لە ئەندازە کەمتر، نمایان و ئاشکرا نابێت، خواوەند هەرگیز عەیب و کەم و کورتیی نییە و هەرگیز ناکارا نییە، ئەسڵی ئیلاهی هەمیشە بەشێوەیەکی بنیاتنەر و پۆزەتیڤ کاردەکات، هەربۆیە من فەرمان بەسەر خۆمدا دەدەم کە خۆم لە هەماهەنگی لەگەڵ ئەسڵی کارای خودا و تەنها لەگەڵ ئەودا، بناسێنم.

ماری کە لە ئەندێشەکانی ئەو گەیشتبوو، سەری قسەی دامەزراندو گوتی: ئێوە دەتوانن هەنگاوێکی زیاتر هەڵبگرن و هەر بەو دیقەتەوە رایبگەیەنن: ((من ئەم مەشخەڵە ئیلاهییە لەناو لاشەی فیزیکی خۆمدا پەخش دەکەم)) بەم جۆرە، ئێوە دەگۆڕدرێن بۆ ئەم رەگەزە پاك و بێگەردە کە تەنها ئەسڵی ئیلاهی، توانای دیتنی ئەوی هەیە، پاشان پێویستە ئێوە ئەم ئەسڵە قبووڵ بکەن ویژدان و شعوری هۆشیارتان هێندە پەرەپێبدەن تا ئەوەدەمەی شێوەی خۆی بۆ ویژدانی ئیلاهی دەگۆڕێت، هاوکات لەگەڵ ئەم کارەدا، ئێوە لەگەڵ خواوەندا یەکدەگرن و خودایی دەکەن، لەم ساتەدا، لەگەڵ زاتی پاکی ئیلاهی دەبن بە یەك، مرۆڤ بە قەڵەمڕەوی باڵاوە پەیوەستە، ئەو شوێنەی لەگەڵ جەوهەری هەموو شتەکاندا یەکدەگرێت و هیچ جیاوازی و دووبەرەکییەك بوونی نابێت، مرۆڤ بەڕاستی ئیلاهییە، ئایا نابینن کە خودی مرۆڤە کە دەتوانێت ئیلاهی یا شەیتانی بێت؟ ئایا نابینن کە ئەگەر لە چوارچێوەی لەرینەوەی خودا بژیێت، ئەم شوێنە دەتوانێت بە تەواوی هی ئەو بێت و ببێتە قەڵەمڕەوی ئەو؟ ئەم تاکە شوێنە زانستییە، تەنها قەڵەمڕەوی مرۆیی، تاکە شوێنێکە مرۆڤ دەتوانێت خۆی بەیان و گوزارشت لێبکات و لەگەڵ ئەودا بەیەکبوون بگات.

لەم کاتەدا، مرۆڤ بێ گومان لەو ئایدیا و بۆچوونانەی کە مرۆڤە فانییەکان لەمەڕ ئەم شوێنە لەزەینی خۆیاندا هەیانە، تێدەپەڕێت.

لەم حاڵەتەدا، ئایا نابینن کە لە قەڵەمڕەوی خوداییەوە سەرچاوەتان گرتووە و پەیوەست نین بە هیچ ئەهریمەنێکەوە کە لەڕێی خەیاڵی مرۆییەوە ساز و ئامادەکراوە؟ کەواتە دەگەینە ئەم ئاکامە بەگوێرەی ئەنجامگەلێکی تەواو زانستی و لۆژیکی، مرۆڤ ئیلاهییە، بەڵام ئەم ئازادی و توانستەی

هەیە کە لە زەین و بەکۆمەکی هێزی خەیاڵکردنییەوە لە قەڵەمڕەوی خودایی بێتە دەرەوە و بۆ کەڵك لێوەرگرتنی کەسی خۆی، قەڵەمڕەوێکی شەیتانی چێبکات کە بەلای خۆیەوە زۆر بە واقیعی دێتە بەرچاو، مرۆڤایەتی هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی کە لەو شوێنەدا کە حزوری هەیە، بپارێزێت، یاخود بکەوێتە خوارەوە، هەڵبژاردنێك زیاتری لەبەردەمدا نییە، تەنها یەك نیاز، یەك ئامانج، یەك حەقیقەت و دواجار یەك مەعریفە بوونی هەیە و هەر ئەوەش ئێوە ئازاد دەکات، ئێوە بەپێی هەڵبژاردنەکەتان، دەتوانن خودایی یان کۆیلە بن.

تکا دەکەم تەنها بۆ چەند ساتێك بوەستن و بیر لە گشتێتی و جیهانگیربوونی خودا بکەنەوە، واتە هەمان عیلەتی یەکەمی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی، لەگەڵ مەیدانێکی عەمەلی جیهانگیردا، هەوڵبدەن لەڕێی ئەوەوە گەمارۆ بدرێن، هەوڵبدەن لە ئاست ئەم ئەندێشە و بیروباوەڕەدا بە وەفاداری بمێننەوە، تەنها یەك خودا بپەرستن، تەنها یەك حزوری هەمیشە بە توانا و دەسەلات پەرستش بکە! دواتر دەبینن کە لەرینەوەی مرۆیی لاشەتان شێوەی خۆیان بۆ لەرینەوەی ئیلاهی یا بەرایی دەگۆڕن، بژین، بیربکەنەوە، کامڵ بن و تەنها لەگەڵ ئەم لەرینەوەیەدا یەکبگرن، لەم حاڵەتەدایە کە بەڕاستی حاڵەتی سوجدە و ستایش وەردەگرن، مرۆڤ دەگۆڕدرێت بۆ ئەو شتەی کە دەیپەرستێت، بۆ ئەو شتەی کە وەك سەرمەشق و ئایدیال یا هەمان کەماڵی خوازراوکە بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ئەم مەسەلەیە لەمەڕ تێکڕای بوونەوەرە مرۆییەکانیش ڕاست و دروستە، تەنها یەك خودا هەیە، تەنها یەك مرۆڤ هەیە، یەك پەیوەندی هەیە و یەك خانەوادەی گشتی کە تێیدا، هەموو مرۆڤەکان برا و خوشکن و یەکێکن. هیچ مەوجودێك ناتوانێت خودا بەشێوەیەکی کەسی یا وێنەیەکی فەردی لێبکات و بەیانی بکات، خودا گشت و ڕەهایە کە هەموو شتێکی لە خۆیدا جێکردۆتەوە و بەسەر هەر شتێکدا زاڵە، هەر هێندەی خودامان لە کەسێکدا بەرجەستە کرد، گوناهی بت پەرستیمان دەدرێتە پاڵ، بەم پێیە مرۆڤ ئامانج و کەماڵە خوازراوەکەی لەدەست دەدات و تەنها بتێکی پووچ و بێ کەڵکی لەدەست دایە، ئەم کەماڵە خوازراوە فریاد ڕەسێکی مردوو یا خودایەکی مردوو نییە، پێویستە هەمیشە خودا بە زیندوو ئەکتیڤ بزانن لەسەر ئەم باوەڕە بن و بزانن کە مرۆڤ ئیلاهییە، ئەم خاڵە بایخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم مەعریفە ئیلاهییە بە وجودی ئێوە دەژمێردرێت، ئەمە ڕێگەتان پێدەدات کە ڕۆحی خودایی یا هەمان فریادڕەستان گیانی تێبکەوێت و لەگەڵ ئیوەدا یەکبگرێت، ئێوە ڕۆحی خواییتان لە وجودی خۆتاندا هەیە و ئەم ڕۆحە خودابییە، بە ئەنگێزەیەك بۆ سەرجەم کار و کردەوەکانی ئێوە لە سەراپای ژیانتانا دێتە هەژمار، ئێوە خۆتان دەبنە مایەی رزگاری خۆتان، ئێوە ((خودێتی)) واقیعی خۆتان بۆ هەمیشە

رزگار دەکەن و پاشان لەگەڵ خودای جیهاندا یەکبوونێکی خوازراو پەیدا دەکەن بە پەرستن، بەخۆشویستن و ڕێزگرتن و ستایشکردنی ئەم کەماڵە خوازراوە، ئاوێتەی وجودی خۆتانی دەکەن و خودا لە بوونی شاراوە و نهێنی ئێوەدا، ئەکتیڤ دەبێت)) لێرەدا بابەتی قسەکردنەکە گۆڕا و ئێمە کەوتینە بیری ئەوەی بۆ ((شامپالا)) بڕۆین، راهیبی گەورە پرسیاری کرد ئایا ئەویش مۆڵەتی هەیە بێت؟ لە وەڵامدا وتیان کە ئەو دەیتوانی ئەم کارە بێ هیچ گرفتێك ئەنجام بدات، بەمەرجێك بتوانێت جەستەی خۆی رەها بکات و پاشان سەرلەنوێ وەریبگرێتەوە، هەرچۆنێك بێت، بڕیاردرا گرووپی مامۆستاکان هەر ئەو شەوە بۆ شامپالا بەڕێ بکەون، ئێمەش بڕیارماندا کە ئەوان سەر لە ئێوارە لە شوێنی مانەوەکەی ئێمە گردببنەوە و تۆماسیش لەگەڵیاندا بڕوات، لەڕاستیدا هەرواش بوو، ئەوان کەمێك دوای گەڕانەوەی ئێمە بۆ شوێنی خۆمان، لەوێ ئامادەبوون، دوای وتووێژێکی کورت، ئەوان لەڕێی دەرگای ژوورەکەوە چوونە دەرەوە و تا ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوانمان نەبینی و هیچ هەواڵێکمان لێیان نەبوو.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئێمە کاتەکانمان تەرخان کرد بۆ کێشانی ئەو وێنانەی لەسەر دیواری پەرستگاکە هەڵکۆڵرابوون، رۆژێك کە سەرقاڵی گەڕان و پشکنین بووین لە یەکێك لە ژێرزەمینەکانی ئەم پەرستگایەدا، تابلۆیەکی زۆر کۆنی مەڕمەڕمان دۆزییەوە، ئێمە ئەومان لەژێر جۆرەها کەرەستە و پێداویستی بێ کەڵك و کەل و کۆمدا دۆزییەوە، ئێمە ئەومان بردە دەرەوە بۆ ئەوەی بیسڕین و پاکی بکەینەوە، دوای ئەم کارە، جوانی ئەو تابلۆ بەردینە و ئەو نەخش و نیگارەی زۆر بە وردەکارییەوە لەسەری هەڵکۆڵرابوو، ئێمەی بە ئەندازەی خودی ((لاماکانی)) پەرستگاکە دووچاری حەپەسان و دەست خۆشی کرد، لامایەکی پیر بۆی گێڕاینەوە لە سەردەمی منداڵیدا، ئەو قوتابی یەکێك لە لاما هەرە گەورەکان بوو کە ڕێبەری یەکێك لە لاماکەدە زۆر دێرینەکانی لە ئەستۆدا بووە، لەو ساتەوە ئەم تابلۆ، لە تاقێکی تایبەت لە دیواری ئەو لاماکەدەیەدا هەڵگیراوە، وادیارە مامۆستاکەی ئەو، هەمیشە سووربوو لەسەر ئەوەی کە ئەوان لە رۆژی دووشەممەی سەرەتای هەر مانگێکدا کاتژمێر ٩ی سەرلە بەیانی سەردانی ئەو تابلۆ مەڕمەڕە بکەن، دوای گەیشتن بەو شوێنەی تابلۆکەی لێ بوو، پێویست بوو بۆ ماوەی سێ تا چوار خولەك بێدەنگییەك باڵ بکێشێت بەسەر ئەو ناوەدا، پاشان دەنگێك لە غەیبەوە دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ئەو تابلۆ مەڕمەڕییە و باسی لەو بەسەرهات و رووداوە گرنگانە دەکرد کە لەڕێی نەخشی سەر تابلۆکەوە گوزارشتیان لێکرابوو.

بەگوێرەی ئەو دەنگە، ئەم تابلۆ مەڕمەڕییە، لنگێکی دیکەی هەبوو کە بۆ یادەوەری شارستانییەتێکی زۆر گەورە و باش، هەڵکۆڵرابوو، ئەم شارستانییەتە چەند سەد هەزار ساڵ لەوەو

پێش لە گەشەکردندا بووە و بەشێکی گەورەی لە کیشوەری ئەمەریکای ئێستای لەخۆگرتووە، ئەم ئاوازە موزیکییە درێژەی دایە و گوتی کە تابلۆی دووەمی جمکی ئەم تابلۆیە هێشتا بوونی هەیە و دەکرێت لە زێدی خۆی و ئەو شوێنەی تێیدا دروست کرابوو، دەست بخرێت، ئەم تابلۆیە دەیتوانی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر بێت لەسەر بوونی ئەم ناوچە دێرینە.

ئێمە لە هەموو ئەو زانیارییانەی ئەو دەنگە خۆشە بۆی ((چڕین)) چەند یادداشتێکمان نووسییەوە، چەند ساڵێك دوای ئەم بەسەرهاتە، ئەم تابلۆ جمکەمان لە دیوارێکدا دۆزییەوە، ئەو تابلۆیە رێك لەو شوێنەدا بوو کە دەنگی تابلۆ ئاواز خوێنەکە بۆی دەستنیشان کردین، ئەو دیوارە، بەشێك بوو لە پەرستگایەکی کۆن کە حاڵی حازر وەك وێرانەیەك لە ئەمەریکای ناوەندی بوونی هەیە، مرۆڤ بەم نموونە دیارە دەتوانێت تێبگات بە چ شێوەیەك هەندێك لە حەقیقەتەکان راستەوخۆ و بێ هیچ نێوەند کارێك، لەڕێی ئەفسانە و گۆرانییەوە، ئاشکرا دەبن.

گرنگی دانی ئێمە بە ئەم تابلۆیە و ئەو ئەفسانەیەی کە بەدرێژایی گۆرانی وتنەکە دووبارە بوویەوە، دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساندین کە دەستمان بگات بە کۆمەڵێك دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی دیکە کە کۆمەکییەکی زۆر بە ئەرزش و بە نرخی لە لێکۆڵینەوەکانی دواترماندا پێ گەیاندین، ئەم رووداوە، رۆڵێکی چارەنووسسازی دیکەی بۆ ئێمە گێڕا و بوویە مایەی ئەوەی دەرگای ژووری ئەرشیفی کۆشکەکەی دەلایلاماش بەڕووماندا بکرێتەوە، ئێمە هەروەها لە بەهرەیەکیتر بەهرەمەندبووین توانیمان چاومان بکەوێت بە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی زۆر نهێنی و مەحرەمانە کە لە پەرستگاکەدا دەپارێزران و بۆ سەدان ساڵ لەوەو پێش دەگەڕانەوە، لەڕاستیدا شایانی باسە کە پاسەوانەکانی ئەم بەڵگەنامانە، لە بەها و نرخی ئەم جۆرە بەڵگەنامانە تەواو بێئاگابوون تەنانەت لە هەندێك لە بەڵگەنامەکانی ژووری ئەرشیفەکەش تەواو بێ ئاگابوون، ئەمە یارمەتییەکی گەورە بوو کە لەلایەن ئەو سرودە ئەفسانەییەوە بە ئێمە گەیشت و ئێمەی بۆ لای ئەو دیکۆمێنتە گرانبەهایانە ئاڕاستە کرد، جگە لە تابلۆ، دیکۆمێنتەکان، تەنها وێنەی کۆپی کراوی نووسراوە ئەسڵییەکان بوون بەڵام کۆپی کردنەکان زۆر چاك و بە باشترین شێوە ئەنجام درابوون، بەجۆرێك کە دواتر یارمەتی ئێمەیاندا، سەرکەوتوو بین لە دۆزینەوەی دەقە ئەسڵییەکاندا.

* * *

## بەشی نۆهەم

سبەینی دەمەو نیوەڕۆ بەشێوەیەکی فەرمی ئاگادارکراینەوە کە دالای لاما ڕێزی لێناوین و لە کۆشکەکەیدا پێشوازیمان لێدەکات، ئەو شەوە راهیبی گەورە هات بۆ میوانخانەکەی ئێمە و چەند راسپاردەیەکی لەمەڕ ڕێوڕەسمەکەی رۆژی دوایی بە ئێمە گەیاند، ئەو یەکجار خۆشحاڵ بوو لەوەی کە مۆڵەتی شەرافەتمەندبوونیان بە ئێمە دابوو بەبێ ئەوەی دواخستنی هەمیشەیی و باو، لەمەڕ ئێمە پەیڕەوبکرێت، ئەم رێزلێنانە گەورەیە، دەسبەجێ دوای گەڕانەوەی تەتەرێك هاتبووە دی کە رێزداری گەورەیان ئاگادارکردبوو دیدار لە شاری شامبالا بەوپەڕی باشی بەڕیوەچووە، دەربارەی گەشتەکانی ئێمە قسەیان بۆ دالای لاما کردبوو هەروەها دەربارەی بەسەرهاتەکانمان لەو گوندەی کە ئەو خانووە بچووکەی لە زەوی لێڕوابوو، باسیان بۆ کردبوو.

ئێمە زۆر تامەزرۆ بووین باشترین کاریگەری مومکین لە خۆمان بەجێبێڵین چونکە داوای ڤیزای درێژخایەنمان کردبوو بۆ ئەوەی بتوانین لە سەرتاسەری ئەو وڵاتەدا درێژە بە کارەکانمان بدەین، دەسبەجی هەواڵیان پێداین کە قایمقامی ئەو هەرێمە یا (بوگۆدۆ-لاما)[1] تاوەکو بەر لە نیوەڕۆ دێتە لای ئێمە لەڕێی تەتەرێکەوە ئاگادارکراین هەرچییەك پێویست بێت و لە توانایدا بێت بۆ یارمەتیدانی ئێمە ئەنجامی دەدات، ئەم مەسەلەیە بەڕاستی بوویە مایەی سەرسامی ئێمە، تەواو بەڵگەنەویست بوو کە رۆژی دوایی، بۆ ئەندامانی گرووپکەی ئێمە، رۆژێکی پڕکار و جموجۆڵ دەبێت.

ئێمە بەیانی زوو لەخەو هەستاین لەگەڵ گرووپێکدا چووین بۆ پێشوازی قائیمقامی هەرێمەکە بۆ ئەوەی سڵاوی لێبکەین.

---

(1) Bogodo-Lama.

قائیمقام وادیاربوو زۆر خۆشنود بوو لەم کارەی ئێمە و بانگهێشتی کردین لەگەڵیدا بڕۆین و میوانی ئەو بین، ئێمە بانگهێشتەکەی ئەومان قبووڵ کرد، بە گەیشتنە ئەو شوێنەی قائیمقام مەبەستی بوو، ئێمەیان تاوەکو ژوورەکانی کۆشکی دالای لاما ڕێنمایی کرد، لەولاّ ئێمە ڕاستەوخۆ بۆ شوێنێك چووین کە بڕیار بوو یەکەمین ڕێوڕەسمی بەرایی بۆچوونە خزمەتی دالای لاما سازبکرێت کاتێك گەیشتینە ئەوێ، سێ لاما لەسەر کورسی بەرز و بە گوڵ نەخشێنراو دانیشتبوون، لەکاتێکدا لاماکانی تر کە وادیاربوو پلە و پایەیەکی نزمتریان هەبوو لەسەر زەوی و لەباری ((سامادی)) ((یا تێڕامانی ڕەها)) دانیشتبوون، دوولاما بە جل و بەرگی سووری خەتدارەوە، لەسەر سێ پای بڵند، وەستابوون و مژوڵی ئاڕاستەکردنی سرود خوێندنی ئەوانی دیکە بوون، دۆستەکەی ئێمە جەنابی ڕاهیبی گەورە، لەسەر کورسییەکی شکۆمەند دانیشتبوو کە کەپرۆکەیەکی تایبەتی بەڕاسەرەوە بوو کە تەنها لەکاتی ڕێوڕەسمە فەرمییەکاندا بەکاردەهێنرا، ئەویش چاوەڕێی هاتنی قائیمقامی هەرێمایەتی بوو.

حەوشە گەورەکەی ئەو لاماکەدە، بۆ ئەو هەلومەرجە فەرمییە، بەشێوەیەکی زۆر پڕ شکۆ ڕازێنرابوویەوە، لە کۆمەڵە وێنەیەکدا، چەند دیمەنێك کە لە ساڵی ١٤١٧ ڕوویاندابوو و لە میانەیدا تسونگ- کاپا لەسەر میحرابە بەردینەکەی پەرستگاکەی دەردەکەوت، پیشان دەدران.

لە وێنەکانی دیکەدا دیسان ئەویان پیشان دەدا کە مۆچیاری خەڵکی دەکرد دەربارەی گەورەیی ئەو کارانەی مرۆڤ ئەنجامیان دەدات پاشان وێنەی ئەویان کێشابوو لەکاتێکدا گۆڕانی بەسەردا دەهات و ئەوەدەمەش کە بەلاشە فیزیکییەکەیەوە بۆ ڕەهەندێکی تر عروجی دەکرد وێنەکێشرابوو، پاشان وێنەی ئەویان کێشابوو لە حاڵەتێکدا کە بۆ سەر زەوی دەگەڕایەوە تاوەکو ((سیستەمی زەردەکان)) یا کەنیسەی ریفۆرم و کراو تۆکمە بووی تبت بنیات بنێت، ئەم سیستەمە نوێیە، ڕێباوەڕێك بوو کە شاری لەهاسا و ئەو کۆشکە، بە سەنتەر و کرۆکی ئەسڵی ئەو ڕێباوەرە دەدرانە قەڵەم. پاش چەند خولەکێك، قائیمقام لەگەڵ هاوڕێکانیدا هاتنە ناو هۆڵەکە و ڕاستەوخۆ بەرەو تەختی ڕاهیبی گەورە چوون، ڕاهیبی گەورە بەرلەوەی قائیمقام بگاتە لای، لە کورسییەکەی هاتبووە خوارەوە، ئەوان لە پاڵ یەکتردا وەستان تاوەکو پێشوازی لە ئێمە بکەن، پاشان بڕیاربوو لەگەڵیاندا بڕۆین بۆ بارەگای سەرەکی و ئەو شوێنەی کە دالای لامای لێ نیشتەجێ بوو، هۆڵە گەورەکە، بە فەرشی دیواری زۆر گرانبەها و شکۆدار ڕازێنرابوویەوە، کە هەموویان لە ئاوریشم و حەریر چنرابوون، سەرجەم کورسی و قەنەفەکانیش لە تەختەی زەرد و بریسکەدار دروستکرابوون.

ئێمە لەگەڵ پاسەوانەکەماندا، ساتێك لە بەرامبەر شکۆداری گەورە، لەسەر چۆك دانیشتین و ڕێزمان نواند، پاشان هەستاین و ئێمەیان بانگهێشت کرد دابنیشین، راهیبی گەورە دەستی بە قسەکردن کرد و لەجیاتی ئێمە دواو و ئەنگێزەی گەشتەکەمانی بۆ ئەو ناوچەیە بەیان کرد.

دالای لاما لە شوێنی خۆی هەستا و داوای لێکردین لێی نزیك بینەوە، راوێژکارێك لە ئێمە نزیك بوویەوە و ئێمەی بەرەو شوێنێك کە دەبوو لێی دابنیشین و لەڕیزی پێشەوەی ئامادەبوواندا بوو، ڕێنمایی کرد.

راهیبی گەورە و قائیمقام، هەرکامیان لە کۆتایی ئەو ریزەدا کە ئێمە پێکمان هێنابوو، راوەستان، دالای لاما لە تەختی فەرمانڕەواییەکەی هاتە خوارەوە و لە بەرامبەر ئێمەدا وەستا، ئەو گۆچانی فەرمانڕەوایەتییەکەی لە یەکێك لە راوێژکارەکان وەرگرت و بەدرێژایی ریزەکەی ئێمە کەوتەڕێ لەکاتێکدا بەهێواشی نوکی گۆچانەکەی دەهێنا بە تەوێڵی هەر یەکێکماندا، پاشان بە یارمەتی راهیبی گەورە وەك وەرگێڕ، بەخێرهاتنی کردین، ئەو گوتی ئەمە شانازییەکی گەورەیە بۆ ئەو کە ئێمە میوانی ئەو بین لە شاری لاهاسا و وڵاتی تبت.

ئەو داوای لێکردین خۆمان وەك میوانی ڕێزداری وڵاتەکەی بدەینە قەڵەم و خۆمان بە میوانی هێژای میللەتەکەی بزانین و تا هەر کاتێك دەمانەوێت لەوێ بمێنینەوە و لە ئایندەشدا هەر کاتێك ئارەزوومان لێبوو، بگەڕێینەوە بۆ لایان، وەك هەمیشە خۆمان بە میوانی گەورە و بەڕێزی ئەو بزانین.

ئێمە پرسیاری زۆرمان لەو کرد و ئاگاداریان کردین کە سبەینێ سەرلەبەیانی وەڵامی پرسیارەکانتان دەداتەوە، ئەو ئێمەی بانگهێشت کرد دیکۆمێنت و قەواڵە هەڵگیراوەکان و هەروەها تابلۆ بەردینە لەسەر یەك هەڵچنراوەکان لە ژێرزەمینی کۆشکەکەیدا لە نزیکەوە ببینین، ئەو یەکێك لە راوێژکارەکانی بانگ کرد و چەند فەرمانێکی دەرکرد کە بۆ ئێمە تەرجەمە نەکران، بەڵام بەباشی لە مەفهومەکەیان تیدەگەیشتین و بۆمان دەرکەوت ئازادی تەواومان هەیە بەبێ هیچ کۆت و بەندێك لە کۆشکەکەدا بگەڕێین، پاشان شکۆداری گەورە، ئێمەی پیرۆز کرد و بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە دەستی ئێمەی گوشی و پاشان مۆڵەتی پێداین لەگەڵ راهیبی گەورە و قائیمقامدا بۆ شوێنی مانەوەمان بگەڕێینەوە، کە گەیشتینەجێ ئەوان داوایان لێکردین بێنە ژوورەوە چونکە حەزیان دەکرد کۆمەڵە پرسیارێکمان ئاڕاستە بکەن.

راهیبی گەورە گوتی: لەو ساتەوەی کە ئێوە لەگەڵ ئێمەدا لەو گوندە چکۆلانەدا نیشتەجێ بوون، رووداوی سەیر و سەرسورهێنەری زۆر بۆ ئێمە هاتە پێشەوە، ئێمە تابلۆ بەردینەی زۆرمان لە پەرستگاکەماندا تاوتوێ کرد و بینیمان کە لە تێکرای تابلۆکاندا، باس لە شارستانییەتێکی زۆر کۆن لەناوچەی گوپی کراوە، ئێمە لەو بڕوایەدان کە سەرجەم شارستانی و بیروباوەڕە ئایینییەکان لە یەك چاوگەوە دێن ئێمە سەرەتا و سەرچاوە و بەرواری دروست کردنی تابلۆکان نازانین، بەڵام دڵنیاین کە ئایدیا و ئەندێشەکانی نەتەوە و میللەتێك دەخەنەڕوو کە هەزاران هەزار ساڵ لەوەو پێش ژیاون. ئێمە کورتەیەکی وەرگێردراومان بۆ ئێوە هێناوە کە لەڕێی لامایەکی کولی بەناوی کیزۆ-ئیبۆ[1] ئەنجام دراوە، بەیارمەتی ئێوە، پێم خۆشە ئەم کورتەیە بە دەنگی بەرز بخوێنمەوە ئێمە باش ئاگادارین کە بیروباوەڕی ئایینی ئێستای ئێمە پێشینەیەکی زیاتر لە پێنج هەزار ساڵیان نییە. ئەم بیروباوەڕانە، ئاوێتەیەکە لە بیروباوەڕی پیاوانێك کە لەو سەردەمەدا ژیاون، هەندێك لەم ئەندێشانە، ئەفسانەن، هەندێکی دیکە حەکایەت، هەندێکی دیکەشیان بە ماهیەتێکی تەواو ئیلاهی خراونەتەڕوو، وێڕای ئەمەش، لە هیچ کام لەم ئایدیانەدا، قسەیەك لەبارەی رۆحی خوداییەوە نەکراوە، لەکاتێکدا رۆحی خودایی بە بەشێك لە بالاترین کەمالی هەر مرۆڤێك دەژمێردرێت.

لە ئەندێشە و بیروباوەڕێکدا کە مامۆستا بەڕێزەکانی ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەن دەوترێت کە مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی باش و لە پێناو بەرجەستەکردنی ئەو کەماڵە خوازراوەدا بە کەماڵ بگات، چۆن دەبێت ئەم چەشنە خالانە لە زەینی ئێمە تۆرابن، لە کاتێکدا ئێمە ئەم هەموو ساڵە لە نێوان ئەواندا ژیاوین؟ هەنوکە بە لامەوە ئاسانە دەرك بکەم کە بوزا و تێکرای مامۆستا مەزنەکان هەر ئەم بیروباوەڕیان فێری خەڵك کردووە، بەڵام بە چ شێوەیەك بووە کە ئێمە بەم حاڵەتەوە، لە بایەخی واقیعی وانە وتنەوە و رێنماییەکانی ئەوان، بێ ئاگا بووین و بەسەریاندا تێپەڕبووین لەکاتێکدا تا ئەم ئەندازەیە لە نزیك ئەوانەوە ژیاون؟

ئێمە دەزانین کە ((تنسونگ-کاپا))ی خۆشەویستمان گەیشتە ئەو پلەیە لە رووناك بوونەوە و ئیشراق کە تەنها لەم رێیەدا، زۆر پێشکەوتوون، لەوانە دۆستێکی خۆشەویست و پایەبەرز کە ئەمڕۆ پێشوازی لە ئێوەکرد، من بەچاوی خۆم بینیومە کە هەر ئەم دۆستە خۆشەویستە

(1) Kisou-Abou.

چەندەها جار بەگوێرەی خواست و ئیرادەی خۆی لەبەرچاو ونبووە و دیسان دەرکەوتۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی ئاسایی زۆر مەزهەبی، بێنەوا و عاشقی رەهبانیەت و کۆمەڵگەی راهیبەکانن، بۆچی حەقیقەتیان لێ دەشارنەوە؟ بۆچی خەڵکی فێرناکەن کە یاسای هەرە گەورە و تاك و تەنها بخەنەگەڕ و خۆیان وەك ئەم یاسایە بناسێنن و لە هەڵومەرجێکی کامڵ و بێ کەم و کوڕیدا قەرار بگرن؟

من بۆم دەرکەوتووە کە لەو شارستانێتییە تاقانە و دێرینەدا، هەر کەسێك هەر تاکێك بەڕاستی ئاگای لەم یاسایە بووە و لەگەڵ ئەودا ژیاوە و خۆی لەگەڵ ئەودا شێلاوە و یەکبوونێکی تەواوی لەگەڵ پەیداکردووە، سەرجەم دەرکەوتنەکان و تەجەلیاتی دیکە، تەنها لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و جەهالەت و نەزانینی ئەو لەم یاسای کەماڵە سەرچاوە دەگرێت، ئایا ئەم یاسایە بە ئەندازەی پێویست تۆکمە نییە تاوەکو بە تێکڕای ئەندامانی خانەوادەی مرۆڤایەتی بناسێنرێت؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە نێگەتیڤ بێت، دڵنیاین خودی یاساکە نییە، بەڵکو یەکێك لە لقەکانیەتی کە لەبەرچاو گیراوە، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی، ئەم لقە فەرعییە، لە تەجلییەکی سادە لە گشتی کۆمەڵەکە لەبەرچاو بگیرێت، لە کۆمەڵگە بسەنرێت و بەجیا هێند تۆکمە بکرێت تاوەکو دەگۆڕدرێت بۆ گەردیلەیەکی تەرەبوو، بەبێ ئەوەی دژایەتی یا پەیوەندییەکی لەگەڵ سەرچاوەکەیدا هەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم گەردە بەجۆرێك لە فەزادا دەکەوێتە فڕین وەك بڵێیت لە حاڵەتی شوێنکەوتنی خولگەیەکی دیاریکراودایە. بەڵام لەڕاستیدا بە شوێن خولگەیەکدا دەگەڕێت چونکە هێشتا لە هیچ بەهرەمەند نییە و هێشتا شتێکی بۆ دیاری نەکراوە ئەم گەردە خولگەی سەرچاوەکەی هەڵدەگرێت بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەو سەرچاوەدا یەکبگرێت.

ئەمڕۆ دەتوانرێت لە کۆمەڵەی خۆردا، ملیۆنەها نموونە لەم دیاردەیە پەیدا بکەین، بەتایبەت لە ناوچەکانی نێوان ژووپیتێر و مەریخ دا، ئەستێرەگەلێکی بچووك و لە ژمارە نەهاتوو هەیە کە وادیارە بەخۆرەوە پەیوەستن چونکە بەڕوواڵەت، لەڕێرەوێکدا بە دەوری خۆردا لە جوڵە و خولانەوەدان، بەڵام لە واقیعدا شتێکی دیکەیە، چونکە ئەو ئەستێرانە تەنها لە حاڵەتی شوێنکەوتنی خولگەی ژوپیتێری باوکیاندان، ئەویش بەهۆی هێزی کێشکردنی ئەم هەسارەیە بۆ ئەوان و نەبوونی لێکچوونێك لەگەڵ خۆردا، کە لەڕاستیدا بەسەرچاوەی سەرەکی ئەوان دەژمێردرێت، ئەم ئەستێرە بچووکانە کە هاوکات لەگەڵ ژوپیتێردا لە خۆر دوورخراونەتەوە، هەرگیز نەیانتوانیووە خۆیان بە ژوپیتێرەوە بلکێنن و ببن بە یەك، بەم جۆرە

ئەوان بۆ هەمیشە لە پاڵ ژوپیتێردا درێژە بە خولانەوەی خۆیان دەدەن لەکاتێکدا هەمیشە و بەرەهایی لە چاوگ و سەرچاوەی سەرەکی خۆیان بێ ئاگا دەمێننەوە، ئێمە بەڕاستی و دروستی نازانین کە ئەم دیاردەیە، دەرەنجامی نەبوونی لێکچوونی ناوخۆیی ئەستێرەکانە لەگەڵ خۆردا.

ئایا ئەمە کەمتەرخەمی ژوپیتێرە، یا خۆر کە بە باوکی سەرەکی دەژمێردرێت؟ ئایا گوناهـ و کەمتەرخەمی ئەم کارە نابێت بدەینە پاڵ هەریەك لەگەردیلە بچووکەکان؟ ئایا مرۆڤایەتیش بەم شێوەیە؟ ئایا گوناهـ لە باوکەوەیە؟ ئایا کەم و کورتی ئەم کارە، لە کەسانێکدایە کە خاوەنی بەرزترین ئاستی هۆش و تێگەیشتنن، یا لە کەسانێکدایە خاوەن نزمترین ئاستی ژیری و تیگەیشتنن؟ ئەم گوناهە، بێگومان دەبێت بدرێـە پاڵ ئەوانەی کە خاوەن نزمترین پلەی زیرەکین، چونکە ئەوان مل نادەن بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانێکی لە خۆیان بانتردا یەکبگرن.

راهیبی گەورە، لەناکاو رووی لە ئەمیل کرد و گوتی: لەو ساتەوەی ئێوەم ناسیوە، دەبینم کە تەنها خەتای خۆم بووە کە هەر لەم گۆشە نیگا کورتبینانەدا دیل و گیرۆدە بووم، لەکاتێکدا دەمتوانی خۆم نوقمی شکۆمەندی و گەورەیی بکەم بەڵام باشتر وایە بگەڕێینەوە سەر وەرگێڕانەکەمان، چونکە بەهۆی ئەم نووسینانەوە بوو کە من گەیشتمە خاڵی بنچینەیی و گرنگی ژیانم.

((رێنمای یەکەم، علەتی گەورەی یەکەم، مرۆڤی کامڵی بینی و گوتی: ئەمەش ((یاسای هەرە گەورە)) وجود و هەستی خۆم، مەوجودێك کە توانای زاڵبوون بەسەر ئاسمان و زەوی هەموو ئەو شتانەش کە لەناویاندایە بە ئەوم سپاردووە ئەم رۆحە خوداییە، ئەم مەخلوقە کامڵە، هیچ پێویست ناکات کۆیلەی ئەندێشەیەکی فانی بێت، چونکە ((کەماڵی خوازراو))ی من، لەسەرو هەر جۆرە کۆیلایەتییەکەوەیە و لە هەمان دەسەڵاتی هاوشێوەی من بەهرەمەندە، بەم پێیە لە زمانی خودایی ئەم بەندەیەوە، لەمەڕ وجودی خۆم قسە دەکەم. من هیچ فەرمانێك دەرناکەم مەگەر ئەمەی کە! لە دڵی ئیرادەی وەدیهێنەری ئیلاهیدا، هاوکاری من بکەن تاوەکو پێویستتان بە هیچ شتێك نەبێت هەرگیز هیچ وێنەیەك لە بەرامبەر من، یا لە بەرامبەری خۆتاندا بەرزمەکەنەوە، بەم پێیە، هەرگیز سوکایەتی بە هیچ وێنەیەك ناکەن، بەڵام هێندە بەسە بزانن کە ئێوە خوداین، مەخلوقێکن کە من چێژ و خۆشەویستیم دەرژێنمە ناوی، ئێوە هەروەك من حوکمڕانی دەکەن، هەنوکە، مەخلوقی هێژا، لەمن نزیك ببەرەوە، خۆت لە وجودی مندا ئیدغام بکە و منیش لە وجودی تۆدا ئیدغام دەبم و هەردووکمان پێکەوە دەبینە خودا.

جەستەی تۆ، جەستەیەکی خوازراوی خوداییە کە بوونی هەیە و تەنانەت بەر لە نەژادی مرۆیی و بەرلەوەی شێوەیەکی بەرجەستە و لاشەیی وەربگرێت، هەبووە، جەستەی تۆ ((وجود))ی مرۆڤایەتییە و مەخلوقی خودایە، تێکڕای مرۆڤایەتی خاوەنی ئەم جەستەیە، بەمەرجێك وێنەی راستەقینەی ئەم لاشەیە قبوولّ بکات، ئەم لاشەیە، پەرستگای خودایە کە هی مرۆڤە و بۆ مرۆڤ تەواوکراوە.

هیچ وێنەیەك مەکێشن، هیچ نەخشێك لەسەر بەرد هەڵمەکۆڵن، شتێك هەڵمەکۆڵن و شتێك بەر مەبنای هاوشێوە بوون لەگەڵ ئەو بوونەوەرانەی لە ئاسمانەکان، زەوی یا لە ناوەکانی زەویدایە وێنە مەکێشن، هیچ ماددەیەك بەشێوەی وێنە یا بت لێ مەکەن چونکە هەرچی ماددەی وەدیهێنەرە بە ئێوەوە پەیوەستە تاوەکو ئەوپەڕی سوودی لێوەربگرن، هەمیشە بەشێوەیەکی سەرەمڕ لەبەردەستی ئێوەدایە و بڕەکەشی هەمیشە لە پێداویستییەکانی ئێوە زیاترە، لەبەرامبەر هیچ شتێکی دروستکراو بەدەستی مرۆڤ کڕنۆش و سوجدە مەبەن و مەبنە کۆیلەی ئەم پەیکەرانە، بەم پێیە هیچ مەوجودێکی حەسود، هیچ گوناهێك، هیچ دوژمنایەتی و ستەمێك بوونی نابێت و هیچ ناعەدالەتی و ستەمێك نادرێتە پاڵ نەوەکانی ئێوە، ئێوە بەسە کە روانینەکانتان بەوپەڕی هێز و متمانەوە لەسەر علەتی هەرە گەورە چڕبکەنەوە، ئەوددەمە لە ئایدیاڵ و بیروباوەڕ و ئەندێشەیەك کە لەمەڕ ئەم علەتە هەرە گەورەیە لە زەینی خۆتاندا هەتانە، هەرگیز کەم نابێتەوە، بەم جۆرە، عەشقێك دەخولقێنن کە لەگەڵ ئەو عەشقەی من بۆ ئێوە هەمە هاوشێوە و یەکسان دەبێت.

ئێوە دەبێت ئەم علەتە یا رێنمای یەکەمە بەرز رابگرن، بە ئاگاداربوون لەوەی کە ئەم علەتە، بە باوك و دایکی ئێوە دەژمێردرێت، بەم جۆرە ژمارەی رۆژەکانی ژیانی ئێوە لە دەنکە چەو و لمەکانی قەراغ دەریا زۆرتر دەبێت، ئێوە نابێت هەرگیز خوازیاری تێکدان، لەناوبردن، مەرگ یا بریندارکردنی شتێك یا کەسێك بن چونکە ئەم مەخلوقاتانە، لە دروست کراوەکانی ئێوە، ئەوانە بە هەمان شێوە کە من ئێوەم خۆش دەوێت خۆشتان بوێن و وەك کوڕ و برای خۆتان سەیریان بکەن.

هەرگیز کردەوەی زینا ئەنجام مەدەن چونکە کارێك کە بە کەسێکی تری دەکەیت، لەڕاستیدا بە باوك و دایك و برا و خوشك و خۆشەویستانتان کردووە، خاڵی گرنگ ئەمەیە

کە ئەوانەش دۆست و خۆشەویستی خودان، ڕێك بە هەمان شێوە کە ئێوە دۆست و خۆشەویستی ئیلاهین.

دەستی دزیکردن درێژ مەکەن، چونکە ئەگەر دووچاری دزیکردن بن لە ماڵی پەروەردگارتان رفاندووە و ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدەن، وەك ئەوەیە لە خۆتان دزی بکەن.

ئێوە نابێت شایەتی درۆ دژی هیچ کەسێك بدەن، چونکە بەم کردەوەیە، دژی هەمان علەتی سەرەکی یا هەمان خودای خۆتان گەواهی درۆتان داوە و هەروەك پێشتر وترا، علەتی سەرەکی و بەرایی لە وجودی ئێوەدا ئاوێتە بووە، هەرگیز چاو مەبڕنە ماڵی کەسێکی تر چونکە بەم کارە، بەرامبەر بە خودا چاوچنۆك دەبن، خودایەك کە لە وجودی خودی ئێوەدا ئامادەیی هەیە، بە بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی قوڵ لەگەڵ علەتی یەکەم، ئێوە خاوەنی شتێکن کە کامڵە و بەڕاستی بە خۆتانەوە پەیوەستە.

ئێوە نابێت وێنەگەلێك لەسەر کاغەزی زێڕ و زیو دروست بکەن تاوەکو ئەوانە وەك خودا و بتەکان بیپەرستن، بەسە کە خۆتان ببینن کە لەگەڵ هەموو شتە پاکیزە و پاك و ڕەسەنەکاندا پەیوەندی بەردەوامتان هەیە و ئەو دەمە، خۆشتان بە پاك و بێگەردی دەمێننەوە، لەم جۆرە کاتانەدا لە هیچ شتێك ترس و بیمتان نابێت، چونکە هیچ مەوجودێك، جگە لە خۆتان، بۆ تاقیکردنەوە، توخنتان ناکەوێت، ئێوە بە باشی دەزانن کە علەتی یەکەم، کە بەهیچ شێوەیەك تایبەت نییە و بە تەواوی ناکەسی و بێ‌ میانجییە، بۆ هەموو شتێك و هەموو کەسێك بوونی هەیە و هەموو شتێك و هەموو کەسێك دەگرێتەوە، لەم کاتەدا پێویستە میحرابێك دروست بکەن کە لەسەر ئەو، مەشخەڵی ڕێنمای یەکەم کە هەمان خواوەندی عالەمە، هەمیشە بە رووناکی بهێڵنەوە، تەنها ئاگاداربن ئاگری بتەکان و خوداکان لەو میحرابەدا هەڵمەکەن! ئێوە تێبینی دەکەن کە رۆحی خوداین و منداڵی هەمان علەتی سەرەکی بەرایی دەبن.

بە ئاگاداربوون لەم هەموو شتانە، دەرفەتی ئەوەتان دەبێت بەناوی خوداوە بێنە گوفتار، بەجۆرێك کە شیاوی دیتن و بەرجەستە بێت، ئێوە خۆتان مەخلوق و خالیقن، لە دەوروبەرتان، لە سەروتانەوە، لە خوارتانەوە، لە هەر شوێنێك خودا زیندوو ئامادەیە و دەبێت یەکبوونی خۆتان لەگەڵ ڕێنمای یەکەم تۆکمە بکەن و لەگەڵ خودا ببن بە یەك، ئاسمانەکان گوێ لە دەنگی خودا دەگرن و فەرمانبەرداری دەکەن، ئەم بانگەوازە خامۆشە کە لەڕێی مرۆڤەوە دێتە گۆ، توانای

فەرمان دەرکردنی هەیە، مرۆڤ قسە دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە خودایە کە هەمیشە لەڕێی مرۆڤەوە دێتە گۆ، هەر بۆیە کاتێك مرۆڤ قسە دەکات، ئەوە خودایە کە قسە دەکات، سەبارەت بەو قسانەی کە کردم، من ڕێڕەوی ڕەفتارێکی تایبەتم بە تێروتەسەلی بەیان کرد، ڕێڕەوێك کە بە بڕوای خۆم، زۆر ڕوون و ئاشکرایە بۆ هەر بیر و ئەندێشەیەك، وردەکاری پێویستە، بۆ هەر کردار و گوفتار و کردەوەیەك وردەکاری و وردبینی پێویستە، پێویستە لەگەڵ پرەنسیپی وردەکاریدا، پەیوەندییەکی نزیکتان هەبێت، مرۆڤ بەشێوە بەخشین بە ئایدیایەك یا قسەیەك یا کردەوەیەکی ڕێژەیی، بە سانایی پەی بەوە دەبات هەمان ئەو شتەیە کە لەبەرچاوی گرتووە، لەڕاستیدا مرۆڤ شێوەی ئایدیالی بەیان کراو دەگرێت.

بەدرێژایی ساتە تارێك و دژوارەکانی ژیانم، بەباشی ئاگادارم کە خودا بوونی هەیە و ((هەیە)) کاتێك دووچاری ترس دەبم، من بڕوام بە خواوەند، دەسنیشان و بە وردی دیاریدەکەم: خودایەك کە لە ناخی مندا حزوری هەیە و نیشتەجێ بووە، من لەم ئاگادارییە دڵنقیم و دڵنیایە، لەوپەڕی ئاسایش و ئارامیدا ژیان بەسەر دەبەم کە هەموو شتێك باش و چاکە و قۆناغی بەر کەماڵبوونم هەر لە ئێستاوە کۆتایی هاتووە، من لە زەینی خۆمدا قبووڵی دەکەم کە خودا، هەمان ئەندێشەی گشتە کە هەموو شتێکی گرتۆتەوە و لەخۆدەگرێت، هەروەها بەباشی دەزانم کە مرۆڤ، ڕۆحی خودایی لە خۆیدا هەیە و بە وێنە و شکڵی خودا خولقێنراوە، بەم پێیە لەگەڵ سەرچاوەی وجوددا، یەکێکم.

ڕۆژی ئیلهامی ڕۆحانی ڕەها، بەشێنەیی بەڵام بە دڵنیاییەوە خەریکە نزیك دەبێتەوە، من ئەم ئیلهامە هەر لە ئێستاوە قبووڵ دەکەم، ئەم ئیلهامە لێرەدایە و ئێستا و بۆ هەمیشە، لەکاتێکدا کە بە تەواوی کۆتایی هاتووە و کامڵ بووە، خوایە گیان، لەوەی کە ئەم بیروبۆچوونە هەر لە ئێستاوە، بەرزترین ئارەزوو کەماڵی داواکراوی منی بەدیهێناوە، سوپاسگوزاری تۆ دەکەم.

لەکاتی کاردا، من دەبێت هەمیشە ئاگاداربم کە بەگوێرەی یاسای بەئاگا و جاویدانەی خودا، کاربکەم، ئەمێستا لەمانای ئەم ڕستەیە تێدەگەم: ((من ئاشتی و ئارامی خۆم بە ئێوە دەبەخشم، من عەشقی خۆم دەکەمە شاباشی ئێوە من ئەم شتانە بە ئێوە دەدەم، بەڵام نەك بەو شێوەیەی کە دنیا ڕاهاتووە پێتان بدات)).

مەبەست هەمان پەرستگای واقیعی ئاشتی و ئارامییە لە وجودی هەر مرۆڤێکدا، ئەو جێیەی کە خودای جیهان و سەرچاوەی هەموو شتەکان، بەڕاستی و بێ گومان تێیدا نیشتەجێیە.

مرۆڤایەتی میحرابێکی بۆخۆی دروست کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئایدیاڵ و ئامانجی داواکراوی واقیعی کە هەمان رۆحی خودایی دەروونە بپەرستێت.

من بە خۆپەیوەست کردنم بە ئامانجی واقیعییەوە، گوێ لە دەنگی دەروونم دەگرم کە ئیلاهییە و سروشتی ئەم دەنگە، دەبێتە مایەی دڵ ئاسوودەیی، ئیلهام و دۆزینەوەی رێگایەکی راست لەکارەکانی ژیانمدا، تەنانەت کاتێك کە دوو سێ کەس لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە و بەناوی خواوەند بە یەك دەگەن ((من هەم)) هەمیشە لەناو ئەواندا ئامادەیی دەبێت، ئەم گوتانە چەندە حەقیقی واقیعیین چونکە ((من هەم)) هەمیشە لەناخی مرۆڤ دایە.

ئەگەر بمەوێت پێشڤەبچم پێویستە هەوڵبدەم و بەردەوام بم بەبێ ئەوەی ریگە بە دۆڕان و نائومێدی بدەم بەسەرما زاڵبن، من رۆحی خوداییم، رۆحێك کە خواوەند بە چێژەوە دروستی کردووە، من تەنها کەسێکم کە لە دڵمدا، ئەم حەقیقەتە دەزانم، دەیبینم و لەگەڵ خودای ئاسمانەکاندا هاوکاری دەکەم، تاقە مەخلوقێکم کە خودا دەناسێت، خواوەندی جیهان هەموو مرۆڤەکان دەناسێت چونکە هەمووان دەتوانن هاوار بکەن: ((وەدیبێن!)).

❊ ❊ ❊

## بەشی دەیەم

بەیانی ڕۆژی دوایی، لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانی راهیبی گەورەمان دەکرد، تەتەرێك گەیشتەجێ بۆ ئەوەی ئاگادارمان بکات دالای لاما کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ پێشوازی لە ئێمە دەکات، دوای ئەم هەواڵە، ئێمە خۆمان چووین بەشوێن راهیبی گەورەدا و لەپاڵ دەرگای چوونە دەرەوەی کۆشکی فەرمانڕەوایەتیدا دۆزیمانەوە، سیمای گەش و درەوشاوەبوو چونکە ڤیزایەکی فەرمی و متمانەپێکراوی لەدەست دابوو کە مۆڵەت نامەی ئێمە بوو بۆ مانەوە لەو وڵاتەدا و ئەو دەرفەتەی پێدەداین کە بەشێوەیەکی ئازاد لەو وڵاتەدا، بۆ هەر کوێیەك بمانەوێت بڕۆین. دوای خوێندنەوەی فەرمانی ئامادەبوونەکە کە لەلایەن تەتەری کۆشکەوە بۆ ئێمە هێنرابوو، راهیبی گەورە وتی: بڕیاری جەلبی ئێوە بۆ دیداری دالای لاما تەنها بۆ ئەمەیە کە بڕیاری مۆڵەتی هاتوچۆی بێ سانسۆری ئێوە لەم وڵاتەدا، بەشێوەیەکی رەسمی بەدەستی خۆتانەوە بدرێت، لەو رووەوە کە ئێمە هەموو لە دەوری ئەو گردبووبووینەوە، یەکێك لە ئێمە پێشنیاری کرد دەسبەجێ بچین بۆ هۆڵی دیکۆمێنت و قەواڵە ئەرشیف کراوەکانی کۆشك، بەم جۆرە گرووپەکەی ئێمە بەرەو ئەو شوێنە بەڕێ کەوت، کە گەیشتینە شوێنی مەبەست، رووداوێکی زۆر سەیر چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد: لەوێ نزیکەی چەند هزار تابلۆیەکی گڵین و بەڵگەنامە کە لە تابلۆی مس و برۆنز هەڵکۆڵرابوون و هەروەها چەندەها تابلۆی ناسکی تر لە جۆری مەڕمەڕی سپی کە بەشێوەیەکی زۆر قەشەنگ داتاشرابوون، بەرچاو دەکەوت، ئەمە یەکەم جار بوو دەرفەتێکی لەم جۆرەمان بۆ دەڕەخسا تاوەکو لە نزیکەوە رووبەڕووی ئەم جۆرە دیکۆمێنتە دێرینانە ببینەوە.

ئێمە بڕیارماندا هەر لەو ساتەدا لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەو تابلۆیانە دەست پێبکەین راهیبی گەورە بە ئێمەی وت کە ئاشنایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئەم تابلۆیانەدا نەبووە، بەڵام بیستبووی

کە ئەوانە ئەسڵێکی ئێرانییان هەبووە، ئەو پێشنیاری کرد بەشوێن لامایەکدا بگەڕێت کە سەرەداوی ئەم مەسەلەی لابوو، ئەو ڕۆیشت و ئێمە خەرۆبووین بە لێکۆڵینەوە لە تابلۆکان، هیچکام لە ئەندامانی گرووپەکەمان شارەزاییان لەو پیت و شێوانە نەبوو کە لەسەر تابلۆکان بوو، تابلۆکان لە دوو تەختە بەردی مەڕمەڕی سپی و زۆر قەشەنگ پێکدەهاتن کە هەریەکەیان شەش تا حەوت ملیمەتر قەبارەیان هەبوو و بە جۆرێك لە چیمەنتۆ کە نەمانتوانی دەستنیشانی بکەین، پێکەوە لێکنرابوون، نوکی ئەم تابلۆیانە، بەشێوەیەکی زۆر جوان و قەشەنگ داتاشرابوون و هەر تەختە بەردێك، پەراوێزێکی پێنج سانتیمەتری هەبوو کە بەشێوەیەکی بەرجەستە، داتاشرابوون و نەخشێنرابوون، زۆرێك لەم شێوانە، بە دانەی زێڕی خاڵص ڕازێنرابوونەوە مانشێتی سەر تابلۆکانیش لە زێڕی خاڵص بوو بەڵام بەبێ هیچ بەرجەستە بوونێك، ئەو تابلۆیانە زۆر بە وردی ژمارەیان لەسەر دانرابوو کە بەشێوەی گرووپ گرووپ دیاری دەکران و هەر گروپێك خاوەن ژمارەیەکی تایبەت بوو.

بەرواری تابلۆکان بە تاجە گوڵینە و گەڵای تاك نەخشێنرابوو، بۆ نموونە ئەگەر پێویست بووایە بەرواری یەکی کانوونی دووەم ١٨٩٤ بنووسرێت، یەکەمین مانگی ساڵ بە چڵەگوڵێك کە گوڵ غونچەیەکی لە کۆتاییەکەی خۆیدا هەڵگرتبوو، دیاریکراوە و بە بەردی یاقووت هێندەی تر جوانیان کردبوو، بە هەمان شێوە یەکەمین ڕۆژی مانگ بە چڵەگوڵێك دەنەخشێنرا کە غونچەکەی نیوە کراوەیە و بەزێر نەخشێنراوە، هەر بە هەمان شێوە ژمارە ١ لە ساڵی ١٨٩٤ بەهۆی چڵە گوڵێکەوە کە غونچەیەکی یەکجار قەشەنگ و نیوەکراوەی هەبوو، دیاریکراوە و پەڕە گوڵە هێشتا شکۆفە نەکردووەکانی بە یاقووتی شین ڕازێنرابوویەوە و ناوەڕاستی گوڵەکە لە زێڕبوو بە گەوهەرێکی بچووك کە بە زێڕ دەورە درابوو کۆتایی دەهات.

ژمارە (٨) هەشت بەهۆی گوڵێك لە ترۆپکی گەشەکردندا بە هەشت پەڕە گوڵی زێڕین بە گەوهەرێکی بچووکترەوە کە وەك کرۆکی گوڵەکە بوو، نەخشێنرابوو، ژمارە (٩) بە گوڵێك کە خاوەن نۆ پەڕەی گوڵ بوو هەموویان دەمیان کردبوویەوە دیاریدەکرا یە کێك لە پەڕە گوڵەکان بە یاقوتی سەوز، دووەم یاقوتی سپی، سێهەم بە یاقوتێکی دیکە ڕازێنرابوویەوە و ئەم ڕەوشە، سێ جار لە پەڕەی گوڵەکاندا دووبارە بووبوویەوە و پیشانی دەدا کە مرۆڤ گەیشتۆتە دوایین زنجیرەی ژماردن لە بەریتانیا، بەم جۆرە پێشەوەرە پەیوەندیدارەکان لە ژماردنی سفرەوە تا ژمارە نۆ کەڵکیان وەرگرتووە و دیسان لە یەکەوە، قۆناغی ژماردنیان دەست پێدەکردەوە. ژمارە ٤ زەمبەقێك بوو لە حاڵەتی کرانەوەدا، قەفی گوڵەکان بە یاقوتی شین کە لە

کۆتاییەکەیاندا بە چوار گەوهەری دیکە، رازێنرابوویەوە دیاربوو، بۆشاییەك کە بۆ تێکستەکە تەرخان کرابوو، لە پەڕەگوڵی تاك و لول و پێچ خواردوو کە بەزێڕ ئاودرابوو و گەڵاکانی بە یاقووتی سەوز نەخشێنرابوو وە هەرکام لەم وردەکارییانە، بەوپەڕی سەلیقەوە ئەنجام درابوو هەر تابلۆیەك، وەك گەوهەرێکی گرانبەها و بێ عەیب خۆی دەنواند، جۆری تابلۆکان و شێوازێك کە بۆ مێژوو دیاریکردن بەکاریان هێنابوو، ئەوەی پیشان دەدا کە تابلۆکانیان لە سەردەمی ئەتلانتیکدا دروست کردووە، گەربێتو ئەوانەیان بە مەبەستی فرۆشتن لە خۆرئاوا، دەخستە بازاڕەکانی جیهانەوە، هەر کام لەوانە دەیتوانی خوێنی شایەکی بەدەسەڵاتی پێبدرێت، لەکاتێکدا ئێمە نوقمی خەیاڵات بووین، راهیبی گەورە لەگەڵ ئەو لامایەدا گەیشتەجێ.

پیاوە لاماکە، زۆر پیر و بەساڵاچوو بوو، وادیار بوو بەرپرسیارێتی پاراستنی تابلۆکانی لە ئەستۆدا بوو، ئەو سەرگوزەشتەی ئەم تابلۆیانەی بۆ ئێمە گێڕایەوە و ئەم سەرگوزەشتەیە بەجۆرێك ئێمەی کەمەند کێشی خۆی کردبوو کە ئەو راهیبەی هاوڕێیەتی ئەوانی کردبوو بۆ لای ئێمە، ناچاربوو دیدارە گرنگ و بە ئەرزشەکەمان لەگەڵ دالای لامادا بخاتەوە بیر، کاتی رۆیشتنمان نزیك دەبوویەوە و پێویست بوو بەر لە شەرەفمەند بوون، جل و بەرگی فەرمیمان لەبەربکردایە ئێمە گەڕاینەوە بۆ شوێنی مانەوەکەمان و لەوێ بینیمان بۆ هەریەکێکمان کراسێك، پێش وەخت ئامادەکراوە، لەگەڵ ئەمەشدا، شێوازی لەبەرکردنیان کێشەی بۆ دروست کردین، کات بەڕادەیەك بەخێرایی تێپەڕی کە ئێمە دواجار بڕیارماندا دەست بدەینە کارێکی بوێرانە و ئەو سیپاڵانە هەر جۆرێك بووە بپۆشین، ئێمە دواتر تێگەیشتین هەندێکمان سیپاڵەکانیان دروست لەبەرکردبوو لەکاتێکدا ئەوانی دیکەمان بەرەو پشت لەبەریان کردبوو، هەر کە گەیشتینە کۆشکی فەرمانڕەوایی ئێمە چووینە ژوورەی دالای لامان بینی بۆ هۆڵی بارەگاکە، ئەو هاوڕێ لەگەڵ پاسەوانە تایبەتەکانیدا لەڕێی دەرگا گەورەکەوە هاتە ژوورەوە، ئێمە دڵنیاین کە زەردەخەنەیەکی قەشەنگ لە سیمای رێزداری ئەودا دەبینین.

بەڵێ، ئێمە قیافەیەکی جدی و ماقوڵمان لەخۆ گرت تاوەکو چاوەڕێی کرانەوەی دەرگای لاتەنیشتی هۆڵەکە بین، ئەو هێمایە، نیشانەی ئەمە بوو کە دەتوانین بچینە ناو هۆڵەکە، دەرگاکە دوای چەند خولەکێك کرایەوە و ئێمەیان بەرەو هۆڵێك برد کە بەشێوەیەکی زۆر شکۆدارانە رازێنرابوویەوە کە تا ئێستا شتی لەو جۆرەمان بەچاو نەدیتبوو، سەقفی هۆڵەکە بەشێوەی گومەزی بوو کە سێ دەلاقەی گەورەی تێدابوو کە تیشکی رۆژیان لێدەهاتە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵەکە و بەشێوەیەکی سەیر و سەرسوڕهێنەر ئەو ناوەی رووناك دەکردەوە.

دیوارەکان بە تەواوی بە فەرشی دیواری گرانبەها داپۆشرابوون کە هەموویان بە تاڵی زێر چنرابوون و بە کەلاَفەی بریسکەدار نەخش و نیگاریان لەسەر چنرابوو، لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا، دالای لاما، لەسەر تەختێکی بەرز کە بە پارچە قوماشی زێڕین داپۆشرابوو، دانیشتبوو، ئەو سیپاڵێکی لەبەردا بوو کە بەتاڵە دەزووی ئاڵتوونی دورابوو شاڵێکی سووری ئەرخەوانی و پارچە قوماشێکی نوقرەیی دابوو بەسەر شانیدا، راهیبی گەورە لەگەڵ لامایەکدا، ئێمەی بۆ بەرامبەری ئەو رێنمایی کرد و وەك جاری پێشوو، دەستەو نەزەر هەریەکەیان لەم سەر و ئەو سەری ریزێك کە ئێمە پێکمان هێنابوو وەستان، دوای چەند رستەیەکی بەخێرهێنان، دالای لاما لەسەر تەختی پاشایەتی هاتە خوارەوە و لە بەرامبەرماندا وەستا لە کاتێکدا دەستەکانی هەڵبڕیبوو، ئێمە هەمووومان لەسەر چۆك دانیشتین تاوەکو خێر و بەرەکەت و نزاکانی ئەو بمانگرێتەوە. کاتێك هەستاینە سەر پێ ئەو بەرەو لای سەر گرووپەکەمان چوو و لەرێی وەرگێڕێکەوە چەند قسەیەکی کرد و پاشان گوڵێکی لەبەرۆکی دۆستەکەی ئێمەدا، ئەو گوتی: ئەم گوڵی سەرسنگە رێگە بە ئێوە و هاوڕێکانتان دەدات کە بەوپەڕی ئازادییەوە لە وڵاتەکەی مندا خەریکی گەشت و گەڕان بن، ئێوە دەتوانن بۆ هەر جێگایەك کە دەتانەوێت بڕۆن، من هەروەها ئەم نیشانەی رێز لێنانە کە پلەوپایەی هاووڵاتییەکی تبتی بە ئێوە دەبەخشێت، دەدەم، من نازناوی ئاغای بیابانی گەورەی گوبی دەبەخشم، ئەو پاشان بەدرێژایی ریزەکەی ئێمە کەوتە پیاسەکردن و گوڵە سینەیەکی هاوشێوەی گوڵ سینەی سەر گرووپەکەمان بەڵام بچووکتری دا لە بەرۆکی هەریەکێکمان و گوتی: تکا دەکەم ئەم خەڵاتە وەك نیشانەی رێز و دۆستایەتی من قبووڵ بکەن. ئەم شتە دەرگای تێکرای خاکی تبت بەڕووی ئێوەدا واڵا دەکات و وەك نهێنی شەو، بۆ هەر شوێنێك بڕۆن، کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئەو پاشان لولەیەك کە دیبلۆمی فەخری تێیدا پێچرابوویەوە لەدەستی راهیبەکە وەرگرت دایە دەستی سەرگرووپەکەمان، ئەو گوڵە سینە، بەڕاستی شکۆدارانە لە ئاڵتون دروست کرابوون لە ناوەڕاستەکەیدا، وێنەی دالای لاما، بەشێوەیەکی بەرجەستە لەسەر بەردێکی یاقوت هەڵکۆڵرابوو، ئەو وێنەیە لەڕادەبەدەر سروشتی و زیندوو هەروەك خودی دالای لاما جیلوەی دەکرد، دالای لاما و دەست و پێوەندەکەی و ئەوانەی دەوروبەری بێ ئەندازە مەحبەت و نەرم و نیانی و دۆستایەتیان بەرامبەر ئێمە نواند و ئێمە نەمانتوانی هیچ کارێك لە ئاست ئەم رەفتارە جوانەدا ئەنجام بدەین جگە لەوەی سوپاسگوزاری خۆمان دەربڕین و بڵێین (مەمنونین).

* * *

ڕاهیبێکی پیر کە بەرپرسی پاراستنی تابلۆکان بوو، بە ئێمە ناسێنرا، ئەو پێی ڕاگەیاندین بڕیارە خوانی ئێوارە لەگەڵ دالای لامادا بخۆین، دوای نان خواردن، باس هاتە سەر باسی ئەو تابلۆ سەرسوڕهێنەرانە، دالای لاما و ئەو پیرە ڕاهیبە، بەیارمەتی وەرگێڕێك، سەرگوزەشتەی ورد و مێژووی ئەوانیان بۆ گێڕاینەوە و ئێمە زۆر بە وردی یادداشتمان کرد و من هەنووکە لە لاپەڕەکانی دواییدا مو بە مو بۆتان دەگێڕمەوە.

ئەم تابلۆیانە بەهۆی ڕاهیبێکی بوزاییی لە ئەشکەوتێکی ژێر زەویدا دۆزرانەوە کە لەژێر کەلاوەی پەرستگایەکی کۆنی ئێرانیدا بووە.

ئەم ڕاهیبە گێڕابوویەوە کە ئەو بەهۆی گۆرانییەکی زۆر دڵگیرەوە کە لەناو کەلاوەکانی ئەو پەرستگایەوە گوێی لێدەبوو بەرەو لای ئەم تابلۆیانە ڕێنمایی کراوە، وادیارە ئەو لە حاڵەتی ((سامادی)) یا ((تێڕامانی ڕەها)) دانیشتووە و سەرقاڵی مدی تێشن و پەرستش بووە، ئەم گۆرانییانە هێندە خۆش و دڵگیربوون و ئەو دەنگە بەجۆرێك ڕوون و زوڵاڵ بووە کە سەرنجی ڕاهیبەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، ئەو بەشوێن سەرچاوەی دەنگەکەدا ڕۆیشتبوو تاوەکو خۆی لەناو ئەشکەوتێکی وێرانەدا بینی بوویەوە، وای هەست کردبوو ئەو دەنگە لە نهۆمی ژێرەوە دێت، دوای لێکۆڵینەوەی ورد، ئەو هیچ دەروازەیەکی بۆ چوونە ناو شوێنی مەبەست نەدۆزییەوە، ئەو پاشان بڕیار دەدات هەرچۆنێك بێت سەرچاوەی ئەو دەنگانە بدۆزێتەوە.

ئەو کەرەستە و تفاقی بەرایی بۆ خۆی فەراهەم کرد و دەستی کرد بە هەڵکەندنی زەوی و وێرانەکان، ئەو بە زوویی کاشییەکی گەورەی دۆزییەوە کە وادیاربوو بە بەشێك لە زەویی پەرستگاکە دەژمێردرا، لەپڕ دڵی هاتبووە ئیش چونکە بۆ ساتێك وای هەست کردبوو لەڕێی ڕاست لای داوە و بە لورەی با لە تەلاری پەرستگاکەدا، گومڕابووە.

بەر لە جێهێشتنی ئەو شوێنە، ئەو بۆ چەند ساتێك، بۆ ڕامان و ئەندێشە لەبیرکردنەوەدا ڕۆچوو، لەکاتێکدا لەم حاڵەتەدا لێی دادەنیشت، ئەو دەنگە ڕوون و ئاشکراتر بوو، ئەو دەنگە ئەوی هاندا کە دیسان سەرگەرمی گەڕان و پشکنین بێت، ئەو بە هەوڵ و تەقەلایەکی سەرو مرۆیی، توانی ئەو کاشییە گەورەیە هەڵبگرێت و بیخاتە لاوە، لەناکاو دەروازەیەك لەبەرچاویدا کرابوویەوە، ئەو دەروازەیە بەهێزێکی نەبینراو و وەك بڵێیت لە جیهانی غەیبەوە، ڕووناك بووبوویەوە، لەبەرامبەر ئەو ڕاهیبەدا، نورێکی سەرسوڕهێنەر هەبوو، ئەو بەشوێنی نورەکەدا چووە پێشەوە، نورەکە ئەوی تا دەمی ئەشکەوتێکی ژێرزەمینی فراوان ڕێنمایی کرد کە بە دەرگای قورس و گەورەی بەردین داخرابوو، لە میانەی تەماشاکردنی دەرگاکاندا، هەستی کرد

ئەنجامەکانیان جیڕەجیڕیان دەسپێکرد و تاشە بەردێکی گەورە بەشێنەیی لە شوێنی خۆی جولاّ و دەروازەیەکی چوونە ژوورەوەی بۆ کردەوە کە بەناویدا تێپەڕی، لەکاتی تێپەڕبوون بەوێدا، دیسان دەنگەکەی بەرگوێ کەوت، رێك وەك ئەمە وابوو کە خاوەنی ئەو دەنگە خۆشە، لەناو ئەو شوێنەدا حزوری هەیە، نورێك کە لە تەنیشت دەرگاکانەوە، بەجێگیری مابوویەوە، دیسان کەوتە جولّە و تاوەکو سەنتەری شوێنێك کە گومەزیەکی گەورەی لێبوو کە تەواوی ئەو شوێنەی رووناك کردەوە، تابلۆکان لەوێدا بوون، لە چەند تاقێکدا لەناو دیوارەکەدا، لەکاتێکدا کە چەند سەدەیەك گەرد و خۆلّیان لێ نیشتبوو. راهیبە بوزاییەکە ژمارەیەك لە تابلۆکانی سەیرکرد، جوانی و بەهاکەیانی بۆ دەرکەوت، ئەو بڕیاریدا چاوەڕوان بێت تاوەکو دەرفەتی درکاندنی ئەم رووداوە سەیرەی لەگەلّ دوو یا سێ کەسی متمانەپێکراودا بۆ بڕەخسێت تاوەکو بە یارمەتی ئەوان خەریکی لێکۆلّینەوە و توێژینەوە بێت لەو تابلۆیانە و بەجۆرێك توانای دەرهێنانی ئەو نووسراوانە لە دیوارەکان و دانانیان لە شوێنێکی ئاسایش و بێ مەترسیدا هەبێت، ئەو ئەشکەوتە ژێر زەمینییەکەی بەجێهێشت کاشییەکەی خستەوە شوێنی خۆی و دیسان بە دڕك و خاشاك دایپۆشی، پاشان بەدوای کەسانێکدا گەڕا کە حەزیان دەکرد بایەخ بە سەرگوزەشتەکەی ئەو بدەن و ئازایەتی و کەرەستەی پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی هەبێت، ئەم گەڕانە زیاتر لە سێ سالّی خایاند، زۆربەی ئەو کەسانەی ئەم سەرگوزەشتەیان بۆ ئێمە دەگێڕایەوە لەسەر ئەم باوەڕەبوون کە ئەو بە تەواوی شێت بووە، ئەو دواجار لەماوەی زیارەتێکدا، لەگەلّ سێ راهیبی دیکەدا کە پێشتر لەگەلّیاندا زیارەتێکی دیکەی ئەنجام دابوو، بەیەك دەگەن و سەرگوزەشتەکەی بۆ ئەوانیش دەگێڕێتەوە، ئەوان زوو بێ متمانە و دڕدۆنگ بوون، بەلاّم شەوێك، رێك کاتژمێر ٩ی شەو، لەکاتێکدا ئەو راهیبە بوزاییە لەگەلّ هاوڕێکانیدا بەدەوری ئاگرێکدا لە ئۆردوگایەکدا دانیشتبوون، دەنگێکی ئاشنا چڕینی گۆرانییەکی دەسپێکرد کە بابەتی سەرەکی لە بارەی تابلۆکانەوە بوو، بەیانی ئەو رۆژە، ئەوان دەست بەرداربوون لە چوون بۆ زیارەت و گەشتەکەیان بەرەو ئەو پەرستگا وێرانەیە دەسپێکرد، لەو شەوە بەدواوە، ئەو دەنگە هەمیشە کاتژمێر نۆی شەو، گۆرانی بۆ دەچڕین، هەرچەند هیلاکی و ماندووبوونی موسافیرەکان زیادی دەکرد، ئاوازی خوێندنی ئەو دەنگە زولاّلّە ناسکتر و شیرینتر دەبوو.

لە کۆتایی گەشتەکەدا، لە کاتێکدا لە پەرستگا وێرانەکە نزیك دەبوونەوە، شێوەی زراڤ و باریکی کوڕێکی نەوجەوانیان بۆ دەرکەوت، ئەم خێوە کاتژمێریك بەر لە نیوەڕۆ لای ئەمان ئاشکرابوو، ئەو دەستی بە گۆرانی وتن کرد و ئەوانی بەرەو کەلاوەکانی پەرستگاکە رێنمایی

کرد، بەگەیشتنە شوێنی مەبەست، کاشییە قورسەکە لادرابوو، ئەوان دەسبەجێ بەرەو ئەشکەوتەکەی ژێر زەوی بەڕێککەوتن، لەگەڵ نزیك بوونەوەی ئەواندا دەرگاکان کرانەوە و ئەوان چوونە ژوورەوە، ساتێکی کورت بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو سێ ڕاهیبە بەهای دۆزینەوەکەیان بۆ دەربکەوێت، بەڕادەیەك خۆشحاڵ و سەرسام بوون کە سێ شەو و ڕۆژ خەو نەچووە چاویان، ئەوان لەتاو خۆشی و شادی، بەرەو ئاواییەك چوون کە نزیکەی سەد کیلۆمەتر لە پەرستگاکەوە دوور بوو، تاوەکو ژمارەیەك وشتر و ئازووقەی ناوڕێ بکڕن بۆ ئەوەی بتوانن تابلۆکان بۆ شوێنێکی ئاسایش بگوزانەوە.

ئەوان توانییان دوانزە وشتر بکڕن و پاشان گەڕانەوە بۆ وێرانەکان، ئەوان تابلۆکانیان بەجۆرێك بەستەبەندی کرد کە زیانیان پێنەگات پاشان سێ وشتری دیکەیان کڕی و گەشتێکی دوورودرێژیان دەسپێکرد کە بە خاکی ئێران و ئەفغانستاندا دەگوزەرا و پاشان بە شاری پیشاوەر[1] کۆتایی دەهات.

لە دەوروبەری شاری پیشاوەر، ڕاهیبەکان بارە گرانبەهاکەی خۆیان لە ئەشکەوتێکی دوورەدەست دا قایم کرد و ئەو بارە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەوێ مایەوە، بۆ پاراستنی ئەم تابلۆیانە، یەکێك لەوان هەمیشە لە حاڵەتی مدی تێشن و پەرستشدا، لەبەردەم ئەشکەوتەکە دادەنیشت و چاودێری ئەو شوێنەی دەکرد، ئەوان لە پێشاوەرەوە ئەم بارەیان برد بۆ ((لاندا)) لە هەرێمی پەنجاب، تابلۆکان لەو شوێنەدا، بۆ ماوەی دە ساڵ مانەوە، پاشان لە گەشتێکی درێژخایەن و هێواشیدا بۆ ئێرە هێنران و لە کۆشکی لامای گەورە دانران، ئەم گەشتە زیاتر لە چل ساڵی خایاند، بڕیاربوو تابلۆکان لە کۆشکی لامای گەورەوە بۆ شامبالا ببرێن.

بە شێوەیەکی روونتر، ئێمە ئەم تابلۆیانەمان بە وێنەی ترانزێت، لە تبت دۆزییەوە و ئەو کۆشکەش، شوێنی هەمیشەیی ئەوان نەبوو تەنهابە شوێنێکی کاتی دەژمێردرا.

لەم بەشەی سەرگوزەشتەکە، راوێژکارێك چواردانە لە تابلۆکانی هێنانە ئەو ژوورەی کە ئێمەی لێبوو وە بەوپەڕی وریاییەوە لەسەر سەکۆیەك کە وەك مێزێکی گەورە ئێمە بە چواردەوریدا دانیشتووین دانا، بە جۆرێك کە دەمانتوانی رووبەڕوو سەیری تابلۆکان بکەین، رێك لە چرکە ساتێکدا کە باندۆڵی کاتژمێرە گەورەکە، نۆ جار لێیدا، دەنگێکی هاوسەنگ و

---

(١) Pshawar شارێکە لە وڵاتی پاکستان لە پاڵ ئەم شارەدا، رێڕەوی خەیبەر هەیە کە قەڵایەکی تۆکمەی تێیدایە دەچێتەوە سەر سنووری ئەفغانستان. و.ف.

موزیك ئاسا، بەر گوێی ئێمە کەوت، ئەو دەنگە هێندە خۆش و زولاڵ بوو کە بە دڵی هەمووومان بوو، بە کەمێك وردبوونەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەوە دەنگی کوڕێکی لاوی نابالّغە کە دەتووت لە ناخی دڵەوە دەچرِێت، ئەمێستا، تا ئەو جێیەی لە توانامدایە، هەوڵم داوە وشە و هۆنراوەکانی دەنگی ئەو گۆرانی بێژە بۆ ئێوە خوێنەرانی هێژا وەربگێڕم: مرۆڤ ناتوانێت نکۆڵی لەم حەقیقەتە بکات کە ئەندێشەیەکی بە چەند قات عەقلانی تر، هۆش و تێگەیشتنی ئیلاهی و بێ کۆتایی کە بەسەر هەر شتێکدا زاڵە، بوونیان هەیە، لەوێوە کە ئەم هۆش و تێگەیشتنە، هەموو شتێك لەخۆدەگرێت، بێ پایان و ناکۆتایە و چاوگە و سەرچاوەی هەموو شتێکە، ئەم هۆش و ژیرییە، ئیلاهییە و خوایەتی خۆی بە وێنەی ئەندێشە یا ماددەیەکی جەستەیی، دەردەکەوێت کە بە ژیانی راستەقینەی هەموو شتەکان دەژمێردرێت.

ئێوە دەتوانن هەر ناوێك کە دەتانەوێت لەم ئەندێشە هۆشمەند و لەڕادەبەدەر ژیر و دانایە بنێن، بۆ نموونە ناوی بنێین خودا یا سیمبولی چاکە، چونکە پێویستە مرۆڤ ناو لە هەر شتێك بنێت، مرۆڤ دوای ناونانی شتێك توانای هێنانی ئەو شتەی بۆ ژیان و وجود هەیە، گەر هاتوو ئەم ناوە بەڕێز و پەرستش و سوپاس و ستایش درابێت، مرۆڤ مافی هەڵبژاردن بۆ گۆڕان بە خودا یا ئاژەڵی هەیە، ئەو دەگۆڕدرێت بۆ کەماڵێکی خوازراو کە بڕیاری داوە هاوشێوەی ئەو وەربگرێت، بەگوێرەی ئەم بیروباوەڕە، تەواو بەڵگە نەویستە کە مرۆڤ تاقە دروستکراوی خودایە یاخود ئەگەر ئیختیاری دووەمی هەڵبژاردبێت، تاکە ئاژەڵی مەخلوقی خودایە، ئەگەر روانینەکانی لەسەر خراپە و شەڕەنگێزی چڕ بکاتەوە، دەگۆڕێت بۆ شەیتان و دەشبێتە خودایی ئەگەر لە خودا بڕوانێت.

ئەندێشەیەکی تەواو هۆشمەند ژیر و دانا، لە باری دەرنەکەوتوویيدا، ئەو دەمەی کە هێشتا تەجەلی نەکردووە، تەواو بێدەنگ و تەماشەکەر بووە، وێڕای ئەمەش هۆش و تێگەیشتن ئامادەییان هەبووە و هەروەها خۆی بە بەرهەم هێنەر و چاودێری سەرجەم بوونەوەرە گیاندار و بێ گیانەکان بینیووە، لە بارێکی بێدەنگی لەم چەشنەدا، ئەم هۆشە، تەماشای کرد هەموو شتێك بێ جوڵەیە، دوای ئەوەی بڕیاریدا جیهانی هەستی بئافەرێنێت، ئەم هۆش و تێگەیشتنە، وێنەیەك لەوەی جیهانی هەستی دەبێت ببێت، پێکهێنا، جیهانی هەستی، لەوێوە کە گەلاڵە و نەخشەیەکی دیکەی نەبوو کە پەیڕەوی لێبکات، وێنەی ئیلاهیی هەڵبژارد و دەسبەجێ شێوە لەبەرچاو گیراوەکەی لەڕێ هۆش و ژیرەییەوە وەرگرت و گەشەکردنی خۆی تا ئەو جێیە پەرەپێدا کە بەتەواوی شیاوی دیتن و بینین بوو، بەم چەشنە بووە پڕۆسەی خەڵقکردنی جیهانی هەستی کە

ئێمە ئەمڕۆ بە دەوری خۆماندا دەیبینین، ئەم جیهانە بەگوێرەی نەخشەیەکی کاملّ شێوەی گرت کە بۆی هەڵبژێردرابوو، ئەم پلان و نەخشە ئیلاهی و هەمیشە کاملّە، لەڕێی ئەندێشەیەکی هۆشمەندەوە دەرککراوە و دەرهێنراوە و درێژە بەم کارەش دەدات، ئەم هۆشە دەیزانی کە پێویستە بۆ دەربڕینێکی کاملّ شێوەیەکی گیاندار خەڵق بکات و لە گشت خەسڵەتەکان بەهرەمەندی بکات هەر بۆیە مرۆڤی نەمر و جاویدانی خەڵق کرد.

ئەم ئایدیاڵە خوداییە، کە لە هەموو شتەکاندا خۆی هەڵاوێرد دەکات هەمان بەشی جاویدانەی مرۆڤی ئەمڕۆیە، مرۆڤ کە لە ئایدیاڵی ئیلاهی ئەم هۆش و تێگەیشتنە باڵایەدا خەڵق کرابوو، تەنها دەیتوانی رۆڵەی ئەم سەرچاوەی گشتە ((أصل الكل))ە بێت، بە هەبوونی دەسەڵاتی تەواو بەسەر تێکڕای شتەکان و هەڵومەرجەکاندا، رۆڵە لێرەدا بە مانای یەکبوونە لەگەڵ سەرچاوەی گشتدا نەك ئەوەی خزمەتگوزاری ئەم ئەسڵە بێت، پێویست بوو ئەم رۆڵەیە لە توانای هەڵبژاردن و ئازادی کارکردن بەهرەمەند بێت و هەرگیز وەك کەسێکی بوودەڵە یا کۆیلەیەکی ئەڵقە لە گوێ نەبێت.

ئایدیاڵی جاویدانە بەناچار هەمیشە چەخماخەیەك لە ئاگرێکی ناوەندی لەخۆیدا هەڵگرتووە کە ژیان و وجودی پێ بەخشیوە و ئەوی هێناوەتە بوون، یەکەمین خانەیەك کە دواجار لە کۆتاییدا بوو بە لاشەی مرۆڤ، هەمان حاڵەتی هێنانە وجود بووە، ئەم خانەیە بزیسکەی ژیانی هەمیشەییە و هەرگیز ئەم دنیا بەجێناهێڵێت و نامرێت، ئەم خانەیە، ناوی رۆحی خوداییە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم خانەیە دابەش دەبێت و ملیۆنەها جار، نەوەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام وێنەی ئەندێشەی ئیلاهیی لەخۆیدا پاراستووە، وێنەیەك کە بۆ ناخی وجودی نێردراوە و رەگی داکوتابوو، ئەندێشە و ئایدیای مرۆڤ ناتوانێت ئەم خانەیە لەناو ببات، هەر بۆیە مرۆڤ هەمیشە ئیلاهییە.

ئەم خانە ئلوهیەتی خۆی لە هەموو ئەو خانەدا دەدرەوشێنێتەوە کە لە جودابوونەوە و پۆلێن بەندییەکانی سەریان هەڵداوە، مەگەر ئەوەی کە بیری مرۆڤ خراپیان بکات، کۆبوونەوە و کۆڕی ئەم خانانە دواجار شێوەی بەرگێك لەخۆدەگرێت کە ناویان ناوە قاوغی مرۆیی، ئەندێشە یا جەوهەر، بە نەگۆڕاوی دەمێنێتەوە و خاوەن هۆش و هەستێکە کە رێگای پێدەدات هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بە دەوروبەریدا روودەدات، دەرك بکات، ئەگەر مرۆڤ خۆی لە قەڵەمڕەوی بەرز و باڵایدا بهێڵێتەوە، دەبێتە ئەندێشەی گشت، ئەندێشە هەمان خودایە، مرۆڤ دەبێت بیر لە هەناسەی باڵا یا ناخی بڵندی بکاتەوە، لە بارەیەوە بیرکردنەوەی قوڵ و تێڕامانی هەبێت

بیپەرستێت و وەك شتێك كە نزیكترین و دەروونیترین بەش لە وجودی پێكدەهێنێت پیرۆزی بكات، پێویستە بەر لە هەر شتێك بڕوای بە هەبوونی گیانی بەرز و باڵای خۆی هەبێت، ئەم بڕوایە ئاڕاستەی دەكات بۆ ناسینی ئەو گیانە بڵندە، پاشان بەرەكەت و سوپاسگوزارییەكان و نزاكان وای لێدەكەن ببینرێت و مرۆڤ دەگۆڕدرێت بۆ ئەو گیانە بالایە یا ناخە بڵندە، ئەم ڕێڕەوی گەیشتنە بە ناسین و مەعریفەی واقیعی، سەرەتا، وادێتە بەرچاو كە مێشك ئەندامێكە بۆ دەرككردن و تێگەیشتن لەبەرچاو گیراوە، چونكە لە گرووپبەندی هەستیارترین خانەكان پێكهاتووە، یەكەمین كۆمەڵە خانەیەك كە وەڵامی لەرینەوەكانی ئەندێشە دەدەنەوە و بەجۆرێك گوڕوتینیان پێدەبەخشن كە شیاوی دەرككردن بن، ئەو لەرینەوانە، پاشان هەڵبژاردنیان بەرەو تێكڕای ئەندامەكان دەنێردرێن، تەنها پێویستە ئەوانە لەناو نەزم و تەرتیبی ئیلاهیدا بمێننەوە، بەم پێیە هەر كام لەوانە دەچێتە سۆراخی ئەندامێكی جەستە كە بۆ ئەو گونجاو بێت.

هەر ئەندامێك، هەر ناوەندێكی عصبی، شوێنگەی تایبەتی تووندكردنەوەی تەوژمی لەرینەوەكانی دەبێت، كە بۆ بەستەنتەركردنی ژیان و زیندەگی مرۆڤی واقعی لەبەرچاوگیراوە، كاتێك ئەم سەنتەرانە هاوئاهەنگ بن مرۆڤ لە ترۆپكی توانا و دەسەڵاتی خۆیدا دەردەكەوێت، ئەو دەتوانێت ڕۆحی خودایی كە هەر هەموو ئەندێشەی هۆشمەند و لەڕادەبەدەر دانا لەژێر حاڵەتێك لە چالاكی وەدیهێنەردا ئاشكرا دەكات، بەیان بكات و بەرجەستەی بكات، ڕۆح و جەستە لە خانەی ناوەندیدا كۆدەبنەوە، هیچ بوونەوەرێك هیچ كارێك ئەنجام نادات ئەگەر نەتوانێت بەشێوەیەكی ئاگایانە یا بەبێ ئاگا، هەموو تواناكانی بۆ ئەم خانە ناوەندییە بهێنێت و كۆ بكاتەوە، ئەوێ پێگەی دەسەڵاتی ڕۆحی خوداییە لە مرۆڤدا و دواجار پێگەی باڵا و سەرۆكایەتییە.

بەم پێیە مرۆڤ چۆن لە ناهاوئاهەنگی و پارادۆكس، لە دژایەتی و پێكدادان و گوناه و نەخۆشی بناڵێنێت ئەگەر پێشتر ئەم شتانەی پەرە پێنەدابێت و بەم جۆرە مۆڵەتی وەدیهاتنی پێنەدابن؟ ئەگەر مرۆڤ هەمیشە زەینی خۆی چڕ بكاتەوە لەسەر ئەندێشەی دانای جیهانگیر، هیچ ڕووداوێك ناتوانێت دزە بكاتە ناو ویژدانی، بە پاراستن و هێشتنەوەی هەمیشەیی ئەم ئامانجە باڵایە، لە ئاوە ڕوونەكانی ئەندێشە و ئایدیا هۆشمەندەكانیدا، مرۆڤ دەتوانێت خودایی بێت، هاواری دەروونی لە هەر ساتێكدا ئیرادە بكات، بەوپەڕی توانا و بە وردی وەڵامی دەداتەوە.

لە پشت ئیرادە و لێبڕانەوە، حەز و خواستێك هەیە، لە حاڵەتی پوختەییدا هێزێكی بێڕەنگە كە بە هۆی ئارەزوو خواستەوە كەوتۆتە جوڵە، ئەگەر ئیرادە نەڕەنگێك لەخۆی بگرێت،

نەفەرمانێك وەربگرێت، بەناکارایی دەمێنێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم خواستە لە هەماهەنگییەکی تەواو لەگەڵ ئیرادەدا قەرار بدەین، دەسبەجێ کاردانەوە پیشان دەدات و لە هێزە ئاسمانییەکان داوای کۆمەك دەکات تاوەکو فەرمانەکانی بۆ جێبەجێ بکەن ئەویش تەنها بەو مەرجەی کە ئەم فەرمانانە سازش و لێك گەیشتنیان لەگەڵ هاوئاهەنگی ئیلاهیدا هەبێت.

هەزاران جیهان بوونی هەیە بەڵام هەمووی ئەوانە لە یەك بیر و ئەندێشەی تاك و تەنها خولقێنراون، یاسای هەرە گەورەی ئەم ئەندێشەیە ((نظم)) و دیسپلینێکە هیچ هەڵەیەکی تێیدا نییە، بوونەوەرەکان ئازادن کە خۆیان لەگەڵ ئەودا بگونیجێنن یان نا، ئەم بوونەوەرانە دەتوانن بێ سەروبەری وەدیبهێنن کە ئێش و ئازار و مەینەتی و بەدبەختی و کلۆڵی و ترس و بێزارییە، بەڵی بەڕاستی دەتوانن ئەم جۆرە شتانە بەدیبهێنن ((ئەسڵی هەرە گەورە)) وەك نورێکی ئاڵتوونی جیلوەدەکات، ئەم ئەسڵە لە شوێنێکی دووردا قەراری نەگرتووە، لە وجودی خۆتاندایە، خۆتان لەناو تیشك و رووناکییەکەیدا بپارێزن و پاشان سەرجەم شتەکان روونتر دەبینن، بەر لە هەر شتێك، ئەودەمەی خۆتان دەناسێنن، پێویستە بیرتان لەگەڵ ئەندێشەیەکدا هاوئاهەنگ بێت کە جیهانەکانی بەدیهێناوە، نەزمێك کە وەدیهێنەری ئاشتییە دەبێت لە زوڵمەت و تاریکی و بێ سەروبەری و رەوتی پڕ لە جۆش و خرۆش کەکلۆڵیەکان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، بێتە دەرەوە، کاتێك مرۆڤ تێبگات کە لەگەڵ ئەندێشەی، بنچینەیی هەر جوانییەکدا، یەکێکە و لەگەڵ هەر هێز و هەر ئارامی و ئاشتییەکدا یەکە، بۆی دەردەکەوێت کە هیچ کەسێك ناتوانێت ئەو شتەی دڵخوازی ئەوە لێیبستێنێت و بیدزێت، مرۆڤی ئاگا لەناو نوردا دەمێنێتەوە و هەموو ئەو شتەی بەڕاستی بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، بەرەو لای خۆی کێش دەکات، کوڕم لە زەین و ئەندێشەتدا تەنها لەسەر داخوازی راستەقینەی دڵت خەریکی بیرکردنەوە و تێڕامان بە، لەم کاتەدایە کە ئەم داخوازییە، دەسبەجێ شێوەیەکی زەمینی وەردەگرێت و دەبێتە مولکی تۆ، یاسایەکی لەم چەشنە کە لەڕێی ئەوەوە سەرجەم ئارەزووەکانی دڵ شێوە وەردەگرن و بەرجەستە دەبن، گەربێتو کەسێك دەستی بۆ راکێشانی هەورە بروسکەیەك بۆ سەر سەری براکەی بباتە پێشەوە ئەو بروسکەیە لەڕێی رۆحی خۆی و جەستەی خۆیەوە تێپەڕدەکات.

❊ ❊ ❊

ڕەنگە لە توێژینەوەکاندا زیاتر بسەلمێنرێت کە ئەم تابلۆیانە شتێك نەبن جگە لە چەند کۆپییەك لە تابلۆ بەردینە سەرەکییەکان، کە تەنها بۆ باشتر پاراستنی تابلۆ سەرەکییەکان دروست کرابن، ئەگەر ئەم شیمانەیە راست بێت دەبێت بووترێت کە ئەم تابلۆیانە لەم حاڵەتەدا لە سەردەمی هیندۆ-ئارییایی یەکەمدا دروست کراون، تا ئەو جێیەی ئێمە ئاگادارین، جیهانی شارستانی شتێکی هاوشێوەی ئەوانەی نەبینیوە و نەناسێت، بەم جۆرە دەبێت ئەم تابلۆوانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتبێت، مەگەر لە تاکە سەرچاوەی ئەزەلەوە؟... ناوەڕۆکی ئەوان وەك بابەتگەلێك بۆ هەزاران شیعر و گۆرانی بێت.

ئەی مرۆڤ، تاجەکەت کوا؟
نەمری ئەوی بە تۆ بەخشیوە.
رۆحت لەکوێ یە؟
لە بێ پایانیدا بڕستی تێکەوتووە
و تاچەندین سەدەی یەك لەدوای یەك
تەنها بۆ تۆ هەڵبژێردراوە.

ئەو چوار تابلۆ، لە بەرامبەر ئێمەدا بوو و هەرکامیان بە ئەندازەی خوێنی پاشایەکی دەسەڵاتدار ئەرزشیان هەبوو.

❊ ❊ ❊

## بەشی یانزەهەم

هیوادارم خوێنەرانم لەوەی کە مۆڵەتم بەخۆمدا لە بابەتی سەرەکی کتێبەکە تا ئەم رادەیە دووربکەومەوە، لێم ببوورن، بە پێویستم زانی کە لەمەڕ شوێنی دۆزینەوەی دیکۆمێنت و ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە شارستانییەتە یەکجار کۆن و دێرینەکانەوە هەبوو، روونکردنەوەی پێویست بدەم و بەتێروتەسەلی لەمەڕ شوێنەکانیان قسەم بۆ بکردنایە تاوەکو بزانن دۆزینەوەی هەر بەڵگەنامەیەك، هەر دیکۆمێنتێك چەندە دژوارە، شوێنەکانیان چەندە لە یەك دوور بوون. بەم پێیە، دەمتوانی دەربارەی هونەر و شارستانی و کلتوور و هەروەها ئەندێشە تایبەتەکان و ئەنگێزەیەك کە لەم دیکۆمێنتانانەدا لە بارەیانەوە قسە دەکرا، لەگەڵ ئێوەدا بدوێم و روونی بکەمەوە کە ئەم شارستانێتییە بەراییانە چۆن سەرکەوتووبوون خۆیان لە ئاست و پلەیەکی وا پێشکەوتوودا بهێڵنەوە. ژمارەیەکی دیاری کراو لە مرۆڤەکان، هێشتا لە درێژەپێدان و شوێنکەوتنی ئەو شێوە ژیانە بالایە بەردەوامن، بە خستەڕوو و ناساندنی کارەکانی ئەوان بە جیهانیان، ئەم مرۆڤانە، تا ئەندازەیەك دەگۆڕدرێن بۆ چەندین مەشخەڵی رووناك بۆ مرۆڤایەتی، مرۆڤایەتییەك کە بەرەو لوتکەیەکی نوێ لە لێژگەیەکی سەختدا بەرەو شارستانێتی هەڵدەکشێت، لە جوڵەدان، هێشتا ئاشکرا نییە ئایا گوناهەکانی گرووپێکی کەمینە کە لەلایەن زۆرینەوە پەسەند کراوە، دەتوانێت جارێکی تر جیهان بکات بە گەرووی کارەساتە جۆراوجۆرەکاندا و بەشێکی زۆر لە خەڵك بۆ قۆناغێکی یەکجار درێژخایەن لە گەرووی فەرامۆشیدا هەڵ لوشێت.

بۆچوون و هەستی ئیلهام بەخشی ئێمە پیشانمان دەدات کەئێستا، هەموو ئایندەی لەخۆ گرتووە، ئەگەر ئەمێستا کامڵ بێت، ئایندەش بێگومان کامڵ دەبێت، مەسەلەکە ئەمە نییە

ئەم کەماڵەی ئێستا بە ئاینده دەسپێردرێت و دەگوازرێتەوە، بەڵکو بە ئاگابوون لەم کەماڵەی ئێستایە کە مەعریفە لەمەڕ ئایندەیەکی کامڵ بەرهەم دێنێت ئێمە بۆ هەر کوێیەك بڕۆین، بۆمان دەردەکەوێت کە شوێنەوار و نیشانەگەلێك دەربارەی نەتەوەیەك بوونی هەیە کە لە زەمەنێکدا بە تەواوی لە جۆرێك زەمەن ((حاڵەتێکی جاویدانی))دا ژیان، تەواوی ئایندەی ئەم نەتەوەیە لە هاوئاهەنگی کامڵدا بووە لەگەڵ کردەوەکانی ئێستایدا، بەجۆرێك کە ئاینده نەیدەتوانی خۆی لە حاڵەتی کەماڵ لێك جودا بکاتەوە و هەڵاوێرد بکات، ئەم ئەسڵ و سەرچاوەیە فەرمانێك بوو کەپاشتر دەرکرا و دەڵێت ((هەرگیز نیگەرانی ئاینده مەبن)) ئەوان بە وردی و وریاییەوە، بەگوێرەی ئەم دروشمە دەژیان ((بەوپەڕی دڵسۆزی و پاکییەوە لە ئێستادا بژین، ئەوددەمە ئاینده بەناچاری لەگەڵ زەمانی حاڵدا سازگار دەبێت)) ئەم ئەندێشەیە نەك تەنها لە فۆلکلۆری ئەوان، بەڵکو لە گۆرانی و نزا و پەرستشەکانیاندا بەرچاو دەکەوێت، تەنانەت لەو نزایانەدا کە لەگەڵ زەنگۆڵەیەکی تایبەتدا کە بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ نزاکاندا دروست کراوە دەبینرێت سەمای شەیتان کە تبتییەکان تا ئەندازەیەك بە حەز و ئارەزووەوە بەشداری تێدادەکەن، بۆ ئەمە داهێنرا کە ببێتە مایەی ترس و دەرپەڕاندنی ئەو ((هێزە شەڕەنگێزانەی)) کە ویژدانی نەژادی ئەوانی لەناوبردبوو، بەلام دواجار، ئەم سەمایە گۆڕا بۆ رێورەسمێکی سادە بۆ دوورخستنەوەی شەڕەنگێز و رۆحە خراپەکان، خەڵك بەجۆرێك نوقمی بایەخدان بوون بە رۆحە شەڕەنگێز و خێوەکان کە قەڵەمڕەوی رۆحانییان لەبیرچووبوو.

ئەم دیاردەیە تەنها تایبەت نییە بە نەژادێك یا ئایین و بیروباوەڕێك، ئەم دۆخە گشتی و جیهانگیرە.

یەکەمین سەما پیشاندەری جوانی و پاکی بوو کە گەیشتبووە ئەو ئاستە لە کەماڵ کە توانای ریشەکێشکردنی ئەوانی نەبوو، تەنانەت بە پێشنیاری خراپ و شەڕەنگێزانە. ئێمە هەروەها بە تێپەڕبوونی ئەفسانەی جنۆکەکان لە ((دەریای لم)) کە لەڕاستیدا ناوێکی دیکەی بیابانی گۆبییە لە خاکی چین، راگەیشتیم، لە زۆر شوێندا، دەنگی سەیر بەرگوێی خەڵك دەکەوێت، ئێمە خۆشمان چەندەها جار، ناوی خۆمان دەبیست کە بەهۆی کەسێك یا کەسانێکەوە بانگ دەکرا، تەنانەت وامان هەست دەکرد کە دەنگی نزیکبوونەوەی خەڵکێکی زۆر دەبیستین ئێمە زۆرجار دەنگی ژەنینی موزیکمان بە جۆرەها ئامێری موزیکی ناوخۆیی بیستووە کە ئاوازێکی زۆر خۆش و دڵگیری لەگەڵدا بووە، ئێمە تراویلکەی زۆرمان بینیوە و تەنانەت جوڵەی لم و زیغە جولاوەکانیشمان بیست.

ئێمە هەنوکە دڵنیاین توێژەکانی هەوا کە لە بەرزاییەکی دیاریکراو لە ئاسمانی بیاباندا قەراریان گرتووە، بە جۆرێك پاکژ و خاوێنن کە لە هەندێك جێگادا، لە شوێنێك کە هەلومەرجی دەرەکی، لە هاوئاهەنگی تەواودان، ئەم توێژانە، وەك سەنتەرەکانی رەنگدانەوە کاردەکەن و دەنگدانەوەی لەرینەوە نێردراوەکان لەپێشدا ئەنجام دەدەن، ئێمە لەو بڕوایەداین کە رووداوە سەیرەکانی چاخەکانی ناوەڕاست، بەم شێوازە، روویانداوە و بوونەتە مایەی هەندێك ئەفسانەی گشتی، کارەکەی ئێمە بەجۆرێك مژوڵی کردبووین کە کات بەخێرایی دەگوزەرا، لەژێر چاودێری ئەم لاما بەساڵاچووەدا، ئێمە تابلۆکان و هەروەها دیکۆمێنتەکانی ترمان کۆپی کرد و وێنە سەرنجڕاکێشەکانی سەر تابلۆ و دیکۆمێنتەکانمان دیسان بە وردی کێشا و زۆر کاری بەنرخی دیکەمان بە ئەنجام گەیاند.

بەیانی رۆژی بەڕێکەوتنمان، ئاسمان ساماڵ و درەوشاوە بوو هەموو شتێك بۆ گەشتەکەمان بۆ ((شیگاتییە))[1] ئامادەبوو، ئێمە لە تێکڕای ئەوانەی لە دەوروبەری دالای لاما بوون خوداحافیزیمان کردبوو، لەگەڵ ئەمەشدا، کۆمەڵێکی زۆر کە تامەزرۆی خواحافیزی کردن بوون لە ئێمە لە شەقامەکاندا کۆبوونەوە، لە هەر کوێ خەڵك لە دوورەوە دەستیان رادەوەشاند و بۆ تەندروستی و سەلامەتی ئێمە بەدرێژایی رێ، نزا گۆی خێربوون، ژمارەیەك لە نوێنەرانی دانیشتووان، بۆ چەندین کیلۆمەتر، لە پێشەوەی ئێمە بەڕێ کەوتبوون لەکاتێکدا زەنگۆڵەکانی تایبەت بە نزا و پاڕانەوەکانیان کە بەسەری دار دەستێکی درێژەوە بەسترابوون، رادەوەشاند و لەژێر لێوەوە نزایان بۆ دەکردین، پەنجا کەس تا شیگاستە، کە دەکەوتە نزیك رووباری گەورەی براهماپوتەر یاوەری ئێمەیان کرد.

لەکاتێکدا لە شار نزیك دەبووینەوە، لاماکەدەی گەورەی تاشی- لومپو[2] کە دەکەوتە دووری دوو کیلۆمەتر لە دەرەوەی شار، لە دوورەوە دەبینی، شاری شیگاستە، لەڕووی گرینگییەوە بە دووەمین شاری تبت دەژمێردرێت، نوێنەری ئەم لاماکەدەیە، تا پێنج کیلۆمەتر رێگایان بڕیبوو تاوەکو پێشوازی لە ئێمە بکەن و بانگهێشتمان بکەن بەدرێژایی مانەوەمان لەوێ، لەلای ئەوان بمێنینەوە، بەڵێ، خەڵك لە هەرلایەکەوە بەخێرهاتنیان دەکردین.

بە چوونە ناو لاماکەدەکە، ئێمە بەباشی هەستمان بەو ئارامی و ئاشتی و هێورییە زۆر قوڵە دەکرد کە باڵی کێشابوو بەسەر گشت هۆڵ و ژوورەکاندا، لەڕاستیدا، ئەوێ شوێنێکی

(1) Shigatze.
(2) Tashi-Lumpo.

نموونەیی بوو بۆ پشوودان و گوڕ و تین وەرگرتنەوە چونکە پێویست بوو لەوێوە بڕۆین بۆ رووباری دولماو سان سراوار، ئێمە زۆر تامەزرۆ بووین دیکۆمێنتە ئەرشیفکراوەکانی ناو ئەم لاماکەدەیە لە نزیکەوە تەماشا بکەین، لەوێوە دەمانویست بەزووترین کات بەڕێکەوین چونکە پێش وەخت هەماهەنگی کرابوو تاوەکو ئێمە لەگەڵ مامۆستای هەرە گەورە بەها گاڤانزی[1] کۆ بینەوە لە پەرستگای پورا-تات-سانگا[2] بە چاوپێکەوتنی شەرەفمەند بین.

دوای خوانی ئێوارە لە پاڵ لاماکاندا، ئێمە دەستمان کرد بە ستایش و پیاهەڵدانی جوانی و زۆری ژمارەی پەرستگاکان، پاشان تەوەری قسەکانمان چووە سەر جیاوازی نێوان بیروباوەڕە ئایینییەکان لە جیهاندا، لامایەکی زۆر بەساڵاچوو گوتی: لاماکان و یۆگییەکان (مامۆستایان) بیروباوەڕێکی وەك یەکیان نییە، یۆگییەکان ناتوانن ئەوە قبووڵ بکەن بیروباوەڕی پیاوێکی ئاسایی، دەتوانێت دیاریکراو و سنووردار بێت، پێویستە تێکڕای مرۆڤەکان دەستیان رابگات بە تێکڕای زانیارییەکان ناسینەکانی ناو ناخی خۆیان، لاماکان، بە نۆرەی خۆیان بە وردی و وریاییەوە وابەستەن بە بیروباوەڕی بوزاوە، بەگوێرەی ئەو شیمانەیەی هەیە، هەر مرۆڤێك توانای خۆپەروەردەکردن و گەیشتن بە گەورەیی هەیە، مەسیحییەکیش دەستی بە ئاگایی مەسیح رادەگات و بوازییەکیش وەك بوزا بەرێگایەکی بالاتر دەگات و هتد...

هەر کەسێك خودای خۆی دەپەرستێت و لە هەموو شوێنێك دەڵێن خودا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردووە.

سەرجەم گەل و نەتەوە جیاجیاکانی دنیا، خودای تایبەتی خۆیان هەیە هەر کەسێك بڕوای وایە خوداکەی ئەو لە خودای براکەی باشترە، لەم کاتەدا من چۆن بتوانم تێبگەم کە خودا مرۆڤی بەگوێرەی وێنەی خۆی دروست کردووە؟ لە بەرامبەر ئەم هەموو خودایەدا، وام پێباشە بڵێم کە هەر مرۆڤێك، خودای بەپێی وێنەی خۆی دروست کردووە.

ئێمە لەوێ چاومان بە شەش لاما کەوت کە لە پیێشەوەی گرووپێکی ناسراو و بەناوبانگ بە ناوی (لاما سەرگەردانەکان)ەوە بوون، ئەم لامایانە بۆ ئەملا و ئەولا دەڕۆن و هیچ پارەیەکیان نییە، ئەوان هەروەها هیچ کاتێك دەرۆزە ناکەن، هەروەها خۆراك و پارەش لە هیچ کەسێك وەرناگرن، ئەوان هەمیشە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و سێ بەشی جیاواز لەم

---

(1) bhagavanzi.
(2) Pora-Tat-Sanga.

سیستەمەدا هەیە و هەر بەشێك لامایەك ڕێبەری دەكات، ئەم كۆمیتەیە لە نۆ لاما پێكدێت، سێ لامای ڕێبەری گرووپەكان دەتوانن لە سێ وڵاتی جیاوازدا بن، لەلایەكی دیكەوە هەر لامایەك كە سەفەر دەكات پەیوەندی ئەوان لە شێوازێك كە ئێمە بە ((گواستنەوەی بیر))[1] ناوزەدمان كرد، كەڵك وەردەگرن چونكە نەمانتوانی ناوێكی تر بدۆزینەوە، بەڵام دەزانین كە ئەم پەیوەندییە، هێزێكی یەكجار ورد و قەشەنگە، لەم ناوچەیەدا، ئەم هێزە بە (ئاتما)[2] ناودەبەن، واتە پەیڤینی ڕۆح لەگەڵ ڕۆحدا بەبێ هیچ نێوەندكارێك، بەم جۆرە ئێمە چاومان كەوت بە شەش كەس لەم لامایانە و ڕۆژی دوایی، لەگەڵ ئەواندا نانی نیوەڕۆمان خوارد.

لامایەكی بەساڵاچوو پێی ڕاگەیاندین كە بەنیازبوو تاوەكو پەرستگای پورا-تات-سانگا لەگەڵ ئێمەدا بێت، ئەڵبەتە دوای ئەوەی لێكۆڵینەوەكانمان لەوێ كۆتایی بێت، ئێمە پێشنیازەكەی ئەومان قبووڵ كرد چونكە دەمانزانی كە ئەو دۆستی خزمەتگوزارە ماقوڵەكەیە و دەیتوانی وەك چاو ساغی ئێمە و هەروەها وەك وەرگێڕێكی بەتوانا، یارمەتیمان بدات، ئەوان هەردووكیان یارمەتییەكی زۆریان داین لە توێژینەوە و وەرگێڕانی دیكۆمێنتەكاندا، لە میانەی وتووێژێكدا، ئەو لاما پیرە فەرمووی: دوو كەس لە هاوڕێكانتان كە دووشەممەی پێشوو لێتان جیابوونەوە، ئەمڕۆ كاتژمێر یانزە و نیوی تەواو دەگەنە شاری كەلكەتە، ئەگەر بتانەوێت نامەیان بۆ بنووسن، دەتوانن بە ئێمە بڵێن.

سەرگروپەكەمان، نامەیەكی بۆ هاوڕێكانمان نووسی و تێیدا، داوای لێكردین ڕاستەوخۆ بۆ دارجلینگ، تاوەكو بچن بە دەم كارێكەوە كە پێویست بوو ئەنجام بدرێت، پاشان لە بەرواری ٢٤ی ئابدا، چاوەڕێی هاتنی ئێمە بن، ئەو بەرواری لەسەر نامەكە دانا و كۆپی كرد و نامە سەرەكییەكەی دایە دەستی لاماكە، لاما بەساڵاچووەكە خوێندیەوە، نامەكەی بەرێك و پێكی دەق كرد و خستیە گیرفانی. بەڕاستی هاوڕێكانمان ڕۆژی ٢٤ی ئاب لە دارجلینگ گەیشتنە لای ئێمە، ئەوان پەیغامێكیان پیشاندایین كە بیست خولەك دوای گەیشتنیان بۆ كەلكەتە بەدەستیان گەیشتبوو، ئەوان وایان هەست كردبوو هەڵگری نامەكە ماوەیەكی زۆر لەوەو پێش بەڕێكەوتووە و دەستوور و فەرمانی وردی پێدراوە! ئێمە هەنوكە بەڵگەیەكی مەلموس و ئاشكرامان لەمەڕ توانای سەرسوڕهێنەری هەندێك لەم لامایانە لەبەردەست دابوو، ئەگەر

---

(1) Telepathy.

(٢) Atma لە زمانی سانسكریتدا بە مانای دەروونی بەرز یا ڕۆح دێت. و.ف.

تواناکانی ئەوان لە یەك ڕێڕەودا پەرەی پێدەدرا، چۆن دەکرا لە ڕووەکانی دیکەوە پەرەنەسێنێت؟ ئێمە زۆر بە تاسەوە بووین هەرچی خێراترە بڕۆین بۆ پورا-تات-سانگا چونکە ژمارەیەك لە زیارەتکاران دەبووایە لەو وەرزەدا لە شوێنێکدا گردببنەوە و بۆ ئەوێ بڕۆن، کەش و هەوا بۆ زیارەتێکی لەو چەشنە زۆر لەبار بوو، ئێمە لەڕێی ((جیان تسە))[1] وە بەڕێکەوتین، لەوێ ئێمەیان ئاگادارکرد چاومان دەکەوێت بە یەکێك لە ((چلا))[2] زۆر بەناوبانگەکان بەناوی ((شاگردی دەم بە خەندە)) وادیاربوو ئەم چلایا ئەو بە ئاوازی گۆرانی و خەندە و پێکەنینەکانی، بیسەرەکانی شیفا دەدا و یارمەتی ئەوانی دیکەی دەدا کە لە گوزەرگا سەخت و ناهەموارەکاندا بەسانایی و بەبێ هیچ ئاستەنگێك تێپەڕن. کاتێك ئێمە چووینە ناو حەوشەی دەرەوەی لاماکەدەکە، لاوێکی زۆر توند و تۆڵ و تەندروست و شۆخ بەخێرهاتنی کردین و لێمان نزیك بوویەوە و پێی ڕاگەیاندین لاماکانی ئەوێ هیوادارن بە درێژایی مانەوەمان لەو ئاواییەدا، لای ئەوان بمێنینەوە و لەپاڵ ئەوان نیشتەجێ بین، بەڵام ئێمە وتمان بڕیارە سبەینێ ئێرە بەجێبهێڵین چونکە پەلەمان بوو زووتر لە سەرملەی ((فاری)) تێپەڕین، ئەو گوتی: بەڵێ ئێمە دەزانین کە ئێوە بەرەو پورا-تات-سانگا دەڕۆن، منیش سبەینێ بۆ ئەوی دەگەڕێمەوە و بەختەوەر دەبم کە هاوڕێیەتیتان بکەم.

ئێمە تکا و داخوازییەکەی ئەومان قبوولکرد، ئەو لە کاتێکدا لەناخی دڵەوە پێدەکەنی، ئێمەی بەرەو شوێنی خەوتنەکەمان کە لە هۆڵێکی گەورەی لاماکەدەکەدا بوو ڕێنمایی کرد، ئەو دوای ئەوەی ئێمەی گەیاندە شوێنی مەبەست هیوای شەوێکی خۆشی بۆ خواستین و گوتی سبەینێ بەیانی زوو دێتەوە بۆ لامان تاوەکو هەمووومان پێکەوە بەڕێبکەوین، ئەو لە کاتێکدا بە دەنگێکی زۆر خۆش و دڵگیر دەستی بە گۆرانی چڕین کرد، لێمان دوورکەوتەوە، بەڵێ، شوێنی کەمترین دڕدۆنگی نەبوو، ئەو هەمان شاگردی دەم بە خەندە بوو بۆ سبەینێ، ئەو بە دەنگە خۆش و زوڵاڵەکەی ئێمەی لەخەوهەستان و گوتی بەرچایی ئامادەیە.

دوای بەرچایی، ئێمە مۆڵەتمان لە لاماکان خواست، ئەوانیش نزای خێریان بۆ کردین تێگەیشتین هەموو شتێك بۆ قۆناغی دواتری گەشتەکەمان کە سەرملەی (فاری) بوو ساز و ئامادەکراوە، ئەم سەرملەیە لە لوتکە بەرزەکانی کێوەکانی فاری، ئێمەی تێدەپەڕاند و

(1) Gyantze.

(٢) Chela بە زمانی تبتی واتە شاگرد-دەروێش.

لە کانگ-لاش[1] تێدەپەڕین، بەگشتی ڕێگەکەمان بەدرێژایی ئەو ڕۆژە زۆر دژوار بوو، بەڵام لەناوچە سەختەکاندا ئەو ((چلا)) بە گۆرانی و پێکەنین پێش ئێمە دەکەوت و کارەکەمان هەموار دەبوو، لە گوزەرگا زۆر سەخت و مەترسیدارەکاندا دەنگەکەی بەجۆرێك لە فەزادا دەزرنگایەوە کە ئێمە هەستمان دەکرد بەبێ کەمترین سەختی و گرفتێك بۆ پێشەوە دەبرێین.

کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ، گەیشتینە ئەو سەرملەیە لەوپەڕی سەرسامیدا لەجیاتی بینینی شاخە بڵند و مەترسیدارەکان، ئێمە لە بەرامبەر خۆماندا دەشتێکی یەکجار فراوان و سەرسوڕهێنەرمان بینی، ئەوێ دەشتی ((شوبی))[2] بوو لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو شوێنە زیاتر لە پێنج هەزار مەتر لەسەروو ئاستی دەریاوە بوو، لە هەردوو لاوە بە دارستانی چڕ و قەشەنگ و هەمیشە سەوز، تەنرابوو ئێمە لە بەرامبەرماندا چەندین ئاواییمان بینی کە خاوەن پەرستگای زۆر قەشەنگ بوون، ئێمە بە پەراوێزی ئەم دەشتەدا تێنەپەڕین، بەڵکو ڕێگایەکی ناوقەدبڕمان هەڵبژارد کە لە ((تاچی-چو-جونگ))[3]وە تێدەپەڕی، ئەم ڕێگایە زۆر باش بوو، دوای ماوەیەکی کورت، ئێمە چووینە ناو دارستانێکی جوان و شکۆدار کە هەزاران جۆگەلەی ئاوی بەناودا تێدەپەڕی، لەوێ ئێمە چەندین جۆر باڵندەی دەنگ خۆش و مەلی کێوی و دەگمەنمان بینی و چێژمان وەرگرت، بەدرێژایی ئەو ڕێگایە، ئێمە هیچ هەستمان بە مەترسی نەکرد و هیچ ئاژەڵێکی دڕندەشمان نەبینی، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بێت کە گەلێك ئاژەڵی بەستەزمان و بێ زیانی زۆر لەو ناوچەیەدا حزوریان هەبوو و بەوپەڕی ئاسوودەیی دەژیان.

مەبەستی دواترمان بڕیار بوو ((ماها-مونی))[4] بێت، پەرستگاکەی ئەوێ کە زۆر لە قەلایەکی تۆکمە دەچوو، ئێمەی سەرسام کرد، ڕێك هەروەك زۆربەی ناوچەکانی دیکە، لەوێش پێشوازییەکی گەرمان لێکرا، خزمەتگوزارانی لاماکادە ڕایانگەیاند کە هەوڵدان بۆ گلدانەوەی ئێمە تەواو بێهودەیە چونکە مامۆستا (پوریجی)[5] بەر لە ئێمە بەرەو پەرستگای (پورا-تات-

(1) Kang-La.
(2) Chubi.
(3) Tashi-Cho-Jong
(4) Maha-Muni.
(5) Pouridji.

سانکا) بەڕێکەوتبوو، لەوێ یۆگییەکان، گۆروها و ((سادوهای))[1] زۆر کۆبووبوونەوە، بەم پێیە دوایین رۆژی گەشتەکەی ئێمە لە نێوان کۆمەڵێکی زۆر پیرۆز و باوەڕداردا بەسەرچوو.

بەیانی رۆژی دوایی، زیارەتکارەکان لە شوێنێك کۆبوونەوە، ئەوان حەزیان دەکرد لە نزیکترین کاتدا بەڕێ بکەون تاوەکو لە وادەی خۆیدا چاویان بە مامۆستای مەزن (یۆرچی) بکەوێت، نەبادا ئەو مامۆستا پایە بەرزە لە چاوەڕوانیدا بهێڵنەوە، ئەوان هەموویان تامەزرۆ بوون هەرچی زووترە بگەنە بەرزترین پەرستگای جیهان ((پورا-تات-سانگا)) پەرستگایەك کە وەك گەوهەرێکی گرانبەها لە نێوان تاشە بەردەکاندا و لە دڵی بەرددا هەڵکۆڵرابوو، شاگردی دەم بە خەندە گوتی: چۆن دەکرێت ئێمە لە ((ماها- مونی)) بمێنینەوە و لەبەرامبەر تراویلکەی ئەم یادداشتە گەورەیەدا تاقەت و حەوسەڵەمان هەبێت؟ ئەمە مەحاڵە، خواحافیز ماها-مونی ئێمە تۆمان خۆش دەوێت و دیسان بۆ ئامێزی تۆ دەگەڕێینەوە بەڵام لە ئاست جەزابییەت و کەمەند کێشی پورا-تات-سانگا خۆ بەدەستەوە نەدان مەحاڵە.

بەم جۆرە گرووپەکە بەرەو پەرستگای پورا-تات-سانگا بەرێکەوتن، دوندی لوتکەی ((ئیڤرێست)) لە بەرامبەرماندا خۆی دەنواند و لەبەر رۆشنایی سپێدەی بەیاندا روون و ئاشکرا بەرچاو دەکەوت و وەك هەمیشە کراسێکی سپی و پاکی کریستاڵی و بلورینی پۆشیبوو، وادەهاتە بەرچاو ئێمە بۆ لای خۆی بانگهێشت دەکات تاوەکو دیسان چەند هەنگاوێك زیاتر هەڵبگرین، پاشان دەستمان درێژ بکەین و دامینی کراسەکەی بگرین، بەڵام هەر جارێك ئەو چەند هەنگاوەمان هەڵدەگرت، لاشە زەبەلاحەکەی دیسان لە دەستمان هەڵدەهات، ئێمە بە تەنیشت لوتکەی شاخەکەی دراوسێیدا، چومولهاری کە نزیکەی هەشت هەزار مەتر بەرزییەکەی بوو تێپەڕی بووین، بەڵام لوتکەی ئەم شاخە بە بەراورد لەگەڵ ئەو زەبەلاحەدا کە لە رووبەڕووی ئێمە قوت بووبوویەوە، وەك گەردێکی بێ نرخ دەهاتە بەرچاو، ئێمە تا پێش ئەمە، ئەو رێگایەی کە هاتبووین وەك رێگایەکی بەردەڵان و دژوارمان زانیبوو، بەتایبەت لەکاتی تێپەڕینمان بە دامێنی چومولهاریدا، بەڵام وا ئێستا کەوتووینەتە سەر رێگایەك کە پێویست بوو لە هەندێ شوێندا دەستمان بخەینە زەوی و رێبکەین، لەگەڵ ئەمەشدا، ئاوازی گۆرانی و

(٥) Sadhu یا Sadhou پیاوی قەشە-راهیب کە رەنگە تەنانەت گۆشەگیر بێت-راهیبێك کە دێر یا لاماکەدەکەی بەجێ دێڵێت و خەریکی گەشت و گوزار دەبێت ئەم جۆرە نازناوە وەك ((باوکی پیرۆز)) لە ئایینی مەسیحییەتدا. و.ف.

پێکەنینەکانی ئەو ((شاگردە)) ئێمەی بەرەوپێش دەبرد و وەك بڵێت سواری تەیرێکی تیژ باڵ بووین، ئێمە لەوپەڕی خۆشیماندا، مەترسییە چاوەڕوان کراوەکانمان فەرامۆش دەکرد و وامان هەست دەکرد لە یەك کاتدا لە گوزەرگا دژوارەکان تێدەپەڕین، بە هەڵاتنی خۆر، وەهەم و خەیاڵەکانی ئێمەش کۆتاییان هات و بیری ئەوەی کە بە هەنگاوێکی سادە دەتوانین خۆمان بگەیەنینە ((ئیڤرێست)) و دەستی لێبدەین، لە مێشکمان باریکردو دیمەنی سەیر و کەم وێنەی قەشەنگ لەبەرچاومان دەرکەوتن، لە هەرلایەکەوە، قوللە و شورای گەردنکەشی زۆر کە لە پاڵ پەرستگا سروشتییەکاندا بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون و بە سەهۆڵی بلورین دروست ببوون، خۆیان دەنواند، ئیڤرێست، ئیڤرێستی گەورە و بە توانا، هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا لە بەرامبەرماندا حزوریان هەبوو، ئێمە لوتکەی ئیڤرێستمان لە دەمەو سپێدەی بەیاندا بینی، لەکاتێکدا یەکەمین گزنگی هەتاو، پێدەشتەکانیان لە ئامێز دەگرت، ئێمە ئەو لوتکە بڵندەمان بە جۆرێك بینی وەك بڵێیت لە تیشکی خۆری نیوەڕۆ، زەبری کاریگەری بەرکەوتووە و دواجار ئێمە خۆرمان لە پشت لوتکەی ئیڤرێستەوە بینی و شەو باشمان لێکرد دوایین گزنگی خۆر، ئیڤرێستی لە پرشەو رووناکییەکی شکۆداردا رازاندبوویەوە و زەردەپەڕی ئێوارە، لە لوتکەشدا پەلکە زێڕینەیەکی دروست کردبوو کە بەرەو ئاسمان هەڵکشابوو.

خوێنەری هێژا بێگومان تێگەیشتوویت کە رێگای ئەو رۆژەی ئێمە بە هیچ شێوەیەك درێژخایەن و سەخت و دژوار نەهاتە بەرچاو و تەنها ساتێکیشی خایاند، لەرینەوەکانی هێز، ئاشتی، توانا و هاوئاهەنگی و لێك گەیشتنێك کە هەردەم لە پەرستگا کوێستانییەکاندا دەردەکەوێت، تەنها لەبەر ئەمەیە کە رێبوار و زیارەتکارەکان بەرەو ئەم لوتکە قەشەنگانە ئاڕاستە و رێنمایی بکات، هەر لەبەر ئەمەیە کە زنجیرە شاخەکانی هیمالا هەرگیز هیچ جۆرە ترس و نیگەرانییەك لە دڵی مرۆڤدا دروست ناکەن، هەمدیس لەبەر ئەمەیە کە شاعیرانی ئەم ناوچەیە، هەرگیز لە ستایشکردنی گەورەیی و شکۆمەندی ئەم شاخانە لە هۆنراوەکانیاندا هیلاك نابن.

دواجار بە داهاتنی شەو، ئێمە لە سەرجەم کێشە و گرفتەکانی ناوڕێ، رزگارمان بوو بە سەریاندا زاڵ بووبووین، ئێمە بە هەناسە بڕکێ گەیشتینە پانتاییەکی فراوان و خۆمان گەیاندە شوێنێکی تەختایی و بەردین، لە دوورەوە چەند پەرستگایەك دەبینران بەڵام پەرستگا سەرەکییەکە کە بەدەستە گوڵی پورا-تات-سانگا دەژمێردرا لە بەرزایی حەوت سەد مەتر لەسەروو ئێمەوە خۆی دەنواند و لە نورێکی سەرسوڕهێنەردا نوقم بووبوو، ئەو

پەرستگایەکی لە چرایەکی گەورە دەچوو کە دەتووت لە چاڵی دیوارێکی ستوونیدا داکوتراوە، بەجۆرێکی وا کە ڕووناکییەکەی سەرجەم تاشە بەرد و پەرستگاکانی ئەو دەوروبەرەی نورانی دەکرد، لەو تەختی شانۆ بەردینەی کە ئێمە وەستابووین، پیاو و ژنێکی زۆری لێبوو، ئێمە لەوەی کە دەمانبینی لەم زیارەتەدا ژنانیش ئامادەییان هەبوو، حەپەسابوون، لەڕاستیدا هەر مرۆڤێك چ ژن چ پیاو، پیر و منداڵ کە خوازیاری هاتن بۆ ئەم زیارەتە بوون، ئازادی ئەنجامدانی ئەم کارەیان هەبوو، لەڕاستیدا ((ریشی)) گەلێکی زۆر لەم ناوچەیەدا ژیابوون، تەنانەت ریشی ((نیزی)) گەورەش هەر لەم ڕێگایەوە تێپەڕیووە، هەمان ڕێگای بڕیوە، پێنج براکەش، سێ جار بەم ڕێگایانەدا گەوزەریان کردبوو، جارێك بە تەنها و جارێك لەگەڵ دایە گەورەیان و دواجار لەگەڵ دارو پاتی باش و بەڕێز کە بە شکۆ و شانازی ژنانە دەژمێردرێت، ڕۆژێك کە ئێمە بەو ڕێگەیەدا دەچووین، یوگی سانتی گەورە و دڵپاك لەسەر زەوی دانیشتبوو لە حاڵەتی تێڕامانێکی قوڵدا ڕۆچووبوو.

ئێمە لە هاوڕێکانمان پرسی ئەو زیارەتکارانە لەکوێ دەیانتوانی پەناگەیەك و ئازوقەیەك بۆ تێرکردنی برسێتی خۆیان پەیدا بکەن، شاگردی دەم بە خەندە بە گۆرانی وتن وەڵامی دایەوە: نیگەرانی شوێن و جێگە و خواردن و خۆراکی ئەوانی تر مەبن، لێرە خۆراك و جێگا و تەنانەت جل و بەرگیش، بەزۆری چنگ دەکەوێت، ئەو پاشان بە ئاوزێکی زۆر دڵگیر گوتی: ((هەمووان دانیشن!)) هەر هێندەی لەسەر زەوی دانیشتین کاسەی گەورەی پڕ لە خواردنی گەرم و چاك لە بەرامبەرماندا دەرکەوتن، یۆگی سانتی پایەبەرز لە شوێنی خۆی هەستا دەستی کرد بە دابەشکردنی قاپە خواردەنەکان، یاریدەدەکانی ئەو، شاگردی دەم بەخەندە و ژمارەیەك لە زیارەتکارەکان بوون.

کاتێك خەڵکەکە تێریان خوارد، سەرجەم زیارەتکارەکان لە شوێنی خۆیان هەستان و پۆل پۆل بەرەو پەرستگاکانی دەوروبەر ڕێنماییکران تاوەکو لەوێ ڕۆژبکەنەوە، شاگردی دەم بە خەندە، ئێمەی بەرەو پەرستگایەك برد کە لەسەر مایەکی بەرزبوو و بەهۆی دیوارێکی ستوونییەوە کە بەرزییەکەی بیست و پێنج مەتر بوو ئێمەی لەو شوێنە جیا دەکردەوە کە تێیدا بووین، لەگەڵ نزیك بوونەوەمان لەوێ، ئێمە داربەستێکمان بینی کە قاچەکانی لەسەر زەوی و سەرەکەشی پاڵی دابوو بە سەکۆیەکی بەردینەوە کە ڕێك لکابوو بە پەرستگاکەوە، لەوێوە کە ئەو داربەستە تاکە ڕێگای چوونە ناو پەرستگاکە بوو ئێمە لەبەردەم داربەستەکەدا وەستاین و گرووپەکەشمان دوای

چەند ساتێك گەیشتنە لامان، بە چواردەورماندا، پەرستگای زۆری هەبوو کە هەموویان لە دڵی شاخدا هەڵکەنرابوون و هەمووشیان یەك ڕێگای چوونە ژووەرەوەیان هەبوو.

بۆ ساتێك، تەنها ئومێدی ئێمە بۆ دۆزینەوەی پەناگەیەك کە شەوی تێیدا بەسەر ببەین، لەمەدا کورت دەکرایەوە کە ئێمە بتوانین بەو پەیژەیەدا سەرکەوین بەڵام شاگردی دەم بە خەندە گوتی: ((پەلە مەکەن!)) ئەو پاشان بە دەنگێکی بەرز و زوڵاڵ دەستی بە گۆرانی چڕین کرد و گوتی: ((خودای میهرەبان! ئێمە پشتمان بەتۆ بەستووە تاوەکو ئەمشەو، کە شەوێکی پیرۆز و بەرێزە، لە شوێنێکدا ئۆقرە بگرین)).

دەسبەجێ هەموو ئەم کەسانەی کە دەوری ئێمەیان دابوو، ساتێك بێدەنگییان هەڵبژارد پاشان هەموویان بە یەك دەنگ و بە توندی ئەم ڕستەی دواییان دووبارەکردەوە و گوتیان: ((بەم جۆرە دەسەڵاتی ئیلاهی (أم)[1])).

ئێمە دەسبەجێ خۆمان لە نزیك سەکۆبەردینەکەدا، بینییەوە کە وەستابووین و لەگەڵ زیارەتکارەکانی دیکەدا، چووین بۆ ئەو پەرستگایانەی مەبەستمان بوو، کە گەیشتینە شوێنی مەبەست، هەر جۆرە هەستکردن بە شەکەتی و ماندووبوونێك لە لەشماندا باریکردبوو، ئەو شەوە ئێمە وەك منداڵانێکی کەم تەمەن، خەوێکی قوڵمان لێکەوت لە کاتێکدا دەمانزانی، لەرینەوە بەهێزەکان کە لەو گرووپەی زیارەتکارەکان، لەو ساتەدا درەوشابوویەوە، فەرمانیان بۆ بهاتایە کە کێوەکان ناچار بە جوڵە بکەن، بێ گومان لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا سەرکەوتوو دەبوون.

*　　*　　*

(١) Aum هەما (Om)ە کە نووسەر لەبەر هەر هۆیەکی تایبەت بێت Aum نووسیویەتی، ڕەنگە ویستبیتی شێوازی دەربڕینە دروستەکەی بنووسێت. و. ف.

## بەشی دوازدەهەم

سبەینێ، کاتیژمێر چواری بەیانی دەنگی بەرز و زوڵاڵی شاگردی دەم بە خەندە ئێمەی خەبەرکردەوە، ئەو بە گۆرانی وتن گوتی: ((سروشت لە خەو هەستاوە، هەربۆیە منداڵەکانی سروشتیش دەبێت لەخەو هەستن، سپێدەی ڕۆژێکی تر، لە ئاسماندا دەرکەوتووە! ئەمڕۆ ئازادی چاوەڕوانی ئێوە دەکات! ((ئوم))!))

ئێمە لە نزیك قەدپاڵی شاخەکە، ئەو شوێنەی نوکی داربەستەکەی شەوی پێشوو باڵی پێوەدابوو، نزیك بووینەوە، بەوپەڕی سەرسامییەوە بینیمان لە بری داربەست پلەکانەیەکی زۆر تۆکمە کە بە باشی دروست کرابوو لە شوێنی داربەستەکە دانرابوو بە چوونە خوارەوە لە پلەکانەکان، لە خۆمان دەپرسی ئایا لە خەوداین یان نا، شاگردی دەم بە خەندە لە دەمی پلەکانەکەدا پێشوازی لێکردین و گوتی: نەخێر! ئێوە خەو نابینن، ئەمە کاری مامۆستا پوریجییە کە دوێنی شەو خەوی بە پلەکانەوە بینی و پاشان ئەوی بۆ کەڵك وەرگرتنی گشتی لێرە دانا، ئەمە یەکێك لەو خەونانە بوو کە هاتنە دی)).

لەو پانزە ڕۆژەی کە ئێمە لەو ناوچەیەدا گوزەراندمان، هەمیشە چانسی خواردنی چێشتی گەرممان دەبوو و هەرگیز هیچ کەسێکمان لە حاڵەتی ئامادەکردن و چێشت لێنانی ئەم خواردنە چاك و بەچێژانەدا نەبینی، ئەم خواردنانە هەمیشە زیاتر لە پێویستی ئێمە بوون، هەموومان بە تێری لەسەر سفرە هەڵدەستاین، شاگردی دەم بە خەندە و یەکێك لە هاوڕێکانی دەستیان کرد بە سەرکەوتن بۆ پورا-تات-سانگا، ئەم ڕێگەیە بە چەندین پلەکانەی لەبەرد تاشراودا دەستی پێدەکرد، پاشان پێویست بوو بەسەر ئەو تەختانەدا تێپەڕن کە دیوارە درزبردوو کەلێن تێکەوتووە بەردینەکانی بە یەك دەگەیاند، بەم پێیە بۆشایی ژێر پێی ڕێبوارەکانیان پڕ دەکردەوە.

لە ڕێڕەوەکانی دیکەدا، پێویست بوو گوریس بەکاربهێنرێت و سەرێکی ببەسترێت بە یەکێك لە کەڵێنە قوڵەکانی دیوارە بەردینەکانەوە، دوای تێپەڕبوونی دوو کاتژمێر، دوو کەژەوانەکە، هێشتا نەیانتوانیبوو لە دووەمین دوندی شاخەکە کە لە بەرزایی سەد و حەفتا و پێنج مەتری خاڵی دەسپێکی ئەواندا بوو، تێپەڕن، ئەوان دواجار گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە ناچارن واز لە هەڵزنان بە شاخەکەدا بهێنن و دەست بەرداری ئەم کارە بن، یۆگی سانتی پایەبەرز، ڕووی تێکردن و هاواری کرد: ((کەواتە بۆچی دانابەزن؟)) شاگردی دەم بە خەندە لە وەڵامدا وتی: ((زۆر هەوڵدەدەین بێینە خوارەوە بەڵام بەردەکان نایانەوێت دەستبەرداری ئێمە بن)) شاگردی دەم بە خەندە ئەزموونی زۆر ناسراوی تایبەت بە کەژەوانەکانی تێدەپەڕاند، بەم شێوەیە کە سەرکەوتن بەسەر دیوارێکی ساف و هەمواری بەردیندا زۆر ئاسانتر بوو لە هاتنە خوارەوە پیایدا.

یۆگی بە گاڵتەوە وتی: ((باشە چۆنە هەر لەوێ بمێننەوە؟! ئێمە سبەینێ بە بڕێك خواردنەوە دێین بۆ ئەوێ، ڕەنگە تا ئەو دەمە بتوانن بگەنە دوندی شاخەکە!)).

ئەو پاشان داوای لە هەردوو کەژەوانەکە کرد تەواو خوێنسارد و بە ئارامی بمێننەوە و بۆ ماوەی سێ کاتژمێری تەواو، ئەوانی بەوپەڕی وردی و وریایی ڕێنمایی کرد تاوەکو بتوانن دیسان بێنە خوارەوە، کاتێك ئەوان دواجار هاتنە لای ئێمە، یۆگی بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: ((گوڕ و تینی لاوێتی بەم جۆرە لەناو دەچێت...)).

ئەو دوو لاوە بەتاسەوە چاویان بڕییە دوندی شاخەکە و گوتیان: ((ئەگەر مامۆستا پوریجی پایەبەرز لەو بەرزاییەدا بمێنێتەوە، وادیارە ئێمە لە چانسی دیتنی ئەو بێبەش دەبین))، سەرکەوتن بەسەر ئەم شاخە کە وا بەلامانەوە لەڕادەبەدەر دژوارە.

یۆگی لە وەڵامدا وتی: ((نیگەران مەبن، زاتێکی گەورەتر لە ئێمە، دێت بەدەم ئەم کارەوە، هەنوکە پشوویەك بدەن، ئێوە کارەکەتان زۆر بە باشی دەسپێکرد)) ئێمە بە سەرسامی و واق وڕماوییەوە لە خۆمان دەپرسی کە چۆن توانراوە پەرستگایەکی وەك پورا-تات-سانگا دروست بکەن.

کەسانێکی زۆر دەنگیان لێ بەرزبوویەوە و پرسیاریان کرد دواجار کەی توانای سەردانی مامۆستای مەزنیان دەبێت، یۆگی لە وەڵامدا گوتی: ((ئەمشەو)) و بەڕاستیش لەکاتی ئێوارەدا مامۆستا پوریجی سەردانی ئێمەی کرد، بەدرێژایی ماوەی نان خواردنەکە، دەربارەی

هەوڵی بێهودەی ئەو دوو لاوە قسەکرا کە بەنیازبوون بە شاخەکەدا هەڵگەڕێن، مامۆستا گوتی ئەو دوو کوڕە گەنجە لەم کەژەوانیەدا سەرکەوتووبوون، بەتایبەت لە دووەمین تەقەلایاندا کە ئەوان لەبیری خۆیاندا ئەنجامیان دابوو.

دوای نیوەڕۆی رۆژی دوایی، کاتژمێر چوار، ئێمە هەمووومان لەسەر تەختی شانۆ بەردینەکەی پێشوو کە لە خوارەوەی پەرستگاکەدایە کۆبووینەوە، یۆگی سانتی لە حاڵەتی بیرکردنەوەی قوڵ و تێڕاماندا رۆچووبوو، سێ پیاو بەرەو لای بەردێکی گەورە چوون و لە حاڵەتی نزا و پەرستشدا لەسەر بەردەکە دانیشتن، پاش ماوەیەك ئەو بەردە لە زەوی بەرزبوویەوە، ئەوانی تا نزیکی پەرستگاکە برد. لەو ساتەدا، یۆگی بە شاگردی دەم بە خەندە و دووکەسی دیکەی گوت: ((ئایا ئامادەن؟ ئەوانیش بەوپەڕی تامەزرۆییەوە لە وەڵامدا گوتیان بەڵێ و لەپاڵ ئەو پیاوە پاکەدا لەسەر بەردەکە دانیشتن، بەردی ناوبراو دەسبەجێ لە زەوی بەرزبوویەوە و ئەوانی گەیاندە بانێژەی پەرستگاکە، پاشان داوایان لە ئێمە کرد بە کۆمەڵ بچینە سەر بەردەکە، سەرجەم زیارەتکارەکان لە زەوی بەرزبوونەوە، کەسانێك کە لەولای دەرگای پەرستگاکەوە بوون، هاتنە بانێژەکە دەستیان کرد بە خوێندنی زیکری ((ئوم)) لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا، ئێمەش خۆمان لەسەر بانێژەی ناوبراو بینییەوە، تەنها چەند چرکەیەك زیاتری نەخایاندبوو کە ئێمە لە بەرزترین پەرستگای جیهان، پێکەوە کۆبووینەوە.

کاتێك کۆبووینەوە و لەسەر زەوی دانیشتین، مامۆستا یوریجی سەر قسەی دامەزراند و گوتی: زۆرێك لە نێو ئێوەدا هەرگیز لە دیاردەگەلێکی وەك فڕین و ئاوێزان بوون لە هەوادا بەشێوەیەکی بەرجەستە و فیزیکیدا بەشدارییان نەکردبوو هەنوکە ئەم حاڵەتە بەلایانەوە موعجیزە ئاسایە، رێگەم بدەن بڵێم هیچ شتێکی پەڕجو ئاسا لەم کارەدا نییە، ئەم دیاردەیە لە دەسەڵاتێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە هی مرۆڤە، ئێمە لەڕێی ناسینێکەوە کە لەمەڕ هونەری دێرینی یۆگا هەمانە، لەوە ئاگادارین.

لەڕابردوودا کەسانێکی زۆر کەڵکیان لەم هێزە وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی لەزگەی پەڕجویان لکاندبێت بەکارەکەیانەوە، مامۆستای گەورەی ئێمە، گوتامابودا، زۆرێك لە ناوچە دوورە دەستەکانی جیهانی بە کەلك وەرگرتن لەم حاڵەتی فڕین بە ئاسمانەدا بینیوە و گەشتی زۆری کردبوو، من هەزاران مرۆڤم بینیوە کە بە سانایی توانیویانە ئەم کارە ئەنجام بدەن، دەسەڵاتێکی زۆر بەرز و باڵاتر لەو شتانەی کە هەر ئێستا دەیبینێت، لە جیهانی هەستیدا بوونیان هەیە،

ئەم هێزانە، ئامادەیی هێزێکی لە بەرهەڵستی کردن نەهاتوو دەسەڵمێنن، هێندە بەسە مرۆڤ دەسەڵاتی تەواو لەم کارەدا بەدەست بێنێت و دواتر دەتوانێت بۆ زۆرێك لە کاروبارەکان کەڵکیان لێوەربگرێت تەنانەت بۆ جولاندنی کێوەکان و دەریاکان.

ئێوە باس لە ئازادی و نەبوونی ترس دەکەن و خەریکی سوپاس و ستایشن، بەڵام هێشتا کۆیلایەتی خۆتان لەبیر نەکردووە، مەگەر ئەوەی کە ئەوتان بەخشیبێت، لەڕاستیدا ئەوەی کە ئێوە فەرامۆشتان کردووە ئازادی خۆتانە سیستەمی یۆگایی پوخت و دروست پەیامی ئازادی و ڕەهاییە بۆ جیهانییەکان.

مۆڵەت دەخوازم وشەی ((ئوم)) بۆ ئێوە روون بکەمەوە، لە هەندێ شوێن لە شێوازە ئاسانکراوەکەی کە بە وێنەی ((OM)) دەنووسرێت، کەڵك وەردەگرن، بەڵام دەربڕینی راست و دروستی ئەم زیکرە لە زمانی هیندستانیدا هەمان ((Aum)) یا ئا ئومە. هەربۆیە ئەو وشەیە بەم دەربڕینە روون دەکەمەوە.

ئا (A) دەنگێکی سەرنجڕاکێشە کە لە قوڕگەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆ دەربڕینی ئۆ (ou) پێویستە لێوەکانی مرۆڤ بێنە پێشەوە، دواجار دەبینیت کە پیتی (M) بەداخستنی لێوەکان شێوە دەگرێت، ئەمە دەبێتە مایەی دروست بوونی گیزە گیزێك وەك گیزەی هەنگ، وشەی پیرۆزی ئوم (Aum) گشت پانتایی دەنگ دەگرێتەوە، سەرجەم دەنگەکان حزوریان هەیە تێیدا، ئەم وشەیە پایەیەکی بنەڕەتییە و دواجار ماهیەتێکی بێ پایانی هەیە.

جیهان، دەربڕین و تەواوی ناو و شێوەکانی لەخۆیدا جێکردۆتەوە، ئێمە بە باشی دەزانین کە سەرجەم فۆڕم و شێوەکان لەناوچوون، بەڵام واقیعییەتی زاتێك کە پێشینەی بەر لە هەر شێوەیەکە بە ئەندێشەی پوخت ناودەبرێت، هەرگیز فەنابوون رووی تێناکات، هەر بۆیە ئێمە ئەو ئەندێشەیە بە پیتی ((ئوم)) پیشان دەدەین ((سادوها)) بە قوتابییەکانیان دەڵێن ((تاتو ماموئازی))[1] دوای پەرستش و تێڕامانی زۆر و بەگوێرەی هەقیقەتی رەها، قوتابی دواجار

---

(١) Tattomam uasi (لە دەربڕینی فەرەنسی دەقی کتێبەکە)دا و لە دەربڕینی ئینگلیزی Tattwamasi لە لاماکەدەکاندا خوێندکارەکان دەربارەی وشەی TAT کە هەمان دەروونی پاکە دەبێت بیرکردنەوە و تێڕامانی قوڵیان هەبێت، لەڕاستیدا لە وەرگێڕانی کوردیدا دەتوانین بە (ئەو) مانای بکەین کاتێك خوێندکار لە جیاوازی نێوان ((ئەم)) و ((ئەو)) دەگات، بە ئاسانی دەتوانێت بڵێت ((تات توام ئاسی)) یا ((تاتو ماموئازی)) کە مانەکەی بریتییە لە ((ئێوە= ئەو)) ن)).

تێدەگات و وەڵام دەداتەوە: ((بەڵێ هەم- سورهام)) یا بێین و وەڵامەکانی ئەم قوتابییە لەکاتی دەرککردنیدا و لە ساتەوەختێکدا لە پێگەی ئیلاهی خۆی دەگات توێژینەوەی زیاتری لەبارەوە بکەین ((سو-هام))[1] ئەم وشەیە لە دوو پیتی بێدەنگ ئێس (S) و ئێچ (H) و هەروەها سێ پیتی دەنگدار ئەی (A) ئێم (M) کە جۆرێك لە ئامراز یا نێوەندکارە بۆ گەیاندنی پیتەکان پێکهاتووە، مرۆڤ ناتوانێت بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە پیتی دەنگدار پیتە بێ دەنگەکان پێکەوە بلکێنێت، لە قەڵەمڕەوی دەنگەکاندا، پیتە بێ دەنگەکان سمبوڵی شتە فەنابووەکان و پیتە دەنگدارەکان سمبوڵی ئەو شتانەن فەنابوون روویان تێناکات، بەم پێیە لەم وشەیەدا، ئێس (S) و ئێچ (H) فەنابوون و لەناو دەچن و تەنها وشەی ئوم (Aum) دەمێنێتەوە کە هەمان بێ کۆتا و ڕەهایە.

ئەی ئەوانەی بە شوێن حەقیقەتدا دەگەڕێن، ئوم هەمان خودای گەورە و باڵایە، دانایان بەهۆی پشت بەستنیان بە ((ئوم)) گەیشتن بە ئامانجەکەیان، هەرکەسێك لە ((A)) بنوارێت، لە (قۆناغی بێداری و چاودێری)دا لە خودا دەڕوانێت، هەر کەسێك بە قوڵی بیر لە پیتی یو (U) دەکاتەوە لە ((قۆناغی پەیوەندی)) دایە لە جیهانی دەروون دەڕوانێت و بە رووناکبوونەوەی بیر و ئیشراق دەگات، لەم قۆناغەدا دەستبەجێ لە ئازادی بەهرەمەند دەبێت، بەم پێیە پەرستش و قوڵبوونەوە لەمەڕ وشەی ئوم (Aum) کە هەمان دەروونی پاکە، هەموو شتێك لەخۆ دەگرێت.

من بۆ دوور دەڕوانم، لە جیهانی گەورە و بە گەورەیی نورێکی سپی لەوێ، پیاوێك دەبینم کە بە سیپاڵێکی یەکجار سپی رەنگەوە حزوری هەیە، ئەم سیپاڵە لە نوری سپی و پاکژ دروست بووە- لە سیمایدا، حاڵەتێك لە خۆشەویستی و میهرەبانی کەزادەی ئەو نورە سپییەیە بوونی هەیە، بە دەوروبەریدا دەنگێك دەزرنگێتەوە و دەڵێت: ((تۆ لە سەدەی سەدەکاندا بوونت هەیە)) ئەو نزیك و نزیکتر دەبێتەوە، ئەو دەنگە دیسان بەرگوێ دەکەوێت: ((لەم رۆژەدا لەم ساتەدا، رەهبانیەتی تێکڕای مرۆڤایەتی بەتۆ دەبەخشرێت کە نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی، هالەیەك لە تیشکدانەوەی نورێکی سپی و پاکژ بەرەو لای ئەو وروژم دەبەن، ئەو هەمان

---

(١) Su-Ham لە دەربڕینە فەڕەنسییەکەی دەقی کتێبەکە و لە دەربڕینی ئینگلیزی Swam یا Swami (سۆئامی) بە مانای مامۆستا یا گەورە و بەڕێز.

ماهیەتە کە رەسەنایەتی ئیلاهی بوون پیشانی سەرجەم مرۆڤەکان دەدات، ئەو نە مەزهەری سیستەمێکی دیاریکراو و نە ئەنجوومەنی برایەتییە، ئەو هەمان مەزهەری مرۆڤایەتییە لە حاڵەتی پاکژی بەرایی و بەر لە دەسپێکردنی ئەنجوومەنی برایەتییە، ئەو هێشتا دەمی نەکردۆتەوە چونکە هەموو ئەم شتانە ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی زەوی شێوەی تۆپەڵەیەکی نادیار لەخۆ بگرێت، رووی داوە و بەرلەوەی بچێتە ناو خولگەیەکەوە و ئەو شتانەی کە هی ئەو بوون ئەو جیلوەی یەکەمین شێوەی مرۆییە، کە دەبێت خۆی بە هەبوونی دەسەڵاتی تەواو بەسەر هەموو ئەو هێزانەدا کە دەست بەکاربوون لە کۆکردنەوەی گەردیلە بەرایی و نادیارەکانی گۆی زەوی، بناسێنێت و تاوەکو شێوەیان پێببەخشێت گوێ بگرن، دەنگێك کە گەمارۆی ئەوی داوە، دەکەوێتە قسەکردن، ئەو دەنگە فەرمان دەردەکات ((نور! ببە!)) کۆمەڵە تیشکێکی بەهێزی سپی لە هەرلایەکەوە دەردەپەڕن، شێوەی مرۆیی ئەوانە لە شوێنێکدا چڕدەکاتەوە، تۆپەڵەی قەوارە نەگرتووی زەوی دێتە بوون و ئەم شوێنە دیاریکراوە وەك خۆرێکی ناوەندی لێدێت بۆی، لەکاتێکدا ئەم کاکڵە ناوەندییە هاوشێوەی گەردیلەکانیەتی ئەم گەردیلانە زیاتر لە هەر کاتێك پڕ دەبن لە نور، شێوەیەك کە ئەم تیشکە نورانیانە چڕدەکاتەوە، بەگوێرەی دەستوور و راسپاردەی ئاگایانە، کاردەکات.

ئەمێستا، ئەو شێوەیە دێتە گۆ و ئێمە دەتوانین قسەکانی ببیستین، ئەوانە بە پیتێك لە نوری پوخت و زێڕین وێنە کێشراون، من دەتوانم ئەو پیتانە بخوێنمەوە، ئەو نووسراوە بەم شێوەی لای خوارەوەیە! من لە جیهانی رووناکییەوە هاتووم، تاوەکو چاودێر و پارێزەری تۆ بم لەسەر زەویدا، گەردەکانت بەرەو لای خۆت راکێشە، لە هەرکام لەو گەردانەدا، نوری زیندەگی هەمیشەیی هەڵبکە، نورێك کە لە چاوگی گەورەی ژیان و وجود لە دەرکەوتنی هەر ژیانێك وەدیهاتووە، من بە تۆی رادەگەیەنم کە ((من هەم)).

هەنووکە، ئەو شێوەیە دەبینم کە ئاماژەمان بۆ دەکات، چەندین شێوەی دیکە لەگەڵ ئەودا لە نێویاندا، کەسێك دیتە قسە و دەڵێت: ((چ کەسێك خۆشەویستی خودایە و نوری جیهانی هەستییە؟)) دەنگەکە دیسان لە ئاگاییدا بە ئەسپایی بەرگوێ دەکەوێت ((خۆمم کە شێوەم گرتووە تاوەکو بەسەر هەر شتێکدا زاڵ بم و دەسەڵاتەکەم لەڕێی خۆمەوە، تەجەلی دەکات و رادەگەیەنرێت)).

ئەو شێوەیە بە نۆرەی خۆم وەڵام دەداتەوە: ((من هەم)) و ئێوە ((هەموو ئەو شتەن کە من هەم)) دەنگەکانی دەوروبەر دەڵێن: ((لە پشتەوەی ئێمە بڕوانن، دەنگی خودا لەڕێی منەوە دێتەگۆ. من خودایيم و ئێوەش ((خودای))ین، هەر رۆحێك لە پاکێتی بەرایی خۆیدا، خوداییە)) کەسانێك کە لە حاڵەتی پەرستش و هۆشیاریدا دانیشتوون و بێدەنگ بوون، لەنێو ئەو شێوەدا، دەنگەکە دەبیستن، ئەو دەنگە دەڵێت: ((مرۆڤ خوداییە، رۆحی خوایی ئیلاهی دیسان لە جیهانی گەورەی وجود دێتە دەرەوە.))

هەموو ئەم شتانە نە حەساسیەتی بێهودە و نە سەرشۆڕی لەخۆ دەگرێت، ئەم یەك جیهان بینی و ئیلهامێکی روون و ئارامە لە مرۆڤێکەوە کە لە خودا سەرچاوەی گرتووە، بە هەموو هێز و دەسەڵاتەکانییەوە، ئەم دەسەڵاتە هی سەرجەم مرۆڤایەتییە، شوێنێك کە هیچ شتێکی لێ بەدەر نییە، بەشێوە بەخشینی ورد، هەڵچوون و تیشکدانەوەی ئەم نورە بەهێزە سپییە کە وەك بلور پاك و روونە، دێتە ئەنجام، مرۆڤ لەو خولقێنراوە و شێوەی گرتووە، بەم پێیە مرۆڤ نورێکی پوختی سپی رەنگە[1]، ئەم نورە هەمان ژیانی ئیلاهییە و تیشکەکانی تەنها لەڕێی مرۆڤەوە دەردەکەون.

لەکاتێکدا کە ئێمە ئایدیاڵ و ئامانجەکانمان دیاری دەکەین و پەرستش و ئەندێشەمان لەو مەنزڵگا شیاوی قبووڵ کردنەوە دێنێتە بوون، ئەم ئیلهامە بڕستی تێدەکەوێت، خۆی دەناسێنێت و زیاتر لە جاران نزیك دەبێتەوە و سەرەنجام لەگەڵ شێوەکەدا یەکدەگرێت، ئاکامی ئەم وەحدەت و یەکبوونە ئێمەین، ئێمە دەبینە ((ئەو)) و دەتوانین بە تێکڕای مرۆڤایەتی بڵێین ((من تۆم)) لەکاتێکدا کە گوزارشت لە خودا دەکات.

کاتێك دایکی راستەقینە و کامڵ لە دەمی سك پڕیدا ئەمە دەبینێت، لەدایکبوونی پاکیزە[2] روودەدات، بەم شێوەیە لەدایکبوونێکی نوێ بۆ ئەومنداڵە بوونی نابێت، بەم جۆرەیە رۆلی ژن، هەمان خودایە ئلوهیەتی واقیعی مرۆڤەکان، هەمان ((ئاتما))یە، واتە ئاوێتەبوونی رۆح لە پیاو و ژندا.

---

(1) Darupati.

(٢) Limmaculee wnception لەدایکبوونێك کە کۆرپەکەی مەعسوم و بێ گوناه بێت. و.ف.

قەڵەمڕەوی واقیعی ژن، لەپاڵ وێنەکەدا هەیە، لەگەڵ ئەودا ڕێکخراوە و هەماهەنگ بووە، مەخلوقی خودا ئایدیالی پیاوانە و ئایدیالی ژنانە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەوان پێکەوە ((داروپاتی)) پێکدەهێنن، واتە شانازی دایك و ئایدیالی ژنانە، کە چەمکاخەی مرۆڤی جاویدانەییە کە وەك رزگارکەر و هاوەڵە.

گەربێتو لە دوورەوە لەوان بڕوانین، وادێتە بەرچاو لەیەك جودان بەڵام لە کۆی گشتی پڕۆژەی گەورەی جیهان، جودابوونەوە قبووڵ ناکەن، ژن لە ترۆپکی دەسەڵاتیدا، لاشەی خۆی دەبەخشێت بە میحرابی لەدایك بوون و توانای دەداتێ تاوەکو کۆرپەی شیرە خۆر خواردنی لێوەرگرێت و ئەم مەخلوقە خوداییە بە جیهان بناسێنێت، بەم جۆرەیە سك پڕی راستەقینە کە لە سکێکی پاك و پاکیزەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەودەمەی پرۆسەی حامیلە بوون بەشێوەیەکی بەڕاستی پیرۆز لەبیر و گوفتار و لە کرداردا ئەنجام بدرێت، منداڵ نە لە گوناهدا شێوەی گرتووە نە بۆ ژیان لە ستەم و ناڕەواییدا دێتە دنیا، ئەم منداڵە پاك، پیرۆز، بێ گوناە و لەخودا سەرچاوە گرتووە، منداڵێکی لەم جۆرە بە قۆناغە جۆراوجۆر و یەك لە دوای یەکەکانی ژیاندا، تێناپەڕێت. تەنها بە یارمەتی بیری فیزیکییە کە منداڵێك لە جیهانی فیزیکیدا لەدایك دەبێت، ناچار دەبێت ئایدیا و ئەندێشە فیزیکییەکانی گوناە و دژایەتی و ناهاوئاهەنگی پەیوەست بە دایك و باوکی لە ئەستۆ بگرێت ئەمە تەنها بەڵگەیەکە لەدایکبوونی سەرلەنوێ و دووبارە دەسەپێنێت.

کاتێك ژن ڕێگەی هاتنە دەرەوە بە رۆحی خودایی دەدات، نەك تەنها خۆیشی دەبێتە خاوەنی رۆحی خودایی، بەڵکو ئەو منداڵەش دەبێتە خودایی، لەم کاتەدایە کە ئەم ژنە دەتوانێت لەگەڵ رۆحی خوداییدا ڕووبەڕووبێتەوە، کاتێك کە هاوسەری (ژن) کە لە بنەڕەتدا نێر و مێ لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و بانگەوازی واقیعی خۆی دەنێرێت، لاشەی پاك و بێگوناهی ئامادەیە تاوەکو ئەم شتە پاك و بێگوناهە لەخۆیدا جێبکاتەوە! پەروەردەکردنی کۆرپەلەیەك بە رۆحی خودایی کە بڕیارە پێ بنێتە ناو شانۆی ژیانەوە، جەستەی ژن بەرلەوەی کە لە بنەڕەتدا جیهان فۆرمەلە بووبێت، ئامادە و وەرگری ئەم رۆحە خوداییە بووە.

لێرەدا مامۆستای مەزن پوریجی قسەکانی کۆتایی پێهێنا و ئێمەی بانگهێشت کرد لەگەڵیدا بڕۆین بۆ ژێرزەمینێکی بەرفراوان، لەوێدا ژمارەیەك مامۆستای یۆگی لە حاڵەتی تێڕامانی قوڵدا لێی دانیشتبوون، ئێمە بۆ ماوەی نۆ رۆژ لەو پەرستگایەدا و لەو ژێرزەمینەدا ژیاین.

زۆرێك لە یۆگییەکان، چەندین ساڵ بوو لەو شوێنەدا دەژیان و کاتێك واز لەم تەنهایی و گۆشەگیرییە بهێنن، کاری گەورە و گرنگ لەناو میللەتەکەی خۆیاندا ئەنجام دەدەن.

ئێمەیان ئاگادارکرد دوای ئەم دانیشتنانە، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاکان بۆ هیندستان دەگەڕێنەوە و بڕیاربوو ڕێگای گەڕانەوەی ئەوان لەڕێی جادەی ڕووباری سان سراوار و موکیتناوە بێت، ئێمەش لە ((موکیتنا))وە دەمانتوانی بە ئاسانی بۆ دارجلینگ بڕۆین، ئەمە هەواڵێکی زۆر دڵخۆشکەر بوو، بیرکردنەوە لە سەفەرکردن لەگەڵ ئەم مەخلوقاتە پایەبەرزانەدا، دەبووە مایەی شانازی ئێمە.

ئێمە لە هۆڵێکی ژێرزەمینییەوە بۆ هۆڵێکی ژێرزەمینیی دیکە چووین و لەگەڵ چەندین مامۆستای یۆگیدا وتووێژمان کرد، بەوپەڕی سەرسامییەوە بۆمان دەرکەوت ژمارەیەکی زۆر لەوان نەك تەنها لە وەرزی هاوین، بەڵکو لە وەرزی زستانیشدا لەو ژێرزەمینانەدا دەژین. ئێمە پرسیارمان لێکردن ئایا سەرما و سۆڵە دەردی سەری بۆ دروست کردوون یان نا، ئەوان لە وەڵامدا وتیان بەفر لە نزیکی ئەواندا نەدەباری و لەو ناوچانەدا، هەرگیز تەم و مژ یا تۆفان یا تەرزە و ڕەهێڵەی بەفر هەڵی نەدەکرد.

زەمەن، لەو شوێنەدا بەخێرایی تێپەڕی و دواجار ڕۆژێك هاتە پێشەوە کە دەبوایە ئێمە بەیانی ئەو ڕۆژە بەڕێ بکەوین.

❊ ❊ ❊

## بەشی سیانزەهەم

سپێدەی ڕۆژی بەڕێکەوتنمان، گرووپەکەی ئێمە بەهۆی گۆرانی چڕینی ((شاگردی دەم بە خەندە)) لەخەو هەستا، ئێمە بۆمان دەرکەوت ڕووداوێکی نائاسایی رووی داوە، چونکە سەرجەم زیارەتکانی بانگهێشت دەکرد بۆ ساتێك کۆببنەوە، لەکاتێکدا ئێمە لە پەرستگاکە دەهاتینە دەرەوە، نورێك کە لە پۆرا-تات-سانگا دەئاخێزا، هێندە درەوشاوە بوو کە تێکڕای ئەو ناوچەیە نورانی و ڕووناك بووبوویەوە، شاگردی دەم بەخەندە، لە گۆشەیەکی پەرستگاکەدا وەستابوو داوای لە ئێمەش کرد بە بێدەنگییەوە تەماشای ئەو دیمەنە بکەین، ئێمە دەیان شێوەی ڕاوەستاومان بینی کە هەموویان قۆڵیان لێ هەڵماڵیبوو.

بێدەنگی دەوروبەر بەم ڕستەیە شکا! ((سڵاو! سڵاو! مامۆستا پۆریجی گۆرانی دەچڕی)) هەزاران دەنگی تر چوونە پاڵی و دەنگدانەوەکەی بەجۆرێك بوو کە وەك بڵێیت هێشتا هەزاران هەزار کەس لە دەوروبەر حزوریان هەیە هەر وشەیەك کە بەیان دەکرا، لە بێدەنگی و کپی ئەو بەرەبەیانەدا زۆر بە ڕوونی دەبیسترا.

ئەمەش گوتەکانی مامۆستای بەڕێزە دەینووسم: ((ئایا دەکرێت خودایەك بۆ هێندۆسەکان، خودایەك بۆ مەغۆلەکان، خودایەك بۆ جووەکان، خودایەك بۆ مەسیحییەکان و خودایەك بۆ موسوڵمانەکان بوونی هەبێت؟ لە جیهاندا تەنها خودایەکی تاك و تەنها هەیە، ئەسڵێکی جیهانگیر و گشتییە، ڕێنمای یەکەم، ڕابەر، ئەسڵێکی بێ پایان و ئیلاهی. نوری ناوەندی ئەم ئەسڵە ناوی خودایە، خودا دەبێت هەموو شتێك بگرێتەوە و بەڕاستیش بەسەر هەرشتێك و هەموو شتێکدا زاڵە، هەمووان خوداین بەم پێیە ئەمە بەم واتایە کە خودا، یەك خودای فەردی و سەربەخۆ کە تەنها بۆ کەسانێکی تایبەت لەبەرچاو گیراوە نییە.

خودایەکی گشتی و گەردونییە، کاتێك دەربارەی خودا قسە دەکەین، لەمەڕ خودایەکی تەنها، خودایەك کە لە هەر گەل و نەتەوەیەکدا بوونی هەیە، دەدوێین، خودایەك بۆ هەمووان، خودایەك لەناو هەموو لە هەموو، ئەگەر هیندۆسەکان ناوێکی تایبەتییان بۆ خوداکەیان هەیە و دەڵێن خودایەکی تر بوونی نییە، ئەندێشەیان دابەش کراوە، ئەگەر مەغۆلەکان ناوێکی دیاری کراو لە خواکەیان دەنێن و بڕوایان وایە خودایەکی دیکە بوونی نییە، ئەندێشەیان لەبەریەك هەڵوەشاوە، ئەگەر جووەکان ناوێکی دیاریکراو بۆ خوداکەیان دابنێن و بڵێن خودایەکی تر نییە جگە لە خوداکەی ئەوان، بیر و ئەندێشەیان دابەش بووە، ماڵێك کە بەسەر خۆیدا دابەش بوویێت، هەر لە سەرەتاوە بە وێرانە دەدرێتە قەڵەم، پێویستە ژێراو ژوور بکرێت، ئەگەر یەکگرتوو بێت بۆ هەتا هەتایە خۆڕاگرە، هەر کەسێکتان دەوێت هەڵیبژێرن و خزمەتکاریی بکەن، دابەش کردن و لێك جیاکردنەوە و دووبەرەکی بە مانای شکست و مەرگە، تەنانەت لە ئەسڵدا باوك و دایکی بەرایی بە مانای پێشکەوتن، شانازی، و دەسەڵاتە ئوم! ئوم! ئوم)).

وا دەهاتە بەرچاو کە بە وتنی هەر ((ئوم))ێك گەلێك لەرینەوە لە دەوروبەرماندا دەنگدانەوەیان هەبوو، ئێمە دەمانتوانی دەنگدانەوەکەی لانی کەم بۆ ماوەی دە خولەك ببیستین، رێك وەك ئەمە وابوو کە زەنگی گەورەی پەرستگا، زرنگابێتەوە، لە هەندێ شوێندا وادەهاتە بەرچاو کە تەنانەت تاشە بەردەکانی دەوروبەریش ئەم وشەیە یا باشتر وایە بڵێم ئەم زیکرەیان دووبارە دەکردەوە، لەو ماوەیەدا کە ئەم دەنگدانەوەیە گوژمەکەی رووی لە کەمی دەکرد، سەرجەم زیارەتکارەکان لە تەختی شانۆ بەردینە گەورەکەدا کۆبوونەوە کە لە دامێنی پەرستگاکەدا بوو، ئێمە چووینە پاڵ ئەوان کاتێك لەگەڵ گرووپەکەمان دانیشتین، یۆگی سانتی دەستەکانی بۆ راسەری هەڵبڕی و هەموویان بە یەك دەنگ دەستیان کرد بە دووبارەکردنەوەی زیکری ((ئوم)) وەك جاری پێشوو، تاشە بەردەکانیش دیسان لەرینەوەیان لێ ئاخێزا، ئەم رەوشە تا کۆتایی نان خواردنەکە درێژەی کێشا، کاتێك لە شوێنی خۆمان هەستاین گرووپی ئامادەبووان بۆ ساتێك بێدەنگ بوون، پاشان شاگردی دەم بە خەندە دەستی بە چڕین کرد: ((ئەمێستا خواحافیزیتان لێدەکەین، ئێمە بەرەکەت و فەڕی خۆمان بۆ ئێوە بەجێدێڵین، خواحافیزی لە ئێوەی هێژا و مەزن دەکەین، رێگەم بدەن تکاتان لێبکەم شانازیمان پێببەخشن و جارێکی تر پێشوازییەکی نوێمان لێبکەن، ئێمە بە ئەستەم دەتوانین لە ئێوە جودا ببینەوە، دڵی ئێمە خوازیاری گەڕانەوەی ئێوە و چاوی ئێمە هەر لە ئێستاوە چاوەڕێی رۆژێکی لەو چەشنەیە،

ئێمە خواحافیزی لە ئێوە دەکەین، هیوادارین دەوڵەمەندترین و پاکترین فەرڕوبێری هەر شتێکی پیرۆز وەربگرن)).

ئەم وەڵامە، دەتووت بە وێنەی یەك دەنگ و لە کەسێکەوە دەرچوو! خۆشەویستان! ئێمە هەرگیز لە ئێوە جیانین، تەنانەت ئەو دەمەش کەوا هەست دەکەن فەزا، چاڵێکی قوڵی لە نێوان ئێمە و ئێوەدا کێشاوە، نەخێر! دووری هەرگیز تواناى لێ جیاکردنەوەی ئێمەی نابێت، چونکە خواوەند لە سەرجەم فەزاکاندا زیندوو و ئامادەیە و ئێوەش لەزاتی ئیلاهی بەهرەمەندن تەنانەت ئێمە بە پێویستی نازانین خواحافیزی لە ئێوە بکەین چونکە هەمیشە لەگەڵ ئێوەدا رووبەڕووین و دەتانبینین، هاتووچۆکانی ئێوە بە مانای نیشانەی دووری لە ئێمە نییە، ئێوە هەمیشە لێرە حزورتان هەیە، جیایی، زەمەن و فەرامۆشی بوونیان نییە، حاڵی حازر لێرەدایە، هەر بۆیە ئایندەش هەر لێرەدایە. ئێمە دەتوانین لەکوێ بین جگە لەوەی هەمووومان پێکەوە لە پاڵ خواوەندی یەکتا؟ لە خودا دوورمەکەونەوە، لە خودا نزیك ببنەوە و ئەودەمە هەموو کاتێك لێرە حزورتان دەبێت)).

ئێمە هەندێك رێمان بڕیبوو کە ئەم قسانەی دوایی بە ئێمە گەیشت، هەنگاوەکانمان ئێمەیان دوور دەخستەوە، بەڵام ئێمە هیشتا لە پورا-تات-سانگا بووین. هەرگیز هیچ جودابیەك لە ئارادا نەبوو و ئێمەش هەرگیز هەستمان نەدەکرد ئەو شوێنە پیرۆزەمان جێهێشتووە.

بەدرێژایی ئەو رۆژە، شاگردی دەم بەخەندە هیچ کارێکی جگە لە سرود و گۆرانی چڕین ئەنجام نەدا، رێك هەروەك پێشوو، خەندە و گۆرانییەکانی، ئێمەی بە جەستە، لە سەرجەم گوزەرگا و هەڵدێرە دژوارەکان، دەرباز دەکرد و ((هەڵدەگرت)) ئێمە لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بەشینەیی لە ((ماها-مونی)) تێپەڕین بەڵام لە جیاتی ئەوەی شەو لەوێ بمێنینەوە، بۆ پێشەوە چووین، بۆ ماوەی شانزە کاتژمێر رێگا رۆیشتین و زیاتر لە سەد و بیست کیلۆمەتر رێمان بڕی، لەگەڵ ئەمەشدا، هەرگیز هەستمان بە شەکەتی نەدەکرد و گەشتەکەمان بە هەمان شێوە تا ((سان سراوار)) درێژەی کێشا. لەوێ، ئێمەیان بۆ پەرستگایەکی شکۆمەند رێنمایی کرد، کە کەوتبووە نزیك رووبارە بەناوبانگەکەی ئەوێ، ئێمە لەوێ بۆ ماوەی دوو رۆژ پشوومانداا تاوەکو گوڕ و تینی پێویستمان هەبێت بۆ پەڕینەوە لەو سەرملە ترسناکە، ئەم ناوچەیە دەکرێت بڵێین وەك بەهەشتی بەرینە، دەریاچەکە وەك گەوهەرێکی بە نرخ، کەوتۆتە نێوان دیمەنێکی دڵگیر لەناو شاخەکاندا، باڵندەکان لە سەرجەم لق و گەڵای درەختەکاندا بەردەوام مژوڵی ئاواز خوێندنن، بەشێکی گەورەی

ئەو مامۆستا مەزنانەی کە تا ئەو شوێنە، لەگەڵ ئێمەدا هاوسەفەربوون لەو شوێنەدا دەژیان، ئێمە لەگەڵ یۆگی سانتی بەرەو شوێنی مەبەست کە موکتینا بوو درێژەمان بە گەشتەکەی خۆماندا، بەدرێژایی ڕێ، زۆربەی جار باس لەو ڕێگە دژوارە بوو کە لە پێشمانە و دەمانزانی پەڕینەوە لەو سەرملەیە یەکجار سەخت دەبێت، گەشتەکەمان چەندین ڕۆژ درێژەی کێشا بەڵام ئێمە هەرگیز ڕووبەڕووی هیچ گرفت و دژوارییەك نەبووینەوە و تەواوی ڕێگاکەمان بە سانایی بڕی و توانیمان بە گوێرەی بەرنامەڕێژییەك کە هەمان بوو، لەکاتی خۆیدا بگەینە جێ، لەوێ، بۆ جارێکی تر چاومان کەوت بە ئەمیل و ژمارەیەکی تر لە مامۆستاکان و دیدارێکی گەرم و دۆستانەمان نوێ کردووە، وشە و دەستەواژەکان توانای دەربڕینی هەست و سۆزی ئێمەیان نییە لەم تازەکردنەوەی دیدارەدا، ئێمە بۆ چەندین شوێنی یەکجار دوور سەفەرمان کردبوو لە هەر شوێنێك، پێشوازی گەرم و دۆستانەمان لێکرابوو، هەموو شتێك بەخێر و خۆشی تێپەڕیبوو، لەگەڵ ئەمەشدا لەو جێگایەدا، دوای ئەوەی دیسان چاومان کەوت بە دۆستانی هێژا و مامۆستا مەزنەکانمان، ئێمە وامان هەست دەکرد کە بەڕاستی بۆ ((ماڵە))وە گەڕاوینەتەوە و لەنێوان دۆست و هاوڕێ ڕاستەقینەکانی خۆماندایین.

ئەو شەوە، لەکاتێکدا هەندێك پێشهاتی سەیر و شیرینی گەشتەکەمان بۆ دۆستەکانمان دەگێڕایەوە، ئەمیل گوتی: ئەمێستا هۆکاری ئەوە دەزانن کە بۆچی خەڵکی تبت هیچ کێشە و نارەحەتییەکیان بۆ هەڵگرتنی باری گران لە بەرزاییەکانی سەرو حەوت هەزار مەترەوە نییە، ئێوە هەنووکە دەزانن کە ئەوان چۆن لە دوند و هەڵەموتەکان تێدەپەڕن و بۆ سەر دوندی ئێڤرێست سەردەکەون ئەوان بۆ سەر ترۆپکی ((شای لوتکەکان)) دەڕۆن، ئەوان ئەم ناوەیان لە ئێڤرێست ناوە، ئەوان دەچنە سەر لوتکە بەرزەکان و پاشان بە ((شای لوتکەکان))دا هەڵدەزنێن و لەو بارە سەنگینەش کە هەڵیان گرتووە، هیچ سکاڵا و گازەندەیەکیان نییە بەسەر ئەم کارە دژوارەدا زاڵ دەبن، لەڕاستیدا ئەوان بارەگرانەکەیان لە کۆڵ دەنێن و پاشان فەرامۆشی دەکەن و واهەست دەکەن هیچ بارێکیان لەسەر شان نییە، مەگەر دەکرێت مرۆڤ، بارێکی قورس بدات بەسەر شانی مرۆڤێکدا کە لە ڕۆحی خودایی بەهرەمەندە؟

هەنوکە ئێوە دەتوانن حەقیقەتی گوتەکانی عیسا دەرك بکەن کاتێك گوتی: ((بەرەو لای من وەرن، ئێوە کە ماندوو و شەکەتن و باری گرانتان بە کۆڵەوەیە، من ئاسایش و حەوانەوە بە

ئێوە دەبەخشم)). لەڕاستیدا عیسا دەڵێت: ((من هەم)) ئاسایش و حەوانەوەی راستەقینە دەستەبەر دەکات. ئێوەش تێبکۆشن لەمن هەم دا پشوو بدەن و بزانن کە دەتوانن خاوەن بارە گرانەکان بە قازانجی خودای ئاشتی وازلێبهێنن و پێ بخەنە ناو قەڵەمڕەوێکەوە کە هیچ مەوجودێك، باری قورس لە کۆڵ نانێت.

خواوەندی جیهان ئەو هێزەیە کە مۆڵەت بە مرۆڤ دەدات، باش بیر بکاتەوە و لە هەموو هەڵومەرجێکدا راست و دروست کاربکات.

مرۆڤ، وەك کرمێکی خاکی و بێ کەڵك، دەرك و بایەخی خودا نازانێت، ئەو تەنها دەتوانێت ئاگایی و شعوری هەمان کرمی خاکی گوزارشت لێ بکات، کاتێك مرۆڤ ئامانجێك دەکاتە نیشانە و بڕیار دەدات تیرێك لە ئامانجەکە بدات، پێویستە تەواوی بیر و هۆشی لەسەر ناوەڕاستی ئامانجەکە چڕ بکاتەوە و شتێکی دی جگە لەو سەنتەرە نەبینێت ئایدیاکانی ئێمەش ئەگەر ئامانجەکە بپێکێت پلەیەك لە خودا نزیك بووینەتەوە، چونکە خوا، هەمان ئایدیال یا کەماڵی خوازراوی ئیلاهییە، ناوەندێکە تەواوی ئەندێشەکان، بۆچوونەکان و تەواوی کردارەکان بەرەو لای ئەو وروژم دەبەن، بەم جۆرەیە کە مرۆڤ دەتوانێت، مرۆڤی رۆحانی لە خۆیدا پەروەردە بکات، مەبەستم رۆحی خودایی ئیلاهییە.

هەمان ئەو کەلامەیە کە شێوەیەکی بەرجەستەی لەخۆگرتووە، بە هەمان ئەو رێژەیەی کە خواوەند دەوری ئەو گۆشتەی داوە، ئەو گۆشتەش خودابیە هەوڵبدەن لە ناختان ئامانجێك بسازن، هاوکارییەکی خۆبەخشانە لەگەڵ ((ئەسڵ))ی رەها، هەوڵبدەن راستەوخۆ بەرەو ئامانج بڕۆن، ژیانێکی دەروونی ئیلاهی لێ بسازێنن، هیچ مەوجودێك تا ئێستا نەیتوانیوە دەست بداتە کارێکی گەورە بەبێ ئەوەی ئیرادە و لێبڕانی بە تەواوی چڕ بکاتەوە و ئامانجی کۆتایی (کە هەمان خودا بێت) لە بەرامبەر ئاوێنەیەکی روون لە هێزی ئەندێشەی دانەنابێت، هێزی ئەندێشە هەمان مرۆڤی ناوبراوە کە هەروەك خودا کاردەکات، مرۆڤێکی سەختگیر لەمەڕ خۆی لە پێناو هەبوونی بایەخدان و تەرکیزی ورد سەبارەت بە ئامانجەکەی (کە هەمان خودا بێت) بە جۆرێك کە دەسبەجێ قەوارەی پێدەبەخشێت، هەر هێندەی کە خودا گۆڕدرا بە (ئامانج) بۆتەی خاڵی حەز و خواستەکانتان بناسێنن و بزانن کە ئەم بۆتەیە دەسبەجێ پڕ دەبێت، ئەگەر ئەم رستەیە، رێك و راست دەرنەچێت، هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێوە شیمانەی هەیە ئەندێشەی داخوازییەکەتان بە وردی لە زەینتانا گەڵاڵە نەکردبێت، بە وردی تەرکیزتان لەسەر نەکردووە هەر بۆیە توانای

هەبوون و بەدیهێنانی ئارەزووەکەتان نەبووە، کاتێك حەز یا داخوازیەکەتان بەگوێرەی مەرجەکانی سەرەوە بخرێتەڕوو گوزارشتی لێبکرێت،لە ماهییەتێکی ئیلاهی بەهرەمەند دەبێت، ئەگەر ئلوهیەتی ئێوە دەسبەجێ فۆرمەلە ببێت و وەدیبێت مانای وایە کە داخوازییەکەتان بەپێی هاوئاهەنگی و سازشی ئیلاهی بیری لێکراوەتەوە، بەم پێیە ئێوە دەسەڵاتی تەواوتان هەیە لە هەر کاتێکدا بتانەوێت بەرواری فۆرمەلە بوون و هاتنە بوونی ئەو داخوازییەتان هەڵبژێرن و بە وشەی پێویست گوزارشتی لێبکەن، بەم جۆرە ئێوە بە خاوەنی ئەو دەمێننەوە.

بەڵام بۆ جیهانی دەرەوە، دەستووری ئێوە ئەمە دەبێت: ((بێدەنگی تەواو)) بەم پێیە ئێوە دەتوانن بە وردی و بە ناسین و ئاگایی تەواو لەم مەسەلەیە جاڕ بدەن: ((هیچ دەسەڵاتێك باڵاتر لە دەسەڵاتی ئیلاهی و توانای رۆحی خودایی دەروونم نییە، من قسەکانم کە لە خەسڵەتە باشەکانی خودا ئاوێتە بووە لە دەم دێتەدەر و ئەم گوتانە، دەسبەجێ سەرجەم داخوازییەکانم دەستەبەر دەکات من سوپاس و ستایش دەڵێم و نزای خێر بۆ هەموو شتێك دەکەم و قسەکانم بە فەڕ و بێر و هاوئاهەنگی رەوانەی فەزا دەکەم)).

سەرەتا، ئێوە قسەیەکتان کردووە کە پیشاندەری داخوازی راستەقینەی ئێوەیە، هەرگیز بۆ دواوە مەگەڕێنەوە، هەرگیز لە داخوازییەکانتان پاشگەز مەبنەوە، ئەم کارە دەبێتە مایەی گومان و دڕدۆنگی، بۆ پێشەوە بڕۆن و ئەو شتەتان لەیاد بێت کە ئەنجامتان داوە، ئەگەر کەلامی خوداییتان بەیانکردبێت خاوەن و باڵادەستی بارودۆخەکە دەبن، بەم جۆرە، داخوازییەکەی ئێوە دێتە دی و حاڵەتێکی کامڵ و رەها لەخۆ دەگرێت، کە بەشێوەیەکی ئیلاهی ((رێك و پێك)) دەبێت:

خوایە گیان! بۆ وجود و ژیان
و نوری فراوان و کامڵ، و ئازادی تۆ
سوپاس گوزاریت دەکەم
بۆ ساغلەمی و تەندروستی تەواو، بۆ دەسەڵاتێکی بێ سنوور
و ئازادی رەها لە هەر کۆت و بەندێك سوپاسی تۆ دەکەم

ئەمەتان لەیاد نەچێت کە ئەگەر دوو مرۆڤ، هێزی رۆحانی خۆیان یەکبخەن، دەتوانن بەسەر هەموو جیهاندا زاڵ بن و سەرکەون بەسەریدا، تەنانەت ئەگەر بە تەنها توانای

ئەنجامدانی هیچ کارێکیان نەبێت، ئەم دوو ((ماهیەت))ە خودا و ئێوەن کە لە ئامانجێکی هاوبەشدا، یەکتان گرتووە.

ئەگەر کەسانێکی دیکەش بێنە پاڵ ئێوە و هەمان ئەنگێزەی راستگۆیانە و دڵسۆزانەیان هەبێت، توانای ئێوە خێراتر لە ئەوانی دیکە پەرەدەسێنێت، ئەگەر دوو کەس لە ئێوە بۆ دەربڕینی داخوازییەك، لەگەڵ خودا پەیوەست بن و یەکبگرن لەگەڵیدا، خواوەندی تاك و تەنها داخوازییەکەیان دەستەبەر دەکات، خودای گەورەی جیهانییەکان خودای ئێوە و خودای من و خودای هەمووان دەبێت و ئێمە دەتوانین پێکەوە پەیوەندییەکی رۆحانی بەرقەرار بکەین، مرۆڤ بە یەکگرتنی لەگەڵ خودا، بەسەر هەر شتێکدا کە ئیلاهی نەبێت، سەرکەوتوو زاڵ دەبێت.

بچنەماڵی نهێنی رۆحی خۆتانەوە، دەرگا بە رووی دنیا و جیهانی دەرەوە دابخەن، چاوە فیزیکییەکانتان داخەن و بە چاوی ناختان لە (من)ی ئیلاهی بڕوانن، بەم پێیە ئێوە خۆتان، خۆتان خستۆتە بارێکی وەرگری رۆحانی و ئەم کارەشتان لەوپەڕی ئارامی و پاکی دا ئەنجام داوە، ئەسڵی خودا، تاکە ئامانجی سەرتا و کۆتاییە، من بە وزەی ژیان و وجودی جیهان، دەچمە ناو پەیوەندییەوە، ئەم وزەیە بەناو وجودی مندا تێدەپەڕێت من ئەو دەناسم و هەستی پێدەکەم، سوپاسی خواوەندی جیهان دەکەم کە ئەم توانایەی بەمن بەخشیووە کە هەر کارێك بە ئەنجام بگەیەنم، کاتێك نزا دەکەن و بەنیازی پەرستش و راز و نیازن و رۆحی دەروونیتان پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ ژیان و هەستی جیهاندا بەرقەرار دەکات ئێوە دەتوانن بەشێوەیەکی بێ سنوور کەڵك لەم وزەیە وەربگرن، ئێوە ((ناوی خوداتان بە (ئەندێشەیەکی گشتی کە لەڕادەبەدەر دانا و کاردروستە و لەناوەوە و دەرەوەی هەر مەوجودێکی مرۆییدا ئامادەیی هەیە بەخشیووە، مانفێست کردنی دەروونی و دەرەکی خودا، تەنها لەڕێی ئێوەوەیە دەکرێت گوزارشتی لێبکرێت و رابگەیەنرێت، بەدوای کۆمەك و ناسین و مەعریفەدا بگەڕێن، لە دەروونتانا بە شوێن ئەوانەدا بگەڕێن، بە شارەزابوون لەوەی کە حەقیقەتی هۆشمەند و دانا و سەرچاوەی هەر مەعریفە و ناسینێك لە ناخی خۆتاندایە؟ بۆچی دەتانەوێت لە دەرەوە بە شوێن مەعریفە و زانیاریدا بگەڕێن، لەکاتێکدا خودا ((یا هەمان ئەندێشەی ئیلاهی گەردوونی)) لە ناخی خۆتاندایە؟ دوای پەی بردن بەم ئەسڵە ئێوە دەتوانن، بۆ خستنەگەڕی هەر کارێك، لەم خودا دەروونییە داوای یارمەتی بکەن، دڵنیابن کە خودای دەروونتان، گەورەترین و بەرز و باڵاترین مامۆستا و فێرکار دەبێت)) هەرچی هێزی ئێوە سەرەتا بەرەو لای خۆتان کێش دەکرێت، پاشان لە

لاشەتاندا بڵاو و پەراکەندە دەبن و دواجار بۆ وەدیهێنانی ئەو شتەی کە ئێوە فەرمانی بەرجەستە بوونی دەدەن، مانفێست و دەردەکەوێت.

ئەمەیە ئەو خودایەی کە دەسەڵاتی خۆی لەناو ئێوەدا بەیان دەکرێت و دەردەکەوێت، خودای جیهانی هەستی، کەسی نییە بەڵکو دەروونییە و هەموو شتێك دەگرێتەوە، بە وازهێنان لەم ئازادییە بۆ ئەو، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەروونی‌دا گوزارشت لە خۆی بکات، مرۆڤ وابەستە دەبێت بە ئەوەوە، چونکە خودا لە گشت جیهانەکان و وجودەکاندا، نفوزی هەیە بە پەرستش کردنی خودای دەروونی، بە دیتنی درەوشانەوەی ئەم خودایە لە وجودی خۆتاندا، مرۆڤ توانستی پەرستشی ئلوهیەتێکی دەبێت کە لە تێکڕای خانەوادەی مرۆڤایەتیدا هەیە، بەپێچەوانەوە، پەرستشی خودای دەرەکی دەبێتە مایەی دروست بوونی کوفر و بت پەرستی، هەر کەسێك خودای ناخی خۆی پەرستش بکات و ببینێت کە لە ناوەوە بەرەو جیهانی دەرەوە جیلوە دەکات لە پەیوەندییەکی هۆشیارانە لەگەڵ تیشکدانەوە و لەرینەوەی جیهانی هەستیدا قەرار دەگرێت، لەرینەوەیەکی جیهانگیر لە زیندگی و نوری ئیلاهی، هیچ ئلوهیەتێك لە دەرەوەی قاوغی جەستەی ئێوە بوونی نییە، مەگەر ئەوەدەمەی پێشتر لە ناخی خۆتاندا بوونی هەبوو بێت، چونکە هەموو شتێك بە بڵاوکردنەوە تیشکدانەوەی وزە کۆتایی دێت، لەرینەوەکانی ئیلاهی سەرجەم خانەکانی لاشەی ئێوە هاورێ لەگەڵ قەبارەی جیهانی هەستیدا لەخۆ دەگرێت، هەر بۆیە خودای تاك و تەنها لە هەموو شوێنێك هەیە، لەبەردەم هەموو شتێکدا لە پشت هەموو شتێکدا، لە خودی هەموو شتێك و بە دەوری هەموو شتێکدا، خودا هەموو شتێك لە ئامێز دەگرێت لەخۆ دەگرێت، وزەی جێگیری وجود و نور، بەنێو سەرجەم گەردیلەکانی فەزادا تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی قایل بێت بە کەمترین جیاوازی و هەڵاوێردکردن و یا لە یەکێك تێپەڕێت.

ئەمیل دوای کۆتایی هاتنی قسەکانی رایگەیاند کە دۆستەکانمان لە ((هاردوار))[1] جارێکی تر چاویان بە ئێمە دەکەوێت و پاشان هیوای شەوێکی شادی بۆ خواستین.

❊ ❊ ❊

(1) Hardwar.

## بەشی چواردەهەم

بەنزیك بوونەوەمان لە ((هاردوار)) نزیکی ڕۆژەڕێیەك بەر لە گەیشتنمان بە دەروازەکانی شار، ئێمە لە ماڵی پیاوێکی ئەمەریکی بەناوی ((ویلدون))[1] لاماندا، ئەو پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و زۆر خولێکی کردین چەند ڕۆژێك لای ئەو بمێنینەوە، ئەم نووسەرە بەناوبانگە کە هەنووکە ساڵانێکی دوور و درێژە لە هیندستان نیشتەجێیە، گرنگی و بایەخدانێکی زۆر قوڵ و بە پەرۆشی بەرامبەر توێژینەوەکانی ئێمە پیشاندا، ئەو تا ئێستا چەند جارێك داوای لێکردبووین بێتە پاڵ گرووپی توێژینەوەکەی ئێمە، بەڵام هەلومەرج و بارودۆخی جیاواز هەرگیز ئەم دەرفەتەی بە ئەو یا بە ئێمە نەدابوو تاوەکو لەریزی گرووپەکەی خۆماندا قبووڵی بکەین.

بەیانی ڕۆژی دوایی، لەکاتێکدا لە باخچەی ماڵەکەیدا دانیشتبووین و لەمەڕ ئەزموونەکانی خۆمان قسەمان بۆ دەکرد، ویلدون لەناکاو رایگەیاند ئەو بە هیچ شێوەیەك هەرگیز بڕوای بە داستانی ژیانی پیاوێك بەناوی عیسای ناسری نەهێناوە، ئەو بەوپەڕی وردەکارییەوە هەموو ئەو دیکۆمێنت و بەڵگەنامە مێژووییانەی خستبوویانە بەردەستی خوێندبوویەوە، بەڵام هەموو ئەم بەڵگەنامانە، دواجار بە تەم و مژاوی و ناواقیعی هاتبوونە بەرچاوی، ئەو لەوپەڕی بێ هیواییدا، سەرەنجام وازی لە توێژینەوە کەسییەکانی خۆی هێنابوو چونکە هێشتا دڕ دۆنگی و ڕاراییەکی قووڵ لە زەینیدا لەمەڕ بوونی کەسایەتییەکی لەم جۆرە هەبوو، سەرگرووپەکەمان پێی وت: ئەگەر ئێوە لە پڕێکدا چاوتان بە عیسا بکەوێت، بە بڕوای خۆتان دەتوانن بیناسنەوە، ئەگەر وەڵامەکەتان ئەرێیە، چۆن دەتوانن بیناسن؟

(1) Weldon.

ویلدون لە وەڵامدا وتی: دەمەوێت بڵێم ئێوە ڕێك بە وردی قامکتان خستە سەر خاڵێکی هەستیاری ژیانی من، خاڵێك کە بوویە مایەی ئەوەی من بەشێکی گەورەی ئایدیا و ئەندێشەکانی ژیانم بۆ ئەو تەرخان بکەم، ئێوە هەرگیز تێناگەن من بە چ ئەنگێزە و حەزێکی قوڵەوە بە شوێن هێمایەك یا نیشانەیەك کە خەسڵەتی گوفتاری پێشینان بسەلمێنێت گەڕاوم، بە چ پەرۆشیەکەوە بەدوای نیشانەیەکدا کە بیسەلمێنێت عیسا ناوێك، بەڕاستی لە قاوغی زەمینی و فیزیکیدا لەم جیهانەی ئێمەدا ژیاوە، گەڕاوم، بەداخەوە گومانەکانی من، ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر و زۆرتر بوون و دواجار لە دۆزینەوەی نیشانەیەك کە پێچەوانەی گومانەکانی من بسەلمێنێت، دەستەوەستان بووم، لەگەڵ ئەمەشدا، لە قوژبنێکی مێشکمدا، بیرێك هەیە، جۆرێك لە تیشکی هیوا کە هەمیشە ناچارم دەکات لەسەر ئەم بیروبۆچوونە بم کە ئەگەر دەمتوانی چاوم بەم پیاوە بکەوێت، بەبێ بچووکترین روونکردنەوە یا نیشانەیەك لە جیهانی دەرەوە، بێ گومان بەبێ هیچ دوو دڵییەك ئەوم دەناسی، ئیدی لەهەر گۆشەیەکی دنیا و لەهەر وەرزێکی ساڵ دا بێت، ئەمڕۆ ئەنگێزەی دەروونی، ئەم بیرۆکە قەشەنگە کە هێشتا لە قوڵایی مێشکمدا بوونی هەیە، خستۆتە جۆلان، دەبێت شتێك بە ئێوە بڵێم کە هەرگیز بۆ هیچ کەسێکم نەدرکاندووە: من دەزانم کە ئەو دەناسم، ئەمە جوانترین ئارەزووی ژیانی منە و بمبوورن ئەگەر قسەکەم دووبارە دەکەمەوە بەڵام: من دەزانم کە لە هەر کوێیەك بێت، دەیناسمەوە)).

هەر ئەو شەوە، لەکاتێکدا کە بە نیازی خەوتن بووین، تۆماس لێمان نزیك بوویەوە و گوتی: ئێوە گوێتان لە گفتوگۆکەی من و ویلدون بوو و تامەزرۆیی ئەوتان بۆ دەرکەوت، ئێوە بەباشی ئاگادارن لە دڵسۆزی و راستگۆیی قسەکانی ویلدون لەمەڕ کەسێتی عیسا مەسیح، چۆنە بەلاتانەوە کە بانگهێشتی بکەین لەگەڵ ئێمەدا بێت و بەشداری گەشتەکەمان بکات؟ ئێمە بە هیچ شێوەیەك نازانین و هیچ کەرەستەیەکیشمان بۆ زانینی ئەم مەسەلەیە نییە کە تێبگەین پیاوێك کە بە ناوی عیسای ناصری خۆی بە ئێمە ناساندووە، لە شوێنی مەبەستەکەی ئێمە ئامادە دەبێت یان نا چونکە ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین پێشبینی هاتووچۆکانی ئەو بکەین، لەڕاستیدا، ئێمە تەنها دەزانین کە ئەو لە نێوان ئێمەدا حزوری هەبووە، ئەگەر ئێمە ویلدون بانگهێشت بکەین لەگەڵ ئێمەدا بێت و ئەگەر عیسا لەو شوێنەدا ئامادە نەبێت، رەنگە هاوڕێکەمان جارێکی تر بێ هیوایی رووی تێبکات بەبێ ئەوەی هیچ خێر و بەرژەوەندییەکی لێ دەست کەوتبێت، واهەست دەکەم ویلدون زۆر تامەزرۆی هاوڕێیەتی ئێمەیە، لەوێوە کە هیچ کام لە ئێمە نازانین ئایا لە شوێنی مەبەستمان، عیسا ئامادە دەبێت یان نا، پێشنیار دەکەم

هیچکاممان، لەم بایەرەوە قسە لەگەڵ هاوڕێکەمان نەکەین، ئێمە تەنها دەتوانین هیوامان بە ئاینده هەبێت و پشت بەخودا ببەستین.

ئێمە هەموومان قایل بووین و بەیانی رۆژی دوایی، تۆماس داوای لە ویلدون کرد هاوڕێیەتیمان بکات لە سەفەرەکەماندا، دەسبەجێ رووخساری ویلدون گەشایەوە و لە نورێکی هیوابەخش و تامەزرۆ رووناك بوویەوە، ئەو ساتێك تێڕاما، پاشان گوتی بۆ چوارشەممەی هەفتەی داهاتوو بڕیاری دیداری هەبوو ناچاربوو لەو بەروارەدا لە ماڵەوە بێت، ئەو رۆژەش پێنج شەممە بوو، هەر بۆیە ئەو تەنها شەش رۆژ دەرفەتی هەبوو، تۆماس بەم ئاکامە گەیشت کە ئەم ماوەیە بۆ دۆستەکەمان گونجاو و بەسە، هەر بۆیە بڕیارماندا سەرلەئێوارەی ئەو رۆژە بەڕێ بکەوین، هەموو شتێك بە باشی تێپەڕی و ئێمە دوای دوو رۆژ بەر لە نیوەڕۆ گەیشتینە شوێنی مەبەست. هەر کە گەیشتینە ئەوێ، ئێمە گروپێکمان بینی کە لە دوانزە کەس پێکهاتبوون کە لە باخی ئەو میوانخانەیەدا کە دەبوایە تێیدا بمێنینەوە، بە دەوری مێزێکدا دانیشتبوون، ئەوان بە نزیکبوونەوەی ئێمە لە شوێنی خۆیان هەستان و خاوەنی میوانخانەکە هاتە پێشوازیمان و چاك و چۆنی لەگەڵدا کردین، ئێمە لە نێوان ئەو گرووپەدا کە بەپێوە وەستابوون، عیسامان چاوپێکەوت، بەرلەوەی کەسێك بتوانێت قسەیەك بکات یا کارێك ئەنجام بدات، ویلدون بە دوو قەڵەمباز خۆی گەیاندە لای عیسا و لەکاتێکدا هەردوو دەستی بە نیشانەی تامەزرۆیی بۆ پێشەوە راداو هەردوو دەستی عیسای گرت و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە گوتی: من ئێوە دەناسم! ئاه! ئێوەم ناسی! ناسی! ئەمە باشترین چرکەساتی سەرلەبەری ژیانی منە!

لەبارێکدا کە ئێمە نوقمی تەماشای حاڵەتی سەیر و خۆشحاڵی دۆستەکانمان بووین، هەستکردنێکی هاوشێوەی شادی ئیلاهی هەموومانی گرتەوە و حەپەسابووین، ئێمەش چووینە پێشەوە و لەکاتێکدا ویلدونمان بە ئامادەبووان دەناساند سڵاو و پیرۆزباییمان لە هەمووان کرد و رێزمان لێگرتن.

دوای نان خواردنی نیوەڕۆ، ئێمە لە باخ دانیشتین و ویلدون بە عیسای گوت: ئایا حەز دەکەیت وتارێکی کورتمان پێشکەش بکەیت؟ من هەموو تەمەنم لە چاوەڕوانی ساتێکی ئاوادا بەسەر بردووە.

بۆ چەند ساتێك بێدەنگییەکی قورس باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا و پاشان عیسا قسەکانی دەسپێکرد و گوتی: لە ئارامی ئەم ساتەوەختەدا، پێم خۆشە هەمووتان بزانن خودایەك کە لەگەڵ ئەودا راز و نیاز دەکەم و لە وجودی خۆم ئۆقرەی گرتووە، هەر ئەو خودایە کە لە وجودی

هەموو ئێوەشدا هەیە، هەر مرۆڤێك دەتوانێت لەگەڵ ئەم خودایەدا راز و نیاز بکات و بە ئەندازەی من، بە قوڵی بە تەواوی و لە ناخەوە بیناسێت، هەناسەیەك لە شکۆمەندییەکی نائاسایی بەسەر تاڵەکانی سازێکی عیرفانیدا تێدەپەڕێت و لە عەشقی پاك و ئیلاهی، دەیهێنێتە لەرزە، ئەم عەشقە هێندە پاکە کە بێدەنگی ورد و ئاراستەکراو، لە جوڵە دەکەوێت تاوەکو گوێی بۆ شل بکات، مەوجودی گەورە و رۆحانی ئێوە، بەسەر پەنجە لێزانەکانی، بە نەرم و نیانی دەتانهەژێنێت و دەنگەکەی هەمیشە بۆ ئێوە باس لە عەشقی گەورە و پڕ لە شانازی خودای جیهان دەکات.

دەنگی ئێوە بە ئێوە دەڵێت: ((من دەزانم تۆ لێرە، لە پاڵ من دای، من و تۆ هەردووکمان خوداین)) لەم ساتانەدایە کە رۆحی خودایی لەپاڵ ئێوەدا قەرار دەگرێت، ئایا حەز ناکەن هەر جۆرە سنووردارێتی و کۆت و بەندێك نەهێڵن و لە زەیندا، لەپاڵ من دابن؟ لە جیهاندا، هەرگیز ئەندێشەگەلێکی پاکتر لەو بیروباوەڕەی کە من بۆ ئێوەی باس دەکەم و ماهیەتێکی جیهانی تەواوی ئایینەکانی هەیە، نەبووە.

گرنگ نییە کە مرۆڤەکان رایبگەیەنن ئەم ئەندێشانە، وەدیهێنانیان مەحاڵە، هەر کام لە ئێوە خۆتان وەك سەروەرێکی ئیلاهی، سەردارێکی سەرکەوتوو لە ترۆپکی دەسەڵاتدا و بەو شێوەیە کە ئێوە منتان بینیووە، دەناسێنێت، کاتی بەڵێن پێدراو نزیك بۆتەوە، ئەندێشەی وەدیهێنان و دەرکەوتن کە ئێوە بەرەو سەروەری ئیلاهی رەوانەتان کردووە، لە جەستەی خۆتاندا، پێگەیشتووە و کامڵ بووە و رۆحی ئێوە دەزگای کۆنترۆڵەکەی گرتۆتە دەست، ئێوە لەگەڵ مندا، بۆ بەرزاییەکانی ئاسمان عروج دەکەن، ئێمە قاوغەکەمان هێندە بەرزدەکەینەوە تاوەکو تیشکی درەوشاوەی ئەوان، دەگۆڕدرێت بۆ رووناکییەکی سپی و پاك و بەهێز، بەم جۆرەیە کە دەتوانین رێگایەك بەرەو لای خودای خۆمان واڵابکەین، بۆ ئەو جێیەی کە لێوەی هاتووین، خواوەند، هەمان نوری پوخت و پاکە کە دەیبینین، لە ترۆپکی لەرینەوەی ئەم بڵاوبوونەوە ئاسمانیانەدا، هەر جۆرە یادەوەرییەکی فەنابوو، لەلامان باردەکات، ئێمە دەتوانین سەرجەم بوونەوەرەکان تەماشا بکەین کە لە ((بێ شێوەیی))یەوە دەگۆڕدرێن بۆ شێوە و هەر شتێك، لە هەر چرکەیەکدا، سەرلەنوێ درێژدەبێـەوە و نوێ دەبێتەوە.

هەموو شتێك لە جیهانی هەستی بەراییدا بوونی هەیە، لە هەمان ماددەی خودایی کە بە ((أثیر)) ناسراوە، لەرینەوەکانیان هێندە بەرزە کە هیچ کەسێك توانای بینین یا دەرك کردنی ئەوانی نییە، مەگەر ئەوە کە بەزەین، بە کۆمەکی ئەندێشە خۆیان گەیاندبێتە ئاستی لەپێش

چاوگیراو و عروجیان کردبێت، کاتێك لەرینەوەکانی جەستە، ماهیەتێکی رۆحانیان هەیە، مرۆڤ دەتوانێت زنجیرە قۆناغە هەمیشەیی و سەرە مرەکانی وجود پێشبینی و دەرك بکات، ئەم کارە لەرێی تیشکدانەوە و شەپۆلی لەرینەوەکانی نوری ئاسمانی دروست دەبێت کە لە خودی جیهانی هەستی سەرچاوە دەگرێت، ئەم درەوشانەوەیە، هەمان زیندەگی ئیلاهی و ژیانی پەیوەست بە سیستەمی وجودە، یاخود بە شێوەیەکی تر هەمان وزەی درەوشاوەیە کە وەك کۆڵەکە و پاڵپشتی بۆ هەر شتێك کە بەناوی ((باوکی تیشکدانەوەکان)) یا ((باوکی لەرینەوەکان)) گوزارشتمان لێکردووە، کەڵکی لێوەردەگیرێت، ژیانی وابەستە بە سیستەمی بوون یا ژیانی جیهانگیر، بەڕاستی شیاوی هەبوونی ناوێکی لەم چەشنەیە چونکە درەوشانەوە و تیشکێك کە لە خۆی وەدەردەنێت، بەر لە هەر شتێك دەگرێت، لەڕاستیدا، ئەم تیشکە باقی شەپۆڵ و تیشکەکان لەخۆی دوور دەخاتەوە بۆ ئەوەی رێگە بدات شێوە نوێ و تازەکان جێگەی خۆیان پڕ بکەنەوە.

کاتێك کە جەستەی ئێمە لە هاوئاهەنگی لەگەڵ زەیندا، لەرینەوەی تێدەکەوێت، ئێمە دەگۆڕدرێین بۆ کۆمەڵە لەرینەوەیەکی نورانی، کە بە بەرزترین لەرینەوەی مومکین دەژمێردرێن، تێشکەکانی جیهانی هەستی کە لەگەڵ ئەودا وەك یەك بن، لە سەرچاوەی هەر وزەیەکەوە دێن، لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا، دەسەلمێنرێت کە بۆردومانە زەمینییەکان، دروست بوونی کاریگەری ترسناك، وادێتە بەرچاو کە جەستە و مادده لەناو دەبات و تێکدەشکێنێت لەکاتێکدا لەڕاستیدا، ئەو تەنها ئەوەی کە ئێمە بە ((جەستە)) ناوزەدمان کردووە بۆ شێوەیەك لەرۆح دەگۆڕێت.

بەم زووانە مرۆڤەکان باس لە توانای نائاسایی دزەکردنی تیشکدانەوە گەردوونییەکان بۆ ناو هەر جەستە و ماددەیەك دەکەن، ئەم دۆزینەوەیە رێگەی ئەوەیان پێدەدات کە لە هەر جەستەیەك تێپەڕن و تەنانەت دڵ یا کاکڵەی چەقی گەردیلەکانیش تێك بشکێنن و بیانگۆڕن بۆ کۆمەڵە گەردیلەیەك لە رەگەزێکی باشتر، وجود، بەم پێیە بەرەو هەڵکشان و بڵاوبوونەوەی نورێکی پاکتر بۆ پێشەوە دەچێت کە لەڕاستیدا هەمان ژیان و وجودە، تیشکەکانی پەیوەست بە سیستەمی وجود یاخود هەمان تیشکدانەوەی گەردوونی بە ئاسانی لە سەرەجەم ئەو تیشکدانەوانەی کە لە گۆی زەوی یا کۆمەڵەی خۆر سەرچاوە دەگرن جیا دەکرێتەوە، ئەم تیشکدانەوانە بەوانە بە تەواوی زاڵن بەسەر تێکڕای شەپۆڵەکان یا لەرینەوەکان، بەزوویی مرۆڤەکان بۆیان دەردەکەوێت ئەم تیشکدانەوانە لە زێدێکی نەبینراو و گەردوونییەوە سەرچاوە دەگرن، گۆی زەوی بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەژێر هێرش و بۆردومانە ترسناکەکانی ئەواندا

دەبێت کاتێك ئەم تیشکدانەوانە بەر چەقی گەردیلەیەك دەکەون، دەیانگۆڕن بۆ کۆمەڵە گەردیلەیەکی زۆر ورد کە ڕەگەز و ماددەیەکی دیکەیان لێ پێکدێت، ئەوان جەستە لەناو نابەن بەڵکو دەیگۆڕن بۆ توخمگەلێك لە تیشکدانەوە و درەوشانەوەی بەرزتر و جیهانی ماددی بۆ جیهانی ڕۆحانی دەگۆڕن. بەرهەم هێنانی توخمگەلێکی باشتر بە گوێرەی دەستووری مرۆڤ ئەنجام دەدرێت، ئەم توخمانە بە چەند قات بەرزتر لەوەی کە مرۆڤەکان دیاریان کردووە و یا بۆ کەڵك لێوەرگرتنیان لە ئامانجگەلێکی زۆر مەزنتردا سوودیان لێوەرگرن، کاتێك مرۆڤ خۆی بە لەرینەوە ڕۆحانییەکان دەناسێنێت، بە تەواوی لە توانای دایە کەڵك لەم تیشکدانەوانە وەربگرێت و شێوازی کارکردنیان ڕێکبخات، بەم جۆرە، مرۆڤی ڕۆحانی هەمیشە و هەردەم چاوی لەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانەیە کە لە چواردەورەیدا ڕوودەدات، ئەم کارەی وجود لە بەرزترین چەمکی خۆیدا دەبێت، بەم پێیە هەر کەسێك لەو شوێنەدا خەڵق دەکرێت کە حزوری هەیە، وجود کارێکی بەردەوام، بێ پایان و سەرەمڕە.

تیشکدانەوە گەردوونییەکان نورانی و درەوشاوەن، ئەوان بەهۆی گۆوی نورانییەوە دروست بوون کە لە جیهانی هەستییەوە سەرهەڵدەدەن، ئەم جیهانی هەستییە (وجود) خڕ و بازنەییە و سەرجەم جیهانییەکانی دیکەی لەخۆگرتووە و دەوری داوە، هەروەها خاوەن خۆرێکی ناوەندییە، خۆرەکانی جیهانەکان، گشت ئەو وزەیەی جیهانەکان بە فیڕۆی دەدەن، بۆ خۆی کێش دەکات، ئەوان ئەم وزەیە هەڵدەگرن، چڕی دەکەنەوە، دەیگۆڕن و دواجار دەیگەیەننە خۆری گەورەی ناوەندی کە خۆی لە وزەیەکی ئەکتیڤ و زیندوو، پڕ دەکات، ئەم وزەیە بەڕادەیەك چڕ و کەڵەکە بووە کە گوللەی نورانی لێ دەئاخێنرێت و ئەم گوللانە هێندە بەهێزن کە چەقی گەردیلەکانی دەوروبەر تێکدەشکێنن، بەڵام لە ناوی نابەن، ئەو گەردیلانەی لەم لێدانە دەکەونەوە، شێوەی خۆیان دەگۆڕن بۆ توخمگەلێکی تر و دواجار دەلکێن بە توخمێکەوە کە بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، پاشان ئەم توخمە زیندوو دەبێتەوە.

ژیان هەمان وزەی ڕەها کراوە لەڕێی بۆردومانی گوللە نورانییەکانەوە، شکانەوەی وزە وەرگیراوەکە لەڕێی گەردیلە هەڵوەشاوەکانەوە بە هەمان ژیانی توخمەکان ناودەبرێت، شکانەوەی وزەی وەرنەگیرا و بۆ ژیانی توخمەکان، بەرەو گەردوون (جیهانی هەستی) کێش دەکرێت، بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لەوێ کەڵەکە دەبێت و هێندە ڕەق دەبێت کە دەتوانێت دیسان وەك تۆپێکی نورانی بتەقێنرێت تاوەکو خۆی بکێشێت بە گەردیلەکانی دیکەدا و وردیان بکات و بەم کارەش، گەردیلەی نوێ دروست دەکات کە بۆ پێکهێنانی گەردیلەی دیکە بە توخمێکی نوێوە،

بە کەڵك دێن. بەم پێیە کردەی بوون هەمیشەیی و بەردەوامە: گەشەکردن، کەڵەکەبوون، شێوەگرتن بەهۆی دابەزینی لەرینەوەکان، ئەم وزە زیرەکە، خودایە کە بەسەر جیهانەکان و ئەو گەردوونەی دەورەی ئێمەی داوە فەرمانڕەوایی دەکات و بەهەمان شێوەش بەسەر دنیای قاوغەکانماندا کە جەستەیی نین بەڵکو ڕۆحانین، حوکمڕانی دەکات.

ئەو گۆڕانکارییەی هاتۆتە ئارا، بە مانای لەناوچوون نییە، ئەقڵی باڵا، جوڵەی تۆپە درەوشاوە و نورانییەکان ڕێکدەخات و بەگوێرەی ریتم و ئاوازێکی تایبەت دەیانخاتە گەڕ، بە هەمان ڕێژە، ژمارەیەکی دیاریکراو لەوان، لەگەڵ ناوکی گەردیلەکاندا بەریەك دەکەون کە ئەمە پەیوەستە بە ژمارەی ئەوان و ئەو زەمەنەی بەکارهاتووە، ئەم پێکدادانە لە سازشێکی تەواودایە لەگەڵ یاسایەکدا کە بە گوێرەی ئەو یاسایە، هیچ گوزارشت و دەرکەوتنێك، لە ماهیەتێکی شێواو و ناهاوسەنگ بەهرەمەند نییە. مرۆڤ بە لێك گەیشتن و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەم ئەقڵە باڵایەدا، دەتوانێت ریتم و ئاوازی ئەم بەریەککەوتنانە خێراتر بکات، بەجۆرێك کە پێداویستییەکانی ئەو مرۆڤە، دەسبەجێ بێنەدی، مرۆڤ بەم جۆرە ئەم ڕەوتەی سروشت کە تاڕادەیەك سستە و هێواشە، خێراتر دەکات.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت دەست وەردانی لەکاری سروشتدا کردووە، ئەو لەگەڵ سروشتدا هاوکاری و هاوئاهەنگی هەیە، تەنها لە ریتمی لەرینەوەیەکی بەرزتر لەوەی کە وا باوە بەگوێرەی پەیوەندی ماددی کاردەکات دەکەوێتە گەڕ، بیر لەم ڕستەیەم بکەنەوە کە وتم: ((بەرز بڕوانن و سەیری کێڵگە و مەزراکان بکەن چونکە هەر لە ئێستاوە سپی و ئامادەی چنینەوەی بەرهەم بوون)) هەموو شتێك لەرینەوەیە و بە پلان و نەخشە و مەیدانێکەوە پەیوەستە کە ئەو لەرینەوەی تێیدا دەکەوێتەوە کاردانەوە، ئەم پلان و مەیدانانە، هیچ پەیوەندییەکیان بە گۆوەکان یا قاوغە خڕ و بازنەییەکانەوە نییە کە دەوری گۆی زەوییان داوە، ئەم بازنانە چەند توێژێکی ئیۆنیزە[1] کراون کە دەوری گۆی زەوییان داوە و لەرینەوەکان بەرەو زەوی دەگێڕنەوە کە جارێکی تر لە زەوییەوە دەکەونە جوڵە. توێژە ئیۆنیزەکان نابنە ڕێگر لەبەردەم تیشکە نورە گەردونییەکاندا کە لەڕێی ئەوەوە، گۆڕانگارییەکان یا بەجۆرێکی تر، وجودی سەرەمڕ، دێتە

---

(١) وادیارە مەبەستی نووسەر هەمان ئۆنوسفێرە Ionos phere کە بەشێك لە فەزای بۆشایی زەوی کە لە بەرزی ٢٥ میلەوە دەست پێدەکات و تا ٢٥٠ میل درێژەی هەیە، بەهۆی کەشی ئەلیکترۆنی خۆیەوە، کۆمەڵە شەپۆلێك بەرەو زەوی دەنێرێت. و. ف.

ئەنجام، تەنانەت جەستەی ئێمە لە هەلومەرجێکەوە بۆ هەلومەرجێکی باشتر، گۆڕانی بەسەردا دێت، ئێمە دەتوانین ئەم گۆڕانکارییانە بەشێوەیەکی ئاگایانە ئاڕاستە بکەین و ئەم کارەش بە پاراستنی ئاگایانەی بیر و ئەندێشەکانمان بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەڵبەتە دەبێت بیر و بۆچوونەکانمان لە هاوئاهەنگی و یەکبوونێکی تەواودا بن لەگەڵ لەرینەوە باشترەکاندا، ئەوودەمەی لاشەی ئێمە هاوئاهەنگ بێت، ئێمە دەگۆڕدرێین بۆ ئەم لەرینەوانە، مامۆستا بەڕێزەکان و فێرکارانی جیهان لەم حاڵەتەدا و بەم شێوەیە لە چاوەڕوانیدا دەمێننەوە، ئێوە بەو جۆرەی کە هەن، مامۆستا و فەرمانڕەوان و دەتوانن بەسەر تێکڕای هەلومەرجەکانی ژیاندا باڵادەست و زاڵ بن، ئێوە هەنوکە دەزانن کە شکۆمەندی یەك وجودی ئیلاهی ئاگایانە، لە هەر ئەندێشەیەکی مادديش تێدەپەڕێت.

هەنگاوی یەکەم ئەمە لەخۆ دەگرێت کە جڵەوی گشت چالاکییە دەرەکییەکانی بیر و ئایدیای خۆتان لەدەستدا بێت، بە هەمان شێوە دەسەڵاتی تەواوتان بەسەر چالاکییەکانی رۆح و جەستەتان، ئێوە دەبێت هەمیشە ئەم بیرۆکەتان لە ئەندێشەدا هەبێت کە دەبێت نەریتی کامڵ بوون لە خۆتاندا پەرەپێبدەن، ئەم نەریتە خوداییە، ئێوە لە هەر کوێیەك بن، دەبێت بیر لە خودا، لە کەماڵ بکەنەوە، هەر کاتێك بیری ئەم شتانە بە مێشکتاندا هات (ئیدی لە گەرمەی کارکردن یا پشوودان دابێت) هەوڵبدەن لە ئەندێشەی خۆتاندا پەرەی پێبدەن. لە وجودی خۆتاندا، لە حزوری کامڵ تێبگەن، هەوڵبدەن خۆتان رابهێنن حزوری رۆحی خوایی لە وجودی ناوەکیتان، وەك ((خودی)) واقیعیتان وێنا بکەن.

پاشان هەنگاوێکی تر هەڵبگرن، ئاگاتان لە نورێکی سپی و پڕ لە پاکی بێت کە لە سەنتەری لاشەی خۆتانەوە دەئاخێنرێت، تەماشای دەرپەڕینی ئەو نووره بکەن کە چۆن بە حاڵەتێکی شکۆمەندی و درەوشاوەی تایبەت، نور بارانی دەکات، بەجۆرێك کە سەرەنجام گشت خانەکانی لاشەتان نوری لێ دەبارێت و سەرجەم پێست و رەگ و ماسولکەکان و ئەندامانی ناوەوەی لەشتان لەم چالاکییەدا، نورانی دەکات.

پاشان رۆحی خودایی ئیلاهی تەماشاکەن کە لە بارێکی سەرکەوت و پوخت و بەر کەماڵی هەمیشەییدا خۆی دەنوێنێت، مەبەستی من رۆحی خودایی من نییە، بەڵکو رۆحی خودایی خۆتانە، ئلوهیەتێك کە بەسەر هەر شتێکدا زاڵە، بڕۆنە پێشەوە و بۆ هەر کەسێك جاڕ بدەن کە رۆحی خودایە، مافی ئیلاهی ئیوەیە، و هی ئێوەیە و دەم و دەست دەبێتە هی ئێوە.

هەر جارێك كە دەڵێن ((خودا)) ئەوە بزانن كە خۆتان بە خەڵكی جیهان دەناسێنن، بەم كارە، ئێوە خزمەتێكی زۆر بە خۆتان دەكەن و لەوە باشترە كە من وەك تەنها رۆحی خودایی یا مەسیح بناسێنن چونكە خودای جیهان، گەورە، بە توانا و بەخشندەیە و باشتر وایە ئێوەش خۆتان وەك رۆحی خودایی وێنا بكەن و خۆتان لەگەڵ ئەم رۆحە خوداییەدا بناسێنن، ئەم كارە بۆ ئێوە باشتر و شیاوتر و چاكترە.

لەگەڵ ئەمەشدا، زۆربەتان، بە هەڵە هەنگاو هەڵدەگرن و هاوار لەمن دەكەن تاوەكو لای خودا شفاعەتتان بۆ بكەم، تا ئەو دەمەی ئێوە لە من وێنەیەكی بت ئاسا دروست نەكەن و واز لە تكاكردنی من نەهێنن، كێشەیەك روونادات چونكە پیشانی دەدات كە ئێوە ئەو ئەدگارە ئیلاهییەی لە وجودی مندا جیلوەی كردووە، قبووڵ دەكەن، بەڵام هەر هێندەی كە منتان وەك وێنەیەكی لەپێش نەخشێنراو لە نیگاركێشانەكان یا لە پەیكەرەكاندا لە زەینتاندا بەرجەستە دەكەن، لە بەهای منتان كەم كردۆتەوە و منتان ئالودە كردووە، چەند باشە ئەگەر ئێوە تەنها ئامانجی خوازراو و ئەو كەماڵە خوازراوەی كە من پیشاندەر و سومبولی ئەوم قبووڵ بكەن و بە تەواوی  تێكەڵ بە وجودی خۆتانی بكەن، بەم پێیە، ئێمە نە لەیەك جودا دەبین، نە لە خودای جیهان، مرۆڤ بەم شێوەیە بەسەر جیهان و گەردووندا زاڵ دەبێت. ئایا ئێوە توانای دەرككردنی ئەو كارە گەورانەی كە بەهۆی پەیوەندیمان بە خوداوە سانا و هەموارە، نابێت؟ ئەگەر ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ خودا پەرەپێبدەن بە ئەوین و دڵسۆزی رێز و پەرستشەوە پارێزگاری لێبكەن، دەگۆڕدرێت بۆ نەریتێك یا خویەك كە تەواوی ژیانی ئاسایی و رۆژانەی ئێوە دەگرێتەوە دەبێتە یەكێك لە كارە گرنگەكانی رۆژانەتان، بەم پێیە، لە ماوەیەكی كورتدا، ئێوە دەتوانن ئلوهیەت ئاشكرا و پیشان بدەن و خۆشتان سەرلەنوێ رۆحی خودایی لە وجودی خۆتاندا كەشف بكەن، دیسان ببنە گەوهەری تاقانەی خواوەند، بەم جۆرە، لەگەڵ ئەندێشەی یەكەم، لەگەڵ وزەی بنەڕەتی و ژیانیدا یەكبگرن، هەوڵبدەن ئەم نورە گەورەیە هەست پێبكەن، پێشبینی بكەن پەی پێببەن و دواجار بیگرن،  قبووڵی بكەن، پاشان رایبگەیەنن و بە دڵنیایی و بێ دوودڵی بزانن كە هی ئێوەیە، لاشەی ئێوە، دوای ماوەیەكی كورت، بەڕاستی ئەم نورە لە خۆی دەدرەوشێنێتەوە، ئەم نورە هەمیشە هەبووە و لە هەر هەڵومەرجێكدا هەیە و لە سەرلەبەری جیهانی هەستی بەرفراوان و بێ پەی دا ئامادەگی هەیە، چونكە خۆی ژیانە.

كاتێك قسەیەك، بۆ ئێمە روون دەكرێتەوە نورێك لە هۆشیاری ئاگایانەی ئێمە (هەست)دا خەریكی درەوشانەوە دەبێت.

بەزوویی پرشنگی ژیان لە نیگای وردی ئێوەوە دەست بە درەوشانەوە دەکات، رێك بە هەمان شێوە کە بۆ زۆرێك لە بوونەوەر و ماهیەتە گەورە پایە بەرزەکان روویداوە، زۆرێك لەم کەسایەتییە موقەدەس و پاکانە لەناو هالەیەك لە نوری درەوشاوە، وێنەیان کێشراوە، ئەم نورە بەڕاستی واقیعییە، هەرچەند رەنگە نەیبینن، ئەمە هەمان ژیان و زیندەگییە کە لەلاشەتاندا دەدرەوشێتەوە لەم ساتەدا ویلدون، پرسیاری کرد ئایا دەتوانین هەندێك لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز ئینجیل بە قوڵی و وردەکارییەکی زیاترەوە دیسان تاوتوێ بکەین؟ عیسا بە تامەزرۆییەوە داواکەی قبووڵکرد، ئێمە لە شوێنی خۆمان هەستاین و هەمووومان پێکەوە چوین بۆ ناو باخەکە، ویلدون هاواری لێ هەستا! بیرێکی لێبکەنەوە! ئێوە لەگەڵ ئەم مامۆستا مەزنانەدا، پەیوەندیتان بەرقەرار کردووە و خۆشم لە نزیکی ئەواندا ژیانم بەسەر دەبرد بەبێ ئەوەی هیچ کاتێك لە ئامادەیی ئەوان ئاگاداربم، ئەمڕۆ بەڕاستی رۆژێکی ئیلهام بەخش بوو بۆ من، وەك پەردەیەك لابدرێت، زۆر شتم بۆ ئاشکرابوو، دنیایەکی نوێ، رووناکییەکی نوێ و ژیانێکی نوێ بەرووی مندا والآ کراون)).

ئێمە پرسیارمان لێکرد چۆن حەزرەتی عیسات لەنێو کۆمەڵکەی ئێمەدا ناسی بوو، لە وەڵامدا وتی: ئێوە لەمە سەرتان سوڕ دەمێنێت کە من چۆن ئەم پیاوەم وەك عیسا ناصری ناسییەوە؟ من نازانم چۆن توانیم ئەم کارە بکەم بەڵام دەزانم کە خودی عیسا بوو، بەڵام خاڵی بنەڕەتی ئەمەیە کە من ئەمە تێگەیشتم و ئەمە دەزانم و هیچ شتێك ناتوانێت بیروباوەڕی من لەق بکات.

ئێمە پێمان وت ئەگەر نایەوێت درەنگ بگاتە شوێنی دیدارەکەی، پێویست بوو رۆژی دووشەممە بەرێ بکەوتایەوە و بگەڕایەتەوە. ئێمە وتمان دوو کەس لە ئەندامانی گرووپەکەمان بەنیازبوون رۆژی دووشەممە بەرەو دارجلینگ بەرێبکەون و ئەگەر حەز بکات دەتوانێت لەگەڵیاندا بڕوات، بەڵام ویلدون وتی: لەبیری خۆتانی بەرنەوە! من لە ئێستاوە تەتەرێکم رەوانە کردووە و کەسێکی دیکەم لە جیاتی خۆم ناردووە من هەر لێرە دەمێنمەوە! ئێستا بزانین چ کەسێك لە ئێوە دەتوانێت من لەم شوێنە دووربخاتەوە.

* * *

## بەشی پانزەهەم

ئێمە ئەو رۆژەمان بە گەشت و گەڕان و سەردانی شوێنە سەرنج راکێش و نائاساییەکان گوزەراند و کاتێکی زۆر خۆشمان بەسەر برد، نزیکەی کاتژمێر هەشتی شەو بوو گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکە و هاوەڵەکانمان لە باخەکەی ئەوێدا بینی، دوای وتووێژێکی کورت لەبارەی مەسەلە جۆراوجۆر و گشتییەکانەوە، عیسا گوتی هەستی بەوە کردووە ویلدون تا ئەندازەیەك هەستی بە ونبوون دەکرد، ئەو پاشان گوتی: حەز دەکەم بەجۆرێك لەگەڵ ئێوەدا بدوێم کە پێم خۆشە ئێوە خۆتان لەگەڵ دەروونی خۆتاندا، بەم جۆرە بدوێن، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت بە پەیڕەوی لە دەستوورات وا خەریکی توێژینەوە بن لە بیروباوەڕ و تیۆرییەکەی من و قبوولّی بکەن، ئیدی ئاتاجتان بە هیچ تیۆرییایەك یا ئەندێشەیەکی فەلسەفی نابێت، پێویست ناکات لە لێدوان و ڕێنماییەکانی من، کۆمەڵە فۆرمۆڵ و ڕێسایەکی وشك دروست بکەن، توێژرە ڕێزدار و تامەزرۆکان بە فێربوون دەتوانن بەجۆرێك سوود لە گوتە و ڕێنماییەکانی من وەربگرن، کە بتوانن ئایدیا و بیروباوەڕەکانیان لەگەڵ ئەسڵی ئیلاهیدا هەماهەنگ و هۆمۆجین بکەن، یا بە هەمان شێوە کە زۆرجار دەڵێن، بۆ ((بەرەەو پێشبردنی بیروبۆچوونەکانیان بەرەو پنتێکی دیاری کراو و تایبەت)) ئەم کارە ئەنجام بدەن ئێمە تا ئەو جێیەی کە لەتوانادا بێت لە وشەی خودا کەڵك وەردەگرین، چەندەها جار بەدرێژایی رۆژ دووبارەی دەکەینەوە، ئەمە بابەتێکی گشتی ناسراوە کە زۆربەی خەڵك بەئاگایی لەوەی کە ئەم وشەیە لەڕاستیدا لە ((ئەسڵێکی باشتر و باڵاتر کە لە وجودی خۆی جێگیرە و بە وجودی ئەودا گوزەر دەکات)) کەڵك وەردەگرێت، ڕێگە بدەن دیسان قسەکەم دووبارە بکەمەوە: ئایدیا و ئەندێشەی ئێمە بەم چەشنەیە! مرۆڤ چەندە وشەی ((خودا)) بەکاربێنێت، هێشتا هەر کەمە.

هەوڵبدەن خودا وەك ئەسڵی بەدیهێنەر وێنا بکەن کە لە وجودی ئێوەدا گوزەر دەکات، قەوارە و شێوە بەم ئەسڵە ببەخشن و ئەکتیڤی بکەن، پاشان بە کاریگەرییەکی گەرم و گوڕەوە لە خۆتانی بدرەوشێننەوە، ئەم ئەسڵە هەمیشە لە نێوان وجودی ئێوە و بە دەوروبەری ئێوەدا، پرش و بڵاودەبێتەوە، بەم پێیە ئێوە دەتوانن خێرایی پێبدەن و لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی جەستەتان، بۆ دەرەوەیان بنێرن، لاشەی مرۆڤ، فاکتەرێکی گۆڕانکاری و خێرا بوونە و رێگە بەم هێزە دەدات گەورەترین کار و تەنانەت شاکاریشی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و خۆی لە فۆرمی زۆر شکۆدار و مایەی شانازیدا پیشان بدات. بەم پێیە ئەم ئەسڵە دەبێتە خاوەنی هێز و توانایەکی زۆر گەورە و ملیۆنەها مرۆڤ بە دووبارەکردنەوەی ئەو، سوودێکی زۆر وەردەگرن، لەگەڵ ئەمەشدا، مرۆڤی تەنها، کە خۆی لە ترۆپکی دەسەڵاتیدا نمایش دەکات، دەتوانێت بە هەمان ئەندازە بەسەر دنیادا زاڵ و سەرکەوتوو بێت، بەم جۆرە دەتوانێت پێشبینی بکەیت ملیۆنەها مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی دەتوانن لە چ دەسەڵاتێکی گەورە بەهرەمەند بن، ئێوە هەرچەند ناوی خودا زیاتر دووبارە بکەنەوە و بەیان بکەن و چەندە زیاتر قایل بن بەوەی کە ئەو هەمان ئەسڵی باشتر و باڵاتر و کۆتاییە کە ئێوە بەنیازن لە ناخی خۆتاندا جێگیری بکەن، جەستەتان بە ریتم و ئاوازێکی بەرزتر دێتە لەرینەوە، لەرینەوە ئیلاهییەکانی ئەو وشەیە، لەگەڵ لەرینەوەکانی ئێوە هاوئاهەنگ دەبن و تەنها ناوی خودا بردن، زۆرێك لە کارەکان دێنێتە ئەنجام، هێندە بەسە ئێوە یەکجار ناوی ((خودا)) بێنن ((بە ئاگاداربوون لە مانا و چەمکی راستەقینەی ئەو وشەیە)) تا ئەوەی کە لاشەتان چیتر هەرگیز ریتم و ئاوازی سست و هێواشی رووی تێنەکات و ببێتە خاوەنی لەرینەوەیەك بە ریتمێکی باڵاتر.

ئەم قسەیەتان هەمیشە لەیاد بێت و ئەم رێنماییانەتان لەبیر نەچێت، تەنانەت ئەگەر پێویست نەکات، ئەم بابەتانە بە وێنەی نووسراو کە خۆتان بەلاتانەوە پەسەندە لێبکەەن و لەبەرچاوی خۆتاندا دایبنێن، ئەم بیروباوەڕ و ئەندێشانە، هەمووی لە وجودی خۆتانەوە سەرچاوەیان گرتووە، نە لە سەرچاوەیەکی دەرەکییەوە، ماوەیەك بەم جۆرە کار بکەن، ئەوەدەمە دەبینن کە چ رووداو و پێشهاتێك بۆتان روودەدات، هەر جارێك ئێوە بیر لە ((خودا)) بکەنەوە. ئێوە دەبنە هەمان ((پڕۆژەی سەرەکی)) خودا، ئەم قسانە لە زاری منەوە نییە، لە زمانی خۆتانەوەیە، قسەگەلێکن کە لە رۆحی خودایی ئیلاهی کە خودی خۆتانن، دێت، لەبیرتان نەچێت کە عیسا وەك مرۆڤێکی ئاسایی بوو، کاتێك بوو بە مەسیح کە توانی نور پیشان بدات، نورێك کە هەمان خودا یا ژیانی پوختە.

خواوەندی جیهان ئەسڵی ئیلاهییە کە لەڕێی منەوە دەردەکەوێت و هەموو شتێکە، منیش هەموو ئەو شتانەم کە خودایە، من رۆحی خودایی لە خۆمدا هەیە من دەتوانم لە هەموو ئەو شتانەی کە خواوەند بەمنی بەخشیوە، ئەوپەڕی سوودیان لێوەربگرم بەم پێیە ((من هەم)) بە جۆرێك بناغەڕێژی کراوە کە بتوانێت لە هەر رەگەز و ماددەیەك کەڵك وەربگرێت، لەڕاستیدا، خواوەندی جیهان هەر توخمێکی بەرێژەیەکی دیاری نەکراو بە مرۆڤی خودایی بەخشیووە، هەر بۆیە ((من)) رۆحی خودایی ئیلاهیم و وەحدەتی ئێمە کامڵ و تەواوە.

وەرن دیسان سەرنج لە وشەی ((خودا)) بدەن، چۆن دەکرێت لەم وشەیەدا، هێزێکی گەورەی لەم چەشنە هەبێت؟ ئەمەیە هۆی ئەو لەرینەوەوەیە کە لەکاتی دەربڕین و بەیان کردنی ئەو وشەیەدا، لێی دەئاخێنرێت، ئەم لەرینەوانە لە جۆری هەرە گەورە و هەرە بەرزە و کاریگەریشی لە گشت لەرینەوەکانی دیکە لە جیهانی هەستیدا زیاترە، ئەم لەرینەوانە هەمان جیهانی هەستین، ئەوان لەڕێی تیشکدانەوەی گەردوونییەوە فۆرمەلە دەبن و بەرزترین مەیدانی تیشکدانەوەی مومکین بەرقەرار دەکەن، مەیدانێك کە هەموو شتێك لەخۆدەگرێت بەسەر هەر شتێکدا زاڵە و بەسەر هەر کۆمەڵە و قەبارەیەکدا دەسەڵاتی هەیە، ئەم لەرینەوانە بەسەر هەر وزەیەکدا زاڵن و ئامرازی گواستنەوەی نور و زیندەگی پێکدەهێنن هۆش و ژیرییەك کە ئەوان ئاڕاستە دەکات، هەمان ئەو زاتەیە کە ئێمە بەخودا ناوی دەبەین، ئەم ژیرییە، بەسەر هەر شتێکدا دەسەڵاتی هەیە ئەم کارەش لەڕێی درەوشانەوە و تیشکدانەوەکانیەوە کە هەڵگری نور و ژیانن بە ئەنجام دەگەیەنێت.

کاتێك مرۆڤ ئەم لەرینەوانە بە کاریگەرییەکانیانەوە وەردەگرێت لە خۆیدا جێیان دەکاتەوە، دەسبەجێ قاوغەکەی وەڵامی ئەم لەرینەوە نورانی و درەوشاوانە دەداتەوە و بەو نورە، رووناك دەبێتەوە، دەگۆڕدرێت بۆ لەرینەوەی خودا، واباوە مەحو دەبێتەوە و نەبینراو دەبێت، ئەڵبەتە لەبەرچاوی کەسانێك کە لە مەیدانێکی لەرینەوەی نزمتردا، ژیان بەسەر دەبەن، ئەمە بەڵگەی سەرەکی بە توانایی وشەی ((خودا))یە لە جیهاند. بەهۆی حزوری ئەم ناوە پیرۆزەیە کە پەڕتوکی ئینجیل تا ئەم ئەندازەیە بە جێگیری ماوەتەوە، بەس بیربکەنەوە وشەی ((خودا)) چەند جار لە دوو توێی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا نووسراوە، لە ئاکامدا بەیان کراوە و گوزارشتی لێکراوە، هێندە بەسە فرەیی مەیدانە نورانییەکانی ژیان و وزەی درەوشاوە لە هەر وشەیەکی نووسراو لەم کتێبە پیرۆزەدا بەچاوی خۆتان ببینن تاوەکو تێبگەن هەر کام لەم وشانە، لەرینەوەکانی خۆی لەرۆحی هەمووان‌دا بەجێ دێڵێت، مەبەستم کەسانێکە کە ئەم وشانە بەیان

دەکەن، یا دەیبیستن یاخود دەیبینن، وشەی خودا بێگومان لە تێکڕای وشەکان لە پێشترە، بەم پێیە رۆحی مرۆڤ وەڵامی ئەم لەرینەوانە دەداتەوە کە دەیهێننە جۆش و خرۆش و لە عروجکردندا کۆمەکی دەکەن، بە هەمان شێوە، کتێبێك کە ئەم لەرینەوانەی لێدەئاخێزێت، بە ئاڕاستەیەکی هاوشێوەی رۆح، هاتۆتە سەما و حاڵەتێکی باڵا وەردەگرن.

بەم جۆرە ئەم کتێبە، توانا و نەمری بەدەست دێنێت، لەڕاستیدا هەموو ئەم کارانە لەڕێی تەنها یەك وشەوە کە ئەویش ((خودا))یە ئەنجام دەدرێت و دێتە بوون، کەواتە دەتوانین دانی پێدابنێین ئەم کتێبە لە چەمکە رۆحانییەکەیدا، کەلامی خودایە و نابێت تەنها گرنگی بە چەمکە ئەدەبی زارەکییەکەی بدرێت، ئەم کتێبە بەڕاستی خودایییە، زۆرێك لە خەڵك بایەخ و گرنگی زۆر بە کتێبی ئینجیل دەدەن و لە بڕی ئەوەی پەی بە بەهای واقیعە رۆحانییەکەی ببەن بەشێوەیەکی سەرزارەکی دەیلێنەوەو هەوڵدەدەن دەستوورەکانی جێبەجێ بکەن، ئەم کارە هیچ گرفتێکی تێیدا نییە چونکە لەرینەوە رۆحانییەکان بەسەر هەر شتێکی دیکەدا زاڵن و شوێنی ئەو لەرینەوانە دەگرنەوە کە لەباری ئەندێشە و هەڵسوکەوتی نائاگاییدا دروست بووە، کاتێك شوێن کەوتووان و موریدەکانی ئەم کتێبە لە گۆشە نیگای زمانەوانی و زارەکییەوە، یەکجار ناوی خودا دەهێنن یاخود بیری لێدەکەنەوە، لەرینەوە پەیوەندیدارەکان دەبنە مایەی ئەوەی، کەم و کورتییەکانی زادەی دەرك نەکردنی تەواوی ئەو شوێنکەوتووانە، بە تەواوی قەرەبوو بکرێتەوە.

مانەوە و خۆڕاگری کتێبی پیرۆزی ئیلاهی لەوانە ئینجیل، بەڵگەیەکی بەرجەستە و بەردەوازەیەکە بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی کە بێ بیروباوەڕ یا رەخنەگرن، بێ دینەکان بە تەواوی دەستە وەستانن هۆکاری ئەم بابەتە روون بکەنەوە کە بۆچی وشەی ((خودا)) وشەی ((خراپە)) لەناودەبات و بە تەواوی زاڵە بەسەریدا، بەسە بە درێژایی پەرستش و تێڕامانەکانتان وشەی خودا چەند جارێك دووبارە بکەنەوە، پاشان هەوڵبدەن لاشەتان لە یەکبوونێکی تەواو لەگەڵ وشەی ((خراپە)) بخەنە لەرینەوە، ئەگەر تائێستا ئەزموونێکی لەم جۆرەتان ئەنجام نەداوە، ئەم کارە بە دڵنیاییەوە ئەزموونێکی باش دەبێت بۆ ئێوە و تا ماوەیەکی زۆر کاردانەوەی خۆتان لەبیرناکەن، زۆرێك لە زانایان و حەکیمەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن گریمانەی خواپەرستی و خواناسی مرۆڤ بەرەو ئەنجامگەلێکی مەحاڵ دەبات، بایەخ بەم جۆرە کەسانە مەدەن چونکە بە تێپەڕبوونی هەر رۆژێك، زنجیرە رووداوێك روودەدەن کە رێك پێچەوانەی لێدوان و بیروڕای ئەم کەسانە دەسەلمێنێت و باس لە هاتنەدی زۆر شتی ((مەحاڵ)) دەکات، شتانێك کە هەر ئەم

زانایانە، کە تەواو بە مەحاڵیان دەزانی، ئایا هەست ناکەن کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بۆ ماڵی سەرەکیتان بڕۆن، بۆ ئەوەی ڕێك و پێك و تەرتیبی بکەن و هەوڵبدەن ئاشکرای بکەن وشەی ((خودا)) دەتوانێت چ کارێکی گەورە بۆ ئێوە بە ئەنجام بگەیەنێت؟ بیر لەم خاڵانە بکەنەوە و بڕوانن ئایا نابێتە مایەی ئەوەی هەر جۆرە قسە و باس و بیروبۆچوونێکی جیاواز لە بیروباوەڕ لە مێشکی خۆتان بکەنە دەرەوە، هەوڵبدەن وشەی خودا لە ناخی دڵتانەوە و بە هەموو بوونتانەوە بەیان بکەن، کاتێك لەگەڵ برادەرەکانتا میهرەبانی دەنوێنن، سەرنج لە بەرکەماڵ بوونتان بدەن و هەوڵبدەن کاتێك کە تێدەکۆشن لەگەڵ ئەودا دادپەروەرانەتر مامەڵە بکەن، ئەم گۆڕانکارییانە لە وجودی خۆتاندا هەست پێ بکەن.

هەوڵبدەن ((خودا)) لە بەرامبەر خۆتاندا دابنێن، لەو حاڵەتەدا گەرد و غوباری چڕی ئەو چاخانەی کەوتوونەتە چاڵی فەرامۆشییەوە، وەك گێژەڵوکەیەك، کۆتایی دێت و نامێنێت، بیرمەندان لە ئاست ئەم قسەیە، بێگومان ناو چاو گرژ دەکەن، بەڵام پێویست ناکات ئێوە نیگەرانی بیرکردنەوەی بیرمەندە ئاماژەپێکراوەکانی ئێمە بن، بەتایبەت کە ئەم بیرکردنەوانە و بە هەمان شێوەش بیروباوەڕ و ئەندێشەکانی مرۆڤ، بۆ چەندەها جار بە ڕێچکەیەکی هەڵە و نادروستدا هەنگاوی هەڵگرتووە و هەڵەی زۆری ئەنجامداوە، خۆتان بەناوی خوداوە بناسێنن، بەم پێیە کێشە و گرفت و دەمەقاڵە و پێکدادانەکان، بێ سەروبەرییەکانی جیهان چیتر توانای ئازاردان و بەرکەوتنی ئێوەیان نابێت.

کاتێك مرۆڤ بێگومان بە دڵنیاییەوە بزانێت کە ((خودا)) (یاخود هەمان بەرزترین لەرینەوەی هەرە گەورە) بوونی هەیە، ڕوونکەرەوەی هەموو شتێك و تەواوی هێزەکانە، مرۆڤ دەتوانێت بۆ وەدیهێنانی هەر کارێك کەڵکی لێ وەربگرێت، بەیارمەتی ئەم لەرینەوە باڵایە، مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ببات، ئەگەر لە شوێنێکدا حزورت هەیە و وا پێویست دەکات لەوێدا نەبیت و دەبێت لە شوێنێکی دیکەدا ئامادەبێت، ئەمەتان لەیاد بێت کە ئەمە ((من))ی ئێوەیە کە ئێوەی بێ بزاوت و دیل کردووە، نەك ((خودا)) بەمانەوە لەو شوێنەدا، ئێوە دەتوانن بە قەناعەتەوە لە دەسەڵاتی خودا کەڵك وەربگرن، هەوڵبدەن کەسایەتی خۆتان فەرامۆش بکەن، سنووردارێتییەکان مەهێڵن و فەرمان بە خۆتان بدەن کە ڕۆحی خودایی ئیلاهی بن و لەگەڵ ئەو لەرینەوە و ئەو هێزە خوادییەدا ببن بە یەك. هەر هێندەی هەموو شتێك لە زەینتاندا، شێوەیەکی وردی وەرگرت، ئێوە بێگومان بە مەبەستی کۆتایی گەیشتوون، تەنها بیرکردنەوە لەیەك مەسەلە، بۆ بەدیهێنانی ئەو شتە بەس نییە،

پێویستە مرۆڤ بزانێت و کاریش بکات، پاشان چاوگ و چاوانەی سەرەکی خۆش بوێت و ئەسڵی ڕەها بە ئەندازەی پێویست پەرستش بکات، تاوەکو لە کردەی بەدیهێنانی حەزەکانیدا سەرکەوتوو بێت، باوەڕ بە یارمەتی ئەندێشە دەتوانێت ڕێڕەوی ڕاست و دروست پیشان بدات، بەڵام پێویستە فەرماندەیی کاریگەری ڕۆحی خوداییش لە ئارادا بێت بۆ ئەوەی بگۆڕدرێت بۆ لەرینەوەی خودایی، هەر هێندەی کە ئێوە ڕێگە بەم لەرینەوەیە دەدەن دەسەڵاتی تەواو بگرێتە دەست، ئێوە عروج دەکەن و خۆتان، ئەو کارە بە ئەنجام دەگەیەنن، بەم جۆرە، بە کۆمەکی عەشق و پەرستش، ناسین و مەعریفە دەگۆڕێت بۆ بەدیهێنانی هەموو شتەکان.

ئەمەی کە ئێوە گرنگی نەدەن بە تیشکدانەوە و نور بارانی ئیلاهی، نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەم نوربارانە بوونی نەبێت، سەرەتا باوەڕ بە بوونی ئەم لەرینەوانە بهێنن و پاشان بزانن کە ئەوان بەڕاستی بوونێکی دەرەکیان هەیە، ئێوە لە کۆتاییدا پەی بە بوون و ئامادەیی ئەوان دەبەن و دەتوانن سوودیان لێوەربگرن.

کاتێك کە مرۆڤ هەوڵی بەیان کردن و پیشاندانی لەرینەوەیەکی باڵای هەبێت، ئەودەمەی لە وەحدەت و یەکبووندا بێت لەگەڵ مەیدانێکی لەرینەوەی باڵاتردا، لەبەرامبەر دیدی بوونەوەرەکانی دیکە کە لە مەیدانێکی لەرینەوەی نزمتردا حزوریان هەیە، بە نەبینراوی دەمێننەوە، بەم پێیە ئەگەر لاشەی ئێوە بەخێرایی تیشك دێتە لەرینەوە، ئێوە لە ئاست کەسانێکدا کە لەبەرامبەر ئەم نورەدا کوێر و نابینان، بە نەبینراوی دەمێننەوە. نور هەمان ژیانە، هەربۆیە ئەگەر ئێوە بە تەواوی و بە ڕەهایی لەناو لەرینەوەی درەوشاوە و نوردا دەژین، لاشەتان لێوڕێژە لە ژیانی پوخت و تایبەت، نور و ژیان، خودان، هەربۆیە هەموو ئەو شتانەی کە لەناو لەرینەوەی خوداییدا ژیان بەسەر دەبەن، خوداین.

لە نووسراوی پیرۆزدا، لەسەر زاری عیسو (باب ئایەتی ١٩-٦٠)[١] هاتووە: بەم پێیە خۆر چیتر وەك ڕووناکی ڕۆژانەی تۆ نابێت و مانگیش تۆ ڕووناك ناکاتەوە، خواوەندی جیهانی دەبێتە ڕووناکی هەمیشەیی تۆ و شانازی ئیلاهی دەبێتە نسیبی تۆ بەم پێیە مرۆڤێکی کامڵ کە هاوئاهەنگی تەواوی لەگەڵ خوادا هەبێت، پێویستی بە نور نابێت چونکە قاوغەکەی لە نورە، نورێك کە لە درەوشانەوەی خۆری نیوەڕۆ بەهێزترە، بەم جۆرە یاسای ئیلاهی کە سەرقاڵی بەیانکردنی ژیانی پوخت (یانور)ە، لەڕێی مرۆڤەوە دەگۆڕدرێت بۆ ڕۆحی خودایی لەسەر زەوی،

---

(١) Esale: کوڕی ئیسحاق حەزرەتی یەعقوب-و-ف.

هەر مرۆڤێك رۆحی خودایی هەیە و دەتوانێت بەو جۆرە بێت، بەتایبەت کاتێك تێگەیشتنی واقیعێکی لەو چەشنە بوونی هەیە و بەگوێرەی یاسای خودا، خەریکی ژیان و گوزەرانە.

لەسەر زاری یۆحەناوە (بابی هەشتەم ئایەتەکانی ١٢-١٩) هاتووە! ((من)) نوری جیهانم، هەر کەسێك شوێنی من بکەوێت، هەرگیز لە تاریکی و گومڕاییدا هەنگاو هەڵناگرێت بەڵکو دەبێتە خاوەنی نوری ژیان، بەم پێیە ((بریسی))یەکان پێیان وت: تۆ خەریکی لەبارەی خۆتەوە قسە دەکەیت و شایەتی خۆت دەخەیتەڕوو، هەر بۆیە شایەتی دانەکەت لێوەرناگیرێت و عیسا لە وەڵامی ئەواندا وتی: هەرچەند من خەریکی شایەتی دانم لەخۆم، بەڵام دەزانم کە شایەتی دانەکەم راست و حەقیقییە چونکە دەنزام لە کوێوە هاتووم و دەزانم بۆ کوێ دەڕۆم، بەڵام من داوەری لەمەڕ هیچ مرۆڤێك ناکام، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر داوەری بکەم دادپەروەر و عادیلانە دەبم، چونکە بە تەنها نیم بەڵکو خودای ئاسمانەکانم لەگەڵدایە کە منی بۆ سەر زەوی رەوانە کردووە.

بەڕاستی لە یاسای ئێوەشدا نووسراوە کە شایەتیدانی دوو مرۆڤ، واقیعی و بەسە ((کەواتە من شایەتی خۆم دەدەم کە خودای ئاسمانەکانیش شایەتی بۆ من دەدات)) ئەوان پێیان گوت: خودای تۆ لەکوێیە؟ عیسا گوتی: ئێوە نە من، نەخوداکەی من دەناسن، ئەگەر منتان بناسیایە، بێ گومان باوکی ئاسمانەکانیشتان ناسیبوو)).

ئێوە چۆن دەتوانن بە هەنگاونان لە زوڵمەت و تاریکیدا بڕۆنە پێشەوە لە کاتێکدا ئەگەر دەست بخەنە ناودەستی خوداکەتان، سەرجەم کارەکانی ئێوە لە فەنابوون قوتاردەبن، ئێوە بەم جۆرە لەرینەوەوە دروست کراون و لەو رووەوە کە ئەم لەرینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەمڕو بەردەوامە، بەبێ کۆتایی هاتن درێژەی هەیە، هەرگیز گۆڕانتان بەسەردا نایەت و تا ئەو ساتەی لەگەڵ نوری ئیلاهیدا بە دڵسۆز و وەفادار بمێننەوە، هەرگیز لەناو ناچن.

زۆرێك لە مرۆڤەکان، لە ژیانێکی ئابڕومەندانە و پیاوچاکانە بەهرەمەندن و دەستیان داوەتە کاری شەرافەتمەندانە، ئەم کارانە هەردەم لەڕێی کۆمەك و بەهۆی ئەم لەرینەوە ئیلاهییانەوە سانا و هەمواربوون، ئەم کەسانە بە دابەزاندنی لەرینەوەکان توانای خەڵقکردنیان هەبووە تاوەکو رێگە بە ((توخمی ئەثیر))ی بدەن شێوە بگرێت، زانایان بە زوویی ئاشکرای دەکەن کە سەرجەم رەگەزەکان دەتوانن لەم توخمە ئەثیرییەدا بتوێنەوە، واتە شێوەیەکی ئەثیری وەربگرن، ئەویش لە شوێنێکدا کە گشت رەگەزەکان بە یەك ریتم و ئاواز لە لەرینەوەدان، یەکەم کردنەوەی ریتمی لەرینەوەکان بە ئاست پلەیەك کە گەردیلە وردەکانی رەگەزەکە کەڵەکە دەبن و

پێکەوە دەلکێن، مرۆڤ دەتوانێت هەر ماددەیەك بەرهەم بهێنێت، لەرینەوە گەردوونییەکان، رۆڵێکی یەکجار گرنگ لەم گۆڕنکاری و وەرچەرخانەدا دەگێڕن.

بە هەمان ڕێژەش زۆرێك لە رۆحە پاك و بێگەردەکان، بەهۆی نەبوونی ئاگایی تەواو لەم هێزەی کە ئەمانی دەپاراست، لەگەڵ کارەکانیادا کەوتنە چاڵی فەرامۆشی و لەبیرچوونەوە.

ئەگەر ئەم رۆحانە، ئاگایی پێویستیان لەمەڕ ئەو هێزە بەدەست دەهێنا و بیر و کرداری ورد، کارەکانیان تۆکمە و بەهێز دەکرد، کارەکانیان وەك کێوێکی لەبن نەهاتوو، خۆڕاگر و پایەدار دەمایەوە، رێك وەك ئەو شاخانەی کە ئەمڕۆ سەرنجی مرۆڤایەتییان بۆ لای خۆیان راکێشاوە، وەك هەرەمی گەورەی میسر لە جیزە.

ئایا ئەمە باش و شکۆمەندی نییە کە بە رۆحی خوداییەوە ژیان بەسەر ببەن؟ ئایا بەهای ئەوەی نییە کە ئامانجی باڵای ئێوە بێت؟ ئایا ناتوانن تێکڕای چاڵ هەڵکەندنە پەستەکانی ژیان لەناوببات؟ ئایا نابینن کەسانێك کە بۆ پێشەوە هەنگاویان هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بەم جۆرە بژین، دەستیان داوەتە چ کارگەڵێکی گەورە و گران و توانیویانە چ کارێکی گەورە بە ئەنجام بگەیەنن؟ ئەوان بەم کارە، خۆیان لەسەر شاخی بەرزی دەرکەوتن و پێشکەوتن دادەنێن، یاسا و پێشگۆییەکانی مرۆڤ دیار نامێنن، تەنها براوە و سەرکەوتوو، هەمان رۆحی خودایی دەروونی خۆتانە، مەوجودێك کە هەرگێز تەنها نییە چونکە هەموو کەسێك دەتوانێت پەیوەندی پێوە بکات.

بەم پێیە ئێوە بۆتان دەردەکەوێت لەگەڵ خودای خۆتاندا یەکێکن، ئەم شایەتیدانە لە مرۆڤێکدا کۆبۆتەوە لەژێر پەرچەمی یاسایەکدا و ئەم شایەتیدانەش واقیعییە، بەم پێیە ئەگەر ئێوە داوەری بکەن، داوەری کردنەکەتان دروست و عادیلانە دەبێت، ئەگەر رەسەنایەتی و سەرچاوەی خۆتان بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە بەیان بکەن، ئیدیعاکەتان راست و دروستە، بەو شارەزایی و ناسینەی کە لەمەڕ سەرچاوەی خۆتان هەتانە، ئێوە هەرگیز لە سنووری دیاریکراو تێناپەڕن و هەردەم لەگەڵ خودای میهرەباندا، یار و هاودەم دەبن، مەگەر ئەوە نییە کە هاتووە ((ئەگەر ئەوان خوداکەمیان بناسیایە، ئەودەمە منیشیان دەناسی؟)) چونکە هەموو مرۆڤەکان دەبێت لە وەحدەت و هاوئاهەنگی لەگەڵ خوادا، لە لەرینەوە دابن.

لە نووسراوی پیرۆزدا بەم جۆرە هاتووە لەسەر زاری یوحەنناوە (بابی حەوتەم ئایەتی ٢٨-٣٤) ((ئەودەمەی من دەناسن و تێدەگەن کە لە کوێوە هاتووم، تێدەگەن من لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەوەی منی رەوانە کردووە، راست و تاك و تەنهایە و ئێوە ئەو

ناناسن، من ئەو دەناسم چونکە لەلای ئەوەوە دێم و ئەوە کە ڕەوانەی کردووم تاوەکو پەیامی خۆم بگەیەنم)).

بەم جۆرە ئەوان هەوڵیان دەدا عیسا تێوەبگلێنن و هیچ کەسێك نەیتوانی بیگرێت چونکە ساتەوەختی دەستگیرکردنی نەهاتبوو، ژمارەیەکی زۆر لەناو خەڵکەکەدا باوەڕیان پێ هێنا و دەیانگوت ((ئایا کاتێك مەسیح بگاتە جێ، پەڕجو و کەراماتی زیاتر لەم پیاوە ئەنجام دەدات؟...) خەڵکەکە (فریسی)، ئەم قسانەیان لەسەر زاری خەڵکەوە بیست و لێپرساوانی باڵا و پایەبەرزی حکوومی و ئایینی کۆمەڵێك سەربازیان ڕەوانەکرد بۆ دەستگیرکردنی. هەر بۆیە عیسا گوتی: من هێشتا بۆ ماوەیەکی کورت لەنێو ئێوەدا دەبم و پاشان بۆ لای ئەو زاتە دەگەڕێمەوە کە منی ڕەوانە کردووە، ئێوە بەشوێن مندا دەگەڕێن بەڵام منتان چنگ ناکەوێت، من لە جێگایەك حزورم دەبێت کە ئێوە ناتوانن بێن بۆ ئەوێ)).

ئێوە دەزانن کە زەین و ئەندێشە و جەستە و ماددە لەناو ڕۆحی خوداییدا ئاوێتە دەبن، ئەندێشە دەزانێت کە ((من لە شوێنێکی مەرموز و نهێنی ئامێزەوە نایەم بەڵکو لە لایەن خوداکەمەوە دێم)).

بەم پێیە پەرستگا (یا هەمان قاوغ) دەبێت ڕێڕەوێکی پاك و بێ خەوش بێت کە لەڕێیەوە، ڕۆحی خودایی دەکەوێتە درەوشانەوە، کاتێك ڕۆحی خوایی لای یەکێك لە ئێوە، باڵا دەکات، دەتوانێت چەندین موعجیزەی تەنانەت گەورەتر لە کەرامەتەکانی من، بە ئەنجام بگەیەنێت، بە هەندێك گەڕان و پەیجۆیی، ئێوە دەتوانن ڕۆحی خودایی لای من و هەروەها لای خۆتان بدۆزنەوە، ئێوە پەی بەوە دەبەن کە ئێمە هەموومان برای یەکترین، زەمەنێك دێتە پێشەوە کە کاتێك ڕۆحی خودایی لە هەر کام لە ئێوەدا دەردەکەوێت، بەم جۆرە ئێوەش تا ئاستی ویژدانی ڕۆحی خودایی پلەتان بەرزدەبێتەوە و بە هەمان شێوە کە من دەستی سەنا و ستایشم بۆ پەروەردگاری ئاسمان هەڵبڕیوە، ئێوە زمانی ستایش کردنتان دێتەگۆ.

لە نووسراوی پیرۆزدا، بە پێنووسی مەتا (بابی بیست و حەوتەم ئایەتی ٤٦) هاتووە کە دوایین پەیڤی من لە خاچدا بەم جۆرەیە! ((خوایە گیان! خوایە گیان! بۆچی منت وازلێهێنا؟))

ئەم وەرگێڕانە تەواو هەڵەیە، قسە راستەقینەکانی من، ئەو قسانەی من بەیانم کردن بەم جۆرە بوو: ((خوایە گیان! خوایە گیان! تۆ هەرگیز نە من نە هیچ کام لە مەخلوقاتەکانت واز لێنەهێناوە، چونکە بەندەکانت دەتوانن بە هەمان شێوە کە من بۆ لای تۆ هاتووم، بۆ لای تۆ بێن، ئەوان دەتوانن ژیانی من بەو جۆرەی کە ژیاوم، ببینن، بە ژیان و گوزەران کردن بەشێوەی من، ئەوان دەتوانن رۆحی خودایی لەگەڵ وجودی خۆیان ئاوێتە بکەن و لەگەڵ تۆدا وەحدەت پەیدا بکەن و یەکبگرن)).

من هەرگیز ئەندێشەی دەستبەرداربوون یا جیابوونەوە بە مێشکمدا نەهاتووە، رۆحی خودایی ئیلاهی، بەوپەڕی وردییەوە بەر لە هاتنی ئەو رۆژە لە وجودی مندا دەرکەوتبوو، ئەگەر لاشەی منیان بسوتاندایە، من هێشتا دەمتوانی بە کۆکردنەوەی گەردە رەهاکراوەکان لەرێی لەناوبردنی رووالەتیەوە، دیسان جەستەم بنیات بنێمەوە و دەستبەجێ وەك شێوەی پێشووی لێبکەم و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهێنم. مرۆڤ بەجۆرێك دروست کراوە کاتێك خۆی بە هەست و ئاگایی رۆحی خودایی دەناسێنێت، دەتوانێت جۆرێك لە وزەی زیرەك لە خۆی وەدەرنێت کە بە تەواوی دایدەگرن، تەنانەت ئەگەر قاوغەکەی بڕزێت و تێك و پێك بشکێنرێت و فاکتەری ژیان لە خانەکانی جیا ببێتەوە، ئەم وزە هۆشمەند و زیرەکە دەتوانێت سەرجەم گەردەکانی جەستە کۆبکاتەوە و کەڵەکەیان بکات و قاوغێکی هاوشێوەی قاوغی پێشوو خەڵق بکات، ئەم قاڵبە، یا ئەم سکێچە هەر لێرە حزوری دەبێت، ئەم قاڵبە لە توخم و ماددەیەکی لەناو نەچوو دروست بووە، هێندە بەسە ئەم توخمە کۆبکەنەوە، قاڵبەکەی لێ پڕبکەن و دیسان بیخەنە ژێر کاریگەری هەمان فاکتەر و توخمی سەرەکی تاوەکو نموونەیەکی کامڵ و بێ لەکە دروست بکەن.

هەر بۆیە تێبینی دەکەن کە لە خاچدانی من، بەهیچ شێوەیەك نەبوویە مایەی لەناوبردن و تێکشکانی من، ئەو رووداوە تەنها زیانی بە کەسانێك گەیاند کە بەنیازبوون زەرەر و زیان بە (ئەسڵی رۆحی خودایی) بگەیەنن، ئەو رووداوە نموونەیەك لە باوەڕی بەدیهاتنی (ئەسڵی هەرە گەورە) بوو، رێگایەك کە پیاوانی سەر زەوی دەتوانن بیگرنە بەر، بە شوێن کەوتنی ئەم

ڕێگایە، دەگۆڕدرێن بۆ ڕۆحی خودایی ئیلاهی و ئامانجەکانیان بەشێوەیەکی لەناو نەچوو تۆکمە و کەڵەکە دەبێت، جەستەی من تەنانەت لەناو نەچوو، چونکە تەنها لەرینەوەکانی لەڕادەبەدەر بەرزبووبوویەوە، پەیوەندی و بەرزبوونەوە بەسەر خاچدا، تەنها سومبولێکی گەواهیدەر بوو بۆ ئەوەی بسەلمێنێت کە جەلادەکانی من گشت کارێکی پێویستیان ئەنجام دابوو، هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە مرۆڤە فانییەکان دەتوانن بیخەنە سەر لاشەی فیزیکی، ئەنجامیان دابوو چیتر کارێك نەمابوو جگە لە کوشتنی من بەسەر خاچەکەوە. بۆ کۆتایی هێنان بەکارەکەیان، پێویست بوو ئەوان قاوغەکەی من بخەنە گۆڕێك و دەروازەکەی بە بەرد سەرمۆر بنێن و قاوغەکەم لە ئەشکەوتێکدا بەند بکەن، هەر لەبەر ئەمە بوو کە هاوارم کرد: ((ئیدی تەواو بوو!)).

ئەودەمەی مرۆڤ چیتر هیچ کارێکی لە قەڵەمڕەوی فانیدا نەبێت، دەچێتە ناو بازنەی نەمری تەواو و رەها، هەربۆیە مەحاڵە کە بتوانرێت جەستەی نەمری و هەمیشەیی مرۆڤ لەگۆڕێکدا حەپس بکەیت، تەنانەت ئەگەر ئەم گۆڕەش لە دڵی بەرد و لە هەناوی ئەشکەوتێکدا دروستکرابێت، بۆ دەربازکردنی قاوغێکی لەم جۆرە، ئەگەر پێویست بکات، بەردەکانیش وەك قورقوشم دەتوانەوە، هەربۆیە دەبینن کە کۆی گشتی ئەم دیمەنە پیشاندەری میراتی مرۆڤە.

❊ ❊ ❊

## بەشی شانزەهەم

ئەم دیدارە، بەهەمان شێوە تا چەند رۆژێك درێژەی کێشا، دواجار بڕیاردرا کە من، ویلدۆن و گۆردون لە گرووپی مامۆستا مەزن و بەڕێزەکانماندا بمێنینەوە لە کاتێکدا کە تۆماس و ئەوانی تر دەگەڕانەوە بۆ دارجلینگ بۆ ئەوەی لەوی بنکەیەکی فەرماندەیی کاتی پێکبهێنن تاوەکو تێکڕای ئەو زانیاری و دیکۆمێنتانەی تا ئەوودەمە بە دەستمان هێناوە و ئامادەمان کردبوو، بە وردی کۆبکەنەوە.

دوای ئۆغرکردنی تۆماس و هاوەڵەکانی دیکە، ئێمە خێوەتگەیەکی نیمچەکاتیمان پێکهێنا کە تاوەکو کاتی گەڕانەوەی تۆماس لە مانگی دیسەمبەردا کەڵکمان لێوەردەگرت، ئەم خێوەتگە لەسەر تەپۆڵکەیەکی سروشتی لە شاخێکدا کە نزیکەی دووسەد مەتر لەسەر ئاستی پێدەشتەکەوە هەڵکەوتبوو وە دەبوایە لە دامێنی چیا سەرەکییەکەوە بەرەو ژوور بچووینایە تا بگەینە ئەوێ. ئەو شوێنە، بۆ بنکەیەکی سەرەکی، شوێنێکی یەکجار ناوازە بوو چونکە بە ئاسانی دەکرا بۆ ئەو شوێنە جیاوازانە بڕۆین کە حەزمان دەکرد سەردانیان بکەین، ئەو شوێنە لەناو جەرگەی مێرگێکی بەرفراوان دابوو کە بە درەختی بەرز و گەورە تەنرابوو، زەوییەکەی بەشێوەی لێژگەیەکی کەم لە دامێنی چیا سەرەکییەکەوە دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە شوێنی خێوەتگەکەی ئێمە، حاڵەتێکی تایبەتی بەم شوێنە دەبەخشی کە دەتووت لە سەنتەری سەکۆی شانۆیەکی گەورەی هیلالیدا قەراری گرتووە، دیواری رووبەڕووی ئەم دەشتە کۆتایی ئەم شانۆ هیلالییەی کە وەك کەمانێکی راکێشراو بوو بە یەك دەگەیاند.

لەودیو چیاكانەوە، خۆر لەناو دەریایەك لە ئاڵتوونی تواوەدا حزوری هەبوو، هەموو شەوێك، رەنگی خۆی دەدا لەڕووی ئەم تەپۆڵكە بەردینە و وەك تابلۆیەك، بۆ تەختی شانۆ سروشتییەكەی ئێمە كەڵكی لێوەردەگیرا و دوندی چیاكە لەناو دەریایەكی تێكچڕژاو لە رەنگگەلێكی هاوشێوەی هالەیەكی نورانی زەبەلاح، پیشان دەدا.

كاتێك مرۆڤ، بەبێ دەنگی لەو شوێنە رادەوەستا و لە چركە ساتێكدا كە دوایین تیشكەكانی خۆر بەهۆی هێڵێكی ئاسۆییەوە لەت دەبوون، مرۆڤ دەیتوانی ((بوونەوەرێكی گەورە)) وێنا بكات كە بە تەواوی قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و لە كراسێكی رەنگ زەردی ئاڵتوونیدا كە لە چەند چینێكی زۆر هونەرمەندانەدا لە بەشی خوارەوەدا رەها دەكرا، وەستاوە و هالەیەك لە نورێكی سپی و درەوشاوە بەراسەریەوە بوو كە تا چەندین كیلۆمەتر، دەوروبەرەكەی رۆشن و رووناك دەكردەوە.

شەوێك، لەكاتێكدا بە دەوری ئاگرێكدا لە خێوەتگەكەماندا دانیشتبووین، خۆر لەكاتی ئاوابووندا درەوشایەوە و تینی گەرمای بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر پەرەی سەند، ئەم دیاردەیە بە جۆرێك نائاسایی بوو كە سەرجەم هاوڕێكانم بە حەپەساوی و خۆشحاڵییەوە خەریكی تەماشاكردنی ئەم دیمەنە بوون، یەكێك لە هاوەڵەكانم رووی لە ((سانیاسی))[(١)] یەك كرد كە تازە گەیشتبووە جێ و گوتی خۆر دەیوێت بەرلەوەی ماڵئاواییمان لێبكات بە جوانترین شێوە خۆی لەبەرچاومان ون بكات، ئەو سانیاسییە گوتی: ((ئەمە نیشانەی پێشهاتێكی پیرۆزە، گرووپێكی پێكهاتوو لە رۆحە پاك و بێگەردەكان سەرقاڵی یاوەری كردنی بوونەوەرانێكی یەكجار مەزن و پایەبەرزن و بێگومان تا چەند ساتێكی تر دەگەنە ئێرە، تكا دەكەم بێدەنگ بن)).

هەر لەم چركە ساتەدا، بێدەنگییەك كە دەتووت لە فەزای دەرەوە دێت، بەسەر دیمەنەكانی دەوروبەرماندا باڵی كێشا، لەپڕ لەو بێدەنگییەدا دەنگێك لە غەیبەوە بەرگوێ كەوت، گۆرانی و ریتمی ئەو ئاوازە بەڕاستی دڵگیر و ئاسمانی بوو، هەزاران باڵندە لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا

(١) Sanyasi: بە مانای راهیب یا گۆشەگیرییەكە كە هەموو تەمەنی تەرخان كردووە بۆ گەیشتن بە مەعریفە و كەماڵ، ئەو كەسە دەبێت لە قۆناغی فێركاریدا سوێند بخوات كە چاو لە گشت ناز و نیعمەتەكانی دنیا بپۆشێت هیچ ئاوڕ لە دنیا و كاروباری دنیایی نەداتەوە. و.ف.

دەهاتن و نەغمە چریکەیان لەگەڵ ئەو دەنگەدا، هاوئاهەنگییەکی تەواوی هەبوو، بەڕاستی مەحاڵ بوو کە وابزانێت ئەو گۆرانییە لە عالەمی غەیبەوە نایەت، خوێنەری هێژا، ئەگەر ئێوەش دیمەنێکی لەو چەشنەتان دەبینی و ئەم موزیکە ئەفسوناوییەتان دەبیست، دڵنیام کە لەوەی تا ئەم ئەندازەیە خەسڵەتە باڵاکانم بەکارهێنا، لێم دەبورن.

دوای ساتێك دەنگی باڵندەکان بڕایەوە و گۆرانییەکە بەشێوەیەکی شکۆدارانە درێژەی کێشا، پاشان دوو فریشتە بەشێوەیەکی ژنانە دەرکەوتن کە دەتووت کراسێکی خەت خەتینی پیرۆزەییان لەبەردابوو، جوانی و زراڤیەکی سەیر لەو شێوە عیرفانیانە دەبینرا، سیما و رووخساریان هێندە شکۆدار و نائاسایی بوو کە ئێمە بە یەکترمان گوت ((چۆن دەتوانرێت بە وەسف کردنی ئەوان، وێنەیەکی راستگۆیانە و دروست پێشکەش بکەین؟ کەواتە واباشترە واز لە وەسف و پیاهەڵدانی ئەوان بێنین مەبادا سوکایەتیمان پێکردبن)).

ئێمە لەژێر کاریگەری و ئەفسونی ئەوانداماینەوە، بە هەمان شێوە ئەو سانیاسییە ئەو بۆ چەند خولەکێك لەبیری کرد کە تەنانەت هەناسەش بدات.

لەناکاو هەزاران دەنگ چوونە پاڵ دەنگی یەکەم و چەندین شێوەی دیکە دەرکەوتن و گەمارۆی ئەو دوو شێوە ژنانەیاندا کرد، پاشان ئەو گۆرانییەش لە پڕێکدا راوەستا و تێکڕای شێوەکانیش لەبەرچاو ونبوون، بێدەنگییەکی رەها باڵی بەسەرماندا کێشا، پاشان شێوەیەکی قەد و باڵابەرز، بە هەمان شێوازی شێوەکانی پێشوو، لەبەرچاومان دەرکەوتن، بەڵام ئەمجارە شەبەنگێك لە رەنگە درەوشاوە جۆراوجۆرەکان، دەورەیاندا. باڵای ئەم شێوە هاوکات لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا، وردە وردە کورت و کورتتر بوویەوە و ئێمە دواجار لەبەردەمماندا پیاوێکمان بینی کە خاوەن قەد و قیافەیەکی چوار شانە و تۆکمە و سەر و سیمایەکی جوان و پێکەوتوو بوو، رەنگی مووی ئەم پیاوە لەبەردەم بادا سەیر و نائاسایی دەهاتە بەرچاو، جل و بەرگێکی سپی و بریسکەداری لەبەردابوو.

ئەم سپیاڵە بەسەر شانەکانیدا شەپۆڵ ئاسا بۆ خوارەوە شۆڕبووبوویەوە، پشتوێنێکی نەزۆر تەنگ بە رەنگی سپی مەیلەو پیرۆزەیی کە مرۆڤی دەخستە بیری مانگەشەو لە پشت بەستبوو،

دامێنی کراسەکەی لە چیمنەکەی ژێر پێی دەخشا، ئەو بە هەنگاوی گەورە و شکۆدارانە بەرەو لای ئێمە دەهات، هیچ خواوەندێکی یۆنانی کۆن، نەیدەتوانی حاڵەتێکی وا گەورە و شکۆدارانەی هەبێت.

کاتێك ئەم کەسایەتییە مەزنە لە ئێمە نزیك بوویەوە، راوەستا و گوتی: هیچ پێویست بە خۆناساندن ناکات، ئەم خۆناساندنە بێهودەیە، من وەك برایانی راستەقینەی خۆم سلاو و پیرۆزبابییتان لێدەکەم، دەستم درێژ دەکەم و بە گرتنی دەستی ئێوە، لە واقیعدا دەستی خۆم دەگوشم، واتە ئایا لە ماچکردنی خۆم دەبێت دڕدۆنگی پیشان بدەم؟ هەرگیز! چونکە من ئێوەم هەروەك خۆم خۆش دەوێت، ئێمە کە لەگەڵ ئەسڵی ئیلاهیدا وابەستە و یەکگرتووین، سەرجەم خەڵکی جیهانمان خۆش دەوێت، منیش وەك ئێوەم. بێ ناونیشان، بێ تەمەن و ساڵ، من ئەزەلیم، ئێمە بە تەوازوعی راستەقینەمان لە جیهانی ئلوهیەتدا، هەموومان لە پاڵ یەکدا قەرار دەگرین. ئەو بۆ ساتێك بێدەنگیی هەڵبژارد، لەپڕ شێوەی سیپاڵەکانی گۆڕا، ئەو هەنوکە جل و بەرگی وەك ئێمەی لەبەردابوو، پڵنگێکی گەورەش لەلای (راج پوتانا)[1]وە لە تەنیشتیدا دەبینرا، ئەو ئاژەڵە بەڕاستی کە جوان بوو پێستەکەی لەو دەمەو ئێوارەدا، رێك وەك فەرویەکی ئاوریشمین جیلوەی دەکرد، ئێمە ئەو پیاوە هێندە سەرنجی راکێشا بووین کە ئاگامان لە حزوری ئەو پڵنگە نەبوو، کاتێك ئەو ئاژەڵەمان بینی ترسمان لێنێشت.

ئاژەڵەکە لەپڕ کەوتە جوڵە، میوانەکەمان، فەرمانێکی دەرکرد، پڵنگ لە شوێنی خۆی هەستا، چوویە پێشەوە و لەموزی خستە ناو دەستە درێژکراوەکانی پیاوەکە، ترس و دڵەڕاوکێمان رەوییەوە و دیسان هاتینەوە سەرخۆمان میوانەکەمان لەبەرامبەر ئاگرەکە لێی دانیشت، ئێمەش لێی نزیکبووینەوە، پڵنگ چەند هەنگاوێك دوورکەوتەوە و لەسەر زەوییەکە پاڵکەوت.

میوانەکەمان گوتی: ((هاتووم چەند رۆژێك لە میوان نەوازی ئێوە بەهرەمەند بم، ئەگەر نابمە ئەرك پێم خۆشە تا ماوەیەکی دیاریکراو لاتان بمێنمەوە)) ئێمە کە لە خۆشیاندا لە پێستی خۆمان

---

(١) Rajputana: دەکەوێتە باکووری هیندستان و دانیشتووانی ئەو ناوچەیە زۆربەیان جەنگاوەرن. و.ف.

نەدەگونجاین، بۆ دەرخستنی شادی و خۆشحاڵیمان هەموومان ورووژمان بۆ برد تاوەکو دەستەکانی بگوشین، ئەو سوپاسی کردین و بەم شێوەیە سەری قسەی دامەزراند ((ئێوە نابێت لە گیانلەبەران بترسن، ئەگەر لێیان نەترسن هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنن، ئێوە ئەو لاشە بێ گیانەتان لە دەروازەی ئاواییەکەدا بینی کە چۆن چۆنی بۆ پاراستنی دانیشتووانەکەی لەسەر زەوی راکشابوو.

لەم بارەیەوە دەبێت بڵێین، کە ئەمە تەنها نیشانەیەکی فیزیکییە بۆ مرۆڤەکان لاشەی فیزیکی بەم جۆرە، دەکەوێتە بەر هێرشی گیانلەبەر، لەگەڵ ئەوەدا لاشەکە بێ گیان و بێ جوڵەیە، بەڵام زەرەر و زیانێکی پێناگات، خەڵك ئەم مەسەلەیە بەچاوی خۆیان دەبینن، بەم پێیە لە ترس و بیمێك کە سەبارەت بە گیانلەبەرە دڕندەکان هەیانە، دەست هەڵدەگرن، لەو چرکە ساتەی کە ئیدی ترس رووی تێناکات، چیتر گرنگی بە مرۆڤەکان نادات، ئیدی بەچاوی نێچیر لە مرۆڤەکان ناڕوانێت، بەم شێوەیە، مرۆڤەکان هەروەك درەخت و سەوزە گیا و یاخود خانووبەرەی دەوروبەر دێنە پێش چاوی، چونکە لە هیچ کام لەم شتانەی کە ناوم هێنان، لەرینەوەی ترس نائاخێزێت، گیانلەبەر دەتوانێت بە ناوەڕاستی ئاواییەکدا، بێ هیچ زەرەر و زیانێك تێپەڕێت، لەکاتێکدا پێشتر مافی هەڵبژاردنی نێچیرێکی مرۆیی هەبوو، چونکە ئەو کەسەی زیاتر لەوانیتر شەپۆلی ترس و بیمی لەخۆی رەوانە دەکرد، بەدڵنیاییەوە دەکەوتە بەر هێرشی گیانلەبەرەکە.

ئێوە بێگومان ئەم پێشهاتانەتان لە نزیکەوە بینیووە، ئێوە تەنانەت بینیتان کە گیانلەبەری دڕندە، چۆن بەسەر لاشەیەکی بێگیاندا کە لەسەر زەوی راکشابوو تێپەڕی و راستەوخۆ بەرەو ئاواییەك چوو تا بەشوێن ئەو مرۆڤانەدا بگەڕێت کە ترس و بیمیان لە ئەو هەبوو، ئەم حەیوانە راستەوخۆ بە نێوان دوو منداڵی ساوادا کە لانی زۆر شەش یا حەوت مەتر لە یەك دوورن دەگوزەرێت تاوەکو پەلاماری کەسێکی باڵغ بدات کە ترسی لێنیشتووە، چونکە منداڵەکان هێندە گەورە نەبوون کە لە مانای ترس تێبگەن و هەر بۆیە پڵنگەکەش توانای دیتنی ئەوانی نییە.

ئێمە لەم ساتەدا، چەند شتێکمان بیرکەوتەوە و تێگەیشتین کە ئێمە هێشتا وەك پێویست لەسەر چەمکی ترس، بیرکردنەوە و تێڕامانی قوڵمان نەبووە تاوەکو لە مانا قوڵەکانی بگەین.

ئەو ((ریشی))یە ((مامۆستای مەزن)) درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: ((ئەگەر ئاژەڵێکتان خۆش دەوێت، ئەویش بێگومان وەڵامی خۆشەویستییەکەی ئێوە دەداتەوە، ئەگەر لە بەرامبەر ئەم ئەوین و خۆشەویستییە بەرهەڵستی بنوێنن، بەرلەوەی زەرەر و زیانێك بە ئێوە بگەیەنێت، خۆی لەناو دەچێت، ئاگایی و هۆشیاری قوڵ لەمەڕ ئەم حاڵەت و دۆخە، لای گیانلەبەران بە چەند قات وردتر و روونترە لە ئاگایی مرۆڤەکان.

ئەو سەیرێکی پڵنگەکەی کرد، گوتی: بەسە عەشق و ئەوینی خۆمان سەبارەت بەم برایەی خۆمان پیشان بدەین و تەماشای کاردانەوەی ئەو بکەین، ئێمە هەوڵماندا تا ئەو جێیەی مومکین بوو، ئەو خۆشەویستییە پیشان بدەین، پڵنگی دڕندە دەسبەجێ بە پشتا خەوت، پاشان لەسەر پێیەکانی قەڵەمبازێکی دا و بەم شێوەیە، ئایا نابینن کە لە قەڵەمڕەوی خوداییەوە هاتوون و پەیوەست نین بە هیچ ئەهریمەنێکەوە کە بەهۆی هێزی خەیاڵکردنی مرۆییەوە وەدیهێنراوە و ئامادەکراوە؟ کەواتە دەگەینە ئەم ئەنجامە بەگوێرەی ئاکامە تەواو زانستی و لۆژیکییەکان، مرۆڤ خوداییە، بەڵام ئەم ئازادی و توانایەی هەیە کە لە زەین، بەیارمەتی هێزی خەیاڵکردنی لە قەڵەمڕەوی خودایی بێتە دەرەوە، بۆ بەکارهێنانی کەسی خۆی، قەڵەمڕەوێکی شەیتانی بسازێت کە بە تێڕوانینی خۆی زۆر بە واقیعیش دێتە بەرچاوی.

مرۆڤایەتی هیچ ریگایەکی لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی کە خۆی بهێڵێتەوە لەو پنتەی کە ئامادەیی هەیە تێیدا، یاخود هەرەس بێنێت، تەنها یەك رێگەی هەڵبژاردنی لەبەردەم دایە، تەنها یەك نیاز، یەك ئامانج، یەك حەقیقەت و دواجار یەك مەعریفە بوونی هەیە و هەر ئەوەش ئێوە ئازاد دەکات، ئێوە بەگوێرەی هەڵبژاردنەکەتان دەتوانن خودایی یاخود کۆیلە بن.

بە ئەرك نەبێت بۆ چەند ساتێك بوەستن و بیر لە گشتێتی و جیهانگیربوونی خودا بکەنەوە، واتە هەمان عیلەتی یەکەم بێ سەرەتا و بێ کۆتایی، بەیەك سەنتەری کارگێڕی جیهانگیرەوە، هەوڵ بدەن لەڕێی ئەوەوە گەمارۆ بدرێن، هەوڵبدەن سەبارەت بەم بیروباوەڕ و ئەندێشەیە وەفاداربن، تەنها یەك خودا بپەرستن، تەنها حزورێکی هەمیشە بەتوانا و بە دەسەڵات بپەرستن! پاشان دەبینن کە لەرینەوە مرۆییەکانی لاشەتان شێوەیان گۆڕا بۆ لەرینەوەی ئیلاهی یا بەرایی،

بژین، بیربکەنەوە، کامڵ بن و تەنها لەگەڵ ئەم لەرینەوەیدا یەکبگرن، لەم حاڵەتە دایە کە بەڕاستی دێنە ناو حاڵەتی ستایش و کڕنۆش بردن، دەگۆڕدرێن بۆ ئەو شتەی کە دەیپەرستن، بۆ ئەو شتەی کە وەك سەرمەشق و ئایدیاڵ یا هەمان کەماڵی خوازراو کە بۆخۆتان هەڵبژاردووە، ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە تێکڕای مرۆڤەکان بە هەمان شێوەیە، تەنها یەك خودای تاك و تەنها هەیە، تەنها یەك مرۆڤ هەیە، یەك پەیوەندی کۆبوونەوەی ناسراو بە ((ماها- کومبا))[1] کە هەر دوانزە ساڵ جارێك لەوێ سازدەکرێت، ئەو زیارەتکارانەی بۆ ئەم گردبوونەوە گەورەیە دێن و سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی ئەو ناوە دەکەن، زیاترە لە ژمارەی ئەو زیارەتکارانەی سەردانی شوێنەکانی دیکەی وڵات دەکەن.

هەندێ جار وارێك دەکەوێت کە زیاتر لە پێنج سەد هەزار کەس لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداری بکەن، لەوێوە کە کۆبوونەوەی ئەم ورزە، زۆر گرنگ و بایەخدار بوو، چاوەڕوان بوون ئەم ژمارەیە، دیسان چەند سەد هەزار کەسێکی دیکە زیاد بکات، سازدانی ئەم ڕێوڕەسمە گەورە و شکۆدارە هەر لە ئێستاوە کاریگەری خستۆتە سەر بارودۆخ و فەزای ناوچەکە، ئێمە هەواڵمان زانی کە بەدرێژایی ڕۆژانی سازدانی مەراسیمەکە، خۆراك و خواردنی سەرجەم زیارەتکارەکان، بەخۆڕایی دەبێت، هاردوار وەك شارێکی گەورە و پیرۆز بەناوبانگە ((سری کریشنی))[2] لە ((بریندااوان))[3] ژیابوو تافی لاوێتی لەم دەشتەدا گوزەراندبوو، ئەم ناوچەیە تاڕادەیەك بە وێنەی بەهەشتە، ئەوێ شوێنی ژیانی مەلێکی جوان و دەنگ خۆشە بەناوی کوکیلا[4]، هەر لەم ناوچەیەدا کە چەند دڵۆپێکی قەشەنگ لە مەشروبی خودا ئەزەلییەکان لە گۆزەی ((ئامری))[5] ڕژانە سەر زەوی و لەو بەشانەدا،

(1) Maha-Kumba.
(2) Srikrishni.
(3) Brindavan.
(4) Kokila.
(5) Amri.

بەردی گرانبەها روو‌ا، ئەم شارە خوداییە، دوای جەنگی ((ریڤاتوس))[1] (خودا) لەگەڵ ((ئاسورا))[2] (شەیتان) لە دەریا هەڵگیرابوو، واتە دوای ململانێی رۆحانییەت دژی ماتریالیستی ناباو، ململانێیەك كە قۆناغێك پیشان دەدات كە هیندستان لە بەرامبەر بایەخی گەورەی ژیانی مەعنەوی و رۆحانی چاوی بە جیهان هەڵهێنا، ئەم گۆزەی شەرابە هێندە بە نرخ بوو كە شەڕێكی دیكە سەریهەڵدا تاوەكو یەكێك لە دوولایەنەكە بوو بە خاوەنی یەكجارەكی، خودا كە لە حاڵەتی جەنگدا بوو هێندە پەلەی بوو بۆ دووركەوتنەوە لە شەیتان كە چەند دلۆپێك لەناو گۆزەكە، چۆڕانە سەر زەوی.

ئەمە ئەفسانەیەك بوو كە مانایەكی مەعنەوی و زۆر قوڵی هەبوو، دواتر دەردەكەوێت كە چەمگ و مانای ئەم ئەفسانانە، ماهیەتێكی هەمیشەیی و زۆر جێگیر و سەرەمڕیان هەیە، ئێمە لەم ناوچەیەدا خەریكی گەشت و گوزاربووین و سەردانی زۆر پەرستگای ناوچەكەمان كرد، ((ریشی)) ((مامۆستا))ی گەورەش شانازی پێبەخشین و هاوڕێیەتیی كردین، لە مانگی دیسەمبەر تۆماس گەڕایەوە لامان و ئێمە بەرەو باشوور و تا لوتكەی كێوی ئابو[3] رۆیشتین لەوێوە گەڕاینەوە بۆ بریندااوان و پاشان چووین بۆ هاردوار.

ئێمە دیسان سەردانی چەند پەرستگایەكی ترمان كرد و كارمەندان و زێوانەكانی ئەو شوێنە پیرۆزانە مەرحەمەتیان نواند و مۆڵەتیان پێداین بچینە ناو ژیانی تایبەتی ئەوانەوە و بۆ ماوەیەك لەگەڵیاندا بژین و تێكەڵاویان بكەین، هەڵسوكەوتی ئەوان بەڕاستی دۆستانە و دڵسۆزانە بوو.

باسكردنی وردی ئەم بەسەرهات و گەشت و گەڕانە و ئەو بیروباوەڕانەی وەرمانگرتن، مافی بڵاوكردنەوەیان نییە، لەڕاستیدا تەعالیم و رێنماییەك بە ئێمە درا، تەنها بە یەك مەرج بوو! ئەویش ئەمە بوو ئەگەر دەمانویست لەم گریمانە و بیروباوەڕە تایبەتانە شارەزا بین و مەشق و

(1) Devatos.
(2) Asura.
(3) Abou.

راهێنان ببینین، دەبوایە ئەم رێنماییانەمان بۆ خۆمان وەربگرتایە، هەرگیز ئەوانەمان بە وێنەی نووسراو چاپ نەکردایە، ئەگەر حەزمان بکردایە، دەمانتوانی ئەم رێنماییانە بۆ هەندێك لە مرۆڤەکان، ئەویش بەشێوەی زارەکی بەیان بکەین، بەم جۆرە مامۆستا مەزنەکانمان تکایان لێکردین بیروباوەڕەکانی ئەوان هەرگیز بە وێنەی نووسراو لە شوێنێکدا تۆمار نەکەین و هێندەی بۆمان دەکرێت هەوڵبدەین بەشێوەیەکی زارەکی، ئەویش تەنها بۆ کەسانێك کە تکایان لێدەکردین، ئەم بیروباوەڕە بۆ ئەوان باس بکەین و بناسێنین.

گردبوونەوەی ئەم خەڵکە یەکجار زۆر و ئەم مرۆڤە پاك و پیرۆز و ئایینیانە، بیرەوەرییەکی لەیادنەچووە بۆ من، لەناو ئاپۆڕای ئەم خەڵکەدا، هەرگیز نە پەلەکردن هەیە نە پشێوی و بێ سەروبەری، هەرگیز نیشانەی پشێوی و هاتوو هاوار بەدیناکرێت، ئەوان راستەوخۆ بۆ پێشەوە دەڕۆن بەرەو پنتێکی هاوبەش بەرێکەوتوون و هەمووان لە هەر لایەکەوە بەرەو یەك ئامانج پێشڤەدەچن، لەم گردبوونەوەیەدا خۆشەویستی متمانە بە یەك بوون و سۆز و میهرەبانی باڵادەستە، ناوی خودای بەرز و باڵادەست و بەتوانا، بەسەر زاری خەڵکەکەوەیە و هەموویان بەوپەڕی رێزەوە دووبارەی دەکەنەوە، بەجۆرێك کە رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی رۆحانی بەدرێژایی ئەم رێڕەوە بێ پایانە کە خۆرئاواییەکان زەمەنی پێدەڵێن بوونی نییە، زەمەن لە خۆرهەڵات ئەسڵەن بایەخی نییە، لە خۆرهەڵات، کۆبوونەوەی خەڵك کە ژمارەیان لە چوارسەد یا پێنج سەد هەزار کەس تێدەپەڕێت، بەهیچ شێوەیەك مەسەلەیەکی سەیر و سەرسوڕهێنەر نییە، ئێمە هەرگیز نەمانتوانی ژمارەی راستەقینەی خەڵکەکە بخەملێنین و ژمارەی ئامادەبووان دیاریبکەین.

❊ ❊ ❊

## بەشی حەڤدەهەم

لەکاتێکدا بە دەوری ئاگری خێوەتگەکەماندا دانیشتبووین، شەوێك بەر لە گردبوونەوەی گەورەی ئەو وەرزە، ((ریشی)) دەربارەی بایەخی ئەم رووداوە گەورەیە قسەی بۆ کردین، لە سەرزەمینی هیندستان، تاڕادەیەك تێکڕای ئەو کۆبوونەوە و گردبوونەوانەی کە تا ئەم رادەیە گرنگ بن، مانایەکی زۆر قوڵتریان هەیە لەوەی کە بە رواڵەت پیشان دەدرێت و یاخود مرۆڤی پەیجۆر دەتوانێت لە دووبارە بوونەوەی ئەفسانەکان، پێشبینی بکات و بە ئەنجامێکی گشتی بگات.

مامۆستای مەزن لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لە یەکەم وتاردا بۆ خەڵکی قەرەنتس (باب ١١ ئایەتی نۆهەم) هاتووە: ((هیچ مرۆڤێك هەرگیز نەیبینیووە، نەیبیستووە و بە خەیاڵیدا نەهاتووە کە چ شتانێکی باڵا و کەم وێنە بۆ کەسانێك کە خودایان خۆش دەوێت ئامادەکراوە)) پێویستە بزانن دوای رستەی: بۆ کەسانێك کە خودایان خۆش دەوێت)) پێویستە رستەیەکی تریش بەم جۆرە زیاد بکرێت: ((...و رۆحی خودایيان پیشان داوە)) ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵك شتێك لە ئەسڵی ژیان و بوون و ئامانجەکەی دەرك دەکەن، سەرەتای دانایی، لەژێر هەر شتێکدا دیارە و هەمان شتی سەرەکییە، هەربۆیە پەندێکی پێشینانی وەك: ((بەهەر شێوازێك بووە، زیرەکی و دانایی بەدەست بێنن)) هاتۆتە کایە.

ئەمە ئەو کارەبوو کە حەزرەتی سولەیمان بەوپەڕی ئاگایی و دەرککردنەوە بە ئەنجامی گەیاند و سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەی بەدەست هێنا. ئەو داوای دڵێکی هۆشمەندی کرد کە بەپێی هۆش و ئاوەز و دانایی بناغەرێژی بۆ کرابێت.

ئەمە بوویە مایەی ئەوەی چاوانەی حیکمەت لای ئەو ئاشکرا ببێت و کارێکی کرد حەزرەتی سولەیمان گەیشتە ترۆپکی دەسەڵات و شکۆداری و سەروەت و سامان و گەورەییەکی

لەو چەشنەی پێبەخشی کە نازناوی (پادشای هەزارکاری سەر و ئاسایی)) وەرگرت، یا بەجۆرێکی تر: ((سولەیمان و هەزار هاوسەرەکەی)).

لە سەردەمی سولەیماندا یەك ((هاوسەر)) بە نیشانەی کارێکی گەورە بوو، دەرك و هەڵێنجانێکی تەواو و پێشگۆیی لەمەڕ تەواوی مێژووی جیهانی هەستی و پەیوەندییەکی ورد کە لەنێوان ئلوهیەت و هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیە، کاتێك کە سولەیمان سەرجەم کارەکانی بە قازانجی خەڵك شکایەوە، ئەو توانایەی پێدرا کە سێ هەزار پەندی پێشینان بەیان بکات و سرود و گۆرانییەکانی گەیشتنە پێنج هەزار، ((خواوەند ئاوەز و حیکمەت و ژیرییەکی زۆر، دڵێکی بەخشندەی وەك لمی کەناری دەریا بە سولەیمان بەخشی)) ((کتێبی اسلاطیم- باب ٤ ئایەتەکانی ٢٩ تا ٣٢)) سولەیمان پادشایەك نەبوو وەك پادشاکانی تر (بە مانا ماددییەکەی) ئەو بەسەر خۆی و خێزانەکەیدا حوکمڕانی دەکرد و ئەم قەڵەمڕەوە خاوەنی حکوومەتێك بوو، ئەو لە تەختی حوکمڕانییەکەیدا، هەوڵیدا عەشق، ژیری، حیکمەت، عەدالەت، و فەڕ و بێر بە هەر کەسێك ببەخشێت کە بەمەبەستی راوێژکردن سەردانی دەکرد، لەو سەردەمەدا، سەرجەم مرۆڤایەتی لەژێر هێمای ((داواکاری))دا ژیانیان دەگوزەراند، لە وەڵامی ئەم داواکارییەدا، سولەیمان هەزار جار پشکی عەشق و ئاوەز و حیکمەت و عەدالەت و بەرەکەتی وەرگرت ئەو بە گۆچانێکی پۆڵایین حوکمڕانیی دەکرد، بەڵام ئەمە بە نیشانەی یاسایەك بوو کە هەرگیز سست و لاواز نابێت.

ئەودەمەی خێر و بێری سولەیمان بەهەر لایەکدا پەخش کرا و ((هەزارجار دە هەزارجار)) پەرەی سەند، بۆخۆی گەڕایەوە، لەناکاو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی بۆ دەربردنی خەڵات و پاداشتەکانی زۆر بچووك و بەرتەسك بوویەوە، لەڕاستیدا ئەگەر ئەو خاوەنی تەواوی گۆی زەویش بووایە، هەمدیس ئەستێرەی زەوی بۆ ئەو تەنگ دەبوو، یاسای گشت، لەو خەزێنە ئیلاهییانەی کە بڕیاربوو بەهۆی پابەندی و وەفادارییەوە بۆ دەستوور و فەرمانە ئیلاهییەکان، پاداشتی سولیەمان بداتەوە، بە باشی ئاگادار بوو.

هەر بۆیە هەوڵ بدەن بەبێ کەمترین بیر و ئەندێشە لە گۆشەی زەینتاندا، بە کەسانی تر ببەخشن، بەبێ کەمترین بیرکردنەوە لە پاداشت، ئەودەمە، پاداشتتان هێندە زۆر و زەوەند دەبێت کە ئێوە تەنانەت ناتوانن بە تەواوی لەخۆی بگرن، سەرەتا عەشق و دڵسۆزیتان بە خواوەند بدەن، پاشان بە سەرجەم مرۆڤەکان، کاتێك ئەم عەشقە بۆ لای خۆتان بگەڕێتەوە، بە هەموو دنیادا گەڕاوە و ((هەزار جار دە هەزار جار)) پەرەی سەندووە، چونکە بە ئەندێشەی

میلۆنەها مرۆڤدا تێپەڕی کردووە و هەر مرۆڤێك، لەلایەن خۆیەوە، ئەم بڕە عەشقە وەرگیراوەی پەرە پێداوە، هەر بۆیە لە ساتەوەختی گەڕانەوەی ئەم بڕە عەشقەدا، ئایا لەسەر زەویدا جێگایەك بۆ پێشوازی و جێکردنەوەی ئەم هەموو عەشقە چنگ دەکەوێت؟ تەنها ئەوینێکی گەورەی لەم چەشنە بووە کە توانای رەهاکردنی زەویی هەبووە و ئاسمانیش لەو دروست کراوە، پاشان هەماهەنگییەکی تەواو باڵی کێشا، سولەیمان فەرمانی بە خۆیدا کە بەهەمان شێوە، بەهۆش و حیکمەت و دانایی و عەدالەت و فەڕ و بەرەکەت و شادییەکی زۆرەوە هەموو شتێك و هەموو کەسێکی خۆش بوێت، ئاکامەکەی ئەمەبوو کە زەوی چیتر توانای لەخۆگرتنی ئەم هەموو بەرەکەت و خێر و بێرەی نەبوو، هەربۆیە چیتر گۆی زەوییەك لە ئارادا نەبوو شێوە و ماهیەتی گۆڕا بۆ ئاسمان.

هەربۆیە هیچ جێگای سەرسامی نییە کە هاوسەردەمەکانی سولەیمان پێغەمبەر، بە پادشای گەورە ناوزەدیان کرد، ئەوان ماهیەتێکی ئیلاهییان دایە پاڵ سولەیمان و لەسەر زەوی کڕنۆشیان برد تاوەکو ئەو بپەرستن بە خەیاڵی ئەوەی کە ئەو توانای دەستەبەر کردنی سەرجەم داخوازی و پێداویستییەکانی ئەوانی هەیە، ئەوان لەم رووەوە بە هەڵاداچووبوون نەیاندەزانی کە دەبێت شوێن نموونەکەی سولەیمان بکەون و چاو لە کار و کردەوەکانی ئەو بکەن، خواوەند بە سولەیمانی گوت: ((لەسەر گۆی زەوی، هیچ مەوجودێك وەك تۆ نییە)) و لەڕاستیشدا هیچ کەسێك لەسەر زەویدا هاوشێوەی ئەو نەیدەتوانی بوونی هەبێت، چونکە تەنها ئەو بوو کە چاوپۆشی لە قەڵەمڕەوی زەمینی کردبوو، ئەو لە قەڵەمڕەوی ئاسمانیدا حوکمڕانیی دەکرد، رێك بە هەمان ئەندازە کە پادشاکانی تر لە قەڵەمڕەوی زەمینی حوکمڕان بوون، ئەو میراتی مرۆیی پیشاندا، رێگایەك بۆ گەیشتن بە خودا، کە دەبووایە مرۆڤەکان شوێنی بکەون.

پادشایەکی لەم جۆرە نەیدەتوانی یەکێك لە هاوکارەکانی ((مەبەست پادشایەکی تر)) فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەربکات، چونکە لەو حاڵەتەدا بڕیاری لەسەر مەرگی خۆی دەدا و ئەم کارەی ئەو ((هەزار جار دە هەزار جار)) تەشەنەی دەسەند، ئەو بەم جۆرە، لە عەدڵ و دادپەروەریدا ژیا، نەك بە حوکمڕانی کردن بەسەر پادشاکانی دیکەدا، بەڵکو هاوڕێ لەگەڵ تێکڕای پادشاکانی ئەو سەردەمەدا، بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەکی بە کەمترین شانازی و شکۆداری و پلە و پایە و خۆ بەزل زانین و خۆنواندن هەبێت، ئەو تەنانەت بە پێویستی نەدەزانی تاجەکەی بدرەوشێتەوە چونکە هەموو مرۆڤایەتی دەیانناسی، حاکمێکی لەم چەشنەیە کە بەڕاستی حوکمڕانی دەکات، نەك بەسەر ژمارەیەکی کەمدا، بەڵکو بەسەر هەر مەوجودێکی مرۆییدا و هەر مرۆڤێك لەگەڵ ئەودا

دەژی و حوکمڕانی دەکات، ئەمەیە حکوومەتی کۆتا مەبەستی مرۆڤ و خودا، ئەمە هەمان ئەو ماڵە ناسراوەیە کە دەگۆڕێت بۆ درەخت، بە ڕەگ و ریشە بەلق و پۆپ، بە گەڵا و گوڵ و بۆنی خۆشی گوڵ و کرۆکی ڕاستەقینەی تێکڕای نەژادەکان دەژمێردرێت.

نەژادێکی هاوشێوە، پێشتر لەسەر زەویدا ژیاون، دیسان نەژادێکی دیکەی لەم چەشنە لەسەر زەویدا حوکمڕانی دەکەن، من ئەم قسەیە بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بۆ ئێوە دەکەم و تکا دەکەم نیگەران و خەمبار مەبن، ئاسمان هێشتا هەیە، بەمەرجێك هەر تاکێکی مرۆیی پشکێك لە کار و هەوڵدان لە ئەستۆ بگرێت، ئەوەدەمەی مرۆڤەکان گوێ بە بانگەوازی ئیلاهی نادەن، یاسای ئیلاهی پێشێل دەکەن، پاشان ناچارن جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ زەوی لە تێکڕای گرفت و تاقیکردنەوە و سەختییەکانی ژیانێکی دووبارە لەسەر زەوی بەهرەمەند بن.

ئەوان بەم شێوەیە لە ژیانێکی مرۆییەوە، بۆ ژیانێکی مرۆیی دیکە دەڕۆن و هەمیشە بە دەروازەی مەرگدا تێدەپەڕن تا ئەوەدەمەی سەرەنجام ئەم وانە پەند ئامێزە فێر بن و تێبگەن کە تێکڕای کۆمەڵگەی مرۆیی، لەسەر سەکۆی کەماڵی ڕۆحانی ڕەها دەگیرسێتەوە.

بۆ نەژادێك کە گەیشتبێتە ئەم ئاستە، ئیدی مەرگ بوونی نابێت، کارماش بوونی نابێت، چونکە کارما و یاسایەك کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، بەمانای سزادانی ئەو کەسانەیە کە ناتەبایی و دژایەتی و ناکۆکی و ئاژاوە لەسەر زەویدا بڵاودەکەنەوە، بە لەجیاتی دانانی ((لێبوردەیی)) لەبڕی ((سزادان)) مرۆڤ دەتوانێت هۆکاری کارما نەهێڵێت چونکە ئەمە تەنها لە ئەندێشەی ئەو مرۆڤانەدا هەیە کە سوورن لەسەر ئەوەی پیشانی بدەن و بەیانی بکەن، ڕەوشی شتە پەست و سووك و بێ کەڵکەکان لەبەرامبەر شتە باڵاکاندا، لەناودەچێت، مرۆڤی بە ئاگا دەتوانێت لەرینەوەکانی جەستەی بگەیەنێتە سەرو ئەو لەرینەوانەی کە ئامادەبوونی یاسای کارمای ڕێگە پێداوە.

مەرگ، نەدەبێتە مایەی دوورخستنەوەی مەرگ، نەمایەی سڕینەوەی ئەو یا تێکدان و لەناوبردنی ئەوە، لەڕاستیدا یاسای کارما، ئەزموونی مەرگ بۆ ژیانی مرۆڤەکان زیاد دەکات، چەند قاتی دەکات و بە وێنەی شەپۆللی گەورە و گران دەیبارێنی بەسەر هەر تاکێکی مرۆییدا، هەر هێندەی کە مرۆڤ دیسان چاو لە مەرگ و لەدایکبوون دەپۆشێت، لە مەرگ و یاسای کارما ڕزگاری دەبێت، ئەم دوو مەرجە هەردووکیان نامێنن، بەم پێیە لەبیر دەکرێن و بێگومان ئەگەر لەبیر بکرێن، کەواتە لێبوردن و لێخۆش بوون دەیانگرێتەوە، لەم قۆناغەدا، ئەگەر مرۆڤ توانای دەرککردن و درێژەدان بە ژیانی نەبێت و

بەم جۆرە توانای دەرخستن و فۆرمەلەکردنی نەبێت، لە دژی ((سەرپێچی)) و ((تاوان)) مەرگ و مردن، دیسان لە دواجاردا کارێك دەمێنێتەوە کە هەمان دۆنادۆن (تناسخ) و دووبارە لەدایك بوونە، ئەمە نورێکە کە لە رێگایەکدا بەرەو مەرگ، رێنمایی دەکات و بەکۆمەکی ئەو مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی زنجیرەیەك ئەزموونی دنیایی یەك لە دوای یەك بەسەر مردندا زاڵ بێت، ئەم ئەزموونانە رەهابوون لە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی مرۆڤ فێر دەکەن، بیروباوەڕێك کە لە دەرەوە، لەڕێی مرۆڤەکانی دیکەوە، بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە، دوای ئەم کارە، مرۆڤ دەتوانێت شانازی و شکۆداری تەواوی خودا ئاوێتەی وجودی خۆی بکات و دیسان بچێتە ناو رووناکییەك کە هەرگیز وازی لە درەوشانەوە نەهێنابوو، ئەگەر واهاتۆتە بەرچاو کە ئەم نورە، تا ئەندازەیەك لە درەوشانەوەی کەم بۆتەوە، لەبەر ئەمە بووە کە ئێمە لەماڵ و ئاستانەی خودا دوورکەوتبووینەوە، ماڵێك کە بە ((من))ی واقیعی ئێمە، کە هێشتا بەهۆی ئەفسانەوە لەکەدار نەبووە، پەیوەستە. لەم رێگەیەدا کە ئێمە لەم ماڵە نزیك دەکاتەوە، نور، بە هەر هەنگاوێکی ئێمە بۆ پێشەوە، درەوشانەوەیەکی زیاتر پەیدا دەکات، بە چوونە ناو ماڵی ناوبراو، ئێمە دەتوانین فەزای ناو ماڵەکە کە بە گەرمی و جوانی رووناك بۆتەوە ببینین، لەوێ رووبەڕووی ئارامی و ئاشتی و پشوودان دەبینەوە و لەوێ دەتوانین بەگوێرەی ئارەزووی خۆمان ئاهەنگ بگێڕین و چێژ وەربگرین، ئێمە تەنانەت دەمانتوانی لەم ماڵە هەرگیز نەیەینە دەرەوە و گیرۆدەی بەندی ئەفسانەکان نەبین، لە کۆتایی رێگاکەدا، هەموو شتێك لەبیر کراوە، هەموو شتێك لیخۆش بوون و لێبوردەیی دەیگرێتەوە و بەم کارانە دەمانتوانی بەر لە ئەزەل، سەرەتای هەر کارێك ئەنجام بدەین، هەوڵبدەن بۆ دەرك کردنی چەمکی دەربازبوونی یەکجارەکی لەلایەن خوداوە، بەهێوری و لەسەرخۆ چاوەڕێی لێدانی زەنگ بن، هەوڵبدەن لەڕووی فیزیکییەوە تەواو هێور و بێ کەڵکەڵە بن و بتوانن رزگاربوونی یەکجارەکی لە دەروونی بەرزی خۆتان یا هەمان رۆحی خوداییدا بدۆزنەوە، هەر بەم شێوە بوو کە من یاسای ئیبراهیمم دەرککرد و بە ئەوانی دیکەم ناساند وێڕای ئەمەی کە ئەم یاسایە زۆر کۆنە، بە هەمان ئەندازەی رابردوو کاریگەر و بە کەڵکە، خۆدەرخستن و دەرکەوتنی شتەکانی، شێوەیەك لەخۆدەگرن کە سەرەتا لە زەیندا بیری لێکراوەتەوە، بە هەمان شێوە لە گوفتار یا کردار و هتد... بەگوێرەی باوەڕی ئێوە، سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێت، ئەگەر ئەندێشە یا فیکرێك باش نەبێت، بیگۆڕن زۆر شت ناوبنێن، نەك بەو جۆرەی کە خۆیان بە هەستەکان دەناسێنن،

بەڵکو بەو جۆرەی کە لە زەین و ئەندێشەی ئێوەدا بوونیان هەیە، وەرگێڕەکانی تێکستە سەرەکییەکان، زۆر شتی هەڵە و نادروست، زۆرێك ئەندێشە پیشگۆیی هەڵە و درۆینەیان ئاخنیوەتە ناو کتێبی ئینجیلەکەتانەوە، هەندێك لەم هەڵە و مانا و دوالیزمانە، لە جۆری دەرك نەکردنی هێما و سومبولی دەقە ئەسڵییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت لەم جۆرە شوێنانەدا، شایستەی لێبووردنن چونکە ئەو وەرگێڕانە، کارێکی ویژدانییان کردووە و هێندەی لە توانایاندا بووە، دەقەکانیان لەگەڵ ئاکامە بەدەست هاتووەکاندا شرۆڤە و راڤە کردووە، بەڵام بارودۆخ هەمیشە بەم جۆرە نەبووە و زۆربەی ئەم وەرگێڕانانە، درۆگەلێکی شاخدارن کە بە ئەنقەست نووسراون تاوەکو خوێنەرە بە پەرۆشەکان گومڕا بکەن و لە کتێبی تەورات و نەتەوەی بەنی ئیسرائیل جیا و لێکدابڕاو پیشان بدەن.

ناوی یەکەمی ئەم نەتەوە ((ئیس- رائیل)) بووە! بە مانای نەژادی کریستاڵ یا نەژادی پاکی سپی پێست، یەکەمین نەژادی مرۆیی کە لەسەر زەوی نیشتەجێ بوون، نەژادێکی بەرایی کە سەرجەم نەژادەکانی دیکە لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەم نەتەوە یا نەژادە، ناوێکی دیکەشیان بەخشیووە کە بەم جۆرە بوو: نەژادی نوری پاك.

لەڕاستیدا وشەی ((نەژاد)) زۆربەی جار بە مانای ((تیشك)) بووە، لەڕاستیدا لەم وشەیە بوو کە وشەی نەژادی ئارییایی سەرچاوەی گرت[(١)] بەشی هەرە گەورەی نووسراوە هەڵەکانی ئینجیل، لە سەدەی یەکەم و دووەمی دوای لەدایك بوونی مەسیح، ئەنجام درا، لەناوبردنی ستوونی ئەم تیکستانە دژی کتێبەکانی ((دانیال)) ((ئیسدراس))[(٢)] و ((نەهیمی))[(٣)] ئەنجام درا. ئەم ناساندنە هەڵەیە تا ئاستی یەکەمین نووسینەکانی جۆرزێف و زۆرێك لە کتێبەکانی دیکەش پەلی هاویشت، ئەمڕۆ یەکلایی بۆتەوە کە ئەم کارانە، بە ئەنقەست و بۆ تەم و مژاوی کردنی رووداوەکانی سەردەمەکانی پێشوو و زانیارییە تەواو ناسراوەکانی ئەو سەردەمە، ئەنجام درا.

ئامانجێکی دیکەی ئەم کارانە و ئەم دیکۆمێنتە ساختانە، تێکدانی مێژووی ئایینی سیستەمی قۆناغ بەندی وردی رووداوەکانی مێژوو بوو کە گەلی بەنی ئیسرائیل لەمەڕ

(١) تیشك بە زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی ((Ray, Rayon))ە وشەی ئارییایی لە زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزیدا ((Aryen))ە کە ئەگەر پیتەکانی پاش و پێش بخەیت هەمان وشەی Rayon بەدەست دێت. و.ف.

(2) Lisdras.

(3) Nehe mie.

ساتەوەختی ڕووداوە حەقیقییەکان نووسییان و پاشان دەقە درۆینەکانیان خستە شوێنی دەقە ئەسڵییەکان، ئەوان چەندین بەشی دوور و درێژ و لە ژمارە نەهاتوویان لەناوبرد یاخود شێوە و ماهیەتێکی دیکەیان پێبەخشین، ئەو بەشانەی کە هەڵگری ڕووداوەکانی مێژووی سەردەمی کۆن بوو.

نەژادی ئاریایی لە سیستەمێکی قۆناغ بەندی هاوشێوە کەڵکی وەردەگرت ئێمە ئەم سیستەمەمان بەوپەڕی وردەکارییەکانییەوە پاراستووە و ڕێگەمان نەداوە ڕووداوە درۆینەکان لەکەداری بکەن، ئەم کارە دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات بە ئاسانی گوفتارە درۆینە تۆمارکراوەکان لە گوفتارە ڕاست و دروستەکان جیابکەینەوە، بەم پێیە ئێمە ئەم ڕۆژانە خاوەنی زنجیرەیەك ڕووداوی تۆمارکراوو پۆلێنکراوی مێژووییین کە لە جۆری خۆیدا کامڵ و واقیعییە، ئێمە ئەمڕۆ دەزانین کە سەرگوزەشتەی سولەیمان و هاوسەرەکانی، هەروەها سەرگوزەشتەی زۆرێك لە سەران و ڕێبەرانی سیاسی یا ئایینی و ڕێنمایی کارە بەناوبانگەکانی مێژوو و هەروەها راوێژکارانی دە خێڵەکەی بەنی ئیسرائیل، گیرۆدەی گۆڕانکاری نادروست بوون.

دوای جیابوونەوەی دە خێڵەکەی بەنی ئیسرائیل، قەڵەمڕەوی سەرەکی بەناوی ((قەڵەمڕەوی حکوومی)) یا ((خانەی بەنی ئیسرائیل)) ناوبانگی دەرکرد یەکێکی تر لە لقەکانی ئەم خێڵە، ناوی خێڵی یەهوزای لەخۆنا، ئەو خێڵە لە ئیسرائیلەوە دەهات بەڵام ئەندامەکانی بە هیچ شێوەیەك ئیسرائیلی نەبوون، ئەمە نەك تەنها بە هەڵەیەکی دیار و گشتی دەژمێردرێت، بەڵکو گومڕاکردنی خەڵکە ئەگەر بڵێین حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب، کەسانێکی یەهودی بوون، نەخێر! وشەی یەهودی هەرگیز بۆ سەرانی دە خێڵەکەی ئیسرائیل یا دوانزە خێڵەکەی بەنی ئیسرائیل بەکارنەهێنرا.

تایفەکانی بەنی ئیسرائیل، هەرگیز یەهودی نەبوون، یەهودییەکان لە لایەکی دیکەوە، خێڵێکیان پێکهێنا کە لە نەتەوەی بەنی ئیسرائیل سەرچاوەی گرتبوو، ئەودەمەی کە خێڵی یەهود، فەلەستینیان بەجێهێشت بۆ ئەوەی دیل بکرێن، ئەندامەکانیان بە یەهودی ناوزەد کرد.

یەهودییەکانی ئەمڕۆ، پاشماوەکانی خێڵی یەهودن کە دوای ڕزگاربوونیان لە دیلێتی، گەڕانەوە بۆ فەلەستین، زۆرێك لەوانە، لەگەڵ تایفە و نەتەوەکانی دیکەدا هاوسەرگیری و ژن و ژنخوازییان کردووەو ئیدی نیشانەیەکی ڕەسەنایەتی لە گۆڕێدا نەبوو، لەڕاستیدا خەڵکێك کە

ئەمڕۆ ناوی یەهودییان هەڵگرتووە، تەنانەت سێ یەکی خوێنەکەشیان لە خێڵی ڕەسەنی یەهودەوە نایەت.

لەهەر شوێنێك یەهودییەکان لەگەڵ ئیسرائیلی و ئارياییەکاندا، هاوسەرگیرییان کردووە، کارەکەیان بەرەکەت و گەشەی تێکەوتووە، لەڕاستیدا یەهودییەکان دەبێت سوپاسی ئەم نەژادە جۆراوجۆرانە بکەن چونکە دەسەڵاتی خۆیان لەوانەوە بەدەست هێناوە، بە گوزەری زەمان، ئەم یەهودییانە دەبینن کە ناچارن بۆ داواکردنی کۆمەك و پشتگیری، دیسان ئاوڕ لە نەژادی ئارياییی و نەتەوەی بەنی ئیسرائیل بدەنەوە، هەڵوەشاندنەوەی خێڵی یەهود، کە چوونە پاڵ ئیسرائیلییەکان بۆ ئەوەی کۆچ بکەن بۆ کیشوەری ئەوروپا، بەشێك نییە لە نەژادی ئێستای یەهود، ئەم کەسانە بە هیچ جۆرێك ناتوانن خۆیان لە تێکڕای ئیسرائیلییەکان جیا بکەنەوە (بەتایبەت ئەو کەسانەی لە خاکی ئینگلیز و کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست جێگیر و نیشتەجێ بوون)) لەڕاستیدا ئەم کەسانە، سەرلەبەری ئەدگار و خەسڵەتەکانی خێڵەکەی خۆیان بەهۆی هاوسەرگیری کردنیان لەگەڵ نەژادەکانی دیکەدا لە دەست داوە. من خۆم سەر بەو نەژادەم، هەر بۆیە بەوپەڕی ئاگاییەوە قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەم، یەهودییەکان لەنێو ئێمەدا دەژین، ئێمە دەتوانین هەنگاو بە هەنگاو بەدواداچوونی مێژووی ئەوان بکەین بەدرێژایی چەندین سەدە، واتە لەسەردەمی پێکهێنانی خێڵی یەهود تا ئەمڕۆ.

دۆزینەوە و بەدواداچوونی کۆچکردنی ئیسرائیلییەکان لە بەیت المقدس کارێکی دژوار نییە، ڕێڕەوی ئەو کۆمەڵە کەسەی کە لە بەریتانیا جێگیربوون کارێکی ئاسانە، بە هەمان شێوەش بۆ خێڵی ((دان)) ناوەکەیان، مێژووەکەیان و ئەو شوێنانەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون، ئەم کارەی سانا و ئاسان کردووە، ڕووباری دانووب کە ئەمڕۆ بە ڕووبارێکی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت، ناوەکەی لەم خێڵەوە وەرگرتووە، پیاوانی خێڵی دان بۆ چەند خێلێکی بچووك دابەش بوون ژمارەیەکیان لە دەشتی دانووبەوە هەڵکشان بەرەو ژوور تا دواجار لەژێر ناوی دانیمارکییەکاندا گەیشتنە ئینگلیز، هەندێکی تر لە وڵاتانی دیکە نیشتەجێبوون، بەتایبەت لە ئەسکەندەناڤیا، ئیرلەندا، سکۆتلەندا، ئەوان لەم وڵاتانەوە، بەروە بەریتانیا و تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چوون.

ئەمەریکا، بە وڵاتی کۆرپەی سەرەکی ((ئیس- رائیلی))یەکان دەژمێردرێت، لەم خاکەدا، کە ئەوان بەڕاستی پێیەوە پەیوەستن، چەند ڕووداو و پێشهاتێك ڕوویداوە بۆتە مایەی ئەوەی

ئەوان بەخێرایی تایبەتمەندییەکانی خێڵەکەیان لەدەست بدەن و تەنانەت زمانیشیان بگۆڕن و بە زمانی ((بێگانە)) بدوێن، هەر ئەو زمانەی کە ئەوان لە دەمی کۆچکرنەکەیاندا قسەیان پێدەکرد، ئەوان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، دوور لە مەملەکەتی رەسەنی خۆیان ئاوارە و سەرگەردان بوون، بەڵام هەنوکە جارێکی تر بۆ سەرزەوی رەسەنی خۆیان کە لە ئەمەریکای باشوورەوە دەست پێدەکات و تا ئوسترالیا و نیوزیلەندا و دورگەکانی دەریاکانی باشوور شۆڕدەبێتەوە گەڕاونەتەوە و تەنانەت تاوەکو چین و یابانیش پێشڕەوییان کردووە.

یابانی و چینییەکان تا ئەندازەیەك تەمەڵ بوون و زۆر خۆیان نەجولاّن ئەوان لە نەژادێکی گرنگەوە دێن کە لە سەرزەمینی کۆرپەی ((مو)) سەرچاوەی گرتووە. ئەڵبەتە ماوەیەکی زۆر بەر لەو پشێویانەی کە بوونە مایەی لەناوچوونی ئەم کێشوەرە گرنگە، ناوی ئەوان ((گویی گۆڕ)) بووە، یا خێڵە سەرگەردانەکان، ئەوان باوباپیرانی نەژادە گرنگەکانی مەغۆڵن.

هەر لەم خاکەدا نەتەوەکانی ((مو)) هەبوو کە نەژادی سپی پێست، گەیشتنە بەرزترین ئاستی شارستانێتی، ئەوان لە وزەی تیشکدەرەوە و دروشاوە کەڵکیان وەردەگرت، ئەوان هەروەها دەیانزانی بە چ شێوەیەك وزەی ئەتۆمی رەها بکەن و بۆ مەبەست و ئامانجی بەسوود کەڵکی لێوەربگرن، خەڵکی ئەم نەژادە سوودیان لە شێوازی ((فڕین لە هەوادا)) وەردەگرت و بەم جۆرە، بۆ هەر جێگایەك کە دەیانویست، دەڕۆیشتن، فەلسەفەی ئەوان لە چند شێوەیەکی پەرستشی ناشارستانی تەواو جیا و جیاواز بووە هیچ پەیوەندییەکی بە بیروباوەڕ و خورافاتە گشتییەکانەوە نەبوو، ئەوان ((ئەسڵی)) واقیعی و پوختیان دەپەرست کە لەرێی مرۆڤایەتییەوە دەردەکەوێت، لەڕاستیدا ئەوان مرۆڤی ئیلاهییان بە ئەندازەی خودا خۆی دەپەرست. ئیسرائیل-ئاریا بە نیشانەی قەڵەمڕەوی تاقانەیە و بە مانای ژیارێکی ئەقلانییە، ئینجیل لەم نەژادەوە دێت و لەرێنماییە باڵاکانی خۆی بۆ پیاوانی ئەم نەژادە دەدوێت، ئامانجی خوازراوی ئەوان ((رۆحی خودا لە مرۆڤ))دا بووە. کە سومبولەکەی سەری شمشێرێکی پاشایەتی و مەشخەڵێکی جوان بوو کە رووناکییەك لە مەشخەڵێکی هەمیشە هەڵکراو دەوروبەرەکەی رووناك دەکردەوە، بۆ بە رووناك هێشتنەوەی هەمیشەیی ئەم مەشخەڵە و هەرچی زۆتر درەوشانەوەی، ئەم رێنماییانە، نەك تەنها لە کتێبی ئینجیل، بەڵکو لە دوانزە کتێبدا نووسرایەوە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان هیچ کاتێك ئەم پەیامانە لەیاد نەکەن، خەڵك بۆ دوورکەوتنەوە لە تێکدان و لەناوچوونی ئەم کتێبانە، دوانزە ئینجیلیان لەسەر بەرد نووسییەوە و لە ناوچە جیاجیاکانی دنیا یا لەسەر زەمینی کۆرپە دانا، پاشان بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەوانە لە شوێنێکدا، و بە

هەمیشەیی کردنی پەیام و ڕێنماییەکانی ئەوان، ئەم کەسانە هەرەمی گەورەی میسریان بنیات نا، هەرەمی میسر سەلماندی کە ڕۆحی خودایی، کە بنچینە و پایەی هەر شارستانێتییەکە، تەواو و شێوەیەکی دیاریکراو تۆکمە لەسەر زەوی، لەنێو خەڵکدا جێگیربووە و هەرگیز نە لەناو دەچێت نە فۆڕمێکی دیکە وەردەگرێت، هەرەمی میسر، دەبێت بۆ هەتا هەتایە وەك خۆی بمێنێتەوە، وەك بلاجیکتۆرێك کە نوری هەقیقەتی بە تەواوی ڕووناك و لە لوتکەیەکی بەرزدا پاراستووە، لەڕاستیدا ئەم هەرەمە فەرمانێکی هەمیشە دووبارە سەرلەنوێ بەگوێی خەڵکدا دەچپێنێت: ((ئەگەر مرۆڤەکان نوریان ون کردووە، باشتر وایە ئاوڕ لە ناخی خۆیان بدەنەوە)) ئێوە لە هەرەمی میسر، گشت پەیام و فێرکاری پێویست کە دەبنە مایەی دووبارە ڕووناکبوونەوەی ئەم نورە چنگ دەکەوێت، نورێك کە دەتوانێ تەنانەت لە وجودی ناوەکی خۆتانەوە بدرەوشێتەوە.

ئەو کەسەی نوری نییە ((لە ئاکامدا بەبێ ژیان و زیندەگییە)) بە مەڕی تەرە و دوورکەوتوو لە ڕانەمەڕ دەژمێردرێت، ڕان هەمیشە حزوری هەیە، مرۆڤ دەتوانێت ببینێت و پەیوەندی پێوە بکات، ڕۆحی خودا، یا هەمان شوانی گەلەڕان، ڕۆشنایی مەشخەڵەکەی بەرز رادەگرێت و چاوەڕوان دەبێت تا بزانێت چ کەسێك دەچێتە پاڵ ئەو و ڕانەکەی، لەگەڵ ئەمەدا کە ئەم ڕۆشناییە، بەدرێژایی سەردەمەکان، تا ئەندازەیەك کەوتبووە پشت پەردەوە، بەڵام هێشتا بۆ کەسانێك کە ئارەزووی گەڕان و پشکنینیان هەیە بیدۆزنەوە، شیاوی دیتنە، ئەم ڕۆشناییە، یەکەمین شێوازی دەرکەوتن و بەیانکردنی جیهانی هەستییە.

دەنگ و کەلامی خواوەند بەگوێ دەکەوێت ((ئەمەش نور! ببە!)) لەم ساتەدا، چەند لەرینەوە بە پڕ تاو بۆ پێش دێن و لەگەڵ خۆیاندا، ژیان و بوون دەهێنن، ژیان و بوون هەرگیز لە خواوەند دوورناکەونەوە، هەرەمی گەورەی میسر کە بە پایە تۆکمە و بەهێزەکانیەوە لەسەر زەوییەکی ڕەق دامەزراوە، بە باڵا بەرزییەکەی خۆی کە بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە، ئەم حەقیقەتە رادەگەیەنێت.

تاکە بەردێك کە وەك تاج لە شوێنێکی تایبەتدا قەرار دەگرێت کاتێك ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤ، میراتی ڕاستەقینەی خۆی کە هەمان ڕۆحی خودایییە، قبووڵ بکات، کاتێك تێبگات و قایل بێت کە ڕۆحی خودایی، هەمان دەروونی بەرزی ئەوە و خاوەنی هەموو هێزەکانی سەر زەوی دەبێت، ئەو دەمە هەرەمی گەورە، وەك گەواهیدەرێکی ئەزەلی، باڵای خۆی هەڵبڕیوە و رایدەگەیەنێت کە مرۆڤ چیتر دەربەدەر و سەرگەردان نابێت و لەڕێگەی راست لانادات.

هەرەمی گەورەی میسر، لەراستیدا جۆرێك کتێبی پیرۆزی بەردینە، دیکۆمێنتێکە نووسراو و لەناونەچوو کە گوزارشت لە سەرکەوتن و کێشە و گرفتەکانی نەتەوە هەڵبژێردراوەکانی خودا دەکات، نەك دەربارەی یەك نەتەوە و یەك نەژاد، بەڵکو دەربارەی سەرجەم نەتەوە و نەژادەکانی مرۆڤایەتی کە ئامادەن نوری ئیلاهی لە وجودی خۆیاندا وەربگرن، ئەم هەرەمە، رێگە بە مرۆڤەکان نادات بەشێوەیەکی سووك و رسوا، رەفتار بکەن، تەنها کاتێك مومکینە رووداوێکی لەم چەشنە سەرهەڵبدات کە مرۆڤایەتی جارێکی تر سەرگەردان بێت، ئەم رۆشناییە پاك و حەقیقییە بە دەستی فەرامۆشی و تاریکی بسپێرێت.

بەدرێژایی سەردەمەکان، ژیاری مرۆڤایەتی بۆ دواوە پاشەکشەی کردووە، لەڕاستیدا نەژادی گەورەی مرۆیی، بە ئەندازەیەك بۆ ماوە دوور و درێژەکان لە رێچکە تاریکەکاندا هەنگاوی هەڵگرتووە وەك بەرەو بەربەرییەت گەڕاوەتەوە، هەمووان ئەوە قبووڵ دەکەن کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی سەر زەوی پابەندی و وەفاداری خۆیان بە ئایدیا و بۆچوونە پاك و رەسەنەکانەوە پاراست، کە هی مرۆڤایەتین، پێویست بوو کە ئەم گرووپە بچووکە، لەوانی تر جیادەبوویەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانییەکی زیاتر لە دەوری یەك کۆببنەوە، پێکەوە بیر بکەنەوە و رامێنن و رووناکییەك هەڵبکەن کە بتوانێت کۆی گشتی مرۆڤایەتی بپارێزێت و بە یەکجاری رزگاریان بکات. هەر لەڕێی ئەم گرووپەوە بوو کە بیروباوەڕێکی نوێ پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرا، ئەویش ئەمەیە کە جیهان پێویستی بە رزگارکەرێکی گەورە و پایەبەرز هەبوو کە بە توانا و دەسەڵات بێت و حەز بکات بۆ پێشەوە هەنگاو هەڵبگرێت و بە یارمەتی بیر و کردار و گوفتار، پیشانی مرۆڤەکانی بدات کە لە ناخی هەر مرۆڤێکدا هێشتا رۆحی خودایی بوونی هەیە، هەرچەند ئێستا ناکارایە، بەڵام بە هەوڵ و تەقەلای مرۆڤەکان، دیسان دەبوژێتەوە.

مرۆڤەکان بەهۆی جەهل و نەزانی و هەروەها بەرهەڵستی کردنیان بۆ هەبوونی ژیانێکی پاك و رەسەن، رێگربوون لەبەردەم درەوشانەوەی نوری ئیلاهی، هەر بۆیە، ژمارەیەك نێردراوە پێشگۆکان، ژمارەیەك پەیام هێنەرەکان، بە یارمەتی کردار و گوفتارەکانیان بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نێردران تاوەکو حەقیقەتەکان بگێڕنەوە، هەموو ئەم کەسانە، هەموویان یەك پەیامیان راگەیاند، ئەمەی کە خواوەندی جیهان، رزگارکەرێکی گەورە بۆ رزگاری مرۆڤایەتی دەنێرێت، ئەم فریادڕەسە جارێکی تر لەنێوان خەڵکدا، بەگوێرەی تێڕوانین و بیروباوەڕ و پێودانگە مرۆییەکان لەسەر زەویدا ژیان بەسەر دەبات و لە قۆناغێکی دیاریکراودا کە بە چەندین شێوە پێشگۆیی هاتنی راگەیەنراوە، دەردەکەوێت، ئەم ((جارچی))یە ئاسمانیانە،

تێبینییان کردووە کە بۆ سەرنج ڕاکیشانی مرۆڤەکان بەلای هاتن و دەرکەوتنی ئەم ڕزگارکەرە، پێویستە کە بەرواری هاتنەکەی، رابگەیەنرێت و خەڵك لەبارەی شێوازێك کە ئەو کەڵکی لێوەردەگرێت تاوەکو دەربکەوێت فێر بکەن و باس لە ئامانجی بنەڕەتی ئەم ڕزگارکەرە بکەن، چونکە مرۆڤایەتی بە جۆرێکی وا نوقمی خودا ناواقیعییەکان و بتە بەردینەکان بووبوو کە لەبەر هەڕەشەی مەرگێکی رۆحانی و مەعنەوی زۆر نزیك قەراری گرتووە و بەتەواوی لەڕێگای راست لای دابوو، ئەم پەیام هێنەرانە رایانگەیاند کە مرۆڤایەتی دەبێت لە جۆرێك ژیانی موقەدەس پەیڕەوی بکات تاوەکو هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرگەردانی و گومڕایی و جەهالەتی پێشوو، گوتیان پێویستە ئیرادە و ئاشتی و نیازی چاکە لەسەر زەویدا زاڵ بێت، ئەوان گوتیان کە هەر لە ئەزەلەوە، بەر لە دەسپێکردنی بوون، ئەم دۆخە هەبووە و هێشتاش هەیە و تەنها بە هاتنی ئەو رزگارکەرەیە کە میراتی راستەقینەی مرۆڤەکان، لای ئەوان ئاشکرا دەبێت.

بەم پێیە گردبوونەوەکەی ئەمڕۆی ئێمە، تەنها لەپێناو زاخاودان بە ئامانجی خوازراوی ئەم ئاواتە گەورەی مرۆڤایەتییە بۆ دیداری ئەو رزگارکەرەیە. مرۆڤ دەتوانێت کاریگەری کپ و بێدەنگی درەوشاوە لە هەزاران هەزار رۆحی خاکەڕا و موتەوازیع کە لەم شوێنەدا کۆبوونەتەوە، دەرك و هەست پێبکات، مرۆڤ لە توانای دایە بە ئاسانی ئەم کاریگەرییە بەهێزانە بژمێرێت و بەسە کە بزانن تەنها یەك پیاو، بەمیراتی ئیلاهییەوە دەردەکەوێت و ئەم ئلوهیەتە لە ئاستێکی وا بەرزی سەرکەوتن و شکۆمەندیدا نمایان دەکات کە جیهانی بوون چیتر هەرگیز رووبەڕووی مەرگ و نەبوون نابێتەوە، ئەگەر بمانەوێت کاریگەرییەکی لاوەکی یەکسانی بۆ زیاد بکەین، دەبێت بڵێین کە کۆی ئەم دوو کاریگەرییە، چوار هێندەی کاریگەرییە، چوار هێندەی کاریگەری یەکبوونە لەگەڵ خودا، بە دەرهێنانی رەگی ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کە لێرەدا گردبوونەتەوە، ئێوە دەتوانن بە ئاسانی لەو هێزەی کە لەم کۆمەڵە ئامادەیە لەسەرتاسەری جیهانی هەستیدا پەخش و پەرەدەسێنێت، ئاگاداربن.

بە هەبوونی سەنتەرێك لەم چەشنەی هێز لە ترۆپکی تیشکدانەوەدا، جیهانی هەستی جارێکی تر لەدایك دەبێتەوە، ژیان گوڕ و تینێکی تازەی وەبەردەکەوێت و دەم و دەست نوێ دەبێتەوە، ئێستا ئایا یەکە مرۆییەکان دەرك بەم مەسەلەیە دەکەن یا نا مەسەلەیەکی دیکەیە، کۆبوونەوەیەکی هاوشێوە هەر دوانزە ساڵ جارێك، لە ناوچەکانی دیکەی جیهانی هەستیدا بە هەمان شێوە سازدەکرێت، ناوچەگەلێکی پێش وەخت دیاریکراو و تایبەت کە لە گۆشە و

کەنارەکانی سەر زەویدا هەن، ئەم رەوشە ماوەیەکی یەکجار زۆرە درێژەی هەیە، لە سەردەمە زۆر زۆر دوورەکانی رابردووەوە باوبووە، تەنانەت بەرلەوەی نیبتۆن، کارە ئیلاهییەکەی وەلانابێت، ئەڵبەتە ژمارەی بەشداربووان زۆر لە ئێستا کەمتر بوو، بەڵام تیشکدانەوە و بریسکانەوەی ئەم گرووپە، خەڵکێکی زۆری بۆ لای پەلکێش کردووە، تەنانەت بەبێ ئەوەی قسەیەك بەیان کرابێت.

یەکەمین گرووپی گچکە وردە وردە گەورە بوو، گۆڕا بۆ کۆمەڵێکی گەورە، پاشان یەکێك لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە خۆی لە گرووپی یەکەم جیاکردەوە بۆ ئەوەی گرووپێکی تر پێکبهێنێت و بە هەمان شێوە درێژەی کێشا تا ئەو دەمەی دوانزە گرووپی نوێ پێکهێنران، ئەم گرووپەی ئێستا، بە دوانزەهەمین گرووپ و نوێترین گرووپ دەژمێردرێت، ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەمە سازکراوە کە یەکێتی دوانزە گرووپەکە لەگەڵ گرووپە سەرەکییەکەدا تۆکمە بکات، ئەمە دەبێتە مایەی پێکهێنانی گرووپیکی گەورە و هەروەها دەبێتە مایەی ئەوەی کۆمەڵێك گرووپی گچکەی نوێ پێکبهێنرێن بۆ ئاسانکاری کردن لە پێناو هاتنە ناوەوەی بەشداربووان بۆ شوێنەکانی سازدانی ئەم کۆبوونەوانە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان و ئامادەگی ئەوان لەم رێورەسمە پڕ بایەخەدا، لە هیچ کارێك درێغیان نەکردبێت.

ئەڵبەتە دەخوازم هەوڵ نەدەن ئەم کۆبوونەوانە بە هەوڵێك لە پێناو رێکخستنێکی ورد و تایبەت لەبەرچاو بگرن چونکە شوێنەکانی ئەم کۆبوونەوانە، هەرگیز لە کۆبوونەوەی گشتیدا رانەگەیەنراون و ماهیەتێکی نهێنی و مەحرەمانەیان هەیە، ئەم گرووپانە هەرگیز پابەندنین بە زنجیرەیەك یاسای سەخت و نەگۆڕەوە، ئەم کۆبوونەوانە بە جۆرێکە کاتێك کەسێك، حەز بەم گرووپانە دەکات و سەرنجی رادەکێشن، دەتوانێت بەشدارییان تێیدا بکات، گرووپێك کە سبەینێ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لێرەدا کۆدەبنەوە، مایەی تۆکمە بوونی تێکڕای ئەو گرووپانەیە کە لەژێر فەرمانی گرووپی یەکەم و سەرەکیدان، ئەم دوانزە گرووپە، هەرەمێك پێکدەهێنن کە هێمای کەماڵی خوازراوە لە هەر مرۆڤێکدا و گرووپی سیانزەهەم بە هەمان تاج یا کۆتا بەردی پێویست بۆ دانانی لەسەر دوندی ئەم هەرەمە دەدرێتە قەڵەم، ئەم سیانزە گرووپە بەشێوەیەکی جیا کۆدەبنەوە و لە هەمان شوێنەکانی پێشوودا ئامادە دەبن.

لەگەڵ ئەمەشدا، کۆبوونەوەی هەر کام لەم گروپانە، لەگەڵ کۆبوونەوەی دوانزە گرووپەکەی تردا هیچ جیاوازییەکی نابێت.

جگە لە مەبەستی تۆکمەکردن و یەکخستنی ئەم سیانزە گرووپە لە یەك گرووپدا، دوانزە ئەندام لە هەر کام لە دوانزە گرووپەکە جیادەبنەوە و هەر یەکەیان گرووپێکی نوێ پێکدەهێنێت، بەم پێیە سەد و چل و چوار گرووپی نوێ پێکدەهێنرێت، کاتێك کۆمەڵەکەی ئەوان بەهۆی کەسانی نوێوە پڕ بوو، ژمارەی ئەم گرووپانە، جارێکیتر لەگەڵ دوانزەدا لێك دەدرێت و دەبێتە مایەی هاتنەکایەی هەرەمێك بەرمەبنای ژمارەی دوانزە کە هێندە گەورە دەبێت تێکڕای جیهان لەخۆ بگرێت.

تەنها مەرجی پێویست بۆ بەشداری کردن لەم گرووپانەدا دووکارە: یەکەم ئەمەیە کەسی ئارەزوومەند، کەماڵی خوازراوی ئیلاهی بۆ خۆی دەستنیشان بکات و دووەم ئەمەیە ئەو کەماڵە بەهۆی گوفتار یان بۆچوون یا کردەوەی جۆراوجۆرەوە بە خەڵکی جیهان بناسێنێت، بەم پێیە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵەی گشتی گرووپە گەورەکە، پەیوەندی بەرقەرار بکات، کاتێك لەگەڵ خودا رووبەڕوو دەبنەوە، ئەندامانی ئەم گرووپانە، بەدڵنیاییەوە لەگەڵ ئێوەدا لە مەنزڵگەی خۆتان، کۆدەبنەوە، واتە لە هەرەمی دیاریکراوی خۆتان بە یەك دەگەن، تەنانەت ئەگەر ئێوە لە شوێنێکی زۆر دووردەستی ئەم جیهانەدا بن، بۆ نموونە لە لوتکەی شاخێکی بەرز یاخود لە گەرمەی کار و چالاکی لە بازاری بازرگانی دنیادا. فاکتەرێکی بنەڕەتی! یەکبوونە لەگەڵ خودا، هەر هێندەی ئایدیا و ئەندێشەتان عروج پێبکەن و بە ئاڕاستەی رۆحی خودایی دەکەونەڕێ، لاشەی ئێوە وەڵامی لەرینەوەی خودایی دەداتەوە و ئێوە دەتوانن وەڵامی کاریگەرییەکانی لەرینەوەی درەوشاوە لەم ئاپۆڕا گەورە بدەنەوە، ئامانج و کەماڵی خوازراوی ئێوە دیسان بەهۆی وزەی لێکدراو لەگەڵ ژمارەی نەزانراوی بەشدار بووەکان وەردەگیرێت، پاشان بە جیهانییەکان رادەگەیەنرێت، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی کاریگەرییەکانی ئێمە لەگەڵ کاریگەری کۆی گشتی ئەم گرووپانەدا، وەك لافاوێکی خرۆشاو لە بیر و ئەندێشەی پوخت، بەرەو هەرلایەك پەل بکوتێت، بەم پێیە، فێرکاری و پەیامەکانی ئێمە، لەبڕی ئەوەی وەك رابردوو بە نهێنی و مەحرەمانە بمێننەوە، لەسەرتاسەری جیهاندا رادەگەیەنرێن.

گرووپێکی لەم جۆرە، پێویستی بە سەرۆك یا فەرماندە نییە و تەنها دەبێت بەخودای جیهان، خودایەك کە نەژادی مرۆیی خەڵق کردووە پشت ببەستێت، هیچ پێویست بە گرووپبەندی، هیچ پێویست بە بیروباوەڕ و رێوڕەسمی تایبەت نییە، بەڕاگەیاندنی ئەمەی کە رۆحی خوداییتان لە خۆتاندا هەیە و بە فەرمان کردن بە ((خودێتی)) باڵای خۆتان کە لە ئەندێشە و گوفتار و کردار و بۆچوون، بە دڵسۆزی ژیان بەسەر ببات، بەگوێرەی ئەم ئەندێشە

نموونەییە بێت، دەتوانن درێژە بەکاری خۆتان بدەن، دوای بەرقەرارکردنی ئەم لەرینەوانە، دەتوانن دڵنیابن کە ئەم لەرینەوانە هەرگیز کەم ناکەن تەنانەت ئەگەر مرۆڤ لە بوونیشیان بێئاگا بێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بەردەوام بێت و ئاگایی هەبێت لە بارەیەوە، نیشانەی بەرزترین ئەزموونێکە کە مرۆڤ دەتوانێت بەدەستی بێنێت، مەنزڵگایەك بەم جۆرە جێگیر بێت، واقیعی و لەناو نەچووە، هەریەکەیەکی مرۆیی دەبێت لە ئاکامدا پەیوەندی بکات پێیەوە، کۆمەڵەی گشتی ئاسۆی بێ سنووری جیهانی هەستی، دواجار بۆ ئەم مرۆڤە روون و ئاشکرا دەبێت، بەبێ ئەوە کە بچووکترین سنووربەندی فەردی لە ئارادا بێت.

گۆشە نیگایەك کە بەهۆی ئیلهامی مرۆییەوە سەپێنرابێت، دەتوانێت لە دەرەوەی ئەم لەرینەوانە بوونی هەبێت، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت دیسان ئەوەش ئاوێتەی ئەم پێکهاتەیە بکات.

شیمانەی ئەوە هەیە کە هیچ کەسێك لە تیشکی لەرینەوەکەی ئێمەدا حزوری نەبێت، بەڵام ئەوانە هەموویان لە دەوروبەردان و ئێمە ئەوان دەناسین، ئێوەیەك کە بەپێی پیادە یا سواری ئەسپ، ئەم هەموو رێگایەتان بڕیووە تا بگەنە ئێرە، لێرەدا بەیەك نەدەگەیشتین ئەگەر لانی کەم لە چەند ساتێکی کورت و سەرپێیدا، ئیلهامێکی بینین ئاساتان لەمەڕ ئەم رووداوە لە زەینی خۆتاندا نەخولڤاندایە.

ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بە مرۆڤایەتییەك کە بەم شێوەیەکی گرتووە، لە جەنگێکدا لە نێوان چاکە و خراپەدا بەشداری بکرێت؟ ئایا خۆدەرخستن و دەرکەوتنی مرۆیی دەتوانن هێزێکی وا گەورە بەدیبهێنن کە یاسای خراپە لەناو ببەن؟ هێندە بەسە یەك مرۆڤ بڵێت ((نەخێر)) و بەڕاستیش ((نەخێر)) دەبێت چونکە هەموویان لە یەکبوونێکی تەواودا دێنە لەرینەوە و لە یەکبوونێکی تەواودا وەڵام دەدەنەوە و تەنها لەم حاڵەتەدایە کە خاوەنی هێزن.

ئەڵبەتە پێویست بە بەکارهێنانی هێز ناکات، ئەگەر ئەو مرۆڤانەی لە فەزایەکی لەرینەوەی نزمتردا دەژین و وزەیەکی زیان بەخش و بە ئازار، لە خۆیان وەدەردەنێن، مرۆڤی هۆشیار دەتوانێت ئەم هێزەی خراپە چڕبکاتەوە و هاوڕێ لەگەڵ نزای خێر و بەرەکەت و ئەوینێکی راستگۆیانەدا بەرەو لای خودی ئەوان رەوانە بکات، ئەگەر ئەم مرۆڤانە دوو هێندەی ئێوە دیسان خەریکی بەرهەڵستی کردن بن، تەنها دەبنە مایەی هەرەس و لەناوچوونی خۆیان، بەڵام ئەگەر هێزی عەشق قبووڵ بکەن، تەنانەت پێویست ناکات کە پەنجە تووتەی دەستیشیان هەڵبڕن.

گشت گرووپە وەسف کراوەکان، وەك هەرەمێکی گەورەی وەستاو، قەرار دەگرن، لەکاتێکدا کە لەبەرامبەر چاخ و سەردەمەکاندا، خۆڕاگر دەبن و رایدەگەیەنن کە رۆحی خوایی لە وجودی

مرۆڤدا بە تەواوی جێگیر بووە، ئەویش تەنانەت بەر لەوەی کە مرۆڤ هاتبێتە سەر زەوی، ئەوان رایدەگەیەنن کە مرۆڤی بالاّ و هۆشیار، هەرگیز لە سایەی هیچ هەلومەرجێکدا، بەهیچ جۆرێك، لە خودای خالیقی خۆی جیا و لێکدابڕاو نەبووە.

ئامادەیی هەرەمی گەورەی میسر، بەهۆی پێشینەی درێژخایەنیەوە بە تەواوی سەلمێنراوە، هەروەها بەهۆی شێوازی بیناسازییەکەیەوە، رەسەنایەتی هێڵەکانی و نرخ و بەهایەکی زەینی کە لە مرۆڤدا بەدیدەهێنێت هەنوکە هەزاران ساڵە هەر بەم ناوەوە، بەخۆڕاگری ماوەتەوە، دراوە زانیارییە هەڵکوڵراوەکان لە دیوارە بەردین و قەبارە گەورەکاندا، بۆ پێشخستنی زانست و مەعریفە، نەنووسراون، چونکە مرۆڤ دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە و شرۆڤە کردنی ئەو نووسراوانە، لە تێکڕای زانستەکاندا، لەڕادەبەدەر پێشکەوتبێت تاوەکو شتێکی قبووڵ کراو و راست و دروست دەرك بکات.

پێشینەی دێرینی هەرەمی میسر و بیناسازییە سەرسوڕهێنەرەکەی ئەوی لە تێکڕای تەلارە مێژووییەکانی تر جیا کردۆتەوە. بەجۆرێك کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، وەك راز و نهێنیەکی شاراوەیە، رازی جیهانی بوون لە فۆرم و قەبارەکەی ئەودا بەیان کراوە، هەر هێڵێکی وێنەکێشراو، بە وردی و مانایەکی تایبەت کێشراوە و بە گوێرەی شێوازە زانستییە وردەکان، داڕێژراوە، هەموو شتێکی ئەو پێشتر راسپاردەی لەسەر کراوە و نیشانەی هەبوونی یەکبوون و هاوئاهەنگییە لە نێوان خودا و مرۆڤدا، بە هەمان شێوە ئاماژەیەکە بۆ کەماڵی خوازراو کە وەك رۆحی خودایی، لە وجودی مرۆڤدا قەراری گرتووە، ئەوەدەمەی هەمووان لەم هەقیقەتە گەورەیە ئاگاداربن و قبووڵی بکەن، دوایین بەرد، لەسەر سەری هەرەمی میسر، دادەنرێت.

* * *

## بەشی هەژدەهەم

لەکاتێکدا کە مامۆستای بەڕێز کۆتایی بە قسەکانی دەهێنا، ئێمە گرووپێکی تاڕادەیەك زۆرمان چاوپێکەوت کە بەرەو خێوەتگەکەی ئێمە دەهاتن، ئێمە لەناو ئەواندا، عیسامان بینی، ئێمە تەماشامان کرد ئەم گرووپە لە دامێنی چیاکەدا، کۆبوونەوە و زۆر لە خێوەتگەکەی ئێمەوە دوور نەبوون، ئێمە وامانزانی ئەوان، کۆبوونەوەیەکی تایبەتییان هەیە، چونکە ئەم چەشنە کۆبوونەوانە، لە تێکڕای ئەم ناوچەیەدا، بە مەسەلەیەکی ئاسایی هەژمار دەکرا.

بە نزیك بوونەوەی ئەوان، ویلدون لەجێی خۆی هەستا و هەردوو دەستی عیسای گوشی، ناساندنی گرووپەکە تەواو بێهودە بوو چونکە ئەندامەکانی لە دۆستە نزیك و دڵسۆزەکانی عیسا و ئەو ریشی (مامۆستا مەزنە) پێکدەهات ئێمە خۆمان وەك گەردیلە یا کۆمەڵە گەردێکی بچووك و بێ کەڵك دەهاتە بەرچاو و ئاواتە خوازبووین تاوەکو ئەرکی نوێکردنەوەی دیدار نەخەینە ئەستۆی ئەو کە پایەبەرزانە، هەموو لە دەوری ئاگری خێوەتگەکە کۆبوونەوە و ویلدون لە عیسای پرسی کە ئایا حەزی دەکرد لەمەڕ ئینجیل قسەمان بۆ بکات؟ ئەم پێشنیازە لەلایەن هەمووانەوە پەسەندکرا و عیسا دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: وەرن با نزا و پاڕانەوەکەی حەزرەتی داود لە کتێبی پیرۆزدا لەبەرچاو بگرین، ((خودای جیهان، شوانی منە، کەواتە من هیچ کەم و کورتییەکم نابێت)) ئێوە تێبینی دەکەن ئەم نزایە، پاڕانەوەیەکی تکا کارانە نییە، مانا راستەقینەکەی ئەمەیە کە ((ئەسڵی هەرە گەورە و تاك و تەنها)) ئێمە بۆ سەر رێگایەك کە دەبێت بیگرینەبەر، رێنمایی دەکات، ئەو لە پێشەوەی ئێمە دەڕوات و رێگە بە ئێمە دەدات لە کێشەکان، پارێزراو بین و لە دوورە بهێڵرێنەوە، خواوەند سەرجەم پێداویستییەکانی سروشتی فیزیکی دەستەبەر دەکات.

ئێمە نەك باش تێر دەکرێین و بەرەو لەوەڕگا سەوز و دڵگیر رێنمایی دەکرێین، بەڵکو بەرەکەت و فراوانی زۆریش دەمێنێتەوە، ئێمە لە دڵنیاییەکی تەواودا ژیان بەسەر دەبەین کە خواوەند، پێش

وەخت سەرجەم داخوازی و پێداویستییەکانی ئێمەی دەستەبەر کردووە، هەربۆیە دەتوانین هەر جۆرە هەستکردن بەشەکەتی و ماندوو بوونێك بخەینە لاوە و لەگەڵ داود بڵێین ((خواوەند ئێمە بۆ حەوانەوە لە لەوەڕگا سەوزەکاندا ڕێنمایی دەکات و ئێمە دەگەیەنێتە نزیك ئاوە ئارامەکان)).

ڕەنگی شینی قوڵایی ئاو، زەینی پەرێشانی ئێمە هێور دەکاتەوە و ویژدانی شڵەژاو و پشێوی ئێمە بێ کەڵکەڵە دەکات.

کاتێك جەستە و مێشك لە حاڵەتی پشوودابن، ئیلهامی ئاسمانی لەلایەن ئەسڵی گەورە و باڵاوە، تەواوی ڕۆحی ئێمە نورێکی پاك لە ژیان و دەسەڵات، دەگرێتەوە، ڕۆشنایی ناوەکی ئێمە لە شکۆداری و شانازی خودامانەوە، دەکەوێتە درەوشانەوە، لە سیستەمی زاتی ئیلاهیدا، ئێمە هەموومان دەست نوێژ دەگرین، ئەم نورە درەوشاوەی زەین، ئاوەز و ژیری ئێمە دەبوژێنێـەوە، ئێمە لای خۆمان ئاشکرا دەبین و لەگەڵ ناکۆتادا، دەبین بە یەك، ئێمە دەزانین کە هەر مرۆڤێك، لەم ئەسڵە کۆتا و هەرە گەورە، ئەرکێکی تایبەتی وەرگرتووە و دەبێت کەماڵی ئەم ئەسڵە پیشانی ئەوانی دیکە بدات، لە ئاشتی و ئارامی بێ کەڵکەڵە و سەودای ڕۆحماندا، ئێمە لەگەڵ خۆماندا ڕووبەڕوو دەبینەوە و پەی بە حاڵەتی کەماڵ و بێ کەم و کورتی خود دەبەین، هەربۆیە ئەم ڕستانە لە کتێبی پیرۆزدا دەبینن: ((خواوەند گوڕ و تین و ژیان بە ڕۆحم دەبەخشێت و بڕستێکی تازەی پێدەدات، تەنانەت کاتێك لە دۆڵی سێبەری مەرگیش تێپەڕم، لە هیچ شتێك ترس رووم تێناکات)).

بەم پێیە ئێمە چۆن دەتوانین بهێڵین ترس رومان تێبکات کاتێك لە سایەی میهر و سۆزی خوای گەورەدا قەرار دەگرین و پەنای پێدەبەین؟ ئێمە لە خودای گەورەدا پشوو بە سروشتی فیزیکی خۆمان دەدەین، خواوەند ئارامی بە ئایدیا و ئەندێشەکانی ئێمە دەبەخشێت، ڕۆحمان بێ کەڵکەڵە و هێور دەکاتەوە و دواجار نورانیمان دەکات بۆ ئەوەی خزمەت بە ئەوانی تر بکەین و خێرمان بگات. بە ئامادەییەکی دەروونی لەم چەشنە، چ ڕووداو و پێشهاتێك دەتوانێت ڕووبدات ئێمە لە ڕوودانیان، نیگەران و پەشێو و پەرێشان بکەن؟ هیچ ڕووداوێکی خراپ هەرگیز لە بۆسەی ئێمەدا نابێت خواوەندی بەرز و باڵا لە نێوان هەرکام لە ئێمە دایە، زاتی پاکی ئیلاهی، هەمیشە بە یارمەتیدەر و فریادڕەسێکی بە توانا لە قۆناغە سەخت و دژوارەکاندا دەدرێتە قەڵەم، ئێمە لەم زاتی ئیلاهییەدا ژیان بەسەر دەبەین، بەکەماڵ دەبین و ژیان و بوون وەردەگرین، هەربۆیە هەمووومان بەیەك دەنگ دەڵێین ((هەموو شتێك خێر و خۆشییە)) هەنووکە هەر کەسێك دەتوانێت بڵێت ((خۆشەویستی خودا ڕاستەوخۆ منی بەرەو

لای رانەکە گەڕاندۆتەوە، ڕێگای ڕاستیان پیشانی من داوە و هەر جارێك لە رانەکە دوور دەکەومەوە، من بۆ لای ئەو دەگێڕێتەوە، توانای ئەوینی ئیلاهی من بەرەو لای هەموو ئەو شتانەی کە خێر و بەرەکەتیان تێدایە، ئاڕاستە و ڕێنمایی دەکات)).

هەنووکە هەر مرۆڤێك دەتوانێت لەگەڵ داود هاودەنگ بێت و بڵێت ((بەڵێ! چونکە تۆ لەگەڵ منداى، گۆچانێکە کە مایەی ئاسوودەیی و ئۆقرەیی دڵی منە)) یەکەم هەنگاو لەم ڕێگە ڕاستەدا پەلاماردانە بۆ کارە پێویستەکان و دەرك و ئاگایی لە حەقیقەتەکان، واتە ئاگاداربوون لە رووداو و زانستییە بنەڕەتییەکان کە بۆ هەر ژیان و بوونێك پێویستن، پاشان پێویستە ڕێ و رەوشێك بۆ وەدیهێنانی ئەوانە بدۆزیتەوە، ئەم هەنگاوە بۆ کەسانێك ئەم کردەوانە بە ئەنجام دەگەیەنن، ئیشراق و گەشانەوەیەکی وەها کەم وێنە و گەورە بە دیاری دەهێنێت کە لە تێکڕای ئەزموونەکانی پێشوویان تێدەپەڕێت و ناچاریان دەکات هەمدیس بۆ پێشڤە بچن، بەم پێیە هەست کردن بە گومان و دڕدۆنگی، ترس و رەشبینی، و دواجار نائومێدی وردە وردە دزە دەکاتە وجودیان و وەك بڵێیت بە نیازە ئاستەنگ بخاتە بەردەم بەرەوپێش چوون و بەرکەماڵی رۆحی ئەوان، ئەم جۆرە کەسانە، سەرەتا بە یەك ئاڕاستەدا، پاشان بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا دەکەونە ململانێ و بەرواڵەت لە دۆڕان نزیك دەبنەوە، وادیارە ئەم جۆرە ململانێیە بەلایانەوە لەڕادەبەدەر دژوار و ئەستەمە تا ئەوەی کە بەهۆی کە مرۆڤەکانەوە، بەسەریدا زاڵ بیت.

لەم کاتانەدا، مرۆڤ ئەو نسکۆ و کەم و کورتییانە دەبینێت کە دەوریان داوە، مرۆڤ پەی بەوە دەبات کە رۆڵەکان یا مەخلوقاتەکانی خودا، لە هەر لایەکەوە، فەنا بوو و لە حاڵەتی مردندان و ئەمەی کە هیچ ئەندامێك لە نەوەکانی ئەو، نەیتوانیوە ئایدیال و ئامانجی ژیانی نەمری و جاویدانی وەدیبهێنێت و بە ئاشتی و ئارامی هاوئاهەنگی کەماڵی خوازراو بگات، لەم جۆرە کاتانەدا مرۆڤ هەمیشە بەم ئاکامە دەگات کە گەیشتن بە کەماڵ تەنها لە کاتێکدا هەموارە کە سەرەتا مرۆڤ بە دەروازەکانی مەرگدا تێپەڕێت و بۆ دنیایەکی تر بڕوات و لەم کاتانەدایە کە مرۆڤ خۆی قوتار دەکات، دەستبەرداری ئەم وێناکردنە هەڵەیە نابێت کە ڕەنگە واباشتر بێت خۆی بدات بەدەم رەوت و ڕێڕەوی سەربەرەوخواری لافاوی مرۆیی و بەشێنەیی بەرەو هەرەس و تیاچوون و نەبوون بڕوات، لە دەرەنجامدا جۆرێك لە پاشەکشە و کشانە دواوە لەوێژدانی نەژادی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات، مرۆڤ کە خاوەن ئەقڵ و ئاوەزێکی زۆر و دەرك و گرنگیدانی رۆحانیدا بێت، دەبێت سەرلەنوێ کارەکانی دەست پێبکاتەوە، پیاوێك کە دەیتوانی بە پلەی بردنەوە و سەرکەوتن بگات، لەم ڕێیەدا رووبەڕووی

شکست دەبێتەوە، ویژدانی نەژادی، مرۆڤایەتی دیل و گیرۆدەی داوێکی نوێ دەکات کە زۆر بەهێزتر و تۆکمەترە لە هی نەوەکانی پێشوو.

کەواتە چیتر جێگای سەرسوڕمان نییە کە زاتی مرۆیی لاواز و تێکشکاو دەبێت هەر مرۆڤێك بە پەیڕەوی کردن لە مرۆڤێکیتر، لاسایی کارەکانی ئەو دەکاتەوە و نابیناکان شوێن کوێر و نابینانی تر دەکەون، و هەموویان هەنگاو بە هەنگاو لە فەرامۆشیدا رۆدەچن و لە گەردەلوولێکدا کە نەك تەنها دەبێتە مایەی لەناوچوون و هەرەس هێنانی لاشەی فیزیکی، بەڵکو رۆحیش لە نێو چنگاڵە سەخت و دڕندەی هەڵە و ئاگاییەکانی مرۆڤدا، ورد و خاش دەبێت.

هەوڵبدەن وەك من و زۆرێك لە مرۆڤەکانی تر، تێبگەن کە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانتان لە تاکە ئەزموونێکی زەمینیدا بە چەند قات ئاسانترە لە کۆکردنەوەی بێ پایانی ویژدانێکی نەژادی لە خێر و شەڕ، ئەم ویژدانە نەژادییە وردە وردە دەگۆڕێت بۆ قاوغێکی (سەدەف) قەبە و توێکڵدار کە بە ئەزموونی یەك لە دوای یەك و پەیاپەیی، چەند توێژی ئەستووری دیکەی دەچێتە سەر. ئێوە دەتوانن بە هەوڵ و تەقەلایەك کە ئەنجامی دەدەن، خۆتان بە ئەندازەی پێویست رەها بکەن تاوەکو بە کورتی لە (ئاسۆی گەورە بێ سنوور) بڕوانن، لەوێشدا ئێوە دوای وەرگرتنی ئەنجامەکان، واز لە ململانێکە دەهێنن، جیهان بینی و ئیلهامی زەینی ئێوە بە روون و ئاشکرایی دەمێنێتەوە بەڵام قاوغەکەتان هەمیشە دیل و گیرۆدەی ئەم توێکڵە دەبێت، هەوڵبدەن جوجەڵەیەك بهێننە بەرچاوی خۆتان کە تازە لە هێلکە سەری دەرهێناوە، پێویستە ئەم جوجەڵە هێندە هەوڵبدات تاوەکو بە تەواوی خۆی لەناو هێلکەکە دەربهێنێت و رزگاری بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ژینگە نوێیەکەیدا کە بە یارمەتی هەستەوەرەکانی پەی پێدەبات، گەورە ببێت و گەشە بکات.

ئایا ئەمە ناوی ژیانە، کاتێك ئەو مرۆڤەی کە لە خوداوە سەرچاوەی گرتووە، تەنها دەتوانێت تەمەنێکی کورت وەك مرۆڤ لە جیهانی هەستیدا بەسەر بەرێت لەکاتێکدا کە هەمیشە لە نێوان چنگاڵی یاسا و خورافاتەکان و بڕیارە داڕێژراوەکان لەلایەن مرۆڤەکانی دیکەوە، ورد و خاش دەکرێت؟ ئەویش رەنگە دوای حەفتا ساڵ تێکۆشان و هەوڵدانی بەردەوام، تا بتوانێت بۆ ئاسمان بچێت و لە پاداشتێکی باش کە موزیکی ساز و ئاوازی مەلەکوتی لەخۆ دەگرێت، چێژ وەربگرێت و بەهرەمەند بێت؟ هیچ کام لەمانە، ماهیەتێکی لۆژیکیان نییە، مەگەر لە مێشکی کەسانێکی بێنەوای گەوجدا کە بە ئاسانی فریو دەخۆن و باوەڕ بە هەر قسەیەك دەکەن.

ئێوە هێشتا کەمترین بایەخ بەم خاڵە نادەن کە من هەر لەو کاتەوە لەگەڵ باوکمدا لە دووکانی دارتاشییەکەیدا سەرقاڵی کارکردن بووم، زۆر شت سەرنجی راکێشام، دەمزانی ژیانێکی تر کە بە چەند قات باشترە بوونی هەیە، دوای ئەم بێداری و هۆشیارییە گەورەیە، دوای بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کارە گەورەیە، شەو و رۆژێکی زۆر دژوارم هاتەرێ کە پێویست بوو ئەوانە بەبێ دەنگی و لە تەنهاییدا، لە هەناوی وجودی ناوەکی خۆمدا بەرگەم بگرتبایە بەڵکو زاڵبم بەسەر خۆ بەزل زانین و لە خۆبایی بوونی خۆمدا و سەرکەوم بەسەریاندا، ئێوە هەرگیز دەرکتان بەوە نەکرد دوای ئەم ئەزموونە دژوارە، پێویست بوو لەسەرم بەچەندین ئەزموونی سەختتر و تاڵتردا تێپەڕم، مەبەستم پەیوەندی کەسی خۆمە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خۆشم دەویستن و حەزم دەکرد رۆشناییەك کە چاوم پێی کەوتبوو، پیشانی ئەوانی بدەم، من بەباشی دەمزانی ئەم روناکییە درەوشاوە رێڕەوی هەر مرۆڤێك کە دێتە جیهانەوە، رۆشن و نورانی دەکات.

ئێوە هەرگیز دەرکتان نەکردووە کە من بە تەواوی کەوتبوومە ژێر هەژموونی وەسوەسەیەکی زۆر گەورە و فریودەر و حەزم دەکرد پیشەی دارتاشی درێژە پێبدەم، لە ژیانێکی کورت و بڕاوە و سنووردار بەهرەمەندبم، ژیانێکی کورت و رووکەش کە بەهۆی دەستوور و فەرمانی خودی مرۆڤەکان دادەنرا و گوزارشتی لە ژیانی رۆحانی واقیعی نەدەکرد، من شتێکی زۆرم لە ژیانی رۆحانی راستەقینە نەبینی بوو و تەنها بەشێوەی وێنە و دیمەنی سەرپێی و لەنێوان پەردەی خورافات و ناهاوئاهەنگییەکانی دنیا و بێ باوەڕی خەڵك، ئەم جیهانە مەعنەوییەی دیکەم دەرك کردبوو.

ئێوە سەبارەت بە نیگەرانی و پەرێشانی جەستەیی من تەواو بێ ئاگان، دەربارەی قسەی ناشیرین و جنێوی ناپەسەند و بێ شەرمانە کە خێزانەکەم ناچار بوو بەهۆی منەوە قبووڵی بکەن، بێ ئاگان و دواجار لە شەڕەنگێزەی و دوژمنایەتییەك کە من خۆم، لە کەسانی دیکەم دەبینی (بەتایبەت ئەو کاتانەی هەوڵم دەدا نوری ئیلاهییان پیشان بدەم) بێ ئاگان، ئێوە هێشتا دەرکتان بەوە نەکردووە بۆ بڕینی ئەم ئاستەنگ و کێشە و گرفتانە، پێویست بوو لە توانا و ئیرادەیەکی بەهێزتر و تۆکمەتر لە خۆم پەیڕەوی بکەم و لەلایەن ئەوەوە پشتگیری بکرێم.

ئێوە نازانن چەندە مامۆستا بۆ پشتگیری لێکردنم سەردانیان کردم، نازانن چ وەسوەسە و تێکشانێك بە هەمان ئەندازە، بۆ لاوازکردنی رۆحییەت و ورەی من بەسەرمادا دەبارەی، ئێوە نازانن و هەرگیز ناتوانن وێنای بکەن من بە چ حاڵەتێك و بە چ شێوەیەك درێژەم بە خەباتدا و تەنانەت هەندێك جار وادەهاتە پێشەوە توند مشتم دەقوچا و ددانەکانم لێك گیردەکرد و تەنها بە ئاگادار بوون لەوەی کە نور لە پاڵ مندایە، بەرگەی ساتە دژوارەکانم دەگرت، لەگەڵ ئەمەشدا وام هەست دەکرد تیشکێکی زۆر کز

لە نورێکی لەرزۆکەوە ماوەتەوە کە تەنانەت لە هەندێ کاتدا بە سروەی شەماڵێك خەریك بوو بکوژێتەوە، بەڵام تەنانەت لەو هەلومەرجانەشدا، من بەبڕوای ناوەکی و زۆر قایم و بەهەست کردن بەوەی لە پشت ئەم تاریکییەوە، هێشتا نورێکی هەمیشە رووناك و درەوشاوە هەیە، درێژەم بە تێکۆشاندا، من بەردەوام بووم لەسەر کار و رێڕەوی خۆم و لێڵ و تاریکیم لەخۆم دوور دەخستەوە و بۆم دەرکەوت نوری ئیلاهی، دوای تاریك بوونە کاتییەکەی هەمدیس زیاتر لە جاران دەدرەوشێتەوە، تەنانەت ئەوەدەمەی کە ئەم تاریکییە، بوو بە تاریکی خاچەکەی من، من دیسان دەمتوانی ئەودیو تاریکی ببینم و هەڵاتنی رەها و کاملی سپێدەی بەیانێکی تر ببینم کە بە ماهیەتێکی سەرکەوتووانەوە دەگەیشتە بەرەوە و هێشتا بۆ زۆرێك لە خەڵك کە لەناو جۆرەها ترس و دڵەڕاوکێ و خورافاتدا ژیان بەسەر دەبەن. قابیلی دەرك و بینین نەبوو، توانای هەمان جیهانبینی و ئیلهامی دەروونی بوو کە منی والێکرد سووربم لەڕێی ئەزموون و بەریەککەوتنی کاریگەر، لەو شتانە ئاگاداربم کە خۆم باسم دەکردن، مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤ، دەتوانێت بە ئازادی ئەندێشەکانی و رەسەنایەتی و پاکی ئەنگێزەکانی کە وابەستەیە بە ئیختیاری ئیلاهیەوە بیسەلمێنێت کە خواوەند بەڕاستی ئیلاهییە و مرۆڤ، مرۆڤیش بەندەی دڵسۆز و وەفاداری ئەوە، بەگوێرەی وێنە و شێوەی ئەو خەڵقکراوە و ئەویش ئیلاهی دەبێت ئەم ئلوهیەتەی مرۆڤ، هەمان رۆحی خودایی و راستەقینەی مرۆڤە کە هەر مرۆڤێك دەتوانێت دەرکی بکات و ببێتە خاوەنی، ئەم رۆحی خوداییە راستەقینە هەمان ئەو نوورەیە کە کۆرپەیەکی تازە لەدایك بوو رۆشن و نورانی دەکات، ئەمە هەر ئەو رۆحی خودایی ئیلاهییە، خودایەك کە بەهۆی ئەو و بەپێی خواستی ئەو، ئێمە هەموومان لە ژیانی نەمری بەهرەمەندین و لە نور و عەشق و برایەتی واقیعی پشکمان هەیە، خالیق و مەخلوق وەك باوك و منداڵێکی خۆشەویست جیلوە دەکەن.

لە بەرامبەر نور و رۆشنایی ئەم ئاوەزە راستەقینە، مەبەستم هەمان واقیعییەت و ((حەقیقەت))ی پوخت و ئەبستراکتە، مرۆڤ چیتر پێویستی بە پاشا یا دەسەڵات یاپاپا و قەشە نییە، ئێوە خۆتان دەتوانن هەموو ئەم شتانە بن، ئێوە دەتوانن لەگەڵ خودای جیهاندا بە تەنها بمێننەوە، ئەم دەرککردنە واقیعییە لەمەڕ جیهانی هەستی لە هەموو جێگایەك پەخش و بڵاوبکەنەوە، بەو توانا داهێنەرانەی خواوەندی میهرەبان بە ئێوەی بەخشیوە، ئێوە دەتوانن ئەم شێوانە بەوپەڕی کەماڵ و جوانییەکی نایاب کە خواوەندی گەورە بۆ ئەوانی لەبەرچاو گرتووە و بەڕاستی دەوری ئەوانی داوە، داپۆشن.

**کۆتایی**

**٢٠٠٧/٣/٢١**

**هەڵەبجەی شەهید**